تصوير ابو عبدالرحمن الكردي

# سەد ساڵ تەنیایی

گابریێل گارسییا مارکێز
وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا



ENDÈŞE

# ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە

بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود
بەڕێوەبەری هونەری: باسم ڕەسام

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.org
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

# سەد ساڵ تەنیایی

گابریێل گارسیا مارکێز

وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا



ENDESE
ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سەد ساڵ تەنیایی
گابریێل گارسیا مارکێز
وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا
ENDESE



# سەد ساڵ تەنیایی

گابریێل گارسیا مارکێز

وەرگێڕانی ئەحمەدی مەلا

ENDESE

زنجیرەکتێبی فیکر و ئەدەب

سەرپەرشتیاری زنجیرە

سیروان مەحمود

ناوی کتێب: سەد ساڵ تەنیایی
ناوی نووسەر: گابرێل گارسییا مارکێز
وەرگێڕانی لە ئیسپانییەوە: ئەحمەدی مەلا
بابەت: ڕۆمان
دیزاینی تێکست: دلنا حەسەن
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٦
چاپخانە: تاران
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
نرخ: (١٢٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢١٧)ـی ساڵی (٢٠١٦)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

## پێشەکی

*سەد ساڵ تەنیایی* وەکوو هەموو ڕۆمانێکی تر نییە. لە قووڵاییی یادەوەرییەکانەوە هەڵدەقوڵێ، لە لایەکەوە مێژووی کۆلۆمبیا تێکهەڵکێشی مێژووی بنەماڵەی بوێندیا دەکات، هەر لە سەرەتای دامەزراندنی گوندی ماکۆندۆوە تاکوو کۆتایی. شەش وەچە بەسەر دەکاتەوە. لە لایەکی تریش تۆوی سیحر و خەیاڵی تیا دەچێنێ.

بۆ ئەوەی وردتر باسی ئەم ڕۆمانە بکەین، ئەو گوتارە دەنگییەی ژان پۆل دوپۆت دەکەینە کوردی، کە مێتۆدێکی تایبەت لە ڕاڤەکردنی ڕۆمان بەکار دەهێنێ، ڕۆمانە جۆرە ئەلشیمییەکە، کە چوار ڕەگەزە سەرەتاییەکە ئاوێتەی یەک دەکات: شێواز یا ستایل دەداتە پاڵ ڕەگەزی ئاو، فیکسیۆن دەداتە پاڵ ڕەگەزی هەوا، فەزا یا نێوەند دەداتە پاڵ ڕەگەزی خاک و پەیامیش دەداتە پاڵ ڕەگەزی ئاگر. ئەم چوارِ ڕەگەزە بە شێوەی ئەلشیمی تێکهەڵکێشی یەکتر دەبن بۆ ئەوەی تەون و ڕایەڵەکانی ڕۆمان پێکەوە گرێ بدرێن.

دەکرێ ناوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە لە چەند دێڕێک باس بکرێ: لە ناوچەیەکی زەلکاو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای و

ئورسـولای هاوسـەری، دوای ئـەوەی تارماییـیـەک هەرەسـانیان لێهەڵدەگرێـت سـەری خۆیـان هەڵدەگـرن و دەچنـە شـوێنێکی تـر و گونـدی ماکۆنـدۆ دروسـت دەکـەن. ئـەم ژن و مێـردە ئامـۆزای دووری یەکتـرن، لەبـەر ئـەوەی پەیوەندیـی نێـوان ئـەم ژن و مێـردە لەسـەر هاوخوێنـی بەنـدە، هەسـت دەکـەن ئەویندارییەکەیـان ئەنسێستە (ژن و ژنخوازی لەنێوان کەسـانی هاوخوێن) ئاکامێکی باشـی نابێ. ئەم ژن و مێردە دوو منداڵیان دەبێ، یەکێکیان ئاورێلیانۆ، کە خۆی بە دروستکردنی ماسیی زێڕکەفتـەوە خەریـک دەکات، دووەمیشـیان خۆسـێ ئەرکادیـۆ، کـە هەیکەلێکـی زل و کەتـەی هەیـە، هەروەهـا ڕێبێـکاش دەگرنـە خۆ، کیژۆڵەیەکە خـووی بـە خواردنـی گڵـەوە گرتـووە. مێلکیادێسی قـەرەج لـە لایـان جێگیر دەبێ و یارمەتییـان دەدا.

جەنگی ناوخۆ بەرپا دەبێ، ئاورێلیانۆ دەبێ بە سـەرهەنگ و لـە مـاوەی بیسـت سـاڵ جەنـگ و پێکدادان حەڤدە کوڕی لـە ژنـی جیـاواز دەبـێ و هـەر حەڤدەیـان لـە ڕۆژێکدا دەکوژرێن، هەنـدەی نەمابوو خۆشـی لـە مەیدانی گشـتی گوللەبارن بکرێ، باوکیشـی شـێت دەبـێ و بـە دارشـابەڕووەکەی ناوەڕاسـت حەوشـەوە دەیبەسـتنەوە. دواجـار ڕێککەوتنامـەی نێرلەندیـا مۆر دەکرێ و شـەمەندەفەر دەگاتـە گوندەکە، کـە دەبێتـە هۆی گەشەسـەندنی کێڵگـەی مـۆز و دواجـار کوشـتارگەی مانگرتووان ڕوو دەدات، نزیکـەی چـوار هـەزار لاشـەی کـوژراوان لـە شـەمەدەفەرەکە بـار دەکرێـت، بـۆ ئـەوەی بیبـەن فڕێیـان بدەنـە زەریـاوە.

خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا و ئورسـولا، لـە مـاوەی ئـەو

سەد ساڵە، شەش وەچە دەنێنەوە. ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە و فێرناندداش کوڕەکەی مێمێی کچی لە یەکێک لە ژوورەکانی زیندانی دەکات، چونکە ناوێرێ لەناو حەوزی حەمامەکەدا بیخنکێنێ... دواجار گوندەکە بەر لەهی و لافاوێک دەکەوێ و ئاورێلیانۆ بابیلۆنیا کوڕێکی بە کلکی بەرازەوە دەبێ و مێروولە سوورەکان دەیخۆن، لە هەمان کاتدا دەست دەکات بە شفرەکردن و ڕاڤەکردنی نووسراوەکانی مێلکیادێسی قەرەج، کە سەد ساڵ پێشتر، لە سەرەتای دروستبوونی گوندی ماکۆندۆوە، بە زمانی سانسکریتی هەموو پێشبینییەکانی تیا نووسیبووە، باسی هەموو بەرسەرهاتەکانی کردبوو.

ئەو چەند دێڕەی سەرەوە هێڵە گشتییەکەی ئەو ڕووداوانەیە، کە گارسیا مارکێز لە *سەد ساڵ تەنیایی* ڕۆمانی دەگێڕێتەوە.

دوای خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، هەست دەکەین ئێمە بەرامبەر بە شاکارێکی مەزنین، کە لە مەلحەمەیەک پێک هاتووە، واتە داستانێکی پانوپۆڕ، کە مێژووی خێزانێک و مێژووی گوندێکمان بۆ دەگێڕێتەوە. تەنانەت بیرمان بۆ ئەوەش دەچێ، ئایا ئێمە مێژووی کۆلۆمبۆ ناخوێنینەوە. ڕاستە هیچ مێژوویەکی نووسراوی تێدا نییە، بەڵام چەند ڕووداوێک هاوتا لە گەڵ مێژووی کۆلۆمبیا دەوەستن: شەڕی ناوخۆی ساڵانی ١٨٩٩-١٩٠٢، کە هەزار ڕۆژی خایاند، جەنگێک لەنێوان لیبراڵەکان و پارێزگاران بەرپا بوو و بە ڕێککەوتنامەی نێرلەندیا کۆتایی هات. پاشان گەیشتنی

یەکەم شەمەندەفەر لە ساڵی ١٩٠٦ و دواجار کوشتارگەی کرێکارانی کارگەی مۆز، کە لە ساڵی ١٩٢٨دا ڕووی دا و دواجار لاشەکانیان لە فارگۆنی شەمەندەفەر بار دەکرێت و فڕێ دەدرێنە دەریاوە. ئەمە سێ ڕەگەزە، بەشێکە لە مێژووی ڕاستەقینەی وڵاتی کۆلۆمبیا.

کەواتە ئایا ڕۆمانی *سەد ساڵ تەنیایی* ڕۆمانێکە سەر بە ڕەگەزی خاکە و دەکرێ وەکوو ڕۆمانێکی دیداکتیکیش، فێرکاریی، سەیر بکرێ، بێگومان نەخێر. چونکە نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ، کە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەدەست تارماییەک هەڵدێ، هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێبێکای جوانکیلە بۆ ئاسمان، چیرۆکی بەرزبوونەوەی عیسامان وەبیر دەخاتەوە، هەروەها نەخۆشیی خەوزڕان و سەرهەڵدانی لافاو و ڕامالینی گوندەکە دەچنە دەرەوەی واقیعەوە. بۆیە ئەم ڕۆمانە هەندەی فەنتازیایە، هەندە واقیعی نییە، هەر بۆیەشە نووسەرەکەی ناوی لێ دەنێ *واقیعی سیحریی*، چونکە هەموو ڕووداوێک شۆڕ دەبێتەوە نێو جیهانێکی خەیاڵی، ئاماژە بۆ جیهانێکی واقیعی دەکات، بەڵام هەمیشە ڕەگەزێکی خەیاڵیی تێکهەڵکێشی دەبێ.

باشە ئەگەر بێت و ئەم ڕۆمانە ڕەگەزی خاک نەبێت و مارکێز نەیەوێ مێژووی کۆلۆمبیامان بۆ بگێڕێتەوە، ئەی دەبێ چ مەبەستێکی لە نووسینی ئەم ڕۆمانە هەبووبێ؟ ئەوەی لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا سەرنجمان ڕادەکێشێ، خودی حەکایەت و چیرۆک و بەسەرهاتی گوندی ماکۆندۆ نییە، هێندەی ئەوەی گوزارشتێکە لە شێواز و ستایلی ئەم

ڕۆمانە. واتە گارسییا مارکێز وابەستەی فۆرمێکی نوێیە بۆ گێڕانەوە. شێوازیش دەدرێتە پاڵ ڕەگەزی ئاو. ڕەگەزێکی شیعرییە بە ئیمتیاز، بۆ نموونە: " ڕۆژێکیان، تاخمی ددانەکەی لەتەنیشت جێگەکەی لەبیر کردبوو، لەناو پەرداغێکی ئاودا دای نابوو، چیی دی بیرایبیر نەیخستەوە دەمی. ئەو کاتەی ئورسولا بڕیاری دا خانووەکە گەورەتر و فراوانتر بکات، لەتەنیشت تاقیگەکەی ئاریلیانۆ ژوورێکی بۆ میلکییادیسیش دروست کرد، دوور بوو لە هەموو هاژەهاژ و تەقەتەقی کاروباری ناو ماڵە پەنجەرەیەکیشی هەبوو، خۆرەتاو زۆر بەجوانی داهاتە ژوورەوە، ڕەفەیەکیشی تیا بوو بۆ ئەوەی کتێبەکانی لەسەر دابنێ، ئەو کتێبانەی مووروانە و تەپوتۆز کردنی بە خۆراکی خۆیان. لاپەڕەکان هەند تەنک ببوون، بە هێماگەلێکی بێواتا داپۆشرابوون، لەناو پەرداغی تاخمی ددانەکانیشدا، تویژێ قەوزە و ڕوەکی ئاوی شین ببوو، تەنانەت گوڵی زەردی بچووکیشیان گرتبوو."

شیعرییەتی مارکێز، شیعرییەتی وێنەیە. لە ڕێگەی وێنەکانەوە ئاودیوی جیهانی شیعر دەبین. جا چ وشەیەک بێ، یا ڕستەیەک، تەنانەت پەرەگرافێکەوە و بگرە چەند لاپەڕەیەکیش. هەندێ جار لە وێنەیەکەوە بۆ وێنەیەکی پانۆراما پەلکێشمان دەکات.

ڕەگەزی ئاو لەگەڵ فیکسیۆن تێک دەئاڵێ. واتە هەموو ڕەگەزەکان پەیوەستن بە شێوەکانی دەربڕینەوە، واتە تێکهەڵکێشی شیعرییەتیان دەکا. کاتێک ئەم ڕۆمانە دەخوێنینەوە، لەوە تێدەگەین مارکێز وەکوو حەکایەتخوانە دێرینەکانی گۆی

ئاگردان حەکایەتمان بۆ دەگێڕێتەوە. لە توانایدایە سەرنجی خوێنەر یا گوێگر بۆ خۆی ڕابکێشێ. هەر ڕووداوێکیش تەنها سێ تا چوار لاپەڕە دەخایەنێ بۆ ئەوەی شۆڕمان بکاتەوە نێو ڕووداو و بەسەرهاتێکی دیکەوە. بەردەوام لە حەکایەتێکەوە دەمانبا بۆ حەکایەتێکی دیکە. هەر حەکایەتێکیش، گەنجینەیەکی لێوالێوی خەیاڵ و ئەندێشەیە. بۆ نموونە، لە بەشی دووەمدا، کاتێک باسی فرانسیس دراک دەکات و دەڵێ، " کاتێک لە سەدەی شانزەهەم، فرانسیس دراکی قەرسەن هێرشی کردە سەر ڕیۆئاچا، داپیرەگەورەی ئورسولا ئیگواران بە جۆرێکی وا بە زەنگی کڵێسە و تۆپهاوێژەکان زەندەقی چوو، بەتەواوی عەقڵ و هۆشی لەدەست دا، لەتاوا، ڕێک و ڕاست چووبوو لەناو ئاگردانە هەڵایساوەکەدا دانیشت. تا دوارۆژی ژیانی، ئەم سووتانە کردی بە ژنێکی لەکەڵککەوتوو. تەنها لابەلا دەیتوانی دابنیشێ، سەرینێکی دەخستە ژێری، کاتێکیش ڕێی بکردبا، شتێکی نارێک لە ڕۆیشتنەکەی وەدەر دەکەوت. بۆیە بیرایبیر لە پێشچاوی خەڵک و خوا ڕێی نەکرد."

سەرنج دەدەین بەسەرهاتێکی سەیرە، تەنانەی ساویلکانەشە، بەڵام ڕامان دەکێشێ و داگیرمان دەکا.

سەرجەم ئەو وێنە سەرنجڕاکێشانەی لە دووتۆی ئەم ڕۆمانە دەیانخوێنینەوە، بە مۆزاییکێکی تێکهەڕژاو دەکەن. سەرەتا بەدیار وردەکارییەکەوە دۆش دادەمێنین، بەڵام هێشتا ئەومان تەواو نەکردووە، وردەکارییەکی دیکە یەخەمان دەگرێ. ئا بەم جۆرە دەچینە نێو دنیایەکی تێکئەڵقاوەوە. هەروەها هەندێ جار هەموو نەوەکان هەڵگری هەمان ناون:

خۆسێ ئەرکادیۆ، ئەرکادیۆ، ئەرکادیۆی دووەم یا ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ئاورێلیانۆ خۆسێ، ئاورێلیانۆی دووەم و ئاورێلیانۆ بابیلۆنیا و تەنانەت ئاورێلیانۆیەکی دیکەش. نەک هەر ناوەکان، بەڵکوو بەسەرهاتەکانیشیان پێک دەکەن، شەڕی ناوخۆ، پەیوەندیی هاوخوێنی، عیشق و شەیدابوون. ئاسان نییە لەنێو ئەم ڕێگە پێچاوپێچانە خۆمان ون نەکەین، بەڵام مارکێز بە دەستی ئەنقەست ئەم شێوازەی هەڵبژاردووە. وەک بڵێی هیچ بەسەرهات و ڕووداوێک کۆتایی و ئەنجامی نەبێ. باشە دەبێ چ هۆکارێک لە پشت ئەم شێوازەوە هەبێ؟ ئەم پرسیارە یەخەی خوێنەر دەگرێ. دوای خوێندنەوەی پەنجا لاپەڕە، سەد لاپەڕە، دەمانەوێ بزانین مارکێز دەیەوێ بمانباتە کوێ. هەیە واز لە خوێندنەوەکە دەهێنێ. بەڵام دوای سەد لاپەڕەیەک، ئینجا بنەمای ئەم ڕۆمانە خۆیمان بۆ کەشف دەکات.

سەرەتا دەبێ بڵێین، *سەد ساڵ تەنیایی* لە شێوەی کەوانێکدایە. ئەم داستانە بە دروستبوونی گوندی ماکۆندۆ دەست پێ دەکات و بە وێرانبوونیشی کۆتایی دێ. ترۆپکی ئەم ڕۆمانە ناوەندی کەوانەکەیە، ئەو دەمەی گوندی ماکۆندۆ دەگاتە لووتکەی پێشکەوتن و گەشەسەندن، ئەویش بە هۆی کارگەی مۆزەوە، گوندەکە گەورە دەبێ، دانیشتووانەکەی زیاد دەکات. سەرەتای دروستکردنەکە بە دەستی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و مێلکییادێسی قەرەج و پاشان ڕووداني شەڕی ناوخۆ، کە ڕووداوێکی گرینگترە لە خودی دروستکردنی گوندەکە، پاشان دامەزراندنی کارگەی مۆزەکەی بەدوادا دێ

و کوشتاری کرێکارانی کارگەکە، دواجار بەرەو ئاوابوون دەڕوا و لافاوی بەسەردا دێ و لە کۆتاییشدا کەشفبوونی نووسراوەکانی میلکییادیس کۆتایی بە ڕۆمانەکە دەهێنێ. واتە دەگەینە لەناوچوونی گوندەکە.

لەنێو هەریەک لەم بەسەرهاتانە، چیرۆکی بچووکتری تێ هەڵکێشراوە، بەسەرهاتی تاکەکانە. بۆ نموونە، ململانێی نێوان ڕێبێکا و ئامارانتا، هەردووک عاشقی پیەترۆ کرێسپی دەبن. لە حاڵەتێکدا هەموو پیاوان شێتوشەیدای ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بوون، کەچی ئەو بەرووتی بەناو ماڵەکەدا دێت و دەچێ، ئاگای لە هیچ نییە. یا حەکایەتی عیشقی ئاورێلیانۆ بۆ ئامارانتا ئورسولای پووری، کە لەو ئەویندارییە کوڕێکیان بە کلکی بەرزاوە دەبێ و دواجار مێرووله سوورەکان دەیخۆن. دەکرێ بوترێت، فۆرمی ئەم کەوانە ڕێک نییە، بەڵکوو گرێگرییە. لەنێو هەر ڕووداوێک، ڕووداوێکی بچووکتر و بچووکتر هەیە، هەر بە بووکەشووشەی ڕوسی دەکات. ئەم شێوازە، شتە گەورەکان و بچووکەکان لەخۆ دەگرێ. ئەمە گرێدانی مێژووی تاکەکان و مێژووی نەتەوەیەکە. دەکرێ بڵێین، ئەم ڕۆمانە لە شێوەی زایەڵە و دەنگدانەوەشە، بە واتەیەکی دیکە، لەنێوان بەسەرهاتە جیاوازەکاندا، هەمان ناو و هەمان وێنە و هەندێ جاریش هەمان ڕووداو دووبارە دەبنەوە. بۆ نموونە، چیرۆکی *کلکی بەراز* و *ماسییە بچووکە زێڕکەفتەکان* و *کولە زەردەکانی* میلکییادیس و و تێرمی *سێ هەزار و ئەوندە* کوشتاری کارگەی مۆزەکە، ناوبەناو دووبارە دەبنەوە. ئەم دووبارەبوونەوەیە، بە جۆرێکی

سەرنجڕاکێش بوونیاد دەبەخشێتە ڕۆمانەکە. بۆیە لەگەڵ ڕووداو و کەسایەتییەکان، ئاشنایەتییەکان وا دروست دەکەین، وەک ئەوەی لە نزیکەوە بیانناسین. لەگەڵیان دەژین.

کاتێکیش لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەبینەوە، پڕی مێشکمان وێنەیە. پێی دەچێ مارکێز ئەفسانەیەکمان بۆ بگێڕێتەوە، جۆرێک بێ لە حەکایەتی فۆلکلۆر، لە خودی مرۆڤەکان زۆر گەورەتره. ئاماژە ئاینییەکان، بەتایبەت حەکایەتەکانی تەورات: چیرۆکی دروستبوونی ماکوندۆ، بەرزبوونەوەی ڕیمێدیۆسی جوانکیلە بۆ ئاسمان، نەخۆشیی خەوزڕان و چیرۆکی تەوەفان. بەڵام هۆکارەکانی ئەم بەکارهێنانە لەلای مارکێز واتای دیکەیان هەیە. ئەم ڕۆمانە ئاماژەیەکە بۆ حەکایەتی خەلق "دروستبوون،" تەنانەت مێلکییادێسی سیحرباز ڕەنگێکی پیرۆزیشی پێ دەبەخشێ، وەکوو پێغەمبەرێک پێشبینییەکان دەنووسێتەوە.

لە کۆتاییدا، ئەم ڕۆمانە خاوەن پەیامێکی دیاریکراو نییە. بەڵکوو ڕۆچوونێکە بۆ نێو خودی کولتوور، وانەی ئەخلاقیمان فێر ناکات، تەنانەت بانگهێشتی ئەوەشمان ناکات بیر بکەینەوە، بەڵکوو جۆرە داوەتێکە بۆ ئەوەی نغرۆی خۆیمان بکات. نغرۆبوون بۆ نێو کەسایەتییەکان، کە لە هەمان کاتدا خەڵکی بەرجەستەن و پیرۆزیشن، کەسایەتیی مەزنن و لە هەمان کاتیشدا بچکۆلەن، سەرجەم ئەو وێنانەی لە دوو ڕووی ڕۆمانەکەدا ڕەنگ دەدەنەوە، کاریگەریی ڕەمزییەت پەیدا دەکەن. ئا بەمە دەوترێت کولتوور، هەر ئەمەش ویست و خواستی نووسەرەکەیەتی، دەیەوێ لە

ڕێگەی مێژووی کۆلۆمبییەوە، کولتووری ئەمەریکای لاتینمان بۆ بنووسێتەوە، پڕی لە ئەفسانە و خەیاڵ و واقیعییەت و بەسەرهاتی مرۆڤەکان بێت. ئەم شاکارە مەزنە بووە هۆی ئەوەی خەڵاتی نۆبلی پێ ببەخشرێ.

***

لێرە دەبێ سوپاسێکی زۆری ئەو برا و هاوڕێیانە بکەم، کە بەبێ ئەوان ئەم بەرهەمە ڕووناکیی نەدەبینی، چ بە پێشنیارکردن، چ بە خوێندنەوە، چ بە سەرنج و تێبینییەکانیان ئەم بەرهەمەیان دەوڵەمەند کرد. بەڕێزان کامەران کاکەیی، شکور بابیز، عەبدوڵلا عالایی، موحسین ئەحمەد عومەر، بەکری مەلا.

# ١

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، دوای چەندین ساڵ بەرامبەر دەستەی گوللەباران ڕاوەستا بوو، ئەو پاشنیوەڕۆیەی هاتەوە یاد، کە لەگەڵ باوکی دەچوو بۆ ئەوەی کێلە سەهۆڵی پێ نیشان بدات. ئەودەم ماکۆندۆ ئاواییەک بوو، بیست خانوویەکی لێ بوو، هەموویان لە گڵ و قامیش لە ڕۆخی ڕووبارێک درووست کرابوون، کە ئاوێکی زوڵاڵ بەسەر بەردی لووس و سپیدا خوڕەی دەهات، بەردی زل بوون، دەتگوت هێلکەی پێش مێژوون. دنیا هەند تازە بوو، هێشتا ناو بۆ زۆر شت نەدۆزرابووەوە؛ بۆ باسکردنیان، دەبوو بە پەنجە ئاماژەیان بۆ بکرێت. هەموو ساڵێک، لە مانگی ئاداردا، خێزانێکی قەرەجی پەڕپووت لە قەراغی گوندەکە ڕەشماڵیان هەڵدەدا و لەنێو هەراوهوریای دەهۆڵ و شمشاڵژەنین باسی داهێنانە نوێیەکانیان دەکرد. سەرەتا موقناتیزیان هاورد. قەرەجێکی قەڵەو، ڕیشێکی چرووپڕی هەبوو و دەستەکانیشی بە هێی چۆلەکەیان دەکرد، ناوی مێلکیادێس بوو، بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرامبەر

بـە حەشاماتەکە نماییشی شتێکی دەکرد، کە بـە هەشتـەمین دیـاردەی سەرسـوورپێنەری زانـا ئەلشـیمییەکانی مەکادۆنیـای نـاوی دەبرد. ماڵبەمـاڵ دەگەڕا، لەدووی خۆی قاڵبـە مەعدەنی رادەکێشـا و خەڵکەکە هەمـوو زەندەقیـان دەچوو کاتێک چاویان بـە مەنجەڵـی زل و تـاوە و مەقـاش و ئامێـری گەرمکـەرەوە دەکـەوت، کـە لـە شـوێنەکانی خۆیانـەوە دەکەوتنـە خـوارەوە، ئـەو تەختانـەی بزمـار و بورغییـان تیـا چەقاندبـوو، شـەقیان دەبرد، دەیانویست لەنێو تەختەدارەکانەوە خۆیـان رابسکێنن، تەنانـەت بابەتگەلـێ، دەمێـک بـوو بـزر ببـوون، جارێکی دیکـە دەر دەکەوتنەوە، هـەر لەو شـوێنانەی پێشتر بۆی گەڕابوون و بـە ئاڕاسـتەی جیاجیـا و تێکەڵوپێکـەڵ، کەوتبوونـە دوای دوو پارچەمێتاڵـە سـیحراوییەکەی مێلکییادێس. بـە دەنگێکـی کەرخ، قەرەجەکە هاتـە قسـە و گوتـی، "شتگەل خاوەنی ژیانی تایبەتیی خۆیانن؛ پێویستە رۆحیان بەئاگا بهێنینەوە، کرۆکی مەسـەلەکە لێرەیە." خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیا خەیاڵێکی هەند بوێرانـەی هەبـوو، تەنانـەت بلیمەتیـی سروشتیشـی دەبەزانـد و پەدیـدە و سـیحر و جادووشـی تێپەڕانـد، بیـری لـەوە کردەوە، کـە دەشـێ ئـەم داهێنانـە بخرێتـە گـەڕ و بـۆ ئـەوەی لەنێو هەنـاوی زەویـی زێڕ دەر بهێنرێت. مێلکییادێس، پیاوێکی شـەریف بـوو، ئاگاداری کردەوە و پێی گوت، "ئەمـە بـۆ ئـەوە ناشێ." کەچی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا، ئـەو دەمـە بـاوەڕی بـەوە نەدەکرد کە قەرەجی شـەریف هەبێ؛ بارگیرێـک و رانـە بزنەکـەی بە هـەردوو قاڵبـە مەعدەنـە مۆقناتیسییەکە گۆڕییەوە. ئورسـولا ئیگوارانـی ژنـی، بـۆ ئـەوەی گەشـە بـە سـامانەکەی

بدات کە دابووی لە کەمی، پشتی بەو چەند سەر حەیوانە بەستبوو، نەیتوانی دڵی مێردەکەی لەم ئالۆیرە سارد بکاتەوە. وەڵامی مێردەکەی دایەوە و پێی گوت، "هەندە نابات ئەوەندە زێڕمان دەست دەکەوێ، حەوشەی ماڵەکەمانی پێ زێڕڕێژ دەکەین." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بۆ ماوەی چەندین مانگیش نەیویست هۆکارە ڕاستەقینەکانی خۆی لەلا بدرکێنێ. هەنگاوبەهەنگاو کونوکەلەبەری هەرێمەکەی بەسەر کردەوە، بەبێ ئەوەی قووڵاییی ڕووبارەکەشی لەبیر بچێ، دوو پارچەئاسنە موقناتیسییەکەی لەدوای خۆیەوە ڕادەکێشا و بە دەنگی بەرز ئەو فۆرمولانەی دەخوێندەوە، کە میلکیادیس بەکاری دەهێنا. تاقە شت کە توانیی لەژێر خاک دەری بهێنێ، جلێکی میتاڵیی سوارچاکێکی سەدەی پانزە بوو، توێژێکی ژنگ بەتەواوی سواغی دابوو، وەک کولەکەیەکی زلی پڕبەرد، لە ناوەوە غرەی لێوە دەهات. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و تاقمە چوارکەسەکەی توانییان پارچەی جلەکە لەیەک هەڵبوەشێننەوە، لە ناوەوە هێسکوپروسکێکی ڕەشداگەڕاویان دۆزییەوە و مەدالیایەکی لەمسدروستکراویشی لەملدا بوو، لەناو مەدالیاکەش، چەند تاڵە مووی ژنانەی تێدا بوو.

مانگی ئادار، جارێکی دی قەرەجەکان گەڕانەوە. ئەم جارەیان لەگەڵ خۆیان دووربین و زەرەبینێکیان هێنابوو، هەندەی دەهۆڵێک گەورە بوون، وەکوو دوادامێنانی جوولەکەکانی ئەمستردام نمایشیان دەکرد. ژنە قەرەجێکیان لەوپەڕی گوندەکە دانا و لوولە درێژەکەی دووربینەکەشیان

لە بەردەم دەرچەی ڕەشماڵەکە چەسپ کرد. بە پێنج ڕییاڵ، ماموشۆکەران دەهاتن و چاویان دەخستە سەر لوولەی دووربینەکە و سەیری ژنە قەرەجەکەیان دەکرد، هەندە نزیکی دەکردەوە، دەتگوت دەستی لێ دەدەن. میلکیادیس دەیگوت، "زانست ماوەکان دەسڕێتەوە. هەندەش نابا، پیاو دەتوانێ بزانێ چی لەسەر گۆی زەوی ڕوو دەدات، لە هەرکوێیەک بێ، بەبێ ئەوەی لە شوێن خۆی بجوولێتەوە." نیوەڕۆ، بەو قرچەی گەرمایە، بە بەکارهێنانی زەڕەبینێکی زەبەلاح، دەستیان بە نمایشێکی سەیروسەمەرە کرد: باوەشێک پووشوپەلاشیان هێنا و لە ناوەندی ڕێگەکە دایان نا و بە هۆی تیشکی هەتاو، پووشوپەلاشەکە گڕی گرت. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، لەبەر کێچەڵی موقناتیزەکانی، هێشتا بەتەواوی نەهاتبووەوە سەر خۆی، بیرۆکەیەکی بۆ هات، بیری لەوە کردەوە، کە ئەم داهێنانە دەکرێ وەکوو چەکی شەڕ بەکار بهێنێ. میلکیادێس، جارێکی دی ویستی قەناعەتی پێ بکات. کەچی دواجار بەوە ڕازی بوو، کە زەڕەبینەکە بە دوو پارچە موقناتیزەکە و سێ دراوی کۆلۆنیال بگۆڕێتەوە. ئورسولا داماوانە دەگریا. ئەم دراوە زێڕانەی بەمیرات بۆ مابووەوە، لە سنوقێکی بچووکدا هەڵی گرتبوون و لەژێر تەختی خەوت، لەژێر زەویدا شاردبوویەوە؛ کاتی خۆی باوکی بەدرێژاییی ژیانێکی کولەمەرگی کۆی کردبووەوە؛ ئورسولاش چاوەڕێی کاتێکی گونجاوی دەکرد، تاکوو بیخاتە کارەوە. تەنانەت خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەوڵی ئەوەشی نەدا دڵی بداتەوە، بەتەواوی نغرۆی ئەو ئەزموونە تەکتیکیانە ببوو، کە بە

ڕۆحێکی فیدایانەی توێژەرێکەوە، هەموو ژیانی خستبووە مەترسییەوە. دەیویست کاریگەرییەکانی ئەم زەرەبینە لەسەر لەشکری دوژمن تاقی بکاتەوە، سەرەتا تیشکی هەتاوی چڕ بووەوە، لەسەر لەشی خۆی تاقیی کردەوە و تووشی سووتانێکی وا بوو، کە لێی کرد بە برینێک، کاتێکی تەواوی ویست تاکوو چاک بووەوە. بەرامبەر بە ناڕازەییەکانی ژنەکەی، زەندەقی لەو داهێنانە ترسناکە چووبوو. هەندەی نەما بوو مێردەکەی ئاگر لە ماڵەکە بەر بدا. بە سەعات لە ژوورەکەی نەدەهاتە دەرەوە، ئەو گریمانانەی تاوتوێ دەکرد،کە ئەو چەکە ستراتیژییە نوێیە هەیەتی، تا ئەو ئەندازەیەی نامیلکەیەکی لەو بارەیەوە نووسی، کە تا بڵێی فێرکاری بوو، زۆر بەڕوونییش دای ڕشتبوو، ئەنجەت و پاساوی ئیقناعکەری سەرسووڕێنەریشی تێدا بوو. نامیلکەکەی بۆ کاربەدەستانی حکومەت نارد، چەندین ڕاڤەی ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی لەگەڵدا هاوپێچ کردبوو، بۆ ڕوونکردنەوەی زیتریش، چەندین هێلکارییشی تێدا بوو. دایە دەستی نامەبەرێک، زنجیرەچیاکانی بڕی، لەنێو زەلکاوە پانوبەرەکاندا ون بوو، بە پێچەوانەی ڕێڕەوەی ڕووبارەکەوە ڕێی گرتە بەر، هەر وەخت بوو ئاژەڵی کێوی بیپلیشێننەوە، تووشی نائومێدی بوو، هەندەش نەمابوو تووشی ڕشانەوە ببێ، تا ڕێگەی هێستر و پۆستەچییەکانی دۆزییەوە و جارێکی دیکە کەوتەوە ڕێ. سەرباری ئەوەی لەو سەردەمە چوونەپایتەخت تا ڕادەیەک مەحاڵ بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەڵێنی دا هەرکاتێک حکومەت وەرامی لێ بگێڕێتەوە،

یەکسەر قۆڵی لێ هەڵبماڵێ و بەپێی ئەو میتۆدە ئاڵۆزەی جەنگی هەتاویی دەیخوازێ، بەکردەیی، نمایشی داهێنانەکەی لە بەردەم لێپرسراوانی سەربازیی حکومەتدا بکات؛ هەر خۆشی دەست بە ڕاهێنانیان بکات. چەندین ساڵ چاوەڕوانی وەڵامی کرد. لە کۆتاییشدا، لەم چاوەڕوانییە وەڕس بوو، چووە لای مێلکیادێس و لەبارەی شکستی پرۆژەکەوە دەستی بە گلەیی و گازندە کرد؛ لەم ڕووەوە، قەرەجەکە دەستپاکیی خۆی بۆ سەلماند: پارچەدراوە زێڕەکانی دایەوە و زەڕەبینەکەی لێ وەر گرتەوە، لەگەڵ ئەمەش، چەند نەخشەیەکی پورتوغالی و چەند ئامێرێکی دەریاوانییشی پێشکەش کرد. بە دەستخەتی خۆشی، لێکۆڵینەوەیەکی زۆر چڕ و کورتی لەسەر هێرمانی ڕاهیب نووسی، تا بتوانێ ئامێری ئەستێرەناسی و گۆشەناسی و قیبلە نما بەکار بهێنێ. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، لە وەرزی بارانبارینداا، چەندین مانگ، لە ژوورێک، کەوتبووە ئەوپەڕی خانووەکە و هەر خۆشی دروستی کردبوو، دەرگای لە خۆی دادەخست، تاکوو کەس نەچێ لە کار و تاقیکردنەوەکانی سەغڵەتی بکات. هەموو کاروبارێکی ماڵەوەی وەلاوە نا، چەندین شەو لە حەوشە بەدیار ئاراستە و گەڕانی ئەستێرەکانەوە ڕۆژی دەکردەوە، کاتێک هەوڵی ئەوەی دەدا میتۆدێکی ورد دابڕێژێ بۆ ئەوەی کاتی تەواوی نیوەڕوان دیاری بکات، هەندە نەمابوو گرە بیبا. کاتێکیش لە بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە دەبێتە لێزان و پسپۆڕ، زانیارییەکی وای لەمەڕ گەردوونەوە دەسگیر دەبێ، بەبێ ئەوەی لە ژوورەکەی خۆشی بچێتە دەرەوە، لە توانایدا دەبێ

بەسەر زەریا نەناسراوەکاندا بگەڕێ، ناوچەی نەبینراوەکان کەشف بکات، بوونەوەری سەیروسەمەرە ببینێ. هەر لەو سەردەمەشدا خووی بەوەوە گرت، کە لەگەڵ خۆی دەست بە قسە بکات، دەتگوت کەس لە ماڵەوە نییە، بە درێژایی و پانیی ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، لە کاتێکدا ئورسولا و منداڵەکانی لەناو زەرعاتەکەدا پشتیان کووڕ دەکردەوە و خەریکی چاندنی دارمۆز و مالانگا و مانیۆک و ئینیامێ و کوولەکە و باینجان بوون. لەناکاودا، بەبێ ئەوەی هیچ ڕوو بدات، لەپڕدا، دەستی لە تاقیکردنەوە لەدڵاشیرینەکانی هەڵگرت و ڕەفتارێکی نامۆ جێگەی گرتەوە. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، دەتگوت دەستیان لێ وەشاندووە، لەبەر خۆیەوە و وەک بێهۆش، بە دەنگی نزم، نزر و دوعای سەرسووڕێنەری دەگوتەوە. دواجار، سێشەممەیەکی مانگی تشرینی یەکەم، لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ، لە چاوتروکانێکدا، وەک بڵێی لە هەموو بارستاییەکی سەر ئەستۆرزگاری بووبێ. دەبێ منداڵەکانی تا لە ژیاندا مابن، ئەو ڕۆژەیان لەیاد نەچێ کە چۆن باوکیان بینی، لەوپەڕی مێزی نانخواردن دانیشتبوو، تەواوێک شەونخوونی و ئێشکگرتن و خەیاڵێکی گڕگرتوو دای هێزراندبوو و تووشی تایەکی کوشندە ببوو، وەک بیی ناو ئاو هەڵدەلەرزی؛ پڕ لە شکۆ و زۆر فەرمییانە دیار بوو، باسی دۆزینەوەیەکی خۆی بۆ کردن و وگوتی، "زەوی وەک پرتەقاڵ خڕە."

ئورسولا حەوسەڵەی نەما، بەکوڕ دەستی بە قسە کرد،

"ئەگەر تۆ دەتەوێ شێت ببیت، ئەوە بۆخۆت بەتەنیا شێت ببە. بەڵام نەکەی بیرۆکەی ئەو قەرەجانە بخەیتە مێشکی منداڵەکانەوە." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، وەک ئەوەی نە بای دیتبێ نە باران، تووڕەبوونی ژنەکەی هیچ کاریگەرییەکی تێ نەکرد. ژنەکەشی شێت و هار ببوو، ئامێری ئەستێرەناسەکەی هەڵگرت و کێشای بە زەوییەکەدا. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دانەیەکی دیکەی دروست کرد و پیاوانی گوندەکەی لە ژوورەکەی خۆی کۆ دەکردەوە و بە پشتبەستن بە بیردۆزەگەلێک، کە کەس سەری لێ دەر نەدەکردن، ویستی ئەوەیان بۆ بسەلمێنێ، کە ئەگەر بێت و بەرەو ڕۆژهەڵات سواری کەشتییەک ببین، ئەوە ڕێک و ڕاست دێینەوە ئەو شوێنەی کە ئێستا لێی دانیشتووین. کاتێکیش مێلکیادیس بۆ ئەوەی چەند شتێک ڕێک بخات گەڕایەوە گوندەکە، سەرجەم دانیشتووانی گوندەکە گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هۆشی لەدەست داوە. قەرەجەکە، بەرامبەر بە خەڵکی ئاوایی، بە شانوباڵی زیرەکیی ئەو پیاوەدا هەڵی دەدا، چونکە تەنها لە ڕێگەی تیۆریی ئەستێرەناسیی ڕووتەوە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گەیشتبووە ئاستێک و تیۆرییەکی دۆزیبووەوە و بە شێوەیەکی کردەییش، ئێستا ئەو تیۆرییە لە کاردایە. سەرەڕای ئەوەی کەس پێشتر لەو ئاواییەدا پەیی بە شتی وا نەبردبوو. ئەمە بووە هۆی پێزانین و ئیعجابێکی زۆر و دیارییەکی پێشکەش کرد، کە دواتر ڕۆڵێکی بێسنوور لە دیاریکردنی ئایندەی ئەو گوندەدا دەبینێ، ئەویش تاقیگەی کیمیاگەری بوو.

لەو ماوەیەدا، میلکیادیس بە شێوەیەکی خێرا و سەرسووڕهێنەر پیر بوو. لە دەسپێکی سەفەرەکانیدا، هەر تەمەنی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای دەدرایێ. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا تین و وزەیەیەکی بێوێنەی هەبوو، دەیتوانی هەر بە گوێڕاکێشان ئەسپێک بە زەویدا بدات، دەتگوت قەرەجەکەش ئازارێکی توند ناخی داغان کردووە. ڕاستییەکەی، ئەم زووپیربوونە ئەنجامی گشت ئەو سەفەرانە بوو، کە بەدەوری زەویدا ئەنجامی دابوون، دووچاری کۆمەڵێ نەخۆشیی سەیر ببوو. ڕۆژێکیان هاتبوو، تا بۆ دامەزراندنی تاقیگەکەی یارمەتیی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بدات، پێی گوتبوو کە مەرگ دوای کەوتووە، بۆنی دامێنی دەکات، بەڵام پێدەچێ، هێشتا بڕیاری نەدابێ هەڵمەتی بۆ بەرێ. لە سەرجەم ئەو کارەسات و ئافەتانەی تووشی ئینسانیەت ببوو، ڕزگاری ببوو. لە نەخۆشییەکی پیسی وڵاتی فارس قوتاری ببوو، لە نەخۆشیی سکۆربووتی کۆدوورگەکانی سۆند، لە نەخۆشیی گەڕبوون، کە لە ئەسکەندەرییە بڵاو ببووەوە، لە نەخۆشیی بێریبێریی وڵاتی یابان، لە ڕشانەوە ڕەشەکەی دوورگەی مەدەغەشقەر، لە بومەلەرزەکەی دوورگەی سیسیلیا، لە نوقمبوون و نغرۆبوونی حەشاماتێکی زۆر لە تەنگەبەری ماجەلان. ئەم بوونەرەوە سەیروسەمەرەیە، دەیگوت کلیلەکانی نۆستراداموسی لەلایە، کەسێکی شوومە، غەم بەتەواوی ڕامی کردووە، وەک بڵێی تەماشا ئاساییەکانی دیوی پەنهانیی هەموو شتێک دەخوێنێتەوە. کڵاوێکی

ڕەشی گەورەی لەسەر دەنا، دەتکوت باڵە کراوەکانی قەلەڕەشکەن، یەلەگێکی قەدیفەی لەبەر دەکرد، سەوزێکی بۆرباوی سەدەکانی لەسەر نیشتبوو. سەرەڕای ئەوەی زانیارییەکی فراوانی هەبوو و ئەفسوونێکیش دەوری دەدا، بارستاییی ئینسانی و هەلومەرجی سەرزەوییانەی هەبوو، کە بچووکترین کۆسپ و تەگەرە تەنگی پێ هەڵدەچنی. بەدەست نەخۆشییەکانی پیرییەوە دەینالاند، بە بچووکترین شکستی دارایی تێک دەچوو، زۆر دەمێکیش بوو نەیدەزانی پێکەنین چییە، نەخۆشیی ئێسکەنەرمەش هەموو ددانەکانی هەڵوەراندبوو. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دڵنیا بوو ئەو ڕۆژەی قرچەی نیوەڕۆ بوو، کە نهێنییەکانی خۆی بۆ هەڵڕشت، ئەو وەرچەرخانە بوو بە سەرەتای پەیوەندییەکی دۆستانەی بەتین لەنێوانیاندا. حەکایەتە فەنتازییەکانی بوونە مایەی ئیعجابێکی بێسنووری منداڵان. ئاورێلیانۆ، ئەوکات هێشتا پێنج ساڵی تەواو نەکردبوو، تا لە ژیانیشدا مابوو، ئەو پاشنیوەڕۆیەی لەیاد نەدەچوو، کە قەرەجەکەی تێدا بینیبوو، پشتی لە شووشەی پەنجەرە تیشکهاوێژە مەعدەنییەکە کردبوو، بە دەنگە قووڵە ئۆرگییەکەی، ڕچەی بۆ دوورترین هەواری خەیاڵی دەکردەوە، کەچی لەبەر گەرما، لە لاجانگەکانیەوە دڵۆپەچەوریی تواوە دەتکا. خۆسێ ئەرکادیۆی براگەورەکەی یادەوەریی ئەم دیمەنە سەرسووڕهێنەرەی بەمیراتی بۆ هەموو نەوەکان گواستەوە. بە پێچەوانەوە، ئەم سەردانە بۆ ئورسولا بوو بە ناخۆشترین یادەوەری، چونکە کاتێک بەبێ ئەوەی مێلکیادێس ئاگادار بکاتەوە، چووبووە ژوورەوە، لەو

دەمـەدا ئەویـش شووشـەیەکی بیکڵۆری جیوەی شـکاندبوو و ئورسـولا پێی گوتبـوو، "ئەمـە بۆنـی شـەیتانە."
میلکییادێس بـۆی ڕاسـت کردەبـووە و پێـی گوتبـوو، "نەخێر. شـەیتان هەمـان خەسـڵەتی گۆگردی هەیـە، ئەمەیـان سـەڵمێنراوە، ئـەم بۆنـە، بۆنـی شتێکی هەڵماوییە و هیچی تر."
بە تۆنێکی مامۆستایانە، لەبارەی خەسـڵەتە شـەیتانییەکانی زەنجەفیل، پـەرەی بـە ڕوونکردنـەوەکانـی دا، بـەڵام ئورسـولا گوێی نەدایە و دەسـتی منداڵەکانـی گـرت و بـۆ نوێژی بـردن. تا لـە ژیانیشـدا مابوو، ئورسـولا ئـەم بۆنـە کەسـکوونەی لەیـاد نەکـرد، بۆنێـک بـوو، لەگـەڵ یادکردنـەوەی میلکییادێس جـودا نەدەبـووەوە.

تاقیگـە سـەرەتاییەکە پێـک هاتبـوو لـە چەنـدیـن جـۆری کەمووڵـە، کەمووڵـەی ملدرێـژ، ڕەحەتـی، فیلتـەر و پڵاوپاڵێـو، فڕنییەکـی سـەرەتایی، ئامێرێکـی کریسـتاڵیی ملدرێـژی باریـک، کـە بـۆ تاقیکردنـەوە دەشـیا، دەتکـوت هێلکـەی فەلسـەفییە، هەروەهـا ئامێرێکـی پاڵاوتن، کـە قەرەجـەکان خۆیان دروسـتیان کردبـوو، شـێوەی ئـەو ئامێـرە مۆدێرنانـەی هەبـوو، کـە سـێ باسـکی هەیـە و بـە "مەریەمـی جـوو" نێـوزدەی دەکـەن. جگـە لـەم کەرەسـتە و ئامێرانـە، میلکییادێـس نموونـەی حـەوت مەعدەنـی بـۆ جـێ هێشـت، کـە ئامـاژەی بـۆ حـەوت ئەسـتێرە دەکـرد، هەروەهـا فۆرمووڵەکانـی موسـا و زۆسیسـم پـێ دا، تـا زێـڕی پـێ زیـاد بـکات، وێـڕای چەنـدیـن سـەرنج و هێلکاریـی، کـە هیـی "زانـای مـەزن" بـوون، ئیـدی هەرکەسـێک تەفسـیری

کردبا، یارمەتیی دەدا بەردی فیلۆسۆفالی پێ دروست بکات. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەتەواوی دڵی چووە سادەیی فۆرموولەکان لەمەڕ زیادکردنی زێڕەوە نووسرابوون، بەدەوری ژنەکەیدا دەخولایەوە و لێی دەپاڕایەوە تا دراوە زێڕە کۆلۆنیالە ناژراوەکانی بۆ دەرب هێنێ و هەندەی دابەشکردنی جیوە بواری دەداتێ، پارچەزێڕەکان دووپات و دەپات بکاتەوە. ئورسولا وەک هەمیشە بەرامبەر بە وڕک و پێداگریی مێردەکەی خاو دەبووەوە، ئەو جارەش خۆی دا بەدەستەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا سی دراوە زێڕەکەی خستە مەنجەڵێکەوە و لەگەڵ وردە مس و زەرنیخ و گۆگرد و قورقوشم تواندیەوە. گیراوەکەی خستە ناو مەنجەڵێکی پڕ لە ڕۆنی گەرچک و خستیە سەر ئاگرێکی بەتین، تا بوو بە شلەیەکی خەست و بۆنێکی کوشندەی لێوە دەر دەچوو، زیاتر بە شلەی شەکراویی دەکرد تا زێڕی نایاب. دوابەدوای کردەی دڵۆپاندنێکی کارەساتاوی و شکست، گیراوەکە لەگەڵ حەوت میتاڵی حەوت ئەستێرەکە تێکەڵ کرد، پاشان جیوە و سولفاتی قوبرسی تێ دەکرد، لەبەر نەبوونی ڕۆنی تووریش، جارێکی دیکە هەموو گیراوەکەی لەگەڵ پیوی بەراز سەرلەنوێ خستەوە سەر ئاگر؛ میراتە بەهادارەکەی ئورسولا ببووە جۆرە خڵتەیەکی سووتاو، تەواوێکیش نووسابووە بنی مەنجەڵەکەوە.

کاتێک قەرەجەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە گوندەکە، ئورسولا هەموو خەڵکی ئاواییەکەی لێ هان دابوو. بەڵام

بزۆزی لە ترس بەهێزتر بوو، ئەم جارەیان قەرەجەکان بە خۆیان و ئامێری مۆسیقاکانیانەوە بەناو گوندەکەدا تێپەڕین، هەراوهوریایەکی کاسکەریان نایەوە، سەرباری ئەمەش، جارچییەکە جاڕی بۆ نماییشکردنی یەکێک لە کەشفە هەرە سەرسووڕهێنەرەکانی دانیشتووانی نازیانس لێدەدا. بە جۆرێک لە جۆرەکان، سەرجەم خەڵکی ئاوایی بەهەڵپە بوون بۆ ئەوەی بچن سەر لە خێوەتەکە بدەن و بۆ ئەوەی بە چەند فلسێک چاویان بە مێلکییادێس بکەوێت، تەواو گەنج ببووەوە، گوڕ و بەتین دیار بوو، چرچولۆچەکانی نەمابوون، ددانەکانی سپی و جوان دەبرسیکانەوە. ئەو کەسانەی پێشتر ئەم قەرەجەیان بینیبوو، دەهاتەوە یادیان چۆن نەخۆشیی ئەسکەربۆت پۆکی ددانەکانی داڕزاندبوو، گوپ و هەردوو ڕوومەتی قوپابوون، لێوەکانیان ژاکاو و پەژموورده بوون، بەرامبەر بە دەسەڵاتی بێوێنەی قەرەجەکان، هەموو تووشی واقوڕمان بوون. کاتێکیش مێلکییادێس تاخمی ددادنە جێگیر و ڕێکوپێکەکانی دەر دەهێنا و نیشانی خەڵکەکەی دا، لە جیاتی واقوڕمان، هەموو شڵەژان، چونکە لە چاوتروکانێکدا مێلکییادێسیان بینی بۆتەوە بە پیاوە کەنفتەکەی جاری جاران. چونکە لەوە دڵنیا بوو کە جارێکی دیکە گەنج و جحێڵ دەبێتەوە، مێلکییادێس جاریکی دیکە تاخمە ددانەکانی کردەوە دەمی، بزەیەکیشی بۆ کردن. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، ئەم جارەیان دڵنی بەوەدا نا، کە زانستی مێکلییادێس، تەواو هەموو سنوورەکانی تێپەڕاندووە، بەڵام ئەو دەمەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و قەرەجەکە پێکەوە

بـوون، مێلکییادێسباســی میکانیسـمی تاخمــه ددانەکـەی بـۆ کـرد، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا بەتـەواوی شاگەشـکە بـوو و هەناسـەیەکی قوولـی هەڵکێشـا. لـە هەمـان کاتیشـدا، بـە کارێکی سـادە و بلیمەتانە لێکی دایەوە، لە چاوتروروکاندنێکدا، بەتەواوی پشـتی لـە زانسـتی کیمیاگـەری کـرد. تووشـی تەنگژەی شکسـت و بێهیوایـی بـوو، ئیشـتیای بـۆ خـۆراک نەمـا، بـەو ڕۆژگارە، بـە درێژایـی و پانیـی ماڵەکـەدا دەهـات و دەچـوو. بـە ئورسـولای ژنـی دەگـوت، "شـتی سـەیروسـەمەرە لـە دنیـادا ڕوو دەدەن. دوو هەنـگاو دوورتـر لـە ڕووبارەکـەی بەرامبەرمـان، هەمـوو جـۆرە ئامێرێکـی سـیحراوی دەسـت دەکـەوێ، کەچـی ئێمـەش لێـرە وەکـوو ولاغ دەژییـن." ئـەو کەسـەی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـای لـە سـەرەتای دروسـتکردنی گونـدی ماکۆنـدۆوە دەناسـی، لـەم گۆڕانکارییـە سـەری سـووڕ دەمـا، کەوتبـووە ژێـر کاریگەریـی مێلکییادێس.

خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا، ئەگـەر چیکەنجیش بـوو، بـەڵام وەک ڕیشسـپیی ئاوایـی بـوو، وەختـی تۆوچاندنـی دیـاری دەکـرد، ئامۆژگاریـی لەبارەی پەروەردەی منداڵ و بەخێوکردنی مەڕوماڵاتـەوە دەدا، لەپێنـاو هەڵسـوڕانی ئاواییەکـە، تەنانـەت کاری دەسـتیشـی دەکـرد و یارمەتیـی هەمووانـی دەدا. هـەر لـە دەسـپێکەوە، لەبـەر ئـەوەی خانووەکـەی ئـەو جوانتریـن خانـووی گوندەکـە بـوو، چاویـان لـێ دەکـرد. هۆڵێکـی گـەورە و ڕوونـاک و مەتبەخێکیشـی لـە هەیوانەکـە دروسـت کردبـوو، بـە گوڵـی ڕەنگاوڕەنـگ ڕازێندرابووەوە، دوو ژووری خـەوتن،

حەوشـەیەک، دارشـابەڕوویەکی گەورەشـی تێدا بـوو، باخچەیەکی قنج و جـوان، تەوێڵەیەکـی بـە چەپـەر دەوردراو، بـزن و بـەراز و مریشـک بەئاسـوودەیی پێکـەوە دەژیـان. نـەک تەنهـا لـە ماڵەکـەی ئـەو، بەڵکـوو لـە هەمـوو ئاوایییەکـە، کەڵەشـێری شـەڕانی، تاقـە گیانلبـەری قەدەغەکـراو بـوو.

ئورسـولا، ئەویش وەکوو مێردەکـەی خەریک بـوو. چالاک، ورد، لەسـەرووی هەمووشـیەوە شـێلگیر و جیددی بوو، ژنێکی تا بڵێی لەسـەرخۆ، لـە هەمـوو ژیانیدا کـەس گوێی لێ نەبیبوو سـترانێک بچڕێ، لـە هەمـوو شـوێنێکیش ئامـادە و لەسـەرپێ بوو، هـەر لـە شیرەی شـەبەقەوە تـا شـەوانی درەنگ دەهـات و دەچوو، ورشـەی کراسـە پەڕپەڕەکانی لێی جودا نەدەبووەوە. هـەر بـە هیمەتـی خـۆی، خۆڵـی زەویـی ژوورەکانـی بێڵتـەپ دەکرد، دیـوارە قوڕینـەکان بـە گـەچ سـپی نەکرابـوون، کانتـۆر و دۆلابـی گوندییانەیـان هەبـوو، هـەر بـە دەسـتی خۆیـان دروسـتیان کردبـوو، هەمیشـەش پاکوخاوێن. چەنـد باوڵێکیش جلوبەرگیـان تیـا هەڵدەگـرت، بۆنـی ڕێحانەڕەشـەی خۆشـیان هەبـوو.

کـەس نەبـوو لـەو ئاوایییـە هەنـدەی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا کارمەنـد بـێ: بـە جۆرێـک شـوێنی خانووەکانـی دیـاری کردبـوو، هـەر خانوویـەک هاوشـێوەی خانووەکانـی دیکـە کارئاسـانیی بـۆ کرابـوو، تـا بەیەکسـانی ئـاوی چەمەکـەی پـێ بگات، بۆ ئـەم مەبەسـتە، کـەس ناچـار نەبـوو لـە هاوسـێیەکەی

زیاتر کۆشش بکات، نەخشەی کۆلانەکانیشی بە شێوەیەک کێشابوو، خانوو نەبوو لە خانوویەکی دیکە زیاتر تیشکی هەتاوی بەرێ بکەوێ، بەتایبەت لە کاتی قرچەی گەرمادا. لە ماوەی چەند ساڵێکدا، ماکۆندۆ بوو بە گوندێک، لە هەموو گوندەکانی دیکە هەڵسوڕاوتر و کاراتر دیار بوو، ئەو دەمە دانیشتووانەکەی خۆی لە سێ سەد کەس زیاتر دەدا. لە ڕاستییشدا، گوندێکی بەختەوەر دیار بوو: کەس نەبوو تەمەنی لە سی ساڵ بەرەوژوورتر بێ، کەسیشی تێدا نەمردبوو.

هەر لە سەرەتای دروستکردنی گوندەکەوە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دەستی بە دروستکرنی تەپکە و داو و قەفە کرد، هەندەی نەبرد، نەک تەنها ماڵەکەی خۆی، بەڵکوو سەرجەم ماڵەکانی گوندەکەی پڕ لە کەناریی کەواسەوز و سریلە کرد. بۆ ئورسولا، دەنگ و جریوەی ئەو هەموو باڵندە جۆراوجۆرانە، وڕکەر دەهاتە بەرگوێی، دەبوو مێو بئاخنێتە گوێیەکانی، تا بەتەواوی شێت و هار نەبێ. کاتێکیش بۆ یەکەمین جار تیرەی مێلکییادێس هاتنە گوندمکە بۆ ئەوەی هەڵماتی شووشەی دژەسەرئێشە بفرۆشن، تێکڕای خەڵکی ئاوایی سەریان سووڕ مابوو چۆن ڕچە و ڕێگەی گوندەکەیان لەنێو ئەو هەموو زەلکاوە خامۆشانە دۆزیوەتەوە، بەڵام قەرەجەکان دانیان بەوەدا نا، کە جریوەی باڵندەکان ڕێنماییان کردوون.

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لە ڕووی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە، دەسپێشخەریی جوانی هەبوو، کەچی لە

چاوترووکانێکدا شێت و شەیدایی بۆ موقناتیز و حیساب و فەلەکسازی و خەون و ئەندێشەی وەرگێڕانی مادده و ئارەزووە بێسنوورەکەی بۆناسینی شتە سەیروسەمەرەکانی جیهان، بە تەواویی ڕای مالێ. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای کارگێر و پاکوخاوێن، هەندەی نەبرد بوو بە پیاوێکی پەڕپووت، گوێی بە جلوبەرگەکانی نەدەدا، ڕیشێکی چڕوپڕی بەردابووەوە، بە زەحمەتێکی زۆرەوە ئورسولا دەیتوانی بە کێردی مەتبەخەکە بۆی قەیچ بکات. هەبوون دەیانوت فاڵ و جادووی لێ کراوە. تەنانەت ئەوانەی لەوە دڵنیا بوون کە شێت بووە، بەڵام کاتێک داوای یارمەتیی لە هەمووان کرد بۆ ئەوەی پێکەوە ڕێگەیەک بکەنەوە و گوندی ماکۆندۆ بە جیهانی داهێنانە مەزنەکانی دنیای دەرەوە ببەستێتەوە، هەموو کاروبار و خێزانی خۆیانیان جێ هێشت و دوای خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کەوتن، کاتێک بینییان بێڵ و خاکەنازی هەڵگرتووە و لەسەرڕێیە.

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بێئاگا بوو لە جوگرافیای ناوچەکەی خۆی. هەر ئەوەندەی دەزانی، کاتێک بەرەو ڕۆژهەڵات بڕۆی، تووشی زنجیرەچیای سەرکەش دەبی، ئەودیوی چیاکانیش شارە دێرین و ئەنتیکی ڕیۆاچایە، لە سەردەمی کۆن، وەکوو چۆن ئاورێلیانۆ بوێندیای یەکەم، باپیرەگەورەی بۆی گێڕابووەوە، سێر فرانسیس دراک، هەر بۆ ڕابواردن تیمساحی بە گوللەتۆپ ڕاو کردووە و دواجار کەوڵەکەی پڕ لە پووشوپەڵاش کردووە و بەدیاری

پیشکەشی ئیزابێلی شازادەی کردووە. لە هەرەتی لاویدا، لەگەڵ ژن و پیاوانی گوندەکەی، بە زارۆک و ئاژەڵەکانیانەوە، قاپوقاچاغ و هەموو کەرەستەیەکی پێویستیان لەگەڵ خۆیان بردووە و زنجیرەچیاکانیان بڕی، بۆ ئەوەی ڕێگەیەک بەرەو زەریا بدۆزنەوە، بەڵام دوابەدوای بیستوشەش مانگی ڕەبەق، دەستبەرداری ئەم پرۆژەیە بوون، بۆ ئەوەی وەک چۆن هاتن، هەر واش نەگەڕێنەوە، دەستیان بە دروستکردنی گوندی ماکۆندۆ کرد. بۆیە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەو ڕێگەیەی لەلا بێسوود بوو، چونکە دەیزانی تەنها دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو. بەرەو باشووریش ناوچەیەکی پڕ لە زەلکاو هەبوو، گیاوگوڵێکی چڕ دای پۆشیبوو، دوابەدوای ئەو ناوچەیەش، ئیدی گۆلاوێکی پانوپۆڕ بوو، وەک قەرەجەکان دەیانگوت، سەر و سنووری نییە. ئەم گۆلاوە لەلای ڕۆژئاواوە، لەگەڵ ئاوێکی دیکە تێکەڵ دەبێ، تا چاو بڕی دەکرد، هەر ئاو بوو، جۆرە نەهەنگێکی تێدا دەژی، پێستێکی ناسک و لووسیان هەیە، سەر و قەدیان بە هیی ژنان دەکا، زۆر جاران لەبەر مەمکە زلەکانیان کەشتیوانیان گومڕا کردووە. قەرەجەکان لەناو ئەو ئاوە بۆ ماوەی شەش مانگ سەوڵیان لێدا، تا چاویان بە وشکایی کەوت، گەیشتنە ئەو ڕێگەیەی هێستری پۆستەچییەکانی پێدا تێدەپەڕی. ئەگەر لێکدانەوەکانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بە هەند وەربگرین، ڕێگەی باکوور، تاقە ڕێگە بوو دەیگەیاندنە نێو شارستانییەوە. بەپێی پێویستیش کەرەسە و ئامێری ڕێگەکردنەوەی پەیدا کرد، چەک و تفاقی ڕاوی مەیسەر کرد، چەک و تفاقی ئەو کەسانە

بوون، کە بەشدارییان لە دروستکردن و بنیاتنانی مۆکۆندۆ کردبوو؛ کەرەستەی کەشتیوانی و نەخشەی دەریایان خستە کۆڵپشتەوە و خۆیان بۆ ئەم سەرکێشییە دەگمەنە تەیار دا و کەوتنە ڕێ.

ڕۆژانی یەکەم، تووشی هیچ کۆسپێکی ئەوتۆ نەبوون شایانی باس بێ. دامێنی بەستێکی بەردەڵانیان وەر گرت، تا بگەنە ئەو شوێنەی کە ساڵانی پێشووتر زرێی جەنگاوەرەکەیان لێ دۆزیبووەوە، لەوێوە ڕچەی دارپرتەقاڵە کێوەکانیان وەر گرت و بەرەو دارستانەکە شۆڕ بوونەوە. لە کۆتاییی هەفتەی یەکەمدا، کەڵەکێوییان ڕاو کرد و برژاندیان و نیوەیان خوارد و نیوەکەی دیکەیان خوێ کرد و بۆ ڕۆژانی داهاتوو هەڵیان گرت. بەم جۆرە خۆیان لە خواردنی گۆشتی تووتی دوورەپەرێز دەگرت، چونکە گۆشتێکی شین و تامێکی تژی وەک مسکی هەبوو. دواتر، بۆ ماوەی زیاتر لە دە ڕۆژ چاویان بە تیشکی خۆر نەکەوت. زەوییەکە بڵ و شێدار بوو، بە توێژێکی خۆڵەمێشیی گڕکان دەچوو و دارودەوەنەکانیش، تا دەهات، ئاستەنگیان دروست دەکرد، جریوەی مەل و باڵندە و هەراوهوریای مەیموونانیش، تا دەهات، لە دوورەوە دەهاتنە بەرگوێ، جیهانیش تا بڵێی غەمگین دیار بوو. پیاوان هەستیان دەکرد بیرەوەرییەکان تەنگیان پێ هەڵدچنن، لەو بەهەشتە تەڕ و شێدار و بێدەنگەدا کۆنتر دەهاتنە بەر خەیاڵیان، دەتگوت بەهەشتی پێش گوناهی یەکەمە؛ چەکمەکانیان ڕۆ دەچوونە نێو ئەو زەلکاوە ڕۆناوییەی هاڵاوی لێ بەرز دەبووەوە، بە دەمی داسەکانیان،

لق و گوڵی شین شینک و مارمێلکەی زێڕینیان دەدووریییەوە. لە ماوەی حەفتەیەکی ڕەبەق، بەبێ ورتە، وەکوو ئەوەی لەنێو جیهانێکی تەواو غەمگینیدا بن و بە دەم خەوەوە ڕێ بکەن، بەشەستەم ڕووناکیی پێشوو لە تیشکدەرەکانیان بەر دەکەوت و بۆنی خوێنێکی خنکێنەر تەنگەنەفەسی دەکردن. نەشیاندەتوانی بگەڕێنە دواوە، چونکە هەر کە ڕێگەیەکیان دەکردەوە، خێرا بە داروەوەن، جارێکی دیکە لەدواوە دادەخرایەوە، تەواو هەرەسانیان لەبەر هەڵدەگیرا کاتێک دەیانبینی داروەوەنی نوێ لە بەرچاویانەوە شین دەبوون و هەڵدەچوون. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، دەیگوت، "ئەمە هیچ گرینگییەکی نییە. گرینگ ئەوەیە ئاڕاستەکەمان لێ ون نەبێ." هەمیشە پشتی بە قیبلەنوماکەی دەبەست، بەو جۆرە ڕێنمایی پیاوەکانی دەکرد و بە ئاڕاستەی ئەو باکوورە نادیارە ڕەوتیان دەکرد، تا لەو شوێنە تەلیسماوییە ڕزگاریان بێ. شەوێکی ئەنگوستەچاو بوو، ئەستێرە بە ئاسمانەوە نەبوو، بەڵام هەوا، هەوای شەوەزمنگێکی بێگەردی هەبوو، هەوایەکی تازە. لەو ڕەوتەدا، تەواو شەکەتییان پێوە دیار بوو، جۆلانەی خەوەکانیان بە دارەکان بەستەوە و بۆ یەکەمین جار، دوای دوو هەفتەی ڕەوت، نغرۆی خەوێکی قووڵ بوون. کاتێکیش وەئاگا هاتنەوە، خۆر تەواو بەرز بوو، واقوڕما و حەپەساو دیار بوون. ڕێک بەرامبەریشیان، مێرگێکی پڕ گیاوگۆڵ و دارخورمایان کەوتە بەرچاو، لەبەر تیشکی تەپوتۆزی خۆری بەیانییانی هێمن، سپی دەچووەوە، دەتگوت کەشتییەکی زلی ئیسپانییە. بەئەسپایی بەرەو

پێشەوە چەمابووەوە و ستوونەکانی ساغ بوون و چارۆگە پیسوپۆخڵەکانیشت لەنێو ئەو گوریسانەی بە گوڵی ئۆرکیدا ڕازاندرابوونەوە، شۆڕ ببووەوە. لاشەی کەشتییەکە بە خلتەی زیندەوەرانی زەریای ڕەقهەڵگەڕاو و قەوزەی نەرم داپۆشرابوو، بەتەواوی ڕۆ چووبووە نێو زەوییە بەردەڵانەکە. پێدەچوو سەرتاپای کەشتییەکە لەنێو قۆزاخەیەکدا بێت، بەتەواویی دابڕابێ لە جیهان، بە پانتاییەک دەچوو، کە لە تەنهایی و بیرچوونەوە دروست کرابێ، چەشنی نەریت و ڕەفتاری باڵندەکان، کاریگەریی کاتیان بەسەرەوە نەبێ. کاتێکیش پیاوانی گەشتەکە بە هێمنی و وردیی ناوەوەیان پشکنی، لە دارستانێکی چڕ زیاتر، هیچی دیکە نەبوو، پڕی لە گیاوگۆڵ و گوڵی پەستراوە بوو.

دۆزینەوەی ئەو کەشتییە، ئاماژەیەک بوو بۆ نزیکی زەریا، کەفوکوڵی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای بەتەواوی هێور کردەوە. هەستی دەکرد ئەم گاڵتەی قەدەرە، چونکە کاتێک لە زەریا دەگەڕا، دوای ماندووبوون و فیداکاری و ئازارێکی زۆر، زەریای نەدۆزییەوە، کەچی ئێستاش وەکوو کۆسپ و تەگەرەیەکی زلوزەبەلاح، لە بەردەمی قوت دەبێتەوە. دوای چەندین ساڵ، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ئەویش گوزەرێکی بەو ناوچەیەدا کرد، ئەو دەمەی ببووە ڕێگەی پۆستەچییەکان، جگە لە شوێنەواری کەشتییەک زیاتر، هیچی دیکەی نەبینبوو؛ ئەملا و ئەولاوی کەشتییەکە بەتەواویی ڕەش داگەڕابوو، لەنێو مێرگێکی پڕ لە گوڵیلک بەجێ

هێلرابوو. بۆیە گەیشتە ئەو بڕوایەی حەکایەتی ئەو کەشتییە بەرهەمی خەیاڵ و ئەندێشەی باوکی نەبووە، لە خۆشی دەپرسی، دەبێ چی وای کردبێ ئەم کەشتییە بەو شێوەیە ڕۆ چووبێتە ئەو زەوییەوە. دوای چوار ڕۆژ ڕێکردن، گەیشتە سەر ڕۆخی زەریا، دە-دوانزە کیلۆمەترێک لە کەشتییەکەوە دوور بوو، ئەم پرسیارە، سەرئێشەی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای دروست نەکرد. بەرامبەر بەو زەریا خۆڵەمێشییە، خەونەکانی پووک بوونەوە، زەریای کەفچڕ و خوێیاوی، شایانی ئەم هەموو ڕیسک و فیداکارییە نەبوو.

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، جوێنێکی مزری دا و گوتی، "ترحیۆ! دەوروبەری ماکۆندۆ ئاوە!"

بەگوێرەی ئەو نەخشە ڕەمەکییەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دوای گەشتەکەی کێشای، بۆ ماوەیەکی زۆر مەزەندەی ئەوە دەکرا، کە ماکۆندۆ لەسەر نیمچەدوورگەیەک بێ. سنووری نەخشەکەی بەتووڕەییەوە کێشابوو، بەئەنقەست زیادەڕەویی کردبوو لە دیاریکردنی هێلی تەماس لەگەڵ دەرەوە، وەکوو بڵێی سزای خۆی بدا، چونکە لە هەڵبژاردنی شوێنی دروستکردنی گوندەکە، هزرڕوونیی نەنواندووە. بەلالانەوەوە بە ئورسولای ژنی گوت، "هەرگیز دەستمان بە شوێنێکی دی ڕاناگات. دەبێ لێرە بۆخۆمان برزێین. ناتوانین دەستمان بە زانست و زانین بگات و سوودمەند بین." بۆ چەندین مانگ، لە ژووری تاقیگەکەی، کاوێژی بەم بیرۆکەیەوە دەکرد، هێنای و بردی، تا گەیشتە ئەو

بڕوایەی دەبێ گوندی ماکۆندۆ بۆ شوێنێکی گونجاوتر بگوازێتەوە. بەڵام ئەم جارەیان ئورسولا نەیهێشت نەخشەی مێردەکەی سەر بگرێ. ئورسولا سەرکێش و نهێنیراگر و وردکار، هەموو ژنانی ئاوایی دژ بە مێردەکانیان هاندا کە هەندەی نەمابوو دەست بە گواستنەوە بکەن. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەرگیز نەیزانی لە چ کات و ساتێکدا، بە چ هێزێکی پەرچەکردار، نەخشەکانی وەکوو ئارد کەوتنە نێو دڕکودالەوە، تا بوو بە خەیاڵ و ئەندێشەیەکی سادە و ئاسان. ئورسولا سەرلەبەیانییەک بە جۆرە بەرائەتێکەوە سەرنجی دەدا، تەنانەت دڵیشی پێی دەسووتا کاتێک مێردەکەی لە تاقیگەکە دەبینی لەگەڵ خەیاڵ و داڵغەی گوندگواستنەوەوە، خەریک بوو هەموو کەرەستە و ئامێری تاقیگەکەی دەخستەوە نێو سنوقەکانەوە. ئورسولا لێی گەڕا تا کارەکەی تەواو کرد. ورتەی نەکرد. ئەویش سنوقەکانی بزمارڕێژ کرد و فلچەیەکی گەورەی لە مەرەکەب هەڵکێشا و پیتی یەکەمی لەسەر سنوقەکان دەنووسی، هیچ لۆمەی نەکرد، بەڵام ئەوەی دەزانی، کە بێئاگا نییە لەوەی (ئورسولا گوێی لێ بوو کاتێک مێردەکەی بە دەنگی نزم لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد) ئەوە بۆ پیاوانی ئاوایی نایەن یارمەتییەکی بدەن لەم پرۆژەیە. تەنها ئەو دەمەی خەریک بوو دەرگای تاقیگە لێک بترازێنێ، ئورسولا هاتە قسە و پێی گوت، بۆچی ئەم کارە دەکەی، ئەویش بە شێوەیەکی گرژومۆن وەڵامی دایەوە و گوتی، "لەبەر ئەوەی کەس نایەوێ بڕوا، ئێمە بە تاقی تەنیا دەڕۆین." ئورسولا نیگەرانیی نیشان نەدا.

لە وەڵامدا گوتی، " ئێمە ناڕۆین. لێرە دەمێنینەوە، چونکە لێرە منداڵێکمان لە دایک بووە."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیاش پێی گوت، "بەڵام هێشتا کەسمان لێ نەمردووە. تاکوو نەبینە خاوەن گۆڕ، خەڵکی هیچ شوێنێک نین."

ئورسولا بەئارامی، بەڵام بەجەختەوە وەڵامی دایەوە و گوتی، "ئەگەر پێویست بە مردن بکات بۆ ئەوەی لێرە بمێنینەوە، ئەوە من ئامادەم بمرم."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بڕوای بەوە نەدەکرد، کە ژنەکەی خاوەن ئەم ئیرادە بەهێزە بێت. هەوڵی دا هەرچی وزەی خەیاڵ شک دەبا، بۆ هەڵبڕێژێ، تا ژنەکەی فریو بدا، بۆیە باسی جیهانێکی ئەفسووناویی بۆ کرد، باسی جیهانێکی کرد، تەنها بە چەند دڵۆپە شلەیەکی سیحراوی، درەختی بەردار پێدەگات و بەپێی حەز و ئارەزوو لە بەردەمتدا دەڕوێن، ج میوەیەکیشت بوێ، دەسگیرت دەبێ؛ بە نرخێکی هەرزانیش ئامێرت دەسگیر دەبێ، ئازار چییە نایهێڵێ. بەڵام ئورسولا ئەم قسە پووچانە کاری تێ نەکرد.

وەڵامی مێردەکەی دایەوە و گوتی، "لەجیاتی ئەوەی بیر لەم حەکایەتە خەیاڵپلاوانە بکەیتەوە، چاکتر نییە خەمێک لە منداڵەکانت بخۆی، دە سەیرێکیان بکە، هەر دەڵێی گوێرەکەن، لە مەرحەمەتی خودا زیاتر، هیچی دیکەیان نییە."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، هەر کە گوێی لە قسەکانی ژنەکەی بوو، پێتبەپێت قسەکانی ئورسولای وەک خۆی وەر

گرت. لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کرد، بینیی دوو منداڵە پێپەتییەکەی لەبەر هەتاوەکەن، لەناو باخچەکە. ئا لەو ساتەدا هەستێکی بۆ دروست بوو، وەک ئەوەی ئەو منداڵانە لەو ساتەدا هاتبێتنە وجوود و بوونیان پەیدا کردبێ. دەتگوت هەر بەڕاستی ئەو دوو منداڵە لەگەڵ قسەکانی ئورسولاوە دروست بووبێتن. بۆیە شتێک لە ناخیدا بزوا؛ شتێکی ئەفسووناوی و شتێکی یەکلاییکەرەوە بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای ڕاوەشاند، بوونی بەرەو هەوارە نەناسراوەکانی زاکیرە ڕاپێچ کرد. لەو دەمەی ئورسولا خەریکی گسکدانی ناو ماڵەکە بوو، ئیدی لەوە دڵنیا بوو کە چیی دی ئەو شوێنە، بیرایببێ جێ ناهێڵن، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا زۆر بەزەقی، بەڕامانەوە چاوی تێ بڕی. پێش ئەوەی هەناسەی ملکەچبوون هەڵبکێشێ، هەندەی نەبرد هەردوو چاوی پڕ، لە فرمێسک بوون و چاوی بە پشتی دەستی سڕییەوە.

بە ئورسولاشی گوت، "باشە دەی. دە مادام پێیان بڵێ، با بێن و سنوقەکانم لەگەڵ بەتاڵ بکەن."

خۆسێ ئەرکادیۆ کوڕی گەورەی بوو، چواردە ساڵ بەرەوژوور دەبوو. سەرێکی چوارگۆشەی هەبوو، قژێکی چڕوپڕ، وەکوو باوکیشی کەڵلە ڕەقبوو. سەرباری ئەوەی خێرا گەشەی دەکرد و وەکوو باوکیشی لەشێکی پتەوی پەیدا کردبوو، زۆر زوو، تەنانەت هەر لەو سەردەمە ئەوەشیان بۆ دەر کەوت کە ئەو کوڕە خاوەن خەیاڵێکی ئەوتۆ نییە. پێش دروستکردنی ماکۆندۆ، ئەو دەمەی زنجیرەچیا سەختەکانیان

دەبڕی، ئورسولا سکی پڕ بوو، هەر لەوێش منداڵەکەی بوو، دایک و باوکیشی سەرنجیان دا کە لەشی بە لەشی ئاژەڵ ناکات، بۆیە سوپاسێکی زۆری خودایان کرد.

ئاورێلیانۆ، یەکەمین کەس بوو لە ماکۆندۆدا لەدایک بوو، مانگی ئاداری داهاتوو دەبووە شەش ساڵ. شەرمن و بێدەنگ دیار بوو. هێشتا لە سکی دایکی بوو، دەستی بە گریان دەکرد، بەچاوکراوەییش لەدایک بوو. ئەو کاتەی ناوکیان بڕی، سەری بەلای ڕاست و چەپدا وەر دەچەرخان، سەیری هەموو شتێکی ژوورەکەی دەکرد، بەبێ ئەوەی هیچ سەرسوورمانێکیشی پێوە دیار بێ، زۆر بزۆزانە سەرنجی خەڵکی دەدا. هەندەشی نەبرد، گوێی لەوەش نەبوو کە خەڵکی دێن و لێی نزیک دەبوونەوە و سەیری دەکەن. ئاورێلیانۆ هەموو سەرنجی لەلای ئەو دارخورمایە بوو، کە بەر تەوژم و هورووژمی باران وەخت بوو بکەوێ. ئیتر ئورسولا کاتی نەبوو بیر لە نیگا تیژەکانی بکاتەوە، تا ئەو ڕۆژەی ئاورێلیانۆ تەمەنی بیوو بە سێ ساڵ، لەو ساتەوەی کە ئورسولا مەنجەڵێکی پڕ لە شلەی کولاوی لەسەر ئاگرەکە لا دەدا و دەیویست بیبا لەسەر مێزی نانخوارنی دابنێ، چووە مەتبەخەکەوە و ڕاڕا لە بەردەم دەرگاکە ڕاوەستا و بە دایکی گوت، "مەنجەڵەکە دەکەوێ." مەنجەڵەکەش، زۆر ڕێک لە ناوەڕاستی مێزەکە دانرابوو، هەر ئەوەندە منداڵەکە ئەمەی گوت، مەنجەڵەکە دەستی بە لەرزلەرز کرد و هێزێکیش بەرەو لێواری مێزەکە پاڵی پێوە

نـا، دەتگوت جوولەیەکی ناوەکی دەیرووژێنێ، بەر بووەوە و کەوتـە سـەر زەوییەکـە و شـکا. ئورسـولا زمندەقـی چـوو، ئەم بەسـەرهاتەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، کەچی مێردەکەی ئەمـەی بـە دیاردەیەکی زۆر سروشـتی لێـک دایـەوە. خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیا، تـا بڵێی لـە بوونـی منداڵەکانی بێئاگا بـوو، بەشـێکی بـۆ ئـەوە دەگەڕایـەوە، کـە وای لێـک دەدایـەوە کـە منداڵ عەقڵیان نوقسانە و بەشـەکەی دیکەشی، چونکە خۆشـی نغرۆی بگرەوبەردە و لێکدانـەوە خەیاڵئامێزەکانی خۆی ببوو.

بـەڵام لـەو پاشـنیوەڕۆیە بـەدواوە، دوای ئـەوەی داوای یارمەتیـی لـە منداڵـەکان کـرد بـۆ ئـەوەی بێـن سـنوقەکانی تاقیگەکـەی لەگـەڵ بەتـاڵ بکـەن، بەبەهاترین کاتـی خـۆی بـۆ ئـەوان تەرخـان دەکـرد. لـە ژووره لاتەریکەکـەی، وردەوردە دیوارەکانـی پـڕ لـە نەخشـەی جوگرافیـای سـەیروسـەمەرە دەکـرد، فێری خوێنـدن و نووسـین و حیسـابی کـردن، باسـی بابەتی سـەیروسـەمەرەی جیهانی بۆ دەکردن، نـەک تەنها لەنێو جوغـزی ئـەو بوارانـەی پەیـی پـێ دەبـرد و شـارەزاییی لێیـان هەبوو، بەڵکوو خەیاڵیشـی تـاو دەدا. ئا بەم شـێوەیە منداڵەکانی فێری ئـەوە بـوون، کە لـە دواسـنوورەکانی باشـووری ئەفەریقا خەڵکێک هـەن، هەند زیرەکن، هەند ئاشـتیخوازن، کاتی خۆیـان بـە دانیشـتن و رامـان بـەکار دەبـەن و ئیمکانـی ئەوەشـیان هەیە، لـە دوورگەیەکـەوە بۆ دوورگەیەکی دیکە بـاز بدەن، تـا دەگەنە بەنـدەری سـالۆنیک و بەپـێ لـە زەریـای ئیجـەش دەپەڕنـەوە. ئـەم بابەتـە ورێنەئامێزانـە، بـە شـێوەیەکی وا لـە یادەوەریـی منداڵـەکان چەسـپ ببوو، تەنانـەت دوای چەندین سـاڵیش، چەنـد

ساتێک پێش ئەوەی ئەفسەری لەشکری نیزامی فەرمان بداتە دەستەی گوللەباران، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ کاتی ئەوەی بۆ ڕەخسا ئەو پاشنیوەڕۆ شیرینەی مانگی ئادارەی بێتەوە یاد، ئەو پاشنیوەڕۆیەی لەناکاو باوکی وانەی فیزیای پێ بڕین، هیشک و ڕەق، دەستی بۆ هەوا بڵندکردبووەوە و زەق زەق دەیڕوانی، گوێی قوڵاغ کردبوو بۆ دەنگێکی دوور، لە دوورەوە دەنگی تەپڵ و دەهۆڵ و زوڕنای قەرەجەکان بوو، قەرەجەکان بوون جارێکی دی دەگەڕانەوە بۆ گوندەکە، بۆ ئەوەی دواداهێنانەکانی زاناکانی مەمفیس نمایش بکەن.

ئەم جارەیان قەرەجی دیکە بوون. پیاوانی لاو و ژنانی نەوجەوان بوون، تەنها بە زمانی خۆیان قسەیان دەکرد، نموونەی جوانی بوون، پێست لووس و چەور، دەستسووک، بە مۆسیقا و سەما و هەڵپەرکێیان بەختەوەرییەکی شێتانەیان بڵاو دەکردەوە، دەتگوت هەموو گوندەکە لە ڕاپەڕیندایە، تووتییە ڕەنگاوڕەنگەکان حەکایەتی عیشقیان بە ئیتالیای دەوتەوە، مریشکەکانیان بە دەنگی تەپڵ سەدان هێلکەی زێڕینیان دەکرد، مەیموونێکیش مەزندەی ئەوەی دەکرد، کە چیمان لە خەیاڵدایە، ئامێریان پێ بوو، هەموو کارێکی ڕادەپەڕاند، لە هەمان کاتدا دوگمەی دەدووری و تای هێور دەکردەوە، کەرەسە و ئامێری وایان پێ بوو، یادەوەری و زاکیرەی لەبیر خاوەنەکەی دەبردەوە، داودەرمانی وایان پێ بوو، یارمەتیی دەدای کاتی خۆت بەسەر بەریت و هیچ نەکەی، تەنانەت سەدان داهێنانی دیکە، هەند غەریب و بلیمەت

بوون. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیاش ویستی ئامێرێک دروست بکات، بۆ ئەوەی هەموو شتێکمان بێتەوە یاد و هیچ شتێک فەرامۆش نەکەین. لە چاوترووکانێکدا گوندیان بەتەواوی سەروبن کرد. خەڵکی ئاواییەکە، لەپڕێکدا هەستیان کرد لە جادەوبانی ماکۆندۆ ون بوون، سەرسام ببوون لەنێو هەراوهوریاو و ئاپوورەکەدا.

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دەستی منداڵەکانی توند گرتبوو، بۆ ئەوەی لەنێو ئەو حەشاماتە ونیان نەکات، تێدەپەڕی و شانی لە شان تەنافبازە ددانزێڕکەفتەکان و ئەکرۆباتە شەشدەستەکان دەدا، لەبەر بۆنی چڵک و عەتری سەنتاڵی حەشامات، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا وەکوو شێتان هەنگاوی دەنا و خرخڕ چاوی بۆ مێلکیادێس گێڕ دەدا، بۆ ئەوەی نهێنییە بێئەژمارەکانی بۆ لێک بداتەوە. ڕووی کردە چەند قەرەجێک، بەڵام کەس لە زمانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا نەدەگەیشت. دواجار چووە ئەو شوێنەی هەمیشە مێلکیادێس خێوەتەکەی لێ هەڵدەدا، بەڵام چاوی بە پیاوێکی ئەرمەنی کەمدوو کەوت، بەئیسپانی بە شانوباڵی گیراوەیەکدا هەڵدەدا و دەیگوت ئەگەر بێت و هەرکەسێک بیخواتەوە، لە پێشچاوان ون دەبێ. پەرداغێکی پڕاوپڕی لەو گیراوە عەمبەرییە خواردەوە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەگوڕ و بەتین بەنێو تەماشاکەرانەدا تێپەڕی، سەیری نمایشەکەیان دەکرد و چاویان تەواو ئەبڵەق ببوو، تا توانیی پرسیارێکی لێ بکات. قەرەجەکە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای لەنێو نیگا

لیلەکانی خۆی گرموّلە دا و پێش ئەوەی ببێ بە جۆرێ قیری هەڵماوی و بۆنناخۆش، زایەڵەی وەلامێک بەرز بووەوە، "میلکییادێس مرد." بەم هەواڵە تالە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لە جێگەی خۆی وشک کردەوە، هەوڵی دا بەسەر ئەو ئازارەدا زاڵ ببێ، کە لا ناخەوە هەستی پێ دەکرد، دوابەدوای ئەوە، حەشاماتەکە بلاوەیان لێ کرد و چوون بۆ ئەوەی سەیری نمایشێکی دیکە بکەن، جۆرە قیرەکەی ئەرمەنییە کەمدووەکەش بەتەواوی بوو بە هەڵم و توایەوە. دواتر، قەرەجی دیکە ئەم هەواڵەیان بۆ پشتڕاست کردەوە و گوتیان میلکییادێس لەسەر تەپۆلکەکانی سەنگافوورە تووشی گرانەتایەکی کوشندە بوو و لاشەکەیان فڕێ داوەتە هەرە قوولترین ئاوی زەریای جاڤاوە. ئەم هەواڵە سەرنجی منداڵەکانی ڕانەکێشا. ئەوان بەو نیازەوە هاتبوون، وەکوو چۆن باوکیان پێیانی گوتبوو، سەیری داهێنانە هەرە سەرسووڕهێنەرەکانی زاناکانی مەمفیس بکەن؛ لە یەکێک لە خێوەتەکان جاریان بۆ ئەم هەواڵە دەدا، کە پەیوەندیی بە سولەیمانی پێغەمبەرەوە هەبوو. هەندە ورکیان لە باوکیان گرت، ناچاریان کرد سی ڕیالیان بداتێ، بۆ ئەوەی بچنە ژێر خێوەتەکەوە. تاکوو ناوەندی خێوەتەکەش نەوەستان، لەوێ پیاوێکی زەبەلاحی لێ بوو، سینگتووکن و سەرووتاشراوی هەبوو، ئەڵقەیەکی مسی لە لووتی گیر کردبوو و پێیان بە قەفی زنجیر بەستبووەوە، پاسەوانی سنوقێکی قەرسەنەکانی دەکرد. دوای ئەوەی پیاوە زەبەلاحەکە سەری سنووقەکەی کردەوە، هەناسەیەکی بەفراوانیی لێ دەر هات.

قاڵبێکی بلووریی گەورەش لەناو سنوقەکەدا بوو، دەرزییەکی زۆری لەسەر چەقێندرابوو و وەک ئەستێرەیەکی پرشنگداری ڕەنگینی خۆرنشین دەدرەوشایەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، شڵەژاو دیار بوو، چونکە دەیزانی منداڵەکانی چاوەڕوانی وەڵامێکی کتوپڕ دەکەن، بۆیە لەبەر خۆیەوە گوتی، "ئەمە گەورەترین ئەڵماسی جیهانە."

قەرەجەکەش بۆی ڕاست کردەوە و گوتی، "نەخێر، ئەمە سەهۆڵە."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بەبێ ئەوەی سەر لە هیچ دەر بکا، دەستی بۆ قاڵبەسەهۆڵەکە درێژ کرد، بەڵام قەرەجەکە دەستی ڕاگرت. پێی گوت، "دەبێ پێنج ڕیالی دیکە بدەی، تاکوو دەستی لێ بدەی." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا پێنج ڕیالەکەی پێ دا و دەستی خستە سەر قاڵبەسەهۆڵەکە و بۆ چەند خولەکێک دەستی ڕاگرت، دەستی لەسەر ئەو شتە ئەفسووناوییە دانابوو، لە هەمان کاتدا دڵخۆش و لە هەمان کاتیشدا سامێکی لەسەر نیشت. نەیزانی چی بڵێ، دە ڕیالی دیکەدا بۆ ئەوەی هەردوو منداڵەکەشی ئەم ئەزموونە دەگمەنە تاقی بکەنەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بچووکەکە نەیویست دەستی بۆ درێژ بکات. بە پێچەوانەوە، ئاورێلیانۆ، هەنگاوێک چووە پێشەوە و دەستی نایە سەر قاڵبەسەهۆڵەکە و خێرا دەستی کێشایەوە و بەترسەوە گوتی، "ئەمە دەکوڵێ." بەڵام باوکی هیچ گرینگییەکی بە قسەکەی نەدا. بەرامبەر بەم موجیزە دەگمەنە حەیران دیار بوو و ویستی بۆ چەند ساتێک پڕۆژە شکستخواردووە شێتانەکانی خۆی لەیاد بکات و لاشەی

مێکییادیس بوو بە خۆراکی کەلەماری زەریا. پێنج ڕیالی دیکەی دا، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە دەست بخاتەوە سەر قالبەسەمۆلەکە، وەک شایەدێک چۆن دەست لەسەر کتێبی پیرۆز دادەنێ و سوێند دەخوات، ئەویش ئەوها گوتی، "ئا ئەمەیە مەزنترین داهێنانی ئەم سەردەمەی ئێمە."

# ٢

کاتێک لە سەدەی شانزەهەم، فرانسیس دراکی قەرسەن هێرشی کردە سەر ڕیۆئاچا، داپیرەگەورەی ئورسولا ئیگواران بە جۆرێکی وا بە زەنگی کڵێسە و تۆپهاوێژەکان زەندەقی چوو، بەتەواویی عەقڵ و هۆشی لەدەست دا، لەتاوا، ڕێک و ڕاست چوو بوو لەناو ئاگردانە هەڵایساوەکەدا دانیشت. تا دوارۆژی ژیانی، ئەم سووتانە کردی بە ژنێکی لەکەلککەوتوو. تەنها لابەلا دەیتوانی دابنیشێ، سەرینێکی دەخستە ژێری، کاتێکیش ڕێی بکردبا، شتێکی نارێک لە ڕۆیشتنەکەی وەدەر دەکەوت، بۆیە بڕاییبڕ لە پێشچاوی خەڵک و خوا ڕێی نەکرد. هەموو جۆرە عادەت و بۆنە و هاموشۆی کۆمەڵایەتیی خستە لاوە، تووشی وەسوەسەیەک بوو، هەستی دەکرد بۆکرووزێک لە لەشیەوە دێ. تا بەرەبەیان لەناو حەوشەکە دەمایەوە و نەیدەوێرا بنوێ، چونکە خەونی دەبینی کە ئینگلیزەکان، بە خۆیان و سەگە دڕەکانیانەوە، لە پەنجەرەکانەوە هەڵدەکوتنە سەری، بە شیشی داغبووەوە حەیا و نامووسی دەبەن. مێردەکەی، بازرگانێکی خەڵکی ئەراگۆن بوو، دوو منداڵی لێی هەبوو،

هەموو هەوڵێکی خستە گەڕ بۆ ئەوەی ترس و سامەکەی لەسەر بڕەوێنێتەوە، نیوەی شتومەکی دوکانەی بە داودەرمان و بابەتی خەمڕەوێن دا. ئەنجام، دوکانەکەی هەراج کرد و پەلی خێزانەکەی گرت و چوو بۆ گوندێکی هیندییە پێستسوورە هەژار و ئاشتیخوازەکانی دامێنی زنجیرەچیاکان، دوور لە زەریا، ژوورێکی بێپەنجەرەی بۆ ژنەکەی دروست کرد، تا قەرسەنەی کابووسەکان نەتوانن بچنە ژووری ژنەکەی.

لەم گوندە دوورەپەرێزەدا، دەمێک بوو پیاوێکی کریۆل دەژیا، خۆی بە چاندنی شەتڵە توورتنەوە خەریک کردبوو، دۆن خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و باپیرەگەورەی ئورسولا پێکەوە دەستیان بە سەوداوامەڵەی پڕ لە خێروبێرکرد، دوای چەندساڵێک، سەرەوت و سامانێکی باشیان پێکەوە نا. دوای چەندین سەدە، یەکێک لە کوڕە کوڕە زاکانی ئەم کریۆلە، یەکێک لە کچە کچەزاکانی بازرگانەکەی ئەراگۆنی خواست. بۆیە هەرکاتێک ئورسولا شێت و شووریی مێردەکەی تەواو تەنگی پێ هەڵبچنییایە، ئەوە ڕێک و ڕاست مێژووی سێ سەد ساڵی پڕ لە ڕووداوی جوراوجۆری دەگەڕاندەوە دواوە و ئەو ساتەی بەلەعنەت دەکرد، کە فرانسیس دراک هێرشی کردە سەر ڕیۆاچا. ئەمە بیانوویەکی سادە بوو بۆ هێورکردنەوەی، ئەگینا لە ڕاستیدا، ئەم ژن و مێردە تا دواچرکەی ژیانیان بە شتێک بەسترابوونەوە، کە لە خۆشەویستی زۆر بەهێزتر بوو: چونکە هەردووک هەستیان بە گوناه دەکرد. ئامۆزای

یەکتر بوون. پێکەوە لەو گوندە گەورە ببوون، یەکێک بوو لە گوندە هەرە خۆشەکانی ئەو ناوچەیە، بابوباپیرانیان بە دەستی خۆیان دروستیان کردبوو، بە کار و کۆششێکی زۆر کردبوویانە گوندێکی جوان و ڕێساکەلێکیشیان بۆ ئاسانکاریی ژیان داهێنابوو. سەرباری ئەوەی هەر لە لەدایکبوونیانەوە مەزەندەی ئەوە دەکرا ئەم دووە پێکەوە نازێن، کەچی ئەو ڕۆژەی بە ڕوونی ئەم ئارەزووەیان ئاشکرا کرد، دایک و باوکی هەردوو لا ویستیان بەربەست و ڕێگری لەم پێکەوەژیانە بکەن. دەترسان لەوەی لەم دوو لقە ساغ و تەندروستەی ئەو بنەماڵەیە، کە چەندین سەدە بوو ژن و ژنخوازییان لەبەیندا بوو، تێک بئاڵێن و ببنە مایەی شەرم و ئابڕووچوون، لەجیاتی مرۆڤیش، مارمێلکەی زەبەلاحیان ببێ. لەم ڕووەوە نموونەیەکی قێزەوەنیان لە بەرچاو بوو. یەکێک لە میمکەکانی ئورسولا، شووی بە مامێکی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کردبوو و کوڕێکیان بوو تا لە ژیانیشدا مابوو، پانتۆڵێکی فلتی دەکردە پێ و هەردوو ڕانی پێکەوە نووسابوون و دوای چلودوو ساڵ، خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشت، تا گیانی لەدەست دا، هەر بەڕەبەنی سەری نایەوە، چونکە لە پاشەلیەوە کلکێکی کرکراگەیی ڕوابوو، هەر بە ئامێری تەبەدۆرکردنەوەی دەکرد، کۆتاییەکەشی تۆپەڵێ موو بوو. کلکی بەراز بوو، تا ژیانی لەسەر دانا، هەرگیزاوهەرگیز نیشانی ژنی نەدا، ڕۆژێکیان، قەسابێکی هاوڕێی پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد، کە بە دەمەتەورێک کلکەکەی بۆ ببڕێ. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، هەرزەیەکی تەمەن نۆزدە ساڵ بوو، ئەم کێشەیەی

بە ڕستەیەک چارەسەر کرد و گوتی، "دە قەیچێکە، با ببینە خاوەن بەچکەبەرزایش، هەر قسە بکەن قەیناکە." ئا بەم شێوەیە زەماوەندیان ساز کرد و شایی و دەهۆڵ و زوڕنا دەستی پێ کرد و ئاگری دەستکرد بۆ ماوەی سێ شەو و سێ ڕۆژی ڕەبەق بە ئاسماندا دەگەڕا. دەشیا لەو ئانەوە، پێکەوە بەبەختەوەریی بژیابان، ئەگەر بهاتبا دایکی هەندە ئازار و ئەشکەنجەی ئورسولای نەدابا، ئەو هەموو پێشبینییە شوومەی لەبارەی وەچەکانی بۆ نەکردبا، بە ڕادەیەک، بەڵێنی لێ وەر گرت کە نابێ ئورسولا لەگەڵ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا پێکەوە بخەون. ئورسولا لە ترسی ئەوەی مێردە بە تینوگوڕ و بەهەوەسەکەی لە کاتی خەوتندا بەزۆر نەی باتە جێگەوە، پێش خەوتن پانتۆلێکی ئەستووری دەکردە پێ، پانتۆلێک بوو، کە دایکی بۆی دووریبوو، خامێکی ئەستوور بوو و سیستەمێکی تایبەتیشی هەبوو، لەپێشەوە بە سیرمەی چەرم، جوان تێکهەڵکێش کرابوون و بە ئەڵقەیەکی ئەستووری ئاسنیش دەکرایەوە و دادەخرا. ئا بەم جۆرە، بۆ ماوەی چەند مانگێک ژیانیان بردە سەر. بەو ڕۆژگارە، مێردەکەی خەریکی چینەپێکردنی کەڵەشێرە شەڕانییەکانی بوو، ئورسولاش لەتەنیشت دایکی، خۆی بە چنینەوە خەریک دەکرد. وەک بڵێی شوێنی ئەوین و ئەویندارییی گرتبێتەوە، کاتێک شەو دادەهات، ئیدی دەبووە شەڕ و چەقەچەق لەنێوانیاندا، بە ڕادەیەک، لەنێو خەڵکی ئاواییی هەست بە شتێک دەکرا، کە زۆر سروشتی و ئاسایی نەبوو، تا ئەو دەمەی دەنگۆیەک بڵاو بووەوە، لە ماوەی ساڵێکیشدا هەموو خەڵکی پێی زانی: گوایە ئورسولا هێشتا

عازەبە و مێردەکەی پیاوەتیی لەدەست داوە و هەرامەی نییە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دواکەس بوو ئەم دەنگۆیەی بکەوێتە بەرگوێی.

بە نەبرەیەکی هێمن و لەسەرخۆ بە ژنەکەی وت، "دەبینی، ئورسولا، خەڵکی چیمان پێ دەڵێن."

ئورسولاش لە وەڵامدا گوتی، "هەرچییەک دەڵێن، با بیڵێن. ئێمە هەردووکمان ئەوە دەزانین، کە ئەوەی ئەوان دەیڵێن، ڕاست نییە."

ئا بەم جۆرە، ئەو بەزمە شەش مانگی دیکەی خایاند، تاکوو ئەو یەکشەممە تراژیدییەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا شەڕەکەڵەشێرێکی لە پرودێنسیۆ ئەگیلار بردەوە. کابرای دۆڕاو، شێت و هار بوو کاتێک بینیی کەڵەشێرەکەی لە خوێندا گەوزاوە و کەمێک لە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کشایە دواوە، تاکوو هەموو تەماشاکەران گوێیان لێ بێ چیی پێ دەڵێ و بە دەنگێکی بەرز پێی گوت، "پیرۆزباییت لێ دەکەم! دەی با بزانین ئەم کەڵەشێرە دەتسێتە سەر ژنەکەت."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، هێمن و لەسەخۆ، کەڵەشێرەکەی هەڵگرت و ڕووی لە خەڵکەکە کرد و گوتی، "هەر ئێستا دەگەڕێمەوە." پاشان ڕووی کردە پرودێنسیۆ ئەگیلار و پێی گوت، "تۆش ڕابکە و بڕۆرەوە ماڵ و چەکێک هەڵبگرە، چونکە دەتکوژم."

دوای دە خولەک، بە خۆی و ڕمێکی باپیرەیەوە گەڕایەوە. لە بەردەرگای حەلەبەی کەڵەشێران، نیوەی دانیشتووانی ئاواییەکە گرد ببوونەوە، پرودێنسیۆ ئەگیلاریش چاوەڕێی

دەکرد. کابرای دۆڕاو دەرفەتی ئەوەی بۆ نەڕەخسا بەرگری لە خۆی بکات، چونکە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بە هێز و وزەی جوانەگایەک، بە نیشانگرییەکی وردەوە، بە هەمان دڵنیایی ئاوریلیانۆ بوێندیای یەکەم کاتێک پڵنگەکانی ئەو ناوچەیەی قڕ دەکرد، ڕمەکەی کێشایە ملی پرودێنسیۆ ئەگیلارەوە. هەمان ئێوارەش، لە مەیدانی شەڕەکەڵەشێر، ئێشکیان بەسەر مەیتەکەوە گرت، لەو دەمەی ژنەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خەریک بوو پانتۆڵی دژەکانی هەڵدەکێشایە پێی، هەڵمەتی بۆ ژووری خەوتن برد. نووکی ڕمەکەی ئاراستەی ژنەکەی کرد و فەرمانی دا "ئەمە بداکەنە!" ئورسولا جەختی مێردەکەی بەهەند وەر گرت و لەبەر خۆیەوە گوتی، "هەرچییەک ڕوو بدات، خۆت بەرپرسیاری."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ڕمەکەی لەسەر زەویی ژوورەکە چەقاند و وەڵامی دایەوە و گوتی: "ئەگەر تۆ مارمێلکەی زلت بوو، ئێمەش مارمێلکەی زل بەخێو دەکەین. بەڵام لەبەر خاتری تۆ، کەسی دی نابێ لەم گوندەدا بکوژرێ."

شەوێک لە شەوە جوانەکانی مانگی حوزەیران، مانگ دەدرەوشایەوە؛ هەردووک پێکەوە، لەناو جێگە تا سپێدە مانەوە، شەویان بە سوعبەت و ئەویندارییەوە بەسەر برد، گوێیان نەدەدایە ئەو بایەی لەگەڵ خۆی گریان و ناڵەی خێزانی پرودێنسیا ئەگیلاری دەهێنایە ژوورەکەیانەوە.

ئەم ڕووداوەیان بە بەرگریکردن لە نامووس لەقەڵەم

دا، کەچی هەردووکیشـان هەستیان بـە گونـاه. دەکـرد و گرییەک لەسـەر دڵیان بـوو. شـەوێکیان، ئورسـولا نەیدەتوانی چاو لەیـەک بنێ، ویسـتی بچێتـە حەوشـەکە ئـاو بخواتـەوە، چـاوی بـە پرودێنسـیا ئەگیـلار کـەوت، کـە لـەلای کوپەکـە راوەسـتابوو. ڕەنگپەڕیـو دیـار بـوو، هەروەهـا غەمگینییەکیش لەسـەر ڕوخسـاری دەخوێندرایـەوە، هەوڵـی دەدا دەرمانێکـی ڕوەک بخاتـە سـەر برینەکـەی قوڕگـی. ئورسـولا لێـی نەترسـا، بەڵکوو دڵـی پێـی سـووتا. گەڕایـەوە ژوورەکـەی، بـۆ ئـەوەی ئـەم بەسـەرهاتە بـۆ مێردەکـەی بگێڕێتـەوە، کەچـی بـەلای مێردەکەیـەوە گرینـگ نەبـوو. پێـی گوتبـوو، "مـردووان ناگەڕێنـەوە. ئەمـە پەیوەندیـی بـەوەوە هەیـە، کـە ویژدانمـان ئازارمـان دەدا." دوای دوو شـەو، ئورسـولا جارێکـی دیکـە لەنـاو حەمامەکـە چـاوی بـە پرودێنسـیا ئەگیـلار کەوتـەوە، بـە دەرمانـە ڕوەکییەکـە خەریکـە خوێنـی مەیـوی برینـی قوڕگـی پـێ دەسـڕییەوە. شـەوێکی دیکـەش، لەژێـر بـاران چـاوی پێـی کەوتبـوو و پیاسـەی دەکـرد. خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا وڕێنـەی ژنەکـەی تـەواو وەڕسـی دەکات، ڕمەکـەی هەڵگـرت و چـووە نـاو حەوشـەکەوە. مردووەکـە بـە هەمـان ڕوخسـاری غەمگینـەوە لـەوێ بـوو.

خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا بـە دەنگـی بـەرز پێـی گـوت، "بـڕۆ لـە پێشـچاوم ون ببـە. ئەگـەر سـەد کەڕەتـیَ تریـش بگەڕێیتـەوە، ئـەوە هـەر سـەد کەڕەتەکـە دەبـێ بتکوژمـەوە."

پرودێنسـیۆ ئەگیـلا لـە شـوێنی خـۆی جووڵـەی نەکـرد و خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیاش نەیوێرا ڕمەکـەی تـێ گرت. ئیدی

لەو کاتەوەی ئارامیی لەبەر برا. بە خەمبارییەکی زۆرەوە، لەژێر باران مردووەکە سەیری کردبوو، سۆزێکی بێ سنووری بۆ جیهانی زیندووان هەبووە، بەنیگەرانییشەوە لەناو ماڵەکە لە چۆڕێ ئاو دەگەڕا بۆ ئەوەی هەتوانەی سەر برینەکەی پێ تەڕ بکا، گشت ئەمانە ببوونە وەسوەسەیەک لەسەر دڵی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیاوە. بە ئورسولای دەگوت، "دەبێ ئازارێکی زۆر بکێشێ. پێدەچێ هەست بە تەنیاییەکی زۆر بکات." ئورسولا بەزەیی پێدا دەهاتەوە، بۆیە کاتێک مردووەکەی بینییەوە سەری ئەو مەنجەڵانە هەڵدەداتەوە کە لەسەر ئاگر دانرابوون، ئیدی لەوە تێگەیشت کە لە چی دەگەڕێ، بۆیە تاسی پڕ ئاو دەکرد و لە هەموو سووچێکی ماڵەکە دای دەنان. شەوێکیان، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا مردووەکەی لە ژووری خەوتن بینی خەریکی شووشتنی برینەکەی بوو، ئیدی خۆی پێ رانەگیرا و پێی گوت، "زۆر چاکە، پرودێنسیۆ. ئێمە لەم گوندە بار دەکەین، دەڕۆین بۆ دوورترین هەوار و جارێکی دیکە پێمان ناخەینەوە ئەم گوندە. ئیدی تۆش دەتوانی بەئاسوودەیی ئێرە جێ بهێڵی."

ئا بەم شێوەیە بوو، زنجیرەچیاکانیان بڕی. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی، هەموو وەکوو ئەو لاو بوون، خۆیان دایە دەست ئەم موغامەرەیەوە، ماڵ و حاڵی خۆیان جێ هێشت، بە خاووخێزان و ماڵومنداڵەوە روویان لە خاکێک کرد، کە کەس لەوەوەپێشتر چاوی پێ نەکەوتبوو. پێش ئەوەی بڕۆن، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا

رمەکەی لەژێر گل، لەناو حەوشەکە شاردەوە و کەڵەشێرە شەڕانییە جوانەکانیشی یەک لەدوای یەک سەر بڕین، لە دڵی خۆشیدا ئەوەی گوتبوو، ئیدی بەم جۆرە ئارامی دەبەخشێتە پرۆدێنسیۆ ئەگیلار. ئورسولا تەنها باوڵێک و بوخچەی کهێنەکەی لەگەڵ خۆی برد، لەگەڵ چەند قاپوقاچاغێک و سنوقێکی بچووکیش، کە پارچەدراوە زێڕەکانی تێدا هەڵگرتبوو: میراتەکەی باوکی. هیچ نەخشەڕێگەیەکی وایان گەڵاڵە نەکردبوو. تەنها ئەوەیان بەهەند وەر گرت، کە دەبێ بە پێچەوانەی ڕێگەی ڕیۆاچاوە هەنگاو بنێن؛ نە ئاسەوارێک لەدووی خۆیان جێ بهێڵن، نە تووشی کەسێکی ناسیاویش ببن. سەفەرێکی سەیروسەمەرە بوو. دوای چوارده مانگ، ئورسولا هەندە گۆشتی مەیموون و شۆربای توولەماری خواردبوو، گەدەی تێیک چوو؛ کوڕێکی بوو، هەموو ئەندامەکانی هیی ئادەمیزاد بوون. تاکوو نیوەی ڕێگە، بەسەر جۆلانەیەکەوە بوو، گۆچانێکیان لەملا و ئەولای جۆلانەکە هەڵکێشابوو و دوو پیاویش، لەسەر شان هەڵیان گرتبوو، چونکە ڕانەکانی بە شێوەیەکی نائاسایی ئاوسابوو و دەمارە وردیلەکانی دەتەقین. سەرباری ئەوەی سکی زارۆڵەکان پەلمابوون، نیگاکانی هەند شکست و غەمگین بوون، بەردی دەکردە ئاو، کەچی لە دایک و باوکیان زیاتر بەرگەی ئەو سەفەرەیان دەگرت و زۆربەی کاتەکانیَش، ئەم سەفەرەیان لەلا وەکوو سەیران وا بوو. نزیکەی دوو ساڵ بەڕێوە بوون، سەرلەبەیانییەکیان، منداڵەکان یەکەم کەس بوون چاویان بە دامێنی ڕۆژئاوای زنجیرەچیاکە بکەوێت. لەسەر ترۆپکی مژگرتووی چیاوە سەیری ئەو پانتایییە

ئاوەیـان دەکرد، کـە پەنگـی خواردبـووە و ببـوون بـە گۆلاو، گۆلاو بوو تـا خودا حـەزی دەکرد. بـەلام هەرگیـز زەریایـان نەبینـی. چەندیـن مانـگ لەنێو ئـەو گۆلاوانـەدا وێڵ بـوون، بـۆ ماوەیەکـی زۆر کەسـیان نەبینـی، شـەوێکیان، لەقـەراغ ڕووبارێکـی بەردەلانـدا ڕەشـماڵ و خێوەتەکانیـان هەڵـدا، ئاوەکـەی دەتگـوت سـێلاوێکی شووشـەیە و بەسـتویەتی. دوای چەندیـن سـاڵی دیکـە، لەنێو شـەڕی دووەمـی ناوخـۆدا، ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ ویسـتی هەمـان ڕێگـە بگرێتـە بـەر، بـۆ ئـەوەی لەنـاکاو بداتـە سـەر ڕێۆاچـا؛ بـەلام دوای ڕەوتێـک، کـە شـەش ڕۆژی خایانـد، لـەوە تێگەیشـت، ئـەوەی ئـەو خەریکیەتـی، کارێکـی شـێتانەیە. کەچـی هـەر ئـەو شـەوە، لـە کەنـار چەمەکـە خێوەت و چادرەکانیـان هەڵدا، ئـەو لەشـکرە بچووکـەی لـە مەقالەکانـی باوکـی پێـک هاتبـوو، بـە کەسـانێک دەچـوون، کەشـتییەکەیان غـەرق بووبێـت، لـەو سـەفەر و ڕێبڕینـەدا ژمارەیـان زیـادی کردبـوو، هەسـتیان دەکـرد ئامـادە و تەیـارن، تـا بەپیریـی دەمـرن. (هـەر ئەمەشـیان دەسگیر بوو). هـەر هەمـان شـەو، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا، خەونـی بینـی، کە لـەو شـوێنە شـارێک دروسـت دەبـێ، ئـاوەدان و جەنجـاڵ، دیـواری خانووەکانیشـی هەمـوو ئاوێنـە بـوون. لـەو خەونـە پرسـیاری کردبـوو و نـاوی ئـەو شـارەی پرسـیبوو، وەلامیـان دابـووەوە و ناوێکیـان بەسـەر زاردا هاتبـوو، کـە هەرگیـز لەوەوپێش گوێـی لـە نـاوی وا نەبووبـوو و هیـچ واتایەکیشـی نەبوو، بـەلام لـە خەونەکـەی دەنـگ و سـەدایەکی سەرسـامی هەبـووە: ماکۆنـدۆ. ڕۆژی دوایـی قەناعەتـی بـە پیاوەکانـی کـرد، کە کەیشـتنبەدەریا کارێکـی مەحاڵـە. فەرمانـی دانـی درەختەکان

ببڕنەوە، لەسەر ئەو پانتاییە، لە نزیک چەمەکە، لە بەرە فێنکەکەیەوە گوندێک دروست بکەن.

تا ئەو ڕۆژەی چاوی بە سەهۆڵ نەکەوت، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لە توانایدا نەبوو دیواری ئاوێنەییی خانووەکانی خەونەکەی شی بکاتەوە. ئینجا هەستی کرد لە واتا قووڵەکانی خەونەکەی حاڵی بووە. هەستی کرد لە ئاییندەیەکی نزیکدا، دەکرێ بە ئەندازەیەکی زۆر قاڵبە سەهۆڵ دروست بکرێت، بە ماددەیەکی زۆر ئاسایی: ئەویش ئاوە. هەر بەو قاڵبانەش خانووی گوندەکان دروست بکرێن. چیی دی گوندی ماکۆندۆ ئەو گوندە نییە کە لەبەر تینی گەرما لاولاوەی دەرگا و قفڵەکانی بکشێن و بچەمێنەوە، بەڵکوو دەبێتە هاوینەهەوار. دوای بیرۆکەی دروستکردنی کارگەی سەهۆڵ نەکەوت، چونکە خۆی بۆ پەروەردەکردنی کوڕەکانی تەرخان کرد، بەتایبەتی ئاوێلیانۆی کوڕی، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، لێهاتووەییەکی زۆری نیشان دابوو بۆ فێربوونی کیماگەری. تاقیگەکەیان پاک کردەوە. تێبینی و سەرنجەکانی مێلکیادێسیان سەرلەنوێ، بەهێمنی و لەسەرخۆ خوێندەوە، بەبێ هەڵەشەیی، هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی زێڕەکانی ئورسولا لەو تۆپەڵە ڕەژووەی بەژێر مەنجەڵەکەوە نووسابوو، جیا بکەنەوە. خۆسێ ئەرکادیۆی لاو زۆر بەتایبەت قۆڵی بۆ ئەو کارە لێ هەڵماڵی. کەچی باوکی هەموو هەست و شعوورێکی لەلای دەزگای پالاوگەکە بوو، کوڕە وڕکنە گەورەکەشی، هەمیشە لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیار بوو، هەرزەکارێکی زل و کەتەی لێ دەر چوو.

دەنگی گۆڕا. سێبەری گەندەموو، سەرووی لێوەکانی داگیر کرد. ئێوارەیەکیان، ئورسولا چووە ژوورەکەی، خەریک بوو خۆی ڕووت دەکردەوە، بۆ ئەوەی بچێ بخەوێ، هەستێکی شەرم و بەزەیی داگیری کرد: ئەمە یەکەمین پیاوی ڕووت بوو لەدوای مێردەکەی چاوی پێ بکەوێ، هەندە جوان تەیار و لەبار بوو بۆ ژیان، هەستی کرد ئاسایی نییە. ئورسولا بۆ سێیەمین جار ئاوس بوو، دڵەڕاوکێی ڕۆژانی بووکێنیی هاتەوە یاد.

هەر لەو سەردەمەدا، بۆ بەردەستیی ئورسولا ژنێکی بەکەیف و بێئابڕوو و ئیغرابەخش هاتوچۆی ماڵیانی دەکرد و فاڵی بە کاغەزی قوماریش دەگرتەوە. ئورسولا باسی کوڕەکەی لەلا کرد و وای بیر دەکردەوە، کە زلبوونی کێری کوڕەکەی بەو ئەندازەیە شتێکی دژەسروشتە و هەر بە کلکەبەرازەکەی ئامۆزاکەشی دەچێت. ژنەکەش دایە قاقایەک، قاقایەکی هەندە ڕوون و هەراش بوو، بە نێو ماڵەکەدا وەک زرەی شووشەی شکاو دەنگی دایەوە و لە وەڵامدا گوتی، "بە پێچەوانەوە. بەختەوەر دەبێ." بۆ ئەوەی ئەم قسانەشی پشتڕاست بکاتەوە، دوای چەند ڕۆژێک، کاغەزی قومارەکانی لەگەڵ خۆی برد و دووبەدوو لەگەڵ خۆسێ ئەرکادیۆ چوونە عەمباری دانەوێڵەکەی تەنیشت مەتبەغەکەوە. زۆر هێمنانە کاخەزەکانی لەسەر تەختەدارێکی کۆن دانا، کە بۆ دارتاشی بەکار دەهێنرا، قسەیەک لێرە و قسەیەک لەوێ، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ لەجیاتی حەپەسان، هەستی بە بێزاری دەکرد. لەپڕێکدا ژنەکە دەستی بۆ کێری برد و

گرتی و گوتی، "پییاخ، کە زلە!" هەر بەڕاستی ئەترەشی چوو، لەمە زیاتر هیچی دیکەی نەگوت. خۆسێ ئەرکادیۆ هەستی کرد هەموو ئێسقانەکانی پرکەف بوون، ترسێکی ئاشکرا دەیهەژێنێ و لە ناخەوە ئارەزووی ئەوەی کرد بگریێ. ژنەکە لەمە زیاتر داوای هیچ شتێکی دیکەی نەکرد. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ، بەدرێژاییی شەو، لەنێو بۆنی دووکەڵ، لێی دەگەڕا، ئەو بۆنەی لەژێر هەنگڵی ئەوەوە دەهات، پێستی ئەویشی تەنیبووەوە. حەزی دەکرد بۆ تاقە چرکەیەکیش بێ، لێی دوور نەکەوێتەوە، حەزی دەکرد ئەو لەجیاتی دایکی بوایە، هەرگیز لە عەمبارەکە وەدەر نەکەوێن و پێی گوتبوو پییاخ، کە زلە! جارێکی دیکەش دەستی لێ بدایە و پێی بوتایە پییاخ، کە زلە! ڕۆژێکیان، ئیدی هەرەسانی لەبەر بڕا، چوو بۆ ماڵیان. سەردانێکی زۆر ڕەسمییانە بوو: بەبێ ئەوەی ورتەیەکی لە دەمەوە دەر بێ، لە ساڵۆنەکە دانیشت. لەپڕێکدا، هیچ ئارەزوویەکی بۆی نەما. بە شێوەیەکی جیاواز دەیبینی، ئەو هەستەی بۆنەکەی ئەو لەلای دروستی کردبوو، وەکوو ئەوەی کەسێکی دیکە بێت. قاوەکەی فڕ کرد و خەمناک ئەوێی جێ هێشت. کە شەو داهات، لەنێو گێنگڵ و ئەندێشە و شەونخونییدا، تووشی بارێکی کوشندە بوو، جارێکی دیکە ئارەزووی ئەوەی کردەوە، کە ژنەکەی خۆش ناوێ وەک ئەو ڕۆژەی لەناو عەمبارەکە بینیبوو، بەڵکوو وەک ئەو پاشنیوەڕۆیە.

دوای چەند ڕۆژێکی تر، بە بیانووی ئەوەی فێری کاغەزێنی دەکات، لەناکاو ژنە داوەتی کردە ماڵەکەی خۆی،

خـۆی و دایکـی لـە مـاڵ بـوون، بردیـە ژووری خەوتنـەوە. زۆر سەربەسـتانە دەسـتی بۆ بـرد، دوای لەرزەیـەک، خۆسـێ هەسـتی بـە شکسـت کرد، هەنده ترسـا، هەنده چێژی نەبینی. ژنەکە دوای لێ کرد ئێوارەکەی بێتەوە لای. بۆ ئـەوەی خۆی لەم تەڵەیە ڕزگار بکات، خۆسـێ ئەرکادیۆ ڕازی بوو؛ ئەوەشـی بـاش دەزانـی، کـە مەحاڵـە جارێکـی دیکـە بچێتـەوە لای. بـەڵام هـەر هەمـان ئـەو شـەوە، سـەرباری ئـەوەی هەسـتی دەکرد لـە دەرەوەی تواناشـیدایە، کەچـی لەسـەر جێگـە گرگرتووەکـەی، گەیشـتە ئـەو بڕیـارەی دەبـێ بچێتـەوە بـۆ ماڵـی ژنەکـە. بـە دەسـتەکوتە جلەکانـی کـردە بـەر، لەنێـو تاریکـی گوێـی قـوڵاغ کرد، گوێی لـە هەناسـە ڕێکوپێکەکـەی براکـەی بـوو، گوێی لـە کۆکـە هیشـکەکەی باوکـی بـوو، کـە لـە ژوورەکـەی تەنیشـەوە دەکەوتـە بـەر گوێـی، قرخـەی مریشـکەکان لـە حەوشـەکەوە دەهـات، گـززەی پێشـوولە، گوێـی لـە ترپەترپی دڵـی خـۆی بـوو، گوێی لـە هورشەوهاشـەی دنیایـەک بـوو کـە تاکوو ئێسـتا گوێی لـێ نەبووبـوو. پێـی خسـتە دەرەوە، بـەرە شـەقامی نوسـتوو هەنگاوەکانـی هەڵنا. نـەک وەکوو ژنەکە بەڵێنی پێ دابوو کە بەنیـوە کراوەیـی جێـی دەهێڵـێ، لـە ناخـی دڵیـەوە ئـارەزووی ئـەوەی دەکـرد، کـە دەرگاکەیـان داخرابـێ. دانەخرابـوو. بـە ئەنگوسـتەکانی پاڵـی بـە دەرگاکـەوە نـا، جیڕەیەکـی درێـژی غەمگینـی کـرد، بـە ئەندازەیـەک، لەنـاو هەنـاوی سـەدایەکی ساردوسـڕی جێهێشـت. هـەر لـەو سـاتەی چـووە ئەودیـوی دەرگاکـەوە، هەمـوو هەوڵێکـی دا، کـە هیـچ خشـە و دەنگەدەنگێک نـەکات، بۆنـی ژنەکـەی ناسـییەوە. هێشـتا هـەر لەبـەر هەیوانەکە ڕاوەسـتابوو، لـەو شـوێنەی هەرسـێ بـرای ژنەکـە، هەریەکـە

و جۆلانەیەکی هەڵبەستبوو و تیایا خەوتبوو، بەڵام لەبەر تاریکیی زۆر، بەجوانی نەدەبینران، تەنانەت دەبوو زۆر بە وریاییەوە هەنگاو بنێ و بە ئاسپایی پاڵ بە دەرگای ژووری نووستنەوە بنێ و بە جۆرێکیش بچێتەوە ژوورەوە، تا تەختی خەوتنی ژنەکەی لێ تێک نەچێ. سەرکەتوو بوو. گوریسی جۆلانەکە نزمتر بوو لەوەی ئەو مەزەنەی کردبوو، پێی لێ گیر بوو؛ پیاوێک پرخەپرخی دەکرد، گوێی لە دەنگەکە بوو، خۆی وەر سووڕاند و هەر بەدەم خەوەوە گوتی، "چوارشەممە بوو..." لەبەر ئەوەی تەختاییی زەویەکە یەک ئاست نەبوو، کاتێک پاڵی بە دەرگای ژووری خەوتنەوە نا، لە خوارەوە جیڕەیەکی کرد. لەنێو ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا، لەناکاو، لە ناوجەرگەی سۆزێکی بێسنووردا، هەستی کرد بەتەواوی ون بووە. لەو ژوورە تەنگەدا، دایکێک و کچێکی، کە لەگەڵ مێردەکەی خەوتبوو، لەگەڵ دوو منداڵدا، ڕەنگە ژنێکیشی لێ بێ، بەڵام چاوەڕوانی ئەو نەکات. دەیتوانی دوای ئەو بۆنە بکەوێت، بە مەرجێ ئەو بۆنە لە هەموو سووچ و کونوکەلەبەرێکی ناو ماڵەکەش بڵاو نەبووبێتەوە، بۆنێک بوو، دەبووە مایەی هەڵخەڵەتاندن، بۆنێکی زۆر ئاشکراش بوو، تەنانەت چووبووە ژێر پێستیەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر متەقی لە خۆی بڕی، زارەتەرەک بوو، ئەو دەمەی لە خۆی پرسی چۆن بوو خۆی گەیاندە ناو ئەم هەموو شپرزەییە، لەناکاو، لەنێو ئەو تاریکییەدا دەستێک بە پێنج ئەگوستی شاشەوە لێی دەگەڕا، بەر دەموچاوی کەوت. نەحەپەسا، چونکە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکات، ئەوە ئەو کەسە بوو کە چاوەڕێی دەکرد. خۆی تەسلیمی ئەو دەستە کرد، تا

بلێی شەکەت، تەواوێک داهێزراو، خۆی لە شوێنێک داڵدە دا، نەیدەزانی چییە و چۆنە، هەمان دەست جلوبەرگەکەی لەبەر داکەند، دەتگوت گونیە پەتاتەیە، دەهات و دەچوو، شەوێکی ئەنگوستەچاو، نەیدەزانی چۆن خۆی لە چنگی ئەو دوو دەستە ڕزگار بکات، لەجیاتی ئەوەی بۆنی ژن بکات، بۆنی ئەمۆنیاک لووتی دەچوزاندەوە؛ هەموو هەوڵێکی دا دەموچاوی ژنەکە بهێنێتەوە بەرچاوی، کەچی بێئامان، هەر دەموچاوی ئورسولای دایکی دەهاتەوە بەرچاوی. زۆر بە ئەستەم درکی بەوە دەکرد کە ئێستا خەریکی شتێکە و دەمێکیشە ئارەزووی دەکات، ئارەزووشی دەکرد ئەو شتەی لەگەڵ بکرێ، بەڵام هەرگیز خەیاڵی ئەوەی نەکردبوو، کە هەر بەڕاستی ئەو شتە ڕوو دەدات، تەنانەت نەشیدەزانی ئەوەی دەیکا، چییە و چۆنە، چونکە نەیدەزانی پێیەکانی لەکوێن، سەری لەکوێیە، ئەو پێیانەی ئەوێ هیی کێن و ئەو سەرەی لێرەیە هیی کێیە. هەستی دەکرد چیی دی لە توانایدا نەبوو بەرگەی قەبرغە ساردوسڕەکانی بگرێ، بایەکیش ناو هەناوی وێران کردبوو، لە هەمان کاتیشدا ترسێک، ئاوێتەی ئارەزوویەکی سەرشێتانەی هەڵاتن و مانەوە لەناو ئەو بێدەنگییەدا، لەناو ئەو تەنهاییە کوشندەیەدا، داگیری کردبوو.

ئەم ژنە ناوی پیلار تێرنێرا بوو. ئەویش یەکێک بوو لەو کۆمەڵە کەسەی کۆچە شکۆدارەکەیان ئەنجام دابوو، کە بە دروستکردنی گوندی ماکۆندۆ کۆتایی هات، خێزانەکەی بەزۆر هێنابوویانەوە، لە چنگی ئەو کابرایە ڕزگاری بکەن،

کە کاتێک تەمەنی چواردە ساڵان دەبێ، لاقەی کردبوو، تا تەمەنی کچەکەش بووە بیستودوو ساڵ، هەر خۆشی دەویست، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو ئەم عیشقە ئاشکرا بکات، چونکە پیاوی یەکێکی تر بوو. بەڵێنی ئەوەی پێ دابوو، کە تا بنی دنیا لەگەڵی بڕوا، بەڵام درەنگتر، دوای ئەوەی هەندێ کاروبار هەیە دەبێ ڕێکی بخات، ژنەکەش لە حەوسەڵەی نەما هەندە چاوەڕێی بکا، چونکە ئەوی لەنێو پیاوانی بالابەرز و کورتە بالا، لەنێو مووزەرد و مووڕەش، کە کاغەزی قومارەکان بەڵێنی ئەوەی دەدایێ لە چوار سووچی جیهانەوە، لە ڕێگەی وشکایی و لە ڕێگەی زەریاوە، لە ماوەی سێ ڕۆژدا، لە ماوەی سێ مانگدا یا لە ماوەی سێ ساڵدا، پەیدا دەبێ. لەو ماوەیەی چاوەڕێی دەکرد، سفتیی ڕانەکانی لەدەست دا، توندوتۆڵیی مەمکەکانی پرکوانەوە، ڕەفتارە نەرمونیانەکەی لەدەست دا، بەڵام جۆشوخرۆش و کەفوکوڵی دڵی هەر وەکوو خۆی مابوونەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ لە ناخی دڵەوە شێتوشەیدای ئەو ناسکۆڵ و نازدارە بوو، هەموو شەوێک بەنێو تەڵە و داوەکانی شەودا دەچوو بۆ لای. جارێکیان بینیی دەرگاکە قفڵ دراوە، دەیزانی ئەگەر بێت و تەنیا یەک جار لە دەرگاکە بدا، ئەوە ئیدی سامی دەشکێ، چەند جارێکیش لە دەرگای دا، دوای چاوەڕوانییکی زۆر، ژنەکە دەرگاکەی لێ کردەوە. بە ڕۆژ، داهێزراوانە لێی دەخەوت، بەنهێنیی ڕۆ دەچووە نێو لەزەتاکانی شەوی ڕابردووەوە. کەچی کاتێکیش ژنەکە بهاتبایەماڵیان، بەکەیف و بێخەم و ناسک و نازدار خۆی نیشان دەدا، کوڕەش هیچ هەوڵێکی نەدەدا، تا حەز و

هەڵچوونەکانی بشارێتەوە، چونکە ئەم ژنە، کاتێک دەیدایە قاقای پێکەنین، تەنانەت ترس و دڵەڕاوکێی دەخستە دڵی کۆترەکانیشەوە، هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەم هێزە نادیارە نەبوو، کە فێری دەکرد چۆن هەناسەی بگرێ، چۆن کۆنترۆڵی ترپەی دڵی بکات و بواری ئەوەشی داین، تاکوو لەوە تێبگا بۆچی پیاوان لە مەرگ دەترسن. هەندە چووبووە ناو خۆیەوە، تەنانەت لەو دڵخۆشییە گشتییەش بێئاگا بوو، کاتێک باوک و براکەی هەموو ماڵەکەیان هێنابووە لەرزەلەرز، چونکە تۆپەڵە مەعدەنە نووساوەکەیان لە زێڕەکەی ئورسولا جیا کردبووە.

سەرئەنجام، دوای هەوڵ و کۆششێکی خۆڕاگر و ئاڵۆز، سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. ئورسولا بەقەد دنیایەک دڵخۆش بوو، لەو دەمەی خەڵکی ئاوایی بەهەڵپە روویان لە تاقیگەکە کرد و لەوێ بسکێت و مرەبای گۆیافایان پێشکەش کردن بۆ ئەوەی ئاهەنگی ئەم پەرجوو بگێڕن و سوپاسی یەزدانیشی کرد، کە کیماگەریی ئافراندووە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، وەکوو ئەوەی ئەو دای هێنابێ، کەمۆڵەکەی بۆ هێنان و نیشانی دان، کە زێڕە جیاکراوەکەی تیا بوو. لەبەر ئەوەی دەبوو کەمۆڵەکەیان لێ نزیک بکاتەوە، تاوەکوو یەکبەیەک سەیری بکەن، لەناکاو لووتی بە لووتی کوڕە گەورەکەیدا تەقی، دەمێک بوو پێی نەخستبووە تاقیگەکەوە. تۆپەڵە ڕەقبووە زەردباوەکەی بۆ درێژ کرد و پێی گوت، "ئەمەیان چییە؟" خۆسێ ئەرکادیۆ زۆر بە ڕاشکاوی وەڵامی دایەوە، "ئەمە گووی سەگە."

باوکیشی، تا هێزی تیا بوو، شەقازللەیەکی لە دەمی دا، خوێن و فرمێسک فیچقەیان کرد. بۆ شەوێ، پیلار تێرنێرا بەو تاریکییە شووشە نەنترۆ و لۆکەی دۆزییەوە، تاکوو دەموچاوە ئاوساوەکەی پێ سارێژ بکات، بەبێ ئەوەی برینەکانی بکولێنەوە ویستی ئەویندارییی لەگەڵ بکات؛ بەبێ ئەوەی بجووڵێتەوە، هەرچییەکی ویست، لەگەڵی کردی. ئەم پەیوەندییە بە جۆرێک پەرەی سەند و گەرموگوڕ و تێکئاڵقاو بوو، دوای ماوەیەک، تەنانەت بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن و کوڕە دەچرپێنێتە بنا گوێی و دەڵێ، "دەمەوێ تەنها بین پێکەوە. هەندە نابات ئەم ئەوینداریییە بۆ هەموو عالەم باس دەکەم و قۆناغی خۆشاردنەوە کۆتایی دێ!"

ژنەکەش هەوڵی نەدا هێور و ئارامی بکاتەوە، وەڵامی دایەوە و گوتی، "شتێکی باش دەبێ. ئەوکات چرا بەهەڵکراوی دەهێڵینەوە، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕابواردنندا سەیری یەکتر بکەین، بەبێ ئەوەی کەس گوێی لێمان بێ، بتوانم بە کەیف و ماشای خۆم بقیژێنم و هاوار بکەم و کەسێک نەڵێ ئەمە چییە، تۆش هەرچیی قسەی قۆڕ و ناقولا هەیە بچرپێنیتە بناگوێم."

دوای ئەم گفتوگۆیە، ئەو کینە ملهوڕەی بۆ باوکی هەیبوو، ئیمکانیەتی ئەنجامدانی ئەویندارییی بێ پەردەپۆش، بوێری و ئازایەتییان پێ بەخشی. زۆر عەفەوییانە و بەبێ خۆئامادەکردن، هەرچییەکی هەبوو، بۆ براکەی دەگێڕایەوە.

ئاورێلیانۆی بچکۆلە سەرەتا تەنها ڕیسکێکی لەم

پەیوەندییە بەدی دەکرد و درکی بەو مەترسییە زۆرانەش کرد، کە لەدەوری ئەم پەیوەندییەدان، بەلام هیچ شتێکی هەڵنەدەکراند، کە پەیوەست بێت بە ناوەڕۆکی ئەفسووناویی ئەم پەیوەندییەوە. وردەوردە نیگەرانی باڵی بەسەردا کێشا. هەموو وردەکارییەکانی بۆ دەگێڕایەوە، تا ئەو رادەیەی ئەو هەموو ئازار و لەزەتەی براکەی دەچەشت، هەستی دەکرد ترس و بەختەوەری پێکەوە هوروژمی بۆ دەهێنن. ئەویش، شەوان بەتەنیا، لەنێو جێگە گرگرتووەکەدا، دەتگوت خەڵووزی سوورەوەکراوی لەسەر ڕۆ کراوە، تا دەمەوبەیان ئێشکی دەگرت، چاوەڕێی براکەی دەکرد بێتەوە ماڵ، ئینجا دووبەدوو، نەدەخەوتن، تاکوو هەموو لە خەو هەڵەستان، ئەوان هەر قسەیان دەکرد. هەندەشی نەبرد، هەردووکیان پێکەوە، هەمان هەڵویستیان هەبوو سەبارەت بە کیمیاگەری و زانستەکەی باوکی، قێزیان لێی دەبووەوە، تەنیایی و گۆشەگیریان هەڵبژارد. ئورسولا لەبەر خۆیەوە دەیگوت، "ئەم مندالانە لە کاتی ڕێکردندا گێژوویژ دیارن، ڕەنگە کرمیان هەبێ." شرووبێکی ڕوەکیی ئێجگار بێتامی بۆ گرتنەوە، هەردووکیان پێیان بە جەرگیانەوە نا، تا بیخۆنەوە، لە ماوەی یەک ڕۆژدا، پێکەوە یانزە جار چوونە سەرئاو، تاکوو چەند کرمێکی پەمەییرەنگیان فڕی دا و بەدڵخۆشییەوە نیشانی ئەوانی دیکەیان دەدا، تاکوو هەموو گومانێکی ئورسولای سەبارەت بە هۆکاری داهێزراوی و ڕەنگزەردییان بخاتە لاوە. ئاورێلیانۆ بەمە، نەک تەنها دەیتوانی بە کەیفی خۆی گوێ لە ئەزموونەکانی براکەی بگرێ، تەنانەت بە حەز و ئارەزووییەکی هەند زۆریشەوە

گوێی دەگرت، وەکوو ئەوەی خۆی ئەم ئەزموونە تاقی بکاتەوە؛ ڕۆژێکیان باسی وردەکارییەکانی میکانیسمی چوونەجێکەوەی بۆ کردبوو و قسەی بە براکەی بڕی، بۆ ئەوەی ئەم پرسیارەی لێ بکات، "هەست بە چی دەکەیت؟" خۆسێ ئەرکادیۆ دەستبەجێ وەڵامی دایەوە و گوتی، "هەر دەڵێی بوومەلەرزەیە."

پێنجشەممەوانێکی مانگی کانوونی دووەم، سەعات دووی بەیانی، ئامارانتا لەدایک بوو. پێش ئەوەی کەسێک بێتە ژوورەوە، ئورسولا بەتەواوی هەموو بەدەنی پشکنی. سووک و شێدار بوو، هەر بە بەچکە مارمێلکەیەکی قەد دیوارەکانی دەکرد، بەڵام هەموو ئەندامەکانی، ئەندامی لەشی مرۆڤ بوون. تاکوو ئەو کاتەی تەواو ماڵەکە جەنجاڵ نەبووبوو، ئورلیانۆ نەیزانی چ باسە. ئەو جانجاڵییەی بە هەل قۆزتەوە بۆ ئەوەی کەس پێی نەزانێ، چووە دەرەوە تا بەدوای براکەیدا بگەڕێ، کە لە سەعات یانزەی شەوەوە لە جێگەکەی نەمابوو. ئەم بڕیارەی هەندە بەپەلە و لەناکاو دا، تەنانەت کاتی ئەوەشی نەبوو لە خۆی بپرسێ، ئاخر چۆن دەتوانێ لە باوشی پیلار تەرنێرا دەری بێنێ. چەندین سەعات بەدەوری ماڵەکەیاندا خولایەوە، بەگوێرەی ئەو شفرەیەی لەنێوانیاندا هەیانبوو، تا سپێدە بووەوە، هەر فیکەی لێدەدا، دواتر ئەوێی جێ هێشت و گەڕایەوە ماڵ. خۆسێ ئەرکادیۆی لە ژووری دایکی بینی، ڕوخسارێکی بێگوناهانەی وای نیشان دەدا، کە هەموو گومانێکی دەڕەواندەوە، لەگەڵ منداڵە تازەبووەکە خەریکی گەمان بوو.

چلەی ئورسولا تەواو ببوو یا نا، قەرەجەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە. هەر هەمان ئەو ئەکرۆپات و تەنافبازانە بوون، کە سەهۆڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو. جیاواز لە هۆزەکەی جاران، ماوەیەکی زۆر کەمیان ویست بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی بسەلمێنن کە ئەوان جار بۆ نوێخوازی و پێشکەوتن نادەن، بەڵکوو تەنها دەیانەوێ وەکوو دێوەرەکانی سوعبەت و ڕابواردن ژیان بگوزەرێنن. ئەو سەهۆڵانەشیان بە مەبەستی ئەوە نەهێنابوو، کە سوودی سەهۆڵ لە ژیانی مرۆڤ ڕوون بکەنەوە، بەڵکوو وەکوو شتێکی سەیروسەمەری سێرک لەگەڵ خۆیان هێنابوویان. ئەم جارەیان چەندین بابەتی سەرنجڕاکێش و سەمەرەشیان لەگەڵ خۆ هێنابوو، قاڵی فڕینیان پێ بوو. ئەم شتەیان وەک پێشکەوتنی ئامێرەکانی گواستنەوە نەدەناساند، بەڵکوو بابەتێک بوو بۆ ڕبواردن و کاتبەسەربردن. بێگومان خەڵکەکەش، بۆ ئەوەی سواری ببن و بەسەر خانووی ئاواییەکەدا بەخێرایی بفڕن، دەچوون دراوە زێڕە شاردراوەکانیان دەر دەهێنا. خۆسێ ئەرکادیۆ و پیلار ئەو ئاپووره و جەنجاڵی و هەراوهوریایەیان بە هەل قۆزتەوە، دووبەدوو شیرینترین ساتیان پێکەوە بەسەر برد. وەکوو دوو دەسگیرانی دڵخۆش لەنێو حەشاماتدا خۆیان ون کرد و گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دەکرێ هەستی ئەوین زۆر هێمنانە و ئاسوودەتر بێ، زۆر قووڵتر بێ لەو بەختەوەرییە لغاوکراو و کورتخایەنەی شەوە نهێنییەکانی ئەوان. بەڵام لەناکاو، پیلار ئەم خۆشییەی تێک دا. پیلار، تەواوێک لەگەڵ گەرموگوڕیی خۆسێ ئەرکادیۆدا ئاوێتە ببوو، پێکەوە دڵخۆش دیار بوون، کەچی قسەیەکی لە دەم دەر چوو،

ئاگای لـە ئـەوە نەبـوو هـەم کاتەکـەی گونجـاو نەبـوو، هـەم شێوەکەی. ئـەو قسـەیە وەک بارسـتاییەک، چـۆن بکەوێتـە سـەر یەکێک، ئەوهـا کەوتـە سـەر خۆسـێ؛ پیلار پێـی گوت، "ئێستا بەڕاستی بووی بـە پیاوێکی تـەواو." وەک ئـەوەی بـە تـەواوی لـە مەبەستی قسـەکە نەگەیشتبێ، پیلار بەبێ سێ و دوو پێی گـوت، "هەنـدە نابـات دەبیتـە بـاوک."

خۆسێ ئەرکادیۆ بۆ چەندین ڕۆژ زاتی نەدەکرد سـەر لـە مـاڵ بەرێتـە دەرەوە. هـەر ئەوەنـدە، لـە مەتبەخەکـە، گوێی لـە قاقـای پیلار بووایـە، ئیدی دەچـوو خـۆی لـە تاقیگەکـە داڵـدە دەدا. بـە هیمـەت و بەرەکـەت و دوعـای ئورسـولا، جارێکی دیکـە کەرەسـەکانی تاقیگـەی کیماگـەری کەوتبوونـەوە گـەڕ. خۆسێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا بەپەرۆشـەوە پێشـوازیی لـە کـوڕە هەڵاتووەکـەی کـرد، فێـری ئـەوەی کـرد چـۆن ئەلەکسـیر بدۆزنـەوە. دەمەوعەسـرانێک بـوو، منداڵـەکان بـە ئیعجـاب و خۆشـییەوە سـەیری قاڵـی فرینیـان دەکـرد، کـە بەخێرایـی لەئاسـتی پەنجـەرەی تاقیگەکـەوە دەفڕیـن، لەسـەر لێوارێکـی، قەرەجێک دانیشتبوو و لێی دەخـوڕی؛ چەند منداڵێکی دیکـەی ئاواییشـی لەسـەر بوو، بە دەسـت هێمایان دەکرد، بەبێ ئـەوەی خۆسێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا ڕووی خۆشـی وەر بگێـڕێ، گوتـی، "لێیـان گەڕێـن بـا لـە خـەون و خەیاڵـی خۆیانـدا بـن. ڕۆژێـک دا دێ، بـە کەرەسـەی زانسـتانەتر، ئێمـە لـە ئـەوان بەرزتـر دەفڕیـن، نـەک لەسـەر پارچـە بەتانییەکـی شـڕی وا." سـەرباری ئـەوەی خوسـێ ئەرکادیـۆ ئـارەزووی خـۆی بـۆ ئـەم داهێنانـە نیشـان دا، کەچـی بـە هیـچ شـێوەیەک سـەری لـە خەسـڵەتەکانی

هێلکەی فەلسەفی دەر نەدەکرد، بۆ ئەو لە کەمۆڵەیەکی خواروخێچ زیاتر، شتێکی تر نەبوو. نەیدەتوانی خۆی لەو نیگەرانییە ڕزگار بکات. خەو و خۆراکی لێ حەرام ببوو، وەکوو جاران، چۆن کاتێک باوکی تاقیکردنەوەیەکی سەری نەدەگرت، گرژ و دڕدۆنگ بوو، ئەویش بە جۆرێک عەقڵ و هۆشی لەدەست دابوو، کە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای باوکی وای بۆ چوو، کە ئەم تێکچوونە پەیوەستە بە زۆر پەرۆشیی بۆ کیماگەری، بۆیە لە تاقیگەکە دووری خستەوە. ئاورێلیانۆ باش لەوە تێگەیشتبوو، کە خەمناکیی براکەی هیچ پەیوەندییەکی بە دۆزینەوەی ئەلکسیرەوە نییە، کەچی نەیتوانی تاقە ڕازێکی نهێنیشی پێ دەر بکا. سەرەتا کوڕێکی قسەخۆش و بەدەمودوو بوو، کەچی دوای ماوەیەک بوو بە کەسێکی نهێنیپارێز و شەڕانگێز. شەوێکیان، تەنیا و نیگەران، بەرامبەر بە ژیان دڵگرژ و غەمبار دیار بوو؛ سەرلەنوێ، وەکوو جاران جێگەکەی جێ هێشت، ئەم جارەیان نەک بچێ بۆ ماڵی پیلار تێرنێرا، بەڵکوو بۆ ئەوەی بچێ لەنێو ئاپوورەی خەڵکەکە خۆی ون بکات. بەبێ ئامانج لەنێو یاریگە و نمایشەکان دەهات و دەچوو، بەبێ ئەوەی هیچ شتێک سەرنجی ڕابکێشێ گوزەری دەکرد، لەپڕێکدا دیقەتی شتێکی دا، کە هیچ پەیوەندیی بە نمایش و نمایشکارانەوە نەبوو. سەرنجی چووە سەر کچۆڵەیەکی قەرەج، زارۆڵەیەک دەبوو، نەئەبوو، ملوانکە و مووریەکی زۆری لەملدا بوو، کچێکی تا بڵێی جوان و شۆخوشەنگ بوو، هەرگیز خۆسێ ئەرکادیۆ لەوەوپێش ژنی هەندە جوانی بە چاوی خۆی نەبینیبوو. کیژۆڵەکە لەنێو حەشاماتەکە ڕاوەستابوو، ئەویش سەیری

نمایشی پیاوێکی دەکرد، کە کردبوویانە مار، ببووە مار، چونکە لە گوێڕایەڵیی دایک و باوکی دەر چووبوو.

خۆسێ ئەرکادیۆ گوێی نەداێ. نمایشە کارەساتاوییەکەی پیاوە مارەکە بەردەوام بوو. ئەویش لەنێوان تەماشاکەرانەوە ڕێگەی خۆی دەکردەوە، تاکوو گەیشتە پێشی پێشەوە، چووە ئەو شوێنەی کچە قەرەجەکەی لێ ڕاوەستابوو، چوو لەپشتیەوە ڕاوەستا، خۆی بە پشتیەوە نووساند. کچەکە دەیویست خۆی لابدا، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ هەندەی دیکە خۆی پێوە دەنووساند. کچە هەستی کرد. نەبزوا، حەپەسا، دەترسا و هەڵدەلەرزی، باوەڕی نەدەکرد، کەچی دواتر ئاوڕی لێ دایەوە و بزەیەکی لەرزۆکانەی بۆ کرد. هەر لە هەمان کاتدا، دوو پیاوی قەرەج پیاوە مارەکەیان خستە قەفەسێکەوە و هەڵیان گرت و بردیانە ژێر چادرەکەوە. قەرەجێک، کە جاڕی بۆ نمایشەکردنەکە دەدا و دەیگوت، "بەڕێزان، ئێستاش فەرموون لەگەڵ نواندنی دیمەنێکی سزادانێکی دڵتەزێنی ژنێک، چونکە سەیری شتێکی کردبوو، نەدەبوو بیبینێ، بۆیە هەموو شەوێک، لە هەمان کاتدا، ئەوە بۆ ماوەی سەد و پەنجا ساڵە، سەری دەپەڕێنن."

خۆسێ ئەرکادیۆ و کچۆڵەکە سەیری ئەم نمایشەیان نەکرد. پێکەوە چوونە ژێر چادری کچەکەوە، بە جلداکەندنەوە، شێتانە دەستیان بە ماچوموچ کرد. کچۆڵەکە کراسە یەکلەسەریەکەکانی لەبەر داکەند، چەندین ئاوەڵکراسی پەڕپەڕەداری سفتی لەبەر کردبوو و یەک لەدوای یەک دای

دەکەند، مەمکلغە بێسوودەکەی داماڵی، ملوانکە قورسەکانی لەمل کردەوە. ڕووت وەکوو نەبووبێ، وا بوو. بە بۆقێکی لەڕولاوازی دەکرد، مەمکی تازە نابوو، ڕانەکانی هەند باریک بوون، بە ئەستەم دەگەیشتنە نیوەی ئەستووریی بازووی خۆسێ ئەرکادیۆ، بەلام بە جۆرێک حەشەری و گەرموگوڕ خۆی نیشان دەدا، بەتەواوی لەڕی و لاوازییەکەی دەشاردەوە. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ نەیدەتوانی وەکوو ئەو بکات و وەکوو ئەویش وەلامی بداتەوە، چونکە لەژێر چادرێک بوون، بە هیچ جۆرێک بە چادرێکی شەخسی نەدەچوو، چونکە قەرەجەکان بە کەرەسە و شتومەکی سێرکەوە دەچوونە ژێر خێوەتەکەوە و دەچوونە دەرەوە، خەریکی ئامادەکردنی کارەکانیان بوون، شتیان ڕێک دەخست و سەرقاڵ بوون؛ هەندێ جار دەچوونە تەنیشت تەختی خەوتنەکەی ئەوانەوە؛ هەندێکیان خەریکی زارزارێن بوون. فانۆسێک بە کۆڵەکەکەی ناوەندەوە هەڵواسرابوو، هەموو ژێر چادرەکەی ڕووناک کردبووەوە. دوای وچانێک، خۆسێ ئەرکادیۆ لەسەر تەختەکە، لەسەر پشت پاڵ کەوت، ڕووتوقووت بوو، نەیدەزانی چ بکات، بەلام کچۆڵەکە هەوڵی دەدا هەوەس و ئارەزووی بهێنێتەوە جۆش. ژنە قەرجێکی پێستناسک و گەش هاتە ژێر چادرەکەوە، لەگەڵ پیاوێک بوو، ئەویان قەرەج نەبوو، تەنانەت بە خەڵکی ئاواییەکەش نەدەچوو، چوونە تەنیشت تەختەکەی ئەوانەوە، ئەوانیش دەستیان کرد بە خۆڕووتکردنەوە. ژنەکە زۆر بەلاموبالاتییەوە سەیرێکی خۆسێ ئەرکادیۆی کرد و بەدڵسووتانەوە دەستی بۆ ئاژەڵە دامرکاوەکەی برد و گوتی، "دەی ڕۆڵە، ڕەببی خودا بیپارێزێ بۆت!"

کیژۆڵەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ داوای لێ کردن بەئاسوودەیی وازیان لێ بێنێ. لەسەر زەوییەکە، ژن و پیاوەکەش هەر بەرامبەر بە تەختی خەوتنەکەی ئەوان لێی ڕاکشان. حەز و هەوەسی ژن و پیاوەکە شەهییەی خۆسێ ئەرکادیۆی جارێکی دیکە ورووژاندەوە. کاتێک لەشیان بەر یەک دەکەوت، دەتگوت ئێسقانەکانی لەشی کچۆڵەکە لێک دەترازێن، دەتگوت پاکەتە دۆمینەن، تووشی قرمان دێن، لەشی ئارەقەیەکی بێڕەنگی دەر هاویشت، چاوانی پڕئەسرین بوون، نرکەنرک و سکاڵایەک لە لەشیەوە دەهات، وێڕای سووکە بۆنێک، هەر بە بۆنی قوڕاوی دەکرد. بەڵام کیژۆڵەکە بە ئازایەتییەکی بێوێنەوە بەرەو ڕووی ئەو شۆکە بووەوە. لەو دەمەدا، خۆسێ ئەرکادیۆ هەستی دەکرد بەرەو ئاسمان بەرزی دەکەنەوە، دەگەیشتە ئاستی وەجد و حالگرتن، دڵی دەتگوت کانگەیەکە، بێشەرمییەکی نەرمونیان لە گوێی کیژۆڵەکەوە ڕۆ دەچووە لەشی، لەناو دەمی دەبووە زمان، لەناو دەمیەوە دەر دەچووەوە دەرەوە. ئەمە پێنجشەممە ڕووی دا. شەوی هەینی لەسەر شەممە، خۆسێ ئەرکادیۆ پارچەپەڕۆیەکی سووری لە سەری بەست و دوای قەرەجەکان کەوت.

کاتێک ئورسولا زانیی کوڕەکەی ون بووە، هەموو گوندەکەی بەدوودا گەڕا. چووە ئەو شوێنەی قەرەجەکان چادر و خێوەتیان هەڵدابوو، لە خۆڵ و خاشاکێک و سووکە دووکەڵێک ڕاما، کە هێشتا لە ئاگردانەکانەوە بەرز دەبووە،

هیچ شتێکی دیکەی لێ نەمابوو. یەکێکی بینی لەو نزیکانە خەریک بوو لەنێو خۆڵوخاشاکی قەرەجەکاندا، بەدوای متوموورووودا دەگەڕا، بە ئورسولای گوت، شەوی ڕابردوو کوڕەکەی بینیبوو لەگەڵ ئاپوورەیەکی قەرەجدا، هێدی هێدی پاڵی بە عارەبانەیەکەوە دەنا، قەفەسێکشیان لەسەر عارەبانەکە دانابوو: پیاوە-مارەکەی تیا بوو. ئورسولا بە دەنگێکی بەرز ڕووی کردە مێردەکەی و پێی گوت، "بووە بە قەرەج!" مێردەکەشی، لەمەڕ ونبوونی کوڕەکەی، هیچ نیگەرانییەکی نیشان نەدا، کە شایانی باس بێ. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خەریکی هاڕینی شتێک بوو لەناو هاوەنەکەی، دەیهاڕێ و گەرمی دەکردەوە و جارێکی دیکە دەیهاڕییەوە و لە وەڵامدا بە ژەنەکەی گوت، "خوای دەکرد وا دەبوو. بۆخۆی دەبووە پیاو."

ئورسولا پێی قەرەجەکانی هەڵگرت. سۆراغی دەکرد، ڕچەیەکی گرتە بەر، کە ئاماژەیان بۆ کردبوو، سەری خۆی هەڵگرت و بەو هیوایەی بتوانی تا زووە کوڕەکەی بدۆزێتەوە، کەچی تا دەهاتیش، لە ئاوایییەکە دوور دەکەوتەوە، گەیشتە ئەو ئەنجامەی گەڕانەوەی کوڕەکەی بە مەحاڵ زانی. تا سەعات هەشتی ئێوارە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا نەیزانی ژنەکەی لە ماڵ نەماوە، ئەو دەمەی چوو شتە گەرمکراوەکەی لەنێو زبڵدا دەشاردەوە و پاشان چوو بەهانای گریانی ئامارنتای چکۆلانە، هەندەی نەمابوو، لەبەر گریان بتاسێ. دوای چەند سەعاتێک، دەستەیەک لە پیاوانی گوندەکەی ئامادە کرد و ئامارانتای چکۆلانەشی لەلای ژنێک

بەجێ هێشت، تا شیری بداتێ و ئەوانیش پێی ئورسولایان هەڵگرت، هەندەی نەبرد لە چاو ون بوون. بەرەبەیان، چەند ماسیگرێکی هیندییان تووش بوو، لە زمانیان حاڵی نەدەبوون، بە ئاماژەکردن ئەوەیان پێ گوتبوون، کە کەسیان لەو دەوروبەرە نەبینیوە. دوای سێ ڕۆژ گەڕان و سووڕانی بێئاکام، بەناچاری گەڕانەوە ئاوایی.

بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا غەم و پەژارە دای گرت. وەکوو دایک بەدەوری ئامارانتای بچکۆلەدا دەهات و دەچوو. دەیشۆرد و جلوبەرگی دەگۆڕی و ڕۆژی چوار جار دەیبردە ماڵی ژنێک، تا شیری بداتێ، تەنانەت کە شەوانیش دادەهات، گۆرانیی وای بۆ دەگوت، کە ئورسولاش گوێی لێ نەبووبوو. ڕۆژێکیان پیلار تیرنێرا پێشنیاری ئەوەی بۆ کرد، تا ئورسولا دەگەڕێتەوە، بێتە ماڵەکەیان و بەردەستییان بۆ بکات. ئاوریلیانۆ هەستێکی تیژ و وردی هەبوو، پێشبینیی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کردبوو. کاتێک ئەو ژنە هاتە ژوورەوە، هەموو شتێکی لەلا ڕوون بووەوە. بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەی لەلا ڕوون بووەوە، کە ئەو ژنە بۆتە هۆکاری هەڵاتنی براکەی، هەر ئەو ژنەش دەبێ گوناهی ونبوونی دایکی لەئەستۆ بگرێ، بۆیە، بە شێوەیەکی توند و دڵتەزێن ئەشکەنجەیَ دەدا، تاکوو جارێکی دیکە زاتی نەکرد پێ بخاتەوە ئەو ماڵە.

بە تێپەڕینی کات، هەموو شتێک ئاسایی بووەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و کوڕەکەی نەیانزانی کەی و

چۆن تاقیگەکەیان خستەوە گەڕ، تەپوتۆزیان لێ هەڵماڵی، پالاوگەکەیان داگیرساند، ئەو مادەیان دەر کرد، کە چەند مانگێک بوو لەنێو زبڵەکەدا شاردبوویانەوە. ئامارنتای چکۆلانەش لەنێو سەبەتەکەیدا پاڵ کەوتبوو، بە وردی و ورباییەوە سەیری باوک و براکەی دەکرد، کە چۆن لەو تاقیگە بچووکەدا کار دەکەن، بۆنی دووکەڵی جیوەش لە هەموو لایەکەوە دەهات. دوای ونبوونی ئورسولا بە چەند مانگێک، ڕۆژێکیان دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی شتی سەیروسەمەرە. شووشەیەکی بەتاڵیان هێنا، ماوەیەکی زۆر بوو لە یەکێک لە دۆلابەکاندا کەوتبوو، هەندە قورس ببوو، کەس نەیدەتوانی لەشوێن خۆی هەڵیبگرێ. مەنجەڵێکی پڕئاویش، نیوسەعات دەبوو قوڵتەقوڵتی دەکرد، بەبێ ئەوەی ئاگری لەژێردا بێ، قوڵتی دەدا، تا هەمووی بوو بە هەڵم. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و کوڕەکەی بەسەرسامی سەیری ئەم دیاردەیەیان دەکرد و ترس و سامێکیشیان لەسەر نیشتبوو، نەشیاندەزانێ چۆن ئەم دیاردەیە لێک بدەنەوە، بەلام بە جۆرێک سەیریان دەکرد، وەک ئەوەی ئەلکسیریان دۆزیبێتەوە. ڕۆژێکیان، بێشکەی ئامارانتا، هەر لەخۆیەوە دەستی بە لەرزین کرد، جوولەیەک بوو، هەر خۆی دروستی دەکرد، خولێکی تەواوی بەدەوری ژوورەکەدا دا، ئاورێلیانۆ تەواوێک پەشۆکا، هەر بە سەیرکردنەوە، بەهەڵپە چوو ڕای بگرێ. کەچی ئەم دیاردەیە کارێکی ئەوتۆی لە باوکی نەکرد. بێشکەکەی هێنایەوە شوێنەکەی خۆی و بە قاچی مێزەکەوە بەستیەوە، لەوە دڵنیا بوو، کە ئەو ڕووداوەی ئەوان چاوەڕێی دەکەن، نزیک بووەتەوە. ئاورێلیانۆ گوێی

لە باوکی بوو دەیگوت، "ئەگەر تۆ لە خوا ناترسی، دەبێ لە مەعدەن بترسی."

پێنج مانگ دوای بزربوونی ئورسولا، لەپڕێکدا خۆی کرد بە ماڵدا. زۆر نەشمیلتر و لە جارانیش گەنجتر دیار بوو، جلوبەرگێکی وای لەبەدر بوو، کە لە گونددا هاوتای نەبوو، هەرگیز جلوبەرگی لەو جۆرە، لەوەوە پێش، لە هیچ شوێنێک نەبینرابوو. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خۆی پێ نەگیرا و گوتی "ئا ئەمە بوو! من دەمزانی دەبێ ڕوو بدات!" تەواو گەیشتبووە ئەو بڕوایە، چونکە لە خەڵوەت و تاقیگەکەی، لەو کاتانەی خەریکی گرتنەوەی ماددە بوو، لە قووڵاییی ناخیدا هیوای ئەوەی دەخواست، کە ئەمە ڕوو بدا، نە دۆزینەوەی بەردی فەلسەفی بوو، نە هەناسەیەک بوو ڕۆح بداتە مەعدەنەکان، نە ئەو ئیمکانییەتە بوو، قفڵ و سوورگی ماڵەکە بکات بە زێڕ، بەڵکوو ئەوە بوو کە ڕووی دا: گەڕانەوەی ئورسولا. بەڵام ئورسولا بە هیچ شێوەیەک بەشداریی خۆشیی مێردەکەی نەکرد. ماچێکی زۆر ئاساییی کرد و وەکوو ئەوەی دیارنەمانی لە ماڵەوە تەنها یەک-دوو سەعاتی خایاندبێ، پێی گوت، "بچۆ سەیری دەرەوە بکە."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کاتێکی زۆری ویست، تا لە حەپەسانەکەی ڕەوییەوە، کاتێک چووە دەرەوە و حەشاماتەکەی بە چاوی خۆی بینی. قەرەج نەبوون، بەڵکوو ژن و پیاوی ئاسایی بوون وەکوو خۆیان، قژیان ساف و پێستتاماڵ، هەر بە هەمان زمانی ئەوانیش قسەیان دەکرد،

هەمـان دەردی ئەوانیشیان هەبوو. پڕ بە باری هێسترەکانیان ئازووەقـە و خواردەمەنـی بـوو، پـڕ بـە گالیسـکەکەیانیش، لـە کەنتـۆر و دۆلابـی و پێداویسـتییەکانی ناومـاڵ بـوو، پێداویسـتییەکانی ژیانێکی سـاکار، هـەر وەکـوو دێـوەرەکان و بازرگانـە ئاسـاییەکان دەیانفرۆشـت. گالیسـکەکانیش گا ڕایانـی دەکێشـا. لەوبـەری زەلکاوەکانـەوە هاتبـوون، دوو ڕۆژە ڕێ دوور بـوو لەوبـەر، گونـدی دیکـە هەبـوون، هەمـوو مانگێـک نامەیان پێ دەگەیشـت، سـەریان لـەو ئامێرانـەش دەر دەکرد، کـە ژیـان خۆشـتر دەکـەن. ئورسـولا دەسـتی لـە قەرەجـەکان گیـر نەبوو، بـەڵام ئـەو ڕێگەیـەی دۆزییـەوە، کـە کاتـی خـۆی مێردەکـەی لـە گەڕانـە مەزنەکـەی، چووبـوو کەشـفە نوێیـەکان ئەنجـام بـدا، چـاوی بـەو ڕێیانـە نەکەوتبـوو.

# ٣

دوای دوو هەفتە، پیلار تێرنێرا منداڵێکی بوو، منداڵەکەیان هێنایەوە ماڵی باپیرە و داپیرە. ئورسولا بەبێ مەیل منداڵەکەی وەر گرت، پێداگری و ڕکنیی مێردەکەی نەبووایە، نەیدەویست دەستبەرداری یەکێک لە جگەرگۆشەکانی ببێت، بەلام ئورسولا مەرجی ئەوەی دانا، کە دەبێ شووناسی ڕاستەقینە لە منداڵەکە بشاردرێتەوە، ئەویش ئەمەی قبوڵ کرد. ناوی ئەویشیان نا خۆسێ ئەرکادیۆ، بەلام بۆ ئەوەی ناوەکان تێکەڵی یەکتر نەبن، هەر بە ئەرکادیۆ بانگیان دەکرد. لەو سەردەمە چالاکییەکی هەند توندوتۆڵ، هەموو گوندەکەی تەنیبووەوە، کاروباری ناوماڵ هەندە زۆر و زەوەن بوون، منداڵبەخێوکردن کەوتبووە خانەی دووەمەوە. زارۆڵەکانیان سپاردە ڤیسیتاسیۆن، ژنە هێندییەکی پێستسووری ناوچەی گاخیرا بوو، لەگەڵ براکەی لەدەست ڕشانەوەی خەوزڕان، چەند ساڵیک دەبوو ئەو ئافاتە لەنێو هۆزەکەی بلاو ببووەوە، هەڵهاتبوون و پەنایان هێنابووە ئاواییی ماکۆندۆ. دوو مرۆڤی هەند گوێڕایەڵ و ئیشکەر بوون، ئورسولا هەردووکیانی بۆ بەردەستی هێنایەوە

ماڵ. بەم شێوەیە، ئەرکادیۆ و ئامارانتا پێش ئەوەی فێری ئیسپانی ببن، فێری زمانی هێندی گاخیرۆس ببوون، بێ ئەوەی ئورسولا گومانی هیچ شتێک بکا، شۆربای مارمێلکە و هێلکەی جاڵجاڵۆکەیان دەدا بە هەردوو منداڵەکە. لەو دەمەدا، ئورسولا خەریکی بازرگانییەکی سوودمەند بوو، وردەزیندەوەرانی بچووکی لەگەڵ شەکر دەبرژاند. مەکاندۆ تەواو گۆڕا. ئەو کەسانەی لەگەڵ ئورسولا هاتبوونە گوند، پیتی و بەرەکەتی خاکی ماکۆندۆیان هەڵسەنگاندبوو، دەیانگوت هەڵکەوتووی گوندەکە بەگوێرەی گۆلاوەکان، زۆر باشە، ئیدی بە جۆرێک ئاواییە رووتەڵە و کێوییەکەی جاران گەشەی کرد، لەپڕێکدا بوو بە گوندێکی پڕ لە دوکان و چالاکی، کارگەی کاری دەستیی تیا کرانەوە، هاتوچۆی بەردەوام لە جادەوبانەکان پەیدا بوون، هەندەی نەبرد، عەرەبی کەوشلەپێ و گوارەلەگوێ پەیدا بوون، ملوانکەی متومووروویان بە تووتی دەگۆڕییەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا یەک سات چییە ئیسراحەتی نەبوو. ئەم واقیعە راستەوخۆیە لەچاو ئەو گەردوونە خەیاڵییەی خۆی بۆ خۆی دروستی دەکرد، زۆر سەرمای کردبوو، زۆر سیحراویتر دەهاتە پێشچاوی؛ بەتەواوی دڵی لە تاقیگەی کیماگەرییەکەی سارد بووەوە، چەند مانگێک دەبوو خەریکی چەند ماددەیەک بوو، دەسبەرداریی هەموویان بوو، بووەوە کارمەندە لێهاتووەکەی جاران، وەکوو جاری جاران، بیری کردەوەکە جادە و ڕێگەکان و شێوە و ئاراستەی خانووەکان بە جۆرێک دەستنیشان بکرێت، تا هەموو خانووەکان سوودمەند ببن، یەکێک لە یەکێکی دیکە زیاتری بەر

نەکەوێ. لەنێو ئەو کەسانەی تازە بەتازە هاتبوونە گوند، ناوبانگێکی زۆری پەیدا کرد، بەبێ پرسی ئەو، کەس نەبوو خانوویەک دروست بکا، نە چەپەرێک هەڵدەبەسترێت، هەر خۆی دەبوو سەرۆکایەتیی زەویدابەشکردنەکانیش بگرێتە ئەستۆ. کاتێکیش قەرەجە تەنافبازەکان جارێکی دیکە بە نمایشی جۆراوجۆرەوە گەڕانەوە گوندەکە، بار و بارگەیان ببووە یاریگەیەکی مەزنی قوماربازی، بەو هیوایەی خۆسێ ئەرکادیۆشیان لەگەڵدا بێ، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا زۆر بە کەیف و دڵخۆشییەوە چوو پێشوازیی لێ کردن. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆیان لەگەڵ نەبوو، مارە-پیاوەکەشیان نەهێنابووەوە، چونکە ئورسولا دەیگوت، تەنها ئەو پیاوە چارەنووسی کوڕەکەی پێدەزانێ. لەبەر ئەوەی هەندێ ڕێگەیان نەدانێ لە گوندەکە بمێننەوە، تەنانەت لە داهاتووشدا، بۆیان نەبوو جارێکی دیکە پێ بخەنەوە گوندەکە، چونکە بە پەیامبەری داوێنپیسی و خراپەکاری وەسفیان دەکردن. بەڵام خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەم ڕووەوە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو، گوتی لەبەر ئەوەی تیرە دێرینەکەی مێلکیادێس، بەشدارییەکی زۆر هەمواریان لە گەشەپێدانی گوندەکە کردبوو و داهێنانی سەرسووهێنەریان پێشکەشی گوندەکە کرد، ئەوانەی بیانەوێ، دەتوانن بگەڕێنەوە گوندەکە و دەرودەروازەی گوند بۆ ئەوان هەمیشە ئاوەڵایە. بەڵام وەک گەڕیدەکان دەیانگێڕایەوە، تیرەی مێلکیادێس سنوورەکانی مەعریفەی ئینسانیان تێپەڕاندبوو، بۆیە ئاسەواریان لەسەر زەوی سڕابووەوە.

بەڵام، بە لای کەمی، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بۆ

ماوەیەک لە دنیا پێچیدە خەیاڵاوییە فەنتازیایەکەی ڕزگاری ببوو، سەرلەنوێ، هەرشتە و چووبووە ناو قۆزاغەی خۆیەوە، کاروباریش ڕێکوپێک بەڕێوە دەچوو، تاقە کارە خەیاڵاوییەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەوە بوو: هەموو باڵندەکانیَ بەرەڵلاکردن، هەر لە دروستکردنی ماکۆندۆوە، ئەم باڵندانە بە دەنگە شمشاڵییەکانیانەوە ڕۆژانی گوندیان پڕشینگدار دەکرد. لەجیاتی ئەم باڵندانە، لە هەموو ماڵێک سەعاتی زەنگۆڵەداری مۆسیقاییان هەڵواسی. سەعاتی زەنگوڵدار بوون، لە تەختەی تاشراوی ڕەنگین دروست کرابوون، ئەم سەعاتانە عەرەبەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و بە تووتی دەیانگۆڕییەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بە جۆرێک قورمیشی دەکردن، هەموو نیوسەعات جارێک، لە سەرتاپای گوندەکە هەمان ئاواز بڵاو دەبووەوە، بە ئەندازەیەک، کاتێک دەبوو بە نیوەڕۆ، ئاوازێکی تایبەت هەموو گوندەکەی دەتەنییەوە. هەر لەو سەردەمەشدا بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بڕیاری دا، لەجیاتی درەختی ئاکاسیا، هەموو ئەمبەر و ئەوبەری شەقامەکان بە دارچواڵە برازێنێتەوە. بۆ ئەوەی ئەم درەختانەش بۆ هەتاهەتا بمێننەوە، نهێنییەکی دۆزیبووەوە، بەڵام نەیویست بە کەسی بڵێ. دوای چەندین ساڵ، هەموو ماکۆندۆ بوو بە خانۆچکەی لەتەختەدروستکراو، بنمیچەکانیشی میتالیتوتیا بوو، لە شەقامە هەرە کۆنەکانیش دارچواڵەی گێڕوگەواڵ و تۆزاوی دەبنیران؛ کەس نەبوو بزانێ کێ چاندوونی. لەو دەمەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خەریکی ڕێکخستنەوەی گوندەکە بوو، هاوسەرەکەشی خەریکی کاسبی بوو،

دەیویست سەرمایەیەکی باش بۆ خێزانەکەی دەستەبەر بکات، ئاورێلیانۆ بە سەعات لە تاقیگە فەرامۆشکراوەکە کاتی خۆی بە هونەری زێڕنگەرییەوە بەسەر دەبرد. کەڵەشێر و ماسیی شەکرۆکەی دروست دەکرد، لە چوکلێت دەکران و ئینجا دەیانفرۆشت. ئەم کاسبییە بووە سەنعەتێکی نایاب، ڕۆژی دوو جار بۆ فرۆشتن دەبرانە بازار. ئاورێلیانۆ هەند گەورە ببوو، ئەو جلوبەرگانەی کە براگەورەکەی بۆی جێ دەهێشت، بەبەری نەدەکرد، دەبوو جلوبەرگی باوکی بکاتە بەر، لەبەر ئەوەشی شانوپیلی ئەوانی دیکەی نەبوو، دەبوو ڤیسیتاسیۆن کراس و پەنتۆڵەکانی بۆ کورت بکاتەوە. ئەم هەرزەکارە، نەرم و ناسکیی دەنگی گۆڕا، قسەی زۆر کەم دەکرد و گۆشەگیر بوو، کەچی بە پێچەوانەشەوە، خاوەن ڕوانینێکی گەش بوو، ئەم نیگا ڕوونەی هەر لە لەدایکبوونەوە هەبوو. هەموو خوویەکی دابووە ئەزموونی زێڕنگەریی، تەنانەت بۆ نانخواردنیش زۆر بەکەمی تاقیگەکەی جێ دەهێشت. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەم گۆشەگیرییەی کوڕەکەی نیگەران بوو، کلیلی ماڵەکەی دا پێی و هەندێ پارەشی خستە چنگیەوە، مەزەنەی ئەوەی کرد، کە ڕەنگە پێویستیی بە ژنێک بێ. کەچی ئاورێلیانۆ هەموو پارەکەی دا بە ئەسیدی کلۆریدرێک، بۆ ئەوەی ئاوی زێڕی پێ دروست بکات، تا کلیلەکانی پێ ببریقێنێتەوە و زێڕکەفتیان بکات. ڕەفتارە نامۆکانی ئاورێلیانۆ، دەتگوت ڕەفتاری ئەرکادیۆ و ئامارانتایە، تازە دانیان دەر دەچوو، بۆ ئەوەی بکەونە سەر پێ و ڕێ بکەن، دەبوو خۆیان بە چمکی کەوای هیندییەکانەوە بگرن، جەختیان دەکرد،

تەنها بەئیسپانی قسە نەکەن، بەڵکوو وەک دوو هیندییەکە، دەیانویست هەر بە زمانی گواخیرۆس قسە بکەن. ئورسولا بە مێردەکەی دەگوت، "غەمت نەبێ. منداڵان سەرشێتیی دایکوباوکیان بەمیرات بۆ دەمێنێتەوە." لەو ئانەی بەدەست ناوچەوان سیانزەی خۆیەوە بۆڵەبۆڵی بوو، لەو دڵنیا بوو، کە نامۆیی و سەیروسەمەرەیی منداڵەکانی هیچیان لە کلکە بەرازەکە کەمتر نییە، هەر لەو دەمەوە ئاورێلیانۆ بە جۆرێک سەرنجی بڕییە دایکی، تەواوێک نفرۆی کردە نێو دڵەراوکێ و پێی گوت، "هەندە نابات، کەسێک دێ."

هەرکاتێک ئاورێلیانۆ پێشبینیی شتێکی کردبا، دایکی بە لۆژیک و مەنتقی کابانێکی ناو ماڵ بۆی دەسەلماند، کە هاتنی یەکێک، شتێکی سروشتییە. هەموو ڕۆژێک دەیان کەسی غەریب دێنە گوندی ماکۆندۆ، بەبێ ئەوەی ببنە مایەی سەرئێشە و ببنە مایەی پێشبینیکردنێکی پەنهان. کەچی لە دەرەوەی سنووری هەموو لۆژیکێک، ئاورێلیانۆ دڵنیا بوو لە پێشبینییەکەی و پێداگریی دەکرد و دەیگوت، "نازانم ئەو کەسە کێیە. بەڵام هەرکێیەک بێ، ئێستاکە وا لە ڕێیە." واش دەر چوو، یەکشەممە ڕێبێکا هاتە ماڵ. کچێک بوو، تەمەنی نەدەگەیشتە یانزە ساڵ. لەگەڵ چەند قاچاخچییەک هاتبوو، کە بازرگانییان بە پێستەوە دەکرد، نامەیەکیشی پێ بوو بۆ ماڵی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بەڵام بەتەواوی نەیاندەزانی ئەو کەسەی نامەکەی پێ سپاردبوو، کێ بوو. باولێکی بچکۆلەشی پێ بوو، کورسییەکی لەتەختەدروستکراوی بچووکیش، کە بە دەست گوڵی ورديان لەسەری نەخش کردبوو، بوخچەیەکیشی لەژێر هەنگڵ هەڵگرتبوو و

خرتەخرتی دەکرد. ئێسکوپروسکی دایک و باوکی تێدا بوو. نامەکەشیان بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا نووسیبوو، بە زمانێکی شیرین و پڕ لە سۆز نووسرابوو. یەکێک ئەو نامەیەی نووسیبوو، کە پێدەچوو، سەرباری تێپەڕین و کات و ئەو مەودا زۆرەی لە یەکتر دایانابڕاندبوو، هێشتا خۆشەویستی لەنێوان ئەو و خۆسێ ئەرکادیۆ نوێندیا بوونی مابێ. ناردنی ئەو کیژۆڵەیەی بە ئەرکێکی ئینسانی گەورە زانیوە، چونکە کیژۆڵەی ناوبراو، هەتیوێکی بێکەس و بێپەنا ماوەتەوە. گوتبووی، ئامۆزایەکی دووری ئورسولایە، بۆیە دەشبێتە خزمی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیاش، چونکە کچەکە، کچی خوالێخۆشبوو نیکانۆر ئوجۆوایە، یەکێکە لە هاوڕێیە خۆشەویستەکانی ئەوان و ڕێبێکا مۆنتیەلی ژنی، کە ئێسکوپروسکەکەی لەنێو بوخچەکەدایە، ئەو بوخچەیەیان ناردووە بۆ ئەوەی بە ڕێورەسمێکی مەسیحییانە بەخاکی بسپێرن. ناوەکان و ئیمزاکان زۆر بەجوانی دەخوێندرانەوە، کەچی نە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، نە ئورسولا بە خەیاڵیاندا نەدەهات، کە خزمێکیان بەو ناوانەوە هەبێ، تەنانەت ناوی ئەو کەسەی نامەکەشی نووسیبوو، شتێکی ئەوتۆی پێ نەدەوتن، شاری مەناوریش، ئەو شارە دوورەدەستەی نامەکەی لێوە نێردرابوو، ئەویش هیچی پێ نەدەوتن. لەم زانیارییانە زیاتر، مەحاڵ بوو شتێکی دیکە لەو کیژۆڵەیە هەڵبکڕێنرێ. هەر دوای گەیشتنی، لەسەر کورسییەک دادەنیشت و پەنجەی کەڵەی دەمژی، بەترسیشەوە سەرنجی هەموو کەسێکی دەدا، کاتێک پرسیارێکیشیان لێ بکردبا، تەنیا وشەیەکیشی نەدەدرکاند. کراسێکی ڕەشی

خەتخەتی لەبەردا بوو، پەرپووت و زیوال بوو، جووتێ پۆتینی بریقەداری دڕاوی لەپێدا بوو. قژی لەپشت گوێی بە ئۆیەیەکی ڕەش بەستبووەوە. خەناوکەیەکی لەملدا بوو، لەناو مەدالیایەکی لاکێشەیی، وێنەکیان تیا چەسپ کردبوو، ئارەقە بەتەواوی وێنەکەی کاڵ کردبووەوە، لە مەچەکی دەستی ڕاستی، کەڵبەی ئاژەڵێکی گۆشتخۆریان لە بازنێکی مسین چەسپ کردبوو، دەتگوت نوشتەیەکە بۆ چاوەزار. ڕێبێکا پێستێکی سەوزەڵەی هەبوو، سکی ئاوساو بوو، هەر بە چەرمی دەهۆڵی دەکرد، ئاماژەیەک بوو بۆ تەندروستییەکی خراپ، هێمایەک بوو بۆ برسێتییەک، کە لەسەرووی تەمەنی ئەوەوە بێ، کەچی کاتێک خۆراکیشیان پێشکەشی کرد، بەبێ ئەوەی دەستی بۆ ببا، قاپەکەی هەر لەسەر کۆشی هێشتەوە. تا ئەو دەمەی هیندییەکان پرسیاری ئەوەیان لێ نەکردبوو، کە ئایا ئاو دەخواتەوە یا نا، هەموو بیریان دەکردەوە، ڕەنگە کیژۆڵەیەکی کەڕ و لاڵ بێ. بە پرسیاری هیندییەکان، هەردوو چاوەکانی گەشانەوە، دەتگوت چاوی بە کەسوکارەکانی خۆی دەکەوێ، بۆیە بە سەرلەقاندنەوە، بە بەڵێ وەلامی دانەوە.

چارەسەرێکی دیکەیان لەپێش نەبوو، ناچار، لەلای خۆیان گلیان دایەوە. لەنێو خۆیان ڕێک کەوتن بە ڕێبێکا بانگی بکەن، چونکە بەگوێرەی نامەکە، ڕێبێکا ناوی دایکیشی بوو. ئاورێلیانۆش، لەسەرخۆ و یەک لەدوای یەک، ناوی هەموو قەدیسەکانی ڕۆژژمێری بۆ خوێندەوە، بەلام هیچ ناوێک سەرنجی ڕانەکێشا. لەبەر ئەوەی هێشتا لە ماکۆندۆ کەس نەمردبوو، گۆڕستان نەبوو تا ئێسکوپروسکەکانی

ناو بوخچەکە بنێژن، بۆیە هەر لەناو بوخچەکەدا مایەوە، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، تا شوێنێکی هەموار دەدۆزنەوە و ئێسقانەکانی تیا دەنێژن؛ بۆ ماوەیەکی زۆر دایک و باوکی ڕێبێکا هەموو سووچێکی ماڵەکەیان داگیر دەکرد؛ هەرگیز لە یەک شوێن دانەدەنران، وەکوو مریشکی کڕکەوتوو، هەمیشە گارەگاریان بوو. کاتێکی زۆری ویست، تاکوو ڕێبێکا خۆی لەگەڵ خێزانەکە بگونجێنێ. لە سووچێکی لاپەڕی ماڵەکە، لەسەر کورسییە بزوێنەکە دادەنیشت و پەنجەی کەڵەی خۆی دەمژی. جگە لە سەعاتە زەنگوڵدارەکە، هیچ شتێکی دیکە سەرنجی نەدەبزواند، نیوسەعات جارێک زەنگی لێدەدا، وەکوو ئەوەی هەوڵ بدا شتێک ببینێ، هەر بە چاویش دوای ئاوازی مۆسیقاکە دەکەوت و لێی دەگەڕا. تاکوو چەند ڕۆژێکیش خۆراکی دەستی کەسی نەخوارد. سەریان لەو سووڕ ما، چۆن دوای ئەو چەند ڕۆژە هەر لە براسانا نەمردووە. لەبەر ئەوەی دوو هیندییە پێستسوورەکە سەرنجی هەموو شتیکیان دەدا و هیچ شتێکیان بەسەردا تێنەدەپەڕی، بەپێدزە هەموو سووچێکی ماڵەکەیان بەسەر دەکردەوە و ئاگایان لە هەموو شتیک بوو، ئەوەیان بۆ ئاشکرا بوو، کە ڕێبێکا ئارەزووی خواردنی خۆڵی شێداری حەوشەکەی هەیە، بە چڕنووکیش، گەچی قەد دیوارەکان دەڕنێ و دەیخوات. ئەوەشیان بۆ ئاشکرا بوو، جا چ باوک و دایکی بووبێتن یا ئەو کەسەی بەخێوی کردووە، ئەم خووە ناقۆلایەی لێ قەدەغە کردووە، بۆیە ڕێبێکا ئەو کارەی بەدزییەوە دەکرد، دەیزانی ئەو شتەی کە دەیکا، کارێکی خراپە؛ بۆیە هەندێک لە خۆڵ و گەچەکانی بۆ

کاتێکی دیکە هەڵدەگرت و دواتر بەدزییەوە دەیخواردن. لەو کاتە بەدواوە، خستیانە ژێر چاودێرییەکی توندەوە. زراوی مانگایان ڕۆ کردە هەموو سووچێکی حەوشەکە، دیوارەکانیشان بە بیبەری تیژ سواغ دا، وا هەستیان دەکرد کە ئیتر واز لەو ڕەفتارە ناشرینە دەهێنێ، بەڵام کیژۆڵەکە هەند زیرەک و لێزان بوو، زۆر زۆرزانانە، ئەو خۆڵەی چنگ دەکەوت، کە ئورسولا بە دەردەسەرییەکی زۆرەوە پەیدای دەکرد. ئاو پرتەقاڵی لەگەڵ ڕێواس تێکەڵ کرد و کردییە ناو قابلەمەیەک و شەوێک لە دەرەوە دای دەنا، ڕۆژی دوایی بە سکی برسییەوە دای بە ڕێبێکا. کەسیش ئەمەی بە ئورسولا نەوتبوو، کەچی پێی وا بوو ئەمە دەرمانێکی یەکاویەکە بۆ ئەوانەی خوو بە خواردنی خۆڵەوە دەگرن، چونکە وای لێک دەدایەوە، ئەگەر گیراوەیەکی تاڵ بە سکی برسی بدرێت بە یەکێک، کاریگەریی لەسەر جگەر دەبێ. ڕێبێکای لەڕولاواز هەند سەرکێش و بەخۆ بوو، کەچی دەبوو هەرچوار پەلی بگرن، هەر وەکوو گۆلکێکیش بیدەن بە زەوییا، تاکوو بەزۆر دەرمانەکەیان دەکرد بە قورگیدا. کیژۆڵەکە شەقی دەهاویشت، گازی دەگرت، جنێوی دەدا، تفی لێ دەکردن. بۆ دوو هێندییە پێستسوورەکە، ئەو جوێنانەی کە لە دەم ڕێبێکاوە دەر دەچوون، ناشرینترن و قێزەونترین جوێن بوون؛ تەنانەت لە زمانەکەی ئەواندا ئەو جۆرە جوێنانە هەر بوونیشی نەبوو. کاتێک ئورسولا بەمەی زانی، دەرمانەکەی بە قامچیوەشاندنەوە دەدایێ. کەس نەیتوانی ئەوە بسەلمێنێت، کە ئایا کاریگەریی ڕێواسەکە بوو یا کاریگەریی قامچییەکان بوو، ملیان بە ڕێبێکا کەچ کرد،

یا ئەم دووە پێکەوە کاریگەرییان پەیدا کرد، بەڵام ئەوەی گومانی لێ نەدەکرا، ئەوە بوو کە دوای چەند هەفتەیەک، نیشانەکانی چاکبوونەوە لە سەروسیمای ڕێبێکا دەر کەوتن. لەگەڵ ئەرکادیۆ و ئامارانتا دەستی بە یاری کرد، ئەوانیش وەکوو خوشکی گەورەی خۆیان سەیریان دەکرد، بەئیشتیاوە خۆراکی دەخوارد، بە جوانی و ئوسووڵەوە چەتاڵ و چەقۆی لە کاتی نانخواردندا بەکار دەهێنا. زۆریشی پێ نەچوو، بە ئیسپانییەکی ڕەوان، ڕەوان وەکوو زمانەکەی خۆی، قسەی دەکرد، دەستڕەنگینییەکی بێوێنەی هەبوو، لەگەڵ ئاوازی سەعاتە زەنگۆڵدارەکان سەمای دەکرد و گۆرانیی دەگوت، شیعری گۆرانییەکانیش هەر بە خۆی دای دەنان. هەندەشی نەبرد، وەکوو ئەندامێکی دیکەی خێزانەکە سەیریان دەکرد. ئەوەندە ئورسولای خۆش دەویست، تەنانەت کوڕ و کچەکانی خۆی هەندەی ئەو خۆشیان نەدەویست، بە ئامارانتای دەوت خوشکی بچووکم و بە ئەرکادیۆشی دەوت برای بچووکم، بە ئاورێلیانۆی دەگوت مامە، بە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای دەگوت باپیرە. ئەویش وەکوو ئەوانی دی، کردیان بە ڕێبێکا بوێندیا؛ تا دوارۆژەکانی ژیانی، بە ئەمەک و وەفاوە سەیری ئەم ناوەی دەکرد.

لەو قۆناغەی ڕێبێکا وازی لە خۆڵخواردن هێنابوو، شەوێکیان چوو لە ژووری منداڵەکان بخەوێ، ژنە هێندییە پێستسوورەکە، بۆ ئەوەی ئاگای لە منداڵەکان بێ، ئەویش لە هەمان ژوور دەخەوت، نیوەی شەو، هەر بەڕێکەوت هاتبووە ئاگا و لە سووچێکی ژوورەکە، گوێی لە دەنگی غڕەغرێک دەبێ. گوێی قولاغ دەکات و ڕادەمێنێ، سەرەتا

وا یزانی ڕەنگە گیانلەبەرێک بێ و هاتبێتە ژوورەوە، کەچی بینیی ڕێبێکا لەسەر کورسییە بزوێنەکەی دانیشتووە، پەنجەی کەڵەی ناوەتە دەمی و دەیمژێ، چاوەکانی وەکوو چاوانی پشیلە لەنێو ئەو تاریکییەکەدا تروسکەیان دێ. هەر وەخت بوو زەندەقی بچێ، بەدەست ئەو چارەنووسەوە ماندوو و شەکەت ببوو، وازی لێ نەدەهێنا، خێرا نیشانەی تاعوونی خەوزڕانی لەنێو چاوانی ڕێبێکا خوێندەوە، هەر لەبەر ئەو نەخۆشییە بوو، خۆی و براکەی ناچار ببوون شانەشینە دێرینەکەی خۆیان جێ بهێڵن، ئەو نیشتمانە نازدارەی هەرتاکێک وەکوو شازادەیەک دەژیا.

کە بەیانی بووەوە، هەستیان کرد پیاوە هیندییە پێستسوورەکە لە ماڵ دیار نەمابوو. بەڵام خوشکەکەی مابووەوە، دڵی خەتەرەی دەکرد، پێی دەگوت هەرچییەک بکات، ئەو ئافاتە کوشندەیە هەر بەدواوەیەتی، تەنانەت بفڕێتە حەوت تەبەقەی ئاسمانیش. کەسێک نەبوو لە دڵەڕاوکێی ڤیسیتاسیۆن تێبگا. بەگاڵتەوە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا پێی دەگوت، "بەوە چاتر، ئەگەر چیی دی نەخەوین. ژیان دوو ئەوەندەی دیکە پڕ لە خێر و بەرکەت دەبێ." بەڵام، ژنە هیندییەکە بۆی ڕوون کردنەوە، کە مەترسیی ئەم نەخۆشییەوە تەنها لە نەخەوتنەکەیدا نییە، بەڵکوو لەش، هەست بە ماندووبوون ناکات، کاتێکیش نەخۆشییەکە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێ، نیشانە هەرە مەترسیدار و بەدەکانی دەر دەکەون، ئەویش هەرچیی یادەوەریی هەیە، نامێنێ. دەیویست ئەوەیان پێ بڵێ، کە بە تێپەڕینی کات، ئەو دەمەی نەخۆش خوو بە نەخەوتنەوە دەگرێ، مێشکی

وردەوردە یادەورییەکانی منداڵیی لەدەست دەدات، دواتر ناو و ناسنامەی شتەکان، بەرەبەرە ناسنامەی خەڵکەکان، تا دەگاتە ئەو ئاستەی هۆشیاریی لەمەڕ خودی خۆشیەوە نامێنێ، بە ئەندازەیەک دەبێتە گێلۆکەیەک کە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕابردووەوە نامێنێت. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەبەر پێکەنین وەخت بوو گیانی دەر بچێ، وای لێک دایەوە کە ئەم نەخۆشییە، کەم تا زۆر، وەکوو هەموو ئەو نەخۆشییە وەهمییانەیە، کە هیندییە پێستسوورەکان دایان هێناون. بەڵام ئورسولا بۆ پارێزگاری، ڕێبێکای لە منداڵەکان جیا کردەوە.

دوای چەند هەفتەیەک، پێیدەچوو ترسی ڤیسیتاسیۆن ڕەوییبێتەوە، کەچی شەوێکیان خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەملا و ئەولای دەکرد، گینگڵی دەدا، نەیدەتوانی بخەوێ. ئورسولا، ئەویش نەخەوتبوو، پرسیاری ئەوەی لێ کرد، بۆچی ناتوانێ بخەوێ، ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی، "هەمدیسان بیر لە پرودێنسیا ئەگیلار دەکەمەوە." ئەو شەوە، کەسیان خەو نەچووە چاویان، کەچی کاتێکیش ڕۆژ بووەوە، هەند چوستوچالاک بوون، وەک ئەوەی تێروپڕ خەوتبێتن. لە کاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا، ئاورێلیانۆ بەحەپاسانەوە ئەوەی بۆ گێڕانەوە، کە سەرباری ئەوەی هەموو شەوەکە لە تاقیگەکە خەریکی زێڕکەفتکردنی گۆبەرۆکێک بوو تا بەدیاریَ بیدا بە ئورسولا بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونیەوە، کەچی هەستی دەکرد بەخۆیە و تا ئەندازەیەکی زۆریش هەست بە چوستوچالاکی دەکات. تاکوو ڕۆژی سێیەمیش، کەس هەستی بە دڵەڕاوکێ نەکرد، تا ئەو دەمەی کاتی خەوتن

هـات، کەچـی کەسـیش خـەوی نەدەهـات، کـەس ئـارەزووی نەبوو بچێتە جێگـەوە و ڕابکشـێ؛ تەنانـەت پەنجـا سـەعاتیش دەبـوو، کەسـیان نەخەوتبـوون.

ژنـە هیندییـە پێستسـوورەکە بـە دڵنیاییيەکی قەدەرییانـەوە گوتـی، "منداڵەکانیـش نەخەوتـوون. کاتێـک ئـەم تاعوونـە لـە شـوێنێ بـڵاو ببێتـەوە، کـەس لێـی ڕزگار نابـێ."

هـەر هەموویـان تووشـی نەخۆشـیی تاعوونـی خـەوزڕان ببـوون. ئورسـولا لـە دایکییـەوە، لـە ڕێگـەی گیاوگوڵـە و ڕووەکـەوە، فێـری داودەرمانگرتنـەوە ببـوو، گیراوەیەکـی لـە کوڵـی چڕنووکـی گـورگ گرتـەوە، پاشـان بـە هەمووانـی دا، کەچـی هـەر نەیاندەتوانـی بخـەون، لـەو شـەونخوونییە هـەر بـەردەوام بـوون، بەڕۆژیـش، بـە ڕێکردنـەوەوە خەونیـان دەبینـی. لەنێو ئـەم بەئاگابوونـە وڕێنەئامێزە سـامدارەدا، نـەک تەنهـا وێنـەی خەونەکانـی خۆیانیـان دەبینـی، بەڵکـوو وێنـەی ئـەو خەونانەشـیان دەبینـی، کـە ئەوانـی دیکـە بینیبوویـان. بەوە دەچوو ماڵەکە پڕ بێ لە مێوان. ڕێبێکا لە سـووچێکی مەتبەخەکـە، لەسـەر کورسـییە بزێوەکـەی دانیشـتبوو، خەونـی بـە پیاوێکـەوە دەبینـی هـەر لـە خـۆی دەچـوو، جلوبەرگێکـی سپی لەبـەردا بـوو، ملیوانـەی کراسەکەشـی بـە دوگمەیەکـی زێڕیـن داخسـتبوو، چەپکەگوڵەباغێکیشـی بـۆ هێنابـوو. ژنێکـی لەگـەڵ بـوو، دەسـتوپلێکی ناسـکی هەبـوو، دەسـتی بـۆ گوڵەباغێـک بـرد و لـە قژی کیژۆڵەکـەی دا. ئورسـولا هاتبـووە سـەر ئـەو بڕوایـەی بڵـێ، ڕەنگـە ئـەم ژن و پیـاوە دایـک و باوکی ڕێبێکا بن، بـەڵام چەند هەوڵی دا بیانناسـێتەوە، کەچی لە ڕێی ئەم خەونـەوە نەیدەتوانـی ئـەوە بسـەلمێنێ، کە پێشـتر

لە شوێنێکی دیکە، ئەم ژن و پیاوەی بینیوە. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، لاموبالاتی و گوێنەدانێکی گوناهبارانەی نواند، هەرگیز لە خۆی خۆش نەبوو، بەردەوام بوو لە دروستکردنی گیانەوەرە بچکۆڵە شەکرۆکەکان و دەیناردنە بازار و دەیانفرۆشت. منداڵ و مەزن، بە تام و لەزەتەوە کەڵەشێرۆکە سەوزەکانی خەوزڕانیان دەمژی، ماسییە پەمەییە شیرینەکانی خەوزڕان و ئەسپە چکۆڵە زەرد و جوانەکانی خەوزڕانیان دەلێستەوە. دووشەممە لەگەڵ شێرەی شەبەقدا، هەموو خەڵکی ئاوایی، ئەوانیش تووشی خەوزڕان بوون. سەرەتا کەس پێی تێک نەچوو. بە پێچەوانەوە، هەموو دڵیان بەو نەخەوتنە خۆش بوو، چونکە لە گوندی ماکۆندۆ هەندە کاروبار زۆر بوون، ڕۆژێک زۆر کورتی دەهێنا بۆ ڕاپەڕاندنی ئەو هەموو کاروبارە زۆروزەبەنانە. دانیشتووانی ئاواییەکە هەند ئیش و کاریان جێبەجێ کرد، چیی دی کار نەمابوو بیکەن. لە سەعات سێی بەیانییەوە، دەست بەتاڵ، بەرامبەر بەیەک لێی دادەنیشتن؛ دەستیان بە ژماردنی نۆتەی ئاوازەکەی سەعاتە زەنگۆڵدارەکان دەکرد. ئەوانەشی دەیانویست بخەون، نەک لەبەر ئەوەی ماندوو بوون، بەڵکوو بۆ ئەوەی خەون ببینن، پەنایان بۆ دەیان ڕێگەی پڕ لە پێچوپەنا دەبرد. هەموویان لە شوێنێک کۆ دەبوونەوە و بەبێ ڕاوەستان گفتوگۆیان دەکرد، لە ڕۆژێکدا هەمان نوکتەیان دە جار و بیست جار دووپات دەکردەوە، تاکوو بە گێڕانەوەی مەتەڵی مێش شلوشەکەت دەبوون. حەکایەتی مێش، یەکێک بوو لەو حەکایەتانەی کۆتاییی نەبوو. بۆ نموونە، حەکایەتخوان دەیگوت دەتانەوێ حەکایەتی

مێشتان بۆ بگێڕمەوە، ئەوانیش دەیانوت بەڵێ، حەکایەتخوان دەیگوت ئەگەر دەتانەوێ حەکایەتی مێشتان بۆ بگێڕمەوە نابێ بڵێن بەڵێ، هەموو دەیانوت نەخێر، حەکایەتخوان دەیگوت ئەگەر دەتانەوێ حەکایەتی مێشتان بۆ بگێڕمەوە، نابێ بڵێنَ نەخێر، ئەگەریش هەموو بێدەنگ بوونایە، ئەوە حەکایەتخوان دەیگوت بە کەسم نەوتووە بێدەنگ ببێ و نەدەبوو کەسیش بڕوات، چونکە حەکایەتخوان دەیگوت بە کەسم نەوتووە ئێرە بەجێ بهێڵێ و ئیدی بەم شێوەیە لەنێو بازنەیەکی داخراو شەویان دەدایە دەم ڕۆژەوە.

کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا زانیی کە تاعوون لە هەموو گوندەکەدا بڵاو بۆتەوە، سەرەکخێزانەکانی بانگ کرد، بۆ ئەوەی هەرچییەک لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە دەزانن، بۆی باس بکەن؛ بڕیاریان دا هەموو جۆرە ڕێگەچارەیەک بگرنە بەر، بۆ ئەوەی ئەم نەخۆشییە نەگاتە گوندەکانی دەوروبەری گۆلاوەکە. بۆیە ئەو زەنگولانەی عەربەکان کاتی خۆی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان و بە تووتی گۆڕیبوویانەوە، لە ملی بزنەکانیان کردەوە و لە دەروازەی گوندەکە هەڵیان واسین. وەکوو ئاماژەیەک بۆ ئەو کەسانەی پێداگری دەکەن و گوێ لە ڕێنمایی و پاڕانەوەی پاسەوانەکان شل ناکەن. لەو سەردەمەدا هەر بێگانەیەک بهاتبایە گوندەوە و بە شەقامەکاندا هاتوچۆی بکردبا، دەبوو لە زەنگوڵەکانی بدابا، تاکوو دانیشتووان ئەوەیان بزانیبا، کە ئەو کەسە نەخۆش نییە و ساغە. هەر لەو ماوەیەشدا، کاتێک بیانییەک دەیویست لە گوند بمێنێتەوە، هەموو ڕێگەیەکیان لێ یاساغ دەکرد، تاکوو هیچ نەخوا، هیچ نەخواتەوە، چونکە هیچ

گومانێکیان نەبوو کە نەخۆشیی خەوزڕان لە ڕێگەی دەمەوە دەگوازرێتەوە. بەم جۆرە نەخۆشییەکە لەنێو گوندەکە چوارچێوەبەند کرا. تێپەڕینی چلە گرینگ بوو تاکوو ئەو ڕۆژەی ئیمێرجەنسی بووە شتێکی سروشتی؛ ژیان بە شێوەیەک ڕێک دەخرا و کاروبارەکان ڕیتمی خۆیان وەر گرت، چیی دی کەس دڵەڕاوکێی نەبوو بە لەدەستدانی ئەو شتە بێکەڵکەی خەوتنیان پێ دەگوت.

خودی ئاورێلیانۆ فۆرمولێکی دۆزییەوە و بەدرێژایی چەندین مانگ دژی بیرچوونەوە بەکاری هێنا. هەر بەڕێکەوتیش فۆرمولەکەی دۆزیبووەوە. وەک پسپۆڕێکی لێ هاتبوو، چونکە خۆی یەکەمین کەس بوو تووشی ئەم نەخۆشییەوە ببوو، فێری ئەوە بوو پەرە بە هونەری زێڕنگەری بدات. ڕۆژێکیان، لە ئاسنەواڵەیەک دەگەڕا کە مەعدەنی پێ تەنک دەکردەوە، ناوەکەی نەدەهاتە سەر زاری. باوکی پێی گوت، "ئەوە سەندانی پێ دەوترێت." ئاورێلیانۆ ناوەکەی لەسەر پارچەکاغەزێک نووسی و نووساندیە بنکەی سندانەکەوە: سەندان. بەم جۆرە دڵنیا بوو، کە چیی دی لە داهاتوودا ناوەکەی لەبیر ناچێتەوە. ئەوەی بە خەیاڵدا نەهات، کە ئەمە یەکێک بوو لە دەرکەوتنی نیشانەکانی بیرچوونەوە، چونکە ئەو کەرەسەیەی ئەو ناوەکەی لەبیر کردبوو، ناوێکی هەند عاسی نەبوو تا لەبیر بکرێت. کەچی دوای چەند ڕۆژێک، هەستی کرد بەزەحمەت ناوی کەرەستەکانی تاقیگەی دێنەوە یاد. بۆیە لەسەر هەر کەرەستەیەک، ناوەکەی نووسی و لکاندی بە قەدیەوە، بەم جۆرە، تەنها خوێندنەوەی نووسراوەکە بەس بوو بۆ

ئەوەی ناوی کەرەستەکەی بێتەوە یاد. کاتێکیش باوکی ناوە هەرە ئاساییەکانی منداڵەکانی خۆی نەدەهاتەوە یادی، باسی نیگەرانیی خۆی بۆ کرد، ئاوریلیانۆش باسی میتۆدەکەی خۆی بۆ کرد. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەم ڕێگەچارەیەی بەسەر هەموو ئەندامانی خێزانەکەدا سەپاند، دواتریش سەپاندیە سەر هەموو خەڵکی ئاواییەکە. فڵچەیەکی لە مەرەکەب هڵدەکێشا و ناوی کەرەستەکانی لەسەر خودی کەرەسەکان دەنووسی: مێز، کورسی، سەعات، دەرگا، دیوار، تەختی خەوتن، مەنجەڵ. چووە تەویلەکە و ناوی حەیوانەکانی نووسی: مانگا، تەگە، بەراز، مریشک، دارسنجوو، دارمۆز. دواتر، لێکۆڵینەوەی لە بارەی وردەکارییەکانی بیرچوونەوەوە ئەنجام دا، تا گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەکرێ هەموو شتێک بەو ناوەوە بناسرێتەوە کە لەسەری دەنووسرێ، بەڵام دەشێ بەکارهێنانەکەی لەبیر بکرێت. بۆ ئەمەش، شێوەیەکی وردتر و ڕێگەیەکی ڕوونتری دۆزییەوە. ئەو پارچەکاغەزە نووسراوەی خرابووە ملی مانگاکە، نموونەیەک بوو کە چۆن دانیشتووانی ماکۆندۆ دژی بیرچوونەوە تێدەکۆشن، "ئەمە مانگایە، دەبێ هەموو سەرلەبەیانییەک بدۆشرێ، بۆ ئەوەی شیرمان بداتێ، شیریش دەبێ بکوڵێندرێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ قاوە تێکەڵ بکرێ تاکوو قاوەبەشیرمان دەست بکەوێ." بەم جۆرە لەنێو واقیعێکی هەڵهاتوودا دەژیان، بە شێوەیەکی کاتی لە ڕێگەی ناوی شتەکانەوە جارێکی دیکە دەستیان بەسەردا دەگرتەوە، بەڵام هەرکاتێک واتای نووسینیشیان لەبیر بکردبا، ئەوە جارێکی دیکە لەژێر دەستیان خۆی ڕادەپسکاندەوە.

لەسەر ڕێگەی گۆلاوەکە، تەختەیەکیان هەڵواسیبوو و لەسەریشیان نووسیبوو "ماکۆندۆ"؛ لە شەقامەکەش، تەختەیەکی دیکە لەسەری نووسرابوو "خودا هەیە." خانوو نەبوو لەسەری شتکەلێک نەنووسرابێ، بۆ ئەوەی ناوی شت و هەستەکان لەبیر نەچنەوە. بەلام ئەم سیستەمە پێویستیی بە وریایی و ئاگادارییەکی زۆر هەبوو، پێویستیی بە ورە و هێز هەبوو، چونکە زۆرێک لە خەڵکی، هەر خۆیان دەکەوتنە ژێر کاریگەریی واقیعێکی ئەفسووناوییەوە و هەر خۆشیان بەرهەمیان هێنابوو، هەرچەند بەڕواڵەت زۆر پراتیک نەبوو، بەلام ئاسوودەگیی دەبەخشی. ئەوە پیلار تێرنێرا بوو، کە ئەو بیرۆکە ئەفسووناوییەی بلاو کردەوە، وەکوو چۆن جاران فاڵی دەگرتەوە و ئاییندەی دەخوێندەوە، لە ڕێگەی کاغەزی قومارەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ڕابردوو. بەم جۆرە، ئەو کەسانەی نەدەخەوتن لە جیهانێکدا دەژیان، کە چارەنووسیان لە ڕێگەی خوێندنەوەی کاغەزی فاڵەوە دیاری دەکرا، یادەوەریی باوک، بەخۆشی بوایە یا نا، هاوتەریب دەوەستا لەگەڵ هاتنی پیاوێکی ڕەشتاڵە لە سەرەتای مانگی نیسان و وێنەی دایکێک لەگەڵ ژنێکی ڕەشتاڵە دەوەستا، کە ئەنگوستیلەیەکی زێڕینی لە پەنجەی دەستی چەپیدا بوو، یا ڕۆژی لەدایکبوونێک دەکەوتە سێشەممەی ڕابردووەوە کە کۆترەباریکە لەسەر داری غار گمەگمەی بوو. بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەم ئاکارە ئاسوودەبەخشانە هۆکارێکی دیکە بوون، تاکوو ئامێری یادەوەرییەکەی دروست بکات، کە جاران خەونی پێوە دەبینی، دەزگایەک دروست بکات بۆ ئەوەی هەموو ئەو داهێنانە سەرسوڕهێنەرانەی قەرەجەکان

دایان هێنابوو، بهێنێتەوە یادی. کاری ئەم ئامێرە ئەوە بوو، کە هەموو سەرلەبەیانییەک، تێکڕای ئەو زانیارییانە دووپات بکاتەوە، کە لە ژیان وەدەستمان هێناوە، هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی. وەکوو فەرهەنگێکی بزۆک کاری دەکرد، دەتگوت یەکێک لە ناوەندیدایە و دەنگ دەداتەوە؛ بە هاندەرێکی دەستی ئیشی دەکرد، بە جۆرێک، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا سەرجەم چەمکە بنەڕەتییەکانی ژیانی دەهێنایەوە یاد. ئەو دەمەی لە ڕێگەی گۆلاوەکەوە پیرەمێردێکی سەیروسەمەرە پەیدا بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا چواردە هەزار کارتی دورست کردبوو. ئەو پیرەمێردە، زەنگۆڵەی خەمۆکی بە ملدا هەڵواسیبوو، هیی ئەو کەسانە بوون، کە ساغن و دەتوانن بخەون. بەو هەیبەتەوە هاتە ناو ئاواییەوە. کەشکۆڵێکی پڕی پێ بوو، بە گوریسێک پێچابوویەوە. گالیسکەیەکەیشی بە پەڕۆوپیتاڵ و سیپاڵی ڕەش داپۆشرابوو. بێ سێ و دوو ڕێگەی ماڵی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای گرتبووە بەر.

ڤیسیتاسیۆن دەرگای لێ کردەوە، نەیناسییەوە، هەر وا یزانی هاتووە شتومەک و کاڵا بفرۆشێ، ئەوەشی لەبیر نەبوو، کە هیچ شتێک لە گوندێک نافرۆشرێ، کە تا قولەقاپی، بەبێ ئامان ڕۆ چووبێتە نێو بیرچوونەوەوە. پیرەمێردێکی کەنەفت و داهێزراو دیار بوو. لەبەر دڵنیانەبوون لە خۆ، دەنگێکی نووساوی هەبوو، دەتگوت دەستەکانیشی بە گومانن لە بوونی شت، کەچی ئەوە ئاشکرا بوو، کە لە جیهانێکەوە دێ، خەڵکەکەی دەتوانن بخەون و شتیشیان دێتەوە یاد. بردیانە ژووری میوان، بە کڵاوە ڕەشە هەلاهەلابووەکەی باوەشێنی خۆی دەکرد و بەسەرنجیشەوە سەیری نووسراوەکانی

قەد دیوارەکانی دەکرد؛ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا چوو بۆ لای و بە گەرموگوڕییەکی دۆستانەوە بەخێرهاتنی کرد، چونکە نەبادا بیناسێت و شێوەی نەکاتەوە. بەڵام میوانەکە هەستی کرد ئەو بەخێرهاتنە سەختەیی پێوە دیارە. زانیی لەبیریان کردووە، قوربانیی فەرامۆشکردنی دڵ نەبوو، چونکە ئەمەیان چارە دەکرێ، بەڵام فەرامۆشکردنێکی دیکە هەیە، زاڵمانەترە، ئەمیان چارەسەری نییە، ئەو ئەم جۆرەیانی باش دەناسی: فەرامۆشیی مەرگ بوو. تێگەیشت. کەشکۆڵەکەی هەڵڕشت، پڕی شتومەکی سەیروسەمەرە و ئەفسووناوی بوو، قووتوویەکی دەر هێنا، پڕی لە شووشەی بچووک بوو. شووشەیەکی دایە دەست خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، گیراوەیەکی خۆشڕەنگی تێدا بوو، ئەویش یەکسەر خواردیەوە، سەرلەنوێ، جارێکی دیکە ڕۆح هاتەوەبەری یادەوەرییەکانی. چاوی پڕ لە فرمێسک بوو، کاتێک هاتەوە ئاگا، هەستی کرد لە شوێنێکە، تا بڵێی سەیروسەمەرەیە، لەسەر هەموو شتێک، ناوەکەی نووسراوە، کاتێک چاوی بەو نووسراوە دزێوانە کەوت، هەموو دیوارەکانیان داگیر کردبوو و هەندەشی نەبرد میوانە تازەهاتووەکەی ناسییەوە. حەپەسا، پڕ بە گیانی شەوق و خۆشی بوو. پیرەمێردەکە شمێلکییادێس بوو.

لەو دەمەی گوندی ماکۆندۆ ئاهەنگی بۆ گەڕانەوەی یادەوەری دەگێڕا، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و مێلکییادێس تۆز و غوباریان لەسەر شان و ملی هاوڕێتییە دێرینەکەیان دەتەکاند. قەرەجەکە بەو نیازەوە گەڕابووەوە کە لە گوندەکە نیشتەجێ ببێ. لە ڕاستیدا چووبووە دنیای

مـردووان، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی نەیتوانیبـوو بەتەنیـا بـژێ، جارێکـی دیکـە گەڕابـووەوە. بـە هـۆی وەفادارییـەوە بـۆ ژیـان، تیرەکـەی حاشـایان لـێ کردبـوو، بۆیەهەمـوو هێـز و توانـا بێسـنوورەکانی لەدەسـت دابـوو، بڕیـاری دابـوو پەنـا بـۆ شـوێنێکی دوورەپەرێـز و لاتەریـک بەرێـت، کـە مـەرگ هێشـتا سـەری لـێ نـەداوە. بڕیـاری دابـوو هەمـوو کاتەکانـی بـۆ دامەزراندنـی تاقیگـەی وێنـەی هەتـاوی تەرخـان بـکات. تاکـوو ئـەو ڕۆژە، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا هیـچ شـتێکی لەمەڕ ئـەو داهێنانـەوە نەبیسـتبوو. بەڵام کاتێک وێنـەی خـۆی و خاووخێزانـی لەسـەر قاڵبـە میتاڵـە ڕەنگاوڕەنگەکـە بینـی، بەتـەواوی حەپەسـا و سەرسـام بـوو. وێنـەی ژەنگاوییەکـەی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا لـەو سـەردەمەدا بـەم جـۆرە بـوو: قژبژێکـی ماشـوبرنج، دوگمەیەکـی مس یەخـەی کراسـەکەی داخسـتبوو، زۆر ڕەسـمییانە دیـار بـوو، ئەترەشـی چووبـوو، ئورسـولا بـە تریقـەی پێکەنینـەوە بـە "ژەنەراڵـی ئەترەشـچوو" وەسـف دەکـرد. لـە ڕاسـتیدا، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا، ئـەو سـەرلەبەیانییە سـاف و بێگەردەی مانگی دیسـەمبەرە، تەواوێک ترسـابوو، ئـەو دەمـەی وێنەکـەی دەگـرن، چونکـە خەیاڵـی بـۆ ئـەوە چووبـوو، کـە ئـەو کەسـانەیە، کـە ڕەسـمیان دەگیرێـت، لەبـەر ئـەوەی وێنەکەیان لەسـەر قاڵبـە میتاڵەکە چەسـپ دەبێت، بۆیـە ڕەنگـە وردەوردە کاڵ ببنـەوە. لەمـەوە، هەڵسـوکەوتی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا تووشـی گۆڕانـکاری هـات، بۆیـە ئورسـولا هەمـوو هەوڵێکـی دا، تـا ئەمـە لـە مێشـکی مێردەکـەی دەر بێنـێ، کینـە کۆنەکانـی لەیـاد کـرد و تەنانـەت بڕیاریشـی دا میلکییادێس بهێنێتـەماڵـەوە و لەگـەڵ ئـەوان بـژێ، (چونکـە

بە قسەی خۆی) نەیدەویست تا هەتایە ببێتە گاڵتەجاڕی کوڕ و کچەزاکانی، بۆیە نەیدەهێشت هەرگیزاوهەرگیز میلکییادێس وێنەی بگرێت. ئەو سەرلەبەیانییە جلوبەرگی جوانی لەبەری منداڵەکانی کرد، پۆدرەی لە دەموچاوی دان، بۆ ئەوەی بەرامبەر بە کامێراکە نەبزوێن، کە دوو خولەکی دەخایاند تاکوو میلکییادیس چرکەیەک بکات، بۆیە سەروکەوچک شەربەتی دانێ، لە گیراوەی مۆخ دروستی کردبوو. لەسەر وێنەی خێزانەکە، ئورسولا هەرگیز دەر نەچوو، ئاورێلیانۆ جلوبەرگێکی مەخمەڵیی ڕەشی لەبەردا بوو، لەنێوان ئامارانتا و ڕێبێکا ڕاوەستابوو. ڕوخسارێکی ڕەنگپەڕیوی هەبوو، نیگایەکی قووڵ، هەمان ئەو نیگایەی چەندین ساڵی دیکە، کاتێک بەرامبەر بە دەستەی گوللەباران ڕاوەستا. بەڵام لەو ساتەدا، هێشتا پێشبینیی چارەنووس و قەدەری خۆی نەکردبوو. زێڕنگەرێکی دەستڕەنگین بوو، هەموو خەڵکی دەوروبەری گۆلاوەکە ڕێز و حورمەتێکی تایبەتییان بۆی هەبوو، لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی، وردەکاریی جوانی دەنواند. ئەویش لە تاقیگە بوو، لەگەڵ ئامێرە سەیروسەمەرەکەی میلکییادێس، هەر بە ئەستەم گوێمان لە هەناسەی ئاورێلیانۆ دەبوو. دەتگوت خۆی داڵدە داوەتە زەمانێکی دیکەوە، لە کاتێکدا باوکی و قەرەجەکە خەریک بوون پێشهاتەکانی نۆستراداموسیان بە دەنگی بەرز لێک دەدایەوە: لەنێو کارەساتی ئەسیدی ڕژاو و شلەی برومورر زیوی بەفیڕۆدراو، ئەنیشکیان بەر یەک دەکەوت، پێیان ساتمەی دەکرد، کەمۆڵەی پرگیراوەی چەسپکەریان بەر یەک دەکەوت. ئاورێلیانۆ کارەکانی زۆر بەڕێکوپێکی

ئەنجام دەدا، زۆر بەوردییەوە کارەکانی ڕادەپەڕاند و بیری لەبەرژەوەندییەکانی خۆی دەکردەوە. ئەنجام: بە شێوەیەکی خێرا پارەیەکی باشی پێکەوە نا، تەنانەت ئورسولای دایکی لە فرۆشتنی ئەو شەکرۆکە و نوقڵەکانی دەستی نەدەکەت. هەمووشیان لە قەد و قیافەی ئاورێلیانۆ سەریان سوور مانوو، کەچی هەرگیز لەگەڵ ژنێکیش نەبینرا. ئەوەی ڕاستی بێ، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ژناندا نەبوو.

دوای چەند مانگێک، پیاوێک پەیدا بوو، ناوی فرانسیسکۆی پیاو بوو، پیرەمێردێک بوو، دوو سەدساڵێک ژیابوو، ئەمسەر و ئەوسەری دنیای کردبوو، زۆر جار سەری لە مۆکاندۆ دابوو، گۆرانیی دەگوت، هەر خۆشی هۆنراوەکانی دانابوون، بەوردییەوە، هەر بەگۆرانییەوە بەسەرهاتی ئەو گوندانەی دەگێڕایەوە، کە سەری لێ دابوون، هەر لە مەناورێوە تا دەگاتە سنووری گۆلاوەکە، هەرکەسێکیش هەواڵێکی هەبووایە، یا بیویستایە نامەیەکی پێ ڕابسپێرێ، ئەوە دوو قرووشی دەخستە چنگیەوە و ئەویش ڕاسپاردەکەی دەخستە هەگبەکەیەوە. شەوێکیان، هەر بە ڕێکەوت، ئورسولا بەنیاز بوو هەواڵی خۆسێ ئەرکادیۆی کوڕی ببیستێ، چوو گوێ بۆ گۆرانییەکانی فرانسیسکۆی پیاو ڕابگرێ، گوێی لە هەواڵی مەرگی دایکی بوو. بە فرانسیسکۆی پیاو بانگیان دەکرد، چونکە لە پێشبڕکێی گورانیی ئیرتیجالی، گرەوی لە شەیتان بردبووەوە، لە ڕاستییشدا کەس نەبوو ناوی ڕاستەقینەی بزانێ. لە سەردەمی تاعوونی خەوزڕاندا، ماکوندۆی جێ هێشتبوو، شەوێکیان بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت، لە مەیخانەکەی

کاتارینۆ چاویان پێی کەوتەوە. بۆ ئەوەی گوێ لە هەواڵ و دەنگوباسی دنیا بگرن، هەموو دانیشتووانی ئاواییەکە ڕژابوونە مەیخانەکەوە. ئەم جارەیان، فرانسیسکۆی پیاو ژنێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو. هەند قەڵەو بوو، دەبووایە چوار پیاوی هێندی سوورپێست هەڵی بگرن، تا لەسەر کورسییە بزێوەکەی دای دەنێن، کچێکی دووڕەگ بوو، هەرزەکارێکی بێکەسوکاری لە تەنیشت بوو، چەترێکی بە دەستەوە بوو، تا لە تیشکی هەتاو بیپارێزێ. ئاورێلیانۆ، ئەو شەوە چوو بۆ مەیخانەکەی کاتارینۆ. فرانسیسکۆی پیاو بینیی وەکوو قومقمۆکێک لەناوەندی حەشاماتێکی بزۆز دانیشتبوو. بە دەنگە دێرین و گڕەکەی هەواڵەکانی بەگۆرانی دەوتەوە، ئۆکۆردیۆنێکی کۆنی دەژەنی، کە لە شاری گویان سێر والتەر ڕولایت، بەدیاری پێشکەشی کردبوو. هەندە بەپێ ڕێی کردبوو، بە قاچە قڵیشاویە تۆزاوییەکەشی تەپەتەپی دەکرد و کێش و ڕیتمی بۆ ئاوازەکەی ڕێک دەخست. لە سەری سەرەوەش، بەرامبەر بەو دەرگایەی چەند پیاوێکی لێوە دەر دەچوون، خانمە قەڵەوەکە لەسەر قەنەفەیەکی یەکنەفەری دانیشتبوو، بەبێدەنگی باوەشێنی خۆی دەکرد. کاتارینۆ، گوڵێکی سووری لەلباد دروستکراوی لە بناگوێی گیر کردبوو، شەرابی نەیشەکری دەفرۆشت، ئەم دەرفەتەی بۆ ئەوە بوو، تا پیاوان لە خۆی نزیک بکاتەوە، دەستیشی بۆ ئەو شوێنانە دەبرد، کە نەدەبوو دەستیان بۆ بەرێ. ئاورێلیانۆش گوێی لە هەموو گۆرانییەکان گرت، لە یەکەم گۆرانییەوە بۆ دواگۆرانی، هیچ گۆرانییەک نەبووە مایەی سەرنجی و هیچ هەواڵی خێزانەکەی تیا نەبوو. بەتەما بوو

بگەڕێتەوە بۆ ماڵ، بە دەست، خانمە قەڵەوەکە ئاماژەیەکی بۆی کرد. پێی گوت، "دەی تۆش بچۆ ژوورەوە. خۆ تەنها هەر بیست سەنتاڤێکە و هیچی تر."

ئاورێلیانۆ چەند عانەیەکی فڕێ دایە ناو ئەو دەغیلەیەی خانمە قەڵەوەکە بە هەردوو ڕانی گرتبووی؛ بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی دەچێتە ژوورەوە، ئاورێلیانۆ خۆی کرد بە ژوورەکەدا. کچە دووڕەگە جحێڵەکە، مەمکۆڵەکانی بە مەمکۆڵەی دەڵەسەگیان دەکرد، لەسەر تەختەکە بەڕووتی پاڵ کەوتبوو. پێش ئەوەی ئاورێلیانۆ بچێتە لای، شەستوسێ پیاوی دیکە، هەر ئەو شەوە چووبوونە ژوورەکەیەوە. هەوای ژوورەکە هەند سیخناخ بوو، هالاوی ئارەقە تێکەڵی هەناسەیەکی زۆر ببوو، هەندە نەبوو ئەو ناوە ببێتە قوڕاو. کیژۆڵەکە چەرچەفەکەی لا دا و بە ئاورێلیانۆی گوت، تا چمکێکی چەرچەفەکە بگرێ. چەرچەفەکە هەندەی چارۆگەی بەلەمێک قورس دەبوو. بە ئاورێلیانۆی گوت، تاکوو ئەمسەر و ئەوسەری بگرن و بیگوشن، تا بارستاییە ئاساییەکەی وەر بگرێتەوە. لەبەر ئارەقە، دۆشەکەکەیان ئەمدیو و ئەودیو کرد، کەچی ئارەقە گەیشتبووە دیوەکەی دیکەی. ئاورێلیانۆ هیوای ئەوەی دەخواست، کە ئەم کارانە هەرگیز کۆتاییان نەیەت. دەیزانی ئەوین چۆن دەکرێت و دابونەریت ومیکانیسمەکەی دەزانی، بەلام لە توانایدا نەبوو هەڵبستێتە سەر پێ، چونکە ئەژنۆی شکابوو، سەرباری ئەوەی مووچڕک بە لەشیدا دەهات، بەتەواوی جەستەی داگیرسابوو، نەیدەتوانی بەرگەی ئەو ئارەزووە بگرێ، کە ئەو بارستاییەی ناوسکی بەتاڵ بکات. دوای ئەوەی

کیژۆڵەکە لە هەڵاودیوکردنی دۆشەکەکە و قەدکردنی چەرچەفەکە بووەوە، بە ئاوریلیانۆی گوت، با خۆی ڕووت بکاتەوە، لەناکاو بیرۆکەیەکی بۆ هات و گوتی، "پێیان وتم برۆ ژوورەوە. پێیان وتم بیست سانتاڤێک بخەرە دەغیلەکە و خۆت مەحتەل مەکە." کیژۆڵەکەش لەم شەرم و بێسەروبەرییە تێگەیشت، بە زمانێکی شیرین پێی گوت، "دەتوانی زیاتر لەگەڵم بمێنیتەوە، بەڵام کە چوویتە دەرەوە، بیست قرووشی دیکە بخەرە دەغیلەکەوە." ئاوریلیانۆ خۆی ڕووت کردەوە و شەرمێک بە تەواوی تاساندبووی، نەیدەتوانی ڕووتیی خۆی و ڕووتیی براکەی بەراورد نەکات. سەرەڕای هەموو هەوڵێک، کیژۆڵەکە تا دەهات، بێموبالات تر و بێ سنووریش هەستی بە تەنیایی دەکرد. بە نەبرەیەکی لێبووردنەوە وەڵامی دایەوە و گوتی، "بیست قرووشی دیکە دەکەمە دەغیلەکەوە." کیژۆڵەکە بەسەرلەقاندنەوە سوپاسی کرد. شوێنی برینێک بە پشتی کیژۆڵەکەوە بوو. پێستی نووسابووە قەبرغەیەوە، لەبەر ماندوویش هەناسەبڕکێی بوو. دوو ساڵ لەوەوبەر، لە شوێنێکی زۆر دوور، شەوێکیان، پێش ئەوەی مۆمەکان بکوژێنێتەوە، خەو دەیباتەوە، کاتێکیش چاو دەکاتەوە، ئاگر بەتەواوی گەمارۆی دابوو. خانووەکە بوو بە خۆڵەمێش، لەگەڵ داپیرەی لەو خانووە دەژیا، هەر ئەویش بەخێوکردنی گرتبووە ئەستۆ. لەو ڕۆژە بەدواوە، داپیرەی گوندبەگوندی پێ دەکرد، بۆ ئەوەی پارەی خانووە سووتاوەکەی پێ دەر بکا، بە بیست قرووش دەیخستە باوەشی پیاوانەوە. بە پێی ئەو حیسابەی کیژۆڵەکە کردبووی، هێشتا دە

ساڵێکی مابوو تاکوو ئەو بڕەپارەیە کۆ بکاتەوە، ئەمە بەو حیسابەی هەر شەوی لەگەڵ حەفتا پیاو بچێتە جێگەوە، چونکە دەبووایە پارەی سەفەر و خۆراکی هەردووکیانیشی لێ دەر بکرێت، ئەمە بەبێ ئەوەی باسی هەقدەستی چوار هیندییە پێستسوورەکەش بکرێت، کە کورسییە بزێوەکەیان لەسەر شان هەڵدەگرت. ئاورێلیانۆ بەبێ ئەوەی هێشتا بە کارەکەی خۆی هەڵسابێ، بۆ دووەمین جار خانمە قەڵەوەکە لە دەرگای دا، کاتێک ئەوێی جێ هێشت، گێژوویژ بوو، لە مەراقدا وەخت بوو دەست بە گریان بکات. ئەو شەوە خەو نەچووە چاوەکانی، بیری لە کیژۆڵەکە دەکردەوە، لە لایەک حەزی لە کیژۆڵەکە بوو، لە لایەکی دیکەش بەزەییی پێدا دەهاتەوە. پڕبەدڵ حەزی دەکرد ببێتە دڵداری و هەمیشەش بیپارێزێ. سپێدە بوو، ئێشک بەتەواوی ماندووی کردبوو، ئارەزوویەکی شێتانەش هەرەسانی لەبەر بڕیبوو، بڕیارێکی هێمنانەی لەگەڵ خۆی بڕی و وتی، دەیخوازێ بۆ ئەوەی لەدەست ئەو داپیرە زاڵم و زۆردارە دەری بهێنێ، هەموو شەوێکیش بەقەد حەفتا پیاو ئەویندارییی لەگەڵ بکات. بەڵام کاتێک، سەعات دەی بەیانی، چووە مەیخانەکەی کاتارینۆوە، کیژۆڵەکە گوندەکەی جێ هێشتبوو.

سەرەڕای ئەوەی کات بڕیارە سەرشێتانەکەی پێ هێور کردەوە، کەچی لە دووریی ئەو کیژۆڵەیە خەم و پەژارە دای دەگرت. پەیمانی بە خۆی دا تا لە ژیان ماوە، دەبێ بەبێ ژن سەر بنێتەوە: دڵی خۆی بەو بیرۆکەیە دەدایەوە. بەسەر شەرمی بێکەڵکیشدا زاڵ ببێ. لەو ماوەیەشدا، مێلکیادێس توانیی هەرچیی شتێک لە ماکۆندۆ هەبوو،

هەموو بگوازێتەوە سەر قاڵبە میتاڵەکانی و لە شێوەی وێنە تۆماریان بکات، تاقیگەی وێنەگرییەکەی دا بە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، چونکە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بڕیاری دابوو ئەم کامێرایە بۆ سەلماندنێکی زانستییانەی بوونی خودا بەکار بهێنێ. پرۆسەی ئاوێتەکردنی لە وێنەگرتندا بەکار هێنا، لە سووچ و گۆشەی جیاوازی ماڵەکەوە، وێنەی بەسەر وێنەوە بگرێ، لەوەش دڵنیا بوو، ئەگەر خودا بوونی هەبێت، ئەوە کە هەندەش نابات وێنەیەکی خودا دەگرێت، ئەگەریش بوونیشی نەبێت، ئەوە کۆتایی بەو هەموو گریمانانە دەهێنێت، کە بوونی دەسەلمێنێ. میلکیادێس قۆڵی لێ هەڵماڵی و خۆی بۆ قووڵبوونەوە لەمەڕ پێشهاتەکانی نۆستراداموس تەرخان کرد. شەوان تا درەنگ، لەنێو یەلەگە قەدیفە کاڵەوەبووە تەسکەکەی، هەندەی نەمابوو بتاسێ، بەدەست وپلێک، کە هەر بە هیی چۆلەکە دەچوون، خەریکی نووسین بوو، ئەنگوستیلەکەی پەنجەی بریقوباقی خۆی لەدەست دابوو، ئەنگوستیلەی زەمەنێکی دیکە بوو. شەوێکیان، لەوە دڵنیا بوو کە پێشبینییەکی دۆزیوەتەوە، کە ئایندەی ماکۆندۆ دیاری دەکات. ماکۆندۆ دەبێتە شاری ڕووناکی، هەموو خانووەکانی لە شووشە دروست دەکرێن، هیچ ئاسەوارێکی بنەماڵەکەی بوێندیاش نامێنێ. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەسەریا نەڕاندی و گوتی، "بەهەڵەدا چووی، خانووەکان لە شووشە نین، بەڵکوو خانووی سەهۆڵن، هەر وەکوو لە خەوندا بینیم، بۆ هەتاهەتاش بوێندیایەک هەر دەبێ بمێنێ." لەو خانووە عاجباتییەدا، ئورسولا هەولی ئەوەی دەدا ژیانێکی ئاسایی بەڕێوە بچێ؛

بەردەوام بوو لە دروستکردنی نوقڵ و شەکرۆکەکانی، شیکلی ئاژەڵی بچووکی پێ دەدان، سەبەتە سەموونیشی لە فرنەکەدا دەبرژاند، هەموو جۆرە شیرینییەکی دروست دەکرد، کێک و پسکیت. هەندەشی نەدەبرد، لە شەقام و کۆڵانە پێچپێچەکانی گوندەکانی دەوروبەری گۆلاوەکەش دەفرۆشران. ئورسولا گەیشتبووە تەمەنێک، مرۆڤ لەو تەمەنەدا پێویستیی بە حەسانەوە هەیە، کەچی ئەو تا دەهات، چالاکتر و گورجتر دەبوو. هەند سەرقاڵی کارەکەی ببوو، ئاگای لە هیچ نەمابوو. پاشنیوەڕۆیەکیان، بەئەستەم چاوێکی هەڵبڕی، سەیرێکی حەوشەکەی کرد، لەو ئانەی ژنە هیندییەکە خەریک بوو شەکری ڕۆ دەکردە هەویرەوە، لەنێو تیشکی خۆرنشینەوە چاوی بە دوو کیژۆڵەی هەرزەکاری نەناسراو کەوت، خەریکی چنین بوون، تا بڵێی جوان و نازدار بوون. ڕێبێکا و ئامارانتا بوون. تازە جلوبەرگی پرسەی داپیرەیان لەبەر داکەندبوو، سێ ساڵ دەبوو، بۆ ساتێکیش چییە، ئەو جلوبەرگەیان لەبەر دانەکەندبوو. جلوبەرگی ڕەنگاوڕەنگ و ئالۆوالایان لەبەردا بوو، دەتگوت شوێنێکی نوێیان لە جیهاندا داگیر کردووە. بە پێچەوانەوەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، ڕێبێکا زۆر جوان بوو. پێستێکی سپی، چاوەکانی گەورە، هێمن و ئاسوودە دیار بوو، دەستە ئەفسووناوییەکانی دەتگوت داوی نادیار بەنێو چنینەکەی ژێر دەستیدا تێدەپەڕێنێ. ئامارانتا لەو گەنجتر بوو، وەک بڵێی لە ڕێبێکا ئەفسوونی کەمتر بێ، بەڵام سروشتییانەتر بوو، سیمایەکی لەخۆباییانەی هەبوو، ئەم خەسڵەتەی لە نەنکی ڕەحمەتییەوە بۆ مابووەوە. سەرباری ئەوەی

ئەرکادیۆ وەکوو باوکی پتەو و چوارشانە و بەخۆ بوو، بەڵام لەچاو کیژۆڵەکاندا، هەر بە منداڵکاریێکی دەکرد. ئەویش لەگەڵ ئاوریلیانۆ خووی دایە زێرنگەری، هەر ئەویش فێری خوێندنەوە و نووسینی کرد. لە چاوترووکانێکدا ئورسولا ئەوەی بەبیردا هات، کە ماڵە جەنجاڵ بووە و ئەو منداڵانە کاتی شوو و ژنهێنانیان دێت. ئەوانیش دەبنە خاوەنخێزان و زۆر دەبن. کەمیی جێگە و ڕێگە، ناچاریان دەکا هەریەکە بۆ شوێنێک سەری خۆی هەڵبگرێ. بۆیە بیری لەو پارانە کردەوە، کە کۆی کردبوونەوە، بەرهەمی ساڵانێکی زۆری ڕەنج و ماندووبوونی بوو، ئەو قەرزانەشی وەر گرتەوە، کە کاتی خۆی دابووی بە کرێکارەکان. ویستی ئەو پارانە لە گەورەکردن و فراوانکردنی خانووەکەدا خەرج بکات. فەرمانی دا ژوورێک بۆمیوانان دروست بکرێت، هۆڵێکی فێنکتریش بۆ کاروباری ڕۆژانە، ژوورێک بۆ نانخواردن، جێگەی مێزێک و دوانزە کورسی و جێگەی خێزان و میوانانی لێ ببێتەوە؛ نۆ ژووری پەنجەرەداریش دروست بکرێن، کە هەموو بڕواننە حەوشەکە، هەیوانێکیش، بۆ ئەوەی ئینجانەی پڕ لە گوڵی تیا دابنرێ، هەیوانەکەش بە جۆرێک دروست بکرێ، کە هەتاوی نیوەڕوان لێی نەدا. هەروەها فەرمانی دا مەتبەخەکەش گەورە بکرێتەوە، دوو فڕنیشی لێ دابنرێت، عەمبارە کۆنەکەشیان ڕووخاند، لەو عەمبارەی کە پیلار تێرنێرا فاڵی کاغەزی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ گرتەوە، بۆ ئەوەی هەرگیز ئازووقە و زەخیرەیان لێ نەبڕێت، عەمبارەکەیان دوو ئەوەندەی دیکە گەورەتر کرد. فەرمانیشی دا لەناو حەوشەکە، لەژێر سێبەری شابەڕووەکە، دوو حەمام

دروست بکرێن، یەکێکی بۆ ژنان، ئەوەی دیکەیان بۆ پیاوان. لەوپەڕی حەوشەکەش تەوێڵەیەکی گەورە و کۆخە و کولانەیەک بۆ بەخێوکردن و ڕاگرتنی پەلەوەر و مریشک، زۆر بەجوانییش سیمبەند بکرێ. شوێنێکیش بۆ دۆشینی مانگا، هێلانەیەکی بەرکراوەش بۆ ئەوەی پەلەوەر و باڵندەی کێوی بێنێ و بۆخۆیان چینە بکەن. وەک بڵێی ئورسولاش تووشی سەرشێتییەکەی مێردەکەی بووبێت، کۆمەڵێ بەننا و دارتاشی دایە دوای خۆی، تاکوو ئاراستەکانی هەتاو و هاتنەژوورەوەی گەرمای تاوتوێ بکەن. بچووکترین شوێنی ماڵەکەیان بەهەند وەر دەگرت و دەیانپێوا. هەرچیی کەرەسە و بابەتی بیناسازی هەبوو، هەموویان لە تەلارە بنەڕەتییەکە دانا؛ کرێکاران دەستیان بەکار کرد، لەنێو ئارەقەدا شەلاڵ ببوون، دەهاتن و دەچوون، تکایان لە ئەم و ئەو دەکرت، تا بەر پێیان نەگرن، کەچی نەیاندەزانی ئەوە ئەوانن جێگە و ڕێگەی ئەوانی دیکەیان گرتووە. تەواوێک لەدەستی خرتە و خرمەی گشت ئەو ئێسقانانەی نیگەران ببوون، کە لەگەڵ دەمە خاکەنازەکانیاندا وەدەر دەکەوتن. لەنێو ئەو هەموو وەڕسبوونە، لەنێو تۆزی قسڵ و بۆنی قیردا، کەس نەیزانی چۆن لەنێو هەناوی ئەو خاکەدا، نەک تەنها گەورەترین خانوویان بووژاندەوە، بەڵکوو هەرگیز، خانووی لەو جۆرە، لەوەوە پێش لەو گوندەدا نەبینرابوو، تەنانەت فەراحترین و فێنکترین خانوو بوو لە هەموو ناوچەی دەمی گۆلاوەکە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەنێو ئەو هەموو بگرەوبەردە بێسەروبنانە، خەریک بوو دەستی بەسە چەسپکردنی هێزی خوداییدا دەگرت، بێئاگاترین کەس خۆی بوو. خانووە

تازەکە هەندەی نەمابوو تەواو ببێ، ئورسولا چووە لای، ویستی لە جیهانی وەهم و خەیالات دەری بهێنێ. چووە لای بۆ ئەوەی پێی بڵێ با فەرمان بدا، کە لەجیاتی ڕەنگی شین، دیواری خانووەکە بە سپی بۆیاغ بکەن، چونکە ئەمە ئارەزووی خۆیان بوو. ئورسولا ڕێنماییە ڕەسمییەکانی بە نووسین پێ نیشان دا. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بەبێ ئەوەی لە ژنەکەی تێبگات، ئیمزای نووسراوەکەی کرد و گوتی، " ئەم کابرایە کێیە؟"

ئورسولا بە نەبرەیەکی نیگەرانەوە وەڵامی دایەوە، "سەرۆکی شارەوانییە، وەکوو دەڵێن، لەلایەن حکومەتەوە ڕاسپێردراوە."

سەرۆکی شارەوانی، دۆن ئەپۆلینار مۆسکۆتێ، بەبێدەنگیی هاتبووە گوندی ماکۆندۆ. لە میوانخانەی یاقووب دابەزی بوو. میوانخانەیەک بوو، لەلایەن عەرەبێکەوە چاک کرابووەوە، یەکێک لەو عەرەبانەی هاتبوون، خرتوپرتیان بە تووتی دەگۆڕییەوە. بۆ ڕۆژی دوایی، ژوورێکی بچووکی گرت، ژوورەکەی دەیڕوانییە ئەو شەقامەی دوو بلۆک لە ماڵی بوێندیاوە دوور بوو. مێز و کورسییەکی لە یاقووب کڕیبوو، هێنای لە ژوورەکەی دانان، لۆگۆی کۆماریی لەگەڵ خۆی هێنابوو و لە قەد دیوارەکە هەڵیواسی، لەسەر دەرگاکەش تابلۆیەکی هەڵواسی، لەسەری نووسرا بوو "سەرۆکی شارەوانی." یەکەم فەرمانی پێڕاسپێردراوی ئەوە بوو، کە دەبوو بە بۆنەی ساڵڕۆژی سەربەخۆیی نیشتیمانییەوە، دیواری دەرەوەی خانووەکان بە ڕەنگی شین بۆیاغ بکرێن. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بە خۆی و

نووسـراوە یاسـاییییەکەوە چـوو بـۆ ژووره چۆلوهۆلەکـەی، هـەر ئـەو ژوورەشـی کردبـوو بـە نووسـینگە، بینیـی لەنێـو جۆلانەکەیـدا سـەرخەوێک دەشـکێنێ. پێـی گـوت، "ئـەوە ئێـوە ئەمەتـانێ نووسـیوە؟" دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ، پیاوێکـی کامڵ و شـەرمن بوو، دەموچاوێکی سـوور و سـپیی هەبوو. وەڵامـی دایـەوە، "بەڵـێ، ئەمـە مـن نووسـیومە." جارێکـی دیکـە خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا لێـی پرسـییەوە، "بـە چ حەقێـک؟" دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ چەکمەجەکـەی کـردەوە و لـە کاغەزێـک دەگـەڕا، دۆزییـەوە و کاغەزەکـەی بـۆ درێـژ کـرد، "منیـان بـە سـەرۆکی شـارەوانیی ئـەم گونـدە دەستنیشـان کـردووە." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیـا، تەنانـەت سـەیری کیتابـی تەعینبوونەکەشـی نەکـرد، بەهێمنـی پێـی گـوت، "لـەم گونـدە کـەس گوێڕایەڵـی پارچـە نووسـراوێکی ڕەسـمی نابـێ. دە بـا ئەوەشـت پـێ بڵێم، ئێمـە لێرە پێویسـتمان بـە قـازی نییـە، هیـچ خەتایـەک نەکـراوە تـا قازیمـان پێویسـت بـێ."

دۆن ئاپۆلینێـر مۆسـکۆتێ هێمـن بـوو. خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا، بەبـێ دەنـگ بـەرزی کردنەوە، بەوردی باسـی چۆنێتیی دروسـتکردنی گوندەکـەی بـۆ کـرد، چـۆن زەوییـەکان دابـەش کران، چۆن ڕێگەوبانەکانیـان دروسـتکرد، چۆن پێشـکەوتنیان قبـوڵ کـردووە، هەرکاتێـک پێویسـتی بووبێـت، گشـت ئەمانـە، بەبـێ ئـەوەی هیـچ گرفتێکیـان بـۆ دەوڵـەت دروسـت کردبـێ، بەبـێ ئـەوەی کەسـێک هاتبـێ و خـۆی هەڵقورتاندبێتـە کاروبارییانـەوە. خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا ئەوەشـی گـوت، "ئێمـە خەڵکـی هەنـد ئاشـتیخوازین، هێشـتا کەسـمان بـە مردنێکـی سروشـتی نەمـردووە. دەبـێ دیقەتـی ئـەوەت دابـێ،

کە تاکوو ئێستا گۆڕستانیشمان نییە." هیچ گلەییشی لەوە نەکردووە، کە حکوومەت بەپیریانەوە نەچووە و یارمەتیی نەداون. بە پێچەوانەوە، دڵی زۆر بەوە خۆش بووە، چونکە تاکوو ئێستا، دوور لە هەموو دەستتێکەڵکردنێکی دەوڵەت، گەشەیان بە بارودۆخی خۆیان داوە، چونکە ئەم گوندەیان بۆ ئەوە دروست نەکرد، تا لەپڕێکدا نەناسێک خۆی بکات بە گونددا و داوای ئەوەی بکات، کە ڕێنماییان بکات. دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ چاکەتێکی دەڵبی کەتانی سپیی لەبەردا بوو، سپی وەکوو پانتۆڵەکەی، هیچ گۆڕانکارییەک لە ڕەفتاری ئەو پیاوەدا بەدی نەکرا. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەڵی دایە و گوتی، "ئەگەریش دەتەوێ لێرە نیشتەجێ ببی، وەکوو هەر تاکێکی ئەم گوندە، وەکوو هاونیشتمانییەکی ئاسایی، ئەوە بەخێر بێیت و بەسەر هەردوو چاو. بەڵام ئەگەر بۆ ئەوەی هاتبێتی پاشاگەردانیمان بۆ بنێیتەوە، بەزۆرەملێ دانیشتووانەکە ناچار بکەی خانووەکانیان بە ڕەنگی شین بۆیاغ بکەن، ئەوەی بار و بارگەی خۆت بپێچەوە و لەکوێوە هاتووی، بڕۆرەوە بۆ ئەوێ. چونکە ڕەنگی خانووی من، دەبێ وەکوو ڕەنگی کۆترێکی سپی بێ."

دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ ڕەنگی سپی هەڵگەڕا. هەنگاوێک کشایە دواوە و شەویلاگەکانی جیڕ کردەوە، بۆ ئەوەی نیگەرانیی پێوە دیار بێ، گوتی، "دەمەوێ ئەوەی پێ ڕابگەیەنم، کە من چەکدارم."

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خۆشی نەیزانی چۆن چوستوچالاکیی هەرەتی لاویی بۆ گەڕایەوە، هێی

سەردەمانێک بوو، کە ئەسپی دەدا بە عەرزا. یەخەی دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێی گرت و تاکوو ئاستی چاو بەرزی کردەوە و پێی کوت، "ئەم کارەم بۆ ئەوەیە، تاوەکوو بەزیندوویی هەڵت بگرم، نەک تاکوو ماوم گوناحی کوشتنەکەت لەئەستۆ بگرم."

هەر ئاوها یەخەی توند گرتبوو، بردیە ناوەندی شەقامەکە، لەسەر ڕێگەی گۆلاوەکە، لەسەر هەردوو پێیەکانی، جارێکی دیکە دای نایەوە. هەفتەیەکی نەبرد، لەگەل شەش سەربازی تفەنگلەشان و پێخواس و پەڕپووت گەڕایەوە، گالیسکەیەکی بە دواوە بوو گا ڕای دەکێشت، ئەم جارەیان بە ماڵ و منداڵەوە هاتبوون: ژنەکەی و حەوت کچی لەگەڵدا بوو. دواتر، دوو گالیسکەی دیکەشی بەدواوە بوو، شتومەک و باوڵ و قاپوقاچاغی مەتبەخی لێ بار کرابوون. لەژێر چاودێریی سەربازەکاندا، خێزانەکەی بردە میوانخانەکەی یاقووب، تاکوو خانوویەکی دەست دەکەوێ و نووسینگەیەک دەدۆزێتەوە. دامەزرێنەرانی گوندی ماکۆندۆ بڕیاریان دا ئەم داگیرکارانە دەر بکەن. بە خۆیان و کوڕە گەورەکانیانەوە هاتنە لای خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، پێیان گوت هەموویان لە خزمەتی ئەودان. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا قاییل نەبوو، بۆی ڕوون کردنەوە، کە ئاپۆلینار مۆسکۆتێ لەگەل خاوخێزانەکەی گەڕاوەتەوە و سووکایەتیپێکردنی لەپێش ماڵومنداڵ، هیچ ڕەوا نییە. ئەوەشی گوتبوو، کە دەبێ مەسەلەکە ئاشتییانە چارەسەر بکرێ.

پێکەوە، لەگەل ئاوریلیانۆ چوو بۆ لای سەرۆکی شارەوانی. سمێڵێکی ڕەشی لوولی هەبوو، زۆریش

بەتەنگیەوە بوو، دەنگێکی هەند پتەوی هەبوو، لە جەنگدا ببووە سیفەتێکی. چەکیان پێ نەبوو، گوێیان لە پاسەوانەکان نەگرت، خۆیان کرد بە نووسینگەی سەرۆکی شارەوانیدا. دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتی هێمن و لەسەرخۆ بوو. دوو کیژی خۆی پێ ناساندن، کە لەو دەمەدا لەوێ بوون: ئامپارۆ شانزە ساڵ بوو، کیژۆڵەیەکی ڕەشتاڵەی وەکوو دایکی؛ ڕێمێدیۆس کیژۆڵەیەکی جوان بوو، نۆ ساڵ دەبوو یا نا، پێستتاڵ و چاوسەوز. هەردووکیان ئەفسوون بەخش و بەڕیز و بەئەدەب بوون. دوای ئەوەی چوونە ژوورەوە، یەکسەر کورسییان بۆ هێنان، بەڵام دانەنیشتن.

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گوتی، "چاکە هاوڕێی خۆم. کەواتە دەتانەوێ لێرە نیشتەجێ ببن، ئێمە ڕازین، بەڵام نەک لەبەر ئەوەی یەک-دوو چەتەت، کە لەگەڵ خۆتت هێناوە و لەپێش دەرگاکە پاسەوانن، بەڵکوو لەبەر خاتری ژن و کچەکانت."

دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ پێدەچوو ناڕەحەت بێ، بەڵام خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا نەیهێشت دەم بکاتەوە و ئەمەشی پێ گوت، "تەنها دوو مەرجت بۆ دادەنێم. یەکەمیان، هەرکەسە ئازادە خانووی خۆی بە چ ڕەنگێک بۆیاغ دەکات. دووەمیشیان، سەربازەکانیش، هەر ئێستا، بەبێ سێ و دوو دەبێ ئێرە بەجێ بهێڵن. ئێمە گەرەنتی ئەمن و ئاساییش دەگرینە ئەستۆ."

سەرۆکشارەوانی دەستی تەوقەی بۆ درێژ کرد و گوتی، "قسەی شەرەف؟"

خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا وەڵامی دایەوە، "قسەی

دوژمن" بە نەبرەیەکی تاڵیش گوتی، "دەمەوێ ئەمەشت پێ بڵێم، مـن و تـۆ دوو دوژمنـی یەکتریـن."

دەمەوعەسـر سـەربازەکان جانتاکانی خۆیانیان پێچایەوە. دوای چەنـد ڕۆژێـک، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا خانوویەکـی دیکـەی بـۆ سـەرۆکشـارەوانی و خێزانەکـەی دۆزییـەوە. جگـە لـە ئاورێلیانـۆ، جارێکـی دیکـە ئاسـایش و ئاسـوودەگی بـۆ مـزری هەمـووان گەڕایـەوە. سـەرباری ئـەوەی ڕێمدیـۆس بـە کچـە بچووکـی ئـەو دەشـیا، کەچـی دیمەنـی کچـە بچووکەکـەی سـەرۆک شـارەوانی، وەکـوو ئازارێـک لـە سـووچێکی جەسـتەی ئاورێلیانـۆ مایـەوە. هەسـتێکی فیزیکیـی وا بـوو، تەنانـەت لـە کاتـی ڕۆیشـتنیشـدا ئـازاری دەدا، دەتگـوت بەردێکـی بچـووک چووتـە نـاو پێڵاوەکانیـەوە.

# ٤

خانووە نوێیەکە، سپی وەکوو کۆتر، بە ئاهەنگی هەڵپەڕکێ کرایەوە. کاتێک ئورسولا ڕێبێکا و ئامارانتای بینی بوونەتە دوو کیژۆڵەی جحێڵ و جوان، ئەو دەمەوعەسرە بیرۆکەی ئەو ئاهەنگەی لەلا دروست بوو، بەبێ زیادەڕەوی، هەر ئەمەش بوو وای لە ئورسولا کرد خانووە نوێیەکە دروست بکات؛ بۆ ئەوەی هەر کچێک شوێن و حاڵ و ماڵی تایبەتیی خۆی هەبێ، تا بتوانن بانگهێشتی دۆستەکانیان لە کەشوهەوایەکی گونجاودا بکەن. بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژە بە ڕەونەقە هیچی نوقسان نەبێ، وەک کەنیزەیەک خۆی هەڵکردبوو، بۆ ئەوەی کاروبارەکان لە ئانوساتی خۆیدا تەواو ببن، دەهات و دەچوو، بە شتومەک دەیڕازاندەوە و دیکۆری گرانبەهای بە ڕادان دابوو، یەکێک لەو داهێنانە سەرسوڕهێنەرانەی ببووە مایەی دڵخۆشیی هەموو لاوانی گوندەکە، پیانۆیەکی میکانیکی بوو. پیانۆکەیان بە پارچەپارچەیی هێنابوو، پارچەکانیش کرابوونە چەندین سنوقەوە، لەگەڵ دۆلاب و موبلی ڤیەننایی و کریستاڵی وڵاتی بوهێم و قاپوقاچاغی شەریکەی هیندی و سفرەی هۆڵەندی و شەمدانی گرانبەها

و سولاحی و کەرەسەی ڕازاندنەوە و فەرشی جۆراوجۆر. ئەو شەریکەیەی ناردنی، پیانۆکەی پێ سپێردرابوو، پسپۆڕێکیشی لەگەڵ ناردبوو، ناوی پیەترۆ کرێسپی بوو، ناردبوویان بۆ ئەوەی پارچەکانی پیانۆیەکە پێکەوە ببەستێتەوە و کۆکی بکات و چۆنێتیی بەکارهێنانیشیان بۆ ڕوون بکاتەوە. فێرە سەما و هەڵپەڕکێی هاوچەرخیشیان بکات، لەو ڕووەوە شەش تۆماری مۆسیقای لەگەڵ خۆی هێنابوو.

پیەترۆ کرێسپی لاوێکی قژزەرد بوو، جوان و بەئەدەبی وا، هەرگیز پێشتر لە گوندی ماکۆندۆ نەبینرابوو، هەندە بەتەنگی پۆشاکیەوە بوو، بەو قرچەی گەرمایە، کراسێکی دەسچنی لەبەر بوو، بە کارکردنەوەوە ساقۆیەکی ڕەنگ تاریکی قورسیشی لەسەر شان بوو. شەلالی ئارەقە بوو، کاتێک قسەی کردبا، ماوەیەکی لەنێوان خۆی و خاوەنماڵدا دەهێشتەوە، وەک چۆن ئاورێلیانۆ لە کاتی کاری زێڕنگەریدا نغرۆ دەبوو، ئەویش چەند هەفتەیەک لە هۆڵەکە دەر نەچووە دەرەوە. سەرلەبەیانییەکیان، بەبێ ئەوەی دەرگا بکاتەوە و بانگی کەس بکات بۆ ئەوەی ببێتە شایەدی ئەو پەرجووە، لوولەی کاغەزە تۆمارە مۆسیقاییەکەی لەسەر پیانۆ میکانیکییەکە دانا: دەنگی تەقەتەقی چەکوشکاری و غەڵبەغەڵب و هاشوهووش ڕاوەستان، ئاوازێکی هارمۆنی و بێگەردی نۆتەی مۆسیقا بەرز بووەوە. هەر هەموویان، بەغاردان بەرەو هۆڵەکە چوون. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دەتگوت بەرق لێی داوە، نەک لەبەر جوانی و ناسکیی ئاوازەکە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی دەنگ بە شێوەیەکی سەربەخۆ

لە پیانۆکەوە دەر دەچوو، تووشی حەپەسان ببوو. ئەویش یەکسەر کامێراکەی برد و لەناو هۆڵەکە چەسپی کرد. هیوای دەخواست وێنەی ئەو مۆسیقاژەنە نادیارە بگرێ. ئەو ڕۆژە، لاوە ئیتالییەکە لەگەڵ ئەوان نانی نیوەڕۆی خوارد. ڕێبێکا و ئامارانتا خۆراکیان دەهێنا و لەسەر مێزەکە دایان دەنا، لە شێوەی بەکارهێنانی چەقۆ و چەتاڵی ئەو لاوە نازدارە، دەستسپی و قامکی بێئەنگوستیلەیە، تەواوێک تاسابوون. لە ساڵۆنەکەی تەنیشتیش، فێرە سەمای دەکردن. لە دوورەوە، بە یارمەتیی ئامێرێک، کە ڕیتمەکانی بۆ دەستنیشان دەکردن، فێری دەکردن، ئەم فێرکردنە لەژێر چاودێریی بەئەدەبانەی ئورسولا بەڕێوە دەچوو. هەردەمێک کچەکانی لەگەڵ پیەترۆ کرێسپی خەریکی فێربوونی سەما بوونایە، ئورسولا بۆ چاوترووکانێکیش هۆڵەکەی جێ نەدەهێشت. لە کاتی وانەوتنەوەدا، پیەترۆ کرێسپی پانتۆڵی تایبەتیی لەبەر دەکرد، تەنک و نەرموشل بوو، هەروەها کەوشی تایبەتیی سەماکردنی لەپێ دەکرد. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بە ئورسولای دەگوت، "پێویست ناکات هەندە خۆت نیگەران بکەی. ئەم پیاوە نێرەمووکە." تا بەتەواوی ئیتالییەکە گوندی ماکۆندۆی جێ نەهێشت، ئورسولا بەدرێژاییی وانەی سەما و مۆسیقا، هەمیشە چاودێریی دەکردن. ئیدی دەستیان بە ئامادەکارییەکانی ئاهەنگەکە کرد. بۆ ئەوەی ناوی گشت ئەوانەی داوەت دەکرێن، بنووسرێن، ئورسولا لیستێکی ئامادە کردبوو، ناوی هەموو دامەزرێنەرانی گوندی ماکۆندۆی لەسەر نووسرابوو، ماڵی پیلار تێرنێرا بترازێ، تا ئەو دەمە دوو منداڵی دیکەی بێباوکی ببوو. لە ڕاستییشدا،

هەڵبژاردنـی میوانـەکان پەیوەسـت بـوو بـە هەڵبژاردنێکـی دەستەبژێرانە، بەڵام هاوڕێیەتی و دۆستایەتییش بەدەر نەبوو لـەم هەڵبژاردنـە، چونکـە میوانـەکان تەنهـا هاوسـێیە کـۆن و نوێیەکانـی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیا نەبـوون، ئەوانەی پێش دامەزراندنی ماکۆنـدۆ هاتبوونـە ئـەوێ، بەڵکوو کوڕ و کچ و کوڕ و کچەزاکانیشیان بوون، کـە هـەر لـە منداڵییەوە دۆست و هاوەڵـی ئاورێلیانـۆ و ئەرکادیـۆ بـوون؛ کچەکانـی ئەوانیـش بـوون دەهاتنـە مـاڵ و لەگـەڵ ڕێبێـکا و ئامارانتـا چنینیـان دەکرد. ئاپۆلینـاری ماسکۆتێ، حاکمـی گوندەکە، تەنهـا خەمـی ئـەوەی هەبـوو مووچـە کەمەکـەی بەشـی بـکات و خەرجیـی دوو پۆلیسـە داربەدەستەکەی بەردەرگاکـەش دابیـن بـکات، لـە ڕووی دەسـەڵاتەوە، شـتێکی ئەوتـۆی بـۆ نەمابـووەوە. بـۆ ئـەوەی خەرجیـی ماڵەوەیـان سـووک بکـەن، کچەکانـی ئاپۆلینـار ماسکۆتێ ئەتولییـەی بەرگدوورییـان دروسـت کرد، گوڵـی دەسـتکرد و مرەبـای گوێاڤێیـان دروست دەکرد، نامـەی دڵدارییشـیان بـۆ ئەوانـە دەنووسـی، کـە پێویستییان بـەو جۆرە داڕشتنانە هەبوو. سـەرباری ئـەوەی کچکەلێکی زۆر بەئـەدەب و دڵسـۆز بـوون، لـە کیـژە هـەرە جوانەکانـی گوندیـش بـوون، سـەمای هاوچەرخیـان بەباشـی دەزانـی، تومـەز بـۆ ئاهەنگەکـە داوەت نەکرابـوون.

لـەو دەمـەی ئورسـولا و کچەکانـی موبلەکانیـان لـە سـنوقەکان دەر دەهێنـا، زیوەکانیـان دەسـڕییەوە تـا تـەواو بریقـەی دەدا، تابلۆکانیان بـە دیوارەکانـدا هەڵدەواسـی، وێنـەی کیژگەلێکـی لەسـەر بـوو، لەسـەر گەمـی پـڕ لـە گـوڵ و گوڵەبـاغ دانیشـتبوون؛ بـەو جـۆرە ڕۆحێکـی نوێیـان دەکـردە بـەر ئـەو

فەزا بەتاڵەی بەنناکان، دوای دروستکردنی خانووەکە، جێیان هێشتبوو. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا وازی لە وێنەگرتنی خودا هێنا، گەیشتە ئەو بڕوایەی کە خودا بوونی نییە؛ ئەوجا چوو بۆ لای پیانۆ میکانیکییەکە، تا هەڵی بوەشێنێتەوە و نهێنییە سیحراوییەکانی کەشف بکات. دوو ڕۆژ پێش ئاهەنگەکە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەدیار چەکوش و کلیلی پیانۆکەوە دۆش دامابوو، لە نووکی پێی تا تەوقی سەر، لەنێو گلۆڵەی سیم و ژێیەکاندا گیری خواردبوو، لە لایەکەوە توندی دەکرد، لەولاوە خاو دەبووەوە، تا بە شێوەیەکی هەڵەشەیی ئامێرەکەی لێک گیر کردەوە و خستیەوە سەر پێ. هەرگیز هەندە پەشێوی، وەک ئەو دوو ڕۆژەی پێشوو، لەناو ئەو ماڵە ڕووی نەدابوو، هەندە هاموشۆ نەکرابوو، بێنەوبەردە نەوترابوو، کەچی بۆ دەسپێکی ئاهەنگەکە، گەرچکی ڕۆنی لە ئانوساتی خۆیدا داگیرسێنران. دەرگاکانیان کردەوە، کوڕ و کوڕەزای دامەزرێنەرانی گوندی ماکۆندۆ هاتنە هەیوانە پڕ لە ڕوەک و گوڵ و گوڵزارەکەوە، هێشتا بۆنی چرێشی تەڕ دەهات؛ ژوورە بێدەنگەکان و باخچەکە پڕ لە بۆنی گوڵەباغ بوو، دواتر، بۆ ئەوەی سەیری ئامێرە ئەفسوونئامێزەکە بکەن، هەموو ڕژانە ساڵۆنەکەوە، پیانۆکەیان بە چەرچەفی سپی داپۆشیبوو. ئەوانەی لەوەوپێش لە گوندەکانی دەوروبەری گۆلاوەکە پیانۆی ڕاستەقینەیان بینیبوو، بە بینینی ئەم پیانۆیە تۆزێک نیگەران دیار بوون. بەلام ئورسولا بەتەواوی غەمبار دیار بوو، بۆ ئەوەی ڕێبێکا و ئامارانتا دەست بە سەما بکەن، ئورسولا لوولەی تۆمارگەی مۆسیقاکەی لە پیانۆکە گیر کرد. کەچی میکانیکیی پیانۆکە

ئیشی نەدەکرد. مێلکییادێس چاوی تەواو کز ببوو، نیمچەنابینایەک بوو، بێتاقەت و دامێزراو ببوو، هەموو ئەو زانیارییانەی جاران کۆی کردبوونەوە، بۆ چاککردنی پیانۆکە بەکاری هێنا، کەچی بێسوود بوو. بەڵام دواتر، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، هەر بەڕێککەوت دەستی بۆ برغویەک برد و لەسەرخۆ بای دا، دەنگی مۆسیقا لە ئامێرەکەوە بەرز بووەوە. سەرەتا دەتگوت تەقینەوەیەکە، بەڵام دواتر نۆتەکانی بە بەرەواژ دەوتەوە. چەکوشەکان جارێک لەملا و جارێکیش لەولا ژێیەکانی دەکوتی، بە شێوەیەکی کاتی کۆک بوونەوە و چەکوشە بچکۆڵەکانیش بەبێ ڕیتم کاریان دەکرد. کەچی نەوەکانی بیستویەک بنەماڵەی ئەو فزوولی و چاونەترسانەی، کە بەرەو ڕۆژئاوا ڕەوتیان کردبوو و زنجیرەچیاکانیان بڕیبوو و ڕێگەیان بەرەو زەریا کردبووەوە، گوێیان لە ئاوازی ناجۆر و ناکۆک نەبوو، تا بەرەبەیان هەڵپەڕین و سەمایان کرد.

پیەترۆ کرێسپی بۆ چاککردنی پیانۆ میکانیکییەکە گەڕایەوە. ڕێبێکا و ئامارانتا یارمەتییان دا ژێیەکان لە جێگاکانی خۆیان دابنێنەوە؛ کاتێک گوێیان لەو ئاوازانە بوو کە بەبەرەواژی لێدەدران، دەستیان کرد بە قاقای پێکەنین. لاوێکی هەند میهرەبان و نەجیب بوو، چیی دی ئورسولا چاودێریی نەدەکردن. ڕۆژێکیش پێش ئەوەی ماڵئاواییان لێ بکا، پیانۆ میکانیکییەکەی چاک کردەوە، بۆ ماڵئاواییش، ڕێبێکا و کوڕەکە، بەدووقۆڵی سەمایەکیان پێشکەش کرد، سەمایەکی هاوچەرخانە بوو، لە نایاب نایابتر ئەنجامیان دا. لە لایەکی دیکەشەوە، ئەرکادیۆ و ئەمارانتا هەند ناسک

و میهرەبـان بـوون، وێنەیـان نەبـوو. بـەلام بـە هاتنـی پیـلار تێرنێـرا، نماییشـەکەیان ڕاگـرت، لەگـەڵ دەسـتەیەکی دیکـە لـە بەردەرگاکـە بـوون؛ لەگـەڵ ژنێـک بەشـەڕ هاتبـوو، قـژی ڕادەکێشـا و گازی لـێ دەگرت و لێـی دەدا، چونکـە یەکێـک لـە ژنـەکان زاتـی ئـەوەی کردبوو بلێ سمتی ئەرکادیۆ بـە سـمتی ژنـان دەکا. نزیکەی نیوەی شـەو بوو، پیەترۆ کرێسپی داوای کـرد گوتارێکـی کورتـی شـاعیرانە پێشکەش بکات، بەڵێنیشـی پـێ دان، بەزووتریـن کـات دەگەڕێتـەوە لایـان. ڕێبێـکا تـا بەردەرگاکە لەگەڵی ڕۆیشت، دوای ئەوەی دەرگاکانی داخست و چراکانـی کوژانـدەوە، گەڕایـەوە بـۆ ژوورەکـەی و تێروپڕ گریـا. غـەم و پەژارەیـەک دای گرت، ژێر نەدەکرایـەوە، چەندین ڕۆژی خایانـد، تەنانـەت ئامارانتـاش هۆکارەکـەی پێنەدەزانـی. پاراستنی ئـەم ڕازە، بـە هیـچ شـێوەیەک سـەیر نەبـوو. هەرچەند بەڕواڵـەت میهرەبان و دڵخۆش بوو، بـەلام کەمدوو بوو، کەس نەبـوو پـەی بـە ڕازەکانـی دڵـی بەرێـت. کیژۆڵەیەکـی تـا بڵێـی جـوان بـوو، بالایەکـی ڕێـک و زراڤـی هەبـوو، بـەلام، لەسـەر کورسـییە بزۆکەکـە دادەنیشـت، کـە لەگـەڵ خـۆی هێنابـووی، چەندیـن جـار چـاک کرابـووەوە و ژێرئەنیشـکەکانیان لا دابـوو. هیـچ کەسـیش هەسـتی بـەوە نەکردبـوو، کـە هێشـتا ڕێبێـکا پەنجەمژینەکـەی تـەرک نەکـردووە. بۆیـە دەچـووە حەمـام و دەرگای لەسـەر خـۆی دادەخست. لـە کاتـی خەوتنیشـدا ڕووی لـە دیـوار دەکـرد، تـا خـەوی لـێ بکـەوێ. پاشـنیوەڕۆیانیش، ئەگەر بارانیش بباریبا، لەگەڵ دەستەخوشکەکانی، لـە هەیوانـە پـڕ لـە گـوڵ و گوڵزارەکـە دادەنیشـتن و خۆیـان بـە چنینـەوە خەریک دەکرد، کاتێک گڵەسووری کزر و ئەو خۆڵە تەڕانەی

دەبینی کە کرم لە هەناوی باخچەکەیان دەر هێنابوو، هەندێ جار سەرەداوی باسەکانی گوم دەکرد و بۆ نێو سۆزی رابردوو شۆڕ دەبووەوە، فرمێسکێکی گەرم بەلاڕوومەتیدا دەهاتە خوارەوە و بن مەلاشووی سوێر دەکرد. ئەم حەزە نهێنییەی جاران بە گیراوەی پرتەقاڵ و ڕێواسی تاڵ هێور دەکرایەوە، کەچی لە کاتی گریاندا ئەو حەزە ئاگری دەگرت و هێورکردنەوەی ئاسان نەبوو. جارێکی دیکەش دەستی بە گڵخواردن کردەوە. جاری یەکەم فزوولییانە بوو، وازی لێ هێنا، گومانی نەبوو ئەو قێزهاتنەوەیە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە چاکترین دەرمان بۆی. لە ڕاستییشدا وا بوو، نەیتوانی گڵەکە لەناو دەمیدا ڕابگرێ. بەڵام پێداگریی کرد، ئارەزووەکە، تا دەهات، گەشەی دەکرد و وردەوردەش ئیشتیا دێرینەکەی بووژایەوە، چێژی بۆ ئەو مەعدەنە سەرەتاییيانە دەکرایەوە، بێ کەم و زیاد ئیشتیایەک بوو، کە خۆراکە سەرەتاییەکان دەیبەخشینە مرۆڤ. تا کەس پێی نەزانێ، چنگەگڵی دەکردە گیرفانەکانیەوە و کەم کەمی لێ دەر دەهێنا و دەیخوارد، لە لایەکەوە دڵخۆش بوو، لە لایەکی دیکەش شێت و هار دەبوو، لە لایەک گوڵچنینە هەرە دژوارەکانی بۆ دەستەخوشکەکانی نیشان دەدا و باسی پیاوانی بۆ دەکردن و دەیگوت شایانی ئەوە نین، کە لەپێناویاندا گەچی قەد دیوار بخورێت. بە خواردنی ئەو چنگەگڵە، دووریی ئەو پیاوەی کەمتر دەکردەوە، واقیعیتر دەبوو، وەک بڵێی کاتێک لە سووچێکی ئەم جیهانە، بە چەمکە بریقەدارەکانی ئەو خاکە دەشێلێ، گەرموگوڕیی خوێنی خۆی دەبەخشێتە ڕێبێکا، تامی ئەو مەعدەنە چێژێکی خۆڵەمێشینی دەدایێ و ئارامی و ئاسوودەیی دەخستە

قووڵاییی دڵیەوە. پاشنیوەڕوانێک، بەبێ هۆ، ئامپارۆ مۆسکۆتێ داوای ئەوەی لێ کردن، کە ئارەزووی هەیە چاوی بە خانووەکەیان بکەوێت. ئامارانتا و ڕێبێکا بەم داواکارییە لەناکاوە سەغڵەت بوون، زۆر بەساردییەوە پێشەوازییان لێی کرد. کەچی خانووە تازەکەیان پێ نیشان دا، مۆسیقای پیانۆ میکانیکییەکەیان بۆ لێدا، شەربەتی پرتەقاڵ و بسکیتیان بۆ دانا. ئەمپارۆ کیژۆڵەیەکی نموونەیی و سالار بوو، خاوەن ئەفسوونێکی سروشتی بوو، هەڵسوکەوت و ڕەفتاری جوان بوو، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر کەم لەلایان مایەوە، کەچی ئورسولاش هەستی بەمە کردبوو. دوای دوو سەعات، کاتێک قسەوباس و گفتوگۆ خاو بوونەوە، ئەمپارۆ بێئاگاییی ئامارانتای قۆستەوە و نامەیەکی کردە چنگی ڕێبێکاوە. ئەویش کاتی ئەوەی هەبوو، کە چاوێک بخشێنێتە سەر "خانمی زۆر بەڕێز، ڕێبێکا بوێندیا." هەمان دەستخەت و بە هەمان مەرەکەبی سەوز نووسرابوو، کە ڕێنماییەکانی فێربوونی پیانۆی پێ نووسرابووە؛ نامەکەی نوشتاندنەوە و خستیە نێو سوخمەکەی و بە چاوێکی پڕ لە سوپاسگوزارییەوە سەیری کرد، بەڵێنێکی پەنهانی هاودۆستییەکی درێژخایەنی لە چاودا دەخوێندرایەوە، بگرەبۆ هەتاهەتا.

ئەو دۆستایەتییە لەناکاوەی نێوان ئەمپارۆ مۆسکۆتێ و ڕێبێکا بوێندیا هیواکانی ئاورێلیانۆی بووژاندەوە. یادەوەرییەکانی ڕێمێدیۆس بێوچان گینگڵی پێ دەدا، بەڵام نەیدەزانی چۆن جارێکی دی چاوی پێ بکەوێتەوە. کاتێک لەگەڵ مەگنیفیکۆ ڤیسبال و خێرینێلدۆ مارکێز، هاوڕێیە هەرە نزیکەکانی بوون، کوڕەکانی دامەزرێنەرانی گوندەکە

بـوون، بەدڵەڕاوکێـوە دەیڕوانییـە ئەتولییـەی دووریـنی جلوبەرگـی کچەکانـی مۆسـکۆتێ، بـەڵام تەنهـا چـاوی بـە خوشـکە گەورەکانـی دەکـەوت. هاتنـی ئەمپـارۆ مۆسـکۆتێ بـۆ ماڵیـان، هەمیشـە دەبـووە ئامـاژەیـەک بـۆ ئاوریلیانـۆ، ئامـاژەیـەکێ و بـە خـۆی دەگـوت، " دەبێ لەگەڵـی نەهاتبێ. بـە هـەر نرخێک بێ، دەبێ بێ." ئـەم پێشـهاتەی هەنـد بـە دڵنیایی و قەناعەتـەوە دووبـارە دەکـردەوە، ڕۆژێکیـان ئاریلیانـۆ لـە تاقیگەکـەی خەریکـی زێڕکەفتکردنـی ماسـییەک بـوو، لـەوە دڵنیا بوو کە مرازەکەی هاتۆتـە دی. هەنـدەی نەبـرد، هـەر بـە ڕووداو ڕووی دا، گوێـی لـە دەنگـە منداڵکارەکـەی ڕێمیسـیۆس بوو، چاوی هەڵماڵی، لـە ترسیشـدا دڵـی لێـی دەدا، چـاوی بـە کیژۆڵەکـە کـەوت هاتۆتـە بـەردەرگای تاقیگەکـەی، کراسـێکی ئاڵـی لەبـەردا بـوو، جووتێ پووتـی سـپیی هەڵکێشـابووە پێـی.

ئەمپـارۆ مۆسـکۆتێ هـەر لـە مەجازەکـەوە پێـی گـوت، "ڕێمیدیـۆس نەچێتـە ژوورەوە، خەریکـی ئیشـن."

بـەڵام ئاوریلیانـۆ دەرفەتـی ئـەوەی نـەدا گوێـی لـێ بـێ. ماسـییە بچکۆلـە زێڕینەکـەی بـە زریزەیەکـەوە هەڵواسـرابوو، سـەری زریزەکەشـی لـە دەم نابـوو و پێـی گـوت، "وەرە ژوورەوە.!"

ڕێمیدیۆسلێی نزیک بـووەوە، لەبارەی ماسـییە بچکۆڵەکەوە چەنـد پرسـیارێکی لێ کـرد، بـەڵام ئاوریلیانۆ لەنـاکاو هەسـتی بـە تەنگەنەفەسـییەک کـرد، نەیتوانـی وەڵامـی بداتـەوە. حـەزی دەکرد تا لە ژیاندا ماوە، لەتەنیشـت ئەو پێستئاڵە چاوکەژاڵەوە بمێنێتـەوە، لەتەنیشـت ئـەو دەنگـەی پێش هەمـوو پرسـیارێک، وەک ئـەو ڕێـزەی بۆ باوکـی هەیبـوو، بـە "سـینیۆر" دەسـتی

پـێ دەکـرد. مێلکییادێسـیش لـە سـووچێک، لەپشـت مێـزی نووسـین دانیشـتبوو، خەریکـی نووسـینی چەنـد هێماگەلێـک بـوو، کـە نەدەخوێندرانـەوە. ئاورێلیانـۆ ڕقـی لێـی دەبـووەوە. هیچی لەدەست نەدەهـات، تەنها ئەوە نەبێ، کە بە ڕێمێدیۆس بڵـێ ئـەو ماسییە بچووکەی پێشکەکەش دەکات، ئـەم دیارییـە هەنـدە ترسـی خسـتە دڵـی کیژۆڵەکـەوە و لـە چاوچووقانێکدا تێـی تەقانـد و بـۆی دەر چـوو. ئـەو پاشـنیوەڕۆیە، ئاورێلیانۆ حەوسـەڵەی نەمـا، ئـەو هیوایەشـی لەدەسـت دا، کـە بتوانـێ بەدزییشـەوە بـێ، چـاوی پـێ بکـەوێ. دەسـتی لـە کار هەڵگرت. بێوچـان بانگـی دەکـرد و هەوڵـی بێئەنجامـی دەدا، بـەڵام ڕێمێدیـۆس وەڵامـی نەدایـەوە. سـەری لـە ئەتولییـەی بەرگـدووری خوشـکەکانی دا، هەمـوو پەردەکانـیماڵـەوەی هەڵدایـەوە، سـەری لـە نووسـینگەی باوکـی دا، کەچـی چـاوی پێ نەکەوت، جگە لەو وێنەیە نەبێ، کە لەنێو تەنیاییەکەی تووشـی وەسوەسـەیەکی کوشندەی کردبـوو. لە هۆڵەکە، بە سـەعات لەگەڵ ڕێبێکا دەمایەوە و گوێی لە مۆسیقای پیانۆ میکانیکییەکە دەگرت. ڕێبێکا گوێی لەو ئاوازانە دەگرت، کە پیەتـرۆ کرێسـپی ڕای هێنابـوو بـۆ ئـەوەی سـەمای لەسـەر بکات. ئاورێلیانـۆش گوێـی دەگـرت، چونکـە هەمـوو شـتێک، تەنانـەت مۆسـیقاش، ڕێمێدیۆسـی وەبیـر دەهێنایـەوە.

ماڵەکـە غەرقـی ئەویـن بـوو. ئاورێلیانـۆ ئـەم ئەوینـەی بـە شـیعر دەهۆنییـەوە، شـیعر و ئەوینێـک، ئەوسـەری دیـار نەبـێ. شـیعرەکانی لەسـەر تۆمـاری پێسـت دەنووسـی، کـە مێلکییادێـس بەدیـاری دەیدایـێ، لـە قـەد دیـواری حەمامەکـە دەینووسـی، لەسـەر بازووەکانـی، لـە هەمـوو شـوێنێک، کـە

شکڵ و شێوەی ڕێمێدیۆسی تیا دەر کەوتبا: ڕێمێدیۆس لەنێو ئەتمۆسفێری خەواڵووی سەعات دووی پاشنیوەڕۆ، ڕێمێدیۆس لەنێو هەناسەدانی گوڵەباغەکاندا، ڕێمێدیۆس لەنێو نهێنیی پەپوولەی نێو دۆلابەکاندا، ڕێمێدیۆس لەنێو هالاویَ حەمامەکانی دەمەوکازیوە، ڕێمێدیۆس لە هەموو شوێنێ دەر دەکەوت و ڕێمێدیۆس و ڕێمێدیۆس هەتا دنیا ماوە. ڕێبێکا سەعات چواری پاش نیوەڕۆ، لەتەنیشت پەنجەرەکە، بەدەم چنینیەوە، چاوەڕێی ئەوینی دەکرد. دەشیزانی هێستری پۆستەچییەکان پانزە ڕۆژ جارێک دێت، کەچی ئەو هەر چاوەڕوان بوو، هەستی دەکرد ڕۆژێک دێ هەڵە بکەن و زووتر بێن. بەلام پێچەوانە کەوتەوە: جارێکیان هێسترەکە لە ئانوساتی خۆی نەهات. لە بێهواییدا وەخت بوو شێت ببێ، ڕێبێکا نیوەشەو لە خەو هەڵسا و چووە ناو باخچەکە و چلێسانە دەستی بە خواردنی گڵ کردەوە، وەخت بوو بمرێ، لە داخا دەگریا و کرمەکانی ژێر زەویی دەجوو و سەدەفی هێلکەشەیتانۆکەکانی بە ددان دەشکاند. تا دەمەوبەرەبەیان ڕشایەوە. بێحاڵ و لە هۆش خۆی چوو، بێشەرمانە دڵی کەوتە وڕێنەکردن. ئورسولای ئابڕووی چوو، قفڵی باوڵەکەی شکاند، شانزە نامەی بۆنداری دۆزییەوە، کە بە ئۆیەی پەمەییڕەنگ پێچرابوونەوە، گەڵای وشکەوەبوو و پەڕی گوڵ، کە لەنێو لاپەڕەی کتێبدا هەڵگیرابوون، پەپوولەی هێشکراوە، هەند ناسک، هەر دەستت بەری کەوتبا، هەڵدەوەرین.

تاقە کەس لەو هەموو غەم و پەژارەیە تێبگات، ئاورێلیانۆ بوو. هەموو پاشنیوەڕۆیەک، لەو کاتانەی ئورسولا هەوڵی

ئەوەی دەدا ڕێبێکا لەناو چڵپاوی ئەو هەموو وڕێنانە ڕزگار بکات، ئاورێلیانۆ لەگەڵ ماگنیفیکۆ ڤیسبال و خێرینێلدۆ مارکێز دەچوو بۆ مەیخانەکەی کاتارینۆ. بە دیوی دەرەوە، چەندین ژووری لەتەختەدروستکراویان بۆ مەیخانەکە زیاد کردبوو، ژنانی سەڵتی تیا دەژیان، بۆنی گوڵی پەژمووردەیان لێوە دەهات. دەستەی ئەکۆردیۆنژەن و تەپڵژەن گۆرانییەکانی فرانسیسکۆی پیاویان دەوتەوە، کەچی بۆ ماوەی چەندین ساڵ بوو پێی نەخستبووە گوندی ماکۆندۆوە. ئەم سێ هاوڕێیە هاوتەمەنە شەرابیان دەخواردەوە، بەڵام ماگنیفیکۆ و خێرینێلدۆ دنیادیدە، سەریان زیاتر لە دنیا دەر دەچوو، بە ئوسووڵ دەیانخواردەوە و ژنەکانیان لەسەر کۆش دادەنا. یەکێک لەو ژنانە هەڵپرووکاو بوو، تاخمی ددانەکانی لە زێڕ بوون، نەوازشێکی لەگەڵ ئاورێلیانۆدا دەکرد، هەموو لەشی ئاورێلیانۆی تووشی لەرزین کرد. ژنەکەی وەلاوە نا. ئەوەی بۆ دەر کەوت، تا زیاتر بخواتەوە، هەندەی دیکە بیر لە ڕێمێدیۆس دەکاتەوە، کەچی بەرگەی ئەشکەنجەی ئەم یادەوەرییانەش زیاتر دەگرێ. نەیزانی کەی بوو هەستی کرد سەر ئاو کەوتووە. هاوڕێ و ژنەکانی بینی وەکوو ئەوەی لەنێو ڕووناکییەکی تیشکهاوێژدا مەلە بکەن، نە بارستیان هەبوو، نە شکڵ و شێوە، وشەیان لێ هەڵدەوەری، بەڵام لە دەمیانەوە دەر نەدەچوو، هێماگەلێکیشیان دەکرد لەگەڵ ئەو ئاماژانەی دەیانکرد، نەدەگونجان. کاتارینۆ دەستێکی خستە سەر شانی ئاورێلیانۆ و پێی گوت، "وا سەعات دەبێتە یانزە." ئاورێلیانۆ ئاوڕێکی لێی دایەوە، ڕوخسارێک زەبەلاح و شێواوی بینی، گوڵێکی دەستکردی لە بناگوێی دانابوو،

لەناکاو، وەکوو زەمانی تاعوونی خەوزڕان، زاکیرەی لەدەست دا، تاکوو بەربەیان هۆشی نەهاتەوە بەر. بۆ سەرلەبەیانی، هەستی کرد زۆر لە کات دوور کەوتۆتەوە، لە ژوورێکی نەناسراو خۆی بینییەوە و پیلار تێرنێرای بینی، جلی شەوی لەبەردا بوو، پێی پەتی، قژی شانەنەکراو، خەریکی داگیرساندنی چرایەک بوو. کاتێک ئەمەی بینی، بڕوای نەدەکرد، پێی گوت، "ئاورێلیانۆ!"

ئاورێلیانۆ بەزەحمەت کەوتەوە سەر پێی خۆی و سەری بەرز کردەوە. نەیدەزانی چۆن گەیاندراوەتە ئەوێ، بەلام هۆکارەکەی پێ دەزانی، هۆکارێک بوو، هەر لە منداڵییەوە لەناو ناخی دڵیدا شاردبوویەوە و وەلامی دایەوە "هاتووم لەگەڵ تۆ بخەوم."

جلوبەرگە قوڕاوییەکەی بە ڕشانەوە پیس ببوو. لەو سەردەمە، پیلار تێرنێرا تەنها لەگەڵ دوو کوڕی گەنجی خۆی دەژیا، هیچ پرسیارێکی لێ نەکرد. بردیە سەر تەختی خەوتن. بە پارچەیەکی تەڕ دەموچاوی سڕییەوە، جلەکانی لەبەر داکەند، جلەکانی خۆشی داکەند، پەشەبەندەکەی دادایەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هات و کوڕەکانی لە خەو هەڵسان، نەیانبینن. پیلار تێرنێرا وەڕس ببوو، هەندە چاوڕێی پیاوێک بکات بۆ ئەوەی لەگەڵی بژێ، پیاوانێک کە ئەویان جێ دەهێشت، زۆرێکی بێژمارێش ڕێگەی ماڵی ئەویان دەگرت، کەچی، کەم تا زۆر، لەنێو کاغەزی فاڵە گوماناوییەکانی ئەودا تێکەڵوپێکەڵ دەبوون. هەندە چاوەڕێی کردبوون، پێستی دەموچاوی چرچولۆچ ببوو، مەمکەکانی شل و خاو بوونەوە، پەنگرەکانی ناو دڵیشی دامرکابوونەوە. لەنێو

تاریکیدا دەستی بۆ ئاورێلیانۆ برد، دەستی خستە سەر سکی، بە سۆزێکی زۆر دایکانەوە گەردنی ماچ کرد و بە چرپەیەکیش پێی گوت، "ڕۆڵە هەژارەکەی خۆم!" ئاورێلیێنانۆ مووچڕکێکی هاتێ. بە لێزانییەکی بلیمەتانەوە، بەبێ ئەوەی بچووکترین هەڵە بکات، هەموو خەم و پەژارەکانی لەدووی خۆی جێ هێشت، چاوی بە ڕێمێدیۆس کەوت، بووە بە گۆلاوێکی فراوانی بێسنوور، بۆنی لەشی فێنک و دەرپێ و مەمکلفی تازەئوتووکراوی کرد. کاتیک هاتەوە ئاگا، دەگریا، سەرەتا بە چەند هەنسکێکی پچڕپچڕ و بەبێ ویست دەستی پێ کرد، پاشان هەستی کرد شتێکی ئاوساو و ئازاربەخش هەناوی دەسووتێنێ، ڕێژنەیەک فرمێسک چۆڕەیان هات و هەموو هەناوی ئارام کردەوە. پیلار تێرنێرا چاوەڕێی دەکرد، بە نووکی پەنجە سەری دەخوراند، تاکوو لە دەست ئەو شالاوە تاریکە ڕزگاری بکات، کە ژیانی لێ حەرام کردبوو. پیلار تێرنێرا لێی پرسی، " ناوی چییە؟" ئاورێلیێنابۆ ناوی کەسەکەی پێ گوت. ئەویش دایە قاقای پێکەنین، لەو قاقایانەی جاران کۆتری پێ ڕادەچڵەکی، کەچی ئێستاش منداڵێکێش لە خەو هەڵناسێنێ. بەتەوزەوە پێی گوت، "دەبێ لە شیر بیبڕیتەوە." لەپشت ئەم گاڵتەپێکردنە، ئاورێلیانۆ هەستی بە سۆزی ئەو دەکرد. کاتیکیش لە ماڵەکە چووە دەرەوە، هەموو ئەو گومانانەی لەسەر دڵ ڕەوییەوە، کە لەبارەی پیاوەتیی خۆی هەیبوو، تەنانەت لە کۆڵی ئەو بارستاییە تفت و تاڵەش بووەوە، کە چەند مانگێک دەبوو لە ناخی دڵیدا هەڵی گرتبوو. پیلار تێرنێرا زۆر عەفەوییانە ئەم بەڵێنەی لەگەڵی بڕییەوە و پێی گوتبوو،

"لەگەڵ کیژۆڵەکە قسە دەکەم و هەر هەندەت بینی، لەسەر سینییەکیش دەیهێنمە پێشت."

بەڵێنەکەی بردە سەر. بەڵام لە ساتێکی نارێکدا، چونکە ژیانی لەناو ماڵ ئاسوودەییی چەندین ڕۆژی لەوەوپێشی نەمابوو. کاتێک ئامارانتا درک بە ئەوین و شەیدابوونی ڕێبێکای کرد، لەبەر هاتوهاوار نەیدەتوانی بیشارێتەوە، تووشی تایەکی کوشندە بوو. ئەویش بە دەستی ئەوینێکی تاکلایەنەوە، خەم و ئازارێکی زۆر یەخەی گرت. دەرگای حەمامی لە خۆی دادەخست، دەیویست بە نووسینی نامەی ئاگراوی، شێت و شەیدایی هێور بکاتەوە، هەموو نامەکانیشی لەناو باوڵەکەی دەشاردەوە. ئورسولا نەیدەزانی چۆن چارەسەری ئەو دوو نەخۆشە بکات. دوای چەندین بگرەوبێنە و پرسیار و سۆراغکردن، تەنانەت نەیتوانی هۆکاری نەخۆشییە ئازاراوییەکانی ئامارانتاشی بۆ ساغ ببێتەوە. تا ڕۆژێکیان، وەک ئەوەی لەناکاو سروشێکی بۆ هاتبێ، قفڵی باوڵەکەی شکاند و چاوی بە نامە پێچراوەکانی کەوت، بە ئۆیەی ڕەنگ پەمەیی پێچرابوون، بە گوڵی بەرفی، هێشتا نەژاکابوون و تەڕ بوون، ئاوسابوون. گشت ئەو نامانە بۆ پیەترۆ کرێسپی نووسرابوون، بەڵام هیچیانی بۆ نەناردبوو. ئورسولا لە داخا دەستی بە گریان کرد، ئەو ڕۆژەی بەنەعلەت کرد، کە بیرۆکەی کڕینی ئەو پیانۆ میکانیکییەی بە خەیاڵدا هات؛ دەرزیی چنینی قەدەغە کرد، بەبێ ئەوەی کەسێکیش مردبێ، پرسەی دانا، دەبێ پرسەکەش درێژە بکێشێ، تا ئەو ڕۆژەی کچەکانی دەستبەرداری ئەو خەونانە دەبن. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا،

وەک چۆن پێشتر، لە بەکارهێنانی پیانۆ میکانیکییەکەوە، ستاییشێکی زۆر بلیمەتی و لێزانیی پیەترۆ کریسپێی کرد، هەر ئاوهاش پەشیمان بووەوە. کاتێکیش پیلار تیرنێرا بە ئاورێلیانۆی گوت کە ڕێمێدیۆس ئامادەیە شووی پێ بکات، دەسبەجێ ئاورێلیانۆ لەوە تێگەیشت، کاتێک دایک و باوکی گوێیان لەم هەواڵە دەبێ، دوو ئەوەندەی دیکە غەم و پەژارە دایان دەگرێ. لە کۆبوونەوەیەکی ڕەسمییانە، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و ئورسولا زۆر بەشێلگیرییەوە گوێیان بۆ داخوازییەکانی کوڕەکەیان شل کرد. بەڵام کاتێک گوێیان لە ناوی دەزگیرانەکەی بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەبەر تووڕەیی سوور هەڵگەڕا و نەڕاندی و گوتی، "ئەوین تاعوونێکە بۆخۆی. کیژی جوان و شەرفەمەند بڕابوو، تۆش تاقە شتت بە مێشکتدا هاتبێ، ئەوەیە بچیت دەست تێکەڵی دوژمنێک بکەی!" کەچی، ئورسولا بە بژاردەی ئاورێلیانۆ قاییل بوو. ئەوەشی لێ نەشاردنەوە، کە هاوسۆزیی هەیە بۆ هەرحەوت کچەکەی مۆسکۆتێ، چونکە جوانن، کارزانن، ڕووسوور و ئابڕومەندن، لەسەرروو هەمووشیەوە، زۆر بەئەدەبن؛ بە ژیریی کوڕەکەشی دڵخۆش بوو. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کەوتە ژێر باری ژنەکەی، قەناعەتی پێ کرد، بەڵام مەرجێکی دانا: دەبێ ڕێبکاش بدەینە پیەترۆ کرێسپی. ئەگەر ئورسولاش کاتی ببێ، دەبێ ئامارانتا لەگەڵ خۆی بەرێ بۆ پایتەختی هەرێم، بۆ ئەوەی چاوی بە دونیای دەرەوە بکەوێت، بەڵکوو هیوا وشەیدایی ئەم ئەوینەی لە مێشک دەر بچێ. کاتێکیش ئەم موژدەیەیان بە ڕێبێکا گەیاند، تین و گوڕی هاتەوە بەر، خێرا نامەیەکی بۆ

دڵخوازەکەی نووسی و قاییلبوونی دایک و باوکی بۆ باس کرد و وێڕای دڵخۆشیی خۆشی، هەر بە دەستی خۆشی نامەکەی بردە پۆستەخانەکە. ئامارانتاش خۆی وا دەر خست، کە بەم قاییلبوونە ڕازییە، وردەوردە تایە کوشندەکە بەری دەدا، بەڵام سوێندی خوارد، پێش شووکردنی ڕێبێکا، دەبێ سەرەتا بەسەر لاشەی ئەودا تێبپەڕێ.

بۆ شەممەی دوایی، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا سترە و پانتۆڵە ڕەشەکەی کردەوە بەر، ملیوانە یەخە کراوەکە و ئەو چەکمە قاییشانەشی لەپێ کرد، کە یەکەم جار لە ئێوارەی ئاهەنگەکە لەپێی کردبوو، ڕێک و ڕاست چوو بۆ خوازبێنیی ڕێمێدیۆس مۆسکۆتێ. سەرۆکشارەوانی و خێزانەکەی دڵخۆش و نیگەران دیار بوون، چونکە لە لایەک هۆکاری ئەم سەردانەیان نەدەزانی، لە لایەکی دیکەش وایان هەست کرد، ڕەنگە ناوی دەزگیرانەکەی ئاوریلیانۆیان لێ تێک چووبێ. بۆ ئەوەی نیگەرانییەکە بڕەوێننەوە، دایکی ڕۆیشت تا کچەکەی لە خەو هەڵسێنێ، هەر بە باوەش هەڵی گرتبوو و هێنای بۆ ژووری میوان، کیژۆڵەکەش هێشتا خەو بەری نەدابوو، خەواڵوو دیار بوو. لێیان پرسی ئەرێ بەڕاستی دەیەوێ شوو بکات، ئەویش بەدەم گریانەوە گوتی، تاقە ئارەزووی ئەوەیە، لێیگەڕێن بخەوێتەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا باش لە نیگەرانیی خێزانی مۆسکۆتێ تێگەیشت، بۆ ئەوەی ئەم مەسەلەیەی لەلا ڕوون ببێتەوە، ویستی پرسیار لە ئاوریلیانۆ بکات. کاتێک بۆ جاری دووەمیش گەڕایەوە ماڵی مۆسکۆتێ، بینیی جلوبەرگی ئاهەنگیان لەبەر کردووە، شوێنی موبیلەکانیان گۆڕیوە و گوڵی تازەیان لە ئینجانەکان

داناوە، لەگەڵ کچە گەورەکانیانیش چاوەڕوانی میوانیان دەکرد. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا وەخت بوو ملیوانە ڕەقەکەی بیتاسێنێ، تەواوێک هەرەسانی لەبەر بڕیبوو. ئەوەشی پشتڕاست کردوە، کە بەڵێ، هاتوون بۆ خوازبێنیی ڕێمێدیۆسی شۆخوشەنگ. دۆن ئاپۆلینێر مۆسکۆتێ بەحەپەسانەوە گوتی، "ئەمە هیچ مانایەکی نییە. ئێمە شەش کچی دیکەمان هەیە، هیچیان شوویان نەکردووە، هەموویانیش لە تەمەنی شووکردنن، زۆر شەرفەمەند دەبن ببنە هاوسەری لاوێکی زرنگ و شیاو، وەکوو کوڕکەی جەنابت، بەلام ئاورێلیانۆ چاوی بڕیوەتە ئەو کچەی کە هێشتا لە جێگە خۆی تەڕ دەکات." ژنەکە خانومانەکەی، پێڵووی غەمناکی هەبوو، ڕوخسارێکی غەمگین، گلەیی و گازەندەی مێردەکەی کرد. دوای ئەوەی محەلەبیی مێوەکانیان خوارد، هەموو بە هەڵبژاردنەکەی ئاورێلیانۆ ڕازی بوون. خاتوون مۆسکۆتێ، داوای ئەوەی کرد دووبەدوو چاوی بە ئورسولا بکەوێت. ئورسولا دڵی خەتەرەی دەدا، دڵی بەوە خۆش نەبوو، کە هەڵی بقوڕتێننە ناو کاروباری پیاوانەوە، بەلام لە ڕاستیدا دلگوشراو بوو و جۆشی دەدا، بۆ ڕۆژی دوایی، چوو بۆ ماڵی مۆسکۆتێ. هەر نیوسەعاتی پێچوو، دوایی بە هەواڵی ئەوەی ڕێمێدیۆس هێشتا باڵغ نەبووە، گەڕایەوە ماڵ. ئاورێلیانۆ ئەمەی بە گرفت و کۆسپ نەزانی. هەندەی چاوەڕێی کردبوو، دەیتوانی بەقەد ئەوەی پێویست بکات، چاوەڕێ بێ تا ئەو دەمەی دەزگیرانەکەی ئامادە دەبێ.

ئەگەر مەرگی میلکییادێس نەبووایە، ژیان ڕەوتە

ئاساییبیەکەی خۆی وەر گرتبووەوە، جارێکی دیکە بارودۆخەکەی ناهەموار کردەوە. پێشبینیی مەرگی دەکرا، بەڵام لەو ئانوساتەدا نا. چەند مانگێک دەبوو گەڕابووەوە، بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەر پیر دەبوو، بە باپیرەگەورەیەکی لەکەلککەوتووی دەکرد، وەکوو تارمایی لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور دەچوو، پێیەکانی بەدوای خۆیدا دەخشاند، بە دەنگی بەرز باسی ڕۆژگارە شیرین و خۆشەکانی دەکرد، کەس نە بەتەنگی ئەوەوە بوو، نە بیری لێ دەکردەوە تا ئەو سەرلەبەیانییەی لاشەکەیان لەسەر جێگەکەی بەمردوویی دۆزییەوە. سەرەتا، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لە ڕاپەڕاندنی کارەکانی یارمەتیی دەدا، گەرموگوڕیی بۆ ئامێری کامێراکەی نیشان دا و پێشبینییەکانی نۆستراداموس لەلا سەرنج ڕاکێش بوون. کەچی، تا دەهات، بەزەحمەت لە یەکتر دەگەیشتن، ئیدی وردەوردە بەتەنیا جێی دەهێشت. مێلکیادێس هەستی بینین و گوێگرتنی لەدەست دا، کاتێک قسەی دەکرد، ئەوانەی لەگەڵی دەدوان و ئەوانەی سەردەمانێکی زوو ناسیبوونی، لێی تێکەڵ دەبوون؛ کاتێکیش پرسیارێکی لێ کرابا، بە لەهجە و زمانی جیاوازی تێکەڵوپێکەڵ وەڵامی دەدایەوە. کوێرانە بەملا و ئەولادا هەنگاوی دەنا، بەڵام خۆی لە شتەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش لا دەدا، دەتگوت لە ئاڕاستە دۆزینەوەدا خاوەن هەستێکی تایبەتە، پشتی بە هەستی کتوپڕ دەبەست. ڕۆژێکیان، تاخمی ددانەکەی لەتەنیشت جێگەکەی لەبیر کردبوو، لەناو پەرداغێکی ئاودا دای نابوو، چیی دی بیرلێبیر نەیخستەوە دەمی. ئەو کاتەی ئورسولا بڕیاری دا خانووەکە گەورەتر و فراوانتر بکات، لەتەنیشت

تاقیگەکەی ئاریلیانۆ ژوورێکی بۆ میلکیادێسیش دروست کرد، دوور بوو لە هەموو هاژەهاژ و تەقەتەقی کاروباری ناو ماڵ، پەنجەرەیەکیشی هەبوو، خۆرەتاو زۆر بەجوانی داهاتە ژوورەوە، ڕەفەیەکیشی تیا بوو بۆ ئەوەی کتێبەکانی لەسەر دابنێ، ئەو کتێبانەی مووروانە و تەپوتۆز کردنی بە خۆراکی خۆیان. لاپەڕەکان هەند تەنک ببوون، بە هێماگەلێکی بێواتا داپۆشرابوون، لەناو پەرداغی تاخمی ددانەکانیشدا، توێژێ قەوزە و ڕوەکی ئاویی شین ببوو، تەنانەت گوڵی زەردی بچووکیشیان گرتبوو. پێدەچوو میلکیادێس لە ژوورە نوێیەکەی دڵخۆش بێ، تەنانەت لە ژووری نانخواردنیش کەس نەیدەبینی. تەنها سەری لە تاقیگەکەی ئاوریلیانۆ دەدا، لەسەر ئەو پێستانەی لەگەڵ خۆی هێنابوونی، بە سەعات خەریکی نووسین بوو، نووسینی تەلیمساویی دەنووسی، لە کاتی نووسینیشدا، کاغەزەکان وەکوو نانەڕەقی تەنک خرتەخرتیان دەکرد. هەر لە ژوورەکەی خۆشی نانی دەخوارد، ڤیسیتاسیۆن ڕۆژی دوو ژەم خۆراکی بۆ دەبرد، کەچی بەم دواییە ئیشتیای نەمابوو، تەنها هەر تەڕە و سەوزەی دەخوارد. هەندەی نەبرد، ڕەنگوسیمای ئەو کەسانەی وەر گرت، کە ڕوەکخۆرن. ڕەنگی پێستەکەی دەتگوت کەڕوویەکی تەنکی لەسەر نیشتووە، هەر بەو کەڕووانەی دەکرد، کە لەسەر یەلەگەکەی نیشتبوون، یەلەگەکەی قەد لەبەر نەدەکردەوە، هەناسەشی بۆنی ئاژەڵێکی خەوتووی هەبوو. هەندەی نەبرد، ئاوریلیانۆش میلکیادێسی لەبیر دەکرد، لەنێو هۆنینەوەی شیعرەکانی غەرق ببوو، بەڵام لە ساتەوەختێکدا هەستی بەوە کرد،

شتێکی لە مۆنۆلۆگەکەی هەڵکڕاندووە، بۆیە گوێی لێ گرت. لە ڕاستییشدا، تەنها وشەیەک کە دەیتوانی لە وشەکانی دیکە جیای بکاتەوە، وشەیەک بوو، کە میلکییادێس زۆر دووپاتی دەکردەوە، وشەی ئیکینۆکس، ئیکینۆکس، ئیکینۆکس و وشەی ئەسکەندەری ئۆمبۆلدت بوون. ئەرکادیۆ هاتبوو یارمەتیی ئاوریلیانۆ لە زەڕەنگەری بدات، کەمێک خۆی لێ نزیک کردەوە. بۆ هاتنەقسە، میلکییادێس چەند ڕستەیەکی ئیسپانیی بێسەروشوێنی لە دەم هەڵوەراند، کە هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبوو. کەچی پاشنیوەڕۆیەکیان، پێدەچوو سۆزێکی لەناکاو هێنابێتییە جۆش. دوای چەندین ساڵ، کاتێک ئەرکادیۆ بەرامبەر بە دەستەی دەستڕێژی ڕاوەستا، مووچڕکێکی یادەوەرییەکی میلکییادێسی وەبیر هاتەوە، چەند لاپەڕەیەکی لەو لاپەڕانە هاتەوە یاد، کە بۆی خوێندبووەوە، کەچی هیچ مانایەکیشیان نەبوو. بێگومان ئەرکادیۆ هیچی لێ تێنەگەیشت، بەڵام میلکییادێس بە دەنگێکی بەرز بۆی خوێندبووەوە، هەر بە خوێندنەوەی ئایەتی ئایینیی دەکرد. پاشان بۆ یەکەم جار، دوای ماوەیەکی زۆر، بزەیەکی کرد و بە ئیسپانی گوتی، "دوای مردنم، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە ژوورەکەم جیوە بسووتێنن." ئەرکادیۆ ئەمەی بە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گوت، ئەویش هەوڵی دا زانیاریی زیاتری لەمەڕ ئەم ڕستەیەوە دەست بکەوێت، "گەیشتوومەتە جاویدانی." کاتێک هەناسەی میلکییادێس بۆگەن بوو، هەموو پێنجشەمموانێک ئەرکادیۆ دەیبردە سەر ڕووبارەکە بۆ ئەوەی بیشوات. پێدەچوو باشتر بووبێت. خۆی ڕووت دەکردەوە و لەگەڵ لاوەکاندا خۆی هەڵدەدایە ناو ئاوەکە،

هەستی ئاراستەی هەندە ورد بوو، نەدەچووە شوێنی قووڵ و مەترسیدار. جارێکیان گوتبووی، "ئاو توخمی ئێمەیە." بەم شێوەیە ماوەیەکی زۆری بەسەر چوو، لە ماڵ نەدەبینرا، تەنها شەوان نەبێ، کە هەموو هەوڵێکی دەخستە گەڕ بۆ ئەوەی پیانۆ میکانیکییەکە چاک بکاتەوە، بە ڕۆژیش لەگەڵ ئۆرکادیۆ دەچووە دەم ئاوەکە و لیفکەیەک و قاڵبە سابوونێکی لە خاولییەک دەپێچایەوە و دەیخستە بنهەنگڵی و دەڕۆیشتن. پێنجشەممۆانێک، پێش ئەوەی ئەرکادیۆ بچێ بەدوایدا بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ گوێی ڕووبارەکە، ئاورێلیانۆ گوێی لێ ببوو گوتبووی، "من لە کەنارێکی سەنگاپوور بە گرانەتا مردووم." ئەو ڕۆژە، لە شوێنێکی خراپەوە خۆی خزاندبووە ناو ئاوەکەوە و تا ڕۆژی دوایی نەدۆزرایەوە، چەند کیلۆمەترێک خوارتر، گێژەنێک لە شوێنێک ڕووناک فڕێی دابوو؛ دالاشێکیش لەسەر سکی هەڵنیشتبوو. سەرەڕای ئەوەی ئورسولا زۆر لێی ڕازی نەبوو، کەچی دوای مردنی میلکیادێس، وەک چۆن یەکێک لەسەر مەیتی باوکی دەگریێ، ئەوەها دەگریا، فرمێسکی بۆ هەڵدەڕشت. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بنێژرێت و بەئاشکراش بە هەمووانی گوت، "میلکیادێس نەمرە، هەر خۆشی فۆرمولی زیندووبوونەوەی ئاشکرا کرد." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئامێری پالاوتنە فەرامۆشکراوەکەی چاک کردەوە، لەتەنیشت لاشەکە، ڕەژووی جیوەی سووتاند، لە هەموو لاشەکەیەوە بڵقی شین دەر دەپۆقی. دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ ڕیسکی ئەوەی کرد، کە پێیان بڵێ ئەگەر لاشەی خنکاو نەنێژرێت، ئەوە دەبێتە جێی مەترسی بۆ تەندروستیی گشتی. خۆسێ

ئەرکادیۆ بوێندیا دەسبەجێ وەڵامی دایەوە و گوتی، "ئاخر بۆچی، ئەو هێشتا لە ژیاندایە." بۆ ماوەی حەفتاودوو سەعات جیوەیان لەتەنیشتی سووتاند، تا لاشەکەی بلقی کاڵی دەر کرد، کاتێکیش بلقەکەکان دەتەقین، پڕماڵەکەی لە بۆنی تاعوون دەکرد. ئەو کاتەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا مۆڵەتی ناشتنی لاشەکەی پێ بەخشین، ناشتنەکە، ناشتنێکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو بە ڕێز و شکۆیەکی زۆرەوە، تەنیا قابیلی یەکێک لە پیاوە هەرە چاکەکانی ماکۆندۆ بوو. ئەمە یەکەمین جەنازەی گوندەکە بوو، خەڵکێکی زۆر بۆ سەرقەبران بەدوای جەنازەکەوە بوون، مەگەر سەد ساڵ دواتر هەندە خەڵک لەدوای جەنازەی ماما گراندێوە بووبێتن. لە ناوەڕاستی ئەو شوێنە ناشتیان، کە بوو بە گۆڕستان و لەسەر کێلەکەی تەنها یەک شتان نووسی: مێلکییادێس. پرسەی نۆ شەو و نۆ ڕۆژیان بۆی دانا. لە حەوشەکە حەشامات دەهات و دەچوو، قاوە دەخورایەوە، حەکایەت و نوکتە دەگێڕدرایەوە و یاریی کاغەزێن دەکرا، ئامارانتا ئەم هەلەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی ئەوینی خۆی بۆ پیەترۆ کرێسپی بدرکێنێ. ئەو کەسەی چەند هەفتەیەک پێشتر بە شێوەیەکی ڕەسمی چووبووە خوازبێنیی ڕێبێکا، ئێستاش لە گەڕەکی عەرەبان، ئەو عارەبانەی جاران دەهاتن یاریی منداڵانیان بە تووتی دەگۆڕییەوە، لەو گەڕەکە کۆگەیەکی کردەوەوە و ئامێری مۆسیقا و یاریی زەمبەرەداری دەفرۆشت، ئێستا خەڵکەکە ناوی ئەو شەقامەیان ناوە شەقامی تورکان. لاوە ئیتالییەکە کاکۆڵێکی لوولی بریقەداری هەبوو، ژنانی بە هەناسەهەڵکێشان دەخست، ئامارانتای بە

کیژۆڵەیەکی بیانووگر ناوزەد کرد، نابێ هەندە بەجیددیی وەر بگرێت. پێی گوت، "برایەکی بچووکم هەیە. هەندە نابات بۆ یارمەتیدانم دێتە دوکان." ئامارانتا هەستی کرد شعووری دەورووژێنرێ، پڕ بوو لە قینێکی ئاگراوی، بە پیەترۆ کرێسپی گوت، ئەو ئامادەیە ڕێگری لە زەماوەندی خوشکەکەی بکات، تەنانەت ئەگەر گیانی خۆشی لەسەر دانابێت. لاوە ئیتالییەکە ئەم هەڕەشە کارەساتاوییەی هەند لەلا سەرنجڕاکێش بوو، خۆی پێ نەگیرا و چوو بۆ ڕیبێکای گێڕایەوە. سەفەرەکەی ئامارانتاش لەبەر جانجاڵیی ئورسولا هەر دوا دەکەوت، کەچی لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا ڕێک خرا. ئامارانتا هیچ لارییەکی نەنواند، بەڵام پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە ڕیبێکا بکات و ماچێکی بکات، چرپاندیە بناگوێی و پێی گوت، "زۆر بەهیوا نەبی. بمبەنە بنی دونیاش، دەبێ هەر شتێک بدۆزمەوە بۆ ئەوەی زەماوەندەکەت لێ تێک بدەم، تەنانەت ئەگەر تۆشم لەسەر دانابێ."

بە ونبوونیی ئورسولا و بوونەوەرە نادیارەکەی میلکیادێس، کە بە شێوەیەکی نهێنی ئەم ژوورە و ئەو ژوورەی دەکرد، ماڵە گەورەوگرانەکە، چۆڵوهۆڵ دیار بوو. ڕیبێکا خۆی بە گوزەرانی ماڵەوە خەریک کرد، ژنە هیندییەکەش کاری هەویرشێلان و نانکردنی دەبینی. ئێوارانیش، کاتێک پیەترۆ کریسپی دەهاتە ماڵ، بۆنێکی خۆشی بەناو ماڵەکەدا بڵاو دەکردەوە، هەمیشە لەگەڵ دەستی خۆی، یارییەکی بەدیاری دەهێنا، دەزگیرانەکەشی لە ژووری میوانان پێشوازیی لێ دەکرد، هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیشی دەکردەوە، بۆ ئەوەی هەرچی گومان هەیە،

برەویتەوە. ئەمە تەنها بەڕواڵەت خۆپاریزی بوو، چونکە لاوە ئیتالییەکە هەند بەڕیز و بەئەدەب دیار بوو، تەنانەت نەیدەویست دەستی بەر دەستی ئەو کچەش بکەوێ، کە ساڵێک نابات، دەبیتە هاوسەری. بە هۆی ئەم سەردانانە، هەندە نەبرد، ماڵەکە پڕی لە یاریی سەیروسەمەرە بوو. کچە سەماکەری ئۆتۆماتیکی، سنوقی مۆسیقا، مەیموونی ئەکرۆپات، ئەسپی قوڕمیشدار، کلوونی دەهۆڵژەن، ئاژەڵی میکانیکی سەیروسەمەرە. ئەو گشت یارییانەی پیەترۆ کریسپی لەگەڵ دەستی خۆی دەیهێنان، خەمی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای لەمەڕ مردنی مێلکیادێس دەڕەواندەوە و دەیبردەوە زەمەنی جاران، ئەو دەمەی خۆی بە کیماگەرییەوە سەرقاڵ دەکرد. ئیدی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لەنێو بەهەشتی ئاژەڵانی سکهەڵدڕاو و میکانیکیی هەڵوەشاوەدا دەژیا، هەوڵی ئەوەی دەدا، کە لە ڕێگەی سیستەمی نوێیە دەسکارییان بکات و داهێنانیان لەسەر بکات و لە ڕێگەی پرنسیپی جووڵانەوەی سەعاتی چاڵمەوە، جووڵانەوەی هەتاهەتایی دابهێنێ. ئاورێلیانۆش لەلای خۆیەوە، دەستبەرداری تاقیگەکە ببوو، چونکە دەیویست ڕێمێدیۆسی بچکۆلانە فێری نووسین و خوێندنەوە بکات. سەرەتا، ئەم کیژۆڵەیە بووکەڵەکانی زۆر لەو پیاوە لەلا گرینگتر بوو، کە هەموو پاشنیوەڕوانێک دەهات بۆ ماڵیان، بۆیە دەبوو یارییەکانی هەڵبگرن و بیبەنە حەمام و جلوبەرگی لەبەر بکەن و بیبەنە ژووری میوان، بۆ ئەوەی پێشوازی لە ئاورێلیانۆ بکات. بەڵام بەرگەگرتن و وەفاداریی ئاوڕلیانۆ، کاریگەریی خۆی لەسەر کچەکە جێ هێشت، تا

ئـەو ڕادەیـەی ئیـدی بـە سـەعات پێکـەوە لـە ژووری میـوان دەمانـەوە، پێکـەوە مانـای پیتەکانیـان لێـک دەدایـەوە، بـە قەڵەمـی ڕەنگـی وێنـەی جۆراجـۆری لـە دەفتەرەکـە دەکێشـا، وێنـەی مانـگا لەنـاو تەوێڵـە و وێنـەی خۆرێکـی خڕ و گزنگـی زەرد، کـە لەپشـت گـردەکان خەریـک بـوو ئـاوا دەبـوو.

تەنهـا ڕێبێکا نیگەرانیـی پێـوە دیـار بـوو، ئەویـش لەبـەر هەڕەشـەکانی ئامارانتـا. شـارەزای کارەکتـەر و سروشـت و فیـزی خوشـکەکەی بـوو، توندوتیژیـی هەسـت و شـعووری ترسـی لـەلا دروسـت دەکرد. بـە سـەعات لـە حەمامەکە بەتەنها دەمایـەوە و خەریکـی مژینـی پەنجـەی بـوو، هەمـوو هـەوڵ و ئیرادەیەکـی خستبووە گـەڕ، بـۆ ئـەوەی دەسـت بـە گڵخـواردن نەکاتـەوە. لـە شـتێک دەگـەڕا، بـۆ ئـەوەی ئـەم بێزووەی هێور بێتەوە، بانگـی پیلار تێرنێرا کـرد، بـۆ ئـەوەی بێت تـا ئاییندەی بـۆ بخوێنێتـەوە. دوای باسـکردنی چەنـد شـتێکی نادیـار و لێـڵ و ئاسـایی، پیلار تێرنێرا ئـەم پێشـهاتەی بـۆ بـاس کـرد، "هەتـا دایـک و باوکـت نەنێژرێـن، تـۆ خۆشـی لـە خـۆت نابینـی."

ڕێبێکا تووشـی لـەرز بوو. هەسـتی دەکرد خەونێکی دێتەوە یـاد، ئـەو ڕۆژەی دەهاتـەوە پێشـچاو، منداڵێـک بـوو، بـە خـۆی و باوڵێـک و کورسـییەکی بزوێنـەری تەختـە و بوخچەیـەک، کـە هەرگیـزاو هەرگیـز نەیزانـی چیـی تێدایـە، هاتبـووە ئـەوێ. پیاوێکـی کەچەڵـی دەهاتـەوە یـاد، جلوبەرگێکـی کەتانی لەبـەردا بـوو، یەخـەی کراسـەکەی بـە قۆپچەیەکـی زێڕیـن داخرابـوو، بـە هیـچ شـێوەیەکیش بـە شـای دڵـی نەدەکـرد، کـە لەسـەر کاغـەزی قومـاردا بینیبـووی. کچێکـی گەنجـی زۆر جوانـی هاتـەوە یـاد، دەسـتە ناسـک و بۆندارەکانـی، هیـچ پەیوەندییەکـی

بەو دەستە ڕۆماتیزمییانەوە نەبوو، کە خانمی چوارگۆشە هەیبوو، کاتێک پاشنیوەڕوان دەیانویست پێکەوە بچن لە شەقامە سەوزەکانی گوند پیاسە بکەن، گوڵی بە قژیەوە دەلکاند. پێی گوت، "لە هیچ تێناگەم."

پیلار تێرنێرا، پێدەچوو سەرقاڵ بێ، ئەویش گوتی، "منیش، بەڵام کاغەزی قومارەکە ئەمەمان پێ دەڵێن."

ڕێبێکا تەواوێک لەبارەی ئەم مەتەڵ و تەلیسمەوە نیگەران بوو، هەموو بەسەرهاتەکەی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گێڕایەوە، ئەویش ڕەخنەی لێ گرت و لێی تووڕە بوو، پێی گوتبوو چۆن باوەڕ بە فاڵی کاغەزگرتنەوە دەکەیت، بۆیە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بە ئەرکی خۆی زانی، کە بەبێدەنگ بچێ بوخچەکە بکاتەوە و باوڵەکان بپشکنێ، کانتۆرەکان لە شوێن ببزووێنێ، دۆشەکەکان ئەمدیو و ئەودیو بکات، سەیری ژێر تەختی خەوتن بکات، تا بزانێ بوخچەی ئێسقانەکان لەکوێ هەڵگیراوە. ئەوەی بیر کەوتەوە، کە لە کاتی نەوژەنکردنەوە خانووەکەوە چاوی بەو بوخچەیە نەکەوتووە. بەدزییەوە بانگی وەستاکانی کرد، یەکێک لە وەستاکان ئەوەی پێ گوتبوو، لەبەر ئەوەی بوخچەیەکی پڕ لە ئێسقان جاڕزی دەکردن، نەیدەزانی لەکوێ دای بنێ، بۆیە کردبوویە نێو دیواری یەکێک لە ژوورەکان. دوای گەڕان و پشکنینی چەندین ڕۆژ، گوێیان نایە قەد دیوارەکان و گوێیان لە خرتەخرتی ئێسقانەکان بووە. یەکێک لە دیوارەکانیان کون کرد و بوخچەی ئێسقانەکانیان دۆزییەوە، وەکوو خۆی مابوو. هەر هەمان ڕۆژ، چوون و لەتەنیشت گۆڕەکەی مێلکییادێس، کیسە ئێسقانەکانیان

ناشت، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گەڕایەوە ماڵ، وەکوو ئەوەی بارستاییەکی لە کۆڵ بووبێتەوە، چەند چرکەیەکی نەبردبوو، ئەویش وەک کارەساتەکانی پرودێنسیا ئاگیلار، بوو بە هەستبەگوناهکردنێک و ئازاری دەدا. کاتێک بەناو مەتبەخەکەشدا تێپەڕی، ناوچەوانی ڕێبێکای ماچ کرد و پێی گوت، "ئەو هەموو حەکایەتە سەیروسەمەرانە لە مێشکت فڕێ بدە. دەبینی چۆن بەختەوەر دەبی."

دۆستایەتیی نێوان ڕێبێکا و پیلار تێرنێرا وای کرد، کە جارێکی دی دەرگای ماڵەکە بە ڕووی پیلار تێرنێرا بکرێتەوە، ئەو دەرگایەی ئورسولا لەدوای لەدایکبوونی ئەرکادیۆوە، لێی نەدەکردەوە. بەبێ ئانوسات خۆی دەکرد بە ماڵدا، دەتگوت ڕانە بزن دێتە ژووری. لە ئەنجامدانی کاروباری ماڵدا، هەموو وزە سەرشێتییەکی خەرج دەکرد. هەندێ جاریش بۆ یارمەتیدانی ئەرکادیۆ دەچووە تاقیگەکەوە، پلاکی وێنەکانی بەوردی ڕێک دەخست، بەسۆزەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، تاکوو سەری لە ئەرکادیۆ تێک دەدا. تووشی گێژبوونی دەکرد. ڕەنگی برۆنزیی پێستی، لەشی دووکەلاوی، ناوبەناویش، بە قاقایەک لەو ژوورە تاریکە پەشێوی دەنایەوە، تەرکیزی ئەرکادیۆی دەشێواند، تا وای لێ دەهات خۆی لە کەرەسە و شتەکان بدات.

جارێکیان ئاورێلیانۆ خەریکی کاری زێڕنگەریی خۆی بوو، پیلار تێرنێرا هاتە تەنیشت مێزەکەیەوە و بە سەرنج و ئیعجابەوە سەیری پشوودرێژیی دەکرد، کە چۆن کارەکان بەوردی دەکات. هەموو لە یەک چرکەدا ڕووی دا. ئاورێلیانۆ بەبێ ئەوەی سەری هەڵبڕێ و نیگای بەر نیگای پیلار

تێرنێرا بکەوێ، هەموو شتێک زۆر بەڕوونی لە ناوچاوانیدا دیار بوو، هەستی کرد ئەرکادیۆ لە تاقیگەکەیە. ئاورێلیانۆ گوتی، "باشە، دەی پێم بڵێ مەسەلە چییە؟"

پیلار تێرنێرا لێوەکانی دەگەست و بزەیەکی غەمگینی لە دەم هەڵوەری و پێی گوت، "تەنها تۆ بۆ شەڕ باشی. تیرەکانت بەوردی نیشانەکان دەپێکن..."

پێشبینییەکەی ئاورێلیانۆ تەواو دەر چوو، هەناسەیەکی دا. کەوتەوە سەر کارەکەی خۆی، وەکوو ئەوەی هیچ رووی نەدابێ و دەنگی جارێکی دیکە ئارام بووەوە و گوتی، "دەیناسمەوە. ناوی خۆمی دەدەمێ."

ئەنجام، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەرهەمی ڕەنجەکانی دووربییەوە: سەماکەرێکی لەسەر زەمبەریەکی میکانیکی لەسەر سەعاتێک کۆک کرد و لەسەر ئاوازی سەعاتەکە، بۆ ماوەی سێ شەو و ڕۆژ لە سەماکردن نەوەستا. ئەم داهێنانە لە هەموو داهێنانەکانی پێشووتر دڵی خۆش کرد. چیی دی نانی نەدەخوارد، نەدەخوت. ئەگەر بەتەنگەوەهاتنی ئورسولا نەبووایە، لەنێو خەیاڵ و داڵغەکانیدا تەواو گیری دەخوارد و ڕۆ دەچووە نێو جیهانی شێتی و ورێنەوە. شەوان، چاوی لەیەک نەدەنا، بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر بێت و ئەم داهێنانە بەسەر گالسکەی گا تاقی بکاتەوە، بە گاسنی جووتدا قاییمی بکات، لەسەر هەموو کەرەسەیەک بیچەسپێنێ، تا مرۆڤ کەڵک و سوودی لێ ببینێ. ئاگری نەخەوتن هەندە وزە و هێزی لێ بڕیبوو، تاکوو سەرلەبەیانییەک، پیرەمێردێکی سەروڕیشسپی چووە

ژوورەکەی، کەچی نەیدەزانی کێیە. پرودێنسیۆ ئاگیلار بوو. کاتێکیش ناسییەوە، تووشی حەپەسان بوو لەوەی مردووانیش پیر دەبن، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا سۆزی بۆ زەمەنی زوو جووڵا. بەسەرسوورمانەوە گوتی، "پرودێنسیۆ! دوای ئەو هەموو ساڵە چۆن گەیشتیتەوە ئێرە؟" چەندین ساڵ بەسەر مردنیدا تێپەڕیبوو، ئاواتی گەڕانەوەی بۆ جیهانی سەرزەوی هەند زۆر بوو، هەند تامەزرۆی ئەوە بوو کە جارێکی تر لەگەڵ یاوەرەکانیدا بێ، مردن هەندە لە مردنەوە نزیکە، کە ئیدی پرودێنسیۆ ئاگیلار ئارەزووی بینینی هەرە سەختترین دوژمنی دەکرد. ماوەیەکی زۆر بوو لەدووی گەڕابوو، کەچی ئەنجامی نەبوو. لەلای مردووانی ڕیۆچۆلا سۆراغی کردبوو، هەواڵی لەلای مردووانی هەرێمی ڤالێ دێ ئوپار پرسیبوو، ئەوانەی لە دەوروبەری گۆلاوەکەوە هاتبوون، کەس نەبوو هەوڵێکی لەمەڕ ئەو گوندەوە پێ بێ، چونکە بەکورتی، گوندی ماکۆندۆ لەلای مردووانەوە هێشتا ناونووس نەکرابوو، تا ئەو ڕۆژەی میلکیادێس دەمرێ، ئینجا شوێنی گوندەکەیان لەسەر نەخشەی ڕەنگاوڕەنگی مەرگ بە پنتێکی ڕەش دیاری کرد. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا تا سپێدە لەگەڵ پرودێنسیۆ ئاگیلار وتووێژی کرد. دوای چەند سەعاتێک، لەبەر نەخەوتن وڕ ببوو، بەپەلە خۆی گەیاندە تاقیگەی ئاورێلیانۆ و لێی پرسی، "ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟" ئاورێلیانۆ وەڵامی دایەوە و پێی گوت، "ئەمڕۆ سێشەممەیە." هەر ئەوەش دەر چوو، کە خۆم بیرم لێ دەکردبووەوە. کەچی لەناکاو هەستم کرد وەکوو دوێنێ، ئەمڕۆش هەر دووشەممەیە. سەیری ئاسمان بکە، سەیری دیوارەکان

بکە، سەیری گوڵی بێگۆنیاکان بکە. ئەمڕۆ دووشەممەیە. "لەبەر ئەوەی ئاوریلیانۆ بە بیرۆکە سەیروسەمەرەکانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ڕاهاتبوو، هیچ بایەخێکی بە قسەکانی نەدا. ڕۆژی دوایی، چوارشەممە بوو، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گەڕایەوە بۆ تاقیگەکە و بە ئاوریلیانۆ گوت، "ئەمە کارەساتێکە بۆخۆی. سەیری هەوا بکە، سەیری تینی خۆر بکە، هەر بە هێی دوێنێ و پێرێ دەکەن. ئەمڕۆ دووشەممەیە." بۆ ئێوارەکەی، پیەترۆ کریسپی لە هەیوانەکە چاوی بە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کەوت، وەکوو چۆن پیرەمێردان دەگرییێن، ئەویش ئەوها بەکوڵ دەگریا، دەگریا بۆ پرودێنسیۆ ئاگیلار، بۆ کەسوکاری ڕێبێکا دەگریا، بۆ دایک و باوکی خۆی دەگریا، بۆ هەموو ئەو کەسانە دەگریا، کە دەهاتنەوە یادی، دەگریا بۆ ئەو کەسانەی لەناو مردندا هەست بە تەنیایی دەکەن. پیەترۆ کریسپی پارچەئێسقانێکی ئیسپرینگداری پێشکەش کرد، کە بەتەنیا لەسەر دوو پێچکە و لەسەر بەنێکی درێژ دەڕۆیشت، بەڵام نەیتوانی لە ڕێگەی ئەم یارییەوە پەژارەکانی دڵی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیان کەم بکاتەوە. پرسیاری ئەو پرۆژەیەشی لێ کرد، کە پێش چەند ڕۆژێک بۆی باس کردبوو: دروستکردنی میکانیکێکی زەمبەرەدار، تا بتوانێ مرۆڤ پێی بفڕێ. خۆسێ ئەرکادیۆ وەڵامی دایەوە، کە ئەمە کارێکی مەحاڵە، چونکە زەمبەرە دەتوانێ شتێک لە هەوا بەرز بکاتەوە، بەڵام توانای ئەوەی نییە خۆی خۆی بەرز بکاتەوە. ڕۆژی پێنجشەممە خۆی کردە تاقیگەکە، ڕەنگی مەرگیشی لەسەر نیشتبوو، وەختبوو لە داخا بگرێ و دەیگوت، "میکانیکی کات تێک

چووە، ئورسولا و ئامارانتاش هەند دوورن!“ ئاورێلیانۆ وەک چۆن سەرزنشتی منداڵ دەکات، ئەوەها دڵی دەدایەوە، وەکوو یەکێکی بێدەسەلات خۆی نیشان دەدا. بۆ ماوەی شەش سەعات لە شت ورد دەبووەوە، دەیویست جیاوازیی لەنێوان ئەمڕۆ و دوێنێدا بدۆزێتەوە، دەیویست درک بەو شتانە بکات، کە گۆڕانکاری لە کاتدا ئاشکرا دەکەن. شەوان دەچووە سەر تەختەکەی، کەچی چاوی لێک نەدەنان، بانگی پرۆدێنسیۆ ئاگیلار و مێلکیادێسی دەکرد، بانگی هەموو مردووانی دەکرد، تا بێنە لای، بەهیمەتیەوە بێن، بەشداریی هاوخەمیی بکەن. کەچی کەس بەتەنگیەوە نەدەهات. ڕۆژی پێنجشەممە، پێش ئەوەی هێشتا کەس لە خەو هەڵسابێ، سەرلەنوێ، بە سەرنج و دیقەتەوە، سەیری شتەکانی سروشتی دەکرد، تا تەواوێک لەوە دڵنیا بوو، کە هێشتا هەر دووشەممەیە. دەستی بۆ ئەو شیشە ئاسنە برد، کە بۆ داخستنی دەرگاکان بەکاریان دەهێنا، بە هێزێکی دڕندانەی لە ڕادەبەدەرەوە، هەموو کەرەسە و ئامێرەکانی کیماگەریی تێک شکاند، کامێرای وێنەگرتن، وەرشەی زەڕنگەری. بە زمانێکی زۆر ڕەوان دەستی بە قسەی کرد، بە زمانگەلێک، کەس نەبوو لێی تێبگا. ویستی هەر هەموو ماڵەکە بەسەر یەکدا بڕووخێنێ، ئاورێلیانۆ بەهەڵپە چوو داوای یارمەتیی لە دەرودراوسێیەکان کرد، تاکوو فریای بکەون. بە دە پیاو، ئینجا توانییان بەسەریدا زاڵ بن، بە چواردەی دیکە، ئینجا قۆڵبەستیان کرد، بە بیستی دیکە، ئینجا توانییان بیبەنە ژێر دارشابەڕووەکەی ناو حەوشەکە و لەوێ بەستیانەوە، بە زمانێکی نادیار دەیشیڕاند. کەفاوێکی سەوزباویشی

لـه دەمـەوە دەر دەدا. دوای ئـەوەی ئورسـولا و ئامارانتـا گەڕانـەوە، هێشـتا دەست و قاچیـان بـە دارشـابەڕووەکەوە بەسـتبووەوە، باران تـەواو تـەڕی کردبـوو، گێلۆکـە و دەبەنگیش دیار بوو. ئورسـولا و ئارامانتا ویستییان قسەی لەگەڵ بکەن، سـەیریانی دەکرد، وەکوو ئـەوەی نەیانناسـێت، وەڵامـی دەدانـەوە، کەچـی کـەس لێـی تێنەگەیشـت. ئورسـولا پەتەکانی لـە مەچەکی کـردەوە، قولەقاپیشـی لەبـەر گوریـس بریندار ببـوون، تەنهـا قایشـەکەی هێشـتەوە، کـە بـە دار شـاربەڕووەکەوە بەسـتبوویەوە. هەنـدەی نەبـرد، کەپرێکیـان لـە لقەدارخورمـا بـۆ دروسـت کـرد، تـا هەتـاو و بـاران لێـی نـەدات.

# ٥

ئاوریلیێنانۆ بوێندیا و ڕێمێدیۆس مۆسکۆتێ، لە یەکشەممەیەکی مانگی ئاداردا، بەرامبەر ئەو میحرابەی نیکانۆررەینای کەشیش، لە ژووری میوان دای مەزراندبوو، مارەیانی بڕی. بۆ ماوەی چوار هەفتەی ڕەبەق، ماڵی مۆسکۆتێ خەریکی ئامادەکارییەکانی وردی ئەم زەماوەندە بوون، ڕاستە ڕێمێدیۆسی بچکۆڵە بالغ ببوو، بەڵام هێشتا خوو و ڕەفتاری منداڵانەی مابوو. دایکیشی باسی سەرجەم ئەو گۆڕانکارییانەی بۆ کردبوو، کە کیژۆڵەی هەرزەکار دووچاری دەبێ، کەچی پاش نیوەڕۆیەکی مانگی ئەیلوول، بەهاتوهاوارەوە خۆی کرد بە ژووری میواندا، ئاوریلیانۆ لەگەڵ خوشکەکانی خەریکی قسەکردن بوون، ڕێکوڕاست دەرپێیەکەی پێ نیشان دان، کە پەڵەی وەک شیلەی شکۆلاتەی پێوە بوو. مانگێک دواتر، زەماوەندیان گێڕا. ماڵی مۆسکۆتێ هەر هەندە کاتیان بەدەستەوە مابوو کچەکەیان فێر بکەن چۆن بەتەنیا خۆی بشوات، چۆن بەتەنیا جلوبەرگ بپۆشێ، باسی گرفت و تەگەرە بنەڕەتییەکانی خێزانێکی ئاساییان بۆ

کرد. ناچاریان کرد لەسەر کەرپووچی داغبوو میز بکات، بەڵکوو خۆتەڕکردنی شەوانی سەر جێگەی پێ تەرک دەکەن. زۆر بەزەحمەت توانییان بڕوای پێ بهێنین، کە نابێ و ناکرێ نهێنییەکانی ژن ومێردایەتی لای کەس بدرکێندرێ، هەرچەندە کیژۆڵەیەکی سەرنجوردیش بوو، کەچی ڕێمێدیۆس زۆریش وڕ و گێژ بوو، بەسەرسووڕمانەوە گوێی لەو نهێنییانە دەگرت، حەزی دەکرد گشت ئەم وردەکارییانە، لە گەڕەک، بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە. تا لەو بوارەدا شارەزایی پەیدا بکا، پێویستیی بە هەوڵ و تەقەللایەکی بێوێنە بوو، بەڵام کاتێ ڕۆژی زەماوەند هاتە پێشەوە، کیژۆڵەکە هەندە شت فێر ببوو، تەنانەت لە هەموو خوشکەکانی شارەزاییی زیاتری پەیدا کردبوو. دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ قۆڵی کردە قۆڵیەوە و بە شەقامە بە گوڵ و ئۆیە ڕازاندراوەکەدا، لەژێر دەنگی تەرەقە و دەنگی تەپڵی چەند ئۆرکێستڕایەک تێپەڕی، بە زەردەخەنەیەکیش سوپاسی ئەوانەی دەکرد، کە لە پەنجەرەکانەوە پیرۆزباییان لێ دەکرد. ئاورێلیانۆ قاتێکی ڕەشی لەبەر کردبوو، هەمان ئەو چەکمە بریقەدارەی لە پێکردبوو کە ئەڵقەی مێتاڵی پێوەبوو، درەنگتر کاتێک بەرامبەر بە دەستەی گوڵلەڕێژەکە ڕاوەستا، لەپێی کردبوو. لەپێش دەرگاکە، بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆ میحرابەکە، دەستی دەزگیرانەکەی گرت، تەواوێک ڕەنگپەڕیو دیار بوو، هەستی دەکرد شتێک گەرووی وشک دەکات. ڕەفتاری ڕێمێدیۆس زۆر خانمانە و سەنگین دیار بوو، بۆ ئەوەی ئەڵقەی بووکێنییەکەی بخاتە پەنجەی، دەستی خستە ناو دەستی ئاورێلیانۆوە؛ ئەڵقەکەی لە دەستی

کەوت، کەچی هیچ خۆی تێک نەدا. لەنێو دەنگی چرپەچرپ و سەرسووڕمانی میوانانـدا، ڕێمێدیـۆس دەسـتی نەجووڵانـدەوە، دەسکێشـە سـورمەدارەکەی لەدەسـتدا بـوو، پەنجەکانـی ڕووت بوون، چاوەڕێی کـرد دەزگیرانەکـەی، بـە نووکـی چەکمەکـەی ئەڵقەکـەی گل بداتـەوە، کـە بـەرەوە درەوە غـل دەبـووەوە، ئاورێلیانـۆ گرتیـەوە و گەڕایـەوە بـۆ میحرابەکـە، بـەڵام لـە شـەرمان سـوور ببـووەوە. دایکـی و خوشـکەکانی ڕێمێدیـۆس ڕۆحیان لەناو دەستیان بوو، ترسـی ئەوەیان لەسـەر نیشـتبوو، نەبـادا کچەکەیـان کارێکـی نەخـوازراو بـکات لـەو ئاهەنگـەدا؛ بـەڵام هەنـدەی نەبـرد، هـەر خۆشـیان بەرزیـان کـردەوە، بـۆ ئـەوەی ماچێکـی بکـەن. لـەو ڕۆژە بـەدواوە، ڕێمێدیـۆس بـوو بـە ژنێکـی لێپرسـراو، سـالارییەکی سروشـتییانەی هەبـوو، لـە ڕاپەڕاندنـی کاروبارەکانیـدا زۆر لەسـەرخۆ بـوو، لـە ناهەموارتریـن کاتیشـدا، دەسـتبەرداری ئـەو لەسـەرخۆییە نەدەبـوو. هـەر خۆشـی بیـری لـەوە کـردەوە، بەشـێکی کێکـی ئاهەنگەکـە گل بداتـەوە و دواتـر بچـێ لەسـەر سـینییەک دای بنـێ، چەقـۆ و چەنگاڵێکیشـی لەتەنیشـت دابنـێ و بـۆ خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیای ببا، کە لەژێر کەپرەکە، لەسـەر تەختەیەک دانیشـتبوو و بـە دارشـابەڕووەکەوە بەستبوویانەوە. هەتـاو و باوبـۆران، ڕەنگوڕوخسـاری بەتـەواوی شـێواندبوو، بزەیەکـی سوپاسـگوزارانەی ئاراسـتەی ڕێمێدیـۆس کـرد، دەسـتی کـرد بـە خواردنـی کێکەکـە و لەبـەر خۆشـیەوە بـە زمانێـک دەسـتی بـە دوعـا و پاڕانـەوە کـرد، کـە کـەس نەیدەزانـی چ زمانێکـە. ئاهەنـگ و شـایی و بەزمورەزمـی زەماوەنـد، تـا

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە بەردەوام بوو، تاقە کەسێ بەشداریی ئەو کەیفوخۆشییەی نەکرد، ڕێبێکا بویندیا بوو. زەماوەندی ئەو دۆشدامان بوو. ئورسولا بڕیاری ئەوەی دابوو، کە ئاهەنگی زەماوەندەکەی ئەویش بخرێتە هەمان ڕۆژەوە، بەلام ڕۆژی هەینی، پیەترۆ کرێسپی نامەیەکی بەدەست گەیشت، هەواڵی گیانەڵڵای دایکی تیا بوو. ئاهەنگی زەماوەندەکەیان بۆ ڕۆژێکی دیکە دواخست. سەعاتێک دوای ئەوەی پیەترۆ کرێسپی نامەکەی بەدەست گەیشت، ڕێگەی پایتەختی هەرێمی گرتە بەر، بۆ ئەوەی بچێ دایکی ببینێ، لە نیوەی ڕێگە تووشی دایکی بوو، ئەویش لە ڕێگە بوو بۆ زەماوەندەکە بچێت، دای نابوو شەوی شەممە بگاتە جێ و لە شاییەکەی ئاورێلیانۆش چەند گۆرانییەک بچڕێ، کە بۆ زەماوەندی کوڕەکەی ئامادەی کردبوو. پیەترۆ کرێسپی، دوای ئەوەی پێنج ئەسپی شەلالی ئارەقە کردبوو بۆ ئەوەی بە زەماوەندەکە بگا، شەوی یەکشەممە، درەنگانێ گەڕایەوە بۆ ئەوەی پاشماوەی ئاهەنگەکە بمالێ. کەس نەیزانی کێ ئەو نامەیەی نووسیبوو. ئورسولا بە پرسیار ئامارانتای وەڕس کرد، کەچی بەرامبەر بە میحرابەکە، کە هێشتا دارتاشەکان بەتەواوی کۆیان نەکردبووەوە، سوێندی دەخوارد، کە ئەو ئاگای لە هیچ نییە و بێتاوانە.

دۆن ئاپۆلینێر مۆسکۆتێ، هەر خۆی چووبوو، لە ناوچەی گولاوەکە، نیکانۆ ڕەینای کەشیشی هێنا بۆ ئەوەی بێت و مارەیان ببڕێ، کەشیش پیرەمێردێکی ڕەقەڵە بوو، لە دەستی نەمەکبەحەرامیی خەڵکەکە، هێشک هەڵگەڕابوو.

هەند خەفەتبار بوو، هەندەی نەمابوو پێستەکەی بە قەد ئێسقانەکانیەوە بنووسێ، سکێکی هەڵاوساو و خڕۆکەی هەبوو، گوزارشتی سیماشی بە هیی فریشتەیەکی کەنەفتی دەکرد، کە زیاتر سادەیی پێوە دیار بێ وەک چاکی. نیازی بوو دوای زەماوەندەکە بگەڕێتەوە دێرەکەی خۆی، بەڵام لەبەر بێئیمانیی دانیشتووانی ماکۆندۆ، کە هەمیشە خەریکی کاری بێئابڕوویی بوون، گوێیان بۆ یاساکانی سروشت شل کردبوو، غوسڵی تەعمیدی منداڵەکانیان نەدەکرد، ڕێورەسمی ئایینییان جێبەجێ نەدەکرد. هەستی کرد شوێنێک نییە هەندەی ئەوێ پێویستی بە چاندنی تۆوی خودا بێ، بۆیە بڕیاری دا هەفتەیەک لەوێ بمێنێتەوە، ئەو خواناسانە بهێنێتە سەر ئایینی مەسیح، مارەی ژن و مێردەکانیان ببڕێت، تەلقینیش بەسەر ئەوانەدا بخوێنێ، کە لەقەراغی گۆڕن. بەڵام کەس ئەم کارەی بەهەندە وەر نەگرت. لە وەڵامدا دەیانگوت، ئەمە چەندین ساڵە خەڵکەکەی بەبێ کەشیشن، کێشە ڕۆحانییەکانیان ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودا براندۆتەوە و بەتەواوییش واتاکانی گوناهی یەکەمیشیان گوم کردووە. نیکانۆری کەشیش وەڕس بوو هەندە وەعزەکانی دووبارە بکاتەوە، بڕیاری دروستکردنی کڵێسایەکی دا، ببێتە یەکێک لە کڵێسا هەرە گەورەکانی جیهان، هەیکەلی قەدیسەکانیشی بە بەژنی مرۆڤ بن، بە شووشەی ڕەنگینی دیوارەکانی برازێندرێنەوە، تا لە ڕۆماوە بێن بۆ ئەوەی لەنێو ئەو گاورانەدا نوێژ بۆ خودا بکەن. لە هەموو لایەک، خەریکی سواڵ و زەکاتکۆکردنەوە بوو، هەرچییەکی دەست کەوتبا،

لەناو لەگەنێکی مسین دای دەنا. سەرباری ئەوەی پارەیەکی زۆریشی کۆ کردەوە، بەڵام ئەو زیاتری دەویست، چونکە نیازی بوو کڵێساکە زەنگوڵێکی هەبێ، هەر بە زەنگەکەی خنکاوان ِلەنێو ئاو وەئاگا بهێنێ. هەندە بە دەنگی بەرز سواڵی کرد، دەنگی نووسا. ئێسقانەکانی دەستیان کرد بە خرتەخرت. شەممووانێک، پێش ئەوەی پارەی دەرگایەکی کڵێساکە کۆ بکاتەوە، تەواو تووشی بێئومێدی بوو. لە مەیدانی گوند میحرابێکی دروست کرد و یەکشەممووانێک بە خۆی و زەنگوڵێکەوە بەناو گونددا دەسووڕایەوە، وەکوو زەمەنی نەخۆشیی خەوزڕان، خەڵکی بۆ نوێژی یەکشەممە کۆ دەکردەوە. زۆرێک هەر بۆ فزوولیەت دەچوون، هەندێکیش سۆز و غەریبی هاندەری بوو. هەندێکیش هەبوو، تەنیا لەبەر ئەوە دەچوون، تا خودا هەست نەکات لەبەر هۆکارێکی شەخسی نەچوونە ئەوێ و ئیحتیقاری نێردراوەکەی دەکەن. بەم جۆرە، سەعات هەشتی بەیانی، نیوەی دانیشتووانی گوندەکە بەرامبەر بە میحرابەکە کۆ بوونەوە و نیکانۆری کەشیشیش، لەبەر ئەوەی هەندە سواڵی کردبوو، بە دەنگێکی کەرخ و نووساوەوە دەستی بە چڕینی سروودی ئایینی کرد. لە کۆتاییدا، کاتێک حەشامات خەریک بوون بڵاوەیان لێ دەکرد، دەستەکانیان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە بۆ ئەوەی سەرنجیان ڕابکێشێ و پێیان بڵێ، "تەنیا خولەکێ. هەر ئێستا یەکێک لە دیاردە هەرە بەهێز و بەڵگەنەویستەکانی توانای یەزدانتان بۆ دەر دەکەوێ."

ئەو منداڵەی لە کاتی نوێژکردنەکەدا خزمەتی دەکرد،

پەرداغێ پڕ لە شوکولاتەی گەرم و خەستی بۆ هێنا، کە هێشا هەڵمی لێ هەڵدەستا، ئەویش بەبێ ئەوەی هەناسەیەک بدا، خواردیەوە و چۆڕەی لێ بڕی. دواجار، دەسەسڕێکی لە قۆڵی جوببەکەی دەر هێنا و دەمی پێ سڕییەوە، دەستەکانی لە شێوەی خاچ لێک ئالاند و بەرزی کردنەوە و چاوەکانی داخست. نیکانۆری کەشیشیان بینی، دوانزە سەنتیمەتر لە زەوییەکەوە بەرز بووەتەوە. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بوو. بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ، ئەم ماڵ و ئەو ماڵی کرد، بە هۆی کاریگەریی شۆکۆلاتەکەوە، ئەزموونی لە زەوی بەرزبوونەوەی بۆ تاقی دەکردنەوە، لە هەمان کاتیشدا، منداڵەکەی کڵێساش بە کیسەیەکەوە پارەی کۆ دەکردەوە، مانگێکی نەبرد دەستیان بە دروستکردنی کڵێساکە کرد. چیی دی کەس نەما، ئەم دیاردەیە بە دیاردەی خودا نەزانێ، جگە لە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، ئەو سەرلەبەیانییەی هەموو دانیشتووانی ئاوایی لەدەوری دارشابەڕووەکە کۆ بووبوونەوە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەیری نمایشی لەزەوییبەرزبوونەوەکەی کەشیش بکەن. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، کاتێک نیکانۆری کەشیشی بینی لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە و لە زەوییەکە بەرز دەبێتەوە، تەنیا بەئەستەم شانێکی هەڵتەکاند و کەمێک لەسەر کورسییە سپییەکەی بزاوت و گوتی، "ئەمە کارێکی زۆر سادە و ساکارە. ئەم پیاوە ماددەی چوارەمی داهێناوە."

نیکانۆری کەشیش لەگەڵ بەرزکردنەوە دەستەکانی، هەرچوار پێی کورسییەکە کەوتنەوە سەر زەوییەکە و

گوتی، "نەخێر. ئەم ئەزموونە بوونی خودا دەسەلمێنێ." ئا بەم جۆرە، لە زمانە سەیر و نەفرەتییەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا حاڵی بوون، بە زمانی لاتینی قسەی دەکرد. نیکانۆری کەشیش ئەم هەلەی قۆزتەوە، چونکە تاقە کەسێک بوو بتوانێ قسەی لەگەڵ بکات بۆ ئەوەی ئیمانی خودا بڕژێنێتە نێو ئەو مێشکە لەکارکەوتووەی. هەموو پاشنیوەڕوانێک دەچوو لەتەنیشت دارشابەڕووەکە دادەنیشت و بەلاتینی هەوڵی لەگەڵ دەدا و وەعزی دەدا، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەسەختی ئەم تەشقەلاتەی ڕەت دەکردەوە، کاریگەریی شکولاتەی بە هەند وەر نەگرت، تاقە بەڵگە بۆ بوونی خودا بەلای ئەوەوە، گرتنی وێنەی خودا بوو. نیکانۆری کەشیش مەدالیا و وێنەی موبارەکی بۆ دەهێنا، تەنانەت وێنەیەکی کفنی سپیی ڤێرۆنیکای قەدیسەشی بۆ هێنا، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، ئەم بەڵگانەی ڕەت کردەوە و بە شتی دروستکراوی لەقەڵەم دەدان، دەیگوت هیچ بنەمایەکی زانستییانەشیان نییە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەند کەللەڕەق بوو، چیی دی نیکانۆری کەشیش هەوڵی بەمەسیحیکردنی نەدا، هەر لەپێناو مرۆڤایەتی، ناوبەناو دەچوو سەری لێ دەدا. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خۆی دەسپێشخەریی دەکرد، بە هێنانەوەی هەزاران بەڵگەی عەقلانی، هەوڵی دەدا ئیمانی کەشیش لەق بکات. ڕۆژێکیان بۆ سەردانیی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، نیکانۆری کەشیش چووەوە ژێر دارشابەڕووەکە، لەگەڵ دەستی خۆی دامەیەکیشی برد، قووتوویەکیشی پڕ لە داش کردبوو، بۆ

ئـەوەی پێکـەوە یاریـی دامـە بکـەن، کەچـی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا ڕازی نەبـوو، چونکـە گوتبـووی، ئەو لـە شـتێک حاڵـی نابـێ، کـە دوو حەریـف پێکـەوە بکەونـە یـاری و هــەردووک هەمـان دەسـتووری یارییشـیان هەبـێ. کەچـی نیکانـۆری کەشیش، هەرگیز سـەیری یاریی دامـەی بـەو جۆرە نەکردبوو، ئارەزووی بۆ ئـەم یارییە نەما. لە وریایی و چەلەنگیی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا سـەری سـووڕ مابـوو، تەنانـەت ڕۆژێکیـان ئەوەشـی لـێ پرسـیبوو، چـۆن دەهێڵـێ ئـا بـەو جـۆرە، بـەو دارە بیبەستنەوە. خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیا وەڵامی دابـووەوە و گوتبـووی، "زۆر سـادەیە. چونکـە شـێتم." لـەوە بـەدواوە، نیکانۆری کەشیش دەسـتی بـە ئیمانەکەیـەوە گرت و بەتـەواوی خـۆی بـۆ دروسـتکردنی کڵێسـاکە تەرخـان کـرد، چیـی دی سـەردانی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـای نەکـرد. ڕێبێـکا هەسـتی بەوە دەکـرد، هیوایـەک لـە ناخیـدا دەبووژێتـەوە. ئاییندەی بـە تەواوبوونـی کڵێسـاکەوە بەندە، لەو یەکشـەممەیە بـەدواوە، کە نیکانـۆری کەشـیش نانـی نیوەڕۆیلەگـەڵ خورادبـوون، لەگـەڵ خێزانەکـە لـەدەوەری مێزەکـە دانیشـتبوون و باسـی شـێوازی ئاهەنگەکەیـان دەکـرد، بـۆ زەماوەندەکـەش باسـی چۆنێتیـی ڕازاندەنـەوەی کڵێسـاکەیان دەکـرد. ئامارانتـا گوتبـووی، "ڕێبێـکا شـانسـی لـە هەمـووان زیاتـرە." لەبـەر ئـەوەی ڕێبێـکا لـە مەبەسـتی ئامارانتـا نەگەیشـتبوو، بـە بزەیەکـی بیگـەرد، مەبەسـتەکەی بـۆ ڕوون کـردەوە، "چونکـە زەماوەندەکـەی تـۆ، دەکـرێ ببـێ بـە ڕێوڕەسمی کردنـەوەی کڵێسـاکە." ڕێبێکا هەوڵـی دا لـە مەبەسـتی پەنهانـی ئـەم قسـەیە تێبـگات. بـەو

سستییەی لە دروستکردنی کڵێساکە ئیش دەکرا، ئەگەریش وا بڕۆیشتایە، ئەوە دە ساڵی دیکەش تەواو نەدەبوو. نیکانۆری کەشیش لەگەڵ ئەم ڕایە نەبوو: بەخشەندەیی و دەستبڵاویی ئیمانداران، ڕۆژ لەدوای ڕۆژی هیوای زیاتری لەلا دروست دەکرد. ڕێبێکا تەواو نارەحەت بوو، تەنانەت نانەکەشی تەواو نەکرد، ئورسولا بۆچوونەکەی ئامارانتای سەلماند، پارەیەکی زۆری بەخشی، تا هەرچی زووترە کڵێساکە تەواو ببێ. نیکانۆری کەشیشیش مەزەندەی ئەوەی کرد، کە بەخششی لەو چەشنە ڕەوتی دروستکردنی کڵێساکە خێراتر دەکات، ئەگەریش وا بڕوات، ڕەنگە لە ماوەی سێ ساڵی دیکەدا تەواو ببێ. لەو ڕۆژەوە، ڕێبێکا قسەی لەگەڵ ئامارانتا نەدەکرد، هەستی کرد قسەکانی ئەو لە نیازپاکییەوە نایەن. ئامارانتا لە کاتی دەمەتەقێیەکی گەرموگوڕی ئەو ئێوارەیەدا، پێی گوت، "بە نیسبەت منەوە، ئەمە چارەسەرییەکی خراپ نەبوو. کەواتە ئەگەر ئەم حیسابە بە هەند وەر بگرین، ئەوە تا سێ ساڵی دیکە ناتکوژم." ڕێبێکا بەم تەحەددایە ڕازی بوو.

کاتێک پیەترۆ کرێسپی هەواڵی دواکەوتنی زەماوەندەکەی بیست، تەواوێک نیگەران بوو، بەڵام ڕێبێکا سۆز و وەفاداریی خۆی بۆ دووپات کردەوە و پێی گوت، "هەرکاتێک ویستت، پێکەوە هەڵدێین." بەڵام پیەترۆ کرێسپی پیاوی سەرچڵی و موغامەرە نەبوو. سروشت و کارەکتەری دەزگیرانەکەی بە جۆرێک بوو، دەیتوانی لەپڕێکدا بڕیار بدات، کەچی پیەترۆ کرێسپی وا نەبوو، ڕێزی بۆ ئەو وەعد و بەڵێنانە هەبوو،

کە لەگەڵی بڕیبوویەوە، نەشیدەویست بەر بای بدا. ڕێبێکا ڕێوشوێنی زیرەکتری هەڵبژارد. بایەکی تەلیسماوی هەموو چراکانی ساڵۆنەکەی کوژاندەوە، ئورسولاش هەردوو دڵدارەکەی بینی لەنێو تاریکیدا یەکتر ماچ دەکەن. پیەترۆ کریسپی دەستی بە بۆڵەبۆڵ کرد و دەیگوت، ئەو چرا نەوتە خراپانەی ئێمڕۆ لە بازارەکاندا دەفرۆشرێن، زوو تێک دەچن و ئامادەیی خۆی نیشان دا تا سیستەمێکی نوێ لە جێگەکانیان دابنێ، کە هەندە زوو نەکوژێنەوە. جارێک نەوت نەبوو، یا فتیلەکان دەسووتان، ئورسولا ڕێبێکای لەسەر ئەژنۆی پیەترۆ کریسپی دەبینی. ئیدی کاروباری مەتبەخەکەی درایە دەستی ژنە هیندییەکە، ئورسولا بە خۆی دەچوو لەسەر کورسییە بزێوەکە دادەنیشت و چاودێریی ژوانەکانی ئەم دوو دەزگیرانەی دەکرد، نەیدەهێشت ئەو فرتوفێڵانە دووپات ببنەوە، کە ئەو لە زەمەنی لاوێتیدا چەشتبووی. ڕێبێکا، کاتێک ئورسولای لەسەر کورسییە بزێوەکە دەبینی، خەریکی باوێشکدانە، بەنیگەرانی و بەقۆشمەوە دەیگوت، "دایکە هەژارەکەم. دوای مردنیشی، دەبێ لەسەر کورسییەکەی خەریکی تۆبەکردن بێ." سێ مانگ بەسەر ئەم ئەویندارییەی لەژێر چاودێریدا بەڕێوە دەچوو، تێپەڕی؛ پیەترۆ کریسپی، لە سستی و ڕەوتی کاروبارەکان بێئومێد ببوو، هەموو ڕۆژێک دەچوو بزانێ کارەکان گەیشتوونەتە کوێ، بڕیاری دا ئەو بڕەپارەیە بداتە نیکانۆری کەشیش، کە بۆ تەواوکردنی کڵێساکە پێویستیی پێ بوو. ئامارانتا دانی بە خۆیدا گرت. هەموو پاشنیوەڕوانێک دەستەخوشکەکانی

دەهاتنە ماڵ و پێکەوە لە هەیوانەکە خەریکی چنین بوون، پێکەوە قسەیان دەکرد، هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ و پیلان و فێڵی نوێی دادەڕشت. هەڵەیەکی کوشندە پلانەکەی لێ هەڵوەشاندەوە، پێدەچوو فێڵێکی زۆر کاریگەر بێ: دەنکە نەفتالینەکانی لەژێر کراسی بوکێنییەکە دەرهێنا، کە پێشتر، ڕێبێکا لەوێ داینابوون، تا دواتر بیانخاتە ناو دۆلابی جلەکانەوە. ئەم نەخشەیەی دارشت، کەچی هێشتا دوو مانگ بۆ تەواوبوونی کڵیساکە مابوو. بەڵام ڕێبێکا بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی زەماوەندەکە، ئوقرەی لەبەر بڕابوو، دەیویست تا زووترە کراسی بووکێنییەکەی ئامادە بکات. لە دەرەوەی ئەو پیلانە بوو، کە ئامارانتا بیری لێ کردبووەوە. دۆلابەکەی کردەوە، سەرەتا ئەو کاغەزەی داماڵی، کە کراسەکەی پێ پێچرابووەوە، دواتر ئەو پەڕۆیەی لا دا، کە بەسەر کراسەکەدا درابووەوە، سەرنجی دا، قوماشی کراسەکە و سوورمەکانی پەچەکە، بگرە تاجەگولینەکەش، مورووانە لێی دابوو و هەمووی کردووبووە تۆز و غوبار. لەوەش دڵنیا بوو، کە دوو چنگ دەنکەنەفتالینی کردبووە پاکەتێکەوە، ئەم کارەساتەی زۆر بەئاسایی وەر گرت، بە هیچ جۆرێک گومانی بۆ ئامارانتا نەدەچوو. مانگێک کەمتر مابوو بۆ زەماوەندەکە، کەچی ئامپارۆ مۆسکۆتێ بەڵێنی پێی دا، لە ماوەی تەنها یەک هەفتەدا، کراسی بووکێنییەکی بۆ پەیدا بکات. ڕۆژێکی باراناوی، نیوەڕۆ بوو، ئەمپارۆ بە خۆی و کراسێکی بووکێنییەوە، پەڕپەڕەی سوورمەداری هەبوو، دەتگوت کەفی سپین، ڕوخساری داپۆشیبوو، خۆی

کرد بە ژووردا، بۆ ئەوەی ڕێبێکا دواپەراوەی کراسەکەی بکات: ئەمارانتا هەستی بە شکست کرد، هەستی کرد پیتەکان لە گەروویدا دەتاسێن، یەک-دوو زەنگۆڵە ئارەقی تەزیویش بە بڕبڕەی پشتیدا چووە خوارەوە. چەندین مانگ بوو، چاوەڕێی ئەم ساتەی لەنێو دڵەڕاوکێدا دەکرد، چونکە ئەگەر هەستی بە بێتوانایی خۆی لە ڕێگرتنی زەماوەندەکەی ڕێبێکا کردبا، لەوە دڵنیا بوو لە دواساتیشدا بێ، کاتێک هەست بەوە دەکات کە هەموو هەوڵ و تەقەللاکانی بەهەدەر چوون، ئامادەیە ژەهرخواردی بکات. ئەو پاشنیوەڕۆیە، ڕێبێکا لە گەرما وەخت بوو لەنێو کراسی بووکێنییەکەی بتاسێ، کە ئەمپارۆ مۆسکۆتێ بە وردی و وچانێکی زۆرەوە خەریک بوو پەراوەی بۆ دەگرتەوە، سەدان دەرزیلەی بە دەستەوە بوو، ئامارانتا چەندین جار لێی تێک دەچوو و دەرزیلە دەچوو بە پەنجەیدا، بەڵام زۆر لەسەرخۆ بڕیاری دابوو ئەو دواهەینییەی دەکەوێتە پێش زەماوەندەکە، هەندێ ژەهری لاودانوم بخاتە فنجانی قاوەکەیەوە.

کۆسپێکی گەورەتر، چاوەڕوان نەکراو و یەکلاییکەرەوە بوو، زەماوەندەکەیان بۆ ڕۆژێکی دیکەی دیارینەکراو دواخست. هەفتەیەک پێش ڕۆژی ئاهەنگەکە، ڕێمێدیۆسی چکۆلانە، نیوەشەو لە خەو ڕاپەڕی، شلەیەکی گەرم ناوهەناوی دەتەقاندەوە، قوڕەقوڕێکی سووتێنەری لەگەڵ بوو، سێ ڕۆژی نەبرد ڕۆحی دەر چوو، هەر بە خوێنی خۆی ژەهراوی ببوو، جمکانەکەشی هەر لە ناوسکیدا گیانیان دەر چوو. ئامارانتا هەستی بە گوناه دەکرد. لە

خـودا دەپاڕایـەوە، کـە شـتێک ڕوو بـدات بـۆ ئـەوەی ناچـار نەبـێ ڕێبێـکا دەرمانخـوارد بـکات، هەسـتی دەکـرد مردنـی ڕێمێدیۆسـیش تاوانـی ئـەوە. لەگـەڵ هاتنـی ڕێمێدیـۆس بـۆ ماڵەکـە، بەختەوەریـی لەگـەڵ خـۆی هێنـا. لەگـەڵ مێردەکـەی لـە ژوورێکـی بچـووک، لەتەنیشـت تاقیگەکـە دەژیـان، بـە بووکەشووشـەکانی سـەردەمی منداڵیـی ڕازاندبوویـەوە؛ چوسـتوچالاکی و کەیفخۆشـی لـە ژوورەکەیـەوە دەڕژا، بـە هەمـوو ماڵەکـەدا بـڵاو دەبـووەوە، دەگەیشـتە هەیوانەکـە، ئـەو هەیوانـەی بـە گوڵـی بیگۆنیـا ڕازاندرابـووەوە. هـەر کـە سـپێدە دەبـووەوە، دەسـتی بـە گۆرانـی دەکـرد. ئـەو تەنهـا کەسێک بـوو دەیتوانی ناوبژیی دەمەقاڵەکانی نێوان ڕێبێکا و ئامارانتا بکا. چاودێریکردنی خۆسـێ ئەرکادیۆ بویندیای گرتە ئەسـتۆ، ئەرکێکـی قـورس و گـران بـوو. خۆراکـی بـۆ دەنـارد، ڕۆژانـە چـی پێویسـتییەکی هەبووایـە، ئـەو بـۆی دەکـرد، بـە لیفـە و سـابوون دەیشـۆرد، ئەسـپێ و ڕشـکی سەروڕیشـی پـاک دەکـردەوە، چاودێریـی کەپرەکەشـی دەکـرد، ناوبەنـاو بـە گـەڵای دارخورمـا دای دەپۆشـی، هەرکاتێکیـش هـەوا ناخۆشـی کردبـا، موشـەمای دەدا بەسـەریا. لـەم چەنـد مانگـەی دواییـدا، ڕێمێدیـۆس بـە لاتینییەکـی سـادە توانیـی قسـەی لەگـەڵ بـکات. کاتێکیـش منداڵەکـەی ئاورێلیانـۆ و پیـلار تێرنێرا لەدایـک بـوو، بەدزییـەوە هێنایانـە مـاڵ و نـاوی ئاورێلیانۆ خۆسـێیان لـێ نـا؛ ڕێمێدیـۆس پێداگریـی دەکـرد تـا وەکـوو کـوڕە گـەورەی ئـەو سـەیر بکـرێ. غەریـزەی دایکایەتیـی ڕێمێدیـۆس، ئورسـولای تووشـی سـەرسـووڕمان کردبـوو. بەگوێـرەی ئاورێلیانـۆش،

بوونی ڕیمێدیۆس، لە ژیانی ئەودا مایە و سەرمایەیەک بوو. بەو ڕۆژگارە لە تاقیگەکە ئیشی دەکرد، کاتی چێشتەنگاو، ڕیمێدیۆس تاسە قاوەیەکی بیشەکری بۆ دەبرد. هەموو ئێوارەیەکیش، هەردووک پێکەوە دەچوون سەریان لە ماڵی مۆسکۆتێ دەدا. ئاورێلیانۆ و خەزووری چەند دەست دۆمینەیەکیان دەکرد، قسەی لەگەڵ خوشکەکانی ڕیمێدیۆس دەکرد یا باسی گرفتی پیرەمێردانی لەگەڵ دایکیان دەکرد. دروستبوونی خزمایەتی لەنێوان ئەم دوو بنەماڵەیە، دەسەڵاتی دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێی لە گوندەکە زیاتر کرد. دوای چەند سەفەرێکی بۆ پایتەختی هەرێم، بەڵێنی لە حکومەت وەر گرت بۆ ئەوەی قوتابخانەیەک لە گوندەکە بکاتەوە، هەر ئەرکادیۆ خۆشی وەکوو مامۆستا دەوام بکات، چونکە لە باپیرەیەوە حەز و ئارەزووی فێربوونی هەبوو. تەنانەت توانیی خەڵکی گوندەکەش ڕازی بکات، تا بۆ ئاهەنگی سەربەخۆیی نیشتمانی، خانووەکانیان بە ڕەنگی شین بۆیاغ بکەن. لەسەر پێداگریی نیکانۆری کەشیشیش، هەوڵی دا، بەڵکوو کاتارینۆ مەیخانەکەی بگوازێتەوە بۆ شەقامێکی لاپەڕ، چەند شوێنێکی بەدناویش دابخات، کە کەوتبوونەوە ناوەڕاستی گوندەکەوە. ڕۆژێکیان، خۆی و شەش پۆلیسی چەکدار گەڕانەوە، ئەوەی نەدەهاتەوە یاد کە سەرەتا بەڵێنی بە خەڵکەکە دابوو، کە چەکدار نەهێنێتە گوندەکەوە، کەچی ئاسایشی گوندەکەی بە ئەوان سپارد. ئاورێلیانۆ هەستی بە گرینگی و بایەخی خەزووری دەکرد، هاوڕێکانی پێیان دەکوت، "هەندە نابات، تۆش وەکوو ئەو قەڵەو دەبی." بەلام ژیانی ئاسوودە و

تێروتەسەل، کوڵمەکانی دەر پەڕاندبوو، نیگاکانی تیژتر ببوون، بەڵام کێشی زیادی نەکرد و سروشتی گۆشەگیریی تووشی گۆڕان نەهات، کەچی هەندە بەتەنیایی ڕامابوو و هەندەش بڕیاری یەکلاییکەرەوە دابوو، لۆچێک لەسەر لێوەکانی دروست ببوون. هەردوو خێزانەکە، هەندە سۆز و هۆگرییان بۆ ئەم دووانە هەبوو، کاتیک ڕێمێدیۆس مزگێنیی ئەوەی دانێ کە دووگیانە، تەنات ڕێبێکا و ئامارانتاشی ئاشت کردەوە، بڕیاریان دا، ئەگەر کوڕ بوو، ئەوە جلوبەرگی لە خووریی شین بۆ بچنن، خۆ ئەگەریش کچ دەر چوو، ئەوە جلوبەرگی لە خووریی پەمەیی بۆ بچنن. چەند ساڵیک دواتر، بەرامبەر بە دەستەی گوللەڕێژ، ڕێمێدیۆس دواکەس بوو بە بیری ئەرکادیۆدا گوزەر بکا.

ئورسولا فەرمانی دا پرسە بگێرن، دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست، تەنها بۆ شتێکی زۆر زەروورری نەبووایە، ئەگینا چوونەدەرەوە و هاتنەژوورەوە قەدەغە کرابوو؛ بڕیاریشی دا بۆ ماوەی ساڵێکی ڕەبەق دەبێ بە دەنگی نزم قسە بکرێت، وێنەیەکی ڕۆمێدیۆسیشیان لەو شوێنە دانا، کە ئێشکیان بەسەر تەرمەکەیەوە گرت، بە تووڵێک دایان پۆشی و مۆمێکیش بەبەردەوامی لەتەنیشتی وێنەکە دەسووتا. نەوەکانی دواتر نەیانهێشت ئەو مۆمە بکوژێندرێتەوە، دۆش دادەمان بەرامبەر وێنەی ئەو کیژۆڵەیەی کراسێکی پەڕپەڕەداری لەبەردا بوو، بە جووتێ جزمەی سپییەوە، بە ئۆیەی ئۆگراندی قژی ڕازاندبووەوە، نەیان دەزانی چۆن لەگەڵ وێنەی تەقلیدیی باووپیرانیاندا ویکی بێننەوە. ئامارانتا

بەخێوکردنی ئاوریلیانۆ خۆسێی گرتە ئەستۆی خۆی. وەکوو کوڕی خۆی وەری گرت، تەنیاییەکەی دەڕەواندەوە، بەڵکوو لەو ژەهرە نەخوازراوە ڕزگاری دەکات، کە دوعا بێکەڵکەکانی فڕێیان دابووە نێو قاوەی ڕێمێدیۆسەوە. لەگەڵ خۆرئاوابووندا، پیەترۆ کرێسپی لەسەر نووکی پێ دەچووە ژوورەوە، قردێلەی پرسەی بە شەپقەیەوە کردبوو، بەبێدەنگی سەردانی ڕێبێکای دەکرد، بە جلی ڕەشی تازییەوە هەند ڕەنگپەڕیو و وشکحاڵ بوو، قۆڵی کراسەکەی تا مەچەکی شۆڕ دەبوونەوە، دەتگوت خوێنی بە لەشەوە نەماوە. کات و ساتی زەماوەندی ئەم دوو ئەویندارەیان چەند جارێک دوا خستبوو، پەیوەندییەکەیان ببوو بە پەیوەندیی نێوان دوو دەزگیرانی ئەبەدی، ئەوینێک، لێوانلێوی ماندوویی بێت، کەس بە بایەخەوە سەیری نەدەکرد، ئەم دوو دڵخوازە، جاران چرای ژووری میوانیان تێک دەدا، بۆ ئەوەی لەناو تاریکیدا ماچی یەکتر بکەن، ئێستاش بە ڕیتم و ئاوازی مەرگ ژیان دەبەنە سەر. ڕێبێکا بەتەواوی بێهیوا و سەرلێشێواو بوو، دەستی بە گڵخواردنەکەی کردەوە.

دەمێکیش بوو پرسە گیرابوو، کچەکان دەستیان بە چنین کردبووە؛ دەوروبەری سەعات دووی پاشنیوەڕۆ، لەناکاو گەرمایەکی بەتین، دەتگوت خۆڵی مردوو بەسەرماڵەکەدا ڕۆ کراوە، یەکێک پاڵی بە دەرگای حەوشەوە نا، کۆڵەکەکان لە بنکەکانیانەوە لەرینەوە، ئامارانتا و دەستەخوشکەکانی لە هەیوانەکە خەریکی چنین بوون، ڕێبێکا لە ژوورەکەی خەریکی مژینی پەنجەی کەڵەی بوو، ئورسولا لە مەتبەغەکە

بـوو، ئاورێلیانـۆ لـه تاقیگەکـه بـوو، تەنانـەت خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیاش، کـه لەژێر دارشـابەڕووەکەدا بەسـترابووەوە، هەموو هەسـتیان بـەو بوومەلەرزەیـه کـرد، وەخـت بـوو خانووەکـه لـه ڕەگـەوە هەڵبکەنـێ. ئـەوەی دەهـات، نێره کەتەیـەک بـوو.

بەزەحمـەت دەیتوانـی شـان و پیلـه پانـەکان لـه دەرگاکـەوە ڕەت بـکات. مەدالیایەکـی مەریمـەی ڕێمێدیسـی لەمـل کردبـوو، بـازوو و سـینگی بـه خاڵـی سـەیرسـەیر کوتیبـوو، بازنێـک لـه مەچەکـی دەسـتی ڕاسـتیدا بـوو، وێنـەی عیسـا بەمنداڵیی لەسـەر بـوو و وێنـەی خاچیـان لەسـەری کردبـوو. لـه بـەر هـەوای خوێدار، پێسـتی دەموچـاوی ڕەش داگەڕابـوو، قژێکـی کـورت و بـژی هەبـوو، هـەر بـه یاڵـی هێسـتری دەکـرد، شـەویلاگەیەکی بەتیـن و نیگایەکـی غەمبـاری هەبـوو. پژدێنەکـەی پشـتی دوو جـار لـه قاییشـی تەنگـەی ئەسـپ ئەسـتوورتر بـوو، چەکمـەی پـووزداری ناڵبەنـدی لەپێدا بـوو، پێـی لـه هـەر جێگەیـەک دانابـا، دەتگـوت بوومەلـەرزەی ناوەتـەوە. چـووە ژووری میوانـان و پاشـان چـووە ژووری دانیشـتن، کەشـکۆڵێکی نیمچـەدڕاوی بـه دەسـتەوە بوو، وەکوو گزگل خۆی گەیانده هەیوانەکە، هەیوانی ڕازاوە بـه گوڵـی بێگۆنیـا؛ کاتێـک ئامارانتـا و دەسـتەخوشکەکانی چاویـان پێـی کـەوت، هەترەشـیان چـوو، هەریەکـه دەرزیەلەکـی بـه دەسـتەوە ڕاگرتبـوو. بـه دەنگێکـی مانـدوو پێیانـی گـوت، "سـڵاو!" کەشـکۆڵەکەی لەسـەر مێـزی کار دانـا، بەبـێ ئـەوەی ئێسـتێک بـکا، تاکـوو ئەوسـەری خانووەکـه ڕانەوەسـتا، سـڵاوی لـه ڕێبێکـا کـرد. کاتێـک ڕێبێکـا ئـەوی بینـی دەچـێ بـۆ ژووری خەوتـن، زەنـدەقی چـوو. سـڵاوی لـه ئاورێلیانـۆش کـرد، لـه

تاقیگەکەی خەریکی کاری زێڕنگەری بوو، ئەویش تەواوێک واقی وڕ ما. لای کەسیان خۆی خەریک نەکرد. ڕێک و ڕاست چوو بۆ مەتبەغەکە، وەکوو ئەوەی لەبنی دنیاوە بەرەو ئێرە بەڕێ کەوتبێ، لەناوەند مەتبەخەکە، ئیستێکی کرد. سڵاوی لە ئورسولاش کرد. بۆ چەند چرکەیەک ئورسولا هەر وا بەحەپەساوی مایەوە، سەیری ناو چاوی کرد، دڵخۆشانە هاوارێکی کرد، گرتیە ئامێزی، خۆی ئالاندە ملیەوە، لە خۆشیاندا دەستی بە گریان کرد. خۆسێ ئەرکادیۆ بوو. وەک چۆن بێ پارەوپوول ڕۆیشت، هەر وا بەبێ پارەوپوول گەڕابووەوە، تەنانەت دەبوو ئورسولا دوو پێسۆسی بداتێ، بۆ ئەوەی کرێی ئەسپەکەی پێ بداتەوە. ئیسپانییەک قسەی دەکرد، تێکەڵ بە زاراوەی دەریاوان بوو. کاتێک لێیان پرسی ئەو هەموو ماوەیە لەکوێ بوو، لە وەڵامدا گوتی، " لەم لا و ئەولا." جۆلانەکەی لەو ژووورە هەڵواسی، کە بۆیان تەرخان کردبوو، سێ شەو و سێ ڕۆژ خەوت. هەر کە بەخەبەر هات، شانزە هێلکەی هەر بەخاوی هەڵقوڕاند، ملی نا بەرەو مەیخانەکەی کاتارینۆ، سەر و هەیکەلە زەبەلاحەکەی ژنانی شپرزە کرد. فەرمانی دا مۆسیقای بۆ لێ بدەن، سەرووپەرداخ مەیی پێشکەش بە هەموویان کرد. لەگەڵ پێنج پیاو، پێکەوە گرەوی باسکچەماندنەوەیان کرد. کاتێک بینییان تەنانەت بازووشی ناجمێ، دەنگیان هەڵبڕی، "ئەمە مەحاڵە، چونکە بازنی عیسا و خاچی لەدەستە." کاتارینۆ بڕوای بە شتی وا نەبوو، دوانزە پێسۆسی خستە گرەوەوە بۆ ئەوەی کۆنتواری بارەکە لە شوێنی خۆی بجوولێنێ.

خۆسێ ئەرکادیۆ لە زەوییەکەوە هەڵی تەکاند، تەنانەت هەڵی گرت و خستیە سەر سەریەوە و بردییە دەرەوە. دواتر دەبوو بانگی پانزە پیاو بکەن، بۆ ئەوەی بیهێننەوە ناو مەیخانەکە. دوای ئەوەی گەرم و سەرمەست بوو، لەسەر کۆنتوارەکە ئەندامی نێرینەی دەر هێنا، بە خەتی تێکئاڵقاو و بە زمانی جیاواز، بە ڕەنگی شین و سوور، بە خاڵ کوتیبووی. ئەو ژنانەی بە حەز و ئیشتیاوە سەیریان دەکرد، پێی وتن کێیان ئامادەیە، دەبێ پارەی زیاتر بدات. ژنێکیان لە هەموو ئەوانی دیکە پارەدارتر بوو، بیست پێسۆسی بۆ پێشنیار کرد. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ گوتی با بیکەینە یانسیبەوە، هەر بیتاقەیەکیشی کردە دە پێسۆس. ئەمەش پارەیەکی زۆر بوو، چونکە ئەو ژنەی شەوان زۆر داوا دەکرا، هەر دەیتوانی هەشت پیسۆیەکی دەست بکەوێ، بەڵام هەموو بەو پێشنیارە ڕازی بوون. چواردە پارچە کاغەزیان هێنا، لەسەر هەر پارچەکاغەزێکیش، ژمارەیەکیان نووسی و هەموو پارچەکاغەزەکانیان خستە ناو شەپقەیەکەوە، هەر ژنێکیش دەبوو کاغەزێک ڕابکێشێ. کاتێک تەنها دوو پارچەکاغەز لە ناو شەپقەکە مانەوە، هەموو شتێک ڕوون بووەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ پێشنیارێکی دیکەی کرد و گوتی، "هەریەکەتان پێنج پێسۆس بدەن، تا لەگەڵ هەردووکتان بخەوم."

بەم کاسبییە دەژیا. شەستوپێنج جار بەدەوریدا زەوی خولابووەوە، لەگەڵ دەریاوان و لانەوازاندا سەفەری کردبوو. ئەو ژنانەی ئەو شەوە لە مەیخانەکەی کاتارینۆ لەگەڵی خەوتن، هەر بەڕووتی بردیانە هۆڵی سەماکردنەوە، لە دوو

میلیمەتر زیاتر، پێستی لەشی نەدەبنیرا، چونکە لە تەوقی سەریەوە تا نووکی پێی، لە پێش و پاش، هەمووی بە خاڵ کوترابوو. نەیدەتوانی جارێکی تر لەگەڵ ژیانی خێزاندا خۆی رابهێنێتەوە. بە رۆژ دەخەوت، بە شەویش لە قەحپەخانەکاندا ژیانی بەسەر دەبرد، گرەوی لەسەر هێزی بازووی دەکرد. زۆر کەم ئورسولا دەیتوانی بهێنێتەوە ماڵ، تا پێکەوە نانێک بخۆن، کاتێکیش بهاتبایە، زۆر سالار و بەشەوق دیار بوو، بەتایبەت کاتێک بەسەرهاتەکانی خۆی بۆ دەگێڕانەوە، بەسەرهاتی وڵات و کێشوەرە دووردەستەکان. چۆن لە زەریای یابان کەشتییەکەیان نغرۆ بووە و بۆ ماوەی دوو هەفتە گیریان خواردووە، بەڵکوو ناچاریش بوون گۆشتی یەکێک لە هەواڵەکانیان بخۆن، تووشی گرە ببوو و گیانی لەدەست دابوو؛ لاشەکەی هەندە خوێیاوی زەریا لێی دابوو و هەندەش تیشکی هەتاو برژاندبووی، گۆشتەکە زبر و مەیلەوشیرین ببوو. لە نیوەرۆیەکی هەواخۆشدا، لە کەنداوی بەنگال، کەشتییەکەیان بەر ئەژدیهای زەریا کەوتبوو و کوشتبووی، لە ناوسکیدا، تەپڵەئاسنێک و بەرەزمانەی قاییش و چەک و تفاقی خاچپەرستانیان تیا دۆزیبووەوە. لە کارایب چاویان بە تارماییی کەشتیی دزی دەریاییی ڤیکتۆر ئویگیان کەوتبوو، بای مەرگ چارۆگەکەی هەڵدڕیبوو، ستوونی چارۆگەکەش سیسرکەی دەریا بەتەواوی کرۆشتبوویان، ویستبووی رێگەی دەریای گوادولوپ ببڕێ، کەچی رێگەی لێ ون ببوو. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ لە کاتی نانخواردندا چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دەگێڕایەوە، ئورسولا دەگریا،

وەکوو یەکێک کە خەریکی خوێندنەوەی نامەگەلێک بێ، کە لە ئانوساتی خۆیدا نەگەیشتبێتنە جێ. ئورسولا بەدەم هەنسکەوە دەیگوت، "ڕۆڵە، چ ماڵ و حاڵێکی گەورەوگرانت هەبوو. مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێ چەند خۆراکمان فڕێ داوەتە بەردەم بەرازەکان!" بەڵام هەرچەندی دەکرد، بڕوای نەدەکرد، چونکە کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ دوای قەرەجەکان کەوت، لاوێک بوو، ئێستاش بووە بەم زەبەلاحە، نیوەڕوان نیو بەچکە بەرازی شیرەخۆرەی تەنها بە یەک قەپاڵ دەخوارد، هەرکاتێکیش تڕێکی بکەندابا، گوڵەکانی سیس هەڵدەگەڕاند. ئەندامەکانی دیکەی خێزان هەمان بۆچوونیان هەبوو. ئامارانتا نەیدەتوانی ئەوە بشارێتەوە، کاتێک پێکەوە نانیان بخواردبا، لەو هەموو قرقێنە حەیوانئاسایانە، دڵی هەڵدەچوو. ئەرکادیۆیەک، کە هەرگیز لە بنە و بنەچەی خۆی نەگەیشت، کاتێک لەو ڕووەوە پرسیاری لێ بکرابا تاکوو سۆزی و خۆشەویستی خۆی ڕوون بکاتەوە، بەحاڵ وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەدایەوە. ئاوریلیانۆ هەوڵی دا یادەوەرییەکانی زەمەنی جاران ببووژێنێتەوە، هیی ئەو دەمانەوی پێکەوە لە ژوورێک دەخەوتن، هەوڵی دا ئەو پەیوەندییە ببووژێنێتەوە، کە لە کاتی منداڵیدا هەیانبوو، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ هیچ لەو یادەوەرییانەی لەبیر نەمابوو: ژیانی زەریا مێشکی پڕ لە یادەوەریی دیکە کردبوو. تەنها ڕێبێکا تووش بوو. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ، یەکێک لە پاشنیوەڕۆکان، بەپێش ژوورەکەیدا تێپەڕی، پیەترۆ کرێپسی لەچاو ئەو نێرە زەبەلاحە، هەر بە قووتوویەکی دەکرد،

هەناسەکانی دەتگوت گڕکانن، لە هەموو سووچی ماڵەکە گوێت لێ دەبوو. هەموو ئەنجەتێکی دەقۆزتەوە بۆ ئەوەی بچێتە تەنیشتیەوە. ڕۆژێکیان، خۆسێ ئەرکادیۆ بەسەرنجەوە لێی دەڕوانێ، بەبێ هیچ شەرم و حەیایەک پێی گوت، "خوشکی چکۆلانە، ئێستا بووی بە ژنێکی تەواو!" ڕێبیکا خۆی پێ نەگیرا. جارێکی دیکە، هەر وەکوو جاران، بە جۆشوخرۆشەوە دەستی بە گڵخواردن کردەوە، گەچی قەد دیوارەکانی دەڕنی و پەنجەی کەڵەی دەمژی، تاکوو مێخەکە لە پەنجەکەڵەی دەر هات. شلەیەکی سەوزباو ڕشایەوە، کە زەرووی لەگەڵدا بوو. چەندین ڕۆژ تووشی لەرزوتا بوو، خەو نەدەچووە چاوی، دژ بە وڕێنەکانی دەجەنگا، چاوەڕێی دەکرد بەرەبەیان بە گەڕانەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ، خانووەکە بلەرێتەوە. پاشنیوڕوانێک، هەموو خەوتبوون، خۆی پێ نەگیرا، تاکوو ژوورەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ ڕۆیشت. خۆسێ ئەرکادیۆی بە دەرپێیەکەوە بینی، نەخەوتبوو، لەسەر جۆلانەکە پاڵ کەوتبوو، بە گوریسی کەشتیبەستنەوە، بە کۆڵەگەکانی ماڵەوە ڕاییگرتبوو. ڕووتییە لەڕادەبەدەرەکەی، جەستە ڕەنگاوڕەنگەکەی، هەندە سەرنجی ڕێبێکای ڕاکێشا، حەزی کرد بگەڕێتەوە، پێی گوت، "ببوورە، نەمزانی لێرەی." بۆ ئەوەی کەس گوێی لێ نەبێ، بە دەنگی نزمیش قسەی کرد، تا کەس لە خەو هەڵنەسێنێ. خۆسێ ئەرکادیۆ وەڵامی دایەوە و گوتی، "وەرە ئێرە." ڕێبێکا بەگوێی کرد. چووە تەنیشت جۆلانەکەوە، ڕێبێکا شەلالی ئارەقەیەکی تەزیو بوو، قورگی وشک ببوو، خۆسێ ئەرکادیۆش، بە نووکی

پەنجەکانی، نەوازشی لەگەڵ قولەقاپی دەکرد، دواتر بەرز بووەوە بۆ پووزی، هەندەی نەبرد، گەیشتە سمتی و بە چرپەیەکیش پێی گوت، "ئای خوشکە چکۆلانەکەم، ئای خوشکە چکۆلانەکەم!" کاتێک هێزێکیش وەکوو گێژەڵووکەیەک گرتی، کەمەری زۆر بەجوانی بەرزی کردەوە، دەبوو ڕێبێکا تەقەللایەکی یەکجار زۆر بدات، تاکوو ڕۆحی تەواو دەر نەچێ، بە دوو قۆناغ و بە سێ جوولە هەموو جلەکانی لەبەر داکەند، وەکوو زەڕنەقووتەیەکی لێ هات. پێش ئەوەی سوپاسی خودا بکات کە دروستی کردووە، بەنائاگاییەوە، خۆی بۆ لەزەتی نامۆی ئەو ئازارە مەزنە شل کرد، کە لەنێو زەلکاوی دووکەڵاویی جۆلانەکە وەک کاغەزی ئاومژ قوڵپەکانی خوێنی دەمژی.

دوای سێ ڕۆژ، سەعات پێنجی ئێوارە، بەیەکەوە زەماوەندیان کرد. خۆسێ ئەرکادیۆ، ڕۆژێک پێشتر چووە دوکانەکەی پیەترۆ کرێسپی. خەریک بوو وانەی سیتاری دەوتەوە، بەبێ ئەوەی بیباتە لایەکەوە، ڕێک و ڕاست، لەبەرامبەری ڕاوەستا و پێی گوت، "من ڕێبێکا دەخوازم." پیەترۆ کرێسپی سپی هەڵگەڕا، سیتارەکەی دایە دەستی یەکێک لە قوتابییەکانی و پێی گوتن دەرز تەواو. کاتێک لە ساڵۆنی ئامێرەکانی مۆسیقا و یارییە سپرینگدارەکان، تەنیا هەردووک، دووبەدوو مانەوە، پیەترۆ کرێسپی پێی گوت، "ئەمە خوشکی خۆتە."

خۆسێ ئەرکادیۆ لە وەڵامدا گوتی، "گوێم لێ نییە."

پیەترۆ کرێسپی بە دەسەسرە لەعەترهەڵکێشراوەکەی

ناوچەوانی سرپییەوە و درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، "ئەمە پێچەوانەی سروشتە، تەنانەت یاساش ئەمە قەدەغە دەکات." نەک لەبەر ئەنجەتهێنانەوەی پیەترۆ کریسپی حەوسەڵەی نەما، بەڵکوو زیاتر لەبەر ڕەنگپەڕیویی ئەو بوو.

خۆسێ ئەرکادیۆ لە وەڵامدا گوتی، "گووم کردە سروشت. هاتووم پێت بڵێم، بۆ ئەوەی ئەو زەحمەتە بە خۆت نەدەیت و بچیت بە ڕێبێکا بڵێی."

کەچی کاتێک هەردوو چاوی پیەترۆ کریسپیی بینی پڕئەسرین بوون، کەمتر دڕندانە خۆی نیشان دا و بە تۆنێکی دیکە پێی گوت، "ئەگەر کێشەکە ئەوەیە کە تۆ دڵت بە بنەماڵەکەی ئێمە دەکرێتەوە، ئەوە ئامارانتا ماوە."

لە کاتی نوێژی یەکشەممە، نیکانۆری کەشیش ئەوەی ڕوون کردنەوە، کە خۆسێ ئەرکادیۆ و ڕێبێکا خوشک و برا نین. کەچی ئورسولا هەرگیز لەمە خۆش نەبوو، ئەمەی بە ئەوپەڕی بێڕێزی لێ کدایەوە، کاتێکیش لە کڵێسا گەڕایەوە، نەیهێشت ئەم بووک و زاوایە پێ بخەنەوە ماڵەکەوە. بەلای ئورسولاوە، ئیتر ئەم دووە وەک مردوو حیسابی بۆ دەکردن. خانوویەکی بچووکیان بەرامبەر بە گۆڕستانەکە بەکرێ گرت، جگە لە جۆلانەکەی خۆسێ، هیچ شتومەک و تفاقێکی دییان لەگەڵ خۆیان نەبرد. شەوی زەماوەند، دووپشکێک چووبووە ناو کەوشێکی ڕێبێکا و پێوەی دا. هەستی کرد نوتقی نامێنێ، کەچی نەبووە پەکخستنی مانگی هەنگوینییەکەی. هاوسێیەکان لە گشت ئەو هاتوهاوارەی هەشت جار لە شەوێکدا دووپات دەبووەوە، سێ جارانیش

لە کاتی سەرخەوشکاندنی پاشنیوەڕوان، زەندەقیان چووبوو، لە خەوی دەکردن، لە خودا دەپاڕانەوە، کە ئەم شەهوەت و هەوەسبازییە هێمنی و ئاسوودەیی مردووان نەشێوێنێ.

تاقە کەس کە بەتەنگییانەوە چوو، ئاوریلیانۆ بوو. چەند کانتۆڕ و دۆلابێکی بۆ کڕین، هەندێ پارەشی بۆ پەیدا کردن، تا ئەو دەمەی خۆسێ ئەرکادیۆ ئەقڵ و هۆشی دێتەوە بەر، ئەویش دەستی بە کێڵانی ئەو زەوییانە کرد، کە لەتەنیشت گۆڕستانەکەوە بوون، زەویی بێخاوەن بوون. سەرەڕای ئەوەی بەخت فریای ئامارانتا کەوت، ژیانێکی هەند ئاسوودەی هەبوو، کە بە خەونیش بیری لێ نەکردبووە، کەچی نەیدەتوانی کین و بوغزی خۆی بەرامبەر بە ڕێبێکا هێور بکاتەوە: لەسەر پێشنیاری ئورسولا، چونکە نەیدەزانی چۆن ئەم ئابڕووچوونەی لە کۆڵ ببێتەوە، پیەترۆ کرێسپی، وەکوو جاران، هەموو سێشەممەیەک دەهات و لەگەڵیان نانی نیوەڕوانی دەخوارد و زۆر بەئەدەبەوە بەسەر ئەو گرفتەدا زاڵ بوو. وەک نیشانەی ڕێزیش بۆ سەرجەم ئەندامانی خێزانەکە، ئۆیە ڕەشەکەی قەد شەپقەکەی لێ نەکردەوە و حەزیشی دەکرد سۆز و خۆشەویستی بۆ ئورسولا دەر ببڕێ و ناوبەناویش دیاریی سەیروسەمەرەی بۆ دەبرد: ساردینی پورتوغالی، مرەببای گوڵەباغی تورکی. ڕۆژێکیشیان شاڵێکی ئەفسووناویی هەرێمی مانیی پێشکەش کرد. ئامارانتا بەڕووخۆشییەوە پێشوازیی لێ دەکرد. مەزەنەی ئەو شتانەی دەکرد، کە حەزی لێ بوو، دەزووە دەرچووەکانی سەر دەستی کراسەکەی بۆ دەبڕێ، بۆ جەژنی لە دایکبوونی، دە-

دەوانزە دەسەسڕی پێشکەش کرد، کە لەسەر هەریەکێکیان پیتی یەکەمی ناوی لەسەر چنیبوو. هەموو سێشەمموانێکیش، دوای نانخواردن، سەرەڕای ئەوەی ئامارانتا لە هەیوانەکە خەریکی چنین بوو، پیتەر کرێسپی دەچووە تەنیشتی و لەگەڵی دادەنیشت. هەندەی نەبرد، ئەوەی لەلا ڕوون بووەوە، کە ئەو کەسەی جاران وەکوو کیژۆڵەیەک سەیری دەکرد، ئێستا خەریکە دەبێتە ژنێکی خانومان. جوانییەکی زۆر ئەفسووناویی نەبوو، بەڵام خاوەن هەستێکی تایبەت بوو، بایەخی بە وردەکارییەکانی ژیان دەدا، نەرمونیانییەکی کەموێنەی دەنواند. سێشەمموانێک، هەمووان، کەم تا زۆر، دەیانزانی چ ڕوو دەدات، پیەترۆ کرێسپی داوای هاوسەریی لە ئامارانتا کرد، کەچی لەسەر چنینیەکەی سەری هەڵنەگرت. چاوەڕێی ئەوەی دەکرد ڕوخساری سوورهەڵگەڕاوی هێمن بێتەوە. دواجار بە دەنگێکی هێمن و زۆریش ڕەسمییانە، وەکوو یەکێکی خاوەنئەزموون، وەڵامی دایەوە، "بێگومان کرێسپی، بەڵام با زیاتر یەکتر بناسین. بە هیچ شێوەیەک پەلەکردن کارێکی باش نییە."

ئورسولا تەریق بووەوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێز و حورمەتێکی زۆری بۆ پیەترۆ کرێسپی هەبوو، کەچی نەیدەزانی ئایا ئەمە لە ڕووی ئەخلاقییەوە بڕیارێکی دروستە یا نا، چونکە بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ دەزگیرانی ڕێبێکا بووە. بەڵام سەرەنجام، ڕازی بوو بەوەی ئەمە کارێکی نە باشە نە خراپە، چونکە کەس لەگەڵ بۆچوونی ئەودا نەبوو. ئاورێلیانۆ ببووە پیاوی ماڵ، ڕایەکی ڕەسمی و تەلیسماوی

دەر بڕی، کە هەندەی دیکە ئورسولای پەرێشان کرد و گوتی، "ئێستا کاتی ئەوە نییە کەس بیر لە زەماوەند بکاتەوە."

دوای چەند مانگێک، ئینجا ئورسولا لەم بۆچوونە حاڵی بوو، لەو دەمەدا ئاورێلیانۆ، بێجگە لە جەنگ، دەیتوانی ڕاشکاوانە گوزارشت لە هەموو بۆچوونێک بکات، نەک تەنها لەبارەی زەماوەندەوە، بەڵکوو لەبارەی هەموو شتێکەوە. تەنانەت خۆشی، کاتێک بەرامبە بە دەستەی گوللەڕێژدا ڕاوەستا، نەیدەتوانی بەڕوونی لەوە تێبگات، چۆن ئەو زنجیرەڕووداوە یەکلەدواییەکانە تا ئەو شوێنە ڕاپێچییان کرد. مەرگی ڕێمێدیۆس ئەم شڵەژان و ترسەی لەلا دروست نەکرد. ئەمە تەنها تووڕەبوونێکی پەنهان بوو، کە لەگەڵ کاتدا هێدی هێدی ڕەوییەوە، کەچی هەستی بە بەشخوراوی و تەنیایی و سەرکزی دەکرد، بە تووڕەبوونی یەکێکی دەکرد، کە بڕیاری ئەوەی دابێ، کە بەبێ ژن ژیان بەرێتە سەر. جارێکی دیکە خۆی بە کارەوە خافڵاند، بەڵام وەک عادەتیش دەچوو دەستێ دۆمینەی لەگەڵ خەزوورەکەی دەکرد. لەناو ماڵێکدا کە پرسە باڵی بەسەر هەموو قوژبنێکدا کێشابوو، گفتوگۆی نێوان ئەم دوو پیاوە دۆستایەتییانی توندوتۆڵ کرد. خەزووری پێی دەگوت، "ئاورێلیتۆ، ژنێکی دیکە بهێنە. من خاوەن شەش کچم، بە کەیفی خۆت یەکێکیان هەڵبژێرە." ڕۆژێک پێش هەڵبژاردن، دوای ئەوە دۆن ئاپۆلینێر مۆسکۆتێ لە یەکێک لە سەفەرەکانی گەڕایەوە، لە بارودۆخی سیاسیی وڵاتەوە زۆر نیگەران بوو. لیبراڵەکان بڕیاری ئەوەیان دابوو، کە جەنگ هەڵبگیرسێنن. لەو دەمەدا ئاورێلیانۆ،

بیروبۆچوونێکی وای لەمەڕ لیبراڵ و پارێزگاراندا نەبوو، بەڵام خەزووری بە چەند ڕستەیەک بۆی ئاسان کردەوە و پێی گوت، "لیبراڵەکان، فەرماسۆنن: خەڵکی بەدڕەوشتن، لەگەڵ ئەوەدان هەر چی کەشیش هەیە، لە قەنارەی بدەن، مارەکردن و تەلاقدان لە مەحکەمەکان ئەنجام بدرێن، منداڵی شەرعی و ناشەرعی هەمان مافیان هەبێ و وڵات بەسەر چەند هەرێمێکی فیدارلیدا دابەش بکەن و دەسەڵاتی ناوەند بەتەواوی کەم بکرێتەوە. بە پێچەوانەشەوە، پارێزگاران دەسەڵاتیان لە دەسەڵاتی خوداوەندەوە دەستگیر دەبێ، بیر لە سەقامگیری و نیزامی گشتی دەکەنەوە، ئەخلاقی خێزانیان بەلاوە گرینگە و ئامادە نین وڵات بکەنە چەند هەرێمێکی ئۆتۆنۆم. ئاورێلیانۆ هەستی کرد لە بۆچوونی لیبراڵەکانەوە نزیکە، بەتایبەت لەبارەی مافی منداڵی شەرعییەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا لەوە تێنەدەگەیشت، چۆن دەبێ جەنگ لەپێناو شتێک هەڵدەگیرسێنرێت، کە نەتواندرێ دەستی لێ بدرێ. هەستی بە ئەوەش دەکرد، کە جۆرە زیادەڕەوییەک لەئارادایە، چۆن دەبێ لە کاتی هەڵبژاردندا خەزووری شەش چەکدار، لەژێر فەرمانی عەریفێک، بنێرێتە گوندێک، کە بە هیچ جۆرێک سەریان لە سیاسەت دەر ناچێت. نەک تەنها سەربازەکان هێرشیان کردبوو، بەڵکوو ماڵبەماڵیش گەڕابوون، سەرەتاش چەک و تاپڕی ڕاو و تەور، تەنانەت کێرد و چەقۆی مەتبەغیشیان کۆ کردبووەوە، دوای ئەوەش، پارچە کاغەزێکیان داوەتە دەستی خاوەنماڵەکە و ئەوانەی تەمەنیان لە سەرووی بیستویەک ساڵەوە بووە،

پارچەکاغەزێکی شین بۆ ئەوەی دەنگ بدرێتە کاندیدی پارێزگاران و پارچەکاغەزێکی سووریش ناوی کاندیدی لیبراڵەکانی لەسەر نووسرا بوو. ڕۆژی پێش هەڵبژاردنەکەش، دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ، بە دەنگ ڕێنماییەکانی خوێندەوە، هەر لە شەممەوە، لە نیوەی شەو بەدواوە، بۆ ماوەی چلوهەشت سەعات، فرۆشتی هەموو جۆرە خواردنەوەیەکی ئەلکهوول قەدەغە کرا و نەدەبوو لە سێ کەسی زیاتر سەر بە هەمان خێزان لە شوێنە گشتییەکان پێکەوە کۆ ببنەوە. بەبێ گێچەڵ، هەڵبژاردنەکان کۆتاییيان هات. یەکشەممە، هەر لە هەشتی بەیانییەوە، سنوقی لەتەختەدروستکراویان لە مەیدانی گشتی دانا، شەش سەربازیش چاودێریی دەکردن. بە هەموو ئازادییەک دەنگ درا، هەر وەک چۆن خودی ئاورێلیانۆ سەرنجی دابوو، چونکە هەموو ڕۆژەکە لەتەنیشت خەزووریەوە ڕاوەستابوو بۆ ئەوەی لەوە ئاگادار بێ، کە کەس دوو جار دەنگ نەدات. سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، دەنگی دەهۆڵ بەرز بووەوە، جاڕ بۆ کۆتاییپێهێنانی دەنگدان لێدرا، دۆن ئاپۆلینا مۆسکۆتێ مۆرێکی لە سنوقەکە دا و بە کاغەزێکی چرێشینیش سنوقەکەی بەستەوە و ئیمزای خۆی لەسەر کرد. هەر بۆ ئێوارەکەشی، لەو دەمەی دۆن ئاپۆلینار لەگەڵ ئاورێلیانۆ خەریکی دۆمینە بوو، بە عەریفەکەی گوت، با چرێشەکان لێبکاتەوە بۆ ئەوەی کاغەزەکانی دەنگدان دەر بهێنن و بیانژمێرن. ژمارەی کاغەزە سوورەکان هەندەی کاغەزە شینەکان دەبوون، عەریفەکە تەنها دە کاغەزی سووری لەناو سنوقە جێ هێشت و ئەوانەی دیکەی هەموو

کـردە شـین. دواتـر سـنوقەکەیان جارێکـی دیکـە پێچایـەوە و مۆریـان لـێ دا و بـۆ بەرەبەیانـی ڕۆژی دوایـی، بـەرەو پایتەختـی هەرێـم بـەڕێ کـران. ئاورێلیانـۆ گوتـی، " ئـەم لیبراڵانـە بەشـەڕ دێـن." دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ سـەری لەسـەر یارییەکە هەڵنەگرت و وەڵامـی دایـەوە و گوتـی، "ئەگـەر ئەمـە لەبـەر ئـەوە دەڵێی کە دەسـکاریی کاغـەزی دەنگدانـەکان کرا، نەخێر، شـەڕ ناکـەن. بەئەنقەسـت، بۆ ئـەوەی ناڕەزاییـی لـێ نەکەوێتـەوە، چەنـد کاغەزێکـی سـوور لەنـاو سـنوقەکانی دەنگدانـدا دەهێڵنـەوە. "ئاورێلیانـۆ لـە داکەوتنـی سـەنگی موعـارەزە حاڵـی بـوو و گوتـی، "ئەگـەر مـن لیبـراڵ بوومایـە، لەپێنـاو دەسـکاریکردنی کاغـەزی دەنگدانـەکان شـەڕم دەکـرد. "خـەزووری لەسـەرووی چاویلکەکانیـەوە سـەیرێکی کـرد و گوتـی، " ڕۆڵـە، ئەگـەر تـۆ لیبیـراڵ بوویتایـە و زاوای منیـش بوویتایـە، نەمدەهێشـت لەتەنیشـت سـنوقەکەدا ڕابوەسـتی."

ئـەوەی خەڵکـی گوندەکـەی تـووڕە کردبـوو، ئەنجامـی هەڵبژاردنـەکان نەبـوو، بەڵکـوو سـەربازەکان چەکەکانیـان دانەدەنـا. ژنـان شـاندێکیان پێـک هێنـا و ناردیـان بـۆ ئـەوەی ئاورێلیانـۆ ببینـن، تـا بـە خـەزووری بڵـێ کێـرد و چەقـۆی مەتبەخەکانیـان بـۆ بگەڕێننـەوە. دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ بـە نهێنییەکـی زۆرەوە پێـی گوتبـوو، کـە سـەربازەکان دەسـتیان بەسـەر ئـەو چەکانـەدا گرتـووە و تـا وەک بەڵگـە بـەکاری بهێنن، کـە لیبراڵـەکان بەتەمـای شـەڕن. ئـەم ملهوڕییـە ئاورێلیانـۆی زۆر نیگـەران کردبـوو. هیچـی لـەو بارەیـەوە نەگوت، شـەوێکیان خێرینێلـدۆ و ماگنیفیکـۆ ڤیسـبال لەبـارەی بەسـەرهاتی ئـەو

چەقۆیانەوە قسەیان دەکرد و لە ئاورێلیانۆیان پرسی، ئایا ئەو سەر بە لیبراڵەکانە یا سەر بە پارێزگارانە، ئەویش بەبێ سێ و دوو وەڵامی دانەوە، "ئەگەر مەسەلەکە سەربەلایەکبوون بێت، ئەوە من سەر بە لیبراڵەکانم، چونکە پارێزگاران فێڵبازان."

بۆ ڕۆژی دوایی، لەسەر داوای برادەرەکانی، چوو سەری لە دکتۆر ئالیریۆ نۆگێرا دا، چونکە هەستی دەکرد جگەری ئازاری دەدا. لە بنەڕەتیشدا زۆر بێئاگا بوو لە هەڵبەستنی ئەم نمایشە تەڵەکاوییە. دکتۆر ئالیریۆ نۆگێرا، چەند ساڵێک پێشتر هاتبووە گوندی ماکۆندۆ، جانتایەکی پڕ لە حەبی بێتامیشی پێ بوو و ڕەچەتەشی دەدا بە خەڵکی و کەسیشی ڕازی نەدەکرد: بزمارێک، بزمارێکی دیکە دەر دێنێ. لە ڕاستیدا تەڵەکەبازێک بوو. لەژێر پەردەی بێگەردیی پزیشکێکی نەناسراودا، تیرۆریستێک خۆی مەلاس دابوو، لەژێر چەکمە پاژنە نزمەکەی کە هەموو پووزی دەگرتەوە، شوێنی برینی بەستنەوەی زنجیری پێنج ساڵی زیندانیی دەشاردەوە. لە یەکەم ڕووداوی فیرالیستیدا دەگیرێ، پاشان بۆ کوراچاو هەڵدێ. سەرەڕای ئەوەی جوببەی کەشیشیان، قێزەونترین جلوبەرگ بوو بە نیسبەت ئەوەوە، کەچی خۆی لەژێر ئەو جوببەیە دەشاریتەوە. دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە دوورخراوەیی ژیا، ئەو هەواڵ و دەنگوباسانەی لە ڕێگەی زیندانییەکانی ناوچەکانی کارایبی دەگەیشتن، ختووکەی دەدەن و هانی دەدەن، هەندە نایا، سواری کەشتیی قاچاغچییان دەبێ و جارێکی دیکە بە حەبی ساختەوە لە

ڕیۆئاچا دەر دەکەویتەوە، لە ڕاستییشدا، ئەو حەبانە جگە لە شەکری خۆشەکراو زیاتر، شتێکی دیکەنەبوون؛ شەهادەیەکی ساختەی زانکۆی لیپزینگیش لە باخەڵیدا بوو، هەر خۆشی ئەو شەهادەیەی دروست کردبوو. هەند هەستی بە نائومێدی دەکرد، لە داخا دەگریا. ئەو پەناهەندانەی بە بەرمیلەبارووت دەچواند، کە بەجۆشوخرۆشەوە وەسفی فیدراڵیستخوازەکانیان دەکرد، بووە مشتێ وەهمی هەڵبژاردن و توایەوە. شکستی دۆڕاندن، تووشی دۆشداماني کرد، بۆیە بیری لە شوێنێک دەکردەوە، تا دوا ساڵەکانی ژیانی بە ئاسوودەیی و هێمنی تیا بەسەر بەرێت؛ لە بەرگی پزیشکێکی درۆزندا، چوو لە گوندی ماکۆندۆ خۆی داڵدە دا. لە سووچێکی مەیدانەکە، ژوورێکی بچووکی بە کرێ گرت، پڕی لە شووشەی بەتاڵ بوو، چەندین ساڵ بەم شێوەیە ژیا، لەسەر ئومێدی ئەو نەخۆشانە دەژیا، کە لە چاکبوونەوە بێهوا ببوون، ئەویش حەبی لەشەکردروستکراوی پێ دەفرۆشتن. لەو دەمەی دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ دەسەلاتێکی ڕوواڵەتانەی دەنواندا، هەموو غەریزە ئاژاوەگێڕەکانی ئەو هێور ببووەوە. کاتی بە دووبارەکردنەوەی یادەوەرییەکانی دەکوشت و دژ بە تەنگەنەفەسییەکەشی لە شەڕدا بوو. نزیکبوونەوەی هەڵبژاردن بوو بە سەرەداوێک بۆ ئەوەی بمانباتە سەر گلۆلەی یاخیبوونەکەی. پەیوەندیی لەگەڵ لاوانی گوندا چێ کرد، ئەو لاوانەی هیچیان لەبارەی سیاسەتەوە نەدەزانی، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوە پڕوپاگەندە و بۆ دەنگدان هانی دان. بەشێکی زۆری ئەو کاغەزە سوورانەی لەناو سنوقی

دەنگدانــەوە بینــران، دۆن ئاپۆلینــار مۆســکۆتێ دەیدایــە پــاڵ سـۆزی ئـەو لاوانـەی خەبـات بـۆ گۆڕانـکاری و نوێخـوازی دەکـەن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەمـە نەخشـە و پلانـی ئـەو بـوو: هەوادارانی خۆی ناچار کرد دەنـگ بـدەن، تـا ئـەوە بسـەلمێنێ، کـە دەنگدان، گاڵتەجاڕییەکـە بۆخـۆی. دەیگـوت، "کاریگەرتریـن کار، زەبروزەنگـە." زۆربـەی هـەرە زۆری هاوڕێیەکانـی ئاوریلیانـۆ سـەبارەت بـەو بیرۆکەیـەی سیسـتەمی پارێـزان سـەرەنگوون بکرێـت، گەرموگوڕییـان دەنوانـد، بـەڵام کـەس نەیدەوێرا بچێتـە ڕیزیانـەوە، نـەک تەنهـا لەبـەر ئـەوەی ئاوریلیانۆ سـەر بـە سـەرۆکی شـارەوانی بـوو، بەڵکـوو خـاوەن تەبعێکـی گۆشـەگیریش بـوو، خـوو و ڕەفتـاری دوورەپەرێزیشـی دەنوانـد. کەچـی دەشـیانزانی، هـەر لەبـەر خاتـری خـەزووری، دەنگـی بـە شـین داوە. بۆیـە بـوو بـە ڕێککەوتێکـی تـەواو، چونکـە کاتێـک باسـی بۆچوونـە سیاسـییەکانی کـرد، ئەوانیـش بـە فزوولییەکـی ساویلکانەوە پێیـان گوتبـوو، بـۆ ئـەوەی چارەسـەری ئازارەکـەی بـکات، دەبـێ بچێـت سـەر لـە پزیشـک بـدات. لـە ڕاسـتییشـدا هیـچ ئازارێـک لەگۆڕێـدا نەبـوو. لـە ژوورێکـی بچووکـدا، تەونـی جاڵجاڵۆکـەکان بۆنـی کافـووری گرتبـوو، چـاوی بـە حەربایـەک کـەوت، تـۆز و غوبارێکـی زۆری لەسـەرنیشـتبوو، کاتێـک هەناسـەی دەدا، فیکەیـەک لـە سـینەیەوە دەردەچـوو. پێـش ئـەوەی پزیشـکەکەش پرسـیاری لـێ بـکات، بردیـە بەرامبـەر پەنجەرەکـە و سـەیری سـپێتیی چـاوی کـرد، پێڵووەکانـی شـۆڕ کـردەوە. ئاوریلیانـۆ لەسـەر سـپاردەی هاوڕێیەکانـی پێـی گـوت، "ئەمـە نییـە." پەنجەکانـی خسـتە سـەر ئـەو شـوێنەی جگـەری

لێ بوو، بە ئەستەم پاڵی پێوە نا و گوتی، "ئێرەم ژان دەکات، ناهێڵێ شەوان چاو لەیەک بنێم." بۆیە بە بیانووی ئەوەی تیشکی هەتاوەکە زۆر بەتینە، دکتۆر نۆگویرا پەنجەرەکەی داخست و زۆر بەسادەیی بۆی ڕوون کردەوە و پێی گوت، کوشتنی پارێزگاران وەکوو ئەرکێکی نیشتمان دەبێ سەیر بکرێت. بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، ئاورێلیانۆ شووشەیەکی بچووکی دەخستە گیرفانی کراسەکەیەوە و دوو سەعات جارێکیش دەری دەهێنا. سێ حەبی دەر دەهێنا و دەیخستە ناو لەپیەوە، دەیهاویشتە دەمیەوە، لەسەرخۆ لەسەر زمانی دای دەنا، تا دەتوایەوە. دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ گاڵتەی بە عەقڵی ئەو کەسانە دەکرد، کە بڕوایان بە داوودەرمانی ئەو دکتۆرەیە، کەچی پیلانگێڕان ئەویان بە یەکێک لە خۆیان دەزانی. زۆربەی کوڕەکانی دامەزرێنەری گوندی ماکۆندۆ بەم مەسەلەیەوە سەرقاڵ بوون، لە ڕاستییشدا، کەسیشیان بەتەواوی نەیاندەزانی ئەو کارە چییە، کە دەبێ پێی هەڵسن. بەڵام، ئەو ڕۆژەی دکتۆر نهێنییەکەی خستە چنگی ئاورێلیانۆوە، خێرا خۆی لە پیلانەکە کشاندەوە. سەرەڕای ئەوەی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی دەبێ بەکتوپڕی سیستەمی کۆنەپارێزان لەناو ببرێت، بەڵام زەندەقی لەو پیلانە چوو. دکتۆر نۆگێرا یەکێک بوو لە دەروێشانی پیاوکوژی. بیری لە زنجیرەی ئەو تاکەکەسانە دەکردەوە، کە لەئاستی وڵاتدا وەک گورزێکی کوشندە حیسابی بۆ بکرێ، مەبەست لە لەناوبردنی فەرمانبەرانی ڕژێم و خاووخێزانەکانیان بوو، بەتایبەتی منداڵەکانیان، بۆ ئەوەی بەیەکجاری و لە ڕەگەوە

ڕیشـەکێش بکرێن. هەڵبەتـە دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ یەکێک بـوو لـەو ناوانـەی خرابـووە لیسـتەکەوە.

ئاورێلیانـۆ لەسـەرخۆ و بەهێمنـی پێـی گـوت، " تـۆ نـە لیبێراڵـی نـە هیـچ. قەسـابێکی و هیچـی تـر."

دکتۆریش لەسەرخۆ و زۆر هێمنانە وەڵامی دایەوە و پێی گوت، "کەواتە شووشـە حەبەکەم بدەرەوە، چونکە پێویستت پێی نییە."

دوای شـەش مانـگ، ئاورێلیانـۆ لـەوە تێگەیشـت، کـە دکتـۆر ئـەو بـە پیـاوی کـردار نازانـێ، بـە یەکێکـی عاتیفـی و بێئاییـندە لەقەڵەمـی داوە، کارەکتەرێکـی پاسـیڤی هەیـە و مەحکومـە بـەوەی تـا لـە ژیانیشـدا مـاوە، بەتەنیاییـی ژیـان بەرێتـە سـەر. ئەوانـی دیکـەش هەوڵیـان دەدا هەمیشـە بیخەنـە ژێـر چاودێرییـەوە، چونکـە لـەوە دەترسـان پیلانەکەیـان لـێ ئاشـکرا بکات. ئاورێلیانـۆ دڵنیای کردنـەوە: تەنهـا وشـەیەکیش نادرکێنـێ، کەچـی ئەگـەر ئـەو شـەوە بچـن خاووخێزانـی مۆسـکۆتێ بکوژن، ئـەوە خـۆی، لەپێش دەرگا بەرگرییـان لـێ دەکات. هەنـدە لەسـەر پـێ بینییـان، پیلانەکەیـان بـۆ ڕۆژێکـی دیکـە دوا خسـت. ئـا لـەو سـەردەمەدا بـوو، ئورسـولا پێـی گوتبوو ڕای چییە لە زەماوەندی پیەترۆ کرێسپی و ئامارانتا، ئەویـش لـە وەڵامـدا گوتبـووی، ئێسـتا کاتـی ئـەوە نییـە بیـر لـە شتی وا بکرێتـەوە. هەفتەیـەک دەبوو، دەمانچەیەکی کۆنـی دەخسـتە ژێر کراسـەکەیەوە. چاودێریـی هاوڕێیەکانـی دەکـرد. هەمـوو پاشـنیوەڕۆیەک دەچـوو قاوەیەکـی لـە لای خۆسـێ ئەرکادیۆ و ڕێبێکا دەخواردەوە، ئەوانیش خەریک بوون وردە

ورده ماڵوحاڵیـان دادەنـا، دوای سـەعات حەوتـی ئێـوارەش، دەچوو یەک-دوو دەست دۆمینۆی لەگەڵ خـەزووری دەکرد. لـە کاتـی نانخواردنـی نیوەڕۆشـدا، قسـەی لەگـەڵ ئەرکادیـۆ دەکـرد، ئـەودەم، ببـووە هەرزەکارێکـی زلوزەبـەلاح، هەمـوو ڕۆژێـک ئاورێلیانـۆی دەبیینـی بەجۆشوخرۆشـتر پێشـبینیی جەنگی دەکرد. لـە قوتابخانـە، ئەرکادیۆ لەگـەڵ قوتابیيانـی لـە خـۆی گەورەتـر و لەگـەڵ منداڵانـی دیکـە، کـە تـازە زمانیـان دەپژا، تێکەڵ دەبوو، بیری لیبراڵ کەللەی جۆش دەدا. باسـی ئـەوە دەکرا، کـە دەبـێ نیکانۆری کەشیش گوللـەباران بکرێ، کڵێسـاکە بکرێتـە قوتابخانـە، ئەوینـی ئـازاد ببووژێندرێتـەوە. کەچـی ئاورێلیانـۆ دەیوسـت ئـەم کەفوکوڵییـە هێـور بکاتـەوە. پێـی دەگـوت دەبـێ نهێنیپارێـز بێـت و زۆریـش ئـاگای لـە خـۆی بـێ. بـەلام گوێـی نەدەدایـێ، دیدی واقیعبینیـی ئـەوی ڕەت دەکردەوە، لەنـاو خەڵکیشـدا ئاورێلیانـۆی بـەوە تۆمەتبـار دەکرد، کـە پیاوێکـی بێهێزە. ئاورێلیانـۆ دانـی بـە خۆیدا دەگرت. کەچـی لـە کۆتایـی مانگـی کانوونـی یەکەمـدا، ئورسـولا تـەواو پەشـۆکاو دیـار بـوو، لەنـاکاو خـۆی دەکات بـە تاقیگەکـەدا و دەڵـێ، "شـەڕ هەڵگیرسـا!"

بـە ڕاسـتیش وا دەر چـوو، سـێ مانـگ بـوو شـەڕ هەڵگیرسـابوو. حوکمـی عورفـی لـە سـەرتاپای ولات دەر چووبـوو. لـەو کاتـەدا، تاقـە کـەس بەمـەی زانیبـێ، دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ بـوو، تەنانـەت بـە ژنەکەشـی نەگوتبـوو، سـەرباری ئەمـەش، دەسـتەیەک سـەرباز هاتنـە گوندەکـەوە و لەپڕێکدا داگیریان کرد. پێش ئـەوەی خـۆر هەڵبێ، بەبێدەنگی

خۆیـان کردبـوو بـه گوندەکـەدا، دوو تۆپهاوێـژی سـووکیان پـێ بـوو، هێسـتر ڕای دەکێشـان، قوتابخانەکەشـیان کـردە بارەگـەی گشـتی. لـە سـەعات شەشـی بەیانییـەوە تاکـوو سـەعاتِ دوانـزەی نیـوەڕۆ، هاتوچـۆ قەدەغـە کرا. دەسـت بـە پشـکنینێکی تـر کـرا، لـەوەی پێشـوو زۆر وردتـر بـوو، ئـەم جارەیـان ماڵبەمـاڵ گـەڕان، تەنانـەت کەرەسـەی کارکردنیشـیان لەگـەڵ خۆیـان بـرد. دکتـۆر نۆگێرایـان ڕاکێشـایەوە دەرەوەی ماڵەکـەی و بـە درەختێکی مەیدانـی گوندەوە بەسـتیانەوە، بەبێ هیـچ لێپێچینـەوە و دادگاییـەک، تیربارانیـان کـرد. نیکانۆری کەشیش، بەنماییشـکردنی لەسـەر زەوی بەرز بوونەوە، هەوڵی دا فشـار بخاتـە سـەر دەسـەڵاتی سـەربازی، کەچـی سـەربازێک بـە قۆناغـی تفەنگەکـەی سـەری برینـدار کـرد. ئاورێلیانـۆ ڕەنگپەڕیـو دیـار بـوو، خـۆی دەخـواردەوە، لەگـەڵ خـەزووری، بـەردەوام بـوو لـە دامەکـردن. لـەوە تێگەیشـت سـەرباری عینوانـی دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ، وەک فەرمانبـەری مەدەنـی و سـەربازی، لـە داشـێکی دامـە زیاتـر، هیچـی دیکـە نییـە. بڕیـارەکان لەلایـەن کاپتنێکـی سـەربازییەوە دەر دەچـوون، هەمـوو بەیانییـەک بـۆ ڕاگرتنـی نیزامـی گشـتی باجـی تایبەتـی لـە دانیشـتووانەکە وەر دەگـرت. سـەگێکی هـار گازی لـە ژنێـک گرتبـوو، بـە فەرمانـی ئـەو، هـەر بـەزۆر چـوار سـەرباز لـە چنگـی خێزانەکـەی دەریـان هێنـا و هـەر بـە قۆناغەتفەنـگ لـە بـەردەم خەڵکەکـەش کوشـتیان. یەکشـەمموانێک، دوو هەفتـە بەسـەر داگیرکردنـی گوندەکـەدا تێپەڕیبـوو، ئاورێلیانـۆ چـوو بـۆ ماڵی خێرنێلدۆ مارکێز، هـەر بـە عادەتـە خاکییەکـەی خـۆی،

داوای تاسێک قاوەی بێشەکری لێ کرد. کاتێک هەردووک، دووبەدوو لە مەتبەخەکە دانیشتبوون، ئاورێلیانۆ بە توونێکی دەسەڵاتدارانە کەوتە قسەکردن، وەک بڵێی ئەو نەبووبێت، پێی گوت، "لاوەکان کۆ بکەرەوە. دەچین بۆ شەڕ." خێرنێلدۆ مارکێز بڕوای نەدەکرد و لێی پرسی، "ئاخر بە کام چەک؟"

ئاورێلیانۆ وەڵامی دایەوە و گوتی، "بە چەکی خۆیان."

سێشەممە، نیوەی شەو بوو، هەڵمەتێکی بێسەروبەر کرا، بیستویەک پیاو دەبوون، هەموویان لە سی ساڵ کەمتر دەبوون، لەژێر فەرماندەی ئاورێلیانۆ بوێندیا، چەک و تفاقەکانیان، کێرد و چەقۆی تێژکراوی ماڵەوە بوو، لەناکاو دەستیان بەسەر جبەخانەکەدا گرت، دەستیان بەسەر چەک و تفاقی حەوشەکەی کاپتندا گرت و ئەو چوار سەربازەشیان دەسبەسەر کرد، کە ژنەکەیان کوشتبوو.

هەر هەمان شەو، تەقەی دەستەی گوللەباران بیسترا، ئەرکادیۆ کرا بە فەرماندەی مەدەنی و سەربازی. ئەو شۆڕشگێڕانەی ژنیان هەبوو، تەنانەت کاتی ئەوەشیان بۆ نەڕەخسا ماڵئاواییان لێ بکەن. لەگەڵ بەرەبەیاندا بۆی دەر چوون، لەلایەن دانیشتووانی ئازادکراوەوە بژی بژیان بۆ دەکرا، ڕەوتیان دەکرد بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی لەشکری ڤیکتۆریۆمێدینای ژەنەڕاڵی شۆڕشگێر، کە بەگوێرەی دوا هەواڵەکان بەرەو مەناورێ بەڕێکەوتبوون. پێش ئەوەی هەنگاو هەڵنێن، ئاورێلیانۆ دۆن ئاپلۆینار مۆسکۆتێیان لەناو دۆلابێک دردەهێنا، خۆی تیا شاردبووەوە و پێی گوت، " باوکە، بێدەنگ ببە. گفتی شەرەفت دەدەمێ، فەرمانده

نوێیەکە ژیانی خۆت و ژیانی خێزانەکەت دەپارێزێ. " دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێ بڕوای نەدەکرد ئەو پیلانگێڕە چەکمە زلەی پێشی، ئەو تفەنگلەشانە، هەمان ئەو کەسە بوو کە تا سەعات نۆی شەو پێکەوە دۆمینەیان دەکرد.

پێی گوت، "ئاورێلیەتۆ، خەریکە ئەحمەقایەتییەک دەکەی."

ئاورێلیانۆ وەڵامی دایەوە و گوتی، "ئەحمەقایەتی چی. ئێمە لە شەڕداین. ئیتر بە ئاورێلیەتۆش بانگم نەکەن، من ئیتر ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگم."

# ٦

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ سیودووجار ڕاپەڕینی سەربازیی ئەنجام دا، هەرسیودوو جارەکەش شکستی هێنا. لە حەڤدە ژنی جیاواز، حەڤدە کوڕی بوو، هەرحەڤدەیان لە شەوێکدا، یەک لەدوای یەک کوژران، کەچی هەرە گەورەکەیان نەگەیشتبووە سیوپێنج ساڵ. لە چواردە کاری تیرۆریستانە ڕزگاری ببوو، لە شەستوسێ بۆسە و دەستەیەکی تیرباران خۆی دەرباز کردبوو. چۆرێکی باشی ژەهری ستریکنینیان بۆ خستە قاوەکەیەوە، ئەسپی دەدا بە زەویدا، کەچی ئەوی نەکوشت. سەرەککۆمار نیشانی شایستەی پێشکەشی کرد، کەچی ڕەتی کردەوە. بۆ فەرماندەی گشتیی هێزی شۆڕشگێری بەرز کرایەوە، دەسەلاتی، لەمسەری ولاتەوە بۆ ئەوسەری ولاتی گرتەوە، بوو بە یەکێک لەو کەسانەی زۆترین سامی لەلای پیاوانی دەوڵەت دروست دەکرد، بەلام هەرگیز نەیهێشت تەنانەت یەک وێنەشی بگیرێ. ئەو مووچەی خانەنشینییەی ڕەت کردەوە، کە لەدوای جەنگ بۆیان برببووەوە، تا دوارۆژی ژیانی، بەو ماسییە چکۆڵە زێڕینانە دەژیا، کە لە تاقیگەکەی، لە ماکوندۆ دروستی

دەکردن. سەرەڕای ئەوەی لە شەڕدا، لە پێشی پێشەوەی لەشکرەوە شەڕی دەکرد، تاقە برینیش ئەو برینە بوو، کە لە ڕێککەوتنی نیەرلەندیا بەری کەوت، کە کۆتاییی بە بیست ساڵی شەڕی ناوخۆ هێنا. هەر بە دەمانچەکەی خۆی، گوللەیەکی بە سینگی خۆیەوە نا، گوللەکەش لە لاشانێکەوە دەر چوو، ئەندامێکی هەستیاری بەر نەکەوت. لەو هەموو کارەسات و ڕووداوانە، هەموو دەسکەوتەکانی ئەوە بوو، کە یەکێک لە شەقامەکانی ماکۆندۆ بە ناوی ئەوەوە ناو نرا. کەچی چەند ساڵێک پێش ئەوەی بەیەکجاری چاو لێک بنێ، پیر و کەنەفەت ببوو، کاتێک ئەو بەیانییەی لەگەڵ بیستویەک جەنگاوەری دیکە کەوتبوونە ڕێ بۆ ئەوەی بچنە ڕیزی ژەنەڕاڵ ڤیکتۆریۆ میدیناوە، هەستی نەدەکرد هەندە بژێ. پێش ئەوەی ماکۆندۆ بەجێ بهێڵێ، بە ئەرکادیۆی گوتبوو، "ماکۆندۆ ڕاسپاردەی تۆ دەکەین. لە بارودۆخێکی باشدا بۆتی جێ دەهێڵین، هیواداریـن دوای گەڕانەوەمان، لەمەش چاکتر بیبینینەوە."

ئەرکادیۆ لێکدانەوەیەکی جیاوازی هەبوو بۆ ڕاسپاردەکەی ئاوریلیانۆ. جلی سەربازیی بۆ خۆی دروست کرد، کەتافەی مارشاڵی بۆ خۆی هەڵبژارد، بە کەڵکوەرگرتن لەو وێنانەی لە یەکێک لە کتێبەکانی میلکیادێس دۆزیبوویەوە، شمشێرێکی کاپتنێکی کوژراویشی لە خۆی بەست، گوڵێنگی زێڕینی پێوە هەڵواسرابوو. هەردوو گوللەتۆپەکەی لەپێش دەروازەی گوندەکە چەسپ کرد، جلوبەرگی سەربازیی کردە بەر قوتابییەکانی پێشووی، ئەو قوتابییانەی جاران وانەی ئاگرینی لەمەڕ شۆڕشەوە پێ دەگوتن، بە چەکەوە، بە

درێژی و پانیی گوندەکەدا بڵاوی کردنەوە، بۆ ئەوە نیشانی بیانییەکان بدات کە هیچ مەترسییەک لەسەر گوندەکە نییە. ئەمە فێڵێکی دوولایەنە بوو، چونکە لە لایەک حکومەت بۆ ماوەی دە مانگ نەیوێرا هێرش بکاتە سەر مەیدانەکە، کەچی دوای هێرشەکە، هێزێکی هەندە زل و زەبەلاحی لە دژ کۆکردنەوە، لە ماوەی تەنها نیوسەعاتدا هەر هەموویانی قڕ کرد. ئەرکادیۆ لە ڕۆژانی یەکەمی دەسەڵات وەرگرتندا، هەستی کرد ئارەزووی زۆری هەیە بۆ دەرکردنی بڕیار. بە ئەندازەیەک، تەنیا لە ڕۆژێکدا چوار بڕیاری دەر دەکرد، هەر بۆ ئەوەی فەرمان بدات، هەرچییەکی بە مێشکدا بهاتبا، دەبوو دەستبەجێ جێبەجێ بکرێت. بۆ ئەوانەی لەسەرووی هەژدەساڵییەوە بوون، خزمەتی زۆرەملێی سەربازیی سەپاند، هەر ئاژەڵێک لە سەعات شەشی ئێوارە لەسەر شەقامان ببینرابا، دەستی بەسەردا دەگیرا، فەرمانی دا دەبێ پیرەمێردەکان قۆڵبەستێکی سوور ببەستن. هەر لەناو کڵێساکە، دەستی بەسەر نیکانۆری کەشیشدا گرت، هەڕەشەی کوشتنی لێ کرد ئەگەر بێت و بچێتە دەرەوە، نوێژکردنی قەدەغە کرد، زەنگلێدانی لە کڵێساکەش قەدەغە کرد، بۆ سەرکەوتنی لیبراڵەکان بترازێ. بۆ ئەوەی کەس گومان لە نیاز و بۆچوونەکانی نەکات، فەرمانی دا دەستەیەکی تیرباران پێک بهێنێ، لە مەیدانی گشتیدا مەشق و ڕاهێنان بکەن؛ داوەڵێک بکەنە نیشانە. کەس نەبوو سەرەتا ئەمە بەهەند وەر بگرێت. لە ڕاستییشدا، ئەمانە منداڵ و تواڵی قوتابخانە بوون، دەیانویست لاسایی گەورەکان بکەنەوە. ئێوارەیەکیان، ئەرکادیۆ چوو بۆ مەیخانەکەی

کاتارینۆ، شەیپووڕژەنەکە، هەر بۆ گاڵتەپێکردن، مۆسیقایەکی سەربازانەی بۆ پێشوازیکردنی ژەنی، بووە مایەی گاڵتەجاڕیی هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، گوایە جوێنی بە نمایندەیِ دەسەڵات داوە، ئەرکادیۆ فەرمانی دا، دەسبەجێ گوللەباران بکرێت. ئەوانەی نارەزاییان دەر بڕی، لە پۆلێکی قوتابخانەکە زنجیری خستە قاچیان و تەنها هەر نان و ئاوی دەدانێ. هەرکاتێکیش ئورسولا هەواڵی ڕووداوێکی ببیستبا، دەیقیژاند بەسەریا و دەیگوت، "تۆ پیاوکوژی! کاتیک ئاورێلیانۆ بەمە بزانێ، هەر بە دەستی خۆی، تۆش لە مەیدانی گشتی گوللەباران دەکات، بۆ ئەم کارەش، من یەکەم کەسم دڵم خۆش دەکا." کەچی ئەم هەموو هەوڵانە بەفیڕۆ چوون. ئەرکادیۆ بەردەوام بوو لە سەرکەشی، بوو بە زاڵمێکی هەند ڕەها، هەرگیز لەوەوپێش لە ماکۆندۆ زاڵمی وا نەبینرابوو. ڕۆژێکیان دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێی گوتبووی، "هەست بە جیاوازیی خەرجییەکانتان دەکەن. ئا ئەمە ئەو بەهەشتە بوو، کە لیبراڵەکان چاوەڕوانیان دەکرد." ئەم قسەیەیان گەیاندەوە ئەرکادیۆ، ئەویش لەگەڵ دەستەیەک، هێرشیان کردە سەر ماڵەکەی، هەرچیی دۆلاب و کانتۆر هەبوو، هەموویان شکاند، کچەکانیان دارکاری کرد، دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتیان تا بەردەرگا پەلکێش کرد. ئورسولا بە ناوندی گوندەکەدا تێپەڕی، وەک شێت و هار دەیشیڕاند، تەورێکیشی بە دەستەوە بوو و ڕای دەوشاند، لەناو حەوشەی ئوردوگەکە قوت بووەوە، ئەرکادیۆ فەرمانی دەر کرد کە لەلایەن دەستەی تیربارانەوە گوللەباران بکرێ. ئورسولا هاواری کرد، "دەی، حەرامزادە!"

پێش ئـەوەی ئەرکادیـۆ دەرفەتـی ئـەوەی بـۆ بڕەخسـێ دەسـت بکاتـەوە، قامچییەکـی تـێ سـرەواند و بەهـاوارەوە پێـی دەگـوت، "دەی پیاوکـوژ! کـوڕی قەحبـە، دەی لەجیاتـی هەموویـان، من بکوژە. تـا چیـی دی بـەم دوو چـاوە، فرمێسک بـۆ دڕندەیەکـی وەکـوو تـۆ نەڕێـژم." بـە شـێوەیەکی وا لێـی دەدا، ئەرکادیـۆ وەکـوو قاقلەجنۆکەیـەک چووبـووەوە نـاو خۆی. دۆن ئاپۆلینـار مۆسـکۆتێ بێهۆش ببوو، بەسـترابووەوە بـە کۆڵەکەیـەک، کـە پێشـتر داهۆڵێکـی لـێ بـوو، بـە ڕێژنـەی گولـلە هەنجنهەنجن کرابـوو. ئـەو دەسـتە منداڵ و تواڵـە، کـە ڕۆڵی تیربارانیـان دەبینی، نەبـادا ئورسـولا ئەوانیش دارکاری بکات، تێیـان تەقاند و بڵاوەیـان لـێ کـرد. بـەڵام ئورسـولا هـەر لاچاوێکیشـی لـێ نەکردنـەوە. ئەرکادیۆ، لەسـەر زەوییەکە، هـەر بـە جلوبەرگـی سـەربازییەکەیەوە، لەبـەر ژان و ئـازار دەیناڵاند، لەسـەر خـۆڵ و تەپوتـۆزی عەرزەکـە جێـی هێشـت، چـوو دۆن ئاپۆلینـاری مۆسـکۆتیی لـە کۆڵەگەکـە کـردەوە و بردییـەوە بـۆ ماڵەکـەی خـۆی. پێش ئـەوەی لـە ئۆردوگەکـەش بچێتـە دەرەوە، زنجیرەکانـی لـە دەسـت و قاچـی زیندانییـەکان کـردەوە.

لـەو ڕۆژە بـەدواوە، ئورسـولا بەڕێوەبردنـی گوندەکـەی گرتـە دەسـت. نوێژی یەکشـەممەوانی هەمـوار کـردەوە، قوڵبەنـدە سـوورەکانی پیرەمێردانـی قەدەغەکـرد، هەرچیـی فەرمانێـک کـە دڕدۆنگیـی پێـوە دیـار بـوو، هەڵـی وەشـاندەوە. سـەرباری ئـەوەی ئورسـولا ژنێکـی بـەوزە و چوسـتوچالاک بـوو، کەچـی فرمێسـکی بۆ چارەنووسـی ڕەشـی خۆی هەڵدەڕشـت. هەسـتی بـە تەنیایی دەکـرد، بێهودە پەنای بۆ مێردەکەی برد، ئەو مێردە فەرامۆشـکراوەی لەژێـر دارشـابەڕووەکەدا بەسـترابووەوە.

باوبۆرانی حوزەیرانیش وەخت بوو کەپرە بچووکەکەی بەسەردا برووخێنێ، ئورسولا پێی گوت، "دە سەیر بکە، بزانە کەیشتووینەتە چی حاڵ و وەزعێ. سەیر بکە چەند ماڵەکە چۆلوهۆلە، هەر منداڵە پەرتەوازەی سووچێکی دنیا بوو، من و تۆش، وەکوو جاری جاران بەتەنها ماینەوە." خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، ڕۆ چووبووە نێو خەرەندێکی نائاگاییەوە، گوێی لە لالانەوە و سکالاکانی ئورسولا نەبوو. لە دەسپێکی شێتییەکەی بە نەبرەیەکی خێرا، بە لاتینییەکی پچڕپچڕ، دەیتوانی گوزارشت لە پێداویستییەکانی خۆی بکات. کاتێکیش ئامارانتا خۆراکی بۆ دەبرد، ناوبەناو هۆشی دەهاتەوە بەر، دەیتوانی باسی ئازارەکانی خۆی بۆ بکات و ناڕەحەتییە هەرە لەدڵگرانەکانی پێ بڵێ، بواری بداتێ پەرداخی باکێشی بداتێ و بە گیراوەی خەرتەڵیش چەوری بکات. کەچی کاتێک ئورسولا چووە بۆ لای تا دەردی دڵی بۆ هەڵبڕژێ، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەتەواوی هۆشی لەبەر نەمابوو. لەسەر تەختە سپییە بچووکەکە دادەنیشت، بەدەم گێڕانەوەی دەنگوباسی خێزانەکە، هێدی هێدی بە پارچەقوماشێکی سابووناوییەوە شانوپیلی دەشۆرد و پێی دەگوت، "ئەمە بۆ چوار مانگ دەچێت ئاورێلیانۆ چووە بۆ شەڕ و هیچ هەواڵێکیشمان نییە. خۆسێ ئەرکادیۆ گەڕایەوە، پیاوێکی ئابڕووبەرە، بەژنی لە تۆ بەرزترە، هەموو لەشی کوتیوە، تەنها سووکایەتیی لەگەڵ خۆی هێناوە." بڕیاری دا چیی دی هەواڵی ناخۆش بۆ مێردەکەی نەگێڕێتەوە، چونکە تا دەهات، خەمۆکیتر دەبوو. تەنانەت بە خۆشی گوت، دەبێ درۆی لەگەڵ بکات. خۆڵەمێشی دەکرد بەسەر پیساییەکەیدا،

بۆ ئـەوەی دواتـر بـە دەمەخاکەنازێـک پاکی بکاتـەوە و پێـی دەگـوت، "بـڕوا بـە قسـەکانم ناکـەی. قسـمەت وا کەوتـەوە، کـە خۆسـێ ئەرکادیـۆ و ڕێبێکا زەماوەنـد بکـەن و ئێسـتاش زۆر ڕێـک و بەختـەوەرن." هەنـد ڕاشـکاوانە درۆی لەگـەڵ دەکرد، تا ئەندازەیـەک بـەو درۆیانـە دڵی خۆشـی دەدایـەوە و دەیگوت، "ئەرکادیۆ پیاوێکی سـەنگین و ئازایە، بە جلوبەرگی سـەربازییەوە، شمشـێرێکی لـە قـەد بەسـتووە و تـا بڵێـی کوڕێکـی جوانـە." وەک ئـەوەی لەگـەڵ مـردووان قسـە بـکات، چونکـە لـە ڕاسـتیدا خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا گەیشـتبووە قۆناغێک، چیی دی هیچ بایەخێکی بـەم جۆرە باسـانە نـەدەدا. کەچـی ئورسـولا پێداگریـی دەکـرد. کاتـێ بینـی هەنـد ئـارام و هەنـدە دەستوپێسـپییە، بڕیـاری دا گوریـس و پەتەکانـی لـێ بکاتـەوە. تەنانـەت لەسـەر تەختـە سـپییە بچووکەکەشـی هەڵندەسـتا. لەژێـر هەتـاو و باوبۆرانیشـدا دادەنیشـت، دەتگـوت ئـەو گوریسـانە ئیـدی کەڵکیـان نەمـاوە و لەجیاتـی گوریـس، شتێکی دیکە هەبوو، هێزێک بوو لەسـەروو هەموو بەربەسـتێکی بینـراوەوە. مانگـی ئـاب، خەریـک بـوو زسـتان باروبارگـەی خـۆی دادەکوتـی، ئورسـولا هەواڵێکـی چرپانـدە بناگوێی خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیا، کە پێدەچوو ڕاسـت بێ و پێی گـوت، "گـوێ بگـرە، پێدەچـێ بەخـت وازمـان لـێ نەهێنـێ. ئامارانتـا و ئیتالیایەکـە، ئـەوەی پیانـۆی میکانیکییەکـەی هەبـوو، پێکـەوە زەماوەنـد دەکـەن."

لـە ڕاستییشـدا وا بـوو، دۆسـتایەتی نێـوان ئامارانتـا و پیەتـرۆ کرێسـپیدا بەجوانـی گەشـەی دەکـرد، ئورسـولا خـۆی سەرپەرشـتیی دەکـرد، بڕیاریشـی دابـوو چیـی دی لـە کاتـی

ژواندا هەندە چاودێرییان نەکات. ئیتالییەکە دوای نیوەڕوان دەچووە ماڵیان، گوڵەگاردینایەکی لە یەخەی دەدا، دەهاتە لای ئامارانتا و غەزەلەکانی "پێترارک"ی بۆ تەرجەمە دەکرد. دوور لە ِهەواڵە ناخۆشەکانی جەنگ، لە هەیوانەکەدا پێکەوە پشوویان دەدا، بۆنی گوڵەباغ و پونگەی کێوییان دەکرد، ئەو سەرقاڵی خوێندنەوە دەبوو، ئامارانتاش سوورمەی خۆی دەچنی. تا پێشکە و پێشوولە هەراسانی دەکردن، پێکەوە لە هەیوانەکە دەمانەوە، ئینجا وێکڕا دەچوونەوە ساڵۆنەکە. هەستیاری و سۆزە پەنهانەکانی ئامارانتا، داگیرکەرانە بوون، وردەوردە تەونی جاڵجاڵۆکەیەکی نادیاری لەدەوری دەسگیرانەکەی دەهۆنییەوە، ئەویش دەبوو بەناچاری دەوروبەری سەعات هەشتی ئێوارە بە قامکە زەردە بێئەنگوستیلەکانی، تەونەکان لا بدات و ماڵی ئورسولا بەجێ بهێڵی. ئەلبومێکیان پڕ لەو کارتانە کردبوو، کە لە ئیتالیاوە دەگەیشتنە دەستی پیەترۆ کریسپی. وێنەی دڵداران، لەسەر کارت پۆستاڵەکان کێشرابوون، لە پارکە لاتەریکەکان پێکەوە بوون، لەگەڵ وێنەی دڵی پێکراو بە تیری عیشق و ئۆیەی زێڕینیش بە دەنووکی کۆترانەوە بوو. پیەترۆ کریسپی سەیری کارت پۆستاڵەکانی دەکرد و دەیگوت، "ئەم پارکە لە فلۆرەنسایە، سەرم لەو پارکە داوە. هەر بە دەستڕاگرتن، باڵندەکان دێن و لەسەر دەستت دەنیشنەوە و دان دەخۆن." هەندێ جاریش، دیمەنێکی شاری ڤینیسیا و نیگارێکی ئاویی دەبینی، هێزی سۆز و غەریبایەتیی بۆنوبەرامەی قوڕولیتە و زیندەوەرانی نێو جۆگەلە و کەناڵەکانی دەکردنە عەتری گوڵ و گوڵزار. ئامارانتا هەناسەی هەڵدەکێشا، پێدەکەنی و

خەونی بە نیشتمانی دووەمەوە دەبینی، کە تیایا ژن و پیاو، یەک لە یەک جوانترن، بە زمانی منداڵ قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن؛ خەونی بەو شارە دێرینانەوە دەبینی، کە پاشماوەی شکۆمەندیی ئەو سەردەمە دێرینانە تەنها گەڕانی پشیلە بوو، کە هەتاهەتایی بەو یادەوەرییانە دەبەخشی. دوای ئەوەی پیەترۆ کرێسپی ئۆقیانووسی تەی دەکرد و دەگەڕا بەدوای ئەویندا، دوای ئەوەی لەگەڵ شەیدایی لێی تێک چووبوو و ڕێبێکای تووڕە دەکرد، ئەوینی دۆزییەوە. بەختەوەری لەگەڵ خۆی فەڕ و سامانی هێنا. ئەوکات دوکانەکەی بەقەد ڕیزەدوکانێک بوو، ببووە شوێنی خەیاڵبازی، پیاو حەزی دەکرد نەچێتە دەرەوە، لەسەر ئاوازی زەنگلێدانەوە، زەنگوڵەکانی فلۆرەنسا، بەوردییش سەرەسەعاتەکانیان دیاری دەکرد، سنوقی مۆسیقا سۆرێنتێ، سنوقی بارووتی چینی، هەرکاتێک سەرقاپەکەیت بکردایەوە، پێنج ئاوازی لێدەدا، هەموو جۆرە ئامێرێکی مۆسیقای لێ بوو، تەنانەت خەیاڵ پەی بۆ نەبردبوو، تا خوا حەزیشی دەکرد، هەموو جۆرە ئامێرێکی میکانیکیی سپرینگداری لێ بوو. برا بچووکەکەی، برونۆ کرێسپی، لە دوکانەکە دادەنیشت، چونکە پیەترۆ کریسپی لەبەر وانەوتنەوەی مۆسیقا، فریای هیچی دیکە نەدەکەوت. لەبەر خاتری ئەو، شەقامی تورکان، جامخانەکان بە ئارایش ڕازێندرابووەوە. ببووە شوێنێکی ئاسوودە، پڕ لە ئاواز، هەموو زۆرداریيەکانی ئەرکادیۆ و خەونە ناخۆشەکانی جەنگی لەبیر دانیشتووان بردبووەوە. دوای ئەوەی ئورسولا ڕێوڕەسمی نوێژکردنی یەکشەممووانەی لە کڵێساکە بووژاندەوە، پیەترۆ کرێسپی ئامێرێکی مۆسیقای

ئەڵمانیی پیشکەش بە کڵێساکە کرد، کە پێیان دەگوت ئارمۆنیۆم، بۆ بەڕێکردنی کەشی جەنازەکانی کەشیش نیکانۆر، کوڕاڵێکی بۆ منداڵان ڕێک خست، چەندین جۆر ئاوازی گریگۆریانی ئامادە کردبوو. کەس نەبوو گومانی ئەوە نەکات، کە ئامارانتا بەم شووکردنە بەختەوەر نەبێ. بەبێ هیچ پەلەپەلێک، هەست، ڕچەی سروشتیی خۆی وەر گرتبوو و دڵ ڕێنومای دەکرد تا گەیشتنە ئەو ئانوساتەی تەنها دەبوو ساتەوەختی زەماوەندەکە دیاری بکەن. تووشی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک نەهاتن. ئورسولاش لە ناخی دڵیەوە تانەی لە خۆی دەدا، کە چۆن چارەنووسی ڕێبێکای گۆڕی، چونکە بۆ چەند بار کاتی زەماوەندەکەی دوا خست، نەیدەویست چیی دی پەشیمانیی دیکە هەڵبگرێ. پرسە کوشندەکەی ڕێمێدیۆس چووبووە خانەی دووەم، لە لایەک هەڵگیرسانی جەنگ و کارەساتەکانی، لە لایەکی دیش ڕۆیشتنی ئاورێلیانۆ، توندوتیژیی ئەرکادیۆ، دەرکردنی خۆسێ ئەرکادیۆ و ڕێبێکا. بە نزیکبوونەوەی ڕۆژی زەماوەند، پیەترۆ کرێسپی، خۆشەویستییەکی باوکانەی بۆ ئاورێلیانۆ خۆسێ هەبوو، ئەوەی درکاند، کە حەز دەکات وەکوو کوڕە گەورەی خۆی لەقەڵەمی بدا. هەموو لەو باوەڕەدا بوون، کە ئامارانتا بەرەو بەختەوەرییەکی بێوێنە هەنگاو دەنێ. کەچی بە پێچەوانەی ڕێبێکاوە، ئامارانتا هیچ پەلەپەلی پێوە دیار نەبوو. بەشێنەیی سفرەکانی بە ڕەنگی گەش دەڕازاندەوە، نایابترین کاری سوورمەچنیی دەکرد، وێنە و نیگاری تاوسی لەسەریان دەکێشا، تەنها لە چاوەڕوانیی ئەوەدا بوو، کە پیەترۆ کرێسپی بەهانای دەنگی دڵییەوە بچێ. لەگەڵ بارانێکی

تووشیی مانگی ئۆکتۆبەردا، گەیشتە ئانوساتی خۆی. پیەترۆ کرێسپی ئەو پارچەقوماشەی لا دا، کە ئامارانتا لەسەر ڕانی دای نابوو و چنینی لەسەر دەکرد، دەستی گرت و لەناو دەستی خۆی گوشیی و پێی گوت، "ناتوانم زیاتر چاوەڕێ بکەم. مانگی داهاتوو زەماوەند دەکەین." کاتێکیش دەستی ئامارانتا بەر دەستە تەزیوەکانی پیەترۆ کرێسپی دەکەوێت، بە هیچ شێوەیەک موورچڕکی نەهاتێ. وەکوو ئاژەڵێکی هەڵاتوو، دەستی کێشایەوە و دەستی بە چنین کردەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە پێی گوت، "کرێسپی، هەندە ساویلکە مەبە. بە خوا بشمرم، شوو بە تۆ ناکەم."

پیەترۆ کرێسپی خۆی پێ نەگیرا. بەبێ شەرم دەستی بە گریان کرد، بە ئەندازەیەک، وەخت بوو پەنجەکانی لە بێهواییدا بشکێنێ، بەڵام نەیتوانی، ئامارانتا ئەمەشی پێ گوت، "کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە. بەڕاستی ئەگەر منت هەند خۆش دەوێ، جارێکی دیکە پێ مەخەرە ئەم ماڵە." ئورسولا لە ترسی ئابڕووچوون وەخت بوو شێت و هار ببێ. پیەترۆ کرێسپی دووعا و پاڕانەوەی دنیای کرد. بە ناشرینترین شێوە خۆی لە پێشچاوی ئامارانتا نزم و زەلیل کرد. لە باوەشی ئورسولادا، تا عەسرانی درەنگ گریا و نووزایەوە، لەپێناو ئەوەی هێوری بکاتەوە، ئامادە بوو ڕۆحی خۆی ببەخشێ. ئێوارانی باراناوی، دەبینرا بەپێش ماڵی ئەواندا دێ و دەچێ، چەترێکی ئاوریشمینی هەڵگرتووە، لەدووی تیشکێک دەگەڕا، کە لە ژووری ئامارانتاوە پەیدا ببێ. هەرگیز وەک ئەو کاتە پۆشتەوپەرداخ خۆی نەنواندبوو. سەرە هەیبەتدارە ئیمپراتۆرانەکەی کەوتبووە ژێر ڕکێفی زەجرێکی

بێوێنـەوە، شـکڵ و هەیبەتێکـی نامـۆی شـکۆدارانەی وەر گرتبوو. بۆ ئـەوەی لـەو بڕیارە پەشیمانی بکاتـەوە، هانای بۆ دەستەخوشکەکانی ئامارانتا برد، ئەوانـەی پێکڕا لـە هەیوانەکە چنینـان دەکـرد. مەیلـی لەسـەر کار و دوکانداریـی لا چـوو. بـەو ڕۆژگارە، لـە پشـتەوەی دوکانەکـەی خەریکـی نووسـینی نامـەی گڕگرتـووی دڵداری بـوو بـۆ ئامارانتـا، پـەڕەی گـوڵ و پەپوولـەی هیشـکەوەبووی لەگـەڵ دەنـارد، نامـەکان بەبـێ ئەوەی بکرێنـەوە، جارێکی دیکە دەگەڕانـەوە بۆی. بە سـەعات دەرگای لەسـەر خـۆی دادەخسـت و خەریکـی ژەنینـی سـیتار بـوو. شـەوێکیان دەسـتی بـە گۆرانیوتـن کـرد. ماکۆنـدۆ، وەک ئەوەی ڕاچڵەکیبـێ، وەئـاگا هاتـەوە، بە دەنگـی ئـەو سیتارەی ئـەم زەوییـە بوودەڵەیـە شـایانی نەبـوو گوێـی لـێ بگـرێ، گەیشـتبووە کەشـکەلانی فەلـەک، وێـڕای دەنگێکیش لێوانلێوی عەشق بوو، گومـان دەکرا ئـەم دەنگە لەسـەر گۆی زەوییـەوە بگاتـە بەرگوێیـان. پیەتـرۆ کرێسـپی لـە هەمـوو پەنجەرەکانـی گوندەکـەوە تیشـک و ڕووناکیی دەبینـی، تەنها لـە ژوورەکـەی ئامارانتـا نەبـێ. دووی مانگـی تشـرینی دووەم، کـە دەکاتـە ڕۆژی مـردووان، بـرای پیەتـرۆ کرێسـپی دەرگای موغازەکـەی کـردەوە و بینیـی هەمـوو گڵۆپـەکان داگیرسـاون، هەمـوو سـنوقەکانی مۆسـیقا کراونەتـەوە، میلـی هەمـوو سـەعاتەکانی قـەد دیـوار لەسـەر یـەک سـەعات دانـراون، ئامـاژەیـان بـۆ کاتێکـی نەبـەدی دەکـرد، براکـەی بینـی لـە مەکتەبـی پشـتەوە موغازەکـە، دەمـاری مەچەکـی بـە گوێزانێـک شـەق کـردووە و هـەردوو دەسـتیشـی لەنـاو تەشـتێکی پیترۆسـیندا دانـاون.

ئورسـولا بڕیاڕی دا پرسـەی ئێشـکگرتنەکە لـە ماڵـی ئـەوان

بگیرێ. نیکانۆری کەشیش ڕازی نەبوو، کە جەنازەی ئایینیی بۆ ساز بکرێت و لە گۆڕستانی فەلەکان بنێژرێت. ئورسولا نارەزاییی خۆی دەر بڕی لەو بڕیارە و گوتی، "بە هیچ جۆرێک، نە من، نە تۆ لەوە تێناگەین، ئەو پیاوە قەدیسێک بوو. دەچم و لەتەنیشت گۆڕەکەی میلکیادێس دەینێژم و دژ بە ئیرادەی تۆش دەوەستم." ئەمەی کرد و هەموو دانیشتووانی گوندەکەش قاییل بوون و ڕێوڕەسمێکی شکۆداریشیان بۆ ئەنجام دا. ئامارانتا لە ژوورەکەی نەهاتە دەرەوە. هەر لەسەر قەرەوێلەکەی خۆشیەوە گوێی لە هەنسکی ئورسولا دەبوو، گوێی لە چرپە و دەنگی پێ دەبوو، کە بە درێژی و پانیی ماڵەکەدا دەهاتن و دەچوون، گوێی لە هاوار و گریانی ژنان دەبوو، دواجاریش ماڵ نغرۆی بێدەنگییەک بوو، بۆنی گوڵی پێشێلکراو دەهات. بۆ ماوەیەکی زۆریش، بۆنێکی سووکی لاڤاند دەهاتە بەر هەستی، ئەو بۆنەی هەموو پاشنیوەڕوانێک پێش هاتنی پیەترۆ کریسپی دەکەوت، کەچی ئامارانتا خاوەن هێز و وزەیەکی زۆر بوو، تا نەکەوێتە ژێر ڕکێفی وڕێنەکردنەوەوە. ئەو پاشنیوەڕۆیەی کە ئامارانتا بەپرتاو خۆی کرد بە مەتبەخەکەدا و دەستی خستە ناو پەنگری ناو ئاگردانەوە، تەنانەت ئورسولا هەر چاویشی هەڵنەبڕی، بە ڕادەیەک، ئازاری دەستی هەندە بەهێز بوو، هەستی بە هیچ نەدەکرد، تەنها بۆنی کرووزانەوەی پێستەکەی نەبێ. ئەمە دەرمانێکی زۆر توند بوو دژ بە پەشیمانی. بۆ چەندین ڕۆژ، بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، دەستی لەنێو تاسێک دادەنا، کە سپێنەی هێلکەی تیا بوو، کاتێکیش برینەکانی چاک بوونەوە، وەک ئەوە وا بوو سپێنەی هێلکە برینەکانی

دڵێشی چاک کردبێتەوە. تاقە نیشانە لەو ترازیدییەوە مابێتەوە، ئەو پارچە قوماشە ڕەشە بوو، کە دەیپێچییەوە بە برینی پەنجەکە و تا لە ژیانیشدا بوو، لێی نەکردەوە.

ئەرکادیۆ بەخشەندەییەکی بێوێنەی نواند و بە هۆی کۆچی دوای پیەترۆ کرێسپییەوە، پرسەیەکی گشتیی ڕاگەیاند. ئورسولا ئەم کارەی بەوە لێک دایەوە، کە ئەرکادیۆ ئیدی دێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست. کەچی بەهەڵەدا چوو. ئورسولا، ئەو ڕۆژە ئەرکادیۆی لەدەست نەدا، کە جلوبەرگی سەربازیی کردبووە بەر، بەڵکوو بۆ هەمیشە لە دەستی دابوو. هەستی دەکرد وەکوو کوڕی خۆی بەخێوی کردووە، بەبێ هیچ ئیمتیازێک و بەبێ هیچ جیاوازییەک، هەر وەک چۆن ڕێبێکای گەورە کرد. بە درێژاییی بڵاوبوونەوەی تاعوونی لەبیرچوونەوە، لەو کاتەی ئورسولا تووشی تا ببوو، لەو ئانەی کە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا تووشی وڕێنە بوو، ئاورێلیانۆ دەرگای لە خۆی دادەخست، لە قۆناغی ململانێی کوشندەی نێوان ئامارانتا و ڕێبێکا، ئەرکادیۆ هەمیشە کوڕێکی گۆشەگیر و تۆقیو بوو. ئاورێلیانۆ فێرە خوێندن و نووسینی کرد، بەڵام بیری لە شتی دیکە دەکردەوە، کەچی وەک بێگانەیەک ڕەفتاری لەگەڵ دەکرد. جلوبەرگی خۆی دەدایێ و ڤیسیتاسیۆن دەبوو دەستیکی پێدا بهێنێ، چونکە تەواو لە کەڵک کەوتبوون، ئەرکادیۆ بەدەست پێڵاوەکانیەوە دەینالاند، چونکە زۆر گەورە بوون بۆی، هەروەها بەدەست پانتۆڵکە پەڕپووتەکانیشیەوە دەینالاند، هەروەها بە دەستی سمتە ژنانەکەشیەوە دەینالاند. هەرگیز نەیتوانی کەسێک لە ڤیسیتاسۆن و کاتاورێ باشتر بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی

دەردی دڵی خۆی، هەر بە زمانەکەی ئەوان بۆ هەڵبڕێژێ. میلکییادێس تاقە کەس بوو بەڕاستی بێت بەتەنگییەوە. نووسراوە تەلیسماوییەکانی خۆی بۆ دەخوێندەوە، فێری وێنەشوشتنەوەی دەکرد. کەس نەبوو درک بەوە بکات، کە ئەرکادیۆ بەنهێنیی چەندێ بۆ مردنی میلکییادێس گریابوو، بۆ ئەوەی زیندووشی بکاتەوە، چەند بەبێهیواییییەوە نووسراوەکانی لێک دابووەوە. لە قوتابخانە بایەخیان پێ دەدا، ڕێزیان لێ دەگرت، دواجار دەسەڵاتوەرگرتن و دەرکردنی بڕیار بەبێ هیچ مەشوورەتێک، شکۆی جلوبەرگی سەربازی، هەموو بارستاییییەکی خەموخەفەتیان لە کۆڵ کردەوە. ئێوارەیەکیان لە مەیخانەکەی کاتارینۆدا، یەکێک وێرای، پێی بڵێ، "تۆ شیاوی ئەو ناوە نیت، کە هەڵت گرتووە." بە پێچەوانەوەی چاوەڕوانیی ئەوانەی لەوێ بوون، ئەرکادیۆ گوللەبارانی نەکرد، بەڵام وەڵامی دابووەوە و پێی گوتبوو، "ئەمە شکۆمەندییە بۆ من. من یەکێک نیم لە بنەماڵەی بوێندیا." بەم وەڵامدانەوەیە، ئەوانەی لەوێ بوون، وایان لێک دایەوە کە ئەویش ئاگاداری ئەم نهێنییەیە، بەڵام لە ڕاستیدا، هەرگیز شتێکی لەم ڕووەوە نەزانی و نەیدەزانی پیلار تێرنێرا دایکی ئەوە. لە تاقیگەی وێنەگریدا، خوێنی دەهێنایە کوڵ، وەک چۆن جاران ببووە وەسوەسە و سەر ئێشەیەک، سەرەتا بۆ خۆسێ ئەرکادیۆ و دواتریش بۆ ئاورێلیانۆ. سەرباری ئەوەی پیلار تێرنێرا ئەفسوونە و تریقەی پێکەنینەکانی ون کردبوو، کەچی تاقیبی دەکرد و لەنێو بۆنی دووکەڵ لێی دەگەڕا. چەند ڕۆژێک پێش هەڵگیرسانی شەڕ، ڕۆژێکیان، دەوروبەری نیوەڕۆ، پیلار تێرنێرا چووبوو

کوڕە بچووکەکەی لە قوتابخانە بهێنێتەوە، بەڵام درەنگتر لە جاران، ئەرکادیۆ لەو ژوورە چاوەڕوانی دەکرد، کە ڕاهاتبوو سەرخەوی تیا بشکێنێ، دواتر، ئەرکادیۆ ئەو ژوورەی کرد بە زیندان. لەو دەمەی منداڵەکە لە حەوشەی قوتابخانەکە خەریکی یاریکردن بوون، خۆی بۆی مەلاس دا، قۆڵی گرت و ڕای کێشایە ناو جۆلانەکەوە و بەزەندەقچوونەوە، پیلار تێرنێرا دەیگوت، "ناتوانم، ناتوانم. تۆ نازانی چەند حەز دەکەم دڵتخۆش بکەم، بەڵام خودا شایەدە کە ناتوانم." بە هێز و تینێک، کە بەمیرات بۆی مابووەوە، ئەرکادیۆ کەمەری توند گرت و هەڵی گرت، هەستی دەکرد هەر هەموو دنیا لە هۆش خۆی دەچێت کاتێک لەشی بەر لەشی دەکەوێت و ئەرکادیۆ پێی گوت، "خۆتم لێ مەکە بە فریشتە. خۆ هەموو عالەم دەزانێ تۆ قەحپەی." پیلار بەسەر ئەو قێزەوەنییەدا زاڵ بوو، کە هەموو چارەنووسی لەسەر بەند بوو و بەهێواشی پێی گوت، "منداڵەکان چاویان لێ دەبێ. چاکترە ئەمشەو دەرگاکەت دانەخەیت."

ئەرکادیۆ هەمان ئێوارە، لەناو جۆلانەکەیدا گینگڵی دەدا و چاوەڕێی دەکرد. بەبێ ئەوەی بۆ لەحزەیەکیش چاو لێک بنێ، چاوەڕوان بوو، گوێی لە دەنگی زیکزیک دەبوو، کە سپێدەیان دەهێنا، سپێدە نزیک دەبووەوە، گوێی لە فڕینی ماسیگران بوو، لە کاتوساتی خۆیدا دەخولانەوە، تا دەهات، دەگەیشتە ئەو بڕوایەی کە یارییان بە عەقڵی کرد. لەناوکاودا، لەو دەمەی نیگەرانییەکانی دەبوونە جۆرێک لە تووڕەیی، دەرگاکە کرایەوە. چەند مانگێک درەنگتر، بەرامبەر بە دەستەی گوللەباراندا، گشت ئەم هاتوچۆیەی نێو پۆلی

قوتابخانەی وەبیر هاتەوە، خۆکێشان بە ڕیحلەی قوتابییاندا، دواجاریش لەنێو تاریکیی پۆلەکەدا، دەستی بەر لەشێک دەکەوێت و گوێی لە هەناسە و ترپەترپی دڵی یەکێکی دیکە دەبێ. دەستی درێژ کرد، دەستی بە دەستی یەکێکی دیکە کەوت، کە دوو ئەنگوستیلەی لە پەنجەیەک کردبوو، هەندە نەبوو نغرۆی نێو تاریکیی بێ. هەستی بە دەمارەکانی دەکرد، دڵەکوتێ، شڵەژانی پێوە دیار بوو، هەستی بە شێی ناو لەپی دەکرد، خەتی ژیانیش لەناو لەپی، لەخوارووی پەنجەی کەڵەدا بە چرنووکی مەرگ کۆتایی هاتبوو. ئیدی تێگەیشت ئەمە ئەو ژنە نییە، کە ئەو چاوەڕێی دەکرد، چونکە بۆنی دووکەڵی لێوە نەدەهات، بەڵکوو بۆنی عەتری گوڵەکێویی هەبوو، مەمکەکانی ئاوساو و نابینا، هەر بە سەرگۆی مەمکی پیاوانیان دەکرد، ئەندامی سێکسیشی ڕەق و خڕ بوو، وەک دەنکە گوێزێ، نەرمونیانییەکی بێسەروبەری بێئەزموونێکی جۆشدراوی پێوە دیار بوو. کچێکی پاکیزە بوو، ناوی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بوو، ناوێکی سەیریش بوو. پیلار تێرنێرا پەنجا پێسۆسی پێ دابووە، نیوەی ئەو پارەیە بوو، کە بۆ ڕۆژی ڕەش هەڵی گرتبوو، دابووی بەو کچە تاکوو ئەو کارە بکات، کە خۆی دەیکرد. ئەرکادیۆ زۆر جار لە دوکانێکی خواردەمەنی، چاوی بەم کچە کەوتبوو، هیی باوکی بوو، بەڵام ئەو کچە بە هیچ جۆرێک سەرنجی ئەرکادیۆی بۆ خۆی ڕانەکێشابوو، چونکە ئەو کچە لە کاتی گونجاودا دەر نەدەکەوت. بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە، وەک پشیلەیەک دەهات و خۆی بە گەرمای ژێرباڵی گەرم دەکردەوە. لە کاتی سەرخەوشکاندنی پاشنیوەڕوان، دەچوو قوتابخانەکە

بۆ لای ئەرکادیۆ، بە ئاگاداریی دایک و باوکی، چونکە پیلار تێرنێرا نیوەی پاشەکەوتەکەی تریشی پێ دابوون. دواتریش، دوای ئەوەی هێزەکانی حکوومەت لە قوتابخانەکە دەری دەکەن، هەردووکیان دەچوونە پشتەوە دوکانەکەوە، لەنێو تەنەکەی کەرە و فەردەگەنمەشامیدا ئەویندارییان دەکرد. لەو دەمەی کە ئەرکادیۆ بە فەرماندەی مەدەنی و سەربازی دانرا، کچێکیان بوو.

لەنێو خێزانەکەشدا، تەنها خۆسێ ئەرکادیۆ و ڕێبێکا بەمەیان دەزانی، چونکە ئەرکادیۆ پەیوەندییەکی تایبەتیی لەگەڵیان هەبوو، زیاتر پەیوەست بوو بە هەستی هاوکاریی وەک لە هەستی خزمایەتی. خۆسێ ئەرکادیۆ تەسلیمی ژیانی ژنومێردایەتی بوو. تەبع و ڕەفتاری بەهێزی ڕێبێکا، نەوسنی، تەماحی، بەس بوون بۆ ئەوەی هێز و چالاکی ببەخشێتە مێردەکەی، لە مێباز و تەوەزلێکەوە بیکا بە پیاوێکی هەیکەلزل و کارکەر. ماڵێکی پاکوتەمیز و ڕێکوپێکیان هەبوو. هەر لە بەیانییانەوە ڕێبێکا پەنجەرەکانی دەکردەوە، بۆ ئەوەی بای گۆڕەکان بچنە ژوورەوە و لە دەرگای حەوشەکەوە بچنە دەرەوە، دیوارە سپییەکان و دۆلاب و کانتۆرەکانیشی بە خۆڵی مردووان سواغ بدا. خووی گڵخواردن، خرەی ئێسقانەکانی دایک و باوکی، قوڵپەی خوێنی بۆ پیەترۆ کرێسپی، گشت ئەمانە شۆڕ بوونەوە بۆ ژێرزەمینی زاکیرەی. دوور لە گێچەڵەکانی شەڕ، هەموو ڕۆژێ لەبەر پەنجەرەکە، خەریکی چنین بوو تا ئەو دەمەی ئینجانەی سیرامیکەکان لەناو سنوقەکان دەستیان بە لەرینەوە دەکرد، ئەویش هەڵدەستا و دەچوو خۆراکەکان گەرم بکاتەوە، پێش ئەوەی سەگەکانی

ڕاو، ناقۆلا و پیسەکان بێنەوە ژوورەوە، پێشی ئەو کەتەیە بکەون، کە چەکمەی مامزداری هەڵدەکێشایە پێی، تفەنگێکی دوو لوولەی دەکرد بە شاندا و هەندێ جاریش بە خۆی و کەڵەمامزێکەوە دەهاتە ژوورەوە، بەسەر شانیدا شۆڕی دەکردەوە و هەمیشەش چەند کەروێشکێک و چەند سۆنەیەکی کێویی ڕاو دەکرد و دەیهێنانەوە ماڵ. پاشنیوڕانێک، دوای ئەوەی ئەرکادیۆ دەسەڵاتی گرتبووە دەست، لەناکاو چوو سەری لێیان دا. لەو کاتەوەی ماڵیان جێ هێشتبوو، چاویان پێی نەکەوتبوو، بەڵام بەسۆز و دۆستانە دیار بوو، ئەوەی پێ نیشان دان، کە هەمیشە وەکوو ئەندامی خێزانەکەی سەیریانی کردووە و نەیانهێشت بڕوا و دوو پارووی نانی ئێوارەیان پێکەوە خوارد.

ئەرکادیۆ بۆ ئەوەی هۆکاری سەردانەکەی ڕوون بکاتەوە، قاوەیەکیشی لەگەڵ خواردنەوە: دژ بە خۆسێ ئەرکادیۆ سکاڵایەکی بەدەست گەیشتبوو. وتبوویان، سەرەتا دەستی بە کێڵانی زەوییەکەی خۆی کرد، پەرژینەکانی تێک دا، کووخی جووتیارانی بە گاکانی خۆی لەگەڵ زەوییەکە تەخت کرد، بە ئەندازەیەک دەستی بەسەر هەموو ئەو زەوییانەی دەورووپشتدا گرت. ئەو جووتیارانەشی کە زەوییەکانیان نەکێڵابوو، باجی لێ وەر گرتوون، هەموو شەمموانێک بە خۆی و سەگەکانیەوە، تفەنگە دوولوولەکەشی دەکرد بە شاندا، چووە باجی لێ سەندوون. ئەم هەواڵەی ڕەت نەکردەوە. بەڵکوو گوتی، ئەو هەقی خۆیەتی دەست بەسەر ئەم زەوییانەدا بگرێتەوە، چونکە ئەو دەمەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا ئەم زەوییانەی دابەش کرد، لە کاتی

دروستکردنی گوندەکەدا، ئەو کاتە باوکی عەقڵی لەدەست دابوو و لە تواناشیدایە ئەمە بسەلمێنێ، ڕاستییەکەشی، ئەو زەوییانەش هیی ئەو بنەماڵەیەن، کەچی باوکی ئەو میراتەی بەفیڕۆ داوە. ئەم داکۆکیکردنە، بێسوود کەوتەوە: ئەرکادیۆ نەهاتبوو بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەک یەکلایی بکاتەوە. تەنها پێشنیاری دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی کرد تا هەرتاکێک چ موڵکێکی هەیە، لەوێ تۆماری بکات، بۆ ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ ئەو زەوییانەی دەستی بەسەردا گرتوون، بە شێوەیەکی یاسایی ناونووس بکرێن، بەڵام بە مەرجێک، حکومەتی خۆجێی مافی وەرگرتنی باجەکان بگرێتە ئەستۆ. لەسەر ئەمە ڕێک کەوتن. دوای چەند ساڵێک، کاتێک ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ چاوی بە تاپۆکاندا خشاند، سەرنجی ئەوەی دا هەموو ئەو زەوییانەی بە چاو دەبینران، بە ناوی براکەیەوە تۆمار کراون، هەر لە بەرزاییەکانەوە، کە باخچەکەی خۆشی لێ بوو، تا قووڵاییەکانی ئاسۆ، تەنانەت گۆڕستانەکەشی بەر کەوتبوو. لە ماوەی ئەو یانزە مانگەی دەسەڵات، ئەرکادیۆ گیرفانی پڕ لە پارە کردبوو، نەک تەنها بە وەرگرتنی باج، بەڵکوو کاتێک، هەر گوندنشینێک یەکێکی لێ بمردبایە، دەبوو لەجیاتی ناشتنی مردووەکانیان، بڕێ پارەی بە خۆسێ ئەرکادیۆ بدابا.

تاکوو چەند مانگێک، ئینجا ئورسولا لە ماناکانی مافی گشتی تێگەیشت، بۆ ئەوەی برینەکانی نەکوولێننەوە، خەڵکی نەیاندەویست هیچی پێ بڵێن. بەڵام هەندەی نەبرد، گومانی لەلا دروست بوو. لەو دەمەی خەریک بوو کەوچکێ شەربەتی ئالووباڵووی دەکرد بە دەمی مێردەکەیەوە، بە شانازییەکی

درۆزنانـەوە پێـی گـوت، "ئەرکادیـۆ خەریکـی دروسـتکردنی خانـووە." لـە هەمـان کاتیشـدا نەیتوانـی هەناسـەیەکی سـارد هەڵنەکێشێ و نەڵێ، "نازانـم بۆ هەست دەکەم ئەم ماستە بێ موو نییە." هەندەی نەبرد، ئـەوەی زانـی کە ئەرکادیـۆ نـەک تەنها خانووەکـەی تـەواو کـردووە، بەڵکوو کانتـۆر و دۆلابـی ڤیەنناییشـی بـە ڕادان دابـوو، گومانەکانـی بـوون بـە ڕاسـتی و گەیشتە ئەو بڕوایەی خەریکە سامانی گشتی بەخراپ بەکار دەهێنێ. یەکشـەممۆانێک، دوای نوێـژی نیـوەڕۆ، ئورسـولا ئەرکادیـۆ لەنـاو خانـووە نوێیەکـەی دەبینـێ، لەگـەڵ چەنـد ئەفسـەرێک خەریکی یاریـی وەرەق بـوو، دەقیژێنێ بەسـەریدا و پێـی گـوت، "تـۆ ئابـڕووی خێزانەکـەت بردیـن." ئەرکادیـۆ وەکـوو ئـەوەی مێـش مێوانـی نەبووبـێ. ئورسـولا تەنهـا ئـەو کاتـە زانـی، کـە کچێکی شـەش مانگـەی هەیـە و سـانتا سۆفیا دێ لا پیەدادیـش، ئـەو ژنـەی لەگەڵیـدا دەژی، بـۆ جـاری دووەمیـش دووگیانـە. لـە هەرکوێیـەک بووبێ، بڕیـاری ئـەوەی دا کـە نامەیـەک بـۆ ئاورێلیانـۆی سـەرهەنگ بنووسـێ، بـۆ ئەوەی باسـی ئەم بارودۆخەی بۆ بکات. بـەڵام لەبـەر ئـەوەی بارودۆخەکە بـە شێوەیەکی ناجۆر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشـەی دەکرد، نەیتوانـی نامەکـەی بـۆ بنووسـێ و لـە ناخـی دڵیـەوە لـەوە پەشـیمان بوو، کـە ئـەو کوڕەی هێناوەتـە بوون. تـا ئـەو دەمـە، وشـەی جەنـگ تەنهـا ئامـاژەی بـۆ شـتێکی بێنـاوەڕۆک و دوورەدەسـت دەکـرد، کەچـی شـکڵ و شـێوەیەکی واقیعیکـی تراژیـدی و کارەسـاتاویی وەر گـرت. لـە کۆتاییـی مانگـی ئەیلوولـدا، پیرەژنێـک گەیشـتە گونـدی ماکۆنـدۆ، هەمـوو سـەر و ڕوخسـاری سـووتماک بـوو، لەسـەر گوێدرێژێـک دانیشـتبوو

دروستکردنی گوندەکەدا، ئەو کاتە باوکی عەقڵی لەدەست دابوو و لە تواناشیدایە ئەمە بسەلمێنێ، ڕاستییەکەشی، ئەو زەوییانەش هیی ئەو بنەماڵەیەن، کەچی باوکی ئەو میراتەی بەفیڕۆ داوە. ئەم داکۆکیکردنە، بێسوود کەوتەوە: ئەرکادیۆ نەهاتبووَ بۆ ئەوەی ئەم کێشەیەک یەکلایی بکاتەوە. تەنها پێشنیاری دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتییەکی کرد تا هەرتاکێک چ موڵکێکی هەیە، لەوێ تۆماری بکات، بۆ ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ ئەو زەوییانەی دەستی بەسەردا گرتوون، بە شێوەیەکی یاسایی ناونووس بکرێن، بەلام بە مەرجێک، حکومەتی خۆجێی مافی وەرگرتنی باجەکان بگرێتە ئەستۆ. لەسەر ئەمە ڕێک کەوتن. دوای چەند ساڵێک، کاتێک ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ چاوی بە تاپۆکاندا خشاند، سەرنجی ئەوەی دا هەموو ئەو زەوییانەی بە چاو دەبینران، بە ناوی براکەیەوە تۆمار کراون، هەر لە بەرزاییەکانەوە، کە باخچەکەی خۆشی لێ بوو، تا قوولاییەکانی ئاسۆ، تەنانەت گۆڕستانەکەشی بەر کەوتبوو. لە ماوەی ئەو یانزە مانگەی دەسەلات، ئەرکادیۆ گیرفانی پڕ لە پارە کردبوو، نەک تەنها بە وەرگرتنی باج، بەڵکوو کاتێک، هەر گوندنشینێک یەکێکی لێ بمردبایە، دەبوو لەجیاتی ناشتنی مردووەکانیان، بڕێ پارەی بە خۆسێ ئەرکادیۆ بدابا.

تاکوو چەند مانگێک، ئینجا ئورسولا لە ماناکانی مافی گشتی تێگەیشت، بۆ ئەوەی برینەکانی نەکولێننەوە، خەلکی نەیاندەویست هیچی پێ بلێن. بەلام هەندەی نەبرد، گومانی لەلا دروست بوو. لەو دەمەی خەریک بوو کەوچکێ شەربەتی ئالووبالووی دەکرد بە دەمی مێردەکەیەوە، بە شانازییەکی

درۆزنانـەوە پێـی گـوت، "ئەرکادیـۆ خەریکـی دروسـتکردنی خانـووە." لـە هەمـان کاتیشـدا نەیتوانـی هەناسـەیەکی سـارد هەڵنەکێشـێ و نەڵێ، "نازانـم بۆ هەسـت دەکەم ئەم ماسـتە بێ موو نییـە." هەنـدەی نەبرد، ئـەوەی زانـی کـە ئەرکادیـۆ نـەک تەنهـا خانووەکـەی تـەواو کـردووە، بەڵکـوو کانتـۆر و دۆلابـی ڤیەنناییشـی بـە ڕادان دابـوو، گومانەکانـی بـوون بـە ڕاسـتی و گەیشـتە ئـەو بڕوایەی خەریکە سـامانی گشـتی بەخراپ بەکار دەهێنـێ. یەکشـەممەوانێک، دوای نوێـژی نیـوەڕۆ، ئورسـولا ئەرکادیـۆ لەنـاو خانـووە نوێیەکـەی دەبینـێ، لەگـەڵ چەنـد ئەفسـەرێک خەریکـی یاریـی وەرەق بـوو، دەقیژێنێ بەسـەریدا و پێـی گـوت، "تـۆ ئابـڕووی خێزانەکـەت بردیـن." ئەرکادیـۆ وەکـوو ئـەوەی مێـش مێوانـی نەبووبـێ. ئورسـولا تەنهـا ئـەو کاتـە زانـی، کـە کچێکـی شـەش مانگـەی هەیـە و سـانتا سۆفیا دێ لا پیەدادیـش، ئـەو ژنـەی لەگەڵیـدا دەژێ، بـۆ جـاری دووەمیـش دووگیانـە. لـە هەرکوێیـەک بووبێ، بڕیـاری ئـەوەی دا کـە نامەیـەک بـۆ ئاورێلیانـۆی سـەرهەنگ بنووسـێ، بـۆ ئەوەی باسـی ئەم بارودۆخـەی بۆ بکات. بەڵام لەبـەر ئـەوەی بارودۆخەکە بـە شـێوەیەکی ناجۆر، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشـەی دەکـرد، نەیتوانـی نامەکـەی بـۆ بنووسـێ و لـە ناخـی دڵیـەوە لـەوە پەشـیمان بـوو، کە ئـەو کوڕەی هێناوەتـە بـوون. تا ئـەو دەمـە، وشـەی جەنـگ تەنهـا ئامـاژەی بـۆ شـتێکی بێنـاوەڕۆک و دوورەدەسـت دەکـرد، کەچـی شـکڵ و شـێوەیەکی واقیعێکـی تراژیـدی و کارەسـاتاویی وەر گـرت. لـە کۆتاییـی مانگـی ئەیلوولـدا، پیرەژنێک گەیشـتە گونـدی ماکۆنـدۆ، هەمـوو سـەر و ڕوخسـاری سـووتماک بـوو، لەسـەر گوێدرێژێک دانیشـتبوو

و گسکی بارکردبوو. هەندە دەستوپێسپی بوو، پاسەوانەکان بێ پرسیارلێکردن ڕێگەیان دا بچێتە گوندەکەوە، ئەویش وەکوو چەندین بازرگانی دیکە، ئەم گوند و ئەو گوندیان کردبوو، هەموو گوندەکانی دەوروبەری زەلکاوەکەیان بەسەر کردبووەوە. ڕێک و ڕاست بەرەوە سەربازگەکە ڕۆیشت. ئەرکادیۆ، هەر لەو شوێنە پێشەوازیی لێ کرد، کە جاران وەکوو پۆلی قوتابخانە بەکاری دەهێنا، ئێستاش هەمان شوێن ببووە خەندەقی شەڕ، دەیان جۆلانەی لوولدراو بە دیواردا هەڵوسرابوون، لە سووچێکی ژوورەکەش دۆشەکێکی زۆر، یەک لەسەر ئەوی دیکە دانرابوون، تفەنگ و دەمانچە و تاپڕی ڕاویش بەتێکەڵوپێکەڵی لەسەر زەوییەکە کەڵەکە کرابوون. پیرەژنەکە سیمایەکی جیددیی وەر گرت و سڵاوێکی سەربازانەی کرد و خۆی ناساند، "من گرێگۆریۆ ستیڤەنسۆنی سەرهەنگم."

هەواڵی ناخۆشی پێ بوو. وەک ئەو باسی دەکرد، دواسەنگەرەکانی بەرگریی لیبراڵەکان، خەریک بوون بەتەواوی لەناو دەچن. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەنزیک ڕیوئاچا خەریکی پاشەکشە بوو، پەیامێکی بۆ ئەرکادیۆ ناردبوو. دەبێ شوێنەکە بەبێ هیچ بەرگرییەک تەسلیم بکات، بەو مەرجەی ژیان وماڵوموڵکی لیبراڵەکان پارێزراو بن. ئەرکادیۆ سەرنجێکی وردی پڕ لە بەزییانەی لەو تەتەرە غەریبە دا، کە زۆر بەئاسانی بە داپیرەیەکی هەڵهاتووی دەچوواند، پێی گوت، "بێگومان، دەبێ پەیامێکی نووسراوت لەگەڵ خۆت هێنابێ." پیرەژنەکە لە وەڵامدا گوتی، "نەخێر، هیچم لەگەڵ خۆم نەهێناوە. خۆت دەزانی لە زرووف

و بارودۆخـی لـەم جـۆرەدا، ناکـرێ پەیامێـک هەڵگیرێـت، کـە گومانی لێ بکرێت." هەر بە دەم قسەکردنیشەوە، لە باخەڵی، ماسـییەکی بچکۆلـەی زێرینـی دەر هێنـا و لەسـەر مێزەکـەی بەرامبـەری دای نـا و بـە ئەرکادیـۆی گـوت، "لەوانەبێ ئەمـە بـەس بێ." ئەرکادیـۆ سـەلماندی، کـە ڕێـک و ڕاسـت ئەمـە ئـەو ماسـییەیە، کـە جـاران ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ دروستی دەکرد. بەڵام ڕێی تێ دەچێ، یەکێک ئەم ماسییەی پێش جەنـگ کڕیبێ، یـا یەکێک دزیبێتی، بۆیە ناکرێ وەکوو بەڵگەیەکی بەهـادار سـەیری بکـرێ." بـۆ ئـەوەی تەتەرەکـە قسـەکان بەهەنـد وەر بگیرێت، نهێنییەکـی سـەربازیی یەکئـالا کردەوە. ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە ڕاسپێردراوە تا بچێت بۆ کوراچـاو بـۆ ئـەوەی پەناهەندەکانـی کارییـب ناونـووس بـکات و بیانهێنێتـە ڕیـزی شـەڕەوە، هەوڵـی بەدەستهێنانی چـەک و تفاقیـش دەدات، بـۆ ئـەوەی تـا کۆتاییـی سـاڵ هێـرش بەرپـا بکـەن. ئاوریلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بڕوای بـەم نەخشـەیە کـرد، ئـارەزووی ئـەوەی نەدەکـرد، کـە لـەم ئانوساتەشـدا قوربانیی بێکەڵک بدرێت. بەڵام ئەرکادیۆ نەدەهاتە ژێر بـار.

تەتەرەکـەی خسـتە زیندانـەوە، سـەبارەت بە ناسنامەکەشـی، دەستی بە لێپێچینـەوە کرد و بڕیاریشـی دا تـا مـردن بەرگـری لـەو شوێنە بکات.

زۆریشـی نەخایانـد. لەمـەڕ شکسـت و پاشـەکشـەی لیبراڵەکانـەوە، تـا دەهـات هەواڵـەکان چڕتـر و وردتـر دەبـوون. دەورووبـەری مانگـی ئـادار، تۆزێـک دوای نیـوەی شـەو، بارانێکی بێـوادە بـاری، لەپڕێکیشـدا هێمنییـە گرژەکـەی هەفتەکانـی ڕابردووش تەقییـەوە، دەنگـی زەنگێکـی شـوومی ترامپێت بـەرز

بووەوە و هاژەی گوللەتۆپیش منارەی کڵێساکەی تەفروتونا کرد. لەراستیدا، ئەم ئیرادەیەی خۆبەدەستەوەنەدانەی ئەرکادیۆ شێتییەک بوو، بەڵگەی قبوڵ نەدەکرد. لە پەنجا پیاو زیاتری نەبوو، بە چەک و تفاقێکی توورەهاتەوە، زۆر بەزەحمەت، هەر چەکدارێکیش تەنها بیست فیشەکی بەر دەکەوت. بەڵام ئەم کۆنە قوتابییانە، گەرموگوڕ و پڕجۆشوخرۆشانە، شەیدای ئەم بانگەوازە بوون، ئامادەش بوون ماڵ و گیانیان لەم ڕێیەدا دابنێن، کە سووریش دەزانرا مایەپووچ دەبن. لەنێو دەنگی هاتوچۆی چەکمەکان، فەرمانی جۆربەجۆر و ناکۆک، هاژەی گوللەتۆپەکان، بومەلەرزەیان لەو ناوە دروست دەکرد، گوللەڕێژی بێفەرمان و بەبێ ئەوەی پێویستیش بکات، دەنگی ترۆمپێتیش بەرز دەبووەوە، ئەو کەسەی ناوی لە خۆی نابوو ستێفێنسۆنیشی سەرهەنگ، توانیی لەگەڵ ئەرکادیۆ قسە بکات و پێی گوت، "مەهێڵە بە جلوبەرگی ژنانە و بەم زریزانەوە بمرم. ئەگەر مردیشم، دەبا لەناوجەرگەی شەڕدا بمرم." بڕوای بە ئەرکادیۆ هێنا. ئەرکادیۆ فەرمانی ئەوەی دا، کە تفەنگێک و بیست فیشەکی بدرێتێ، لەگەڵ پێنج چەکداری دیکە بەرگری لە بارەگەی گشتی بکەن، لە هەمان کاتیشدا، خۆی سەرکردەی گشتی بۆ بەرگریکردن، چوونە پێشی پێشەوە. نەگەیشتنە ئەو ڕێگەیەی دەچووە سەر زەلکاوەکە. بەربەستەکان تێک درابوون، بەرگریکەران کەوتبوونە جادەوبانەکان، سەرەتا بە تفەنگەکانیان شەڕیان دەکرد، تاکوو زەخیرەیان لێ بڕا، پاشان دەمانچەکانیان دەر هێنا و دژ بەوانەی تفەنگیان پێ بوو، دەجەنگان؛ دواتریش، هەر بە دەستی ڕووتەوە بەر

بوونە یەکتر. لەنێو ئەو تێکشکانانەدا، چەند ژنێک بە تێلا و چەقۆی مەتبەخەکانیانەوە ڕژابوونە سەر جادەکان. لەنێو ئەم پاشەگەردانییە بێوێنەیەدا، ئەرکادیۆ لووتی بەر لووتی ئامارانتادا تەقی، ئامارانتا بە جلوبەرگی خەوتنەوە وەکوو شێت لەدووی دەگەڕا، دوو دەمانچەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای بە دەستەوە بوو. تفەنگەکەی دا بە ئەفسەرێک، کە چەکەکەی خۆی لەناو گەرمەی شەڕدا ون کردبوو، پیلی ئامارانتای گرت و بۆی دەر چوون، بۆ ئەوەی ئامارانتا بەرێتەوە ماڵ، شەقامێکی هاوتەریبیان وەر گرت. لەپێش دەرگا، ئورسولا چاوەڕوان بوو، گوێی لە گشت ئەو تەقانە نەبوو، کە کونێکی زلیان لە پێشەوەی خانووەیەکی تەنیشت دروست کردبوو. باران لێی کردبووەوە، بەڵام جادەوبانەکان هێشتا تەڕ و خلیسک بوون، هەموو تلیسابوونەوە، بە سابوونێکی نیوەتواوەیان دەکرد، زۆر بەزەحمەتیش لەنێو ئەو تاریکییەدا ماوەکان جودا دەکرانەوە. ئەرکادیۆ ئامارانتای لەلای ئورسولا جێ هێشت و بەرەو ڕووی دوو سەرباز بووەوە، کە هەردووک پێکەوە لە سووچێکی شەقامەکەوە، شەلم کوێرم، تەقەیان دەکرد. ئەو دوو دەمانچە کۆنەی چەندین ساڵ بوو لەناو دۆلابەکەدا شاردبوویانەوە، لە کار کەوتبوون. ئورسولا خۆی دابووە بەر ئەرکادیۆ بۆ ئەوەی بیپارێزێ، دەیویست بەو شێوەیە بیگەیەنێتەوە ماڵ و هاواری کرد و گوتی، "مردووت نەمرێ، وەرە. ئەم هەموو بێئەقڵییە با بەس بێ!"

سەربازەکان تفەنگەکانیان ئاڕاستەی کردبوو.

یەکێک لە سەربازەکان هاواری کرد و گوتی، "خانم،

لەبەر ئەو پیاوە لا بچۆ. خەتای خۆتە، نەوەک دواجار شتێک ڕوو بدات."

ئەرکادیۆ پاڵی بە ئورسولاوە نا و خۆی تەسلیم کرد. دوای وچانێک، تەقە وەستا، زەنگەکانی کڵێسا کەوتنە لێدان. ئەوانەی بەرگرییان دەکرد، لە ماوەی تەنها نیوسەعاتدا پلیشاندرانەوە. لەم هێرشەدا، هیچ یەکێک لە پیاوانی ئەرکادیۆ ڕزگاریان نەبوو. بەڵام پێش کوژرانیشیان، سێ سەد سەربازیان هەنجنهەنجن کردبوو. بارەگای گشتی دوامولکە بوو. پێش شاڵاوبردن، ئەو کەسەی بە خۆی دەگوت ستێفەنسۆنی سەرهەنگ، زیندانییەکانی بەرەڵلا کرد و فەرمانی دا پیاوەکانی بڕژێنە سەر جادەکان و شەڕ بکەن. گورجوگۆڵیی ئەم سەرهەنگە و دەستڕاستی لە پێکاندا، بیست گوللەی لە پەنجەرەی جیاوازەوە دەهاویشت، وای نیشان دا کە ئۆردوگەکە بەمەحکەمی پارێزراوە و هێرشبەران بە گوللەتۆپ وێرانیان کرد. کاپتنەکە سەری سووڕ ما کاتێک لەنێو ئەو وێرانەیە کەسی نەبینی کەوتبێتە ژێر داروديوارەکانەوە، تەنها یەکێک نەبێت، ئەویش بە دەرپێیەکەوە گیانی دەر چووبوو، چنگێکیش تفەنگە بێگوللەکەی توند گرتبوو، ئەو چنگەی بەتەواوی لە لاشەکەی کرابووەوە. لە پشتەوە، قژێکی چڕی هەبوو، بە شانەیەک گردی کردبووەوە و ماسییەکی بچووکی زێڕینی بە زریزەیەک بە ملیەوە هەڵواسیبوو. کاپتنەکە، بە نووکی چەکمەکەی سەری با دا بۆ ئەوەی بە لایتەکەی ڕوخساری ڕووناک بکاتەوە، بەحەپەساوییەوە گوتی، "هەی تەرسەقول!" ئەفسەرەکانی دی لێی نزیک بوونەوە.

کاپتنەکە پێی گوتن، "دە سەیر بکەن دەی، بزانن ئەم

حەوت ڕۆحە لەکوێ خۆی مات داوە. ئەمە گریگۆریۆ ستێڤێنسیۆنە."

دەمەوسپێدە، بەپەلەپەل، دادگایەکی سەربازی خرایە سەرپێ، ئەرکادیۆ بەرامبەر بە دیواری گۆڕستانەکە گوللەباران کرا. لە ماوەی ئەو دوو سەعاتەی لە ژیاندا مابوو، نەیدەزانی چۆن ئەو ترسەی هەر لە منداڵییەوە بینی گرتبوو، لەپڕێکا لەناو چوو. بەجەرگ، تەنانەت هەستی بەوەش نەدەکرد کە دەبێ لەبارەی ئازایەتیی خۆیەوە شتێک بسەلمێنێ، بەشێنەیی گوێی لە دادگاییکردنەکە و تاوانبارکردنەکەی گرت. بیری لە ئورسولا کردەوە، دەبێ ئێستا لەژێر دارشابەڕووەکە، لەگەڵ خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا خەریکی قاوەخواردنەوە بێت. بیری لە کیژۆڵە هەشت مانگییەکەی کردەوە، کە هێشتا ناویان لێ نەنابوو، هەروەها بیری لەو منداڵەش کردەوە، کە لە مانگی ئاب لەدایک دەبێت. بیری لە سانتا سۆفیا دی لا پیەداد کردەوە، ئەو ژنەی ڕۆژی پێشتر، ئێوارەکەی جێی هێشتبوو، کە خەریک بوو کەڵەکێوییەکەی خوێناو دەکرد، تا ئامادەی بکات بۆ ڕۆژی شەممە، بۆ ئەوەی پێکەوە بیخۆن. سۆزێکی گەرم دای گرت، بیری لە قژە خاوەکەی کردەوە، کە چۆن بەسەر شانیدا شۆڕدەبووەوە، بیری لە برژانگەکانی دەکردەوە، وەک بڵێی دەسکرد بن. بەبێ سۆزۆڵکەیەکی ساویلکانە، لە شێوەی تەسفییەی حیساب لەگەڵ ژیاندا و بەرەوڕووبوونەوەدا، بیری لەو هەموو خەڵکە دەکردەوە، کە لە ژیاندا ناسیبوونی، هەر لەو کاتەشدا لەوە تێگەیشت، کە ئەو بوونەوەرانەی قینی لێ دەکردنەوە، هەر ئەوانیش بوون کە خۆشی دەویستن. سەرۆکی دادگای سەربازی دەستی بە

دواگوتارەکەی کرد و ئەرکادیۆ تێبینی ئەوەی نەکردبوو، کە دوو سەعات تێپەڕیون. سەرۆکی داداگا دەیگوت، "سەرباری ئەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ ئەم تاوانبارە، پێویست بە باسکردنی بەڵگە ناکات، بەڵام نائاگاییی تاوانبارانە و هەستنەکردن بە لێپرسراوی لەوەی چەکدارانی بۆ مردن لەپێناو شتێکی بێکەڵکدا هان داوە، بەسن بۆ ئەوەی سزای مردنی بەسەردا بسەپێنرێت." ئەرکادیۆ لەنێو بینایەی ئەو قوتابخانە وێرانەدا یەکەمین جار هەستی بەوە کرد، کە دەسەڵات چ دڵنیابییەکی پێ دەبەخشێ، چەند مەترێک بەولاوەترەوە، دڵەڕاوکێی ئەوینی ناسی، هەستی بە پووچیی ئەم ڕۆتینیاتەی مەرگ کرد. لە ڕاستیدا، مەرگ بەلایەوە هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەڵکوو ژیان بەلای ئەوەوە گرینگ بوو: کاتێک حوکمی مردنیان جاڕ دا، بە هیچ شێوەیەک ترسی لەسەر نەنیشت، بەڵکوو سۆزێک داگیری کرد. بێدەنگ بوو، تا ئەو دەمەی پێیان وت دواگوزارشت لە ئیرادەی خۆی بکات.

بە دەنگێکی کێشدار گوتی، "بە ژنەکەم بڵێن با ناوی ئورسولا لە کیژۆڵەکەمان بنێ. وچانێکی دا و دواجار جەختی لەسەر کردەوە: ئورسولا وەکوو داپیرە. پێشی بڵێن، ئەگەر ئەو منداڵەی لەدایک دەبێ کوڕ بوو، با ناوی بنێ خۆسێ ئەرکادیۆ، نەک وەکوو یادەوەرییەک بۆ مامی، بەڵکوو یادەوەرییەک بۆ باپیرەی."

پێش ئەوەی بیبەنە بەردەم دیوارە بەرزەکە، نیکانۆری کەشیش ویستی ئامادە بێ و ئەرکادیۆ پێی گوت، "لە هیچ شتێک پەشیمان نابمەوە." دوای ئەوەی قاوەیەکی

تاڵی خواردەوە، چووە پێش دەستەی گوللەبارانکردنەکە. فەرماندەی دەستەکە، پسپۆڕ بوو لە ئیعدامی سەرپێی، ناوێکی هەبوو، نەدەکرا بڵێین تەنها لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە بوو، پێیان دەگوت کاپتن ڕۆک کارنیسێرۆ (قەساب). لە ڕێگەی گۆڕستاندا، سەرەڕای بارانێکی بەرێژنە، ئەرکادیۆ تێبینیی ئاسۆی کرد، کە چوارشەممەیەکی ڕووناک بەڕێوەیە. سۆزی لەگەڵ تەمدا ڕەوییەوە و بزۆز دیار بوو. تەنها لەو کاتەی فەرمانیان دا دەبێ پشت لە دیوارەکە بکات، ئەرکادیۆ چاوی بە ڕێبێکا کەوت، قژی تەڕ، کراسێکی گوڵداری لەبەردا بوو، دەیویست دەرگا و پەنجەرەکانی ماڵە بکاتەوە. هەوڵی دا تا بیناسێتەوە. ڕێبێکاش، بەهەڵکەوت ڕووی کردەوە دیوارەکە، حەپەسا و ڕەق و وشک ببوو؛ هەر هەندەی لەدەست هات، کە نیشانەیەکی ماڵئاوایی ئاراستەی ئەرکادیۆ بکات. ئەرکادیۆش وەڵامی دایەوە. هەر لە هەمان کاتیشدا، تفەنگە لوولەڕەشەکانیان ئاراستەی کرد و بەڕوونی گوێی لە تەرتیلە ئەبەدییەکانی مێلکیادێس بوو، لە پۆلی قوتابخانەکە گوێی لە دەنگی هەنگاوە گومڕاکانی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بوو، مێشتا پاکیزە بوو، هەستی بە ڕەقیی هەمان ئەو تەزینە کرد، کە کاتی خۆی لووتی تەرمی ڕێمێدیۆس پێی بەخشیبوو. "هەی ترحیۆ!" مێشتا بیری دەکردەوە. "ئەوەم لەبیر چوو پێتان بڵێم، ئەگەر کچمان بوو، ناوی ڕێمێدیۆسی لێ بنێن. "لەپڕێکدا، وەکوو ئەوەی چڕنووکێکی لێ گیر بووبێ، بە شێوەیەکی دڕندانە لەشی هەڵبدڕێ، جارێکی دیکە هەستی بەو ئەشکەنجانە کردەوە، کە لە ژیاندا یەخەی بەر نەدەدان. کاپتن فەرمانی دا تیرباران

بکرێت. ئەرکادیۆ بەئەستەم کاتی ئەوەی بۆ ڕەخسا سینگی دەربخات و سەر هەڵببڕێ، بێ ئەوەی بزانێ لەکوێیەوە ئەو شلە ئاگرینە دەر دێت، کە ڕانی دەسووتێنێ و هاوارێکی کرد، "هەی قوڕمساغینە. بژی پارتی لیبراڵ!"

# ٧

مانگی مایس شەڕ وەستا. دوو هەفتە پێش ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی فەرمی ڕاگەیاندنی کۆتاییی شەڕ بڵاو بکاتەوە، ڕاگەیاندنێکی دڵتەزێنی لە دووتوێ گرتبوو: ئەویش سەپاندنی سزایەکی بێبەزیی بوو بەسەر ئەوانەی بانگەشەیان بۆ ئەم یاخیبوونە کردبوو. ئاریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەندەی نەمابوو بگاتە سنووری ڕۆژئاوا، دەسگیر کرا، خۆی کردبووە سیحربازێکی هیندیی پێستسوور. ئەو بیستویەک پیاوەی لەم جەنگەدا دوای ئاوریلیانۆ کەوتبوون، چواردەیان لەناو گەرمەی شەڕدا گیانیان سپارد، شەشیان بریندار بوون، تەنها یەکێکیان نەبێت، کە لە دواتێکشکاندا لەگەڵی مابووەوە، ئەویش خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بوو. هەواڵی ئەم دەسگیرکردنە، لە کەناڵێکی تایبەتەوە گەیشتە گوندی ماکۆندۆ. ئورسولا ئەم هەواڵەی گەیاندە مێردەکەی و گوتی، "زیندووە. با لە خودا بپاڕێینەوە، کە بەزەیی بخاتە دڵی دوژمنەکانیەوە." دوای سێ ڕۆژ و شەوی گریان و ڕۆڕۆ، پاشنیوەڕوانێک، ئورسولا لە مەتبەخەکە

خەریکی ئامادەکردنی شیرینەمەنییەک بوو بە شیر، گوێی لە دەنگی کوڕەکەی بوو، لە نزیکەوە دەهاتە بەرگوێی. بۆ ئەوەی ئەم هەواڵە بە مێردەکەی ڕابگەیەنێ، بەغار بەرە دارشابەڕووەکە چوو و هاواری کرد، "ئاورێلیانۆیە. نازنم چۆن ئەم موجیزەیە ڕووی دا، لە ژیاندایە و هەندەش نابات دەیبینینەوە." ئەمەی بە ڕاست دەهاتە بەرچاو. فەرمانی دا هەمووماڵەکە خاوێن بکرێتەوە، شوێن و جێگەی موبل و دۆلاب و کانتۆرەکانی گۆڕی. دوای هەفتەیەک، گوێی لە دەنگۆیەک بوو، بەلام نەدەزانرا لەکوێیەوە سەرچاوەی گرتووە، هیچ ئاکارێکی فەرمیشی پێوە دیار نەبوو، پێشبینییەکە بە شێوەیەکی تراژیدیامێز ڕاست دەر چوو. بۆ ئەوەی ببێتە نموونەش بۆ هەموو خەڵکی ئاوایی، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ سزای مەرگی بەسەردا سەپێندرا، سزای مردنەکەش هەر لەناو گوندەکە دەر دەچێت. دووشەممەیەک بوو، سەعات دە و بیست خولەک، ئامارانتا خەریک بوو جلوبەرگی دەکردە بەری ئاورێلیانۆ خۆسێ، چرکەیەک پێش ئەوەی ئورسولا خۆی بکات بە ژووردا و هاوارێکی لێ بەرز بووەوە، "ئاورێلیانۆیان هێنا." لە دوورەوە گوێی لە هەنگاوی گروپێکی سەرباز بوو، هەروەها دەنگی شەیپووریش بەرز بووەوە، ئەم دەستە سەربازە، بە قۆناغەتفەنگ پاڵیان بە حەشاماتەوە دەنا بۆ ئەوەی شالاو نەبەن. ئورسولا و ئامارانتا تا سووچی شەقامەکە ڕایان کرد، بە تەکان و نووکەئەنیشک ڕێگەی خۆیان دەکردەوە، تا چاویان بە ئاورێلیانۆ کەوت. بە دەرۆزەکەرێکی دەکرد.

جلوبەرگەکەی سیپالێکی تەواو بوو، سەروڕیشی تێکچڕژاو و پێپەتی، بەبێ ئەوەی هەست بە هیچ بکات، بە پێی خاوس، خۆڵە تەپانییە داغبووەکەی دەشێلا، دەستەکانی بە پەتێکەوە، لە پشتەوە بەسترابوونەوە، ئەفسەرێک بەسەر ئەسپێکەوە بە پاشکۆی زینی ئەسپەکەیەوە بەستیبوویەوە. یەکێکی دیکەش بەتەنیشتییەوە ڕێی دەکرد، شەپرێو و بەسزمان وەکوو خۆی، ئەویش خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بوو. هیچیان غەمگین دیار نەبوون. کەمێک نیگەران دیار بوون لەو حەشامەتە زۆرەی جوێنی تەڕ و مزریان بە دەستە سەربازەکە دەدا.

ئورسولا، لەنێو حەشاماتەکەوە هاوارێکی لێ هەڵسا و تا توانیی شەپازللەیەکی کێشایە بناگوێی ئەو سەربازەی ڕێگریی لێ دەکرد و گوتی، "ڕۆڵەکەم!"

ئەسپی ئەفسەرەکە ڕاچڵەکا. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ئێستێکی کرد، هەڵدەلەرزی، خۆی لە بازووی دایکی دەپاراست و ڕێک و ڕاست سەیری ناو چاوی دایکی کرد و بە مۆڕەیەکەوە، "دایە، بگەڕێرەوە ماڵ. داوای ڕوخسەت لە حکوومەت بکە و وەرە لە بەندیخانە بمبینە."

سەیرێکی ئامارانتای کرد، کە دوو هەنگاو لە پشتەوەی ئورسولا بوو، پەشۆکاو دیار بوو، بزەیەکی بۆ کرد و داوای لێ کرد، "ئەوە دەستت چییەتی؟" ئامارانتا دەستی بەرز کردەوە کە بە برینپێچێکی ڕەش بەستبوویەوە و وەڵامی دایەوە، "سووتاوە." ئورسولای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، تاکوو ئەسپەکان نەیشێلن. گرووپی سەربازان کەوتنەوە

ڕەوت. دەستەیەک لە پاسەوانانی تایبەت دەوریان لە دەستبەسەرەکان دا، بە لەتر گەیاندیانە بارەگە.

دەمەوڕۆژئاوا، بۆ ئەوەی چاوی بە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بکەوێت، ئورسولا سەری لە زیندان دا. هەوڵی دا مۆڵەتی چوونەژوورەوە لە ڕێگەی دۆن ئاپۆلینار مۆسکۆتێوە وەر بگرێت، بەڵام بەرامبەر بە دەسەڵاتە ڕەهاکەی سەربازان، ئەم پیاوە هەموو دەسەڵاتێکی لەدەست دابوو. نیکانۆری کەشیشیش خزابووە ماڵەوە، تایەکی کوشندە بەتەواوی لە پەلوپۆی خستبوو. سەرباری ئەوەی خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ سزای مەرگیان بەسەردا نەسەپاندبوو، دایک و باوکی هەوڵی ئەوەیان دا، کە چاویان بە کوڕەکەیان بکەوێت، کەچی بە قۆناغەتفەنگ ئەوانیشیان دەر کرد. هیچ جۆرە یارمەتییەک سوودی نەبوو، ئورسولا گەیشتە ئەو باوڕەی کوڕەکەی دەمەوبەیان گوللەباران دەکرێ، بۆیە هەموو ئەو شتانەی بە پێویستی دەزانی، کردیە بوخچەیەکە و بەرەو زیندان کەوتە ڕێ.

ڕووی دەمی کردە پاسەوانەکان و پێی گوتن، "من دایکی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگم."

پاسەوانەکان ڕێگرییان لێ کرد. ئورسولا ئاگاداری کردنەوە و پێی گوتن، "هەرچی چۆنێک بێ، دەچمە ژوورەوە. ئەگەریش فەرمانی ئەوەتان هەیە تەقەم لێ بکەن، فەرموون هەر ئێستا بیکەن." بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک، ئورسولا پاڵی بە ئەفسەرێکەوە نا و چووە یەکێک لە پۆلەکان، بینیی دەستەیەک سەرباز، بەڕووتوقووتی خەریکی چەورکردنی

چەکەکانیانن. ئەفسەرێک بە جلوبەرگی جەنگەوە، سوور بیووەوە، چاویلکەی شووشەئەستووری لەچاودا بوو، بە شێوەیەکی زۆر فەرمی، بە ئاماژەیەک پاسەوانەکانی کردە دەرەوە. ئورسولا دووپاتی کردەوە و گوتی، "من دایکی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگم. "

بە بزەیەکی دۆستانە وەڵامی دایەوە و گوتی، "مەبەستت ئەوەیە بڵێی، دایکی بەرێز ئاورێلیانۆ بوێندیای."

ئورسولا لە زاراوە و نەبرەی قسەکانی تێگەیشت، کە ناوبراو خەڵکی ناوچەی باکوورە و پێی گوت، "هەر وەک چۆن بەرێزتان دەتانەوێ، با وا بێ، بە مەرجێ ڕوخسەتم بدەنێ چاوم بە کوڕەکەم بکەوێ."

فەرمان لە سەرەوە دەر چووبوو، کە بە هیچ جۆرێک بوار بە کەس نەدرێ چاوی بەوانە بکەوێت، کە سزای مەرگیان بەسەردا سەپاوە، بەڵام ئەفسەرەکە ئەو لێپرسراوییەی خستە ئەستۆی خۆی و پانزە خولەکی مۆڵەت بەخشییە ئورسولا، تاکوو چاوی بە کوڕەکەی بکەوێت. ئورسولا بوخچەکەی بۆ کردەوە و نیشانی دا: جلوبەرگی خاوێن، بۆ ئەوەی خۆی بگۆڕێ، ئەو جووتە پێڵاوەم بۆ هێنابوو، کە لە ڕۆژی زەماوەند کردبوویە پێی؛ لەو ڕۆژەوەی دڵی خەبەری هاتنەوەشی دابوو، پارچەیەک لەو کێکبەشیرەشی بۆ هەڵگرتبوو، ئەوەشی خستبووە بوخچەکەیەوە. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی لە ژوورێکدا بینی، کە کردبوویانە ژووری زیندان، لەسەر تەختێکی سەفەری ڕاکشابوو، بازووەکانی کردبووەوە، چونکە ژێر هەنگڵی سوور هەڵگەڕابوون.

ڕێگەیان پێ دابوو ڕیشی بتاشێ. سمێڵەکانی بابڕ و لوول بوون، ڕوومەتەکانی دەر پۆقاندبوو. لە پێشچاوی ئورسولا، ڕەنگپەڕیوتر دیار بوو لەو ڕۆژەی ماڵی جێ هشتبوو، کەڵەگەتتریش دیار بوو، لە هەموو کاتێکیش زیاتر تاقوتەنیا دیار بوو. ئاگای لە بچووکترین و وردترین ڕووداو هەبوو، کە لە ماڵ ڕوویان دابوو: خۆکوشتنی پیەترۆ کرێسپی، زوڵم و زۆرداریی ئەرکادیۆ و گوللەبارانکردنەکەی، بێهۆشیی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای ژێر دارشابەڕووەکە. ئەوەشی دەزانی، کە ئامارانتای بێوەژن خۆی بۆ بەخێوکردنی ئاورێلیانۆ خۆسێ تەرخان کردووە، ئەمەش ببووە مایەی خۆشحاڵی، خەریک بوو فێرە قسە دەبوو، هەروەها فێری خوێندنەوە و نووسینیانیش دەکرد. ئەو دەمەی ئورسولا چووە ژوورەوە، یەکسەر باڵغبوونی کوڕەکەی سامێکی لەلا دروست کرد، ئەو دەستباڵاییەی لە ناوچەوانیدا ڕەنگی دەدایەوە، ئەو سەرڕوەرییەی لە لەشی دەتکا. ئورسولا سەرسام بوو بەوەی ئاگاداری هەموو شتێک بوو، بەگاڵتەشەوە پێی گوت، "ئەی نازانی من سیحربازم." دواجار بەجیددیشەوە پێی گوت، "ئەم بەیانییە، کاتێک هێنامیان بۆ ئێرە، ئەو هەستەم لەلا دروست بوو، کە هەموو ئەم شتانەم جارێکی دیکەش بینوە. "لە ڕاستیشدا، کاتێک ئاپۆڕەکە لەکەنار جادەکە دەستیان کردبوو بە هاتوهوریا، ئاورێلیانۆ نغرۆ ببووە نێو بیرکردنەوەکانی، سەری بەوەش سووڕ مابوو، چۆن لە ماوەی یەک ساڵدا گوندەکە هەند پیر بووە. گەڵای دارچواڵەکان هەموو وەریبوون. خانووەکان بە

ڕەنگی شین بۆیاغ کرابوون، دواتر ڕەنگی سووریان لێ دابوو، جارێکی دیکە بە ڕەنگی شین بۆیاغیان کردبووەوە، وای لێ هاتبوو، ئیدی نەدەزانرا ڕەنگە ئەسڵییەکەی چییە. ئورسولا بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە پێی گوت، "چیت دەوێ، زەمانە و ڕادەبووری."

ئاوریلیانۆ قسەکەی پشتڕاست کردەوە و گوتی، "ڕاستە، بەڵام هەند بەخێرایی..."

ئا بەوجۆرە، ئەو چاوپێکەوتنە تێپەڕی، کە هەردووک تامەزرۆی بوون، هەرکەسە لەلای خۆیەوە پرسیاری ئامادە کردبوو، تەنانەت خۆشی بۆ وەڵامەکانیش حازر کردبوو، بەڵام ئەم جارەش، پرسیار و وەڵامەکان بوون بە وتووێژێکی ڕۆژانەی ئاسایی. کاتێکیش پاسەوانەکە کاتی کۆتاییی چاوپێکەوتنەکەی ڕاگەیاند، ئاوریلیانۆ لەژێر تەختە سەفەرییەکەی کاغەزێکی لوولدراوی دەر کرد، کە ئارەقە تەڕی کردبوو. هۆنراوە بوون. ئیلهامی ئەم شیعرانە ڕێمیدۆس بوو و ئەو شیعرانەی لەگەڵ خۆی بردبوو و هەندێکی دیکەشی، ناوبەناو، لە کاتی شەڕوەستاندا، دواتر نووسیبوو. ئاوریلیانۆ بە ئورسولای گوت، "بەڵێنم بدەرێ کەس نایانخوێنێتەوە. هەر ئەم ئێوارەیە تەنوورەکەت بەم کاغەزانە دابخە." ئورسولا بەڵێنی دا پێی و هەڵسایە سەر پێ و بۆ ماڵئاوایی، ماچێکی نێوچەوانی کرد و دەر چووە دەرەوە. بە چرپەش پێی وت، "دەمانچەیەکم بۆ هێناوی."

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دڵنیا بوو، کە پاسەوانەکان دیار نین، بە دەنگێکی نزم وەڵامی دایەوە و

گوتی، "هیچ پێویستییەکم پێی نییە. بەڵام بمدەرێ، نەبادا لە کاتی دەرچووندا بتپشکنن." ئورسولا دەمانچەکەی لە باخەڵی دەر هێنا و لەسەرخۆ لەژێر تەختی خەوتنەکەی دای نا. ئاورێلیانۆ بە دەنگێکی کەرخ و لەسەرخۆ پێی گوت، "ماڵئاواییم لێ مەکە. لە کەس مەپاڕێوە، خۆت لەپێش کەس نزم و زەلیل نەکەیت. ئەوە بخەرە مێشکتەوە، کە من دەمێکە گوللەباران کراوم." ئورسولا بۆ ئەوەی دان بە خۆیدا بگرێ تا نەگرێ، لێوەکانی گەست و بە ئاورێلیانۆی وت، "بەردی گەرم لە بنهەنگڵت دابنێ."

ئورسولا ژوورەکەی جێ هێشت. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەسەرپێ مایەوە، دۆشداماو، تاکوو دەرگاکەیان لەدوای ئورسولاوە داخست. جارێکی دیکە هاتەوە سەر تەختەکە و ڕاکشا و بازووەکانی کردبووەوە. هەر لە هەرەتی لاوییەوە، لەو دەمەی پێشهاتی ڕووداوەکانی دەکرد، بە خۆی دەگوت پێش هاتنی مەرگ، چەند نیشانەیەکی ورد دەنێرێت، بەبێ هیچ پێچوپەنایەک و بە شێوەیەکی سروشتی و خۆڕسک، کەچی تەنها چەند سەعاتێکی لە ژیاندا مابوو و هیچ نیشانەیەک لەو ڕووەوە دەر نەدەکەوت. ڕۆژێکیان، ژنێکی زۆر جوان، لە توکورینکا، چووبووە بارەگای گشتی، داوای لە پاسەوانەکان کردبوو بۆ ئەوەی چاوی بە سەرهەنگ بکەوێت. هێشتبوویان بچێتە ژوورەوە، ئاورێلیانۆ ئاگاداری خەرافاتی هەندێک لە دایکان بوو، کە کچانی خۆیانیان دەنارد بۆ ئەوەی لەگەڵ شەڕکەرە هەرە بە ناوبانگەکان بچنە جێیەوە بۆ ئەوەی توخمی نەوەکان

نەوژەن بکەنەوە. ئەو شەوە، کاتێک کچێکی عازەب لە ژوورەکەی قوت بووەوە، ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرھەنگ، لەبارەی پیاوێکی گومڕای ژێر بارانێکی بەرێژنە، خەریکی نووسینی شیعرێک بوو. پشتی لە کچەکە کرد بۆ ئەوەی شیعرەکە بخاتە ئەو چەکمەجەیەی شیعرەکانی تیا دادەنا و بە کلیل قفڵی دەکرد. لەپڕێکدا پێشهەستێکی بۆ دروست بوو. بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، ئەو دەمانچەیەی هەڵگرت، کە لەناو چەکمەجەکە دای نابوو و پێی گوت، "تکات لێ دەکەم مەیتەقێنە."

کاتێک ئاوڕ دەداتەوە، کچەکە دەمانچەکەی هێنابووە سەر میل، کەچی دەمانچەکەی هێنایە خوارەوە و نەیدەزانی چی بکات. بەم جۆرە، لەو یانزە کاری تیرۆرە، توانیی چواریان هەڵبوەشێنێتەوە. بەڵام کەس نەیتوانی ئەو کەسە بگرێ، کە شەوێکیان، لە ماناڵۆرێ، خۆی خزاندبووە بارەگەی شۆڕشگێری و یەکێک لە هاوڕێکانی ئاوڕیلیانۆی سەرھەنگی دابووە بەر خەنجەر؛ سەرھەنگ ماگنیفیکۆ ڤیسبال ناوێک بوو، بۆ ئەوەی کەفوکوڵی هەوەسی دابمرکێنێتەوە، هێشتبووی بچێتە جێگەکەیەوە. ئاوریلیانۆی سەرھەنگ، تەنها هەر چوار مەترێک لێی دوور دەبێ، لە هەمان ژووردا، لەناو جۆلانەکەیدا خەوتبوو، کەچی ئاگای لە هیچ نەبوو. گشت ئەو هەوڵە یەکلەدواییەکانەی لەپێناو درکاندنی پێشهاتەکان خستبوویە گەڕ، بەفیڕۆ چوون. لەناکاودا، نیشانەی پێشهاتەکان دروست دەبوون، لە ڕێگەی ڕۆشنبینییەکی ناسروشتییەوە لەدایک دەبوون، وەک چەندین

جاری دیکە، چۆن لە ڕێگەی یەقینێکی موتڵەق و کاتیدا پەیدا دەبوون، بەڵام دەستبەسەرداگرتنیان کاریکی مەحاڵ بوو. لە هەلومەرجی دیکەدا، هەند سروشتی خۆیان دەنواند کە درەنگتر وەکوو نیشانەیەکی پێشهاتەکان دەردەکەوتن. هەندێجاری دیکەش، ڕوون و ئاشکرا بوون، کەچی ڕوویان نەدەدا. کەچی بە تێپەڕبوونی کات، وەک ڕاهاتنیان لێ هات، لە جۆرە خەرافاتێک زیاتر، هیچی دیکەی لێ نەدەکەوتەوە. بەڵام کاتێک سزای مەرگیان بەسەریدا سەپاند و لێیان پرسی چی حەز و ئاواتێکی هەیە، هەستی بە هیچ ڕێگرییەک نەکرد، یەکسەر وەکوو ئەوەی ئیلهامێکی بۆ هاتبێ، لە وەڵامدا گوتبووی، "دەمەوێ سزاکەم لە گوندی ماکۆندۆ جێبەجێ بکرێ."

سەرۆکی دادگا تووڕە ببوو و پێی گوتبوو، "بیژییانە خۆت دەر مەخە. ئەمە فێڵێکە بۆ ئەوەی کات بقۆزیتەوە."

سەرهەنگ لە وەڵامدا گوتی، "ئێوە ئازادن لە جێبەجێنەکردنی ئەم داخوازییە، بەڵام ئەمە ئاواتەکەی منە."

لەو ڕۆژەوە، پێشهاتی ڕووداوەکان پشتی لێ کرد. هەر لەو ڕۆژەوەی ئورسولا لە زیندان سەری لێ دابوو، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بیری کردبووەوە، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە مەرگ، ڕەنگە نیشانەکانی خۆی بۆ دەر نەخات، چونکە مەرگ پەیوەندیی بەر ڕێککەوتەوە نییە، بەڵکوو ڕێک و ڕاست پەیوەستە بە بڕیارەکانی جەلادەکەیەوە. شەو تێپەڕی، بەبێ ئەوەی چاو لێک بنێ، ژێرهەنگڵی ئازارێکی زۆری دەدا. کەمێک پێش کازیوە، لە دالانەکەوە گوێی لە

دەنگی هەنگاو بوو، بە خۆی دەگوت، " ئەوە ئەوانن." بەبێ هیچ سەبەبێک بیری لە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا کردەوە، ئەویش لە هەمان کاتوساتدا، لەو بەرەبەیانە سامدارەدا، لەژێر دارشابەڕووەکە بیری لەو دەکردەوە. نەدەترسا، هیچ سۆز و نوستالژیایەکیشی نەبوو، بەڵکوو تووڕەییەکی کوشندە شاڵاوی بۆ بردبوو، بیری لەوە دەکردەوە، کە ئەم جۆرە مەرگە داتاشراوە، ئەم مەرگە وا دەکات ماڵئاوایی لە شتگەلێک بکەی، کە بەناتەوای جێتهێشتوون. دەرگاکە کرایەوە، پاسەوانەکە هاتە ژوورەوە، تاسە قاوەیەکی پێ بوو. ڕۆژی دوایی، لە هەمان ئانوساتدا، بە دەست ئازاری ژێرهەنگڵیەوە وەخت بوو شێت و هار ببێ، هەمان شت دووپات بووەوە. پێنجشەممە، کێکبەشیرەکەی لەگەڵ پاسەوانەکان خوارد، جلوبەرگە خاوێنەکانی کردە بەر و هەستی دەکرد تەسکن، پێڵاوە بریقەدارەکانیشی کردە پێ. هەینی، هێشتا گوللەباران نەکرابوو.

لە ڕاستیدا، کەس نەیدەوێرا سزاکە جێبەجێ بکات. دژایەتیی خەڵکی ئاوایی وای لە سەربازەکان کردبوو، کە بەتەواوی بیر لە ئەنجامی ئیعدامکردنی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بکەنەوە، چونکە ئەنجامێکی سیاسیی زۆر خراپی لێ دەکەوتەوە، نەک تەنها بۆ خەڵکی گوندی ماکۆندۆ، بەڵکوو بۆ سەرتاپای ئاواییەکانی دەوروبەری زەلکاوەکەش، بە ئەندازەیەک داوای مەشوورەتیان لە دەسەڵاتدارانی پایتەختی هەرێمایەتی خواست. شەممە، بۆ ئێوارەکەی، لە کاتێکدا چاوەڕێی وەڵام بوون، کاپتن ڕۆکێ کارنیسێرۆ لەگەڵ

چەند ئەفسەرێکی دیکە، چوو بۆ مەیخانەکەی کاتارینۆ. تەنها تاقە ژنێک، ئەویش لەژێر هەرەشەوگورەشە، ئامادە بوو بیباتە ژوورەکەی خۆیەوە و ئەوەشی لەلا نەشاردەوە، کە "ئەو ژنانە نایانەوێ لەگەڵ پیاوێکدا بخەون، کە سوور دەزانن دەکوژرێ. کەسیش بەتەواوی نازانێ ئەمە چۆن روو دەدات، بەڵام هەموو خەڵکی ئەوە دووپات دەکەنەوە و دەڵێن ئەو ئەفسەرەی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ گوللەباران دەکات، دەکوژرێ، گشت ئەو سەربازانەی دەستەی گوللەباران پێک دەهێنن، ئەوانیش یەک لەدوای یەک، ئەمڕۆ بێ یا سبەی، تەنانەت ئەگەر لەبنی دنیاش خۆیان بشارنەوە، هەر دەبێ بکوژرێن." کاپتن کارنیسێرۆ ئەمەی بە ئەفسەرەکانی دیکە گوت و ئەوانیش گەیاندنیانە پلەبەرزەکان. یەکشەممە، سەرباری ئەوەی کەس بەئاشکرا بڵاوی نەکردبووەوە، لە هیچ لایەکیشەوە، هیچ تەقەوتۆقێک هێمینی و ئاسوودەیی ئەو چەند ڕۆژەی نەشڵەقاندبوو، هەموو گوندییەکان دەیانزانی ئەفسەرەکان ئامادەن ئەم بارە لەسەر ئەستۆی خۆیان لا بدەن، هەرچی چۆنێکیش بێت و بە هەرچی ئەنجەتێکیش بێت، لە بەرپرسیارێتیی ئەم ئیعدامکردنە خۆ بدزنەوە. لە ڕێگەی پۆستەی دووشەممەوە، فەرمانی فەرمیی گەیشت: سزای ئیعدامکردنەکە دەبێ لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا ئەنجام بدرێت. ئەو ئێوارەیە، ئەفسەرەکان حەوت پارچەکاغەزیان خستە ناو کاسکێتێکەوە، هەرکەسە و ناوی خۆی لەسەر پارچەکاغەزێک نووسیبوو، کاپتن ڕۆکێ کارنیسێرۆ ناوچەوان سیانزەکە دەبوو ناوی

براوەکە لەناو کاسکیتەکەوە دەر بهێنی، وەکوو ئەوەی زاخاوێک قووت بدا، گوتی، "لەگەڵ بەدبەختی گاڵتە ناکرێ. من وەکوو کوڕی قەحپە لەدایک بووم و دەبێ هەر وەکوو کوڕی قەحپەش بمرم." سەعات پێنجی بەیانی، لە ڕێگەی قورعەیەکی دیکەوە ناوی دەستەی گوللەبارانی دیاری کرد، لەناو حەوشەکە ڕیزیانی کرد و خۆشی ڕۆیشت بۆ ئەوەی تاوانبارەکە لە خەو هەڵبسێنێ، بە ڕستەیەکی سروشتئامێزیش کەوتە قسە و گوتی، "دەی، بوێندیا. ئێستا کاتێتی."

سەرهەنگیش وەڵامی دایەوە و گوتی، "کەواتە ئەمە بوو. خەونم بەوەوە دەبینی، کە برینەکانم چاک ببوونەوە."

لەو ڕۆژەوەی ڕێبێکا بوێندیا دەیزانی ئاورێلیانۆ گوللەباران دەکرێ، هەموو بەیانییەک سەعات سێ لە خەو هەڵدەستا. لەنێو تاریکیی ژوورەکەیدا دادەنیشت، لە شەقی پەنجەرەکەوە سەرنجی دیواری گۆڕستانەکەی دەدا، هەرچەندە لەبەر پرخەپرخی خۆسێ ئەرکادیۆ، ئەو تەختەی کە لەسەری ڕاکشابوو، دەلەرییەوە. هەموو هەفتەکە، بە هەمان ورکی شاراوەوە، وەک چۆن جاران چاوەڕوانی نامەکانی پیەترۆ کرێسپی دەکرد، بەو شێوەیە چاوەڕوان بوو. خۆسێ ئەرکادیۆ پێی دەگوت، "لێرە گوللەباران ناکرێت. بۆ ئەوەی کەس دەستەی گوللەباران نەبینێ، نیوەی شەو، هەر لەناو ئۆردووگاکە گوللەبارانی دەکەن و هەر لەوێش دەینێژن." ڕێبێکا هەر چاوەڕوان بوو و لە وەڵامدا گوتی، "هەندە گەمژەن، بۆی هەیە بێنە ئێرە و لێرە گوللەبارانی

بکەن. هەند لەمە دڵنیا بوو، دەرگاکەی کردەوە تا بە دەست ماڵئاواییی لێ بکات. خۆسێ ئەرکادیۆ پێداگریی دەکرد و و دەیگوت، "ناتانەوێ لەگەڵ شەش سەربازی تۆقیوەوە، بە سەر جادەکاندا گڕی بدەن، ئەوەش باش دەزانن، کە خەڵک هەموو شتێکی لەدەست دێ." ڕێبێکا قسەکانی مێردەکەی لەلا گرینگ نەبوو، لە شەقی پەنجەرەکەوە دیقەتی دەدا و دەیگوت، "دەبینی، لەم ڕووەوە چەندێ گەمژەن."

سێشەممە، سەعات پێنجی بەیانی، خۆسێ ئەرکادیۆ قاوەکەی خواردبووەوە و سەگەکانی بەرەڵلا کردبوون، ڕێبێکا پەنجەرەکەی داخست، بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە، دەستی بە لێواری تەختەکەوە گرتبوو، بەهەناسەهەڵکێشانێکەوە گوتی، "ئەوە دەیهێنن. چەند جوانە!" خۆسێ ئەرکادیۆ هاتەبەر پەنجەرەکە و سەرنجی دا لەنێو ڕووناکیی سپێدەدا هەڵدەلەرزی، هەمان ئەو پانتۆڵەی لەپێ کردبوو، کە بەگەنجێتی لەپێی دەکرد. پشتی لە دیوارەکە بوو، لەبەر چووزانەوەی ژێرهەنگڵی، کە نەیدەهێشت بازووەکانی شۆڕ بکاتەوە، دەستەکانی بە کەمەرەوە گرتبوو. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەبەر خۆییەوە دەیگوت، "دە بیخۆ دەی! بە شەش دوودەگی تێت بەر ببن و ساردت بکەنەوە، بەبێ ئەوەی بتوانی شتێک بکەی!" هەند بەتووڕەییەوە ئەمەی دووپات کردەوە، هەست دەکرا سکالایە و کاپتن ڕۆکێ کارنیسێرۆ سۆزێک شالاوی بۆی برد، چونکە وای دەزانی خەریکی دووعاکردنە. کاتێک سەربازەکان لوولەی تفەنگەکانیان تێ کرد، تووڕەییەکەی بوو بە شلەیەکی

لینج، مەیلەوتاڵ و زمانی بەنج کرد و ناچار بوو چاو لێک بنێ. ئیدی تیشکدانەوەی ئەلەمینۆمئاسای ئەو بەرەبەیانە کوژایەوە و خۆی هاتە بەرچاو، منداڵەکەی جارانە، بە پانتۆڵێکی کورتەوە و قەرەویتێکی لەمل کردووە و چاوی بە باوکی کەوت، پاشنیوەڕۆیەکی ڕۆشندار، دەیبرد بۆ ژێر چادری گۆرەپانی جەژن، تا چاوی بە کێلە سەهۆڵ بکەوێ. کاتێک گوێی لە هاوارێک بوو، وای زانی ئەمە دوا فەرمانە کە دەدرێتە دەستەی گوللەباران. فزوولییانە چاوی کردەوە، مووچڕک لەشی هەژاندبوو، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد خۆی بەرامبەر بە هاژەی گوللەکان ببینێتەوە، کەچی تەنها کاپتن ڕۆکێ کارنیسێرۆی بینی، دەستەکانی بەرز کردۆتەوە و خۆسێ ئەرکادیۆ، بەهەڵەداوان لە جادەکە پەڕیبووەوە تفەنگەکەشی بە دەستەوە بوو و ئامادەی تەقەکردنیش بوو.

کاپتن بە خۆسێ ئەرکادیۆی گوت، "تەقە مەکە. خودای مەزن تۆی بۆ ئێمە نارد."

لێرەوە جەنگێکی دیکە دەستی پێ کرد. کاپتن ڕۆکێ کارنیسێرۆ و شەش چەکداری دیکە لەگەڵ سەرهەنگ ئاورێلیانۆ بوێندیا چوون بۆ ئازادکردنی ژەنەڕاڵ ڤیکتۆریا مێدینای شۆڕشگێڕ، ئەویش لە ڕیۆئاچا، سزای مردنیان بەسەردا سەپاندبوو. بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدەن، بڕیاریان لەوە کردەوە زنجیرەچیاکان ببڕن و هەمان ئەو ڕێگەیە وەر بگرن، کە کاتی خۆی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بۆ دروستکردنی گوندی ماکۆندۆ پێیدا تێپەڕیبوو، بەڵام دوای هەفتەیەک گەیشتنە ئەو بڕوایەی ئەمە مەحاڵە. دەبوو

ئەو ڕێگە ترسناکەی ئەو هەڵەتە بگرنەبەر، بۆ زەخیرە و تەقەمەنییش، تەنها ئەو زەخیرانەیان پێ بوو، کە لە دەستەی گوللەبارانکردنەوە جێیان هێشتبوو. لەتەنیشت چەند گوندێک چادریان هەڵدا، یەکێکیانیش جلوبەرگی خۆی گۆڕی و ماسییەکی زێڕینی بچووکیشی هەڵگرت و بە ڕۆژی ڕووناک ڕۆیشت تا پەیوەندی لەگەڵ لیبراڵخوازەکاندا دروست بکەن، کە لە پشوودا بوون، بۆ ڕۆژی دوایی، دەچوون بۆ ڕاو و ئیدی هەرگیزاوهەرگیز نەدەگەڕانەوە. کاتێک لە گەوەیەکی زنجیرەچیاکاندا چاویان بە ڕیۆئاچا کەوت، ژەنەڕاڵ ڤیکتۆریۆ میدینا گوللەباران کرابوو. چەکدارەکان داوایان کرد ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە ناوچەی کەنارەکانی کارایب ببێتە سەرکردەی شۆڕشگێڕەکان و عینوانی ژەنەراڵی پێ بدرێ. ئەم ئەرکەی بە لێپرسراوییەوە قبوڵ کرد، بەڵام عینوانی ژەنەڕاڵی ڕەت کردەوە و سوێندیشی خوارد، تاکوو بەتەواوی ڕژێمی پارێزگاران نەڕووخێنێ، ئەو عینوانە قبوڵ نەکات. دوای سێ مانگ، توانییان هەزار کەس زیاتر چەکدار بکەن، بەڵام هەر هەموویان کوژران. ئەوانەی ڕزگاریان ببوو، توانییان خۆیان بگەیەننە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات. کاتیکیش سەرلەنوێ لەنێو خەڵک باسیان دەکرا، لە ئارشیپێلی لێزانتیل بە کەشتی خۆیان گەیاندبووە کاپ دو لا ڤوال و هەواڵێکی فەرمیی لە ڕێگەی تەلەگرافەوە بە هەموو قوژبنێکی وڵاتدا بڵاو ببووەوە، بەکەیفخۆشییەوە باسی ئەوە دەکرا، کە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ کوژراوە. بەڵام دوای چلوهەشت سەعات، تەلەگرامێک

گەیشتە هەموو لایەک، بەخێرایی هەواڵەکەی پێشوو ئەوەی بڵاو دەکردەوە، کە ڕاپەڕینێکی دیکە لە دەشتاییەکانی باشوور سەری هەڵداوە. ئا بەم جۆرە ئەفسانەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەدایک بوو. زانیاریی دژ بە یەک، لە هەمان کات و ساتدا بڵاو دەبووەوە، لە لایەک باسی سەرکەوتنەکانی لە ڤیلانوێڤا دەکرا، لە لایەکی دی باسی شکستەکان لە گواکامایال بڵاو دەبووەوە، لە شوێنێکی دیکە ئەوە بڵاو دەبووە، کە گوایە لەلایەن هیندییەکانی مۆتیلۆنەوە هەنجنهەنجن کراوە، یا لە گوندێکی بچووکی دەم زەلکاوەکان کوژراوە، کەچی سەرلەنوێ لە کەنارەکانی ئورمیتا، سەری هەڵداوەتەوە. لەو دەمەی کە سەرکردە لیبراڵەکان لەمەڕ بەشدارییان لە پەرلەمان خەریکی دانووسان بوون، باسی ئەوەیان دەکرد، کە ئەم پیاوە موغامیرێکە و نمایندەی کەس ناکات و سەر بە هیچ حیزبێکیش نییە. بە بڕیاڕی حکومەت، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیان لە ڕیزی چەتە و ڕێگران لەقەڵەم دا، هەرکەسێکیش سەری بهێنێتەوە، ئەوە خەڵاتی پێنج هەزار پێسۆس دەکرێ. دوای شانزە مانۆرە، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەگەڵ دوو هەزار چەکداری هیندی، بە چەک و تفاقێکی زۆرەوە، لە ناوچەی گواخیرا هاتە دەر، لە پرخەی خەودا لەشکرەکەی تووشی حەپەسانێکی وا کرد، ناچار بوون ڕیۆاناچا جێ بهێڵن. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ کردی بە بارەگەی گشتیی خۆی و جەنگێکی بێبەزییانەی دژ بە ڕژێم ڕاگەیاند. یەکەم پەیامی لە دەوڵەتەوە پێ گەیشت، هەڕەشەی ئەوەیان

لێ کردبوو، ئەگەر بێت و لە ماوەی چلوهەشت سەعاتدا بەرەو سنوورەکانی ڕۆژئاوا پاشەکشە نەکەن، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ گوللەباران دەکەن. ڕۆکێ کارنیسێرۆی سەرهەنگ، کە ئەودەم فەرماندەی گشتیی ئەو بوو، ملی بۆ ئەمری واقیع شل کرد و تەلەگرامەکەی دا پێی، بەڵام بە خۆشحاڵییەکی چاوەڕواننەکراوەوە خوێندیەوە. سەرهەنگ بەسەرسووڕمانەوە گوتی، "جوانە، جوان! حاڵی حازر تەلەگرافیشمان لە ماکۆندۆ هەیە."

وەڵامەکەی سێ و دووی هەڵنەدەگرت. ئاواتەخواز بوو لە ماوەی سێ مانگدا بارەگەی گشتی لە ماکۆندۆ بکاتەوە. ئەگەر خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بەزیندوویی نەمابێ، ئەوە بەبێ دادگاییکردن، هەموو ئەفسەرە دەستبەسەرەکان دەکوژن، سەرەتا بە ژەنەراڵەکان دەست پێ دەکەن، ئینجا بە پلەکانی خوارەوەشی ڕاگەیاندبوو، تا کۆتاییی جەنگ درێژە بەم کارە بدەن. دوای سێ مانگ، بەسەرکەوتوویی گەیشتەوە ماکۆندۆ، یەکەم کەس لە ڕێگەی زەلکاوەکە هاتبوو بۆ پێشوازی و دەستی لەمل کردبوو، خودی خێرینێلدۆ مارکێز سەرهەنگ بوو.

ماڵ پڕی لە مناڵ بوو. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد لەگەڵ کچە گەورەکەی و دوو کوڕە جمکانەکەی، کە پێنج مانگ دوای گوللەبارانکردنی ئەرکادیۆ لەدایک ببوون، ئورسولا گرتبوونیە خۆی. بە پێچەوانەی دواویستی ئەرکادیۆ، ناوی کچە بچووکەکەی نابوو ڕێمێدیۆس و ئەوەی دووپات دەکردەوە و دەیگوت، " من دڵنیام ئەرکادیۆ مەبەستی ئەمە

بووە. ئەگەر ناوی ئورسولامان لێ بنابایە، ئەوەی ئازارێکی زۆرمان دەچێشت." ناوی هەردوو کوڕە جمکانەکەشی ئەمانە بوون: خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم و ئاورێلیانۆی دووەم. ئامارانتا بەرپرسیارێتیی بەخێوکردنی هەمووانی گرتە ئەستۆ. کورسیی داری بچووکی پەیدا کرد و لە ساڵۆنەکە دای نان، لەگەڵ منداڵی هاوسێکاندا، باخچەی منداڵانی کردەوە. کاتێکیش ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ گەڕایەوە گوند، بە تەرەقە و زەنگوڵەوە پێشوازیی لێ کرا، کۆرسێکی منداڵان هاتبوون بۆ ئەوەی بەخێرهاتن و پێشوازیی لێ بکەن. ئاورێلیانۆ خۆسێ، هەیکلێکی بەرزی هەبوو، بە باپیرەی دەچوو، جلوبەرگی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕانەی لەبەر کردبوو، سڵاوێکی سەربازانەی لێ کرد.

هەموو هەواڵەکان دڵخۆشکەر نەبوون. ساڵێک دوای هەڵاتنی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، خۆسێ ئەرکادیۆ و ڕێبێکا، هەردووک لەناو ئەو خانووەدا دەژیان، کە ئەرکادیۆ دروستی کردبوو. کەس پێی نەدەزانی ئەو لە ئیعدامنەکردنی براکەیدا دەستی هەبووە. لەناو خانووە نوێیەکەی، کە کەوتبووە سووچێکی هەر شیاوی مەیدانەکەوە، لەژێر سایەی دارچوالەیەک، لەنێو لقەکانیشیدا، سێ هێلانەی باڵندەی ملسوور هەبوون، لەو شوێنە، ماڵێکی جوان و قنجیان پێکەوە نابوو، خانووەکە دەرگایەکی گەورەی هەبوو بۆ ئەوەی پێشوازی لە میوان بکەن، چوار پەنجەرەش بۆ ئەوەی ڕووناکی بچێتە ژوورەوە. چوار کچەکەی مۆسکۆتێ، لەنێو دەستەخوشکە کۆنەکانی ڕێبێکا بوون، هەرچواریان

بەعازەبی مابوونەوە، لە هەیوانەکە، کە پڕی لە گوڵی بێگۆنیا بوو، دەستیان بە چنین کردبووەوە، چونکە لەو ماوەیەی پێشتر ئەم چالاکییەیان ڕاگرتبوو. خۆسێ ئەرکادیۆ بەردەوام بوو لە کێڵانی ئەو زەویوزارانەی حکومەتی پارێزگاران وەکوو موڵکی شەرعی لەقەڵەمی دا. هەموو پاشنیوەڕوانێک بە سواری ئەسپ، لە چیاکان دەگەڕایەوە و ڕەوەسەگێکی لەدەور بوو، تفەنگە دوولوولەکەی لەشان دەکرد و ڕستێ کەروێشکیشی بە زینەکەیدا شۆڕ دەبوونەوە. لە پاشنیوەڕۆیەکی مانگی ئەیلوولدا، لوورەی ڕەشەبایەکی ناهەموار گفەی دەهات، لە ڕۆژانی دیکە زووتر گەڕایەوە ماڵ. ڕێبێکا لە هۆڵی نانخواردن دانیشتبوو، سڵاوێکی لێ کرد، سەگەکانی لە حەوشە بەستەوە، کەروێشکەکانی لە مەتبەخەکە هەڵواسی، بۆ ئەوەی دواتر خوێداری بکات، چوو بۆ ژوورەکەی، بۆ ئەوەی خۆی بگۆڕێ. دەرەنگتر، ڕێبێکا ئەوەی ڕاگەیاندبوو، کە کاتێک مێردەکەی چووبووە ژوورەکەوە، ئەو لە حەمامەکە خەریکی خۆشوشتن بووە و ئاگای لە هیچ نەبووە. باوەڕهێنان بە قسەکانی ڕێبێکا زۆر ئاسان نەبوو، بەڵام ڕیوایەتی دیکەش لە بەردەستدا نەبوون، کە جێگەی بڕوا بێ، کەسیش نەیدەتوانی بڕوا بەوە بهێنێ، کە ڕێبێکا خۆی ئەو پیاوەی کوشتووە، چونکە ببووە مایەی بەختەوەریی ئەو ژنە. ڕەنگە ئەمە یەکێک بێت لەو مەتەڵانەی کەس نەیتوانی لە ماکۆندۆ هەڵی بهێنێ. هەر کە خۆسێ ئەرکادیۆ چووە ژووری خەوتن و دەرگای ژووری داخست، دەنگی گوللەیەک لەناو ماڵەکە

دەنگی دایەوە. دەزوولە خوێنێک بەژێر دەرگاکەوە چۆڕەی هات، گەیشتە ناو هۆڵەکە و چووە دەرەوە، لەنێو شۆستە جیاوازەکان کورتترین ڕچەی وەر گرت، بە پێپلیکانەکەدا هاتە خوارەوە، گەیشتە شەقامی تورکان، بەلای ڕاستدا بای دایەوە، دواجار بە لای چەپدا، بەرامبەرماڵی بوێندیا گۆشەیەکی ڕاستی وەر گرت، بەژێر دەرگا داخراوەکەدا تێپەڕی، چووە هۆڵەکە، بەبێ دیوارەکەدا ڕۆیشت، تاکوو فەرشەکان پیس نەکات، ڕچەیەکی دیکەی وەر گرت، بە هۆڵێکی دیکەدا تێپەڕی، بەدەوری مێزی نانخواردندا پێچی خواردەوە و گەیشتە هەیوانەکە، کە گوڵی بێگۆنیای لێ بوو، بەبێ ئەوەی کەس ببینێ، چووە ژێر کورسییەکەی ئامارانتاکە، کە خەریکی وانەی ژمارە بوو لەگەڵ ئاوریلیانۆ خۆسێ، چووە عەمبارەکە و تا گەیشتە مەتبەخەکەی ئورسولا، کە خەریکی شلەقاندی سیوشەش هێلکە بوو و هاوارێکی کرد و گوتی، "یا حەزرەتی مریەم هاوار!"

بە ئاراستەی پێچەوانە، دوای دەزوولەخوێنەکە کەوت، بۆ ئەوەی بزانێ لەکوێوە دێ، بە عەنباری دانەوێڵەکەدا تێپەڕی، بەژێر هەیوانی گوڵەبێگۆنیاکاندا گوزەری کرد، لەوێ ئاوریلیانۆ خۆسێ خەریکی وانەوتنەوە بوو، سێ و سێ دەکەنە شەش و شەش و سێ دەکەنە نۆ، بە هۆڵی نانخواردن و هۆڵی میواندا تێپەڕی، ڕێک و ڕاست بەرەو شەقامی دەرەوە، دواجار بە دەستی ڕاستدا، دواتر بە دەستی چەپدا بەرەو شەقامی تورکان، بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات کە چۆتە دەرەوە، هەر بە بەروانکەی

ناندروستکردنەوە، هەر بە کەوشی ماڵەوە، تا گەیشتە مەیدانەکە و بە دەرگای ماڵێکدا چووە ژوورەوە، کە هەرگیز لەوەوپێش پێی نەخستبووە ئەو ماڵەوە، پاڵی بە دەرگای ژووری خەوتنەوە نا، وەخت بوو لەبەر بۆنی باروت گێژ بێ، خۆسێ ئەرکادیۆی بینیی ڕووی لەسەر زەوییەکەیە و کەوتۆتە سەر چەکمەکانی، هەندە نەبوو چەکمەکانی داکەندبوو، بینی دەزوولەخوێنەکە لە گوێی ڕاستیەوە فیچقەی کردووە و خوێنەکەش ڕاوەستاوە. هیچ برینێکیان لەسەر لاشەکە نەدۆزییەوە، کەسێکیش چەکەکەی نەدۆزییەوە. ئەستەمیش بوو بۆنی باروت لەسەر لاشەکە لا بەرن. دەسپێک، هەوڵیان دا سێ جار بە ئاو و سابوون لاشەکە بشۆن، دواجار لەگەڵ خوێی و سرکە لەشیان هەڵگلۆفی، سووتماک و لیمۆیان بە لاشەکەوە کرد، پاشان هەر هەموو لاشەکەیان خستە بەرمیلێکی پڕ لە تاییتاو و شەش سەعات لەناو بەرمیلەکەدا دایان نا. هەندە لاشەکەیان هەڵگلۆفیبوو، خاڵە کوتراوەکانی لەشی کاڵ ببوونەوە، تاکوو بەتەواوی نائومێد بوون، گیراوەیەکی دیکەیان گرتەوە، بیبەر و کیوما و گەڵای غاریان خستە مەنجەڵێکەوە و لەسەر ئاگرێکی کز، ڕۆژێکی ڕەبەق، لاشەکەیان کوڵاند، خەریک بوو هەڵاهەڵا دەبوو، بۆیە بەزووترین کات ناشتیان. تابووتێکیان بە ڕادان دا، بە شێوەیەکی زۆر مەحکەم لە تابووتێکیان نا، دوو مەتر درێژی و مەترێک و دە سانتیمەتریش پانیی بوو، لە ناوەوەش پلاکی ئاسنیان چەسپ کردبوو، بە برغووی پۆلایینیش توندیان کردبوو، تەنانەت بەم جۆرەش ڕێ لە

بۆنەکە نەدەگیرا، بۆنەکە بەو شەقامانەدا بڵاودەبووەوە، کە جەنازەکەی پێدا تێدەپەڕی. نیکانۆری کەشیش، جەرگی هەوی کردبوو، گرژ، دەتکوت چەرمی دەمژلە، هەر لەسەر تەختەکەی خۆیەوە تەلقینی لەسەری خوێند. تەنانەت، چەند مانگێک دواتر، دەوری گۆڕەکەیان بە چەند ڕیز دیوار هەڵچنی، خۆڵەمیش و قلیان فڕێ دایە نێو دیوارەکانەوە، تا ئەو دەمەی ئەندازیارانی شەریکەی مۆزەکە، بە چینێ کۆنکریت گۆڕەکەیان داپۆشی، بۆنی باڕووت تاکوو چەندین ساڵی دیکەش هەر دەهات. کاتێک لاشەکەیان لە ماڵ دەر هێنا، ڕێبێکا دەرگاکانی داخست و خۆی لە ماڵەوە زیندەگۆڕ کرد، تویژێک قینی ئەستووری لە خۆ ئاڵاندبوو، کە هیچ وەسوەسەیەکی ئەم جیهانە کاری لێ نەدەکرد. تەنها یەک جار چووە دەرەوە، پیر ببوو، جووتێ پێڵاوی ڕەنگ زیوینی کۆنی لەپێ کردبوو و شەپقەیەکیشی لەسەر کردبوو کە وێنەی گوڵی وردی لەسەر کێشرابوو، لە سەردەمێکدا کە جوولەکەی سەرگەردان هاتبوونە گوند، لەگەڵ خۆیان گڕە و گەرمایەکیان هێنابوو، هەند بە تاو و تین بوو، باڵندەکان شووشەی پەنجەرەکانیان دەشکاند و یەک لە دوای یەک دەچوونە ژووری خەوتنی ماڵان و مردار دەبوونەوە. بۆ دواجار ڕێبێکێیان لەو ڕۆژەدا بینی، دەمانچەیەکی ڕێک بەرەو ڕووی دزێک ڕاگرتبوو، کە خەریک بوو دەرگای ماڵی ڕێبێکای دەشکاند، بۆ ئەوەی بچێتە ژوورەوە، یەکسەر کوشتی. جگە لە ئەرخێنین، لە هەمان کاتدا کارەکەر و هاودەمی بوو، کەسی دیکە هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵی

نەمابوو. ماوەیەک دەیانگوت نامە بۆ ئێڤێک دەنووسێ، دەیگوت ئامۆزامە، بەلام لەبارەی وەلامی نامەکانەوە هیچ شتێک نەزانرا. گوندەکەش ئەویان لەبیر کرد.

سەرەڕای ئەوەی ئاورێلیانۆی سەرهەنگ سەرکەتووانە گەڕایەوە گوندی ماکوندۆ، بەلام زۆر دلی بە وەزعەکە خۆش نەبوو. لەشکری دەولەت، مەیدانەکانیان بەبێ بەرگری جێ دەهێشت، ئەمەش وەهمێکی لەلای لیبڕالەکان سەبارەت بەو سەرکەوتنەوە دروست دەکرد، هیوایەک بوو، بەباش دەزانرا لەنێو نەبرێت، بەلام شۆڕشگێڕەکان و خودی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ڕاستییەکانیان بەباشی دەزانی. سەرەڕای ئەوەی لەو سەردەمەدا، پێنج هەزار چەکدار لەژێر فەرمانی ئەودا بوون و دەسەلاتیشی بەسەر دوو ولاتی سەر کەناریشیدا هەبوو، ئەوەی باش دەزانی، پاشەکشەکردن بەرەو کەنار دەیخاتە نێو بارودۆخێکی سیاسیی زۆر ناهەموارەوە، هەند ناهەموار، کاتێک فەرمان دەدات زەنگۆلی کلێساکە چاک بکەنەوە، چونکە پێشتر گوللەتۆپێکی لەشکری نیزامی بەر کەوتبوو، کەشیش نیانۆریش، نەخۆش و کەنەفت، لەسەر تەختەکەیەوە بەڕاکشاوی گوتبووی، "عاجباتییەکە بۆ خۆی: ئەوانەی بەرگری لە مەسیحیەت دەکەن، پەرستگە دەڕووخێنن و دواتریش وەستای بیناسازی چاکی دەکەنەوە." لە ڕچەیەک دەگەڕا بۆ ئەوەی هەلبێ، بە سەعات لە مەکتەبی تەلەگراف دەمایەوە و خەریکی پەیوەندی بوو لەگەل فەرماندەی ناوچەکانی دی و تا دەهاتیش، هەستی دەکرد خەریکە شەڕ

دەگاتە بنبەست. کاتێکیش گوێی لە هەواڵی سەرکەوتنی تازەی لیبراڵەکان بوو، بە بڵاوکردنەوەی ڕاگایەندنەکان چێژیان وەر دەگرت، کەچی ئەو لەسەر نەخشەکان پێشڕەویی لەشکرەکەی دەخوێندەوە و دەیزانی لەشکرەکە لە جەنگەڵ و دارستەکان نزیک بوونەتەوە و خەریکن خۆیان لە دەستی مێشوولە و مەلاریا دەپارێزن، پشتیان لە واقیع کردووە و بە ئەفسەرەکانی دەگوت، "ئێمە خەریکین کاتی خۆمان بەفیرۆ دەدەین. تاکوو ئەو قوڕمساغانەی حیزب خەریکی دەرۆزەکردن بن بۆ ئەوەی کورسیی پەرلەمان بەدەست بێنن، ئێمە لێرە کاتی خۆمان بەفیرۆ دەدەین." لە کاتی شەوانی ئێشکگرتندا، لە هەمان ئەو ژوورەی سزای مەرگیان بەسەریدا سەپاندبوو، لەناو جۆلانەکەی، لەسەر پشت ڕادەکشا، بیری لە گشت ئەو پارێزەرانە دەکردەوە، بە جلوبەرگی ڕەشەوە، سەرلەبەیانییەکی سارد، لە کۆشکی سەرۆکایەتی دێنە دەرەوە، یەخەکانیان تا پشت گوێیان بەرز کردۆتەوە، دەست هەڵدەگلۆفن، بەچرپە لەگەڵ یەک قسە دەکەن، دەچنە قاوەخانە غەمگینەکانەوە، بۆ ئەوەی درێژە بە وتوێژەکانیان سەبارەت بە قسەکانی سەرۆک بدەن، کاتێک کوتبووی "بەڵێ،" دەبێ مەبەستی چی بووبێت، کاتێکیش کوتبووی "نەخێر،" دەبێ مەبەستی چی بووبێت. هەروەها، کاتێک سەرۆک باسی شتێکی زۆر جیاوازی کردبا، "ئەگەر" و "گریمان"یان دروست دەکرد، ئەویش، لێرە خەریکی ڕاوکردنی پێشوولەیە و پلەی گەرماش گەیشتۆتە سیوپێنج پلە، بەرەبەیانێکی سامناک بەڕێوەیە، دەبووفەرمان بداتە

پیاوەکانی، بۆ ئەوەی خۆیان بۆ زەریا ئامادە بکەن.

لە شەوێکی گوماناویدا، پیلار تێرنێرا لەناو حەوشە لەگەڵ سەربازان گۆرانیی دەگوت، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، داوای لێ کرد تا کارتی بۆ بخوێنێتەوە. دوای ئەوەی سێ جاران وەرەقەکانی تێکەڵ کرد و هێنای و بردی، تاقە یەک شتی گوت، "ئاگات لە دەمت بێ. نازانم ئەمە چی دەگەیەنێ، بەڵام ئاماژەیەکی ڕوون و ئاشکرایە: ئاگات لە دەمت بێ." دوای دوو ڕۆژ، تاسە قاوەیەکی پێشەکریان دابوو بە خزمەتکارێک، ئەویش دابووی بە خزمەتکارێکی دیکە، ئەویش دابووی بە یەکێکی تر، دوای ئەوەی تاسە قاوەکە دەستاودەستی کردبوو، گەیشتبووە مەکتەبەکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ. ئەو داوای قاوەی نەکردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی قاوەکە هاتبووە پێشی، ئەویش خواردیەوە. گیراوەیەکی "گوێزی ڕشانەوە"یان کردبووە قاوەکەوە، ئەسپی دەدا بە زەویدا. کاتێکی هێنایانەوە ماڵ، لە ناوقەدەوە نووشتابووەوە، هەرەکەتی لەبەر بڕابوو، زمانی لەنێوان ددانەکانیدا گیر ببوو. ئورسولا خۆی تەیار دا تا لە مردن ڕزگاری بکات. دوای ئەوەی سکی بە گیراوەیەکی هەڵهێنانەوە پاک کردەوە، بە بەتانییەکی گەرم دای پۆشی، بۆ ئەوەی گەرما، لەشی تێکشکاوی، باری سروشتیی خۆی وەر بگرێتەوە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تەنها سپێنەی هێلکەی داین. ڕۆژی چوارەم، مەترسیی مردنی لەسەر نەمابوو. بە پێچەوانەی حەز و ویستی خۆی، ئورسولا و ئەفسەرەکان ناچاریان کرد هەفتەیەک لە جێگە بمێنێتەوە.

تەنها ئەو کاتە زانیی ئورسولا شیعرەکانی نەسووتاندووە، بۆی باس کرد و گوتی، "ئەو شەوە پەلەم نەبوو، لە کاتی ئاگردانی تەنوورەکە، بە خۆمم وت چاکترە چاوەڕێ بکەم تاکوو تەرمەکە دەهێننەوە." لەنێو تەمومژی چاکبوونەوەدا، بە بووکەشووشەی تەپوتۆزلێنیشتووی ڕێمێدیۆس دەور درابوو، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ خەریکی دووبارە خوێندنەوەی شیعرەکانی بوو، ئەو ساتە بڕیارئامێزانەی لە ژیانیدا بینیبووی، دەهاتەوە بەر پەردەی خەیاڵی. دەستی بە نووسینی شیعر کردەوە. بۆ ماوەی چەندین سەعات، لە پەراوێزی شەڕ و پێکدادانە بێئاییندەکاندا، لەلێواری مەرگ هەموو ئەزمووی ژیانی خۆی بە شیعر نووسییەوە. بیرکردنەوەکانی هەند ڕوون بوون، دەکرا لە هەموو لایەکەوە بۆی بچی. ئێوارەکەیان، داوایەکی لە خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ کرد و گوتی، "شتێکم پێ بڵێ، هەڤاڵ. ئامانجت لە شەڕکردن چییە؟"

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە وەڵامدا گوتی، "چونکە وا پێویست دەکات هەڤاڵ. لەپێناوی حیزبی لیبراڵیی مەزندا."

ئەویش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ، "خۆش بە حاڵت، بە لایەنی کەمەوە وەڵامی شەڕکردنت لایە. ئەوەی پەیوەست بێ، بە من بێ؛ من لەپێناوی غرووری خۆمدا دەجەنگم."

خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ وەڵامی دایەوە و پێی وت، "ئەمە کارێکی باش نییە." ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ عەنتیکەی بە قسەکانی هات و گوتی، "بێگومان. لە هەموو بارێکدا، ئەمە لەوە باشترە کە شەڕ بکەیت و

نەزانی لەپێناوی چیدا شەڕ دەکەی." سەیری ناو چاوی کرد و بە بزەیەکەوە وەڵامی دایەوە، "یا وەکوو تۆ، لەپێناو شتێک شەڕ دەکەی، کە لەلای خەڵکی دی هیچ بایەخێکی نییە."

غرووری ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ڕێگر بوو تا لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی ناوەوەی وڵات پەیوەندی بکات، بە لایەنی کەمەوە دەبێ لێپرسراوانی حیزب بە شێوەیەکی فەرمی لەوە پەشیمان نەبنەوە، کە ئەویان بە چەتە و جەردە ناو بردووە. کەچی ئەوەشی دەزانی، کە هەر واز لەم غرووره بهێنێ، ئیدی کۆتایی بەو بازنە داخراوەی جەنگ دەهێنرێت. ئەو ماوەیەی نەخۆش بوو، دەرفەتی بۆی ڕەخساند بیر بکاتەوە. هەر لەو ماوەیەشدا، ئورسولای قاییل کرد بەشێک لە میراتە شاراوەکەی خۆی و پارە پاشەکەوتکراوەیەی بداتێ، ئیتر خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگی کردە فەرماندەی مەدەنی و سەربازی ماکۆندۆ و خۆشی چوو بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ یاخیبووەکانی ناوەوە بکات.

خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ تەنها پیاوێک نەبوو جێی بڕوای ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بێ، بەڵکوو ئورسولاش وەکوو ئەندامێکی خێزانەکە سەیری دەکرد و دەیبردە ماڵەوە. ناسک و شەرمن بوو، خاوەن ڕەفتارێکی سروشتیی ڕێکوپێک بوو، کەچی دەتگوت هەندەی بۆ جەنگ دروست کراوە، هەندە بۆ کاروباری بەڕێوەبردن ناشێ. ڕاوێژکارە سیاسییەکانی هیچ زەحمەتێکیان نەدەچەشت

لەوەی بەئاسانی بەنێو ڕچە پێچپیدەکانی بیردۆزەکانی خۆیان گرێ بدەن. بەلام توانیی ئاووهەوایەکی ئاشتییانەی نموونەیی لە گوندی ماکۆندۆ بخولقێنێ، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ خەونی دەبینی، کە لەو گوندە تەمەنی پیریی خۆی بەسەر بەرێت و خۆی بە دروستکردنی ماسییە بچکۆلە زێڕکەفتەکانەوە خەریک بکات و تا دواجار، هەر لە ئەوێش بمرێ. سەرباری ئەوەی لە ماڵی دایک و باوکی دەخەوت، کەچی دوو-سێ جار لە هەفتەیەکدا نانی نیوەڕۆی لە ماڵی ئورسولا دەخوارد. ئاورێلیانۆ خۆسێ بە تەقەکردن ڕاهێنا، زانیاریی بنەڕەتیشی لەمەڕ زانستی سەربازییەوە فێر کرد، تەنانەت دوای چەند مانگێک، بە ئاگاداریی ئورسولا، سەرهەنگ لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئوردوگا، تا بیکاتە پیاو. چەند ساڵێک لەوەوبەر، هێشتا ئامارانتا منداڵێک بوو، خێرینێلدۆ مارکێز باسی ئەویندارایی خۆی بۆ کردبوو. چونکە ئامارانتا هەند شێت و شەیدای پیەترۆ کرێسپی بوو، پێی پێکەنیبوو. خێرینێلدۆ مارکێز دانی بە خۆیدا گرت. ڕۆژێکیان لە ژووری بەندیخانەوە، نامەیەکی کورتی بۆ نارد تا داوای لێ بکات کە دە-دوانزە دەسەسڕی بۆ ئاهەنگی لەئاوهەڵکێشانی منداڵانی تازەلەدایکبوو گوڵچن بکات؛ لەسەر هەریەکێکیشان، یەکەم پیتی ناوی باوکیانی لەسەر بنووسێ. پارەی بۆ نارد. دوای هەفتەیەک، ئامارانتا چوو بۆ زیندان، تاکوو دوانزە دەسەسڕەکەی بۆ بەرێ، هەقدەستەکەشی بۆ گەڕاندبووەوە، چەند سەعاتێکیش پێکەوە باسی ڕابردوویان کردبوو و پێش ئەوەی خێرینێلدۆ

مارکێز ماڵئاواییی لێ بکات، پێی گوتبوو، "کاتێک لێره دەچمه دەرەوە، ئەوە زەماوەند لەگەڵ تۆ دەکەم." ئامارانتا بزەیەکی بۆ کرد، بێوچانیش لە کاتی ئەوەی وانەی بە منداڵەکانی دەگوتەوە، هەمیشە بیر و هەستی لەلای ئەو بوو، حەزی لێ بوو عەشقی سەردەمی لاویتیی ببووژێنێتەوە، مەبەست لەو سەردەمە بوو، کە شێت و شەیدای پیەترۆ کرێسپی بوو. ڕۆژانی شەممە، ڕۆژی سەرلێدانی زیندانییەکان بوو، سەرەتا دەچووە ماڵی دایک و باوکی خێرینێلدۆ مارکێز بۆ ئەوەی پێکەوە بچن سەری لێ بدەن. شەممەوانێک، ئورسولا سەری سوورِ ما کە ڕێبێکای لە مەتبەغەکە بینی، چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بسکیتەکان لە فڕن دەر بێنێ و جوانترین بسکیتی دەخستە ناو دەسەسڕێکەوە، هەر بە دەستی خۆشی چنیبووی و بۆ بۆنەیەکی تایبەت دای نابوو. ئورسولا پێی گوت، "شووی پێ بکە. زەحمەتە پیاوێکی باشی دیکەی وەک ئەو بدۆزیتەوە."

ئامارانتا وای نیشان دا، کە قێز لەم بیرۆکەیە دەکاتەوە و وەڵامی دایەوە و گوتی، "پێویستم بەوە نییە بەدوای پیاواندا ڕا بکەم. ئەم پسکیتانە بۆ خێرینێلدۆ مارکێز دەبەم، بەزەییم پێیدا دێتەوە، چونکە ئەمڕۆ نا سبەی گوللەباران دەکرێ."

بڕوای بە قسەکانی خۆی نەدەکرد، بەلام لەو کاتەدا حکومەت ڕاگەیاندنێکی فەرمیی بڵاو کردبووەوە و باسی ئیعدامکردنی خێرینێلدۆ مارکێز کرابوو و ئەوەیان ڕاگەیاندبوو: ئەگەر بێت و یاخییەکانی ڕیۆئاچا خۆیان

بەدەستەوە نەدەن، ئەوا سەرهەنگ ئیعدام دەکەن. سەرلێدانی زیندانییانیانی قەدەغە کردبوو. ئامارانتا دەرگای لە خۆی داخست، هەستی بە گوناهێکی کوشندە دەکرد، تەواو وەک ئەو هەستە وا بوو، کە لەدوای مردنی ڕێمیدۆسدا گینگڵی پێ دەدا، چونکە وای لێک دەدایەوە، کە قسە ساکارەکانی ئەو بوونە هۆکاری مردنی یەکێکی دیکە. دایکی دڵی دەدایەوە. دڵنیای دەکردەوە کە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی ڕێ لەم ئیعدامکردنە بگرێت و بەڵێنی ئەوەشی بە ئامارانتا دا، کە لەگەڵ تەواوبوونی شەڕدا، هەوڵی ئەوە دەدات کە خێرینێلدۆ مارکێز لێی نزیک ببێتەوە. پێش ئەوەی شەڕ و پێکدادانەکان کۆتایی بێن، ئەم بەڵێنەی هێنایە دی. کاتێک خێرینێلدۆ مارکێز گەڕایەوە ماڵ، هاتەوە سەر پیشەکەی جارانی: بووەوە بە فەرماندەی مەدەنی و سەربازیی ماکۆندۆ، ئۆرسولا وەکوو کوڕی خۆی پێشوازیی لێ کرد و بە ڕوویەکی جوانیشەوە ستاییشی دەکرد، لە ناخەوە دووعای بۆ دەکرد تا نزرەکانی ئامارانتا بێنە دی. پێدەچوو دووعاکانی هاتبێتنە دی. ئەو ڕۆژانەی خێرینێلدۆ مارکێز دەهاتە ماڵیان بۆ ئەوەی نانیان لەگەڵ بخوات، هەموو پاشنیوەڕۆیەک لەگەڵ ئامارانتا لە هەیوانی بێگۆنیادا یاریی دامەی لەگەڵ دەکرد. ئۆرسولا قاوەبەشیر و بسکیتی بۆ دەبردن و ئاگاداری منداڵەکانیش بوو، بۆ ئەوەی نەچن و بێزاریان بکەن. لە ڕاستییشدا، ئامارانتا لەنێو سووتماکە دامرکاوەکانی ئارەزووی، لە پەنگرێک دەگەڕا تاکوو فووی لێ بکات و بیگەشێنێتەوە. بێوچان و بێئۆقرە

چاوەڕێی ئەو ڕۆژانەی دەکرد، کە سەرهەنگ دەچوو نانیان لەگەڵ بخوات، پاشنیوەڕۆ و یاریی دامە بەخێرایی تێدەپەڕی لەگەڵ ئەو جەنگاوەرەی ناوێکی سۆزاویی هەبوو و کاتێکیش داشەکانی دەجوولاند، پەنجەکانی هەڵدەلەرزین. کەچی ئەو ڕۆژەی کە خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ داوای ئەوەی لێ کردبوو شووی پێ بکات، ئامارانتا ڕەتی کردووەتەوە و پێی گوت، "شوو بە کەس ناکەم، بەتایبەتی بە تۆ. تۆ ئاورێلیانۆت خۆش دەوێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ناتوانی ئەو بخوازی، دێیتە داخوازیی من."

خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ پیاوێکی بەتەحەممول بوو و پێی گوت، " سەرلەنوێ، جارێکی دیکە هەوڵێکی دیکە دەدەمەوە. ئەمڕۆ یا سبەی قەناعەتت پێ دەهێنم." بەردەوام دەچووەماڵیان. ئامارانتا، دەرگای لە خۆی دادەخست، فرمێسکەکانیشی بەنهێنی دەسڕییەوە و بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی سەرهەنگیش نەبێ، گوێی توند دەگرت؛ دوابەسەرهاتەکانی جەنگیشی بۆ ئورسولا باس دەکرد و بۆ بینینیشی، وەخت بوو سوێی ببێتەوە، بەڵام هەموو هەوڵ و کۆششێکی دەدا بۆ ئەوەی چاوی پێی نەکەوێ.

لەو سەردەمەدا، ئاورێلیانۆی سەرهەنگ دەرفەتی ئەوەی هەبوو پانزە ڕۆژ جارێک ڕاپۆرتێکی ورد ڕەوانەی ماکۆندۆ بکات. کەچی دوای هەشت مانگ، تەنها یەک نامەی بۆ ئورسولا نارد. ڕۆژێکیان نامەبەرێکی تایبەت چووە ماڵیان، زەرفێکی تەمغەکراوی بۆ هێنابوون، کاغەزێکیش لەناو زەرفەکەدا بوو. زۆر بەئاسانی دەسخەتە خۆشەکەی

سەرمەنگ دەناسرایەوە: "ئاگاتان لە باوە بێت، چونکە بەم زووانە دەمرێ." ئورسولا ترسی لەسەر نیشت و گوتی، "مادامەکی ئاوریلیانۆ ئەمە دەڵێ، ڕاست دەر دەچێ، ئەو دەزانێ." داوای کرد یارمەتیی بدەن خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بگوازنەوە بۆ ژوورەکەی خۆی. نەک تەنها وەکوو جاران قورس بوو، بەڵکوو لەو ماوە زۆرەی لەژێر دارشابەڕووەکەدا مابووەوە، بە ویستی خۆی کێش و بارستاییی زیادی کردبوو، بە ئەندازەیەک، حەوت پیاو نەیانتوانی لە شوێنی خۆی بیجووڵێنن، بۆیە ناچار بوون تاکوو سەر تەختەکەی خۆی بە ڕاکێشان بیبەن. کاتێک پیرەمێردی زل و خوساوی ژێر هەتاو و باران دەستی بە هەناسەدان کرد، بۆنی قارچکی تازە و گوڵی دارودرەختی ناوەخت و کۆن و چڕی لێ دەهات، بە هەموو ژوورەکەشدا بڵاو بووەوە. ڕۆژی دوایی، لەسەر جێگەکەی نەمابووەوە. هەموو ژوورەکان گەڕان، ئورسولا هەمدیسان لەژێر دارشابەڕووەکەی چاوی پێکەوتەوە. ناچاربوون بە تەختەکەیەوە بیبەستنەوە. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەموو گوڕ و هێزی خۆی لەدەست نەدابوو، کەچی حەوسەڵەی بگرەوبەردەی نەمابوو. هەموو شتێکی بەلاوە وەکوو یەک وا بوو. گەڕانەوەی بۆ ژێر دارشابەڕووەکە، شتێک نەبوو پەیوەست بێ بە ویست و ئیرادەوە، بەڵکوو تەنها خووگرتنێکی بایۆلۆژی بوو. ئورسولا بەهانایەوە دەچوو، خۆراکی بۆ دەبرد و هەواڵی نوێی ئاوریلیانۆی دەدایێ. بەڵام، لە ڕاستیدا، تاقە کەسێک کە دەیتوانی پەیوەندیی لەگەڵ

بەستێ، پرودێنسیا ئەگیلار بوو. سەرەڕای ئەوەی لاشەی پرودێنسیا ئەگیلار لەنێو گۆڕەکەی بیبوە مشتێ خۆڵ و خاشاک، کەچی ڕۆژی دوو جار سەری لێ دەدا و گفتوگۆیان پێکەوە دەکرد. باسی شەڕەکەلەشێریان دەکرد. بەڵێنیشیان بە یەکتر دابوو باخچەیەک دروست بکەن بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵی سەیروسەمەرە، نەک لەپێناو ئەوەی سەرکەوتنی پێ بەدەست بهێنن، چونکە چیی دی هیچ پێویستییەکیان پێی نەبوو، بەڵکوو بۆ ئەوەی بێزاریی خۆیانی پێ بکوژن، بەتایبەتی بۆ یەکشەمموانی مەرگ. پرودێنسیۆ ئەگیلار دەیشۆرد و خاوێنی دەکردەوە، خۆراکی بۆ دەبرد، هەواڵی سەیروسەمەرەی نەناسراوێکیشی بە ناوی ئاورێلیانۆوە بۆ دەگێڕایەوە، سەرهەنگێک بوو لە جەنگ. کاتێکیش خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا تەنیا بووایە، خۆی بەوەوە دەخافڵاند، کە خەون بە ژووری هەتاهەتاوە ببینێ. خەونی بەوەوە دەبینی، کە لەسەر جێگەکەی خۆی هەڵدەستێ و دەرگا دەکاتەوە و دەچێتە ژوورێکی هاوشێوەوە، هەمان قەرەوێڵەی ئاسنی لێیە، هەمان قەنەفەی یەکنەفەری لە داربیی لێیە، هەمان تابلۆی مەریەمی عەزرای چارەساز لەقەد دیوارەکەی بەرامبەری هەڵواسراوە. لەم ژوورەوە دەچووە ژوورێکی دیکەی هاوشێوە، دەرگایەک دەیبردە ژوورێکی دیکە، دەقاودەق وەکوو ژوورەکەی پێشووی وا بوو، دواجار بۆ ژوورێکی دیکەوە، دەتگوت ئەوەی پێشووە؛ ئا بەم شێوەیە تا هەتا. حەزی دەکرد لەم ژوورەوە بچێ بۆ ئەو ژوورە، وەکوو لە ئاوشێک بێ، ئەمبەر و ئەوبەر ئاوێنە

بن، تا ئەو دەمەی پرودێنسیۆ ئەگیلار دەهات و دەستی لە شانی دەدا. ئیدی دەگەڕایەوە، لەو ژوورەوە دەچووە ئەو ژوور، بەم گەڕانەوەیە وردەوردە دەهاتەوە ئاگا، ڕێگەی گەڕانەوەی وەر دەگرت، تا دەگەیشتەوە ژوورە واقیعییەکە و پرودێسنیۆ ئەگیلاری دەبینییەوە. بەڵام دوو هەفتە دوای ئەوەی گەڕاندبوویانەوە سەر قەرەوێڵەکەی خۆی، شەوێکیان پرودێنسیۆ ئەگیلار لە ژوورێکی ناوەند دەستی لە شانی دابوو، بۆیە بۆ هەتاهەتا لەو ژوورە مایەوە، چونکە وای زانیبوو ئەو ژوورە، ژوورە واقیعییەکەیەتی.
بۆ ڕۆژی دوایی، ئورسولا قاوەڵتیی بۆ برد، لە کۆتاییی دالانەکە، چاوی بە پیاوێک کەوت. کورتەباڵا و تێکسمڕاو بوو، قاتێکی لە چەرچەفی ڕەش لەبەر کردبوو، شەبقەیەکی زلی ڕەشی لەسەر نابوو، شەپقەکەی تا سەر چاوە سامناکەکانی هێنابووە خوارەوە. ئورسولا لەبەر خۆیەوە گوتی، "خودای گەورە. سوێند بێ ئەوەی بینیم، مێلکییادێس بوو." لە ڕاستییشدا، کاتاورێ بوو، برای ڤیسیتاسیۆن، ئەو ژنەی کە لەدەست ڕشانەوەی خەوزڕان هەڵات وماڵەکەی جێ هێشت، کەس هیچی لەبارەوە نەزانی. ڤیسیتاسیۆن لێی پرسیبوو بۆچی گەڕاویتەوە، ئەویش بە زمانێکی ڕوونی خۆماڵی وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، "بۆ ناشتنی پاشا هاتوومەتەوە."

بۆیە چوونە ژووری خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیایەوە، بە هەموو هێز ڕایان وەشاند، لە بناگوێیدا دەستیان بە هاوار کرد، ئاوێنەیەکیان هێنایە پێش لووتی، بەڵام نەیانتوانی

بهێننـەوە ئـاگا. دوای چەنـد سـاتێک، لـەو دەمـەی دارتاشـەکە خەریـک بـوو بـۆ دروسـتکردنی تابووتەکـەی پێوەریـی دەگـرت، لـە پەنجەرەکـەوە گوڵـەزەردی چکۆلانەیـان بینـی، بەورشـەوە دەبـاری. هەمـوو شـەوەکە، ڕێژنەیەکـی بێدەنـگ دەکەوتـە سـەر گوندەکـە، سـەربانەکانی داپۆشـی، لـە بـەردەم دەرگاکان توێژتوێژ کۆ بوونـەوە، ئـەو ئاژەڵانەیان دەتاسـاند، کـە لـە دەرەوە خەوتبـوون. هەنـدە گوڵ لـە ئاسمانەوە باری، سـەرلەبەیانی هەمـوو جادەوبانـەکان بـە چینێکـی ئەسـتوور داپۆشـران، بۆ ئـەوەی ڕێگە خۆش بکـەن بۆ ئـەوەی جەنازەکە تێبپـەڕێ، دەبـوو بـە بێڵ و خاکەنـاز گوڵـەکان لا بـدەن.

# ٨

ئامارانتـا، لەسـەر قەنەفەیەکی یەکنەفەریـی لـە شـوولک دروستکراو دانیشـتبوو، لەسەر ئەژنۆی چنینەکەی بەنیوەچڵی جێ هێشتبوو، لە ئاوریلیانۆ خۆسێ ڕامابوو، ئەویش چەناگەی کەفاوی کردبوو و بۆ یەکەمین جاری بوو گوێزانێک بەسـەر قاییشـەکەدا بهێنێ و ببا بۆ ئەوەی ڕیشـی بتاشێ. لـەم کارەدا تەنها توانیی قنچکەکانی خوێناوی بکات، لێوی بڕی، چونکـە دەیویسـت سـمێڵە ڕەنـگ زەردە گەندەمووئاسـاکانی قەڵـەم بکات، دواجاریش، هـەر وەکـوو خـۆی هێشـتیەوە، بـەڵام ئـەم کارە ئەوەی بە ئامارانتـا نیشـان دا، کە ئیدی لـەو سـاتەوەختە بەدواوە، هەسـت بە پیری بکات و پێی گوت، "تۆش وەکـوو ئاوریلیانۆ وای، ئەو کاتەی تەمەنی تۆی هەبوو. ئێسـتا بووی بـە پیاوێکی تـەواو."

دەمێـک پێـش ئێسـتا، لـەو سـەردەمەی ئامارانتـا هێشـتا ئاوریلیانـۆ خۆسـێی بـە منداڵێـک دەبینـی، هـەر بـەو شـێوەیە، لەپێش ئـەو چـووە حەمـام و خـۆی ڕووت کـردەوە و جلوبەرگـی کـردە بـەر، هـەر وەک چـۆن بەمـە ڕاهاتبـوو، دوای ئـەوەی پیـلار تێرنێـرا هێنابـووی بـۆ ماڵـی ئورسـولا تـا

بەخێوی بکەن. بۆ یەکەمین جار ئاورێلیانۆ خۆسێ چاوی بە ئامارانتا کەوت، شتێک زۆر سەرنجی ڕاکێشا: هەستی بە گرژییەک کرد لەنێوان مەمکیدا. ئەوکات هەند ساکار بوو، بە بینینی ئەمە زۆر نیگەران بوو، ئامارانتا وەک بلێی بە نووکی پەنجە سینەی خۆی هەڵدەدرێ، پێی گوت، "پارچەپارچەیان کردم." دوای ماوەیەک، ئامارانتا لە خەم و ئازاری پیەترۆ کرێسپی چاک بووەوە، جارێکی دیکە لەگەڵ ئاورێلیانۆ خۆسێ خۆی شوشت، ئاورێلیانۆ خۆسێ سەیری گرژیی سینگی نەکرد، بەڵکوو مووچڕکێکی نادیار بە لەشەیدا گەڕا، کاتێک چاوی بەو دوو مەمکە جوانە کەوت کە دوو گۆی ڕەنگ وەنەوشەییان هەیە. بەردەوام بوو لە سەیرکردنی، قولانجبەقولانجی بەسەری دەکردەوە، هەستی دەکرد مووی لەشی قیت دەبنەوە، وەکوو چۆن بۆ یەکەمین جار لەش بەر ئاو دەکەوێ. هەر لە منداڵییەوە، لە شیرەی شەبەقەوە، خووی بەوەوە گرتبوو لە ترس و سامی تاریکی خۆی بپارێزێ، لەناو جۆلانەکەی دەچووە دەرەوە و خۆی دەخزاندە نێو نوێنەکەی ئامارانتاوە. بەڵام لەو ڕۆژە بەدواوە، دوای ئەوەی هۆشیاریی لەمەڕ ڕووتیی ئامارانتا پەیدا کرد، لەبەر سامی تاریکی نەبوو خۆی بخزێنێتە ژێر کوللەکەی ئامارانتاوە، بەڵکوو پێویستیی بەوە بوو تا بەیان دەبێتەوە، هەست بۆ هەناسە شیرینەکانی ئامارانتا ڕابگرێت. بەیانییەکیان، لەو سەردەمەی ئامارانتا خوازبێنییەکەی خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگی ڕەت کردبووەوە، ئاورێلیانۆ خۆسێ لە خەو ڕاپەڕی، هەستی کرد پێویستیی بە هەوایە. هەستی بە پەنجەکانی ئامارانتا کرد، وەک کرمی بچووکی

گەرم، بێوچان لەسەر سکیدا دەگەڕێن. خۆی وا نیشان دا خەوتووە، خۆی وەر گێڕا بۆ ئەوەی ئاسانتر دەستەکانی بگەڕێ، هەستی بە دەستی کرد، برینپێچە ڕەشەکەی لێکردبووەوە، وەک چۆن زیندەوەرێکی کوێری زەریا نغرۆ دەبێتە نێو قەوزەوە، لەو شوێنەی چاوەڕوانی خۆی گرمۆڵە دابوو. سەرباری ئەوەی هەردووکیان خۆیان لە گێلی دابوو، گیرۆدە و ئالوودەی یەکتر ببوون، بەڵام بەبێ ئەوەی سنوور ببەزێنن. ئاورێلیانۆ خۆسێ، تاکوو گوێی لە ڤالسی نیوەی شەوی سەعاتەکەی ناو هۆڵەکە نەبووایە، خەو نەدەچووە چاوی؛ قەیرەکچەکەش، تا دەهات، پێستی تاریکتر دەبوو، بۆ تەنیا ساتێکیش ئوقرەی نەبوو، تا ئەو دەمەی دەچووە جێگەوە، نەدەچووە ئەقڵیەوە، ئەو کەسەی خەوی لە چاو دەتۆراند، ئەو کەسەی بە دەستی خۆی بەخێوی کرد، ڕۆژێک لە ڕۆژان ببێتە داودەرمان بۆ تەنیاییەکانی. لەو کاتەوە، نەک تەنها پێکەوە بەڕووتی دەخەوتن، نەوازش و دەسبازییان لەگەڵ یەکتر دەکرد، بەڵکوو لە هەموو سووچ و قوژبنێکی ماڵەکەشدا بەدووی یەکدا دەگەڕان، دەچوونە ژوورێک و دەرگایان لە خۆیان دادەخست، بەبێ ئەوەی پشوویەک بدەن، هەمیشە لە حاڵەتی جۆش و شەهوەتدا بوون. هەندەی نەمابوو پاشنیوەڕۆیەک لەلایەن ئورسولاوە بگیرێن، لەو دەمەی کە چووبوونە ناو عەمبارەکەوە و خەریک بوون دەست بە ماچوموچ بکەن. ئورسولا زۆر پاکانە پرسیاری لە خۆسێ ئاورێلیانۆ کرد و گوتی، "میمکی خۆت زۆر خۆش دەوێ؟" ئەویش بە "بەڵێ" وەڵامی دابووەوە و ئورسولا پێی گوتبوو، "چاک دەکەی." پاشان هەندێ

ئاردی کێشا و بردیەوە بۆ مەتبەغەکە بۆ ئەوەی بیکات بە نان. ئەم ڕووداوە ئامارانتای لە ناو ئەو شێتییەی هێنایەوە ئاگا. لەوە تێگەیشت کە سنووری بەزاندووە، ئەو زەمەنەش بەسەر چووبوو، کە ماچومووچ لەگەڵ منداڵێک بکا، بەڵکوو خەریک بوو نفرۆی شەیداییەک دەبوو، کە ئاخیری خێر نەدەبوو و پڕ لە مەترسی و تەنانەت ئایندەشی نەبوو، بۆیە خێرا وازی لەو کارە هێنا. ئاورێلیانۆ خۆسێ، خەریک بوو وانە سەربازییەکەی کۆتایی دەهات و گەڕابووەوە واقیع و ئیدی هەر لە ئۆردوگەش دەخەوت. هەموو شەموانێک لەگەڵ سەربازەکانی دیکە دەچووە مەیخانەکەی کاتارینۆوە. خۆی بەو تەنیاییە وەحشەتناکە و ئەو هەرزەکارییە زوو پێگەیشتووەکەی ڕادەهێنا، دەچووە لای ژنان، کە بۆنی گوڵی پەژمووردەیان هەبوو، ئەویش لەلای خۆیەوە لەنێو تاریکی، بە هەوڵ کۆششێکی زۆرەوە خەونی دەبینی بوونەتە ئامارانتا.

دوای ماوەیەک، هەواڵی دژ بە یەک سەبارەت بە جەنگ دەگەیشتنەوە ئاوایی. لەو دەمەی خودی دەوڵەت دانی بە ئەوەدا دەنا کە یاخیبووەکان لە پێشکەوتندان، فەرماندەی باڵای گوندی ماکۆندۆ بە شێوەیەکی نهێنی ئاگادار کرابووەوە، کە دانوساندنێکی جیددی لەمەڕ ئاشتییەوە بەڕێوەیە. سەرەتای مانگی نیسان، نێردراوێکی تایبەت چووە لای خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ. ئەوەی بۆ پشتڕاست کردەوە، کە سەرکردەکانی حیزب پەیوەندییان لەگەڵ سەرکردەی یاخیبووەکان کردووە، ئەوانەی لە ناوەوەی وڵاتن و هەندەشی نەماوە بڕیاری ئاگربەست واژۆ بکرێت و سێ وەزارەت بدرێت بە لیبراڵەکان، نمایندەیەک بۆ کەمینەکان

لەناو پەرلەمان و لێبووردنی گشتی بۆ گشت ئەو یاخییانەی چەک دادەنێن، بەڕێوەیە. نامەبەرەکە پەیامێکی یەکجار نهێنیشی پێ بوو بۆ ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، کە بە ئاگربەستەکە ڕازی نەبوو. خێرینێلدۆ مارکێز دەبوو لەنێو ئەفسەرە هەرە باشەکان، پێنجیان هەڵبژێرێ و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێ. فەرمانەکە بەزووترین کات جێبەجێ کرا. هەفتەیەک پێش ئەوەی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێ، لەنێو دەنگۆیەکی زۆری دژ بە یەک، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ و دە ئەفسەری جێی بڕوا، ڕۆکێ کارنیسێرۆی سەرهەنگ یەکێک بوو لەوانە، بەدزییەوە هاتنە ماکۆندۆ، دوای نیوەی شەو، لەشکرەکەیان بڵاوە پێکرد، چەکەکانیان ناشت و ئەرشیفەکانیان لەناو برد. دەمەوبەیان، لەگەڵ خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ و پێنج ئەفسەرەکە، گوندیان بەجێ هێشت. ئۆپێراسیۆنەکە هەند بەخێرایی و بەنهێنی ئەنجام درا، تەنانەت ئورسولاش لە دواساتەکانیدا پێی زانی، کاتێک هاتنە بەر پەنجەرەکەی و بەترپە لە جامی پەنجەرەی ژوورەکەیان دا و بەچرپە پێیان گوت، "ئەگەر دەتەوێ چاوت بە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بکەوێ، ئەوە بچۆرە پێش دەرگا." ئورسولا لەسەر جێگەکەی قیت بووەوە و هەر بە کراسی شەوەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت، بەئەستەم گوێی لە دەنگی سمی ئەسپی ئەو لەشکرە بچووکە بوو، کە بەنێو تەپوتۆزێکی هێمن و بێدەنگدا، خەریک بوون لە گوندەکە دوور دەکەتنەوە. تەنها بۆ ڕۆژی دوایی ئەوەی زانی، کە خۆسێ ئاورێلیانۆ لەگەڵ باوکی گوندی بەجێ هێشتووە.

دە ڕۆژ دوای ئـەوەی ڕاگەیاندنێکی هاوبـەش لەنێوان حکومـەت و هێزی بەرهەڵستکار لەبارەی کۆتاییهێنانی شـەڕ و پێکدادانـەکان بـڵاو بـووەوە، هەواڵـەکان لەبـارەی یەکـەم یاخیبوونـی ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ لـە سنووری ڕۆژئـاوا گەیشـتەوە گونـد. سـەربازەکان ژمارەیـان کـەم و چەک و تفاقی پێویستیشیان پێ نەبوو، لە ماوەی حەفتەیەکدا بڵاوەیان پێ کرا. بـەڵام هەر لەو سـاڵەدا، لەو کاتـەی لیبراڵەکان و پارێزەرەکان هەوڵی ئەوەیان خستبووە گەڕ کە وڵات بەو ئاشتبوونەیەوە ئاشنا بکەن، کەچی لە حەوت ناوچەوە جاڕی یاخیبـوون لێدرا. شـەوێکیان، ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ لە کەشتییەکەیەوە ڕیۆئاچای بۆردومان کرد و سـەربازەکان چوارده کەسی لیبـراڵ، چوارده پیـاوی ماقـوڵ و بەناوبانـگ، ئـەو دەورەبەرەیـان لـە جێگەکانـی خۆیانیـان دەر پەڕانـد و گوللـەبارانیان کردن. بۆ ماوەی پانزه ڕۆژ، دەستیان بەسـەر خاڵی گومرگێکدا گـرت و بانگەشـەیان بـۆ جەنگێکی گشـتگیر دەست پێ کرد. یەکێکی لـە کردەوە شێتەکانی دیکەشـی ئـەوە بوو، کە لەنێو جەنگەڵ و دارستانەکاندا بۆ مـاوەی سـێ مانگ ڕێگەیان لـێ ون دەبێ. لـە هەوڵـی ئـەوەدا بوون، هـەزار و پێنج سـەد کیلۆمەتری وڵات تـەی بکـەن و بانگەشـە بـۆ هەڵگیرسـانی جەنگ لـە دەوروبـەری پایتەخت بکەن. جارێکیان تەنها بیست کیلۆمەترێـک لـە ماکۆنـدۆوە دوور بـوو، بـەڵام دەورییەکانـی دەوڵـەت پاشکەشـەیان پێ کردن و ناچاریان کردن بگەڕێنـەوە بـۆ ناوچـە شـاخاوییەکان، نزیـک ئـەو ناوچـە ئەفسـووناوییەی باوکی پێش چەند سـاڵێک لەوەوبەر، کەشتییەکی شـەڕکەری چارۆگـەداری ئیسـپانیی تیـا دۆزیبـووەوە.

لـەو کاتـەدا بـوو ڤیسیتاسـیۆن دەمـرێ. ئەوێـک لـە ترسـی نەخۆشـیی خـەوزڕان هەڵاتبـوو، حـەزی دەکـرد بـە مەرگێکـی سروشـتی ماڵئاوایـی لـە ژیـان بـکات و دواخواسـتیشـی ئـەوە بـوو، کـە ئـەو پـارە پاشـەکەوتووەی لـە مـاوەی بیسـت سـاڵدا کۆی کردبووەوە و لەژێر قەرەوێڵەکەی شـاردبوویەوە، دەری بهێنـن و بینێـرن بـۆ ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ، بـۆ ئەوەی بەردەوامـی بـە جەنگ بـدات. کەچـی ئورسـولا نەیوسـت ئـەو زەحمەتـە بـدات بـە خـۆی و بهێنێـت ئـەو پارەیـە دەر بهێنن، چونکە لەو سـاتەدا بـوو کـە دەنگۆیـەک بڵاو ببـووەوە: ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ لـە یەکێـک لـە هێرشـەکانی بـۆ سـەر پایتەختی هەرێم، گیانـی لەدەسـت داوە. ڕاگەیاندراوێکـی فەرمـی بـوو، یەکێـک بـوو لـەو چـوار ڕاگەیاندنانـەی بـە لایەنـی کـەم لـە مـاوەی دوو سـاڵدا بڵاو ببـووەوە، بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ هەمـوو ئـەم ڕاگەیاندراوەیـان بـە ڕاسـت لەقەڵـەم دەدا، چونکە بەدرێژاییـی ئـەو ماوەیـە، کـەس گوێـی لـە هەواڵـی ئـەو نەبـوو. لەنـاکاودا، لـەو دەمـەی ئورسـولا و ئامارانتـا پرسـەی نوێیـان دابـووە دەم پرسـە کۆنـەکان، هەواڵێکـی سـەیر و نامـۆ گەیشـتە گونـد. ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ لـە ژیانـدا مـاوە، بـەڵام پێدەچـوو وازی لـەوە هێنابـێ، کـە چیـی دی گێچـەڵ و سەرئێشـە بـۆ دەسـەڵاتدارانی وڵاتەکـەی دروسـت بـکات، لەگـەڵ چەنـد کۆمارێکـی دوورگـەی کارایبـدا چووبـووە نێـو سیسـتەمی فیدارلیـسمی سـەرفراز. تـا لـە خـاک و زێدی خـۆی دوور دەکەوتـەوە، هەنـدە بـە نـاوی نـوێ و جۆراوجـۆرەوە دەر دەکـەوت. دواتـر زانییـان کـە ئامانجـی ئـەو، یەکخسـتنی هێزە فیدراڵییەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست بـوو، تاکوو لەژێر

جەوری ڕژێمە پارێزخوازەکان ڕزگاری بکات، هەر لە ئالاسکاوە تا دەگاتە پاتاگۆنیا. یەکەم هەواڵ کە ڕاستەوخۆ بگاتەوە دەست ئورسولا، نامەیەکی پەرپووت و کاڵبووەوە بوو، کە چەند ساڵ دوای ئەوەی ماکۆندۆی جێ هێشتبوو، نووسرابوو، دوای دەستاودەستێکی زۆر گەیشتبووە دەستی ئەو. نامەکە لە سانتیاگۆی کوباوە هاتبوو. ئورسولا دوای خوێندنەوە نامەکە، بەسەرسوورمانەوە گوتی، "بۆ هەتاهەتایە چاومان پێی ناکەوێتەوە. ئەگەر وا بڕوا، ئاهەنگی جەژنی لەدایکبوونی عیسا لەبنی دنیا دەکات."

ئورسولا نامەکەی پیشانی ژەنەڕاڵ خۆسێ ڕاکێل مۆنکادا داوێک دا، یەکەم کەس بوو ئەو نامەیە ببینێ، دوای شەڕتەواوبوون، ئەم ژەنەڕاڵە ببووە سەرۆکی شارەوانیی ماکۆندۆ، یەکێک بوو لە پارێزگاران و دوای خوێندنەوەی نامەکە، بە ئورسولای گوت، "زۆر بەداخەوە ئەم ئاورێلیانۆیە یەکێک نییە لە پارێزگاران." ئیعجابێکی زۆری بۆی هەبوو. وەکوو زۆرێک لە مەدەنییە پارێزەرەکانی دیکە، تەنها بۆ پارێزگاریکردن لە حیزبەکەی، ئەم خۆسێ ڕاکێل مۆنکادە بەشداریی لە جەنگدا کردبوو، سەرباری ئەوەی هیچ مەیلێکی بۆ بواری سەربازی نەبوو، کەچی پلەی ژەنەڕاڵیشی لە گۆڕەپانی جەنگ پێ درابوو. تەنانەت، وەکوو زۆرێک لە هەڤاڵەکانی حیزبەکەی، دژەعەسکەر بوو. لای وا بوو عەسکەر ئینسانی بێکەڵکن، نە یاسا دەناسن، نە ئیمان، پیلانگێڕن و تەماحکارن، تەنها دەیانەوێ سەر لە مەدەنییەکان بشێوێنن بۆ ئەوەی ئاژاوە بنێنەوە. زیرەک و ڕۆحسووک و خوێنگەرم بوو، حەزی لە خۆراک و شەڕەکەڵەشێر بوو،

بۆ ماوەیەکیش یەکێک بوو لە نەیارە هەرە توندەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ. لە ناوچەی کەناراوەکاندا، توانیی خۆی بەسەر سەربازە پرۆفیشناڵەکاندا بسەپێنێ. جارێکیان، هەڵکەوتی شەڕ وای پێویست دەکرد، کە چەند شوێنێکی ستراتیژی بۆ لەشکرەکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ جێ بهێڵێ، دوو نامەشی بۆ بەجێ هێشتبوو. لە نامە درێژەکەدا، داوای ئەوەی لێ کردبوو کە بێتە ڕیزی ئەوەوە بۆ ئەوەی سیمایەکی ئینسانیتر ببەخشنە ئەم جەنگە. نامەکەی دیکە بۆ هاوسەرەکەی بوو، کە لە ناوچەی کەناردا دەژیا و تکای لە سەرهەنگ کردبوو، کە نامەکە بگەیەنێتە دەستی هاوسەرەکەی. لەو کاتەوە، تەنانەت لە کاتی شەڕ و پێکدادانی زۆر توندا، ئەم دوو فەرماندەیە شەڕیان ڕادەگرت و لەنێوان خۆیاندا دیل و دەستبەسەرەکانیان گۆڕییەوە. ئەم ئاگربەستە دەرفەتێک بوو بۆ ئاهەنگ گێڕان؛ ژەنەڕاڵ مۆنکادا ئەو دەرفەتەی دەقۆزتەوە بۆ ئەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ فێرە شەترەنج بکات. بوون بە دوو دۆستی باش. تەنانەت گەیشتبوونە ئەو بڕوایەی دەرفەتێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی توخمە مىللییەکانی ئەم دوو حیزبە ئاوێتە بکەن، بۆ ئەوەی کۆتایی بە هەژموونی عەسکەر و سیاسەتمەدارە پرۆفشیناڵەکان بهێنن، سیستەمێکی ئینسانگەرا دابمەزرێنن، تا بتوانن ڕەگەزە باشەکانی تێزی لیبراڵ و تێزی پارێزەرەکان لە یەکتر مارە بکەن. کاتێکیش شەڕ کۆتایی هات، لەو دەمەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەنێو دەربەندە تەسکە لێکترازاوە هەمیشەییەکاندا لە پێشچاو ئاوا دەبوو، ژەنەڕاڵ مۆنکادا بوو بە سەرۆک شارەوانیی

ماکۆنـدۆ. جلوبەرگـە مەدەنییەکانـی کـردەوە بـەر، لـە جێگـەی سـەربازەکان، پۆلیسـی بێچەکـی دانـا، ئـەو یاسـایانەی لەمـەڕ ئاگربەسـتەوە دەر چووبـوو، جێبەجێـی کـردن و دەسـتی یارەمەتیی بۆ چەند خێزانێکی لیبرال درێژ کرد، کە خزم و کەسـوکاریان لـە جەنگدا لەدەسـت دابـوو. وای کـرد ماکۆنـدۆ ببێتـە ناحیـە، ئیدی خۆی بوو بـە یەکەمین سەرۆکشارەوانی، ئاووهەوایەکـی زۆر لەبـاری بووژانـدەوە، کـە ئیتـر بیرۆکـەی شـەڕ تەنهـا وەکـوو مۆتەکەیەکـی ڕابـردوو سـەیر دەکـرا. نیکانۆری کەشیشیش، نەخۆشیی زەردوویی تـەواو بێکەڵکـی کردبـوو، لەجیاتی ئـەو، کۆرۆنێلی کەشیشیان هەڵبژارد، کـە بـە ئێل کاچۆڕۆ بانگ دەکرا، پزیشکێکی بەیتـەری زەمەنی جەنگی فیدیراڵیـی یەکـەم بـوو. برونـۆ کرێسپی و ئامپارۆ مۆسـکۆتێ زەماوەندیـان کـرد و کۆگـەی یـاری و ئامێـری مۆسـیقاکەیان بـەردەوام بـوو لـە گەشەسـەندن و شـانۆیەکیان دامەزرانـد و گرووپێکـی ئەکتـەری ئیسـپانییش شـانۆنامە و بەرهەمەکانیـان پێشـکەش دەکـرد. بینایەکـی فـراوان بـوو، لـە دەرەوە دروسـت کرابـوو، کورسـیی داریـان تیا دانابـوو، پەردەیـەک لـە مەخمـەڵ و بـە دەمامکـی یۆنانـی ڕازاندرابـووەوە، سـێ پەنجـەرەش لـە شـێوەی سـەرە شـێر، لمۆزیـان کرابـووەوە و بـۆ فرۆشـتنی بلیـت بـەکار دەهێنـران. هـەر لـەو سەردەمەشـدا بـوو، بینـای قوتابخانەکەیـان چـاک کـردەوە. دۆن مێلچـۆ ئێسـکالۆنا بـوو بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـە، پیـرە مامۆسـتایەک بـوو، کـە لـە ناوچـەی زەلکاوەکـەوە هاتبـوو، قوتابییـە تەمەڵەکانـی ناچـار دەکـرد لەنـاو حەوشـەی پڕ لـە چەوەکـەی قوتابخانـە، بەسـەر ئەژنـۆدا ڕێ بکـەن، بـە ڕەزامەندیی ژێر لێوی بـاوک و

دایکانیش، بیبەری تیژی دەرخواردی قوتابییە زۆربلێکان دەدا. ئاورێلیانۆی دووەم و خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، جمکانە بە نازەکەی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، لە قوتابییە یەکەمەکان بوون، کە چوونە سەر ڕیحلەی قوتابخانە دابنیشن، بە خۆیان و پێنووس و تەختەی نووسین دەچوون، مەتارەی ئەلەمنیۆمیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، ناویان لەسەر هەڵکۆڵرابوو. ڕێمێدیۆس، کە جوانییەکی بێوێنەی لە دایکیەوە بەمیرات بۆ مابووەوە، لەو سەردەمە ئیدی بە ڕێمێۆدیۆسە جوانکیلە نێوزەد دەکرا. سەرەڕای تێپەڕینی کات، کۆبوونەوەی خەم و خەفەت و پرسەی یەک لە یەک، ئورسولا نەیدەهێشت پیر ببێ. پیەداد یارمەتیی ئورسولای دەدا، هێز و هەرەکەتێکی نوێی دا بە دروستکردنی شیرنیمەنییەکانی، نەک تەنها ئەو بڕەپارەیەی چنگ کەوتەوە کە کوڕەکەی لە جەنگدا بەفیڕۆی دابوو، بەڵکوو کولەکە نێژراوەکانی ژوورەکەشی پڕ لە زێڕی بێگەرد کرد. هەمیشە وەک عادەت ئەمەی دووپات دەکردەوە و دەیگوت، "تا عومر باقی بێ، پارە لەم ماڵە، لەم شێتخانەیە، نابڕێ." شتەکان بەو جۆرە دەگوزەران، کاتێک ئاورێلیانۆ خۆسێ لە لەشکری فیدراڵی نیکاراگوا هەڵاتبوو و بە سوار کەشتییەکی ئەڵمانییەوە خۆی گەیاندبووەوە ماڵ و لە مەتبخەکە چاویان پێی کەوتەوە، هەندەی ئەسپێک، وەک هیندییەکانیش ڕەشتاڵە و توکن بوو، بەنهێنی لەگەڵ خۆیدا بڕیاری ئەوەی بڕیبووەوە، کە ئامارانتا دەخوازێ.

کاتێک ئاورێلیانۆ خۆسێ هاتە ژوورەوە و ئامارانتا چاوی پێ کەوت، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ، مەزەنەی ئەوەی کرد و زانیی بۆچی هاتۆتەوە. لەسەر مێز، کەسیان زاتی

ئەوەیان نەدەکرد سەیری یەکتر بکەن. کەچی دوو هەفتە دوای گەڕانەوەی، لە بەردەم ئورسولا، زەق زەق سەیری ئامارانتای دەکرد و چاوی لە چاوی نەدەترووکاند و پێی گوت، "بێوچان بیرم لە تۆ دەکردەوە." ئامارنتا لە دەستی هەڵدەهات. خۆی لە بینینی دەپاراست. هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ، تاکوو لە ڕێمێدیۆسە جوانکیلە خۆی جودا نەکاتەوە. ڕۆژێکیان برازاکەی پرسیارێکی لێ دەکات و پێی گوتبوو، تاکوو کەی ئەو برینپێچە ڕەشە لە پەنجەی ناکاتەوە، ئامارانتا پرسیارەکەی بەوە لێک دابووەوە، کە ئاماژەیەکە بۆ پاکیزەیی و لە شەرما کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕان. دوای گەڕانەوەی، ئامارانتا دەرگای لە خۆی دادەخست، بەڵام چەندین شەو تێپەڕین و لە ژوورەکەی تەنیشتەوە گوێی لە پرخە هێمنەکەی دەبوو و ئیتر وازی لەو دوورەپەرێزییە هێنا. دوو مانگ دوای هاتنەوەی، بەیانییەکیان ئامارانتا هەستی کرد هاتۆتە ژوورەکەی. لەجیاتی ئەوەی لێی هەڵبێ، وەک ئەوەی بەڵێنی بە خۆی دابوو هاوار بکا، بەبێ هاتوهاوار خۆی دایە دەست ئەو حەوانەوە شیرینە. هەستی بەوە کرد وەک جارای جاران، وەکوو دەوری منداڵی، خۆی خزاندۆتە نێو جێگەکەیەوە، کاتێک ئامارانتا بینیی بەتەواوی ڕووتە، نەیدەتوانی ئارەقە تەزیوەکەی بشارێتەوە و ددانەکانی بەر یەک نەکەون. تووشی دڵەڕاوکێ بوو و دەیزانی دواتر چی ڕوو دەدات، بەچرپە، پێی گوت، "لا بچۆ لێرە. بڕۆ، یا ئەوەتا هاوار دەکەم." کەچی ئاورێلیانۆ خۆسێ دەیزانی چی چاوەڕێی دەکات، چونکە ئێستا منداڵەکەی جاران نییە تا لە تاریکی بترسێ، بەڵکوو ئێستا کەڵەگای

ئۆردووگەکانە. لەو شەوە بەدواوە، شەڕی بێدەنگیی بێئەنجام تا بەرەبەیان درێژەی دەکێشا. ئامارانتا وزەی لەبەر نەمابوو و پێی دەگوت، "من پوورتم. تەنانەت وەکوو دایکتم، نەک لەبەر تەمەن، بەڵکوو هەندەی نەمابوو شیریشت بدەمێ." ئاورێلیانۆ دەمەوبەیان بۆی دەر دەچوو و ڕۆژی دوایی دەگەڕایەوە، تەواوێک پێش خۆرهەڵاتن، هەموو گیانی پڕ خرۆش دەبوو، کاتێک دەیبینی ئامارانتا دەرگاکەی کلیل نەداوە. لەو ماوەیەدا ساتێکیش نەبوو ئارەزووی نەکات. لەنێو تاریکیی گوندە داگیرکراوەکاندا بیری لێ دەکردەوە، لە بارودۆخە هەرە قێزەوەنەکاندا هەستی پێ دەکرد، لەنێو بۆنی خوێنی هیشکەوەبووی نێو برینپێچەکاندا بیری لای بوو، لەنێو ئەو ساتە ترسناکانەی هەست دەکرێت ئیتر مەرگ دەوری داوی، خەیاڵی لای ئەو بوو، تەنانەت لە هەموو شوێنێک و لە هەموو کاتێکدا. ئاورێلیانۆ خۆسێ لە دەستی ئامارانتا هەڵاتبوو، دەیویست هەرچی یادەوەرییەکی هەیە، بیسڕێتەوە، نەک تەنها بە دوورکەوتنەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی هەڵمەتی دڕندانەوە، هەڵمەتی بێسەروبەر و جلەوترازاوانە. دۆستە جەنگاوەرەکانی ئەمەیان بە ئازایەتییەکی بێسنوور لەقەڵەم دەدا، هەر چەندێک وێنەی خۆی لەنێو زبڵدانی جەنگدا دەگلاند، هەندەی دیکە جەنگ وێنەی ئامارانتای وەر دەگرت. بەو جۆرە، ژیانی تاراوگەی لەلا سەختتر دەبوو، لە ڕێککەوتێک دەگەڕا تا بە کوشتنی خۆی ئەویش بکوژێ، تاکوو ئەو ڕۆژەی گوێی لە حیکایەتێکی کۆن بوو، کە باسی پیاوێکی دەکرد، کە یەکێک لە میمکەکانی خۆی خواستبوو، نەک تەنها هەر ئەوەندە، بەڵکوو ئامۆزاشی

بووە، ئیدی کوڕەکەیان دەبێتە باپیرەی خۆشی. ئاورێلیانۆ بەسەرسوورمانەوە پرسیارێکی کرد و گوتی، "ئایا دەشێ یەکێک میمکی خۆی بخوازێ؟"

یەکێک لە سەربازەکان وەڵامی دابووەوە و پێی گوتبوو، "نەک تەنها دەتوانین زەماوەندیان لەگەڵ بکەین، بەڵکوو ئێمە دژ بەو کەشیشانە لە شەڕداین، تاکوو هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەبێ، تەنانەت خوشکی خۆشی بخوازێ."

دوای پانزە ڕۆژ، لە سەربازی هەڵات. لە چاو ئەو وێنانەی بە خەیاڵ دەیبینی، ئامارانتای بینییەوە پەژموردەتر و خەمۆکی و شەرمنتریش دیار بوو، لە دواقۆناغەکانی پێگەیشتنیدا بوو، کەچی لە ژوورە تاریکەکەیدا غەمگینتریش دیار بوو، ئیفرابەخشتر بوو، زۆر بەتوندییش بەرگریی لە خۆی دەکرد و دەیگوت، "تۆ کێوییەکی تەواوی، ڕەوەسەگی هار دوات کەوتوون. ناشێ بەم جۆرە مامەڵە لەگەڵ میمکە هەژارەکەی خۆت بکەیت، ڕەنگە مۆڵەتت لە پاپای کاسۆلیک وەر گرتبێ." ئاورێلیانۆ خۆسێ بەڵێنی پێ دەدا، کە بچێت بۆ ڕۆما، بەڵێنی ئەوەی پێ دەدا لەسەر چۆک هەموو ئەورووپا بگەڕێ، نەعلەکانی پاپا ماچ بکات، ئەگەر بێت و کۆسپەکانی لە ڕووی لا بدات. ئامارانتا پێداگریی دەکرد و دەیگوت، "ئەمە تەنها بە ئەوەوە پەیوەست نییە. لە بەلاش نییە منداڵ بە کلکی بەرازەوە لەدایک دەبێ."

ئاورێلیانۆ خۆسێ وەکوو ئەوەی مێش میوانی نەبێ، بە پاڕانەوەوە دەیگوت، "شەڵای دەکرد ژیژکمانیش دەبوو."

بەرەبەیانێک، ئاورێلیانۆ خۆسێ خۆی پێ نەگیرا، شەهوەتی پیاوەتیی پەنگی خواردبووەوە و چوو بۆ

مەیخانەکەی کاتارینۆ. ژنێکی مەمکداچۆڕاوی بینی، میهرەبان و هەرزانبەها بوو، بۆ دەمێک ئاگرەکەی ژێر سکی دامرکاندەوە. هەولی دا بە شێوەیەکی قێزەوەن مامەڵە لەگەڵ ئامارانتا بکات. لە هەیوانەکە چاوی پێی دەکەوت، لەسەر مەکینەکەی خەریکی دروومان بوو، زۆر بەجوانی فێری ببوو، تەنانەت ئاوڕیشی لێ نەدایەوە. ئامارانتا هەستی دەکرد بارێکیان لەسەر ئەستۆی لا داوە، بڕوای بە خۆی نەدەکرد؛ لەو کاتە بەدواوە، بیری لە خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ دەکردەوە، بە سۆزەوە بیری لەو کاتانە دەکردەوە، کە پێکەوە، پاشنیوەڕوان یاریی دامەیان دەکرد، نەشیدەزانی چۆن بوو، ئارەزووی ئەوەی دەکرد پێکەوە بخەون. شەوان، ئاورێلیانۆ خۆسێ بە دەستی ئەم ڕەفتارە پێکەناوییەوە ئۆقرەی لەبەر دەبڕا، جارێکی دیکە گەڕایەوە بۆ ژوورەکەی ئامارانتا، بەڵام نەیدەزانی چەند هەلگەلی لەکیس خۆی داوە. بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئامارانتاش دەری کردە دەرەوە، بە هیچ شێوەیەک دڵی نەرم نەبووەوە، بۆیە ئیتر شەوان دەرگای بە قفڵ دادەخست.

دوای گەڕانەوە ئاورێلیانۆ خۆسێ بە چەند مانگێک، ژنێکی پتەو و بەخۆ گەیشتە مالیان، بۆنی گولاوی یاسەمینی لێ دەهات، منداڵێکی تەمەن پێنج ساڵانەشی لەگەڵدا بوو. ژنەکە دەیگوت، ئەو منداڵە کوڕی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگە، هاتووە بۆ ئەوەی ئورسولا لە ئاوی هەڵبکێشێ. کەس گومانی لەمەڕ بنە و بنەچەی ئەو منداڵە لەلا دروست نەبوو: لەگەڵ سەرهەنگ لە موویان لا نەدابوو، بەتایبەت ئەو دەمەی سەرهەنگ منداڵ بوو، کاتێک بردیان بۆ ئەوەی کێڵە

سەهۆڵی پێ نیشان بدەن. ژنەکە ئەوەشی دەگوت، کە منداڵەکە بەچاوکراوەیی لەدایک بووە، وەکوو گەورە و هەراشیش سەیری خەڵکی دەکات، وەک بڵێی لێیان ورد بێتەوە و هەڵیان بسەنگێنێ، کاتێکیش دەیبینێ زەق زەق، بەبێ چاوترووکاندن سەیری دەوروبەری خۆی دەکات، لێی دەترسێ. ئورسولا یەکسەر پێی دەڵێ، "دەقاودەق. تەنها ئەوەی نوقسانە، هەر بە تەماشاکردن کورسی بجوولێنێتەوە." ئەویشیان ناو نا ئاورێلیانۆ، بەڵام دەبوو ناوی خانەوادەی ئورسولا هەڵبگرێ، چونکە پێش ئەوەی یاسا ئەم منداڵە بەشەرعی بناسێنێ، ڕێگە نادا ناوی خانەوادەی باوکی هەڵبگرێت. ئامارانتا هەوڵێکی زۆری دا، بەڵکوو لەلای ئەو جێی دەهێڵن و ئەو بەخێوی دەکات، بەڵام دایکی ڕازی نەبوو.

ئورسولا تا ئەو دەمە، نەیدەزانی ببووە عادەت، وەک چۆن مریشکیان دەنارده لای کەڵەبابی ڕەسەن بۆ ئەوەی بتسێ بەسەریا، بەو جۆرەش کچانیان دەنارده لای جەنگاوەرەکان، بەڵام بەکەیفوخۆشییەوە ئەو شەوە گوێی لە گشت ئەو بەسەرهاتانە بوو: ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ نۆ کوڕی دیکەی هەبوو و دواتر هێنایانە لای ئورسولا، بۆ ئەوەی لە ئاو هەڵیان بکێشێ. نۆبەرەکەیان، ڕەشتاڵەیەکی چاوسەوزی سەرسوورهێنەر بوو، هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ ڕەگەزی باووباپیرانی سەرهەنگدا نەبوو، تەمەنی لەسەرووی دە ساڵانەوە بوو. چەند منداڵێکیان هێنایە ماڵ، تەمەنیان جیاواز بوو، هەریەکە ڕەنگێکی هەبوو، بەڵام هەموویان نێر بوون، هەموویان تەنیا و گۆشەگیر بوون، بۆیە گومانی لەلای کەس لەمەڕ هاوخوێنییەوە دروست نەدەکرد. دوو منداڵیان

زۆر جیاواز دەهاتنە بەرچاو. یەکێکیان لە تەمەنی خۆی گەورەتر دیار بوو، دەستەکانی خەسڵەتی وایان هەبوو، هەرچییەکی بەر کەوتایە، وردوخاشی دەکرد، ئینجانە، قاپوقاچاغ. ئەوەی دیکەیان قژزەردێک بوو، چاوی شین وەک چاوی دایکی، وەک کیژۆڵەیەک قژیان نەبڕیبوو: درێژ و لوول بوو. زۆر ئاشنایانە بەناو ماڵەکەدا دەگەڕا، وەکوو ئەوەی هەر لەو ماڵەدا گەورە بووبێ، ڕێک و ڕاست بەرەو باوڵێکی گەورە چوو، کە لە ژووری خەوتنی ئورسولا بوو و گوتی، "سەماکەرەکەم دەوێ، ئەوەی قوڕمیش دەکرێ." ئورسولا ترسێک دای گرت. ئورسولا باوڵەکەی بۆ کردەوە، لەنێو شتومەکی کۆن و تۆزلێنیشتووی زەمەنی مێلکیادێس گەڕا و سەماکەرەکەی دۆزییەوە، لەناو جووتێ گۆرەوەیدا هەڵگیرابوو، ئەو یارییە بوو، کە ڕۆژێکیان پیەترۆ کرێسپی بەدیاری هێنابووی، بەڵام کەس نەیدەزانی لەکوێیە و چیی لێ هات. لە ماوەی دوانزە ساڵ کەمتر، ناوی ئاورێلیانۆ و ناوی خانەوادەی ئورسولایان لە حەڤدە کوڕی ئاورێلیانۆ نا: سەرجەم تۆوی ئەو کوڕانە بوو، کە سەرهەنگ لە شەڕ و پێکدادانەکاندا چاندبووی. سەرەتا، ئورسولا پڕ گیرفانی لە پارە دەکردن و ئامارانتا هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی لەلای خۆی گلیان بداتەوە. بەڵام ئیدی تەنها دیارییەکی دەخستە چنگیانەوە و دەبووە دایکی دووەمیان و دەیگوت، "ئێمە بە ئەرکی خۆمان هەڵدەستین و ناو و ناوونیشانی دایکەکانی لە دەفتەرێکدا دەنووسین، لەگەڵ شوێن و ڕۆژی لەدایکبوونی هەر کوڕێکیش. بێگومان ئاورێلیانۆ حیسابی خۆی کردووە، کاتێکیش دەگەڕێتەوە، دەبێ خۆی بە

کاروبارەکانی هەڵسێ." لە یەکێک لە نیوەڕۆکاندا، لە کاتی نانخواردندا، ئورسولا لەگەڵ ژەنەڕاڵ مۆنکادا، گلەیی و گازەندەیان لەو هەموو منداڵخستنەوەیە دەکرد، ئارەزووی ئەوەی دەکرد ڕۆژێک دابێ، ئاورێلیانۆی سەرهەنگ ببینێ، هەموو منداڵەکانی لە ماڵەکە کۆ کردبێتەوە. ژەنەڕاڵ مۆنکادا بە زمانێکی تەلیسماوییەوە گوتی، "گوێی مەدەرێ. خۆتیش نازانی، هەر هەندەت زانی گەڕایەوە."

ژەنەڕاڵ مۆکاندۆ شتێکی دەزانی، کەچی نەیدەویست لە کاتی نانخواردندا ئاشکرای بکات. دەیزانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ خەریکە درێژترین و ڕادیکاڵترین و تەنانەت خوێناویترین سەرهەڵدان بەرپا دەکات، کە هەرگیز لەوەوپێش شتی وا نەبینرابێ.

جارێکی دیکەش بارودۆخ وەکوو ئەو چەند مانگەی پێش جەنگی یەکەم ئاڵۆز دیار بوو. سەرەڕای ئەوەی خودی سەرۆکشارەوانی حەزی لە شەڕەکەڵەباب بوو، کەچی تا ماوەیەکی دی قەدەغە کرا. کاپتن ئاکیلێس ڕیکاردۆ، فەرماندەی لەشکر، کاروباری شارەوانیی گرتە دەست. بە نیسبەت لیبراڵەکانەوە، ئەمە ئاماژەیەک بوو بۆ خۆشکردنی ئاگر. ئورسولا بە ئاورێلیانۆ خۆسێی دەگوت، "دوای سەعات شەشی ئێوارە نەچیتە دەرەوە، شتێکی سامناک ڕوو دەدات." ئەمە تکایەکی پووچ بوو. ئاورێلیانۆ خۆسێ، وەکوو ئەرکادیۆی زەمانی جاران وا بوو، ئیتر بە هیی ئورسولا حسێب نەدەکرا. وەک ئەوەی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، خۆتێکنەدان و نیگەران نەبوون بۆ پەیداکردنی پێداویستییەکانی ڕۆژانە، وەک خۆسێ ئەرکادیۆی مامی، مەیلی بۆ هەوەسبازی

و تەوەزلی لەلا بووژاندەوە. ئەو شێت و شەیداییەی بۆ ئامارانتا هەیبوو، بێ ئەوەی هیچ ئاسەوارێک بەجێ بهێڵێ، کوژایەوە. بۆخۆی دەسووڕایەوە، بلیاری دەکرد، کاتێکیش هەستی بە تەنیایی بکردبا، دەچووە لای ژنانی لاچەپ، ئەو پارانەی ئورسولا لەملا و لەولا دای دەنان و لەبیری دەکردن، ئەو بۆخۆی گلی دەدانەوە. بەنیگەرانییەوە ئورسولا دەیگوت، "هەموو یەک تاس و یەک حەمامن. سەرەتا هیچ کێشەیەکمان نییە لە بەخێوکردنیان، گوێڕایەڵ و جیددین، وەک ئەوەی مێشێکیان پێ نەفلیقێندرێتەوە، هەر هەندە سمێڵێکی گووگرەیان دەر کرد، ئیدی خۆیان فڕێ دەدەنە باوەشی خراپەوە." ئەو وەکوو ئەرکادیۆ نەبوو، کە نەزانێ دایکی کێیە، بەڵکوو دەیزانی کوڕی پیلار تێرنێرایە، بۆ ئەوەی بچێ لەوێ سەرخەوێک بشکێنێ، لەناو ماڵەکەیدا جۆلانەیەکی هەڵواسیبوو. جگە لە پەیوەندیی دایک و کوڕایەتی، هەردووک وەک یەک هەستییان بە تەنیایی دەکرد. پیلار تێرنێرا هەموو جۆرە هیوایەکی لەدەست دابوو. تریقەی پێکەنینەکانی دەنگ و ڕەنگی ئۆرگیان پەیدا کردبوو، مەمکەکانی داهێزراوی دەستی هەڵگلۆفینێکی ناکاو بوون، سک و ڕانەکانی ببوونە قوربانیی چارەنووسی بێگەڕانەوەی ژنانی هەوەس، بەڵام دڵی بەبێ خەم پیر دەبوو. قەڵەو ببوو، دەمبەبوختان، سینگهەڵکێشی خانمێکی هەبوو، کە هەموو میهرەبانییەکی لەدەست دابێ، پشتی لە وەهمەکانی خوێندنەوەی فاڵی وەرەقە کردبوو، لە خۆشەویستیی کەسانی دیکە، ئاسوودەییی بە خۆی دەبەخشی. لە هەمان ئەو ماڵەی ئاورێلیانۆ دەچوو سەرخەوێکی تیا بشکێنێ،

کچانـی دەوروبـەر لەگـەڵ دۆسـتەکانیان دەچـوون بـۆ چەنـد ساتێک لـەوێ ڕابوێـرن. کاتێکیـش دەچوونـە ژوورەوە، بـە سـادە و ئاسـانی، بـە پیلار تێرنێرایـان دەگـوت، "ئـەرێ پیلار، ژوورێکمـان دەدەیتـێ؟" پیلاریـش لـە وەلامـدا پێـی دەگوتـن، "ئـەی چـۆن." ئەگـەر بەرێککەوتیش یەکێـک لـەوێ بووایـە، ئەوە پیلار پێی دەگوتن، "کاتێک دەبینم خەڵکی بەختەوەر لە ماڵەکەمـن، ئەمـە تـا بڵێـی دڵخۆشـم دەکات."

پیلار تێرنێرا بۆ ئەم جۆرە خزمەتانە پارەی وەر نەدەگرت. هەرگیز داوای لەو جۆرەشی ڕەت نەدەکردەوە، هەروەها ئەو داوایـەی لـە پیاوکەڵێکی بێژماریـش ڕەت نەدەکـردەوە، تـا ڕۆژئاوای تەمـەن دەهاتنـە لای، نـە پارەیـان دەدایـێ، نـە ئەویـن، بەڵکوو هەندێ جار تەنها خۆشـییان پـێ دەبەخشـی. هەرپێنج کچەکەشـی، لـە دایکییانـەوە تووێکـی ئاگرینیـان بـۆ مابـووەوە، هەر زوو، لە هەرەتی لاویدا، لە ڕەچە پێچیدەکانی ژیاندا، خۆیان ون کـرد. ئـەو دوو کوڕەشـی کـە لای خـۆی بەخێـوی کـردن، یەکێکیـان لـە شـەڕ و پێکدادانەکانـدا کوژرا، لەگـەڵ ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگدا بـوو، ئـەوەی دیکەشیان برینـدار کرا و دواتـر لـە تەمەنـی چـواردە سـاڵیدا، لـەو دەمـەی ویسـتبووی لـە ئاوایییەکـی دەوروبـەری زەلکاوەکـە، قەفەسـی مریشـک بدزێ، گرتیـان. لـە هەمـوو بارێکیشـدا، ئاورێلیانۆ خۆسـێ ئـەو پیـاوە کەڵەگـەت و ڕەشـتاڵەیە بـوو، کـە بـۆ مـاوەی نیوسـەدە، لـە ڕێگـەی فالـی وەرەقـەوە، "پاشـای دڵ"ی پـێ ڕاگەیاندبـوو و وەکـوو هەمـوو ئەوانـەی وەرقەیـان بـۆ خوێندرابـووەوە، کاتێـک دەگاتـە نـاو دڵـی، مـەرگ سـەرەتاتکێی لەگەڵـی دەکـرد. ئەم ئامـاژەیـەی لە فاڵی وەرەقـەدا خوێندبووەوە. پیلار تێرنێرا

پێی گوتبوو، "نەچیتە دەرەوە. لێرە بخەوە. کارمێلیتا مۆنتیەل تکام لێ دەکا بۆ ئەوەی بیبەمە ژوورەکەی تۆ."

ئاورێلیانۆ خۆسێ لە مانا و مەبەستی ئەم تکایە نەگەیشت. لە وەڵامدا گوتی، "پێی بڵێ، با نیوەشەو چاوەڕوانم بێ."

ئاورێلیانۆ خۆسێ چوو بۆ شانۆ، تیپێکی ئیسپانی بەرهەمێکی شانۆنامەی "خەنجەری زۆرۆ"یان نمایش دەکرد. لە ڕاستیدا شانۆنامەیەکی زۆرییا بوو، بە ناوونیشانی "خەنجەری گۆدۆ" بەڵام بە فەرمانی کاپتن ئەکیلێس ریکاردۆ ناوەکەیان گۆڕیبوو، چونکە لیبیراڵەکان بە پارێزگارانیان دەگوت گۆدۆس. ئەو کاتەی ئاورێلیانۆ خۆسێ بلیتەکەی دەداتە دەرگاوانەکە، چاوی بە کاپتن ئەکیلێس ریکاردۆ دەکەوێت، دوو سەربازی چەکداری لەگەڵ بوو، خەریک بوون پاڵیان بەو خەڵکەوە دەنا، کە هاتبوون نمایشەکە ببینن. ئاورێلیانۆ خۆسێ کاپتن ئاگادار دەکاتەوە و پێی دەڵێ، "ئاگادار بە کاپتن. ئەو پیاوەی بەرەوڕووم دەبێتەوە، هێشتا لە سکی دایکیتی." کاپتن هەوڵی دا هەرچی چۆنێک بێ ڕێگەی چوونەژوورەوەی لێ بگرێ؛ ئاورێلیانۆ خۆسێ چەکی پێ نەبوو، ڕای کرد. سەربازەکان تەقەیان لێ نەکرد، گوێڕایەڵی فەرمانەکە نەبوون. یەکێکیان گوتبووی، "ئەمە لە بنەماڵەی بوێندیایە." کاپتن لە داخا شێت و هار بوو، چەکەکەی لە دەستی ڕاپسکاند و چووە ناوەند جادەکە و نیشانەی گرت و هاواری کرد، " قوڕمساغینە. خۆزگا ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەجیاتی ئەو بایە."

کارمێلیتا مۆنتیەل، کچە عازەبێکی بیست ساڵە دەبوو، لە حەمام دەر دەچووبوو، بە گوڵاوی گوڵی پرتەقاڵ خۆی

شوشتبوو، لەو دەمەی گەلای ڕۆمارانی بۆنخۆشی لەسەر دۆشەکەکەی پیلار تێرنێرا پەرشوبڵاو دەکردەوە، گوێی لە زایەڵەی دەنگی تەقە بوو. چارەنووسی ئاورێلیانۆ خۆسێ ئەوە بوو، کە لەگەڵ ئەو کچەدا تامی بەختەوەری بکا، بەختەوەرییەک، کە ئامارانتا نەیدەدایێ، ببێتە خاوەن حەوت کوڕ و تاکوو پیربوونیش لەگەڵ ئەو بژێ، کەچی گوللەی تفەنگ بەر شانی کەوت و سینگی دادڕی: لێکدانەوەیەکی هەڵەی کارتی فاڵەکان بوو. لە ڕاستیدا، کاپتن ئەکیلێس ڕیکاردۆ دەبوو ئەو شەوە بمرێ، هەر واش دەر چوو، مەرگی ئەو، چوار سەعات پێش مەرگی ئاورێلیانۆ خۆسێ کەوت. هەر دوابەدوای ئەوەی تەقەی کرد، لەپشتەوە دوو گوللەیان پێوە نا، هەرگیز نەزانرا کێ بوون ئەوانەی تەقەیان کردبوو و هاواری خەڵکی لەدواوە دەنگی دەدایەوە، " بژی حیزبی لیبیراڵ! بژی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ!"

کاتێک نیوەی شەو لاشەی ئاورێلیانۆ خۆسێ دواتنۆک خوێنی لێ دەچۆڕا، لەنێو کاغەزی فاڵگرتنەوەکاندا کارمێلیتا مۆنتێل لاپەڕەکانی ئایندە هەمووی سپین، چوار سەد پیاو زیاتر بەپێش شانۆکەدا تێپەڕین و هەریەکەیان دەمانچەکەی لەسەر لاشە بەجێهێڵراوەکەی کاپتن ئەکیلێس ڕیکاردۆ بەتاڵ کرد. پێویستییان بە دەورییەکەی تەواو هەبوو بۆ ئەوەی بتوانن لاشەی کاپتن بخەنە سەر گالیسکەکە، لاشەیەکی قورسی پڕقوڕقوشم، وەکوو نانی خوساویش لەبەر یەک هەڵدەوەشایەوە.

ژەنەڕاڵ خۆسێ ڕاکێل مۆنکادۆ، تەواو لە دەستی لەشکری دەوڵەت جاڕز ببوو، هەموو کارتە سیاسییەکانی

بەکار هێنا، سەرلەنوێ جلوبەرگی سەربازییەکەی کردەوە بەر؛ فەرماندەی مەدەنی و سەربازی ماکۆندۆی گرتەوە دەست. بە هەرحاڵ، هیوای ئەوەی نەدەخواست کە دیدی ئاشتیخوازانەی ئەو لێقەومانێکی نەخوازراو بەرهەم بهێنێت. مانگی ئەیلوول پڕ بوو لە هەواڵی دژ بە یەک. لە لایەک دەوڵەت ئەوەی ڕادەگەیاند کە کۆنترۆڵی سەرتاپای وڵاتی بە دەستەوەیە، لە لایەکی دیکەشەوە لیبراڵەکان بەنهێنی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە، کە سەرهەڵدانی چەکدار لە ناوەوەی وڵات بەڕێوەیە. ڕژێم نەیدەویست دان بە ئەوەدا بێنێ، کە وڵات لە شەڕدایە، تا ئەو دەمەی بە شێوەیەکی فەرمی، دادگای سەربازیی سزای مەرگی بەسەر ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگدا سەپاند. هەموو کەرتێکی سەربازی، دەسەلاتی جێبەجێکردنی ئەو فەرمانەی پێ درابوو. ئورسولا بەمە دڵی خۆش بوو، بە ژەنەڕاڵ مۆنکادۆی دەگوت، "ئەمە مانای ئەوەیە وا بەڕێوەیە، هەر هەندەت زانی، گەڕایەوە." کەچی لەو بارەیەوە، ژەنەڕاڵ هیچی نەدەزانی.

لە ڕاستیدا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ مانگێک زیاتر بوو گەڕابووەوە وڵات. چەند دەنگۆیەکی دژ بە یەک و جۆراوجۆر، پێش هاتنەوەی بڵاوبوونەوە؛ گریمانی ئەوە دەکرا لە هەمان کاتدا لە دوو-سێ شوێنی تەواو پێچەوانەی یەک بن. بۆ ئەوەی ژەنەڕاڵ مۆنکادۆبە شتێک دروست بڕوا بکات، چاوەڕێی ڕاگەیاندنێکی فەرمیی دەکرد، تا ئەو دەمەی بەڕەسمی ئەوە بڵاو بووەوە، کە سەرهەنگ دوو ناوچەی کەناراوەکانی داگیر کردووە. ڕۆژێکیان، تەلەگرامەکەی بە ئورسولا نیشان داو پێی گوت، "پیرۆزباییت لێ دەکەم،

دایکی خۆشەویست. هەندە نابات، لێرە دەیبینی." تاقە شتێک بۆ یەکەمین جار ئورسولای نیگەران کردبوو، بە ژەنەڕاڵی ڕاگەیاند، "ئەی تۆ چی دەکەی، باوکی خۆشەویست؟" ژەنەڕاڵ ئەم پرسیارەی چەند جارێک لە خۆی کردبوو، بۆیە بە ئورسولای گوت، "هەمان شت، دایکە. منیش ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم."

لە بەرەبەیانێکی تشرینی یەکەمدا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەگەڵ هەزار چەکدار، بە چەکوتفاقێکی زۆرەوە، هێرش دەکەنە سەر مۆنکادۆ و لەشکریش فەرمانی پێ درابوو کە تا دوافیشەک بەرگری لە خۆیان و لە گوندەکە بکەن. نیوەڕۆ، کاتەی ژەنەڕاڵ مۆنکادۆ لەگەڵ ئورسولا خەریک بوون نانیان دەخوارد، گوللەتۆپێکی یاخیبووەکان هاوێژرا و لەناو هەموو گوندەکەدا دەنگی دایەوە، دیواری خەزێنەی شارەوانیی هەپرووونبەهەپروون کرد. ژەنەڕاڵ مۆنکادۆ هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی، "چەکەکانیان وەکوو ئەوە ئێمە چاکن، بەلام ئەوان لە ناخی دڵیانەوە شەڕ دەکەن." سەعات دووی پاشنیوەڕۆ، شریخەی تۆپی هەردوو لا زەویی دەلەرزاندەوە، ماڵئاوایی لە ئورسولا کرد و لە ناخیشەوە گەیشتبووە ئەو بڕوایەی دەبێ شەڕێک هەڵبگیرسێنێ، کە هەر لە بنەڕەتیشەوە خۆی بە دۆڕاو دەزانی، بە ئورسولای گوت، "لە خوا دەپاڕێمەوە ئەم ئێوارەیە ئاورێلیانۆ نەگاتەوە ماڵ. ئەگەریش ئەمە ڕووی دا، ئەوە لەجیاتی من لە باوەشی بگرە، چونکە لەو باوەڕەدا نیم جارێکی دیکە چاوم پێی بکەوێتەوە."

هەر ئەو شەوە ژەنەڕاڵیان گرت، دوای ئەوەی نامەیەکی

درێژی بۆ ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ نووسیبوو، دەیوست لە ماکۆندۆ هەڵبێت؛ لە نامەکەدا ئەوەی هێنابووەوە یاد، کە هەردووک خاوەن یەک پڕۆژەن، ئەویش بەخشینی سیمایەکی ئینسانییە بە شەڕ، ئارەزوومەندیش بوو کە سەرکەوتنێکی یەکجارەکی بەدەست بهێنن و کۆتایی بە گەندەڵییەکانی عەسکەر و نەوسنیی سیاسەتمەدارەکانی هەردوو حیزب بهێنن. بۆ ڕۆژی دوایی، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، پێکەوە لە ماڵی ئورسولا نانی نیوەڕۆیان خوارد، هەر لەوێش دەستبەسەر بوو، تاکوو کۆنسەی جەنگی شۆڕشگێڕی دوابڕیار دەر دەکا. ئەمە کۆبوونەوەیەکی خێزان بوو. بەڵام دوای ئەوەی نەیارەکان شەڕیان لەبیر کرد، ئورسولا باسی یادەوەرییەکانی ڕابردووی دەکرد و دەیگوت هەستێکی غەمگینی لەلا دروست ببوو، دەتگوت کوڕەکەی میوانە لە ماڵەکەیدا. کاتێک ئورسولا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی بینی بە خۆی و هێزێکی لەڕادەبەدەرەوە هاتنە ژوورەوە و ژوورەکانیان سەروبن کرد بۆ ئەوەی بزانن هیچ مەترسییەک لەگۆڕێ نییە؛ ئا لەو ساتەوە ئەو هەستەی بۆ دروست بوو. نەک تەنها بەلای ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ئاسایی بوو، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر توند ئەوەشی قەدەغە کرد، کە نابێ کەس لێی نزیک ببێتەوە، تەنانەت خودی ئورسولا، تاکوو بەتەواوی ئەندامەکانی هێزی پاسەوانی، لەدەوری ماڵەکە شوێنەکانی خۆیان دەگرن. جلوبەرگێکی سەربازیی سادەی لەبەردا بوو، بەبێ هیچ هێما و نیشانەیەک، چەکمەی درێژی لەپێ کردبوو، پاژنەکانی بە قوڕەوە بوون، خوێنی هێشکەوەبووشی پێوە بوو.

دەمانچەیەکی ئۆتۆماتیکیی بەستبوو، کیفەکەی کرابووەوە، بێوچانیش دەستی لەسەر دەسکەکەی دانابوو، ئاگاداری و بڕیاریش لە ناوچاوانییەوە پزیسکیان دەهاویشت. مووی قژی کەمێک وەریبوو، پێستی سەری ڕەقهەڵاتوو، دەتگوت لەسەر ئاگرێکی کز، زەرد هەڵگەڕاوە. خوێیاوی دوورگەی کارایب هەند کاریگەریی لە سەروسیمای دروست کردبوو، وەکوو مەعدەن ڕەق هەڵاتبوو. جۆرە چوستی و چالاکییەکی هەبوو، دژ بە پیری خۆی نەدەدا بەدەستەوە، ئەمە بێ پەیوەندی نەبوو لە خوێنساردییەک، کە بەشێک بوو لە بوونی. لەچاو جاراندا، کەڵەگەتتر دیار بوو، ڕەنگپەڕیوتر، لەڕتر، نیشانەکانی بەرگرییکردن لە سۆزی دوورەوڵاتی لە سەر و ڕوخساریدا دەخوێندرانەوە. بەنیگەرانییەوە ئورسولا گوتی، "ئەی خوای گەورەرە. بۆتە پیاوێک، هەموو شتێکی لەدەست دێ." لە ڕاستییشدا وا بوو. بەدیاری شاڵێکی ناوچەی ئاستێکی بۆ ئامارانتا هێنابوو، باسکردنی یادەوەرییەکانی ڕابردوو، گێڕانەوەی نوکتە و قسە خۆشەکانی، بووژاندنەوەی لەبزشیرینی زەمەنی زوو بوو. هەر دوای ئەوەی لاشەی کوژراوان لە گۆڕی هاوبەشدا دەنێژرێن، دەستووری دەر کرد کە ڕۆکێ کارنیسێرۆی سەرهەنگ دەسبەجێ کۆنسەی جەنگ دابمەزرێنێ، ئەرکی سەختی چاکسازییەکانیشی گرتە ئەستۆی خۆی؛ ئەوەشی پەیوەست بوو بە ڕژێمی پارێزراوانەوە، ویستی بەردی بەسەر بەردەوە نەمێنێ. بە یاریدەدەرەکانی دەگوت، "دەبێ پێش سیاسەتمەدارەکان بکەوین. کاتێک چاو دەکەنەوە، خۆیان بەرامبەر بە ئەمری واقیع دەبینن." ئەوکات بوو پێداچوونەوەی بۆ ڕێسای

موڵکایەتیی زەویوزارەکان کرد، گەڕایەوە بۆ سەد ساڵ لەوەوپێش، فیڵوتەڵەکە ناشەرعییەکانی خۆسێ ئەرکادیۆی برای ئاشکرا کرد. هەموو قەید و تاپۆکانی بە نووکەقەڵەمێک هەڵوەشاندەوە. یەکێک لە ڕەفتارە بەئەدەبەکانی ئەو بوو: هەموو کارەکانی بۆ ماوەی سەعاتێک جێ هێشت و چوو سەرێک لە ڕێبێکا بدات، بۆ ئەوەی ئەنجامی بڕیارەکانی بۆ ساغ بکاتەوە.

بێوەژنە تاق و تەنیاکە، لەناو ئەو ماڵە نیمچەتاریکەدا، جاران مۆڵگەی ئەوینە داپلۆسراوەکانی بوو، تەنها عینادی ڕزگاری کرد، ئێستاش تەنها تارماییەکی ڕابردووەوە و هیچی تر. جلوبەرگی ڕەشی ئاودامانی لەبەردا بوو، تەنانەت مەچەکی داپۆشیبوو، دڵی مستێ خۆڵەمێش بوو، بەئەستەم ڕەنگە گوێی لە هەواڵی شەڕ و پێکدادانەکانی گەیشتبێتنە بەردەرگای ماڵەکەی. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەستی بە شەوقی فسفۆڕ دەکرد، چۆن لە ئێسقانەکانەوە دەگەنە سەر پێستەکەی و لەنێو ئەتمۆسفێرێکی پڕ لە سام و لەنێو هەوایەکی سستدا دەژیا. هێشتا بۆنێکی سستی بارووت لەناو ماڵەکەدا دەگەڕا. سەرەتا داوای لێ کرد کەمێک پرسەکەی خاو بکاتەوە، دەرگا و پەنجەرکانی ماڵەکە بکاتەوە، بۆ ئەوەی هەوا بگۆڕێ، هەروەها داواشی لێ کرد سەبارەت بە مردنی خۆسێ ئەرکادیۆ لەو خەڵکە ببوورێ. بەڵام خۆی لە هەموو جۆرە دەرخستن و خۆهەڵکێشانێک پاک کردبووەوە. لە ئاسوودەیی دەگەڕا، سەرەتا لەناو تامکردنی گڵدا بەدوایدا گەڕا، دواتر لەنێو نامە بۆندارەکانی پیەترۆ کرێسپیدا، هەروەها لەسەر جێگە گێژاوەکەی مێردەکەی، دواجاریش

لەناو ئەوماڵەدا دۆزییەوە؛ هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. لەناو ئەو ماڵەدا هەندە بە یادەوەرییەکاندا چووبووەوە، لە کۆتاییدا بەرجەستە ببوون، وەکوو بوونەر بەنێو ژوورە داخراوەکاندا هاموشۆیان دەکرد. لەسەر کورسییە لە شوولک دروستکراوەکەی دانیشتبوو، بە شێوەیەک سەیری ئاورێلیانۆ بوێندیا سەرهەنگی دەکرد، وەک ئەوەی ئەو بووبێتە تارماییەکی رابردوو؛ رێبێکا، سەبارەت بە گەڕاندنەوەی ئەو زەویوزارانەی کاتی خۆی خۆسێ ئەرکادیۆ زەوتی کردبوون و دەبێ بگەڕێندرێنە بۆ خاوەنە شەرعییەکانیان، بە هیچ شێوەیەک شڵەژانی پێوە دیار نەبوو. رێبێکا بە هەناسەهەڵکێشانەوە گوتی، "ئاورێلیانۆ، هەموو بڕیارەکانی تۆ جێبەجێ دەبن. هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە، ئێستا ئەمەش پشتڕاست دەبێتەوە، کە تۆ پیاوێکی بێئەمەکی."

پێداچوونە بۆ تاپۆی زەویوزارەکان و دادگا سەربازییەکە، بە سەرۆکایەتیی خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ، لە هەمان کاتدا بەڕێوەوە چوو: هەموو ئەو ئەفسەرە دیلانەی لەشکری نیزامی، لەلایەن دادگای شۆڕشەوە ئیعدام کران. دوادادگاییکردن، دادگاییکردنی ژەنەراڵ خۆسێ راکێل مۆنکادۆ بوو. ئورسولا هاتە دەنگ و بە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی گوت، "یەکێک بوو لە بەڕێوەبەرە هەرە باشەکان، کە لە گوندی ماکوندۆ بینیبێتمان. باسی دڵباشیت بۆ ناکەم، نە باسی ئەو سۆز و میهرەبانییەی دەرهەق بە ئێمە نواندنی، تۆ ئەمە لە هەموومان باشتر دەزانی." ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی نیگایەکی نارەزاییی تێ بڕی و گوتی، "ناتوانم بەرپرسیارێتی دادپەروەری لەئەستۆ بگرم. ئەگەر شتێکت

هەیە، ئەوە لەبەرامبەر دادگای جەنگدا بیدرکێنە."

خواستی ئورسولا تەنها ئەمە نەبوو، بەڵکوو دەویست دایکانی هەموو ئەفسەرانی شۆڕش، کە دانیشتووی ماکوندۆ بوون، وەکوو شایەد کۆ بکاتەوە. ئەو پیرەژنانە، دامەزرێنەری یەکەمی گوندی ماکوندۆ بوون، تەنانەت هەندێکیشیان بەشدارییان لە بڕینی زنجیرەچیاکەش کردبوو، یەک لەدوای یەک دەهاتنە پێشەوە و باسی چاکەی ژەنەڕاڵ مۆنکادایان دەکرد. ئورسولا لە دواڕیزدا بوو. لە لایەک هەستی دەکرد شکۆی بریندار بووە، لە لایەکی دیکەش بارستاییی ناو و ناوبانگی بنەماڵەکەی، کەفوکوڵیی هیمەتی قەناعەتپێکردن، بۆ ساتێک هاوسەنگیی عەدالەتی لەنگ کرد و ڕووی کردە ئەندامانی دادگا و پێیانی گوت، "ئێوە ئەم یارییە ترسناکەتان زۆر بەجدییەوە وەر گرت، چاکتان کرد، چونکە ئێوە بە کاری خۆتان هەڵدەستن. بەڵام ئەوەتان لەبیر نەچێ: تا لە ژیاندا ماون، ئێمە دایکی ئێوەین، شۆڕش و شۆڕشگێری با بۆ خۆتان بێ، بەڵام ئەگەر بێڕێزی بنوێنن، ئێمە ئەو مافە بە خۆمان دەدەین دەرپێکانتان دابماڵین و بە شەپازللە تەمێتان بکەین." دادوەر بۆ ئەوەی مەشوورەتی بڕیار وەر بگرێ، چووە دەرەوە، کەچی دەنگدانەوەی دواوشەکانی ئورسولا لەناو پۆلی قوتابخانەکە دەنگی دەدایەوە، ئەو قوتابخانەیەی کرابوو بە بارەگەی گشتی. نیوەی شەو، ژەنەڕاڵ خۆسێ ڕاکێل مۆنکادا سزای گوللەبارانیان بەسەردا سەپاند. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، سەرباری گلەیی و گازندەکانی ئورسولاش، سزای ئێعدامەکەی نەگۆڕی. پێش ئەوەی سپێدە بیێتەوە، سەرهەنگ چووە ژوورەکەی

مەحکومکراوەکە و پێی گوت، "بێتەوە یادت باوکە، ئەوەی تۆ ئیعدامی دەکەی، ئەوە من نیم، بەڵکوو خودی شۆڕشە."

بە هاتنەژوورەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ژەنەڕاڵ مۆنکادا لەسەر تەختە سەفەرییەکەی هەڵنەسایە سەر پێ. ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت، "بڕۆ لە پێشچاوم ون ببە، باوکە."

تاکوو نیوەی ئەو شەوە، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەوەتەی گەڕابووەوە، بواری بە خۆی نەدابوو بەسۆزەوە سەیرێکی بکا. کاتێک ژەنەڕاڵی بینی، سامێکی لەسەر نیشت، زۆر پیر بووە، دەستەکانی دەلەرزین، ئەو تەسلیمبوونە عادەتییەی چاوەڕوانی مەرگی تیا دەکرێت، هەستێکی قووڵی لەلا دروست کردبوو، قینی لە خۆی دەبووەوە، بە سەرەتای بەزەییهاتنەوەی دانا. شتێکی لە دەم هەڵوەری و گوتی، "تۆ لە من باشتر دەزانی، ئەم دادگا سەربازییە مەهزەلەیەکی تەواوە، لە ڕاستیدا تۆ دەبێ سزای تاوانی خەڵکی دی بچێژی، چونکە ئەم جارە، ئێمە بە هەرنرخێک بێ، دەبێ ئەم شەڕە ببەینەوە. تۆش ئەگەر لە جێی من بوویتایە، هەر هەمان کارت نەدەکرد؟"

ژەنەڕاڵ مۆنکادا هەڵسایە سەر پێ و جامی ئەستووری چاویلکەکەی بە دامێنی کراسەکەی خاوێن کردەوە و وەڵامی سەرهەنگی دایەوە، "ڕەنگە. ئەوەی نیگەرانم دەکا، ئەوە نییە کە تۆ گوللەبارانم دەکەی یا نا، چونکە دواجار، بە نیسبەت ئێمەمانانەوە، ئەم مردنە مردنێکی سروشتییە." چاویلکەکەی لەسەر تەختەکە دانا و زریزەی سەعاتەکەی لێکردەوە و بەردەوامیی بە قسەکانی دا و گوتی، "ئەوەی نیگەرانم دەکا،

ئەوەیە کە دەتبینم هەندە قینت لە عەسکەرە، هەندە شەڕیان لەگەڵ دەکەی، هەندە خەونیان پێوە دەبینی، لە کۆتاییدا تۆ دەقاودەق بیچمی ئەوان وەر دەگری. کەچی هیچ ئیدیالێک لە ژیاندا شایانی ئەوەندە قین و قێزەونی نییە." ئەڵقەکەی لە پەنجەکەی کردەوە، ئەو مەدالیایەی وێنەی مەریەمی چارەسازی لەسەر بوو، ئەوەشی لەمل کردەوە و لەتەنیشت چاویلکە و سەعاتەکەی دانان. بۆ کۆتاییهێنان بە قسەکانی، گوتی، "لەسەر ئەم ڕێتمە. نەک تەنها دەبیتە زۆردارترین و خوێنڕێژترین دیکتاتۆر مێژووی ئێمە، بەڵکوو ئورسولاش، دایکەکەی خۆمیش بە سزای مەرگ دەگەیەنی."

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، وەک مەرمەڕ، ڕەق و هیشک، ڕاوەستابوو. ژەنەڕاڵ مۆنکادا چاویلکەکە و مەدالیاکە و سەعات و ئەڵقەی هاوسەرییەکەی دایە دەستی و درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، "بانگی تۆم بۆ ئەوە نەکردبوو تا سەرزنشتت بکەم. دەمویست ئەمانە بگەیەنیتە دەستی خێزانەکەم."

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ کردنیە گیرفانیەوە و پرسیاری ئەوەی لێ کرد، "هێشتا لە ماناورێیە؟"

ژەنەڕاڵ لە وەلامدا، گوتی، "بەڵی، هەر لە ماناورێیە. لە هەمان خانوو، لەپشت کلێساکەوە، ئەو شوێنەی نامەت بۆ دەنارد."

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ وەلامی دایەوە و گوتی، "بەسەر چاو، خۆسێ ڕاکێل، ئەمە جێبەجێ دەکەم."

کاتێک سەرهەنگ چووە دەرەوە، نغرۆی مژێکی شینباو بوو، وەکوو هەر بەیانییەکی دیکەی ڕابردوو، دەموچاوی

شـێدار کرد، بـەڵام لـەوە تێنەگەیشتبوو بۆچی دەبێ حوکمەکە لـە حەوشـەکە جێبەجێ بکرێت، نـەک لەپەنـای دیـواری گۆڕستانەکە. دەستەی گولـلەباران بەرامبەر بە دەرگاکە ڕیز ببوون، ئەویش شـەرەفی پیاوانی دەوڵەتی وەدەست هێنابوو و فەرمانـی دا، "ئێسـتا دەتوانـن بهێنـن."

# ٩

خێرینیلدۆ مارکێزی سەرهەنگ یەکەم کەس بوو هەستی بە بێ کەڵکیی شەڕ کرد. وەک فەرماندەی مەدەنی و سەربازیی ماکۆندۆ، دوو جار لە هەفتەیەکدا بە تەلەگراف قسەی لەگەڵ ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەکرد. سەرەتا وتووێژەکانی لەبارەی جەنگەوە بوو، ڕێ و شوێن و ڕێڕەوەی جەنگەکەی دیاری دەکرد، سنوورەکانی زۆر بەوردی دیاری دەکران، لە هەموو ئانوساتێکیشدا بەڕوونی مۆڵگەکان دیاریی دەکران و نەخشەی شەڕەکانی ئاییندەش پێشبینی دەکران. سەرباری ئەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، تەنانەت لەگەڵ هاوڕێ هەرە نزیکەکانیشیدا، نەیدەهشت کەس ئاشنایانە لەگەڵی بدوێ، کەچی لەگەڵ ئەودا بە جۆرێکی دیکە قسەی دەکرد، نەبرەی دەنگی دۆستایەتیی ئەو، لەوپەڕی هێڵی تەلەگرافەکە دەناسرایەوە. وردەوردە لەگەڵ گەرمبوونی شەڕیشدا، وێنەی شەڕ، لەنێو ئەتمۆسفێرێکی ناواقیعیدا ون دەبوو. نەبرە و نەغمەی دەنگیشی، دەتگوت دوورترە، تێکەڵی یەکتر دەبوون، لەگەڵ یەکتر خۆیان دەگونجاند بۆ ئەوەی وشەگەلێک پێک بهێنن، بەڕوونی هیچ مانایاکیان

نەدەبەخشی. خێرینیلدۆ مارکێزی سەرهەنگ ناچار بوو گوێ بگرێ، بەتەواوی هەستی بە ئەوە دەکرد، کە لەگەڵ یەکێک لەسەر هێڵی تەلەگراف لە وتوویژدایە، کە بە یەکێکی نەناسراو دەکات لەبنی دنیاوە گوێی لە دەنگی بێت.

کاتێک کۆتاییشی بە گفتوگۆکان دەهێنا و پەنجەی لەسەر کلیلەکە دادەنا و دەیگوت، "تێکەیشتم، ئاورێلیانۆ. بژی حیزبی لیبرال!"

خێرینیلدۆ مارکێزی سەرهەنگ هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ شەڕدا نەما. جاران شەڕ بۆ ئەو، چالاکییەکی ڕاستەقینە بوو، شەیدایەکی ئاگرینی هەرەتی لاوی بوو، کەچی ئێستا دەتگوت وێنەیەکی کاڵەوەبووی سەردەمێکی دێرینە: بە شتێک دەچوو لەنێو تارماییدا کاڵ بووبێتەوە. تاقە شوێن کە بتوانێ خۆی تیا داڵدە بدات، شوێنی بەرگدوورینەکەی ئامارانتا بوو. هەموو پاشنیوەڕوانێک دەچوو سەری لێ بدات. کاتێک تۆپەقوماشی لەسەر مەکینەی بەرگدرووەکە دەنووشتاندەوە، حەزی دەکرد لە دەستەکانی ڕابمێنێ و ڕیمێدیۆسە جوانکیلەش دەسکەکەی بۆ دەخولاندەوە. بە سەعات، بەبێ ئەوەی قسە بکەن، پێکەوە دادەنیشتن، بەوە ڕازی ببوون هاوەڵیی یەکتر بکەن، بەڵام ئامارانتا، لە ناخەوە، حەزی بەوە دەکرد ئاگری وەفاداری جۆش بدات، ئەوێک ئاگای لەوە نەبوو کە هەرچی نهێنیی هەیە لەنێو ئەو دڵە تەلیسماوییەی خۆیدا حەشار داوە. کاتێکیش هەواڵی گەڕانەوەی سەرهەنگ گەیشتەوە ماکۆندۆ، ئامارانتا ئۆقرەی لێ هەڵگیرا، بە ئەندازەیەک، وەخت بوو، بیتاسێنێ. کاتێکیش چاوی بە سەرهەنگ کەوت خۆی کرد بە ژوورەکەدا،

واژەواژی پاسەوانەکان لە لایەک، لە لایەکی دیکەش تەراوگە و دووره ولاتی تێکی شکاندبوو، تەمەن و فەرامۆشی پیریان کردبوو، توێژی ئارەق و غوبار دەموچاوی داپۆشیبوو، بۆنی تەگەی لێ دەهات، دزێو دیار بوو، باسکی چەپی بە ملپێچێک بەستبووەوە و بە ملیدا هەڵی واسیبوو، ئەم وێنە ناقۆڵایە وای لە ئامارانتا کرد، کە لە دڵی خۆیدا بڵێ، "خودایە، ئەمە ئەو کەسەیە کە من چاوەڕێم دەکرد." کەچی بۆ ڕۆژی دوایی، گەڕابووەوە ماڵ و ڕیشی جوان تاشیبوو، پاکوخاوێن، سمێڵی بە عەتری لاڤاند شوشتبوو و ملپێچە خوێناوییەکەی لە باسکی کردبووەوە. کتێبێکی دووعا و نوێژی بەدیاری بۆ هێنابوو، بەرگەکەی هەمووی سەدەف بوون.

ئامارانتا هیچی نەبوو پێی بڵێ، بۆیە گوتی، "پیاوان چ غەریبن." هەموو ژیانیان لە شەڕی کەشیشەکاندا بەسەر دەبەن، دواتریش کتێبی نوێژت بەدیاری بۆ دەهێنن."

لەو ڕۆژە بەدواوە، لە سەختترین و نالەبارترین ڕۆژانی جەنگدا، هەموو پاشنیوەڕۆیەک دەچوو سەری لێ دەدا. ئەگەریش بەڕێککەوت ڕێمێدیۆسە جوانکیلە لەوێ نەبووایە، خۆی دەسکی مەکینەی بەرگدوورینەکەی سوور دەدا. ئامارانتا هەستی بە ناڕەحەتی دەکرد کاتێک سەرهەنگی دەبینی هەند خۆڕاگر و بەئەمەکە، وەک پیاوێکی گوێڕایەڵ، خاوەنی ئەم هەموو دەسەلاتەیە و بەبێ چەک دێتە هۆڵەکەی، تەنانەت هیچ پاسەوانێکیشی لەگەڵدا نییە. کەچی دوای چوار ساڵی چوون و سەردان، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ جارێکی دیکە باسی خۆشەویستیی خۆی بۆ

کرد، ئامارانتا جارێکی دی، بەبێ ئەوەی بریندار بکات، داخوازییەکەی ڕەت کردەوە، چونکەخۆشی نەدەویست، سەرباری ئەوەی ئامارانتا نەیتوانی خۆشی بوێت، بەڵام نەشیدەتوانی بەبێ ئەو بژێ. ڕێمێدیۆسە جوانکیلەش، پێدەچوو گوێ بە هیچ شتێک نەدات، بەڵکوو واش لێک دەدرایەوە، کە ئەقڵی سووکە، کەمۆکەیەک دواکەوتوو بێ، بەڵام بەرامبەر بە وەفاداریی خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ، بێهەست نەبوو. لەپڕێکدا ئامارانتا هەستی بەوە کرد، کە ئەو کیژۆڵەیەی ئەو بەخێوی دەکرد و وردەوردە دەچووە قۆناغی هەرزەکارییەوە، کیژۆڵەیەکی زۆر جوان بوو، تەنانەت جوانی وا هەرگیزاوهەرگیز لە ماکۆندۆ نەبینرابوو. هەستی دەکرد ڕقێک لە ناخیدا دەبووژێتەوە، لەو ڕقانە بوو، کە جاران بۆ ڕێبێکا هەیبوو، لە خودا دەپاڕایەوە ئەم ڕقە نەبێتە ئەوەی ئارەزووی مەرگی سەرهەنگ بکات، بۆیە نەیهێشت جارێکی دی پێ بخانەوە ژووری بەرگدووری. لەو سەردەمە، کەم تا زۆر، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ قینی لە جەنگ دەبووەوە. ئەویش هەموو دەسەڵاتێکی خۆی بەکار هێنا بۆ ئەوەی پەشیمانی بکاتەوە، هەموو سۆز و دڵنەرمییەکی دەنواند، تا ئەو دەمە لە دڵ و دەروونیدا حەشاری دابوون، تەنانەت لەپێناو ئامارانتا، ئامادە بوو دەستبەرداری شکۆمەندی ببێت، ئەو شکۆمەندییەی هەموو ژیانی لەپێناویدا دانا. کەچی نەیتوانی دڵی ئامارانتا نەرم بکات. پاشنیوەڕۆیەکی مانگی ئاب، ئامارانتا بە دەستی ورکنی خۆیەوە نیگەران ببوو، دوای ئەوەی دوابڕیاری خستە چنگی سەرهەنگەوە، دەرگای لە خۆی داخست بۆ

ئەوەی هەتا لە ژیاندا ماوە، بە تاق و تەنیا بژی، پێی گوتبوو، "باشترە یەکتری لەبیر بکەین؛ ئێمە بۆ ئەم جۆرە شتانە تازە پیر بووین."

ئەو پاشنیوەڕۆیە، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ دەبوو وەڵامی تەلەگرافیکی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بداتەوە. وتووێژێکی ڕۆتینییان ئەنجام دا، هیچ پەیوەندییەکی بە سەروبەندی جەنگەوە نەبوو. لەدوای وتووێژەکە، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ لە جادەوبانە چۆڵوهۆڵەکان ڕاما، سەیری دڵۆپە ئاوی سازگاری سەر دارچوالەکانی دەکرد، هەستی بە تەنیاییەکی وەحەشەتناک کرد. بەغەمناکییەوە پەنجەی لەسەر کلیلەکە دانا و گوتی، "ئاورێلیانۆ، ئێستا لە ماکۆندۆ باران دەبارێت."

بێدەنگییەکی درێژ لەسەر خەتەکە دروست بوو. پاشان، لەپڕێکدا، ئامێرەکە تەکانی بە خۆی دا، هێما بێبەزییەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەگەیشتنە لای، ئەمەی بۆ نووسیبوو، "بێئەقڵ مەبە خێرنێلدۆ، شتێکی ئاساییە لە مانگی ئابدا باران بباری."

لەبەر ئەوەی دەمێک بوو چاویان بەیەک نەکەوتبوو، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بە وەڵامە توندەکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تێک چوو. دوای تێپەڕینی دوو مانگ، کاتێک ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ گەڕایەوە بۆ ماکۆندۆ، ئەم گۆڕانە حەپەسانی دروست کرد. تەنانەت ئورسولاش سەرنجی ئەم گۆڕانەی دابوو. بەبێ واژەواژ، بەبێ پاسەوان، سەرباری ئەوەی هەواش گەرم بوو، خۆی لە بەتانییەک دەپێچی، ژنەدۆستیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو،

هەموویان لە یەک ماڵدا دەژیان، ئیدی لەناو جۆلانەکەیدا پاڵدەکەوت و زۆربەی کاتەکانی لەوێ بەسەر دەبرد. زۆر بەزەحمەتیش ئەو هەواڵە ڕۆتینانەی دەخوێندنەوە، کە لە ڕێی تەلەگرافەکەوە دەگەیشتنە دەستی. ڕۆژێکیان، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ هاتبوو بۆ ئەوەی لەبارەی چۆلکردنی گوندێکی سەر سنوور زانیاریی بداتێ، لەو دەمەدا جەنگ گەیشتبووە ئاستێک، کە ترسی ئەوەی لێ دەکرا ململانێ و گێچەڵی نێونەتەوەییی لێ بکەوێتەوە؛ فەرمانی دا و پێی گوت، "بەم ڕووداوە هیچوپووچانە ئیزعاجم مەکە. داوای ئامۆژگاری لە خودای گەورە بکە."

ڕەنگە بوترێ، ئەو قۆناغە بە قۆناغە هەرە ناسکەکانی جەنگ لەقەڵەم دەدرا. مولکدارە لیبراڵەکان، دەسپێک لایەنگریی شۆڕشیان دەکرد، بەنهێنی لەگەڵ مولکدارە پارێزگارەکان ڕێککەوتنێکیان مۆر کرد، بەپێی ئەو ڕێککەوتنە، دەبوو ڕێ بگیرێ لە پێداچوونەوەی تاپۆی زەویوزارەکان. ئەو سیاستەتمەدارانەشی لە سەردەمی جەنگدا، لە دەرەوەی وڵات، خەریکی سامانپێکەوەنان بوون، بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ بڕیار و بۆچوونەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگدا نەبوون، کەچی ئەم پاشەکشێیە هیچ کاریگەرییەکی بەسەر ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ نەبوو. جارێکی دیکەش دەستی بۆ شیعرەکانی نەبرد و نەیخوێندنەوە، نزیکەی پێنج بەرگ دەبوون، پێشی دەچوو لەناو باوڵەکە تۆزی لێ نیشتبێ. ئێواران، یا پاشنیوەڕوان، کاتی سەرخەوشکاندن، لەناو جۆلانەکەیەوە بانگی یەکێک لە ژنەکانی دەکرد بۆ ئەوەی کڵپەی نەوسنییەکی کورتخایەنی دابمرکێنێتەوە،

دوابەدوای ئەوە، خەوێکی کەستەکین دەیبردەوە، دەتگوت هیچ شتێک لەسەر ئەم زەوییە سەغڵەتی ناکات. تەنها خۆی هەستی بەو نیگەرانییە دەکرد کە لە دوو توێی دڵیدا بوو، دەبوو بۆ هەتاهەتایە لەناو دڵەڕاوکێدا بژیت. سەرەتا، ئەم گەڕانەوە شکۆدارە و ئەم سەرکەوتنە لەبەرچاوە مەستی کردبوو، خۆی دابووە دەست سەرسامیی خەرەندی مەزنایەتییەوە. دڵی زۆر بەوە خۆش بوو، کە هاوڕێی دوک مارلبۆروگە، ئەو پیاوە یەکێک بوو لە مامۆستایانی جەنگ، قاپووتە فەرووەکەی و چرنووکە پڵینگانەکەی جێی ڕێزی گەورەکان و ترس و دڵەڕاوکێی منداڵان بوو. ئا لەو کاتەدا بوو کە بڕیاری دا، نابێ هیچ کەس لە سێ مەتر زیاتر لێی نزیک ببێتەوە، تەنانەت خودی ئورسولاش. چووبایە هەرکوێیەک، پاسەوانەکانی، بازنەیەکیان بە تەباشیر لە دەوری دروست دەکرد، تەنها هەر خۆی بۆی هەبوو بچێتە نێو ئەو بازنەیەوە، بە فەرمانی کورت و بڕاوە، چارەنووسی جیهانی دیاری دەکرد. دوای ئیعدامکردنی ژەنەڕاڵ مۆنکادا، بۆ یەکەم جار چووە ماناورێ، هەوڵی ئەوەی دا دواراسپاردەی مەحکومەکە جێبەجێ بکات، چاویلکە و مەدالیا و سەعات و ئەڵقەی بووکێنییەکەی تەسلیم بە بێوەژنەکە کرد، کەچی ژنەکە ڕێگەی پێ نەدابوو بچێتە ژوورەوە و پێی گوتبوو: " سەرهەنگ، مەیە ژوورەوە. تۆ لە گۆڕەپانی جەنگ بڕیاردەری و من لەماڵەکەی خۆم."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هیچی لە دڵ نەگرت، بەڵام دوای ئەوەی پاسەوانە شەخسییەکەی هەموو ماڵەکەیان پێچایەوە و پاشان ئاگریان تێ بەر دا، ئینجا

دڵـی ئـاوی خـواردەوە. خێرینێلـدۆ مارکێزی سـەرهەنگ بـە ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگی دەگوت، "ئاوریلیانـۆ، ئـاگات لـە دڵت بێ، وەختـە بەزیندوویی بۆگـەن دەبێ." لـەو دەمـەدا، بۆ جاری دووەم لەگـەڵ فەرماندە سـەرەکییەکانی یاخیبووان، کۆنفراسـێکی بەسـت. لـە کۆنفراسـەکەدا چـاوی بـە هەمـوو جۆرە کەسـێک کـەوت: ئیدیالیسـتەکان، تەماحکاران، سـەرچڵ و موغامەرەچییـەکان، ئەوانـەی دەسـتیان لـە هەمـوو شـت شوشـتبوو، تاوانبـارە ئاسـاییەکان، تەنانـەت فەرمانبەرێکـی پارێزگارانیشـی لـێ بـوو، ئـەو هاتبـوو لەنێـو یاخییەکانـدا خـۆی شـاردبووەوە چونکە لەسـەر گەندەڵی تاوانبـار کرابوو. زۆرێـک هەبـوون، تەنانـەت نەیاندەزانـی بۆچـی شـەڕ دەکـەن. لەنێـو ئـەو تێکەڵیوپێکەڵییـە سـەدڕەنگەدا، هەنـدە نەمابـوو کێشـەکان بتەقنـەوە، سـەرکردەیەکی دەموچاوگرژ، لـەو نێوە خـۆی قـوت کردەوە: یەکێک بوو بە ژەنەڕاڵ تیۆفیلۆ ڤارگاس بانگیـان دەکـرد. پیاوێـک بـوو، خوێنـی بێگـەردی هیندییـەکان بـە دەمارەکانیـدا دەگـەڕا، دڕدۆنـگ، نەخوێنـدەوار، کەمـدوو، دەتگـوت مۆژدەبـەری مەسـیحییەکانە، ئیلهامـی توندڕەوییەکـی شـەیتانانەی دەبەخشـییە یاوەرەکانـی. ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ ئـەم کۆنفراسـەی دژ بـە پیلانـی سیاسـەتمەداران و لەپێنـاو یەکگرتنـەوە سـەرکردایەتیی یاخیبـووان سـاز دا. ژەنـەڕاڵ تیۆفیلـۆ ڤـارگاس پێدرێژیـی زیاتـری کـرد: لـە مـاوەی چەنـد سـەعاتێکدا، سـەرکردایەتییە هـەرە لێهاتووەکانی هاوپەیمانێتیـی لەیـەک ترازانـد و خـۆی وەکـوو سـەرکردەی بـاڵا سـەپاند. ئاوریلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بە ئەفسـەرەکانی گـوت، "ئاگاتـان لـەم پیـاوە بێـت، حووتێکە بۆ خـۆی. تەنانـەت

لە وەزیری جەنگیش مەترسیدارترە بۆ ئێمە." یەکێک لە کاپتنەکان پەنجەی بەرز کردەوە، کاپتنێکی لاو بوو، بە شەرمن ناوی دەر کردبوو، پێشنیارێکی کرد و گوتی، "زۆر ئاسانە سەرهەنگ، دەیکوژین."

بێباکیی ئەم پێشنیارە بەلای ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگەوە زۆر ئاسایی دیار بوو، چونکە خۆشی یەک دوو چرکە پێشتر هەر هەمان بیرۆکەی بە خەیاڵدا هاتبوو و گوتی، "چاوەڕێی ئەوە مەکەن، کە فەرمانتان لەو بارەیەوە بدەمێ."

لە ڕاستییشدا هەر وا کەوتەوە؛ هیچ فەرمانێکی دەر نەکرد. کەچی دوای پانزە ڕۆژ، ژەنەڕاڵ تیۆفیلۆ ڤارگاس کەوتە بۆسەیەکەوە و بەتەور هەلاهەلایان کردبوو و ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەستی بەسەر فەرماندەی بالادا گرتەوە. هەر هەمان ئەو شەوە، دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی شۆڕشەوە دان بە دەسەڵاتەکەیدا نرایەوە، لە ناوجەرگەی خەو ڕاپەڕی و هاوارێکی لێ بەرز بووەوە و داوای بەتانییەکی کرد. سەرمایەک لە ناخەوە تەنگی پێ هەڵدەچنی، تەنانەت لەبەر هەتاوەکەش هەڵدەلەرزی، بۆ ماوەی چەند مانگێک خەو لە چاوی حەرام کرد، ئیدی لای بوو بە عادەتێکی ئاسایی. مەستیی بۆ دەسەڵات لەژێر مەوجی زاخاودا تێک چوو. هەوڵی دا چارەسەرێک بۆ ئەو سەرمایە بدۆزێتەوە، ئەو ئەفسەرە لاوەی بە پێشنیاری گوللەبارانکردنی ژەنەڕاڵ تیۆفیلۆ ڤارگاسی دا. بەبێ ئەوەی هیچی لە زار هاتبێتە دەرەوە، فەرمانەکانیان جێبەجێ کرد، تەنانەت پێش ئەوەی ئەو بڕیارەش لە مێشکیدا بخەملێ،

هەمیشەش فەرمانەکانی ناقۆڵاتر جێبەجێ دەکران وەک لەوەی ئەو ئارەزووی دەکرد. لەنێو تەنیایی وەحەشەتناکی دەسەڵاتدا گومڕا ببوو، ئیدی ڕاستی لە چەپی جوودا نەدەکردەوە. توڕە دەبوو لە ستاییشی خەڵکی ئەو گوندانەی دەستی بەسەردا دەگرت، دەیگوت هەمان ئەو کەسانە ستاییشی دوژمنیش دەکەن. دەچووە هەرشوێنێکیش، هەرزەکارانی دەبینی کە بە چاوی خۆی سەیری دەکەن، بە دەنگی خۆی قسەی لە گەڵ دەکەن و هەر وەک ئەو بەگومانەوە سەیری دەکەن، کە ئەو سەیریانی دەکات و دەیانگوت کوڕی ئەون. هەستی دەکرد داغان بووە، دووپات دەبێتەوە و لە هەموو کات زیاتر هەستی بە تەنیایی دەکرد. گەیشتە ئەو قەناعەتەی ئەفسەرەکانی خۆی درۆی لەگەڵ دەکەن. لەگەڵ دوک مارلبۆروگ بە شەڕ هات. ڕاهاتبوو دەیگوت، "باشترین هاوڕێ، ئەوەیان بوو کە هەندە نییە گیانی لەدەست دا." لەدەست ئەم دڵنیانەبوونە وەڕس ببوو، لەو جەنگە ئەبەدییەی کە ببووە بازنەیەکی داخراو، لە هەموو شوێنێک پێکی دەکرد. سەرهەنگ، تا دەهات، پیرتر و وێرانتر دەبوو، خۆی بە نەزان دەزانی لەبارەی چۆنێتی هەڵسووڕانی ئەم جەنگە و چۆنێتی بەردەوامبوونی. هەمیشە کەسێک هەبوو دەکەوتە دەرەوەی ئەو بازنە تەباشیرییە. کەسێک هەبوو پێویستیی بە پارە بێ، کەسێک هەبوو تووشی کۆکەڕەشە بووبێ، یا بەتەواوی ماندووی دەستی ئەو جەنگە بێت و ئارەزوو بکات بچێت بۆ هەتاهەتایە بخەوێت، چیی دی بەرگەی ئەوەی نەدەگرت تامی جەنگ وەک تامی گوو بێ لەناو دەمیدا؛ کەچی دەبوو هەموو هێز و گوڕێکیش بدا بە خۆی، تا بەرامبەر بە سەرهەنگ خەبەردار بێ و

بەقیتی بوەستێ و بڵێ، "سەرهەنگ، هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە." لە ڕاستییشدا ئەم "هیچ نییە"یە، ناخۆشترین ڕستە بوو، کە لەو جەنگە ئەبەدییە دەهاتە بەرگوێ: هیچ ڕووی نەدەدا. ڕاستییەکەی ئەوە بوو، کە توانای پێشبینیکردنی لەدەست دابوو، لەدەست ئەو سەرمایە هەڵدەهات، پێدەچوو تاکوو مردن لە کۆڵی نەبێتەوە. گەڕایەوە بۆ ماکۆندۆ، دواشوێن بۆ ئەوەی خۆی تیا داڵدە بدا، بچێتە نێو گەرمای یادەوەرییە هەروە دێرینەکانیەوە. سەرباری ئەوەی لاموبالاتییەکەی هەند قووڵ بوو، کەچی کاتێک ئەوەیان پێ ڕاگەیاند کە لیژنەیەکی سەر بە حیزبەکەی هاتووە بۆ ئەوەی سەبارەت بۆ گەشەسەندن وتوویژ بکەن، ئەویش بەبێ ئەوەی لەناو جۆلانەکەیەوە ئاوڕ بداتەوە، پێیانی گوت، "بیانبەنە لای سۆزانییەکان."

شەش پارێزەر بوون، جوببەی ڕەشیان لەبەردا بوو و کڵاوی ڕەشیان لەسەردا بوو، نەبەردانە بەرگەی گەرمای مانگی تشرینی دووەمیان دەگرد. ئورسولا لەماڵەکەی جێگەی کردنەوە. بەدرێژاییی ڕۆژ خۆیان لە ژوورێکدا قاییم دەکرد، بەنهێنی کۆبوونەوەیان ئەنجام دەدا و دوای خۆرنیشینیش، داوای پاسەوان و گاردیان دەکرد بۆ ئەوەی بچنە مەیخانەکەی کاتارینۆ. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەیگوت، "لێیان گەڕێن. من هەر بە خۆم دەزانم ئەوان لە چی دەگەڕێن." سەرەتای مانگی کانوونی دووەم، دوای ئەو هەموو چاوەڕوانییە، خەڵکی وایان لێک دایەوە گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکان درێژخایەنن، کەچی لە ماوەی یەک سەعاتدا کۆتایی هات.

ڕۆژێکیان ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەناو هۆڵەکە، لەتەنیشت تارماییی پیانۆی بە چەرچەفی سپی داپۆشراو دانیشتبوو، هەوا گەرم بوو، چیی دی نەیدەوست لەناو ئەو بازنە تەباشیرییە دابنیشێت کە یاوەرەکانی بۆیان دەکێشا. بۆیە لەسەر کورسییەک، لەگەڵ ڕاوێژکارە سیاسییەکانیدا دادەنیشت، بەتانییەکی خووریی لە خۆی دەپێچا و بێدەنگ گوێی بۆ پێشنیاری نوێنەران دەگرت. یەکەم شت داوای ئەوەیان دەکرد، دەبێ پشتگیریی مولکدارە لیبراڵەکان لەدەست نەدرێت و پێداچوونەوەی قەباڵە و تاپۆکان هەڵبوەشێندرێتەوە. داوای دووەمیان ئەوە بوو: بۆ ئەوەی ڕای گشتیی کاسۆلیکەکان بۆ خۆ ڕابکێشێت، چیی دی دژایەتیی پیاوانی ئایینی نەکرێت. لەپێناو پاراستنی یەکگرتووی خێزانەکانیش، دەبێ واز لە یەکسانیی مافەکانی نێوان ڕۆڵەی شەرعی و ناشەرعی بهێنرێت. دوابەدوای خوێندنەوەکە، ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بە زەردەخەنەیەکەوە گوتی، "ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ئێمە هەموو لەپێناو دەسەلاتدا خەبات دەکەین."

یەکێک لە ئەندامانی شاندەکە گوتی، "ئەمانە چاکسازیی تەکتیکییان پێ دەوترێت. ئەوەی ئێستا لەسەرمانە، ئەوەیە کە بنکەی جەماوەریی شەڕ فراوان بکەین. دوای ئەوە با بزانین چیمان پێ دەکرێ."

یەکێک لە ڕاوێژکارە سیاسییەکانی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ویستی بەپەلە شتێک بڵێ، "ئەمە ناماقوڵە. ئەگەر ئێمە بڵێین ئەو چاکسازییانە باشن، ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕژێمی پارێزگارانیش باشە. ئەگەر بێت و ئەوها بنکەی جەماوەریمان فراوان بکەین، وەکوو ئەوەی جەنابت

پێشنیاری دەکەی، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ، کە ڕژێمەکە خاوەن بنکەیەکی جەماوەریی فراوانە. بەکورتی، ئەمە مانای ئەوەیە، بە لایەنی کەمەوە لە ماوەی بیست ساڵدا، ئێمە دژ بە هەستونەستی نیشتمان جەنگاوین."

دەیویست زیاتر پەرە بە قسەکانی بدات، بەڵام ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بە هێمایەک داوای ئەوەی لێ کرد، کە بێدەنگ بێ و پێی گوت، "کاتی خۆتان بەفیڕۆ مەدەن. ئەوەی لەم ئانوساتەوە زۆر گرینگ بێ، ئێمە تەنها و تەنها لەپێناو دەسەڵاتدا خەبات دەکەین." هەر بەزەردەخەنەوە ئەو کاغەزانەی وەر گرت، کە نمایندەکان پێشکەشیان کردبوو و خەریک بوو واژۆی دەکردن و گوتی، "کەواتە هیچ ڕێگرییەک لە قبوڵکردنی ئەمەدا نییە." هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، بەناچاری ڕازی بوون.

خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بە نەبرەیەکی دۆستانە بە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی گوت، "داوای لێبووردن دەکەم سەرهەنگ، بەڵام ئەمە خیانەتە."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تازەبەتازە پەڕەمووچەکەی لەناو مەرەکەبدانەکە دەر هێنابوو و ڕای گرتبوو و بە هەموو بارستاییەکی دەسەڵاتەوە فەرمانی دا و گوتی، "چەکەکانت دابنێ."

خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ هەڵسایە سەر پێ و چەکەکانی لەسەر مێزەکە دانا.

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، "بڕۆ بۆ بارەگەی کشتی، تاکوو دادگای شۆڕش کۆ دەبێتەوە."

ڕاگەیاندراوەکەی واژۆ کرد و کاغەزەکانی بۆ نمایندەکان گەڕاندەوە و پێیانی گوت، "بەڕێزان، فەرموون ئەمە کاغەزەکانە. چۆن دەتانەوێ، ئەوها بەکاری بهێنن."

دوای دوو ڕۆژی دیکە، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ بە خیانەتی گەورە تاوانبار کرا و سزای مەرگیان بەسەردا سەپاند. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەنێو جۆلانەکەی خۆی گرمۆڵە کردبوو، بێهەست و شعوور بەرامبەر هەموو ئەو کەسانەی هاتبوونە لای بۆ ئەوەی تکای لێ بکەن تاکوو خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ سزا نەدرێ. ئێوارەی پێش ئیعدامکردنەکە، ئورسولا فەرمانی گوێڕایەڵیی شکاند و چووە ژووری خەوتنی. ڕەشپۆش و شکۆمەند دیار بوو، سێ خولەک، ئەو ماوەیەی کە وتووێژی لەگەڵ سەرهەنگ کرد، هەر بەپێوە ڕاوەستابوو و پێی گوت، "دەزانم بەبێ هیچ دوودڵییەک خێرینێلدۆ گوللەباران دەکەی و منیش هیچ دەسەڵاتێک شک نابەم. بەڵام لە یەک شت ئاگادارت دەکەمەوە: هەر بە بینینی تەرمەکەی، شەرت و عەهت بێ، سوێندم بە گۆڕی دایک و باوکم، سوێندم بە ڕۆحی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، بە خودا، لە هەرکوێیەکیش خۆت بشاریتەوە، بەم دەستانەی خۆم دەرت دەهێنم و دەتکوژم." پێش ئەوەی ژوورەکەی جێ بهێڵێ، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامیشی لێ بکات، بەم شێوەیە کۆتاییی بە قسەکانی هێنا و گوتی، "ئەگەر بهاتبا بە کلکی بەرازەوە لەدایک بووبای، هەر هەمان شتم دەکرد."

لەو شەوە دوورودرێژەدا، خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ ئەو پاشنیوەڕوانەی دەهاتەوە یاد، کە لە ژووری

بەرگدووری ئامارانتا، دەستبەتاڵ دادەنیشت، سەرهەنگ ئاوریلیانۆ بوێندیا بە سەعات بیری لەوە دەکردەوە، کە چۆن لەنێو ئەو قاوغە ڕەقە خۆی ڕزگار بکات: قاوغی تەنیایی. ساتە بەختەوەرییەکانی، دوای ئەو پاشنیوەڕۆیەی باوکی بە منداڵی لەگەڵ خۆی دەیبرد بۆ ئەوەی کێلە سەهۆڵی پێ نیشان بدات، ئەو پاشنیوەڕوانانە بوون، کە دەچووە تاقیگەکە و ماسی چکۆلەی زەرکەفتی دروست دەکرد. دوای ئەوەی سیودوو شەڕی لەملا و ئەولا هەڵگیرساند، هەموو پەیمانەکانی لەگەڵ مردندا شکاند، لەناو زبڵ و گۆڤەکی شکۆمەندیدا خۆی گەوزاند، دوای نزیکەی چل ساڵ، ئینجا لە ئیمتیازەکانی ژیانێکی سادە و سانا تێگەیشت.

شەوێکیان خەو نەدەچووە چاوی، گینگڵی دەدا، بەرەبەیان، سەعاتێک پێش ئەوەی ڕێورەسمی ئیعدامکردنەکەی خێرینێلدۆ مارکێز دەست پێ بکات، سەرهەنگ خۆی کرد بە ژووری زیندانەکەی مارکێزدا و پێی گوت، "گاڵتەوگەپ کۆتایی هات. با بڕۆین، پێش ئەوەی مێشوولە گوللەبارانت بکات." سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکێز نەیتوانی قین و قێزەوەنییەکانی بەرامبەر بەو ڕەفتارە بشارێتەوە و وەڵامی سەرهەنگ ئاوریلیانۆی دایەوە و گوتی، "نەخێر، ئاوریلیانۆ. منیش حەز دەکەم بمرم پێش ئەوەی بتبینم بوویتەتە قەساب."

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە وەڵامدا گوتی، "ئامادە نیت بمبینیت. گۆرەوییەکانت لەپێ هەڵبکێشە و یارمەتیم بدە با کۆتایی بەم شەڕە نەعلەتییە بهێنیم."

کاتێک ئەمەی دەگوت، بیری لەوە نەدەکردەوە کە

دەستپێکردنی شەڕێک زۆر لە کۆتاییپێهێنانی ئاسانترە. بۆ ماوەی ساڵێک توند و دڕدۆنگ و شەڕانگێز خۆی نیشان دەدا، تاکوو حکومەت ناچار بکات هەلومەرجی شەڕڕاگرتن قبوڵ بکات، کە لە بەرژەوەندیی خەڵکە ڕاپەڕیوەکە کۆتایی بێ؛ ساڵێکی دیکەشی پێویست بوو بۆ ئەوەی یاوەر و هاوەڵەکانی ڕازی بکات، کە ئەم قبوڵکردنە لە بەرژەوەندیی ئەواندایە. کاتێک ویستی یاخیبوونی ئەفسەرەکانی بەرەی خۆی دابمرکێنێتەوە کە دژ بەوە بوون مامەڵە بەو سەرکەوتنەوە بکەن، توندوتیژییەکی بێوێنەی نیشان دا، کە لە دەرەوەی خەیاڵ و ئەندێشە بوو، تەنانەت ناچاریش بوو هانا بۆ هێزی دوژمن بەرێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەو نارەزاییانە بهێنێ. لەپێناو ئایدیالە موجەڕەدەکان خەباتی نەدەکرد، لەپێناو وشەگەلێک خەباتی نەدەکرد، کە سیاستمەداران بە کەیف و ماشای خۆیان و چۆنیش بیانەوێ، ئاوا بەکاری بهێنن و بەپێی هەلومەرجی جیاواز بیگۆنجێنن؛ ئەو، بە پێچەوانەوە، کڵپەی ئاگرێک ناخی داگیرساندبوو و لەوە دڵنیا بوو کە لەپێناو ئازادیدا خودی خۆی خەبات دەکات. کەچی خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ، لە کاتی سەرکەوتن و شکستدا، بە هەمان گەرموگوڕییەوە شەڕی دەکرد، گلەیییەکی زۆریشی لە گشت ئەو هەڵەشەیییانەی سەرهەنگ دەکرد و پێی گوت، "گوێی مەدەرێ. مردن زۆر لەوە زەحمەتترە، کە خەیاڵی دەکەین." بۆ ئەو بارودۆخەی ئەو، ڕاست بوو. کاتێک لەوە دڵنیا بوو کە دواساتەکانی ژیانی دیاری کراوە، خۆگرییەکی ئەفسووناویی دەنواند، بەرامبەر بە مەترسییەکان، هەستی بە جۆرە نەمرییەک

دەکرد، دواجاریش تووشی شکستێکی سەختی کرد، تەنانەت لە بەهای سەرفرازیی خوێناویتر و گرانتر کەوتە سەری.

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، دوای نزیکەی بیست ساڵ لە شەڕ و پێکدادان، زیاتر لە جارێک گەڕابووەوە ماڵ، هەمیشە بە پەلەپەل، هێز و پاسەوانێکی زۆریشی لەگەڵ بوو، سیمایەکی ئەفسانەیی دەبەخشییە ئەم هاتنەوانە، لەم ڕووەوە، تەنانەت خودی ئورسولا، هەستی دەکرد بێگانەیەک دێتە ماڵەکەی. دواجار کە گەڕابووەوە ماکۆندۆ، ماڵێکی دیکەی بۆ ژنە دۆستەکانی تەرخان کرد، تەنها هەر بۆ دوو-سێ جار لە ماڵەوە بینیبوویان، ئەو جارانەش وەک میوان داوەتیان کردبوو. ڕێمێدیۆسە جوانکیلەکە و دوو جمکانەکە، لە ناوجەرگەی شەڕدا لەدایک ببوون، بەئەستەم دەیانناسییەوە. ئامارانتا نەیدەتوانی لەنێوان وێنەی ئەو برایەی لە قۆناغی هەرزەکاریدا خەریکی دروستکردنەی ماسیی بچکۆلانە بوو، لەگەڵ وێنەی ئەو جەنگاوەرە ئەفسانەییەی ماوەی سێ مەتری لەنێوان خۆی و هەموو ئینسانیەتدا دادەنا، لێکچوونێک بدۆزێتەوە. بەڵام کاتێک پرۆسەی ئاگربەستن نزیک بووەوە و مەزەنەی ئەوە دەکرا کە جارێکی دیکە سەرهەنگ سەر و سیمای بەنی ئادەم وەر دەگرێتەوە، بە چاوێکی سۆز و خۆشەویستییەوە سەیری کەسوکارەکەی دەکرد و پەیوەندییە سڕبووەکەی جاران، جارێکی دیکە گەرموگوڕییەکی بێوێنەی کردەوە بەر. تا ئورسولا ڕۆژێکیان گوتی، "ئەخیرەن، جارێکی دیکە پیاوێک لە ماڵەکە دەبینرێتەوە."

ئامارانتا یەکەمین کەس بوو کە دڵی خەتەرەی

ئـەوەی کردبـوو، کـە تـا ئەبـەد نایبیننـەوە. هەفتەیـەک پێش ئاگربەسـت، کاتێک بەبـێ پاسـەوان و گارد خـۆی کـرد بـە ماڵـەوەدا، دوو بارهەڵگـری پێخاوسـی لەگـەڵ بـوو، هەگبـە و بـاری بارگیرەکەیـان لـە داڵانەکـە دانـا و سنوقێکیشـیان پـێ بـوو، کـە شـیعرەکانی تیـا بـوو: تاقـە هەگبـەی دامودەسـتە شاهەنشـاییەکەی. ئامارانتـا ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگی بینـی بەپێش ژووری بەرگدوورەکـەدا تێپـەڕی و بانگـی کـرد. ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ، بەزەحمـەت دەیناسـێتەوە.

ئەویـش بەلەبزشـیرینییەکەوە پێـی گـوت، "ئـەوە منـم، مـن، ئامارانتـام، دڵخۆشـم بـە گەڕانـەوەت." دەسـتەکەی پـێ نیشـان دا، کـە هێشـتا برینپێچـە ڕەشـەکەی پێـوە بـوو و پێـی گـوت، "سـەیربکە."

ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ هەمـان ئـەو بزەیـەی بـۆ کـرد، کـە ئـەو سـەرلەبەیانییەی گەڕابـووەوە ماکۆنـدۆ، کـە سزای ئیعدامیـان بەسـەردا سـەپاندبوو و بـۆ یەکـەم جاریش برینپێچەکـەی بینیبـوو، بـە دەنگێکـی بـەرز پێـی گـوت، "کات چەنـد بەخێرایـی تێدەپـەڕێ. ئەمـە شـتێکی سەرسـامکەرە."

لەشـکری فەرمـی بـۆ ماوەیەکـی درێـژ پاسـەوانیی ماڵەکەیـان دەکـرد. گاڵتەیـان پێـی دەکـرد، تفیـان لێـی دەکـرد، بـەوە تاوانباریـان دەکـرد، کـە تەنهـا لەپێنـاو ئـەوەی دواجـار بـە نرخێکـی بەهـا بیفرۆشـێتەوە، شـەڕی داگیرسـاندووە. لەبـەر تـا و سـەرما هەڵدەلـەرزا؛ دیسـانەوە برینەکانـی ژێـر هەنگڵـی سـەریان هەڵدابـووەوە و سـوور ببوونـەوە. پێـش شـەش مانـگ، کاتێک ئورسـولا گوێـی لـە هەواڵـی شـەڕوەستان بـوو، ژووری بوکێنیـی کـردەوە و گسـکی دا، بـۆ ئـەوەی

ژوورەکەش بۆنخۆش بکات، لە سووچێک مۆری سووتاند، بیری لەوە دەکردەوە، کە سەرهەنگ دەگەڕێتەوە و لەنێو بووکەشووشەکانی ڕێمیدیۆسدا بەهێمنی سەری سپی دەکات. لە ڕاستییشدا، لە ماوەی ئەو دوو ساڵەی دواییدا، قەرەبووی ژیانی کردبووەوە و تەنانەت قەرەبووی پیرییشی دابووەوە. کاتێکیش بەپێش تاقیگەی زێڕنگەرییەکەدا تێدەپەڕی کە ئورسولا زۆر بەجوانی خاوێنی کردبووەوە، تەنانەت سەرنجی ئەوەشی نەدا، کە کلیلەکان هێشتا بە قفلکەوەن. هەستی بەو شەق و درزناش نەکرد، کە ڕۆژگار بەسەر خانووەکەی هێنابوو، دوای ئەو هەموو ونبوونە زۆرە، هەرکێیەکی دیکە بووایە کە یادەوەرییەکانی زیندوو و چالاک مابێتن، ئەم گۆڕانکارییانەی بە کارەساتاوی دەزانی. نە گەچە هەڵقلیشاوەکانی سەر دیوارەکان نیگەرانیی لەلا دروست کرد، نە تەونی جاڵجاڵۆکە قرێژەکانی بن سووچەکان، نە هەتاو و غوباری سەر گوڵی بێگۆنیا، نە ئەو کرۆکانەی مووررووانە کرۆشتبوونی لەسەر کۆڵەکەکان، نە ئەو گژوگیا وردانەی قوژبنی چوارچێوەی دەرگاکان، تەنانەت هیچ تەڵەیەک نەبوو سۆزی یادەوەرییەکانی بە ڕوودا بتەقێنێتەوە. لە هەیوانەکە دانیشت، بەتانییەکی ئاڵاندبووە خۆیەوە، بەبێ ئەوەی چەکمەکانی دابکەنێ، بەدرێژاییی ئەو پاشنیوەڕۆیە دانیشتبوو و سەیری بارانی دەکرد، کە چۆن دەبارێتە سەر گوڵەبێگۆنیا، وەک بڵێی چاوەڕێی ئەوە بکات خۆشی بکاتەوە. ئیدی ئورسولا لەوە تێگەیشت، کە ناتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژ لە ماڵ گلی بداتەوە، بۆیە بە خۆی دەگوت، "ئەگەر شەڕیش نەبێ، خۆ

مردن هەیە." ئەم ئەگەرەی هەند لەلا ڕوون و ئاشکرا بوو، بە پێشبینییەکی چواند.

ئەو ئێوارەیە، لە کاتی شێوخواردندا، یەکێک لە جمکانەکە مەزەنەی ئەوە دەکرا، کە ئاورێلیانۆی دووەم بێت، بە دەستی ڕاستی نانەکەی ورد کرد و بە دەستی چەپیشی شۆرباکەی خوارد. براکەی دیکەی، ئەوەی وا مەزەنە دەکرا کە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بێت، بە دەستی چەپی نانی ورد کرد و بە دەستی ڕاستیشی شۆرابەکەی خوارد. جووڵەکانیان هەند هاوتەریب و ورد بوون و پێکەوەش ئەنجامیان دەدا، کەس بڕوای نەدەکرد دوو برا بن و بەرامبەر بە یەک دانیشتبێتن، بەڵکوو یەک کەسە و بەرامبەر بە ئاوێنەیەک دانیشتووە. ئەم جمکانەیە ئەم نمایشەیان داهێنابوو، ئەو دەمە دایان هێنا، کە هەموو هەستیان دەکرد وەک دوو قەترەی ئاو پێک دەگەن؛ ئەم نمایشەیانە بە شەرەفی میوانە تازەکە ئامادە کرابوو. سەرباری ئەمەش، ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، هیچ تێبینییەکی نەکرد. خۆی زۆر بە غەریب لەو شوێنە دەهاتە پێشچاو، تەنانەت کاتیک ڕێمێدیۆسە جوانەکیلەکەش بەڕووتی بەرەو ژوورەکەی گەڕایەوە، سەرهەنگ هیچ سەرنجێکی نەدا. ئورسولا تاقە کەس بوو وێرای لەناو داڵغەکانی بیهێنێتەوە ئاگا.

لە کاتی نانخواردندا پێی گوت، "ئەگەر نیازتە جارێکی دیکە بڕۆیتەوە، ئەوە بە لایەنی کەمەوە هەوڵ بدە ئەم ئێوارییەت لەیاد بێ."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، بەبێ ئەوەی بحەپەسێ یا نیگەران ببێ، لەوە تێگەیشت کە ئورسولا تاقە مرۆڤ بوو

کە بە ڕاستی و دروستی پەی بە هەموو کوێرەوەرییەکانی دەبا، دوای چەندین ساڵ، ئەوە یەکەمین جار بوو وێرای تەماشای ناو چاوی بکات. پێستی چرچولۆچ ببوو، ددانەکانی ڕزیبوون، قژی هەڵکەچرابوو، بێڕەنگ دیار بوو، نیگاکانی کوژاوە بوون. لەگەڵ ئەو وێنەیە بەراوردی کرد، کە لە پاشماوەی یادەوەرییەکانییەوە یادی کردەوە: وێنەی ئەو پاشنیوەڕۆیەی هاتەوە یاد، کە پێشبینیی کەوتنی مەنجەڵە شۆرباکەی سەر مێزەکەی کردبوو. بەدوای ئەو وێنە وردوخاشەدا دەگەڕا، لەپڕێکدا قڵیش و برین و ئەو پەڵە مۆرانەی سەر ڕوخساری بینی، کە ژیانی ڕۆژانەی نیوەسەدە دروستیان کردبوو، هەستی بە ئەوەش کرد، کە ئەم داڕووخان و وێرانییە هیچ شتێکی لە ناخیدا نابزوێنێ، تەنانەت بەزەییشی پێدا نایەتەوە. سەرەنگ دوا هەوڵ و تەقەڵلای دەدا، تا بزانێ لە چ سووچێکی دڵیدا ئەوین هەلاهەلا بووە و لە توانای سەرەنگدا نییە دەستی بەسەردا بگرێ. جاران، هەر بە لایەنی کەمەوە، هەستی بە ئینتیباعێکی شەرمنی تیکەڵوپێکەڵ دەکرد، کاتیک هەستی بکردبا بۆنی ئورسولا لەسەر پێستەکەی نیشتۆتەوە، زۆر جاریش وا ڕێک دەکەوت، کە بیرکردنەوەکانیان هاوجووت ببن. جەنگ هات و هەموو ئەم شتانەی دوورییەوە. تەنانەت ڕێمێدیۆسیش، هاوسەرەکەی خۆی، حاڵی حازر لە وێنەیەکی لێڵتریاتر شتێکی دیکە نەبوو، بە وێنەی کچی خۆشی دەشیا. ئەو ژنە بێژمارانەی لە بیابانی ئەویندا ناسی و تۆوی خۆی لە سەرتاپای کەناراوەکاندا چاند، هیچ ئاسەوارێکیان لەنێو دڵیدا نەمابوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەو ژنانەی لەنێو تاریکیی

شـەواندا خۆیـان خزاندبـووە نێـو جێگەکـەی و بەربەیانیـش جێیان هێشتبوو؛ هیچ ئاسەوارێکیشیان بۆ ڕۆژی دوایی جێ نەدەهێشـت، لـە قێزەونییـەک بتـرازێ، کـە زاکیـرەی جەسـتە هەڵـی دەگـرێ. تەنهـا سـۆزێک توانیبێتـی بەرامبـەر بـە کات و شـەڕ خـۆی نـەدات بەدەسـتەوە، ئـەو سـۆزە بـوو، کـە بۆ براکـەی هەیبـوو: خۆسـێ ئەرکادیۆ، سۆزی ئـەو زەمانـەی کە منداڵ بوون، ئەویش سۆزێک نەبوو بەرهەمی خۆشەویستی بێت، بەڵکوو بەرهەمـی هاودەمـی بـوو.

داوای لێبوردنـی لـە داخوازییەکەی ئورسـولا کرد و گوتـی، "داوای لێبووردنـت لـێ دەکـەم. جەنـگ هەمـوو شـتێکی لـە کەڵـک خسـت."

بـۆ مـاوەی دوو ڕۆژ، خـۆی بـە تێکدانـی سـەرجەم ئـەو ئاسەوارانەوە خەریک کرد، کە لە ژیاندا دروستی کردبوون. تاقیگـەی زێڕنگەرییەکـەی پشـکنی، تەنهـا ئـەو شـتانەی هێشـتەوە، کـە لەوەوپێـش نەیبینیبـوون و نەناسـراو بـوون لای، شـتومەکە شەخسـییەکانی بەخشـییە خزمەتـکارەکان و چەکەکانیشـی هـەر لـە شـوێنی ڕمەکـە شـاردەوە، کـە کاتـی خـۆی باوکـی، پرودێنسـیۆ ئاگیـلاری پـێ کوشـتبوو. تەنهـا دەمانچەیـەک و فیشـەکێک نەبـێ، لای خـۆی گلـی دانـەوە. ئورسـولا خـۆی هەڵنەقورتانـدە ئـەو کارەوە. یـەک جـار نەبێ، ویسـتی سـەرهەنگ لـەوە پەشیمانی بکاتـەوە، تا وێنـە گیراوەکـەی ڕێمێدیـۆس نەشـکێنێ، کـە لـە هۆڵەکـە داندەنـرا و لەتەنیشتیشـی مۆمێکـی داگیرسـاویان دانابـوو. ئورسـولا پێـی گـوت، "زۆر دەمێکـە، ئـەم وێنەیـە مولکـی تـۆ نییـە. ئەمـە یادەوەرییەکـی پیـرۆزی بنەماڵەکەیـە." تەنهـا ڕۆژێـک

پێش ئاگربەست، چیی دی شتێک لە ماڵەکە نەمابوو، کە پەیوەست بێت بە یادەوەرییەکانی ئەوەوە؛ لەو دەمەی کە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد خەریک بوو بۆ نانکردن فڕنیەکەی دادەگیرساند، سەرهەنگ ئاوریلیانۆ بوێندیا باوڵە پڕهۆنراوەکەی هەڵگرت و چووە مەتبەخەکەوە.

لوولە کاغەزە زەردهەڵگەڕاوەکانی بۆ درێژ کرد و پێی گوت، "بەمانە دای بگیرسێنە. ئاگر باشتر دەگرێ، شتگەلێکی زۆر کۆنن."

سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، ئەوێک هەندە بێدەنگ و موجامیل بوو، دڵی کەسی زیز نەدەکرد، تەنانەت منداڵەکانی خۆشی، هەستی کرد کارێکی قەدەغەکراوی پێ ڕادەسپێرێ و وەلامی دایەوە، "ئاخر ئەم کاغەزانە زۆر گرینگن."

سەرهەنگ وەلامی دایەوە و گوتی، "هیچ گرینگییەکیان نییە. شتگەلێکن، کە هەر بۆ کەیف نووسراون."

"کەواتە، سەرهەنگ، هەر خۆتان بیسووتێنن."

بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک، باوڵەکەی دایە بەر دەمە تەور و پارچەکانی فڕێ دایە فڕنەکەوە. چەند سەعاتێک پێش ئەو ڕووداوە، پیلار تێرنێرا هاتبوو چاوی پێ بکەوێ. دوای ئەو هەموو ساڵە، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تووشی حەپەسان و سەرسووڕمان بوو کاتێک ئەو ژنەی بینی هەند پیر و قەڵەو بووە، تریقەی پێکەنینەکانی لەناو چوون، سەری لەوەش سووڕ ما، کە توانای فالگرتنەوەکەی لە جاران لێهاتووترە، بە سەرهەنگی گوت، "ئاگاداری دەمت بە." سەرهەنگ لە خۆی دەپرسی، جاری پێشووش، کاتێک هەمان شتی پێ گوت، کەچی ئەودەم گەیشتبووە لووتکەی

شکۆمەندی، ئایا ئەمە بە پێشبینییەکی زۆر سەرنجراکێشی قەدەری ئەو نییە. دوای چەند ڕۆژێک، دوای ئەوەی پزیشکە تایبەتییەکەی خۆی برینەکانی ژێرهەنگڵی دەرمان کرد، پرسیاری ئەوەی لێ کردبوو، کە دڵ دەکەویتە کوێوە، بە جۆرێک، وەک بڵێی هیچ گرینگییەکیشی نەبووبێ. پزیشکەکەش لۆکەیەکی لە گیراوەی یۆد هەڵکێشا و بازنەیەکی لەسەر سینەی دروست کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ڕۆژی ئاگربەست بوو: ڕۆژێکی مەیلەوگەرم و باراناوی بوو. سەعات پێنجی بەیانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە مەتبەخەکە خەریکی خواردنەوەی قاوەیەکی بێشەکر بوو و ئورسولا پێی گوت، "ئەمڕۆ هەمان ئەو ڕۆژەیە، کە تۆ هاتیتە دنیاوە. چاوەکانت زەق و ترسیت دەخستە دڵی هەموو خەڵکەوە." وەک بڵێی گوێی لە ئورسولا نەبووبێت، هەموو سەرنج و هۆشێکی لەلای ئامادەکارییەکانی لەشکر بوو، دەنگی ترامپێت، فەرمانەکانیش پاک و بێگەردیی ئەو سەرلەبەیانییەیان دەشڵەقاند. دوای چەند ساڵی شەڕ و پێکدادان، گشت ئەو ژاوەژاو و هەراوهوریایانەی بەرگوێ کەوت، وەک بڵێی بە گوێی ئاشنا بن، کەچی ئەم جارەیان هەستی کرد ئەژنۆکانی شکاون، دەتگوت هەست بە گرژبوونی پێستیشی دەکا، تووشی حاڵەتێک بوو، وەک ئەوەی گەڕابێتەوە سەردەمی لاوی و چاوی بە ژنێکی ڕووت بکەوێ. کەوتە نێو تەڵەیەکی نۆستالژییەوە، بیری لەوە کردەوە، ئەگەر بهاتبا زەماوەندی لەگەڵ ئەو ژنە کردبا، ڕەنگە ببووایە بە پیاوێک، نە شەڕی دەبینی، نە شکۆمەندی، دەبووە کاسبکارێکی ئاسایی،

جۆرە ئاژەڵێکی دڵخۆش. ئەم رامەمێنە درەنگوەختـە، بـە هیـچ شێوەیەک چاوەڕێی نەکردبوو، تامێکی تاڵی بەخشییە قاوەڵتییەکـەی. سـەعات شەشـی بەیانـی، کاتێـک سـەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکێز لەگەڵ دەستەیەک ئەفسـەری یاخـی هاتـن بیبـەن، بینیـی لـە جـاران بێدەنگتـرە، ڕۆ چۆتـە نێـو خەیـاڵ و داڵغەکانـی، هەرگیزیـش هەنـدە تەنیـا نەبیرابـوو. ئورسـولا ویسـتی بەتانییەکـی نـوێ بـدات بەسـەر شـانیا و پێـی گـوت، "دەبێ پیاوانی دەوڵـەت چۆن بیر بکەنـەوە. ئێسـتا دەڵێن بۆیـە خۆی داوە بەدەسـتەوە، چونکـە پـارەی کڕینـی بەتانییەکیشـی نەبـوو." بـەڵام سـەرهەنگ بەتانییەکـەی ڕەت کـردەوە. گەیشـتبووە بـەردەرگای مـاڵ، بینیـی بـاران بەخـوڕ دەبـارێ، شـەپقەیەکی کۆنـی هەڵگـرت؛ شـەپقەیەکی لبـاد بـوو، هیـی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بـوو. ئورسـولا جارێکی دیکـە بانگـی کـردەوە، "ئاورێلیانـۆ، ئەگـەر چارەنووسـێکی نەخـوازراوت هاتـە ڕێ، بەڵێنـم بـدەرێ بیـر لـە دایکـت دەکەیتـەوە."

ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بزەیەکـی کـرد و دەسـتی سـڵاوی بـەرز کـردەوە و بەبێ ئـەوەی هیـچ بڵـێ، ماڵـی جێ هێشـت: هـاوار و هووهـا و گلەیی و گازندە و جوێن دەبارینـە سـەری، تاکـوو لـە گونـد دوور کەوتـەوە. ئورسـولا دەرگای قفڵ دا، بڕیاری لەگەڵ خۆی براندەوە، تاکوو لە ژیان مـاوە، دەرگا لـە کـەس نەکاتـەوە. لـە دڵـی خۆیـدا دەیگـوت، "لێـرە دەبێ بگەنێین، لێرە، ئا لـەم شوێنەدا. هـەر لێرە، بەبێ پیـاو، هەمووومـان دەبینـە خـۆڵ و خاشـاک، بـەڵام نابێ بـە گریـان و فرمێسکڕشـتن دڵـی ئـەو ناکەسـبەچانە خـۆش بکەیـن." ئـەو سـەرلەبەیانییە، ئورسـولا هەمـوو سووچێکی ماڵەکـەی بەسـەر

کردەوە بۆ ئەوەی چمکێکی یادەوەریی کوڕەکەی ببینێ، کەچی هیچی نەبینی. ڕێوڕەسمەکە بیست کیلۆمەترێک لە دەرەوەی ماکۆندۆ بەڕێوە چوو، لەژێر سایەی درەختێکی بەرزی سەیبا، دواتر هەر لەو شوێنە گوندی نیەرلێندیای لێ دروست کرا. شاندی حکومەت و پارتەکانی لێ بوو، لیژنەیەکی شۆڕشگێڕانیش کاری ئەوەیان پێ سپێردرابوو، کە چەکەکانیان دابنێن، دەستەیەکی گەنجی ناشی بە جلوبەرگی سپییەوە، هەر بە ڕەوەکۆتریکی ترساویان دەکرد لەژێر ڕێژنەبارانەدا بفڕن، پێشوازییان لێ کردن. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بە سواری بارگیرێکی قوڕاوییەوە گەیشتە ئەوێ. ڕیشی نەتاشیبوو، ئەوەندەی برینەکانی ژێرهەنگڵی ئازاریان دەدا، ئەوەندە خەمی لەو ئاشبەتاڵە نەدەخوارد، چونکە هەموو هیوایەکی گەیشتبووە بنەبەست، لە دەرەوەی سنووری شکۆمەندی و سۆزی شکۆمەندی. پێشنیارەکانی بەهەند وەر گیران: ڕێوڕەسمەکە بەبێ مۆسیقا و تەرەقە و دەهۆڵ و زوورنا بەڕێوە چوو. دوور لە هەموو کەیفوخۆشییەک، کە بۆی هەبوو وێنەی پرسەئامێزیی ئەم ئاگربەستنە تەڵخ بکات. وێنەگرێکی گەڕۆک، تاقە وێنەیەکی ئەوی گرت، کە دەکرا ئەو وێنەیە بمێنێتەوە ئەگەر بێت و ناچار نەکرابا، پێش ئەوەی عەکسەکان بشواتەوە، هەموو پلاکەکانی بشکێنێت.

ماوەی ئەو ڕێوڕەسمە ئەوەندەی خایاند، کە واژۆی ڕێککەوتنامەکە بکرێت. مێزێکی گوندییانەیان لە ناوەندی خێوەتێکی شپڕێوی سێرک دانابوو، ئەندامانی شاندەکە لەدەوری مێزەکە دانیشتبوون، چەند ئەفسەرێکی بەوەفاو و

ئەمەکداری سەرهەنگیش لەوێ بوون. پێش ئەوەی ئیمزاکان بکرێن، نمایندەی شەخسی سەرەکی کۆمار ویستی بە دەنگی بەرز بەیانی خۆبەدەستەوەدانەکە بخوێنێتەوە، کەچی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دژی ئەم بڕیارە وەستا و گوتی، "با کاتی خۆمان بە ڕەسمییاتی بێکەڵکەوە نەکوژین. ئامادەییی خۆی نیشان دا، بەبێ ئەوەی ڕێککەوتننامەکە بخوێنێتەوە، ئیمزای بکات. یەکێک لە ئەفسەرەکان ویستی ئەو بێدەنگییە کوشندەیە بشکێنێ، کە لەژێر خێوەتەکەدا پەنگی خواردبووە و گوتی، "سەرهەنگ، تکات لێ دەکەین، تۆ یەکەم جار واژۆی ڕێککەوتننامەکە مەکە."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ئەم تکایەی قبوڵ کرد. کاغەزەکان لەنێو ئەو بێدەنگییەدا، لەسەر مێزەکە دەستاودەستیان دەکرد، بێدەنگییەکی هەند بێگەرد بوو، کە دەکرا لە ڕێگەی خرچەخرچی نووکی پەڕەمووچەکانی سەر کاغەزەکان لە ناوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیە بگەین: شوێنی یەکەمی واژۆکردنەوە هێشتا بەتاڵ بوو. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ خەریک بوو واژۆی دەکرد.

ئەفسەرێکی دیکە بە سەرهەنگی گوت، " سەرهەنگ، هێشتا دەرفەتی ئەوەت هەیە واژۆی نەکەی."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بەبێ دوودڵی، کاغەزی یەکەمی واژۆ کرد. هێشتا دواکاغەزی ئیمزا نەکردبوو، لەپێش دەرچەی خێوەتەکە، سەرهەنگێکی شۆڕشگێر ڕەشمەی بارگیرێکی بە دەستەوە بوو، دوو سندوق باریشی هەڵگرتبوو، پەیدا بوو. سەرباری ئەوەی ئەم سەرهەنگە زۆر لاو بوو، دەموچاوێکی هیشک و ڕەقەڵە و هەیبەتیکی

خۆگری هەبوو. لە مەڵبەندی ماکۆندۆ، خەزنەداری شۆڕش بوو. بۆ ئەوەی لە ئانوساتی خۆیدا بگاتە ڕێوڕەسمەکە، شەش ڕۆژی سەخت و دژوار، بەڕێوە بوو، بارگیرێکی لەبرسامردووی دابووە دوای خۆی. زۆر بەهەڵچوویی، هەردوو سنووقەکەی داگرت و هەڵی ڕشتنە سەر مێزەکە، یەک بەیەک حیسابی کرد، شەستودوو قاڵبە زێڕی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کەس ئاگای لەو قاڵبە زێڕانە نەبوو. لەنێو پاشاگەردانیی ساڵەکانی دواییدا، دوای ئەوەی سەرکردایەتیی ناوەندیی لەبەر یەک هەڵوەشابووەوە، شۆڕشەکە بوو بە ململانێی خوێناوی نێوان سەرکردەکان، زۆر بەزەحمەت دەکرا لێپرسراوییەکان لە ئەستۆ بگیرێن. هەموو زێڕی شۆڕشیان تواندبووەوە و لە شێوەی قاڵبدا دروستیان کردبووەوە، هەروەها بە قوڕەسووریش سواغیان دابوو، ئیدی لە هەموو کۆنترۆڵێک ڕزگاری ببوو. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەرشەستوسێ قاڵبە زێڕەکەی خستە نێو لیستی بەیاننامەی ئاگربەستەکە و بەبێ ئەوەی هیچ ڕاگەیاندنێکیش بخوێندرێتەوە، کۆتاییشی بە ڕێورەسمەکە هێنا. هەرزەکارە ڕەقەڵانەکە لە شوێنی خۆی ڕەق و هێشک بوو، بە چاوە قاوەییە ئاسوودەکانی، چاوی برییە چاوی سەرهەنگ. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لێی پرسی، "لەوە زیاتر چیت دەوێ؟"

سەرهەنگە لاوەکە، بەددانجیڕکردنەوەوە و گوتی، "وەسڵم دەوێ."

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەر بە دەسخەتی خۆی، وەسڵێکی بۆ نووسی. پاشان پەرداغێ لیمۆنادی

لەگەڵ هەندێ پسکیت خواردەوە، کە گەنجە ناشییەکان دەیانبەخشییەوە، ئیتر ژێر خێوەتەکەی جێ هێشت: خێوەتێکی سەربازی بوو، بۆ ئەو کەسەی بیوستبا، جێگەی حەوانەوەشی لێ بوو. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ چووە ژێر خێوەتەکەوە، کراسەکەی لەبەر داکەنی، لەقەراغ قەرەوێڵە سەفەرییەکە دانیشت، سەعات سێ و چارەکی پاشنیوەڕۆ بوو، دەمانچەکەی دەر کرد و گوللەیەکی نایە ناوەند ئەو بازنەیەی پزیشکە تایبەتییەکەی خۆی لەسەر سینەی کێشابووی. لە ماکوندۆ، لە هەمان کاتدا ئورسولا سەرقاپی مەنجەڵی شیرەکەی هەڵگرت، واقی وڕ ما کاتێک بینیی شیرەکە زۆری پێ دەچێ بێتە کوڵ و بینیی پڕی لە کرم بووە.

هاوارێکی لێ بەرز بووەوە و گوتی، "ئاورێلیانۆیان کوشت!"

ئورسولا لەبەر ژیانی تەنیایی، خوویەکی هەبوو، لەپڕێکدا سەیری حەوشەکەی کرد، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای بینی، لە ناو هەڵکیشرابوو، تا بڵێی غەمگینیش دیار بوو، زۆر لەپێش مردنیشی پیرتر دیار بوو. ئورسولا وردتر، "بە غەدر کوشتیان، کەسێک نەبوو بەزەییی پێدا بێتەوە و پێڵووی چاوەکانی دابخا." کە شەو ڕاشکا، لەنێو ئەسرینەکانی، لە ناوجەرگەی ئاسماندا چاوی بە چەند دیسکێکی بازنەیی کەوت، خێرا و پزیسکهاوێژ بوون، هەر بە ئەستێرەی کشاویان دەکرد، بە پێشچاویدا تێدەپەڕین و بیری دەکردەوە، کە ئەمانە ئاماژەی مەرگن. کاتێکیش لە دەرگایان دا، هێشتا ئورسولا لەژێر داربەڕووەکە، لە

باوەشـی مێردەکەیـدا بـوو و دەگریـا؛ ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگیان هێنابووەوە، لەنێو بەتانییەکیان پێچابوو، خوێنە هیشکەوەبووەکەی بەتانییەکـەی ڕەق کردبوو، لـە حەژمەتـدا، چاوەکانـی زەق زەق بـوون.

لـە مـردن ڕزگاری بـوو. گولـلەکە بـە شـێوەیەکی ڕێـک ڕێـڕەوی خـۆی بڕیبـوو، پزیشـکەکە فتیلەیەکـی لـە گیـراوەی یـۆد هەڵکێشـا بـوو و توانیی لەپشـتیەوە گولـلەکە دەر بهێنێ. پزیشـکەکە زۆر لـە کارەکـەی خـۆی ڕازی بـوو و پێـی گـوت، "ئەمـە یەکێـک بـوو لـە شـاکارەکانم. بـە شـێوەیەک گولـلەکە تێپەڕیبـوو، بـەر هیـچ ئەندامێکـی هەسـتیار نەکەوتـووە." ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ دەسـتەیەک قوتابیـی دڵۆڤانـی لـەدەور بینـی، بێهیوایانـە خەریکـی خوێندنـەوە چەنـد تەرتیلەیەکـی ئایینـی بـوون بـۆ ئـەوەی سـەرهەنگ بیاتـە دواشارامـگا ؛ هـەر وەک چـۆن لـە بنەڕەتیشـدا بیـری لـێ کردبـووەوە، لـە خـۆی پرسـی، بۆچـی لوولـەی دەمانچەکـەی نەخسـتە دەمیـەوە، تەنهـا هـەر لەبـەر ئـەوەی فالگرتنەوەکـەی پیـلار تێرنێـرا بـەدرۆ بخاتـەوە.

سـەرهەنگ بە پزیشـکەکەی گـوت، "ئەگـەر دەسـەڵاتم شـک ببردایـە، ئـەوە دەسـبەجێ گولـلەبارانم دەکـردی. نـەک لەبـەر ئـەوەی ژیانـت کڕیمـەوە، بەڵکـوو لەبـەر ئـەوەی منـت کـردە گاڵتەجـاری ئـەو هەمـوو خەڵکـە."

لـەدوای شکسـتی ئـەم خۆکوژییـە، لـە مـاوەی چەنـد سـەعاتێکدا، جارێکـی دیکـە شانوشـەوکەتی جارانـی بـۆ گەڕانـدەوە، کـە پێشـتر ونـی کردبـوو. هـەر ئەوانـەی کـە بوختانیـان بـۆ هەڵبەسـتبوو کـە گوایـا شـەڕی هـەڕاج کـرد

بۆ ئەوەی لە خانوویەکدا پاڵ بداتەوە، کە دیوارەکانی خشتی زێر بن، دەیانگوت هەوڵی خۆکوشتنەکەی لەپێناو ئەوەدا بوو، کە شەرەف و کەرامەتی بکڕێتەوە و لە پلەی شەهید سەیریان دەکرد. دواتر، کاتێک سەرەککۆمار ویستی خەڵاتی بکات، ڕەتی کردەوە، تەنانەت نەیارە هەرە سەرسەختەکانیشی تا ژووری خەوتنەکەی هاتبوون و خۆپیشاندانیان دەکرد و داوایان لێی دەکرد بە شێوەیەکی ڕەسمیی دان بە ئاگربەستەکەدا نەنێت و با جارێکی دیکە شەڕ هەڵبگیرسێنێتەوە. ماڵەکەیان پڕ لە دیاری کردبوو بۆ ئەوەی قەرەبووی گشت ئەو ناهەقییانەی پێ بکەنەوە. درەنگتر، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ زۆری لەلای سەیر بوو، کە هاوسەنگەرە دێرینەکانی ئەوەندە پشتیوانیی لێ دەکەن، بۆیە بە دووری نەزانی بەتەنگیی داواکانیانەوە بچێ. بە پێچەوانەشەوە، هەندێ جار بە بیرۆکەی هەڵگیرساندنی شەڕێکی دیکە زۆر گەرموگوڕ بوو، سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکێزیش وای لێک دەدایەوە، سەرهەنگ تەنها چاوەڕێی پاساوێک دەکات. ئەم پاساوەش بە کردار قوت بووەوە کاتێک سەرەککۆمار، پێدانی خانەنشینیی بۆ جەنگاوەرە دێرینەکان ڕەت کردەوە پێش ئەوەی دۆسیەکان یەکبەیەک پێداچوونەوەی بۆ نەکرێ، لیژنەیەکی تایبەتییش بەم کارە هەڵنەسەنگێنێ، یاسایەکیش لەم بارەوە لەلایەن پەرلەمانەوە هەموار نەکرێتەوە؛ جا چ سەر بە لیبراڵەکان بووبێتن یا سەر بە پارێزگاران. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ نەڕەیەکی لێ بەرز بووەوە و گوتی، "ئەمە دژ بە یاسایە. تا بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەم هەواڵەیان پێ دەگات، سەر

و ڕیشـیان تـەواو سـپی دەبێ." بۆ یەکـەم جـار، لەسـەر کورسییە بزێوەکەی هەڵسایە سەر پێ، ئەو کورسییەی کە ئورسـولا لـە کاتـی بریندارbوونەکەیـدا بـۆی کڕیبـوو، بەنـاو ژوورەکـەدا دەهـات و دەچـوو و بەبێ هیچ سێ و دووەیـەک و بەبێ هیچ دوودڵییـەک، نامەیەکـی بـۆ سـەرەککۆمار نووسی. تەلەگرامێکی نارد، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەرگیز بۆ ڕای گشـتی ئاشکرا نەکرا، یەکـەم سـەرپێچیی ڕێککەوتننامـەی نییەرلاندیـای سـەرکۆنە کـرد، هەروەهـا هەڕەشـەی ئەوەشـی کـرد، ئەگـەر بێـت و لـە مـاوەی پـانزە ڕۆژدا مووچـەی خانەنشـینان دابیـن نەکـرێ، ئـەوە ئـەم جارەیـان شـەڕێکی بێبەزەییانـە هەڵدەگیرسـێنێ. ئـەم هەڵوێسـتوەرگرتنە هەنـد دادپەروەرانـە بـوو، کـە چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرا جەنگاوەری پارێزگارانیـش بهێنـە پاڵیـەوە. کەچـی لەجیاتـی هەمـوو وەڵامێک، بـە بیانـووی ئـەوەی دەبێ پارێزگاریـی زیاتـری لێ بکـرێ، حکومـەت ژمـارەی ئـەو پاسـەوانانەنی زیـاد کـرد، کـە پاسـەوانیی دەوروبـەری ماڵەکەیان دەکرد و هەروەهـا هەمـوو سەرلێدانێکیشیان لێ قەدەغـە کرد. لـە سەرتاسـەری وڵاتیش، ئیجرائاتـی لـەم چەشـنەیان دژ بـەو سـەرکردانە وەر گـرت، کـە لەژێـر چاودێریـدا بـوون. ئۆپێراسـیۆنەکان لـە هەلومەرجێکـی گونجـاودا تەقینـەوە و بـە شـێوەیەکی هەنـد بنبڕکـەر و کاریگـەر بـوون، تەنهـا دوو مانـگ دوای ئاگربەسـتنەکە، ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بەتـەواوی چـاک ببـووەوە، ڕاوێژکـەرە هـەرە بڕیاربەدەستەکانیشـی، یـا گیانیـان لەدەسـت دابـوو، یـا دوور خرابوونـەوە، یـا ئەوەتـا بـۆ یەکجارەکـی سـەرقاڵی کاروبـاری گشـتی بـوون.

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە مانگی کانوونی دووەمدا ژوورەکەی جێ هێشت، سەیرکردنێکی هەیوانەکە بەس بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بیر لە جەنگ نەکاتەوە. ئورسولاش هەند چوستوچالاک بوو، زەحمەتە مەزەنەی تەمەنی بکرێت، کاتێک بینیی کوڕەکەی لە مردن ڕزگاری بووە، دەستێکی بەناو ماڵەکدا هێنابوو و گوتی، "دە با بزانن من کێم. لەم ماڵە ڕێکوپێکتر نییە، لەم شێتخانەیە میوانڕاگرتر دەست ناکەوێ." ئورسولا ماڵەکەی خاوێن کردەوە و سەرلەنوێ بۆیاغی کردەوە، کانتۆر و دۆلابەکانی گۆڕی، باخچەکەی نۆژەن کردەوە، تۆوی گوڵی نوێی چاند، دەرگا و پەنجەرەکانی کردەوە و هەتاوی هاوین ژوورەکانی خەوتنی پڕ لە تیشک و ڕووناکی دەکرد. کۆتاییشی بەو چەند پرسەیە هێنا، کە یەک لەسەر ئەوی دیکە کۆ بووبووەوە، دەستێکی بە سەروسیمای خۆشیدا هێنا و جلوبەرگە پرسەئامێزەکانی داکەنی و جلوبەرگی نوێی و دڵخۆشانەی لەبەر کرد. دەنگی مۆسیقای پیانۆ میکانیکەکە جارێکی دیکە ڕۆحی شادیی کردەوە بەر ماڵەکە. ئامارانتا هەر کە گوێی لەو مۆسیقایە دەبوو، پیەترۆ کرێسپی دەهاتەوە یاد، یادی گوڵی یاسەمینی شەوانەی دەکرد، بۆنی لاڤاند و لەنێو دڵە پەژموردەکەیدا دەبووژایەوە، ڕکێکی تازە چەکەرەی کرد، بەڵام زەمەن خاوێنی کردبووەوە. پاشنیوەڕوانێک، خەریک بوو هۆڵەکەی دەڕازاندەوە، ئورسولا داوای لەو سەربازانە کرد، کە پاسەوانیی ماڵەکەیان دەکرد، تا یارمەتییەکی بدەن. فەرماندە لاوەکە مۆڵەتی پێ بەخشین. تا دەهاتیش، ئورسولا ئەرکی نوێی پێ دەسپاردن. بۆ نانخواردن بانگی

دەکردن، جلوبەرگ و پێڵاوی بەدیاری پێشکەش دەکردن، فێری نووسین و خوێندنەوەی دەکردن. کاتێکیش دەوڵەت ئیجراائاتی پاسەوانییەکەی سووکتر کرد، یەکێکیان لەماڵەکەی ئورسولا مایەوە و لەوێ دەژیا، بۆ چەندین ساڵ بەردەستییانی دەکرد. ڕۆژێکیان، فەرماندە لاوەکە، لە داخی ئەوینی ڕیمێدیۆسە جوانکیلە شێت ببوو و لاشەکەیان لە بەردەرگا دۆزییەوە، لەگەڵ خۆرهەڵاتنی ساڵی نوێدا، گیانی دەر چووبوو.

# ١٥

دوای چەند ساڵێک، ئاوریلیانۆی دووەم لەسەر جێگەکەی خەریک بوو گیانی دەدا، ئەو پاشنیوەڕۆ باراناوییەی هاتەوە یاد، کە بەهەڵپە چووبوو بۆ ژووری خەوتن، تا چاوی بە منداڵە تازەلەدایکبووەکە بکەوێ. سەرباری ئەوەی منداڵێکی دەغەزار و نەخۆش و گرینۆک بوو، تەنانەت هیچ خەت و خاڵێکیشی نەدەچووە سەر بنەماڵەی بوێندیا، باوکی زۆر دانەما لەوەی ناوێکی لێ بنێ و گوتی، "ناوی دەنێین، خۆسێ ئەرکادیۆ."

فێرناندا دیل کارپیو، ئەو ژنە جحێڵەی ساڵێک دەبوو گواستبوویەوە، لەم ناولێنانە ڕازی بوو. کەچی ئورسولا نەیتوانی ئەو نیگەرانییە بشارێتەوە، کە لەسەر ڕوخساری نیشت. دووپاتکردنەوەی ناوەکان لە مێژووی دووروودرێژی ئەو بنەماڵەیەدا، دەرئەنجامێکی یەکلاییکەرەوەیان هەبوو. ئەوانەی ناویان ئاوریلیانۆیە، گۆشەگیر و وریان، ئەوانەی ناویشیان خۆسێ ئەرکادیۆشە، بزۆز و کارگێڕن، کەچی هەڵگری هێمایەکی کارەساتاوییشن. بەلام حاڵەتی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم و ئاوریلیانۆی دووەم ئەم دەرئەنجامەیان

قبوڵ نەدەکرد. هەر لە منداڵییەوە، هەند پێک دەچوون، هەند بێعار بوون، تەنانەت سانتا سۆفیا دێ پیەدادیش نەیدەتوانی لەیەکیان جودا بکاتەوە. ئامارانتا لە ڕۆژی لەئاوهەڵکێشانیان، سەروبازنەی کردە مەچەکیان، لەسەر هەر دەسبەندێکیش، ناوی منداڵێکی لەسەر نووسرا بوو، ڕەنگی جلوبەرگەکەشیان جیاواز بوو، بۆ ئەوەشی بناسرێنەوە، لەسەر کراسەکانیان پیتی یەکەمی ناویانی لەسەر چنیبوو، بەڵام کاتێک چوونە قوتابخانە، دەسبەند و شتە تایبەتەکانی خۆیان گۆڕییەوە، بۆیە هەریەکە ناوی ئەوەی دیکەی هەڵگرت. مێلچۆر ئێسکالۆنا، مامۆستای قوتابخانەکە بوو، ڕاهاتبوو خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بە کراسە سەوزەکەی بناسێتەوە، بەڵام نەیدەزانی سەری خۆی بۆ کوێ هەڵبگرێ، کاتێک بینیی ئەمیان دەسبەندی ئاورێلیانۆی دووەمی لەمەچەکە و دەیگوت، ناوم ئاورێلیانۆی دووەمە، بەڵام کراسەکەی بەری سپی بوو و لەسەر دەسبەندەکەشی ناوی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم نووسرابوو. چیی دی یەک لە ئەوی دیکە جودا نەدەکرایەوە. پێکەوە گەورە بوون و ژیان جیاوازییەکانیانی دەر دەخست، کەچی ئورسولا هەمیشە لە خۆی دەپرسی، ئایا دەبێ هەر خۆیان ئەم هەڵەیەیان نەکردبێ و دەسبەندەکانیان نەگۆڕیبێتەوە و بۆ هەتاهەتاش ناوەکانیان ئاڵوێری یەکتر نەبووبێتن. تا قۆناغی پێش هەرزەکارییش، بە دوو ئامێری میکانیک دەچوون، وێکڕا قورمیش کرابێتن. پێکەوە، لە هەمان ئانوساتدا، لە خەو هەڵدەستان، لە هەمان کاتیشدا ئارەزوویان دەکرد بچنە سەرئاو، تووشی هەمان نەساغی دەهاتن، تەنانەت شەوانیش هەمان خەونیان دەبینی. لە ماڵ،

هەموو بڕوایان وا بوو ئەم دوو منداڵە هەر بۆ عەنتیکەیی، بۆ ئەوەی سەر لە خەڵکی تێک بدەن، بۆیە کارەکانیان پێکەوە و لە هەمان کاتدا ئەنجامی دەدەن، لە ڕاستیشدا کەس نەیدەزانی چی لە ڕابردوودا ڕووی داوە، تا ئەو ڕۆژەی سانتا سۆفیا دێ پیەداد پەرداغێ لیمۆناد دەداتە یەکێکیان، هێشتا لیمۆنادەکەی تام نەکردبوو، ئەوەی دیکەیان گوتبووی بێشەکرە. لە ڕاستیدا، سانتا سۆفیا دی پیەداد بیری چووبوو شەکری تێ بکات، ئەم ڕووداوەی بۆ ئورسولا گێڕابووەوە و ئورسولاش بەبێ هیچ سەرسووڕمانێک پێی گوتبوو، "هەموویان وان. بەشێتی لەدایک دەبن." کاتیش شتەکانی ئاوێتەی یەک کرد. دوای ئەو دەسبەندگۆڕینەوەیە، ئەوەی ناوی ئاورێلیانۆی دووەمی هەڵگرتبوو، وەک باپیرەی چوارشانە و کەتە بوو، ئەوەی دیکەشیان کە ناوی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی بەر کەوت، وەک سەرهەنگ ڕەقەڵە بوو، تاقە سیمای هاوبەشیان، گۆشەگیرییەک بوو، کە ئەو بنەماڵەیە خووی پێوە گرتبوو. بێگومان ئاڵوگۆڕپێکردنی ناو و خەسڵەت و ڕەنگ و ڕوو بوو وای لە ئورسولا کرد، کە ئەم تێکەڵیوپێکەڵییە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵییان.

جیاوازییە بنەڕەتییەکان لە ناوجەرگەی شەڕدا دەر دەکەون، ئەو کاتەی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم داوای لە سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکێز کردبوو، کە لەگەڵ خۆی بیبات بۆ نمایشی ئیعدامکردن. ئورسولا قاییل نەبوو، کەچی ئارەزووەکەی ئەو پەسەند کرا. بە پێچەوانەی ئاورێلیانۆی دووەم، هەر کە گوێی لە گوللەبارانکردنی یەکێک بووایە، موچڕک بە لەشیدا دەگەڕا. ئەو حەزی بەماڵەوە دەکرد.

لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا، لە ئورسولای پرسیبوو، دەبێ ئەو ژوورە داخراوە چیی تێدا بێ، ئورسولاش وەڵامی دابووە و گوتبووی، "کاغەز. کتێبەکانی میلکییادیسی تێدایە، ئەو نووسراوە غەریب و عەجیبانەی لە دواساڵەکانی ژیانیدا نووسیبوونی." لەجیاتی ئەوەی ئەم وەڵامی بزۆزییەکەی دابمرکێنێتەوە، هەندەی دیکە جۆش و خرۆشی لەلا دروست کرد. هەندە پەڵپ و وڕکی گرت و سوێندی خوارد کە دەست لە هیچ شتێکەوە نادات، تا دواجار ئورسولا کلیلەکەی پێ دا. دوای ئەوەی تەرمەکەی میلکییادیسیان هێنابووە دەرێ، کەس نەچووبووە ئەو ژوورە، قفلیان لە دەرگاکە دابوو، ژەنگیش هەموو پارچەی قفڵەکانی پێکەوە نووساندبوو. بەلام دوای ئەوەی ئاورێلیانۆی دووەم پەنجەرەکانی کردەوە، ڕووناکییەکی ئاشنا دەر کەوت، دەتگوت عادەتی گرتووە و هەموو ڕۆژێک ئەو ژوورەی ڕووناک کردۆتەوە، هیچ ئاسەوارێکی غوبار و تەونی جاڵجاڵۆکەشی لێ نەبوو، تەواو بە پێچەوانەوە: پاکوخاوێن دیار بوو، گسکدراو، زۆر پاکتریش دیار بوو لەو ڕۆژەی میلکیادیسیان تیا ناشتبوو، تەنانەت هێشتا بنی مەرەکبدانەکەش وشک نەبووبووەوە، ژەنگ هێشتا ڕەونەقی میتاڵەکانی تەڵخ نەکردبوو، پەنگرەکانی ژێر کەمۆڵەی گیراوەی ئاتانۆریشدا، کە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەڵمی جیوەی لێ دەر دەهێنا، هێشتا خامۆش نەبووبوونەوە. لەسەر ڕەفەکانیش کتێبگەلێک دەبنیران، کە کارتۆنی ڕەنگپەڕیویان دابوو بەسەریانا، هەر بە پێستی ڕەنگکراوی مرۆڤیان دەکرد، دەسنووسەکان وەکوو خۆیان بوون، کەس دەستی بۆ نەبردبوون. چەندین

ساڵ بوو ئەو ژوورە بەداخراوی مابووەوە، کەچی هەوای ژوورەکە لە هەوای سەرجەم ماڵەکە پاکتر دیار بوو. ژوورەکە هەند ڕێکوپێک و جوان بوو، کاتێک ئورسولا، دوای چەند هەفتەیەک، بە خۆی و سەتڵێ ئاو و گسکێکەوە چوو بۆ ئەوەی زەوییەکەی پاک بکاتەوە، کەچی سەرنجی دابوو، پێویستی بە هیچ پاککردنەوەیەک نییە. ئاوریلیانۆی دووەم نووشتایەوە بەسەر کتێبەکاندا و دەستی کرد بە خوێندنەوەیان. کتێبەکان نە بەرگیان هەبوو، نە ناوونیشانی لەسەر بوو، کەچی منداڵەکەی خاو نەدەکردەوە، بە لەزەت و چڵێسییەوە بەر بووە خوێندنەوەیان: چیرۆکی ئەو ژنەی خوێندەوە، کە لەسەر مێز دەنکەبرنجی بە دەرزیلە دەخوارد، یا چیرۆکی ئەو ڕاوچییەی داوای پارچەقورقوشمی کردبوو، کە هاوسێیەکەی، بۆ ئەوەی بیکاتە تۆڕەکەیەوە، پاشان بۆ ئەوەی سوپاسی بکات، ماسییەکی پێشکەش کردبوو و دەنکەئەڵماسێکیان لەناو هەناوی ماسییەکەدا دۆزیبووەوە، یا حەکایەتەکانی ئەو چرایەی ئارەزوو بەدی دەهێنێ، یا چیرۆکی قاڵی فڕین، سەرسام دەبوو. منداڵەکە بە سەرسووڕمانەوە، لە ئورسولای دەپرسی، ئایا ئەو چیرۆکانە بەسەرهاتی ڕاستەقینەن، ئەویش پێی دەگوت، بەبێ هیچ گومانێک، چونکە چەند ساڵێک پێشتر قەرەجگەلێک دەهاتنە ماکۆندۆ و چرای سەیروسەمەرە و قاڵی فڕینیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا، بەهەناسەهەڵکێشانێکەوە گوتی، "چونکە دنیا بەرەو تەواوبوون دەچێ و ئیدی ئەم شتانە ناهێنن."

دوای ئەوەی ئاوریلیانۆی دووەم کتێبەکەی تەواو کرد، لەبەر ئەوەی کتێبەکە لاپەڕەی نوقسان بوو، زۆربەی

چیرۆکەکان بەنیوەچڵی مابوونەوە، بۆیە هەوڵی دا دەست بکات بە شفرەکردنی ئەو دەستنووسانە. مەحاڵ دەهاتە پێشچاوی. نامەکان بە جلوبەرگی تەڕیان دەکرد، کە لەسەرَ تەنافێکی تێل بۆ وشکبوونەوە هەڵخرابێتن، زیاتر بە نۆتەی مۆسیقایان دەکرد، وەک لە نووسینی ئەدەبی. دەوروبەری نیوەڕۆ، لە قرچەی گەرمادا، سەرقاڵی گەڕان بوو بەدوای نهێنییەکانی ئەو پارچەکاغەزانەدا، هەستی کرد ئەو لە ژوورەکە بەتەنیا نییە. مێلکییادێس، بەرامبەر بە ڕووناکیی پەنجەرەکە دانیشتبوو و دەستەکانی لەسەر ئەژنۆی دانابوون. تەمەنی لە چل ساڵێک تێنەدەپەڕی. هەمان یەلەگی ڕەنگپەڕیوی لەبەردا بوو، شەپقەکەی سەریشی هەر لە باڵی قەلەڕەشکە دەچوو، لە بەر تینی گەرما، ڕۆن لە قژیەوە دادەچۆڕی و بەملا و ئەولای لاجانگیدا چۆڕەیان دەهات، وەکوو چۆن لە کاتی منداڵیدا، ئاورێلیانۆ بوێندیا و خۆسێ ئەرکادیۆ ئەمەیان بینیبوو. ئاورێلیانۆی دووەم یەکسەر ناسییەوە، چونکە ئەم یادەوەرییە وەکوو میرات لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی دیکە مابووەوە، لە یادەوەرییەکانی باپیرەگەورەیەوە و گەیشتبووە ئەو.

ئاورێلیانۆی دووەم سلاوی لێ کرد.

مێلکیادیس بە "سلاو لاوۆ" وەلامی دایەوە.

لەو کاتە بەدواوە، هەموو پاشنیوەڕۆیەک، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، چاویان بەیەک دەکەوت. مێلکییادێس باسی جیهانی بۆ دەکرد، دەیویست فێری سەرجەم ئەو شتانەی بکات، کە دەیزانی، بەلام نەیدەویست دەستنووسەکانی بۆ وەر بگێڕێ، یا بۆی ڕوون بکاتەوە و دەیگوت، "کەس

بۆی نییە، تا تەمەنی نەبێتە سەد ساڵ، لە واتاکانی بگات."
ئاورێلیانۆی دووەم ئەم نهێنییەی هەمیشە بەتەنیا لەلای خۆی گل دایەوە.

ڕۆژێکیان، کاتێک ئورسولا لەناکاو خۆی کرد بە ژوورەکەدا، هەستی کرد گەردوونەکەی لەپڕێکدا هەرەسی هێنا، لەو ئانەدا بوو کە مێلکییادێسیشی لێ بوو. بەڵام ئورسولا مێلکییادێسی نەبینی.

ئورسولا بە ئاورێلیانۆی دووەمی گوت، "لەگەڵ کێ قسەت دەکرد؟"

ئەویش لە وەڵامدا گوتی، "لەگەڵ کەس."

ئورسولا پێی گوت، "باوەگەورەشت وا بوو. ئەویش بەتەنها لەگەڵ خۆی قسەی دەکرد."

کەچی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم ئەوەندی بەس بوو بچێ ڕێوڕەسمی ئیعدامکردنەکە ببینێ، هەتا لە ژیاندا مابوو، تیشکی شینی ئەو شەش تەقەیەی دەهاتەوە یاد، کە لەنێو چیاکاندا دەنگیان دابووەوە. ئەو زەردەخەنە غەمگینەشی دەهاتەوە یاد، زەردەخەنەی ئەو کەسەی گوللەباران دەکرا، بەپێوە ڕاوەستابوو، چاوەکان ئەبلَق بوون، سەربەرز، کەچی کراسەکەی خلتانی خوێن بوو. کاتێکیش لە کۆڵەگەکەیان کردەوە، هێشتا بزە بەسەر لێوانییەوە بوو، پاشان کردیانە سنوقێکەوە، پڕی لە قڵس بوو. بە خۆی گوت، "هێستا زیندووە. هەر بەزیندوویی دەینێژن." لەو ڕۆژە بەدواوە، هەند حەپەسا، بەتەواوی قینی لە هەموو کردەوەیەکی سەربازی و شەڕ دەبووەوە، نەک لەبەر گوللەبارانکردن، بەڵکوو لەبەر دزێویی ڕەفتارەکانیان، چونکە ئەوانەی گوللەباران دەکران،

دواتریـش زیندەبەچاڵیـان دەکـردن. دوای ماوەیـەک، کـەس نەیزانـی چـۆن و لـە چ کاتێکدا دەسـتی کرد بـە لێدانـی زەنگی کڵێسـاکە، هەروەهـا بـۆ نوێـژی یەکشـەممموانیش، بەردەسـتیی دەکـرد ‌ۆ لەگـەڵ ئەنتۆنـۆ ئیسـابێلی کەشـیش ئامـادە دەبـوو، ئـەو کەشیشـەی جێگـەی دێـل کاچـۆڕۆی گرتبـووەوە؛ لـە هەمـان کاتیشـدا کەڵەشـێری شەڕیشـی بەخێـو دەکـرد. کاتیـک خێرینێلـدۆ مارکێـزی سـەرهەنگ بـە ئەمـەی زانـی، گلەیـی و گازەندەیەکـی زۆری لـێ کردبوو، چونکـە خەریکـی چالاکییـەک بـوو، کـە لیبراڵـەکان یەسـاغیان کردبـوو. ئەویـش لـە وەڵامـدا گوتبـووی، "لـە ڕاسـتیدا، وا بیـر دەکەمـەوە بوومەتـە یەکێـک لـە پارێـزگاران." بـاوەڕی هەنـد بـەو قسـەیە هەبوو، دەتگـوت لەلایـەن قـەدەرەوە دیـاری کـراوە. دواتـر، خێرینێلـدۆ مارکێزی سـەرهەنگ، زۆر بەپەرێشـانییەوە ئەم مەسـەلەیەی بۆ ئورسـولا گێڕایـەوە.

ئورسـولاش پێـی گـوت، "بـەولاوە چاکتـر. خـودام دەکـرد دەبووە کەشیش و بەڵکوو خـوداش ڕێـی دەکەوتە ئەم ماڵـە!"

ئەوەشـیان زانـی، کـە ئەنتۆنیـۆ ئیسـابێلی کەشـیش خەریـک بـوو بـۆ ڕێوڕەسـمی کۆمینیـۆن ئامـادەی دەکـرد. لەگەڵ ئـەوەی ملـی کەڵەشـێرەکانی دەتاشـی، فێـرە دەرسـە بنەڕەتەکانـی ئایینییشـی دەکـرد. لـە کاتێکدا، مریشـکە کڕەکانـی دەخسـتەوە هێلانەکانـی خۆیـان، لـە هەمـان کاتیشـدا، بـە نموونـەی سـاکار، باسـی ڕۆژی دووەمـی دروسـتکردنی گەردوونـی بۆی دەکـرد، چـۆن خـودا ڕۆحـی دەخسـتە جوجەڵـەی نـاو هێلکەکانـەوە. لـە قۆناغـی سـەرووتریش، کەشیشـەکە تووشـی جـۆرە نەخۆشـییەکی وڕێنەئامێـز ببـوو، دوای چەندیـن سـاڵی دیکـە

ئەوەی ڕاگەیاند، کە ڕەنگە شەیتان لە شەڕی یاخیبوونی دژ بە خودادا سەرکەوتوو بێت، ڕەنگە هەر ئەویش ئێستا لەسەر عەرش دانیشتبێ، بەڵام نایەوێ شووناسی خۆی دەر بخات، بۆ ئەوەی بێتاوانەکان ڕاو بکات. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم ئازا بوو وەک مامۆستاکەی، وەک چۆن فێری شەڕەکەڵشێر بوو، لە چەند مانگێکدا فێری ڕێبازی تیۆلۆژییش بوو، ئەوهاش فێری فریودانی شەیتانیش بوو. ئامارانتا قاتێکی کەتانی بۆ کڕی، بە بۆینباغ و ملیوانەوە، جووتێ پێڵاوی سپی و بە پیتی زێڕینیش ناوی لەسەر ئۆیەی دەوری مۆمەکە نووسیبوو. دوو ئێوارە پێش ڕێوڕەسمی کۆمینیۆن، ئەو و ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیش، پێکەوە، لە میحرابەکە دەرگایان لە خۆیان داخست، لیستێکی پێ بوو، گوناهەکانی لەسەر نووسرابوون، بۆ ئەوەی دانپێدانەکانی لێ وەر بگرێت. کەشیشیش فێر بوو سەعات شەشی ئێوارە دەچووە جێوە، بەڵام لیستی گوناهەکان هەند درێژ بوون، پێش تەواوبوون، لەسەر کورسییەکەی خەوی لێ کەوت. ئەم پرسیارانە بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، کەشفێکی ڕاستەقینە بوو بۆی. سەری لەوە سووڕ نەما، کاتێک کەشیش لێی پرسی ئایا شتی پیسی لەگەڵ ژنان خواردووە، ئەویش زۆر ڕاستگۆیانە گوتبووی نەخێر، بەڵام لەوە شڵەژابوو، کاتێک کەشیش پێی گوتبوو ئەی لەگەڵ ئاژەڵاندا. یەکەم هەینیی مانگی ماییس، پرۆسەی کۆمونیۆنی ئەنجام دا، پرسیارێک تەنگی پێ هەڵچنیبوو. دواتر پرسیارەکەی لە پیترۆنیۆ کرد، ئەو قوتابییە نەساغەی هەڵدەستا بە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆمۆنیۆن، لەناو بورجی زەنگۆڵەکەدا دەژیا، وەکوو دەیانگێڕایەوە،

لەسەر مۆروانە دەژیا، کەچی پیترۆنیۆ وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، "چونکە هەندێ مەسیحیی گومڕا، ئەم شتانە لەگەڵ ماکەران دەکەن." خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بەردەوام لەبەر بزۆزیی داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری دەکرد و پیترۆنیۆ هەرەسانی لەبەر بڕاو و دانی پێدا نا و گوتی، "هەموو شەوانی سێشەممانێک دەچم. ئەگەر بەڵێنی ئەوەم دەدەیتێ کە لەلای کەس نایدرکێنی، ئەوە سێشەممەی داهاتوو لەگەڵ خۆم دەتبەم."

هەر بەڕاستی، سێشەممەی دوایی، پیترۆنیۆ لە بورجی زەنگۆڵەکە هاتەخوارەوە، تەپڵەکێکی چوارپایەی بچووکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، تا ئەو ئانە کەس نەیدەزانی چ کەڵکێکی هەیە، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی لەگەڵ خۆی برد بۆ ناو مێرگێکی ئەو دەوروبەرە. ئەو لاوە لە گەڕان و سووڕانەوەی ئەو شەوە هەندە کەیفخۆش بوو، کاتێکی زۆری ویست تاکوو پێی نایە ناو مەیخانەکەی کاتارینۆوە. شێت و شەیدای شەڕەکەڵەشێر بوو. کاتێک ئورسولا بینیی بە خۆی ئەم کەڵەشێرە ڕەسەنانەوە دێتەوە ماڵ، یەکسەر فەرمانی پێ دا، "حەیواناتەکانت بەرە بۆ شوێنێکی دیکە. کەڵەشێر بابیی خۆی خەم و خەفەتی بۆ ئەم ماڵە ناوەتەوە، تەنها کەڵەشێرەکانی تۆمان نوقسان بوو." خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، کەڵەشێرەکانی هەڵگرت و بردنی بۆ ماڵی داپیرەی: پیلار تێرنێرا. ئەویش، بۆ ئەوەی لەلای خۆی گلی بداتەوە، هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دابین کرد. هەندەی نەبرد، لە کاتی شەڕەکەڵەشێردا، هەموو ئەو زانیارییانەی ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیش فێری کردبوو، بەکاری دەهێنا،

برەپارەیەکی چاکیشی دەست دەکەت، نەک تەنها بۆ ئەوەی پەرە بە بەخێوکردن و ڕاگرتنی کەڵەشێرەکانی بدا، بەڵکوو بۆ تێرکردنی هەوەسە پیاوانە ڕاستەقینەکەشی. کاتێک ئورسولا، لەو سەردەمەدا بە باوکی بەراوردی دەکردن، بەڵام لە یەک شت تێندەگەیشت، کە چۆن ئەو دوو جمکانەی، لە کاتی منداڵی هەند پێکیان دەکرد، کەچی لەگەڵ گەورەبووندا، بوون بە دوو کەسی هەند جیاواز. ئەم سەرسووڕمانەی ئورسولا زۆری نەخایاند، چونکە لەپڕێکدا ئاورێلیانۆی دووەم بوو بە پیاوێکی تەوەزل و تەمبەڵ و دەستبڵاو. وەک ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی سەردەمی لاوێتیی لێ هاتبوو، گۆشەگیر، ئەویش خۆی دەخزاندە تاقیگەکەی مێلکیادێسەوە. کەچی ماوەیەکی کەم پێش ڕێککەوتنەکەی نییەرلاندیا، ڕێککەوتێک لەنێو ئەو خۆخواردنەوەوە قوتاری کرد و هێنایەوە بۆ ناو واقیعی ڕۆژانە. ڕۆژێکیان، کیژۆڵەیەکی بینی بیتاقەی یانسیبی دەفرۆشت، خەڵاتەکەش، ئامێرێکی ئۆکۆردیۆن بوو، زۆر دۆستانە سڵاوێکی لە ئاورێلیانۆی دووەم کرد. لە ڕاستیدا، ئاورێلیانۆی دووەم زۆر سەری لەم سڵاوە سوور نەما، چونکە زۆر جار بە براکەیان دەچواند. نەیوست ئەم مەتەڵە شی بکاتەوە، بەڵام کاتێک کچەکە بە گریان و نووزانەوەوە دڵی نەرم کرد و هەندەشی نەبرد کچەکە بردیەوە ژوورەکەی خۆی. هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، کچەکە بە شێوەیەک هۆگری بوو، تەنانەت لە ڕاکێشانی یانسیبەکانیش فێڵی دەکرد بۆ ئەوەی ئاورێلیانۆی دووەم خەڵاتەکە بەرێتەوە. کەچی ئاورێلیانۆ دووەم، دوای دوو هەفتە، ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو، کە ئەو کچە، وای زانیوە ئەم

و براکەی یەک کەسن، بۆیە لەگەڵ هەردووکیان خەوتووە. لەجیاتی ئەوەی هەوڵ بدات ئەم ئاڵۆزییە شی بکاتەوە، کەچی درێژەی بەم دۆخە دا. لەو ڕۆژە بەدواوە، ئاورێلیانۆی دووەم پێی نەخستەوە تاقیگەکەی مێلکیادێسەوە. وەک ڕێزگرتن لە هەموو ئەو پرسانەی یەک لەدوای یەک دەگیران، ئورسولا، بە هیچ جۆرێک قایل نەبوو ئامێرێکی مۆسیقا بهێنرێتەوە ماڵەکەی، بەتایبەتی ئەکۆردیۆن، چونکە لای وا بوو ئەم ئامێرە تەنها شایانی شەلاتییانی هاوشێوەی فرانسیسکۆی پیاوە، کەچی ئاورێلیانۆی دووەم، هەموو پاشنیوەڕۆیەک، لە حەوشەکە خۆی فێری ئەکۆردیۆن دەکرد. هەندەشی نەبرد، بوو ئەکۆردیۆنژەنێکی بلیمەت، تەنانەت دوای ژنهێنان و منداڵیکەوتنەوەشی، تابوونی بە پیاوێکی ماقووڵی ماکۆندۆ، لە ژەنینی ئەکۆردیۆن هەر بەردەوام بوو.

نزیکەی دوو مانگ، ئاورێلیانۆی دووەم ئەو ژنەی لەگەڵ براکەی برابەش کردبوو. ئاگاداری براکەی بوو، نەخشەی لێ هەڵدەگەڕاندوە، کاتێکیش گومانی ئەوەی لەلا نەدەما کە ئەو شەوە، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، نەدەچووە لای دۆستە هاوبەشەکەیان، ئەوە بە خۆی دەچووە لای. سەرلەبەیانییەکیان هەستی کرد نەخۆشە. دوای دوو ڕۆژ، براکەی لەناو حەمامەکە بینی، بە کۆڵەگەیەکەوە بەستراوەتەوە، شەلاڵی ئارەقەیە و فرمێسکێکی گەرموگوڕیش بە چاوانیدا دێتە خوارەوە؛ پێویستی بە ئەوە نەبوو تێبگات. براکەی ئەوەی لەلا ئاشکرا دەکات، کە ژنەکە دەری کردووە، چونکە خەتابارى کردووە کە نەخۆشییەکی پیسی بۆ گواستۆتەوە. باسی ئەوەشی لەلا کرد، کە چۆن پیلار تێرنێرا

سـارێژی کردووە. ئاورێلیانـۆی دووەم، بەدزییـەوە خـۆی بـە ئاوی کـولاوی پێرمانگانـت دەشـۆرد و خـۆی سـارێژ دەکرد، هەرکەسـە و بەتەنیـا، بـۆ مـاوەی سـێ مانگـی ڕەبـەق، بـەدەم ئازارێکـی نهێنییـەوە دەتلانـەوە، تـا هـەردووک چـاک بوونـەوە. خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم چیـی دی نەچـووەوە لای ژنەکـە. ئاورێلیانۆی دووەم داوی لێبووردنـی لـێ کرد و چووەوە لای، تاکـوو مـردن پێکـەوە ژیـان.

نـاوی ژنەکـە پێتـرا کۆتێس بـوو. لـە ناوچەرگـەی شـەڕدا هاتبـووە ماکۆنـدۆ، لەگـەڵ پیاوێـک، دەیگـوت مێردمـە، هەردووکیـان بیتاقـەی یانسـیبیان دەفرۆشـت، دوای مردنـی مێردەکـەی، بـەردەوام دەبـێ لـە بیتاقەفرۆشـتن. ژنێکـی دووڕەگ بـوو، جحێـڵ و پاکوخاوێـن، چاوەکانـی زەرد بـوون، شـێوەی بادەمیـان هەبـوو، شـێوەی پڵینگێکـی دڕنـدەی دەدا بـە ڕوخسـاری، بـەڵام بەخشـندە و میهرەبـان بـوو. کاتێـک ئورسـولا بەوەی زانـی کـە خۆسـێ ئەرکادیۆی دووەم خەریکی کەڵەشـێربەخێوکردنە و ئاورێلیانـۆی دووەمیـش خەریکـی ئۆکۆردیۆنژەنینـە و دەزگیرانەکـەی زۆر بەئاشـکرا ئاهەنگـی پڕ لـە ژاوەژاوی بـۆ سـاز دەکات، وەخـت بـوو لـە داخـا شـێت و هـار ببـێ. وەک بڵێـی ئـەم دووە، هەرچـی خراپـەی بنەماڵەکـە هەیـە، لـە خۆیـان مارەیـان کردبـێ، کاری باشـە بـێ، نەیانبـوو. ئورسـولا بڕیـاری دا کـە چیـی دی نـە بـە خۆسـێ ئەرکادیـۆ، نـە بـە ئاورێلیانـۆ بانگیـان نەکـەن. کەچـی کاتێـک ئاورێلیانـۆی دووەم کـوڕی یەکەمـی بـوو، نەیتوانـی ڕێگـەی لـێ بگـرێ و ئورسـولا پێـی گـوت، "باشـە، بـەڵام بـە یـەک مـەرج: مـن خـۆم بەخێـوی دەکـەم."

سەرەڕای ئەوەی ئورسولا تەمەنی گەیشتبووە سەد ساڵ، هەندەی نەمابوو لەبەر ماشاو، چاوەکانی کوێر ببن، بەڵام هەر چوستوچالاکیش بوو، تەبع و ڕەفتاری وەکوو خۆی، عەقڵ و هۆشی هاوسەنگ بوون. کەس نەبوو لەو چاکتر بتوانێ منداڵێک بەخێو و پەروەردە بکات، بیکاتە پیاوێکی ڕێک و دروست، تا بتوانێ ناوی بنەماڵەکە بپارێزێت، ببێتە مرۆڤێک، کە هەرگیز لەوەوپێش گوێی نە لە شەڕ، نە گوێی لە کەڵەشێربەخێوکردن نەبووبێ، نە چاوی بە ژنی خراپ کەوتبێ، نە کاروباری وڕێنەئامێزی شێتانەی بووبێت؛ ئەم چوار بەدفەڕییە بوون ڕچەی بنەماڵەکەی بەرەو لاری و داوەشان دەبرد؛ بەئاشکرا و بەبێ پێچ و پەنایەک دەیگوت، "ئەمەیان دەبێتە کەشیش. ئەگەر نا، دەیکەمە پاپا، ئەگەر عومر باقی بێ." هەموو ئەو کەسانەی ئەوێ، نەک تەنها ئەوانەی لە ژوورەوە بوون، بەڵکوو ئەوانەی لەناو ماڵەکەش بوون، مەبەست لە هاوڕێ هاروهاجەکانی ئاورێلیانۆی دووەم بوو، دایانە قاقای پێکەنین. لە توێژە هەرە پاینەکانی یادەوەریدا، ناوی شەڕ خۆی داڵدە دابوو، بە تەقینی تەبەدۆری شامپانیا هاتەوە یادی ئاورێلیانۆی دووەم، پەرداخەکەی بەرز کردەوە و بە دەنگێکی بەرزیش گوتی، "دەی، بە شەرەفی پاپا."

پێکڕا میوانەکان پێکەکانیان هەڵدا. پاشان خاوەنی ماڵ، ئەکۆردیۆنەکەی دەر هێنا و مۆسیقای بۆ ژەنین، تەرەقەی ئاگرپژێنیان تەقاند، لە سەرتاپای گوندەکەش بەکەیفوخۆشییەوە دەهۆڵیان دەژەند. تا بەرەبەیان خواردیانەوە، مێوانەکان شەلالی شەمپانیا ببوون، شەش مانگایان سەر بڕی، بۆ ئەوەی حەشاماتەکە ببینن، لەسەر

جادە بەجێیان هێشتبوون. بەڵای کەسەوە شوورەیی نەبوو. لەو ڕۆژەوەی ئاوریلیانۆی دووەم ببووە خاوەنماڵ، ئەم جۆرە ئاهەنگانە ببوونە دیاردەی زۆر ئاسایی، بۆ سازدانی ئەم جۆرە ئاهەنگانە، هیچ بۆنەیەک هەندەی هاتنەدنیای پاپاوە گرینگیی نەبوو. دوای چەند ساڵێک، بەبێ هیچ هەوڵ و کۆششێک، هەر لە ڕێگەی بەختەوە، ئاژەڵەکانی بە شێوەیەکی سەیر و بێوێنە زاوزێیان دەکرد، توانیی پارە و سامانێکی یەکجار زۆر پێکەوە بنێ، هەرگیز لەوەو پێش، لە ئاقاری زەلکاوەکە، هەندە پارە و سامان نەبینرابوو. ماییەکانی سیانیان بە یەک سک دەبوو، مریشکەکانی ڕۆژی دوو جار هێلکەیان دەکرد، بەرازەکانیشی بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە قەڵەو و گۆشتن دەبوون، بە ئەندازەیەک، کاتێک باسی ئەو دیاردەیە دەکرا، کەس نەبوو باسی سیحر و جادوو نەکات. ئورسولا بە کوڕەزا بێمێشکەکەی دەگوت، "ڕۆڵە، هەندێک پارە پاشەکەوت بکە. هەتاهەتایە ئەم بەختە ختووکەت نادات." بەڵام ئاوریلیانۆی دووەم گوێی لێ نەدەگرت. تا زیاتر برادەرەکانی مەست دەکرد و سەرە شامپانیای بۆ هەڵدەپچڕین، هەندەی دیکە ئاژەڵەکانی بێهوویان زیادی دەکرد؛ بەڵام ئەم بەختباشەی نەدەدایە پاڵ ئەو کارەی، بەڵکوو دەیگوت ئەمە کاریگەریی پێترا کۆتێسی دەزگیرانیەتی، چونکە ئەوین کاریگەریی لەسەر سرۆشت هەیە. هەند سوور بوو کە پێترا کۆتێس سەرچاوەی ئەم خێر و بەرەکەتەیە، بۆیە هەمیشە دەیبردە ناو ئاژەڵەکانی؛ سەرباری ئەوەی لەگەڵ فێرناندا زەماوەندی کردبوو و چەند منداڵێکیشی لێی هەبوو، هەر بە چاوپۆشی فێرناداش زۆر

لـە ئـەوەوە نزیـک بـوو. ئاورێلیانـۆی دووەم ببـووە پیاوێکـی پتەو و بەهێز، زل و زەبەلاح بوو وەکوو بابوباپیرانی، کەچی لەچـاو ئەوانـدا، چـالاک و بزێـو و ئەفسـوونێکی بێوێنەشـی هەبـوو؛ ئاورێلیانـۆی دووەم کاتێکـی زۆر کەمـی بەدەسـتەوە دەمـا بـۆ چاودێریکردنـی ئاژەڵەکانـی. هـەر ئەوەنـدەی بـەس بوو کە پێترا کۆتێس لەگەڵ خۆی بباتە ناو ئاژەڵەکانەوە، بە سـواری ئەسـپ لەگـەڵ خـۆی گـڕی دا، تاکوو هەرچـی ئـاژەڵ هەیـە، بکەونـە بـەر شـاڵاوی ئـەو زیادبوونـە.

سەرجەم ئـەو خێروبێرەی لەو ماوەیەدا بەسەریدا باری، گشـت ئـەو سـەروەت سـامانەی لـە ژمـاردن نەدهـات، تەنهـا ڕێککەوتـی لەپشـتەوە بـوو. تاکوو کۆتاییی جەنگ، پێترا کۆتێس بـە یانسیبفرۆشـتن ژیانـی خـۆی بەڕێـوە دەبـرد، ئاورێلیانـۆی دووەمیـش ناوبەنـاو دەغێڵـەی ئورسـولای هەڵدەگرتـەوە و ئیدی بـەو جـۆرە ژیانیـان هەڵدەسـووڕاند. جووتێکـی لـەرزۆک بـوون، جگـە لـەوەی شـەوان پێکـەوە بنـوون، هیـچ خـەم و خەفەتێکـی ئەوتۆیـان نەبـوو، تەنانـەت لـە کاتـە یاساغەکانیشـدا، تاکوو بەرەبەیان خۆیان لە ناو جێگە گرمۆڵە دەکرد. کاتێک خەواڵووانە دەگەڕایەوە مـاڵ، ئورسـولا بە دەنگی بـەرز بانگی کوڕەزاکـەی دەکرد و دەیگوت، "ئـەم ژنـە ماڵی کاول کردووی. ڕۆژێـک دادێ دەتبینـم لەبـەر ژانەسـک چەماویتەتـەوە، وەک ئـەوەی بۆقێکت لـە سکدا بێ." کاتێکـی زۆری ویسـت، تاکـوو خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم زانیـی براکـەی شـوێنی گرتۆتـەوە، لـە شـەیدابوون تێنەدەگەیشـت. بـەڵای ئـەوەوە، پێترا کۆنتێسـی ژنێکی زۆر ئاسـایی بـوو، تەنانـەت لـە جێگەشـدا تەمـەڵ و لـە کاتـی ئەویندارییشـدا هیـچ مواسـەفاتێکی تایبەتیشـی نەبـوو.

کەچی ئاوریلیانۆی دووەم، گوێی نە لە ئورسولا دەگرت، نە توانجەکانی براکەی لەلا گرینگ بوو؛ خەونی ئەو تەنها ئەوە بوو کارێکی دەست بکەوێ، بۆ ئەوەی بتوانێ خانوویەک بۆ پێترا کۆتێس دروست بکات و پێکەوە بژین و پێکەوەش لە شەوێکی بێئاگاییی تەواودا، لەتەنیشت یەکتردا بمرن. کاتێک ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تاقیگەکەی کردەوە، پیرییەکی ئاسوودە داگیری کردبوو، ئاوریلیانۆی دووەم بیری لەوە کردەوە، کە شتێکی باش دەبێ ئەگەر خۆی بە دروستکردنی ماسیی بچکۆلەی زێڕینەوە خەریک بکات. بە سەعات سەرنجی سەرهەنگی دا، لەنێو هالاوی گەرمادا، چۆن بە وردییەکی لە ڕادەبەدەر، کار لەسەر کاغەزی ئەو میتاڵە ڕەقە دەکات. پیاوێک لە هەموو وەهمێک پاک ببووەوە، هێدی هێدی زێڕەکانی دەکردە پوولەکەی زێڕکەفت. ئەم پیشەیەی هەند لەلا سەخت بوو، یادی پێترا کۆنتێس هەند بەتوندی ئازاری دەدا، تەنها لە ماوەی سێ هەفتەدا، تاقیگەکەی جێ هێشت. لەو سەردەمەدا بوو پێترا کۆنتێس بیری لەوە دەکردەوە، کە کەروێشکەکان بخاتە نێو خەڵاتی بیتاقەی یانسیبەوە. چونکە هەند بەخێرایی زاوزێیان دەکرد و گەورە دەبوون، تەنانەت درفەتی ئەوەشی بۆ نەڕەخسا، تا بیتاقەکان بفرۆشێ. ئاوریلیانۆی دووەم، دەسپێک، هەستی بە هەڕەشەی ئەم زاوزێیە نەدەکرد. بەڵام شەوێکیان، ئیتر کەس ئەو بیتاقانەی نەدەکڕی، کە خەڵاتەکەی کەروێشک بێ، لەپشت دیواری حەوشەکەوە، گوێی لە شڵەژانێکی زۆر بوو، پێترا کۆتێسیش پێی گوت، "مەترسە. هیچ نین، کەروێشکن." ئەو شەوە، لەبەر کاوێژی ئەو ئاژەڵانە، خەو

نەچووە چاویان. بۆ بەیانییەکەی، کاتێک ئاوریلیانۆی دووەم دەرگای حەوشەکەی کردەوە، بینیی پڕی لە کەرویشکە، لەبەر ڕۆشنایی هەتاوی ئەو سەرلەبەیانە، شین دەچوونەوە. پێترا کۆتێس، لەبەر پێکەنین، هەر وەخت بوو بمرێ، کلاوێکی خستە سەری و پێی گوت، "ئەمانە، هەر ئەمشەو لەدایک بوونە." ئاوریلیانۆی دووەم هاوارێکی کرد و گوتی، "کچێ نەڵێی، بەڕاستی ترسناکە! بۆچی وا ناکەی کە مانگاکانیش هەند زاوزێ بکەن؟"

دوای چەند ڕۆژێک، پێترا کۆتێس ویستی لایەکی حەوشەکە ڕێک بخات و کەرویشکەکان لا بدات بۆ ئەوەی مانگایەک بهێنێتە ئەوێ، مانگای تایین لە ماوەی دوو مانگدا بە یەک سک سێ گۆلکی بوو. ئا بەو جۆرە شتەکان دەستیان پێ کرد. لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا، ئاوریلیانۆی دووەم بوو بە خاوەنی زەویوزاری پڕ لە مێگەل و ماڵات، هەرهەندە دەرفەتی هەبوو، کە تەوێڵەکەیان بۆ فراوان بکات؛ تەویلەی بەرازەکان پڕی لە بەچکەبەراز بوو. لەلایەن ئاوریلیانۆی دووەمەوە، ئەم خێر و بەرەکەتە هەندە سەیروسەمەرە دەهاتە پێشچاوی، خۆی پێ نەدەگیرا و دەیدایە قاقای پێکەنین، ڕەفتاری سەیری دەنواند، تا کەیفوخۆشییەکەشی هێور بکاتەوە و هاواری دەکرد و دەیگوت، "مانگا، لەبەر پێم لا بچن. ژیان زۆر کورتە!" ئورسولا بە خۆی دەگوت، دەبێ ئەو کوڕە خۆی نەکردبێتە شانەی زەردەواڵە، دەبێ خەریکی دزی نەبێ، دەبێ مەڕوماڵات نەدزێ؛ هەرکاتێکیش دەیبینی، تەنها بۆ ئەوەی کەفاوی شامپانیا بڕژێنێ بەسەر خۆیدا، تەبەدۆری شامپانیا هەڵدەپچڕی، ئورسولا بە دەنگی

بەرز دەستی بە گلەیی دەکرد و لەو هەموو زیادەمەسرەفییە ڕەخنەی لێ دەگرت. ڕۆژێکیان ئورسولا واقی وڕ دەمێنێ کاتێک ئاوریلیانۆی دووەم دەبینێ هەند بەکەیفخۆشییەوە لە خەو هەڵسابوو، بە خۆی و سنوقێکی پارەوە خۆی کرد بە ماڵدا، شووشەیەک سەمغ و فلچەیەکیشی پێ بوو، پڕ بە گەرووی گۆرانییەکی کۆنی فرانسیسکۆی پیاوی دەچڕی و بە کاغەزی دراوی یەکپێسۆیی، هەموو دیوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی، لە سەرەوە تا خوارەوە، سواغ دا. کاتی خۆی خانووە کۆنەکەیان بە بۆیاغی سپی ڕەنگ کردبوو، لەو سەردەمەی پیانۆ میکانیکییەکەیان هێنابووە ماڵ، ئێستاش دەتگوت مزگەوتە. ئاوریلیانۆی دووەم لەناو کەیفخۆشیی خێزانەکەدا، لەناو دەنگی گلەیی و گازەندەی ئورسولادا، خۆشی و شادیی خەڵکی ئاوایی، خەڵکێکی زۆر ڕژابووە ئەوێ، هاتبوون ستاییشی نمایشی ئەم دەستبڵاوییە بێسنوورەیان دەکرد. ئاوریلیانۆی دووەم تەنانەت کاغەزی دراوی یەکپیسۆی بەقەد دیواری مەتبەغەکەشەوە نووساندبوو، بەبێ ئەوەی ئاودەس و حەمام و ژووری خەوتنیش لەیاد بکا. ئەو کاغەزەی دراوانەی مابوونەوە، لە حەوشەکەی ڕۆی کردن و سەرئەنجام گوتی، "لەمە بەدواوە، نامەوێ چیی دی کەس لە ماڵەدا باسی پارەم لەگەڵ بکات."

هەر ئاوهاش کەوتەوە. ئورسولا فەرمانی دا هەرچی کاغەزی دراوی قەد دیوار هەیە، دەبێ لێبکرێنەوە، سەرلەنوێ ماڵەکەش بە ڕەنگی سپی بۆیاغ بکرێتەوە، سکاڵای دەکرد و دەیگوت، "خودایە، هەژارمان بکەرەوە وەک ئەو سەردەمەی بەتەمای دروستکردنی گوندەکە بووین، ئاخر چۆن لە

قیامەت بتوانین قەرەبووی گشت ئەو خەرجییانە بکەینەوە، کە بەفیڕۆمان داون." هەموو دووعاکانی هاتنە دی، بەلام تەواو بە پێچەوانەوە. یەکێک لە کرێکارەکان خەریکی ئەوە بوو کاغەزی دراوی لەقەد دیوارەکان لێدەکردەوە، لەناکاو ساتمەیەکی کرد و بەر بووەوە سەر پەیکەرێکی گەچینی حەزرەتی یوسف؛ کاتی خۆی، لە دواساڵەکانی جەنگدا، یەکێک هێنابوویە ئەوێ. پەیکەرە بەتاڵەکە بەر بووەوە و شکا. پڕی لە پارچەزێڕ بوو. کەس نەبوو بێتەوە یادی کێ ئەو پەیکەرە زلەی هێنابووە ئەوێ، بەقەد بەژنی پیاوێک دەبوو. ئامارانتا پێیانی گوت، "سێ پیاو هێنایان. گوتیان تاکوو کۆتایی وەرزی باران، با لێرە بێ، منیش پێیانم گوت، دە مادام وایە لەو سووچە دای بنێن تا کەس خۆی لێ نەدات. زۆر بەوریاییەوە لەو سووچە دایان نان. لەبەر ئەوەی کەس نەهات و کەس سۆراغی نەکرد، ئیدی لەو سەردەمەوە لێرەیە." ئورسولاش، بەم دواییە، چەند مۆمێکی لەژێریدا دادەگیرساند و نوێژ و دووعای دەکرد. بەبێ ئەوەی دڵی خەتەرە بکات کە لەجیاتی ئەوەی نوێژ بۆ قەدیسێک دەکات، نوێژی بۆ دوو سەد کیلۆ زێڕ دەکرد.

هەستی کرد بەو هەموو تەمەنەوە، بەبێ ئەوەی ویستبێتی، تووشی کفر بووە، ئەمە نیگەرانی کرد. نەیویست دەست بۆ ئەو هەموو پارچەزێڕانە بەرێت؛ سێ گونیەی هێنا و پڕی کردن لە زێڕ؛ بەتەمای ئەوەی جارێکی دی، ئەو سێ پیاوە نەناسراوە دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی پەیکەرەکەیان بەرنەوە، لە شوێنێکی نهێنی ناشتنی. دوای ساڵانێکی زۆر، لە سەردەمە هەرە تاریکەکانی پیریدا، کاتێک ئورسولا چاوی

بەو موسافیر و هاتوچەکەرە زۆرانە دەکەوت کە دەهاتنە ماڵەکەی، لێیانی دەپرسی، ئەرێ کەس نییە لە دواساڵەکانی جەنگدا پەیکەرێکی حەزرەتی یوسفی لێرە بەجێ هێشتبێ و گوتبووی دوای وەرزی باران دێتەوە و دەیباتەوە.

شتێکی ئاسایی بوو لەو سەردەمەدا، ئەو بەسەرهاتە زۆرانە، ئورسولا زیز و نیگەران بکات. ماکۆندۆ گوندێک بوو، نوقم ببووە ناو خێر و فەڕ و بەرەکەتێکی بێوێنەوە. کاتی خۆی ئەو خانووانانەی بە قوڕ و قامیش دروست دەکران، هەموویان نۆژەن کردبووەوە، ئیتر خانوو بە کەرپووچ دروست دەکران، بەرپەنجەرەیان لە تەختە بوو، عەرزەکانیشیان چەمەنتۆڕێژ دەکرد؛ بەرگەی ئەو پاشنیوەڕۆ گەرمانەی باشتر دەگرت، بەتایبەت لەو دوو سەعاتەی گەرما بەتەواوی تینی دەستاند. لە ئاواییە دێرینەکەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا تەنها دارچواڵە تۆزاوییەکان مابوونەوە، سەرباری گشت ئەو هەموو کارەساتە تفت و تاڵانەی بەسەر گوندەکە هات، کەچی هێشتا بەخۆڕاگری مابوونەوە، وێڕای ئەو ڕووبارەی ئاوێکی سازگاری پێدا دەهاتە خوارەوە، بەردگەلێکی زۆریشی لێ بوو، هیی سەردەمی پێش مێژوو بوون، هەندە دەمە کوتکە شیتانیان بەر کەوت، هەموو ورد ببوون، چونکە لەو سەردەمەدا، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم دەیوست بەردەلانەکەی ژێر ئاوەکە پاک بکاتەوە، بۆ ئەوەی ڕێڕەوی ئاوایی بۆ کەشتییەکان خۆش بکات. خەونێکی تەواو شیتانە بوو، کەم تا زۆر لەگەڵ پلان و نەخشە و خەونەکانی باپیرەگەورەکەی یەکیان دەگرتەوە، چونکە ڕێڕەوی ئاویی بەردەلانەکە و خێراییەکەی ڕێگر بوون لەوەی ماکۆندۆ

و زەریا لێک بدرێن. کەچی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بە گوڕێکی چاوەڕوانکرا و هەڵەشەئامێزەوە، بەتەواوی قۆڵی خۆی بۆ ئەو پڕۆژەیە هەڵکرد. تا ئەو کاتە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لە هیچ کارێکدا خەیاڵبازانە تاوی بە خۆی نەدابوو. جگە لەو سەرچڵییە ناوبەناوانە نەبێ، کە لەگەڵ پێترا کۆتێس هەیبوو، لەو بترازێ، لەگەڵ ژنی دیکە نەبینرابوو. ئورسولا وەکوو نموونەیەکی هەڵوەریوی دانسقەی بنەماڵەکەی سەیری دەکرد، کە لە توانایدا نەبوو بەها و قیمەت بە خۆی بدا، تەنانەت وەکوو یەکێک لەو ناشییانەی سەیر دەکرا، کە خۆیان بە شەڕەکەڵەشێرەوە خەریک دەکەن؛ تا ڕۆژێکیان ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ باسی چیرۆکی کەشتییە ئیسپانییەکەی بۆ کرد، کە دوانزە مەترێک ڕۆ چووبووە ژێر زەوییەوە، بە چاوی خۆی لە ناوجەرگەی شەڕدا بینیبووی، هەیکەلەکەی ببووە قەرەبرووت. بۆ ماوەیەکی زۆر، بۆ هەموو خەڵکی، ئەم چیرۆکە بە بەسەرهاتێکی سەرسووڕهێنەر لەقەڵەم دەدرا، کەچی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بوو بە کەشفێک. کەڵەشێرەکانی خستە هەڕاجەوە، کێ زۆرتری دا، دای بە ئەو، پیاوانی بەکرێ گرت و کەرەسە و ئامێری کڕی و خۆشی بەگوڕوتینەوە تەیار دا، قۆڵی بۆ ئەو پڕۆژە زەبەلاحە لێ هەڵکرد. بە شکاندنی گابەردەکان دەستی پێ کرد، جۆگەلەکانی هەڵکەنی، بەردەکانی لا دا، تەنانەت بۆ ئەوەی تاڤگەکان بهێنێتەوە ئاستی زەوییەکە؛ ئورسولاش بە دەنگی بەرز دەیگوت، "گشت ئەم شتانەم تەواو لەبەرە. دەڵێی کات وەکوو چەرخوفەلەک دەسووڕێتەوە، ئێمەش گەیشتووینەتەوە سەرەتا." کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆی

دووەم هەستی کرد ئیدی دەشێ کەشتی بە ڕووبارەکەدا تێپەڕێ، زۆر بەوردی نەخشەکەی بۆ براکەی باس کرد، ئەویش پارەی تەواوی پێ دا تا پڕۆژەکەی بگەیەنێتە ئەنجام. زۆر دەر نەدەکەوت. دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە، کە پڕۆژەی کڕینی کەشتی تەنها بۆ ئەوە بوو، کە پارەی براکەی بخوا، لەپڕێکدا، هەواڵی گەیشتنی کەشتییەک لە هەموو ئاوایی دەنگی دایەوە. دانیشتووانی ماکۆندۆ، پڕۆژە زل و زەبەلاحەکانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیایان لە هزر و خەیاڵدا نەمابوو، بەڕاکردن خۆیان گەیاندە دەم ئاو و بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە دەیانڕوانی بۆ ئەوەی چاویان بە یەکەم و دوا کەشتی بکەوێت، کە بۆ یەکەمین جار بوو بگاتە ئەو گوندە. لە کەڵەکێک زیاتر، هیچی دیکەیان نەبینی، چەندین تەختەداریان بە گوریسی ئەستوور پێکەوە بەستبووەوە و لەملا و ئەولای کەناراوەکەشەوە بیست پیاوێک، گوریسەکانیان ڕادەکێشا. سەرەتا، لەنێو نیگاکاندا جۆرە ڕازیبوونێک بەدی کرا، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بە زەحمەتێکی زۆرەوە، ئاراستەی کەڵەکەکەی دیاری دەکرد. دەستەیەک خانمی زۆر جوانیشی لەگەڵ بوو، خۆیان بە سەیوانی ئاڵووالاوە لە هەتاوە گەرمەکە دەپاراست، شاڵی ئاورێشم شانوپیلیانی شاردبووەوە، دەموچاویان بە ڕۆنی ڕەنگاوڕەنگ ڕەنگ کردبوو، گوڵی سروشتیشیان لە قژیان دابوو، ماری زێڕینیشی لەدەوری بازوویان و لەجیاتی ددانیش، ئەڵماسیان دانابوو. کەڵەکەکە لە تەختەدار دروست کرابوو، تاقە کەشتی بوو، کە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم توانیی تاکوو ماکۆندۆ لەگەڵ خۆی بیهێنێ - تەنها بۆ تاقە

سەفەرێکیش - بەڵام هەرگیز نەیوست دان بەو شکستەدا بنێ، تەنانەت بە سەرکەوتنی ئیرادەشی لەقەڵەم دەدا. عانەبەعانە، هەموو قەرزەکانی براکەی دایەوە و هەندەشی نەبرد، دەستی کردەوە بە ئامادەکردنی شەرەکەڵەشێر. تاقە شتێک لەم دەسپێشخەرە شکستە مایەوە، ئەو نەفەسە نوێیە بوو، کە ئەو خانمانە لە فەرەنساوە هێنابوویان، ئەویش نواندنی هونەری بێوێنە بوو لە ئەویندارییدا، کە چۆکی بە شێوە تەقلیدییەکە دادا. ئەو جۆرە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیە،ماڵوێرانییەک بوو بۆ مەیخانەکەی کاتارینۆ، شەقامەکەشی کردە بازارێک بۆ ساغکردنەوەی لایتی یابانی و ئامێری ئۆرگۆکەی نوستالژیئامێز. هەر ئەو ژنانەش بوون، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ، کەرنەڤاڵێکی خوێناوییان ڕێک خست، ماکۆندۆی نوقم کردە نێو ئەتمۆسفێرێکی وڕێنەئامێزەوە، تاقە بەرهەمی ئەم کەرنەڤالە ئەوە بوو، کە ئاورێلیانۆی دووەم فێرناندا دێل کارپیۆ تیا ناسی.

ڕێمێدیۆسە جوانکیلەش بە شاژن هەڵبژێردرا. جوانیی کچی کچەزاکەی ئورسولا ببووە جێگەی نیگەرانیی و دەلەرزی بۆی، کەچی نەیتوانی لەم هەڵبژاردنە ڕێگریی بکات. تا ئەو کاتە نەیدەهێشت بچێتە دەرەوە، نوێژی یەکشەممۆانی لێ بترازێ، ئەویش دەبوو پێکەوە لەگەڵ ئامارانتا بچن، تووڵێکی ڕەشیش بدا بەسەر دەموچاویدا. ئەو پیاوانەی کەمتر مەیلی ئایینییان هەبوو، ئەوانەی لە کەرناڤاڵەکە جلوبەرگی کەشیشیان لەبەر دەکرد و دەچوونە مەیخانەی کاتارینۆ، لەوێ بەتەوزەوە لاسایی نوێژیان دەکردەوە و دەچوونە کڵێسا، تەنها بۆ ساتێکیش بێ، چاویان بە ڕوخساری ڕێمێدیۆسە جوانکیلە

بکەوێت، جوانییە ئەفسووناوییەکەی ببووە قسەی سەر زاری هەموو دانیشتووانی دەوروبەری زەلکاوەکە. کاتێکی زۆری خایاند، تاکوو چاویان پێی کەوت، بەڵام باشتر دەبوو ئەگەر چاویان پێی نەکەوتبا، چونکە زۆربەی زۆریان نەیانتوانی بەئاسوودەیی چاو لێک بنێن. ئەو پیاوەی بەیەکجارەکی هۆگری بوو، بیانییەک بوو، ئەقڵ و هۆشی بەتەواوی لەدەست دا، سەری خۆی بۆ نێو زەلکاوە پڕ لە داروەدەوەنە قیزەوەنەکە هەڵگرت، دوای کوێرەوەرییەکی زۆر، چەندین ساڵ دوای ڕووداوەکە، لەسەر سکەی شەمەندەفەر خەوی لێ کەوت و شەمەندەفەرێکی شەوانە فلیقاندیەوە. ئەو ڕۆژەی ئەو بیانییەیان لە کڵێساکە بینیبوو، قاتێکی قەدیفەی سەوزی لەبەر بووە، ئەوانەی لە کڵێساکەش بوون، زوو درکیان بەوە کردبوو، کە لە شوێنێکی دوورەوە هاتووە، ڕەنگە لە شارێکی دەرەوەی وڵاتەوە هاتبێ، گیرۆدەی ئەفسوونی جوانیی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە ببوو. کوڕێکی هەند جوان و خۆگر و ئازا دەهاتە پێشچاو، هەند بەئەدەب و ڕێزدار خۆی نیشان دەدا، لەچاو ئەودا، پیەترۆ کرێسپیمنداڵێکی هەرزە بوو، ژنانێکی یەکجار زۆریش کاتێ چاویان بە زەردەخەنەکەی دەکەوت، لەنێوان خۆیاندا دەیانکردە فسکەفسک و بە قینێکەوە دەیانگوت، ئەو زیاتر موستەحەقی ئەو شاڵە ڕەشە بوو، نەک ڕێمێدیۆسە جوانکیلە. لە ماکۆندۆ کەس لەگەڵی قسەی نەدەکرد. وەک شازادەیەکی ئەفسانەیی، سەرلەبەیانییانی یەکشەممە، بەسەر ئەسپێکی لغاوزیووینی بە قەدیفە داپۆشراو پەیدا دەبوو، هەر کە نوێژی یەکشەممە تەواو بووایە، تێی دەقاند و لە پێشچاو ون دەبوو.

هەندە سەنگین بوو، یەکەمین جار لە کڵێساکە چاویان بەو گەنجە کەوت، هەموو خەڵکی هیچ گومانێکیان نەدەکرد، کە لەنێوان ڕێمێدیۆسە جوانکیلە و ئەو، بگرەوبەردەیەکی گرژ و نهێنیی دروست دەبێ، پەیمانێکی پەنهان و ململانێیەک دێتە ئاراوە، گەڕانەوەی بۆ نییە، نەک تەنها بە خۆشەویستییش کۆتایی دێت، بەڵکوو دەشێ مەرگیش جەمسەرێک بێ لەم پەیوەندییە. شەشەمین یەکشەممە، سوارچاکەکە گەڕایەوە و گوڵێکی زەردی بە دەستەوە بوو. وەک هەمیشە، لەناو کڵێساکە، بەپێوە ڕاوەستابوو، کاتێک ڕێمێدیۆسە جوانکیلە لە نوێژ بووەوە و گەیشتە بەردەمی، سوارچاکەکە گوڵەباغی تاقانەی پێشکەش کرد. ڕێمێدیۆسیش زۆر ئاساییانە گوڵەباغەکەی لێ وەرگرت، وەک ئەوەی لای ئاسایی بێ کە ڕێزێکی لەو جۆرەی لێ بگیرێ، بۆ ساتێک و بەس، ڕوخساری خۆی پێ نیشان دا، بە بزەیەکیش سوپاسی کرد. لەمە زیاتر ڕێمێدیۆسە جوانکیلە شتێکی دیکەی نەکرد. کەچی بۆ سوارچاکەکە، نەک تەنها هەر بۆ ئەو و بەس، بەڵکوو بۆ هەموو ئەوانەی لەوێ بوون و چاویان لەم کوێرەوەرییە بوو، درکیان کرد ئەم ساتە، ساتێکی ئەبەدییە.

لەو ڕۆژە بەدواوە، سوارچاکەکە بە خۆی و دەستەیەک مۆسیقاژەن، لەبەر پەنجەرەی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە، تا بەرەبەیان مۆسیقایان دەژەنی. تاکە کەس بوو دڵی بەو سوارچاکە بسووتێ، ئاورێلیانۆی دووەم بوو، هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی لەم کارە خاوی بکاتەوە و پێی گوت، "کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە. ژنانی ئەم ماڵە لە بارگیر کەللەڕەقترن." کردی بە دۆستی خۆی و داوەتیشی کرد بۆ ئەوەی لەناو

حەوزی شەمپانیاشدا مەلە بکات، ویستی بە هەموو شێوەیەک تێی بگەیەنێ، کە مێیەکانی ئەم ماڵە، دڵ و هەناویان لە بەرد دروست کراوە، کەچی نەیتوانی بە هیچ جۆرێ پەشیمانی بکاتەوە. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تەواو لە دەستی ئەم ئاهەنگانە بێزار و وەڕس ببوو، هەڕەشەی ئەوەی لێ کرد، کە ئەم دەردە بە یەک فیشەک چارەسەر بکات. جگە لەو بارودۆخە غەمگینە نەبێ، کە تێی کەوتووە، هیچی تر نەبوو بتوانێ لەم کارە پەشیمانی بکاتەوە. ئەوێک، جاران هەند کەشخە و شیک بوو، ببووە دزێو و شەپرێو و پەڕپووت. خەڵکی لەنێوان خۆیان دەیانکردە فسکەفسک و چرپەچرپ، کە گوایە لە وڵاتە دوورەکەی خۆی، دەستی لە سەروەت و سامانی خۆی کێشاوەتەوە، کەچی، لە ڕاستیدا، کەس نەیدەزانی ئەسڵ و فەسڵی ئەو کوڕە چییە. لەگەڵ هەموو کەسێک دەیکردە قڕەقڕ و گاڵەگاڵ، لە مەیخانە و یارییگەکان دەیکردە چەقەچەق؛ سەرلەبەیانییەکیان، لە مەیخانەکەی کاتارینۆ دێتەوە ئاگا، خۆی دەبینێ لەنێو پیسایی خۆیدا گەوزاوە. ئەو شتەی لەم چیرۆکەدا لە هەموو شتێک غەمگینتر بێ، ئەوە بوو کە ڕێمیدیۆس هەرگیزاوهەرگیز لایەکی لێ نەکردەوە، تەنانەت لەو ڕۆژگارانەی بە جلوبەرگی شازادەوە دەچووە کڵێسا. کاتێک ڕێمیدیۆسە جوانکلیە گوڵەباغە زەردەکەی لێ وەر گرت، بە هیچ شێوەیەک بیَری لە شتێکی خراپ نەکردبووەوە، بەڵکوو ئەو کارەی زۆر لەلا عەنتیکە بوو، سەرپۆشەکەی خۆشی داماڵی، نەک بۆ ئەوەی ڕوخساری خۆی پێ نیشان بدا، بەڵکوو بۆ ئەوەی ڕوخساری ئەو ببینێ.

ڕێمێدیۆسـه جوانکیلـه، لـه ڕاسـتیدا، بوونەرەوەرێک نەبوو سـەر بـەم دنیایـه بێت. ماوەیەکی زۆر دوای باڵغبوونـی، هێشـتا سـانتا سـۆفیا دێ لا پـیـەدا دەیشـۆرد و جلوبەرگـی دەکـردە بـەر، کەچـی خۆشـی دەیتوانـی بـەو کارانـه هەڵسـێ، دەبـوو چاودێریشـی بـکات بـۆ ئـەوەی نەچێت چوکڵێک لـه گـووی خـۆی وەر بێنـێ و بچێت لەقـەد دیـوارەکان نیـگاری گیانلەبەرانـی پـێ بکێشـێ. تەمەنـی گەیشـتبووە بیسـت سـاڵ، کەچی هێشـتا خوێندنـەوە و نووسـینی نەدەزانـی، نـه لـه کاتی نانخواردنیشـدا بەڕێکوپێکـی چەقـۆ و چەتاڵـی بـەکار دەهێنـا، بەڕووتوقووتییـش بەنـاو ماڵەکـەدا دەهـات و دەچـوو، چونکـه سروشـتی ئـەو کچـه دژی هەمـوو بیرۆکەیەکـی بـاو بـوو. کاتێکیـش سـەرهەنگە لاوەکـەی باسـی سـووتانی خـۆی بـۆ کرد، زۆر ساویلکانه ڕەتی کردبووەوە، چونکه ئـەو سـووکییە دەیترسـاند. بـه ئامارانتـای گوتبـوو، "دە سـەیر بکـه چەنـد سـادەیە، دەڵـێ لەبـەرت بمـرم، وا دەزانـێ مـن سکێشـەم." کاتێـک سـەرهەنگیان لەبـەر پەنجەرەکـەی بەمردوویـی بینـی. ڕێمێدیۆسـه جوانکیله پێداگریی لەسـەر سـەرنجی یەکەمی کرد و گوتـی، "خـۆ بینیتـان. دە بزانـن چەنـد سـادە بـوو."

هەسـت دەکـرا خـاوەن ڕوونبینییەکی تیژە، یارمەتیی دەدا تـا ئـەو دیـوی واقیعـی شـتەکان ببینـێ. بـه لایەنـی کەمـەوە، ئەمـه بۆچوونـی ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بـوو، بەگوێرەی ئـەو، ڕێمێدیۆسـه جوانکیلـه بـه هیـچ جۆرێک ئەقڵی سـووک نەبـوو، وەک بۆچوونـی زۆربەیـان، بەڵکـوو تـەواو بـه پێچەوانـەوە. هەنـدێ جـار دەیگـوت، "بـه یەکێـک دەکات، کـه لـه دوای بیسـت سـاڵی شـەڕ گەڕابێتـەوە." ئورسـولاش لـەلای

خۆیەوە سوپاسی یەزدانی دەکرد، کە مرۆڤێکی هەند بێگەردی پێشکەشی ئەو بنەماڵەیە کردووە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، نیگەرانیی خۆی لەو جوانییە بێوێنەیە نەدەشاردەوە، چونکە بە خەسڵەتێکی دووفاقەی لێک دەدایەوە، وەک بڵێی لەنێو ئەو هەموو بێگەردییەدا، تەڵەیەکی شەیتان هەبێ. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، دەیویست لە خەڵکی دووری بخاتەوە، لە هەموو تەماح و وەسوەسەیەکی ئەم زەوییە بەدووری بگرێ، بەبێ ئەوەی ئاگای لەوە بێ کە ڕێمێدیۆسە جوانکیلە، لە دەرەوەی هەموو کاریگەرییەکی دەرەکییە، تەنانەت هەر لەو دەمەی لە سکی دایکیدا دەبێ. هیچ کاتێکیش ئەوەی بە خەیاڵدا نەدەهات، کە لەناو هەناوی جەحیمی کەرناڤاڵیشدا، بە شاژنی جوانی هەڵی بژێرن. بەڵام ئاورێلیانۆی دووەم، ئەو بیرۆکە فانتازییەی بە خەیاڵدا هات، خۆی لەژێر پێستی پڵنگدا شاردەوە و ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشی نارده ماڵ بۆ ئەوەی دڵی ئورسولا ڕازی بکات و پێی بڵێ کەرنەڤال ئاهەنگی کافران نییە، چونکە ئورسولا وای دەگوت، بەڵکوو سوننەتێکی کاسۆلیکەکانە. دواجار هاتە سەر ئەو قەناعەتە و بەنابەدڵییش بەو تاجلەسەرنانە ڕازی بوو.

هەواڵی هەڵبژاردنی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە لە ئاهەنگی کەرنەڤاڵدا، بە شاژن و تاجخستنەسەری، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا گەیشتە ئەوپەڕی سنووری گوندەکانی دەوروبەری زەلکاوەکە، تەنانەت گەیشتە ناوچە دووردەستەکانیش، گەیشتە ئەو هەرێمانەی هیچ شتێکیان لەبارەی جوانیی پرشینگهاوێژی ڕێمێدۆسەوە پێنەدەزانی، لە هەمان کاتیشدا بوو بە مایەی نیگەرانیی ئەو کەسانەی ئەم بنەماڵەیان بە

ڕەمزی خورافات لەقەڵەم دەدا.

ئەم نیگەرانییە هیچ بنەمایەکی نەبوو. لەو سەردەمەدا، ئەگەر کەسێک دەستوپێسپی بووایە، ئەوا خودی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بوو، پیر و نائومێد ببوو، وردەوردەش هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی وڵاتەکەیەوە نەمابوو. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەچووە تاقیگەکە و دەرگای لە خۆی دادەخست، تاقە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە ئەوە بوو، کە ماسییە چکۆلەی زێرکەفتی دەروست دەکرد. یەکێک لە سەربازە دێرینەکان، کە لە سەرەتاکانی قۆناغی ئاشتیدا پاسەوانیی ماڵەکەیان پێ سپاردبوو، دەچوو لە گوندەکانی دەوروبەری زەلکاوەکە ماسییەکانی دەفرۆشت، کاتێکیش دەگەڕایەوە لای سەرهەنگ، هەندێ هەواڵ و بڕێک پارەی پێ بوو. یەکێک لەو هەواڵانە ئەوە بوو، کە حکومەتی پارێزگاران، کە لەلایەن لیبیراڵەکانەوە پاڵپشتیی دەکرێ، بۆ ئەوەی هەر سەرۆکێکیش بتوانێ بۆ ماوەی سەد ساڵ لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، خەریکی چاکسازین. هەروەها ڕێککەوتنامەیەکیشیان لەگەڵ ڤاتیکان مۆر کردووە، کاردینالێکیشیان لە ڕۆماوە ناردووە، تاجێکی لەسەر بوو، لە ئەڵماسی خالیس دروست کرابوو، لەسەر کورسییەکی لەزێڕدروستکراویش دانیشتبوو، وێنەی وەزیرە لیبراڵەکانیشیان لەو ساتەدا گرتبوو، کە لەسەر چۆک بوون و ئەنگوستیلەکەیان ماچ دەکرد. هەواڵێکی دیکەش ئەوە بوو: ژنەگۆرانبێژێکی گروپێکی ئیسپانی هاتبووە پایتەخت، چەند کەسێکی دەمامکدراو، هەر لە لۆژەکەیەوە ڕفاندبوویان، بۆ یەکشەممەی داهاتووش، لە کۆشکی هاوینەهەواری

سەرۆکایەتی، لە بەردەم خودی سەرەککۆمار، بەڕووتی سەمای کردووە. سەرهەنگ پێی دەگوت، "دە بەسە، هەندە باسی سیاسەتم بۆ مەکە. ماسییە چکۆلەکان بفرۆشە و تەواو، کاری ئێمە هەر ئەمەیە." دەنگۆیەک بڵاو ببووەوە، کە گوایە سەرهەنگ نایەوێ گوێ لە هەواڵی وڵات بگرێ، چونکە خەریکی سامانکۆکردنەوەیە، کاتێکیش ئەم هەواڵە گەیشتەوە لای ئورسولا، وەخت بوو لەبەر پێکەنین ببێ بە دوو کەرتەوە. سەرباری ئەوەی ئورسولا ژنێکی بەئاگا و وریا بوو، بەڵام لە سەوداکەی سەرهەنگ سەری دەر نەدەکرد، چونکە ماسییە چکۆڵەکانی بە زێڕ دەگۆڕییەوە و زێڕەکانی جارێکی دیکە دەکردەوە بە ماسیی چکۆلانە و ئا بەم شێوەیە تا زیاتری دەفرۆشت، ماسیی زیاتری دروست دەکرد و بەو جۆرە لە توانایدا نەبوو لەنێو ئەو بازنە داخراوە شکستە ڕزگاری ببێ. ئەوەی لەلایەن سەرهەنگیشەوە زۆر گرینگ بوو، خودی بازرگانییەکە نەبوو، بەڵکوو خۆخەریککردن بوو. پێویستی بە بیرێکی زۆر ورد هەبوو کاتیک پوولەکەی ماسییەکانی دروست دەکرد، یاقووتی بچکۆلەی لەجیاتی چاو بۆ ماسییەکان دادەنا، گوێچکەی تەنکی ئامادە دەکرد، پەڕپەڕەی باڵەکانی لە شوێنی خۆیان دادەنا، ئەمە وای لە سەرهەنگ دەکرد، تەنانەت یەک چرکەشی بۆ نەمێنێتەوە تا بیر لە شکستەکانی جەنگ بکاتەوە. وردەکارییەکانی ئەم پیشەیە، پێویستیی بە سەرنجێکی هەند ورد هەبوو، هەندە وزەی خەرج دەکرد، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، پیرییەکی زۆر زیاتری پێوە دیار بوو، لە گشت ئەو ماوەیەی جەنگدا هەندە پیر نەبووبوو، ئەو نووشتانەوانە بڕبڕەی پشتی دەچەماندەوە،

ئەو هەموو دیقەتە چاوی کز دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، ئەم وردبوونەوەیە ئاسوودەییی دەدا بە ڕۆحی. دواجار کە گوێی لە هەواڵی جەنگ بوو، هەواڵەکە پەیوەندیی بە بابەتی مووچەی خانەنشینانەوە هەبوو، دەستەیەک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی هەردوو حیزبەکە هاتبوونە لای و داوای یارمەتییان لێ کردبوو بۆ ئەوەی پشتگیریی لە مووچەی خانەنشینی بکات، تا ئەودەم هەر وەک بەڵێن و وەک مەرەکەبی سەر کاغەز مابووەوە؛ سەرهەنگ پێیانی گوتبوو، "لەبیری خۆتانی بەرنەوە. دەبینن چۆن مووچەی خانەنشینیم ڕەت کردەوە، تاکوو تا مردن بەدیار وەڵامەوە دانەنیشم." سەرەتا، پاشنیوەڕۆیان، سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکێز دەهاتە لای سەرهەنگ و بەجووت لە بەردەرگاکە، بەرامبە بە جادەکە دادەنیشتن و باسی ڕۆژانی ڕابردوویان دەکرد. بەڵام ئامارانتا بەرگەی گوێگرتنی ئەو هەموو بەسەرهاتانەی نەبوو لەمەڕ ڕابردووەوە، کە ئەو پیرەمێردە کەنەفتە، هەر بە ڕووتانەوەی قژی، خەرەندی تەمەن دەمی بۆ کردبووەوە. ئامارانتا هەند دڵڕەقانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرد، تا وای لێ هات تەنها بۆ بۆنەیەکی زۆر تایبەت نەبووایە، چیی دی پێی نەدەخستەوە ئەو ماڵە، تا دواتر بۆ هەتاهەتا ناوی لەسەر لیستی زیندووەکان سڕایەوە. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، بێدەنگ و کەمدوو بوو، بێباک بوو بەرامبەر بەو نەفەسە نوێیەی ژیان لەگەڵ خۆی دەیهێنا، لەوە تێگەیشتبوو کە تەنها پەیمانی تەنیایی دەتوانێ قۆناغی پیریی بە شێوەیەکی شەرەفمەندانە بەسەر بەرێ. شەوان، خەوێکی سووک دەیبردەوە، سەعات پێنجی بەیانی

لە خەو هەڵدەستا، وەکوو خوویەکیش، دەچووە مەتبەخەکە و هەمیشە کوپێک قاوەی تاڵی دەخواردەوە. پاشان دەچووە تاقیگەکە و دەرگای لە خۆی دادەخست، هەموو ڕۆژەکەی لەوێ بەسەر دەبرد، تا سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، ئەوجا تەپڵەکێکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا و بەژێر هەیوانەکەدا تێدەپەڕی، بەبێ ئەوەی سەرنجی گڕگرتنی گوڵەباغەکان بدا، کە بەر ڕووناکیی ڕۆژ دەکەوتن، بەبێ ئەوەی سەرنجی ڕەفتاری خەمبارانەی ئامارانتا بدات، کە ناڵەی خەمۆکییەکەی لە کاتی خۆرکەوتندا دەبووە بۆڵەبۆڵێک، کە دەمەوئێواران بەجوانی دەکەوتە بەرگوێ؛ ئەو دەچووە بەردەرگاکە و بەرامبەر بە جادەکە لەسەر تەپڵەکەکەی دادەنیشت، تا ئەو دەمەی پێشوولە تەنگی پێ هەڵدەچنی. هەندێ جار، یەکێک بە ئەوێدا تێدەپەڕی و دەیوێرا تەنیاییەکەی بشڵەقێنێ و پێی دەگوت، "سەرهەنگ، چۆنی چۆن؟"

ئەویش لە وەڵامدا دەیگوت، "هەر وا دەبێ. چاوەڕێی تێپەڕینی جەنازەکەم دەکەم."

ئەو نیگەرانییانەی دوای هەواڵی هەڵبژاردنی ڕێمیدیۆسە جوانکیلە وەک شاژنی کەرنەڤاڵ بڵاو بووەوە، لە ڕاستیدا هیچ بنەمایەکی جیددیشی نەبوو. کەچی لەو ڕووەوە، زۆرێک ڕای پێچەوانەشییان هەبوو. بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک بیر لە شتێکی کارەساتاوی بکرێتەوە، هەموو حەشامات، بە خۆشی و شادی و هەراوهوریاوە، بەرەو مەیدانەکە بەڕێ کەوتن. کەرنەڤاڵ گەیشتبووە ترۆپکی شادییەکی شێتانە، ئاورێلیانۆ بوێندیا دواجار توانیی خۆی بخاتە ژێر کەوڵی پڵنگێک و بەختەوەرانە بەنێو حەشاماتە تێکچڕژاوەکەدا بەلادا

دەهات، لەبەر هاتوهاور دەنگی نووسابوو، کاتێک لە ڕێگەی زەلکاوەکەوە خەڵکێکی دەمامکدراو پەیدا بوون، کەژاوەیەکی ئاڵتوونییان هەڵگرتبوو، ئەفسووناویترین ژن کە خەیاڵی مرۆڤ دای هێنابێ، لەسەری دانیشتبوو. بۆ چەند ساتێک، خەڵکی ئاواییەکە دەمامکەکانیان لەسەر ڕوخساریان لا دا و بۆ ئەوەی وردتر بڕواننە ئەو بوونەوەرەی تاجی زوبەردی لەسەر بوو، فەروویەکی ئێرمینیان دابووە بەسەر شانیا، شاژنێک نەبوو لە کاغەزی بریقوباق و پوولەکە، بەڵکوو ڕاستەقینە بوو، خاوەن دەسەڵات و سەروەریی ڕاستەقینە بوو. کاتێک کەسانی بەئاگا و وردبین سەیری ئەم دیمەنەیان دەکرد و لە خۆیان دەپرسی دەبێ موویەک لەم ماستەدا هەبێ. کەچی ئاوریلیانۆی دووەم، خێرا ئەم دوودڵی و نیگەرانییەی ڕەواندەوە و گوتی ئەوانەی تازە هاتوونەتە نێو حەشاماتەوە، میوانی بەڕێزی ئەون و وەکوو سولەیمانی حەکیم، ڕێمێدیۆسە جوانکیلە و شاژنەکە نوێیەکەی لەسەر هەمان تەخت دەبێ دانیشن. تاکوو نیوەی شەو، ئەو بیانییانەی بە جلوبەرگی بەدوو و خەڵکی بیابانییانەوە هاتبوون، چوونە ناو ئەو سەرشێتییە حەشرئامێزەی ئەو حەشاماتە هێنابوویە کایەوە و دەستیان بە یاریی ئەکرۆبات کرد و ئاگربازییان ئەنجام دەدا، هونەر و دەستڕەنگینەکانیان، سەردەمی قەرەجەکانی دەهێنایەوە یاد. لەناکاودا، لە دوو قۆناغەکانی ئاهەنگدا، یەکێک ئەو هاوسەنگییە ناسکەی شکاند.

لەناکاو هاواری پەیدا بوو، "بژی حیزبی لیبراڵ" و "بژی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ." بەرز بووەوە.

دەنگی تەقە، بریقانەوەی ئاگربازییەکەی تەڵخ کرد، دەنگی ترس، ئاواز و مۆسیقاکانی کپ کرد و کەیفوشادییش لەنێو دڵەڕاوکێدا توایەوە. دوای چەندین ساڵ، دەنگۆی ئەوە دووپات دەبووەوە، کە پاسەوانی کۆماریی ولاتانی بیانی، لەلایەن سەربازانی لەشکری دەوڵەتەوە ساز درابوو، لەژێر دیژداشە بەهادارەکانیانەوە، چەکی نیزامییان شاردبووەوە. بە پێی ڕاگەیاندراوێکی تایبەتیشەوە، حکومەت ئەم دەنگۆیەی بەدرۆ خستەوە، ویستی لیژنەیەک پێک بهێنێ بۆ ئەوەی پێداچوونەوە دروست بکرێت، تاکوو هەموو شتێک ڕوون دەبێتەوە. کەچی هەرگیز ئەم مەسەلەیە یەکلاکەرەوە نەبووەوە، بۆچوونێک زاڵ بوو، پێی وا بوو پاسەوانانی کۆماری، وەکوو ئەوەی خۆیان بۆ شەڕ ئامادە کردبێ، بێبەزییانە تەقەیان لە حەشامات دەکرد. دوایی هێمن بوونەوە، تەنانەت یەک لەو بەدووە درۆزنانەش لە گوندەکە نامابووەوە، لە مەیدانی گوندەکەش، مردوو و بریندارێکی زۆر کەوتبوون: لەوانە، نۆ کلوون، چوار کۆلۆمبی، حەقدە پاشای وەرەقی شەیتانێک، سێ مۆسیقاژەن، دوو نەجیبزادەی فەرەنسی و سێ ژنە ئیمپراتۆری یابانی. لەنێو ئەو دڵەڕاوکێی و پەشۆکاوییەدا، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم توانیی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بباتە پەنایەکەوە، ئاورێلیانۆی دووەمیش شازادەکەی دیکەی خستە باوەش و بردیەوە بۆ ماڵ، جلوبەرگەکەی هەنجنهەنجن ببوو، فەرووەکەشی خلّتانی خوێن ببوو. ناوی فێرناندا کارپیۆ بوو. لەنێو پەنجا هەزار ژندا، بە جوانی ولات هەڵبژێدرابوو، هێنابوویانە ماکۆندۆ و بەڵێنی ئەوەیان پێ دابوو، کە بە شاژنی مەدەغەشقەر هەڵی دەبژێرن. ئورسولا

وەکوو کچی خۆی سەرپەرشتیی کرد و چاودێریی کرد. دانیشتووانی ئاوایییەکەش، لەجیاتی ئەوەی پەنجەی تاوانی بۆ درێژ بکەن، دڵیان بەو بەسزمانە دەسووتا. شەش مانگ دوای ئەو کوشتارە، دوای ئەوەی بریندارەکان چاک بوونەوە، ئەو هەموو گوڵانەی فڕێ درانە سەر گۆڕە بەکۆمەڵەکان، ژاکان و سیس بوونەوە، ئاوریلیانۆی دووەم لەدووی گەڕا تا لە شارێکی دوورەدەستدا دۆزییەوە، کە لەگەڵ باوکیدا دەژیا؛ لەگەڵ خۆی جارێکی دیکە هێنایەوە بۆ گوند و لەنێو ئاهەنگ و هەڵپەرکێدا، بیست ڕۆژی ڕەبەقی خایاند، بەیەکەوە زەماوەندیان کرد.

# ١١

وەخت بوو زەماوەندەکە دوای دوو مانگ تێک بچێ، ئاورێلیانۆی دووەم دەیویست خەتاکەی کاڵ بکاتەوە، چونکە وێنەیەکی پێترا کۆتێسی بە جلوبەرگی شاژنی مەدەغەشقەرەوە گرتبوو. کاتێک فێرناندا بەمەی زانی، باوڵ و بوخچەی بووکێنیی هەڵگرت و ماکۆندۆی بەبێ ماڵئاوایی جێ هێشت. ئاورێلیانۆی دووەم لە نیوە ڕێگەی زەلکاوەکە گرتی و لەگەڵ خۆی هێنایەوە. دوای هەزار تکا و بەڵێن و پاڕانەوە، توانیی جارێکی دیکە بیهێنێتەوە ماڵ و وازی لە دۆستەکەشی هێنا.

پێترا کۆتێس گومانی لە هێزی خۆی نەبوو، پێنەدەچوو نیگەران بووبێ. ئەو بوو ئاورێلیانۆی دووەمی کردە پیاو. کاتێک لە تاقیگەکەی میلکییادێس دەری هێنا، هێشتا بۆنی شیر لە دەمی دەهات، مێشکی پڕ لە بیرۆکەی خەیاڵاوی بوو، هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعەوە نەبوو؛ شوێنێکی لەو جیهانە بۆ کردەوە. وەکوو بوونەوەرێکی گۆشەگیر لەدایک ببوو، دڕدۆنگ، حەزی لە تەنیاییەکی گۆشەگیرانە دەکرد، بەڵام ئەو تەبعێکی نوێی پێ بەخشی، تەواو بە

پێچەوانـەوەی ئـەو تەبعـەی پێشـووی، تەبعێـک، لێوانلێـوی ژیـان بـوو، دەروازەکانـی دنیـای بـۆ کـردەوە، کـردی بـە پیاوێکـی هەژموونخـواز. ئـەو حـەز و ئـارەزووەی ئـەو بـۆ ژیـانِ هەیبـوو، ترنجاندیـە ناخـی ئەویشـەوە، ئـارەزووی سـازاندنی ئاهەنگ و بەفیڕۆدانی پارەی هەبوو؛ ئا بەو جۆرە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە ناوەوەوە و دەرەوە ئەو پیاوەدا دروسـت بـوو، ئـەو پیـاوەی هـەر لـە هەرزەکارییـەوە خەونـی پێـوە دەبینـی و بـۆ خـۆی دانابـوو. ئاورێلیانـۆی دووەم، وەک هەموو منداڵێکی ئەم دنیایە، ڕۆژێ هـەر دێ زەماوەند بکات، ئەویـش ژنـی هێنـا. نەیوێـرا پیەتـرا کۆتێس ئـاگادار بکاتـەوە. بـەلام زۆر هـەرزە و منداڵانـە ڕەفتـاری لەگەڵـدا کـرد، ڕق و کینـەی درۆزنانـەی هەڵڕشـت، ڕکـی وەهمـی، هەمـوو هەوڵێکـی خسـتە گـەڕ بـۆ ئـەوەی پێتـرا کۆنتێـس دەسپێشـخەریی لـە پچڕانـی ئـەو پەیوەندییـە بـکات. ڕۆژێکیـان، ئاورێلیانـۆی دووەم ناهەقانـە گلەیـی و گازەنـدەی لـێ دەکـرد، ئەویـش هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئـەوەی نەکەوێتە نێو ئـەو تەڵەیـەوە و پوختـەی مەسـەلەکەی خسـتە مسـتیەوە و پێی گوت، "ئـەوەی لەئارادایـە: تـۆ دەتـەوێ شـازادەکە بخـوازی."

ئاورێلیانـۆی دووەم، شـەرم دای گـرت، لەبـەر تووڕەیـی، خـۆی داهێـزراو نیشـان دا، پێـی گـوت لێـی حاڵـی نەبـووە و هەست بـە سـووکایەتییش دەکات، بڕیـاری دا چیـی دی سـەری لـێ نـەدا. پێتـرا کۆتێـس دەتگـوت هـەر مێشـیش مێوانـی نییـە، لـە خـۆی دڵنیـا بـوو، یـەک قولانـج چییـە، نەهاتـە خـوارەوە، خۆی بـە بێوەژنێک دایە قەڵـەم پشـووی وەر گرتبێ، گوێی لە مۆسیقا و ئاگربـازی و تەرەقـەی زەماوەنـد گرت، چـووە نێو

حەشـاماتە تێکەڵوپێکەڵـە دڵخۆشـەکەوە، ئەمەشـی بـە یەکێـک لـە گەمەکانـی ئاورێلیانـۆی دووەم لێـک دایـەوە. بـە بزەیـەک دڵـی ئەوانـەی دەدایـەوە، کـە دەهاتنـە تەنیشـتیەوە و دڵیـان پێـی دەسـووتا، ئەویـش پێـی دەگوتـن، "دڵ لـە دڵ مـەدەن. لـە ماڵەکـەی منـدا، شـازادە دەبـێ بەردەسـتی بـکات." ژنێکـی هاوسێی، مۆمێکی بۆ هێنابوو، ئەو مۆمانـە بەتایبـەت بۆ ئـەوە دروسـت دەکـران، تـا لـەدەوری وێنـەی دەزگیرانـی لەدەسـتچوو داگیرسـێندرێ، ئەویـش زۆر بەدڵنیاییـەوە وەڵامـی دایـەوە و پێـی گـوت، "ئـەو مۆمـەی هانـی دەدا بگەڕێتـەوە، هەمیشـە و هەمیشـە داگیرسـاوە."

قسـەکەی ڕاسـت دەر چـوو، هـەر دوای تەواوبوونـی مانگـی هەنگوینـی، ئاورێلیانـۆی دووەم، جارێکـی دیکـە گەڕایـەوە لای پێتـرا کۆتێس. لەگـەڵ بـرادەرە هەمیشـەییەکانی چووبـوو، وێنەگرێکـی گەڕۆکـی لەگـەڵ بـوو، جلوبـەرگ و فەرووەکـەی ئێرمینـی لـە خوێـن پاککراوەشـی هێنابـوو، کـە فێرنانـدا لـە ئاهەنگـی کەرنەڤاڵـدا کردبوویـە بـەری. وەرزی گەرمـا بـوو، پاشـنیوەڕۆیەک، تینـی گەرمـا گەیشـتبووە لووتکـە، جلوبەرگەکـەی کـردە بـەر پێتـرا کۆتێـس، بـۆ هەتاهەتـاش وەک شـاژنی مەدەغەشـقەر هەڵبـژارد و وێنەکەشـی بەسـەر هاوڕێیەکانیـدا بەخشـییەوە. پێتـرا کۆتێـس، نـەک تەنهـا بـەم گەمەیە قایل بوو، بەڵکوو لە ناخی دڵیشـییەوە بەزەیی پێدا دەهاتـەوە، چونکـە هەسـتی دەکـرد، ڕەنگـە بەتـەواوی زراوی ڕژابـێ، بۆیـە بیری لـە داهێنانـی ئـەم نماییشـە سـەیروسـەمەرە کردۆتـەوە. سـەعات حەوتـی ئێـوارە، هێشـتا بـە جلوبەرگـی شـازادەوە بـوو، ئاورێلیانـۆی بـردە جێگـەوە. کـەم تـا زۆر،

دوو مانگ بەسەر زەماوەندەکەیدا تێپەڕیبوو، پیترا کۆتێس هەستی بەوە کرد لە دۆشەکی ژنومێردایەتیدا شتەکان زۆر بەباشی بەڕێوە ناچن، بۆیە بە لەززەتێکی شیرینی تۆڵەئامێزەوە شەوی لەگەڵ بردە سەر. کەچی، دوای دوو ڕۆژ، چیی دی نەیدەوێرا بگەڕێتەوە لای، یەکێکی راسپارد بۆ ئەوەی کاروباری جیابوونەوەکە بگرێتە ئەستۆ، پیترا کۆتێس لەمە تێگەیشت، بۆیە دەبوو لەو ماوەیەی دای نابوو، کاتی زیاتری بداتێ، چونکە ئاورێلیانۆی دووەم ئامادەی هەموو فیداکارییەک بوو، تا ئابڕووی نەچێت. لەم حاڵەتەشدا دوودڵیی نەنواند. سەرلەنوێ پیرۆزباییی لێ کردەوە و ملکەچانە خۆی نیشان دا، قسەوقسەڵۆکەکانی پشتڕاست کردەوە، کە گوایە ژنێکی کەساسە، لەجیاتی هەموو یادگارییەکیش، تەنها جووتێ چەکمەی ئاورێلیانۆی لای خۆی گل داوەتەوە، چونکە بە ئاورێلیانۆ گوتبوو، دەبێ لەناو تابووتەکەیدا لەپێی بکا. چەکمەکانی لە پارچەپەڕۆیەک پێچا و لەنێو باوڵێکی نا؛ خۆی بۆ چاوەڕوانییەک ئومێدبەخش ئامادە کرد. بە خەڵکەکەشی دەگوت، "هەر بە لایەنی کەمەوە، بۆ لەپێکردنی ئەم چەکمانە، دەبێ هەر ڕۆژێک بگەڕێتەوە، جا ئەمڕۆ بێ یا سبەی."

بە گوێرەی مەزەندەکەی خۆی دەر نەچوو، هەندە چاوەڕێی نەکرد. هەر واش دەر چوو، هەر لە شەوی بووکێنییەوە ئاورێلیانۆی دووەم لەوە تێگەیشت، کە زۆر پێش ئەو ڕۆژەی ئەو جووتە چەکمە بریقەدارانە لەپێ بکات، دەبێ بگەڕێتەوە لای پیترا کۆتێس: بۆ خەڵکیش، فێرنانداا ژنێکی وێڵ و گومڕا بوو، لە شارێکی غەمگین

لەدایک ببوو و گەورە ببوو، هەزار کیلۆمەتر لە زەریاوە دوور بوو، هێشتا بە جادە بەردڕێژەکاندا، لە شەوانی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێدا، هێشتا گالیسکەی دامودەستەی پاشا، بە ژاوەژاوەوە تێدەپەڕین. لە هەموو کڵێساکانیشەوە، سەعات شەشی پاشنیوەڕۆ، سیودوو زەنگی مەرگ دەنگی دەدایەوە. تیشکی خۆرەتاو هەرگیز نەدەگەیشتە نێو خانووی ئەو نەجیبزادانەی عەرزی خانووەکانیان بە کێڵی گۆڕ بەردڕێژ کرابوو. چیی دی با بەنێو دارسەرووی ناو حەوشەکان و ژوورە ڕەنگپەڕیو و دالانی تەڕی باخچەی گوڵی مەریەم نەدەگەڕا. فێرناندا، تا باڵغبوونیشی هیچی لەبارەی جیهانەوە نەدەزانی، ئەو نۆتە خەمۆکییانە بترازێ کە لە پیانۆی ماڵی هاوسێیەکەیەوە بەرز دەبووەوە. ساڵەهای ساڵ بوو هەموو نیوەڕۆیەک لەبەر پیانۆژەنینەکەی ئەو هاوسێیە، خەوی لە خۆی حەرام کردبوو. لە ژووری دایکە نەخۆشەکەی، تیشکێکی سەوز و زەردی تەپۆتۆزاوی لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە، فێرناندا‌ش گوێی لەو ڕاهێنانی مۆسیقا دەگرت، ژەنینێک بوو، زۆر بە وردی و خۆگری و نائومێدانە لێدەدرا؛ گوێی دەگرت و لە دڵی خۆشیدا دەیگوت، ئەم مۆسیقایە لە جیهاندا هەیە و ئەویش بەدیار هۆنینەوەی لقە دارخورمای پرسەوە، ژیانی بەفیڕۆ دەدا. دایکیشی تووشی تایەکی کوشندە ببوو، شەلاڵی ئارەقە بوو، سەعات پێنجی پاشنیوەڕۆ باسی ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی بۆ دەکرد. فێرناندا، هەر بەمنداڵی، لە شەوێکی مانگەشەودا چاوی بە ژنێکی یەکجار جوان دەکەوێ، بە جلوبەرگی سپییەوە لە باخچەکە دەپەڕییەوە و دەچوو بۆ کڵێسا

بچووکەکە. ئەم دیمەنە بزێوە نیگەرانی کرد، چونکە هەستی کرد خۆی دوای بیست سالی دیکە دەیبینێ. دایکی بەدەم کۆکەوە پێی گوت، "ئەوە داپیرەگەورەتە، شاژن بوو. کاتێک چلە گوڵی مەریەمی لێکردەوە، گێژ بوو، پاشان گیانی سپارد." دوای چەندین سالی دیکە، وردەوردە سەروسیمای فێرناندا دەچووەوە سەر داپیرەگەورەکەی، بۆیە چیی دی لەبارەی ئەو دیمەنەی بەمندالی بینیبووی، دلی خەتەرەی نەدەکرد، کەچی دایکی بە بێباوڕی لەقەلەم دا و پێی گوت، "ئێمە تا بلێی خاوەن سەروەت و سامان و دەسەلاتین، ڕۆژێک هەر دادێ ببیتە شاژن."

فێرناندا بڕوای بە دایکی کرد، مێزێکی گەورەوگرانیان ڕازاندبووەوە، تەنها بۆ ئەوەی کوپێک شۆکلاتە بە ئاو و شەکرەوە بخۆنەوە؛ سفرەی کەتانیان ڕاخستبوو، کەوچک و چنەتالی زیوینیان دانابوو. تا ڕۆژی زەماوەندەکەی، هەموو هەست و شعووری لەلای تاجە ئەفسانەییەکە بوو، سەرباری ئەوەی دۆن فێرناندۆی باوکی دەبوو خانووەکەیان بخاتە ڕەهنەوە بۆ ئەوەی دەستێک جیازی زەماوەندی بۆ بەکرد بدات. ئەمە نە ساویلکەیی بوو، نە هەوەسی مەزنایەتی. هەر بەو شێوەیە پەروەردەیان کردبوو. لەو کاتەوەی هۆشی پەیدا کردبوو، لەناو لەگەنێکی زێڕیندا، ناو و نەخشی بنەمالەیان لەسەری هەلکۆلیبوو، دەستی بە ئاو دەگەیاند. لە تەمەنی دوانزە سالییدا، بۆ یەکەمین جار چووە دەرەوە، بە گالیسکە دەیانبرد بۆ قوتابخانەی ئایینی، تەنانەت دوو جادەش لە مالەکەیانەوە دوور بوو. هاوپۆلەکانی زۆر پێیان سەیر بوو، کە خۆی دوورەپەرێز دەگرێت، لەسەر

کورسییەکی بەرز دادەنیشت؛ لە کاتی پشووشدا نە دەچووە ناویان، نە یاریی لەگەڵ دەکردن. ڕاهیبەکان دەیانوت، "کچێکی جیاوازە. چونکە دەبێتە شاژن." دەستەخوشکەکانی بڕوایان پێی دەکرد، چونکە لە هەموویان جوانتر و بەڕێزتر و شەرمنتر دیار بوو، تەنانەت پێش فێرنانندا کچی وایان هەرگیز بە چاوی خۆیان نەبینیبوو. دوای هەشت ساڵ، بە زمانی لاتینی، فێری هۆنینەوەی شیعر بوو، لەسەر کلاڤسانەکە مۆسیقای دەژەنی، لەبارەی ڕاوکردن بە باز، لەگەڵ پیاوان قسەی دەکرد، لەگەڵ کەشیشەکانیش باسی مەزهەبی دەکرد و لەگەڵ باڵیۆزە بیانییەکانیشدا کێشەکانی دەوڵەتی بۆ ڕوون دەکردنەوە؛ لەگەڵ پاپاش باسی خودای دەکرد. کاتێک گەڕایەوە ماڵیش، لقە دارخورمای بۆ سەر جەنازەکان دەهۆنییەوە. ماڵەکەیان ڕووت ببووەوە. لە چەند دۆلاب و کانتۆرێکی هەرە پێویست زیاتر، شتێکی ئەوتۆیان نەمابوو. بۆ ئەوەی مەسرەفی خوێندنی ئایینیی ئەوەی پێ دابین بکەن، هەرچی مۆمدان و کەوچک و چەتاڵی زیوینی ناو ماڵ و هەموو کەرەسەکانی ناو ماڵ هەبوو، هەموویان فرۆشت. هەندەی نەبرد، دایکی تووشی گرانەتایەک بوو. باوکیشی، دۆن فێرناندۆ، جلوبەرگی ڕەشی دەپۆشی، ملیوانە ڕەقەکەی وەرسی دەکرد، زریزەیەکیش بە بەرباخەڵیدا شۆڕ دەکردەوە، هەموو دووشەممەیەکیش بۆ ئەوەی خەرجی ماڵەوەی پێ فەراهەم بکرێت، دراوێکی زیوینی دەدایێ، تاجە لقە دارخورماکانی هەفتەشی دەبرد بۆ فرۆشتن. بەدرێژاییی ڕۆژگار خۆی لە مەکتەبەکەی قاییم دەکرد، ناوبەناویش دەچووە دەرەوە، پێش سەعات شەشی ئێوارە

دەهاتەوە ماڵ، پێکەوە تەزبێحاتی ئاینییان دەکرد. هاوڕێی نزیکی نەبوو. ئەم کیژۆڵەیە هیچی لەبارەی ئەو شەڕانەوە نەدەبیست، کە وڵاتیان خڵتانی خوێن کردبوو. هەرگیز گوێگرتنی ڕاهێنانی پیانۆی سەعات سێی پاشنیوەڕۆی لەدەست نەدا. هەندە نەبوو خەون و خەیاڵی بوونبەشاژن لە مێشکی دەر دەچوو، کاتێک دوو جار لە دەرگای ماڵەوەیان دا. دەرگای کردەوە، سەربازێکی پۆشتەوپەرداخی بینی، بەهەیبەت دیار بوو، شوێنی برینێک لەسەر ڕوومەتیەوە بوو، مەدالیایەکی زێڕیش بەسەر سینگییەوە بوو. چووە مەکتەبەکەی باوکی و دەرگایان لە خۆیان داخست. دوای دوو سەعات، سەربازەکە چوو بۆ دوکانی بەرگدوورەکە، بۆ ئەوەی کیژۆڵەکە لەگەڵ خۆی بەرێت و پێی گوت، "بڕۆ خۆت ئامادە بکە. سەفەرێکی درێژت لەپێشە." ئا بەو جۆرە، فێرناندایان بردە گوندی ماکۆندۆ. تەنها لە ماوەی یەک ڕۆژدا، ژیانی ڕاستەقینە زۆر بەسەختی، بە هەموو بارستاییەکیەوە کەوتە سەر ئەستۆی ئەم کیژۆڵەیە، بەدرێژاییی ژیانی، دایک و باکی لێیان شاردبووەوە. کاتێکیش گەڕایەوە ماڵ، دەرگای لەسەر خۆی داخست، دەستی بە گریان کرد، گوێی لە تکا و ڕوونکردنەوەی دۆن فێرناندۆ نەبوو، هەوڵی دەدا برینە قووڵەکانی ئەو گاڵتەجاڕییە سەیروسەمەرەیە لەیاد بکات. سوێندی خوارد تا لە ژیاندا ماوە، لە ژوورەکەی سەر نەکاتە دەرەوە، لەناکاو ئاورێلیانۆی دووەم پەیدا بوو. بەختێک بوو، کەس چاوەڕێی نەدەکرد، چونکە لەنێو هەڵای تووڕەیی و لەنێو ئەو بارە ناهەموارەی دەبووە مایەی شەرم و ئابڕووچوون، بۆ ئەوەی کەس نەزانێ کێیە، فێرناندا

لەبارەی بنەماڵە و بنەچەی خۆیەوە درۆی لەگەڵ ئاوریلیانۆ کردبوو. تاقە ئاماژەیەک، ئاوریلیانۆی دووەم فێرناندای پێ دەناسییەوە، شێوەزارەکەی بوو، هیی دانیشتووانی هەڵەتە بەرزەکان بوو، درکنەکردن بەمە، مەحاڵ بوو، هەروەها باسی ئەوەشی بۆ کردبوو، کە کاری هۆنینەوەی لقە دارخورمایە. ئاوریلیانۆی دووەمیش وەک دێوانە لێی دەگەڕا. وەکوو خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا گورجوگۆڵ و بەسام دیار بوو، ئەو سەردەمەی زنجیرەچیاکانی بڕی و گوندی ماکۆندۆی دروست کرد؛ وەک ئاوریلیانۆ بوێندیا بەفیز و غروور بوو، ئەو سەردەمەی چەندین شەڕ و پێکدادانی بێکەڵکی هەڵگیرساند، وەک ئورسولا خۆگر و ورەبەرز بوو، کاتێک تێدەکۆشا تا بنە و بنەچەی بنەماڵەکە بپارێزێت؛ ئاوریلیانۆی دووەم، بەبێ هیچ وچانێک، بەبێ ئەوە ورەی بڕووخێ، ئەوها بەدوای فێرناندادا دەگەڕا. کاتێک دەیگوت لەکوێ تاجی لقە دارخورما دەفرۆشن، بۆ ئەوەی جوانترین تاج هەڵبژێرێت، ماڵبەماڵ دەیانگەڕاند. کاتێکیش پرسیاری ئەوەی دەکرد لەکوێ چاوی بە جوانترین کچی دنیا دەکەوێ، هەر دایکە و کچی خۆی بۆ دەهێنا. لەنێو حەشاماتی لێڵ و مژاویدا، لەنێو ئەو کاتانەی بۆ فەرامۆشی تەرخان کرابوون، لەنێو ڕچە پێچیدەکانی بێهیواییدا خۆی ون کرد. بیابانێکی زەردی تەی کرد، بیرۆکەکانی ناو مێشکی دەنگی دەدایەوە و نیگەرانیی تراویلکەی پێشبینیکەری لەلا دروست دەکرد. دوای چەندین هەفتە، دوای گەڕان و سۆراغکردنی بێئەنجام، دواجار گەیشتە شارێکی نەناسراو، لە منارەی کڵێساکانەوە زەنگی پرسە دەنگی دەدایەوە. ڕاستە، ئەو

شارەی پێشتر نەبینیبوو، کەس بۆی وەسف نەکردبوو، کەچی یەکسەر شارەکەی ناسییەوە؛ خوێی ئێسقان دیوارەکانی کرۆشتبوو، قارچک بالکۆنەکانی داگیر کردبوو و تەختەدارەکانی شەق کردبوو، دەرگای حەوشەیەکی بینی، بزمارڕێژ کرابوو، وەک ئەوەی باران سڕیبێتیەوە، لەسەر کارتۆنێکی غەمگینیش، غەمگینترین کارتۆنی جیهان بوو، لەسەری نووسرابوو: "لێرە، تاجێی جەنازە دەفرۆشین."
ئا لەو کاتەوە تا بەرەبەیانی دوایی، ساردوسڕ، فێرناندا ماڵەکەی جێ هێشت، ئا لەو ماوەیەدا، ڕاهیبەکان بەپەلەپەل و زۆر بەزەحمەت جلوبەرگی بووکێنییان بۆ دووری، شەش شەمدانەکە و چەقۆ و چەتاڵە زێوینەکان و لەگەنە زێڕینەکە و دەیان شتی بێبایەخ و بێکەڵکی دیکەیان خستە ناو باوڵەکانەوە؛ پاشماوەی کارەساتباری ئەو خێزانە بوون، دوو سەدە بوو چاوەڕوانی ئەم ڕۆژەیان دەکرد. پێشنیاری ئەوەیان کرد، تا دۆن فێرناندۆ بچی لەگەڵیان، بەڵام ئەمەی ڕەت کردەوە. بەڵێنی پێ دان، دوای ئەوەی لە کاروبارەکانی دەبێتەوە، دەچی سەریان لێ دەدا. ماڵئاوایی لە کچەکەی کرد و جارێکی دی گەڕایەوە مەکتەبەکەی، تا جارێکی دیکە بنووشتێتەوە سەر ئەو کاغەزە غەمگینانەی نەخش و ناوی بنەماڵەکەی لەسەر بوون. نامەی بۆ فێرناندا دەنووسی؛ لە هەموو ژیانیدا، ئەمە یەکەمین پەیوەندیی ئینسانیی نێوان ئەو و کچەکەی بوو. بۆ ئاورێلیانۆی دووەمیش، ئەمە دەسپێک و کۆتاییی بەختەوەری بوو.

فێرناندا ڕۆژژمێرێکی جوانی پێ بوو، کلیلێکی بچووکی زێڕینیشی هەبوو. ڕاوێژکاری ئایینی، ناوی ئەو ڕۆژانەی

تیا نووسیبوو، کە نابێ فێرناندا لەگەڵ مێردەکەی بخەوێ. بە مەرەکەبی ڕەنگ وەنەوەشەیی نووسرابوون. حەفتەی پیرۆز و یەکشەمموان، جەژنە ئاینییەکان، یەکەم هەینیی هەموو مانگێک، چوونەخەڵوەت، ڕۆژانی قوربان و سووڕی مانگانە؛ لەنێو ئەو دارستانەی بە خاچی بنەوەشەیی پەرتوبلاو ببووەوە، تەنها چلودوو ڕۆژ مابووەوە بۆ فێرناندا. ئاوریلیانۆی دووەم گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کات ئەو هەموو تەون و تەلبەندە بەسەریەکدا دەڕووخێنێ، کەیف و شادیی زەماوەندە لەو کاتەوەی بۆی دیاری کرابوو، زیاتری خایاند. ئورسولا ماندوو ببوو هەندە بوتڵی بەتاڵی براندی و شامپانیا فڕێ بداتە تەنەکەی خۆڵوخاشاکەوە، چونکە وەخت بوو هەمووماڵەکەیان داگیر دەکرد، لە کاتێکدا دەنگی تەرەقەی شادی و مۆسیقا و حەیوانکوشتنەوە، کونوکەلەبەری ماڵەکەی داگیر دەکرد، سەری لەوە سووڕ مابوو، کە بووک و زاوا هەندێ جار لە ژووری جیادا دەخەون. ئورسولا ژنێکی خاوەنئەزموون بوو، لە خۆی دەپرسی، ڕەنگە فێرناندا پژدێنی پاکیزەییی بەستبێ، ئەگەریش وا بێ، هەندە نابات کارەساتێک لە ئاوایییەکە دەقەومێ. بەلام فێرناندا ئەوەی بە ئورسولا وتبوو، دەبێ دوو هەفتەی دەرفەت بداتێ، تاکوو پێکەوە، لەگەڵ مێردەکە دەچنە جێگەوە. ئەو دوو هەفتەیە بەسەر چوو، هەر واش دەر چوو، فێرناندا دەرگای کردەوە، دەتگوت خەریکی گوناهە، خۆی بە قوربانییەکی ملکەچ دەهاتە پێشچاو، ئاوریلیانۆی دووەمیش چاوی بە جوانترین ژنی سەرزەوی کەوت، چاوە ئاژەڵییەکانی پزیسکیان

دەهاویشت، قژی بریقەی دەهات و بەسەر سەرینەکە پەرشوبلاو دەبووەوە، مووچرکەی دەخستە لەشییەوە. ئاورێلیانۆی دووەم، بەرامبەر بەو دیمەنە ئەفسووناوییە حەیران بوو، تا ماوەیەک درکی بە ئەوە نەکردبوو، کە فێرناندا کراسێکی سپیی شەوینەی لەبەرە، تا قولەقاپی شۆڕ بۆتەوە، قۆڵەکانیشی تاکوو مەچەکی دەهات؛ کونێکی گەورەی بازنەییی قۆپچەش، زۆر شارەزایانە دەورەکەیان دووریبووەوە، لەئاستی سکیدا بوو. ئاورێلیانۆی دووەم خۆی پێ نەگیرا و دایە قاقای پێکەنین و گوتی، "بێحەیاترین شت لە هەموو ژیاندا چاوم پێی کەوتبێ، ئەمەیە! بە قاقایەکەوە کە لە هەموو سووچی ماڵەکەدا دەنگی دەدایەوە، پێی گوت، "من ڕاهیبەیەکی هەژارم خواستووە!"

مانگێکیش بەسەر زەماوەندەکەدا تێپەڕیبوو، هەر نەیتوانی کراسی شەوانە لەبەر ژنەکەی دابکەنێ، چوو بۆ ماڵی پێترا کۆتیس و وێنەیەکی ئەوی بە جلوبەرگی شاژنەوە گرت. دواتر، داوای ئەوەی فێرناندای ڕازی کرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵ، لەنێو شاگەشکەی ئاشتبوونەوەدا، خۆی بۆ داوای مێردەکەی شل کرد، کەچی فێرناندا نەیدەتوانی ئەو لەزەتەی بداتێ، کە خەونی پێوە دەبینی، بەتایبەت خەونی ئەو کاتەی بەدوایدا دەگەڕا و چووبووە شاری سیودوو زەنگۆڵەکە. ئاورێلیانۆی دووەم لە خەم و پەژارەی قووڵ زیاتر، هیچی لەو ژنە هەڵنەکراند. کەمێک پێش ئەوەی کوڕی یەکەمیان بێتە دنیاوە، شەوێکیان فێرناندا درکی بەوە کردبوو، کە مێردەکەی بەدزییەوە دەچێتە ناو جێگەی پیەترا کۆتیسەوە.

ئاورێلیانۆی دووەم ئەمەی پشتڕاست کردەوە و بە بزەیەکی بێدەسەڵاتانەوە پێی گوتبوو، "ڕاستە. بۆ ئەوەی خێر و بەرەکەت بکەوێتە نێو ئاژەڵەکانمانەوە."

کاتێکی زۆری ویست تا فێرناندا قاییل بکات بەو پێداویستییە سەیروسەمەرەیە، دوای هەڵڕشتنی بەڵگەگەلێک کە ئیدی ڕەتکردنەوەیان مەحاڵ بوو، کەچی فێرناندا ویستی تاقە بەڵێنی لێ وەر بگرێت: نەهێڵێ مەرگ لەسەر جێگەی دۆستەکەی بیناقاقای بگرێ. ئا بەم شێوەیە، هەرسێکیان، بەبێ هیچ سەغڵەتییەک، پێکەوە دەژیان، ئاورێلیانۆی دووەم بەوەفا و بەئەمەک بوو لەگەڵ هەردووکیان، عاشقی هەردووکیان بوو، پێتەرا کۆتێس شانازیی بەم ڕێککەوتنەوە دەکرد و فێرناندا هەموو هەوڵێکی دەدا بۆ ئەوەی واقیع وەکوو خۆی نەبینێ.

بەڵام ئەم چارەسەرە فێرناندای نەدەهێنایە ژێر بارەوە تا ببێتە ئەندامێکی خێزانەکە. ئورسولاش، بێهوودە هەوڵی لەگەڵ فێرناندا دەدا کاتێک دەچێتە ژوانی خۆشەویستەکەی، با ئەو شاڵە خوورییە لە ملی دابماڵێ، تا نەبێتە مایەی فسکەفسکی هاوسێیان. لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوو، کە فێرناندا ناچار بکات لەجیاتی لەگەنە زێڕینەکەی شەوان، ئاودەست بەکار بهێنێت، نە توانیی لەگەنە زێڕینەکەش بفرۆشێتە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، تا ماسییە بچکۆلەکانی پێ زەرکەفت بکات. ئامارانتاش حەزی لە شێوەی قسەکردنی فێرناندا نەبوو، شێوەزارێکی هەبوو، هەموو وشەکانی باریک دەکردەوە و بە زمانی ئاماژە قسەی دەکرد، لەجیاتی هەر وشەیەک، وشەیەکی دیکەی بەکار

دەهێنا، بۆیە هەر بۆ گاڵتەکردن، ئامارانتا هەمیشە لەگەڵ ئەو بە زمانێکی شرووپەت قسەی دەکرد، " ئێلفێلیفێ ئێستفێ دیڤێ سێسفێ-خێنێسفان کیفی فۆنتفۆن لیسفێ دیڤێگو-فوتێسفێ دیفەڤانتفان لیورفێور پرۆفۆپریڤێ مێرفێردیڤێ."

ڕۆژێکیان، فێرناندا بەم جۆرە قسەکردنە زۆر تووڕە دەبێ و ویستی بزانێ ئامارانتا چی دەڵێ، ئەویش لە وەلامدانەوەدا زمانی ئاماژەی بەکار نەهێنا و ڕێک و ڕاست پێی گوت، "دەڵێم تۆ لەو کەسانەی، کە جەژنی قوربان و قوونت جودا ناکەیتەوە."

لەو ڕۆژە بەدواوە، ئەم دووانە چیی دی پێکەوە قسەیان نەدەکرد. ئەگەریش هەلومەرج بیخواستایە، ئەوە یا نامەبەرێکیان ڕادەسپارد، یا ئەوەتا بە زمانێکی ناڕاستەوخۆ قسەیان دەکرد. سەرباری دژایەتیکردنی ئاشکرای خێزانەکە، کەچی فێرناندا وازی لەو خووە دێرینەی نەهێنا. هەروەها فێرناندا ئەوە خووەشی قەدەغە کرد، کە بەبێ ئانوسات، هەرکەسێک بیوستبا لە مەتبەخەکە نان بخوات، هەموویانی ناچار کرد کاتی نانخواردن دیاری بکرێ، هەموو لەسەر مێزەکە کۆ ببنەوە، سفرە کەتانەکە بدرێت بەسەر مێزەکەیا، مۆمدانەکانی لەسەر دابنرێن، کەوچک و چەتاڵە زیوینەکانیش بەکار بهێنن. لەلایەن ئورسولاوە، ئەم دابونەریتە بە کردەیەکی هەرە سادەی ڕۆژانەی لەقەڵەم دەدا، کەچی گرژیی نایەوە، سەرەڕای ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم تەبعێکی کەمدووشی هەبوو، یەکەم کەس بوو دژ بەم دابونەریتە هەڵگەڕایەوە. بەڵام دواجار ئەم دابونەریتە خۆی فەرز کرد؛ پێش نانخواردنی ئێوارەش، دووعایان دەکرد

ئەم کردەوەیە سەرنجی هاوسێیانی ڕاکێشا، هەواڵەکە بەخێرایی بەنێو گوندەکەدا بڵاو بووەوە، خەڵکی دەیانگوت بنەماڵەی بوێندیا لەسەر مێز وەکوو هەموو خەڵکی دی نان ناخۆن، بەڵکوو نانخواردنیان کردووە بە نوێژ و تەهلیلە. خورافاتەکانی ئورسولاش، کە بەرهەمی هەلومەرجی ساتەوەختی بوون، وەک سوننەتیان لێ هاتبوو، کەچی لەگەڵ سوننەتەکانی فێرناندا یەکیان نەدەگرتەوە، چونکە ئەوانەی فێرناندا میراتیی باوک و دایکی بوون، دەبوو لە کات و ساتی خۆیاندا پەیڕەو بکرێن. تا هەست و هۆشی ئورسولا لە جێی خۆیان بوون، بەشێک لە دابونەریتەکانی ئورسولا وەک خۆیان مابوونەوە، ڕیتمی ژیانی خێزانەکەی بەڕێوە دەبرد، بەڵام بەرەبەرە چاوانی لەدەست دەدا و بارستاییی تەمەن لەسەر ئەستۆی کەڵەکە دەبوو، لە سووچێکدا هەڵدەتووتا؛ ئەو بازنەیەی فێرناندا لەدوای هاتنی بۆ ئەو ماڵە دروستی کردبوو، تەسک دەبووەوە و دادەخرا؛ تەنها هەر ئەو کاروباری بنەماڵەکەی بەڕێوە دەبرد. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد لەژێر چاودێریی ئورسولا، بەردەوامیی بە دروستکرنی ئاژەڵە شەکرۆکە بچووکەکانی دەدا، بۆ فێرناندا، ئەم کارە لە ڕێزی بنەماڵەکەی کەم دەکردەوە و زۆری نەخایاند، ئەم پیشەیەی ڕاگرت. جاران، دەرگای حەوشە لە سبەینانەوە تا خۆرنشین لەسەر گازەرای پشت بوو، سەرەتا لە کاتی سەرخەوشکاندنی پاشنیوەڕۆدا دای دەخست، گوایە هەتاو وەڕسیان دەکات، هەندەی نەبرد بەیەکجاریی دادەخرا. هەر لە دروستکردنی ماکۆندۆوە، دەستە لقە دارزەیتوونێک و کولێرە نانێکیان لەسەر تەختەڕاگرەکەی

دەرگاکە هەڵواسیبوو، ئەویشیان لا دا و میحرابێکیان لەجیاتی هەڵواسی و پەیکەرێکی عیساشیان لە شوێنەکەی دانا. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ درکی بەم گۆڕانکارییانە کرد و هەستی بە دەرئەنجامەکانیشی دەکرد، بۆیە گوتی، "وەختە ببینە خەڵکی پایەبەرز. ئەگەر وا بڕوا، دەبێ لەگەڵ حکومەتی پارێزگاران شەڕێکی دیکە هەڵبگیرسێنین، بەڵام ئەم جارەیان، بۆ ئەوەی پاشایەک لە جێگەی دابنێین." فێرناندا نەیدەویست بەربەرەکانی دروست بکات، بۆیە زۆر بە زۆرزانی و لێهاتووییەوە کارەکانی ئەنجام دەدا. لە ناخی دڵیشەوە پێی ناخۆش بوو ئاوریلیانۆ بوێندیا هەند سەربەخۆیانە ڕەفتار دەکات، نایەوێت بچێتە ژێر باری هیچ گرێبەستێکی کۆمەڵایەتییەوە. لەوە نیگەران دەبوو، کە هەموو ڕۆژێک سەعات پێنجی بەیانی قاوەی دەخواردەوە، بێسەروبەریی تاقیگەکەی لە لایەک، بەتانییە پەڕپووتەکەی لە لایەکی دیکە، عادەتی لەپێش دەرگا دانیشتنەکەی هەموو دەمەوعەسرانیشی با لەوێ بوەستێ. بەڵام دەیزانی دەبێ چاوپۆشیی لەو برغووە ناجۆرە بکات، کە لەنێو مەکینەی بنەماڵەکەدا گیر ببوو، چونکە باش دەیزانی سەرهەنگی پیرەمێرد ئاژەڵێکە، تەمەن و نائومێدی دەستەمۆی کردووە، بەڵام ئەگەر تووڕە ببێت و شەیتان سواری کەللەی ببێ، بۆی هەیە خانووەکە لە تەمەڵ و بناغەوە، لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکەنێ. کاتێکیش منداڵی یەکەمیان بوو، مێردەکەشی ویستی ناوی باپیرەگەورەیانی لێ بنێ، فێرناند نەیوێرا هیچ بڵێ، چونکە تەنها هەر ساڵێک دەبوو هاتبووە ئەو ماڵە. بەڵام کاتێک کچی یەکەمیان هاتە دنیاوە، ئەم جارەیان

خۆی کردە خاوەن بڕیار، وەکوو دایکی ناو نا ڕێناتا. لە لای خۆیەوە، ئورسولاش پێداگریی کرد و گوتی دەبێ ناوی ڕێمێدیۆسی لێ بنێین. دەمەقاڵێی لێ کەوتەوە، ئاورێلیانۆی دووەم ویستی بە شێوەیەکی گاڵتەئامێزانە بێتە ناوبژییەوە؛ بۆیە ناویان لێ نا ڕێنێتا-ڕێمێدیۆس، بەڵام فێرناندا هەمیشە هەر بە ڕێناتا بانگی دەکرد، کەچی بنەماڵەی مێردەکەی و هەموو خەڵکی ئاوایی، وەک کورتکراوەی ڕێمێدیۆس، هەر بە "مێمێ" بانگیان دەکرد.

سەرەتا فێرناندا بە هیچ شێوەیەک باسی خانەوادەکەی بۆ نەدەکردن، بەڵام بە تێپەڕینی کات، کاتێک باس بهاتبایە سەر باوکی، زۆری ئیدیالیزەی دەکرد. کاتێک لەدەوری مێز باسی باوکی کردبا، ئەوە وەک مرۆڤێکی دەگمەن و دانسقە ونموونەیی باسی دەکرد، وەک پیاوێک پشتی لە دنیاپەرستی کردبێ و بووبێتە قەدیسێک. ئاورێلیانۆی دووەم، لە پەیدابوونی ناکاوی ئەو هەموو پیاهەڵدانەی خەزووری سەری سووڕ ما، خۆی پێ نەگیرا و لە پشتەملەی هاوسەرەکەی، گاڵتەی پێ دەکرد. ئەندامانی دیکەی خێزانەکەش چاویان لە ئاورێلیانۆی دووەم کرد. تەنانەت ئورسولاش، سەرباری ئەوەی چاودێریی هەمەئاهەنگیی بنەماڵەکە دەکرد و وەک بیلبیلەی چاوی دەیپاراست، ئەویش بەدزییەوە خەمی لە گشت ئەو نارێکییانە دەخوارد، ئیجازەی بە خۆی دا بڵێ ئاییندەی بە پاپابوونی کوڕەزاکەی مسۆگەرە، چونکە، "کوڕەزای قەدیس و کوڕی شاژن و جەردەی مەڕومالاتە." منداڵەکانیش، هەرکاتێک بیریان لە باپیرە بکردبایەوە، بەدزییەوە بزەیان

دەکرد، بیریان بۆ باپیرەیەکی ئەفسانەیی دەچوو، شیعری ئاپینیی بۆ دەنووسین و دەیخستە ناو زەرفی نامەکانەوە، لەگەڵ هاتنی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحیشدا، بە سنوق دیاریی بۆ دەناردن، سنوقی زلوزەبەلاح، بەزەحمەت بە دەرگای حەوشەوە دەچوون. ئەم دیارییانە، دوا سەروەت و سامانی باووباپیرانی ئەو بوون. لە ژووری منداڵەکان، بەو یارییانە میحرابێک و چەند پەیکەرێکی قەدیسیان دروست کرد، پەیکەری گەورە بوون بە بەژنی مرۆڤ، چاوەکانیان لە شووشە دروست کرابوون، نیگەرانیی ژیانی تیا دەخوێندرایەوە، جلوبەرگەکانیشان هەندە کەشخەوپۆشتە و پەرداخ، لە هەموو گوندی ماکوندۆدا شتی وا نەبوو. هەندەی نەبرد، هەرچی شتومەکی نایاب و غەمگینی ئەو کۆشکە کۆنە و ساردوسڕە هەبوو، هەموویان بۆ ئەو ماڵی بوێندیای ڕووناک گواستەوە. ڕۆژێک ئاورێلیانۆی دووەم گوتی، " وەختە هەرچی گۆڕستانی ئەو بنەماڵەیە هەیە، بیگوازنەوە بۆ ئێرە. هەر دارسەروو و کێلەبەردی نوقسانە." لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی ئەوتۆش لەناو سنوقەکاندا نەبوو، تا بۆ یاریی منداڵان بشێ، بۆیە منداڵەکان بەتامەزرۆوە چاوەڕێی مانگی کانوونی دووەمیان دەکرد، چونکە لە کۆتاییدا، ئەو یارییە لەکەڵککەوتوو و پێشبینینەکراوانە، شتێکی نوێ بوون لە ماڵەکەدا. دەیەم جەژنی لەدایکبوونی مەسیح بوو، لەو دەمەی خۆسێ ئەرکادیۆی بچکۆلانە خەریک بوو دەچوو بۆ دەرسی ئاپینی، سنوقێکی گەورەی بینی، لەو سنوقانە بوو، کە باپیرە پڕی لە دیاری دەکرد و بۆی دەناردن، بەڕێکوپێکی بزمارڕێژ کرابوو، توێژی

قیریان لەدەوری دابوو و بە خەتی گۆتیکیش ناوونیشانی ماڵەکەیان لەسەری نووسیبوو: بەڕێز فێرناندا دێل کارپیۆ دی بوێندیا، بۆ هەرە ئازیز و خۆشەویست. فێرنانداش لە ژوورەکەی خەریکی خوێندنەوەی نامەکە بوو، منداڵەکانیش هەراسانیان لێ هەڵگیرابوو و دەیانویست تا زووە، سنوقەکە بکەنەوە. وەک هەمیشە، ئاورێلیانۆی دووەم یارمەتیی دان و توێژە قیرەکەی لەسەر سنوقەکە داماڵی و قەپاغەکەی هەڵپچڕی و تۆزوخۆڵی قەدیان خاوێن کردەوە، چاویان بە سنوقێکی قورقوشمینی درێژکۆلە کەوت، چەند قفڵێکی مسینی پێوە بوو. قفەڵەکانیش داخرابوون. منداڵەکان وچانیان لێ برابوو، ئاورێلیانۆی دووەم برغووی شەش شیشەکەی با دا و پلاکە قورقوشمەکەی لەسەری لا برد، هەر بە بینینی دۆن فێرناندۆ، لەناکاو هاوارێکی لێ بەرز بووەوە، منداڵەکانیشی دوور خستەوە. جلوبەرگێکی ڕەشیان لەبەر کردبوو، خاچێکیان لەسەر سینگی دانابوو، پێستی لەشی داڕزیبوو، بۆنێکی قێزەوەنی هەبوو، ئاگرێکی کزیشی لەژێردا دەسووتا، بلقی مرواری لەسەر جەستەکە قوڵتی دەدا و دەدرەوشایەوە.

هەندە نەبوو کچێکیان ببوو و حکومەتیش بڕیارێکی چاوەڕواننەکراوی دەر کردبوو، بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕێککەوتنی نیەرلەندیا و جەژنی لەدایکبوونی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگەوە ئاهەنگ ساز بکەن. ئەم بڕیارە زۆر کەم لەگەڵ بۆچوونە سیاسییە فەرمییەکانی سەرهەنگ دەگونجا، بۆیە زۆر سەختانە دژی ئەم ڕێزلێنانە ڕاوەستا و گوتی، "ئەمە یەکەم جارە گوێم لە وشەی ساڵوەگەڕ

دەبێ. بەڵام بە هەر مەبەستێک ئەم ئاهەنگە بکرێ، هەرچی چۆنێک بێت ئەمە فشقییاتە." تاقیگە تەسکەکە پڕی لە نامایندەی دەوڵەت بوو. پارێزەرە جلڕەشەکانیش، زۆر فەرمییانە گەڕانەوە، لە جاران پیرتر دیار بوون، ئەوانەی جاران بەدەوری سەرهەنگدا وەک قەلەڕەشکە فڕەفڕیان دەکرد. جاران قوڕە سوورەی شەڕیان خۆشتر دەکرد، کاتێک سەرهەنگ بینیانی، بەرگەی دووڕوویی نەدەگرتن. بەکورتی، ڕوخسەتی دانێ و دەرگای حەوشەی پێ نیشان دان، بە پێچەوانەوەی بۆچوونی ئەوانەوە، زۆر هەوڵی لەگەڵ دان کە ناشێ، وەک ڕەمزی نیشتمانی سەیری بکەن، بەڵکوو ئەو تەنها پیشەوەرێکی بێیادەوەرییە، تاقە ئاواتی ئەوە بوو، کە لەناو ماندووبوونی فەرامۆشی و کوێرەوەریی ماسییە بچکۆلە زێرکەفتەکانی دنیا بەجێ بهێڵێ. ئەو شتەی زۆر تووڕەی دەکرد، ئەوە بوو کە خودی سەرەککۆمار بەتەما بوو بەشداریی ئەو ڕێورەسمە بکات و بێتە ماکۆندۆ و خەڵاتی فەرمانی لێهاتوویی بە دەستی خۆی پێشکەشی بکات. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ پەیامێکی بۆ نارد و دەقاودەق پێی گوتبوو، زۆر تامەزرۆی بینینی دەکات، بەڵام شایانی ئەوەیە گوللەیەکی پێوە بنێ، ڕەنگە درەنگیش بێ، نەک لەبەر ئەوەی فەرمانڕەوای ڕژێمکی ستەمکارانە و کۆنەپارێزانەیە، بەڵکوو، هیچ ڕێز و تەقدیرێکی بۆ پیرەمێردێکی وەکوو ئەو نەهێشتۆتەوە، پیرمێردێک، کە زەرەر و زیانی بۆ کەس نییە. ئەم هەڕەشەیەی هەند بەجیددی دەر بڕی، کە سەرەککۆمار سەفەرەکەی لە دواخولەکدا هەڵوەشاندەوە و خەڵاتەکەی بە دەستی نامایندەیەکی شەخسیی خۆی بۆ

نارد. لە هەموو لایەکەوە تەنگیان بە سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکیز هەڵچنیبوو، بەو نەخۆشییەوە چووە لای هاوڕێیە دێرینەکەی زەمەنی چەکداری، تاکوو قەناعەتی پێ بکات. کاتێکیش ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هاوڕێ دێرینەکەی لەسەر قەنەفە یەکنەفەری، چوار بالیفییان لەملا و ئەولای دانابوو و چوار کەس هەڵیان گرتووە، ئەو کەسەی پێکەوە، کە لە هەڕەتی لاویاندا سەرکەوتن و شکستیان پێکەوە چەشتبوو، بۆ یەک ساتیش گومانی نەکرد کە هاتنی ئەو تەنها بۆ دووپاتکردنەوەی دۆستایەتی بوو. بەڵام کاتێک هۆکار و ئامانجی هاتنەکەی پێزانی، لە تاقیگەکە دەری کردە دەرەوە و پێی گوت، "گەلێ درەنگە تا قەناعەتم پێ بکەی، ئەگەر بهاتبا کاتی خۆی گوللەبارانتم بکردبا، ئەوە خزمەتێکی زۆرم دەکردی."

بەبێ بەشداری کردنی ئەندمانی بنەماڵەی بوێندیا، مەراسیمی ساڵوەگەڕ بەڕێوە چوو. ڕێککەوت وا کەوتەوە، کە ئاهەنگەکە کەوتە ناو ڕۆژانی کەرنەڤاڵەوە، کەچی کەس نەیتوانی ئەوە لە مێشکی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەر بهێنێ، کە حکومەت بەئەنقەست ئەم ئاهەنگەی خستۆتە ناو ئاهەنگی کەرنەڤاڵەکەوە، تاکوو ئاهەنگەکە تاموچێژێکی گاڵتەجاڕانەی تەواو پەیدا بکات. هەر لە تاقیگە دوورەپەرێزەکەیەوە گوێی لە مارشی سەربازی و دەنگی گوللەتۆپ و زەنگی کڵێسا بوو. گوێی لە چەند ڕستەیەکی ئەو گوتارەش بوو، کە بۆ بۆنەی ناونانی ئەو شەقامەی ئەوی تیا دەژیا، خوێندرایەوە. لە بێدەسەلاتیی خۆی هەند تووڕە ببوو، وەخت بوو لە داخا شێت و هاور

بێ، چاوەکانی تەڕ ببوون؛ لە ڕۆژی شکستەکەوە تاکوو ئێستا، بۆ یەکەمین جاری بوو هەست بە بێدەسەڵاتییەکی وا بکات، هەستی دەکرد ورە و هێزی هەڕەتی لاوێتیی نییە، تا شەڕێکی نوێ هەڵبگیرسێنێ و ڕژێمی پارێزگاران لەناو شەلاڵی خوێندا سەرەنگوم بکات. کاتێک ئورسولا هات و لە دەرگای تاقیگەکەی دا، سەرهەنگ پێی گوت، "کەس بێزارم نەکا، مەشغولم." زایەڵەی دەنگی گوتاری ڕێزلێنانەکە هێشتا لە گوێیدا دەزرینگایەوە.

بە دەنگە ئاساییەکەی، ئورسولا پێداگریی کرد و گوتی، "دەرگا بکەرەوە. هاتووم بۆ شتێک، کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئاهەنگەکەوە نییە."

ئەوجا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ سوورگی دەرگاکەی ڕاکێشا و چاوی بە حەڤدە کەس کەوت، حەڤدە کەسی یەک لە یەک جیاوازتر، بەشکڵ و سیما و ڕەنگوڕووی جیاوازەوە، بەڵام هەر هەموویان وەکوو یەک، لە تەنیایی هەڵکێشرابوون، لە هەرکوێیەکی سەر گۆی زەوی بوونایە، زۆر بەجوانی دەناسرانەوە. هەموویان کوڕی سەرهەنگ بوون. بەبێ ئەوەی یەکدی ئاگادار بکەنەوە، بەبێ ئەوەی کەسیان یەکتری بناسن، هەریەکەیانیش، لە دوورەوە گوێیان لە دەنگ و زەنگی ئاهەنگی ساڵوەگەڕ ببوو، لە سووچێکی دنیاوە، لە کەنارە لاتەریکەکانەوە هاتبوونە ماکۆندێ. هەموو شانازییان بە ئەوەشەوە دەکرد، کە هەڵگری ناوی ئاورێلیانۆ و ناوی بنەماڵەی دایکانیانن. ئەو سێ ڕۆژەی لە ماڵی سەرهەنگ مانەوە؛ خۆشحاڵیی ئورسولا و ناڕەزاییی فێرناندای لێ کەوتەوە، هەندە شڵەژانیان لە

ماڵەکە نایەوە، دەتگوت جەنگێکان هەڵگیرساندووە. ئامارانتا چوو ئەو دەفتەرەی هێنا، کە کاتی خۆی ئورسولا ناوی ڕۆژی لەدایکبوون و ڕۆژی لەئاوهەڵکێشانیانی یەکبەیەکیانی تیا نووسیبوو، لەتەنیشت هەر ناوێکیشەوە، ناوونیشانی هەریەکێکیانی بۆ زیاد کرد. ئەم لیستە یارمەتیی دان یەکبەیەک بە بیست ساڵی جەنگدا بچنەوە. بە هۆی ئەم لیستەوە، شوێنپێی شەوانەی سەرهەنگیان بەسەر کردەوە، لەو بەرەبەیانەوە، بە یاوەریی بیست پیاوەوە، ماکۆندۆی جێ هێشتبوو، لە ڕچەی یاخیبوونێکی وەهمییەوە تاکوو ئەو ڕۆژەی بۆ دواجار گەڕایەوە گوند و خۆی لە بەتانییەکی خوێناوییەوە پێچابوو. ئاورێلیانۆی دووەم ئەم هەلەی قۆزتەوە و ئاهەنگێکی بۆ ئامۆزاکانی ساز کرد، سەرە شووشەی شامپانیا بۆ هەڵدەپچڕین و ئاهەنگ بە دەنگی ئەکۆردیۆنەکە دەستی پێ کرد. وا لێکیان دابووەوە، کە گوایە ئاهەنگی ساڵوەگەڕ تام و چێژی کەرنەڤاڵی شێواند، بۆیە ئاورێلیانۆی دووەم بەجۆشوخرۆشەوە ئەو ئاهەنگەی بۆ ساز کردن. ئامۆزاکان نیوەی فەخفوورییەکانیان شکاند، لەبەر ئەوەی کەوتبوونە دوای گایەک و دەیانویست وەک جاشکە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، پاکی گوڵەباغەکانیان هەڵگەچراند، هەر بە تەقە مریشکەکانیان قڕ کرد، ئامارانتایان ناچار کرد لەسەر ئاوازی ڤالسەکانی پیەترۆ کرێسپی سەما بکات، قەناعەتیان بە ڕێمیدیۆسە جوانکیلەش هێنا، تا پانتۆڵی پیاوانە هەڵبکێشێتە پێ و هەڵگژێتە قەد دارکۆکانیاکە، بەرازێکیان بە کەرە چەور کرد و لە هۆڵی نانخواردنەکە بەرەڵڵایان کرد، فێرناندای بەر دایەوە،

کەسیش نەبوو بیر لەو هەموو زەرەر و زیانانە بکاتەوە، کە بەرماڵەکە کەوت، دەتگوت بومەلەرزەیەکی خۆشی بەر ماڵەکە کەتووە. سەرەتا ئاوریلیانۆ بویندیای سەرهەنگ زۆر بەوریاییەوە پێشوازیی لێ کردن، تەنانەت گومانی لە هەندێکیانیش هەبوو، کە کوڕی ئەو بن؛ کەچی لەو ماوەیەدا زۆر کەیفی بە هەڵەشەیییان دەهاتەوە، پێش ڕۆیشتنیشیان، سەروماسییەکی چکۆلانەی بەدیاری دانێ. تەنانەت خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی گۆشەگیر، پاشنیوەڕوانێک یاریی شەڕەکەڵەشێری بۆ پێشنیار کردن، هەندەی نەمابوو بە کارەساتیش کۆتایی بێت، چونکە چەند ئاوریلیانۆیەکیان زۆر بەباشی سەریان لەم یارییە دەر دەکرد، هەر بە قوونەچاوێک فێڵەکانی ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشیان ئاشکرا دەکرد. ئاوریلیانۆی دووەم هەستی دەکرد لەگەڵ ئەواندا، بەردەوامبوونی بەزم و خۆشیی لەگەڵ ئەو خزمە سەرشێتانە درێژە دەکێشێ، بۆیە پێشنیاری مانەوەی بۆ کردن، تا پێکەوە کاریش بکەن. تەنها یەک کەسیان ئەو پێشنیارەی بەدڵ بوو، ناوی ئاوریلیانۆ تریستێ بوو، دووڕەگێکی هەیکەل زل بوو، دەتگوت باپیرەیەتی، هەمان چێژ و خووی بۆ دنیای تاقیکردنەوە و دۆزینەوە هەبوو، پێشتر، هەموو دنیا بەدوای سامانکۆکردنەوەدا گەڕابوو. ئەویان زۆر گوێی لێ نەبوو، لەوێ بگیرسێتەوە یا لە شوێنێکی دیکە. براکانی دی، لەگەڵ ئەوەی هێشتا ڕەبەن بوون و چارەنووسی خۆیان دەزانی. هەر هەموویان پیشەوەرانی دەستڕەنگین و لێهاتوو بوون، پیاوی ماڵ و منداڵ بوون، حەزیان لە ژیانێکی ئاسوودە و بێقڕەقڕ دەکرد. پێش ئەوەی هەرکەسە

ڕێگەی کەنارەکان بگرێت و بگەڕێنەوە و لە چاو ون ببن، بۆ چوارشەممەی خۆڵەمێش، ئامارنتا بڕیاری دا جلوبەرگی یەکشەممووانەیان لەبەر بکات و پێکەوە بچن بۆ کڵێسا. ئەتمۆسفێرێکی خۆشیی پێوە دیار بوو، دەتگوت هاتوون بۆ نوێژی یەکشەممە، یەکبەیەکیان بەرەو مێزی پیرۆز ڕابپێچی. ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشیش، هێمای خاچێکی خۆڵەمێشینی ساوییە ناوچەوانی هەریەکەیان. دواتر، کاتێک گەڕانەوە ماڵ، برا بچووکەکەیان ویستی هێمای خاچەکە لەسەر ناوچەوانی بسڕێتەوە، هەرچەندی دەکرد، نەدەسڕایەوە، نە ئەوەی خۆی، نە ئەوەی براکانی، نەدەسڕانەوە. بە ئاو و سابوون شوشتیان، کەچی بێسوود بوو، گڵیان خستە سەر پارچەپەڕۆیەک و لەسەر هێماکە هەڵیان گلۆفی، تەنانەت بە بەرد و ئاوی ژاڤالیش خەریکی سڕینەوەی خاچەکان بوون، کەڵکی نەبوو و نەدەسڕایەوە. کەچی هێمای خاچەکەی ئامارانتا و هێماکەی ئەوانی دی، ئەوانەی پێکەوە چووبوونە کڵێسا، زۆر بەئاسانی خاچەکانیان سڕییەوە. کاتێکیش بۆ بەڕێخستن، ئورسولا ماڵئاوای لێ کردن، پێی گوتن، "بەوە چاتر. چیی دی کەس ئێوەی لێ تێک ناچێ." پێکەوە ڕۆیشتن، مۆسیقایان بۆ ژەنین و تەرەقەیان بۆ تەقاندن، هەموو خەڵکی ئاوایی لەوە دڵنیا بوون، کە نەوەکانی بوێندیا بۆ چەندین سەدەی دیکە ڕەگوڕیشەیان بە چوارلای وڵاتدا بڵاو بۆتەوە. لەسەر ناوچەوانی ئاورێلیانۆ تریستێ، بە خۆی و هێمای خاچی خۆڵەمێشینەوە، کارگەیەکی سەهۆڵی لە دەوروبەری گوندەکە کردەوە، ئەو پرۆژەیەی یەکێک بوو لە خەونە عەنتیکەکانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا.

دوای چەند مانگێک، خەڵکەکە ڕێز و ئیحتیرامێکی تایبەتییان لە ئاوریلیانۆ تریستێ دەگرت، هەموو کەس دەیناسی، لە خانوویەک دەگەڕا، بۆ ئەوەی دایک و قەیرەخوشکەکەی بهێنێ (ئەویان کچی سەرڕەنگ نەبوو). خانوویەک لە سووچی مەیدانەکەدا بوو، خانوویەکی گەورە بوو، بەڵام وێران بوو، پێدەچوو چۆڵوهۆڵ بێ؛ سەرنجی ڕاکێشا. بەدوای خاوەنەکەیدا گەڕا. وەڵامیان دابووەوە: ئەو خانووە هیی کەس نییە. جاران بێوەژنێکی تەنیای تیا دەژیا، گڵ و گەچی قەد دیواری دەخوارد. لەم سالانەی دواییدا، تەنها دوو جار لە جادە چاویان پێی کەوتبوو، بینیبوویان لە جادەکە دەپەڕێتەوە و چووە بۆ پۆستەخانە، تا نامەیەک بۆ ئێڤێک بنێرێ، شەپقەیەکی لەسەردا بوو، بە گوڵی بچووکی دەستکرد ڕازاندبوویەوە، جووتێ پێڵاویشی لەپێدا بوو، ڕەنگی زیوی کۆنیان هەبوو. گوتبووشیان لەگەڵ کارەکەرێکی دڵڕەق دەژیا، سەگ و پشیلە یا هەر چی ئاژەڵێک پێی بخستبایە ماڵەکەیەوە، دەیکوشت و لاشەی ئاژەڵەکەشی فڕێ دەدایە سەر جادەوبانەکان، بۆ ئەوەی بۆگەنی ئەو ئاژەڵانە، گوندەکە ژەهرخوارد بکات. ماوەیەکی گەلێ زۆر بەسەر ئەم ڕووداوەدا تێپەڕیبوو، هەتاو پێستی دواناژەڵی وشک کردبووەوە، بۆیە لای خەڵکی ئاوایی، هیچ گومانیان لە مردنی خاوەن ماڵ و کارەکەرەکەی نەبوو، پێش ئەوەی شەڕ کۆتایی بێ. زستانیش هەندە تەڕوتووش نەبوو، باوبۆران و باهۆزی ئەو سالانەی هەندە بەگوڕ و بەتاو نەبوون، بۆیە هێشتا خانووەکە بەتەواوی نەڕووخاوە بەسەر خۆیدا. چەفتەی دەرگاکان ژەنگ خواردبوونی،

تۆپەڵە تەونی جاڵجاڵۆکە ڕای گرتبوو، شێ و تەڕایی، پەنجەرەکانی پێکەوە نووساندبوو، گیاوگۆڵیش کاشییەکانی لە بنەوە دەر هێنابوو و هەندێکیشیانی شکاندبوو. لەنێو درز و شەقەکانیشدا، مارمێلکە و دەیان دەعبای دیکە دەژیان، ئەو دیمەنە ئەوەیان پشتڕاست دەکردەوە، کە دەمێکە، تەنانەت نیوسەدەش دەبێ، کەس لەمماڵە نەژیاوە. ئاورێلیانۆ تریستێ، لەوە زیاتر پێویستیی بە بەڵگە نەبوو بۆ ئەوەی قۆڵی کاری لێ هەڵبماڵێ. هەر بە شان، زرمەیەکی لە دەرگی حەوشەکە هەڵسان، تەختە تێکهەڵکێشراوەکان، بەبێ هیچ تەقەوپەقەیەک لەیەک ترازان و بەر بوونەوە، لە تەپۆتۆز و خۆڵ و لانەی مۆروانەکان زیاتر، هیچ شتێکی دیکە نەبوو بکەونە خوارەوە. ئێستێکی لەپێش دەرگاکە کرد، تا ئەو هەورە غوبارە دەنیشێتەوە. دواتر، لە ناوەند ژوورەکە، ژنێکی کەوتووی بینی، وشک بووە و جلوبەرگەکەی هیی نیوسەدە پێشتر بوو، چەند تاڵە پرچێکی زەرد لەسەر کەللەسەرە ڕووتاوەکەی مابووەوە، بەڵام چاوەکانیدا گەورە و هێشتاش هەر جوان بوون. دوا پزیسکەکانی هیوا لەنێو چاوەکانی کوژابوونەوە، تەنیاییەکی وشکەهەڵاتووش پێستی دەموچاوی داڕزاندبوو. کاتێک ئاورێلیانۆ تریستێ، ئەو وێنەی مەرگە دەبینی، بەتەواوی ڕادەچڵەکی، بەوردییش ئەو دەمانچە سەربازییە کۆنەی نەبینیبوو، کە بە دەستی ژنەکەوە بوو، لوولەکەی ئاڕاستەی خۆی کردبوو. بەچرپەگوتی، "داوای لێبووردنتان لێ دەکەم."

لە ناوەند ژوورە پڕ لە شتومەکی کۆن و کاتبەسەرچوو، ساردوسڕ، بێجووڵە، سەرنجی ئەو پیاوە کەتە چوارشانەیەی

دەدا، خاڵێکی خۆڵەمێشینی لە ناوچەوان بوو، لەنێو غوبارێکی زۆر و تەمومـژی دنیایەکـی دیکـەوەوە چـاوی پـێ کـەوت، تاپڕێکـی ڕاوی دوولوولـەی لـە شـان و ڕیـزێ کەرویشکیشـی بـە دەستەوە بـوو و بـە دەنگێکـی کـز گوتـی، "بـۆ خاتـری خۆشەویستیی خـودا، ئەمـە کـەی ڕەوایـە، بـەو بیرەوەرییـەوە دێنـە لام!"

ئاورێلیانـۆ تریسـتێ پێـی گـوت، "دەمـەوێ ئـەم خانووەتـان لێ بەکرێ بگرم."

لـەو سـاتەدا، ژنەکـە لوولـەی دەمانچەکـەی ئاراسـتە کـرد و توند لـە نـاو چنگیشـیدا گرتبووی، زۆر لەسـەر پێ، نیشـانەکەی ئاراسـتەی خاچـە خۆڵەمیشـینەکەی سـەر ناوچەوانـی کـرد و فەرمانـی پێـی دا و گوتـی، "بـڕۆ دەرەوە!"

لـە کاتـی نانخواردنـی ئێـوارە، ئاورێلیانـۆ تریسـتێ ئـەم بەسـەرهاتەی بـۆ خێزانەکـە گێڕایـەوە، ئورسـولا خـۆی پـێ نەگیرا و ئەسـرین بـە چاوانیـدا هـۆن هـۆن دەهاتـە خـوارەوە، بـە هـەردوو دەسـت سـەری توند گـرت و گوتـی، "خـوای گـەورە و بەتوانـا! هێشـتا زینـدووە!" کات و شـەڕ و دەیـان کارەساتەکانی ژیان ڕێبێکایان لەبیر بردینەوە. تاقـە کەسـێک کـە لـەو ماوەیـەدا بۆ یـەک سـاتیش ڕێبێکای لەبیر نەچووبوو، ئامارانتـای خۆگـر بـوو، تـەواو پیـر ببـوو، لەنێو گرمۆڵەبوونـی خۆیـدا دەڕزایـەوە. هەمـوو ڕۆژێـک، لـە سـپێدەوە بیـری لـە ڕێبێـکا دەکـردەوە، کاتێـک سـەرماوسـۆڵەی دڵـی لـە جێگـە تەنیاییەکـەی هەڵدەسـتاند و کاتێـک مەمکـە چرچولۆچەکانـی و سـکی بـە سـابوناو دەشـۆرد، هـەر بیـری لـەلای ئـەو بـوو، کاتێـک ژێرکراسـە سپییەکان و کراسـە پەڕپـەڕە پیرەژنانەکـەی

دەکردە بەر، بیری هەر لەلای ئەو بوو؛ کاتێک برینپێچە ڕەشەکەی پەنجەی دەگۆڕی، بیرەوەرییەک بۆ کەفارەتە هەرە تاڵەکانی، بیری هەر لەلای ئەو بوو. کات گرینگ نەبوو، خەوتوو بێ یا بەئاگا، لە کاتە هەرە خۆش و هەرە تاڵەکاندا، ئامارانتا بێوچان بیری لە ڕێبێکا دەکردەوە، چونکە تەنیایی یادەوەرییەکانی بژاردبوو، ئەو خۆڵوخاشاکە نوستالژیئامێزە زۆروزەبەنانەی ژیان، کە لە سووچێکی دڵیدا کۆی کردبووەوە، سووتاندبوو؛ بێگەردتر و شکۆدارتر و ئەوانی دیکەشی نەمرتر کردبوو. بە هۆی ئامارانتاوە، ڕێمێدیۆسە جوانکیلە ئاگاداری بوونی ڕێبێکا بوو. هەرکاتێک بەپێش ماڵە ڕووخاو و وێرانەکەیدا تێپەڕینایە، باسی ڕووداوێکی دڵتەزێنی بۆ دەکرد، حەکایەتێکی ئابڕووبەرانەی بۆ دەگێڕایەوە، بەم جۆرە ئەو هەموو قین و ڕکە ڕەگهاژووانەی بۆ کچەزاکەی باس دەکرد، مەبەستی ئەوە بوو، تەنانەت بۆ دوای مەرگیش بەردوامییان هەبێ، بەڵام لەم پیلانەدا سەرکەوتوو نەبوو، چونکە ڕێمێدیۆس هیچ شتێکی لەمەڕ هەستی شەیدابوونەوە نەدەزانی، نەخوازەڵلا ئەم هەستەش، هەستی خەڵکی دیکە بووبێت. ئورسولا، بە پێچەوانەی ئامارنتاوە، کاتێک باسی ڕێبێکای دەکرد، بەدەر بوو لە هەموو ناپاکییەک، چونکە وێنەی ئەو دەمەی ئەو کیژە بەسزمانەیان هێنابووە ماڵی ئورسولا، خورجێکی پڕ لە هێسکوپروسکی دایک و باوکی پێ بوو؛ ئەم وێنەیە بەسەر ئەو هەڕەشەوگوڕەشانەدا زاڵ بوو، تەنانەت بنە و بنەچەی ئەو بنەماڵەیە شایستەی شتی وا نین. ئاورێلیانۆی دووەم بڕیاری دا ڕێبێکا بهێنێتەوە ماڵ، لەگەڵیان بژی، بەڵام

ئامارانتا بە هەموو شێوەیەک ویستی ڕێگریی بکات، تا ئەم بڕیارە سەر نەگری. ئەوێک، چەندین ساڵی بە ئازار و ئەشکەنجە بردبووە سەر، چەندین کوێرەوەریی بینیبوو، تا ئاقیبەت بگات بە ئاکامی خۆی و تامی تەنیایی بکات، هیچ ئامادەییەکی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی جارێکی دی، ژیانی لەگەڵ ژیانی پیرەژنێکی شڵەژاودا بەرێتە سەر، کە کەوتبێتە بەر نائومێدییەکی درۆزنانەی بەزییەوە.

شوبات بوو، کاتێک شانزە کوڕەکەی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ جارێکی دیکە گەڕانەوە ماکوندۆ، هەموویان هێمای خاچە خۆڵەمێشینەکەیان بە ناوچەوانەوە بوو، ئاوریلیانۆ تریستێ، لەنێو هەواوهوریای ئاهەنگەکەدا، باسی ڕێبێکای بۆ کردن، تەنها پێویستییان بە چەند ڕۆژێک بوو تا دەستێکی باش بە خانووەکەدا بهێنن، دەرگا و پەنجەرەکانیان گۆڕی، پێشەکەیان بە ڕەنگێکی دلگیر بۆیاغ کرد، بندیوارەکانیان قاییم کرد، زەوییەکەیان چەمەنتۆڕێژ کردەوە، بەلام مۆڵەتی ئەوەیان نەبوو تاکوو دەستێک بۆ ناوەوەی خانووەکەش بهێنن. تەنانەت ڕێبێکا نەهاتە بەردەرگاش. لێیان گەڕا تا کارە شێتانەکەیان ئەنجام بدەن، دواجار خەرجەکانی لێک دایەوە و بە دەستی ئارخێندییا پیرەژندا، هێشتا کاری لەلا دەکرد، مەسرەفەکانی بۆ ناردن، چنگێ وردە بوو، لەدوای جەنگەوە، چیی دی ئەو پارانە بەهایان نەمابوو، بەلام بە نیسبەت ڕێبێکاوە، هێشتا ئەو پارانە بایەخی خۆیان ون نەکردبوو. ئەمە ئاماژەیەکی زۆر ورد بوو بۆ ئەوە لەوە تێبگەین، تا چ ڕادەیەک ئەم ژنە پەیوەندیی بە جیهانی دەرەوەوە نەمابوو. ئەوەش زانرا، کە

هەموو هەوڵێک بۆ ئەوەی ئەم ژنە لەو گۆشەگیرییە ڕزگار بکرێ، بێسوود بوو.

کاتێک کوڕەکانی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، بۆ جاری دووەم گەڕانەوە ماکۆندۆ، ئاوریلیانۆ سێنتانۆ، ئەویش لە گوند مایەوە تا لەگەڵ ئاوریلیانۆ تریستێ ئیش بکات. ئەویان، یەکەمین منداڵ بوو هێنابوویانە گوند بۆ ئەوەی لە ئاوی هەڵبکێشن و ناوی لێ بنێن؛ ئورسولا و ئامارانتا زۆر بەوردی ئەو یادەوەرییەیان دەهاتەوە یاد، چونکە لە ماوەی چەند سەعاتێکدا، هەر شتێکی ناسکی بەردەست کەوتبا، دەیشکاند. کات جۆشوخرۆشە ڕەمەکییەکەی هێور کردبووەوە، پیاوێکی بەژن مامناوەندی بوو، ئاسەواری ئاوڵە بە ڕوخسارییەوە دیار بوو، کەچی توانای شکاندن لەلای ئەو پیاوە، وەکوو خۆی مابووەوە. هەندێ جار بەبێ ئەوەی دەستیان بۆ بەرێ، دەشکان؛ بۆیە فەخفوورییەکی زۆری لە بەردەستدا شکابوو، بۆیە فێرناندا، چوو قاپوقاچاغی مسینی بۆ کڕی، تاکوو هەموو فەخفوورییەکانی دیکەشی نەشکاندووە، سەرەڕای ئەوەی ئەو قاپانە لە مەعدەنی قاییمیش دروست کرابوون، کەچی لە ماوەیەکی کەمدا هەموویان قوپاندەوە. کەچی بەرامبەر بەم لێهاتووییە خۆڕسکە، تەنانەت خودی خۆشی لێی وەڕس ببوو، دۆستانە و میهرەبان بوو، خێراش دەچووە دڵەوە و توانا و لێهاتووییەکی زۆری هەبوو. لە ماوەیەکی زۆر کەمدا، بەرهەمی سەهۆڵی هەند زیاد کرد، کە بازاڕی خۆماڵیی تەنییەوە، وای لە ئاوریلیانۆ تریستێ کرد، کە خەون بەوەوە ببینێ، کە بەرهەمەکەی بنێرێتە شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری زەلکاوەکە. بۆیە بیری

لە بڕیارێکی وردتر کردەوە، نەک تەنها پەیوەست بوو بە نۆژەنکردنەوەی کارگەکەی، بەڵکوو بیری لەوە دەکردەوە، کە گوندەکەی بە جیهانی دەرەوەوە ببەستێتەوە و گوتی، "دەبێ هێڵی شەمەندەفەر تاکوو ئێرە ڕابکێشین."

ئەمە یەکەمین جار بوو خەڵکی ئاوایی گوێی لەم وشەیە ببێ. کاتێک سەیری ئەو نیگارەت کردبا کە ئاورێلیانۆ تریستێ لەسەر مێزەکە کێشابووی و بە هێڵی ڕێک شۆڕ دەبووەوە، هەمان ئەو ڕچەیە بوو، کە کاتی خۆی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا نیگارەکانی لەمەڕ شەڕی هەتاوی بەرجەستە کردبوو؛ ئورسولا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کات بە شێوەیەکی بازنەیی دەخولێتەوە. بەڵام بە پێچەوانەی باپیرەیەوە، ئاورێلیانۆ تریستێ، نە خەوی لە خۆی حەرام دەکرد، نە خواردن، نە بە ڕووگرژییشەوە کەسی وەڕس و بێزار دەکرد؛ بە پێچەوانەوە، سەرنجڕاکێشترین پڕۆژەی وێنا دەکرد، کە بە خێراترین شێوە بەدەستی بهێنێ، تێچوو و سەرمایەگوزاریی و کاتی تەوابوونی بە شێوەیەکی ئەقڵانی هەڵدەسەنگاند، بەبێ ئەوەی سەر لە کەسیش بشێوێنێ. کەچی ئاورێلیانۆی دووەم، چەند شتێکی بەمیرات لە باپیرەگەورەی بۆ مابووەوە، نەک لە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ئەویش ئەو بێتوانایییە بوو، کە دەرس لە شکستەکانی وەر بگرێت، وەک چۆن کاتی خۆی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە بێسەروبەرەکەی لەمەڕ کەشتییوانییەوە قەرزی پێ دابوو، هەر بەو بێخەمییەشەوە، بۆ پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەر، پارەی بەقەرز دایێ. ئاورێلیانۆ تریستێ سەیرێکی ڕۆژمێری کرد، دەبوو چوارشەممەی

داهاتوو بڕوا بۆ ئەوەی دوای ورزی بارانبارین بگەڕێتەوە. ئاوریلیانۆ تریستێ بەرهەمی کارگەکەی خێروبێری لێ کەوتەوە، ئەزموونێکی نوێی لە دروستکردنی سەهۆڵدا تاقی کردبووەوە، لەجیاتی ئاو، ئاوی میوەی بەکار دەهێنا؛ ئاگای لەوە نەبوو کە بنەمایەکی بنەڕەتیی بۆ دروستکردنی ئەزبەری بەرهەم هێناوە، ویستی کارگەکەی فرەچەشن بکا، ئیدی بە کارگەی خۆی دەزانی، لەبەر ئەوەی ئەوە هاوینێک بەسەر وەرزی باراندا تێپەڕی، کەچی هیچ هەواڵێکی لەمەڕ هاتنەوەی براکەی نەبیست. سەرەتای زستانی دواتر، ژنێک لەسەر ڕووبارەکە، بە قرچەی نیوەڕۆ، خەریکی کوڵکردن بوو، لە پڕێکدا دەستی کرد بە هاتوهاوار، هەندە بەپەرێشانییەوە ڕای کردە سەر جادە گشتییەکە، بە دەنگی بەرز و سەرسووڕمانەوە دەیگوت، "مەکینەیەکی سامناک بەڕێوەیە، هەر بە مەتبەخێک دەکا، کە گوندێکی دابێتە دوای خۆی."

لەو ئانوساتەدا، بە زیڕەی شووتێک، هەموو گوندەکە لەرییەوە، لە هەموو لایەکەوە، بە شێوەیەکی ترسناک و بە هەڵتەک هەڵتەک هەناسەی دەدا و دەنگی دەدایەوە. دوای چەند هەفتەیەک، ستافی پرۆژەکە گەیشتن، خەریکی بەستنی ڕایەڵ و سکەکان بوون، بەڵام سەرنجی کەسی بۆ خۆی ڕانەکێشا، خەڵکەکە هەر وایان زانی ئەمەش یەکێکە لە داهێنانی قەرەجەکان، جارێکی دیکە بە دەهۆڵ و زووڕنا و هەڵپەڕکێی سەدساڵییەوە دەگەڕێنەوە، هەموو ڕەونەق و خۆشییەکی لەدەست دابوو، مەگەر تەنها خودا بزانێ ئەم جارەیان چی عاجباتییەکی وڵاتانی ئاجووج و

ماجووجیان پێیە. بەڵام کاتێک خەڵکەکە گوێیان لە شووت و نرکەنرک بوو، هەر هەموو ئاواییەکە بەپراکردن رژانە سەر جادەکە، چوونە پێشوازیی ئاریلیانۆ تریستێ، لەسەر مەکینەی شەمەندەفەرەکە بوو، سڵاوی دەکرد، هەموو واقورما بوون، شەمەندەفەرەکەیان بینی، بە گوڵ و گوڵزار ئاراییشت کرابوو، بۆ یەکەمین جاری بوو، هەشت مانگ دوای وادەی خۆی، شەمەندەفەرەکە گەیشتە شوێنی خۆی. ئەم شەمەندەفەرە رەنگزەردە بەسزمانە، لەگەڵ خۆیدا چەندین گومان و دڵنیاییی هێنا، چەندین رازیبوون و رووداوی کارەساتئامێزی پێ بوو، چەندین گۆڕانکاری و بەسەرهات و نوستالۆژی لەگەڵ خۆی بۆ گوندی ماکۆندۆ هێنا.

# ١٢

خەڵکی ئاوایی ماکۆندۆ هەندە سەرسووڕماو و حەپەساو بوون، نەیاندەزانی سەیری چ داهێنانێک بکەن. شەوان، بەدیار ئەو گڵۆپە ڕەنگپەڕیوانەوە دادەنیشتن و نەدەخەوتن، بە کارەبا ئیشی دەکرد، ئاورێلیانۆ تریستێ لە دواسەفەر، لەگەڵ خۆی بە شەمەندەفەر هێنابوونی، کاتێکی زۆری ویست تا دانیشتووانی گوندەکە خۆیان بە نەڕە و نرکەی ئەو مەکینانە ڕاهێنا. دۆن برونۆ کریسپی، بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، سینەمای لەگەڵ خۆی هێنا، فیلمەکانی لە هۆڵی شانۆ پیشکەش دەکرد، ئەو پەنجەرەیەی کە بلیتیان لێوە دەفرۆشت، لەمۆزی شێری هەبوو. بە بینینی ئەو فیلمانە، خەڵکەکە خەمگین و نیگەران بوون، چونکە یەکێک لە ئەکتەری فلیمەکە دەمرێت و دەینێژن، بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، هۆن هۆن فرمێسک بە ڕوومەتی بینەراندا دەهاتە خوارەوە. دواتر، لە فیلمێکی دیکەدا، هەمان ئەکتەر، بە جلوبەرگی عەرەبییەوە، سەرلەنوێ زیندوو دەبووەوە. هەر بینەرێک دەبوو دوو سەنتیم بدات بۆ ئەوەی بچێتە

ژوورەوە و لەگەڵ خەم و پەژارەی ئەکتەرەکاندا بژیێ. بۆیە دژ بەم گاڵتەجارپییەوە ناڕەزاییان دەر بڕی و دەستیان کرد بە شکاندنی کورسییەکان. لەسەر داوای دۆن برونۆ کرێسپیِ، سەرۆکی شارەوانی، یەکێکی نارد بۆ ئەوەی باسی سینەمایان بۆ بکات و پێیان بڵێ سینەما مەکینەیەکە وەهم دروست دەکات، بۆیە هەندە خەم و گریانی ناویێ. دوای ئەم ڕوونکردنەوە شکستخواردووە، زۆربەیان هەستیان دەکرد بوونەتە قوربانیی نمایشێکی نوێی دیکەی قەرەجەکان، بە ئەندازەیەک، بڕیاریان دا جارێکی دیکە پێ نەخەنەوە ناو سینەماکە، دەیانوت خۆیان خەم و خەفەتیان کەم نەبوو، تاکوو بچن بەدیار کارەکتەری وەهمییانەوە خورخوڕ فرمێسک بڕێژن. سەبارەت بە قەوانەکانیش هەمان شت ڕووی دا، کاتێک خانمە فەرەنسییە دڵخۆشەکان جێگەی ئۆرگە کۆنەکانیان گرتەوە، بۆ ماویەکیش، بوو بە مایەی زەرەروزیانێک زۆریش بۆ گرووپی ئۆرکێسترا. سەرەتا، دوو هەندەی دیکە نمایشکەران زیادی کرد، بەتایبەتی بزۆزی و فزوولیەتی دانیشتووانی گەڕەکی پارێزەرەکان، تەنانەت گوایە چەند خانمێکی خێزانە بەڕێزەکانیش، جلوبەرگی ژنانی ئاساییان لەبەر کردبوو، تەنها بۆ ئەوەی بچن لە نزیکەوە چاویان بەو قەوانە بکەوێت، بەلام خەڵکی هەند لە نزیکەوە دیقەت و سەرنجیان دابوو، زوو گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی ئەو قەوانە دەستارێکی سیحری نییە، وەک زۆربەی خەڵکەکە دەیانگوت، بەڵکوو مەکینەیەکی ئاساییە، ناشکرێ لەگەڵ گرووپی ئۆرکێسترای بەجۆشوخرۆش و مرۆڤانە و

پڕ لە حەقیقەتی ڕۆژانە بەراورد بکرێ. لەو سەردەمەدا، ئەم هیوارەوینەوەیە زۆر قووڵ بوو، بۆیە لەو سەردەمەدا، قەوان بەتەواوی بڵاو بووەوە و ماڵ نەبوو قەوانێکی تیا نەبێ، تەنانەت بە ئامێری ڕابواردنی گەورەکانیش نەدەژمێرا، بەڵکوو بوو بە یارییەکی دەستی منداڵان، دەیانتوانی هەڵی بوەشێننەوە. بە پێچەوانەشەوە، ڕۆژێکیان گوندییەک ڕێی کەوتە وێستگەی شەمەندەفەر و چاوی بە ئامێری تەلەفۆن کەوت و دەستی لێ دابوو، لەبەر ئەوەی تەلەفۆنەکە دەسکی هەبوو، وای زانیبوو قەوانێکی سادەیە، تەنانەت بێباوەڕترین کەسی تووشی حەپەسان دەکرد. دەتگوت خودا دەیەوێ دانیشتووانی ماکۆندۆ تاقی بکاتەوە، بزانێ پلە و ڕادەی حەپەسانیان چەندە؛ دەیویست ئەو دانیشتووانە لەنێوان لەزەت و داماڵینی سیحردا، بیانخاتە نێوان گومان و دۆزینەوە. بە ڕادەیەک، ئیدی کەس نەیدەزانی سنووری زانستی پەتی و واقیع لەکوێیە. ڕاستی و وەهم بە شێوەیەک تێکەڵ بە یەکتر ببوون، وەک چێشتی مجێوری لێ هاتبوو، تەنانەت تارماییی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، لەژێر دارشابەڕووەکەدا وچانی لەبەر بڕا و ناچار بوو بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بە درێژی و پانیی ماڵەکەدا بێ و بچێ. لەو ڕۆژەوەی کە بە شێوەیەکی فەرمی، وێسگەی شەمەندەفەرەکەیان کردەوە، هەموو چوارشەممووانێک، سەعات یانزە، بە شێوەیەکی ڕێکوپێک شەمەندەفەرەکە دەگەیشتە گوند. هەر بە دار و تەختە وێسگەیەکی سادەیان دروست کرد، وەک مەکتەبی وێسگەکە بەکاریان دەهێنا، تەلەفۆنێک و پەنجەرەیەکیش

بۆ فرۆشتنی بلیت؛ بە جادەوبانەکانی ماکۆندۆدا ژن و پیاو دەهاتن و دەچوون، دەیانویست وەکوو خەڵکی ئاسایی، بەڕێکوپێکی هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام لە ڕاستیدا، زیاتر بە خەڵکی سێرکیان دەکرد. بازرگانە ئەکرۆباتە گەڕۆکەکانیش، بە هەمان عەجوولی و بزۆزییەوە بانگەشەیان بۆ مەنجەڵی هەڵمپەست دەکرد یا بۆ ڕجیمێکی ژیان، کە لە ڕۆژی حەوتەم تەندروستی دەبەخشێتە ڕۆح، هیچ لە دانیشتووانی ئەو گوندە چاوەڕوان نەدەکرا، چونکە ئەزموون و عاجباتییەکانی قەرەجەکان تێری کردبوون؛ کەچی هەمیشە سادە و ساویلکەیەک دەست دەکەوت، تا قازانجی باشیان لێ بکەن. چوارشەممەیەک، وەک هەموو چوارشەممەیەکی دیکە، لەنێو ئەو هەموو یاریزانانەی کە پانتۆڵی کورتی ئەسپسوار و چەرمی ڕانپارێزییان لەپێدا بوو، شەپقەی تەبەدۆریان لەسەر و چاوێلکەکانیشیان چوارچێوەی پۆڵا بوون، چاویان گوڵلە شووشە و پێستی لەشیان لە پێستی کەڵەباب ناسکتر بوو، یەکێکیان میستەرێکی دەمبەپێکەنین بوو ئێربێر ناوێک پەیدا بوو، هاتە ماڵی بوێندیا، بۆ ئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوات.

تا ئەو دەمەی هێشوو مۆزێکی بەتەواوی نەخوارد، کەس سەرنجی نەدابوو. بە ئیسپانییەک قسەی دەکرد، دیار بوو زۆری لە خۆی دەکرد، زۆر هەوڵی دابوو لە میوانخانەکەی یاقووب ژوورێک بەکرێ بگرێ، بەڵام ژووی دەست نەکەوتبوو، ناڕەزایی دەر بڕیبوو و سەرنجی ئاورێلیانۆی بۆ خۆی ڕاکێشابوو، بۆیە ئەویش هەمیشە ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ خەڵکی بیانی دەنواند، لەگەڵ خۆی هێنابوویەوە

ماڵ. ئەو پیاوە بازرگانیی بە باڵۆنەوە دەکرد، وڵاتێکی زۆر گەڕابوو و قازانجێکی زۆریشی کردبوو، بەڵام نەیتوانی دڵی کەس لە ماکۆندۆ ڕازی بکات. بە بەرزبوونەوەی ئەو باڵۆنانە، کەس سەری سوور نەدەما، چونکە دانیشتووانی ماکۆندۆ، پێشتر قاڵی فڕینی قەرجەکانیان بینیبوو، نەک هەر بینیبوویان، بەڵکوو تاقییشیان کردبووەوە. بازرگانەکە چاوەڕێی شەمەندەفەری دەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە. لە ماڵی بوێندیا، هەندێ جار لە هۆڵی نانخواردن، هێشووە مۆزیان هەڵدەواسی، کاتێک هێشووە مۆزێکی ڕەنگ بەڵەکیان هێنایە سەر مێزەکە، بەبێ مەیل دەستی بۆ مۆزێک برد. بەڵام هەر بەدەم قسەکردنەوە، چێژی لە مۆزەکە دەبینی و لەسەرخۆی دەیجاوی، نەک وەکوو یەکێک چڵێس و زۆرخۆریی پێوە دیار بێ، بە هەوایەکی ڕۆشنبیرانە دەیخوارد، هەندەی نەبرد قڕی لە هێشوو مۆزەکە بڕی، داوای هێشوو مۆزێکی دیکەی کرد. سنوقێکی پڕ لە کەرەسەشی پێ بوو، هەمیشە لەگەڵ خۆی گرێ دەدا، کیفێکی بچووکی لەناو سنوقە دەر هێنا، کەرەسەی چاویلکەسازیی تیا بوو. زۆر بەوردیی و بە دیقەتی بازرگانێکی ئەڵماسەوە لە مۆزەکە ورد بووەوە و لەسەرخۆی دەیپشکنی، بە کەتەرێکی زۆر تایبەتیش شەقی کرد، شەقەکەی بە تەرازووی دەرمانخانە کێشا، دواجار بە پرگاڵێکیش تەوەری مۆزەکەی پێوا. پاشان، چەند کەرەسەیەکی دیکەی لە سنووقەکەی دەر هێنا، تا پلەی گەرما و ڕادەی شێ و هێزی تیشکی هەتاو بپێوێ. هەموو دانیشتووانی سەر مێزەکە، لەم کارە هەندە وردە تەواوێک

سەریان سوورِ مابوو، کەس نەیتوانی بەهێمنی نانەکەی بخوا، هەموو چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد، تا بزانن میستەر ئێربێر چ شتێکیان دەربارەی ئەو هەڵسەنگاندنە پێ دەڵێ، کەچی هیچی نەوت، تەنانەت هیچیان لێوە دەسگیر نەبوو، بۆ ئەوەی فیکرەیەکی بچووکیان لەمەڕ ئەو پشکنینەوە دەست بکەوێت.

دوای چەند ڕۆژێک، بە تۆڕ و سەبەتەیەکی بچووکەوە گەڕایەوە، لە دەوروبەری ئاوایی، دەستی کرد بە ڕاوەپەپوولە. چوارشەممە، تیمێکی ئەندازیار پەیدا بوون، لە ئەندازیاری کشتوکاڵ و پسپۆڕی ئاودۆزینەوە و نەخشەساز پێک هاتبوون، چەندین هەفتە لەو دەڤەرە مانەوە، ئەو شوێنانەیان دەپشکنی، کە میستەر ئوربێر ڕاوەپەپوولەی تیا دەکرد. دواتر میستەر جاک براون هات، بە سواری فارگۆنێک هاتبوو، لکێندرابووە شەمەندەفەرە زەردەکەوە، فارگۆنێکی زیوین بوو، کورسییەکانی بە مەخمەلی کلێسا دەور درابوون، لەجیاتی ساپیتەش، شووشەبەندێکی مەیلەوشینیان بۆ دامەرزاندبوو. لە ناو فارگۆنە تایبەتەکەش، پارێزەرە جلڕەشەکان دانیشتبوون، لە کاتی قسەکردندا درێژدادڕییان دەکرد و بەدەوری میستەر براوندا فرەفڕیان بوو، هەر هەمان ئەو کەسانە بوون، کە کاتی خۆی بەدوای ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگەوە بوون، بۆیە خەڵکی وا بیریان دەکردەوە، کە ئەندازیارانی کشتوکاڵ و ئاودۆزینەر و نەخشەساز و تەنانەت خودی میستەر ئێربێر و باڵۆن و پەپوولە ڕەنگاوڕەنگەکان و میستەر بروان و مەزارە

گەڕۆکەکە و سەگە درە ئەڵمانییەکان، هەر هەموویان بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان بە جەنگەوە هەیە. بەڵام خەڵکی ئاوایی، هەندە کاتیان نەبوو بیر لەم مەسەلەیە بکەنەوە، چونکە خەڵکەکە، هێشتا وەڵامی گشت ئەو پرسیارانەیان لەلا نەبوو، کەچی بە هۆشیاری و وریاییەوە لە خۆیان دەپرسی، دەبێ چ شتێک لە گوندەکەیان ڕوو بدات، چونکە لەپڕێکدا، گوندەکە بوو بە ئوردووگەیەک. خانووچکەی زۆریان تیا دروست کرد، خانووی تەختە و بە توتیا داپۆشراو، خەڵکێکی بیانیی زۆریش ڕوویان لە گوندەکە کرد، هەر هەموو بە سواری شەمەندەفەر دەهاتن، نەک تەنها لەناو فارگۆنەکان دادەنیشتن، بەڵکوو لەسەر شەمەندەفەرەکەش دادەنیشتن. دواتریش، ئەم ئەجنەبییانە، هاوسەرە پەژموردەکانیشیان هێنا، کراسی موسولینییان لەبەر دەکرد، شەپقەی گەورەی پەچەداری لە تووڵیان لەسەردا بوو؛ لە دەوروبەری گوندەکە، لەوبەری هێڵی شەمەندەفەرەکەوە، گوندێکی دیکەیان دروست کرد، لەمبەر و ئەوبەری جادەکانیش دارخورمایان چاند، پەنجەرەکانیان شیشبەند کرد، لە حەوشەکانیش مێزی سپیی بچکۆلەیان دانا، پانکەیان بە بنمیچەکانەوە هەڵواسی، کە شێوەی خاچی هەبوو، لەناو چیمەنە شینەکەش، سوێسکە و تاووس چینەیان دەکرد. هەموو ئەو ناوچەیەیان بە پەرژینی سیمی کارەبا دەور دا، بە کولانەی زلی مریشکانی دەکرد، لە هاوینە هەرە فێنکەکانیشدا، پەرەسێلکەیەکی زۆر هەر بەزیندوویی دەسووتان، دەبوونە قەرەبرووت. ئەو ناوە ڕەش دەچووەوە.

هێشتا کەس نەیدەزانی ئەو هەموو خەڵکە بەدوای چیدا وێڵن، لە چی دەگەڕێن و بۆچی هاتوونەتە ئەوێ، یا ڕەنگە تەنها خەڵکی مرۆڤدۆست بن، کەچی تا ئەو دەمە، شیرازەی ژیانیان بەتەواوی تێک دابوو، زۆر شڵەژاوتر لە هاتوهاواری قەرەجەکانی ڕابردوو، لە قەرەجەکانیش زیاتر دەمانەوە و وەکوو ئەوانیش موجامیل نەبوون. کەرەسە و ئەسپابیان لە هیی خوداوەندان دەچوو، ئانوسگاتی بارانبارینیان گۆڕی، وەرزی دوورینەوەیان پێش خست، ڕێرەوی ڕووباریان گۆڕی و بەردە سپییەکانیان گواستەوە و تاکوو گەیاندیانە ئەوپەڕی گوند، پشتی گۆڕستانەکە. لەو کاتەدا، بینایەکی چیمەنتۆیان لەسەر گۆڕی خۆسێ ئەرکادیۆ دروست کرد، بۆ ئەوەی بۆنی بارووتی لاشەکەی ئاوی ڕووبارەکە پیس نەکات. بۆ بیانییە ڕەبەنەکانیش، شەقامی خانمە دڵنەرمە فەرەنسییەکەیان کردە گوندێکی بەرین و لەوەی پێشووش گەورەتر، لە یەکێک لەو چوارشەممە شکۆدارانەدا، کاروانێکی بێسەروبنی سۆزانییان هێنا، مێینەی بابلی بوون و هەتوانی دێرینیان هێنابوو، بۆ ئەوەی دەرمانی نێرە لەهەرەکەتکەوتووەکان بکەن، هەموو جۆرە مەلحەم و کەرەسەیەکیان لەگەڵ خۆ هێنابوو، شەرمنان بێننەوە هۆش و کێوییەکان هێور بکەنەوە، تۆوی حەشەرییەت بخەنە جەستەسستانەوە و زۆرپەڕیو چاک بکەنەوە و گۆشەگیر ئاشت بکەنەوە. شەقامی تورکانیان پڕ لە دوکان و کۆگەی بریقەدار کرد: دوکانی بەهارات جێگەی دوکانە ڕەنگ دزیوەکانی گرتەوە، شەوانی شەممە لەبەر حەشامات گورەی دەهات، گێرەشێوێنان لەدەوری

مێزی قومار شانیان بەر شانی یەکتر دەکەوت، لە ستاندی تیرهاویشتن، لەو کوولانەی فاڵیان دەگرتەوە و پێشبینییەکانی ئاییندەیان مەزەندە دەکرد و خەونیان لێک دەدایەوە، ئەو مێزانەشی خۆراکی سوورەوەکرا و خواردنەوەی لەسەر بوو بۆ بەیانیی یەکشەممە، چەند لاشەیەکیان لەسەر زەوییەکە دەدۆزییەوە: هەندێکیان سیامەستانی شەوی پێشوو بوون، زۆربەی لاشەی شەڕکەرەکان بوون، هەندێکیان گوللەیان بەر کەوتبوو، هەندێکیشیان مەست و لە شەڕ و پێکدانەکانیش، هەندێکیان چەقۆ و هەندێکیشیان بوتڵی بەر کەوتبوو. ئەمە داگیرکردنی پڕژاوەژاو و چاوەڕواننەکراو بوو، سەرەتا لەبەر مێز و دۆلاب و کەنتۆر و باوڵ، کەس نەیدەوێرا سەرێک بەرێتە دەرەوە، چونکە جادەوبانەکانی داگیر کردبوو، هێنان و بردنی بەردەوامی گواستنەوەی دار و تەختە، هیی ئەو کەسانە بوون، کە بەبێ پرس و مۆڵەت دەستیان کردبوو بە دروستکردنی خانووچکەی تەختە. ژن و مێردەکانیش، جۆلانەکانیان هەڵدەواسی و دیمەنی ئابڕووبەرانە لەسەر ئەو شەقامانە نماییش دەکرا، کە جۆلانەکانیان لە نێوان دوو دارچوالە هەڵدەبەست، بە ڕۆژی ڕووناک، لەژێر خێوەتەکان، لەبەردەم هاموشۆکەران ئەویندارییان دەکرد. تاقە قولانجێکی ئاسوودە هەبووبێ، شوێنی دانیشتووانی پێستڕەشە هێمنەکانی دوورگەی ئانتی بوو، ڕیزە خانوویەکی لاتەریکیان دروست کردبوو، خانووی داریان لەسەر بنکە دروست دەکرد و پاشنیوەڕوان لەپێش دەرگا دادەنیشتن و بە ئاوازی خەمۆکی، بە زمانێکی تێکەڵوپێکەڵ گۆرانییان

دەگوت. لە ماوەیەکی هەندە کەمدا گۆڕانکارییەکی هەندە خێرا ڕووی دا، هەشت مانگ دوای هاتنی میستەر ئێربێر، دانیشتووانی جارانی ماکۆندۆ، ئەگەر بەیانییان زۆر زوو لە خەو ڕانەبوونایە، سیمای گوندەکەی خۆیانیان نەدەناسییەوە. لەو سەردەمەدا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ زۆر جار ئەم ڕستەیەی دووپات دەکردەوە، " سەیر بکەن، تەنها یەک ئەجنەبیمان هێنایە ماڵ و داوەتمان کرد بۆ ئەوەی مۆزمان لەگەڵ بخوات، دە بفەرموون، چ سەغڵەتییەکی بۆ نایەوە."

ئاورێلیانۆی دووەم، بە پێچەوانەوە، دڵی بەوە خۆش نەبوو هەندە بیانی دەڕژێنە گوندەکەیانەوە. لە چاوتروکانێکدا، پڕ ماڵەکەی میوانی نەناسراو بوو، ئاهەنگگێڕانی پلەی یەکەمی جیهانی، دەبوو ژووری دیکە لە حەوشەکە دروست بکرێت، هۆڵی نانخواردن گەورەتر بکرێت، مێزێکی گەورەتر لە ئەوەی پێشوویان بهێنن، بۆ ئەوەی جێگەی شانزە کەسی لێ ببێتەوە، قاپوقاچاغ و چەتاڵ و چەقۆ و ملاکیش زیاد بکرێت و تەنانەت دەبوو بۆ نانخواردن چەندین نۆرە بگیرێ. فێرناندا دەبوو بەزمەکانی خۆی بخاتە لاوە، دەبوو وەکوو پاشا پێشەوازی لە میوانە هەرە قێزەوەن و چڵکنەکان بکات؛ کاتێکیش میوانەکان دەچوونە هەیوانەکەوە، تۆپەڵە قوڕ بە چەکمەکانیانەوە بوو، مێزیان لەناو باخچەکە دەکرد و لە هەرکوێیەک پێیان خۆش بووایە، بۆ سەرخەوشکاندنێک، حەسیرەکانیان ڕادەخست، گوێیان لێ نەبوو خانمان یا پیاوانی بە ڕێز و حورمەت چاویان لێیە. ئامارانتا بەو داگیرکارییە بێسەروبنە زۆر سەغڵەت بوو، بۆیە ناچار بوو وەکوو

جاری جاران، بۆ نانخواردن دەچووە مەتبەغەکە. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ درکی بەوە کردبوو، کە زۆربەی ئەوانەی سەر لە تاقیگەکە دەدەن و سڵاوی لێ دەکەن، لەبەر خۆشەویستن و ڕێزگرتن نییە، بەڵکوو فزوولیەت هانیان دەدا بۆ ئەوەی چاویان بە یادگارییەکی مێژوویی بکەوێ، وەک بڵێی زیندەوەرێکی ڕەقبووەوەی مۆزەخانەیەک بێ، بۆیە حەزی دەکرد دەرگاکە لە خۆی دابخات، زۆر بەدەگمەن دەبینرا، تەنها ئەو کاتانەی دەچووە دەرەوە، یا ئەو دەمەی دەچووە پێش دەرگاکە دابنیشێ. ئورسولاش، بە پێچەوانەوە، لەو قۆناغەدا بەزەحمەت دەیتوانی لەسەر پێی خۆی بڕوات، پێی لەدووی خۆی دەخشاند، خۆی بە دیوارەکانەوە دەگرت، کاتێک شەمەندەفەر بگەیشتبایە گوندەکە، وەک منداڵێک دڵی خۆش دەبوو و دەیگوت، "دەی گۆشت و ماسی ئامادە بکەن." لەژێر چاودێریی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، فەرمانی دەدایە چوار چێشتلێنەرەکە، تا لە ئانوساتی خۆیدا شتەکان ئامادە بکرێن و پێی دەگوتن، "دەبێ هەموو شتێک ئامادە بکەن، چونکە کەس نازنێ ئەو بیانییانە چەندێک نان دەخۆن." شەمەندەفەرکە لە قرچەی گەرمادا دەگەیشت. لە کاتی نانخواردندا، ئەو حەشاماتە، بازارییانە هەڵسوکەوتیان دەکرد و زیرەیان لە ماڵەکە هەڵدەستاند، میوانەکانیش شەلالی ئارەقە بوون، کەس نەیدانی کێ خاوەنماڵە، بۆ ئەوەی گونجاوترین شوێن بۆ دانیشتن هەڵبژێرن، بە پرتە و بەکۆمەڵ شالاویان دەبرد، کاتێک چێشتلێنەرەکان بە مەنجەڵی گەورەی پڕ شۆربا و گۆشتاو و قاپی زەڵاتەی

تەڕە و سینییە پلاوەوە، دەچوونە هۆڵەکە، شانیان بەر شانی یەکدی دەکەوت؛ بە مەلاک لیمۆنادیان بەسەر میوانەکاندا دەبەخشییەوە. پاشەگەردانییەک بوو، ئەوسەری دیار نەبێ؛ فێرناندا گەیشتبووە ئەو بڕوایەی هەندێکیان دوو جاران نان دەخۆن، بەمە گەلێک تووڕە دەبوو، زۆر جار دەبوو تووڕەییەکەی هێور بکاتەوە و کاتێکیش موشتەرییەکی مۆن داوای حیسابی لێ دەکرد، جوێنی مزری پێ دەدا. ساڵێک بەسەر هاتنی میستەر ئێربێردا تێپەڕی، تاقە شتێک کە ساغ ببووەوە، ئەوە بوو ئەم بیانییانە بەتەمان لەو ناوچە سیحراوییەی کاتی خۆی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا و پیاوەکانی پێیدا تێپەڕیبوون و لە شاڕێیە مەزنەکانی داهێنان دەگەڕان، دارمۆز بڕوێنن. دوو کوڕی دیکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، کە هێمای خاچی خۆڵەمێشینیان بەسەر تەوێڵەوە بوو، پەیدا بوون، ئەوانیش کەوتبوونە بەر شالاوی ئەو گڕکانە هارەوە؛ تەنها هەر بە یەک ڕستە هۆکار و ئامانجی خۆیانیان ڕوون کردەوە وگوتیان، "بینیمان دنیا دەڕژێتە ئێرە، بۆیە ئێمەش هاتین."

ڕێمێدیۆسە جوانکیلەش، تاقە کەس بوو گرانەتای مۆز لێی نەدا. بە هەرزەکارییە نازدارەکەی خۆیەوە خەریک بوو، تا دەهات، بەرامبەر بە هەموو شتێکی باو، خۆڕاگر، گوێی نەدەدایە قسەوقسەڵۆک و فسکەفسک، لە جیهانە سادە و ساکارەکەیدا بەختەوەر بوو، جیهانێک بە بالای ئەو بڕابوو. لەوە تێنەدەگەیشت بۆچی ژنان بە دەستی خۆیان ژیانیان ئاڵۆز دەکەن، ئەو هەموو مەمکلغ و کراسە جیاوازە

دەکەنە بەر؛ ئەو، عەبایەکی دەڵبی کەتانی ئەستووری بۆ خۆی دووریبوو و لەبەری دەکرد، هەر هەموو گرفتەکانی جلوبەرگی بۆ خۆی چارسەر کردبوو، بەبێ ئەوەی سەرنجی ئەوە بدا کە رووتە، بە بۆچوونی خۆی، تاقە جلوبەرگ هەبێ شەرم و حەیای لەناو ماڵەکە بشارێتەوە، ئەو عەبا بەرینەیە. گەلێک زۆریان لێ کرد بۆ ئەوەی قژە درێژەکەی ببڕێ، چونکە وەک سۆلاف، تاکوو قولەقاپی شۆڕدەبووەوە، تا بتوانێ بە قەردێلە، لە پشتەوە خڕی کاتەوە، بۆ ئەوەی بە ئۆیەی ڕەنگاوڕەنگ بیهۆنێتەوە، کەچی قژی لە بنەوە تاشی، قژە تاشراوەکەشی کردە باڕۆکەیەک و کردیە سەری پەیکەری قەدیسەکان. ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بەهرەیەکی هەبوو لە ئاسانکردنی هەموو شتێکدا، تا پشتی لە مۆدە کردبا و شتی عەمەلی هەڵبژاردبا و شتگەلی باوی وەلاوە بنا، تا بەسادەیی و عەفەوییانە مامەڵە کردبا، هەندەی دیکە جوانییەکی پاشاگەردانیی دەنایەوە و ڕەفتارەکەشی بۆ پیاوان هەندەی دیکە ئیغرابەخش دەبوو. کاتێک هەموو کوڕەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ بۆ یەکەمین جار هاتنە ماکۆندۆ، ئورسولا هەستی دەکرد خوێنی کچەزاکەی لەناو دەماری هەریەکێکیاندا دەگەڕێ، بۆیە ترسێک، سەرلەنوێ بووژایەوە، وا دەزانرا خەفە بووە و بە ڕێمێدیۆسە جوانکیلەی گوت، "زۆر ئاگادار بە، لەگەڵ هەریەکێک لەمانە دەست تێکەڵ بکەی، بە کلکی بەرازەوە منداڵێکت دەبێ." ئەم ئاگادارییەی زۆر بەلاوە گرینگ نەبوو، جلوبەرگی پیاوانەی کردە بەر، خۆی لەنێو خۆڵ گەوزاند، بە قەد دار کۆکاینەکەدا هەڵگژا،

هەندەی نەمابوو کارەساتێک لەگەڵ حەفدە ئامۆزاکەی بقەومێنێ، کە بەرامبەر ئەم نمایشە سەرشێتانەیە تێک بچن. بۆیە هەرکاتیک بکەرابانەوە گوند، شتاقیان لە ماڵ نەدەخەوتن، ئەو چوار کورەی لە گوندەکە دەژیان، بە ڕێنماییی ئورسولا ژووریان بۆ بەکرێ گرتن. بێگومان ئەگەر ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بیزانیبا خۆیان لە ئەو دەپارێزن، ئەوە هەر لە پێکەنیندا گیانی دەر دەچوو. تا دواچرکەکانی ژیان، ڕێمێدیۆسە جوانکیلە نەیدەزانی دەبێ قەدەر و چارەنووسی مێینە حەشەرییەکەی کارەساتێکی ڕۆژانەیە. هەردەمێک لەژێر گوێڕایەڵیی ئورسولا بهاتبایە دەر و بچووبایە هۆڵی نانخواردنەوە، ئەوە حەسرەتێکی پڕ لە نائومێدیی لەنێو پیاوە ئەجنەبییەکاندا دروست دەکرد. ئاشکرا ڕووت دیار بوو لەژێر ئەو گونیە ئەستوورەی بەری، کەسیش لە سفرکردنی قژی سەری دەر نەدەکرد، سەرێکی زۆر ڕێکی هەبوو، کەس نەبوو بە تەحددا و ئیغرایەکی تاوانبارانە نەچووێتێ، هەر وەک چۆن دوای ئەوەی بە هەردوو دەست چێشتی دەخوارد، یەکبەیەک پەنجەکانی دەلیستەوە. ئەوەی ئەندامانی خێزانەکە نەیاندەزانی، بیانییەکان دەمێک بوو هەستیان بەوە کردبوو کە ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بۆنوبەرامەیەکی هەیە، ناڕەحەتی دەنێتەوە، هەر شەپۆلە بۆنێکیش خەڵکی دەخاتە نێو دڵەڕاوکێیەکی بێوێنەوە، تەنانەت دوای چەند سەعاتی دییش ئەو بۆنە هەر دەمێنێ. ئەوانەی لە بواری نائومێدیی عیشقەوە پسپۆڕ و لێزان بوون و شارەزاییەکەیانیش لە هەموو سووچێکی دنیا دەنگی دابووەوە، جەختیان لەوە دەکرد و دەیانگوت

هەرگیز لەوەوپێش تووشی نیگەرانیی وا نەبوون: مەبەست لەو نیگەرانییە بوو، کە لەدوای بۆنوبەرامە سروشتییەکەی ڕێمیدۆسە جوانکیلە دروست دەبوو. لە هەرکوێیەکی ماڵەکە بووایە، لە هەیوانی گوڵەبێگۆنیا یا لە هۆڵەکە بووایە، یا لە هەر سووچێکی دیکە، خێرا، زۆر بە وردیی و دیقەتەوە ئەوە دەزانرا، کە ڕێمیدیۆسە جوانکیلە لەو شوێنە بووە، تەنانەت ئەوەش دەزانرا، پێش چەند خولەک لەوێ بووە، پێش چەند خولەکیش ئەوێی جێ هێشتووە. شوێنپێی زۆر بەڕوونی دەناسرایەوە، لەگەڵ هیچ شتێکی دیکە تێکەڵ نەدەکرا، کەچی کەس لەناو ماڵەکە هەستی بە ئەمە نەکردبوو، چونکە ئەو بۆنوبەرامەیە ببووە بەشێکی سروشتیی ژیانی ڕۆژانەی ماڵەکە، بەڵام بۆ بیانییەکان وا نەبوو، کتوپڕ دەیانناسییەوە. تەنها بیانییەکان ئەوەیان لەلا ڕوون بوو، کە فەرماندە لاوەکە و ئەو سوارچاکەی لە وڵاتێکی دوورە هاتبوون، لە ڕێگەی عیشق و لەنێو نیگەرانی و بێئومێدیی دەستبەرداریدا گیانیان بەخت کردووە. ڕێمیدیۆسە جوانکیلە لەوە بێئاگا بوو، کە لەنێو بازنەیەکی پڕ لە دڵەڕاوکێدا دێت و دەچێ، ئافات دەنێتەوە و دەستبەردای ئەم و ئەو دەبێ. ڕەفتارێکی بێزییانە نەبوو، بە گفتی شیرین و ساویلکانەوە ئەو هەموو خەڵکەی بەو دەردە دەبرد. کاتێک ئورسولا زاتی کرد و توانیی پێی بڵێ دەبێ لەمەودوا، پێکەوە و دوور لە نیگای بیانییەکان، لەگەڵ ئامارانتانان لە مەتبەخەکە بخۆن، هەندەی پێ خۆش بوو، چونکە دەکەوتە دەرەوەی هەموو دیسپلینێک و هەرچییەکی بویستبا، دەیکرد. لە ڕاستیشدا، گوێی لێ نەبوو

کەی و لەکوێ نانی بخوات، بەڵکوو لەکوێ و کەی ئیشتیای ببردایە، لەوێ نانی دەخوارد. جاری وا هەبوو سەعات سێی بەیانی لە خەو هەڵدەستا، بۆ ئەوەی قاوەڵتی بکات، دوای ئەوەش، هەموو ڕۆژەکە دەنووست، چەندین مانگ بەو جۆرە فەنتازیایە ژیا، تا ڕووداوێکی لەناکاو، جارێکی دیکە هێنایەوە سەر نیزامی ئاسایی. کاتێک هەموو شت ئاساییانە بەڕێوە دەچوو، ڕێمێدیۆسە جوانکیلە سەعات یانزەی بەیانی لە خەو هەڵدەستا، تاکوو سەعات دووی پاشنیوەڕۆش کاتی خۆی لە حەمام بەسەر دەبرد، ڕووتوقووت، خەریکی دووپشک کوشتن بوو تا لە خەواڵوویییە قووڵەکەی بەئاگا دەهاتەوە. پاشان بە تاسێک لە گوێزی هیندی، ئاوی لە حەوزەکە بە خۆدا دەکرد. ئەمە حامامکردنە کاتیکی زۆری دەخایاند، هەند ورد و شاهانە بوو، هەرکێیەکیش نەیناسیبا، دەیگوت خەریکی پەرستنی جەستەی خۆیەتی. بەلام بە نیسبەت ئەوەوە، ئەم سرووتە بەدەر بوو لە هەموو هەوەسبازییەک، تەنها شێوەیەک بوو لە شێوەکان، بۆ ئەوەی کاتی پێ بکوژێت و چاوەڕێی دەکرد تاکوو برسی دەبێ. بەیانییەکیان خەریک بوو خۆی دەشوشت، لەولاشەوە وەستایەکی بیانی خەریک بوو کەرپووچی لەسەر خانووەکە دادەنا، کاتێک جوانیی ئەو کیژۆڵەیەی بینی، هەر وەخت بوو هەناسەی بوەستێ. ڕێمێدیۆسە جوانکیلە لەنێو درزی کەرپووچە شکاوەکانەوە چاوی پێی کەوت، واقی وڕ مابوو؛ لەجیاتی ئەوەی شەرم دای بگرێ، ترسا، بۆیە بەشڵەژاوی پێی گوت، "کورە ئاگادار بە! دەکەویتە خوارەوە!"

بیانییەکەش زۆر مەلوولانە وەڵامی دایەوە، "نا، من هیچم ناوێ، تەنها دەمەوێ سەیرت بکەم."

ڕێمیدیۆسە جوانکیلەش لە وەڵامدا گوتی، "توو خوا. ئاخر وریا بە، کەرپووچی سەر خانووەکە هەمووی ڕزیون."

حەپەسانێکی پڕ لە حەسرەت و ئازار لەسەر ڕوخساری بیانییەکە دەخوێندراوە، وەک بڵێی هەموو کۆششە بێهوودەکانی بۆ ئەوە بێ ڕێ لەو تەزووە سەرەتاییە بگرێ، تا تراویلکەکەی بەردەمی نەڕەوێتەوە. ڕێمیدیۆسە جوانکیلە وا تێگەیشت، کە وەستاکە لە ترسی شکانی کەرپووچەکان ئەترەشی چووە، بۆیە ویستی بەخێرایی خۆی بشوات، تا هەندەی دیکە ئەو پیاوە لەو دۆخە مەترسیدارە نەمێنێتەوە. تاسە ئاوی دەپڕژاندە سەر خۆی و باسی ئەوەی بۆ دەکرد، کە دارزینی ئەو هەموو کەرپووچانە گرفتێکن بۆ ئەو، هەروەها ئەو هەموو گەڵا ڕزیوانەی ژێر بارانیش وا دەکەن، کە حەمامەکە پڕ دووپشک ببێ. کاتێک بیانییەکەش ڕێمیدیۆسە جوانکیلەی بینی حەزی لە گفتوگۆیە، ئەمەی بەوە لێک دایەوە، کە دەشێ ئارەزووی خۆی بۆ ڕوون بکاتەوە، بە ئەندازەیەک، خۆی پێ نەگیرا و یەک هەنگاو چووە پێشەوە. لەو دەمەی کیژۆڵەکە خەریک بوو سابوونی بە لەشیدا هەڵدەگلۆفی، و وەستاکە پێی گوت، "توو خوا بهێڵە با من سابوونت لێ بدەم." ئەویش لە وەڵامدا پێی گوت، "سوپاسی هەستی ناسکت دەکەم، هەردوو دەستەکانی خۆمم بەسە."

بیانییەکە بە لەهجەی پاڕانەوەوە پێی گوتەوە، "توو خوا، تەنها پشتت."

ڕێمێدیۆسە جوانکیلە وەڵامی دایەوە و گوتی، "بە ڕاستی کاتی خۆت بەفیڕۆ دەدەی. من کەسم نەدیوە سابوون لە پشتی خۆی بدات."

پاشان، خەریک بوو خۆی هیشک دەکردەوە، بیانییەکە پڕچاوانی فرمێسک بوو، جارێکی دیکە تکای لێ کرد، ئایا ئارەزوو ئەوە دەکات شووی پێ بکات. ڕێمێدیۆسە جوانلکیلەش زۆر بەڕاشکاوانە پێی گوت، ئەو هەرگیز مەیلی ئەوەی نییە شوو بە پیاوێکی هەند گەمژە بکات، چونکە کاتی خۆی بەفیڕۆ دەدا، لەجیاتی ئەوەی بچی نانی نیوەڕۆی بخوا، هاتووە بەدیار ژنێکی ڕووتەوە ڕاوەستاوە، کە خەریکە خۆی دەشوات. دواجاریش، عەباکەی هەڵکێشایە بەری. پیاوەکەش هەرچەندی کرد، نەیتوانی بەرگەی ئەو پشتڕاستکردنەوەیە بگرێت کە ببووە گومانی هەموو پیاوانی دیکە. ئەو ژنە لەژێر کراسەکەیەوە شتێکی دیکەی لەبەردا نییە. هەستی بە ئەوەش کرد، وەکوو پارچە ئاسنێکی داغکراو، ئەو نهێنییەی بۆ هەتاهەتا لەلای دەمێنێتەوە. ویستی دوو کەرپووچی دیکە لا بدات بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بخزێنێتە ناو حەمامەکەوە. ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بەزمندەقچوونەوە ویستی ئاگاداری بکاتەوە و پێی گوت، "کورە زۆر بەرزە. خۆت بە کوشت دەدەی."

کەرپووچە ڕزیوەکانیش وردوخاش بوون و دەنگی شەقبوونێکی سامناکیان لێ بەرز بووەوە. پیاوەکەش هەر ئەوەندەی پێ کرا هاوارێک بکات و بەر بووەوە و کەللەی بەر عەرزە چەمەنتۆڕێژەکە کەوت و هەپرووتبەهەروون

بوو. یەکسەر گیانی لە دەست دا. لە هۆڵی نانخواردن، بیانییەکان گوێیان لەو زرمەیە بوو، ڕایان کردە دەرەوە بۆ ئەوەی تەرمەکە هەڵبگرنەوە، بۆنێکی گێژکەری ڕێمیدیۆسە جوانکیلە لە پێستی جەستەیەوە دەهات. عەتری سروشتیی ڕێمیدیۆسە جوانکیلە بە شێوەیەک ئاوێتەی لەشی مردووەکە ببوو، لە کەڵلەسەرە درزبردووەکەیەوە خوێن نەدەچۆڕا، بەڵکوو ڕۆنێکی زەرد بوو، بۆنی ئەو عەترەی گرتبوو، خەڵکەکە ئیدی درکیان بەوە کرد، کە بۆنوبەرامەی ڕێمیدیۆسە جوانکیلە، دوای مردنیش، ئازار و ئەشکەنجەی دەمێنێ، تەنانەت تا ئەو دەمەی ئێسقانەکان تەواو دەبنەوە بە خۆڵ. بەڵام کەس ئەم کارساتە دڵتەزێن و ڕووداوی ئەو دوو لاوەی بۆ ڕێمیدیۆسە جوانکیلە گیانیان لەدەست دابوو، بەیەکەوە نەبەستەوە. دەبوو چاوەڕێی قوربانییەکی دیکە بکەن، بۆ ئەوەی بیانییەکان و خەڵکێکی زۆری ئاواییی ماکۆندۆ، ئەو ئەفسانەیە پووچ بکەنەوە، کە ئەوەی لە لەشی ڕێمیدیۆسە جوانکیلە بەرز دەبێتەوە، هەناسەی عیشق نییە، بەڵکوو هالاوی مەرگە. چەند مانگێک دواتر ئەم ڕاستییەیان سەلماند، پاشنیوەڕوانێک، کاتێک ڕێمیدیۆسە جوانکیلە لەگەڵ دەستەیەک لە هاوڕێیەکان چووبوو بۆ سەردانیی کێڵگە نوێیەکە. دانیشتووانی ماکۆندۆ قەراغ کێڵگەی مۆزیان کردبووە شوێنی پیاسە و سەیران، تا چاو بڕی دەکرد، ڕچەی شێدار بوو، بێدەنگییەک، دەتگوت لە جیهانێکی دیکەوە دێت، بێدەنگییەکی بەکارنەهاتبوو، زۆر قورس بوو تا بتوانێ دەنگ بگوازێتەوە. هەندێ جار، لە دووریی پەنجا

سەنتیمەترەوە نەدەزانرا چی دەگوترێت، کەچی هەمان قسە بۆ هەمان ماوە، لە دەرەوەی کێلگەی مۆزەکان بکرابا، ڕوون و ئاشکرا بوو. کیژانی ماکۆندۆ، ئەم شوێنەیان کردبووە شوێنی گەمە و پێکەنین و بازبازێن و ترسنانەوە و قۆشمەکردن و کاتێکیش ئێوارە دادەشکا، باسی ئەو پیاسانەیان دەکرد، وەکوو ئەوەی خەون بگێڕنەوە. ناوبانگی ئەو بێدەنگییە بە جۆرێک بڵاو بووەوە، چیی دی ئورسولا دڵی نەدەهات ئەم سەیران و ڕابواردنە لە ڕێمیدیۆسە جوانکیلە حەرام بکا، بۆیە پاشنیوەڕوانێک مۆڵەتی دای تا سەردانیی ئەو شوێنە بکات، بە مەرجێ شەپقەیەک بکاتە سەری و جلوبەرگێکی گونجاویش بکاتە بەری. هەر هەندەی نەبرد، کاتێک دەستەهاوڕێیەکە چوونە نێو کێلگەی مۆزەوە و هەوا بۆنی مەرگی لێ دەهات. ئەو کرێکارانەی لەناو چاڵدا ئیشیان دەکرد، کە دەکەوتنە نێوان ڕیزەدارەکانەوە، بە شێوەیەکی نامۆ و لەپڕێکدا هەستیان دەکرد سحرییان لێ دەکرێت، تەنانەت هەستیان بە هەڕەشەیەکی نادیاریش دەکرد، زۆربەیان خۆیان پێ دەگیرا و حەزیان دەکرد بگرین. ڕێمیدیۆسە جوانکیلە و دەستەخوشکەکانی زراویان چوو، تا خۆیان داڵدە بدەن، چوونە ماڵێکی ئەو دەوروبەرە، چەند پیاوێکی دڕندە بەتەمای ئەوە بوون هێرشیان بکەنە سەر. هەندەی نەبرد، چوار ئاورێلیانۆ پەیدا بوون و ڕزگاری کردن، خاچە خۆڵەمێشینەکانیان جێگەی ڕێزێکی ئایینیی تایبەتی بوو، وەک بڵێی سەر بە دەستەیەکی ئایینیی یا سەر بە گرووپێکی خۆگر و جەربەزە بن. ڕێمیدیۆسە جوانکیلە بە

کەسی نەوتبوو کە یەکێک لە پیاوەکان، ئەو پاشاگەردانییەی بەهەل قۆزتبووەوە و دەستی لەسەر سکی داناوە، کە هەر بە چنگ و چرنووکی هەڵۆیەکی دەکرد، خۆی لەلێواری هەڵدێرێکەوە گیر کردبوو. لە چاوترووکانێکدا نیگای بەر نیگای ئەو پیاوە کەوت، رووی ئەو پیاوەی بینی، کە هێرشی بۆ بردبوو، نیگا وێرانەکەی لەناو دڵی بەبەزەییی ڕێمێدیۆسە جوانکیلەدا وەک ڕەژووەیەکی سوورەوەبوو بوو. هەر هەمان شەو، لە شەقامی تورکان، پیاوەکە شانازیی بە بوێریی خۆیەوە دەکرد، سینگی بەرەوە هەڵکێشاوە، کە بەخت یاری بووە: دوای چەند خولەکێک، ئەسپێک بە جووتەیەک سینگی پیاوەکەی هەڵدڕی و کۆمەڵێک بیانی چاویان لێ بوو چۆن لە ناوەند جادەکە گیانەڵڵای بوو و گلۆتکە خوێنی هەڵدەهێنایەوە، بەو شێوەیە گیانی لەدەست دا.

ئەگەرێک هەبوو دەیگوت، ڕێمێدیۆسە جوانکیلە دەسەڵاتی مەرگ شک دەبات، پشتی بە چوار ڕووداوی بەڵگەنەویست دەبەست. کەچی چەند کەسێکی قسەسووک بە گاڵتەوە دەیانگوت، خەوتن لەگەڵ ژنێکی هاروهاجدا، بەهای ژیانێکی هەیە، کەچی لەڕاستیدا کەسیش نەیدەوێرا کەمترین هەوڵیش بۆ بەدەستهێنانی بدات. ڕەنگیشە بۆ وەدەستهێنانی و تەنانەت بۆ خۆپاراستن لە مەترسییەکانی، تەنها هەستێکی سادە و سەرەتاییی ئەوین بەس بووبێت، بەڵام کەس نەبوو بیر لە شتێکی وا بکاتەوە. ئورسولا دەستی لە چاودێریکردنی هەڵگرت. جاران، ئەو کاتەی هێشتا دەستبەرداری بیرۆکەی ئەوە نەبووبوو تا بۆ ژیان و کۆمەڵگە ئامادەی بکات، فێرە

ژیانێکی ئاسایی ببێت، هەوڵی دەدا بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ماڵەوە ڕای بهێنێ و بە زمانێکی ڕازئامێزیش پێی دەگوت، "پیاوان داوای زۆر شتان دەکەن، زیاتر لەوەی تۆ بیری لێ دەکەیتەوە. دەبێ بێوچان خەریکی چێشتلێنان بی، هەمیشە خەریکی گسکدان بی و هەمیشە دەردەسەری و ئێش و ژان، مەگەر هەر خودا بزانێ چۆنە." ئورسولا لە ناخی دڵەوە دەیزانی ئامادەکردنی ئەو کیژۆڵەیە تا ببێتە خاوەن ژیانێکی خێزانیی بەختەوەر، خۆفریودانە، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە دوای ئەوەی شەیدایی عیشقی دادەمرکێتەوە، کەسێکی لەسەر گۆی ئەم زەوییە دەست ناکەوێت بەرگەی بگرێت، تەنانەت بۆ تاقە ڕۆژێکیش ئەم بێخەمییە قبوڵ بکات، کە لەسەرووی هەموو تێکەیشتنێکەوە بوو. لەدایکبوونی دواخۆسێ ئەرکادیۆ، ئورسولا زۆر مەیلی هەبوو تا بیکاتە پاپا، وای لێ کرد کە چیی دی هەندە خۆی بە کچی کچەزاکەیەوە خەریک نەکات. ئەوەی بۆ چارەنووس جێ هێشت، بەدڵنیاییەوە دەیگوت، ئەم جیهانە هەندە شتی تێدایە، ئەمەیان بۆ موجیزەیەک جێ دەهێڵم، هەندەش نابات دەر دەکەوێ، پیاوێک هەر پەیدا دەبێ، هێمن و ئاسوودە بێ، تا بیخاتە ژێر باڵی خۆیەوە. پێشتریش، ئامارانتا دەستی لەوە شوشتبوو، کە ئەو کچە بکاتە مرۆڤێکی بەکەڵک. لە پاشنیوەڕۆیەکی ئاساییدا، لە ژووری بەرگدووری پێکەوە دەبن، خوشکزاکەی دەسکی مەکینەی دوورمانەکەی گێڕ دەدا، هەست بە ئەوە نەکرا، کە زۆر دڵی لەلای ئەو کارەیە. لەمەڕ ڕێمێدیۆسە جوانکیلەوە، ئامارانتا گەیشتبووە ئەنجامێکی

سادە، دەیگوت کچێکی گەمژەیە، سەری سوور دەما لەو هەموو بێهەستییەی بەرامبەر بە پیاوان هەیبوو و پێی گوت، "دەبێ بتەخەنە بیتاقەی یانسیبەوە." درەنگتر، کاتێک ئورسولا پێداگریی لەوە کرد کە دەبێ ڕێمێدیۆسە جوانکیلە پەچەیەک بەسەر دەموچاویدا بداتەوە و بچێتە نوێژی یەکشەمموان، ئامارانتا دەیگوت، هەندەی دەیکە ئەفسووناویتری دەکات، ئیغرابەخشتر دەبێ، هەندەش نابات پیاوێکی هەند شێت و شەیدا پەیدا دەبێ، تاقەتی ئەوەی نامێنێ بەدوای خاڵە لاوازەکانی دڵی ئەودا بگەڕێ. بەلام کاتێک ڕێمێدیۆسە جوانکیلە، بە بێئەقڵییەکی زۆرەوە، زۆر ناشرینانە مامەڵەی لەگەڵ ئەو پیاوە کرد، پیاوێک بوو، دوو میری دەهێنا، گەیشتە ئەو باوەڕەی هیچ ئومێدێک نییە. کەچی فێرناندەش، تەنانەت هەوڵی ئەوەشی نەدا تێبگا. کاتێک لە کەرنەڤاڵەکە خوێناوییەکە ڕێمێدیۆسە جوانکیلەی بە جلوبەرگی شاژنەوە بینی، بە خۆی دەگوت، ئەم ژنە بوونەوەرێکی بێوێنە و دەگمەنە. بەلام دواتریش، کاتێک بینیی بە دوو دەست نان دەخوات، نەیدەزانی هیچ بڵێ، لەوە زیاتر، کە ئەمە پەیوەستە بە ئەقلسووکییەوە، کەچی لە دەستی یەک شت گلەییی هەبوو: گەمژەکانی بنەماڵە تەمەنیان لە هەموو کەس زیاترە. سەرەڕای ئەوەی ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ پێداگریی دەکرد و زۆر جاریش ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە ڕێمێدیۆسە جوانکیلە مرۆڤێکی تا بڵێی ڕوونبینە، تەنانەت لە هەموو ژیانیشیدا مرۆڤی هەندە ڕوونبینی نەبینیوە، هەمیشەش بە شێوەیەکی زۆر ورد بۆیانی دەسەلماند، کە

ڕێمێدیۆســە جوانکیلـە گاڵتـە بـە ئەقڵی هەمـووان دەکات، بۆیـە ئیتـر وازیـان لێـی هێنـا و حەواڵـەی ڕەحمەتـی خوایـان کـرد. ڕێمێدیۆســە جوانکیلـە، بەبـێ ئـەوەی خاچێکی بـە شـانەوە بـێ، لـە بیابانـی تەنیاییـدا گـوزەری دەکرد، بەبـێ ئـەوە خـەم دڵڕەقی کردبێ، لـە خەونەکانیدا گەشـەی دەکرد و دەشـنایەوە، بەبێ ئـەوەی مۆتەیـەک بێتـە خەونەکانیـەوە، بەردەوام بـوو لـە حەمامکردنـە بێکۆتاییەکانـی، بـەردەوام بـوو لـەوەی لەکـوێ و کـەی بیوسـتبا، نانـی دەخـوارد، لەنێـو بێدەنگییـە قـووڵ و درێژەکانیـدا کاوێـژی بەسـەر هیـچ یادەوەرییەکـەوە نەدەکـرد، تـا پاشـنیوەڕۆیەکی مانگـی ئـازار، کاتێـک فێرنانـدا دەیویسـت چەرچەفەکانـی لـە باخچەکـە قـەد بـکات، داوای یارمەتیـی لـە ژنانـی ماڵـەوە کـرد. هەنـدە نەبـوو دەسـتیان بـە قەدکردنـی چەرچەفـەکان کردبـوو، ئامارانتـا سـەرنجی ڕەنگپەڕیـوی ڕێمێدیۆســە جوانکیلـە دا، زۆر ڕەنگـزەرد بـوو، شـەفاف دەچـووەوە و پێـی گـوت، "دەڵێـی وەزعـت بـاش نییـە؟"

ڕێمێدیۆسـە جوانکیلە، چمکی چەرچەفەکـەی لـە سـەرێکەوە بـە دەسـتەوە گرتبـوو، بزەیەکـی بەزەییپێهاتنـەوەی کـرد و گوتـی، "بە پێچەوانەوە، هەرگیز هەندەی ئێستا باش نەبووم."

لەگـەڵ ئـەم وشـانەدا، فێرنانـدا هەسـتی بـە شـەماڵێکی سـووک و ڕوونـاک کـرد، چەرچەفەکانـی لـە دەسـت ڕاپسـکاند و لەمسـەرەوە بـۆ ئەوسـەر قـەدی کـرد. وەک بڵێـی ئامارانتـا لەژێـر کراسـەکانیەوە هەسـت بـە مووچڕکێکـی ئەفسـووناوی بـکات، لـەو ئانـەی ڕێمێدیۆسـە جوانکیلە لەسـەر زەوی بـەرز دەبـووەوە، ویسـتی خـۆی بـە چەرچەفەکانـەوە بگـرێ، تـا بـەر

نەبێتەوە. لەو کاتەدا، ئورسولا تەواوێک چاوی کز ببوو، زۆریشی نەمابوو بەتەواوی چاوەکانی لەدەست بدا، تاقە کەس بوو هەندێ ڕوحیانییەت شک بەرێت، بۆ ئەوەی لە مانای ئەو بایە تێبگات، هیچ شتێک ڕای نەدەگرت. وازی لە چەرچەفەکان هێنا، تا بەدەم ئەو ڕووناکییەوە بەرز ببنەوە. ڕێمێدیۆسە جوانکیلەی بینی، ماڵئاوایی لێ دەکرد و لەنێو ئەو شەوقەی لەگەڵ شەقەی باڵی چەرچەفەکان بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە، لە جیهانی قالۆنچە و گوڵی دالیا دوور دەکەوتەوە، سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، هەرێمەکانی هەوای بڕی بۆ ئەوەی بۆ هەتاهەتا لەنێو کەشکەڵانی فەلەک بەرز بێتەوە، بۆ ئەو شوێنانەی تەنانەت باڵندەکانی یادەوەرییش ناتوانین بیگەنێ.

بێگومان بیانییەکان بیریان لەوە دەکردەوە، کە ڕێمێدیسە جوانکیلە بە چارەنووسی شاژنی هەنگەکان گەیشت، بنەماڵەکەشی بەو درۆ شاخدارەوە دەیانویست ئابڕووی بپارێزن و حیکایەتی بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمانیان داهێناوە. فێرناندا وەخت بوو لەبەر ئیرەیی سوێی ببێتەوە، تا دانی بەو موجیزەیەدا نا، هەمیشە دووعای دەکرد بەڵکوو خودا چەرچەفەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە. زۆربەی خەڵک باوڕیان بەم موجیزەیە هێنا، تەنانەت مۆمیشیان داگیرساند و نۆ شەویش نوێژی شێوانیان بۆی دابەست. ئەگەر قڕکردنی ئاورێلیانۆیەکان نەبووایە کە بە شێوەیەکی بەربەری هاتە پێش، تا ماوەیەکی زۆریش باس هەر باسی ئەوە موجیزەیە دەبوو. سەرەڕای ئەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ

هەستی بە هیچ پێشبینییەک نەکردبوو، بەڵام دەیزانی کوڕەکانی بە کارەساتی دڵتەزێن کۆتاییان دێ. کاتێک ئاورێلیانۆ سێرادۆر و ئاورێلیانۆ ئارکایا لەنێو پاشاگەردانیی گشتیدا[1] هاتن و ویستیان لە ماکۆندۆ نیشتەجێ ببن، باوکی هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی پەشیمانیان بکاتەوە. نەیدەزانی چییان لە گوندێک پێ دەکرێ، کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا بوو بە ترسناکترین شوێن. بەڵام ئاورێلیانۆ سێنتانۆ و ئاورێلیانۆ تریستێ، ئاورێلیانۆی دووەم پشتگیریی لەم دووەیان دەکرد، لای خۆی لە کارگەکە ئیشیان دەکرد. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هۆکاری خۆی هەبوو، بەڵام تا ئەو دەمە زۆر ڕوون نەبوو، بۆیە نەیتوانی گەرەنتییان بداتێ. ئەو کاتەی میستەر براونی بینی، یەکەم ئۆتومۆبێلی هێنایە ماکۆندۆ (بۆ یەکەم جار بینیبوو، ماشینێکی نارنجی سەرکراوەی بێهۆڕین بوو، کاتێک دەوەڕی، زەندەقی سەگی دەبرد) ئەو جەنگاوەرە دێرینە گوێی لە هاتوهاواری سەرسووڕمانی خەڵکە نەفامەکە بوو، لەوە تێگەیشت، کە خەڵکەکە، بەتایبەت لەو کاتەوەی چەکی دەکردە شان و ژن وماڵومنداڵی بەجێ دەهێشت و ڕووی لە شەڕ دەکرد، گۆڕانێکی زۆریان بەسەر هاتبوو. دوای ڕێککەوتنی نیەرلەندیا، حکومەتی ناوخۆ تەنها لە سەرۆکی شارەوانی بەبێ دەسەڵات و دادوەری دیکۆر، کە لەنێو پارێزگاران هەڵدەبژێردران، لە هەرە دەستوپێسپی و ماندووەکانی ماکۆندۆ پێک هاتبوون. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، کاتێک پۆلیسی دەبینی، پێخواس، لەجیاتی تفەنگ، گۆچانێکی

بە دەستەوە بوو و دەیگوت، "چ ڕژێمێکی ناکەسبەچەیە! ئەری ئەو هەموو شەڕەمان لەپێناو چیدا کرد؟ بۆ ئەوەی نەهێڵن خانووەکانمان بە ڕەنگی شین بۆیاغ بکەین." بەڵام کاتیک کارگەی مۆزچاندن دادەمەزرا، فەرمانبەرە خۆماڵییەکانیان لا دا و فەرمانبەری بیانییان لە جێ دانان. میستەر براون بردینی بۆ ناو ئەو قەفەسانەی کارەبای لێ بوو، بۆ ئەوەی هەر وەک خۆی دەیگوت، بتوانن، دوور لە گوند، بە شەرەف و کەرامەتەوە بژین، دوور لە مێشوولە و قرچەی گەرما و ناڕەحەتی. لەجیاتی پۆلیسە دێرینەکانیش، جەللادی تەور لە دەستیان دانان. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لە تاقیگەکەی دەرگای لە خۆی دادەخست، بیری لەو هەموو گۆڕانکارییانە دەکردەوە و بۆ یەکەم جار لە بێدەنگیی چەندینساڵە هاتە دەر و هەستی بە یەقینێکی ڕەها کرد: ڕاگرتنی شەڕ بەبێ ئەوەی هەموو ئەنجامەکانی وەدەست بێنێ، هەڵە بوو. ڕۆژێکیان، هەر لەو سەردەمەدا، یەکێک لە براکانی سەرهەنگ ماگنیفیکۆ ڤیسبال، بەتەواوی لە بیری هەموو کەس چووبووەوە، کوڕەزا حەوت ساڵەکەی هێنابوو، تا لەسەر ئەو عارەبانانەی لە مەیدانەکە دەوەستان، شەربەتی ساردی بۆ بکڕێ، بەڕێکەوت، منداڵەکە ساتمەیەکی کرد و خۆی کێشا بە یەکێک لە پۆلیسەکان و شەربەتەکەی ڕژایە سەر جلوبەرگە ڕەسمییەکەی، ئەو بەربەربەرە تەورەکەی بەرز کردەوە و منداڵەکەی دایە بەر تەور و هەنجنەهەنجنی کرد، لەو نێوانەشدا، باپیرەی ویستی ڕێی لێ بگرێ، ئەویشی بە دەمەتەور کوشت. کاتێک هەموو دانیشتووانی ئاواییەکە

ئەو کۆمەڵە پیاوەیان بینی کە پیاوە سەربڕاوەکەیان پێیە و دەیبەنەوە ماڵ و بەپێشیاندا تێدەپەڕی؛ ژنێکیش، قژی سەرە بڕاوە بەسزمانەکەی بە دەستەوە گرتبوو، تیکەتیکەی لاشەی منداڵەکەَی کۆ کردبووە و لە بوخچەیەکی نابوو.

بۆ ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ئەم دیمەنە دواکەفارەتی گوناهەکانی بوو. لەناکاودا هەستی بە هەمان ئەو ئازارە کرد، کە لە کاتی لاویدا هەستی پێ کردبوو، کاتێک لاشەی ژنێکی بینیبوو کە بە نووکەگۆچان کوشتبوویان، چونکە سەگێکی هار گازی لێ گرتبوو. کاتێکیش چاوی بەو هەموو فزوولییانە کەوت کە لە بەردەم ماڵەکەی کۆ بوونەتەوە، بە دەنگە هەراشەکەی جارانی، نەڕاندی بەسەریانا و هەرچیی ڕق و تووڕەییی سەر دڵی هەبوو، بە ئەوانی ڕشت و هاوارێکی لێ کردن و گوتی، "لەم ڕۆژانە، هەموو کوڕەکانم کۆ دەکەمەوە و ئەو ئەجنەبییە نەگریسانە پاک دەکەمەوە."

لە ناوەندی هەفتە، لە چەند لایەکی کەناراوەکەوە، لەلایەن چەند تاوانبارێکی نەناسراوەوە، هەرحەڤدە کوڕەکەیان وەک کەروێشک لار کردەوە، سەروگوللەیان نابوو بە ناوەندی خاچە خۆڵەمێشینەکانیانەوە. دەوروبەری سەعات حەوتی ئێوارە، ئاوریلیانۆ تریستێ لە ماڵی دایکی دەچووە دەرەوە، لەناکاو، لەنێو بوولێڵی ئێوارەدا، گوللەیەکیان نابوو بە تەوێڵییەوە. ئاوریلیانۆ سێنتانۆ بەوە ڕاهاتبوو، جۆلانەکەی لەناو کارگەکەدا هەڵدەواسی، کاتێک چوونە سەری، بینییان شیشێکی سەهۆڵیان ڕۆ کردۆتە نێوان هەردوو برۆیەوە. ئاوریلیانۆ سێرادۆر، دوای ئەوەی لەگەڵ دەزگیرانەکەی

چووبوون بۆ سینەما، لە کاتی گەڕانەوەیان بە شەقامی تورکاندا، لەگەڵ خۆی دەیبردەوە بۆ ماڵی باوکی، دنیاش هێشتا ڕووناک بوو، لە ڕێگەی گەڕانەوەدا بوو بۆ ماڵ، یەکێک لەناو حەشامات نەدەناسرایەوە، گوللەیەکی پێوە نا و تەرمەکەی کەوتە ناو مەنجەڵە گریسێکی کولاوەوە. دوای چەند خولەکێک، یەکێک لە دەرگای ژووری ئاوریلیانۆ ئاکایای دا، خۆی و ژنەکەی لە ماڵەوە بوون و هاواری کرد، "پەلە بکە، خەریکە براکەت دەکوژن." دواتر، ژنەکەی گێڕابوویەوە و گوتبووی، کاتێک ئاوریلیانۆ ئاکایا لەسەر جێگەکەی ڕاپەڕی بۆ ئەوەی بچێ دەرگا بکاتەوە، گوێی لە ڕێژنەیەک بوو، مێشکیان هەلاهەلا کردبوو. لەو شەوە مەرگاوییەدا، پێش ناشتنی تەرمەکان، هەموو ئەندامانی بنەماڵەکە ئێشکیان بەسەر تەرمەکانەوە دەگرت، فێرناندا وەکوو شێت سەر و بنی ئاواییی کرد بۆ ئەوەی بزانێ ئاوریلیانۆی دووەم لەکوێیە، کەچی پێترا کۆتێس لەناو دۆلابەکە شاردبوویەوە، چونکە گومانی نەبوو، ئەوەی هەڵگری ناوی ئاوریلیانۆ بێ، ساغ دەکرێتەوە. سێ ڕۆژی ڕەبەق نەیهێشت بچێتە دەرەوە، ڕۆژی چوارەم، چەند تەلەگرامێک لە چەندین شوێنی کەناراوەکان بڵاو بووەوە و ئەوەی دەر خستبوو، کە ئەو دوژمنە نادیارە، تەنها ئەو برایانە لەناو دەبات، کە هێمای خاچی خۆڵەمێشینیان بەسەر ناوچەوانەوەیە. ئامارانتا سەیری دەفتەری حیسابەکانی کرد، کە ناوونیشانی برازاکانی تیا نووسیبوو، هەر لەگەڵ گەیشتنی تەلەگرامەکان، یەک لەدوای یەک ناوەکانی دەسڕییەوە، تا گەیشتە سەر براگەورەکەیان.

ئەویان زۆر بەباشیی دەناسییەوە، چونکە پێستێکی ڕەنگ تێر و دوو چاوی سەوزی گەورەی هەبوو. ئەویان ناوی ئاوریلیانۆ ئامادۆر بوو، لە یەکێک لە گوندە لاتەریکەکانی چیاکان دەژیا، خۆی بە کاری دارتاشییەوە خەریک کردبوو. دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر هاتنی تەلەگرامەکان، کە بانگەوازی مەرگیان بڵاو دەکردەوە، ئاوریلیانۆی دووەم بیری دەکردەوە، کە ئەو ئاگای لەم هەڕەشەوگوڕەشانە نییە، بۆیە کەسێکی بەدوایدا نارد بۆ ئەوەی ئەم هەواڵەی پێ ڕابگەیەنێ. نامەبەرەکە گەڕایەوە و بە ئاوریلیانۆی دووەمی گوت براکەی لە ئەمن و ئامان دایە. شەوی قڕکردنەکە، دوو کەس تاکوو ناو ماڵەکەی نەوەستابوون و هەردوو دەمانچەکیان لە لەشی ئەودا بەتاڵ کردبوو، بەلام هیچ گوللەیەک بەر هێماکەی ناوچەوانی نەکەوتبوو. ئاوریلیانۆ ئامادۆر خۆی بەسەر دیواری حەوشەدا فڕێ دابووە دەرەوە و لەنێو پێچەکانی زنجیرەچیاکان لە چاو ون ببوو، لەبەر ئەوەی دۆستایەتیی لەگەڵ هیندییە پێستسوورەکان هەبوو و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا مامەڵەی داری دەکرد، پێچ و گەوەکانی ئەو ناوەی وەک ناو لەپی خۆی شارەزا بوو. ئیدی لەو ڕۆژەوە، کەس ئاگای لێ نەبوو.

ئەو ڕۆژانە، بۆ ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ڕۆژانی تاریک بوون. سەرەککۆمار لە ڕێگەی تەلەگرامەوە، پەیامی سەرەخۆشیی بۆ نارد و بەڵێنی پێی دابوو بەدواچوونێکی چڕوپڕی بۆ بکات و هاوخەمیی خۆی بۆ ئەو لەناوچوونە دووپات کردبووەوە. لە ڕۆژی ناشتنەکەدا، سەرۆکی شارەوانی

بە فەرمانی سەرۆک، ئامادە بوو، چوار تاجەگوڵینەی هێنابوو، تا لەسەر هەر تابووتێک، تاجەگوڵینەیەک دابنێ، کەچی سەرهەنگ ئاوریلیانۆ بوێندیا دەری کرد. دوای ناشتنی تەرمەکان، ئاورێلیانۆی سەرهەنگ، هەر بە دەستی خۆی نامەیەکی نووسی و لەگەڵ خۆی بردی بۆ تەلەگرامەکە، نامەیەکی تا بڵێی توندوتیژ بوو، ڕێک و ڕاست ئاڕاستە سەرەککۆمار کرابوو، بەڵام فەرمانبەری تەلەگرافەکە نامەکەی ڕەت کردەوە. بەڵام، هەرچی تەعبیری توندوترش هەبوو، خستیە نامەکە و کردییە زەرفێکەوە و بە ڕێگەی پۆستەی ئاسایی پۆستی کرد. کارەساتی مەرگی ژنەکەی چەشتبوو، لە سەردەمی جەنگیشدا مەرگی چەندین هاوڕێی نزیکی بینیبوو، کەچی خەم و خەفەت دای نەگرت، بەڵکوو جۆرە تووڕەییەکی نابینا بەرچاوی گرت، بەبێ ئەوەی بابەتێکی دیاریکراو هەبووبێ، هەستی بە جۆرە بێدەسەڵاتی و بێتواناییەکی بێوێنە دەکرد. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشی تاوانبار کرد، ئەو بوو هێمای خاچی خۆڵەمێشینی ساویبووە ناوچەوانی کوڕەکانی، تا لەلایەن دوژمنەکانیانەوە بناسرێنەوە. کەشیشی پیرەمێرد نەیدەتوانی ڕایەڵی بیرکردنەوەکانی پێکەوە گرێ بدات، لەسەر میمبەرەکەیەوە دەستی کرد بە ترساندنی خواناسەکان لەمەڕ ئەو لێکدانەوە بێسەروبەرە، پاشنیوەڕۆیەکیان چووە ماڵی سەرهەنگ و تاسێکی پڕ لە خۆڵەمێشی چوارشەمموانەی پێ بوو، تا بیساوێتە سەر تەوێڵی هەموو ئەندامانی خێزانەکە، بۆ ئەوەی بۆیان بسەلمێنێ، کە ئەم هێمایانە هەر بە ئاو

پاک دەبنەوە. کەچی سامی کارەسات هەندە ڕۆ چووبووە ناو هزر و هۆشی فێرناندا، نەیهێشێت ئەمەیان بەسەردا تاقی بکرێتەوە، لەو ڕۆژە بەدواوە، بیڕاییبڕ، هەموو ئەندامانی بوێندیا هاتوچۆیان بۆ کڵێسا لە خۆیان قەدەغە کرد و چیی دی بیڕاییبڕ لەپێش میحرابی کڵێسا نەچەمانەوە.

ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرەمەنگ زۆری ویست تا ئەقڵ و هۆشی بێتەوە بەر. وازی لە دروستکردنی ماسییە چکۆلەکانی هێنا، زۆر بەزەحمەت خۆراکی بۆ دەخورا، وەکوو یەکێک بەدەم خەوەوە ڕێ بکات، بە درێژای و پانیی ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، بەتانییەکی دابووە دوای خۆی و توورەییەکیش هەناوی دەکرۆشت. لە ماوەی سێ مانگدا، قژی ماشوبرنجی تێ کەوت، سمێڵە بۆندارەکەی جاران، ئێستا بەبێ ڕەونەق بە لالێوەکانیەوە شۆڕ دەبوونەوە، بەلام چاوانی دەتگوت ڕەژووی داگیرساون، وەک ئەوە کاتەی لەدایک بوو، هەرکێیەک چاوی پێ کەوتبان، زەندەقی دەچوو، هەر بە تەماشاکردن کورسیی دەجوولاندەوە. لە ناوجەرگەی توورەییدا، بێسوودانە هەوڵی ئەوەی دەدا پێشبینییەکانی وەکوو سەردەمی لاوێتی ڕێنماییی بکەن و ڕێگە سەختەکانی ژیانی پێ نیشان بدەن، تا دەیگەیەننە بیابانە ڕەقوتەقەکانی شکۆمەندی. هەستی بە گومڕایی دەکرد، وەکوو یەکێکی شکست، لەنێو ماڵێکی نامۆدا، کە چیی دی کەس نەمابوو چۆرێ ئەوین بڕژێنێتە دڵ و دەروونیەوە. ڕۆژێکیان لە پاشماوەی چەند شتگەلێک دەگەڕا، کە هیی سەردەمی پێش جەنگ بن، دەرگای ژوورەکەی

میلکییادێسی کردەوە، بەڵام لە وێرانە و پیسوپۆخلێی زیاتر، لە خۆڵوخاشاکی کۆبووەوەی ساڵان زیاتر، چاوی بە هیچ شتێکی دیکە نەکەوت. بەرگی ئەو کتێبانەی کە کەس دەستی بۆ نەبردبوون، لەنێو ئەو پارچەکاغەزە شێدارانەدا، ڕووەکی بێڕەنگ ڕوابوون، لەنێو فەزای ئەو ژوورەش کە لە هەموو ژوورەکانی دیکە پاقژتر و ڕووناکتر بوو، بۆنی یادەوەرییەکی تا بڵێی بۆگەن دەهات. بەیانییەکیان چاوی بە ئورسولا کەوت لەژێر دارشابەڕووەکە، لەسەر ڕانی مێردە کۆچکردووەکەی دانیشتووە و دەگریێ. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە ماڵەکە، تاقە کەسێک بوو ئەو پەنجا ساڵە سەختەی نەبینیبوو، چۆن ئەو پیاوە پتەو و ساغەی جارانی وا نووشتاندبووەوە؛ ئورسولا بانگی سەرهەنگی کرد، "دە وەرە سڵاوێک لە باوکت بکە." سەرهەنگ، چەند ساتێک بەرامبەر دارشابەڕووەکە ڕاوەستا و سەرنجی ئەو فەزا بەتاڵەی دا، تەنانەت ئەمەش هیچ سۆز و خۆشەویستییەکی لە ناخدا نەدەبزواند و پرسیاری لێ کرد، "چی دەڵێ؟"

ئورسولا پێی گوت، "غەمگینە. هەست دەکات هەندە نابات دەمرێ."

سەرهەنگ بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە و گوتی، "پێی بڵێ، کاتێک بمانەوێ نامرین، بەڵکوو کاتێک پێمان بکرێ، ئەوجا دەمرین؟"

پێشبینیکردنی مردنی باوکی، ئەو بەشە غرووره مەزنەی هێشتا لەنێو دڵیدا مابوو، هێنایە جۆش، وەک بووژانەوەی وزەیەکی لەناکاو حیسێبی کرد. ئورسولای هەراسان کرد،

تا پێی بڵێ ئەو پارچەزێڕانەی لەکوێ شاردۆتەوە، کە لەناو پەیکەرەکەی حەزرەتی یوسفدا دۆزرانەوە، ئورسولاش وەک پیرەژنێکی دنیادیدەی سەرسەخت، پێداگریی دەکرد و وەڵامی دایەوە و پێی گوت، "هەرگیزاوهەرگیز نایدۆزیتەوە." ڕۆژێکیان ئەوەشی پێ گوتبوو، "ڕۆژێک هەر دێ خاوەنی ئەم سامانە پەیدا ببێ، تەنها ئەو مافی دەرهێنانی ئەو زێڕانەی هەیە." هەموو لە خۆیان دەپرسی دەبێ چ هۆکارێک لە پشتەوەی ئەم مەسەلەیە بێت، پیاوێک وەک ئەوی دنیانەویستە، بەم جۆرە شەهیە و ئیشتیای بۆ پارەکرابێتەوە، بڕەپارەیەکی کەمیش نا تا پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی پێ دابین بکا، بەڵکوو بڕەپارەیەکی هەندە زۆرە، کاتێک ئاورێلیانۆی دووەم گوێی لەو بڕەپارییە بوو، وەخت بوو ببووریتەوە. کاتێکیش سەرهەنگ بۆ یارمەتی چوو سۆراغی برادەرە کۆنەکانی بکات، هەموو خۆیان دەشاردەوە. ئا لەو کاتەدا بوو، گوێمان لێ بوو گوتبووی، "حاڵی حازر، جیاوازیی نێوان پارێزگاران و لیبراڵەکان ئەوەیە، لیبراڵەکان دەچنە نوێژی سەعات پێنج و پارێزگارانیش دەچنە نوێژی سەعات هەشت." بەڵام هەندە پێداگریی کرد و هەندە هەراسانی کردن، هەندە تکاوڕجای کرد و پاڕایەوە، دژ بە هەموو دەیسپلینێک و گوێی نەدەدایە عەیبە، لەم دەرگا و ئەو دەرگای دا، بە جۆشوخرۆشێکی پتە و نهێنییەوە، توانیی لە ماوەی هەشت مانگدا دوو هەندەی ئەو پارەیە پێکەوە بنێ، کە ئورسولا لەژێر زەوی شاردبوویەوە. ئەوجا، بۆ ئەوەی شەڕێکی سەرتاپا هەڵبگیرسێنێ، چوو سەرێک لە خێرینێلدۆ مارکیزی سەرهەنگ بدات، تا یارمەتیی بدات.

ڕاستییەکەی، ئا ئەو سەردەمە، سەرهەنگ خێرینالدۆ مارکێز، سەرباری ئەوەی پەکی کەوتبوو و لەسەر کورسی بوو، تاقە کەسیش بوو دەیتوانی سەرە سیمە ژەنگاوییەکانی شۆڕشگێڕان بدۆزێتەوە. دوای ڕێککەوتنامەی نیەرلەندیا، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ خۆی بە دروستکردنی ماسییە چکۆڵە زێڕکەفتەکانەوە خەریک کردبوو و لە تاقیگەکە، خۆی داڵدە دا، کەچی سەرهەنگ خێرینالدۆ مارکێز هەمیشە لەگەڵ ئەفسەرەکانی شۆڕش لە پەیوەندیدا بوو و تەنانەت تاکوو هەرەسهێنانیش، بەوەفا و بە هەک بوون لەگەڵیان. ویکڕا بەرەوڕووی ئیهانەکردنی ڕۆژانە دەبوونەوە، تووشی پاڕانەوە و تکاکردن دەبوون، دەچوونە چ بەڕێوەبەرایەتییەک، بە "بڕۆن و سبەی وەرنەوە" و "هەندە نابات تەواو دەبێ" و "ئێمە خەریکین بەوردی دیراسەی دۆسیەکەنتان دەکەین" وەڵامیان دەدانەوە. شەڕێکی دۆڕاو بوو بەرامبەر بەو کەسە دلۆڤانانەی لە ناخی دڵیانەوە ڕازی ببوون، کە مووچەی خانەنشینییەکانیان بۆ واژۆ بکەن، بەڵام واژۆیان نەدەکرد. شەڕەکەی پێشوو، ئەو شەڕە خوێناوییەی بیست ساڵی خایاند، لەچاو ئەو شەڕە دەروونییەی ڕۆحی ئەوانی بۆ ئەبەد دەپووکاندەوە، هەندە کاریگەریی لەسەریان جێ نەهێشتبوو، مەپرسە. سەرهەنگ خێرینالدۆ مارکێز، کە لە سێ کاری تیرۆر ڕزگاری ببوو، پێنج جار بریندار ببوو، ئەوێک لە چەندین شەڕ و پێکدادانداندا ڕزگاری ببوو، ئەویش کەوتبووە نێو گەمارۆی چاوەڕوانی و نغرۆ ببووە نێو تێکشکانەکانی تەمەن و پیرییەوە، لەنێو درزەکانی ڕووناکیدا، لە خانوویەکی

کرێدا، خەونی بە ئامارانتاوە دەدی. ئەو هەواڵانەی لەمەڕ چەکدارە دێرینەکانیشەوە دەسکەوت، وێنەکانیان لەسەر رووپەلی رۆژنامەکان بلاو ببوونەوە، بەئابڕوومەندییەوە سەریان بەرز کردبووەوە و روویان لە سەرەککۆمارێکی نەناسراو کردبوو، کە چەند دوگمەیەکی بەدیاریی دابوونێ، کە وێنەی خۆی لەسەر بوو، تا لە یەخەی خۆیانی بدەن و ئالایەکی خوێناوییشی دابوونێ، کە تۆزی باروتی پێوە بوو، بۆ ئەوەی دوای مردنیان، بدرێ بەسەر تابووتەکانیاندا. ئەوانی دی، هەرە مەغرووورەکان، لەنێو بوولێڵی سەدەقەکانی دەوڵەتدا، بەکولەمەرگی دەژیان، پڕ لە تووڕەیی، لەناو زێرابی شکۆمەندیدا، کەرووی پیری لێی دەدان و هێشتا چاوەڕێی نامەکەیان دەکرد. دوای ئەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، داوای ئەوەی لێ کرد تەقینەوەیەکی کوشندەی وا بەرپا بکات، رژێمی گەندەڵ و گوێڕایەڵی داگیرکاری دەرەکی سەروژێر بکات، کەچی سەرهەنگ خێرنینێلدۆ مارکێز نەیتوانی ئەو مووچڕکە بەزەییئامێزە بشارێتەوە، کە جەستەی داگیر کرد، بەهەناسەهەڵکێشانەوە گوتی، "ئاخ، ئاورێلیانۆ. دەمزانی پیر بووی، بەلام ئێستا لەوە تێگەیشتم، زۆر لەوە پیرتری کە من بیرم لێ کردبووەوە."

# ١٣

ئورسولا لەنێو گێژەنی دواساڵەکانیدا بوو، دەرفەتی کەمی بەدەستەوە بوو تا فریای پەروەردەکردنی ئایینیی خۆسێ ئەرکادیۆ بکەوێ، کاتێک لەناکاودا ئاگادار کرایەوە کە دەبێ بەزووترین کات خۆی ئامادە بکات بۆ ئەوەی بچێت بۆ قوتابخانەی ئایینی. میمێی خوشکی، لەنێوان ڕەق و هیشکیی فێرناندا و دڕدۆنگیی ئامارانتادا دەژیا، ئەویش گەیشتبووە تەمەنێک، کە دەبوو بچێ بۆ لای ڕاهیبەکان، تا بیکەن بە کلاڤسانژەنێکی بلیمەت، دەبوو بینێرنە قوتابخانەی ئایینی. ئورسولا گومانی زۆری لە میتۆدی خوێندن هەبوو، هزری شاگردی دەسەڵاتی بالای پاپایان پێ بڵ و خاو دەکردەوە، ئەمەی نەدەدایە پاڵ پیربوون و کەنەفتبوون، یا ئەو تانەلێڵەی بەرچاوی گرتبوو، بەڵکوو دەیگەڕاندەوە بۆ شتێک، تەنانەت خۆشی نەیدەزانی شکڵ و شێوەکانی چۆنن، بە جۆرێک لە جۆرەکان، دەیگوت ئەمە کاریگەریی زەمەنە، زۆر جاریش ئەمەی دووبارە دەکردەوە و دەیگوت، "ئێستا وەک زەمەنی جاران نییە." هەستی دەکرد واقیعی ژیانی ڕۆژانە لەژێر

دەستی خۆی ڕادەپسکێنی. بیری دەکرەوە و دەیگوت، جاران تا منداڵێک گەورە دەبوو، ماندووبوونیزۆری دەویست. بیری بۆ ئەو زەمەنە دەچوو، کە خۆسێ ئەرکادیۆ دوای قەرەجەکان کەوت، کاتێکیش دوای ماوەیەک گەڕایەوە، خۆی وەک تووڵەمار ڕەنگاوڕەنگ کردبوو، وەکوو ئەستێرەناسان قسەی دەکرد؛ هەروەها تا ئامارانتا و ئەرکادیۆ زمانی هیندییان لەبیر کرد و فێری زمانی ئیسپانی بوون، ڕووداوگەلێکی زۆر لە ماڵەکە ڕوویان دا. خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای بەسەزمانیش، لەژێر دارشابەڕووەکەدا، چەندین ڕۆژی دایە دەم شەوەوە و چەند شەویشی دایە دەم ڕۆژەوە و دوای مردنیشی، فرمێسک نەما نەیڕێژن. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیان بەکولەمەرگی هێنایەوە ماڵ، ئەوێک چەند شەڕ و پێکدانانی بینی، ئازار و ئەشکەنجە نەما نەیچێژین، ئینجا تەمەنی نەگەیشتبووە پەنجا ساڵ. جاران، ڕۆژێکی تەواو، بە شەکرۆکە گیانەوەری بچکۆلەی دروست دەکرد، ئینجا کاتی ئەوەشی بۆ دەما خەمێک لە منداڵەکان بخوات، دەچوو سەیری سپێنەی چاویانی دەکرد، بۆ ئەوەی بزانێ ئایا پێویستییان بە قەترەی ڕیسین نییە. ئێستاش بە پێچەوانەوە، هەر لە شیرەی شەبەقەوە تا خۆرئاوابوون، پیاسەی دەکرد و دەستبەتاڵ بوو، خۆسێ ئەرکادیۆی دەخستە سەر ملی و بێزرخبوونی بەهای کات وای لێ دەکرد، شتەکان بەنیوەچڵی بەجێ بهێڵێ. لە ڕاستیدا دەیوست پیر نەبێ، کەچی تەمەنی خۆشی نەدەزانی، دەچووە ئەو شوێنانەی نەدەبوو لێی بێ، کەوچکی دەخستە هەموو کاسەیەکەوە، بیانییەکانی وەڕس کردبوو،

هەندە پێیان بڵێ ئایا لە سەردەمی جەنگدا، پەیکەرێکی حەزرەتی یوسفیان لەماڵەکەیان جێ نەهێشتووە، وتبوویان دوای وەرزی باران دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی بیبەنەوە. کەس نەبوو بەوردی بزانێ لە چ کاتێکدا ئورسولا بەتەواوی بینای لەدەست دابوو. تا دواساڵەکانی ژیانی، هێز و تاقەت چییە، بەبەریەوە نەمابوو، تەنانەت لە جێگەکەشی نەدەهاتە دەر، بە کورتی و سادەیی، بەتەواوی کەنەفت ببوو، کەسێکیش نەبوو درک بە ئەوە بکات، کە بەتەواوی چاوی لەدەست داوە. قەدەرێک پێش ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ لەدایک ببێ، ئورسولا هەستی پێ کردبوو. سەرەتا وای زانی کزبوونێکی کاتییە، شەربەتی مۆخی ئێسقانی دەخوارد، هەنگوینی دەکردە چاوەکانی، کەچی هەندەی نەبرد، لەوە دڵنیا بوو کە هێدی هێدی ڕۆ دەچێتە نێو تاریکستانێکی ئەنگوستەچاوەوە، بەو ڕادەیەی کاتێک کارەبا هاتە گوندەوە، ئەو نەیبینی، چونکە ئەو دەمەی یەکەم گڵۆپیان داگیرساند، ئورسولا تاریکی و ڕۆشنایی جیا نەدەکردەوە. ئەمەی بە کەس نەوت، چونکە نەیدەویست کەس وا تێبگا کە چیی دی هیچ کەڵکێکی نەماوە. خۆی بەوە ڕاهێنا، کە شارەزایی لەنێوان ماوەی شتەکان و دەنگی کەسەکان پەیدا بکات، لە ڕێگەی زاکیرەوە هەوڵی دەدا ئەو شتانە بناسێتەوە، کە تانەی سەر چاوەکانی نەیاندەهێشت ببینێ. دواتر هانای بۆ بۆن برد، شتێکی نامۆ بوو، ئیدی لە ڕێگەی بۆنەوە زیاتر وەک لە ڕێگەی شکڵ و ڕەنگەوە، لەناو تاریکی دەیزانی بەرجەستەکان لەکوێن؛ ئەمەش بەتەواوی لە عەیبە ڕزگاری کرد. تەنانەت لەناو ژوورە

ئەنگوستەچاوەکەیدا، دەیتوانی دەزوویەک بکات بە کونی دەرزییەکەوە، شوێن قوپچەیەکیش بدووریێ، دەیزانی کەی شیری سەر ئاگرەکە دەگاتە کوڵ. هەندە زانیاریی وردیشی لەمەڕ شوێنی شتەکانەوە پەیدا کردبوو، تەنانەت خۆشی هەندێ جار لەبیری دەچوو کە چاوەکانی لەدەست داون. ڕۆژێکیان، فێرناندا لە ئەڵقەی بووکێنییەکەی دەگەڕا و هەموو ماڵەکەی سەروبن کرد، کەچی ئورسولا، لەسەر ڕەفەیەک، لە ژووری منداڵان بۆی دۆزییەوە. بێگومان ئورسولا بە شێوەیەک، لە ڕێگەی ئەو چوار هەستەی مابوون، چاودێریی هەڵسوکەوتی ئەو کەسانەی دەکرد، کە بەناو ماڵەکدا دەهاتن و دەچوون، کەس نەیدەزانی چاوی لەدەست داوە. دوای ماوەیەک هەستی بەوە کردبوو، کە ئەندامانی خێزانەکە، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەبێ ئەوەی پێشی بزانن، ڕۆژانە هەمان ڕێچەیان وەر دەگرت و هەمان قسەشیان لە ئانوساتی خۆیدا دەکرد. ئەگەر بێت و ئەم کارە ڕۆتینانەیان بەڕێکوپێکی و بەوردی پەیڕەو نەکردایە، بۆی هەبوو شتێکیان لێ ون ببێ. بۆیە کاتێک گوێی لەوە بوو فێرناندا هاتوهاواری ئەوەی بوو کە ئەڵقەکەی ون کردووە، ئورسولا سەرنجی هەڵسوکەوت و بزووتی ئەو ڕۆژەی دا. فێرناندا چووبوو ئەو حەسیرانە لەبەر هەتاو ڕابخا، کە مێمێ لەسەری دەخەوت، چونکە شەوی پێشوو کێچیان تیا دۆزیبووەوە. کاتی خاوێنکردنەوەیان، منداڵەکانیش لەوێ بوون، بۆیە ئورسولا بیری لەوە کردەوە، کە دەبێ فێرناندا ئەڵقەکەی لە شوێنێکی بەرز دانابێ بۆ ئەوەی منداڵەکان دەستی بۆ نەبەن. ئەو شوێنەش دەبێ

سەر ڕەفەکە بێ. بە پێچەوانەشەوە، فێرناندا لەو شوێنانە دەگەڕا، کە ئەو ڕۆژە هاموشۆی تیا کردبوو، نەیدەزانی نابێ لە شوێنە ئاساییەکان بۆ شتی ونبوو بگەڕێین، بۆیە دۆزینەوەی ئەو شتە، مەحاڵ بوو.

بەخێوکردنی خۆسێ ئەرکادیۆ یارمەتیی ئورسولای لەم هەوڵ و کۆششە سەختانە دەدا، وای دەکرد ئاگای لە بچووکترین گۆڕانکارییەکانی ناو ماڵەکە بێت. کاتێک بیزانییایە ئامارانتا لە ژووری پەیکەری قەدیسەکان خەریکە جلوبەرگ لەبەر دەکات، خۆی وا نیشان دەدا کە ناوی ڕەنگەکان فێری خۆسێ ئەرکادیۆ دەکات و پێی دەگوت، "دەی پێم بڵێ، با بزانین کراسەکەی قەدیس ڕافائیل چ ڕەنگێکە؟"

بەو جۆرە منداڵەکەش ڕەنگی کراسی بەر پەیکەرەکانی بە ئورسولا دەگوت، بۆیە پێش ئەوەی بیباتە قوتابخانەی ئایینی، گەیشتبووە ئەو ڕادەیەی هەر بە دەستلێدانی قوماشی جلوبەرگی قەدیسەکان، ڕەنگەکانی دەناسییەوە. هەندێ جاریش شتێکی چاوەڕواننەکراو ڕووی دەدا. پاشنیوەڕوانێک، ئامارانتا لەبەر هەیوانەکە خەریکی چنین بوو و ئورسولاش بەویدا تێپەڕی، خۆی لێ دا، ئامارانتا وەڵامی دایەوە و گوتی، "دە تور خودا ئاگات لە بەرپێی خۆت بێ."

ئورسولا وەڵامی دایەوە و گوتی، "تۆ لە شوێنەکەی خۆت دانەنیشتووی." ئەمە هیچ گومانێکی هەڵنەدەگرت. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە درکی بە ئەوە کرد، کە کەس لەوەوپێش هەستی پێ نەکردبوو: بە تێپەڕینی کات، شوێنی هەتاویش دەگۆڕێ، ئەوانەی کە دەچوونە بەرهەیوانەکە و دەبوو بەپێی ئەو گۆڕانە،

بەبێ ئەوەی هەستیشی پێ بکەن، شوێنی دانیشتەکانیان دیاری بکەن. لەو ڕۆژە بەدواوە، ئورسولا دەبوو ڕۆژ و مانگ بهێنێتەوە یادی بۆ ئەوەی بەتەواوی بزانێ ئامارانتا لەکوێ دادەنیشێت. سەرباری ئەوەی تا دەهات، هەست بە لەرزینی دەستەکانی زیاتر دەکرا، زۆر بەئەستەمیش دەیتوانی پێیەکانی بەدوای خۆیدا ڕابکێشێ، سەر و ڕوخسارە بچکۆڵەکەشی لە زۆر شوێنەوە پۆک دەبووەوە. هەر چوستوچالاکیش بوو، وەکوو ئەو سەردەمانەی هەموو ماڵەکەی بەڕێوە دەبرد. هەروەها لەنێو تەنیایی ڕەهای پیر و کەنەفت بووندا، هەند ڕوونبین ببوو، تەنانەت بچووکترین وردەکاریی لاوەکیی بنەماڵەکەی وەبیر دەکەوتەوە، هەموو ئەو ڕاستییانەی هێنایەوە بەر ڕووناکی، کە کاتی خۆی لەبەر ئیش و ئەرکی زۆر، دەرفەتی نەبوو باسیان لێوە بکات. کاتێک دەبوو خۆسێ ئەرکادیۆ ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی بینێرنە قوتابخانەی ئایینی، ئورسولا زۆر بەوردی بەسەرهاتەکانی ناو ماڵی بەسەر دەکردەوە، هەر لە سەردەمی دروستکردنی ماکۆندۆوە بۆ ئەو کاتە، بە ئەندازەیەک، بەو هەموو بۆچوونانەدا چووەوە، کە سەبارەت بە نەوەکان لەلای گەلالە ببوون. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی پێشووی، دەیگوت شەڕ و پێکدادانەکان ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیان دڵڕەق نەکردبوو، سۆز و خۆشەویستیی بۆ خێزانەکەشی لەدەست نەدابوو، بەڵکوو هەر خۆی وا بوو، کەسی خۆش نەدەویست، تەنانەت ڕێمێدیۆسی هاوسەریشی خۆش نەدەویست، وێڕای ئەو ژنە زۆرانەشی کە تەنها یەک شەو لەگەڵیان مابووەوە، بگرە کوڕەکانی

خۆشی خۆش نەدەویست. هەستی دەکرد ئەو مەتەڵەی هەڵهێناوە، کە پاڵی بە ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگەوە ناو تا ئەو هەموو شەڕانە هەڵبگیرسێنی، نە ئایدیالیسم بوو وەک بۆچوونی زۆرینەی خەڵک، نە ماندووبوونیش وای لێ کرد نەگاتە سەرکەوتن و شەڕ ڕابگرێ، وەک ئەوەی هەموو خەڵکی بیریان لێ دەکردەوە. چونکە هاندەری جەنگ پەیوەندیی بە دۆڕان و بردنەوەوە نەبوو، بەڵکوو گوناهی فیز و غروور بوو. لەوە دڵنیا بوو کوڕەکەی ئامادە بوو لەپێناو غرووردا گیانی خۆی فیدا بکات، بەڵام توانای ئەوینی نەبوو. شەوێکیان، هێشتا لە سکیدا بووە، گوێی لە گریانی ببوو. گریانێکی هەند ڕوون بوو، تەنانەت خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، کە لەتەنیشتی دەخەوت، گوێی لێ ببوو، هاتە ئاگا و دڵی بەوە خۆش بوو، کە منداڵەکەی لە ئایندەدا بە سک قسە دەکات. هەشبوو دەیگوت دەبێتە پێغەمبەر. کەچی ئەمە ئورسولای تووشی لەرزین کرد، لە ناخی دڵیشیەوە لەوە دڵنیا بوو، کە ئەمە ئاماژەیەکە و پێمان دەڵێ ئەم منداڵە بە کلکی بەرازەوە لە دایک دەبێت، بۆیە لە خودا دەپاڕایەوە، کە ئەو تولفە لەناو سکیدا لەبار بەرێت. بەڵام تەمەن ڕوونبینییەکی وردی پێی بەخشیبوو، وای لێ کرد بڵێت کە گریانی منداڵ لەناو سکی دایکدا، نە ئاماژەیەکە بۆ ئەوانەی بە لێوجوولاندنەوە و بە سک قسە دەکەن، نە بەهرەی پێغەمبەرایەتییشیان هەیە، بەڵکوو بەبێ پێچوپەنا، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە ئەم منداڵە توانای خۆشەویستیی نابێت، لە زۆر شوێنیشدا ئەمەی دووپات دەکردەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە لە بەها و بایەخی کوڕەکەی

کەم دەکردەوە، بۆیە بەزەییی لە دڵ و دەروونی ئورسولا دەبووژاندەوە. بە پێچەوانەشەوە، دڵڕقیی ئامارانتا ترسی لەلا دروست دەکرد، تاڵیی ژیانی ئازاری دەدا، کەچی لە دواپێداچوونەوەدا، هەستی دەکرد ژنێکی تا بڵێی دڵسۆزە. تا بڵێی ژنێکی خۆشەویستە، ئەو هەموو ئەشکەنجە و ئازارانەی تووشی پیەترۆ کرێسپیی کردبوو، هەروەها ژیانی خێرینێلدۆ مارکیزی سەرەنگ بکاتە دۆزەخێکی تەواو، بەرهەمی زاخاوی دڵ و دەروونی نەبوو، وەکوو ئەوەی هەموو خەڵکی تێگەیشتبوو، بەڵکوو بۆ هەردووکیان، خەباتێکی کوشندە بوو لەنێوان ئەوینێکی بێسەرحەد و ترسنۆکییەکی پتەو، کە دواجار ترسێکی نا ئەقڵانی زاڵ بوو بەسەریا، ترسێک، کە هەمیشە دڵە هەلاهەلابووەکەی ئامارانتای گەرمارۆ دەدا. ئورسولا لەو سەردەمە ڕێبێکای بە ناوی خۆیەوە بانگ دەکرد، هەمیشە کاتێک باسی کردبا، بە سۆزێکی دێرینەوە باسی دەکرد، سۆزێک، بەرهەمی پەشیمانییەکی ناوادە و ئیعجابێکی لەناکاو بوو. لەوە تێگەیشتبوو کە تەنها ڕێبێکا، تاقە کەس بوو خاوەن ئازایەتییەکی بێوێنە بوو. ئەو کچەی هەرگیز شیری ئەوەی نەخواردووە، بەڵکوو گڵ و گەچی قەد دیوارەکانی دەخوارد، هەمان خوێن بەنێو دەمارەکانیدا نەدەگەڕا، بەڵکوو خوێنێکی نەناسراوی خەڵکێکی نەناسراو بوو، کە هێسکوپروسکیان لەنێو گۆڕدا خرچەخرچیان بوو. تەنها ڕێبێکا بە سکێکی بەتاڵەوە نەیدەزانی سرەوتنی دڵ چ مانایەکی هەیە. ئورسولا ئومێدی دەخواست ئەو ئازایەتییە لەنێو ڕۆحی نەوەکانی ئەودا بووایە؛ دەستی بە دیوارەکەوە

دەگرت و پێی دەگوت، "ئای ڕێبێکا، چەند زاڵمانە مامەڵەمان لەگەڵ کردی!"

بەدزییەوە لە ماڵەوە دەیانگوت، ئورسولا خڵەفاوە، بەتایبەتی کاتێک ڕێی دەکرد و بازووی ڕاستی وەکوو جوبرائیل بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە. کەچی فێرناندا دەیگوت، ئورسولا لەنێو سێبەری ورێنە ئەستوورەکانیشیدا، هۆشی لە خۆر ڕووناکترە، چونکە بەبێ سێ و دوو دەیزانی لە ساڵێکدا چەندێ پارە خەرج کراوە. ئامارانتاش هەمان بۆچوونی هەبوو. ئەو ڕۆژەی دایکی لە مەتبەخەکە بینی، خەریک بوو بە کەوچک شۆرباکەی تێک دەدا، لەپڕێکدا هاوارێکی لێ بەرز بووەوە، گوێی لەوە نەبوو کە کێ لەوێیە و دەیگوت ئەو دەستاڕەی بۆ هاڕینی گەنمەشامی لە قەرەجەکانیان کڕیبوو، پێش ئەوەی تەمەنی خۆسێ ئەرکادیۆ شەستوپێنج جار بە دەوری زەویدا بخولێتەوە، ون ببوو، ئێستاش وا لە ماڵی پیلار تێرنێرایە. ئەویش تەمەنی خۆی لە سەد ساڵ دەدا، وەک چۆن جاران بە تریقەی پێکەنینەکەی کۆترەکانی دەترساند، ئێستاش قەڵەو بووە، زەندەقی منداڵانی دەبرد، کەچی پتەو و چوستوچالاکیش دیار بوو، پیلار تێرنێرا سەری لە مەزەندەکەی ئورسولا سوور نەما، چونکە بەپێی ئەزموونی خۆی، دەیزانی ئەزموونی پیربوون لە فاڵگرتنەوە زیاتر درک بە پێشبینی و پێشهاتەکان دەکات.

بەڵام ئەو ڕۆژەی ئورسولا بۆی ڕوون بووەوە، کە لە توانایدا نییە وەکوو خۆی دەیەوێ خۆسێ ئەرکادیۆ بۆ ئەوە ئامادە بکات، کە نەخشەی بۆ کێشابوو، تەسلیمی قەدەری کرد.

هەرچەندە ڕێنماییەکانی ئەستشتەکانی ڕوونتر پێ نیشان دەدا، بەڵام کاتێک دەیوست بە چاو شتەکان ببینێ، تووشی هەڵە دەبوو. سەرلەبەیانییەکیان، وای زانی شووشەگوڵاو دەپرژێنێتە سەر قژی منداڵەکە، کەچی لە ڕاستیدا مەرەکەبدان بوو. کەوچکی لە هەموو کاسەیەک دەسوو، ئەمەش تووشی هەڵەی دەکرد، لە گیانی خۆی وەڕس ببوو، بۆیە هەموو هەوڵێکی دەدا ڕزگاری ببێ لەو تاریکستانەی بە تێپەڕینی کات وەکوو گلۆڵەی تەونی جاڵجاڵۆکەیەکی زەبەلاح دەوری دەدا. ئەوەی بە مێشکدا هات، کە ئەو ساتمە و بەلاداهاتنانە، سەرەتای زاڵبوونی پەککەوتن و تاریکیی نین، بەڵکوو هەڵەی کاتن. بە خۆی دەگوت، جاران وەک ئەوەی چۆن تورکان بە گەزی فیلاوی کەتان دەپێون، خوداوەند لەگەڵ مانگ و سالان فێڵی نەدەکرد، شتەکان جۆرێکی دیکە بوون. ئێستاش نەک تەنها منداڵ خێرا گەورە دەبن، بەڵکوو هەستەکانیش بە شێوەیەکی جیاواز گەشە دەکەن. هەندە نەبوو ڕێمێدیۆسە جوانکیلە، بە لەش و ڕۆح، بەرەو ئاسمان بەرز ببووەوە، فێرناندا لە سووچێک هەڵدەتووتا و دەستی دەکرد بە بۆلەبۆڵ و دەیگوت، ئاخر بۆچی چەرچەفەکانمی لەگەڵ خۆی برد. هێشتا تەرمی ئاورێلیانۆکان لەناو گۆڕەکانیان سارد نەبووبوونەوە، ئاورێلیانۆی دووەم بەپەلەپەل گلۆپەکانی ماڵەکەی داگیرساندەوە، دەرگاکانی خستە سەر گازەرای پشت بۆ گشت ئەو سیامەستانەی دەهاتن ئەکۆردیۆنیان لێدەدا و بە قەڕابە شامپانیایان دەخواردەوە، دەتگوت مەسیحی نین، وەک تووله‌سەگی مردارەوەبوویان لێ دەهات. نەیاندەزانی بە

ج دەردەسەرییەک ئەو شێتخانەیەمان پێکەوە نا، ئەو هەموو شەکرۆکە ئاژەڵانە فرۆشران، ئاقیبەتیش بوونە خۆراکی زبڵخانەی گومرابوون. لەو دەمەی ئورسولا ئەم هەموو یادەوەرییانەی بەسەر دەکردەوە، خەریکی ئامادەکردنی باوڵ و جانتاکانی خۆسێ ئارکادیۆ بوون، ئورسولا بە خۆی دەگوت، ئەرێ ئیتر بەس نییە، دە بۆخۆت لەناو گۆڕدا پاڵ بکەوە و بحەسێوە و چاو لێک بنێ، دواجاریش با خۆڵ بپرژێننە سەر گۆڕەکەت. بەبێ ترس ڕووی دەکردە خودا و دەیپرسی، ئەرێ وا دەزانی ئەو هەموو خەڵکە لە ئاسن دروست کراون، تا ئەو هەموو ناخۆشی و دەردەسەریانەیان بۆ بنێری؛ تەنها هەر خۆی وڕ و گێژ دەکرد، بەم هەموو پرسیارە یەکلەدواییەکانە، ئارەزوویەکی بەتینیش بەرۆکی دەگرت و حەزی دەکرد وەکوو ئەجنەبییەکان جوێن بدات، بۆ یەک ساتەوەختێکیش بێ، یاخی ببێ، چەندین جار لە دڵەوە حەزی دەکرد بەپێ بچێتە سەر ئەم ملکەچییە، بە شەق بەر بییتە هەموو شتێک، تا تاوێک دڵی ئاو دەخواتەوە وئەو هەموو بارستاییەی سەر ئەستۆی ڕابتەکێنی و دڵی لەو هەموو جوێنە کەڵەکەبووانە خاوێن بکاتەوە، جوێنی کەڵەکەبووی سەدەیەک بوون، سەدەیەک لە بەرگەگرتن و خۆگرتن؛ هاوارێکی کرد و گوتی، "هەی قەرسەقوڵ!"

ئامارانتا خەریک بوو باوڵەکەی ئامادە دەکرد، وای زانی دووپشکێک پێوەی داوە، بەزەندەقچوونەوە پرسیاری کرد، "لەکوێیە؟"

چی؟

ئامارانتا وەڵامی دایەوە و گوتی، "دەعباکە."

ئورسـولا پەنجـەی لەسـەر دڵـی دانـا و وەڵامـی دایـەوە و گوتـی، "ئـا ئەوەتـا لێرانەیـە."

پێنجشـەممواندێک، سـەعات دووی پاشـنیوەڕۆ، خۆسـێ ئەرکادیـۆ بـەرەو قوتابخانـەی ئایینـی کەوتـە ڕێ. دواتریـش، کاتێک ئورسـولا بیـری لـە خۆسـێ ئەرکادیـۆ دەکـردەوە، بیـری لـە ساتی ماڵئاواییەکە دەکردەوە، لاوێکی لاواز و جیددی بوو، وەک چـۆن ئورسـولا فێـری کردبوو، خـۆی گـرت تـا فرمێسـک بـە چاوانیـدا نەیەنـە خـوارەوە، هەنـدەی نەمابـوو لەبـەر گەرمـا هەڵبپرووکـێ، چونکـە بـەو گەرمایـە، چاکـەت و پانتۆڵێکـی مەخمەڵیی یەخـەداری سـەوزی لەبـەر کردبوو، دوگمەی مسینی پێوە بوو، دەوری یەخـەکانـی بـە ئۆیـە ڕازاندرابووەوە. ئورسـولا ژووری نانخواردنـی گوڵاوپڕژێـن کردبـوو، بـەو گـوڵاوەی قـژی خۆسـێ ئەرکادیـۆی عەتـراو دەکـرد، تـا بتوانـێ لەنـاو ماڵەکـە شـوێنپێی هەڵبگرێ. لـە کاتـی نانخواردنـدا، ئـەو داوەتـە تایبەتـەی بـۆ ماڵئاوایـی سـازیان کردبـوو، بەدرێژایـی ئـەو نانخواردنـە، خێزانەکـە نیگەرانیـی خۆیـان دەشـاردەوە و خۆیـان دڵخـۆش نیشـان دەدا، زیادەڕوییـان دەکـرد و بـە چەپڵـە پێشـوازییان لـە قسـەکانی ئەنتۆنیـۆ ئیسـابێلی کەشـیش دەکـرد. بـەڵام کاتێـک باوڵـە سـووچزێوینە بەرگدارە مەخمەڵییەکەیـان لـە مـاڵ هێنایـە دەرەوە، وەک ئـەوەی تابووتێکیـان لـە مـاڵ هێنابێتـە دەرەوە. تاقـە کـەس کە نەیویسـت بەشـداریی لـەم ماڵئاواییەدا بکات، ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ بـوو، لەژێـر لێـوەوە ورتەورتێکـی کـرد و گوتـی، "پاپایـەک! وەڵـڵا هـەر ئەمەمـان نوقسـان بـوو."

دوای سێ مانگ، ئاورێلیانۆی دووەم و فێرناندا مێمێیان بۆ قوتابخانەی ئاینیی کچان برد، کاتێک گەڕانەوە، ئامێرێکی کلاڤسانیان پێ بوو، لە جێگەی پیانۆ میکانیکەکە دایان نا. ئا لەو دەمەوە، ئامارانتا دەستی بە چنینی کفنەکەی خۆی کرد. گرانەتای مۆز نیشبووەوە. دانیشتووانی پێشووی ماکۆندۆ هەستیان دەکرد ئەوانەی تازە دێنە گوندەکەیانەوە، دەخزێنرێنە پەراوێزەوە، زۆر بەزەحمەت دەتوانن قوتی خۆیان دابین بکەن، سەرباری ئەمەش، دڵیان بەوە خۆش بوو چەندین جار کەشتییەکانیان لە غەرقبوون ڕزگاری بووە. بەردەوامماڵی ئورسولا میوانیان بۆ نانخواردن داوەت دەکرد، بەڵام لە ڕاستیدا، دوای چەند ساڵێکی دیکە، کارگەی مۆزەکە ئەوێی جێ هێشت و شێوازی ژیانی جاران دەستی پێ کردەوە. هەروەها گۆڕانکاریی بنەڕەتییش لە شێوەی داوەتکردن و پێشوازیی تەقلیدی ڕووی دابوو، چونکە ئیدی فێرناندا یاسا و دەستوورەکانی خۆی دەسەپاند. ئورسولا خزابووە نێو جیهانە تاریکەکەی و ئامارانتا خۆی بە دوورینی کفنەکەیەوە خەریک کردبوو. شاگردە دەسەڵاتدارەکەی جاران زۆر ئازادانە و بە کەیفی خۆی میوانەکانی هەڵدەبژارد و دەستووری توندیشی بەسەریاندا دەسەپاند. سەرجەم ئەو دەستوورانەی لە دایک و باوکیەوە بە میرات بۆی مابوونەوە. توندڕەویی فێرناندا ماڵەکەی کردە شوێنێک بۆ پەیڕەویکردنی ئاداب و ئەخلاق، ئەمە لە ناوجەرگەی گوندێک، کە بیانییەکان پارەکانیان بە ڕاست و چەپدا بەفیڕۆ دەدا. زەحمەت نەبوو بۆ فێرناندا ئەم مەتەڵە هەڵبهێنێ: ئەوانەی مرۆڤی باشن، هیچ پەیوەندییەکیان

بە کارگەی مۆزەوە نییە. تا ئەو ڕۆژەی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، شوبراکەی خۆی، بوو بە قوربانیی ئەم جوداخوازییە، چونکە جارێکی دیکە کەڵەشێرە شەڕکەرە جوانەکانی لەناو برد و وەک دەسبەکارێکی باڵا، بەگەرموگوڕییەوە لە کارگەی مۆزەکە دەستی بەکار کرد، فێرناندا پێی گوت، "تاکوو ئافاتی ئەم بیانییانە بمێنێ، تۆ پێ ناخەیتەوە ئەم ماڵە."

سەپاندنی ئەم دەستوورە توندانە کارێکی وای لە ئاورێلیانۆی دووەم کرد، کە دەسبەجێ بگەڕێتەوە بۆ ماڵی پێترا کۆتێس، چونکە لەوێ زیاتر هەستی بە ئیسراحەت و حەوانەوە دەکرد. سەرەتا، بە بیانووی ئەوەی باری هاوسەرەکەی سووکتر دەکات و بەشێک لە نیگەرانییەکەی کەم دەکاتەوە، ئاهەنگ و ڕابواردنەکانی بۆ ماڵی پێترا کۆتێس گواستەوە. دواتریش، بە بەهانەی ئەوەی لە ڕووی زاوزێوە ئاژەڵەکانی بەرەکەتیان داویەتی لە کەمی، بۆیە تەوێڵە و ئاخووڕەکانی بۆ ماڵی کۆتێس گواستەوە. دواتریش، ئەنجەتی ئەوەی هێنایەوە، کە ماڵی دەسگیرانەکەی فێنکترە و ئۆفیسە بچووکەکەشی بۆ ئەوێ گواستەوە، تا بەردوامی بە کارەکانی بدا. کاتێکیش فێرناندا هەستی دەکرد، بەبێ ئەوەی مێردەکەی کۆچی دوایی کردبێ، بووە بە بێوەژن، تازە وادەی بەسەر چووبوو کە ڕێڕەوەی شتەکان بگەڕێنێتەوە بارودۆخی جارانی. ئاورێلیانۆی دووەم، زۆر بەدەگمەن لە ماڵەوە نانی دەخوارد؛ چەند ڕەفتارێکیشی هێشتبوووەوە، وەک گەڕانەوەی شەوان و خەوتنی لەگەڵ ژنەکەی، بەڵام ئەمە بەس نەبوو و هیچی نەدەسلماند. شەوێکیان، لەبیری

چوو، تاکوو بەیانی لەگەڵ پێترا کۆتێس مابووەوە. فێرناندا، بە پێچەوانەوەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، هیچ گلەیی و گازندەیەکی نەکرد، هەناسەیەکی ساردی هەڵنەکێشا، بەڵام هەر ئەو ڕۆژە، دوو باوڵی پڕ لە جلوبەرگ کرد و ڕەوانەی ماڵی دەزگیرانەکەی کرد. فەرمانی دا بە ڕۆژی نیوەڕۆ، بە ناوەڕاستی شەقامدا باوڵەکان بەرن، تا هەموو خەڵکی پێی دەزانن، وای بیر دەکردەوە، بەم شێوەیە مێردە گومڕاکەی بەرگەی ئەم هەموو سووکاتییە ناگرێت و بەسەرشۆڕی دەگەڕێتەوە ماڵ. بەڵام ئەم جەربەزەیە جارێکی دیکە ئەوەی سەلماندن، کە نەک تەنها فێرناندا شارەزای تەبع و کارەکتەری مێردەکەی نەبوو، بەڵکوو شارەزای سروشتی قووڵی ئەو خەڵکەش نەبوو، کە ئاسمانوڕێسمان لە سروشتی کەسوکاری ئەوەوە دوور بوون، چونکە هەرکێیەک باوڵەکانی ئەوی لەناو جادە دیتبا و لە دڵی خۆیدا دەیگوت، ئا ئەمە بوو ئاکامی ئەو حەکایەتەی کەس نەبوو وردەکارییەکانی پێنەزانێ. ئاورێلیانۆی دووەمیش، بۆ ئەوەی هەندەی دیکە ژنەکەی سووک بکات، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ و سێ شەو بۆ ئەم سەربەستییە ئاهەنگی گێڕا. لە کاتێکدا فێرناندا بە جلوبەرگە ڕەنگ تاریکەکانی، کە تا ئاودامانی دەهات، ملوانکەیەکی کاتبەسەرچووی دەکردە مل، غرووڕێگیشی هەبوو، جێی خۆی نەدەکردەوە، قۆناغی کامڵبوونی زۆر ناجۆرانە بەسەر دەبرد، کەچی دەسگیرانەکەی ئاورێلیانۆی دووەم، تا دەهات، گەنجتر دەبووەوە، جلوبەرگی ئاوریشمی سروشتیی دەکردە بەر، حەز و ئارەزوویەکی هەبوو، پزیسکی

دەبەخشییە چاوە ڕەنگ پلینگیەکانی. وەک جاری جاران، ئاورێلیانۆی دووەم بە تین و گوڕی هەرزەکارانەوە، جارێکی تر دەستی تێکەڵ کردەوە لەگەڵی، وەک ئەو سەردەمەی پێترا کۆتێس ئەوی وەک ئەو خۆش نەدەویست، بەڵکوو لەگەڵ برا جمکانەکەی لێی تێک دەچوو، نەیدەزانی لە هەمان کاتدا، لەگەڵ هەردووکیان، لە کاتی جیاوازدا دەچووە جێگەوە. بیری دەکردەوە خودا بەختێکی زۆری داوەتێ، کە پیاوێکی بۆ ناردووە، هەندەی دوو پیاو لە جێگە ئەوینداری دەکا. ئەم سۆزە کەفوکوڵە نوێیە هەند فشاراوی بوو، ئانوساتی بۆ نەبوو، کاتێک خەریکی نانخواردن بوون، لەپڕێکدا سەیری چاوی یەکترییان دەکرد و بەبێ ورتە، چەقۆ و چەتاڵەکانیان لە شوێن خۆی دادەنایەوە و دەچوونەوە ناو جێگە، وەخت بوو هەم لە برسا، هەم بۆ ئەوینکردن چاویان دەر بپەڕێ. ئاورێلیانۆی دووەم ئەم ئیلهامەی لە خانمە فەرەنسییەکانەوە وەر گرتبوو، هیی ئەو دەمەی بەدزییەوە دەچووە لایان، بۆیە دۆشەکێکی کەژاوەییی بۆ پێترا کۆتێس کڕی، بە هیی کەشیشانی دەکرد، پەردەی مەخمەڵی لە پەنجەرەکان دا، ئاوێنەی زلی بلوورینی بە ساپیتە و بە دیوارەکاندا هەڵواسی. لە ژیانیدا ئەوەندە ئاهەنگی ساز نەکردبوو، ئەوەندە دەستبلاو نەبینرابوو. هەموو ڕۆژێک، لەگەڵ گەیشتنی شەمەندەفەری سەعات یانزەدا، بەسندوق شامپانیا و بە سندوق براندیی بۆ دەهات. لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، خێرا دەستی دەکرد بە گێڕانی ئاهەنگ، هەرکێیەکیشی لەسەر ڕێ تووش بووایە، خەڵکی ئاوایی بووایە یا بیانی، ناسراو بووایە یا

نەناسراو، بەبێ جیاوازیی داوەتی دەکرد و دەیهێنایەوە ماڵ. ئەم داوەتە، تەنانەت میستەر بروانیشی گرتەوە، میستەرێک، جگە لە زمانی بیانی، زمانێکی دیکەی نەدەزانی، بە بزاوت و ئاماژەکانی ئاورێلیانۆی دووەم فریوی دەخوارد و چەندین جار لە ماڵی پیەترا کۆتێس تەواوێک مەست دەبوو، سەگە درە ئەڵمانییەکانیشی هەمیشە بەدواوە بوون، کاتێک ئەکۆردین دەژەندرا، لەژێر لێوەوە لەسەر ئاوازی تەکساس گۆرانیی دەچڕی و تەنانەت سەگەکانیشی دەستیان بە سەما دەکرد. کاتێک ئاهەنگ دەگەیشتە چڵوپۆپەی، ئاورێلیانۆی دووەم دەیشیڕاند و دەیگوت، "لا بچن لەپێشم، هەی حەیوانینە. ڕێگەم بدەن! ژیان کورتە!"

هەرگیز هەندە کەیفخۆش و هەندە خۆشەویست نەبوو، هەرگیزیش هەندە ئاژەڵەکانی سک و زاوزێیان نەکردبوو، هەرگیز هەندە بە خێر و بەرەکەت نەبوون. بەدرێژاییی ئەو هەموو ئاهەنگە بێئەژمارانە، چەندین سەرە حەیوانیان سەر دەبڕی، چەندین سەرە بەراز و چەندین پەلەوەریان دەکوشت، زەویی حەوشەکە لەبەر خوێن قوڕاوی ببوو و ڕەش دەچووەوە. هەندە ئێسقان و هەناو و ڕیخۆڵەیان فڕێ دا، ئەو ناوە ببووە زبڵخانەیەک و ناوبەناویش دەبوو دینامیتێکی تیا بتەقێننەوە، بۆ ئەوەی سیسارکە کەچەڵە چاوی پیاو دەر نەکات. ئاورێلیانۆی دووەم، قەڵەو و گۆشتن ببوو، ڕەنگی وەنەوەشەیی دەچووەوە، هەیبەتی کیسەڵی وەر گرتبوو، ئیشتیای مەگەر لەگەڵ ئیشتیای خۆسێ ئەرکادیۆ بەراورد بکرابا، ئەو دەمەی لەبنی دنیا گەڕابووەوە. ناو

و ناوبانگی زۆرخواردنە لەڕادەبەدەرەکەی و دەستبڵاوییە بێسنوورەکەی، میواندارییە بێوێنەکانی، لە دەرەوەی سنووری زەلکاوەکە دەنگی دایەوە و نەوسنە هەرە بەناوبانگی کەناراوەکانی بۆ لای خۆی رادەکێشا. لە هەموو لایەکەوە، بۆ کێبەڕکێی زۆرخۆری و خۆراگری دەهاتنە ماڵی پێترا کۆتێس. ئاورێلیانۆی دووەم تاکوو ئەو شەممە شوومە بە پلەی یەکەمی بێڕکابەر خۆی دەناساند، ئەو ڕۆژەی کامیلا ساگاستوم پەیدا بوو، مێینەیەکی ئەفسانەیی بوو، لە سەرتاپای وڵاتدا بە فیلە مێیەکە دەناسرایەوە.

ململانێیە دووقۆڵییەکە تاکوو بەرەبەیانی سێشەممە درێژەی کێشا. بیستوچوار سەعاتی یەکەم، گوڵکێکی لەگەڵ پەتاتە و مۆزی سوورەوەکراو لووش دا، بەبڕێ باسکردنی سنوق و نێویێک شەمپانیا. دڵنیا بوو لە سەرکەوتنی خۆی. لە حەریفەکەی زۆر بە گوڕ و شەوقتر دیار بوو. حەریفەکە دیار بوو کەسێکی لێزان و پیشەیی بوو، ئەو حەشاماتە زۆرەی بەزەحمەت لەو ماڵە جێیان دەبووەوە، زۆر دڵیان پێی نەدەکرایەوە. بەڵام ئاورێلیانۆ بوێندیا قەپاڵی چاکی لە خۆراکەکە دەدا، ئارەزووی سەرکەوتن مەستی کردبوو، فیلە مێیەکەش، پلەگۆشتەکانی بە وردەکاریی نەشتەرگەرێک لێدەکردەوە و لەسەرخۆی دەیخواردن، تەنانەت بە هەندێ لەززەتیشەوە. زۆر زل و زەبەلاح و کەتە بوو، بەڵام نەرمونیایی ژنانە بەسەر کەتەییەکەیدا زاڵ بوو، ڕوخسارێکی تا بڵێی جوانی هەبوو، دەستوپلێکی ناسک، ئەفسوونێکی تایبەتییشی هەبوو، ئەو کاتەی خۆی کرد بە ماڵەکەدا، ئاورێلیانۆی دووەم

بە دەنگی نـزم گوتبـووی، حـەزی دەکـرد کێبەرکێکـە لەسـەر جێگە بووایـە، وەک لەسـەر مێزی نانخـواردن. دواتـر، کاتێـک ئاورێلیانـۆ بوێندیـا حەریفەکـەی بینـی، خەریکـە ڕانەگۆلکێـک تـەواو دەکا، بەبێ ئـەوەی لـە ڕەوتـی جوانخواردنیش لا بـدات، ئاورێلیانـۆ بوێندیـا، شـێلگیرانە جەختـی لـەوە کـردەوە، کـە ئـەم ناسکییە، ئـەم دڵڕفێنـە، ئـەم جۆرە مێینەیـە ژنـی خەونەکانیەتـی. لەمـەدا بەهەڵـەدا نەچووبـوو. نـاوی بـە لاشـەخۆری دڕنـدە لـە هەموو لایەکدا بڵاو ببووەوە، بەڵام ئـەم ناوزڕاندنـە هیـچ بنـج و بنەمایەکـی نەبـوو. بـە هیـچ شـێوەیەک لەگـەڵ تێکشـکێنەری گای زینـدوو و ژنـی ڕیشـداری سـێرکە یۆنانییـەکان یەکـی نەدەگرتـەوە، بەڵکـوو ئـەو ژنـە مامۆسـتای گۆرانـی بـوو لـە قوتابخانەیەکـی منداڵانـدا. ئـەو دەمـەی فێـری ئـەو شـێوازە جوانـە ببـوو، دایکێکـی بەڕێـز و خانومـان بـوو، لـە شـێواز و ڕێبازێـک دەگـەڕا بـۆ ئـەوەی منداڵەکانـی فێـر بـکات بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک نـان بخـۆن، نـەک بەڕووکەشـانە ئیشـتیا بکەنـەوە، بەڵکـوو بـە ئاسـوودەیییەکی ڕۆحیـی تـەواوەوە. بـە کـردەوەش تیۆرییەکـەی دەسـەلماند، ئـەم پرەنسـیپە، پرەنسـیپی یەکێـک بـوو لەگـەڵ ڕۆحـی خۆیـدا ئاسـوودە بـێ، دەتوانـێ بـە کەیفـی خـۆی نـان بخـوات تـا ئـەو کاتـەی ماندووبـوون پەکـی دەخـات. کاتێکیش بڕیاری دا بچـێ لەگـەڵ ئـەو پیاوە کێبەرکـێ بـکات، لـە تـەواوی وڵات ناوبانگـی دەر کردبـوو، هۆکارێکـی ئەخلاقیـی لەپشـتەوە بـوو، نـەک وەرزش. هـەر کـە چـاوی بـە ئاورێلیانـۆی دووەم کـەوت، لـەوە تێگەیشـت کـە کارەکتـەر و سروشتی ئـەو پیاو دەبنـە هۆکاری دۆڕاندنەکـەی، نـەک سکی.

سەرەتای شەوی یەکەم، لە کاتێکدا فیلە مێیەکە بەوڕەوە پەرەی بە نانخواردنەکەی دەدا، ئاورێلیانۆی دووەم لەبەر پێکەنین و قسە ماندوو ببوو. چوار سەعات خەوتن. دوای ئەوەی لە خەو هەڵسان، هەریەکە پەنجا پرتەقاڵیان بۆ کردبوون بە شەربەت و خواردیانەوە، هەشت لیتر قاوە و سی هێلکەی کوڵاویان خوارد. بۆ سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووەم، دوای ئێشکێکی زۆر و دوای ئەوەی دوو بەرازی تەوایان لووش دابوو، هێشووە مۆزێک و چوار سنوق شامپانیاشان خواردەوە؛ فیلە مێیەکە گومانی لەلا دروست بوو، کە ئاورێلیانۆی دووەم، ڕێباز و مێتۆدەکەی ئەوی پێزانیبێ، ئەویش لە ڕێگەی نالێپرسراوییەتێکی تەواوەوە بوو. هەستی کرد نەیارەکەی خۆراگرتر خۆی دەر دەخات وەک لەوەی بیری لێ کردبووەوە. بەڵام کاتێک پێترا کۆتێس دوو قەلەموونی سوورەوەکراوی هێنایە سەر مێزەکە، تەنها دوو پەنجەی مابوو تێر ببێ. فیلە مێیەکە پێی گوت، "ئەگەر توانای زیاترت نەماوە، دەست لە خواردن هەڵبگرە. بەرامبەر بە یەک دەبین."

ئەم پێشنیارەی بەنیازپاکییەوە کرد، چونکە دەیزانی ئەگەر حەریفەکە بە دەستی ئەو بمرێ، ئەوە تا ماوە ناتوانێ پاروویەکی دیکە بخاتە دەمیەوە. کەچی ئاورێلیانۆی دووەم، ئەم پێشنیارەی بەهەڵە لێک دایەوە و بە تەحەددایەکی نوێی لەقەڵەم دا و زۆر لەسەرووی توانای خۆیەوە، دەستی کرد بە هەڵلووشینی قەلەموونەکە. ئاورێلیانۆی دووەم سەری بەر بووەوە ناو قاپەکە، لە ئێسک زیاتر، هیچی دیکەی تیا نەمابوو،

دەتگوت سەگە، کەف لە زاریەوە دەر دەچوو، گیانەڵڵای بوو وەخت بوو بخنکێ. لەنێو تاریکییەکی ئەنگوستەچاودا، هەستی دەکرد لەسەر بورجێک بەر دەبێتەوە نێو هەڵدێرێکی بێبن و لە دواپریشکی ڕوونبینیدا، هەستی کرد لە کۆتایی ئەم کەوتنەخوارەوەیەدا، مەرگ چاوەڕێیەتی. هێشتا هەندە هێزی وەبەرەوە مابوو و گوتی، "بمبەنە ماڵی فێرناندا."

ئەو برادەرانەی بردیانەوە ماڵ، بڕوایان بەو بەڵێنەی کرد، کە بە ژنەکەی گوتبوو لەسەر جێگەی دەسگیرانەکەی نابێ بمرێ. پێترا کۆتێس چەکمەکانی جوان بۆیاغ کرد و ئارەزووی دەکرد بەو جووتە پێڵاوەوە بخرێتە تابووتەوە؛ لە کەسێکیش دەگەڕا تاکوو بۆی بیات، تا لەپڕێکدا هەواڵی ئەوەیان بە گوێدا چرپاند، کە ئاورێلیانۆی دووەم لە مەترسیی مردن ڕزگاری بووە. هەر واش دەر چوو، هەفتەیەکی پێ نەچوو چاک بووەوە و دوای پانزە ڕۆژیش، ئاهەنگێکی بۆ شکۆمەندی و چاکبوونەوەی خۆی ساز کرد. درێژەی بە ئەوە دا، کە ماڵی پێترا کۆتێس بمێنێتەوە، بەڵام هەموو ڕۆژێکیش سەری لە فێرناندا دەدا و هەندێ جاریش بۆ نانخواردنی نیوەڕوانیش لەلای دەمایەوە، وەکوو ئەوەی قەدەر و چارەنووسی پێچەوانە کەوتبێتنەوە، ماڵی هاوسەرەکەی وەکوو ماڵی دەسگیرانی لێ هات و ماڵی دەسگیرانیش بوو بە ماڵی هاوسەر.

فێرناندا هەستی بە حەوانەوە کرد. لە خەمی تەنیاییی جودابوونەوەدا، تاقە خۆخافڵاندنی ئەوە بوو، لە کاتی سەرخەوشکاندنی پاشنیوەڕۆیاندا، خۆی بە لێدانی کلاڤسان و نامەنووسین بۆ منداڵەکانیەوە خەریک بکات. لەو نامانەی

هەموو پانزە ڕۆژ جارێک بۆی دەناردن، تاقە یەک دێڕیش ڕاستییان تیا نەبوو. نیگەرانی و خەموخەفەتەکانی لێ دەشاردنەوە. هەموو خەمۆکییەکانی ناو ماڵی بۆ باس نەدەکرَدن، سەرباری ڕووناکییەکانی سەر گوڵی بیگۆنیا، سەرباری قرچەی گەرمای سەعات دووی پاشنیوەڕۆ، سەرباری بای ئاهەنگکە ناوبەناو لە جادەکانەوە هەڵی دەکرد، ڕۆژبەڕۆژ ماڵەکەی بە کۆشکە کۆلۆنیالەکەی دایک و باوکی دەچوو. فێرناندا لەنێو سێ تارماییی زیندوو و تارماییەکی مردووی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیادا دەژیا، بە نێو دەشتی تەنیاییدا گوزەری دەکرد؛ کاتێک فێرناندا کلاڤسانی لێبدایە، هەندێ جار تارماییەکی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا دەهات و لەبەر سێبەری هەیوانەکە دادەنیشت و زۆر بەبێدەنگی گوێی دەگرت. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیش لە سێبەرێک زیاتر، هیچی دیکە نەبوو. لەدوادەرچوونیەوە، کاتێک دەچووە لای سەرهەنگ خێرینیلدۆ مارکێز بۆ ئەوەی شەڕێکی بێئاییندە هەڵبگیرسێنن، زۆر بەکەمی لە تاقیگەی دەر دەچووە دەرەوە، تا لەژێر دارشابەڕووەکە چۆڕێ میز بکات. جگە لە سەرتاشەکە، سێ حەفتە جارێک، کەسی دیکە نەبوو بچێ سەری لێ بدات. ڕۆژی جارێکیش ئورسولا خۆراکی بۆ دەبرد، لەوە زیاتر هیچی دیکەی نەدەخوارد و بە هەمان گەرموگوڕی و جۆشوخرۆشەوە بەردەوام بوو لە دروستکردنی ماسییە چکۆلە زێڕکەفتەکانی. کاتێک بەوەی زانی کە خەڵکی وەک بابەتێکی یادگاریی مێژوویی دەیکڕن، نەک وەکوو خشڵ، چیی دی نەیدەفرۆشتن. بەو

بووکەشووشانەی ڕێمێدیۆس، لە سەردەمی زەماوەندیانەوە، ژوورەکەی پێ ڕازاندبووەوە، ئاگرێکی گەورەی لە حەوشەکە کردەوە و هەمووی سووتاندن. ئورسولایەک، کە هیچ شتێکی لێ عاسی نەدەبوو، درکی بەوە کرد کە کوڕەکەی خەریکی چییە، بەڵام نەیتوانی ڕێگەی لێ بگرێ و پێی گوت، "دڵت لە بەرد دروست کراوە."

ئەویش وەڵامی دایەوە و گوتی، "ئەمە پەیوەندیی بە دڵەوە نییە. وەختە مۆروانە ژوورەکەی بتەنێ."

ئامارانتا بە دوورینی کفنەکەیەوە خەریک بوو. فێرناندا لەوە تێنەدەگەیشت دەبێ بۆچی نامە بۆ مێمێ بنووسێ و تەنانەت دیارییشی بۆ دەنێرێ، کەچی تەنها وشەیەکیشی لەبارەی خۆسێ ئەرکادیۆوە نەدەدرکاند. کاتێک لە ڕێگەی ئورسولاوە ئەم پرسیارەی لێ کرد، ئامارانتا وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، "دەمرن، بەبێ ئەوەی بزانێ بۆچی." ئەم وەڵامە، هەتا مردن بوو بە مەتەڵێک لە دڵ و دەروونیدا و نەیتوانی هەڵی بهێنێ. ئامارانتا، ژنێکی بالابەرز بوو، بە گوڵەگەنمێکی ڕووتاوەی دەکرد، غروووری هەبوو، چەندین کراسی پەڕپەڕەداری یەکلەسەریەکی لەبەر دەکرد، ویقارێکی تایبەتی هەبوو، خۆڕاگر بوو بەرامبەر بە کات و بەرامبەر بە یادەوەرییە ناخۆشەکان، دەتگوت هێمای خاچێکی خۆڵەمێشینی بە ناوچەوانەوەیە. ڕاستیەکەشی، ئامارانتا ئەو خاچەی لەناو دەستیدا هەڵگرتبوو، لەژێر برینپێچە ڕەشەکە، تەنانەت لە کاتی خەوتنیشدا لێی نەدەکردەوە، هەر بە دەستی خۆی دەیشوشت و ئووتووشی دەکرد. بەم چنینەوە ژیان

دەگوزەرا. دەتگوت بە ڕۆژ دەیچنێ و کاتێکیش شەو دادێ، هەڵدەوەشێتەوە، نەک بەهیوای ئەوەی بەسەر تەنیاییدا زاڵ ببێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی درێژەی پێ بدا.

ئەوەی فێرناندای زیاتر نیگەران دەکرد لەو قۆناغەی لەگەڵ مێردەکەی نەدەژیا، ئەوە بوو کە مێمێ کاتێک بۆ پشوو دەگەڕایەوە ماڵ، چاوی بە ئاورێلیانۆی دووەم نەدەکەوت. لەجیاتی دڵەراوکێ، هەستی بە سیخناخی دەکرد. کاتێک مێمێ گەڕایەوە، دایک و باوکی لەسەر ئەوە ڕێکەوتبوون، کە ئەوە نیشان بدەن، کە نەک تەنها ئاورێلیانۆی دووەم مێردی دایکیەتی و پیاوی ماڵە، بەڵکوو هەموو ڕێگەچارەیەکی گرتە بەر بۆ ئەوەی غەمگینیی ماڵەکەی بۆ دەر نەکەوێ. هەموو ساڵێک، بۆ ماوەی دوو مانگ، ئاورێلیانۆی دووەم ڕۆڵی مێردێکی نموونەیی دەبینی، ئاهەنگی بچووکی لە ماڵەوە ساز دەکرد، دۆندرمە دەخورا، کێک و بسکیت دابەش دەکرا، کچە مەکتەبلییەکەی تەواو دڵخۆش دەکرد، بە شەوق و کەیفخۆشییەوە دەستی بە لێدانی کلاڤسانەکەی دەکردەوە. ئەوەشیان لەلا ڕوون ببووەوە، کە کارەکتەر و تەبعی دایکی زۆر بەکەمیی لە مێمێدا ڕەنگی دابووەوە. بەڵکوو دەتگوت نوسخەی دووەمی ئامارانتایە، مەبەست لەو کاتانەیە، کە هێشتا پەژارە و خەموخەفەت ژیانی هەندە تاڵ نەکردبوو، ئەو دەمەی تەمەنی دوانزە-سیانزە ساڵانێک دەبوو، دڵخۆشانە بەناو ماڵەکەدا بەهەڵبەزودابەز دەهات و دەچوو، پشێویی لە ماڵەکەدا دەنایەوە، پێش ئەوەی بەنهێنی شەیدای پیەترا کرێسپی ببێ کە تەواوێک ڕەوڕەوەی ژیانی

ئاراستەیەکی دیکەی وەر گرت. بەلام بە پێچەوانەوە، مێمێ جیا بوو لە ئامارانتا، جیا بوو لە هەموویان، پێنەدەچوو هێشتا تووشی گۆشەگیریی بنەماڵەکە بووبێ، بە کەسێک دەچوو، لەگەڵ جیهاندا تەبا بێ، تەنانەت دەوروبەری سەعات دووی پاشنیوەڕۆ دەچووە هۆڵەکە و بە دیسیپلینێکی زۆرەوە، خۆی لەسەرکلاڤسانەکە ڕادەهێنا. پێدەچوو لەو ماڵە دڵخۆش بێ، بەدرێژاییی ساڵەکەش، خەونی بە هەراوهوریای دڵخۆشیی کچە هەرزەکارانەوە دەبینێ کاتێک دەگەیشتەوە ماڵ، زۆریش دوور نەبوو لە زەوقی باوکی سەبارەت بە ئاهەنگ و میوانداری و داوەتی زۆروزەبەن. نیشانەی یەکەمی ئەم میراتە شوومە، لە پشووی ساڵی سێیەمدا دەرکەوت، ئەو ڕۆژەی مێمێ، هەر بە حەز و ئارەزووی خۆی، بەبێ ئەوەی ماڵەوە ئاگادار بکاتەوە، لەگەڵ چوار ڕاهیبە و شەستوهەشت قوتابی پۆلەکەی هاتەوە ماڵ، هێنابوویانی بۆ ئەوەی هەفتەیەکی ڕەبەق لەگەڵ خێزانەکەی بەسەر بەرن. فێرناندا نووزەیەکی لێ هەڵسا و پێی گوت، "چ کارەساتێکە! ئەم منداڵە کتومت وەک باوکی کێوییە!"

دەبووایە تەخت و جۆلانە لە ماڵی هاوسێیەکان بهێنن، نۆبەیان ڕێک خست بۆ ئەوەی خۆراک بۆ میوانەکان ئامادە بکەن، ئانوساتی دیاریکراویان بۆ چوونەسەرئاو دیاری کرد، چل کورسیی بچووکیان بەقەرز هێنا، بۆ ئەوەی کیژۆڵەکان بە جلوبەرگی قوتابخانەوە و چەکمەی پیاوانەوە، لەناو ماڵەکە بڵاو نەبنەوە. ئەم داوەتکارییە بوو بە سەرئێشەیەکی تەواو، چونکە کاتێک بە ژاوەژاوەوە قاوەڵتیان دەکرد، دەبوو خێرا

دەست بە نانخواردنی نیوەڕوان بکرایە، بۆ شێوی ئێوارانیش، هەر بەو جۆرە بوو، بە ئەندازەیەک، لە ماوەی ئەو هەفتەیەدا تەنها یەک جار توانییان بچنە پیاسە، چووبوون بۆ پیاسەی کارگەی مۆزەکە. هەر کە شەو داهات، ڕاهیبەکان شەکەت ببوون، توانای جوولانەوەیان نەمابوو، هێزی ئەوەیان نەبوو فەرمانی دیکە دەر بکەن، کەچی مێگەلە هەرزەکارەکان لەناو حەوشەکە سروودی قوتابخانەی بێ تام و چێژیان دەوتەوە. ڕۆژێکیان، وەخت بوو ئورسولا بپلیشێننەوە، ئورسولا دەچووە ئەو شوێنانەی هەستی دەکرد بەکەڵکی شتێک دێ، کەچی ئەو هەرزەکارانە، ئا لەو شوێنانە زۆرترین ناڕەحەتییان دەنایەوە. ڕۆژێکی دیکەش، ڕاهیبەکان بۆڵەبۆڵیان دەکرد، چونکە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە کیژۆڵەکان، چووبووە ژێر دارشابەڕووەکە مێز بکات. هەندەی نەمابوو ئامارانتا بەزمێک بقەومێنێ کاتێک یەکێک لە ڕاهیبەکان، لە مەتبەخەکە ویستبووی خوێ بکاتە ناو شۆرباکەوە، هیچی بۆ نەهاتبوو، ئەوە نەبێ بە ئامارانتای گوتبوو، شتێک هەیە وەکوو پۆدرە سپییە، بە چنگ تێی دەکەن، ناوی چییە.

ئەویش ڕێک و ڕاست وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، "ئارسێنیکە!"

ئەو ئێوارەیەی قوتابییەکان گەیشتن، پێش ئەوەی بچنە ناو جێگەوە، دەبوو بچنە سەرئاو، جەنجاڵییەکی وایان نایەوە، دواقوتابی سەعات یەکی شەو ئاودەستی بەر دەکەوت. ئیدی فێرناندا دەبوو شەستودوو لەگەنی مێزکردنی بۆ ژوورەکان

پەیدا بکات، بەڵام تەنها ئەوەی لەدەست هات، کە گرفتی شەو بۆ ڕۆژ بگوازێتەوە، چونکە هەر بەرەبەیان، کچەکان ڕیزیان دەگرت بۆ ئەوەی لەگەنی میزەکانیان بەتاڵ بکەن. جگە لەوەی هەندێکیان تووشی تا بوون، پێشوولەش هەندێکیانی هەرەسان کردبوو، کەچی زۆربەیان بەرامبەر بە گرفت و تەنگوچەڵەمەکان ئازا و خۆگرییەکی بێوێنەیان نیشان دا، تەنانەت بەو قرچەی گەرمایە، بەنێو باخچەکەدا فرکەفرکیان بوو. کە گەڕانەوە، گوڵی باخچەکان هەموو ژاکابوون، دۆلاب و مۆبیلەکان شکاو و لێکترازاو، نیگار و نووسراوی تیکەڵوپێکەڵی زۆریش لەسەر دیوارەکان دیار بوون، بەڵام دوای ڕۆیشتنیان، فێرناندا فێنکاییەک بە دڵیدا هات، لەو هەموو وێرانکارییانە لێیان خۆش بوو. تەختی خەوتن و کورسییە بچووکەکانی هاوسێیانی گەڕاندەوە، شەستودوو لەگەنەکەی گل دایەوە و لە ژوورەکەی مێلکیادیش هەڵی گرتن. لە ژووره داخراوەکە، ئەو ژوورەی جاران ڕۆحی ماڵەکەی بەدەوردا دەخولایەوە، ئیدی لەو ڕۆژە بەدواوە، پێیان دەگوت ژووری لەگەنەکان. بۆ ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، ئەم ناولێنانە پڕ بە پێستی خۆی بوو، چونکە تا ئەو دەمەش، هەموو ئەندامانی خێزانەکە سەریان لەوە سووڕ مابوو، کە چۆن ژوورەکەی مێلکیادێس لە تەپوتۆز و غوبار و وێرانبوون پارێزراو بوو، کەچی ئەو دەیگوت، زبڵخانەیەکی ڕاستەقینە ئەوێیە. هەرچی چۆنێک بێ، سەرهەنگ گوێی لێ نەبوو کێ لەسەر هەقە و کێ لەسەر هەق نییە، بەڵکوو هەر بەڕێکەوت چارەنووسی ئەو ژوورەی بۆ یەکتاڵا بووەوە، چونکە فێرناند،

پاشنیوەڕوانێک هەرەسانی لێ هەڵگرتبوو، هەندە بێت و بچێ بۆ ئەوەی شوێن بۆ لەگەنەکان بدۆزێتەوە.

هەر لەو سەردەمەش، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، دووبارە گەڕایەوە ماڵ. بەبێ ئەوەی سلاو لە کەسێک بکات، ڕێک و ڕاست بەرەو هەیوانەکە دەڕۆیی و دەچووە تاقیگەکە و دەرگای لە خۆی داخست و لەگەڵ ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەستی بە وتووێژ دەکرد. سەرباری ئەوەی ئورسولا نەیبینی، بەڵام لە ڕێگەی ترپەترپی پاژنەکانی ناسییەوە و سەری لەوە سووڕ ما، چ خەرەندێک لەنێوان ئەو و ئەندامانی خێزانەکەدا پەیدا بووە، تەنانەت لەگەڵ برا جمکانەکەشی هیچ شتێک کۆی نەدەکردنەوە، کەچی کاتێک منداڵ بوون، پێکەوە یاریی سەرسووڕهێنەری فێڵاوییان پێکەوە دادەهێنا، بۆ ئەوەی لە یەکتر جودایان نەکەنەوە. درێژکۆڵە و سیمایەکی فەرمییانەی هەبوو، ڕاماو دیار بوو، غەمبارییەکی عەرەبانەش لە سیمایدا دەخوێندرایەوە، تیشکێکی پرسەئامێزیش، سەروسیمای بە ڕەنگی پاییزانە دەتەنییەوە. ئەو لە هەموویان زیاتر بە سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادی دایکی دەچوو. ئورسولا کاتێک باسی خێزانەکەی بکردبا، گلەییی لە خۆی دەکرد، کە خەریکە مەیلی بۆی نامێنێ، بەڵام کاتێک دووبارە لە ماڵ دەیبینییەوە و سەرنجی دەدا چۆن سەرهەنگ دەیباتە تاقیگەکەیەوە و بە سەعات پێکەوە ئیش دەکەن، جاریکی دیکە ئورسولا بە یادەوەرییەکانی خۆیدا دەچووەوە و بەوردی دەیپشکنی تا گەیشتە ئەو بڕاویەی لە سەردەمی منداڵییاندا، لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، ئەم دووانەیان لێ

تیک چووە، چونکە دەبوو ئەمیان ناوی ئاوریلیانۆ بێت، نەک ئەوی تریان. کەس هیچی لەبارەی وردەکارییەکانی ژیانییەوە نەدەزانی. ئەوەیان دەزانی، کەماڵێکی جێگیری نییە و لەگەڵ پیلار تێرنێرا خەریکی بەخێوکردنی کەڵەشێری شەڕە، هەندێ جاری هەر لە ماڵی ئەویش دەخەوت، بەڵام لە ڕاستیدا، زۆربەی هەرە زۆری شەوان لە باخەڵی خانمە فەرەنسییەکاندا بوو. تووشی گومڕابوون هاتبوو، بێمهرەبانی، بەبێ تەماح، بە ئەستێرەیەکی ڕاکشاوی دەکرد لە سیستەمی هەسارەکانی ئورسولا دەر چوو بێ.

ڕاستییەکەشی، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم یەکێک نەبوو لە ئەندامی خێزانەکە، تەنانەت سەر بە هیچ خێزانێکی دیکەش نەبوو، ئا لەو سەرلەبەیانییەوە، کاتێک خێرینێلدۆ مارگێزی سەرهەنگ لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئوردوگا، نەک دیمەنی ئیعدامکردنەکە بوو، بەڵکوو تا لە ژیاندا ما، وێنەی ئەو دیمەنەی لەیاد نەچوو، لەناو مێشکیدا چەسپ ببوو، وێنەی زەردەخەنەیەکی غەمگین بوو، کەمێک گاڵتەجاڕانە، هی ئەو کەسەی ئیعدام کرا. نەک تەنها تاقە یادەوەریی کۆنی ئەو بوو، بەڵام تاقە یادەوەریی منداڵانە لەبیری مابێ، ئەو دیمەنە بوو. یادەوەرییەکی دیکەش، وێنەی ئەو پیرەمێردە بوو، کە یەلەگی سەردەمێکی دیکەی لەبەردا بوو، شەپقەیەکیشی لەسەردا بوو، هەر بە باڵی قەلەڕەشکەی دەکرد، لەبەر ڕووناکییەک، کە چاوی سپی دەکرد، بەرامبەر بە پەنجەرەیەک دانیشتبوو، حەکایەتی سەیروسەمەرەی دەگێڕایەوە، بەڵام نەیدەزانی هی چ سەردەمێک بوو. ئەمەیان یادەوەرییەکی

جێگیر نەبوو، لە هەموو سۆز و واتایەک داماڵرابوو، زۆر بە پێچەوانەی دیمەنی ئیعدامکردنەکە، کە ڕۆڵێکی تەواوی لە ئاراستەکردنی ژیانیدا گێڕا، تا دەهاتیش، لە بەرچاوی ڕوونتر دەبوو، تا بە ساڵیشدا دەچوو، دەتگوت ڕەوڕەوەی کات، ئەو دیمەنە نزیکتر دەکاتەوە. ئورسولا ویستی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بەکار بهێنێ بۆ ئەوەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لەو تەنیایە ڕزگار بکات و پێی گوت، "ڕازیی بکە بۆ ئەوەی بچێتە سینەما. دەزانم حەز لە بینینی فیلمیش ناکات، بەلام هەواگۆڕینێکە." کەچی هەندەی نەبرد، ئورسولا ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم وەکوو ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ گوێ بۆ ڕجاوتکاکانی شل ناکات، هەردووکیان لە یەک مەعدەنن، بەدەرن لە سۆز و خۆشەویستی. نە ئورسولا، نە ئەوانی دی، نەیاندەزانی، تەنانەت هەرگیزیش نەیانتوانی پەی بە ئەوە بەرن و بزانن ئەم دووانە پێکەوە، بەو ڕۆژگارە، لە تاقیگەکە باسی چی دەکەن، ئەوەشی بە خەیاڵدا هات، لەنێو هەموو ئەندامانی خێزاندا، تەنها ئەم دووانە موو بەبەینیانەوە ناچێت.

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمیش، لە ڕاستیدا نەیتوانی سەرهەنگ لەو تەنیاییە وەدەر بنێ. لەگەڵ شالاوهێنانی کیژۆڵە قوتابییەکان، حەوسەڵە و هەراسانی لێ بڕا. بە بیانووی ئەوەی کە مۆروانە ژووری خەوەکەی بەتەواوی تەنیوە، سەرباری سووتاندنی هەموو بووکەڵەکانی ڕێمێدیۆس، جۆلانەیەکی بردبووە تاقیگەکە و لەوێ هەڵی واسیبوو، هەر لەوێش دەخەوت، تەنها بۆ ئاودەست دەچووە باخچەکە.

تەنانەت ئورسولا نەیدەتوانی بە شێوەیەکی ئاساییش قسەی لەگەڵ بکات. ئەوەشی دەزانی کە سەرهەنگ، تەنانەت بە تیلەی چاویش سەیری ئەو شۆربایەی نەدەکرد، کە بۆی دادەنا، ئەویش لە سووچێکی مێزەکە دای دەنا، تا لە دروستکردنی ماسییە چکۆلەکەی دەبووەوە، گوێی لێ نەبوو شۆرباکەی دەمەیێ، یا گۆشتەکەی سارد دەبێتەوە. لەو ڕۆژەوەی سەرهەنگ خێرینێلدۆ مارکیز ئامادە نەبوو یارمەتیی بدات تا پێکەوە شەڕێکی خلەفاوانە هەڵبگیرسێنن، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ توندتر و بێخوڵقتر دەهاتە پێشچاو. قفڵێکی لە خۆی دابوو، ئەندامانی خێزانەکەش ئیدی بە مردوویان لەقەڵەم دەدا. چیی دی، تا یانزەی ئۆکتۆبەر، هیچ کردەوەیەکی مرۆڤانەیان لێ نەبینی، ئەو ڕۆژەی تا بەردەرگاکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی سەیری تێپەڕینی سێرک بکات. ئەو ڕۆژە بۆ ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، بەو هەموو ڕۆژانەی دەکرد، کە لە کۆتاییی ژیانیدا تێدەپەڕین. سەعات پێنجی بەیانی، لەودیو دیوارەکەوە، بە دەنگ و قیڕەی بۆق و زیڕەی زیکزیکە لە خەو هەڵسا بوو. نەرمەبارانێکیش، لە ڕۆژی شەممەوە، بەبێ ئەوەی لێی بکاتەوە، دەباری؛ بۆ ئەوەی بەمەش بزانێ، پێویستیی بە ئەوە نەبوو گوێی لە کەوتنی ئەو نەرمەبارانە ببێ، کە چۆن دەکەوتە سەر گەڵای درەختان: لە هەموو بارێکدا، هەستی بە سەرمایەک کرد، کە ڕۆ دەچووە نێو ئێسقانەکانیەوە. وەک هەمیشە خۆی لەنێو بەتانییە خوورییەکی پێچابوو، هەر بۆ ئیسراحەتی خۆشی، دەرپێیەکی کەتانی درێژی لەپێ هەڵکێشابوو، هەند کۆن و

تۆزاوی بوو، ناوی لێ نابوو "دەرپێیە پارێزگارەکە." پانتۆڵێکی تەنگی لەبەر دەکرد، بەبێ ئەوەی زنجیرەکەشی دابخا، دوگمە زێڕینەکەشی نەکردبووە کونی یەخەی کراسەکەی، وەک عادەت، چونکە نیازی بوو بچێت حەمامێک بکات. دواجار، وەک کلێتەیەک، سەری بە بەتانییەک داپۆشی و دەستێکی هێنا بە سمێڵە شۆڕبووەوەکانیدا و چوو بۆ باخچەکە میزێک بکات. هێشتا زۆری مابوو خۆر هەڵبێ، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا، هەمیشە لەژێر لقە دارخورما ڕزیوەکاندا دەخەوت، کە باران ڕزاندبوونی. هەرگیز نەیدەبینی، ئەم جارەش هەر نەیبینی، گوێی لەو ڕستە بێواتایانەش نەبوو، کە لە تارماییی باوکیەوە دەهات، لەپڕێکدا کاتێک پریشکە میزی هەڵماوی بەر کەوشەکانی کەوتن، هاتەوە ئاگا. حەمامکردنەکەی بۆ کاتێکی دیکە دواخست، نەک لەبەر سەرما و شێ، بەڵکوو لەبەر تەمومژی مانگی ئۆکتۆبەر، چونکە غەمباری دەکرد. لەکاتی گەڕنەوەی بۆ تاقیگەکە، بۆنی فتیلەی سووتاوی کرد کە سانتا سۆفیا دێ پیەداد دای گیرساندبوو، چووە مەتبەغەکە و چاوەڕێی کرد تا قاوەکەی بکوڵێ و تاسە قاوەیەکی بێشەکر لەگەڵ خۆی بباتە تاقیگەکە. وەکوو هەموو سەرلەبەیانییەکیش، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد لێی دەپرسی، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکی حەفتەیە، سەرهەنگیش وەڵامی دایەوە و گوتی، سێشەممەیە، ١١ی مانگی ئۆکتۆبەرە. کاتێک سەرهەنگ چاوی بەو ژنە چەسوورە کەوت، بینیی ئاگری ئاگردانەکە سیمای ئەو ژنەی زێڕین کردووە، لەو ساتەدا، لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی بە بوونی تەواوی ئەو ژنە

کرد، لەپڕێکدا، بیری لە ١١ی مانگی ئۆکتۆبەر کردەوە، لە ناوجەرگەی شەڕدایە، لە خەو ڕاپەڕی، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە ئەو ژنەی لەگەڵیدا خەوتبوو، مردووە. ڕاست دەر چوو، هەرگیز ئەو ڕۆژەی لەبیر ناچێ، چونکە ئەویش سەعاتێک پێشتر پێی گوتبوو، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکی هەفتەیە. سەرباری ئەم خستنەوەیادە، بیری لەوە نەکردەوە تا چ ڕادەیەک بەهرەی پێشبینیکردنی لەدەست داوە، لە کاتێکدا قاوەکە قوڵتی دەدا، هەر فزوولیانە درێژەی بە وردبوونەوەکانی دا، بەبێ هیچ سۆز و نوستالژییەک بیری لەو ژنە دەکردەوە، تەنانەت نەیدەزانی ناویشی چییە، دەموچاویشی نەبینی، چونکە ژنەکە لەناو تاریکییەوە چووبووە ناو جۆلانەکەیەوە. کەچی لەنێو ئەو ڕچە بەتاڵەی چەندین ژنی پێدا تێپەڕیبوو و بە هەمان شێوە خۆیان خزاندبووە ژیانی سەرهەنگەوە، ئەوەی لەبیر چووبووەوە، کە ئەو ژنە بوو، لە پێککەیشتنی یەکەمدا، تووشی شەیداییەکی ئەوتۆ بوو، هەر ئەوەندەی نەمابوو لەناو فرمێسکەکانی خۆیدا بخنکێ، تەنیا سەعاتێکیش پێش ئەوەی بمرێ، سوێندی خواردبوو کە ئامادەیە تا دواچرکەکانی ژیانی خۆشی بوێ. دوای و ئەو ڕووداوە، چیی دی بیری لەو ژنە نەکردبووەوە، نە لەو، نە لە هیچ ژنێکی دیکە، بە خۆی تاسە قاوەکەیەوە، کە هالاوی لێ هەڵدەستا، گەڕایەوە تاقیگەکەی و چراکەی داگیرساند بۆ ئەوەی ماسییە چکۆلە زێڕینەکانی بژمێرێ، هەمووی خستبووە قووتوویەکەوە. حەڤدە ماسی بوون. لەو ڕۆژەوەی بڕیاری دابوو چیی دی نەیانفرۆشێ، هەر بەردەوامیش بوو،

ڕۆژانـە دوو ماسـیی دروسـت دەکـرد، کاتێکیـش بـوون بـە بیسـتوپێنج ماسی، جارێکی دیکـە دەیخسـتنەوە نـاو کورەکـەوە و دەیتواندنـەوە، بۆ ئـەوەی ماسیی نوێـی دیکـەی لـێ دروسـت بـکات. ئـەو سـەرلەبەیانییە، تـەواو خـۆی بـەو کارەوە خەریـک کردبـوو، بەبـێ ئـەوەی بیـر لـە شـتێکی دیکـە بکاتـەوە، بەبـێ ئەوەی هەستیشـی بەوە کردبێ، کە لـە سـەعات دەوە، بارانێکی خۆش دای کردبـوو و گوێـی لـە دەنگـی ئـەو کەسـەش نەبـوو، کە چووبـووە تاقیگەکەیـەوە و هـاواری کردبـوو، دەرگاکان بـاش دابخـەن، ئەگینـا لافـاو دەمانبـات، تەنانـەت هەسـتی بـە بوونـی خۆشـی نەکردبـوو، تـا ئورسـولا هاتـە ژوورەکەیـەوە و نانـی نیوەڕوانـی بـۆ هێنـا و چراکـەی کوژانـدەوە.

ئورسولای پێی وت، "چ بارانێکە!"

سەرهەنگیش وەڵامی دایەوە و گوتی، "ئۆکتۆبەرە."

ئەم وشـەیەی دەر بڕی، بەبـێ ئـەوەی چـاو لەسـەر ماسـییە بچکۆلەکـەی هەڵبـڕێ، خەریـک بـوو یاقووتـی لـە جێگـەی چاوەکانـی بـۆ دادەنـا. دوای ئـەوەی ماسییەکەی تـەواو کـرد و خستیە قووتوویەکەوە، ئینجا دەسـتی بە خواردنی شۆرباکەی کـرد. پاشـان، لەسـەرخۆ، دەسـتی بـە خواردنـی پشـکە گۆشـتە سـوورەوەکراوەکە کـرد، پیـاز و برنجـی سـپی و چەنـد قاشـێک مـۆزی سـوورەوەکراویان هـەر لەنـاو هەمـان قاپـدا دانابـوو. بـارودۆخ بـاش بووایـە یـا نـا، ئـەو ئیشـتیای هـەر وەکـوو جـاران بـوو. دوای نانخـواردن، هەسـتی بـە نیگەرانییـەک کـرد. بـڕوای بـە خورافاتێکی زانسـتی هەبـوو، هەمیشـە دوو سـەعات دوای نانخـواردن، دوای هەرسـکردن، ئینجـا دەسـتی بـە ئیشـکردن

دەکردەوە، نە دەبوو بخوێنێتەوە، نە دەبوو حەمام بکات، نە دەبوو ئەویندارى بکات، ئەم بڕوایە هەندە ڕۆ چووبووە ناو ناخى، تەنانەت چەند جارێک ئۆپێراسیۆنە سەربازییەکانى دوا دەخست بۆ ئەوەى پیاوەکانى تووشى قەبزى نەبن. چووە ناو جۆلانەکەیەوە تا پاڵ بکەوێ، بە قەڵەمتراشێک خەریک بوو مۆمى نێو گوێچکەناى پاک دەکردەوە، دواى چەند وچانێک، خەوى لێ کەوت. خەونى بینى کە دەچێتە ژوورێکى چۆڵوهۆڵەوە، دیوارەکانى سپى بوون، ئیتیباعى ئەوەى لەلا دروست بوو، ئەو یەکەم مرۆڤە بچێتە ئەوشوێنەوە، ئەم ئیتیباعە نیگەرانى کرد. هەر لە هەمان خەوندا، هەستى دەکرد هەمان خەونى لە شەوى ڕابردوو و لە چەندین شەوى ئەم ساڵانەى دواییدا بینیوە، هەستى بە ئەوەش کرد، هەر کە بەخەبەر دێتەوە، ئیدى وێنەکە لەناو مێشکى دەسڕێتەوە، چونکە بە دووبارەبوونەوەى خەون، ئەو تایبەتمەندییە وەر دەگرێ، کە تەنها لەناو خەونەکاندا، خەونەکانى دیکەمان دێنەوە یاد. لە ڕاستییشدا، دواى چەند ساتێک، کاتێک سەرتاشەکە لە دەرگاى تاقیگەکەى دا، سەرهەنگ ئاوریلیانۆ بوێندیا هەستى کرد بەبێ ویستى خۆى خەوى لێ کەوتبوو، دواى چەند چرکەیەک، کاتى ئەوەى نەبوو خەونى دیکە ببینێ. بە سەرتاشەکەى گوت، "ئەمڕۆ نا. هەینى یەکتر دەبینینەوە."

سێ ڕۆژ بوو ڕیشى نەتاشیبوو، قانەمووى سپى دەبینى بە ڕیشیەوە نووساون، بۆیە واى بە باش زانى، کە پێویست ناکات ڕیشى بتاشێ، چونکە هەینیى ئایندە قژیشى بۆ چاک دەکەن و ئیدى پێکەوە ڕیشیشى بۆ دەتاشن. لە

سەرخەوشکاندنە چاوەڕواننەکراوە ئارەقەی کردبوو و تەڕاییییەکی لینجیش برینەکانی ژێرھەنگڵی دەچووزاندەوە. باران وەستابوو، بەڵام ھێشتا خۆر دەر نەکەوتبووەوە. ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرھەنگ قرقێنەیەکی ھەراشی کرد، تامی ترشیی شۆرباکەی ھێنایەوە سەر زمان، ئەمەی بە فەرمانی ئەندامەکانی لەش لێک دایەوە، بەتانییەکەی ئاڵاندە خۆیەوە و چوو سەرێک لە ئاودەستخانە بدات. زۆر لە ئاودەست مایەوە، زۆرتر لەوەی پێشبینیی کردبوو، لەسەر ئەو لیتە چڕەی لە سنوقی تەختەکە بەرز دەبووەوە، لەسەر چینچک دانیشتبوو تا ئەو دەمەی بە ھەستێکی ڕۆتیناوی، ویستی بگەڕێتەوە سەر کارەکەی. بەدرێژای ئەو ماوەیەی لە ئاودەست مایەوە، جارێکی دیکە ئەوەی ھاتەوە یاد، کە سێشەممەیە و خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم نەھاتووە بۆ تاقیگەکە، چونکە چووبوو بۆ مووچەوەرگرتن لە کارگەی مۆزەکە. ئەم وەیادخستنەوەیە، وەکوو ھەموو یادەوەرییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، بەبێ ئەوەی بیەوێ، بیری دەچووەوە سەر جەنگ. ئەوەشی ھاتەوە یاد، کە خێرینێلدۆ مارکێزی سەرھەنگ بەڵێنی پێ دابوو، دەبوو ئەسپێکی بۆ پەیدا بکات، ئەستێرەیەکی سپی لەسەر ناوچەوانی بێ، بەڵام لەو بارەیەوە ھیچی دیکەی نەبیستەوە. ئیدی بە شێوەیەکی تێکەڵوپێکەڵ، لە ڕووداوێکەوە دەچووە سەر ڕووداوێکی دیکە، بەبێ ئەوەی ھیچ جۆرە ھەڵسەنگاندنێکیان بۆ بکا، تەنھا بەسەر پەردەی یادیدا تێدەپەڕین، چونکە نەیدەتوانی ھزری لەسەر شتێکی دیاریکراو ڕابگرێت، فێری ئەوە ببوو، کە بەبێلایەنانە

بیریان لێ بکاتەوە، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی خراپ بەسەر هەستیەوە دروست نەکەن. دوای ئەوەی گەڕایەوە تاقیگەکەی، هەستی کرد هەوا وشکتر دیارە، ئەوەی بە باش زانی، کە بچێت حەمامێک بکات، بەڵام ئامارانتا، پێش ئەو حەمامەکەی گرتبوو. بۆیە دەستی بە دروستکردنی ماسییەکی دیکەی کردەوە. خەریک بوو کلکی لەحیم دەکرد، خۆر بە هێز و تاوێکی زۆرەوە پەیدا بوو، ڕۆشناییەکەی وەکوو کەشتی شەقی برد. بارانی سێڕۆژە، هەوای خاوێن کردبووەوە و هەواشی پڕ لە مێروولەی باڵدار کردبوو. هەستی کرد ئارەزووی میزکردنی هەیە و ویستیشی دان بە خۆیدا بگرێ، تاکوو ماسییە چکۆلە زێڕکەفتەکە تەواو دەکات. سەعات چوار و دە خولەک، گەڕایەوە بۆ باخچەکە، گوێی لە مۆسیقای مسین بوو، دەنگی دەهۆڵ و هاتوهاواری منداڵانی بەکەیف و دڵخۆش دەهات بە گوێدا، ئەمە یەکەمین جار بوو، لە هەڕەتی لاوییەوە خۆی بۆ داو و تەڵەی نوستالژی شل بکات، ئەو پاشنیوەڕۆیەی هاتەوە یاد، کە لەگەڵ باوکیدا، پێکڕا دەچوون بۆ ئەوەی کێلە سەهۆڵی پێ نیشان بدات. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد مەتبەخەکەی جێ هێشت و بەپەلە خۆی گەیاندە پێش دەرگا و بە دەنگی بەرز گوتی، "سێرک هاتوون!"

ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەجیاتی ئەوەی بچێت بۆ ژێر دارشابەڕووەکە، بەرەو دەرگای حەوشەکە هەنگاوی نا، چووە ناو ئەو حەشاماتەی سەیری تێپەڕبوونی سێرکەکەیان دەکرد. ژنێکی بینی، جلوبەرگی زێڕینی لەبەردا بوو، لەسەر ملی فیلێک دانیشتبوو. وشترێکی خەمۆکی بینی. ورچێکی

بینی جلوبەرگی هۆڵەندیی پیاوانەی لەبەردایە، بە کەوچکێک دەکێشێتە بنە مەنجەڵێک بۆ ئەوەی ڕیتم و کێش بداتە مۆسیقایەکە. چاوی بە موەڕیچ و کلوون کەوت، لە کۆتاییی سێرکەکەوە دەڕۆیشتن و هەڵدەپەڕین. دوای تێپەڕینی سێرکەکە، جارێکی دیکە چاوی بە نمایشی کۆستکەوتووی تەنیایی کەوتەوە، جگە لە بریقەی شەقامەکە، کە پڕ ببوو لە مێروولەی باڵدار، هیچی دیکەی نەدەبینی، وێڕای چەند بزۆزێکیشی لەلێواری هەڵدێری گوماندا بەجێ مابوون. گەڕایەوە ژێر دارشابەڕووەکە، بیری لە سێرکەکە دەکردەوە، ویستی لەگەڵ میزکردندا بیر لە سێرکەکە بکاتەوە، کەچی هەستی کرد هیچی نایەتەوە یاد. وەکوو جووجەڵەیەک سەری بردبووەوە نێو خۆی، نەبزێو، تەوێڵی لە قەد دارشابەڕووەکە گیر کردبوو. بۆ ڕۆژی دوایی، ئینجا ئەندامانی خێزان هەستیان پێی کرد؛ کاتێک سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد ویستی بچێتە ناو باخچەکە بۆ ئەوە تەنەکەی خۆڵوخاشەک بەتاڵ بکات، بینیی لاشەخۆرە لە ئاسمانەوە دێنە خوارەوە.

# ١٤

دواپشـووی میمـێ کەوتـە پرسـەی ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگەوە. دەرگای ماڵیـان داخسـت، چیـی دی ئاهەنـگ نەگێڕدرا. بەچرپەچرپ دەبوو قسـە بکرێ و لەسـەر مێزیش زۆر بەبێدەنگی نـان دەخـورا و دەبـوو لـە ڕۆژێکیشـدا سـێ جـار دووعـا بکرابـا. خۆڕاهێنانی میمـێ لـە سـەر کلاڤسـانەکە، لەنێـو گەرمـای پاشـنیوەڕۆیاندا، ئاوازێکـی غەمگینـی هەبـوو. سـەرباری ئـەوەی فێرنانـدا ڤینێکـی نهێنیـی لـە سـەرهەنگ دەبووەوە، سـەری لـەوە سـووڕ مـا، چۆن حکومـەت پرسـە و ماتەمین بۆ دوژمنی خۆی دەبەستێ، پرسـەیەکی زۆر جیددی و زۆر فەرمییانـەش بـوو. ئاورێلیانـۆی دووەم، بـۆ پشـووی کچەکەی، وەک عادەت گەڕایەوە ماڵ، لەوێ دەخەوت و دەبوو فێرنانداش ڕەفتارێکی وا بنوێنێ، تا شایەن بێ بە شکۆی ژن و مێردایەتی، چونکە ساڵی دواتر، میمـێ خوشکێکی بچووکی بـوو، بـە پێچەوانـەی حـەز و خواسـتی دایکی، ناویـان لـێ نـا ئامارانتـا ئورسـولا.

میمـێ خوێندنـی تـەواو کرد. لـەو ئاهەنگـەی بۆ دەرچوونـی

ڕێک خرابوو، زۆر بلیمەتانە بابەتە میللییەکانی سەدەی حەڤدەهەمی ژەنی و وەک مۆسیقاژەنێکی کلاڤسانیش، دیپلۆمی وەر گرت و لە هەمان کاتیشدا بوو بە کۆتاییهێنانی پرسەش لە ماڵەوە. ئەو بینەرانەی ئاهەنگەکە، جگە لە ئاستی هونەریی میمێ، کەسایەتیی ئەویان زۆر لەلا پەسند بوو. کیژێکی سووکەڵە دەهاتە پێشچاو، تا ئەندازەیەکیش منداڵکارانە بوو، هەرگیز ئەوەی لێ نەدەوەشایەوە، کارێکی جیددی ڕاپەڕێنێ، کەچی کاتێک دەچووە سەر کلاڤسانەکە، دەبوو بە کیژێکی تەواو جیاواز، کامڵبوونێکی چاوەڕواننەکراو و هەیبەتی یەکێکی پێگەیشتووی دەدایێ. هەمیشە بەو شێوەیە بوو. ڕاستییەکشی، میمێ خاوەن هیچ بەهرەیەکی تایبەت نەبوو، کەچی بۆ ئەوەی دڵی دایکی زیز نەکات، بە پەیڕەوکردنی دیسیپلینێکی توندوتۆڵ، باشترین پلەی دەسگیر بوو. ئەگەر دایکی فێری هەرشتێکی دیکە کردبا، هەر هەمان ئەنجامی دەبوو. فێرناندا هەر لە منداڵییەوە میمێی بە شێوەیەکی سەخت گۆش دەدا و بە ئەوەش ڕاهاتبوو، لەجیاتی خەڵکی دیکە بڕیار بدات. میمێش بۆ ئەوەی نەکەوێتە شەڕە دەنووک لەگەڵی، ئامادە بوو هەموو کارێکی سەخت ئەنجام بدات، نەخوازەڵلا کلاڤسانلێدان. ئەو ڕۆژەی ئاهەنگی دەرچوونیان ساز کرد و میمێ چاوی بە دیپلۆمەکەی کەوت، بە هێڵی گۆتیک و بە پیتی گەورە و بریقەدار ڕازاندرابووەوە، ئەو ئینتیباعەی لەلا دروست بوو، کە ئیدی ئەم دیپلۆمە لە هەموو ئیلتیزامێک ڕزگاری دەکات؛ زیاتریش ئەم قبوڵکردنە لەبەر ئاسوودەیی خۆی بوو وەک لە ملکەچکردن. بیری

لـەوەش کردبـووموە، کـە دوای ئـەم دیپلۆمـە، ئیتـر ببڕاییبـڕ، فێرناندا جارێکی دیکە باسی ئەو ئامێرە مۆسیقاییەی لەگەڵ ناکات، تەنانەت خودی ڕاهیبەکانیش ئەم ئامێرەیان بە ئامێرێکی دێرینی مۆزەخانەکان لەقەڵەم دەدا. ساڵانی یەکەم، هەستی کرد لێکدانەوەکانی هەڵەن، چونکە نەک تەنها نیوەی میوانەکانی ساڵۆنەکە وەخت بوو خەویان لێ بکەوێ، بەڵکوو ئەوانەی لە ئاهەنگی ئەو ئێوارانانە کۆ دەبوونەوە، کە بۆ خێر و سەدەقە کۆکردنەوە ساز دەکران، یا لەو ئاهەنگانەی بەیانییان لە قوتابخانەکان دەیانگێڕا، یا بۆ بۆنە نیشتمانییەکان، کە لە مۆکاندۆ ساز دەکران؛ دایکی ورەی بەر نەدەدا و میوانی نوێی داوەت دەکرد و هەستی دەکرد شایانی ئەوەن دان بە بەهرەی کچەکەیدا بنێن. تەنها لەدوای مەرگی ئامارانتاوە، کاتێک خێزانەکە پرسەیان گرت و مێمێ دەرگای کلاڤسانەکەی کلیل دا و کلیلەکەشی لە یەکێک لە دۆلابەکاندا گوم کرد؛ فێرنانداش ئەو زەحمەتیەی بە خۆی نەدا، تا بزانێ لە چ کاتێکدا ون بووە و کێ ونی کردووە. مێمێ وەک چۆن ڕاهێنانەکانی سەردەمی قوتابخانەی قبوڵ دەکرد، هەر ئەواش زۆر بوێرانە و خۆڕاگرانە ئەو ڕۆڵەی قبوڵ کرد. ئەمە بوو نرخی ئازادی. فێرناندا لە نەرمونیانی و سالاریی کچەکەی هەند ڕازی بوو، زۆر شانازییشی بەو هەموو چەپڵەڕێزانەوە دەکرد، کە هونەرەکەی دروستی دەکردن، هەرگیز ڕێگریی نەدەکرد، کە دەستەخوشکەکانی بێنە ماڵەوە و پاشنیوەڕۆیەکیش پێکەوە بچنە کێڵگەی مۆزەکە، یا لەگەڵ ئاوریلیانۆی دووەم یا لەگەڵ ئەو خانمانەی جێی باوەڕی ئەو

بوون، بچن بۆ سینەما، بە مەرجێ، فلیمەکە لەلایەن ئەنتوان ئیسابێلی کەشیشەوە ڕێپێدراو بێ. لەو کاتە هێمنانە بوو، کە بەهرەی مێمێ شکڵ و شێوەی وەر گرت. بەختەوەریی ئەو تەواو پێچەوانەوەی دیسیپلین بوو، لە جەژن و ئاهەنگە پڕ لە ژاوەژاوەکاندا، قسەوباسی دڵدارانە و بەنهێنی کۆبوونەوە، لەگەڵ کچە هاوڕێیەکانی و خۆ فێرە جگەرەکێشان کردن و باسی پیاوان کردن؛ تا ڕۆژێک لە سنووری خۆیان لایان دا و سێ شووشە ڕومی قامیشی شەکریان خواردبووەوە و لەنێوان خۆیان لەش و ئەندامی لەشیان بە یەکتر پیشان دابوو و بەراوردیان کردبوو. مێمێ هەرگیز ئەو ئێوارەیەی لەبیر نەدەچوو، کە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ، نوقڵێکی لاستیکییانەی نەعنای دەجاوی و بەبێ ئەوەی کەس هەست بە شڵەژانی باری دەروونیی کردبێ، لەسەرمێزەکە دانیشت، فێرناندا و ئامارانتاش بەبێدەنگیی شێوی ئێوارەیان دەخوارد. بۆ ماوەی دوو سەعات لە ژووری یەکێک لە کچە دۆستەکانی دەبێ، دوو سەعاتی سەختی بەسەر بردبوو، لەبەر پێکەنین و ترس فرمێسک بە چاوانیدا هاتبووە خوارێ، دوای ئەو تەنگژە دەروونییە، هەستی بە ورە و ئازایەتییەکی کەموێنە کردبوو، ئەو ئازایەتییەی جاران پێویستی پێی بوو بۆ ئەوەی لە بەشی ناوخۆ هەڵبێ و بە ڕستەیەکی وەک، "وا چاکترە ئەو کلاقسانە ببڕیتە خۆت" یا لە ڕستەیەکی لەو بابەتە و بگرە توندریش ئاڕاستەی دایکی بکا. لە سەری سەرەوەی مێزەکە دانیشتبوو، شۆربای مریشکی دەخوارد، وەکوو بڵێی ئەلەکسیری بووژانەوە دەڕژێتە ناو

هەناوی، میمێ سەیرێکی فێرناندا و ئامارانتای کرد، جۆرە خەرمانەیەکی تاوانبارانەی بینی لەدەوری سەریان. زۆری لە خۆی کرد، تا هەرچیی عەنعەناتێک هەیە، هەرچیی هەژاریی مێشک و هەرچیی غروروری خۆبەزلزانین هەیە، نەیرژێنێ بەسەریاندا. هەر لە پشووی دووەمی قوتابخانەوە دەیزانی باوکی لە ماڵ ناژێ و تەنها لەپێناو ئابڕوونەچوون دێتەوە ماڵ. وەک چۆن فێرناندا ئەوەی دەناسی، ئەویش زۆر باش فێرناندا دەناسی، دواتریش دەرفەتێکی ڕەخساند تا پێترا کۆتێس بناسێ، دوای بینی ئەو ژنە، هەقی دەدایە باوکی. تەنانەت خۆزگەشی دەخواست کچی دەسگیرانەکەی باوکی بووایە نەک کچی فێرناندا. میمێ لەژێر کاریگەریی ئەلکهول حەزی لە بێحەیایی دەکرد، هەرچییەک بە مێشکیدا گوزەری بکردبایە، حەزی دەکرد بە دەنگی بەرز بشیرێنی بەسەریانا، ئەم عەجوولییە ڕازیبوونێکی هەندەی پێ بەخشی، فێرناندا هەستی پێ کرد و پێی گوت، "ئەوە چیتە؟"

میمێش لە وەڵامدا گوتی، "هیچ نییە. خەمی ئەوە دەخۆم، کە تا ئێستا نەمدەزانی ئەوەندەم خۆش دەوێن."

لە دوو توێی ئەم ڕستەیەدا، قینێکی پەنگخواردوو خۆی شاردبووەوە، ئامارانتای تەزاند. فێرناندashی هەند تێک دا، هەستی کرد شێت بووە. کاتێکیش نیوەی شەو میمێ لەبەر ژانەسەر لە خەودا ڕاپەڕی، هەندەی نەمابوو سەری شەق بەرێ، زاخاوێکی هەڵهێنایەوە، هەر هەندەی نەمابوو بیتاسێنێ. فێرنانداش شووشەیەک ڕۆنی کاستۆری پێ دا و مەڵحەمێکی ساوییە سکیەوە، کیسەیەک سەهۆڵیشی

لەسەر سەری دانا. پزیشکە فەرەنسییەکەش بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ پارێزی بۆ بڕییەوە و دەبوو کەس نەیبینێ، بۆ ماوەی دوو ساعاتیش پشکنینی بۆ کرد و گەیشتە چەند ئەنجامێکی لێڵ، گوتی کچەکەیان تووشی چەند نەخۆشییەکی ژنانە بووە. مێمێ بە شێوەیەکی سەخت ورەی ڕووخابوو، هیچی لە بەردەمدا نەمابووە، ئەوە نەبێ، دەبوو بەئارامی بەرەوڕووی ئەم نەخۆشییە ببێتەوە. ئورسولاش بەتەواوی نابینا ببوو، کەچی هەر چوستوچالاک و ڕوونبین بوو، تاقە کەسێک بوو نیشانەی ئەو نەخۆشییەی یەکتاڵا کردەوە و بە خۆی دەگوت، "هەبێ و نەبێ، ئەم نەخۆشییە لە ڕێگەی خواردنەوە ئەلکهولییەکانەوە پەیدا بووە." کەچی زۆریشی لە خۆی دەکرد تا ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی بکات، تەنانەت گلەییشی دەکرد، کە چ هەرزانە بیر دەکاتەوە. کاتێک ئاورێلیانۆی دووەم مێمێی لەو بارودۆخەدا بینی، هەستی بە گوناه دەکرد، بەڵێنی دا ئیدی بەتەنگییەوە بچێ و ئاگاداری بێ. لەو ساتە بەدواوە، پەیوەندییەکی ڕەها و ڕوون و دلۆڤانانە لەنێوان کچ و باوکدا دروست بوو، بە شێوەیەکی کاتی، باوکی لەو هەموو ئاهەنگ و تەنیاییە تاڵانەی دوور کەوتەوە، بەبێ ئەوەی لەناو خێزانەکەشدا قەیران دروست ببێ، وەک چۆن پێشبینی دەکرا، کچەکەی لەژێر چاودێریی فێرناندا ڕزگار کرد. ئاورێلیانۆی دووەم، هەموو کارەکانی بۆ کاتێکی تر دوا خست، تا لەگەڵ مێمێ بەیەکەوە بن، پێکەوە دەچوونە سینەما، سەریان لە سێرک دەدا، کاتێکی زۆریشی بۆ خۆشی و ڕابواردنی مێمێ تەرخان کرد. لەم دواییەدا،

قەڵەویی ئاورێلیانۆی دووەمی بەتەواوی هەراسان کردبوو، تەنانەت نەیدەتوانی قەیتانی پێڵاوەکانی خۆشی ببەستێتەوە، هەروەها نەوسنییەکی بێپرادەش سروشت و کارەکتەرێکی تاڵ و دڕدۆنگانەی پێ بەخشیبوو. بە ناسینی کچەکەی، باوکی هاتەوە سەر دۆخی جارانی، بەکەیف دیار بوو، ئارەزووی دەکرد پێکەوە بن، وردەوردە لە ژیانی بێسەروبەر دوور دەکەوتەوە. گوڵی درەختی میمێ خەریک بوو بەری دەگرت. هەندەی ئامارانتا جوان نەبوو، بەڵام دۆستانە بوو، کچێکی ئاڵۆز نەبوو، زووش دەچووە دڵەوە. تەواو بە پێچەوانەی مێشکتەنگی و دووڕدەنگیی فێرناندا، بەزەحمەتیش دەیتوانی دڵە قرچۆکەکەی بشارێتەوە، کەچی میمێ ئەقڵێکی هاوچەرخانەی هەبوو، بەڵام ئاورێلیانۆی دووەم هانی کچەکەی دەدا. هەر ئەویش بوو بڕیاری دا ژووری منداڵان بەجێ بهێڵێ، لەو ژوورەی پەیکەری قەدیسە چاوئەبڵەقەکانی لێ بوون، دڵەڕاوکێی لە دڵی ئەو هەرزەکارەدا دروست کردبوو؛ بردی بۆ ژوورێکی دیکە، کانتۆر و دۆڵابی نوێی بۆ کڕی، تەختێکی شازادانەی بۆ بە ڕادان دا، مێزی توالێت و پەردەی مەخمەڵی تیا دامەزراند، بەبێ ئەوەی باوکی ئەو هەستەی لەلا دروست ببێ، کە خەریکە دەقاودەق، هاوچەشنیی ژوورەکەی پیەترا کۆتێس دووپات دەکاتەوە. لەگەڵ میمێ هەند دەستبڵاو بوو، تەنانەت نەیدەزانی چەند برەپارەی دەداتێ، میمێش بە کەیفی خۆی پارەی دیکەی لە گیرفانی دەر دەهێنا، هەر باوکیشی لە بابەت و بەرهەمی ئارایشت ئاگاداری دەکردەوە، کە لە دوکانەکانی کارگەی

مۆزەکە دەست دەکەوتن. ژوورەکەی مێمێ پڕ بوو لە پارچەبەردی تایبەت بۆ ڕێکخستنی نینۆک، ئووتوو بۆ قژلوولکردن، مەعجوونی ددان بۆ ئەوەی ددانەکانی بریقەیان بێت، قەترەی تایبەتی بۆ ئەوەی ڕوانینەکان خوماراوی بکات و چەندین بابەتی ماکیاژ و ئارایشتی جۆراوجۆری دیکە، هەند نوێ بوون، بە ئەندازەیەک، هەرجارێک فێرناندا بچووبایە ژوورەکەی مێمێ و کاتێک دەیبینی مێزی خۆڕازاندنەوەی کچەکەی کتومت بە ژووری خانمە فەرەنسییەکان دەکات، هەستی بە ئەتکبوون دەکرد. بەڵام، لەو سەردەمەدا، فێرناندا سەرقاڵ بوو، لە لایەک بە دەستی ئامارانتا ئورسولاوە، کچە بچکۆلە نەخۆش و وڕکنەکەی، لە لایەکی دیش نامەی بۆ پزیشکانی نادیار دەنووسی. زۆر بە گەرموگوڕی ئەو نامانەی دەنووسی. کاتێکیش فێرناندا هەستی بەو پەیوەندییە زۆر گەرموگوڕە کرد کە لەنێوان باوک و کچەکەی دایە، ویستی بە هەموو شێوەیەک بەڵێنی ئەوە لە ئاورێلیانۆی دووەم وەر بگرێ، کە نابێ بە هیچ شێوەیەک مێمێ بەرێتە ماڵی پیەترا کۆتێس. بەڵام ئەم داخوازییە هیچ گرینگییەکی نەبوو، چونکە پیەترا کۆتێس هەندە نیگەران و بەدگومان بوو لە پەیوەندی نێوان ئاورێلیانۆی دووەم و کچەکەی، تەنانەت نەیدەویست گوێی لە ناویشی ببێت. تا ئەو دەمەش، ترسێکی نادیار ئازاری دەدا، وەک ئەوەی غەریزە پێی بڵێ، ئەو شتانەی لە فێرناندا قەدەغەکراو بوون، مێمێ تەنها بە پەنجەبەرزکردنەوە دەیتوانی دەستی بکەوێ. بۆیە هەستی دەکرد لە خۆشەویستی بێبەری دەکرێ، خۆشەویستییەک،

کە وای لێک دەدایەوە کە تا ژیان ماوە، موڵکی ئەوە. ئەمە یەکەمین جار بوو ئاورێلیانۆی دووەم ئەم لالچییە ژەهراوییەی لە دەسگیرانەکەی قبوڵ کرد، ترسی ئەوەی لێ نیشت، کە جارێکی دیکە دەبێ باروبارگەی بپێچێتەوە و بگەڕێتەوە ماڵی فێرناندای هاوسەری. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا. کەس نەبوو هەندەی پیەترا کۆتێس پیاوی خۆی بناسێ، دەیزانی باوڵەکان بۆ کوێ نێردراون، هەر دەبێ لەوێش بمێننەوە، چونکە ئاورێلیانۆی دووەم هیچ شتێک هەندەی ئاڵۆزکارییەکانی ماڵگواستنەوە پەستی نەدەکرد. بۆیە باوڵەکان لەکوێ بوون، هەر لەوێ مانەوە. پیەترا کۆتێس تا جارێکی دیکە دەست بەسەر پیاوەکەیدا بگرێتەوە، دەستی بە تیژکردنی چەککەلێک کرد، کە باش دەیزانی کچەکەی ئاورێلیانۆ توانای بەکارهێنانی ئەم چەکانەی نییە. کەچی ئەم هەوڵەش بێسوود بوو، چونکە مێمێ هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە، خۆی هەڵبقورتێنێتە ناو کاروباری باوکیەوە، ئەگینا بە سوود و قازانجی دەسگیرانی باوکی کۆتایی دەهات. هەندە کاتیشی نەبوو تا کەسێکی دیکەی پێ وەڕس بکات. وەک چۆن ڕاهیبەکان ڕایان هێنابوو، هەر خۆی، بە دەستی خۆی ژوورەکەی خۆی گسک دەدا، تەختەکەی خۆی ڕێک دەخست. بەیانییان خەریکی جلوبەرگەکانی خۆی بوو، دەچووە بەرهەیوانەکە و دەستی بە چنین دەکرد، یا بە مەکینەی دوورمانەکەی ئامارانتا خەریکی دوورینی جلوبەرگ دەبوو. کاتێکیش، ئەوانی دی خەریکی سەرخەوشکاندنی پاشنیوەڕوان دەبوون، ئەو دەچوو بۆ ماوەی دوو سەعات

لەسەر کلاڤسانەکە مەشقی دەکرد، دەیزانی ئەم خۆفیداکردنە بەردەوامە، گیانی فێرناندا ئاسوودە دەکات. هەر لە بەر دایکیشی بوو، بەردەوام لە بۆنە و ئاهەنگە ئایینییەکاندا مۆسیقای دەژەنی، هەرچەند لەم دواییانەدا داواکان زۆر کەم ببوونەوە. پاشنیوەڕوانیش خۆی دەگۆڕی جلوبەرگێکی سادەی لەبەر دەکرد و جووتێک کەوشی ئەستووری لەپێ دەکرد، ئەگەر شتێکی ئەوتۆش لەگەڵ باوکی سەرنجی ڕانەکێشایە، ئەوە دەچووە لای دەستەخوشکەکانی، ئەگەریش ئاورێلیانۆی دووەم نەهاتبا بەدوای بۆ ئەوی لەگەڵ خۆی بیبا بۆ سینەما، ئەوا لەوێ دەمایەوە تاکوو کاتی شێوی ئێوارە.

لەنێو دەستەخوشکەکانی مێمێدا، سێ کیژی ئەمەریکای باکوور هەبوون و سیمە کارەباییەکانی دەوری ماڵیان دەبڕی و دەچوون دۆستایەتیی لەگەڵ کیژانی ماکۆندۆ چێ بکەن. یەکێک لەو کیژانە ناوی پاتریسیا بروان بوو. میستەر بروان میوانداریی ماڵی ئاورێلیانۆی دووەمی زۆر بەرز دەنرخاند و دەرگای ماڵی بۆ مێمێ دەخستە سەر گازەرای پشت و بانگهێشتی دەکرد بۆ ئاهانگی بالێی شەمموانە، لەناو هەموو بیانییەکاندا، هەر ئەوان بوون ڕێگرییان لەوە نەدەکرد، کە تێکەڵی دانیشتووانی ماکۆندۆ ببن. کاتێک فێرناندا بەمەی زانی، بۆ ماوەیەک ئامارانتا ئورسولا و پزیشکە نادیارەکانی وەلاوە خست، کردی بە ڕۆژی خۆی و بە مێمێی گوت، "تەنها یەک دەقە بیر لەوە بکەرەوە، ئێستا دەبێ سەرهەنگ لە ناو گۆڕەکەیدا چی

بلێن." بێگومان بەم شێوەیە دەیویست پشتگیریی ئورسولا بەدەست بهێنێ. بەڵام پیرەژنە کوێرەکە، بە پێچەوانەی ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرا، دەیگوت ئەم کارەی مێمێ هیچ نەنگییەکی تیا نییە، قەیچێکە با بچێ بۆ ئاهەنگی سەما و دۆستایەتی لەگەڵ ئەمەریکییە هاوتەمەنەکانی خۆی دروست بکات، زۆر ئاساییە، بە مەرجێ ئەم مەرجەشی زۆر بەهەند وەر گرتبوو، نابێ وەک ئەوان ببێ بە پرۆتیستانت. مێمێ ئامۆژگارییەکەی نەنە گەورەی زۆر بەلاوە گرینگ بوو، ڕۆژی دوایی هەموو ئاهەنگێکی سەما، بەیانییان زووتر لە جاران لە خەو هەڵدەستا بۆ ئەوەی بچێتە نوێژی یەکشەممە. فێرناندا بەردەوام بەرهەڵستیی دەکرد، تا ئەو ڕۆژەی مێمێ توانیی هێوری بکاتەوە، بەوەی کە ئەمەریکییەکان ئارەزوومەند دەبن ئەگەر بێت و بچێ کلاڤسانیان بۆ لێدا. جارێکی دیکە کلاڤسانەکەیان بردە دەرەوە بۆ ئەوەی بیبەن بۆ ماڵی میستەر بروان، لە ناخی دڵیشەوە مۆسیقاژەنە لاوەکەیان بە چەپڵەڕێزان گوڵباران کرد و پیرۆزباییەکی گەرموگوڕیشیان لێ کرد. لەو کاتەوە، نەک تەنها بۆ ئاهەنگی سەما داوەت دەکرا، بەڵکوو بۆ مەلەوانگەکەی ماڵەوەش بانگهێشتیان کرد، هەفتەی ڕۆژێکیش لەگەڵیان نانی نیوەڕوانی دەخوارد. مێمێ وەک مەلەوانێکی بلیمەت فێری مەلەکردن و یاریی تێنس و فێرە خواردنی گۆشتی ڕانی بەرازی ڤێرجینی ببوو، کە لەگەڵ قاشە ئەناناس دەیانخوارد. جگە لە ئاهەنگی سەما و مەلەوانگە و یاریی تێنسیش، بە ڕادەیەکی باشیش خۆی فێرە ئینگلیزی کردبوو. ئاورێلیانۆی دووەم لە پێشکەوتنی

زۆری کچەکەی، زۆر دڵخۆش بوو، بۆیە لای کتێبفرۆشێکی گەڕۆک، ئینسایکلۆپیدیای شەشبەرگی ئینگلیزیی بۆ کچەکەی کڕی، چەندین لاپەڕەی ڕەنگینی تێدا بوو، ئیدی مێمێ کاتێ دەستبەتاڵ بووایە، دەستی دەکرد بە خوێندەوەیان. مەیلی زۆری بۆ خوێندنەوە پەیدا کرد، پێشتر لەگەڵ دەستەخوشکەکانی هەر خەریکی باسی دڵداری بوون، یا باسی ئەزموون و ژیانی ڕۆژانەی خۆیانیان دەکرد، بەبێ ئەوەی زۆریش لە خۆی بکات ئیدی خوێندنەوە هەموو ئارەزووەیەکی بۆ باسکردنی ئەو غەیبییاتە لەلا نەهێشت. کاتێک دیمەنی مەستبوونەکەی دەهاتەوە یاد، وەکوو شتێکی منداڵکارانە باسی لێوە دەکرد، بەلایەوە هەند عەنتیکەش بوو، ڕۆژێک بۆ ئاورێلیانۆی دووەمی گێڕایەوە، بۆ ئەویش دوو ئەوەندەی دیکە پێکەناویتر بوو. هەرجارێکیش، مێمێ ڕووداوێکی نهێنیی لەو جۆرەی بۆ باوکی بگێڕابایەوە، باوکی لەبەر پێکەنین وەخت بوو بپچڕێ و پێی دەگوت، "ئەگەر دایکت دەیزانی!" ئاورێلیانۆی دووەم بەڵێنی لە مێمێ وەر گرتبوو، هەرکاتێک لەگەڵ کەسێک تووشی ئەزموونی خۆشەویستی بوو، دەبێ ئەو ئاگادار بکاتەوە. مێمێش چۆن ناوبەناو نهێنیکەلێکی بۆ باوکی دەگێڕایەوە ئەوەشی بۆ گێڕایەوە کە کوڕێکی ئەمەریکاییی مووسوور دەناسێ، لەگەڵ دایک و باوکی هاتووە بۆ ئەوەی پشووی سالانە لەوێ بەرنە سەر، باوکیشی هەر بەپێکەنینەوە پێی گوت: "چ کارەساتێکە! ئەگەر دایکت دەیزانی!" هەروەها، مێمێ ئەوەشی لەلا درکاند، کە ئەو لاوە گەڕاوەتەوە ئەمەریکا

و هیچ هەواڵێکی دیکەی ئەوی لەلا نییە. گەورەبوونی مێمێ ببووە مایەی ئاشتەوایی و ئاسوودەییی ماڵەکە. ئاورێلیانۆی دووەم کاتی زیاتری بۆ بینینی پیەترا کۆتێس تەرخان دەکرد، هێز و توانای جارانی نەمابوو، هەندە ئاهانگ و سەیران ساز بکات، ئەگەریش بۆ بۆنەیەکی تایبەتیش ئاهەنگێکی ساز بکردبایە، ئەوا ئەکۆردیۆنەکەی لە سندووقەکە دەر دەهێنا، هەر بە قەیتانی پێڵاوەکەشی کلیلە ناجۆرەکانی دەبەستەوە. ئامارانتاش بەردەوام بوو لە خۆ خەریکردنی بە دوورینی کفنەکەیەوە، ئورسولاش بە دەستی کەنفتبوونەوە، ڕۆژبەڕۆژ بۆ هەڵدێرە تاریکەکانی ژیان شۆڕ دەبووەوە، جگە لە تارماییی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای ژێر دارشابەڕووەکە نەبێ، هیچی دیکەی نەدەبینی. فێرناندا جارێکی دیکە، دەسەڵاتی وەدەست هێنایەوە. ئەو نامانەی دەبوو مانگانە بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی بنووسێ، تاقە یەک درۆی تیا نەدەنووسی، بەڵام باسی نامەنووسینی بۆ پزیشکە نادیارەکان نەدەکرد، کە باسی ئەوەیان بۆ کردبوو، کە دوومەڵێکیان لەناو ڕیخۆڵەگەورەیدا دۆزیوەتەوە و دەبێ لە ڕێگەی نەشتەرگەرییەکی تەلێپاتیکییەوە، ئەم دوومەڵە بنبڕ بکەن.

دەکرا بووترێت، لەناو ماڵە شەکەتەکەی بنەماڵەی بوێندیا، ئیدی بۆ ماوەیەکی زۆر بەڕواڵەت ئاسوودەیی و بەختەوەریی میوان بوو، ئەگەر مەرگی کتوپڕی ئامارانتا نەبووایە، ئەویش هەڵایەکی نوێی نایەوە. کەس چاوەڕێی ڕووداوێکی وای نەدەکرد. سەرباری ئەوەی ئامارانتا چووبووە تەمەنەوە و

لە پەراوێزدا ژیانی بەسەر دەبرد، بەڵام هێشتا بەخۆ و پتەو دەهاتە پێشچاو، بەژنی ڕێک بوو، تەندروستییەکی پتەویشی هەبوو. دوای ئەوەی پاشنیوەڕۆیەک خێرینێلدۆ مارکیزی سەرهەنگی بەیەکجاری لە ماڵەکە دەر کردە دەرەوە؛ دەرگای لە خۆی داخست و ژیانی ببوو بە گریان، کەس نەبوو بزانێ چۆن بیر دەکاتەوە. کاتێک بەدەر کەوتەوە، هەرچی فرمێسک هەیە، ڕشتبووی. نە ئەو ڕۆژە گریا کە ڕێمیدیۆسە جوانکیلە بۆ ئاسمان بەرز بووەوە، نە ئەو ڕۆژەش فرمێسک بە چاوانیدا هاتە خوارەوە، کە هەموو ئاورێلیانۆکانیان تیا قڕ کرد، نە بۆ مردنی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیش، کە تاقە کەس بوو لە جیهاندا خۆشی ویستبێ، تا بە چاوی خۆی تەرمەکەی لەژێر دارشابەڕووەکەدا نەبینی، بڕوای نەکرد. یارمەتیی دان بۆ ئەوەی تەرمەکەی هەڵبگرن. جلوبەرگی سەربازیی کردە بەری، هەموو مەدالیاکانی سەردەمی جەنگیشی بە سینگییەوە هەڵواسین، جوان ڕیشی تاشی، بە دەستی خۆشی قژی شانە کرد، زۆر لە خودی سەرهەنگ جوانتر، سمێڵی چەور کرد، مەبەست لەو زەمانە بوو کە سەرهەنگ شکۆدار بوو. کەس نەبوو بیر بکاتەوە کە ئەم ڕەفتارانە بەخۆشەویستییەوە دەکات، چونکە هەموو خەڵکی ئامارانتایان بەوەوە دەناسی، کە لەگەڵ سرووتەکانی مەرگدا ئاشنایەتیی هەیە. فێرناندا هەستی بە ئابڕووچوون دەکرد، چونکە ئامارانتا هیچی لەبارەی ئاقیدەی کاتۆلیک و ژیانەوە نەدەزانی، بەڵکوو هەموو شتێکی دەبەستەوە بە مەرگەوە، وەک ئەوەی کاتۆلیک ئایین نەبێ، بەڵکوو

کوراسـەیەک بـێ بـۆ فێرکردنـی چۆنێتـی شوشـتنی تـەرم. ئامارانتـا هەنـدە شـۆڕ ببـووەوە نێـو پێچـی یادەوەرییەکانـی، نەیدەتوانیـی لـەم وردکارییـە ئایینیانـە بـگات. لەگـەڵ هەمـوو ئـەو نوسـتالژییە گەرموگوڕانـەوە، گەیشـتبووە دواسـاڵەکانی تەمـەن. کاتێـک گوێـی لـە مۆسـیقای ڤالسـی پیەتـرۆ کرێسـپی دەگـرت، وەکـوو سـەردەمی هـەرزەکاری، هەمـان ئـارەزووی بـۆ گریـان لـەلا دەبووژایـەوە، وەک ئـەوەی نـە تەمـەن، نـە ئەزموونـەکان، هیـچ سوودێکیان نەبووبێ. بە پاسـاوی ئـەوەی لوولـەی مۆسـیقاکان تـەڕ بـوون و بەکەڵکـی هیـچ نایـەن، هـەر بـە دەسـتی خـۆی لوولەکانـی فـڕێ دانـە تەنەکـەی زبڵـەوە، کەچی لەنێو مێشکیدا دەخولانـەوە و دەخولانـەوە و چەکوشـە بچووکەکانی بـەر پـەردەی زاکیـرەی دەکەوتـن. ویسـتی لەنێـو پێچـی ئـەو شـەیداییە لێخنـەدا بیانشـارێتەوە، کـە بـۆ ئاورێلیانـۆ خۆسـێی برازای هەیبوو؛ زۆر هەوڵـی دا خـۆی لەژێـر سـایەی ئاسـوودە و پیاوانـەی خێرینێلـدۆ مارکێـزی سـەرهەنگدا داڵـدە بـدا، کەچـی نەیتوانـی لـە کۆڵـی خـۆی بکاتـەوە، تەنانـەت لـە نائومێدتریـن کاتـی پیریـیشـدا هیـچ سـوودێکی نەبـوو، کاتێـک خۆسـێ ئەرکادیـۆی چکۆڵـەی دەشـۆرد، سـێ سـاڵ پێش ئەوەی بچـێ بـۆ قوتابخانـەی ئایینـی، نەوازشـی لەگـەڵ دەکـرد، نـەک نەوازشـی نەنکێ لەگەڵ کوڕەزایەک، بەڵکوو وەک ژنێک چۆن نـەوازش لەگـەڵ پیاوێـک بکات، وەک چۆن خانمە فەرەنسـییەکان دەیانکـرد، وەک دەوتـرا، ڕەنگـە لـە تەمەنـی دوانزە-سـیانزە سـاڵاندا، ئارەزووی بکردبایە لەگـەڵ پیەترۆ کرێسـپیدا بیـکات، کاتیـک بـە پانتۆڵـی تەسـکی سـەماکارانەوە دەیبینـی، چۆن دارە

سیحراوییەکەی لەسەر ڕیتمی میترۆنۆم ڕادەوەشاند. هەندێ جار هەستی بە ئازار دەکرد کە هەندە قورڕوچڵپاوی بەدووی خۆیدا هێناوە، هەندێ جاریش لە داخا هەر هەندەی نەمابوو شێت و هار ببێ، نووکە دەرزیلەی دەکرد بە پەنجەکانیدا، تاکوو زیاتریش ئازاری دەچەشت، هەندەی دیکە هار دەبوو، ئەوەندەی دیکە نیگەرانیی خۆشەویستییە بۆندارەکەی لێ دەکردەوە بە ژەقنەبووت، دەشبوو تا لێوارەکانی مەرگ بەدووی خۆیدا ڕای بکێشێ. وەک چۆن ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ نەیدەتوانی بیر لە جەنگ نەکاتەوە، ئامارانتاش نەیدەتوانی بیر لە ڕێبێکا نەکاتەوە. براکەی توانیی یادەوەرییەکانی خۆی گۆڕبەگۆڕ بکات، کەچی ڕێبێکا یادەوەرییەکانی خۆی زیاتر دەبووژاندەوە. تا ساڵانێکی زۆر، تاقە تکای لە خودا کردبێ، ئەوە بوو کە مەرگی ئەو پێش مەرگی ڕێبێکا نەخات. هەرجارێک بەپێش ماڵی ئەودا تێپەڕیبا و هەستی کردبا خانووەکەی تا دێت وێرانتر دەبێ، هەندەی دیکە خەنی دەبوو، چونکە هەستی دەکرد خودا بەهانای دووعاکانی ئەوەوە هاتووە. پاشنیوەڕوانێک لە بەرهەیوانەکە دوورمانی دەکرد، لە ناکاودا لەوە دڵنیا بوو کە ئەو ڕۆژەی هەواڵی مەرگی ڕێبێکای بۆ دەهێنن، لەبەر هەمان ڕووناکی دەبێ، هەر لەهەمان ئەو جێیە وەک چۆن ئێستا دانیشتووە. لەوێ دا دەنیشت و چاوەڕێی دەکرد، وەکوو یەکێک چاوەڕێی نامەیەک بکات، لە سەردەمێکیشدا قۆپچەکانی ڕادەپسکان بۆ ئەوەی سەرلەنوێ، جارێکی دیکە، تا دەستبەتاڵیی چاوەڕوانییەکی درێژتر و پڕپەژارەتر نەکات، دەیدوورییەوە.

لەناو ئەو ماڵەدا، هیچکەس سەرنجی ئەوەی نەدابوو، کە ئامارانتا کفنی بۆ ڕێبێکا دووریوە. دواتر، کاتێک ئاورێلیانۆ تریستێ گوتبووی ڕێبێکای بینیبوو بووەتە تارمایی، پێستی بەسەر ئێسقانەکەوە نەماوە، تەنها چەند تاڵەموویەکی زەردباویشی بەسەر تەپڵی سەریەوە ماوە؛ ئەم وێنەیەی لەلا سەیر نەبوو، چونکە لەمێژ بوو کۆتایی ژیانیی ڕێبێکای هەر بەو جۆرە دەهاتە بەرچاو. بیری لەوە کردەوە، تەرمەکەی ڕێبێکا سەرلەنوێ دروستبکاتەوە، بە گیراوەی پارافین ڕوخسارە چرچەکەی بشارێتەوە، بە مووی قژی پەیکەری قەدیسەکانیش، قژێکی دەستکردی بۆ دروست بکات. بیکات بە تەرمێکی جوان و بیخاتە ناو کفنە کەتانەکەوە، ناوەوەی تابووتەکەش پڕ لە بووکەڵەی فەروو بکات و بە پەڕپەڕەی قەدیفە بیڕازێنێتەوە، بیکات بە جەنازەیەکی جوان و بیکاتە خۆراکی کرمەکان. بە دڵێکی پڕ لە قینەوە، بیرۆکەی ئەو نەخشەیەی دانا و بەوردییەوە ئەنجامی دا، ئەگەر بەخۆشەویستییش ئەو کارەی ئەنجام بدابا، هەر ئەوەندە جوان دەبوو، ئەم بیرۆکەیە مووچڕکی خستە لەشیەوە، بەڵام ئەم بیرۆکە تێکەڵوپێکەڵە ساردی نەکردەوە و زۆر بە وردی و لێزانییەوە کارەکانی ئەنجام دەدا، نەک هەر کردی بە پسپۆڕ، بەڵکوو لە جێبەجێکردنی سرووتەکانی مەرگدا کردی بە بلیمەتێک. تاقە وردەکارییەک کە لەو پڕۆژە سامناکەدا بیری لێ نەکردبووەوە، لەگەڵ ئەو هەموو نوێژ و دووعایانەی ئاراستەی خودای کردبوو، چونکە زۆر دەشیا مەرگی خۆی پێش مەرگی ڕێبێکا بکەوێ. دەقاودەقیش ئەمە

ڕووی دا. کەچی کاتێک مەرگ لە دەرگای دا، ئامارانتا هەستی بە شکستی نەدەکرد، زۆر بە پێچەوانەوەوە، هەستی دەکرد لە چنگی ئەو هەموو پەژارەیە قوتاری دەبێ، چونکە مەرگ ئەو ئیمتیازەی پێ بەخشیبوو: پێش هاتنی بە چەندین ساڵ، خۆی پێ ناساندبوو. نیوەڕۆیەکی زۆر گەرم بوو، زۆر نەبوو مێمێ گەڕابووەوە بۆ بەشی ناوخۆ، ڕێبێکا مەرگی بە چاوی خۆی بینی، لە بەرهەیوانەکە، لەتەنیشت ئەوەوە خەریکی دوورمان بوو. دەسبەجێ ناسییەوە، هیچ سامناکیش نەهاتە پێشچاوی: مەرگ ژنێک بوو، جلوبەرگی شینی لەبەردا بوو، قژێکی درێژ و سەروسیمایەکی دێرینی هەبوو، دەکرا لەگەڵ پیلار تێرنارادا بەراورد بکرێ، ئەو کاتەی دەچووە مەتبەخەکە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات. چەند جارێک بە ئامادەییی فێرناندا هاتبووە ئەوێ، بەڵام هەستی پێ نەکردبوو، سەرەڕای ئەوەی هەیبەتێکی مرۆیانەی ڕاستەقینەشی هەبوو، هەند مرۆیانە بوو، جارێکیان داوی لە ئامارانتا کردبوو، تا دەزووەکەی بۆ بخاتە کونی دەرزییەکەوە. مەرگ ئەوەی پێ نەگوتبوو کەی دەمرێ، تەنانەت ئەوەشی پێ نەوتبوو، کە مەرگی ئەو پێش مەرگی ڕێبێکا دەکەوێ، بەڵام فەرمانی پێ دابوو، دەبێ لە ٦ی مایسی داهاتووەوە، دەست بە دوورینی کفنەکەی بکات. دەرفەتی داێ، کە بە کەیفی خۆی و بەجوانی کفنەکەی بدوورێ، بە مەرجێ، وەک چۆن بەدڵ و بەگیانەوە ئەوەی ڕێبێکا دەدووری، دەبێ هەر ئەوهاش بە دڵ و گیانەوە ئەوەی خۆشی بدوورێ و ئاگاداریشی کردەوە، کە دەمەوئێوارەی ئەو ڕۆژەی کفنەکەی تیا تەواو دەکات، بەبێ

ئازار و بەبێ غەم و پەژارە دەمرێ. ئامارنتا تا پێی کرا، کاتی بەفیڕۆ دا، ناردی بۆ ئەوەی کەتانی زۆر تەنکی بۆ بنێرن، هەر بە دەستی خۆشی قوماشەکەی دروست کرد. هەندە بە دڵ و گیانەوە خەریکی ئەم کارە بوو، چوار ساڵی خایاند. دواجار دەستی کرد بەو وردەکارییانەی پەیوەندییان بە چنینەوە هەبوو. کات تێدەپەڕی و دوارۆژ نزیک دەبووەوە، لەوە تێگەیشت کە تەنها موجیزەیەک دەتوانێ درێژە بە دوورینی کفنەکەی بۆ دوای مەرگی ڕێبێکا بدات، بەڵام تەرکیزی هزری ئەو هێمنییەی پێ دەبەخشی، کە پێویستی پێی هەبوو، تاکوو بیرۆکەی شکسهێنان قبوڵ بکات. ئینجا لە بازنە داخراوەکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ تێگەیشت، کە چۆن خۆی بە دروستکردنی ماسییە چکۆلە زێڕکەفتەکانەوە خەریک دەکرد. جیهان لەسەر پێستەکەی ئەو کۆتایی دەهات و ناخیشی لە هەموو زاخاوێک پاک ببووەوە. خەمی لەوە دەخوارد، کە ئەمەی پێش چەند ساڵێک لەوەوبەر نەدەزانی، هێشتا دەرفەتی هەبوو ناخی خۆی پاک بکاتەوە، گەردوونێکی نوێ، لە شێوەیەکی دیکەدا دروست بکاتەوە، کاتێک بۆنی لاڤاندای پیەترۆ کرێسپی ئێواران دێتەوە یادی، مووچڕک نەئاخنێتە گیانیی، ڕێبێکاش لەناو ئەو کوێرەوەرییە ڕزگار بکات، نە لە ڕێگەی خۆشەویستییەوە، نە لە ڕێگەی قینەوە، بەڵکوو لە ڕێگەی ئەو تێگەیشتنە بێسنوورەی لە ڕێگەی تەنیاییەوە تێی گەیشتبوو. ئەو ئێوارەیەی لەنێو ڕستەکانی مێمێدا هەستی بە قین کرد، بە هیچ شێوەیەک نەیشڵەژاند، نەک لەبەر ئەوەی دەیزانی ئاڕاستەی ئەو نەکراوە، بەڵکوو

لەپڕێکدا ئەوەی بۆ دەر کەوت، کە لە ژیانی هەرزەکاریێکی دیکەدا ئەمە دووپات ببووەوە، هەند پاک بوو، دەتگوت خۆیەتی، بەتاڵ بوو لە قین. بەڵام لەبەر ئەوەی بەتەواوییش ملکەچی قەدەری خۆی ببوو، تەنانەت کاتێ لەوەش دڵنیابوو کە هەموو ڕێگەکانی چاکبوونەوە لە بەردەمیدا داخراون، نارەحەت نەبوو. تاقە ڕێگەچارە لە بەردەمیدا مابووەوە، دوورینەوەی کفنەکەی بوو. لەجیاتی خۆی بە شتی پڕوپووچەوە بخافڵێنێ، قۆڵی لێ هەڵکرد و ڕیتمی کارەکەی خێراتر کرد. هەفتەیەک پێشتر، حیسابێکی کرد، دواتەقەڵ دەکەوێتە شەوی ٤ی مایسەوە، بەبێ ئەوەی هۆکارەکەی بۆ مێمێ ڕوون بکاتەوە، هەرچەند گوێی لێ نەگرت، پێی گوت ئەو پارچەمۆسیقایەی بۆ ڕۆژی ئایندە ئامادەی کردبوو، دوا بخات. هەرچی چۆنێک بێ، ئامارانتا ویستی کارەکانی بۆ چلوهەشت سەعات دوا بخات، کاتێک بینیی شەوی ٤ی شوبات تەوەفانێک هەڵساوە و دەزگای کارەبای لە بنەوە هەڵتەکاندووە، هەستی کرد مەرگ نزرەکانی ئەوی بەدی هێناوە. بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی، سەعات هەشت، کۆتاییی بە کارە نایابەکی هێنا، هەرگیزاوهەرگیز کاری هەندە بلیمەتانە بە دەستی هیچ ژنێک ئەنجام نەدرابوو، بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدات، گوتی پێش ئەوەی ئێوارە دابێ، دەمرێ. نەک تەنها ویستی خێزانەکەی ئاگادار بکاتەوە، بەڵکوو هەموو ئاوایییەکەشی تێگەیاند، چونکە ئامارانتا ئەوەی لەلا ساغ ببووەوە، کە بەم جۆرە دەتوانێ کەفارەتی هەموو خراپەکانی بە کارێکی چاک بداتەوە؛ بیری لەوە کردەوە، کە لەوە

چاکتر نییە نامەگەلێک لەگەڵ خۆی بۆ مردووان بەرێ.

پێش ئەوەی ئێوارە دابێ ئامارانتا بوێندیا باروبارگەی بۆ دنیایەکی دیکە دەپێچێتەوە و نامەش بۆ مردووان دەبات. پێش ئەوەی نیوەڕۆ دابێ، ئەم هەواڵە بە هەموو سووچێکی ماکۆندۆدا بڵاو بووەوە. دەوەروبەری سەعات سێ، لە هۆڵی میواندا، سنوقێک پڕ لە نامە دانرابوو. ئەوانەی بە باشیان زانیبوو کە نامە نەنووسن، بەزارەکی پەیامیان دابووە ئامارانتا، ئەویش لەناو دەفتەرێکدا ناو و ناوونیشان و ڕۆژ و ساڵی مردنی کەسەکەی نووسییەوە و نامەنووسانی هێور دەکردەوە و پێی دەگوتن، "دڵ لە دڵ مەدەن. هەر بە گەیشتنم، یەکەمین شت سۆراغی دەکەم و بە دەستی خۆم نامەکەی دەدەمێ." گشت ئەمە بە کۆمیدیای دەکرد. ئامارنتا بە هیچ شێوەیەک نیگەرانیی پێوە دیار نەبوو، یەک دەنک ئازاریشی نەبوو، بۆ ڕاسپاردنی ئەو ئەرکەش، کەمێک لە جاران گەنجتر دیار بوو. وەکوو جاران بەژن باریک و ڕێک. ئەگەر ڕوومەتە هیشکەکان و کەوتنی چەند ددانێکی نەبوونایە، زۆر لەوە گەنجتر دەر دەکەوت. ئاگاداری کردنەوە، کە نامەکان لە سنوقێکدا دابنێن، سنوقەکەش بە قیر سواغ بدرێ، چۆنیش لە او گۆڕەکەی دابنێن، بۆ ئەوەی لە تەڕی و لە شێ بپارێزرێ. ئەو سەرلەبەیانییە دارتاشێکی بانگ کرد، بۆ ئەوەی بەژنی بپێوێ تا تابووتەکەی بۆ دروست بکات، لە ناوەند هۆڵەکە ڕاوەستابوو، وەک بڵێی کراسی بۆ بە ڕادان دەدرێ. لە دواسەعاتەکاندا، زۆر چوستوچالاک دیار بوو، فێرناندا وای زانی بە هەمووان ڕادەبوێرێ. ئورسولا،

بە تاقیکردنەوە بۆی دەر کەوتبوو، کە بنەماڵەی بوێندیا بە نەخۆشیی نامرن، هیچ گومانی لەوە نەدەکرد، کە ئامارانتا پێشبینی مەرگی خۆی کردووەوە، بەڵام زۆر لەوە دەترسا، کە دواکەوتنی ئەو نامانە ئوقرە لە خەڵکەکە ببڕێ و واش لە نامەنووسان بکات، کە ئامارانتا زیندەبەچاڵ بکەن. بۆیە هەموو هەوڵێکی دا تا خەڵکەکە بکاتە دەرەوە، کردی بە بۆڵەبۆڵێک، ئەوسەری دیار نەبێ، دەوروبەری سەعات چواری پاشنیوەڕۆ، هەموویانی کردبووە دەرەوە. لە هەمان کاتیشدا، ئامارانتا جلوبەرگ و شتومەکی شەخسیی خۆی بەسەر هەژاراندا دابەش کرد و لەسەر تابووتە ڕەقوتەقەکەش، چەند جلوبەرگێکی بۆ خۆ گۆڕین هێشتەوە و جووتێ نەعلی لەگەڵ خۆی بەرەو مەرگ برد. ئەم وردەکارییانەی لەبیر نەکرد، چونکە لەدوای مردنی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەبەر ئەوەی جگە لەو جووتە نەعلانە نەبێ کە لە تاقیگەکە لەپێی دەکرد، هیچی نەبوو بیکاتە پێی، دەبوو جووتێ پێڵاوی نوێی بۆ بکڕن. هەندەی نەمابوو بۆ سەعات پێنج، ئاورێلیانۆی دووەم بە دوای مێمێدا چوو بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆی بیبات بۆ مۆسیقاژەنین، زۆری لەلا سەیر بوو، کاتێ بینی لە ماڵەوە خەریکی شتگەلێکن، زۆر بە بەڕێکردنی تەرمی جەنازە دەکات. تاقە کەس لەو ماڵە چوستوچالاکیی زۆری پێوە دیار بێ، خودی ئامارانتا بوو، تەنانەت فریای ئەوەش کەوت توێکڵە ئەستوورەکانی پاژەنەکانشیلێبکاتەوە. ئاورێلیانۆی دووەم و مێمێ ڕوخسەتیان لە ئامارانتا خواست، هەر بۆ گاڵتەش ماڵئاواییان لێ کرد و بەڵێنی ئەوەیان پێ دا، کە شەممەی

ئاییندە، بە بۆنەوەی گەڕانەوەوە بۆ سەر دنیا، ئاهەنگێکی بۆ ساز بکەن. ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشیش لەگەڵ قوتابییەکانی، بەدەم دەنگۆوە هاتبوو، کە گوایە ئامارانتا نامەی بۆ مردووان پێیە و یەکسەر سەعات پێنجی ڕەبەق خۆی گەیاندە ماڵیان، دەبوو چارەکەسەعاتێکیش چاوەڕێ بکات، تاکوو ئەوەی دەبوو بمرێ، لە حەمام بێتە دەرەوە. کاتێک ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیش ئامارانتای بە کراسێکی تەنکی خەوتنەوە بینی، قژەکانی بەسەر شانیدا شۆڕ بۆتەوە، کەشیشی پیرەمێرد لە دڵی خۆیدا گوتی، هەبێ و نەبێ گاڵتەیان پێ کردووە، منداڵەکانی کۆرسەکەشی لەگەڵی بوون، ئەوانی ئیزن دا. بیریشی لەوە کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی، ئەمە هەلکەوتێکی گونجاوە تا ئامارانتا "دانپێدانان" جێبەجێ بکات، چونکە ماوەی بیست ساڵێک دەبوو، ئەم نەریتەی پشتگوێ خستبوو. ئامارانتا یەکسەر وەڵامی دایەوە و گوتی، پێویستیی بە هیچ جۆرە یارمەتییەکی ڕۆحانی نییە، چونکە ویژدانی پاکە. فێرناندا هەستی بە شەرمەزاری کرد. بەبێ ئەوەی گوێی لە قسەی ئەم و ئەو بێ، بە دەنگی بەرز بە خۆی گوت، ئامارانتا چ گوناهێکی گەورە دەکات و دەیەوێ بەبێ ئیمان بمرێ، نایەوێ دان بە گوناهەکانی لەلای کەشیش ئەنتۆنیۆ ئیسابێل بنێ. ئامارانتا ڕاکشا، ئورسولای ناچار کرد شەهادەت بۆ پاکیزەییی کچێنی بدات. ئورسولا بە دەنگی بەرز هاواری کرد، تا فێرناندا گوێی لێ بێ و گوتی، "بۆ ئەوەی ئیدی قسەی هیچوپووچ نەکرێ. ئامارانتا بوێندیا وەکوو چۆن هاتە دنیاوە، هەر ئاوهاش دنیا جێ دەهێڵێ."

چیی دی ئامارانتا هەڵنەسایەوە. لەنێوان سەرینەکاندا نوقم ببوو، وەک ئەوەی بەڕاستی نەخۆش بووبێت، بسکەکانی هۆنییەوە و لەژێر گوێیەکانیدا کۆی کردنەوە، وەک ئەوەی مەرگ پێی گوتبێ بۆ ناو تابووتەکە خۆت ئامادە بکە. پاشان بە ئورسولای گوت، ئاوێنەیەکی بۆ بێنێ، دوای تێپەڕینی چل ساڵێک، سەیری ئاوێنەکەی کرد و ڕوخساری خۆی بینی، چۆن تەمەن دەموچاوی هەلاهەلا کردووە، تووشی چ ئەشکەنجە و ئازارێکی کرد، سەری لەوەش سووڕ ما، کە زۆر بەو وێنەیە دەکات، کە بە خەیاڵ لای خۆی دروستی کردبوو. ژوورەکە بێدەنگ ببوو، ئورسولا هەستی کرد تاریک داهاتووە و تکای لێکرد و پێی گوت، "دەی، دووعای ماڵئاوایی لە فێرناندا بکە. یەک خولەکی ئاشتبوونەوە هەموو دۆستایەتیی ژیان دەهێنێ."

ئامارانتاش وەلامی دایەوە و گوتی، "تازە بە چی دەچێ."

کاتێک بەشی دووەمی کۆنسێرتەکە دەستی پێ کرد و گڵۆپەکانیان داگیرساند، بەبێ ویست، مێمێ بیری لە ئامارانتا کردەوە. لە ناوەڕاستی پارچەمۆسیقایەکدا، یەکێک هات و هەواڵەکەی چرپاندە بناگوێی و کۆنسێرتەکەیان ڕاگرت. کاتێکیش مێمێ گەیشتەوە ماڵ، ئاورێلیانۆی دووەم، دەبوو بە نووکە ئەنیشک، ڕێگەی خۆی لەنێو حەشاماتەکە بکاتەوە، بۆ ئەوەی سەیری تەرمە قێزەوەن و ڕەنگ تەڵخەکەی قەیرەکچەکە بکات، بە برینپێچەکەی پەنجەیەوە، لەنێو کفنێکی نازداریان پێچابوو. تەرمەکەیان لەتەنیشت سنوقی نامەکان، لە هۆڵی میوان دانابوو.

نۆ شەویان بە ئێشکگرتنی تەرمەکەوە بەڕێ کرد، ئینجا نۆرەی ئورسولا هات، نەیدەتوانی هەڵسێتە سەر پێ. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد ئاگای لێ بوو. خۆراکی بۆ دەبردە ژوورەکەی، گیراوەی ساسفراسی بۆ دەبرد، بۆ ئەوەی خۆی پێ بشوا و هەرچییەکیش لە ماکۆندۆ ڕووی بدایە، بۆی دەگێڕایەوە. ئاوریلیانۆی دووەم، بەردەوام سەری لێ دەدا و جلوبەرگی بۆ دەبرد و ویڕای پێویستیی ڕۆژانەی، ئەویش لەتەنیشت قەرەوێڵەکەی دادەنان، تاکوو دنیایەک شتی لە دەوروبەری خۆی خڕ کردبووەوە. توانیی سۆز و خۆشەویستیی ئامارانتا ئورسولا بەلای خۆیدا ڕابکێشێ، کتومت بە ئەوی دەکرد، فێرە خوێندنەوەشی کرد. هەندە زیرەک و ڕوونبین بوو، هەر بە خۆی کارەکانی خۆی ڕادەپەڕاند، هەمووان دەیانزانی بارستاییی سەد ساڵی لەسەر ئەستۆدایە، دەشیانزانی چاوەکانیشی کز بوون، بەڵام کەس گومانی ئەوەی نەدەکرد، کە بەیەکجاری چاوی کوێر بووبێت. ئورسولا، کاتێکی زۆریشی بەدەستەوە بوو تا بە هێمنییەکی ڕۆحانییەوە چاودێریی ماڵەکە بکات، یەکەم کەسیش بوو هەستی بە خەم و پەژارەی مێمێ کرد و پێی گوت، "وەرە لامەوە. ئێستا هەردووکمان پێکەوەین، دەتوانی بە پیرەژنێکی بەسزمانی وەکوو من بڵێی چیتە." مێمێ بە پێکەنینێکی کورت، کۆتاییی بە وتووێژەکە هێنا. ئورسولا پێداگریی نەکرد، بەڵام نەهاتنەوەی مێمێ بۆ لای، گومانەکەی لەلا کردە دڵنیایی. هەستی کرد لە جاران زووتر خۆی ڕێک دەخات بۆ چوونەدەرەوە، ئەگەر مەوعیدی دەرچوونیشی

هەبووایە، ئۆقرەی لێ هەڵدەگیرا، نەیدەتوانی لە یەک خولەک زیاتر چاوەڕێ بکا، شەوانی واش هەبوو، لە ژوورەکەی تەنیشتی، لەسەر جێگەکەی گینگڵی دەدا و خەو نەدەچووە چاوانی، فڕفڕی پەپوولەیەک، ئەشکەنجەی دەدا. ڕۆژێکیان ئورسولا گوێی لێ بوو، کە میمێ پێداگری دەکات و دەیەوێ بچێ بۆ لای ئاورێلیانۆی دووەم، کاتێک مێردەکەی فێرناندا هاتەوە ماڵ و پرسیاری لە میمێ دەکرد، ئورسولا خوای نەمابوو و دەیگوت، چۆن ئەوەندە گێلە و گومان لە هیچ ناکات. ڕوون بوو کە میمێ گێچەڵێکی زۆری ناوەتەوە، خێراخێرای بوو بکاتە ژوان، هەراسانی لەبەر ڕابوو، گەلێک پێش ئەو ئێوارەیەی فێرناندا وەخت بوو خانووەکە بەسەر خۆیدا برووخێنێ، چونکە میمێی لە سینەما بینیبوو، کوڕێکی ماچ دەکرد.

ئەو کاتە میمێ هەندە داخراو و گۆشەگیر بوو، ئورسولای بەوە تاوانباری کرد، کە ئەو دایکی تێگەیاندووە. لە ڕاستیدا، هەر خۆی خۆی ئاشکرا کرد. ماوەیەک بوو گشت هێماکان هەندە ڕوون و ئاشکرا بوون، نەزان و گەلحۆش درکی پێ دەکردن، بەلام کاتێکی زۆری ویست تا فێرناندا درکی پێ بکات، چونکە ئەو سەرقاڵی نامەنووسین بوو لەگەڵ پزیشکانی نادیار. لەگەڵ ئەمەشدا، هەستی بە بێدەنگییەکی قووڵ کرد، هەستی بە ڕاچەنینی لەناکاو و تەبیعەتتێکچوونی میمێ کرد. لەپڕێکدا قسەی بێسەروبەری دەکرد. بۆیە زۆر بەنهێنی دەستی بە چاودێرییەکی زۆر توند کرد. دەیهێشت لەگەڵ دەستەخوشکە دێرینەکانی بچێتە دەرەوە و جلوبەرگی

لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی بچێتە ئاهەنگی شەممە، هەرگیزیش پرسیارێکی ئاڕاستە نەکرد تا تووشی شەرمی نەکات و گومانی لەلا دروست نەکات. میمێ شتێکی دەگوت، کەچی کارێکی دیکەی دەکرد، لەوەوە، فێرناندا چەند بەڵگەیەکی دەست کەوت، بەڵام هیچی نەدەدرکاند تا نەکەوێتەوە گومانەوە، لە هەلێکی گونجاو دەگەڕا. ئێوارەیەکیان بە دایکی گوت، دەیەوێ لەگەڵ باوکی بچێ بۆ سینەما. دوای وچانێک، فێرناندا گوێی لە تەرەقە و ئاگربازی و دەنگی مۆسیقای ئەکۆردیۆنی ئاورێلیانۆی دووەم بوو لە تەرەفی ماڵی پیەترا کۆتێسەوە دەهات. دەسبەجێ، فێرناندا جلوبەرگی پۆشی و بەپەلەپەل خۆی گەیاندە سینەما و لەنێو نیمچەتاریکی و نیمچەڕۆشنای شوێنی ئۆرکێستراکە، چاوی بە کچەکەی کەوت. ئەم سەرکەوتنە هەندە حەسرەتی دایێ، تووشی وڕبوونێکی کرد، کە چیی دی نەیتوانی بەجوانی ئەو کوڕە ببینێ، کە میمێی ماچ دەکرد، بەڵام لەنێو جوێن و داشۆڕی و قاقای پێکەنینی تەماشاکەراندا، بەتەواوی گوێی لە دەنگی لەرزۆکی کچەکەی خۆی بوو، دەیگوت، "ببوورە، ئازیزم." بەبێ ئەوەی وشەیەک بدرکێنێ، میمێی ناچار کرد ئەوێ بەجێ بهێڵێ، شەرمەزارانە، بە شەقامی تورکاندا تێپەڕین، لەبەر حەشامات جممەی دەهات و بردیەوە ماڵەوە و دەرگای لێ داخست.

بۆ ڕۆژی دوایی، دەوروبەری سەعات شەشی ئێوارە، دەنگی کوڕەکەی ناسییەوە کە هاتبوو سەر لە کچەکەی بدا. گەنجێکی ڕەنگزەردی چاوڕەش بوو، نیگایەکی خەمۆکی

هەبوو، ئەگەر دایکی کوڕە قەرەجێکی ببینایە، هەندە تووشی سەرسووڕمان نەدەبوو. سیمایەکی خەیالاویی هەبوو، هەر ژنێکی، هەر کەمۆکەیەک دڵی لە دڵی فێرناندا نەرمتر بووایە، لە هۆکارەکانی خولیابوونی کچەکەی تێدەگەیشت. چاکەت و پانتۆڵە کەتانەکەی تەواو پەرپووت بوون، پێڵاوەکانی بە توێژی توتیای سپیی ئاتۆمیدانە بەرگرییان لە بوونییان دەکرد، شەپقەیەکی لە گووش دروستکراوی بە دەستەوە بوو، شەممەی رابردوو کڕیبووی، لە هەموو ژیانیدا، هەندە ترسی لەسەر هەڵنەنیشتبوو، بەڵام شکۆی خۆی پاراست و خۆگر دیار بوو، خۆی لە هەموو سووکایەتیپێکردنێک دوورەپەرێز گرت، کەشخەییەکی خۆرسکی هەبوو، تەنها قلیشی دەستەکانی نەبێ، کاری سەختیش نوخانەکانی شکاندبوو. بۆ فێرناندا، ئەم بینینە کەمە بەس بوو تا بزانێ ئەو کوڕە ئیشی دەستی دەکات. لەوەش تێگەیشت کە جلوبەرگێکی خاوێنی یەکشەممووانەشی لەبەردایە و لەژێر کراسەکەشیەوە پێستی زیپکەی گروویی بینی، نەخۆشییەکانی کارگەی مۆزی پێوە دیار بوو. نەیهێشت دەم بکاتەوە. تەنانەی نەیهێشت بچێتە ژوورەوەش، دەبوو دوای ماوەیەکی کەمیش دەرگاکە دابخات، تا پەپوولەی زەرد ماڵەکە نەتەنێتەوە. فێرناندا پێی گوت، "برۆ کاکە. تۆ جێگەت لەنێو خەڵکی ئابڕوومەندا نابێتەوە."

ناوی ماوریسیۆ بابیلۆنیا بوو. هەر لە ماکۆندۆ لەدایک ببوو، هەر لەوێش گەورە ببوو، لە کارگەی مۆزەکە ئیشی شاگردی فیتەریی دەکرد. میمێ هەر بەرێکەوت ناسیبووی،

پاشنیوەڕۆیەکیان، لەگەڵ پاتریسیا براون چوو بوون بۆ ئەوەی ئۆتۆمۆبێلەکەیان لەلای فیتەر بهێننەوە، بۆ ئەوەی پیاسەیەک بەدەوری کارگەی مۆزەکەدا بکەن. شۆفێرەکە نەخۆش بوو، ئەویان ڕاسپارد بۆ ئەوەی شۆفێرییان بۆ بکات، میمێ لەپێشەوە دانیشت، چونکە حەزی دەکرد سەر لە میکانیکیی ئوتومبێل دەر بکات. بە پێچەوانەی شۆفێرە ئاساییەکەوە، ماوریسیۆ بابیلۆنیا، بە شێوەیەکی کردەیی باسی میکانیسمی ئۆتومبێلەکەی بۆ کرد. ئەمەش لە سەردەمێکدا ڕووی دا، کە هەندە نەبوو میمێ هاتوچۆی ماڵی میستەر براونی دەکرد، هێشتا ئەوەیان بەڕەوا نەدەزانی، کە خانمان ئوتومبێل لێبخوڕن. بۆیە هەر بە شێوەیەکی تیۆری لە چۆنێتی لێخوڕینی ئوتومبێل تێگەیشت، چەند مانگێک تێپەڕی، بەبێ ئەوەی ماوریسیۆ بابیلۆنیا ببینێتەوە. دواتر، لە کاتی پیاسەکردندا، ئەوەی هاتەوە یاد، دەستوپلە هێشک و برینگەکانی بترازێ، کە ئەو کوڕە خاوەن جوانییە نێرینەیەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دەستوبرد قسەی لەگەڵ پاتریسیا بروان کرد و پێی گوت، کە زۆر باوڕبەخۆبوونی ئەو کوڕە نارەحەتی دەکات. شەممەی یەکەم، ئەو ڕۆژەی لەگەڵ باوکی چووە سینەما، دووەم جاری بوو چاوی بە ماورێنیۆ بابیلۆنیا بکەوێ، جلوبەرگێکی خاوێنی لەبەردا بوو، زۆر دووریش لەوان دانەنیشتبوو، میمێ سەرنجی ئەوەی دابوو، کە حەزی لە فیلمەکە نییە، زۆر ئاوڕی لێ دەداتەوە، نەک لەبەر ئەوەی بیبینێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی پێی بڵێ سەیری دەکات. میمێ لەم بێشەرمییە زۆر نارەحەت بوو.

لـه کۆتاییی فیلمەکـەدا، ماوریسیۆ بابیلۆنیـا چـووه بەردەمیـان تـا سـڵاو لـه ئاورێلیانۆی دووەم بکات. ئا لـەو سـاتەدا، مێـمێ لـەوه تێگەیشـت، کـه ئـەم دووانـه یەکدی دەناسـن، چونکـه لـه یەکـەم کاری کارەبابیی ئاورێلیانـۆ تریسـتێ کاری کردبـوو، قسـەی لەگـەڵ باوکـی کـرد، وەک ئـەوەی قسـه ئاڕاسـتەی یەکێکـی پلـەدار بـکات. ئـەم ڕووداوه قینـی مێمێـی بەرامبـەر لەخۆباییبوونـی ماوریسـیۆ بابیلۆنیـا هێـور کـردەوه. ڕێـک نەکـەوت تـا پێکـەوه دوو قسـه بکـەن، تەنانـەت نەیانتوانـی سـڵاویش لـه یەکتـر بکـەن، تاکـوو ئـەو شـەوەی خەونێکـی بینیبـوو، کـه ئـەو کـوڕه لـه خنکان ڕزگاری دەکات، کەچـی لەجیاتـی سوپاسگوزاری، هەسـتی بـه تووڕەیـی کردبـوو. وەک ئـەوەی مێمێ دەرفەتێکی بۆ کوڕەکه ڕەخساندبێ، کـه دەمێـک بـوو چاوەڕێـی دەکـرد، کەچـی مێمـێ پڕبـەدڵ حـەزی دەکـرد وەڵاوەی بخـات، نـەک تەنهـا ماوریسـیۆ بابیلۆنیـا و بـەس، بەڵکوو هەمـوو پیاوێـک کـه بیـەوێ لێـی نزیـک ببێتـەوه. بۆیـه، دوای ئـەو خەونـه، تووڕەییيـەک بینی دەگرت، لەجیاتـی ئـەوەی قینـی لـێ ببێتـەوه، ئارەزووی ئاگرینـی بـۆ پەیدا بـوو و حـەزی دەکـرد ببینێـی. لـه مـاوەی ئـەو هەفتەیـەدا، هەراسـانی لەبـەر بـڕا، شـەممەی دواتریـش، ئارەزووەکـەی هەنـده بەتیـن بـوو، کەچـی ئـەو کاتـەی ماریسیۆ بابیلۆنیا سڵاوی لێی کرد، مێمێ هەمـوو هەوڵێکی دا تا کوڕەکه هەست بـەوه بکات، کـه مێمێ لەبـەر ئارەزوو، وەختـه دڵی لـه دەمیـەوه بێتـه دەرێ. بـه یەکێک دەچـوو، لـه هەمـان کاتـدا تووڕەیـی و شـەیدابوون بەرچـاوی گرتبێ، بۆ یەکـەم جار مێمێ دەسـتی تەوقـەی بۆ درێژ کرد و

ماریسیۆ بابیلۆنیا جورئەتی کرد دەستی بگوشێ. لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا، مێمێ لە هەڵچوونەکەی پەشیمان بووەوە، کاتێکیش هەستی کرد دەستی ماریسیۆ بابیلۆنیا وەکوو دەستی خۆی شێدار و تەزیوە، پەشیمانییەکەی بووە ڕازیبوونێکی توند. ئەو شەوە لەوە تێگەیشت، کە چیی دی تۆزقاڵێک حەوانەوەی نابێ تا ئەو دەمەی ئەوە بۆ ماریسیۆ بابیلۆنیا ڕوون دەکاتەوە، کە تەماحەکانی چەند پووچ بوون؛ هەفتەیەک بەدەوری ئەو ئارەزووە نوێیەدا خولایەوە. هەموو فێڵێکی بێکەڵکی تاقی کردنەوە، تاکوو پیاتریسیا براون لەگەڵ خۆی بردی بۆ ئەوەی ئوتومبێلەکە بهێنن. دواجار، مووسووورە ئەمەریکییەکەی بەکار هێنا، کە لەو سەردەمەدا بۆ پشووی سالانە گەڕابووەوە ماکۆندۆ، بردییە گەراج، بە بیانووی ئەوەی دەچن مۆدێلی ئوتومبێلی دیکە دەبینن. کاتێک مێمێ چاوی پێ کەوت، چیی دی نەیدەتوانی خۆی زیاتر هەڵبخەڵەتێنێ، لەو ڕاستییەش تێگەیشت، کە ناتوانێ ئارەزووی پێکەوەبوونی لەگەڵ ماریسیۆ بابیلۆنیا جڵەو بکات، کەچی ئەوەشی دەزانی، کە ماریسیۆ بابیلۆنیا لەو هاندەرەش تێگەیشتووە، کە مێمێی هێنابووە ئەوێ، ئەمە نارەحەتی دەکرد. مێمێ گوتی، "هاتووم سەیری مۆدێلی نوێ بکەم."

ماریسیۆ بابیلۆنیا لە وەلامدا گوتی، "ئەمە بیانوویەکی زۆر بەجێیە."

مێمێ هەستی بەوە کرد، کە خەریکە بە غروور باڵەکانی خۆی دەسووتێنێ، بێسوود لە شتێک دەگەڕا بۆ ئەوەی

سـووکایەتیی پـێ بـکا. بـەڵام ماریسـیۆ بابیلۆنیـا هەلـی بـۆ نەڕەخسـاند و بـە دەنگێکی نـزم پێـی گـوت، "مەترسـە. ئەمـە جـاری یەکەم نییـە ژنێک بۆ پیاوێک شێت و شـەیدا ببێ." مێمی هەستی بە نائومێدییەکی تـەواو کرد، گەراجەکەی جێ هێشت بەبێ ئـەوەی سـەیری مۆدێلـە تازەکانی ئوتومبێلەکانیش بکات، شـەوەکەی بـە گینگڵدان لەسـەر قەرەوێلەکەی بردە سـەر، هۆن هـۆن فرمێسـکی تووڕەیی بـە چاوانیدا دەهاتـە خـوارەوە. لـەو سـەردەمەدا، دڵـی بـە مووسـوورە ئەمەریکییەکـە دەکرایـەوە، کەچی وەکوو مەلۆتکەیـەک دەیبینی. لـەو دەمـەوەی ئیدی، مێمی لەگەڵ دەرکەوتنی ماوریسیۆ بابیلۆنیا، پەپوولـە زەردەکانیشی دەبینی. پێشتر ئـەم پەپوولانـەی بینیبوو، بەتایبەت لـە گەراجی ئوتومبێلـەکان، لای وا بـوو بۆنـی بۆیـاغ ڕایـان دەکێشـێ. هەنـدێ جاریـش، لەنێـو تاریکیـی هۆڵـی سـینەماکەدا هەسـتی پـێ کردبوون، لەسـەر سـەریدا فڕەفڕیان دەکرد. بـەڵام کاتێک ماریسـیۆ بابیلۆنیـا وەکـوو تارماییـیەک دوای مێمـێ دەکـەوێ، تەنهـا مێمـێ دەیتوانـی لەنـاو حەشـاماتدا بیناسـێتەوە، ئیـدی لـەوە تێگەیشـت کـە پەپوولـەکان پەیوەندییـان بـە ئـەوەوە هەیـە. ماریسـیۆ بابیلۆنیـا لـە هەمـوو شـوێنێک دەر دەکـەوت، لەنـاو کۆرسـی مۆسیقا، لـە سینەما، لـە نوێژی یەکشـەموانە، مێمـێ هیـچ پێویسـتییەکی بـەوە نەبـوو ڕوخسـاری ببینـێ تـا بزانـێ لەوێیـە، چونکـە پەپوولـەکان ئـەو ئاماژەیەیـان دەدایـێ. ڕۆژێکیـان، ئاورێلیانۆی دووەم بـە فڕەفڕی باڵـی ئـەو پەپوولـە ناوەختانـە زۆر تـووڕە دەبـێ؛ وەک چـۆن مێمـێ بەڵێنـی پـێ دابـوو هەمـوو نهێنییەکی لـەلا بدرکێنـێ، بـەڵام غەریـزە ئـەوەی

پێ گوت، کە ئەم جارەیان وەکوو جارانی پێشوو پێناکەنێ و پێی نالێ، "ئەگەر دایکت لێرە بووایە، چیی دەگوت!" فێرناندا بەیانییەک خەریک بوو گوڵەباغەکانی هەڵدەپاچی، ڕاچەڵکا و هاوارێکی کرد و مێمێی لەو شوێنە کشاندەوە، لەو شوێنەی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە بەرەو ئاسمان بەرز ببووەوە. هەر لەو ساتەدا، فێرناندا گوێی لە فڕەفڕێ باڵ بوو، هەراسانیان دەکرد، یەکسەر هەستی کرد موجیزەکە دووبارە ببێتەوە، ئەم جارەشیان کچەکەی تووش دەبێ. پەپوولەکان بوون. مێمێ چاوی بە پەپوولەکان کەوت، وەک بڵێی ڕووناکی پەیدای کردبن، خورپەیەک دڵی داگیر کرد. ماوریسۆ بابیلۆنیا پاکەتێکی پێ بوو، دەیگوت ئەمە دیارییەکی میستەر براونە. مێمێ لە شەرما سوور بووەوە، بەزەحمەت تفی خۆی پێ قووت دەدرا، کەچی مێمێ بەسەر ئەم کۆسپەدا زاڵ بوو، تەنانەت توانیی زەردەخەنەیەکی سروشتییانەش بکات، لەبەر ئەوەی دەستوپلی بە خۆڵەوە بوو، داوای لێ کرد پاکەتەکە لەسەر لێواری دیواری هەیوانەکە دابنێ. تەنیا شتێک کە سەرنجی فێرناندای ڕاکێشا، ڕەنگپەڕیویی پێستی ئەو کوڕە بوو، تەنانەت دوای چەند مانگێک، ئەم کوڕەی لە ماڵ دەر کرد، کەچی ئەو ڕووداوەی نەدەهاتەوە یاد. فێرناندا گوتی، "پیاوێکی زۆر سەیرە. لەسەر ناوچەوانی نووسراوە، هەندەی پێ ناچێ ئەم کوڕە دەمرێ."

مێمێ هەستی کرد دایکی هێشتا لەژێر کاریگەریی پەپوولەکانە. دوای ئەوەی فێرناندا و مێمێ لە هەڵپاچینی گوڵەباغەکان بوونەوە، مێمێ چوو دەستی بشوات و

پاکەتەکـەی هەڵگـرت و بـردی بـۆ ژوورەکـەی، تـا بیکاتـەوە. یارییەکـی چینـی بـوو، کـە لـە پێنـج سـنوق پێـک هاتبـوو یـەک دەچـووە نـاو ئـەوی تـرەوە و لـە دواسنوقیشـدا کارتێکـی تیـا بـوو، بـە دەسـتخەتێکی یەکێکـی ناشـەرەزا لەسـەری نووسـرا بـوو: "شـەممە یەکتـر لـە سـینەما دەبینیـن." لەنـاکاو، کاتێـک مێمـێ هەسـتی کـرد پاکەتەکـە لەسـەر لێواری هەیوانەکـە بـوو و بـە بەرچـاوی فێرنانـداوە مابـووەوە، حەپەسـانێک دای گـرت و تووشـی نیگەرانیـی کـرد. بوێـری و سـاویلکەیی ماوریسـۆ بابیلۆنیـاش دڵـی خـۆش کـرد، دڵـی بـە سـادەیی ئـەو دەسـووتا. ئومێدەوار بـوو لـە شـوێنی ژوان چـاوی پێـی بکەوێتـەوە. مێمـێ دەیزانی شـەممەی داهاتوو ئاورێلیانۆی دووەم دەسـتی گیراوە. کەچـی ئۆقـرەی لـێ هەڵگیرابـوو، بـە نزیکبوونـەوەی شـەممە، باوکـی قاییـل کـرد تاکـوو رێگـەی بـدا بەتەنیـا بچێتـە سـینەما، دوای تەواوبوونـی فیلمەکـەش، بچـێ بەشـوێنیا. بەدرێژاییـی ئـەو ماوەیـەی گلۆپـەکان داگیرسـابوون، پەپوولەیەکـی شـەو، بەسـەر سـەرییەوە فرەفـڕی دەکـرد. پاشـان ئـەوە ڕووی دا، کـە دەبـوو ڕوو بـدات. هـەر بـە کوژانـەوەی گلۆپـەکان، ماوریسـۆ بابیلۆنیـا چـوو لەتەنیشـت مێمێـوە دانیشـت. مێمـێ هەسـتی دەکـرد بـۆ بەنـاو زەلکاوێکـی لیتـەدا پەلکێش دەکـرێ و ترسـێکیش نغرۆی دەکاتـە نێو ئـەو لیتاوەوە؛ وەک چۆن لـە خەونەکەیدا بینیبووی، تاقـە کەسیش ڕزگاری بکا، ئەو پیـاوە بوو کـە بۆنـی گریسـی لێدەهـات، بەزەحمـەت لەناو تاریکییەکەدا دەیبینـێ. ماوریسـۆ بابیلۆنیا بـە مێمـێ گـوت، "ئەگـەر نەهاتبـای، ئـەوە هەرگیزاوهەرگیـز چـاوت پێـم نەدەکەوتـەوە."

دەستی لەسەر ئەژنۆی میمێ دانابوو، هەستی بە قورساییی دەستی دەکرد، هەر لەو کاتەشدا، هەستی بەوە کرد کە پێکەوە خەریکن بەرەو بێهەراسانی شۆڕ دەبنەوە.

میمێ بەزەردەخەنەوە پێی گوت، "ئەوەی نارەحەتم دەکات، تۆ هەمیشە شتێک دەڵێی دەبێ نەیڵێی."

میمێ شێت و شەیدا بوو. خەو لە چاوانی تۆرا، ئیشتیای بۆ خواردن نەما، نغرۆ بووە نێو تەنیاییەکی واوە، تەنانەت حەوسەڵەی باوکیشی نەما. بۆ ئەوەی سەر لە فێرنانندا تێک بدا، تەونی ئاڵۆزکاوی فێڵاویی بۆ چوونەدەرەوەی دەهۆنییەوە، دەستەخوشکەکانی نەدەبینی، کات و شوێن گرینگ نەبوو، تەنها بۆ ئەوەی چاوی بە ماوریسۆ بابیلۆنیا بکەوێت، هەرچی ئەدەب و ڕێز هەبوو، هەمووی خستبووە ژێر پێیەوە. سەرەتا، دڕدۆنگییەکەی نارەحەتی دەکرد. یەکەمین جار، لە ئاقارە چۆلوهۆلەکەی پشت گەراجەکە، دووبەدوو بوون، ماوریسۆ بابیلۆنیا هەندە کێوییانە مامەڵەی لەگەڵ کرد، میمێی تەواو شەکەت کردبوو. ماوەیەکی زۆری ویست تاکوو لەوە تێبگات، کە ئەم مامەڵەکردنەش جۆرێکە لە ئەڤینداری، لەو ڕۆژە بەدواوە، بەیەکجاری ئاسوودەی خۆی لەدەست دا، تەنها بۆ ئەو و لە پێناو ئەودا دەژیا، هەندە حەشەرییانە خۆی فڕێ دەدایە نێو بۆنی ڕۆن و گریس و تایتاو، تەواو شێت و شەیدا ببوو. پێش مردنی ئامارانتا بە ماوەیەک، میمێ لەپڕێکدا، لەنێو شێتییەکەیدا، ڕووناکیی ئەقڵی بینی، هەستی کرد ئایندە ڕوون نییە، مووچوڕکێک بە لەشیدا گەڕا. لەو دەمەدا بوو باسی ئەوەیان کردبوو،

ژنێک هەیە فاڵی وەرەق دەگرێتەوە، بەدزییەوە چوو سەری لێ دا. پیلار تێرنێرا بوو. هەر کە مێمێی بینی، خێرا درکی بۆ هۆکاری هاتنەکەی کرد و پێی گوت، "دابنیشە. پێویستم بە وەرەقە نییە تاکوو ئاییندەی ئەندامی بنەماڵەی بوێندیا بخوێنمەوە." مێمێ ئەوەی نەدەزانی، هەرگیزیش ئەوەی نەزانی کە جادووگەرە سەدساڵەییەکە، داپیرەگەورەیەتی. باوەڕی بە ئەوەش نەکرد، کە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و بێ پێچوپەنا پێی گوت، ئەم جۆرە شێت و شەیدابوونە تەنها لەناو جێگە هێور دەبێتەوە. ماوریسیۆ بابیلۆنیا ئەم ڕاستییەی دەزانی، بەڵام مێمێ هەموو هەوڵێکی دا تاکوو دان بەم ڕاستییەدا نەنێت، لای وا بوو ئەمە کاڵفامیی ئەوانەیە، کە پیشەی دەستی دەکەن. مێمێ لەو کاتەدا بیری دەکردەوە، کە ئەم جۆرە خۆشەویستییانە جۆرەکەی دیکە دەکوژێ، چونکە ئەمە بەشێکە لە سروشتی پیاوان، دوای تێربووینان، حاشا لە برسێتییەکەیان دەکەن. نەک تەنها پیلار تێرنێرا هەڵەکەی بۆ چاک کردەوە، بەڵکوو تەختە بووکێنییە کۆنەکەی خۆشی بۆ پێشنیار کرد، لەسەر هەمان ئەو قەرەوێڵەیەی کە سکی پڕ بوو و ئەرکادیۆی باپیرەگەورەی مێمی بوو و دواتریش ئاورێلیانۆی خۆستێ بوو. هەروەها ئەوەشی پێ گوت، کە چۆن دەتوانێ خۆی لە سکپڕبوونێکی نەخوازراویش بپارێزێ. ئەویش بە هۆی هەڵماندنی مەڵحەمێکەوە، کە لە ئاردی خەرتەل دروست دەکرێ، چەند گیراوەیەکیشی پێشنیار کرد، کە لە کاتی لیقەومانێکدا، تەنانەت "ئازاری هەست بە گوناهیش" خاوێن دەکاتەوە. ئەم چاوپێکەوتنە

میمێی پڕ لە ئازایەتییەک کرد، کە ئەو پاشنیوەڕۆیەی شەرابی زیادلەپێویستی خواردبووەوە، هەستی پێ کردبوو. بەڵام، مەرگی ئامارانتا وای کرد، کە بڕیارەکەی دوا بخا. لە ماوەی ئەو نۆ شەوەی بۆ ئێشکگرتنی تەرمی ئامارانتا تەرخان کرابوو، تەنها یەک دەقە چییە، لە ماوریسیۆ بابیلۆنیا دوور نەکەوتەوە، لە ناو ئەو حەشاماتەی بۆ پرسەکە هاتبوون، ون ببوو. دواتر پرسەیەکی دووروودرێژ گیرا، دەرگاداخستنی بەسەردا هات، ئەم دووە بۆ ماوەیەک لە یەکتر جودا بوونەوە. لەو ماوەیەدا، شڵەژانێکی ناوەکی، هەناوی میمێی دەچووزاندەوە، بێئۆقرەییەکی هەند تیژ، کە ڕێگەلێگرتنی مەحاڵ بوو، هەندە ئارەزووی ئاگرین تیایدا پەنگی خواردبووەوە، هەر ئەوە پاشنیوەڕۆیەی هەلی بۆ ڕەخسا بچێتە دەرەوە، ڕێک و ڕاست ڕێگەی ماڵی پیلار تێرنێرای گرت. بەبێ هیچ بەرگرییەک، خۆی بۆ ماوریسیۆ بابیلۆنیا شل کرد، بەبێ شەرم، بەبێ هیچ پێشەکییەک، بە حەزێکی سروشتییەوە، بە نەستێکی هەند لێزانانە، ئەگەر هەر پیاوێکی دیکە بووایە، بە مەعلانێکی تەواوی لەقەڵەم دەدا. دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، بۆ ماوەی سێ مانگ پێکەوە ئەوینیان دەکرد، ئاورێلیانۆی دووەم، نیازپاکانە پارێزگاریی لێ دەکرد، بەبێ ئەوەی بیر لە شتێکی خراپ بکاتەوە، بیانووی کچەکەی بەهەند وەر گرتبوو، بەکورتی، بۆ ئەوەی لەژێر ڕکێفی دایکە سەرسەختەکەی ڕزگاری کات.

ئەو ئێوارەیەی فێرناندا لە سینەما دابووی بەسەریا، فێرناندا دەرگای ژووری لە میمێ دادەخست، ئاورێلیانۆی

دووەم هەستی بە بارستاییەکی زۆر کرد، ویژدانی ئازاری دەدا، چووە ژوورەکەی میمێ و لەوەش دڵنیا بوو، کە کاتێ نهێنییەکانی سەردڵی هەڵدەڕێژێ، هەست بە ئیسراحەت دەکا. کەچی میمێ حاشای لە هەموو شتێک دەکرد. هەندە لە خۆی دڵنیا بوو، هەندەش ڕۆ چووبووە نێو گۆشەگیرییەکەیەوە، ئاوریلیانۆی دووەم هەستی کرد هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نەماوە، هەر دۆستایەتییەک هەبوو، هەر هاودەمییەک هەبوو، هەرچی هاودڵییەک هەبوو، لە وەهمێک زیاتر، هیچی دیکە نەبوون. بیری لەوەش کردەوە، کە بچێ ماوریسیۆ بابیلۆنیا ببینێ و وەک وەستاکە پێشووی ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ و لە پرۆژەکانی پەشیمانی دەکاتەوە، بەڵام پیەترا کۆتێس پێی گوت، لێی بگەڕێ، ئەم ئیشە تەنها ئیشی ژنانە و بۆیە لەنێوان بڕیار و پەشیمانبوونەوەدا گیری خواردبوو، کەمە هیوایەکیشی بەوە مابوو، کە ئەم تەنیاییە کچەکە لەو گرفتارییە ڕزگار دەکات.

میمێ بە هیچ جۆرێ خەم و پەژارەکانی دەر نەدەخست. کەچی لە ژوورەکەی تەنیشتیەوە، ئورسولا هەستی بەوە کردبوو، کە بە هێمنی و ئاسوودەیی دەخەوێ، زۆر بەئارامییەوە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات، بەڕێکوپێکی و لە کاتی خۆیدا نانی دەخوارد و بەجوانییش هەرسی دەکرد. تاقە شتێک ئورسولای نیگەران کردبوو، ئەوە بوو کە نزیکەی دوو مانگ بەسەر سزاکەدا تێپەڕیبوو، کەچی میمێ وەکوو ئەندامانی دیکەی خێزانەکە، بەیانییان خۆی نەدەشۆرد، بەڵکوو دەوروبەری سەعات حەوتی ئێوارە

دەچووە حەمامەوە. چەند جارێکیش، ویستی لە دووپشکەکانی حەمامەکە ئاگاداری بکاتەوە، بەڵام میمێ زۆر لالووت بوو لێی، چونکە دڵنیا بوو ئەو سیخوڕیی بەسەرەوە کردووە، ئورسولاش نەیدەویست وەک داپیرەگەورەیەک خۆی بگلێنێتە وردەکارییەکانی میمێوە. دەمەوئێوارە، پەپوولە زەردەکان هەموو ماڵەکەی تەنییەوە. هەموو ئێوارەیەک، کاتێک میمێ لە حەمامکردن دەگەڕایەوە، فێرناندای دەبینی، زۆر نائومێدانە بە مێشکوژێکەوە بەر بۆتە گیانی ئەو پەپوولانە، دەیگوت، "چ کارەساتێکە. هەمیشە ئەوەیان بۆ گێڕاومەتەوە، کە پەپوولەی شەوان شووم و نەگبەتین." ئێوارەیەکیان، هێشتا میمێ لە حەمامکردن بوو، فێرناندا هەر بەڕێککەوت سەری لە ژوورەکەی میمێ دا، پەپوولەیەکی یەکجار زۆری بینی، وەخت بوو تەنگەنەفەس ببێ. پارچەپەڕۆیەکی فڕێدراوی هەڵگرت و بەر بووە گیانی پەپوولەکان، زەندەقی چوو کاتێک حەمامی شەوانەی کچەکەی و مەڵحەمی ئاردی خەرتەلی بینی، لەسەر زەوییەکە غل ببووەوە. وەک جاری پێشوو هیچی نەگوت، چاوەڕێی کاتی گونجاوی کرد. بۆ ڕۆژی دوایی، بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ، داوەتی سەرۆکی شارەوانییە نوێیەکەی کرد، ئەویش وەکوو فێرناندا خەڵکی باکوور بوو، داوای لێ کرد، کە پێویستی بە چەند پاسەوانێکە تا پشتەوەی حەوشەیان بۆ بپارێزن، چونکە هەستی دەکرد دزێک پەیدا بووە، مامری لێ دەدزێ. ئەو ئێوارەیە، ماوریسیۆ بابیلۆنیا خەریک بوو هەڵدەگژی بەسەر خشتی سەر خانووەکەدا، تا خۆی بخزێنێتە ناو حەمامەکەی میمێ. پاسەوانەکان

تەقەیان لێی کرد. مێمێش، هەر بەرووتی، لەنێو دووپشک و پەلووەکاندا هەڵدەلەرزی و چاوەڕێی دەکرد. گوللەیەک بەر بڕبڕەی پشتی کەوت، تا لە ژیاندا ما، ئیفلیجی کرد. تا پیر بوو، بە تاقی تەنیا ژیا، بەبێ ئەوەی هیچ سکالایەک تۆمار بکات، بەبێ ئەوەی هیچ نارەزاییەک دەر ببڕێ، بەبێ ئەوەی رازەکانی خۆی لای کەسێک بدرکێنێ، لەنێو یادەوەرییەکانی پەپوولە زەردەکان، کە ئیسراحەتیان لێ بڕیبوو، دنیای وەک مریشکدزێک جێ هێشت.

# ١٥

کاتێک کوڕەکەی میمێ بویێندیایان هێنایەوە ماڵ، ئەو زەبرە کوشندانەی لە ڕێگەی ڕووداوی جیاوازەوە بەر ماکۆندۆ کەوتبوون، ڕوونتر دەر دەکەوتن. بارودۆخی گشتی گەیشتبووە ئاستێکی هەند ناڵەبار، کەس خولقی ئەوەی نەبوو باسی ڕیسوایی و ئاوزڕاندنی ئەم و ئەو بکات، بە ئەندازەیەک، فێرناندا ئەم هەلە لەبارەی قۆزتەوە بۆ ئەوەی منداڵەکە بشارێتەوە، وەک ئەوەی هەر نەبووبێت. لە هەلومەرجێکدا منداڵەکەیان هێنابووەوە ماڵ، ناچار بوو قبوڵی بکات، نەدەکرا ڕەتی بکاتەوە. فێرناندا ئەو منداڵەی دژ بە حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا گل دایەوە، چونکە لە کاتی خۆی نەیوێرا منداڵەکە لە حەوزی حەمامەکەدا بخنکێنێ. منداڵەکەی کردە تاقیگە کۆنەکەی ئاوریلیانۆ بویێندیای سەرهەنگەوە و دەرگای لێ داخست. سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادی ڕازی کرد، تا بڵێ ئەو منداڵەی لەناو سەبەتەیەکدا دۆزیوەتەوە، کە ئاو هێنابووی. ئورسولا هەتا مرد، بن و بنەچەی ئەو منداڵەی بۆ ڕوون نەبووەوە. ئامارانتا ئورسولا بچکۆلەکە ڕۆژێک دەچێتە تاقیگەکەوە و چاوی بە فێرناندا دەکەوێت، خەریکە

خۆراک دەدات بە منداڵەکە و ئەویش بڕوای بە حەکایەتی سەبەتە دۆزراوەکەی ناو ئاوەکە کرد. ئاورێلیانۆی دووەم، بەیەکجاری سەری خۆی هەلگرت، چونکە ژنەکەی ڕۆلێکی یەکجار بێمانای لە کارەساتەکەی مێمێدا بینی، سێ ساڵ دوای ئەوەی منداڵەکەیان هێنابووە ماڵەوە، دانی بە بوونی کچەزاکەیدا نا؛ منداڵەکە ئەو چەند ساتەی قۆزتەوە، کە فێرناندا خافڵ ببوو و لە دەستی هەڵات و لە چاو تروووکانێکدا، هەر بەڕووتوقووتی، قژبژ، کێرێکی ڕەپ و ڕاستیشی هەبوو، دەتگوت چەرمی لووتی قەلەموونە، چووە ژێر هەیوانەکە؛ بە مرۆڤ نەدەچوو، بەڵکوو بەپێی ئینسایکلۆپیدیاکە، بە مرۆڤی سەرەتاییی دەکرد.

فێرناندا لە هەموو ژیانیدا چاوەڕێی بەزمێکی وای لە چارەنووسە نەگریسەکەی خۆی نەدەکرد. ئەو منداڵە بە بووژانەوەی ئابڕووچوونێک دەچوو، وای زانی لە ڕەگەوە هەلکێشراوە. هەر دوای ئەوەی ماوریسیۆ بابیلۆنیایان بە ملێکی شکاوەوە بردەوە، فێرناندا دەستبەجێ و زۆر بەوردی نەخشەیەکی دانا، تا هەرچی پەڵەی شوورەیی و ئابڕووچوون هەیە، بیشواتەوە. بەبێ ئەوەی پرس بە مێردەکەشی بکات، بۆ ڕۆژی دواییی، هەموو بوزگوڕەکانی خستە باوڵێکی سێخانەی بچووکەوە، سێ تاخم جلوبەرگی کچەکەی تێ ئاخنی و دوای نیوسەعات، پێش دەرچوونی شەمەنەفەرەکە، چووە ژووری کچەکەی و پێی گوت، "دەی ڕێناتا، با بڕۆین."

هیچی بۆ ڕوون نەکردەوە. مێمێش لەلای خۆیەوە، چاوەڕێی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەکرد، هیچ ئارەزووشی نەبوو شتێک بۆ دایکی ڕوون بکاتەوە. نەک هەر نەیدەزانی بۆ کوێ دەچن،

تەنانەت ئەگەر بچوونایە بۆ قەسابخانەش، بۆ ئەو هەر وەک یەک وا بوو. یەک وشەی نەدرکاند، تەنانەت تا لە ژیانیشدا ما، تەنها یەک وشەی لە دەم هەڵنەوەری: هەر لەو ساتەوەی لەپشت حەوشەکەوە گوێی لە تەقەکە بوو و گوێی لە هاواری دڵتەزێنی ماوریسیۆ بابیلۆنیاش بوو. کاتێک دایکی پێی گوت لە ژوورەکەی وەرە دەرەوە، نە خۆی ڕێک خستبوو، نە قژی شانە کردبوو، نە دەموچاوی شوشتبوو، ئەوها سواری شەمەندەفەرەکە بوو، وەک یەکێک بەدەم خەوەوە ڕێ بکا، بەبێ ئەوەی هەست بە پەپوولە زەردەکانیش بکات، کە یاوەرییان دەکرد. فێرناندا نەیدەزانی، نەشیویست بزانێ ئایا کچەکەی هەر بە ویست و ئارەزووی خۆی بووەتە بەردێکی ڕەقوتەق و قسە ناکات، یا ئەوەتە دوای ئەو کارەساتە دڵهەژێنە نوتقی گیراوە. بە هەوارگەلێکی ئەفسووناویدا گوزەریان کرد؛ بەدرێژاییی ئەو سەفەرە، مێمێ تەنها یەک تۆزقاڵ هۆشی بەبەرەوە مابوو. کێڵگەکانی مۆزی نەبینی، لەمبەر و ئەوبەری هێڵی شەمەندەفەرەکەدا دەر دەکەوتن. نە خانووە سپییەکانی بیانییەکان و نە باخچەکانیانیشی بینی، گەرما و تەپوتۆز هەڵی پرووکاندبوون، نە چاوی بە ژنە شۆرتلەپێ و کراسی خەتخەتە شینەکان کەوت، کە لەژێر تێپەڕگەی دەروازەکانیان خەریکی یاریی کاغەزێن بوون. لە ڕێگە خۆڵاوییەکە گالێسکەکانیشی نەبینی، کە گا ڕای دەکێشێت و هێشووەمۆزی بار کردبوو. ئەو کچۆڵەنەشی نەبینی، کە وەکوو ماسی لەناو ئاوە سازگارەکاندا هەڵدەبەزانەوە و بۆ ڕێبوارەکانیش، لە داخی مەمکۆڵە جوانەکانیان، هەناسەی ساردیان هەڵدەکێشا، نە کوخە نزمە ڕەنگاوڕەنگی کرێکارەکانیشی

بینی، کە بەسەر سەریانەوە پەپوولە زەردەکانی ماوریسیۆ بابیلۆنیا فڕەفڕیان بوو. منداڵی ڕەنگپەڕیو و کەسکهەڵگەڕاو، لە بەردەم دەرگا، لەناو تەشتەکانیان دانیشتبوون و ژنانی دووگیانیش بە دەنگی بەرز جوێنیان بە شەمەنەفەرەکە دەدا. کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، ئەم دیمەنە هەڵهاتووانە وەک ئاهەنگێک بە پێشچاویدا تێدەپەڕین، کەچی ئێستا بە هیچ شێوەیەک شتێکی لە ناخی میمێدا نەدەبزواند. تەنها یەک جاریش لە پەنجەرەکەوە نەیڕوانییە دەرەوە، تەنانەت ئەو دەمەشی کە شێ و هالاوی کارگەی مۆزەکەش تەواو بوو، ئیدی شەمەندەفەرەکە بەناو کێڵگەی شلێراندا تێپەڕی، لە دوورەوەش لاشەی کەشتییە ئیسپانییە سووتاوەکە دەر کەوت، بە نێو هەوایەکی ڕووناکیدا، بەکەناری زەریایەکی کەفاوی و خوێناویدا تێپەڕی، سەدەیەک پێشتر هەموو وەهمەکانی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بە ڕوویدا تەقاندبووەوە.

سەعات پێنجی پاشنیوەڕۆ گەیشتنە دواوێسگەی ناوچەی زەلکاوەکان. میمێ دوای دایکی لە شەمەندەفەرەکە دابەزی، سواری گالیسکەیەکی بچووک بوون، کە بە شەمشەمەکوێرەیەکی زەبەلاحی دەکرد و ئەسپێکی تەنگەنەفەس ڕای دەکێشا، بەناو شارە غەمگینەکەدا تێپەڕین، دواجار ڕێگەیەکی دووروودرێژیان گرتە بەر، کە خوێ ئەملا و ئەولای ڕێگەکەی کرۆشتبوو، دەنگی ڕاهێنانی پیانۆ بەرز دەبووەوە، هەر هەمان دەنگی مۆسیقای ئەو پیانۆیەی هەبوو، کە کاتی خۆی فێرناندای هەرزەکار، لە ئانی خەوتنی پاشنیوەڕۆدا گوێی لێ دەگرت. سواری کەشتییەکی ڕووبار بوون، چەرخە دارینەکانی تەقەتەقێکی ناخۆشیان دەکرد، لەوحی میتاڵەکانی ژەنگ لێی

دابوون، بریقەی دەهات، دەتگوت دەمەتەنوورە. میمێ دەرگای کابینەکەی لە خۆی داخست. ڕۆژی دوو جار فێرناندا دەچوو سینییەک خۆراکی لەتەنیشت تەختەکەی بۆ دادەنا، هەردوو جارەکەش بەبێ ئەوە میمێ دەستی بۆ بەرێ، سینییەکانی دەبردەوە، نەک لەبەر ئەوەی میمێ بڕیاری دابوو لە برسا خۆی بکوژێ، بەڵام هەر لە بۆنی خۆراکەکە قێزی دەهاتەوە، تەنانەت دڵی ئەو جۆرە ئاوەشی هەڵنەدەگرت، کە قووتی دەدا. تەنانەت ئاگای لەوەش نەبوو، سکپڕبوونەکەی بەسەر گیراوەی خەرتەڵەکەدا زاڵ بووە، دوای هێنانەوەی منداڵەکە بە ساڵێکیش، فێرناندا ئاگای لە هیچ نەبوو. کاتێک دیوارە میتاڵەکان دەلەرینەوە، بۆنی قوڕاوی پاچکەی کەشتییەکە، کە لەگەڵ خۆی لوولی دەدا و دەچووە ژووری کابینەکەوە، میمێی تووشی نەخۆشی کرد. حیسابی شەو و ڕۆژی لێ تێک چوو. دوای ماوەیەکی زۆر، چاوی بە دواپەپوولەی زەرد کەوت، خۆی دەکێشایە قەراغی پانکەکە و خۆی دەکوشت؛ ئەو ڕاستییە نەخوازراوەی قبوڵ کرد، ئەمە ئاماژەیەک بوو بۆ مەرگی ماوریسیۆ بابیلۆنیا. بەڵام نەیهێشت بێئومێدی بەسەریدا زاڵ ببێ. بێوچان بیری لە ماوریسیۆ بابیلۆنیا دەکردەوە، ئەو سەفەرەی بەسەر بارگیرەکەوە بوو، ئەو کاتەی بە بەرزاییە وڕینەئامێزەکاندا تێپەڕین، بەو شوێنەی جاران ئاورێلیانۆی دووەمی تیادا ون بوو، لەو دەمەی چووبوو لە جوانترین ژنی سەر گۆی زەوی دەگەڕا، ئەو کاتەی بە ڕچەی هیندییە پێستسوورەکاندا گوزەریان کرد، تا بچنە شارە غەمگینەکەوە، لە کوچە بەردەڵانەکەوە دەنگی فوغانی جەنازەی سیودوو کڵێساکان دەنگی دەدایەوە. ئەو

شـەوە لەنـاو کۆشکی کۆلۆنیالـی چۆڵوهـۆڵ، لەسـەر ئـەو تەختەدارانـە خەوتـن، کـە فێرنانـدا ڕیـزی کـردن، لـە ژوورێکـدا پـڕی لـە گژوگیـا بـوو؛ پـەردەی پەنجەرەکانیـان ڕاپسـکان و ئاڵاندیاشـە خۆیانـەوە، هەرکاتێـک خۆیـان لەسـەر تەختـەکان وەر گێڕایـە، پـەردەکان هەلاهـەلا دەبـوون. کاتێـک میمـێ ئـەو نەجیبـزادە ڕەشپۆشـەی بینیـی، کـە کاتـی خـۆی خسـتبوویانە سنوقێکی قورقوشمینەوە، لە یەکێک لـەو جەژنـە دوورانـەی بۆ لەدایکبوونـی مەسـیح سـازیان کردبـوو، بـە بەردەمیـدا تێپـەڕی، ئینجـا زانیـی لەکوێـن. ڕۆژی دوایـی، دوای نوێـژ، فێرنانـدا میمێـی بـۆ تەلارێکـی غەمگیـن بـرد. یەکسـەر بیـری بـۆ ئـەو قوتابخانـەی ئایینییـە چـوو، کـە کاتـی خـۆی دایکـی بـۆی بـاس کردبوو. لەو قوتابخانەیە پەروەردەیەکی شـاژنانەیان کردبوو. لـەوەش تێگەیشـت، کـە ئـەوێ دواوێسـگەی سـەفەرەکەیانە. لـەو دەمـەی فێرنانـدا لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە، لـە مەکتەبەکـەی تەنیشـتی، قسـەی دەکـرد، میمـی لـە سـاڵۆنەکە چاوەڕێـی دەکـرد، بـە تابلـۆی ڕۆنیـی خانەخانـە ڕازاندرابـووەوە، وێنـەی ئێڤێکـی سـەردەمی کۆلۆنیاڵـی لەسـەر کرابـوون. میمـێ لـە سـەرمادا هەڵدەلـەرزی، چونکـە بـە کراسـێکی تەنکـی کەتانـەوە سـەفەری کردبـوو، وردەگوڵـی ڕەشـی لەسـەر بـوو، پێڵاوەکانـی لەبـەر سـەرمای تەزیـوی باکـوور پەلمابـوون. بەپێـوە، لـە ناوەنـد ساڵۆنەکە ڕاوەسـتابوو، سـەیری تیشـکی زەردی پەنجەرەکـەی دەکـرد، خەیاڵـی لای ماوریسـیۆ بابیلۆنیـاوە بـوو، کاتێـک کچـە شـاگردێک لـە مەکتەبەکـەوە دەر هـات، تـا بڵێـی جـوان بـوو، باوڵـە سێخانەکەی بـۆ هەڵگرتبـوو، چەنـد دەسـتێک جلوبەرگـی تیـا بـوو. بەتەنیشـت میمیدا تێپـەڕی، بەبـێ ئـەوەی ڕابوەسـتێ،

دەستی بۆ درێژ کرد و پێی گوت، "دەی با بڕۆین، ڕێنێتا."
میمێش دەستی گرت و کەوتە ڕێ لەگەڵی. بۆ دواجار فێرناندا میمێی بینی، هەوڵی دەدا هەنگاوەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی کچە شاگردەکە ڕێک بخات، دەرگا شیشدارەکە داخرا. هێشتا بیری لەلای ماوریسیۆ بابیلۆنیا بوو، بیری لە بۆنی ڕۆن و پەپوولەکانی دەوروبەری دەکردەوە، هەموو ڕۆژێک بیری لێ دەکردەوە، تا یەکێک لە بەربەیانەکانی پایز، بە ناوێکی دیکەوە، بەبێ ئەوەی وشەیەک بدرکێنێ، لە یەکێک لە نەخۆشخانە تاریکەکانی کراکوفی، بەپیری دەمرێ.
فێرناندا، بە شەمەندەفەر، لەگەڵ چەند پۆلیسێکی چەکدار، گەڕایەوە ماکوندۆ. لە ماوەی ئەو سەفەرەدا، هەستی بە ناڕەحەتیی موسافیرەکانی کرد، بەو گوندانەی شەمەندەفەرەکە پێیدا تێدەپەڕی، سەربازانی دەبینی خەریکی خۆسازدانن، لەوە دڵنیا بوو کە خەریکە شتێکی مەترسیدار ڕوو دەدات، بەڵام پێویست بوو بگاتەوە ماکوندۆ بۆ ئەوەی زانیارییەکی تەواوی لەمەڕ ئەو جموجووڵانە دەست بکەوێت. پێیان گوت خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم خەریکە کرێکارانی کارگەی مۆزەکە هان دەدات بۆ ئەوەی مان بگرن. فێرناندا بە خۆی گوت، "هەر لەمەمان کەم بوو. ئەنارشیستێک لەناو خێزانەکەدا پەیدا بووە." وەک ئەوەی پێشبینیی بۆ دەکرا، دوای دوو هەفتە، مانگرتن دەستی پێ کرد، بەرئەنجامێکی کارەساتاویی لێ نەکەوتەوە. خواستی کرێکاران ئەوە بوو، کە ناچار نەکرێن ڕۆژانی یەکشەممە مۆز لێبکەنەوە و باری بکەن. ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیشیش دەیگوت، ئەم داخوازییە لەگەڵ شەریعەتی خودا یەک دەگرێتەوە، بۆیە دەنگی خۆی

خستە پاڵ دەنگی کرێکاران. تا سەرگرتنی ئەم داخوازییە و ئەو داخوازییانەی لەو ساڵەدا بەدەست هاتن، وای لە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی نەدیت و نەناسراو کرد، بناسرێ. ئەویان تەنها بە ئەوەوە دەناسی، کە خەریکە گوندەکەیان پڕ لە قەحپەی فەرەنسی دەکات. وەک چۆن بە بڕیارێکی کتوپڕ هەموو مریشکە شەڕانییەکانی فرۆشت بۆ ئەوەی شەریکەیەکی کەشتیوانیی سەیروسەمەرە دابمەزرێنێ، هەر ئەوهاش بڕیارێکی دیکەی دا، وازی لە کاری بەڕێوەبەرانی کارگەی مۆزەکە هێنا، بۆ ئەوەی بچێتە پاڵ کرێکارانەوە. دەستبەجێ تۆمەتی بەکرێگیراوێکی نێونەتەوەییان دایە پاڵی و گوتیان، خەریکە ئاشتەوایی گشتی تێک دەدات. هەفتەیەک بوو، باس هەر باسی دەنگۆیەکی شووم دەکرا، شەوێکیان، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەهاتە دەر، هەر بە موجیزە لەو چوار گوللەی نادیار ڕزگاری دەبێ. لە مانگەکانی دواییدا، جەو هەند گرژ و نالەبار بوو، تەنانەت خودی ئورسولاش لەناو ئەو تاریکییەدا دەژیا، هەستی کرد دووبارەبوونەوەی هەمان ئەو سەردەمەیە، کە ئاورێلیانۆ بوێندیای کوڕی حەبی چکۆلەی ئۆمیۆپاتیکی یاخیبوونی دەخستە گیرفانیەوە. ئورسولا ویستی قسە لەگەڵ خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بکات، تا ئاقیبەتی ئەم ڕەفتارەی بۆ ڕوون بکاتەوە، کەچی ئاورێلیانۆی دووەم پێی گوت، لەو شەوەوەی هەوڵی تیرۆرکردنی درا، نازانێ پەناگەی ئەو لەکوێیە. ئورسولا بەسەرسووڕمانەوە پێی گوت، "هەمان شت ڕووی دا لەگەڵ ئاورێلیانۆ! ئەمە وەک ئەوە وایە، کە ژیان بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە."

ئەم دوودڵی و نیگەرانییانە نەگەیشتبوونە فێرناندا. چونکە فێرناندا، دوابەدوای ئەوە لەگەڵ مێردەکەی بوو بەشەڕیان، لەبەر ئەوەی بەبێ ئاگاداریی ئەو، چارەنووسی مێمێی گەیاندبووە ئەو بارودۆخە، هیچ پەیوەندییەکی بە جیهانی دەرەوەوە نەمابوو؛ ئاوریلیانۆی دووەم بڕیاری دا، ئەگەر بخوازێ پەنا بۆ پۆلیسیش بەرێ، دەبێ کچەکەی ئازاد بکات، بەڵام فێرناندا ئەو بەڵگانەی پێ نیشان دا، کە ئەوەی دەسەلماند کچەکەی بە خواستی خۆی چۆتە قوتابخانەی ئایینییەوە. ڕاستە مێمێ کاتێک دەرگا شیشدارەکانی بەسەردا داخرا، ئەو بەڵگانەی بەنابەدڵی واژۆ کردبوو، وەک چۆن بەنابەدڵییش بردبوویانە ئەوێ. ئاوریلیانۆی دووەم هەرگیز لە ناخەوە بڕوای بەو بەڵگانە نەدەکرد، بڕوای بەوەش نەدەکرد کە ماوریسیۆ بابیلۆنیا، بۆ مریشکدزین چووبێتە حەوشەی ئەوانەوە، بەڵام ئەم دوو پاساوە، ویژدانی ئاسوودە کردن تا بەبێ پەشیمانی بگەڕێتەوە باوەشی پیترا کۆتێس، تا بە کەیفی خۆی دەست بە ئاهەنگە جەنجاڵەکانی بکاتەوە، دەست بۆ پارووە چەوەر و بێئابڕووکانی بەرێتەوە. فێرناندا ئاگای لە بارودۆخی ئاڵۆزی گوند نەمابوو، گوێی لە پێشبینییە شوومەکانی ئورسولا نەبوو، لە دواقۆناغەکانی داڕشتنی پیلانەکەیدا بوو، هەندەی نەمابوو تەواو ببێت. نامەیەکی دوورودرێژی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی کوڕی نووسی، هەندەی نەمابوو عینوانی کەشیش وەر بگرێت، ئەوەشی بۆ نووسیبوو، کە ڕێنێتای خوشکی تووشی ڕشانەوەیەکی ڕەش بوو و ڕۆحی بە خودا سپاردووە. هەروەها سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادیشی ڕاسپارد، تا بەخێوکردنی ئامارانتا

ئورسـولا بگرێتـە ئەسـتۆ، دەسـتی کـردەوە بـە نامەنووسـین بـۆ پزیشـکانی نادیـار، لەبـەر کێشـە و گرفتەکانـی مێمـێ، نەیتوانیبوو بەڕێکوپێکی نامەیان بۆ بنووسێ. هیچ وا نەمابوو تـا ئانوسَـاتی یەکجارەکـی بـۆ عەمەلیاتـی تێلێپاتیـک دیاری بکات. بەڵام پزیشکانی نادیار گوتووبیان، لەبەر بارودۆخی کۆمەڵایەتیی ماکوندۆ، هەلـی عەمەلیاتەکـە زۆر لەبـار نییـە. فێرنانـدا تەواوێک ئۆقرەی لەبـەر بڕابـوو، هەنـدەش زانیاریـی هەڵەیـان پـێ دابـوو، بۆیـە نامەیەکـی دیکـەی بـۆ نووسـین، تاکوو بۆیان ڕوون بکاتەوە کە بارودۆخەکە بە هیچ جۆرێک ئاڵۆز نییە و هەموو ئەو هەرایەش پەیوەندیی بە سەرشێتیی شـووبراکەیەوە هەیـە، ئێسـتا بـە کاری نەقابییـەوە گرتوویەتـی، وەک چـۆن جـاران، بـە بەخێوکردنـی کەڵەشـێری شـەڕ و کەشـیتوانییەوە گرتبووی. هێشـتا، فێرناندا و پزیشکانی نادیار ئانوسـاتی عەمەلیاتەکەیـان دیاری نەکردبـوو، لـە قرچەقرچـی چوارشــەممەیەکی گڕگرتـوودا، ڕاهیبەیەکـی پیـرەژن، دەسـکی سـەبەتەیەکی کردبـووە مەچەکـی و لـە دەرگای ماڵیانـی دا. سـانت سـۆفیا دی لا پیـەداد چـوو دەرگای لـێ بکاتـەوە، وای هەسـت کـرد کـە دیارییـان بـۆ هێنـاون و ویسـتی سـەبەتەکەی لـە دەسـت وەر بگرێـت، توولێکـی بەدەسـتچنراوی جوانیـان بەسـەردا دابـووەوە. بـەڵام ڕاهیبەکـە نەیهێشـت، چونکـە وایـان ڕاسـپاردبوو، کـە دەبێ ئـەم سـەبەتەیە بـە دەسـتی خـۆی بیداتـە دەسـتی خاتـوو فێرنانـدا دێل کارپییـۆ دێ بوێندیـا. منداڵەکـەی مێمـێ بـوو. بەڕێوەبـەری پێشـووی قوتابخانـە ئایینییەکـەی فێرنانـدا، لـە نامەیەکدا بـۆی ڕوون کردبـووەوە، کـە پێش دوو مانگ لەدایک بووە، ڕێگەشیان بـە خۆیان داوە وەک باپیرەی

ناوی بنێن ئاورێلیانۆ، چونکە داوایان لە دایکی کردووە، کە ناوێکی لێ بنێ، بەڵام لاتوجومی نەکردووە. فێرناندا، لەم گاڵتەوگەپە قەدەرییە، وەخت بوو لە پێستی خۆی بێتە دەرێ، بەڵام هەندە ورە و ئازایەتیی شک برد، تاکوو بەرامبەر بە ڕاهیبەکە دان بە خۆیدا بگرێ و بەزەردەخەنەوە گوتی، "بە خەڵکی دەڵێین ئەم سەبەتەیە ئاو هێناویێتی و منداڵەکەمان لەناویدا دۆزیوەتەوە."

ڕاهیبەکەش وەڵامی دەداتەوە و دەڵێ، "کەس بڕواتان پێ ناکات."

فێرناندا بەتەوسەوە گوتی، "خەڵکی زۆر بەئاسانی بڕوا بە نووسراوەکانی تەورات دەکەن، نازانم بۆچی بڕوا بەم حەکایەتەی من ناکەن."

ڕاهیبەکە نانی نیوەڕۆی لە ماڵی فێرناندا خوارد، وەک چۆن داوای لێ کرابوو لەوێ چاوەڕێی دەرچوونی شەمەندەفەرەکەی کرد، تا بگەڕێتەوە، زۆر نهێنیپارێز دیار بوو، بە هیچ جۆرێک ئاماژەی بۆ منداڵەکە نەکرد، بەڵام فێرناندا ئەوی بە شایەدی ئابڕووچوونی ئەوان لێک دایەوە، شایەدێکی نەیار. پڕبەدڵیش لەوە پەشیمان بوو، کە ئەو نەریتەی چاخەکانی ناوەندیان قەدەغە کردووە، کە کاتێک نامەبەرێک هەواڵێکی ناخۆشی هێنابا، بۆیان هەبوو بیخنکێنن. بۆیە فێرناندا بڕیاری دا، دوای گەڕانەوەی ڕاهیبەکە، بە دەستی خۆی منداڵەکە لەناو حەوزی ئاوەکەدا بخنکێنێ، بەڵام دڵی نەهات ئەو کارە ئەنجام بدات. بە باشی زانی وچان بگرێ، تاکوو خودای میهرەبان دەروازەیەکیان لێ دەکاتەوە.

کاتێک گرژیی کەوتە نێو بارودۆخەکەوە و لەپڕێکیشدا

قڵیشـایەوە، ئاورێلیانۆی نـوێ هەنـدە نەبـوو تەمەنـی ببـووە ساڵێک. تاکـوو ئـەو سـەردەمە، خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم و لێپرسـراوە سەندیکالیسـتەکانی دیکە بەنهێنی کاریـان دەکرد، لـە کۆتاییی هەفتـەدا، لەناکاوێکدا خۆیان ئاشکرا کرد، لە گوندەکانی دەوروبـەری کێڵگەکانـی مۆز خۆپیشـاندانیان ئەنجـام دا. پۆلیس تەنهـا هەوڵـی دا نیـزام بپارێـزێ. کەچـی شـەوی دووشـەممە، لێپرسـراوەکانیان لـە ماڵەکانـی خۆیـان هێنایـە دەرەوە و بردیاننـە زیندانـی پایتەختـی هەرێـم، زریزەیەکـی پێنجکیلۆییـان بە پێی هـەر زیندانییەکیشـەوە بەستبووەوە. لەنێو گیراوەکانـدا، خۆسـێ ئەرکادیۆی دووەم و لاورێنسـۆ گاڤیلان بـەدی دەکران، لاورێنسـۆ سـەرهەنگێکی شۆڕشـگێڕە مەکسـیکییەکان بـوو، دووریـان خستبووەوە بۆ مەکانـدۆ، شـایەدی ئـەوەی دەدا، کـە هەڵسـوکەوتی ئارتێمیۆ کروسـی هاوڕێـی، زۆر قارەمانانـە بووە. کەچی سێ مانگی نەبرد ئازاد کران، حکومەت و کاربەدەسـتانی کارگـەی مۆزەکە ناکۆک بـوون لەسـەر دیاریکردنـی لایەنێک، تا بژێویی زیندانییەکان مسـۆگەر بکات. ئـەم جارەیان، کرێکاران ناڕەزاییـان لەبارەی ناتەندروسـتیی شـوێنی حەوانـەوە و فێڵ و گەندەڵیی لـە خزمەتگوازیی داودەرمـان و خراپیی هەلومەرجی کارکـردن دەر بـڕی. هەروەهـا ئەوەشـیان دەگـوت، کارگـەی مۆزەکە پـارەی کاشـیان نادەنـی، بەڵکوو کۆبۆنیـان دەدەنێ، بەو کۆبۆنانـەش دەتوانن لـە کۆگەکانـی کارگەکە، تەنهـا ڕانەبـەرازی هێشـکەوەبووی ڤێرجینای پێ بکڕن. هۆی زیندانیکردنی خۆسـێ ئەرکادیـۆ بوێندیـا ئـەوە بـوو، کـە ئـەم چۆنێتـی هەڵسـوڕانی ئـەم سیسـتەمەی ئاشـکرا کردبـوو: کۆبـۆن بـۆ ئەوەیـە، تاکـوو خەرجیـی کەشـتییە میوەهەڵگرەکانیـان دابیـن بـکات، چونکـە

ئەگەر بێت و شتومەک بۆ بازاڕەکانی کارگەی مۆز نەهێنن، دەبوو کەشتییەکان لە نوڤێل ئۆرلیانەوە بۆ بەندەرەکانی مۆزبارکردن و بەبەتاڵی بگەڕێنەوە. ناڕەزاییەکانی دیکەش پەیوەست بوون بە فەزای گشتییەوە. پزیشکەکانی کارگەکە نەخۆشەکانی نەدەپشکنی، بەڵکوو دەبوو بە ڕیز و نۆرە، دەبوو یەک لەدوای یەک بوەستن، یاریدەدەرێکی پزیشکیش حەبێکی ڕەنگ پیرۆزەیی لەسەر زمانیان دادەنا، جا ئەگەر تووشی مەلاریا بووبێتن یا تووشی سوزاکی و قەبزبوون، ئەمە بەلای پزیشکەکانەوە گرینگ نەبوو، هەر هەمان حەبیان دەدانێ. ئەم چارەسەرکردنە هەندە گشتی بوو، منداڵ و تواڵان چەندین جار خۆیان دەخزاندە نێو نۆرەکانەوە و لەجیاتی ئەوەی حەبەکە قووت بدەن، دەیانبردەوە ماڵ، بۆ ئەوەی وەک تەباشیر ژمارەی یانسیبی پێ بنووسن. کرێکارانی کارگەکە لەنێو کۆخی نابووتدا دەژیان. لەجیاتی ئەوەی ئەندازیار ئاودەستیان بۆ دروست بکات، سەرەتای ئاهەنگی مەولوودی عیسا، ئاودەستە گەڕۆکەکەیان دەگۆڕی، پەنجا، پەنجا-کرێکاریان دەهێنا بۆ ئەوەی کاربەستانی مۆزەکە ئەم ئاودەستە گەڕۆکانە پیشانی کرێکاران بدەن و لە چۆنێتی بەکارهێنانی ئەو ئاودەستانەش ئاگادریان بکەنەوە، تاکوو زووزوو خراپ نەبن و بەرگەی کاتی زۆرتر بگرن. پارێزەرە پیرەمێردەکانیش، بە جلوبەرگی ڕەشەوە، چۆن جاران بە دەوری ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگدا دەخولانەوە، ئێستاش کاری پارێزەرییان بۆ کارگەی مۆزەکە دەکرد، بە شێوەیەکی تەڵەکبازانە، سەرجەم ئەو تۆمەتانەیان ڕەت دەکردەوە. بە تێکڕای دەنگ، کاتێک کرێکاران، هەموو پێکەوە مەزبەتەیەکیان

پێشکەش کرد، زۆری ویست تا داواکاری گشتیی، بە شێوەیەکی فەرمی بیگەیەنێتە دەست کاربەدەستانی کارگەی مۆزەکە. دوای ئەوەی میستەر بروان، لە ڕێککەوتنەکە ئاگادار بووەوە، فارگۆنە شووشەییە کەشخەکەی بە شەمەندەفەرەکە بەستەوە و لەگەڵ نوێنەرە هەرە دیارەکانی کارگەی مۆزەکە، ماکۆندۆیان جێ هێشت. بەڵام شەممەی دوایی، کرێکارەکان ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە زۆریان لە یەکێک لە کرێکارەکانی خۆیان کردبوو، کە کۆپییەکی مەزبەتەکە، هەر بەڕووتوقووتی واژۆ بکات، لە باخەڵی ژنێکدا بوو، کە ئەو تەڵەیەی بۆ نابووەوە. پارێزەرە ڕەشپۆشەکان ئەوەیان لە دادگا سەلماند، کە ئەو کەسە هیچ پەیوەندییەکی بە کارگەی مۆزەکەوە نەبووە، بۆ ئەوەی کەسیش پاساوەکەیان نەخاتە گومانەوە، کابرایان بە تۆمەتی ساختەچێتی خستە زیندانەوە. دواتر، میستەر بروان، تاکوو کەس نەیناسێتەوە، لە فارگۆنی پلەسێدا گرت و کۆپییەکی دیکەی مەزبەتەکەیان پێ ئیمزا کرد. ڕۆژی دوایی، میستەر بروانیان هێنایەوە پێش دادگا، قژی بۆیاغ کردبوو، زۆر بەڕەوانییش بەئیسپانی قسەی دەکرد. پارێزەران ئەوەیان سەلماند، کە ئەم کابرایە میستەر بروانی کارگەی مۆزەکە نییە و لەدایکبووی پراتاڤیلیش نییە، بەڵکوو بازرگانیی بە داودەرمانی گیاییەوە دەکات، خەڵکی ماکۆندۆیە، ناوی داگۆبێرتۆ فۆنێسکایە. دوای ماوەیەکی کەم، کاتێک کرێکاران هەوڵێکی دیکەیان خستبووە گەڕ، پارێزەران مردنی میستەر بروانیان بۆ ڕای گشتی ڕوون کردەوە و لە لایەن چەندین کونسول و وەزیرانی دەرەوەش واژۆ کرابوو؛ ئەوەی تیا ڕوون کرابووەوە، کە لە نۆی مانگی

حوزەیراندا ئوتومبیلێکی ئاگرکوژێنەوە، لە شاری شیکاگۆ پلیشاندبوویەوە. کرێکاران لەدەست ئەو هەموو سەختەچێتییە تەواو وەڕس ببوون، چیی دی بڕوایان بە کاربەدەستانی ماکۆندۆ نەدەکرد، بە خۆیان مەزبەتەکەیانەوە ڕوویان لە دادگای باڵا کرد. سیحربازەکانی ماف پەیدا بوونەوە، ئەوەیان سەلماند، کە داخوازیی کرێکاران هیچ بەهایەکی نییە، ئەوەشیان بۆ هۆکارێکی زۆر سادە گەڕاندبووەوە، گوایە کارگەی مۆزەکە نە هیچ کرێکارێکی بووە، نە هیچ کرێکارێکیشی دەبێ، تەنها چەند کرێکارێکی کاتیی لەلای خۆی بۆ ماوەی دیارییکراو دامەزراندووە. هەر بەمەش، حەکایەتی ڕانەبەرازی وشکەوەبوو و حەبە موجیزەکان و ئاودەستخانەی گەڕۆکی جەژنەکانی کریسمیس، وەک بلقی سەر ئاویان لێ هات، لە ڕێگەی بڕیارێکی دادگاشەوە، پێش ئەوەی بەڕەسمی بڵاو ببێتەوە، ئەوە بڵاو بووەوە، تەنانەت هیچ کرێکارێک بوونی نەبووە.

مانگرتنی گشتی دەستی پێ کرد. مۆزچاندنیان لە نیوەی ڕێگەدا ڕاگرت، بەسەر درەختەکانەوە میوەکان وشک بوونەوە، میوەی ناو سەد و بیست فارگۆنی ڕاگیراوی سەر هێڵە ئاسنیەکانیش ڕزین. گوندەکان پڕ بوون لە کرێکاری دەستبەتاڵ. دەتگوت لە جادەی تورکان هەموو ڕۆژێک شەممەیە، جارێکی تر ئەو شوێنە ڕەونەقەکەی جارانی وەر گرتەوە، هۆڵی بلیاردی میوانخانەی یاقووب بیستوچوار سەعات جمەی دەهات. ئەو دەمەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە لەشکر دەنێرن بۆ چەسپاندنی نیزامی گشتی، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لەوێ بوو. سەرباری ئەوەی خۆسێ

ئەرکادیۆی دووەم پیاوی پێشبینیکردن نەبوو، کەچی ئەم ڕاگەیاندنە مەرگی ئەوی پێ بوو، ئەو مەرگەی لەو بەیانییە دوورەوە چاوەڕێی دەکرد، کە لەگەڵ خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ چووبوو بۆ ئەوەی دیمەی ئیعدامکردن ببینێ. ئەم هێما شوومە کاریگەرییەکی خراپی لەسەر دروست نەکرد. ئەو لێدانەی بۆ خۆی دەسنیشانی کردبوو، بەبێ پێچوپەنا پێکای. دوای وچانێک، ئاگر و دەنگی دەهۆڵ تێکەڵ بوون، قیرەی کەڕەنا، هاتوهاواری ڕاکردنی خەڵک، نەک تەنها ئاماژەیەک بوون بۆ تەواوبوونی یاریی بلیارد، بەڵکوو بۆ تەواوبوونی ئەو یارییە بێدەنگ و تەنهاییەش، کە هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ خۆی دەیکرد، لە سەردەمی منداڵییەوە، لەو بەیانییەوە کە دیمەنی ئیعدامەکەی بینیبوو. سەرێکی کردە دەرەوە و بینینی. دەنگی هەنگاوی سێ دەستەی هێز بوون، لەسەر ڕیتمی دەهۆڵی زیندانییان هەنگاویان دەنا، زەویی دەلەراندەوە. هەناسەی ئەژدیهایان هەبوو، بۆنێکی بۆگەن ئەو نیوەڕۆیە ڕووناکەی تەنییەوە. کورتەبنە و پتەو و کێوی دیار بوون. وەک ئەسپ ئارەقەیان دەر دەدا، بۆنی گۆشتی داڕزاوی بەرهەتاویان لێوە دەهات، خۆڕاگری و بێدەنگیی خەڵکی باکووریان هەبوو. سەرەڕای ئەوەی سەعاتێکی ویست بۆ ئەوەی تێپەڕ ببن، بەڵام دەتگوت تەنها دەستەیەکن لە بازنەیەکی داخراودا خول دەخۆنەوە، چونکە هەند بەیەک دەچوون، کوڕانی هەمان دایک، یەک خەت و سیمایان هەبوو، بارستاییی کۆڵەپشتیان و مەتارەی سەربازییان لەسەر شان، شەرمی تفەنگی سەرەنیزەداریان بەچاکی هەڵنەگرتبوو، پووزوانەی گوێڕایەڵییەکی کوێریان هەڵکێشابووە پێ، فیز و

غرووریش لەسەر هەنیەیان دەبریقانەوە. ئورسولا لەسەر جێگەی تاریکەکەیەوە گوێی لە دەنگیان بوو، دەستی بەرز کردەوە و بە قامکی ئەزنەرووتە و دۆشاومژە هێمای خاچێکی کرد. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بۆ چەند ساتێک گەڕایەوە ژیان، خۆی نووشتاندەوە سەر سفرە بەدەستچنراوەکەی تازە لە ئووتووکردنی ببووەوە و بیری لە کوڕەکەی کردەوە: خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بەبێ ئەوەی تاقە دەمارێکیش لەسەر ڕوخساری بجوولێ، بەرامبەر بە میوانخانەکەی یاقووب سەیری ڕابووردنی دواسەربازی کرد.

یاسای عورفی بواری بۆ لەشکر خۆش کردبوو، تا لە ململانێکاندا دەسەڵاتی دادوەریی هەبێ، بەڵام هیچ هەنگاوێک بۆ ئاشتەوای نەنرا. دوای ئەوەی هەموو سەربازەکان بە شەقامەکانی مۆکۆندۆدا تێپەڕین، چەکەکانیان دانا و دەستیان بە بڕینی مۆز کرد، هەروەها کاری بارکردنیشیان خستە ئەستۆ و جارێکی دیکەش شەمەندەفەرەکان کەوتنەوە گەڕ. کرێکارانیش هەر چاوەڕوان بوون، چوونە سەر چیا، تەنها چەکیشیان ئەو تەورانە بوون، کە لە کارەکانیاندا بەرکاریان دەهێنا، دەستیان بە خراپەکاری کرد. ئاگریان لە ئاقارەکان و پۆلیسخانەکان بەر دا، بۆ ئەوەی ڕێگری لە هاتوچۆی شەمەندەفەرەکان بکەن، هێڵی شەمەندەفەرەکەیان هەڵتەکاند، دەبوو بە زەبری تەقەی دۆشکە ڕێگەی خۆیان بکەنەوە و هێڵەکان یتێلێگراف و تەلەفۆنیان بڕی. جۆگەلەکان لەبەر خوێن سوور هەڵگەڕان. میستەر براون لە ناوچە بە تەڵبەندە دەوردراوەکە، بەبێ شەرم و شوورەیی، لەگەڵ خاووخێزانەکەی و خاووخێزانی هاونیشتمانییەکانی دیکە دەژیا،

لەژێر چاودێریی لەشکردا، بۆ شوێنێکی هێمن گوێزرانەوە و لە ماکۆندۆ ڕزگاریان کردن. کاتێک حکومەت کرێکارانی ئاگادار کردەوە کە دەبێ هەموو لە ماکۆندۆ کۆ ببنەوە، بارودۆخەکە پێدەچوو بەرەو شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی و نایاسایی هەنگاو بنێ. بەگوێرەی ئەو ڕاگەیاندراوەی بڵاو کرایەوە، دەبوو ڕۆژی هەینیی دواتر، فەرماندەی مەدەنی و سەربازیی هەرێم بێت بۆ ڕێگرتن لەم ململانێیە، بە کارێکی خوازراو و چاک لێک درایەوە.

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، لە سەرلەبەیانی هەینییەوە، لەناو ئەو حەشاماتەدا بوو، کە بەرامبەر بە وێستگەی شەمەندەفەر ڕاوەستابوون. دوای کۆبوونەوەیەک لەگەڵ سەرکردەکانی سەندیکا، ئەو و گاڤیلانی سەرهەنگیان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بچنە ناو حەشاماتەوە و بەپێی خواستی هەلومەرجەکەش ڕێنماییی حەشاماتەکە بکەن. لەو دەمەی دۆشکەکانی بینی، کە لەدەوری مەیدانە گچکەکە چەسپ کراون، چەند ڕەشاشێکیش لەپشت تەلبەندەکاندا داندراون، پارێزگاریی لە شارۆچکەی کارگەی مۆزەکە دەکەن، هەستی کرد سوێراوێک لەبن مەڵاشوویدا کۆ بووەتەوە. دەورووبەری نیوەڕۆ، سێ هەزار کەس زیاتر دەبوون: بە کرێکاران و ژن و پیاوانەوە، لەپێش وێستگەکە شوێن نەمابوو، چاوەڕێی شەمەندەفەرێکیان دەکرت، نەدەگەیشت؛ بە ئەندازەیەک خەڵک پاڵیان بەیەکەوە دەنا، تەنانەت خۆیان خزاندبووە نێو جادەکانی دەورووبەر و لەشکریش بە دۆشکە دەوری دابوون. دەتگوت هاتوون بۆ پێشوازیکردنێکی یەکێکی گرینگ، دەتگوت ئاهەنگێکە لەبەر خەڵکی شاد و کەیفخۆش جمەی دێ. تەختە

و ستاندی میوەفرۆشەکانیان هێنابوو و خواردنەوەیان لە شەقامی تورکانەوە بۆ دەهێنان، بە ئازایەتییەکی لەرادەبەدەرەوە بەرگەی بێزاریی چاوەڕوانی و قرچەی گەرمایان دەگرت. هەندەی نەمابوو ببێ بە سەعات سێ، دەنگۆی ئەوە بڵاو نبووەوە، کە شەندەفەرەکە هەتا سبەی نایەت. حەشاماتی ماندوو، هەناسەیەکی ساردیان هەڵکێشا، بێورە بوون. مولازمێکی لەشکرەکە، لە سەربانی وێسگەی شەمەندەفەرەکەوە، لەو شوێنەی چوار ڕەشاشەکەیان لێقاییم کردبوو، بۆ بێدەنگکردنی خەڵکەکە هاوارێکی کرد. لەتەنیشت خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمەوە، ژنێکی زۆر قەڵەو وەستابوو، پێپەتی، دوو منداڵی لەگەڵ بوو، تەمەنیان لەنێوان چوار تا حەوت ساڵان دەبوو. ژنەکە، منداڵە هەرە بچووکەکەیانی کردە باوەش، بەبێ ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بناسێ، داوای لێ کرد منداڵەکەی دیکەی بۆ بەرز بکاتەوە، تا گوێی لێ بێ و بزانێ چی دەڵێ. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم منداڵەکەی خستە سەر شان. دوای چەند ساڵێک، هەر هەمان ئەو منداڵە، بەبێ ئەوەی کەس باوەڕی پێ بکا، باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن ئەو مولازمەی بینیبوو، بوورقی گرامۆفۆنەکەی بەدەستەوە بوو، بڕیاری ژمارە چواری فەرماندەی مەدەنی و سەربازیی هەرێمی خوێندەوە. ئەم ڕاگەیاندنە لەلایەن ژەنەڕاڵ کارلۆس کۆرتێس ڤارگاس و سکرتێرەکەیەوە، مازۆر ئێنریکێ گارسییا ئیسازاوە واژۆ کرابوو. لە سێ بەند و لە هەشتا وشە پێک هاتبوو؛ مانگرتووانی بە جەردە نێوزەد کردبوو و فەرمانی دابووە لەشکر، تا تەقەیان لێ بکات و بیانکوژن.

ڕاگەیاندراوەکە خوێندرایەوە، لە هەمان کاتیشدا، دەنگی

هۆیهای نارەزاییی گێژکەری خەڵکەکە مرۆڤی کاس دەکرد، کاپتنێک جێگەی مولازمەکەی گرتەوە، کە لە سەربانی وێسگەی شەمەندەفەرەکە بوو، بە بڵندگۆی گرامۆفۆنەکە ئاماژەی دەکرد، کە دەیەوێ قسە بکات. حەشامات بێدەنگ بوو. کاپتن بە دەنگێکی لاواز و سست و هەندێک ماندوویێشی پێوە دیار بوو، گوتی، "بەڕێزان، تەنها پێنج خولەکتان بەدەستەوەیە تاکوو ئەم شوێنە چۆڵ بکەن."

فیکە و هاوار دوو هەندەی دیکە زیادی کرد، دەنگی کەڕەناکەیان خامۆش دەکرد، کە جاڕی بۆ سەرەتای پێنج خولەکەکە دیاری دەکرد. کەس لە شوێنی خۆی نەجوولایەوە.

کاپتن، بە هەمان نەبرەوە، جارێکی دیکە گوتی، "پێنج خولەکەکە تەواو بوو. خولەکێکی دیکە و ئاگرباران دەست پێ دەکات."

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم ئارەقەیەکی تەزیوی بە لەشدا دەهاتە خوارەوە، منداڵەکەی لە کۆڵی خۆی هێنایە خوارەوە و دایەوە دەستی دایکی و دایکەکەش چرپەیەکی کرد و گوتی، "دەبێ تەقە بکەن؟" خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم کاتی ئەوەی نەبوو وەڵام بداتەوە، چونکە لە هەمان ساتدا، دەنگە کەرخەکەی کاڤیلانی سەرهەنگی ناسییەوە، لەگەڵ وشەکانی ژنەکە، لە یەک کاتدا بڵاو دەبووەوە. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، بەرامبەر بە بارگرژی و ئەو بێدەنگییە چڕ و جوانەی ئەو حەشاماتە جۆشوخرۆشی پێوە دیار بوو، هەندەی دیکە باوەڕی لەلا پتەو بوو، کە هیچ هێزێک ناتوانێ ئەوە ئەو ئاپۆرەیەی ئەفسوونی مەرگ توندوتۆڵی کردوو، لەناو بەرێ. خۆی لەسەر پەنجەی پێ بەرز کردەوە بۆ ئەوەی تەماشای

سەرەوە بکا، بەرزتر لە ئاستی سەری ئەوانەی لەپێشیەوە ڕاوەستابوون، بۆ یەکەم جار لە هەموو ژیاندیدا، هاوار بکات و گوتی، "هەی حیزینە! ئەو خولەکەی کە پێویستانە، هەر با بۆ خۆتان بێ."

هاوارەکەی ئەو تەواو ببوو یا نا، شتێک ڕووی دا کە هیچ کاریگەرییەکی ترسناکی تیا جێ نەهێشت، بەڵکوو حاڵەتێکی وڕێنەئامێزی پێ بەخشی. کاپتنەکە فەرمانی دا تەقە بکرێت، لە لوولەی چواردە ڕەشاشەکەوە، وەڵامیان دایەوە. کەچی هەموو بە ئۆپێرێتێکی قۆشمەیان دەکرد. دەتگوت ڕەشاشەکان گوللەی درۆزنانەیان تێ ئاخنیوە، چونکە خرەی دەرچوونی فیشکەکان دەبیسترا، ئەگەرچی پریشکی ئاگر لە لوولەکانیانەوە دەبینرا، بەڵام هیچ کاریگەرییەکی بەدی نەدەکرا، گوێمان لە هیچ دەنگێک نەدەبوو، تەنانەت چرپەی هەناسەدانێکیش لەناو ئەو حەشامات یەکگرتوو و تێکچڕژاوەوە بێتە دەرێ. لەپڕێکدا، لەتەنیشت وێستگەی شەمەندەفەرەکەوە، دەنگی ناڵەی مردوویەک بەرز بووەوە و ئەفسوونی ئەو دیمەنە لەناکاو بڕا و "ئاااای دایە گیان." هاوارێک وەک بومەلەرزە، گرمەیەک، بە گرمەی ئاگرپژێنی دەکرد، نەعرەتەیەکی بەسام لە ناوەندی حەشاماتەکە تەقییەوە و هێزێکی تەشەنەبەریشی هەبوو. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم هەر هەندەی پێ کرا منداڵە هەڵبگرێ، لە کاتێکدا دایکی و منداڵەکەی دی، لەناو گەردولوولی شڵەژان و پێکبەرکەوتندا ون بوون.

دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ، سەربارى ئەوەی هاوسێیەکان بە پیرێکی خلەفاویان دەچوواند، کەچی منداڵەکە دەیگێڕایەوە چۆن خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم تا ئاستی سەری

خۆی بەرزی کردبووەوە، وەک ئەوەی بەسەر هەوادا، لەسەرووی سامناکیی حەشاماتەکەدا بیخشێنێ بردی بۆ نزیکترین جادە. هەلکەوتی منداڵەکە وای بۆ رەخساندبوو، بتوانێ لە هەمان کاتدا ئەو حەشاماتە ببینێ کە بە پاڵەپەستۆوە دەگەیشتنە سەر سووچی شەقامەکە و ئەو ریزە رەشاشەش ببینێ، کە تەقەی دەکرد. چەند کەس لە یەک کاتدا هاواریان دەکرد، "خۆتان بدەن بە زەویدا! خۆتان بدەن بە زەویدا!"

ریزەکانی پێشەوە، ئەوانەی دەستڕێژی رەشاشەکانیان بەر کەوتبوو، لار ببوونەوە. ئەوانەی بەزیندوویی مابوونەوە، لەجیاتی ئەوەی خۆیان بدەن بە زەویدا، دەیانویست بگەرێنەوە مەیدانە بچووکەکە و ئیدی شڵەژانێک، وەک کلکە ئەژدیهایەک وا بوو، شەپۆلێکی رادەماڵی و دەیدایە بەر شەپۆلێکی دیکەی پێچەوانەوەوە، کە لە ترسی کلکە ئەژدیهاکە بۆ شەقامێکی دیکەی بەرامبەر رایان دەکرد و رەشاشەکانیش بەبێ وەستان ئاگربارانیان دەکردن. لەناو ئەو بازنە داخراوەدا گەمارۆ درابوون، بەو گێژاوە زەبەلاحە دەور درابوون، تا دەهات، بازنەکەش بچووک دەبووەوە، چونکە تا دەهات، ئەستوورابییەکەی کەم دەبووەوە، وەک چۆن پیازێک بە مقەسێکی نەوسن، توێکڵەکانی لێ بکرێتەوە، ئەوها لەلایەن رەشاشەکانەوە پاک دەکرایەوە. منداڵەکە ژنێکی بینی لەسەر چۆک کەوتبوو، بازووەکانی دەتگوت خاچە، لە شوێنێکی چۆڵ، وەک ئەوەی موجیزە رووی دابێ، ئاگری رەشاشەکانی بەر نەکەوتبوو. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم منداڵەکەی لەو شوێنە دانا، خۆشی وەخت بوو ببووریتەوە، دەموچاوی خوێناوی، پێش ئەوەی ئەو قەرەباڵغییە زەبەلاحە شوێنە

چۆڵەکە و ژنە لەسەر ئەژنوو کەوتووکە ڕاپێچن؛ ئاسمانیش، لەسەرەوە سایەقەی سامالّی وەرزی هێشکایی بوو، لە جیهانێکی سۆزانیدا، کە ئورسولای ئیگواران، چەندین و چەندین شەکرۆکەی ئاژەڵینی بچکۆلەی تیا فرۆشتبوو.

کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم هاتەوە سەر هۆشی خۆی، لەسەر پشت، خۆی لەناو تاریکیدا بینییەوە. هەستی کرد لەناو کاروانێکی بێدەنگ و بێکۆتاییی شەمەندەفەرێکدا سەفەر دەکات، قژی خڵتانی خوێنێکی مەیو بوو، ئازای بەدەنی، ئازاری دەدا. ئارەزوویەکی لەڕادەبەدەریشی هەبوو بخەوێ. ئامادە بوو بۆ چەند سەعاتێک ڕۆ بچێتە نێو وەنەوزێکی قووڵەوە، لە هەموو ئەشکەنجەیەک ڕزگاری بێ و خۆی خستە ئەو لایەی کەمتر ئازاری دەدا؛ ئینجا هەستی کرد لەسەر لاشەی مردووان پاڵ کەوتووە. جگە لە دالانی ناوەند، پڕ فارگۆنەکە لاشە بوو. چەند سەعاتێک بەسەر کوشتارگەکەدا تێپەڕیبوو، چونکە لاشەکان وەکوو گەچی پاییز سارد بوون، هەر بە کەفی هێشکەوەبوویان دەکرد، ئەوانەی ئەم لاشانەیان لەناو فارگۆنەکەدا دانابوون، کاتێکی زۆریان ویست تا ڕیزیان بکەن و هەمووشیان بەڕێکی دابنێن، هەر لە شێوەی هێشوو مۆزدا ڕیز کرابوون. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم هەوڵی دەدا ئەم کابووسەی لەکۆڵ ببێتەوە، لەم فارگۆنەوە بۆ ئەو فارگۆن خۆی دەخشاند، بە ئاڕاستەی ڕۆیشتنی شەمەندەفەرەکە، لەبەر ئەو ڕووناکییانەی لە گوندە خەوتووەکانەوە، بەنێو تەختەدارەکانەوە دەهاتنە ژوورێ، لاشەی ژن و پیاو و منداڵی دەبینی، دەیانبردن، وەکوو مۆزی ڕزیو فڕێیان بدەنە زەریاوە. توانیی تەرمی ئەو ژنە

بناسێتەوە، کە شەربەتی لە مەیدانەکە دەفرۆشت، هەروەها تەرمی گاڤیلانی سەرهەنگ، کە هێشتا قاییشی ئەڵقەزیوینی مۆریلیای ئاڵاندبووە دەستیەوە، بەو قاییشە دیویست ڕێگەی خۆی لەناو حەشاماتەکە بکاتەوە. کاتێک گەیشتە فارگۆنی یەکەم، خۆی فڕێ دایە نێو تاریکییەوە، کەوتە ناو چاڵێک و لە چاڵەکە مایەوە، تا بەتەواوی شەمەندەفەرەکە تێپەڕی. لە هەموو ژیانیدا، شەمەندەفەری هەند درێژی نەبینیبوو، دوو سەد فارگۆنی بار دەبوو، لەمسەر مەکینەیەک و لەوسەریش مەکینەیەکی تر، لە ناوەندیش، مەکینەیەکیان دانابوو. هیچ جۆرە چرایەکیان پێوە هەڵنەواسیبوو، تەنانەت چرای ئاگادارکردنەوەی سەوز و سووریشی پێوە نەبوو، بە جۆرە خێراییەکی شەوانە، بەسەر سکەکەدا غل دەبووەوە. لە سەربانی شەمەندەفەرەکەوە، شکڵ و شێوەی تێکەلوپێکەڵی سەربازان دەبینران و هەموویان ڕەشاشیان بەدەستەوە بوو.

نیوەی شەو تێپەڕیبوو، کاتێک ڕێژنەبارانێکی بەتاو باری. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم نەیدەزانی لەکوێ بوو، بەڵام ئەوەی دەزانی، ئەگەر بێت و بە پێچەوانەی ڕەوتی شەمەندەفەرەکەوە هەنگاو بنێ، دەگاتەوە ماکۆندۆ. دوای سێ سەعات ڕۆیشتن، تەنانەت ئێسقانەکانیشی تەڕ ببوون، بە ژانەسەرێکی سەختەوە، لەنێو ڕووناکیی بەرەبەیاندا خانووی بینی. بۆنی قاوە بانگهێشتی کرد، چووە مەتبەخێکەوە و ژنێکی بینی، منداڵێکی لە باوەشدا بوو، نووشتابووەوە سەر بێشکەکەی.

داهێزراو، پێی گوت، "ڕۆژ باش. من ناوم خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمە."

ناوی بەتەواوی پێ گوت، بەجوانی دانی بە بڕگەکاندا نا، بۆ ئەوەی سەرەتا خۆی لەوە دڵنیا بکاتەوە، کە هێشتا لە ژیاندا ماوە. باشی کرد وای کرد، ئەگینا ئەو ژنە، کاتێک لە بەردەرگاکە چاوی بەو پیاوە چڵکن و غەمناکە کەوت، سەروپۆتەلاک و جلوبەرگ خڵتانی خوێن بوو، دەتگوت مەرگ دەستی لێ وەشاندووە، وای زانی چاوی بە تارماییییەک دەکەوێ. بەتانییەکی بۆ هێنا، بۆ ئەوەی لە خۆیەوە بیئاڵێنێ، تاکوو جلوبەرگە تەڕەکەی لەبەر ئاگرداندا وشک دەبنەوە، ئاوی خستە سەر ئاگرەکە، بۆ ئەوەی برینەکانی پێ بشوا، برینەکانی سادە بوون، پارچەپەڕۆیەکی خاوێنی پێ دا تا سەری پێ ببەستێتەوە. پاشان، تاسە قاوەیەکی بێشەکری پێ دا، چونکە دابونەریتی بنەماڵەی بوێندای دەناسی و جلوبەرگەکانیشی لە ئاگرەکە نزیک کردەوە.

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم تاکوو هەموو قاوەکەی نەخواردەوە، دەمی نەکردەوە و لەژێر لێوەوە گوتی، "بە لایەنی کەمەوە، سێ هەزار کەس دەبوون."

"مەبەستت چییە؟"

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم ویستی بۆی ڕوون بکاتەوە و گوتی، "مردووەکان. دەبێ هەموو ئەوانەی وێسگەی شەمەندەفەرەکە بووبێتن."

ژنەکە بە چاوێکی پڕ لە بەزەییەوە سەیری دەکرد و پێی گوت، "لێرە هیچکەس نەکوژراوە. لە سەردەمی سەرهەنگی مامییەوە، هیچ شتێک لە ماکۆندۆ ڕووی نەداوە." خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لە سێ مەتبەخ وچانی دا، تا گەیشتەوە ماڵ، لە هەموو مەتبەخەکان هەمان شتیان دووبارە دەکردەوە،

"کەس نەکوژراوە." بەتەنیشت مەیدانە بچووکەکەی وێسگەی شەمەندەفەرەکەشدا تێپەڕی، چاوی بەو مێزانە کەوت، کە میوەیان لەسەر دادەنا، یەک لەسەر ئەوەی دیکە بەڕێکی دانرابوون، لەوێش چاوی بە هیچ شوێنەوارێکی کوشتارەکە نەکەوت. لەبەر باران، جادەوبان چۆلوهۆل بوو، دەرگای ماڵەکان داخرابوون، نیشانەی ژیانی تیا بەدی نەدەکران. تاقە هێمای مرۆڤانە، زەنگی یەکەم بوو، خەڵکی بانگهێشتی نوێژ دەکرد. لە دەرگای ماڵی گاڤیلانی سەرهەنگی دا، ژنێکی دووگیان، کە دەیان جار چاوی پێ کەوتبوو، دەرگاکەی لە ڕووی داخست، زەندەقی چوو بوو، پێی گوت، "ڕۆیشت. گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی." دەروازە گەورەکەی ناوچە پارێزراوەکە، ئەوەی بە تەڵبەند دەور درابوو، وەکوو جاران دوو پۆلیسی ناوخۆ، تەپلەلەسەر و جزمەلەپێ، پاسەوانییان دەکرد، لەبەر بارانەکەش دەتگوت دوو پەیکەرن. لە کۆڵانە تەسکە دوورەپەرێزەکەدا، دانیشتووانی دوورگەی ئەنتیی، پێسترەشەکان، تەرتیلەکانی شەممووانەیان دەگوتەوە. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بەسەر چەپەرەکانەوە خۆی ئاودیو کرد و لە مەتبەخەکەوە چووەوە ماڵ. سانتا سۆفیان دێ لا پیەداد، بەئەستەم دەنگی بەرز کرد و پێی گوت، "با فێرناندا نەتبینێ. هەندە نییە لە خەو هەڵساوە." وەک ئەوەی کارێکی پەنهان ئەنجام بدات، کوڕەکەی بردە ژووری لەگەنەکانەوە، تەختێکی سەفەری شلۆقی مێلکییادێسی بۆ دانا؛ دەورووبەری سەعات دووی پاشنێوەڕۆ، لەو دەمەی فێرناندا سەرخەوی دەشکاند، لە پەنجەرەکەوە سینییەک خۆراکی بۆ برد.

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم خەوی لێ کەوت، باران ڕێی

لێ گرت و تا دەوروبەری سەعات سێی پاشنیوەڕۆ هەر لەوێ مایەوە، چاوەڕێی دەکرد بارانەکە خۆش بکاتەوە. بەدزییەوە، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد پێی گوت، چووە ژوورەکەی میلکییادێس، تا سەر لە براکەی بدات. ئەویش بڕوای بە بەسەرهاتی کوشتارەکەی نەدەکرد، نە بڕواشی بە کابووسی شەمەندەفەری لاشەهەڵگرتووەکەش کرد. ئێوارەی پێشتر، بۆ ڕای گشتی، ئاگادارییەکی تایبەت لەبارەی ولاتەوە بڵاو بووەوە، باسی ئەوەی تیا کرا، کە کرێکارەکان ناچار کران وێسگەی شەمەندەفەرەکە جێ بهێڵن، بە ڕێپێوانێکی ئاشتییانە، هەرکەسە ڕێگەی ماڵی خۆی گرت و ڕۆیشتەوە بۆ ماڵ. ئەو ڕاگەیاندنە باسی ئەوەشی کردبوو، کە سەرکردەی سەندیکالەکان، بە هەستێکی نیشتمانپەروەرانەی بێوێنەوە داخوازییەکانیان لە دوو خاڵدا کۆ کردبووەوە: چاکسازی لە بواری خزمەتگوزاریی تەندروستی و دروستکردنی ئاودەست لە ماڵی کرێکاران. دواتر ئەوەش ڕاگەیاندرا: دوای ئەوەی سەرکردە سەربازەکان لەگەڵ کرێکاران ڕێک کەوتن، خێرا ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکەیان گەیاندە میستەر بروان. نەک تەنها لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنەکە ڕازی بوو، بەڵکوو موچەی سێ ڕۆژی بەخشییە دانیشتووانەکە، تا ئاهەنگ لەمەڕ کۆتاییهاتنی ململانێکە بگێڕن. کەچی کاتێک لەشکر داوای لێ دەکات، کەی ئامادە دەبێ تا واژۆی ڕێککەوتننامەکە بکات، میستەر براون لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی ئاسمانی کرد، ئاسمانێک، بە خلتانی پەڵەی هەور و تریشقە بوو، بە دەموچاوێکی مۆن و پڕ لە گومانەوە گوتی، "کەی باران خۆشی کردەوە. تا باران بباریێ، دەبێ هەموو چالاکییەک ڕابگیرێت."

لە ناوەڕاستی وەرزی وشکاییدا بوو، سێ مانگ بوو باران نەباریبوو. هێشتا میستەر براون بڕیارەکەی بەتەواوی جێبەجێ نەکردبوو، ڕێژنەیەک دای کرد، هەموو ئاقاری کێڵگەکانی مۆزی گرتەوە، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، ڕێگەی ماکۆندۆی گرتبووە بەر، ئەم بارانە تووشی واقوڕمانی کرد. هەفتەیەک دواتریش، باران هەر دەباری. ڕاگەیاندنی فەرمیی حکومەت، هەزار جار دووبارە کرایەوە، لە هەموو سووچێکی وڵاتدا دووپات بووەوە، لە هەموو ئەو کەناڵانەی حکومەت لەبەر دەستیدا بوون، دەبیسترا، تا ئەم ڕاگەیاندنەیان سەپاند: کەس نەکوژراوە، کرێکاران ڕازی کران تا لەگەڵ خاووخێزانەکانیان بگەڕێنەوە ماڵوحاڵی خۆیان، چالاکییەکانی کارگەی مۆزەکە ڕادەگیرێن، تاکوو باران خۆش دەکاتەوە. حوکمی عورفی بەردەوام دەبێ، کاتێکیش هەر جۆرە نوقسانییەک بە هۆی ئەم بارانە بەردەوامەوە دروست ببێ، دەبێ ئیجرائاتی کتوپڕ وەر بگیرێت، کەچی لەشکریش گەڕابووەوە ئوردوگەی خۆی. بەدرێژاییی ڕۆژ، سەربازان بەنێو لافاودا ڕەوتیان دەکرد، پانتۆڵەکانیان تاکوو پزوو هەڵکێشابوو، لەگەڵ منداڵان یاریی خنکانیان دەکرد. شەوەکەشی، کاتێک هاتوچۆ قەدەغە دەکرا، بە قۆناغەتفەنگ دەرگاکانیان هەڵدەتەکاند و گومانلێکراویان لەناو جێگە لە خەو ڕادەپەڕاند و بۆ سەفەرێکی بێگەڕانەوە ڕاپێچیان دەکردن. هەمیشە مەبەستیان لە تێکدەران بوو، هەوڵی قڕکردنیان دەدان، ئەو پیاوکوژانە، ئەوانەی ئاگر لە وڵات بەر دەدەن، ئەو یاخییانەی برگەی چواری یاسا دەیگرتنەوە، کەچی سەربازان هیچیان بۆ باوک و دایکی قوربانییەکانیش نەدەدرکاند، کاتێک بەلیشاو دەچوون

لـە مەکتەبـی فەرەماندەی بـاڵا سـۆراغی کوڕەکانیـان دەکـرد. ئەفسـەرەکان پێداگرییـان دەکرد و دەیانگوت، "ڕەنگە خەونتان بینیبـێ. لـە ماکۆنـدۆ هیـچ ڕووی نـەداوە و هەرگیزیـش هیچـی تیـا ڕوو نـادات. ئـەم گونـدە، گوندێکـی بەختـەوەرە." ئـا بـەم جۆرە لێپرسـراوی سـەندیکاکانیان بنبـڕ کـرد.

تاقەکەس لـەو کوشـتارە ڕزگاری بـوو، خۆسـێ ئەرکادیۆی دووەم بـوو. شـەوێکی مانگـی شـوبات، زۆر بەجوانـی دەنگـی قۆناغەتفەنـگ دەبیسـترا، کـە دەیانکێشـا بـە دەرگاکـەدا. دەمێک بـوو ئاورێلیانـۆی دووەم چاوەڕێـی دەکـرد بـاران خـۆش بکاتـەوە، بـۆ ئـەوەی بچێتـە دەرەوە، چـوو دەرگای لـە شـەش سـەرباز کردەوە، ئەفسـەرێکیانیش لەگـەڵ بوو. لە دەسـتی باران وەڕس و جاڕز ببوون، بەبێ ئـەوەی یـەک وشـە لـە زاریانـەوە دەر بچـێ، ژووربـەژوور، هەمـوو ماڵەکیـان پشـکنی، کانتۆریـان لـەدوای کانتـۆر دەکـردەوە، هـۆڵ و تەنانـەت عەمبارەکەشـیان بەسـەر کـردەوە. کاتێـک گڵۆپەکەیـان داگیرسـاند، ئورسـولا خەبـەری بـووەوە، لـەو ماوەیـەی سـەربازەکان پشـکنینیان دەکـرد، هەناسـەی لـە خـۆی بڕیبـوو، هـەردوو پەنجـەی وەک خـاچ لـێ کردبـوو و کەوتبـووە دوای سـەربازەکان. سـانتا سۆفیا دێ لا پیـەداد چـوو خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم ئـاگادار بکاتـەوە، لـە ژووری میلکییادێـس خەوتبـوو، بـەڵام بـۆی دەر کـەوت کـە دەرفەتـی هەڵاتنـی بـۆ نارەخسـێ. سـانتا سۆفیا دێ لا پیـەداد دەرگاکـەی داخسـتەوە، خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم کراسـەکەی کـردە بـەر و پێڵاوەکانـی هەڵکێشـایە پـێ و لەسـەر تەختـی خەوتنەکـە دانیشـت و چاوەڕێـی سـەربازەکانی دەکـرد. لـە هەمـان کاتیشـدا، خەریکـی پشـکنینی تاقیگـەی زێڕنگەرییەکـە

بوون. ئەفسەرەکە داوای لە سەربازەکان کرد قفڵەکە بکەنەوە، چووە ژوورەوە، بە لایتەکەی هەموو تاقیگەکەی بەسەر کردەوە، سەیرێکی مێزی کارکردن و کەمۆڵە و شووشەی ئەسیدەکانی کرد، کەرەسەکان وەکوو چۆن دانرابوون، هەر وا مابوونەوە، کەس دەستی بۆ نەبردبوون، درکی بەوە کرد، کە لەو شوێنە کەس ناژی. کەچی زۆر میهرەبانانە بە ئاورێلیانۆی دووەمی وت، ئایا کاری زێرنگەری دەکات، ئەویش وەڵامی دایەوە، کە ئەو شوێنە، شوێنی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگە، ئەفسەرکەش پێی گوت، "ئەی چۆن" و گلۆپەکەی داگیرساند، بۆ ئەوەی دەست بە پشکنینێکی وردتر بکات، چاوی بە هەژدە ماسییە چکۆلانەی زێرکەفتانە کەوت، نەتوێندرابوونەوە، لەژێر شووشە بچکۆلەکان، لەناو قووتوویەکی سپی دانرابوون. ئەفسەرەکە یەکبەیەک پشکنینی. ئەفسەرەکە هەیبەتێکی مرۆڤانەی وەر گرت و گوتی، "بە ڕوخسەتی خۆتان، حەز دەکەم یەکێکیان بەرم. دەمێک ئەمە هێما بوو بۆ یاخیبوون، حاڵی حازریش بووە بە یادەوەری." ئەفسەرەکە لاو بوو، بگرە هەرزەکارێک بوو، هیچ نیشانەیەکی شەرمنیی پێوە دیار نەبوو، هەرچەندە تا ئەو دەمە هەست نەدەکرا، بەڵام خۆشگفتیش بوو. ئاورێلیانۆی دووەم ماسییەکی چکۆلەی بەدیاری پێشکەش کرد. ئەویش دیارییەکەی خستە گیرفانی کراسەکەیەوە، چاوەکانی وەک چاوی منداڵێک دەبریقانەوە، ماسییەکانی دیکەشی خستەوە ناو قووتووەکە و گوتی، "ئەم دیارییە یەکجار بەنرخە. ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ یەکێکە لە پیاوە هەرە مەزنەکانی مێژووی ئێمە."

ئەم مرۆڤبوونە کتوپڕە هیچی لە هەیبەتی جارانی نەگۆڕی.

ژوورەکەی میلکییادێس جارێکی دیکە قفڵی لێ درایەوە، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، پشتی بە هیوایەکی دیکە قاییم بوو، "دەشێ سەدەیەک زیاتر بێ کەس لەم ژوورە خەوتبێ." ئەفسەرکە دەرگاکەی پێ کردەوە، بەدەم لایتلێدانەوە ژوورەکەی پشکنی؛ ئاورێلیانۆی دووەم و سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، کاتێک ڕوخساری خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم بەر تیشکی لایتەکە کەوت، بینییان، چاوە ڕەشەکانیان بینی، هەستیان کرد ئەمە کۆتاییی دڵەکوتەیەکە و سەرەتای دڵەکوتەیەکی دیکەیە، تەنها بە تەسلیمبوون هێور دەبێتەوە. کەچی ئەفسەرەکە، وەک ئەوەی هیچی نەبینیبێ، بەدەم لایتلێدانەوە بەردەوام بوو لە پشکنینی خۆی، هیچ شتێک سەرنجی ڕانەکێشا، تا ئەو دەمەی چاوی کەوتە سەر شەستودوو لەگەنەکە، یەک لەسەر ئەوی دیکە، لەناو کانتۆرەکەدا دانرابوون. ئەوجا گڵۆپەکەی داگیرساند. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لەسەر لێواری تەختی خەوتنەکە دانیشتبوو، بەتەما بوو بازێک بدات و بۆ دەرەوە ڕابکا، لە هەموو دەمڕاماوتر و بەڕێزتریش دیار بوو. لەبنی ژوورەکەشدا، ڕیزێ ڕەفە و کتێبی پەڕپووتی لەسەر بوون، کاغەزی لوولکراوی پاکوخاوێنیشی لەسەر بوون، زۆر بەڕێکی دانرابوون، مێزی ئێشکردنەکە، تەنانەت مەرەکەبدانەکەش هێشتا مەرەکەبی تازەی تیا بوو. هەوا هەمان پاکوخاوێنیی جارانی هەبوو، هەمان ڕووناکیی جاران، هەمان بێگەردی، نە غوبار، نە تەپوتۆز، دەتگوت سەردەمی منداڵیی ئاورێلیانۆی دووەمە، کە تەنها ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ هەستی پێ نەکردبوو. بەڵام ئەفسەرەکە تەنها لەگەنەکانی لەلا مەبەست بوو و لێی پرسین، "چەند کەس لەم ژوورە دەژێ؟"

"پێنج."
بێگومـان ئەفسـەرەکە لـە هیـچ حاڵـی نەبـوو. نیـگای لـەو شـوێنە لەنگـەری گرت، کە ئاورێلیانۆی دووەم و سانتا سۆفیا دێ لا پیـەداد سـەیری خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەمیـان دەکرد، خۆسـێ ئەرکادیۆی دووەمیش درکی بەوە کرد، کە ئەفسـەرەکە زەق زەق سـەیری دەکات، کەچـی نایبینـێ. کاتێـک خۆسـێ ئاورێلیانۆی دووەم گوێی لە ئەفسـەرەکە بوو، لەوە حاڵی بوو کە ئـەم ئەفسـەرە لاوە ئـەو ژوورە دەبینـێ، وەک چۆن جاری جاران ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ ئـەو ژوورەی دەیبینی. ئەفسـەرکە بـە سـەربازەکانی گـوت، "ڕاسـتە، سـەدەیەک دەبـێ کـەس لـەم ژوورە نەژیـاوە. ڕەنگـە توولەماریشـی لـێ بێ."
کاتێـک خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم گوێـی لـە دەنگـی داخسـتنی دەرگاکـە بـوو، دڵنیـا بـوو لـەوەی جەنگەکـەی ئـەو کۆتایـی هاتـووە. چەنـد سـاڵێک پێشـتر، ئاورێلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ باسـی ئەفسـوونی جەنگی بۆ کردبوو، ویستبووی بە چەند نموونەیەکی هەڵهێنجراوی ژیـان و ئەزموونـی خۆی، باسـی جەنگی بۆ بکات. بڕوای بە قسـەکانی سـەرهەنگ کرد. بەڵام ئـەو شـەوە، کاتێک بیری لە ئاڵۆزی و گرژیی ئەو چەند مانگـەی پێشـووی کرد و بیری لە کوێرەوەریـی زیندان و بیری لـەو شـڵەژانە کردەوە کە لـە دەوری وێسـگەی شـەمەندەفەرەکە دروسـت ببـوو، بیـری لـە شـەمەندەفەرەکە کـردەوە، کـە بـاری مەرگـی هەڵگرتبـوو، کەچـی لـەو ژوورە، سـەربازەکان سـەیری دەکـەن و نایبینن، بۆیـە خۆسـێ ئەرکادیـۆی دووەم گەیشـتە ئەو دەرئەنجامـەی کە سـەرهەنگ ئاوریلیانـۆ بوێندیـا لـە ئەحمەقێک و گاڵتەجارێـک زیاتـر، هیچـی دیکـە نەبـووە. نەیدەزانـی بۆچـی

پێویستیی بەو هەموو وشانە هەبوو، تاکوو باسی جەنگی بۆ بکات، ئەگەر تەنها یەک وشە هەبێ بتوانێ گوزارشت لە جەنگ بکات، ئەوە وشەی ترسە. بە پێچەوانەوە، لە ژوورەکەی میلکیادێس، ڕووناکییەکی ناسروشتی و دەنگی باران و هەستی ئەوەی نابینرێ، پارێزراوە؛ هەستی بە حەسانەوەیەکی وا دەکرد، کە هەرگیز لەوەوپێش هەستی بەوە نەکردبوو، تەنها تاقە ترسی ئەوە بوو، کە زیندە بە چاڵ بکرێ. دەرگای لە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد کردەوە، خۆراکی ڕۆژانەی بۆ هێنابوو و بەڵێنی ئەوەی بە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمیش دا، کە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات تا زیندەبەچاڵ نەکرێ، تەنها بەمردوویی بنێژرێ. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لە هەموو ترسێک پاک ببووەوە، هەموو کاتی خۆی بۆ ئەو لاپەڕانە تەرخان کرد، کە میلکیادێس بەجێی هێشتبوون، دەیخوێندنەوە و دەیخوێندنەوە، تاکوو کەمتر لێی حاڵی دەبوو، ئەو ئارەزووی زیاتری دەکرد بیانخوێنێتەوە. بە دەنگی باران ڕاهات، دوای دوو مانگ ببوو بە شێوەیەکی دیکەی بێدەنگیی؛ لەو تەنیاییەدا، تەنها دەنگی هاتوچۆی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد وەرسی دەکرد. تکای لێ کرد خۆراکەکەی لەسەر لێواری پەنجەرەکە بۆ دابنێ و دەرگاکەش قفڵ بکات. هەموو خێزانەکەی ئەویان لەبیر چووەوە، تەنانەت فێرنانداش، کاتێک زانیی سەربازەکان بینیویانە و نەیانناسیوەتەوە، بەلایەوە ئاسایی بوو وازی لێ بێنێ. دوای شەش مانگ بەدوای ئەم خەڵوەتگرتنە، سەربازەکان ماکۆندۆیان جێ هێشت، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم قفڵەکەی لێ کردەوە و ئارەزووی دەکرد یەکێک

بدۆزێتەوە تا قسەی لەگەڵ بکات، تا باران خۆش دەکاتەوە. کاتێک دەرگاکەی کردەوە، بۆنێکی قێزەوەنی لەگەنەکانی ژوورەکەی تەنیبوون؛ لەگەنەکانی بینی لەسەر زەوییەکە دانراونەتەوە، زۆربەشیان بەکار هاتوون. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم هەستی بە خووری دەکرد، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەو بۆنە قێزەوەنەی ژوورەکەی تەنیبوو، بەردەوام بوو لە خوێندنەوە و دووبارەخوێندنەوەی ئەو کاغەزە نووسراوانە، هیچیشی لێ تێنەدەگەیشت. وەک بڵێی تیشکی گەورەی فریشتەکان، رووناکیان کردبێتەوە. گوێی لە دەنگی دەرگاکە بوو کرایەوە، کاتێک سەری هەڵبڕی و چاوی کردەوە، ئەم تەماشایە بەس بوو تا براکەی لەوە تێبگا، کە چارەنووسی ئەو، دووبارەبوونەوەی چارەنووسی باپیرەگەورەیەتی و بە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی گوت، "سێ هەزار کەس زیاتر دەبوون. ئێستا لەوە دڵنیام، کە گشت ئەوانە بوون، کە لە بەردەم وێسگەکە کۆ بووبوونەوە."

# ١٦

بۆ ماوەی چوار ساڵ و یانزە مانگ و دوو ڕۆژی ڕەبەق باران باری. سەردەمی وا هەبوو، تەنها نەرمەبارانێک دەباری، ئیدی خەڵکی، بۆ ئەوەی ئاهەنگ بۆ کۆتاییهاتنی بارانبارین ساز بکەن، جلوبەرگی ئاهەنگیان دەر هێنا و سەروسیمای ئەو کەسانەیان وەر دەگرت، کە تازەبەتازە لە جێگەی نەخۆشان هەڵسابنەوە، کەچی هەندەشی نەدەبرد لەوە تێدەگەیشتن، ئەم هێوربوونەوەیە تەنها ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی بەخوڕتر دەست بکاتەوە بە باران. ئاسمان بە قریشکەوە خۆی بەتاڵ دەکرد، ڕەشەبای وێرانکار لوورەی دەهات، لە باکووریشەوە گێژەڵووکە ساپیتە و گوێسوانەی هەڵدەتەکاند و دیواری دەڕوخاند و دوابنەمۆزی کێڵگەکانیشی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشا. دەتگوت سەردەمی پەتای خەوزڕانە، لەو ماوەیەدا، ئورسولا ئەوەی هاتەوە یاد، کە خودی ئەو پەتایە بوو، بووە هۆی داهێنانی کەرەسەگەلێک بۆ ئەوەی دژ بە بێزاری بەکاری بێنن. ئاورێلیانۆی دووەم یەکێک بوو لەو کەسانەی هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ ئەوەی بەسەر ئەم دەستبەتاڵییەدا زاڵ بێ. شەوێکیان میستەر بروان بۆ کارێکی بەپەلە چووبووەماڵیان و بەدەست

گێژوولەکەوە گیری خوارد، فێرناندا ویستی یارمەتیی بدات و سەیوانێکی تووڕەهاتی پێ دا، کە لە یەکێک لە دۆلابەکان دۆزیبوویەوە، ئەویش گوتی، "نا، قەیناکە. لێرە دەبم تا باران خۆش دەکاتەوە." هەڵبەتە ئەم قسەیەی زۆر لە دڵەوە نەبوو، بەڵام یەک تۆزقاڵی مابوو ببێ بە ڕاستی. لەبەر ئەوەی جلوبەرگەکانی ئاورێلیانۆی دووەم لە ماڵی پێترا کۆتێس بوو، سێ ڕۆژ جارێک دەبوو هەموو جلوبەرگەکانی لەبەر دابکەنێ و بە دەرپێیەکەوە چاوەڕێی دەکرد، تا بۆی دەشۆرن. بۆ ئەوەی حەوسەڵەی نەچێ، ئەگەر کەرەسەیەک لە ماڵەکە تێک بچووایە، ئەوە خۆی بە چاککردنەوەیەوە خەریک. ئەڵقەی نێوان دەرگاکانی ڕێک دەخستەوە، سوورگییەکانی چەور دەکرد، دەسگرەکانی توند دەکردەوە. بۆ ماوەی چەند مانگێک، ئاورێلیانۆی دووەم بە خۆی و قووتوویەکی کەرەسەوە دەبینرا، دەهات و دەچوو، لەو قووتووانە بوو، کە قەرەجەکان لە زەمەنی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەجێیان هێشتبوو، کەس نەبوو بزانێ، ئایا لە ڕێگەی خۆڕاهێنانێکی نەویستانە بوو، لەبەر وەرسیی وەرزی زستان بوو یا زۆرلەخۆکردن بوو، هێدی هێدی ورگی دادەبەزی و وەک کوندەی بەتاڵی لێ هات، ڕوخسارە ورچئاساکەی ئاڵیی ون دەکرد، غەبغەبەکەی تەواو نیشتەوە، بە شێوەیەکی گشتی، ئەستوورییەکەی کەمتر دیار بوو، تەنانەت ئیدی دەیتوانی بە دەستی خۆی قەیتانی پێڵاوەکانیشی ببەستێتەوە. کاتێک فێرناندای دەبینی دەسکی دەرگا چاک دەکاتەوە و سەعاتەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، لە خۆی دەپرسی ئایا دەبێ ئەویش تووشی هەمان وەسواسیی شت تێکدان و چاککردنەوە نەبووبێ، هەر وەک ئاورێلیانۆ

بوێندیای سەرمەنگ و ماسییە چکۆلە زێرکەفتەکانی، ئامارنتا و دوگمە و کفنەکەی، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم و کاغەزە لوولدراوەکانی، ئورسولا و یادەوەرییەکانی. شتی ناهەموار ئەوە بوو، باران هەموو شتێکی خراپ و سەقەت دەکرد، ئەگەر سێ ڕۆژ جارێک چەور نەکرابان، لەنێو کوتکە ئاسنی مەکینە هەرە بێخێروبێرەکاندا، گوڵان شین دەبوون، سیمی پارچە چنراوەکان ژەنگی هەڵدەهێنا، تەنانەت لەسەر پەڕۆ تەڕەکانیشدا قەوزەی زەعفەران دەڕوان. هەوا هەند شێدار بوو، ماسی دەیتوانی لە دەرگا و پەنجەرەکانەوە بێنە ژووری، لەنێو هەوا مەلەیان دەکرد و ئەم ژوور و ئەو ژووریان دەکرد. سەرلەبەیانییەکیان، کاتێک ئورسولا لە خەو هەڵسا، هەستی کرد جۆرە بوورانەوەیەکی هێمن لە دواچرکەکانی ژیان نزیکی دەکاتەوە، پێشتریش ماڵەوەی ئاگادار کردبووەوە، کە لەسەر تەختێکیش بێ، دەبێ بیبەنە لای ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیش، سانتا سۆفیا دێ لا پیەدا سەرنجی دا، کە هەموو پشتی بە زەروو پەڵەپەڵە بووە. پێش ئەوەی زەرووەکان هەموو خوێنەکەی بمژن، یەکبەیەک لە پشتیان دەکردەوە و دەیانسووتاند. تا لەدەست ئاوی کۆبووەوەی ناو ماڵ ڕزگاریان ببێ، دەبوو جۆگەلە هەڵکۆڵن، بۆق و هێلکەشەیتانۆکەکان فڕێ بدەنە دەرەوە، تاکوو زەوییەکە هیشک دەبێتەوە و کەرپووچەکانی ژێرپێی قەرەوێڵەکان لا بدەن و سەرلەنوێ بە پێڵاوەوە هاتوچۆ دەکەنەوە. ئاورێلیانۆی دووەم، تەواو بە دەستی وردەواڵەتەوە خۆی خافڵاندبوو، تەواوێک سەرنجی خۆی لێ چڕ کردبوونەوە، هەستی کرد خەریکە وردەوردە پیر دەبێ، هەتا ئەو ئێوارەیەی لەسەر

کورسییە بزۆکەکەیەوە سەیری خۆرئاوابوونێکی پێشوەختی دەکرد، بەبێ ئەوەی مووچڕک بە لەشیدا بێ، بیری لە پێترا کۆتێس دەکردەوە. هەستی بە هیچ ڕێگرییەک نەدەکرد بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای خۆشەویستییە بێتاماکەی فێرناندا، بە هەڵکشانی تەمەن، جوانییەکەی شکڵێکی هێمنتری وەر دەگرت، کەچی باران ڕێگەی لە هەموو پەلەپەلییەکی هەوەسداری گرتبوو، ئاسوودەییەکی ئیسفەنجئاسای پێ بەخشیبوو، بەبێ ئیشتیا. سەرباری ئەوەی ئەوە بۆ ساڵێک دەچوو، خۆشی نەکردۆتەوە، دڵی بەوە خۆش دەکرد کە جاران دەیتوانی شتگەلێک بکا. زۆر پێش ئەوەی کارگەی مۆزەکە پلاکە توتیا لەگەڵ خۆیان بهێنن و لە گوندەکەش ببێتە مۆدە، ئاورێلیانۆی دووەم یەکەمین کەس بوو ئەو پلاکانە بهێنێتە ماکۆندۆ، بۆ ئەوەی سەرمیچی ژووری خەوتنی پێترا کۆتێسی پێ داپۆشێ، تا پێکەوە سۆزدارانە گوێ لە نمەی باران بگرن، کە چۆن تک تک دەکەوێتە سەر پلاکە توتیاکە. تەنانەت یادەوەرییە هەرە سەمەرەکانی هەرەتی لاوییشی هیچ هەستێکی تێدا نەدەبزواند، وەک بڵێی گشت ئەو هەستانە لە دوائاهەنگە بریقوباقەکانیدا خەرج کردبێ و تەنها ئەو پاداشتانەی بۆ مابوونەوە، کە بێ پەشیمانی و بەبێ زوخاوڕشتن، بەسەر پەردەی زاکیرەیدا گوزەر بکەن. دەیتوانی بەخۆشی بڵێ ئەم لافاوە، وچانێکی پێ بەخشی، بۆ ئەوەی دابنیشێ و بیر بکاتەوە، ئەو هەموو گاز و پلایس و ڕۆندانانە، ڕای بوەشێنێ و سۆزی چەندین پیشەی بەکەڵک و سوودبەخشی تیا ببووژێنێتەوە، کە دەکرا لە ژیاندا بیکات، کەچی نەیکرد، نە ئەمەیانی کرد، نە ئەوەیان؛ کەچی بیرۆکەی جۆرە ژیانکردنێکی جێگیرتر و سەقامگیتر، بەرهەمی

ڕامان و ئارەزووری پەشیمانبوونەوە نەبوو، بەڵکوو هی ئەو سەردەمە بوو، کە لە تاقیگەکەی میلکیادیسدا، حەکایەتی سەرسووڕهێنەری فڕینی قاڵی و حەکایەتی ئەو نەهەنگانەی دەگێڕایەوە، کە لەسەر کەشتییو تاقمەکەی سەری دەژیان، ئەم ئارەزووە لە هەوارێکی دوورترەوە دەهات، وەک ئەوەی نووکەچەتاڵی باران بیبووژێنێتەوە. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە بوو، فێرناندا دەخافڵێ و ئاورێلیانۆی بچکۆلە ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و دەچێتە دالانەکە، ئیدی باپیرەی نهێنیی بوونی ئەوی بۆ گێڕایەوە. قژی کورت کردەوە، جلوبەرگی لەبەر کرد، پێی گوت نابێ لە کەس بترسێ، هەندەشی نەبرد، ئەویشیان وەک یەکێکی ڕاستەقینەی بنەماڵەی بوێندیا لەقەڵەم دا: ڕوومەتە دەرپۆقیوەکانی، چاوە واقوڕماوەکانی و گۆشگیرییەکەی، کتومت هیی بنەماڵەکە بوون. فێرناندا هەناسەیەکی هەڵکێشا، دەمێکی زۆر بووبە دەستی غرووره بێسنوورەکەی خۆیەوە دەینالاند، بەلام نەیدەزانی چۆن چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە: هەرچەند بیری بۆ چارەسەرێک بچووبایە، خێرا بە ناماقوڵیی لێک دەدایەوە. ئەگەر دەیزانی ئاورێلیانۆی دووەم شتەکان هەند ئاسایی وەر دەگرێت، وەک هەموو باپیرەیەکی خۆشگفت و ئاسایی، فێرناندا دەیتوانی، لە ماوەی ئەو ساڵەدا، خۆی لەو هەموو ئازار و ئەشکەنجە و کاتبەفیڕودانە ڕزگار بکات، وەک یاریی مشک و پشیلەی لێ هاتبوو. ئامارنتا ئورسولاش تازە ددانی نوێی هاتبوو، ئەم خوشکەزایە ببووە یارییەکی بووکەشووشە و بە کەس نەدەگیرا، لە چارزیی بارانبارین، دڵیانی دەدایەوە. ئاورێلیانۆی دووەم ئینسایکلۆپیدیا ئینگلیزییەکەی هاتەوە یاد، لە ژوورەکەی جارانی میمێ بوو

و کەس دەستی بۆ نەبردبوو. سەرەتا، وێنەکانی بە منداڵان پیشان دەدا، بەتایبەت تابلۆی ئاژەڵەکان، دواتریش نەخشەی جوگرافیی، وێنەی وڵاتانی دوور و کەسایەتییە بەناوبانگەکان. لەبەر ئەوەی زمانی ئینگلیزیی نەدەزانی و بەئەستەمیش شارە گەورە و بەناوبانگەکان و کەسایەتییە بەناوبانگ و ئاشناکانی دەناسییەوە، ئیدی بۆ ئەوەی بزۆزی منداڵان دابمرکێنێتەوە، ناوی دادەهێنا و حەکایەتی دەخوڵقاند.

هەر بە ڕاستی فێرناندا وای دەزانی مێردەکەی چاوەڕێی ئەوە دەکات باران خۆش بکاتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە لای دەزگیرانەکەی. لە سەرەتاکانی بارانبارینەدا، فێرناندا لەوە دەترسا، کە مێردەکەی بچێتە ژوورەکەیەوە و داوای ئاشتبوونەوەی لێ بکات و ئەویش پێی بڵێ کە لەدوای لەدایکبوونی ئامارانتا ئورسولاوە، هیچ ئارەزوویەکی ئاشتبوونەوەی نەماوە لەگەڵی. ئا ئەمە هۆکاری نووسینی ئەو هەموو نامانە بوو بۆ پزیشکانی نادیار، نامەکان بەپچڕپچڕی دەگەیشتن، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی نامەنووسین ڕابگرێ. لە دەسپێکی بارانبارینەوە، پزیشکانی نادیار باسی ئەوەیان دەکرد، لەبەر گێژەڵووکە شەمەندەفەرەکان تووشی خلیسکان دەبن، تەنانەت لە یەکێک لەو نامانەدا باسی ئەوەشیان کردبوو، کە نامەکانی ئەو ون دەبن و ناگەنە دەستیان. دواتریش، کاتێکیش پەیوەندیی لەگەڵ ئەو پزیشکانە نەما، زۆر بەجەختەوە بیری لەوە دەکردەوە، کە دەمامکێکی پڵینگ بخاتە سەر دەموچاوی، ئەو دەمامکەی مێردەکەی لە

ئامەنگی کەرنەڤاڵە خوێناوییەکەدا بەکاری هێنابوو، بۆ ئەوەی بە ناوێکی دیکەوە بچێتە لای پزیشکەکانی کارگەی مۆزەکە، بۆ ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە. بەڵام ئاپوورەیەکی زۆر هاموشۆیماڵیانی دەکرد و هەواڵی شوومی لافاویان پێ بوو، یەکێکی پێی دەگوت، کارگەی مۆزەکە خەریکە باروبارگە دەپێچێتەوە، دەچێتە شوێنێکی گونجاو و هیشکتر، بۆیە حەوسەڵەی نەما، دۆشداماو، چاوەڕێی دەکرد باران لێی بکاتەوە و پۆستەخانەکە بکەوێتەوە کار بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئاسایی نامەکان بێن و بچن؛ هەر لەو ماوەیەشدا، بە هەموو شێوەیەک خەیاڵی بەکار هێنا تا نیگەرانییە نهێنییەکانی پێ هێور بکاتەوە، چونکە ئارەزووی دەکرد تەنانەت بمرێ، بەس نەکەوێتە ژێر دەستی پزیشکەکەی ماکۆندۆوە، پزیشکێکی فەرنسی، سروشتێکی نامۆی هەبوو، وەکوو گوێدرێژێکیش گیاوگۆڵی دەخوارد. لە ئورسولا نزیک بووەوە، چونکە دەیزانی، ئەو پیرەژنە دەبێ داودەرمانێک بۆ ئێش و ئازارەکانی شک بەرێت. بەڵام، چونکە فێرناندا بۆ ئەوەی تووشی عەیب و نەنگی نەبێت، خووی بەوەوە گرتبوو شتەکان بە پێچوپەنادا بەرێت و هیچ شتێکیش بە ناوی خۆیەوە بانگ نەکات، کاتێک باسی "پێشەوەی" کردبا، وەک ئەوە وا بوو باسی "پشتەوە" بکات، لەجیاتی "هەڵهێناوە،" "زاوزێ"ی بەکار دەهێنا و "لەدەستدانی" دەکرد بە "سووتان." ئورسولاش گەیشتە قەناعەتێکی مەنتیقی، ئەویش ئەوە بوو: نیگەرانییەکانی فێرناندا پەیوەندیی بە منداڵدانەوە نەبوو، بەڵکوو پەیوەندیی بە ڕیخۆڵەکانییەوە هەبوو، بۆیە ئامۆژگاریی کرد کە بەیانییان، پێش نانخواردن،

مڵاکێک "کالۆمێل" بخوات. ئەگەر باران نەبووایەتە هۆی ئەو نیگەرانییانەی بۆ کەس نەدەبوو بە سووکایەتی، جگە بۆ ئەو کەسانە نەبێ، کە تووشی نەخۆشیی "شەرمنی" دەبن، ئەگەر ئەو بارانەش نەبووایەتە هۆی بزربوونی ئەو نامانە، ئەوا فێرناندا هیچ باکێکی نەدەبوو، چونکە بە هەموو بارێ، ژیانی ئەو بارانێکی بەردەوام بوو. لەو دەمەشی هێشتا قاچی مێزەکان لەسەر کەرپووچ دادەنران و قاچی کورسییەکانیش لەسەر تەختە و بەرد بوون، بۆ ئەوەی لە کاتی دانیشتندا کەس پێی تەڕ نەبێ، هێشتا فێرناندا بەردەوام بوو، قاپی خۆراکەکانی لەسەر سفرەی کەتان دادەنا، قاپوقاچاغی چینیی بەکار دەهێنا، شەمدانەکانیشی بۆ نانخواردنی ئێواران دادەنا، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو، کە کارەسات و لێقەومان نابێ ببنە هۆی پشتکردن لە دابونەریتی جوان. کەس سەری نەکرد بە دەرەوەدا. ئەگەریش بەدەست فێرناندا بووایە، ئەوە کەس هەر نەدەچووە دەرێ، نەک تەنها لەو ماوەیەی بارانبارین دەستی پێ کردبوو، بەڵکوو زۆر لەوەوپێش، چونکە بۆ فێرناندا دەرگا تەنها بۆ ئەوە دروست کراون، کە دەبێ دابخرێن، بزۆزی و ئارەزووی ئەوەی بزانرێ چی لە دەرەوە ڕوو دەدات، تەنها ئیشی ژنانی سووکە. کەچی، هەر خۆی یەکەمین کەس بوو کاتێک ئاگاداریان کردەوە کە جەنازەی خێرینێلدۆ مارکیزی سەرهەنگ ڕەت دەبێ، ئەگەرچی تەنها هەر لە درزی پەنجەرەکەشەوە سەیری دەرەوەی کرد، کەچی خەمێکی زۆر دای گرت، چونکە هەستی دەکرد ورەی نزمە و پەنجەی خۆی دەگەست.

نەدەکرا لە جەنازەکەی خێرینێلدۆ مارکیزی سەرهەنگ

خەمهێنەرتر هەبێ. تابووتەکەیان لەسەر گالیسکەیەک دانابوو، گا ڕای دەکێشا، بە گەڵای مۆز کەپرێکیان بۆ کردبوو، بەڵام باران هەند بەهێز دەباری، جادەکە ببووە قوڕاوێک، هەنگاو نەبوو پێچکەی گالیسکەکە نەچەقێ و کەپرەکەش خەریک بوو بەلادا دەهات. ئەو ڕێژنەی ئاوە غەمبارەی دەکەوتە سەر تابووتەکە، خەریک بوو ئالاکەی دەتلیساندەوە، ئەو ئالایەی دابووایە لەسەر تابووتەکە دای بنێن، ئەو ئالا خوێناوییە بارووتاوییەی جەنگاوەرە دێرینەکان ڕەتیان کردبووەوە. هەروەها لەگەڵ کەمەربەندێکی گوڵینگداری مسین و ئاوریشم، شمشێرێکیشیان لەسەر تابووتەکە دانابوو، هەمان ئەو کەمەربەندە بوو، کە خێرنێلدۆ مارکیزی سەرهەنگ پێش ئەوەی بچێتە ژووری دوورمانی ئامارانتاوە، لە خۆی دەبەست. چەند پێخواسێکیش بەدوای گالیسکەوەوە بوون، پانتۆڵەکەیان تا پووزوانە هەڵکردبوو، دوا زیندووەکانی ڕێککەوتنامەی خۆبەدەستەوەدانەکەی نیەرلەندیا بەناو چلپاوەکەدا دەڕۆیشتن، بە دەستێک قەڵەنگی نووکتیژی گوندییانەیان بە دەستەوە بوو، بە دەستێکیش تاجەگوڵینەیەکی کاغەزین، کە باران کاڵی کردبووەوە. هەر بە تراویلکەیان دەکرد لەسەر ئەو جادەیەی هێشتا ناوی جادەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی پێوە بوو، کاتێکیش گەیشتە بەردەرگای ماڵی سەرهەنگ، پێش ئەوەی لە سووچەکە با بدەنەوە بۆ ئەوەی بگەنە مەیدانەکە، هەموو سەیری ماڵی سەرهەنگیان کرد، داوای یارمەتییان لە چەند کەسێک کرد، چونکە پێچکەی گالیسکەکە لە قوڕ چەقیبوو. سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادیش ئورسولای تا پێش دەرگا هەڵگرتبوو. زۆر بەوردی سەیری

ڕێوڕەسمەکەی دەکرد، کەس نەبوو گومانی ئەوە بکات، کە ئەم ژنە نابینایە، بەتایبەت دەستی وەکوو دەستی جوبرائیل بەرز کردبووەوە، هاوئاهەنگانە لەگەڵ ڕەوتی گالیسکەکە ڕیتمی دروست دەکرد.

بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و گوتی، "ماڵئاوا، ڕۆڵە. سڵاو لەوانەی من بکە و پێیان بڵێ هەر باران خۆشی کردەوە، چاومان بەیەک دەکەوێتەوە."

ئاورێلیانۆی دووەم یارمەتیی دا تاکوو بیباتەوە سەر جێگەکەی و وەک هەموو جارێکیش، بە شێوەیەکی زۆر خاکی پێی وت، مانای ئەو ماڵئاواییە چی بوو.

ئورسولاش لە وەڵامدا پێی وت، "بەڕاستمە. تەنها چاوەڕێی ئەوە دەکەم، کە باران خۆش بکاتەوە بۆ ئەوەی بمرم."

بارودۆخی جادەکان ئاورێلیانۆی دووەمی نیگەران کرد. درەنگ چوو بەتەنگی ئاژەڵەکانیەوە، مشەممایەکی بە خۆیدا دا و چوو بۆ ماڵی پیترا کۆتێس. ئەویش لەناو حەوشەکە بوو، خەریک بوو لاشەی ئەسپێکی ڕادەکێشا، ئاو تا ئەژنۆی هاتبوو. ئاورێلیانۆی دووەم چوو یارمەتیی بدا، شیشێکی ئاسنی هەڵگرت و خولێکی بەدەوری لاشە زلەکەدا دا، لەگەڵ خۆی لیتاوێکی خل دەکردەوە. لە سەرەتای دەستپێکردنی بارانەوە، پیترا کۆتێس خەریک بوو لاشەی ئاژەڵی مردارەوەبووی فڕێ دەدا. لە هەفتەکانی هەوەڵین، چەند نامەیەکی بۆ ئاورێلیانۆی دووەم ناردبوو، بۆ ئەوەی بەپەلە خەمێک لەو ئاژەڵانە بخوا، کەچی ئەویش وەڵامی دابووەوە، کە هیچ پەلەپەلی ناوێ، بارودۆخەکە لەدەست دەر نەچووە و بیر لە ڕێگەچارەیەکی گونجاو دەکاتەوە، هەرکاتێک

خۆشی کردەوە، دەچێت بەپیریەوە. پێترا کۆتێس پێی گوت، هەندە نییە لافاو ئەڵفەکەی برد و حەیوانەکانیش خۆیان لە شوێنە بەرزەکان داڵدە دەدەن و هیچ شتێکیان نییە بیخۆن، کەوتوونەتە بەر هەڕەشەی تاعوون و پڵنگەوە. ئاورێلیانۆ وەلامی دایەوە و گوتی، "هیچ ناکرێ. کاتێک باران خۆش دەکاتەوە، هیی تر دەزێن." پێترا کۆتێس حەیوانەکانی دەبینی، دەستەدەستە مردار دەبنەوە و هەر هەندەی پێ دەکرا ئەو حەیوانانەی لەناو قوڕولیتاوەکەدا گیریان خواردووە، بە چەقو لەتوپەت بکا. بێدەسەلاتانە، دەیبینی چۆن لافاو ئەو سەروەت و سامانە لووش دەدات، لە سەردەمێکدا بە هەرە زەنگینترین و ڕەگهاژووترین سامانی ماکۆندۆ ئەژمار دەکرا و حاڵی حازریش لە کەلاکی بۆگەن بەولاوە، هیچ شتیکی دیکە بەدی نەدەکرا. کاتێک ئاورێلیانۆی دووەم بڕیاری دا بچێ بۆ ئەوەی بزانێ چ باسە، تەنها کەلاکی ئەسپێک و هێستریکی لەڕولاوازی لە تەوێڵەکە بینی. پێترا کۆتێس ئاورێلیانۆی دووەمی بینی، هیچ خۆی سەغڵەت نەکردووە، نە دڵخۆش دیار بوو، نە غەمگین، هەر بە لالووتێکیش بزەیەکی گاڵتەجاڕانەی کرد و گوتی، "زوو هاتی، ها!"

پیەترا کۆتیس تەواوێک پیر ببوو، تەنها پێستی بەسەر ئێسقانەوە مابوو، چاوە تیژەکانی، کە بە چاوی ئاژەڵخۆریان دەکرد، هەندە سەیری بارانیان کردبوو، خەمبار و دەستەمۆ ببوون. ئاورێلیانۆی دووەم بۆ ماوەی سێ مانگ لە ماڵی پیەترا کۆتێس مایەوە، نەک لەبەر ئەوەی لە ماڵەکەی خۆی خۆشتر بوو، بەڵکوو پێویستیی بە کاتێکی زۆر بوو تاکوو پارچەمشەممایەکی دیکە بداتە سەر شانیا و بگەڕێتەوە. وەک

چۆن لە ماڵەکەی خۆشی بە پیەترا کۆتیسی وت، هەر وا دووبارەی کردەوە و گوتی، "پەلەپەلی ناوێ. بەڵکوو لەم چەند سەعاتەی داهاتوو باران خۆش بکاتەوە." لە ماوەی هەفتەی یەکەمدا خۆی بەوە ڕاهێنا، کە چۆن کات و باران تەندروستیی دەزگیرانەکەیان وێران کردەوە، هەوڵیدا کەم تا زۆر وەک جاری جاران ببینێ، ئەو ساتانەی هاتەوە یاد، کە پێکەوە ڕایان دەبوارد، ئەو هەموو زاوزێیەی ئاژەڵانە لە خۆشەویستی و ئەوینی ئەوانەوە پەرەی سەندبوو، هەفتەی دووەمیش، هەندێک لەبەر خۆشەویستی و هەندێکیش لەبەر بەرژەوەندی لەلای مایەوە، سبەینانێک بە نەوازشێکی پەلەپەلەوە لە خەو هەڵی ساند. پیەترا کۆتێس گوێی نەداین و بەبێ لێوەوە پێی گوت، "ئاقڵ بە و بخەوە. ئێستا کاتی ئەمە نییە." ئاورێلیانۆی دووەم وێنەکەی خۆی لە ئاوێنەکەدا بینی، کە بە بنمیچەکەوە هەڵی واسیبوو، ئێسقانەکانی بڕبڕەی پشتی پیەترا کۆتێسی بینی، هەر بە خڕخڕۆکەیان دەکرد، کە یەک لەسەر ئەوی دیکە ڕیز کرابوون، تێگەیشت کە پیەترا کۆتێس هەقیەتی، پەیوەندیی بە کاتەکەوە نەبوو، بەڵکوو تەمەنیان هەڵکشابوو.

ئاورێلیانۆی دووەم بە خۆی و باوڵەکانیەوە گەڕایەوە ماڵی خۆی، گەیشتبووە ئەو باوەڕەی نەک تەنها ئورسولا، بەڵکوو هەموو دانیشتووانی ماکۆندۆ چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد باران خۆش بکاتەوە، تاکوو بمرن. لەسەر شەقام دەیبینین، لە هۆڵی دانیشتندا، چاوئەبڵەق، دەستلەسەرچۆک و هەست دەکرا کات بەڕێژنە تێدەپەڕێ، کاتێکی خاو، چونکە بێسوود بوو بەسەر مانگ و ساڵ و سەعات و ڕۆژدا دابەش کرابا، چونکە لە

تەماشاکردنی باران زیاتر، هیچ شتێکی دیکە نەدەکرا. منداڵەکان زۆر بەکەیفوخۆشی پێشوازییان لە ئاورێلیانۆی دووەم کردەوە، دەستی بە ژەنینی ئەکۆردیۆنە هەناسەسوارەکەی کرد. بەڵام ئەم ئاهەنگی مۆسیقایە وەکوو وانەکانی ئینسایکلۆپیدیا سەرنجراکێش نەبوو بۆیان، هەندەی نەبرد لە ژوورەکەی مێمێ جارێکی دیکە کۆ بوونەوە، ئاورێلیانۆی دووەم، بە خەیاڵ باڵۆنی فڕینی دەکردە فیلی پەڕەندە، کە لەنێو هەوراندا لە شوێنێک دەگەڕا بۆ ئەوەی بخەوێ. ڕۆژێکیان، چاوی بە سوارچاکێک کەوت بە جلوبەرگێکی سەیروسەمەرەوە، کەچی ڕێگر نەبوو کە هەیبەتێکی ئاشنای پێ ببەخشێ و دوای ئەوەی دەمێک سەرنجی داین و گەیشتە ئەو ئەنجامەی ئەو وێنەیە، سەرباری ئەوەی وێنەی جەنگاوەرێکی تەتەریش بوو، وێنەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگە. بە فێرناندای نیشان دا و ئەویش هاوتەبا بوو لەگەڵ لێکچوونی نێوان ئەو ئەسپ سوارە و سەرهەنگدا، بەڵکوو لەنێوان ئەو و هەموو ئەندامانی خێزانەکەشدا. بەم جۆرە، لەنێوان پەیکەری زەبەلاحی ڕۆد و وێنەی سەماپێکەرانی ماردا، کاتی خۆی دەگوزەراند، تا ئەو ڕۆژەی ژنەکەی پێی گوت، تەنها شەش کیلۆ گۆشتی خوێیوەکرا و فەردەیەک برنجیان لە عەمبارەکەدا ماوە و هیچی تر.

ئاورێلیانۆی دووەم لێی پرسی، "چی بکەم باشە؟"

فێرناندا وەڵامی دایەوە و گوتی، "نازانم. ئەم شتانە پەیوەندییان بە پیاوانەوە هەیە."

ئاورێلیانۆی دووەم وەڵامی دایەوە و گوتی، "زۆر جوانە، بیرێکی لێ دەکەینەوە با باران خۆش بکاتەوە."

ئیدی هەنـدەی خـۆی بـە ئینسـایکلۆپیدیاکەوە خەریـک دەکـرد، هەنـدە گوێـی لـە کاروبـاری ماڵـەوە نەبـوو، تەنانـەت ئـەو کاتەشـی کـە بەناچاری، گوێلـێ برنـج و پشـکۆکەیەکی گۆشتیشـیان لـێ بنایـە، دەیگـوت، "مەحاڵـە، هیـچ ناکـرێ. خـۆ هەتاهەتـاش بـاران هـەر نابـارێ." تاکوو ئازووخـە لـە عەمبارەکە دەیدا لـە کەمـی، هەنـدەی دیکـە فێرنانـدا تـووڕە دەبـوو، تاکـوو سەرلەبەیانییەکیان، ناڕەزاییەکی سەرپێیی بوو بـە شـاڵاوێک، کـە مەحـاڵ بـوو ڕێگـەی لـێ بگیـرێ، بـوو بـە تەقینەوەیەکـی ڕاسـتەقینە؛ سـەرەتا بـە دەنگـی گیتـاری یـەک ئـاوازی دەکـرد، کەچـی تـا دەهـات، تۆنەکـەی بەرزتـر دەبـووەوە و توندتـر و بەرفراوانتر دەبوو. تەنها بۆ ڕۆژی دوایی ئاورێلیانۆی دووەم لـەو هەمـوو گلەیـی و گازەندەیـە تێگەیشـت، دوای قاوەڵتێکـردن، هەسـتی کـرد منگەیـەک وەختـە گێـژی دەکات، لـە گاڵەگاڵـی بارانەکە بەرزتـر بـوو، فێرنانـدا بوو، دەمبەبۆڵـە و بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچـوو و گلەیـی و گازەنـدەی بـوو و دەیگـوت، وەکـوو شـاژن بەخێویان کردم بۆ ئـەوەی وەک خزمەتکارێک لـە ماڵـی ئـەم شـێتانە ژیـان لەگـەڵ مێردێکـی تـەوەزل و کافـر و مێبـازدا بەسـەر بـەرم؛ بـە کەماڵـی ئیسـراحەت پاڵـی لـێ دەداتـەوە، بـۆ ئـەوەی خـودا کولێـرەی بـۆ فـڕێ بداتـە خـوارەوە؛ ئەویـش وەختـە لـە داخـا خـۆی دەکوژێت، بـۆ ئـەوەی بـاران خانووەکە نغرۆی ئـاو نـەکات، بـە نووکـە سنجاق ڕای گرتـووە، بـەردەوام سـەرقاڵە، کاروبـاری زۆرە، لـە شـیرەی شـەبەقەوە بەخەبـەرە تاکـوو شـەو دادێ، کاتێکیـش دەچێتـە سـەر تەختـی خەوتـن، وەک بڵێی وردەشووشـە هـەر دوو چـاوی دەر دێنـێ، سـەرباری ئـەم هەمـوو دەردەسـەرییانەش، کەسـێک نەهـات و بەیانـی

باشێکی لێ بکات، بڵێ فێرناندا، ئەرێ باش خەوتی، تەنانەت کەس نەبوو بڵێ ئەرێ بۆ ئەوەندە ڕەنگت زەردە، بۆچی ژێر چاوەکانی شین و مۆر دەچنەوە، خۆ ئەمەشی لە کەس چاوەڕوان نەدەکرد، بگرە هەموو ئەندامانی خێزانەکە وەکوو شەرمێک سەیری دەکەن، تەنیا وەک دەسکێک بەکاریان دەهێنن، تا دەستیان نەسووتێ، مەنجەڵی گەرمی لەسەر ئاگر پێ دادەگرن، بە وێنەی سۆزانییەکانی قەد دیواری دەچوێنن، هەمیشەش لە پاشملە باسی دەکەن و پێی دەڵێن دەڵێی مشکی کڵێسایە، ساختەچییە، سروشتی ڕێویی هەیە، تەنانەت ئامارانتای خوالێخۆشبووش گوتبووی فێرناندا ڕیخۆڵەکوێرە و جەژنی قوربان لێک جودا ناکاتەوە، چیی تریان پێ نەگووت، ئەویش ئەم هەموو قسەوقسەڵۆکانە چاوقاییمی کردبوو و هیچی نەدەگوت، هەمووی دەسپاردە خودای تەعالا، بەڵام چیی دی تەحەممولی نەدەکرد، کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی نەعلەتی گوتبووی، کاتێک ئەو شازادە قۆڕەیان هێنایە ماڵەکە، بنەماڵەکەی تووشی گومڕایی کرد، تەنها هەر یەک تۆزقاڵ بیر بکەنەوە، شازادەیەکی چاوقاییم، خودایە چیمان نەبینی، شازادەیەک، حەرامزادەیەک، خوێنی ئەوانەی لە گیاندا دەگەڕا، کە حکومەت ناردنی بۆ قەلاچۆکردنی کرێکاران، دە بزانە، مەبەستیان لەو بوو، تەنها لەوێ، کچە بچکۆلەکەی دووکی ئالبا، ئەو خانمەی لە بنەماڵەیەکی هەند شکۆدار پەیدا ببوو، ژنانی سەرەککۆماریشی تووشی تەنگەنەفەسی دەکرد، یەکێکی وەک ئەوە لە سولالەی نەجیبزادەکان بوو، مافی ئەوەی هەبوو لەژێر ناوی یانزە پشت، کە دەگەڕانەوە بۆ نیمچەدوورگەی ئیسپانیا، کاغەز

مۆر بکات؛ تاقە ژن بوو لەو شارۆچکە ناکەسبەچەیەدا کاتێک چاوی بە شانزە کەوچک و چەتاڵ دەکەوت، سەری لێ نەدەشێوا، مێردە مێبازەکەشی خرخرِ پێدەکەنی و دەیگوت، هەموو ئەو کەوچک و چەتاڵ و کێرد و کەوچکە بچووکانە لەگەڵ فەلەیەکی خواپەرست یەک ناگرنەوە، بەڵکوو بۆ نانخواردنی هەزار پێیە، فێرناندا تاقە کەس بوو بتوانێ بەچاوداخراوی بزانێ کەی و چۆن و لە چ پەرداخێک و لە چ لایەکی پەرداخەکەوە دەبێ شەرابی سپی بخورێتەوە و کەی و چۆن و لە چ پەرداخێک و لە چ لایەکیشەوە دەبێ شەرابی سوور بخورێتەوە، نەک وەک ئامارانتای کچەفەلاح، خودا عافووی بکات، وای دەزانی دەبێ بە رۆژ شەرابی سپی و بە شەویش شەرابی سوور بخورێتەوە؛ کەچی فێرناندا، لە هەموو ناوچەی کەنارەوەکان، تاقە ژنێک بوو شانازیی بە ئەوەوە دەکردکە، کە لەناو لەگەنی زێڕ نەبێ، بۆ پیساییکردن دانەدەنیشت، ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، خودا لە ئەویش خۆش بێ، رۆژێکیان، وێرای بە زمانێکی شڕی بازاڕییەوە، رۆژێکیان لێی بپرسی ئەو هەموو ئیمتیازاتە جوانانەی لە کێ بۆ ماوەتەوە، دەبێ ئەو وەکوو هەموو ئەو عالەمە گوو نەکات، رەنگە لەجیاتی گوو، گوڵەگەنم بکات، مەزەنەی ئەوە بکەن شتی وای پێی بوترێت، تەنانەت رێنێتاش، کچەکەی خۆی، بەنهێنی گوتبووی، دایکی لە ژووری خەودا دەچێتە ئاودەست و لەسەر لەگەن دادەنیشێت، بگرە گوتبووشی راستە، لەگەنەکە لە زێڕی خاڵیس دروست کراوە و ناوی بنەماڵەکەی لەسەر نەخشراوە، کەچی گوتبووشی کە ئەوەی ئەو دەیکات، ناوی گوویەکی رێکوپێکە، گوویەکی تەواو، لە

هەمووشی قۆرتر ئەوە بوو، کە گووی شازادە قۆڕەکە بوو، دە تەنها یەک خولەک بیر بکەنەوە، ئەمە کچەکەی خۆی بێ و شتی وای پێ بڵێ، هەرگیز شتی وا بە ئەندامێکی دیکەی بنەماڵەکە نەگوترابوو، لە هەموو بارێکدا، فێرناندا هەقی خۆی بوو چاوەڕێی ستاییشی گونجاو بکات لە مێردەکەی، چونکە هەرچۆنێک بێ، ئەو مێردی بوو، گرێبەستی هاوژینییان لەنێواندا هەبوو، هاودەمی بوو، بە حەز و ئارەزووەوە مێردی پێ کردبوو، مێردێک، بە لێپرسراوی و ئازادییەکی تەواوەوە ئەو کچەی لە کۆشکی باوکانە دەر هێنا، هەرگیز لە ژیانیدا، فێرناندا هەستی بە هیچ نوقسانی و ئازارێک نەکردبوو، لە کۆشکەکەی باوکی، خۆی بە دروستکردنی تاجەگوڵینەی جەنازەوە خەریک دەکرد، کاتێکیش باوکی تەعمید نامەی بۆ دەنووسی، ئیمزای خۆی و مۆری ئەنگوستیلەکەی لەسەر زەرفەکە دەدا، تەنها بۆ ئەوەی پێی، ژەنینی کلاڤسانی لێ بترازێ، کچەکەی ئەو بۆ کاروباری ماڵەوە دروست نەکراوە، بەو حاڵەش، مێردە سەرشێتەکەی بە چاوقاییمی و هەڕەشەیەکی زۆرەوە، فێرناندای لە چنگی باوکی دەر هێنا و بردی بۆ ئەو دەشتاییە دۆزەخینەی قرچەی گەرمای ئەو ناوچەیە هەند بەتینە، تەنانەت هەناسەدانیشی تیا سەختە، تەنانەت نەیهێشت بەڕۆژووبوونی پانکۆتیش تەواو بکات، هەندەی نەبرد باوڵەکانی سەفەری گەرمیان و کوێستانی پێچایەوە و ئەکۆردیۆنە شایەرانەکەشی تێ ئاخنی، بۆ ئەوەی بچێ مێبازیی لەگەڵ ژنێکی داوێنپیس بکات، ژنێکی سەربەموسیبەت، تەنیا سمتی ببینی، بۆ ئەو سەرووزیاد بوو، چش، ئەوەی وترا، وترا، بۆ ئەو تەنها ئەوە بەس بوو،

سەیری سمتی بکات چۆن دەلەنگێ، تەنها بۆ ئەوەی تێبگا کە ئەو ژنە، ژنێکی تەواو جیاوازە، وەکوو ئەو نییە، ئەو خانم بوو، دەیزانی چۆن هەڵسوکەوت بکا، جا لە کۆشک بووایە یا لە تەویلەیەک، لەسەر مێز بووایە یا ناو جێگە، خانمێکی نەجیبزادە بوو، لەخواترس و گوێڕایەڵی دەستوورەکان بوو، ملکەچی چارەنووسی خۆی بوو، ئاورێلیانۆی دووەم نەیدەتوانی لەگەڵ فێرناندا وەک ئەوی تر هەڵسوکەوت بکا، بێگومان وەکوو خانمە فەڕەنسییەکان ئامادەی هەموو شتێک نەبوو، لەوانیش خراپتر، هەر یەک تۆزقاڵ بیر بکەینەوە، چونکە ئەو خانمە فەڕەنسییانە شەرەفی ئەوەیان هەبوو، کە گڵۆپی سوور لەپێش دەرگاکانیان دابگیرسێنن، بە خوا هەر ئەمەی نوقسان بوو، ئەم ڕەفتارە لەگەڵ مەحبووبەی کچە تاقانەکەی دۆنیا ڕێناتا ئارگۆتێ و دۆن فێرناند دێل کارپیۆ بکرێت، بەتایبەت باوکی، قەدیسێک بوو بۆخۆی، دەچووەوە سەر سولالەیەکی مەسیحیی بێگەرد، سوارچاکی تەریقەتی سانتا-سێپولکر، سەر بەو سولالەیەی ڕاستەوخۆ ئیمتیازیان لە خوداوە پێ بەخشراوە، لە گۆڕەکانیاندا هیچیان لێ نایەت، پێستی بێخەوش و بریقەدار، وەک کەتانی کراسی بووکێنی، چاو بێگەرد و زیتەڵە، وەک زوبەرد لەناو تابووتەکانیاندا دەمێننەوە.

ئاورێلیانۆی دووەم بۆڵەبۆڵەکەی پێ بڕی و گوتی، "ئەمە ڕاست نەبوو. کاتێک لاشەکەیان بۆ ئێرە هێنا، بۆنی کردبوو."

ئاورێلیانۆی دووەم دانی بە خۆدا گرت و هەموو ڕۆژەکە گوێی بۆ بۆڵەبۆڵەکانی ئەو شل کردبوو، تاکوو لە قافدا گرتی، کەچی فێرناندا بەلایەوە گرینگ نەبوو، تەنها دەنگی نزم

کردەوە. ئەو ئێوارەیە، لە کاتی شێوخواردندا، ئەو منگەمنگە بێهواییەی ئەو هەموو بۆڵەبۆڵە، تەنانەت بەسەر دەنگەدەنگی بارانیشدا زاڵ ببوو. ئاورێلیانۆی دووەم نانێکی کەمی خوارد، سەری خۆی شۆڕ کردبووەوە و زۆر زوو چوو بۆ ژووری خەوتن. ڕۆژی دوایی، لە کاتی قاوەڵتیکردندا، فێرناندا هەڵدەلەرزی، بەوە دەچوو شەوێکی ناخۆشی بردبێتە سەر، بەڵام پێدەچوو هەرچییەکی لەسەر دڵ بووبێ، هەڵی ڕشتبێ، هێور ببووەوە. کەچی، کاتێک مێردەکەی داوای لێ کرد و وتی حەزی لە هێلکەیەکی کوڵاوە، تەنها هەر بەوە ڕازی نەبوو بڵێ هێلکە لە هەفتەی ڕابردووەوە تەواو بووە، بەڵکوو دەستی بە گلەیی و گازەندەیەکی توندتر کرد و ڕەخنەی لەو پیاوانە دەگرت، کە هەر بەتەنگیی سکیانەوەن، ئاساییە لایان، لەسەر مێزی نانخواردن داوای جگەری سوێسکە بکەن. وەک هەمیشە، ئاورێلیانۆی دووەم منداڵەکانی برد بۆ ئەوەی پێکەوە سەیری ئینسایکلۆپیدیاکە بکەن، فێرنانداش خۆی وا نیشان دا، کە خەریکی ڕێکسختنی ژوورەکەی مێمێیە، تەنها بۆ ئەوەی ئاورێلیانۆی دووەم گوێی لە چرپەچرپەکانی ئەو بێ، کە دەیگوت بەڕاستی دەبێ ڕووقاییم بیت بۆ ئەوەی بەو منداڵە گوناهانە بوترێت، کە ئەو وێنەیەی لە ئینسایکلۆپیدیاکەدایە، وێنەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگە. ئەو پاشنیوەڕۆیە، لە کاتێکدا، منداڵەکان خەوتبوون، ئاورێلیانۆی دووەم چووە هەیوانەکە و فێرنانداش کەوتە شوێنی، نەقیزەی لێ دەدا، تێی دەژەنی، وەکوو منگەمنگی مێشێکی زەبەلاح بەدەوریدا دەخولایەوە و دەیگوت، ئەرێ وەڵڵا تەنیا هەر بەرد شک دەبەین، مێردەکەی وەکوو میرزادەکانی فارس لە باران

ڕادەمێنی، چونکە لە تەوەزلێک زیاتر، هیچی دیکە نییە، گەوادە، هیچوپووچە، لە تۆپەڵۆکەیەک سووکترە ئەو پیاوە، بەوە ڕاهاتووە ژنان بیژێنن و وا دەزانێ ژنی حەزرەتی یونسی خواستووە، ئەو ژنەی هێمن و ئاسوودە دیار بوو، ئەو ژنەی دوای ئەوەی گوێی لە حەکایەتی نەهەنگەکە بوو، هێور ببووەوە. ئاورێلیانۆی دووەم بۆ ماوەی دوو سەعات گوێی لێ گرت، مێش میوانی نەبوو، وەک بڵێی کەڕێکە بۆ خۆی، دانی بە خۆیدا گرت، تا دەمەوپاشنیوەڕۆیەکی درەنگ و ئیدی لە توانایدا نەما هەندە گوێ لە غلبوونەوەی ئەو بەرمیلە ڕابگرێ، کە ئازاری مێشکی دەدا و تووشی سەرئێشەی دەکرد و بە فێرناندای وت، "بێدەنگ ببە، تکات لێ دەکەم."

فێرناندش بە پێچەوانەوە، تۆنی دەنگی بەرزتر کرد و گوتی، "هیچ شتێک وام لێ ناکات بێدەنگ ببم. ئەوەی نایەوێ گوێم لێ بگرێ، با بفەرموێ بۆ دەرەوە." ئیدی ئاورێلیانۆی دووەم کۆنترۆڵی لەدەست دەر چوو. زۆر لەسەرخۆ هەڵسایە سەر پێ، وەک بڵێی بیەوێ بچێتە دەرەوە، دواتر سەرشێتییەکەی کۆنترۆڵ کرد و لەسەرخۆ ئینجانەی گوڵەبێگۆنیاکان و بنچکە سەرەخسەکان و ئینجانەی پونگە کێوییەکانی، یەک لەدوای یەک دەدان بە زەویدا، هەمووی هەپرووونبەهەپرووون کرد. فێرناندا هەستی بە ترس کرد، چونکە تاکوو ئەو دەمە زۆر ئاگای لەو هەموو زرمانە نەبوو، کە دیکێشا بە ناخی مێردەکەیدا، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو. سێڵاوێکی ئازادیخواز ئاورێلیانۆی دووەمی ڕاپێچ کرد، مەحاڵ بوو ڕێی لێ بگیرێ، هەر هەموو

شووشـەی پەنجەرەکانـی، یـەک لـەدوای یـەک، بەبـێ هیـچ پەلەپەلێک، وردوخـاش کـرد، فەخفوورییەکانـی لـە کانتـۆرەکان دەر دەهێنـا و دەیـدان بـە زەویـدا. بەڕێـز، زۆر لەسـەرخۆ، بـە هەمـان زەوقی جارانـەوە، چـۆن قـەدی دیوارەکانی بـە کاغـەزی دراو دەڕازاندەوە، بەو جۆرە کریسـتاڵەکانی وڵاتـی بۆهێمیـای دەکێشـا بـە قـەدی دیوارەکانـدا، سـولاحییە دەسـتکردەکان، تابلـۆی کیژۆڵەکانـی نـاو گەمییـە پڕ لـە گوڵەباغـەکان، ئاوێنـە چوارچێوەزێرکەفتـەکان، هەرچییـەک قابیـل بـە شـکان بـوو، لـە هۆڵـی میوانـەوە بگرەتـا عەمبارەکـە، هـەر هەمـووی شـکاندن؛ تاکوو گەیشـتە کۆزە گەورەکـەی مەتبەخەکە، ئەویشـی بردە ناو حەوشـەکە و گرمـەی لـێ هەڵسـاند. دواجـار، چـوو دەسـتەکانی بشـوا، پارچەموشـەمماکەی دا بەسـەر شـانیا و پێش ئـەوەی زەنگـی نیوەی شـەو لێبدا، بـە خـۆی چەند لاشـەیەک گۆشـتی خوێپێوەکـراو و چەنـد فـەردە برنـج و گەنمەشـامیی تـازە و چەنـد هێشـووە مۆزێکـی چرچولۆچـەوە گەڕایـەوە مـاڵ. ئیـدی نوقسـانیی ئازووقـە لـە ماڵەکـە بنبـڕ کـرا.

ئامارانتـا ئورسـولا و ئاورێلیانـۆی بچکۆلانـە، سـەردەمی لافاویـان بـە سـەردەمێکی بەختـەوەر دەهاتـەوە یـاد. سـەرباری دڕدۆنگـی و سەرسـەختیی فێرنانـدا، خۆیـان لەنـاو قـوڕ و لیتـەی حەوشـەکە دەگەوزانـد، مارمێلکەیـان ڕاو دەکـرد و هەڵیـان دەدڕیـن و دڵـی خۆیـان بـەوە خـۆش دەکـرد، کاتێـک سـانتا سۆفیا دێ لا پیەداد دەخافڵا، غوبـاری باڵـی پەپوولەیـان دەکردە مەنجەڵی شۆرباکەیەوە. بۆ ئەوان ئورسولا لـە هەموو یارییەکانـی دی دڵگیرتـر بـوو. کردیـان بـە بووکەشووشـەیەکی گـەورەی شـکاو و دەیانبـردە هەمـوو سـووچێکەوە، پـەڕۆ و

سپیالی ڕەنگاوڕەنگیان لەبەر دەکرد، دەموچاویان بە هیس و ڕەنگی ڕووەک ڕەش دەکرد، وەک چۆن بە نووکە مقەستی باخچەکە چاوی قۆرباقەیان دەر دەهێنا، تەنانەت ڕۆژێکیان وەخت بوو هەردوو چاوی ئەویش دەر بهێنن. بەلام هیچ شتێک هەندەی قسە بێسەروشوێنەکانی ئورسولا دڵی خۆش نەدەکردن. بەهەقەت سالی سێیەمی بارانبارین بوو، شتێکی سەیر لەناو مێشکیدا ڕووی دا، وردەوردە پەیوەندیی بە واقیعەوە نەدەما، ئیدی چاخی ئێستا و چاخەکانی بەسەرچووی تێکەل دەکرد، بە ئەندازەیەک، جارێکیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژی ڕەبەق، بۆ مەرگی پێترۆنیلا ئیگوارانی، نەنکی گەورەی، کە نزیکەی سەدەیەک دەبوو بەخاکیان سپاردبوو، دەگریا. بە شێوەیەکی هەندە سەرنجڕاکێش شتەکانی لێک دەئالاند، هەستی دەکرد ئاورێلیانۆی بچکۆلە، سەرهەنگی کوڕیەتی، لەو سەردەمەی لەگەل باوکی دەچوو بۆ دیتنی سەهۆل، خۆسێ ئەرکادیۆش، لەو ئانەدا، لە قوتابخانەی ئایینی دەیخوێند، کوڕە نۆبەرەکەیەتی، ئەوەی دوای قەرجەکان کەوت. هەندە باسی بنەمالەکەی دەهێنا و دەبرد، تاکوو منداڵەکانی سەردانێکی وەهمییان بۆ ڕێک خست، نەک تەنها هی ئەو کەسانەی دەمێک بوو مردبوون، بەلکوو لە سەردەمی جیاوازیشدا ژیابوون. ئورسولا لەسەر تەختەکەی خۆی دانیشتبوو و قژی خۆلەمێشی بەسەردا ڕۆ کرابوو، سەرپۆشێکی سووریشیان دادابووەوە سەر ڕوخساری و زۆر بەختەوەریش دیار بوو، لەنێو ئەو هەموو خزمە وەهمییانەدا، منداڵەکانیش زۆر بەجوانی، بەبێ ئەوەی وردەکارییەکان فەرامۆش بکەن، وەسفیان دەکرد،

وەک ئەوەی هەر بەڕاستی لە ژیاندا ناسیبێتیان. ئورسولا لەگەڵ بابوباپیرانی خۆی دەستی بە وتوویژ دەکرد، باسی سەردەمانی بەسەرچوویان دەکرد، دڵی خۆش بوو بەو هەواڵانەی بۆیان دەگێڕایەوە، پێکەوە بۆ ئەوانەی مردبوون، دەگریان. هەندەی نەبرد منداڵەکانی سەرنجی ئەوەیان دا، کە ئورسولا هەمیشە پرسیارێکی دەکرد و دەیگوت ئەوە کێ بوو لە سەردەمی جەنگدا پەیکەرێکی حەزرەتی یوسفی هێنایە ماڵ، پەیکەرێک بوو، لە گەچ دروست کرابوو، بەژنی زەلامێکی هەبوو، گوتبوویان دوای وەرزی باران دێینەوە و دەیبەینەوە. ئا بەو جۆرە، ئاورێلیانۆی دووەم بیری لەو سامانە نێژراوە دەکردەوە، تەنها هەر ئورسولا شوێنی ناشتنەکەی پێدەزانی، کەچی هەموو پرسیارەکانی بێسوود بوون، زیرەکییەکی زۆریشی بەکار هێنا، بەڵام پێدەچوو ئورسولا لەنێو پێچیدەکانی خڵەفاوییشدا، تروسکاییەک زەینی بەبەرەوە مابێ؛ نایەوێ شوێنی ئەو گەنجینەیە ئاشکرا بکات، دەیگوت ئەو نهێنییە تەنها بۆ ئەو کەسە ئاشکرا دەکات، کە بەڵگەی تەواوی لەلا بێ و بیسەلمێنێ کە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو گەنجینە نێژراوەیە. ئورسولا هەند کارامە بوو و زاکیرەشی وەکوو خۆی بوو؛ ئەو ڕۆژەی ئاورێلیانۆی دووەم یەکێک لە هەواڵە سەرسەرییەکانی فێر کرد بۆ ئەوەی خۆی بە خاوەنی گەنجینەکە بناسێنێ، ئورسولاش بە چەند پرسیارێکی ورد، سەری لێ تێک دا و کەوتە نێو تەڵە و داوە وردچنراوەکانی ئورسولاوە.

ئاورێلیانۆی دووەم لەوە دڵنیا بوو، کە ئورسولا ئەم نهێنییە لەگەڵ خۆی دەباتە نێو گۆڕەوە، بۆیە بە بیانووی

ئەوەی لوولەی ئاوەڕۆکەی ماڵەکە چاک دەکاتەوە، چەند کرێکارێکی هێنا بۆ ئەوەی حەوشەی پشتەوە بە قازمە و بێڵ هەڵکۆڵن و خۆشی بە ڕمی نووکتیژ و ئامێری پشکنینی مەعدەن و مێتاڵ، دەستی کرد بە پشکنین، دوای سێ مانگی گەڕان و پشکنینی ورد، هیچ شتێکی ئەوتۆی نەدۆزییەوە، کە بیچمی بە بیچمی زێر بچێ. دواتر، چوو بۆ لای پیلار تێرنێرا، بەو هیوایەی بە وەرەقەی قومارەکانی لە زەویدا هەڵکۆڵەرەکاندا زیاتر ڕێنمایی بکات، کەچی پیلار تێرنێرا ئەوەی بۆ ڕوون کردنەوە، کە هەموو هەوڵێک بەفیڕۆ دەچێت ئەگەر خودی ئورسولا وەرەقەکان تێکەڵ نەکا. بەڵام پیلار تێرنێرا، بوونی گەنجینەکەی سەلماند، تەنانەت ئەوەشی گوتبوو، کە بایی حەوت هەزار و دوو سەد و چواردە پارچە زێڕە و لە سێ کیسەی ئەستوور ئاخنراوە و دەمەکانیان بە سیمی مسین دووراوتەوە و هەر سێ کیسەکەش لەنێو بازنەیەکن، کە ڕووبەرەکەی سەد و بیستودوو مەترە و دەکەوێتە ژێر تەختی خەوتنی ئورسولاوە، گوتبووی، بەبێ ئەوەی هەتاوی سێ ساڵ لەسەر یەک، هەتاوی مانگی حوزەیران، گشت ئەو قوڕ و لیتاوەی نەکردبێتە تەپوتۆز و غوبار، مەحاڵە ئەو کیسانە بدۆزرێنەوە. ئەم لێکدانەوە و بۆچوونانە بۆ ئاورێلیانۆی دووەم زۆر ورد نەبوون، هەر بە حەکایەت و ئەفسانەی غەیبیاتی دەکرد. سەرباری ئەوەی لە مانگی ئابیشدا بوون، دەبوو سێ ساڵی دیکە چاوەڕوان بین بۆ ئەوەی ئەو هەلومەرجانە وێک ببنەوە، کەچی لە پرۆژەی گەڕان بەدوای ئەو گەنجینەیەدا، بەردوام بوو. سەرەتا زۆر حەپەسا، سەری لێ تێک چووبوو، سەرنجی ئەوەی دابوو،

کە بەوردی نێوان تەختی خەوتنی ئورسولا و پەرژینی حەوشەکەی پشتەوە، سەد و بیستودوو مەتری ڕێکە. کاتێک فێرناندا ئاورێلیانۆی دووەمی دەبینی خەریکی پێوانە، لەوە ترسا ئەویش وەکوو برا جمکانەکەی شێت بووبێ، لەوەش ترسناکتر ئەوە بوو، کاتێک فەرمانی بە کرێکارەکان دا مەترێک زیاتر ئەو چاڵانەی هەڵکۆڵن. ئاورێلیانۆی دووەم بە شێوەیەکی سەرشێتانەی واوە ئەم پشکنینەی ئەنجام دەدا، نەدەبوو لەگەڵ باپیرەگەورەی بەراورد نەکرێ، کاتێک بەدوای ڕێگە داهێنەرە مەزنەکاندا دەگەڕا، لەم هەوڵەیدا، ج چەورییەکی لە بەدەندا مابوو، توایەوە، ئیدی هەمان ئەو پێکچوونەی جارانی لەگەڵ برا جمکانەکەی دەر کەوتەوە، نەک لەبەر هەیکەلە ڕەقەڵانەکەی، بەڵکوو بۆ گۆشەگیرییەکەی. ئیدی بەتەنگیی منداڵەکانەوە نەدەهات. ئانوساتی خواردنی نەما، لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری لە قوڕ هەڵکێشرابوو، لە سووچێکی مەتبەغەکە، لەژێر لێوەوە، وەڵامی پرسیارەکانی سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادی دەدایەوە. کاتێک فێرناندا ئەوی دەبینی هەند بەگوڕ و بەتینەوە خەریکی کارکردنە، هەرگیز بڕوای بە توانای ئەو نەبوو، وای لێک دایەوە ئەم فیداکاری و خۆگرییە وای کرد، کە فێرناندا لە ناخی دڵیەوە پەشیمانی هەناوی بدرێ بۆ ئەو هەموو گلەیی و ڕەخنانەی لەمەڕ تەوەزلیی مێردەکەیەوە کردبووی و دابووی بە ڕوویدا. بەڵام لەو دەمەدا ئاورێلیانۆی دووەم، بە هیچ جۆرێک مەیلی چوونەژێر باری ئەو هەموو سۆزەڵانە نەرمونیانەی نەبوو. تاکوو گەردنی لە قوڕ هەڵکێشابوو، هەموو پانتاییەکەی باخچەکەی لەنێو گەڵای ڕزیو و گوڵی پەژمووردە سەرەوژوور

کرد، دوای ئەوەی تەنها لە یەک شەودا هەموو حەوشەکە و حەوشەکەی پشتەوەشی هەڵکۆڵی. هەندە چاڵی قووڵی لەبەری ڕۆژهەڵاتی خانووەکە کردبوو، بۆ بەیانییەکەی، هەموو وایان زانی بومەلەرزە لە ماڵەکەی داوە، زراویان چوو؛ ژێرەوەیی خانووەکەش خرمەخرمی دەکرد، ڕاستییەکەشی، سێ ژوور هەرەسیان هێنا، هەر لە هەیوانەکەوە بۆ ژوورەکەی فێرناندا قلیشێکی ترسناکیش دەر کەوتبوو، مووچڕکی دەخستەوە لەشەوە. سەرباری ئەمەش، ئاورێلیانۆی دووەم وڕەی بەر نەدا و بەردەوام بوو لە هەڵکۆڵین. بەڵام کاتێک دواترووسکی ئومێدەکانی کوژانەوە و تەنها پێشبینییەکانی وەرەقەی قومارەکە چەند تاڵە هیوایەکی بۆ هێشتبووەوە، لەو شوێنانەی تەمەڵی خانووەکە تەپی بوون، چاکی کردەوە و درزەکانی بە چەمەنتۆ پڕ کردەوە و ئیدی لەبەری ڕۆژئاواوە دەستی بە هەڵکۆڵین کردەوە. هەفتەی دووەمی مانگی حوزەیرانی ساڵی دووەم بوو، کاتێک باران خەریک بوو هێوری دەکردەوە، هەورەکان لەبەر یەک هەڵدەوەشانەوە و بەرز دەبوونەوە و خەڵکیش گەیشتنە ئەو بڕوایەی هەندە نابات باران خۆش دەکاتەوە. هەینییەک، سەعات دووی پاشنیوەڕۆ، خۆرێکی ئاسایی دەر کەوت، سووورباو و زبر بوو، هەر بە کەرپووچی دەکرد، لە ناو فێنکتر دیار بوو، بۆ ماوەی شەش ساڵی ڕەبەق باران نەباری.

ماکوندۆ وێران ببوو. لە جادەوبانە قوڕولیتاوەکاندا، کەنتۆر و دۆلاب خوار ببوونەوە، ئێسکوپرووسکی ئاژەڵان گوڵەسەوسەنی سپییان لەسەر ڕوابوو، دواشوێنەواری بیانییە کێوییەکان، لەنێو پاشەگەردانییەکی بێوێنە، وەک چۆن

هاتبـوون، ئەوهـاش ماکۆندۆیـان جـێ هێشـت، دەر دەکەوتـن. خانوو، لە کاتی کەفوکوڵی دروستبوونی کارگەی مۆزەکەدا، وەکـوو قارچکـە سـەگانە لـە هەمـوو شـوێنێک دەر دەپۆقیـن، ئێسـتاش چـۆڵ دەکرێن و بەجـێ دەهێڵرێن. کارگـەی مۆزەکـە دامودەزگاکانـی هەڵوەشـاندبووەوە. شـارۆچکە کۆنەکـەی بـە تەلبەنـد دەورە درابـوو، داری بەسـەر بـەردەوە نەمابـوو. خانـووە دارینەکانیـش، لـە سـایەی هەیوانـە فێنکـەکان، کاتـی خۆی بەئاسوودەیی یاریی کاغەزێنی تیا دەکرا، دوای چەند ساڵێکیش، وەک ئـەوەی ڕەشـەبایەکی پێغەمبەرانـە دەسـتی لـێ وەشـاندبێ، بەتـەواوی لەسـەر نەخشـەیماکۆندۆی سـڕیبووەوە. تاقـە شـوێنەوارێک دوای ئـەو گەردەلوولـە سەرشـێتە ڕزگاری بووبـێ، تاقـە دەسکێشـێکی پاتریسـیا بـروان بـوو، لەنێـو ئۆتۆموبێلێکـی نغـرۆ بـوو، گوڵەجەهەننـەم بەتـەواوی دای پۆشـیبوو، فـڕێ درابـوو. ئـەو ناوچـە سـیحراوییەی کاتـی خۆی خۆسـێ ئەرکادیۆ بوێندیا، لـە سـەردەمی دروسـتکردنی گوندەکـەدا دۆزیبوویـەوە، دواتـر بـە هـۆی کارگـەی مـۆزەوە نەشـونمای کـرد، ببـووە دەشـتاییەک، نوقمـی ئـاو ببـوو، لـە هەنـدێ شـوێنیش توێژێکـی ڕەق دروسـت ببوو، لـە ئاسۆشـدا، بۆ مـاوەی چەندیـن سـاڵ کەفـاوی بێدەنگیـی زەریـا دەبینـران. ئاورێلیانـۆی دووەم، یەکشـەممەی یەکـەم، جلوبەرگـی وشـکی لەبـەر کـرد و ڕۆیشـت بـۆ ئـەوەی گوندەکـە بەسـەر بکاتـەوە، پەژارەیەکی توند دڵی داگیر کردبوو. ئەوانـەی لـەم کارەساتە ڕزگاریـان ببـوو، هـەر ئەوانـە بـوون کـە جـاران لـە ماکۆنـدۆ دەژیـان، ئەوانـەی پێش ئـەوەی شـاڵاوی کارگـەی مـۆز بـەر گوندەکـە بکـەوێ، هەمـوو لـە ناوەنـد جادەکـە دانیشـتبوون و

خۆیـان دابووه بـەر خـۆر. بەسـەر پێستیانەوه هێشتا قـەوزەی سـەوزباو دیـار بـوو، باران دروستی کردبوو، بۆنـی کەڕوویـان لـێ دەهـات، بـەڵام لـە ناخـەوه دڵیان بـەوه خۆش بـوو، کـە بـە گوندەکەیـان شـاد و شـوکر دەبنـەوه، ئـەو گونـدەی تیایدا لەدایک ببوون. شـەقامی تـورکان، وەکـوو جاری جاران بووەوه شـوێنی یەکتربینیـن، وەک ئـەو سـەردەمەی عەرەبـەکان بـە خۆیـان و کـەوش و ئەڵقـەی گوێیانـەوه، جیهانیـان سـەروژوور دەکـرد، دەهاتنـە ئـەوێ و شـتومەکی خۆیانیان بـە تووتـی دەگۆڕییـەوه، لـە گونـدی ماکونـدۆ گۆشـەیەکیان دۆزییەوه بۆ ئـەوەی تاوێـک، لـە سـەفەری هەزارسـاڵەیان پشـوویەک بـدەن و بحەسـێنەوه. دوای چەندین سـاڵی تەڕوتووش، هەرچی کەلوپەل و شـتومەکی بـازاڕ هەبـوون، هەڵاهـەڵا ببـوون، ئـەو بەرهەمانـەی لەپێـش دوکانـەکان دادەنـران، کـەڕوو لێـی دەدان و مۆروانـە تەختـەی کەنتۆرەکانـی کرۆشـتبوو، شـێی دیوارەکانـی هەڵتۆقاندبـوو، کەچـی نـەوەی سـێیەمی عەرەبـەکان لـە مەیدانەکە دانیشـتبوون، وەکـوو بـاوک و بابوباپیریـان، بێدەنـگ، هیـچ کاریگەریـی کات و کارەسـاتیان بەسـەرەوه دیـار نەبـوو، لـەدوای پەتـای خـەوزڕان و ئـەو سیودوو شـەڕەی ئاورێلیانۆ بوێندیـای سـەرهەنگ هەڵـی گیرسـاندبوو، نـە مردووتـر دیـار بـوون، نـە زیندووتـر. بەرامبـەر بـە مێـزی یـاری و عارەبانـەی میوەفرۆشـان و سـتاندی تیروەشـاندن و لـەو کوچانـەی خەونیـان تیـا لێـک دەدایـەوه و ئاییندەیـان تیـا دەخوێنـدەوه، ورەبـەرز دیـار بـوون؛ کاتێـک ئاورێلیانۆی دووەم بـە شـێوه خاکییەکـەی پرسیاری ئـەوەی لـێ کـردن کـە چ هێزێکـی ئەفسـووناوییان هەیـە تـا لـە چنگـی ئـەو هەمـوو کارەسـاتە ڕزگاریـان بووبـێ و چـی ڕێگەچارەیەکیـان

گرتبووە بەر بۆ ئەوەی لە خنكان قوتاریان ببێ، لە دەرگای یەكبەیەكیانیدەدا، عەرەبەكانیش بە بزەیەكی فێڵبازانە و بە نیگایەكی خەواڵووەوە، بەبێ ئەوەی مەشوورەت بە یەكتر بكەن، هەموو وەك یەك وەڵامیان دابووەوە و گوتبوویان، "بەمەلەكردن."

پێترا كۆتێس تاقە دانیشتووانی خۆماڵی بوو، كە دڵێكی عەرەبیی هەبوو. بەدیار وێرانبوونی تەوێڵەكان و ئاخوڕەكانەوە مایەوە، تا لافاو ڕای دەپێچان، كەچی هەموو كۆششێكی دەكرد تا خانووەكەی لەدەست نەدات. دواساڵ، پەیامی بەپەلەی گەیاندە ئاورێلیانۆی دووەم و ئەویش وەڵامی دابووەوە، كە نازانی كەی دەگەڕێتەوە لای، بەڵام لە هەموو بارێكدا، لەگەڵ خۆی سنوقێ زێڕی بۆ دەبات، تا بتوانێ ژووری خەوتنی پێ فەرش بكات. ئیدی هەموو هێز و توانایەكی لە كونوقوژبنەكانی ڕۆحیدا دۆزییەوە، تاكوو لەو كارەساتە ڕزگاری ببێ و بە هێزێكی سەرشێتانە، بەڵام ڕوونبین و ڕێك، سوێندی خوارد، كە دەبێ ئەو سەروەت و سامانەی مێردەكەی بەفیڕۆی دابوو و كەتبووە بەر قەپاڵی سێڵاوەوە، جارێكی دی دەستی بكەوێتەوە. ئەم بڕیارە هەند لە ناخیەوە هەڵقوڵابوو، تەنانەت ئاورێلیانۆی دووەم، دوای هەشت مانگ، لەدوای دوانامەكە، كاتێك چووەوە لای پیەترا كۆتێس، بینی، ڕەش داگەڕاو بوو، قژی ئاڵۆزكاو و چاوەكانی چووبوون بە قووڵاییدا، پێستی لەشی كەڕووی هەڵهێنابوو، كەچی خەریك بوو لەسەر پارچەكاغەزێك ژمارەی دەنووسی، بۆ ئەوەی یانسیب دروست بكات. ئاورێلیانۆی دووەم بەم دیمەنە تەواوێك حەپەسا، هەندە لاواز ببوو، هەند جیدیی

دیار بوو، کاتێک پیەترا کۆتێس چاوی پێ کەوت، لەوە دڵنیا بوو ئەو کەسەی دەیبینێ، دۆستەکەی هەموو ژیانی نییە، بەڵکوو برا جمکانەکەیەتی، ئاورێلیانۆی دووەم پێی گوت، "تۆ شێت بووی. خۆ بیر لەوە ناکەیتەوە کە ئێسقانەکان بخەیتە یانسیبەوە."

پیەترا کۆتێس پرسیارێکی لێ کرد و پێی گوت بچۆ چاوێک بخشێنێ بە ژووری خەوتندا، ئاورێلیانۆی دووەمیش چووە ژوورەوە، چاوی بە هێستریێک کەوت. وەک خاوەنەکەی، پێستی نووسابووە ئێسقانەکانیەوە، بەڵام وەک ئەویش چوستوچالاک بوو، وەک ئەویش زیندوو بوو. پیەترا کۆتێس، تووڕەیی خۆی کردبووە خۆراک بۆی، کاتێکیش نە ئەڵفی دەست دەکەوت، نە گەنمەشامی، تەنانەت ڕەگ و کۆترەشی نەما، ناچار بوو بیباتە ژوورەکەی خۆی، هەرچیی چەرچەف و فەرشی فارسی و ڕایەخی سەر دۆشەک و پەردە دووقاتە مەخمەڵییەکان و سوورمەی زێڕکەفت و گوڵینگە ئاوریشمەکانی تەختی کەشیش هەبوو، هەموو دەرخواردی هێسترەکە دابوو.

## ١٧

دەبوو ئورسولا تەقەللایەکی زۆر بدات بۆ ئەوەی بەڵێنەکەی بەجێ بهێنێ، واتە دوای بارانبارین بمرێ. لە کاتی بارانباریندا، زۆر بەدەگمەن ڕووناکی دەر دەکەوت، لەدوای مانگی ئابیشەوە با هەڵی دەکرد و ئیدی گوڵەباغەکانی دەسووتاند، قوڕەکانی دەکردە کەستەک و گرەیەک ماکۆندای دەتەنییەوە، تەپوتۆزێکی زۆریشی لەگەڵ خۆی دەهێنا، توتیای سەر خانووەکان و دارچوالە بەساڵاچووەکانی بەتەواوی دادەپۆشی. ئورسولا کاتێک ئەوەی زانی کە بۆ ماوەی سێ ساڵان بووەتە گەمە و دەسکەلای منداڵەکان، هەندە خەم دای گرت، لە داخا دەستی بە گریان کرد. دەموچاوە ڕەنگکراوەکەی شوشت، ئەو هەموو مێزەرە ڕەنگاوڕەنگانەی ئاڵاندبوویانە سەریەوە، لە سەری کردنەوە، مارمێلکەی قەد دیوار و قورباقە هیشکبووەکان و هەروەها ئەو تەزبیح و ملوانکە عەرەبییانەی ئاڵاندبوویانە لەشی، هەمووی لا دان و بۆ یەکەمین جاریش، بەبێ یارمەتیی ئامارانتا، لەسەر تەختەی خەوتن هاتە خوارەوە تا جارێکی دیکە بێتەوە ناو ژیانی خێزانەکە. ورە و خۆڕاگریی دڵی، لەنێو تاریکیی ئەنگوستەچاودا ڕێنماییان دەکرد. ئەوەی سەرنجی

ساتمەکردنێکی بدابا، یا بازووە جوبرائیلییەکەی هەمیشە بەرز دەکردەوە، بەر یەکێکیش کەوتبا، هەموو وایان دەزانی ئەمە لەبەر پیرییەتی، کەس نەیدەزانی کوێر بووە. بە هیچ شێوەیەک پێویستی بە بینین نەبوو تا بزانێ ئەو سەبەتە گولانەی بەدڵ و بەگیان لە کاتی دووبارەدروستکردنەوەی خانووەکەدا چاندنی، باران لە بنەوە هەڵی کەندوون، چاڵ و قۆرتەکانی ئاوریلیانۆی دووەمیش بەتەواوی سەر و ژێری کردن، هەروەها دیوار و زەوییە چەمەنتۆڕێژەکە درزی بردووە و کانتۆر و دۆلابەکان هەڵتەکاون، یا کاڵبوونەتەوە، دەرگاکان لە لاولاوانی خۆیان ترازاون، خێزانەکەش بە دەستی نائومێدییەوە دەناڵێنێ، مەحاڵ بوون گشت ئەم کارەساتانە لە سەردەمی ئەودا ڕوویان دایە. بەدەستەکوتە بەنێو ژوورە چۆڵەکاندا دەگەڕا و گوێی لە کرتەکرتی مۆریانەی نێو تەختەدارەکان و کرتەکرتی پەپولەی جلکخۆر و دەنگەدەنگی مێروولە سوورە زلەکان دەبوو، کە لە سەردەمی لافاوەکەدا زۆر زیادیان کردبوو و خەریک بوون تەمەڵ و بناغەی خانووەکەیان دەکرۆشت. ڕۆژێکیان ئەو باوڵەی کردەوە، کە جلوبەرگی قەدیسەکانی تیا دانرابوون، بانگی سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادی کرد، تاکوو بێت یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی ئەو سیسارکانە پاک بکاتەوە، کە لە باوڵەکەوە دەر پەڕین و جلوبەرگەکانیشیان بە شێوەیەک کرۆشتبوو، هەلاهەلا ببوون، دەیگوت، "ژیان لەنێو ئەم بێسەروبەرییەدا مەحاڵە. ئەوهاش بڕوا، ئەم زیندەوەرانە کەولمان دەکەن. "لەو دەمەوە، یەک سات چییە، ئیسراحەتی نەبوو. پێش ئەوەی خۆر هەڵبێ، قیت دەبووەوە، بە گوڕوتینێکی زۆرەوە، هەرچیی وزە هەبوو، لە

ماڵەکە گردی دەکردەوە، بە هیی منداڵەکانیشەوە. ئەو کەمە جلوبەرگەی بۆ لەبەرکردن دەشیان، لەبەر خۆرەکە هەڵی خستن، بە مێشکوژەکە کەوتە ڕاوکردنی سیسارکەکەکان، لەنێو دەرگا و پەنجەرەکاندا، شارە مۆروانەکانی کڕاند و قسلاوی ڕۆ کردە سەر شارە مێروولەکان و هەمووی لەناو بردن. تا جارێکی دیکە ئەو زیندەوەرانە سەر هەڵنەدەنەوە، ژوورە چۆلکراوەکانیشی بەسەر کردەوە. خۆلوخاشاک و تەونی جاڵجاڵۆکەکانی ئەو ژوورەشی ڕامالی، کە کاتی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەندە بەدوای بەردی فەلسەفی گەڕا، ئەقلی خۆی لەسەر دانا؛ تاقیگەی زێڕنگەرییەکەشی خاوێن کردەوە، پێشتر سەربازەکان سەروژێریان کردبوو، دواجاریش داوای کلیلی ژوورەکەی مێلکیادێسی کرد، بۆ ئەوەی بچێ بزانێ لە چ وەزعێکدایە. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد دەیویست ئەمەک و وەفای خۆی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم دەر بخات، تا ئاماژەیەکی ڕوون لەبارەی مردنی ئەویان دەست نەکەوێت، نەیدەویست کەس سەر بکاتە ئەو ژوورە، بۆیە پەنای بۆ هەموو ئەنجەت و پاساوێک برد، تاکوو ڕێ لە ئورسولا بگرێ بۆ ئەوەی نەچێتە ژوورەوە. بەڵام بڕیارەکەی ئورسولا گەڕانەوەی بۆ نەبوو، دەیگوت نابێ هیچ سووچێکی ماڵەکە بەجێ بهێڵرێت بۆ ئەو زیندەوەرانە، تەنانەت ئەو سووچانەی زۆر کەمیش بەکار دەهاتن، هەموو کۆسپێکی لەبەر ڕێگەی لا دا و دوای سێ ڕۆژی هەوڵ و تەقەللا، ئەنجام دەرگاکەیان بۆ کردەوە. بۆنێکی هەند قێزەون دەهات، دەبوو ئورسولا خۆی بە دەسکی دەرگاکەوە بگرێ، تا بەر نەبێتەوە، کەچی دوو چرکەی نەخایاند تا ئەوەی هاتەوە یاد، کە شەوێکیان،

پێش ئەوەی باران دەست پێ بکات، هەر خۆی شەستودوو لەگەنی قوتابییەکانیانی لەو ژوورە دانابوو، بەڵام دواتر، چەند سەربازێک لە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم دەگەڕان و هاتنە ژوورەکە و نەشیاندۆزییەوە. ئورسولا بەسەرسوورمانەوە گوتی، "خوایە!" دەتگوت هەموو شتێکی دێتەوە یاد. "دە بزانە دەی، بۆ ئەوەی فێری ڕێز و ئەدەبت بکەین، ئەو هەموو کاتەمان کوشت، کەچی تۆش ئەوەها وەکوو بەچکە بەراز دەژی."

خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم خەریکی دووبارەخوێندنەوەوە نووسراوە کۆنەکان بوو. هیچ شتێک هەندەی ددانە سەوزباوەکانی و چاوە زەقەکانی لە سەروسیمایدا دیار نەبوون. کاتێک گوێی لە دەنگی داپیرەگەورەی بوو، ئاوڕێکی لە دەرگاکە دایەوە و ویستی بزەیەک بکا، بەبێ ویستیش ڕستەیەکی کۆنی ئورسولای دووپات کردەوە و بە پرتەیەکەوە گوتی، "چی بکەین، زەمەنە و ڕادەبوورێ."

ئورسولاش وەڵامی دایەوە و گوتی، "ڕاست دەکەی، بەڵام بەم ڕادەیەش نا."

دوای ئەوەی ئورسولا ئەم وشانەی درکاند، هەستی بەوە کرد خەریکە هەمان ئەو وەڵامەی دەداتەوە، کە کاتی خۆی لە زیندان، بە ئاروێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگی گوتبوو، ئەم هەستە لە ناخەوە بزواندی، ئەمە بۆ ئورسولا بەڵگەیەکی دیکە بوو، کە کات تێناپەڕێ، بەڵکوو لە شێوەی بازنەدا بەدەوری خۆیدا دەخولێتەوە. کەچی، وەک هەمیشە، خۆی نەدا بەدەستەوە. وەک سەردەمی منداڵی، مرەیەکی لە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم کرد و لێی تووڕە بوو و پێداگریی کرد

و گوتی، دەبێ دەسبەجێ بچێ خۆی بشوات، ڕیشی بتاشێ و بێت یارمەتییەکی بدات، تاکوو دەستێک بە خانووەکەدا بهێنن. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لەوە تێگەیشت کە دەبێ لەو ژوورە بچێتەوە دەرەوە، هەندەی نەمابوو شێت و هار ببێ. ئەو ژوورە دەمێک بوو ئاسوودەیی پێ دەبەخشی. بە هاوارکردنەوە جەختی لەوە دەکرد، کە هێز نییە لەسەر گۆی زەوی بتوانێ لەو ژوورە بیهێنێتە دەرەوە، چونکە نایەوێ جارێکی دیکە کاروانی شەمەندەفەر ببینێ، کە لاشەی بار کردووە و ماکۆندۆ جێ دەهێڵێ و دەچێ فڕێیان دەداتە دەریاوە. نایەوێ جارێکی دیکە ئەو شەمەفدەنەرە بە دوو سەد فارگۆنەوە ببینێ. هاواری دەکرد، "لاشەی گشت ئەوانە بوون، کە لە وێسگەی شەمەندەفەرەکە بوون. تەرمی سێ هەزار و چوار سەد و هەشت کەس بوون." ئورسولا دەستبەجێ لەوە تێگەیشت، کە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لە جیهانێکی ئەنگوستەچاودا دەژێ، لە جیهانەکەی ئەو زۆر کوشندەتر، تەنیا و گۆشەگیرە، وەک باپیرەگەورەی. بەتەنیا بەجێی هێشت، بەڵام بەڵێنیان پێی دا کە بە کلیل و قفڵ دای نەخەن، هەموو ڕۆژێکیش ژوورەکەی بۆ خاوێن بکەنەوە، تەنها یەک لەگەنیشی بۆ دانرێت، ئەوانەی دیکە توور درێنە دەرەوە، بە جۆرێکیش ڕێک کەوتن، کە خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، وەک باپیرەگەورەی ژێر دارشابەڕووەکەخۆی بەپاکوخاوێنی ڕابگرێ و شایانی ئەوە بێ کەسێک بچێ سەری لێ بدا. سەرەتا، فێرناندا هاتوچۆی ئورسولای بە کارێکی خلەفاوانە لەقەڵەم دا، بەزەحمەت دەیتوانی ڕێگە لە تووڕەبوونی خۆی بگرێ. بەڵام، هەر لەو سەردەمەدا، خۆسێ ئەرکادیۆ لە

شاری ڕۆماوە پێی ڕاگەیاندبوو، کە پێش ئەوەی کۆتایی بە دواڕێوڕەسمی دەربڕینی نیاز بێنێ، بەتەمایە بگەڕێتەوە بۆ ماکۆندۆ، بەم هەواڵە شاگەشگە بوو، دەستوبرد، تا دیمەنی ماڵەکە ئینتیباعێکی خراپ دروست نەکات، ڕۆژی چوار جار گوڵەباغەکانی ئاو دەدا. هەر بۆ هەمان هۆ، فێرناندا گوڕوتینی کەوتەوە بەر، تا بۆ پزیشکانی نادیار دەست بکاتەوە بە نامەنووسین، ئورسولا ئینجانەکانی گوڵ و پونگە کێوییەکان و گوڵدانی بیگونیاکانی هەیوانەکەی گۆڕی، بەبێ ئەوەی ئەوە بزانێ، کە ئاورێلیانۆی دووەم تووڕە بوو و هەمووی شکاند. دواتر، فێرناندا، قاپوقاچاغە زیوینەکانی فرۆشت و فەخفووری پێ کڕین، شۆرباداان و کەوچکی شۆربای مس و کەوچک و چەتاڵی فافۆن، هیی هەرزانتری لە جێگەکانی دانان، ئەوانەی پێشوو، هیی کارگەی هیندی و کریستاڵەکانی بوهێمی بوون. ئورسولا بێوچان دەیگوت، هەمیشە بۆ پێشەوە، بە دەنگی بەرزیش دەیگوت، "دەرگا و پەنجەرەکان بکەنەوە. گۆشت و ماسی ئامادە بکەن، گەورەترین کیسەڵ لە بازار بکڕن، با بیانییەکان بێن حەسیرەکانیان لە هەموو سووچێک ڕابخەن، میز بکەن بەسەر گوڵەباغەکان و بێنە سەرمێز و بە کەیفی خۆیان بخۆن و قرقێنە لێبدەن و جوێن هەڵبڕێژن، بە چەکمە قوڕاوییەکانیان هەموو شوێنێکیش پیس بکەن، هەرچییەکیان پێ خۆش بێ، با لەگەڵمان بیکەن، چونکە ئەمە تاقە ڕێگەیە بۆ ئەوەی زەندەقی وێرانبوون بەرین." بەڵام ئەمە هیوایەکی مایەپووچ بوو. چونکە ئورسولا پیر و کەنەفت و داهێزراو ببوو، تەنانەت لە توانایدا نەبوو بێ موجیزەکانی شەکرۆکەی ئاژەڵ زیندوو بکاتەوە، کەس نەبوو لەناو ئەو بنەماڵەیە

هێز و وزەی ئورسـولای بەمیرات بۆ مابێتـەوە. بـە فەرمانـی فێرنانـدا، دەرگای ماڵەکەیـان داخسـت.

ئاورێلیانـۆی دووەم، بـە خـۆی و باوڵەکانیـەوە گەڕابـووەوە ماڵی پێترا کۆتێس، زۆر بەزەحمـەت دەیتوانی دوو پاروو نان بۆ ماڵومنداڵەکەی پەیدا بکا. چونکـە پێترا کۆتێس هێسترەکەی کردبـووە یانسیبەوە و توانیـی چەنـد سـەر حەیوانێکیشـی بـۆ بکـڕێ، توانییـان یاریـی دومبەڵەیەکـی سـەرپێیی دابمەزرێنـن. ئاورێلیانـۆی دووەم دەرگابـەدەرگای دەکـرد و بلیتـی بچووکـی دەفرۆشـت، بـۆ ئـەوەی بەڕەونەقتـر و سەرنجڕاکێشـتر ببن بـۆ فرۆشـتن، هـەر خـۆشـی بـە مەرەکەبی ڕەنگاوڕەنگ نیگارەکانـی دەکێشـا، بـەڵام بەبـێ ئـەوەی هەسـت بـەوە بـکات، زۆرێـک ئـەو بلیتانەیـان هـەر لەبـەر خاتـری ئـەو دەکـڕی، هەندێکیـش بەزەییـان بـە حاڵیدا دەهاتـەوە. بەڵام، دڵسـۆزترین کڕیاریش، بـۆی هەبـوو بـە بلیتێکـی بیسـت سـەنتیمی، بەرازێکـی زینـدوو لـە یانسـیب بباتـەوە، بـە بلیتێکـی سـیودوو سـەنتیمییش گوێلکێـک، ئـەم هیوایـە هەنـدە خەڵکەکـەی هـان دەدا و تووشـی جۆشوخرۆشـی دەکـردن، بـە ئەندازەیـەک، هەمـوو ئێوارەیەکـی سێشـەمموان، نەدەکـرا جێگـەی ئـەو هەمـوو خەڵکـە لـە حەوشـەکەی پێتـرا کۆتێـس ببێتـەوە، هەمـوو چاوەڕێـی ئـەو ساتەیان دەکـرد، کـە منداڵێـک دەسـت بخاتـە نـاو کیسـەی ژمـارەکان و ژمـارەی براوەکـە ڕابکێشـێ. هەنـدەی نەبرد شـکڵ و شـێوەی بـازاڕی هەفتانـەی وەر گـرت، چونکـە پێـش ئێواران، مێزیـان لەنـاو حەوشـەکە دادەنـا، ماسـییان سـوورەوەدەکردەوە، خـۆراک و خواردنەوەیـان لەسـەر دادەنـان، ئەوانەشـی بەخـت بـە ڕوویانـدا پێکەنیبـا و ئاژەڵێکیـان لـە یانسـیب ببردایەتـەوە، بە

مەرجێ خەڵکی دیکە هەبن مۆسیقا بژەنن و ئارەق دابەش بکەن، ئەوە هەر لەوێش حەیوانەکەیان سەر دەبڕی، بەبێ ویستیش، ئاوریلیانۆی دووەم ئەکۆریدیۆنەکەی دەگرتەوە دەست و جارێکی دیکەش خەریکی کێبەرکێی زۆرخواردن دەستی پێ دەکردەوە. ئەم ئاهەنگە کز و تەڵخانە، وەکوو ئاهەنگە ڕەونەقدارەکانی جاران نەبوون، ئاوریلیانۆی دووەم خێرا هەستی بەوە دەکرد، کە گەرموگوڕییەکانی جارانی خەفە بوون، تا چ ڕادەیەک بلیمەتییەکەی لە هەڵگیراسانی ئاهەنگدا کوژاوەتەوە. هەمان پیاوەکەی جاران نەبوو. کاتێک لەگەڵ ژنە فیلەکە کێبەرکێی کرد، کێشی سەد و بیست کیلۆ دەبوو، ئێستا هەر حەفتا کیلۆیەکە؛ ڕوخسارە پەلماوە کیسەڵئاساکەی ببووە ڕوخساری قومقمۆک، هەمیشەش هەستی دەکرد لەلێواری وەڕسبوون و ماندووبووندا بوو. کەچی بۆ پێترا کۆتێس، خۆسێ ئاوریلیانۆی دووەم لە جاران باشتر بوو لەگەڵی، ڕەنگە بەزەییی لەلا بووبێتە خۆشەویستی و هەستی هەرەوەزییش، کە دەرئەنجامی کوێرەوەری بوو، یارمەتیدەر بوو. سەر تەختە شڵۆقەکەی خەوتنیشی، وەک جاران نەدەبووە شوێنی ئەویندارییی سەرشێتانە، بەڵکوو ببووە پەناگەیەک بۆ ئەوەی ڕاز و نهێنییەکان بۆ یەکتر بگێڕنەوە. لە گەمەی ڕەنگدانەوەی ناو ئاوێنە هەڵواسراوەکەی بنمیچیش ڕزگاریان ببوو، چونکە تا ئاژەڵی بۆ یانسیب پێ بکڕن، هەراجفرۆشیان کرد. لەنێو ئەو ئەتڵەس و مەخمەڵە ناسکانەی هێسترەکە لەسەریان لەوەڕابوو، تاکوو نزیکەی بەرەبەیان چاویان نەچووە خەو، لەنێو بێگوناهیی دوو پیرەمێردی بەئاگا، زۆرترین باسیان، باسی حیساباتی ئەو

پارانە بوو، کە جاران بەفیڕۆیان دەدا و تەنانەت خۆشیان بەفیڕۆ دا، کەچی ئێستاش، عانەبەعانە دەیژمێرن. هەندێ جار سەرقاڵی ژماردنی ئەو حەمکە خوردەیە بوون، تا بە قووقەی یەکەم کەڵەشێر دەهاتنەوە ئاگا، هەندێ جاریش بڕێ پارەی لەمەلا دەبڕی بۆ ئەوەی بیخاتە سەر بڕەپارەیەکی دیکە، تا لە لایەک لە کۆڵی بۆڵەبۆڵی فێرناندا بێتەوە، لە لایەکی دیکەش بتوانێ جووتێ پێڵاو بۆ ئامارانتا ئورسولا بکڕێ، هەندێکیشی لێ بداتە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، کە لە زەمەنی دەقنانووسەوە جلوبەرگی نوێی نەکڕیبوو، بەشێکیشی لە سووچێک هەڵگرێ، بۆ ئەوەی پارەی جەنازە و کفنودەفنی ئورسولای پێ ڕێک دەخرێ، ئەو بڕەش بۆ کڕینی قاوە دادەنێ، هەر سێ مانگ جارێکیش، بۆ هەر پێنج سەد گرام، سەنتێک بەرز دەبووەوە، ئەو هەندەیەش بۆ کڕینی شەکر، تا دەهاتیش، کەمتر شەکری بەکار دەهێنا، ئەو هەندەیەش بۆ کڕینی دار، چونکە دارەکانیان لە بەر لافاو تەڕ ببوو، ئەو کەمۆکەیەش بۆ کڕینی کاغەز و مەرەکەب و ڕەنگ بۆ دروستکردنی بلیتی یانسیبەکان، ئەو بڕەشی بۆ پڕ کردنەوەی ئەو زیانەی لە گۆلکەکەی مانگی مایس کەوت، تووشی نەخۆشیی لاڕەشە بوو، هەر بە موجیزە پێستەکەیان دەست کەوتەوە، لە کاتێکدا، زۆربەی هەرە زۆری بلیتەکانی یانسیبەکەشیان فرۆشتبوو. بێگەردییەکی بێوێنە لەو ڕێورەسمە کوێرەوەرییە بەدی دەکرا، هەمیشەش بڕەپارەیەکی باش بەر فێرناندا دەکەوت، ئەمە نە پەیوەندیی بە پەشیمانبوونەوەوە هەبوو، نە پەیوەندیشی بە سەدەقەوە، بەڵکوو بەختەوەریی فێرناندایان لە هیی خۆیان لەلا گرینگتر

بوو. چونکە، لە ڕاستیدا، کاتێک هەردووک بیریان لە فێرناندا دەکردەوە، بەبێ ئەوەی کەسیان هەستی پێ بکەن، وەک ئەوەی بیر لە کچی خۆیان بکەنەوە، حەزیان دەکرد کچێکیان هەبووایە وەکوو ئەو، بەلام نەکرا؛ بە ئەندازەیەک، جارێکیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ تەنها گەنمەشامیی کولاویان خوارد، تاکوو سفرەی سەر مێزێکی هۆلەندیی بۆ بکڕن. کەچی، هەرچەند کاری زۆریان دەکرد و پارەی زۆریان کۆ کردەوە وزیرەکییان تیادا دەنواند، کەچی فریشتەی پاسەوانیی ئەوان لەبەر ماندووبوون خەوی لێ کەوتبوو، ئەوانیش خەریکی ئەوە بوون دوو فلس لێرە هەڵبگرن و دوو فلس بخەنەوە سەر ئەوێ، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو، بە لایەنی کەمەوە بایبی ژیانکردنیان بۆ بمێنێتەوە. کاتێکیش خەویان لە خۆیان حەرام دەکرد و دەستیان بە حیسابات دەکرد، سەیریان دەکرد قازانجێکی زۆر کەمیان بۆ دەمێنێتەوە. لە خۆیان دەپرسی، دەبێ چی لە دنیا ڕووی دابێ، دەتگوت گیرفانەکانیان کونی تێ کەوتووە و ئاژەڵەکان وەکوو جاران بە خێر و بەرەکەتەوە زاوزێ ناکەن. بۆچی، هەر پێش ماوەیەک، بۆ خەڵکی دەستەی دراوی کاغەزیان بۆ ئاهەنگ و خۆشی خەرج دەکرد و ئێستاش، کاتێک بۆ شەش مریشک داوای دوانزە سەنتیمیان لێ دەکەن، زیرەیان دەچێتە ئاسمان. ئاورێلیانۆی دووەم بیری دەکردەوە و بە خۆی دەگوت، خراپە لە دنیادا نییە، بەڵکوو لە سووچێکی دڵە ئەفسووناوییەکەی پێترا کۆتێسدایە، لە سەردەمی لافاوەکەوە شتێکی بەسەر هاتووە، بۆیە هەموو ئاژەڵەکانی نەزۆک کرد و سامانیش لەژێر دەستیان هەڵدێ. ئەم مەتەڵەی بۆ هەڵنەدەهات،

ئاوریلیانۆی دووەم ویستی ڕۆ بچێتە نێو هەستە قووڵەکانی پێترا کۆتێسەوە، لە بەرژەوەندی دەگەڕا، خۆشەویستیی دۆزییەوە، هەوڵی دا ئەو عاشقی ببێ، کەچی خۆی عاشقی بوو. پێترا کۆتێس، ئەویش لەلای خۆیەوە، کاتێک هەستی دەکرد سۆزی ئاوریلیانۆی دووەم بۆ زیاد دەبێ، ئەوی زیاتر خۆش دەویست، ئا بەم جۆرە، لەناو جەرگەی پاییزدا جارێکی دی خورافاتی هەڕەتی لاوی یەخەی گرتەوە، گەیشتە ئەو بڕوایەی هەزاری کوێلەی خۆشەویستییە. دووبەدوو باسی ئەو هەموو ئاهەنگە بێسەروبەرانە و باسی ئەو زەنگینییە بێلەزەتانە و باسی ئەو هەموو ڕابواردنە جلەوترازاوانەیان دەکرد؛ لەوە نیگەران بوون، چونکە باجێکی زۆریان دا تا ئەم بەهەشتە بدۆزنەوە، تا دووبەدوو ژیانی تیا بەرنە سەر. دوای ئەو هەموو پێکەوەژیانە بێبەرهەمە، شێت و شەیدا و عاشقی یەکتر بوونەوە، لە هەموو سووچێکی ماڵەکە: لەسەر مێزی نانخواردن، لەسەر جێگەی خەوتن، پێکەوە هەند بەختەوەر بوون، وەک دوو پیرەمێردی کەنەفت، وەکوو دوو بەچکەکەروێشک سواری پشت و کۆڵی یەکدی دەبوون و وەکوو دوو توولەسەگیش هەندێ جار بەشەڕ دەهاتن.

قازانجێکی ئەوتۆیان لە یاریی دومبەڵەکان نەدەکرد. ئاوریلیانۆی دووەم، سەرەتا، سێ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، لە مەکتەبە کۆنەکەی دەمایەوە، یەکبەیەک نیگاری بلیتەکانی دەکێشا، بە کارامەیییەکی وردەوە نیگاری مانگایەکی سووری دەکێشا، بەچکە بەراز و چەند جووجەڵەیەکی شین دوای ئەو ئاژەڵانە کەوتبوون، کە خرابوونە یانسیبەکەوە، بە پیتی چاپیش، زۆر بەجوانی ئەو ناوەی دەنووسییەوە، کە پێترا

کۆتێس هەڵی بژاردبوو و کردبوویانە ناوی یانسیبەکەی خۆیان: یانسیبی "خوداوەندی مەزن." کەچی، بە تێپەڕبوونی کات، دوای ئەوەی لە ماوەی هەفتەیەکدا نیگاری دوو هەزار بلێتی دەکێشا، هەستی بە ماندووبوونێکی یەکجار زۆر دەکرد، چەند ختمێکی پلاستیکیی بە ڕادان دا، ناو و ژمارەکانی لەسەر بوون، ئیدی کارەکەی ئەو تەنها ئەوە بوو ختمەکان لەناو مەرەکەبدانی ڕەنگی جودادا تەڕ بکات و بیساوێتە قەد بلیتەکان. لە سالانی دواییدا بیرۆکەیەکیان بۆ هات، ئەویش ئەوە بوو، لەجیاتی ژمارەکان، مەتەڵێک دابنێن، خەڵاتەکەشیان دەدایە ئەو کەسەی مەتەڵەکە هەڵبهێنێ، بەلام سیستەمەکە هەند ئالۆز و بەگرێوگۆڵ بوو، گومان و گێچەڵی زۆری لەگەڵ خۆی دەهێنا، بۆیە دوای تاقیکردنەوەی دووەم، وازیان لێ هێنا.

ئاورێلیانۆی دووەم هەندە بەتەنگی دۆمبەلەکانییەوە بوو، نەیدەویست شکست بهێنێ، بۆیە هەندە کاتی بەدەستەوە نەدەما تا چاوی بە منداڵەکانی بکەوێت. فێرناندا ئامارانتا ئورسولای خستبووە قوتابخانەی تایبەتەوە، تەنها شەش قوتابی لە پۆلێکدا بوون، بەلام دژی ئەوە بوو ئاورێلیانۆ بەرێتە قوتابخانەی دەوڵەتی. فێرناندا دەیگوت، قاییلبوونی بەوەی ئەو منداڵە لە ژوورەکەی بچێتە دەرەوە، سەرووزیادە. هەروەها لەو سەردەمەدا تەنها ئەو قوتابییانە لە قوتابخانەی دەوڵەتی وەر دەگیران، کە منداڵی شەرعی بن و دایک و باوکیانیش کاسۆلیک بن؛ لەسەر بەڵگەنامەی لەدایکبوونی ئاورێلیانۆ سەرنجێکیان نووسیبوو و بە سنجاقێکیش لە بەروانکەکەیان گیر کردبوو، کاتێک هاتەوە ماڵ و خوێندیانەوە،

نووسرا بوو، ئەم منداڵە لە کۆڵان دۆزراوەتەوە. لەو ماوەیەی دەرگایان لێ داخستبوو، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد دڵسۆزانە چاودێریی دەکرد و لەژێر مەرحەمەتی ئورسولای نابینادا بوو، لەو جیهانە بەرتەسکەدا تەنها فێری ئەو شتانە دەبوو، کە داپیرەگەورەکانی فێریان دەکرد. ناسک و باریک بوو، هەند فزوولی و بزۆز بوو، هەرەسانی لەبەر گەورەکان دەبرد، بە پێچەوانەی سەرهەنگەوە، کاتێک لە تەمەنی ئەودا بوو، خاوەن نیگایەکی پزیسکهاوێژ و بەسەرنج بوو، کەچی نیگای ئاورێلیانۆ مشەوەش و خافڵاو دیار بوو. لەو دەمەی ئامارنتا ئورسولا لە باخچەی ساوایان بوو، ئاورێلیانۆ خەریک بوو بەدوای کرمدا دەگەڕا، لە باخچەکە مێشومەگەزی ئەشکەنجە دەدا. ڕۆژێکیان خەریک بوو دووپشکی دەکردە قووتوویەکەوە، بۆ ئەوەی بیخاتە نێو نوێنەکانی ئورسولاوە، فێرناندا چوو بەسەریا، بردیەوە ژووره کۆنەکەی مێمێ و دەرگای لێ داخست، ئینجا بۆ کاتبەسەربردن خۆی بە سەیرکردنی نیگارەکانی ئینسایکلۆپیدیاکەوە دەخافڵاند. پاشنیوەڕۆیەکیان، ئورسولا بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو و گوڵاوی بە چەپکەگەزەنگ بە نێو ماڵەکەدا دەپرژاند، ماوەیەکی زۆریش بوو ئورسولا و ئاورێلیانۆ پێکەوە بوون، کەچی لێی پرسی ئەو کوڕە کێیە.

ئاورێلیانۆ وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، "من ئاورێلیانۆ بوێندیام."

ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی، "بەڕاستتە. کاتی ئەوە هاتووە تۆش خۆت فێرە زێڕنگەریی بکەی."

جارێکی دیکەش ئورسولا کوڕەکەی خۆی لێتێکچوو، ئەو

کەمە هۆش و ڕوونبینییەی هەوای گەرمی دوای بارانبارین پێی بەخشیبوو، ئەو هەندەشی لەدەست دابوو. هۆشی نەدەهاتەوە بەر. کاتێکیش دەچووەوە ژوورەکەی، بۆ ئەوە بوو چاوی بە پاترۆنیلا ئیگواران بکەوێت، کاتێک بچووبایە سەر لە کەسوکاری خۆی بدا، کراسێکی دەڵب و سوخمەیەکی بەموورووچنراوی دەکردە بەر، لە ژوورەکەش ترانکیلینا ماریا مینیتا ئالاکۆک بوێندیای لێ بوو، داپیرەگەورەی، بە پەڕەمووچێکی وشتر مورغ خۆی باوەشێن دەکرد، لەگەڵ ئاوریلیانۆ ئەرکادیۆ بوێندیای باپیرەگەورەی، جلوبەرگی درۆزنانەی پاسەوانی یاریدەرەی پاشا، ئاوریلیانۆ ئیگوارانی باوکی دووعایەکی داهێنابوو بۆ ئەوەی کەنەی مانگا بەزیندوویی بەر بداتەوە و بیبرژێنێ، دایکە ترسنۆکەکەشی، هەروەها ئامۆزا کلکبەرازەکە و خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای مێردی و منداڵە مردووەکانیشی، هەموویان لەسەر کورسی دانیشتبوون، کورسییەکانیشیان نووساندبووە قەد دیوارەکان، بە سەردانی خێزانی نەدەکرد، دەتگوت هەموو بۆ تازییە هاتوون. بە تامولەززەتەوە قسەی دەکرد، لەم بەسەرهاتەوە دەچووەوە سەر ئەو بەسەرهات، خوێ و ترشی پێدا دەکرد، باسی ڕووداوگەلێکی دەکرد، کە لە زەمەنێکی زۆر دێریندا ڕوویان دابوو، تەنانەت ڕووداو و سەردەمەکان یەکیان نەدەگرتەوە، کاتێکیش ئامارانتا ئورسولا لە قوتابخانە دەهاتەوە ماڵ و ئاوریلیانۆ لە سەیری ئینسایکلۆپیدیاکەی وەڕس دەبوو، هەردوو دەچوونە ژوورەکەی ئورسولاوە، دەیانبینی بەتەنیا لەسەر تەختەکەی دانیشتووە و لەنێو ڕێگە پێچیدەکانی مردوواندا، لەگەڵ خۆی قسە دەکات. ڕۆژێکیان،

زەندەقی چووبوو، لەناوماڵەکەدا پاشاگەردانی و شڵەژانێکی بێوێنەی نایەوە و هاواری دەکرد "ئاگر!" تومەز، مەبەستی لە ئاگرکەوتنەوەیەکی ناو تەوێڵەی ئاژەلان بوو، ئەو دەمەی ئورسولا تەمەنی چوار ساڵان بووە. هەند بەوردی و جوانی ڕووداوەکانی ڕابردوو و ڕووداوەکانی ئێستای تێکەڵ دەکرد، یەک-دوو جار، پێش مردنی، هەندە بە هۆش و ڕوونبین بوو، کەس نەیدەزانی ئایا ئەم ڕوونبینییەپەیوەستە بەو شتانەی لەو کاتەدا هەستی پێ دەکرد، یا کاریگەریی یادەوەرییەکان بوو. ئورسولا، تا دەهات، بچووک دەبووەوە و شێوەی مەلۆتکەی وەر دەگرت، بە مۆمیایەکی زیندوو دەچوو، بە ئەندازەیەک، لە دوامانگەکانی ژیانی، بە هەلوژەیەکی وشکەوەبووی دەکرد، کە لەنێو کراسی خەودا مەلە بکا، بازووەکەی هەمیشە بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، دەتگوت قاچی مەیموونە. چەند ڕۆژێک نەیدەتوانی بجووڵێتەوە، بۆ ئەوەی بزانن ڕۆحی لەبەر ماوە یان نا، دەبوو سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد ڕای بوەشێنێت، دەیخستە باوەشی بۆ ئەوەی بە کەوچکێکی بچووک قەنداوی بداتێ. بە پیرەژنێکی تازەلەدایکبووی دەکرد. ئامارانتا ئورسولا و ئاورێلیانۆ بەنێو ژوورەکەدا دەیانهێنا و دەیانبرد، لەژێر میحرابەکەدا ڕای دەکشا بۆ ئەوە سەرنجی ئەوە بدەن، کە هەر تۆزقاڵێک لە عیسای مندال گەورەترە، پاشنیوەڕۆیانێک لەناو دۆلابێک شاردیانەوە و هەر هەندەی نەمابوو جرج هەلاهەلای بکات. یەکشەممەی لقە دارخورما، کاتێک فێرناندا چوو بۆ نوێژ، هەردووکیان چووبوونە ژوورەکەیەوە و گواستبوویانەوە، یەکێکیان ملی گرتبوو و ئەوەی دیکەشیان قولەقاپی، ئامارانتا

ئورسولا پێی دەگوت، "داپیرەگەورە هەژار و گوناحەکە، ئەوە بۆخۆی لەبەر پیری گیانی دەر چوو."

ئورسولا لە ترسا تەکانێکی بە خۆی دا و بە دەنگێکی بەرز گوتی، "زیندووم."

ئامارانتا ئورسولا لەبەر پێکەنین دەمی خۆی گرت و وەڵامی دایەوە و گوتی، "دەبینی، خۆ هەناسەشی لەبەر براوە."

ئورسولا هاواری کرد و گوتی، "ئەوە نییە قسان دەکەم."

ئاورێلیانۆش پێی گوت، "قسەش ناکات. وەکوو زیکزیکەیەک گیانی دەر چوو."

ئیدی ئورسولا دەستی بە دووعا کرد و بە دەنگێکی نزمیش دەیگوت، "خودایە! مردن شتێکی لەم جۆرەیە." دەستی بە نوێژ کرد، نەیدەبڕاندەوە، بە دەنگێکی غەمگین و پچڕپچڕ، دوو ڕۆژی ڕەبەقی خایاند، سێشەممەش شکڵ و شێوەی نزایەکی دووروودرێژی وەر گرت، بوو بە چێشتی مجێور، ئامۆژگاریی عەمەلی بوون بۆ ئەوەی مێروولەی سوور خانووەکە وێران نەکەن، بۆ ئەوەی گڵۆپەکەی بەر وێنەکەی ڕێمێدیۆس نەکوژێتەوە، بۆ ئەوەی هیچ تاکێکی بنەماڵەی بوێندیا لەناو خزموخوێش ژنوژنخوازی نەکەن، ئەگینا منداڵیان بە کلکی بەرازەوە دەبێ. ئاورێلیانۆی دووەم ئەم بێهۆشییەی ئورسولای بە هەل زانی، بۆ ئەوەی ناچاری بکات شوێنی ناشتنی زێڕەکەی پێ نیشان بدات، کەچی، دیسان، ئەو هەموو تکا و پاڕانەوانە سوودی نەبوو، ئورسولا پێی گوت، "کاتێک خاوەنەکەی پەیدا دەبێ، خودا لایتەکەی هەڵدەکات، تا شوێنی زێرەکە بدۆزێتەوە." سانتا سۆفیا دێ

لا پیەداد لەوە دڵنیا بوو، کە هەر هەندەیان زانی بەمردوویی دۆزییانەوە، چونکە هەستی دەکرد لەو ڕۆژانەدا سروشت تێک دەچێ، گوڵەباغەکان بۆنی گیایان لێوە دەهات، قاپێک نۆکی لە دەست بەر بووەوە و دانەی نۆکەکان بە شێوەیەکی زۆر ئەندازیارانە لەسەر زەوییەکە شکڵیان وەر گرت، دەتگوت ئەستێرەی دەریان، شەوێکیشیان، چەند شتێکی خڕی ڕۆشنی ڕەنگ نارنجیی بینی بە ئاسماندا گوزەر دەکەن.

لەگەڵ ڕۆشنایی بەرەبەیانی پێنجشەممەی پیرۆزدا، ئورسولا گیانی دەر چوو. لە سەردەمی کارگەی مۆزەکەدا بوو، کە دوایین جار لەبارەی تەمەنیەوە لێیان پرسیبوو، ئەودەم لەنێوان سەد و پانزە ساڵ و سەد و بیستودوو ساڵ دەخەملێنرا. لە تابووتێکی هەندە بچووکدا ناشتیان، بەئەستەم کەمێک لەو سەبەتەیە گەورەتر بوو، کە ئاورێلیانۆیان تێ کردبوو، خەڵکێکی کەم ئامادەی ناشتنەکەی بوون، چونکە ئەو کەسانەی ئەویان دەهاتەوە یاد، زۆر کەمیان لە ژیاندا بوون، لە لایەکی دیکەشەوە ڕۆژێکی هەند گەرم بوو، بە ڕۆژی نیوەڕۆ باڵندەکان گێژوویێژ ببوون، وەک هێشووە قورقوشم خۆیان بە دیوارەکاندا دەکێشا و پەنجەرەکانیان دەشکاند و لە ژوورەکاندا مردار دەبوونەوە.

سەرەتا، وایان زانی پەتا لێیانی داوە. ژنی ماڵان کەنەفت و ماندوو ببوون هەندە باڵندەی مردارەوەبوو فڕێ دەنە دەرەوە، بەتایبەتی لە کاتی سەرخەوی پاشنیوەڕۆیاندا، پیاوانیش عارەبانەکانیان پڕ باڵندەی مردارەوە بوو دەکرد و دەچوون فڕێیان دەدایەوە ڕووبارەکەوە. یەکشەممەی بووژانەوەی مەسیح، ئەنتۆنیۆ ئیسابیلی کەشیش، تەمەنی سەد

سالێک دەبوو، لەسەر مینبەرەکەیەوە ئەوەی ڕاگەیاند، کە مردارەوەبوونی باڵندەکان پەیوەندیی بە شوومیی جوولەکەی گەڕۆکەوە هەیە، کە خودی خۆی، شەوی ڕابردوو، بینیبووی. بە شێوەیەکیش وەسفی کردبوو، وەک بڵێی بوونەوەرێکی دووڕەگە، بەرهەمی جووتبوونی بەرانێک و ژنە زەندیقێکە، هەناسەی هەوا دەسووتێنێ، کاتێکیش بە شوێنێکدا تێدەپەڕێ، وا دەکات ژن و مێردی لاو لەجیاتی منداڵ، دەعەجانیان ببێ. زۆر کەم بوون ئەوانەی گوێیان بۆ حەکایەتی قیامەتی کەشیش ڕادەگرت، چونکە خەڵکی ئاوایی هەستیان دەکرد کەشیشەکە بەساڵدا چووە و خڵەفاوە. کەچی، چوارشەممە، بەیانی زوو، ژنێک خەریک بوو هەموو خەڵکی ئاواییی لە خەو هەڵدەستاند، چونکە شوێنەواری سمی زیندەوەرێکی دووپێی دۆزیبووەوە. ئەوانەی چووبوون و چاویان پێ کەوتبوو، زۆر بەڕوونی وەسفیان دەکرد و دەیانگوت حاشاهەڵنەگرە، هیچ گومانێکیان لە بوونی ئەو جانەوەرە وەحشەتناکە نییە، ڕێک و ڕاست بە وەسفەکەی کەشیشی دەکرد، کاتێک لەسەر مینبەرەکەیەوە باسی کرد، هەموو لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن، کە تەڵەی لە حەوشە و بانەکان بۆ بنێنەوە. دوو هەفتە بەسەر مردنی ئورسولادا تێپەڕیبوو، پیترا کۆتێس و ئاورێلیانۆی دووەم بە دەنگی بۆڕەی گوڵکێکی زل، دەنگەکە لەو دەوروبەرەوە دەهات، لە جێگەکانی خۆیان قوت بوونەوە. کاتێک هەڵسان و بچن بزانن چییە، بینییان کۆمەڵێ پیاو، خەریکن حەیوانەکە لە چاڵێک دەر دەکەن، چاڵەکەش پڕی لە گەڵای وەریو بوو، کەوتبووە نێو شیشە ئاسنی نووک تیژەوە؛ بۆڕەی لێ بڕابوو. هەرچەندە بەژنی

بە قەد مێردمنداڵێک نەدەبوو، کەچی هەندەی جوانەگایەک قورس بوو، خوێنێکی سەوزیش لە برینە چەورەکەیەوە چۆڕەی دەهات. لەشێکی تووکاویی زبری هەبوو، هەمووی گرێ گرێ بوو، پێستەکەشی ڕەق ببوو، دەتگوت پوولەکەی ماسییە، بەڵام بە پێچەوانەی وەسفەکەی کەشیش، بەشە بەنیئادەمییەکەی، بە جەستەی فریشتەیەکی خەستەی دەکرد، زیاتر وەک لە مرۆڤ، چونکە دەستی ناسک و وردی هەبوو، وەک دەستی سیحربازان، دوو چاوی گەورەی کزی هەبوو، لەسەر شانەکانیشی، شوێنی برینێکی وشکەوەبوو دیار بوو، شوێنی برینی دوو باڵی بەهێز بوو، دەتگوت جووتیارەکان بە دەمیتەور بڕیویانەتەوە. بۆ ئەوەی هەموو خەڵکەکە چاویان پێی بکەوێ، قاچیان بە دارچوالەیەکی مەیدانەکەوە هەڵواسی، کاتێکیش بۆگەن بوو، ئاگرێکیان کردەوە و سووتاندیان، چونکە بۆیان ساغ نەبووەوە: ئایا ئەم دووڕەگە، ئاژەڵە و دەبێ فڕێ بدرێتە ڕووبارەکەوە، یا فەلەیە و دەبێ کفنودفن بکرێ. ئەوەش بۆ کەس ڕوون نەبووەوە، کە مردارەوەبوونی باڵندەکان پەیوەندیی بە ئەوەوە هەبێ، نە ژن و مێردە گەنجەکانیش جڕوجانەوەریان بوو، وەکوو باسی لێوە دەکرا، نە گڕەوگەرماش کۆتایی هات.

ڕێبێکاش لە کۆتاییی هەمان ساڵدا مرد. ئارخێنیدا، بەدرێژاییی ژیانی کارەکەریی بۆ دەکرد، داوای لە حکومەت کرد تاکوو دەرگای ژوورەکەی بشکێنن، چونکە ڕێبێکا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بوو لەسەر جێگاەەی گیانی دەر چووبوو، وەک ڕۆبیانێکیش خۆی گرمۆڵە کردبوو، کرم قژی ڕووتاندبووەوە، پەنجەی کەڵەی کردبووە دەمیەوە.

ئاوریلیانۆی دووەم ناشتنی ڕێبێکای خستە ئەستۆی خۆی، ویستی دەستێکیش بە خانووەکەیدا بهێنێ بۆ ئەوەی بیفرۆشێ، کەچی خانووەکە هەندە شکڵ و سیمای ڕێبێکای وەر گرتبوو، هەر بە بۆیاغکردنی دیوارەکان هەڵدەوەرین، بابیی ئەوەندەش چەمەنتۆیان دەست نەکەوت، تاکوو ڕێگە لەو هەموو گژوگیایە بگرن، کە لە زەوییەکەوە شین ببوون و لاولاو بنبڕ بکات و درزەکانیشی پێ پڕ بکەنەوە.

لەدوای لافاکەوە، بارودۆخ بەو شێوەیە بوو. سستیی خەڵکەکە و ئیشتیایان بۆ لەبیرچوونەوە یەکیان دەگرتەوە، وردەوردە یادەوەریی بێبەزەییانە خەڵکەکەی دەکرۆشت؛ کاتێک نمایندەکانی سەرەککۆمار جارێکی دیکە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ڕێککەوتنامەی نیەرلەنداوە، بۆ ئەوەی مەدالیای سەرۆکایەتی ببەخشن، گەڕانەوە ماکۆندۆ؛ ئەو مەدالیایەی چەندین جار ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ ڕەتی کردبووەوە، هەموو ئەو پاشنیوەڕۆیە لە یەکێک دەگەڕان، تاکوو ڕێنماییان بکات بۆ ئەوەی یەکێک لە نەوەکانی سەرهەنگیان بۆ بدۆزێتەوە. ئاوریلیانۆی دووەم دڵی ختووکەی دا، چونکە وای زانی مەدالیاکە لە زێڕی بێگەرد دروست کراوە، لەو دەمەشی نمایندەکان بۆ ڕێوڕەسمەکە خەریکی ئامادەکردنی گوتار بوون، کەچی پیەترا کۆتێس ئاوریلیانۆی دووەمی پەشیمان کردەوە و بە سووکایەتی لەقەڵەمی دا. هەر لە هەمان قۆناغیشدا، قەرەجەکان جارێکی دیکە گەڕانەوە گوندەکە، دوامیراتهەڵگرە مەعلانەکانی مێلکیادێس بوون، گوندیان بینی هیچ ڕەونەقی نییە، دانیشتووانەکەشی لە پەراوێزی جیهاندا دەژین، جارێکی دیکەش ئەم دەرگا و ئەو دەرگایان کرد، شیشی موگناتیسیان

بە وای خۆیاندا ڕادەکێشا، وەکوو ئەوەی دواداهێنانی زانای بابیلۆنیایان دۆزیبێتەوە، بە زەڕەبینی زەبەلاحیش، دەستیان کرد بە چڕکردنەوەی تیشکی هەتاو، ژمارەی ئەو کەسانەش کەم نەبوون، کە بەحەپەسانەوە سەیری ئەوەیان دەکرد، کە چۆن تاوە بەر دەبنەوە و مەنجەڵ غل دەکەنەوە. تەنها بە بیست سانتیم دەکرا سەیری ژنە قەرەجێک بکەن، کە چۆن تاخمی ددانەکانی لە دەم دەر دەهێنێ و دەیخاتەوە شوێنەکەی خۆی. شەمەندەفەرێکی زەرد، تێکشکاو، نە کەسی دەهێنا، نە کەسیشی دەبرد، بۆ وچانێک لە وێسگە چۆلوهۆڵەکە ڕادەوەستا، شەمەندەفەرەکەی میستەر براون بوو، هەر هەندەی بە بەرەوە مابوو، ئەو شەمەندەفەرەی هەر خودی میستەر براون میچەکانی شووشەبەند کردبوو، کورسیی شاهانەی تێدا دانابوون، وێڕای سەد و بیست فارگۆنی بارهەڵگری میوە، کاتێک ڕێی بکردبا، پاشنیوەڕۆیەکی دەویست تاکوو بەتەواویی شەمەندەفەرەکە لە پێشچاو ون دەبێ. نمایندەی دادگاکان هاتبوون، دەیانویست لەبارەی مرداربوونەوەی باڵندەکان و کوشتنی جوولەکە گەڕۆکەکە زانیاری کۆ بکەنەوە، چاویان بە ئەنتۆنیۆ ئیسابێلی کەشیش کەوت، خەریکی چاوشارکێکردن بوو لەگەڵ منداڵان، وایان لێک دایەوە کە ئەو ڕاپۆرتەی بۆیان نێراوە، بەرهەمی وڕێنەی کەسێکی خلەفاوە، یەکسەر لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ شێتخانە. هەندەی نەبرد، ئاوگوستۆ ئانخێلی کەشیشیان بۆ گوندەکە نارد، خاچپەرەوەرێکی نەوەی نوێ بوو، خۆگر، لەخۆ دڵنیا، هەڵەشە، هیچ دوودڵییەکی نەنواند، هەر بە دەستی خۆی، چەندین جار لە ڕۆژێکدا گوریسی زەنگوڵەکانی

کڵێسـای ڕادەوەشـاند بۆ ئـەوەی خـەڵکی بـە تـەمـەڵی و تـەوەزلی ڕانەیـەن، دەرگابـەدەرگای دەکـرد بـۆ ئـەوەی خـەڵکی لـە خـەو هەڵسێنێ و لەگـەڵ خـۆی بیانبـات بـۆ نوێـژ، بـەڵام تـەنها هـەر ساڵێکی خـۆش بـوو، ئیدی ئەویش کەوتـە نێـو باوەشـی ئـەو لاموباڵاتییـەی لـە هـەوادا بوونـی هەبـوو، لەنێـو غوبـاری سـووتێنەری ئـەو شـوێنەی هەمـوو شـتێکی پیـر و پەژمـوردە دەکرد، دوای ژەمێکی کفتـەی نیوەڕوان لەنـاو قرچـەی گەرمادا، ئەویشـی تـووڕ هەڵدەدایـە نێـو باوەشـی خەوێکـی قووڵـەوە.

دوای مردنـی ئورسـولا، ماڵەکـە پشـتگوێ خـرا، تەنانـەت ئیـرادەی خۆڕاگـر و لەبننەهاتـووی ئامارانتـا ئورسـولاش نەیدەتوانـی فریـای بکـەوێ؛ کەچـی دوای چـەند سـاڵێک، بـوو بـە ژنێکی سالار، دڵخۆش و هاوچەرخ بوو، ژنێک بوو، پێیەکانی لەسـەر زەوی بـوون، دەبـوو قۆڵـی لـێ هەڵبماڵـێ بـۆ ئـەوەی خانووەکـە لـە وێرانبـوون ڕزگار بـکا، دەرگا و پەنجەرەکانـی کردەوە، باخچەکەی نوێ کردەوە، مێرووله سوورەکانی بنبڕ کـرد، بـە ڕۆژی ڕووناک لـە هەیوانەکانـدا دەگـەڕان، بێهـوودە هەموو هەوڵێکی خسته گەڕ بۆ ئـەوەی چێـژ و کەشوهەوای میوان و میوانداری لەو ماڵە ببووژێنێتەوە. فێرناندای گۆشەگیر حـەزی بـە ژیانـی نێـو چـوار دیـوار دەکـرد، لـە مـاوەی سـەد ساڵی ژیانی پڕهەڵبەزودابـەزی ئورسولا، ببوو بە بەربەسـتێکی زۆر پتـەو. تەنانـەت کاتێکیـش بـای وشـکیش هەڵـی کردبـا، ئامـادە نەبـوو دەرگاکان بکرێنـەوە، تەنانـەت پەنجـەرەکانیشی لـە شێوەی خاچدا قاییم کرد و بە تەختە بزمارڕێژی کرد، بەپێی دابودەستووری باوکانـەش، خـۆی بـە زیندەبەچاڵی مەحکووم کـرد. ئـەو هەمـوو نامانـەی بـۆ پزیشـکەکانی نادیـار نووسـینی،

شکستی هێنا. دوای ئەوەی چەندین جار عەمەلیاتەکەیان دوا خستبوو، فێرناندا لە ئانوساتی دیاریکراو چووە ژوورەکەی و دەرگای لە خۆی داخست و چاوەڕێی دەکرد، تەنها هەر چەرچەفێکی سپیی بەسەر خۆیدا دا، ڕووی سەری لە باکوور کرد، سەعات یەکی شەو، هەستی کرد بە دەسەسرێکی تەڕی تەزیو، ڕوخساری دادەپۆشن. کاتێک لە خەو هەڵسا، تیشکی خۆر لە پەنجەرەکەوە دەدرەوشایەوە، هەستی کرد چەند تەقەڵێک لە شێوەی کەواندا لەسەرووی توکەبەرییەوە بەرەو ژوور تا کۆتایی قەفەسی سینەی، ئەنجام دراوە. ئامۆژگارییان کردبوو بحەسێتەوە، بەڵام پێش ئەوەی بحەسێتەوە، نامایەکی لە پزیشکانی نادیارەوە بەدەست گەیشت، بوو بە مایەی نیگەرانی، لە نامەکەدا نووسیبوویان، بۆ ماوەی شەش سەعاتی ڕەبەق پشکنینیان بۆ ئەنجام دا، کەچی هیچ شتێکیان نەدۆزییەوە پەیوەست بێ بەو نیشانانەی فێرناندا لە نامەکانیدا بەوردی باسی لێوە کردبوون. ڕاستییەکەشی، ئەمە پەیوەندیی بەو خووەی فێرناندا‌وە هەبوو، چونکە شتەکانی بە ناوی خۆیەوە باس نەدەکرد، ئەم ئاڵۆگۆڕکردنی ناوانە بوو بە مایەی تێکەڵوپێکەڵییەکی دیکە، چونکە لە هەموو بارێکدا، ئەو نەشتەرگەرە تێلێپاتیکانە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردبوو، کە منداڵدانی لە شوێنەکەی خۆی کەمێک زیاتر هاتوتە خوارەوە، دەشێ بە ئامێرێکی ژنانە چارەسەر بکرێ. فێرناندا نائومێد بوو، هەوڵی ئەوەی دا زانیاریی وردتری دەست بکەوێ، بەڵام پزیشکانی نادیار وەڵامی ئەو نامەیەیان نەدایەوە. هەستی کرد ئەو وشە نامۆیە دەبێتە بارستاییەکی زۆر و شانی پێ دادەچەکاند، هەوڵی دا شەرمنییەکەی گۆڕبەگۆڕ

بکات، دەستی کرد بە کۆکردنەوە زانیاری لەمەڕ ئامێری ژنانە. هەر لەو دەمەشدا، بیستی کە پزیشکە فەرەنسییەکە، پێش سێ مانگ، خۆی خنکاندووە، بەبێ ئەوەی دانیشتووانی گوندەکە ڕازی بین، کەچی لەلایەن یەکێک لە جەنگاوەرە دێرینەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لە گوندەکە ناشتیان. فێرناندا، خۆسێ ئەرکادیۆی کوڕی ڕاسپارد، تا ئەو ئامێرەی لە شاری ڕۆماوە بۆ بنێرێ، ئەویش بۆی نارد، وەسفی چۆنێتی بەکارهێنانەکەی لەبەر کرد و دەفتەرچەکەشی فڕێ دایە کونی ئاودەستخانەکە، بۆ ئەوەی کەس لە نهێنیی نەخۆشییەکەی نەزانێ. کەچی ئەو هەموو خۆپاراستنە هیچ کەلکێکی نەبوو، چونکە کەس نەبوو لە ماڵەکە گرینگی بەو کارەی ئەو بدات. سانتا سۆفیان دێ لا پیەداد، پیر و کەنەفت و گۆشەگیر ببوو، تەنها هەر بابیی ئەوەی شتێک بخاتە سەر زاری، چێشتی لێدەنا، بەتەواوی خۆی بە بەخێوکردن و پەروەردەکردنی خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمەوە خەریک کردبوو. ئامارانتا ئورسولا، جوانی و ئەفسوونی ڕێمێدیۆسە جوانکیلەی بەمیرات بۆ مابووەوە، ئەو کاتەی جاران لە ئازاردانی ئورسولا بە فیڕۆی دەدا، ئێستا خۆی بە دەرس و دەورەوە خەریک دەکرد، کیژۆڵەیەکی ژیر و سالاری لێ دەر چووبوو، زۆر بەجیدییەوە سەعیی دەکرد، هەمان ئەو خۆشی و ئومێدانەی دەبەخشییە ئاورێلیانۆی دووەم، کە کاتی خۆی مێمێ پێی دەبەخشی. بەپێی ئەو دابونەریتەی لە سەردەمی کارگەی مۆزەکەدا پەیدا ببوو، ئەویش بەڵێنی پێی دا بۆ خوێندن بینێرێتە برۆکسێل. ئەم بەڵێن و هیوایە وای لێ کرد، قۆڵی لێ هەڵمالی تا ئەو ئەرزە لەدەستچووانەی زەمەنی

لافاوەکە، سەرلەنوێ ببووژێنێتەوە. بەدەگمەن دەگەڕایەوە ماڵ، کاتێکیش بگەڕابایەوە، دەچوو چاوی بە ئامارانتا ئورسولا بکەوێت، چونکە بە تێپەڕینی کات، لەلای فێرناندا ببوو بە پیاوێکی بێگانە، ئاورێلیانۆی بچکۆلە دڕدۆنگانە خۆی نیشان دەدا، بە نزیکبوونەوە بالغییش، تا دەهات، گۆشەگیر خۆی نیشان دەدا. ئاورێلیانۆی دووەم ئومێدەوار بوو تەمەن دڵی فێرناندا نەرم بکات، بەڵکوو ڕێگە دەداتە منداڵەکە بۆ ئەوەی ژیانێکی ئاسایی لە گوندەکە بەسەر بەرێ، لەوەش دڵنیا بوو کە کەس نییە گومان لە ڕەچەڵەکی بکات و کەس نەماوە خۆی بەو کارەوە خەریک بکات. کەچی هەر خودی ئاورێلیانۆ ئارەزووی لە گۆشەگیری هەبوو، هیچ مەیلێکی بۆ ئەو ژیانە نیشان نەدەدا، کە دەکەوتە دەرەوەی دەرگای ماڵیانەوە. کاتێک ئورسولا دەرگای ژوورەکەی مێلکیادێسی کردەوە و منداڵەکە دەکەوتە پێشی و بزۆزانە لە درزی دەرگاکەوە سەرێکی بە ژوورەکەدا دەکرد، کەسیش هەستی بەوە نەکرد لە ع ساتێکەوە بوو خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم پەیوەندیی دۆستایەتی و هاودەمیی لەگەڵدا پەیدا کرد. ئاورێلیانۆی دووەم ئەم دۆستایەتییەی زۆر درەنگتر لەلا ئاشکرا بوو، ئەو دەمەی باسی کوشتارەکەی وێسگەی شەمەندەفەرەکەی کرد. ڕۆژێک لەسەر مێزی نانخواردن، یەکێک بە دەستی کاولبوونی گوندەکەوە گلەیی و گازندەی بوو، بەتایبەت دوای ڕۆیشتنی کارگەی مۆزەکە، ئاورێلیانۆش وەک مرۆڤێکی ژیر و خاوەن ئەزموون و پێگەیشتوو، بەرپەرچی قسەکانی دەدایەوە. دیدی ئەو، بە پێچەوانەی لێکدانەوەی باو، لای وا بوو کە ماکۆندۆ، پێش هاتنی کارگەی مۆزەکەش، شوێنێکی

بە پیت و بەرەکەت بوو، ئەوان بوونە هۆکاری ئەو هەموو گێچەڵ و پاشاگەردانییە، هەر ئەوانیش گوندەکەیان وەکوو میوەیەک بەتەوایی گوشی، هەر ئەندازیارەکانی ئەوانیش بوونە هۆکاری ئەو هەموو لافاوە، دواتر کردیانە پاساو و ئەنجەت بۆ ئەوەی پشت لە کرێکاران بکەن و پشت لەو هەموو گرێبەستە بکەن، کە واژۆیان کردبوو. بۆ فێرناندا، ئەم جۆرە قسانە، جۆرە گاڵتەکردنێکی ئاشکرا بوون، ڕێک بەو وتووێژەی دەکرد، کە حەزرەتی عیسا لەگەڵ حەوارییەکان ئەنجامی دابوو، منداڵەکە زۆر بەوردی وەسفی ئەوەی دەکرد، کە چۆن لەشکرەکە دەستیان بە گوللەبارانکردنی سێ هەزار کرێکارەکە کرد، تەنانەت لە سێ هەزاریش زیاتر دەبوون، کە لە پێش وێسگەی شەمەندەفەرەکەوە کۆ ببوونەوە، چۆنیش دواتر فارگۆنەکانیان بە لاشەی مردووان بار کرد بۆ ئەوەی دواتر فڕێیان بدەنە دەریاوە. فێرناندا وەکوو زۆربەی زۆری خەڵکەکە، باوەڕی بە نوسخە فەرمییەکە دەکرد، کە حکومەت بڵاوی کردبووەوە، ڕایان گەیاندبوو کە هیچ شتێکی لەو جۆرە ڕووی نەدا، فێرناندا هەستی بە ئابڕووچوون دەکرد لەوەی کە منداڵەکە وەکوو ئاوریلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ مەیلی بەلای ئەنارشیەتەوە هەیە و پێی گوت دەبێ دەمی دابخات. بە پێچەوانەی ئاوریلیانۆی دووەمەوە، لەم گێڕانەوەیەدا قسەکانی برا جمکانەکەی دەهاتەوە یاد، کە بۆی گێڕابووەوە. لە ڕاستییشدا، سەرباری ئەوەی هەموو کەس ئاوریلیانۆی دووەمیان بە شێت لەقەڵەم دەدا، کەچی لە تەواوی گوندەکە کەس نەبوو هەندەی ئەو ژیر و ڕوونبین بێ. ئاوریلیانۆی چکۆڵەی فێرە خوێندنەوە و نووسین کرد، فێری ئەوەشی

کرد چۆن نووسراوە کۆنەکان بخوێنێتەوە، لێکدانەوەکانی خۆشی لەمەڕ واتاکانی کارگەی مۆز بۆ ڕوون کردەوە، دوای چەندین ساڵ، کاتێک ئاوریلیانۆ بە شێوەیەکی ئاسایی تێکەڵی ژیانی دەرەوە بوو، هەموو خەڵکی وا بیری دەکردەوە، کە ئەو چیرۆکانەی ئەو دەیگێڕێتەوە، بەرهەمی وڕێنەن، چونکە ئەوەی ئەو دەیگێڕایەوە، بەتەواوی بە پێچەوانەی گێڕانەوە ڕەسمییەکەوە بوو؛ بۆ خەڵکی، ئەمە ڕاستییەکە بوو، تەنانەت خرابووە نێو تێکستی کتێبی قوتابخانەشەوە. لەو ژوورە لاتەریکەی نە بای وشک دەیگرتەوە، نە تەپوتۆز و غوبار، نە قرچەی گەرما، دووبەدوو باسی بینینی پیرەمێردیکیان دەکرد، کە شەپقەیەکی لەسەر بوو، بە دوو باڵی قەلەڕەشکەی دەکرد، زۆر دەمێک پێش ئەوەی هەردووک لە دایک ببن، پشتی لە پەنجەرەکە کردبوو لە باسی دنیای دەکرد. هەردووک پێکەوە ئەوەیان ئاشکرا کرد، کە هەر لەو شوێنەدا، هەمیشە مانگی ئازارە و هەمیشەش ڕۆژی دووشەممەیە و لەوەش تێگەیشتن، کە خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا هەندە شێت نەبوو، وەکوو ئەوەی خێزانەکە باسیان لێوە دەکرد، بەڵکوو ئەو تاقە کەس بوو کە خاوەن هۆش و ڕوونبینییەکی وا بوو، کە درک بەو ڕاستییە بکات، کە کاتیش بەهەڵەدا دەچی و هەڕوونبەهەپروونیش ببێ، لە ژوورێکیشدا چەند ساتێکی بۆ ئەبەد دەپارێزێ. خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم، لە لایەکی دیکەوە، توانیی شفرەی نووسینە کۆنەکان پۆلێن بکات. لەوەش دڵنیا بوو کە لە جۆرە ئەلفەبێیەک پێک هاتوون، کە چلوحەوت بۆ پەنجاوسێ پیت دەبوون، کاتێکیش بە جودا دادەنران، هەر بە بەچکە جاڵجاڵۆکەی دەکرد، کە قاچی مێشیان هەبێ، بەڵام زۆر بە

وردییەکی سەرسووڕهێنەرەوە، میلکییادێس بە دەسوخەتێکی زۆر جوان نووسیبوویەوە، بە جلوبەرگیان دەکرد، کە لەسەر تەناف بۆ وشکبوونەوە هەڵخرابن. ئاورێلیانۆ ئەوەی هاتەوە یاد، کە لەناو ئینسایکلۆپیدیا ئینگلیزییەکە تابلۆیەکی هاوچەشنی بینیوە، هێنای بۆ ژوورەکە تا بەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا بەراوردی بکات. هەر واش دەر چوو، پێکیان دەکرد.

لەو سەردەمەدا ئاورێلیانۆی دووەم بیرۆکەی مەتەڵی دومبەڵەکانی بە خەیاڵدا هات، بەیانییەکیان لە خەو هەڵسا، وەک ئەوەی گرێیەک لە قوڕگی گیر بووبێت، دەتگوت نایەڵێ بگریێ. پێترا کۆتێس ئەمەی وەک نیشانەیەک لێک دایەوە، کە لە ئەنجامی بارودۆخە خراپەکەوە پەیدا بووە، بۆیە بۆ ماوەی ساڵێک زیاتر، هەموو سەرلەبەیانییەک، هەنگوێنی لە مەلاشووی دەدا، شەربەتی تووری کێویی دەدایێ. ئەو گرێیەی کە لە قوڕگیدا پەیدا ببوو، هەند سەغڵەتی دەکرد، زۆر بەزەحمەت هەناسەی دەدا، چوو بۆ ماڵی پیلار تێرنێرا، بۆ ئەوەی بزانێ ئایا گیاوگۆڵێک شک نابات بۆ ئەوەی ئازارەکەی هێور بکاتەوە. داپیرەی پتەو و بەخۆ، هیچ نەبوو چۆکی پێ دابدا، تەمەنی گەیشتبووە سەد ساڵێک و قەحپەخانەیەکی نهێنیی بەڕێوە دەبرد، پێی گوت با هەندە خۆی بە هەتوانی خورافاتەوە خەریک نەکات، بەڵام وەرەقەی قومارەکانی لەیەک دانەوە بۆ ئەوەی فاڵی بۆ بگرێتەوە. چاوی بە سوارچاکی چوارگۆشە، کە لە کاغەزی قومار دەر کەوت، گەرووی بە شمشێرێکی دەستی کوڕەوە شەق بووە، گەیشتە ئەو باوەڕەی فێرناندا هەوڵ و کۆشش دەکات تا مێردەکەی

بگەڕێتەوە ماڵ، هەروەها خەریکی ئەنجامدانی کارێکی نەخوازراوە، دەرزیلە دەچەقێنێتە سەر دەموچاوی وێنەیەکی، لەبەر ئەوەی زۆر بەباشی سەری لەم جادووە دەر ناچێ، بۆیە کارەکەی بەهەڵەشەیی کردووە، ئەنجامێکی خراپی لێ کەوتۆتەوە و بووە بە مایەی پەیدابوونی ئەو گرێیە لە گەروویدا. لەبەر ئەوەی ئاورێلیانۆی دووەم، جگە لە وێنەی زەماوەندەکەی، وێنەی دیکەی نەبوو، سەیری ئەلبوومی خێزانی کرد، هەموو وێنەکانی تیا بوو، هەموو ماڵەکەی سەروبن کرد، ئەو هەلانەی دەقۆزتەوە، کاتێک هاوسەرەکەی لە ماڵ نەدەبوو، بۆ ئەوەی بچی سەیری ئەلبوومەکان بکات. دۆلابی جلوبەرگی کردەوەو چاوی بە نیودەرزەن ئامێری ژنانە کەوت، کە لەناو پاکەتە ئەسڵییەکەی خۆیاندا بوون. کاتێک چاوی بە ئەڵقە پلاستیکییە سوورەکان کەوت، وای زانی پەیوەندیی بە جادووگرتنەوە هەیە، بۆیە کردنیە گیرفانی و بردنی بۆ لای پیلار تێرنێرا. ئەویش نەیزانی بەکەڵکی چی دێن، کەچی ئاورێلیانۆی دووەم گومانێکی زۆری لەلا دروست بوو، پیلار تێرنێرای ڕاسپارد تا نیودەرزەنەکەی بۆ بەرێت و لەناو حەوشەکە ئاگرێکی گەورەیان کردەوە و سووتاندیان. بۆ ئەوەی جادووەکانی فێرناندا هەڵبوەشێنێتەوە، پیلار تێرنێرا پێشنیاری ئاورێلیانۆی دووەمی کرد، کە مریشکێکی کڕکەتوو لە ئاو هەڵبکێشێ و هەر بەزیندوویی لەژێر دارشابەڕووەکەدا بینێژێت، زۆر بە جوانی و ڕێکوپێکی ئەو کارەی ئەنجام دا، کاتێکیش مریشکەکەی بە گەڵای هەڵوەریو و خۆڵ داپۆشی، هەستی کرد باشتر هەناسە دەدات. فێرناندا‌ش لەلای خۆیەوە، ونبوونی ئەڵقە پلاستیکەکانی دەگەڕاندەوە بۆ سزایەک، کە

لەلایەن پزیشکانی نادیارەوە درابێ. فێرناندا لە ناوەوەی سوخمەکەی گیرفانێکی دروست کردبوو تا ئەو ئەلقە لاستیکە نوێیانەی تێ بئاخنێ، کە کوڕەکەی بۆی ناردبوو.

شەش مانگ دوای ناشتنی مریشکەکە، نیوەشەوێک، ئاورێلیانۆی دووەم بە کۆکەکۆک لە خەو هەڵسا، هەستی دەکرد شتێک وەک دوو نینۆکی قرژاڵ دەیخنکێنێ. ئینجا لەوە تێگەیشت، دەبێ هەرچی ئەلقەی پلاستیک هەیە لەناو ببا و هەرچی مریشکیش هەیە، بخاتە نزرەوە و زیندەبەچاڵیان بکا، کەچی ڕاستییەکی بەڵگەنەویست و غەمگین هەبوو: خەریک بوو گیانی دەر دەچوو. بە کەسی نەگوت. ترس و خەمی ئەوەی هەبوو بمرێت و فریای ئەوە نەکەوێت ئامارانتا ئورسولا بۆ خوێندن ڕەوانەی برۆکسێل بکات، بەگەرموگوڕییەوە دەستی کردەوە بە کارکردن و لەجیاتی یەک یانسیب، سێی لە هەفتەیەکدا ڕێک دەخست. بەیانییانی زوو، لە گوندەکە دەبینرا گورجوگۆڵ دیار بوو، دەچووە لاتەریکترین و هەژارترین گەڕەکەکانەوە، هەوڵی دەدا هەرچۆنێک بێت، بلیتی یانسیبەکانی بفرۆشێ؛ بە جۆرە دڵەڕاوکێیەکەوە، تەنها لای ئەوانە دەر دەکەون، کە دەزانن دەمرن، بە دەنگی بەرز هاواری دەکرد و دەیگوت، "وەرنەوە یانسیبی 'خودای مەزن.' لەکیس خۆتانی مەدەن، لە سەدەیەکدا تەنها یەک جار ڕوو دەدا." تینی بە خۆی دەدا بۆ ئەوەی دڵخۆش و میهرەبان و قسەکەر خۆی نیشان بدا، بەلام هەر هەندەی بەس بوو کە بزانێ چەند ئارەقەی کردووە، چەند ڕەنگزەردە، ئیتر دەیزانی لە چ ورەڕووخانێکدایە. هەندێ جار لە ڕێگە لای دەدا و ڕووی لە دەشتاییەکان دەکرد، بۆ ئەوەی کەس چاوی

پێی نەکەوێ، هەوڵی دەدا وچانێک بدا و خۆی لە چنگی ئەو دوو چرنووکە قوتار بکات، کە لە ناوەوە وەخت بوون بیخنکێنن. تا نیوەی شەو لە گەڕەکی سۆزانییەکان، خەریک بوو بە سۆزی بەختەوە دڵی ئەو ژنە تەنیایانە بداتەوە، کە لەتەنیشت بڵندگۆی قەوانەکان، هۆڕهۆڕ دەگریان و بلیەتەکانی پێ نیشان دەدان و دەیگوت، "ئەم نمرەیە، چوار مانگە دەر نەچووە. لەدەست خۆتانی مەدەن، ژیان زۆر لەوە کورتترە، کە بیری لێ دەکەینەوە." وردەوردە ڕێزی لێ نەدەگیرا، تەنانەت گاڵتەشیان پێ دەکرد، لە دوامانگەکاندا، تەنانەت بە دۆن ئاورێلیانۆش بانگیان نەدەکرد، گەیشتە ئاستێک، کە هەر لە پێشچاوی خۆی بە مسیۆ "خودای مەزن" بانگیان دەکرد. لە کاتی قسەکردندا قسەی لە دەم دەپەڕی، دەنگی دەکەوت و هەندەشی نەبرد دەنگی تەواو کەرخ بوو، هەر بە نووزانەوەی سەگی دەکرد، بەردەوامیش بوو، بە ئیرادەیەکی زۆرەوە هەوڵی دەدا خەڵکی بێهیوا نەبن لە خەڵاتە گەورەکەی یانسیبی حەوشەکەی پێترا کۆتێس. کەچی سەرباری ئەوەی دەنگی دەنووسا و هەستی دەکرد هەندەش نابات بەرگەی ئەو هەموو ئازارانە ناگرێ، لەوە تێگەیشت کە بە یانسیبی بەچکە بەراز و کەڵەکێوی ناتوانێ کچەکەی بنێرێتە برۆکسێل بۆ ئەوەی خوێندنەکەی تەواو بکات، بیری لەوە کردەوە، کە ئەو زەویوزارانەی لافاو وێرانی کردبوون، بخاتە یانسیبەوە، ئەو کەسانەی پارە شک دەبەن، دەتوانن جارێکی دیکە ئاوەدانی بکەنەوە. ئەمە بە دەسپێشخەرییەکی نموونەیی وەسف کرا، تەنانەت خودی سەرۆکی شارەوانی بەشدار بوو، تا بە شێوەیەکی فەرمی باناگەوازی بۆ بکات، بۆ ئەو مەبەستە،

چەند شەریکەیەک دروست کران تاکوو بلیتی یانسیبەکان بکڕن، بلیتی بە سەد پێسۆس دەفرۆشرا، لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا، هەموو بلیتەکان فرۆشران. شەوی ڕاکێشانی یانسیبەکە، ئەوانەی بردبوویانەوە ئاهەنگێکیان ساز کرد، ئەمسەر و ئەوسەری دیار نەبوو، هەر بەو ئاهەنگانەی دەکرد، کە لە سەردەمی کارگەی مۆزەکەدا ساز دەکران، ئاریلیانۆی دووەم ئەکۆردیۆنەکەی دەر هێنایەوە و بۆ دوا جارئاوازە لەبیرچووەکانی فرانسیسکۆی پیاوی لێدا، بەڵام نەیدەتوانی گۆرانییەکان بچڕێ.

دوای دوو مانگ، ئامارانتا ئورسولا بۆ شاری برۆکسێل ڕۆیی. ئاورێلیانۆی دووەم، نەک تەنها هەموو پارەی یانسیبەکەی دا بە کچەکەی، بەڵکوو ئەو پارە پاشەکەوتکراوانەشی کە لە مانگەکانی پێشوودا وەدەستی هێنابوون و ئەو پارە کەمەشی کە لە فرۆشتنی پیانۆ میکانیکەکە و کلاڤسانەکە و شتی بێکەڵکی دیکە دەستی کەوتبوو، هەر هەمووی بەخشینە کچەکەی. بەگوێرەی حیسابەکانی، ئەو بڕە پارەیە بەشی خوێندنەکەی دەکات، تەنها ئەو پارەیەی نوقسان بوو، کە بیدا بە بلیتی گەڕانەوە. تا دواهەناسە، فێرناندا دژی ئەم سەفەرە ڕاوەستا، دەیگوت ژیان لە برۆکسێل ئابڕووچوونێکە بۆخۆی، چونکە لە پاریسی بێئەخلاقەوە نزیکە، کەچی ئەنخێلی کەشیش لە نامەیەکدا هێوری کردەوە، ناوونیشانی بەشی ناوخۆیی کچانی کاسۆلیکیی بۆ نارد، کە ڕاهیبەکان بەڕێوەیان دەبرد، ئامارانتا ئورسولا دەتوانێ تا دواسالی خوێندن، لەو بەشە ناوخۆییە بژێت. لە لایەکی دیکەشەوە، کەشیشەکە ئەوەشی بۆ مسۆگەر کرد، کە لەژێر چاودێریی دەستەیەکی فرانسیسکان

سەفەرەکەی ئەنجام دەدات، چونکە بەنیازن بچن بۆ تۆلێدۆ، هیواداریشە لەوێوە خەڵکێکی وا بدۆزنەوە، کە جێگەی باوەڕ بن بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بچێت بۆ بەلجیکا. لە کاتێکدا ئەو نامانە ڕێگە و ڕەوتی سەفەرەکەیان خۆش دەکرد، ئاورێلیانۆی دووەم بە یارمەتیی پێترا کۆتێس خەریکی ئامادەکردنی بوخچە و باوڵەکانی ئامارانتا ئورسولا بوو. ئەو شەوەی خەریکی پێچانەوەی جانتایەک بوو کە هیی سەردەمی بووکێنیی فێرناندا بوو، هەموو شتەکان هەند بەجوانی پێچرابوونەوە، قوتابییەکە دەیزانی جلوبەرگەکان لەکوێن، پێڵاوە بێپاژنە لە مەخمەڵ دروستکراوەکە لەکوێیە، دەبوو بۆ سەفەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی بیکاتە پێی، قاپووتە شینەکەی، دوگمەی مسینی پێوە بوو، لەکوێ دانراوە، پێڵاوی چەرمی قورتوبەییەکەی، کە دەبوو کاتێک لە کەشتی دێتە خوارێ بیکاتە پێی، لەکوێ دانراوە. ئەوەشی دەزانی دەبێ ئاگادار بێ کاتێک بەسەر تێپەڕگەی کەشتییەکەدا تێدەپەڕێ، وریا بێ نەکەوێتە ئاوەوە، نابێ بە هیچ جۆرێک لە ڕاهیبەکان دوور بکەوێتەوە، بۆ نانخواردن نەبێ، نابێ لە کابینەکەشی بچێتە دەرەوە؛ نابێ بە هیچ پاساوێک لەسەر کەشتییەکە وەڵامی نەناسیاوێک بداتەوەوە، جا پیاو بووبێ یا ژن. شووشەیەکی بچووکی پێ بوو، شرووبێکی تیا بوو بۆ دڵتێکەڵهاتنی سەر کەشتی دەشیا، دەفتەرێکیش بە دەستخەتی ئەنخێلی کەشیش نووسرابوو، شەش دووعَای تیا تۆمار کردبوو، بۆ دژەڕەشەبا بەکار دەهات. فێرناندا پژدێنێکی قوماشی ئەستووریشی بۆ پەیدا کرد، بۆ ئەوەی پارەکانی تیا دابنێ، ڕێنماییی ئەوەشی کردبوو، کە چۆن دەبەسترێ، بە ئەندازەیەک، نابێ لە کاتی خەوتنیشدا لە خۆی بکاتەوە. ویستی

لەگەنە زێڕینەکەی ژوورەکەشی بەدیاری بداتێ، کە بە ئاوی ژاڤێل شوشتبووی، بە ئەلکهولیش خاوێنی کردبووەوە، بەلام ئامارانتا ئورسولا لە ترسی قسەوقسەلۆک و گاڵتەپێکردنی هاوپۆلەکانی قوتابخانەی، ئەم دیارییەی ڕەت کردەوە. دوای چەند مانگێک، ئاورێلیانۆی دووەم لە سەرەمەرگدا دەبێ، دواوێنەی کچەکەی هاتەوە یاد، کە بێهوودە هەوڵی دەدا جامی پەنجەرەی فارگۆنی پلەدووە غوباراوییەکە بهێنێتە خوارەوە بۆ ئەوەی گوێی لە دواڕاسپاردەکانی فێرناندا بێ. جلوبەرگێکی سووری لە ئاورێشم دروستکراوی لەبەردا بوو، دەستەگوڵێکی دەستکردی بچووکی لە شانی چەپی گیر کردبوو، پێلاوە چەرمە قورتووبەبییە بێپاژنەکەی لەپێدا بوو، گۆرەویی ئەتلەسی لەپێدا بوو، کە بە دەزووی لاستیکی لە پووزوانەی گیر ببوو. لەشێکی قنجی هەبوو، قژێکی درێژی پەرشوبڵاو، چاوی زیتەڵە، بە هێی ئورسولا دەچوون لە کاتی لاویدا، بە جۆرێکیش ماڵئاوایی کرد، نە گریانی پێوە دیار بوو، نە دەمبەبزەش بوو، گوزارشتی لە کارەکتەرە بەهێزەکەی ئامارانتا ئورسولا دەکرد. ئاورێلیانۆی دووەم بەتەنیشت فارگۆنەکەوە ڕێی دەکرد، تا دەهات، شەمەندەفەرەکە خێراتر دەکەوتە ڕێ و بازووی فێرناندای گرتبوو بۆ ئەوەی ساتمە نەکات، هەر هەندەی پێ کرا بە دەست وەلامی ماڵئاواییەکەی بداتەوە، کە لەنێو دوو پەنجەدا ماچێکی بۆ ڕەوانە کرد. ژن و مێردەکە، نەبزێو، لەژێر قرچەی هەتاوەکە، پێکەوە سەیری شەمەندەفەرەکەیان دەکرد، کە چۆن تێکەڵی ئاسۆی دوور دەبێ و ئەمە یەکەمین جار بوو، دوای زەماوەند، دەست و بازووی یەکتر بەو جۆرە بگرن.

نۆی مانگی ئاب بوو، پێش ئەوەی نامەی یەکەمی کچەکەیان لە برۆکسیلەوە بگاتە دەست، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم لە ژوورەکەی مێلکییادێس لەگەڵ ئاورێلیانۆی دووەم قسە و باسوخواسیان دەکرد، خۆسێ ئەرکادیۆی دووەم گوتی، "ئەمەت لەیاد بێ، لە سێ هەزار کەس زیاتر دەبوون، کە فڕێیان دانە دەریاوە."

جارێکی دیکە نووشتایەوە سەر نووسراوەکانی مێلکییادێس و ڕۆحی دەر چوو، چاوەکانی بەکراوەیی مانەوە. لە هەمان کاتدا، لە سەر جێگەکەی فێرناندا، برا جمکانەکەی لەدەست ئازارە کوشندە درێژخایەنەکانی نوقرچی قرژاڵەکەی قورگی ڕزگاری بوو و بەیەکجاری چاوی لێک نا. هەفتەیەک دەبوو، دەنگنووساو، بێتاقەت و داهێزراو دیار بوو، تەنها پێستی بە ئێسقانەکانیەوە مابووەوە، بە خۆی و جانتای سەفەرە بێکۆتاییەکانی و ئەکوردیۆنەکەیەوە گەڕابووەوە ماڵ، وەکوو پێشتر بەڵێنی دابوو، دەبێ لەتەنیشت هاوسەرەکەیەوە ڕۆحی دەر بچێ. پێترا کۆتێس یارمەتیی دا بۆ ئەوەی شتومەکەکانی کۆ بکاتەوە، بەبێ ئەوە یەک دڵۆپ فرمێسک لە چاوانی بێتە خوارەوە، ماڵئاوایی لێ کرد، بەڵام لەبیری چوو پێڵاوە بریقەدارەکانی بداتێ، چونکە ئاورێلیانۆی دووەم گوتبووی، لەگەڵ خۆی دەیباتە گۆڕەوە. هەر کە هەواڵی مردنی ئەوی بیست، جلوبەرگی ڕەشی پۆشی و چەکمەکانی لەناو کاغەزێکی ڕۆژنامەدا پێچایەوە و داوای مۆڵەتی لە فێرناندا کرد، تاکوو چاوی بە تەرمەکە بکەوێ. تەنانەت فێرناندا ڕێگەی پێ نەدا یەک هەنگاویش بێتە پێشەوە.

پێترا کۆتێس تکای لێ کرد و پێی گوت، "خۆت لە جیاتی

من دابنێ. بیر بکەرەوە چەندێ دەبێ خۆشم ویستبێ تاکوو ئەو هەموو سووکایەتییانە قبوڵ بکەم."

فێرناندا وەڵامی دایەوە و گوتی، "دەسگیرانبازی شایانی هەموو سووکایەتییەکە. چاوەڕێ بکە تا یەکێکی دیکەش لە دۆستەکانت دەمرێ، تا ئەو چەکمانەی لەپێ هەڵکێشی."

سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد ئەو بەڵێنەی جێبەجێ کرد، بە چەقۆی مەتبەخەکە سەری خۆسێ ئەرکادیۆی دووەمی لێکردەوە، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا ببێ کە بەزیندوویی نایننێژن. هەردوو تەرمەکە کرانە دوو تابووتی هاوشێوەوە، ئینجا بۆ هەموو لایەک ئەوە ئاشکرا بوو، کە لەناو مەرگدا، وەک پێش سەردەمی هەرزەکارییان، ئەم دووانە وەکوو یەکیان لێ هاتەوە. هاوڕێی ئاهەنگ و ڕابواردنەکانی ئاورێلیانۆی دووەم، لەگەڵ خۆیان تاجەگوڵینەکەیان هێنابوو و بە ئۆیەی وەنەوەشەیی ڕازاندبوویانەوە، لەسەریان نووسیبوو، "لا بچن لەپێشم، هەی حەیوانینە. ڕێگەم بکەن! ژیان کورتە!" فێرناندا لەم بێڕێزییە هەند تووڕە بوو، تاجەگوڵینەکەی فڕێ دایە تەنەکەی زبڵەکەوە. لەنێو ژاوەژاوی دواساتەکاندا، ئەو سەرمەستە نەگبەتانەی خەریک بوون تابووتەکانیان لە ماڵ دەر دەهێنا، لێیان تێک چوو و تابووتی ئەمیان خستە گۆڕی ئەوی ترەوە.

# ١٨

ئاوریلیانـۆ بـۆ ماوەیەکـی زۆر لـە ژوورەکـەی میلکییادیـس نەهاتـە دەرەوە. هەمـوو حەکایەتـە سـەرسـوورهێنەرەکانی کتێبە پەرپووتـەکان ئەزبـەر کـرد، پوختـەی نامەکانـی ئێرمانـە گـۆج، سـەرنج لەبارەی زانسـتی شـەیتانناسـییەوە، کۆد لەمـەڕ بـەردی فەلسـەفییەوە، کتێبـی مێـژووی نۆسـترادموس و توێژینـەوەی لەمـەڕ ڕشـانەوەی ڕەشـەوە، گشـت ئەمانـەی خوێنـدەوە، بـە ڕادەیـەک، کاتـێ گەیشـتە قۆناغـی باڵغبـوون، ئـاگای لـە هیـچ شـتێکی سـەردەمەکەی خـۆی نەبـوو، بـەڵام ببـوو بـە خـاوەن کولتوورێکـی بنەڕەتیـی کەسـێک، کـە لـە چاخەکانـی ناوەنـد ژیابـێ. هـەرچ کاتێـک سـانتا سـۆفیا دێ لا پیـەداد بچووبایـە ژوورەکەیـەوە، دەیبینـی هەمیشـە نغـرۆی خوێندنەوەیـە. بەیانییانـی زۆر زوو، تاسـە قاوەیەکـی بەبـێ شـەکر و نیوەڕوانیـش، قاپـێ برنـج و قاشـە مـۆزی سـوورەوەکراوی بـۆ دەبـرد، لـەدوای مەرگـی ئاوریلیانـۆی دووەم بـەدواوە، هـەر ئـەم خۆراکـە لێدەنـرا. چـاوی لێـی بـوو؛ کاتێـک قـژی درێـژ بووایـە، بـۆی دەبـڕی، ڕشـکەکانی قـژی خاوێـن دەکـردەوە، هـەر جلوبەرگێکیشـی کۆنـی لەنـاو جانتـاکان دۆزیبایـەوە، بـۆی

دەبرد، کاتێکیش سمێڵێکی گوڕکرەی پەیدا کرد، گوێزانێکی بۆ پەیدا کرد، هەمان جامی ڕیشتاشینی بۆ برد، کە کاتی خۆی سەرهەنگ ئاورێلیانۆ بوێندیا بۆ ڕیشتاشین کەفاوی تیا دەگرتەوە. هیچ منداڵێکی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ وەکوو ئەمیان بە ئەو نەدەچوو؛ تەنانەت ئاورێلیانۆ خۆسێ خۆشی؛ بەتایبەتی کوڵمە زەقەکانی، سیما جیدییەکەی، تەنانەت خاوەن لچولێوێکی بێبەزەییش بوو. ئەو دەمەی ئاورێلیانۆی دووەم لە ژوورەکەی خەریکی سەعی بوو، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد وای دەزانی ئاورێلیانۆ لەبەر خۆیەوە قسە دەکات. ئەمە لەگەڵ ئورسولا و ئاورێلیانۆی دووەمیش ڕووی دا، کاتێک منداڵ بوو، ڕاستییەکەشی لەگەڵ مێلکیادێس قسەی دەکرد. لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا، هەر چەند ڕۆژێک بەسەر مردنی دوو برا جمکانەکەدا تێپەڕیبوو، پیرەمێردە غەمگینەکەی لەبەر تیشکی پەنجەرەکەدا بینی، شەپقە باڵ قەلەڕەشکەی لەسەر نابوو، وەک بڵێی ئەم یادەوەرییە، بەر لە لەدایکبوونی لەناو مێشکیدا بەرجەستە بووبێ. ئاورێلیانۆ لە پۆلێنکردنی ئەلفبێی نووسراوە کۆنەکانی مێلکیادێس ببووەوە. بۆیە کاتێک مێلکیادێس لێی پرسی بە چ زمانێک ئەو نووسراوە داڕێژراون، بەبێ هیچ سێ و دووەیەک گوتی، "بە زمانی سانسکریتی."

مێلکیادێس پێی گوت، زۆر بەکەمی نەبێ، ناتوانێ بگەڕێتەوە ئەو ژوورە. بەڵام بە هزرێکی ئاسوودەوە بەرەو مێرگە فراوانەکانی مەرگی هەتاهەتایی هەنگاو دەنێ، ئاورێلیانۆ ئەو چەند ساڵەی بە هەل قۆزتەوە، تا تەمەنی نووسراوەکان دەبنە سەد ساڵ، تا خۆی فێری زمانی سانسکریتی دەکات تا

ئەو نووسراوانە ڕاڤە بکات و لێکیان بداتەوە. میلکیادێسیش بە ئاورێلیانۆیای گوتبوو، لەو کۆڵانە بنبەستەی دەچووە سەر ڕووبارەکە، لەو شوێنە فاڵی خوێندنەوەی ئایندەی تیا دەکرێت، هەر لەو شوێنەش، لە سەردەمی کارگەی مۆزەکەدا، خەونیشیان لێک دەدایەوە، لەوێ زانایەکی کەتەلان هەیە، کتێبخانەیەکی هەیە، لەناو کتێبخانەکەشی کتێبێک هەیە بۆ فێربوونی زمانی سانسکریتی، ناوونیشانەکەشی "سانسکریتیی بنەڕەتی"یە، ئەگەر بێت و تا شەش ساڵ ئەو کتێبەی دەست نەکەوێت، ئەوە مۆروانە لێی دەدا. ئاورێلیانۆ داوای لە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد کردتا ئەو کتێبەی پۆ پەیدا بکا، پێی گوت کتێبەکە دەکەوێتە نێوان کتێبێک بە ناوی ئورشەلیمی ئازادکراو و کتێبێکی دیکە، کە شیعرەکانی میلتۆن لە خۆ دەگرێ، لەسەر ڕەفەی دووەم دانراوە، لە کۆتاییی دەستی ڕاستە. دوای ئەوەی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد گوێی لە ئاورێلیانۆ بوو، بۆ یەکەم جاری بوو لە هەموو ژیانیدا هەندە تووشی حەپەسان ببێ. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد نەخوێندەوار بوو، دەبوو هەموو وردەکارییەکان ئەزبەر بکات. لەو کاتەوەی سەربازەکان ماڵەکەیان پشکنی بوو، تەنها ئاورێلیانۆ و سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد شوێنی ماسییە بچکۆلەکانیان پێ دەزانی، دانەیەکی لەو حەڤدە ماسییە چکۆلە زێڕکەفتانە برد و فرۆشت، تا پارەی پێویست بۆ کڕینی کتێبەکە پەیدا بکات.

ئاورێلیانۆ لە فێربوونی زمانی سانسکریتی پێش دەکەوت و میلکیادێسیش ناوبەناو و کەمتریش لە جاران دەگەڕایەوە تاقیگەکە؛ لەنێو ڕووناکیی کوێرکەری نیوەڕواندا

ون دەبوو. دواجار ئاورێلیانۆ هەستی کردبوو کە بینیویەتی، دەرکەوتنێکی نادیار بوو، بەچرپە گوتبووی، "بە نەخۆشیی تا، لە کەناراوەکانی سەنگاپووردا گیانم سپارد." ئیدی تەپوتۆز و غوبار و گەرما و پەپوولەی جلخۆرە و مێروولەی سوور و مۆروانە، بەئاسانی خۆیان دەکرد بە ژوورەکەدا و هەندەی نەمابوو هەموو کتێب و دەستنووسەکان بکەنە چنگێ خۆڵ.

لە ماڵەوە خۆراک نوقسان نەبوو. ڕۆژێک دوای مەرگی ئاورێلیانۆی دووەم، یەکێک لەو هاوڕێیانەی تاجەگوڵینەکەی هێنابوو و نووسراوە بێئەدەبەکانی لەسەر نووسیبوو، کاتی خۆی بڕێ پارەی لە مێردەکەی قەرز کردبوو، قەرزەکەی هێنابووەوە بۆ فێرناندا. لەو ڕۆژە بەداوە، هەموو چوارشەممەیەک، یەکێک بە سەبەتەیەکی پڕ لە خۆراک و ئازووخەوە دەچووە ماڵیان، زۆر بەئاسانی بەشی هەفتەیەکیانی دەکرد. کەس نەیدەزانی پێترا کۆتێس ئەو کەسەی دەنارد: بۆ ئەو چاکەکردن دەرهەق بەو کەسانەی سووکایەتییان پێ کردووە، جۆرە سووکایەتیپێکردنێک بوو. کەچی کینەکانی دڵی زۆر لەوە زووتر توانەوە، کە خودی خۆی چاوەڕێی دەکرد؛ هەرچەندە سەرەتا وەکوو غرووریک بەردەوام بوو لە ناردنی ئازووخەکە، دواتریش بوو بە بەزەییپێهاتنەوە. کاتێک حەوسەڵەی نەدەما و بلیتە بچووکەکانی یانسیبی پێ نەدەفرۆشرا، چونکە خەڵکەکەیش هەندە ئارەزوویان لە کڕینی یانسیبەکە نەمابوو، چەند جارێک خۆی بەبێ خۆراک ڕۆژگاری بەسەر دەبرد، کەچی تا ئەو ڕۆژەی چاوی بەخاکسپاردنی فێرناندا نەکەوت، بەردەوام سەبەتە خۆراکە و ئازووخەی بۆ دەناردن.

دوای نیوسەدە کارکردن، کەمبوونەوەی ئەندامانی خێزانەکە بۆ سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد، جۆرە پشوو و حەسانەوەیەک بوو. هەرگیز کەس گوێی لە سکالا و گلەییی ئەو ژنە بەچاوورِووە نەبوو، ژنێک خۆگر؛ تۆوی ڕێمێدیۆسە جوانکیلە فریشتەئاسا و ڕێزی ئەفسووناویی خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیای ترنجاندبووە نێو جەستەی بنەماڵەکە؛ تەنیا و بێدەنگ، هەموو ژیانی بۆ بەخێوکردنی چەند منداڵێک تەرخان کردبوو، بیری لەوەش نەدەکردەوە کامیان منداڵی ئەون یا کامیان لە نەوەکانی ئەون، بەبێ هیچ جیاوازییەک، بەبێ ئەوەی بزانێ داپیرە گەورەی ئەوە، خۆی بە بەخێوکردنی ئاورێلیانۆوە خەریک کرد، وەک بڵێی یەکێک بێ لە جگەرگۆشەکانی خۆی. لەو ماڵە بترازێ، لە هیچ شوێنێکی تر، نەدەچووە ئەقڵەوە، ژنێک هەبێ، هەمیشە لە عەمبارەکە، لەنێو خشوهۆڕی جرجان، حەسیرێکی پووش رابخات و بخەوێ، بەبێ ئەوەی وێرابێتی باسی ئەو شەوە بکات، کە نیوەی شەو، لەنێو تاریکیی ئەنگوستەچاودا، ڕاچڵەکاوە، چونکە هەستی کردبوو یەکێک زەق زەق سەیری دەکات، تومەز مارێک بوو بە خشکە چووبووە ژوورەکەیەوە. ئەوەشی دەزانی، ئەگەر بێت و ئەم ڕووداوە بۆ ئورسولا بگێڕێتەوە، ئەوە دەیبردە لای خۆی و پێکەوە لەسەر یەک جێگە دەبوو بخەون، بەڵام ئەو سەردەمە، سەردەمێک بوو، ئەگەر لە دالانەکە، بە دەنگی بەرز نەتشیراندایە، کەس گوێی لێ نەدەگرتی، کەس ئاگای لە کەس نەبوو، لە لایەک لەبەر کاری زۆری مەتبەخەکە، لە لایەکی دیکەش بارودۆخی شەڕ و پێکدانەکان و پەروەردە و بەخێوکردنی زارۆلان، کەس بیری

لە بەختەوەریی کەس نەدەکردەوە. هەرچەندە پێترا کۆتێسی هەرگیز ئەوەی نەبینیبوو، کەچی تەنها هەر ئەویش بیری لێ دەکردەوە. تەنانەت لەو سەردەمەشدا، دەبوو موجیزە بخوڵقێنن تا بە فرۆشتنی یانسیبەکان دوو عانەیان دەست دەکەوێت، کەچی بیری دەکردەوە، ئایا سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد پێڵاوی وا شک دەبات تا ڕووی بێ بچێتە دەرەوە، ئایا جلوبەرگی ڕێکوپێکی هەیە، هەر بەتەنگییەوە بوو. کاتێکیش فێرناندا بەبووکی هاتە ئەو ماڵە، هەقی بوو وا تێبگات کە ئەو ژنە کارەکەرێکی ئەبەدی ئەو ماڵەیە، سەرەڕای ئەوەی چەندین جاریش گوێی لێ بوو، پێی گوتبوو دایکی مێردەکەیەتی، ئەمەی هەند لەلا سەیر بوو، چونکە پێویستی بە کاتی کەمتر هەبوو تا ئەم ڕاستییە فەرامۆش بکا، وەک لە لای خۆی بیهێڵێتەوە. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد هەرگیز لەو هەلومەرجە نزمە سەغڵەت نەدەبوو. بە پێچەوانەوە، هەست دەکرا کەیفخۆش دێت و دەچێ، نە حەسانەوەی دەزانی، نە سکاڵاکردنێکی لە زار دەهاتە دەر، هەر لە هەرزەکارییەوە لەو ماڵە ژیابوو، ئەو ماڵە گەورەوگرانەی بەپاکوخاوێنی ڕاگرتبوو، بەتایبەت لە سەردەمی کارگەی مۆزەکە بەملاوە، زیاتر بە ئۆردوگەیەکی دەکرد، وەک لە ماڵێکی ئاسایی. کەچی دوای مردنی ئورسولا، کەفوکوڵە مۆرڤانەکەی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد و ئەو توانا لەڕادەبەدەرەی بۆ کارکردن هەیبوو، دابووی لە کزی. نەک تەنیا لەبەر ئەوەی پیربوون کەنەفتی کردبوو، بەڵکوو لەپڕێکدا هەموو ئەندامانی خێزانەکە تووشی جۆرە کەنەفتی و خڵەفانێک ببوون. کەڕوویەکی نەرم و تەنک بە دیوارەکاندا هەڵدەگڕا. بستێکی ڕووت

لەناو حەوشەوبانەکە نەمابوو، گیای سەگانە، چەمەنتۆی هەیوانەکەیان هەڵدەتەکاند، وەکوو شووشە درزی دەبرد، لە شەقەکانیشەوە گوڵێکی زەردی وردیلانە دەڕوان، کە سەد ساڵ لەوەوبەر، ئورسولا لەناو ئەو پەرداخەی میلکییادێس تاخمی ددانەکانی تیا هەڵدەگرت، بینیبووی. نە کاتیان هەبوو، نە کەرەسەی گونجاویان شک دەبرد تا ڕێگە لە هورووژم و هەژموونی سروشت بگرن، سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بەو ڕۆژگارە خەریکی ڕاونانی مارمێلکە بوو، شەوی پێشتر هەموو ژوورەکانیان تەنیبوو. بەیانییەکیان چاوی بە مێروولە سوورەکان کەوت، تەمەڵ و بناغەی خانووەکیان جێ هیشتبوو، گەیشتبوونە ناو باخچەی گوڵزارەکان و بەئەوێدا تێپەڕیبوون و بەسەر دیوارە نزمەکاندا سەر کەوتبوون و هاتبوونە ناو ماڵەکەوە. گوڵەبێگۆنیاکان ڕەنگی خۆڵیان وەر گرتبوو. سەرەتا ویستی بە گسک بیانکوژێ، دواتریش مێشکوژی بەکار هێنا، ئینجا قڵسی پێدا کردن، کەچی بۆ ڕۆژی دوایی، وەکوو ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، لە هەمان شوێن پەیدا دەبوونەوە؛ ڕێرەوەی خۆیان وەر دەگرتەوە، خۆڕاگرتر و چاوقاییمتریش بوون. فێرنانداش نامە لەدوای نامەی بۆ منداڵەکانی دەنووسی، ئاگای لەو شالاوە وێرانکەرە نەبوو. سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بەتەنیا بەر ببووە گیانی ئەو گیا سەگانەیە و دەیویست ڕێیان لێ بگرێ تا مەتبەخەکەیان داگیر نەکردووە؛ لە قەد دیوارەکان تەونی جاڵجاڵۆکەکانی لێدەکردەوە، لە ماوەی چەند سەعاتێکدا پەیدا دەبوون و ئینجا شارە مۆروانەکانی دەکڕاند. بەڵام کاتێک چاوی بە ژوورەکەی میلکییادێس کەوت، تەنانەت ڕۆژی سێ جاریش

پاکی دەکردەوە و گسکی دەدا، کەچی سەرلەنوێ پڕ بووەوە لە غوبار و تەونی جاڵجاڵۆکە. سەرباری ئەوەی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد خووی بە پاککردنەوەوە گرتبوو، کەچی هەستی کرد ماڵەکە بەرەو ویرانبوون دەچێ و سیمایەکی بەدبەختانەی وای وەر گرتووە، کە تەنیا ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ و ئەفسەرە لاوەکەی کە هاتبوو بۆ پشکنین، پێشبینییان کردبوو، ئیدی لەوە تێگەیشت، کە لە کۆششەکەیدا شکستی هێناوە. ئەوجا جلوبەرگە کۆنەکانی ڕۆژانی یەکشەممەی هەڵکێشایە بەری، جووتێ پێڵاوی کۆن، کە هی ئورسولا بوون، کردنییە پێ و گۆرەوییەکی کەتانیشی هەڵکێشایە پێی، کاتی خۆی ئامارنتا ئورسولا بەدیاری پێشکەشی کردبوو، بوخچەیەکی بچووکی هەلگرت، بۆ خۆگۆڕینیش، هەندێ بوزگوڕی دیکەی تێ ئاخنی و بە ئاورێلیانۆی گوت، "خۆم دەدەم بەدەستەوە. ئەم ماڵە کاروباری یەکجار زۆرە بۆ ئەو چنگە ئێسقانەی بە لەشمەوە ماون."

ئاورێلیانۆ لێی پرسی بۆ کوێ دەچی، ئەویش ئاماژەیەکی بۆ شوێنێکی نادیار کرد، دەتگوت هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەی ئەو سەفەرەیەوە لەلا نییە. بەڵام بۆ ئەوەی وردتر قسە بکات، باسی ئەوەی کرد، کە دەیەوێ دواساڵەکانی ژیانی لە ماڵی کچە مامێکی بەسەر بەرێت، کە لە ڕیۆئاچا دەژێ. ئەم ڕوونکردنەوەیە نەدەچووە ئەقڵەوە. دوابەدوای مردنی دایک و باوکی، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ خەڵکی ئەو ئاواییە نەمابوو، نە نامەیەکی بۆ هات، نە پەیامێ، هەرگیزیش ڕۆژێک کەس گوێی لێ نەبوو باسی خزم و کەسوکارەکانی بکات. سەرباری ئەوەی ئامادە بوو بەو

شتومەکە پەڕپووتانەوە سەری خۆی هەڵبگرێ، هەموو موڵکوماڵەکەی باییی پێسۆیەک و بیستوپێنج سانتیم دەبوو و نەدەبوو. ئاورێلیانۆ چوارده ماسیی چکۆلانەی زێرکەفتی پێ بەخشی. هەر لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە بینیی چۆن بەناو حەوشەکەدا بە خۆی و بوخچەکەیەوە تێدەپەڕێ، پێی لەسەر زەوییەکە دەخشا، تەمەن کووڕی کردبووەوە، ئەوەشی بینی، کە چۆن دەستێک دەکاتە کونی دەروازەکە بۆ ئەوەی سوورگی دەرگاکە لەدوای خۆی دابخات. کەس هیچی لەبارەیەوە نەزانی.

کاتێک فێرناندا بەم هەڵاتنەی زانی، لەسەر هەق بووبێ یا نا، ڕۆژێکی بۆ ئەوە تەرخان کرد، یەک لەدوای یەک، هەرچی جانتا و دۆلاب و کانتۆر هەیە پشکنی، بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا ببێ کە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد هیچ شتێکی لەگەڵ خۆی نەبردووە. کاتێکیش بۆ یەکەمین جار ویستی فڕنەکە دابگیرسێنێ، دەستی چزایە قەدیەوە، تکای لە ئاورێلیانۆ کرد، تا فێری قاوە دروستکردنی بکات. بە تێپەڕینی کات، ئاورێلیانۆ کاروباری مەتبەخەکەی گرتە دەست. کاتێک فێرناندا لە خەو هەڵدەستا، قاوەڵتیی ئامادە بوو، لە ژوورەکەی دەچووە دەرەوە، تەنها بۆ ئەوەی بچێ قاپە خۆراکەکە هەڵبگرێ، کە ئاورێلیانۆ لە سووچێکی ئاگرەکە بۆی دادەنا، تا سارد نەبێتەوە، فێرناندا‌ش هەڵی دەگرت و دەیبردە سەر مێزەکە بۆ ئەوەی لەسەر سفرە کەتانەکە و شەمدانەکان، بەتەنیا لەنێوان پانزە کورسیی بەتاڵدا نان بخوا. تەنانەت لەو هەلومەرجەشدا، کاتێک ئاورێلیانۆ و فێرناندا لەو ماڵەدا دەژیان، هەرکەسە سەرقاڵی ژیانی خۆی

بوو، هەرکەسە ژووری خۆی خاوێن دەکردەوە، لە هەمان کاتیشدا، تەونی جاڵجاڵۆکە گوڵەباغەکانی دادەپۆشی، دەوری کۆڵەگەکانی دەدا، دیوارەکانی داگیر دەکرد. لەو سەردەمەدا بوو فێرناندا هەستی دەکرد ماڵەکە پڕی لە ئەجندەیە. وەک بڵێی، شتەکان، بەتایبەتی ئەو شتانەی بەکار دەهاتن، لەخۆڕا شوێنەکانی خۆیانیان دەگۆڕن. فێرناندا لە مقەسێک دەگەڕا، کونوکەلەبەرەکانی سەروبن دەکرد، کەچی لەوەش دڵنیا بوو، کە لەسەر جێگەکەی خۆی دای نابوو، دواتر لەسەر ڕەفەی مەتبەخەکە دەیدۆزییەوە، کەچی چوار ڕۆژیش دەبوو پێی نەخستبووە مەتبەخەکەوە. چەکمەجەی کەوچک و چەتاڵەکان دەگەڕا، کەچی تاقە چەتاڵێکیشی نەدەدۆزییەوە، کەچی شەش چەتاڵی لەسەر میحرابەکە دۆزییەوە، سێشی لە شوێنی قاپوقاچاغ شووشتن دەدۆزییەوە. ئەم جێگۆڕکێی شتانە هەندەی دیکە نائومێدی دەکرد، بەتایبەت کاتێک بیوستبایە نامە بنووسێ. مەرەکبەدانەکەی لەلای دەستی ڕاست دادەنا، کەچی لەلای چەپدا دەیدۆزییەوە، مۆرەکە گوم دەبوو، دوای دوو ڕۆژ لەژێر سەرینەکەیدا دەیدۆزییەوە، ئەم لاپەڕانەی بۆ خۆسێ ئەرکادیۆی نووسیبوو، لەگەڵ ئەو لاپەڕانە تێکەڵ دەبوون، کە بۆ ئامارانتا ئورسولا نووسیبوونی؛ هەندێ جاریش، کاتێک ئەوەی دەزانی کە کاغەزی ئەمیانی خستۆتە زەرفی ئەوی ترەوە، حەوسەڵەی نەدەما، کەچی ئەمەش زۆر جار ڕوو دەدا. ڕۆژێکیان پەڕەمووچەکەی ون کرد. دوای دوو هەفتە، پۆستەچییەک بۆی هێنایەوە، لەناو جانتا چەرمەکەیدا دۆزیبوویەوە و دەرگابەدەرگا دەگەڕا تا خاوەنەکەی بدۆزێتەوە. سەرەتا هەستی کرد وەک ونبوونی ئامێری

ژنانەکە، ئەمە بەزمی پزیشکە نادیارەکانە، تا ئەو ڕادەیەی ویستی لەو بارەیەوە نامەیان بۆ بنووسێ و تکایان لێ بکات وازی لێ بێنن، کەچی چووە دەرەوە بۆ جێبەجێکردنی چەند کارێک و دەستی لە نووسینەکە هەڵدەگرت، کاتێکیش گەڕایەوە ژوورەکەی، نەک تەنها ئەو لاپەڕەیەی نەدۆزییەوە کە نامەکەی تیا نووسیبوو، تەنانەت نەیدازنی بۆ کێ و بۆچی دەبوو نامە بنووسێ. بۆ ماوەیەک هەستی کرد ئەمە ڕەنگە ئیشی ئاورێلیانۆ بێ. دەستی کرد بە چاودێریکردنی، چەند شتێکی لەسەر ڕێگەکەی دادەنا تا ئاورێلیانۆ لە قافا بگرێ، کەچی خێرا لەوە دڵینا بوو، کە ئاورێلیانۆ لە ژوورەکەی مێلکیادێس نەچۆتە دەرەوە، تەنیا بۆ ئەوە نەبێ سەرێک لە مەتبخەکە بدات یا سەرێک لە ئاودەستەکە، تاقەتی ئەوەی نەبوو خۆی بەم گاڵتەوگەپانەوە خەریک بکات. بۆیە گەیشتە ئەو باوەڕەی ئەم کارانە کاری ئەجنەدەن، بڕیاری دا هەرشتێک لەو شوێنە ببەستێتەوە، کە دەبوو لێی بێ. بە بەنێکی درێژ مقەسەکەی بە مێزی تەنیشت قەرەوێلەکەیەوە و پەڕەمووچ و مۆرەکەشی بە قاچەکەیەوە بەستەوە. لەبەر ئەوەی ڕاهاتبوو لای دەستی ڕاست بنووسێ، مەرەکەبدانەکەشی بە چرێش لەسەر لای ڕاستی مێزەکە چەسپ کرد. گرفتەکان هەر بە ڕۆژێک و دووان چارەسەر نەدەکران، چونکە دوای چەند سەعاتێک دوورمانکردن، تێبینیی کرد مقەسەکە نەدەگەیشت، تا قوماشەکەی پێ ببڕێ، دەتگوت ئەجندەکان ناهێڵن قوماشەکان کورت بکاتەوە. هەمان شت لەگەڵ ئەو بەنە ڕووی دا، کە بە پەڕەمووچەکەوە بوو، دوای ئەوەی چەند ساتێک شتی نووسی، بۆ ئەوەی پەڕەمووچەکەی هەڵکێشێتە

ناو مەرەکەبدانەکە، کەچی بەنەکە کورت ببووەوە. نە ئامارانتا ئورسولا لە بروکسێلەوە، نە خۆسێ ئەرکادیۆ لە ڕۆماوە، هیچیان لەمەڕ ئەم بەسەرهاتە بێ مانەیەوەنەدەزانی. فێرناندا لە نامەکاندا پێی دەگوتن بەختەوەرە، لە ڕاستیشدا وا بوو، چونکە لە کۆڵی هەموو ئەرکێک ببووەوە، وەک بڵێی جارێکی دیکە، فەزای ماڵی دایکوباوکی دۆزیبێتەوە؛ کەس نەبوو خەم لە ژیانی ڕۆژانە بخوات، کاتێکیش گرفتێک سەری هەڵبدایە، تەنها هەر بە بیرکرنەوە چارەسەری بۆ دەدۆزرایەوە. ئەم نامەنووسینە بێکۆتاییانە وای لە فێرناندا دەکرد، ئاگای لە چەمکی کات نەمێنێ، بەتایبەت لەو کاتەوەی چیی دی سانتا سۆفیا دێ لا پیەدادیش لەوێ نەدەژیا. فێرناندا بەوە ڕاهاتبوو، کە ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان بە گەڕانەوەی منداڵەکانی بژمێرێ و بیانکاتە پنتی دەسپێک بۆ ئەو ژماردنانە. کاتێکیش ئەوان، ناوبەناو، کاتی گەڕانەوەیان دەگۆڕی، ئیدی فێرناندا چەمکی کاتەکانی تێک دەئاڵقاند و کۆتاییەکان هەڵدەبزرکان و ڕۆژەکانیش زۆر پێکیان دەکرد؛ هەستی نەدەکرد کات تێدەپەڕێ. لەجیاتی ئەوەی ئەمەش نیگەرانی بکا، لە ناخیدا هەستی بە لەززەت دەکرد. چەند ساڵی دیکە، کوڕەکەی بۆی نووسیبوو تەنها چەند ڕۆژێکی ماوە بۆ ئەوەی سوێندخواردنی بوون بە کەشیش بخوات، نیگەران نەبوو لەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ بەردوام بوو لەسەر ئەو ئیدیعایەی دوای تەواوکردنی خوێندنی باڵای تیۆلۆژی، دەست بە خوێندنی دیبلۆماسی دەکات، چونکە فێرناندا وا تێگەیشتبوو، کە ئەو پەیژە پێچاوپێچەی دەبوو بیگەیەنێتە سەر کورسیی پاپا، زۆر بەرزە و تەگەرەی زۆریشی لەپێشە.

بە پێچەوانەوە، کاتێک هەواڵێکی پێ دەگەیشت، ڕەنگە بۆ خەڵکی تر بێبایەخ بووایە، نموونەی: لە خۆشیی ئەوەی کوڕەکەی چاوی بە پاپا کەوتووە، شاگەشکە دەبوو. تووشی هەمان شاگەشکە دەبوو، کاتێک ئامارانتا ئورسولا پێی ڕاگەیاندبوو کە چەندین ئیمتیازیان بۆ نمرە نایابەکانی پێ بەخشیوە و دەبێ درێژە بە خوێندنەکەی بدات و پێویستیی بە کاتی زیاترە لەو ماوەیەی باوکی حیسابی بۆ کردبوو.

کاتێک ئاورێلیانۆ یەکەم لاپەڕەی نووسراوەکانی میلکیادیسی وەر گێڕا، سێ ساڵ بەسەر ئەوەدا تێپەڕیبوو، کە سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد کتێبی ڕێزمانەکەی بۆ هێنابوو. ئەمە کارێکی بێکەڵک نەبوو، بەڵام هێشتا بە تەواوی هەنگاوی یەکەمی ڕێگەی سەفەرێکی نیشان نەدەدا، کەسێکیش نەبوو بزانێ ئەم سەفەرە چەندێ دەخایەنێ، چونکە دەقە ئیسپانییەکە هیچ واتایەکی نەبوو: هۆنراوەی کۆددار بوون. ئاورێلیانۆ پێویستی بە ڕەگەزگەلێکی دیکە هەبوو تا شفرەکانی بدۆزێتەوە، تا پەی بەو نهێنییانە بەرێت، بەڵام میلکیادیس پێی گوتبوو لەلای پیرەمێردە زانا کەتەلانە کتێبفرۆشەکە، کتێبگەلێکی تر هەن کە پێویستییان پێی دەبێ، تا لە واتا قووڵەکانی ئەو دەستنووسە تێبگات، بۆیە بڕیاری دا لەو بارەیەوە، لەگەڵ فێرناندا قسە بکات، مۆڵەتی بداتێ تا بچێت بەدوای ئەو کتێبانەدا بگەڕێ. ئاورێلیانۆلەنێو شەپڕێوی و ژووورە وێرانەکەیدا، وێرانەیەک بوو کەس نەیدەتوانی ڕای بگرێ، بیری دەکردەوە چۆن بە شێوەیەکی ڕێک پرسیاری چوونەدەرەوەکەی ئاڕاستەی فێرناندا بکات، هەموو دۆخەکانی دەهێنایە پێش چاو، لە هەلێکی گونجاو دەگەڕا،

تەنها ئەو کاتانە دەیتوانی فێرناندا ببینێ، کاتێک دەچوو قاپی خۆراکەکەی لەلێواری ئاگردانەکە هەڵدەگرت، تەنیا هەر ئەو کاتە، لەو کاتەدا و بەس، دەیتوانی قسەی لەگەڵ بکات، زمانی تەتەڵەی دەکرد و ئەو ڕستانەی کە زۆر بە جوانی و وردی لە مێشکیدا گەلاڵەی کردبوون، نەدەهاتە سەر زمانی و زمانی دەگیرا. ئەمە یەکەمین جار بوو سیخوڕیی بەسەرەوە بکا. چاودێریی هاتوچۆکانی دەکرد. کاتێک فێرناندا دەچوو بۆ بەردەرگاکە تا بزانی نامەی لە کوڕ و کچەکانیەوە بۆ هاتووە، یا نامەکانی خۆی دەدایە دەست پۆستەچییەکە، دەچوو گوێی لێ دەگرت. تاکوو شەوانی درەنگیش، پێش ئەوەی گوێی لە خرچەی سویچەکە و چرپەچرپی نوێژ و دووعاکانی ناو تاریکی ببێ، گوێی لە سیرەی وشک و سۆزداری پەڕەمووچەکەی دەگرت چۆن بەسەر کاغەزەکاندا دەیهێنا. ئینجا دەخەوت، بە هیوای ئەوەی ڕۆژی دوایی ئەو دەرفەتەی بۆ بڕەخسێ. زۆریش بەو خەیاڵەوە دڵی خۆی خۆش دەکرد، کە فێرناندا داواکەی ڕەت ناکاتەوە. بەیانییەکیان لە خەو هەڵسا، قژە وریشە چرەکەی تاشی، قژی دەکەوتە سەر شانەکانی، پانتۆڵە تەسکەکانی هەڵکێشایە پێی، کراسە یەخە بەرزەکەشی لەبەر کرد، نەشیدەزانی میراتیی کێیە و بۆ ئەو ماوەتەوە. لە مەتبەغەکە چاوەڕێ بوو تا فێرناندا بۆ قاوەڵتیکردن بهێتە ئەوێ. هەمان ژنەکەی جاران نەبوو، لووت لە هەوا و هەیبەتی پەیکەری هەبێ، بەڵکوو پیرەژنێکی تا بڵێی جوان بوو، شاڵێکی فەرووی قاقمی زەردی دابوو بەسەر شانیدا، تاجێکی زێڕینی کاغەزیشی لەسەر نابوو، سیمایەکی پەژموردەشی هەبوو، بە هیی یەکێکی دەکرد،

بەدزییەوە زۆر گریابێ. لە ڕاستیدا، لەو دەمەوەی کە فێرناندا ئەو فەرووەی لەناو جانتاکانی ئاوریلیانۆی دووەم دۆزیبووەوە، ئەو جلوبەرگانەی دەکردە بەر، کە لێوالێویان یادەوەری بوون. هەرکێیەک لە بەردەم ئاوێنەدا بیبینیایە، چۆن بەرامبەر بە هەڵسوکەوتی شاهانە حەیران دەبێ، یەک دەنک گومانی لە شێتبوونی نەدەکرد. کەچی ئەو شێت نەبووبوو، بەڵکوو بەکورتی، ڕەمزە دەرەکییەکانی شاهانەی کردبوو بە کەرەستەی یادەوەرییەکانی خۆی. یەکەم جار ئەو جلانەی لەبەر کرد، نەیتوانی هەست بەغەمگینیی خۆی نەکات و فرمێسکیش هۆن هۆن بە چاوانیدا نەیەتە خوارەوە، چونکە بۆنی بۆیاغی چەکمەی سەربازەکان لووتی دەچووزاندەوە، ئەو سەربازانەی چووبوون بیکەن بە شاژن، ڕۆحی لەدەوری یادەوەریی خەونە لەکیسچووەکاندا خۆی گرمۆڵە دەدا. هەستی دەکرد هەند پیر بووە، هەند لە کۆتاییی ژیان نزیک بۆتەوە، هەند لە ساتە هەرە خۆشەکانی ژیان دوور کەوتۆتەوە، تەنانەت ئیرەیی بە یادەوەرییە هەرە ناخۆشەکانی خۆشی دەبرد، تەنها ئەو دەمە درکیی بەوە دەکرد، تا چ ئەندازەیەک غەریبی بۆنی پونگە کێوییەکانی ژێر هەیوانەکە و عەتری گوڵەباغەکانی دەمەوئێواران و تەنانەت سروشت و تەبعی ئەو بیانییە کێوییانەشی دەکرد، کە دەچوونە ماڵەکەی. خۆڵەمێشە کەڵەکەبووەکانی ناو دڵی، بەرگەی تەپوتۆزی ئەو زەمانەی گرتبوو، بە یەکەم هەڵپەی نوستالیژی هەرەسی هێنا. بە تێپەڕینی کات، ئەو پێویستییەی هەست بە خەمۆکی بکات، دەبوو بە خراپە. تەنیایی هەندەی دیکە سیمای مرۆڤانەی پێ بەخشیبوو. بەڵام ئەو سەرلەبەیانییەی چووە

ناو مەتبەخەکە و هەرزەکاریێکی ڕەقەڵانە و ڕەنگپەڕیوی بینی، پزیسکێکی شێتی لەناو چاوەکانیەوە بریسکەی دەهات و لێی نزیک دەبێتەوە و تاسە قاوەیەکی دەداتێ، لەپڕێکدا فێرناندا هەستی بەوپەڕی پووچیی خۆی کرد. نەک تەنیا ڕێگەی پێ نەدا، بەڵکوو لەو ڕۆژە بەدواوە، کلیلی ماڵەکەی لەو گیرفانە نا، کە ئامێرە لاستیکە بەکارنەهاتووەکانی تیا شاردبووەوە. ئەمە خۆپارێزییەکی زۆر بێکەڵک بوو، چونکە ئەگەر ئاورێلیانۆ بیوستبا دەیتوانی بەبێ ئەوەی کەسیش هەستی پێ بکات، هەڵبێ و بگەڕێتەوە. بەڵام ئەم دەستبەسەرییە درێژخایەنە، هیچ نەزانینی سەبارەت بە ژیانی دەرەوە و ڕاهاتنی بە گوێڕایەڵی، هەموو تۆوێکی یاخیبوونی لە دڵدا پرووکابووەوە. بۆیە بەناچاری گەڕایەوە بۆ خەڵوەتەکەی و دەستی بە خوێندنەوە و دووبارەخوێندنەوەی نووسراوەکانی مێلکیادێس کرد، تا بەرەبەیانیش گوێی لە فێرناندا دەبوو چۆن لە ژوورەکەی دەینالاند و چۆن هەنسکی دەدا. بەیانییەکیان، وەک هەموو بەیانییەکی دیکە، چوو فڕنەکە دابگیرسێنێ، چاوی بەو قاپە خۆراکە کەوت، کە ڕۆژی پێشوو لەسەر خۆڵەمێشە دامرکاوەکە دای نابوو. چوو بۆ ئەوەی سەرێک بکات بە ژوورەکەیدا و بینیی لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە، شاڵە فەرووی قاقمەکەی داوە بەسەر خۆیدا، لە هەموو کاتێکیش جوانترە، پێستەکەی ببوو بە پوولەکەی عاج. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ، دوای چوار مانگ، گەڕایەوە، وەکوو خۆی، بەدەستلێنەدراوی ڕاکشابوو.

مەحاڵ بوو پیاوێک هەبێ هەندە بە دایکی بچێ. چاکەت و پانتۆڵێکی تافتای ڕەش و کراسێکی یەخەداری بازنەییی

ئەستووری لەبەر کردبوو، ئۆیەیەکی ئاوریشمیشی لەجیاتی بۆینباغ ئاڵاندبووە ملیەوە. ڕەنگپەڕیو و خوماراوی دیار بوو، نیگایەکی تیژ، لێوەکانی خاو بوون. قژڕەش، ساف و بریقەدار، کاڵ، شەقێکیش لە ناوەندەوە قژی کردبووە دوو بەشەوە، هەر بە قژە دەستکردەکانی پەیکەری قەدیسەکانی دەکرد. سێبەری ڕیشێکی بەجوانیتاشراویش لەسەر دەموچاوێکی کاڵ، هەر دەتگوت ڕەنگدانەوەی وێژدانیەتی، دیار بوو. دەستەکانی سپیلکە بوون، دەماری سەوزی لەسەر دەبینران، دەست و پەنجەی باریک، ئەڵقەیەکی زێڕی بێگەردیشی کردبووە پەنجەی دۆشاوەمژە، نقێمێکی خڕیشی لەسەر بوو. کاتێک ئاورێلیانۆ دەرگای حەوشەی لێ کردەوە، بە پێویستی نەزانی لە خۆی بپرسێ لەکوێوە دێ، درکی کرد لە دوورەوە هاتووە. کاتێک بەناو ماڵەکەدا تێپەڕی، هەموو سووچێک بۆنی ئەو گوڵاوەی وەر گرت، کاتی خۆی ئورسولا، بۆ ئەوەی بزانێ لەکوێیە، بەمنداڵی دەیپرژاندە سەری. بە جۆرێک لە جۆرەکان مەحاڵ بوو دوای غیابی ئەوەندە ساڵە خۆسێ ئەرکادیۆ هەر بەو منداڵە پاییزانەیە مابێتەوە، تا بڵێی غەمگین و گۆشەگیر بوو. یەکسەر بەرەو ژووری دایکی ڕۆیشت، ئەو ژوورەی ئاورێلیانۆ بۆ ماوەی چوار مانگ، بە دەزگای پاڵاوتنەکەی باپیرەگەورەی، پڕی لە هەڵمی جیوە کرد بۆ ئەوەی بەگوێرەی ڕێنماییەکانی مێلکیادێس، تەرمەکەی فێرناندا بپارێزێت. خۆسێ ئەرکادیۆ هیچ پرسیارێکی لێی نەکرد. ماچی تەوێڵی تەرمەکەی کرد، کراسەکەی هەڵدایەوە، گیرفانە بچووکە شاراوەکەی دەر کەوت، کە لەنێو پەڕپەڕەی کراسەکە شارابووەوە، سێ

ئامێری پلاستیکیی ژنانەی بەکارنەهاتوو و کلیلی دۆلابی جلوبەرگەکانی تیا بوو. زۆر بەوردیی و بەجەختەوە ئەم جوولانەی دەکرد، تەواو پێچەوانەی ڕەنگە پەڕیوەکەی بوو. سنوقێکی بچووکی شامیی لە دۆلابەکە دەر هێنا، کە هێمای بنەماڵەکەی لەسەر بوو، بە داری سەندڵ بۆندار کرابوو، نامەیەکی دووردرێژی دەر هێنا، فێرناندا دەردی دلی خۆی تیا ڕشتبوو و چەندین ڕاستیی تیا بوو، کە لەوی شاردبوونەوە. هەر بەپێوە خوێندیەوە، بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە، بەلام بەبێ کەفوکول، لە لاپەڕەی سێیەم ئێستێکی کرد و بە چاوێکی ترەوە سەرنجێکی ئاورێلیانۆی دا، دەتگوت یەکەم جارە دەیبینێ، بە دەنگێکی یەکلاییکەرەوە، هەر بە دەمەگوێزانی دەکرد و پێی گوت، "کە وا بێ، منداڵە حەرامزادەکە خۆتی."

"من ئاورێلیانۆ بوێندیام."

خۆسێ ئەرکادیۆ وەلامی دایەوە و گوتی، "بڕۆرەوە ژوورەکەت."

ئاورێلیانۆ ڕۆیشت، کاتێکیش گوێی لە دەنگۆی بردنی جەنازەکە بوو، هیچ فزوولییەتێکیشی پێوە دیار نەبوو، تاقە یەک کەسیش بەدوای جەنازەکەوە نەبوو. ناوبەناو، هەر لە مەتبەغەکەوە، ئاورێلیانۆ چاوی بە خۆسێ ئەرکادیۆ دەکەوت، بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، هەناسەبڕکێی بوو، وەک بلێی دەخنکێ، دوای نیوەی شەو گوێی بۆ هاموشۆیەکانی دەگرت، لە ژوورە وێرانەکە دەهات و دەچوو. دوای چەند مانگێ، بەبێ ئەوەی گوێی لە دەنگی ببێت، نەک تەنها لەبەر ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ قسەی لەگەڵ نەدەکرد،

بەڵکوو خۆشی هیچ ئارەزوویەکی نەبوو، هەموو شعور و هۆشێکی لەلای نووسراوەکانی میلکییادێس بوو. دوای مردنی فێرناندا، لەو دوو مانگەیە چکۆلانەی مابوونەوە، یەکێکیانی هەڵگرت و چوو بۆ ئەوەی ئەو کتێبە بکڕێ، کە لەلای زانا کتێبفرۆشە کەتەلانەکە دەست دەکەوت. هیچ شتێک لە ڕێگە سەرنجی ڕانەدەکێشا، ڕەنگە لەبەر ئەوەی بووبێت، کە هیچ یادەوەرییەکی نەبوو تاکوو شتەکان بەراورد بکات؛ جادەوبان چۆڵ و خانووەکان کاول ببوون، هەر ئەوهاش خەیاڵی کردبوو، ئەو دەمەی ئامادە بوو ڕۆحی خۆی فیدا بکات بۆ ئەوەی سەرێک بکات بەدەرەوەدا. فێرناندا داواکەی ڕەت کردەوە، بۆیە خۆی مۆڵەتی بە خۆی دا، ئەمەش تەنها هەر یەک جار ڕووی دا، بۆ یەک ئامانج و بۆ کەمترین کاتیش، بە پێش ئەو یانزە ڕیزە خانووەدا تێپەڕی، کە دەکەوتە نێوان ماڵی ئەو و ئەو کۆلانانەی کاتی خۆی خەویان تیا لێک دەدایەوە، بەهەناسەبڕکێوە خۆی کردە شوێنێکی تاریک و درێژەوە، زۆر بەزەحمەت شوێنی جووڵەیەکی تیا دەبووەوە. چووە شوێنێکەوە، پێدەچوو لە کتێبخانەیەک زیاتر بێ، تەنانەت بە زبڵدانی کتێبی دەستی دووی دەکرد، تێکەڵوپێکەڵ لەسەر ئەم ڕەف و ئەو ڕەفە دانرابوون، مۆروانە لێی دابوون، لە هەموو شوێنێک: لەو سووچانەی پڕی تەونی جاڵجاڵۆکە بوو، لەو شوێنانەش کە بۆ تێپەڕینی موشتەری تەرخان کرابوو. کتێبی بەرگئەستووری زۆریش لەسەر مێزێکی درێژکۆلە دانرابوون، خاوەن کتێبخانەکەش، لەسەر کاغەزی لێکراوەی دەفتەری قوتابخانە، بە مەرەکەبی ڕەنگ وەنەوەشەیی، خەریک بوو پەخشانێکی درێژی دەنووسی، تێکەڵوپێکەڵ و وڕێنەئامێز.

قژێکی ماش و برنجیی جوانی هەبوو، وەک پەڕی تووتی دەکەوتنە سەر تەوێڵی، دوو چاوی شین، درێژ و زیتەڵە دیار بوون، میهرەبانیی یەکێکی هەبوو، دەتگوت هەموو کتێبی دنیای خوێندۆتەوە. دەرپێیەکی لەپێدا بوو، شەلاڵی ئارەقە بوو، هەموو خەیاڵ و هۆشێکی لەلای نووسینەکەی بوو، بەبێ ئەوەی گوێی لەوە بێ کێ دێتە ژوورەوە و کێ نایەتە ژوورەوە. ئاورێلیانۆ بەبێ ئەوەی خۆی تێک بدات، بەنێو ئەو پاشاگەردانییەدا تێپەڕی، بە سووکوئاسانی ئەو پێنج کتێبەکەی مێلکیادێس بۆی دەسنیشان کردبوو، هەڵگرت. بەبێ ئەوەی تاقە وشەیەکیش لە زاریەوە دەربچێ، کتێب و ماسییە چکۆڵە زێرکەفتەکەشی دایە دەستی زانا کەتەلانەکە، ئەویش چاوێکی بڕییە کتێب و ماسییە چکۆڵەکە، پێڵووەکانی وەکوو بەرگی سەدەف کرانەوە، بەشانهەڵتەکاندنێکەوە و بە زمانی خۆی بە ئاورێلیانۆی گوت، "تۆ دەبێ شێت بووبی." کتێب و ماسییە چکۆڵەکەی دایەوە دەستی ئاورێلیانۆ و بەئیسپانییش پێی گوت، "هەڵیان بگرە. دواکەس ئەم کتێبانەی خوێندبێتەوە، ئیسحاقە کوێر بوو، دەبێ بەباشی ئاگادار بی و بزانی خەریکی چیت."

خۆسێ ئەرکادیۆ دەستێکی بە ژوورەکەی مێمێدا هێنا، پاکیان کردەوە و پەردەی مەخمەڵی بۆی بە ڕادان دا، ئاوریشمی بۆ دەوری تەختە شاهانەییەکەی دروست کرد، حەمامە وێرانەکەی خستەوە سەرپێ، حەوزە چەمەنتۆیەکە توێژێکی ڕەشی زبر و ڕیشاڵی بە بنیەوە نووسابوو، خاوێنی کردەوە. شانەنشینە دووفلسییەکەی لەو دوو شوێنە بەسەر دەبرد، بابەتی غەریب و هەرزانبەها، عەتری قاچاغ و

مرواریی ساختەی لێ دادەنان. تاقە شتێک لەوماڵەدا زۆر ناڕەحەتی کردبێ، پەیکەری قەدیسەکانی میحرابەکەی ماڵ بوو، پاشنیوەڕۆیەک، لەناو حاوشەکەدا ئاگرێکی کردەوە و هەمووی سووتاندن. تا دەوروبەری سەعات پانزەی بەیانی دەخەوت. بەیانییان هەر بە کراسی خەوەوە، کراسەکەی بە نیگاری ئەژدیهای زێڕین ڕازاندرابووەوە، حەمامی دەکرد، جووتێ کەوشی زەردی لەپێ دەکرد. بە هەیبەت و کەشوهەوایەکی تایبەتەوە حەمامی دەکرد، ناسک و ورد و لەسەرخۆ، نەدەکرا بیر لە حەمامکردنەکانی ڕێمیدیۆسە جوانکیلە نەکرێتەوە. پێش ئەوەی بچێتە ناو حەوزەکەوە، سێ جۆرە خوێی بەکار دەهێنا، لە سێ شووشەی مەرمەڕینی کردبوو، دەیکردە ناو ئاوی حەوزەکەوە و بۆنداری دەکرد. بە لفکەی سروشتی خۆی نەدەشوشت، بەڵکوو لەناکاو خۆی دەخستە ناو ئەو ئاوە بۆندارەوە، خۆی تیا نوقم دەکرد، بۆ ماوەی دوو سەعات لەسەر پشت پاڵ دەکەوت، لەنێو ئەو فێنکاییە خۆشە، یادەوەرییەکانی ئامارانتا وڕ و گێژی دەکرد. چەند ڕۆژێک دوای هاتنەوەی، چاکەت و پانتۆڵە تافتاکەی لەبەر داکەند، نەک لە بەر ئەوەی هەوای گوندەکە گەرم بوو، بەڵکوو کەس ئەو جۆرە قاتانەی لەبەر نەدەکرد، چەند دەست پانتۆلی تەسکی کڕی، زۆر بە پانتۆڵەکانی پیەترۆ کرێسپییان دەکرد، بەتایبەت ئەو کاتانەی وانەی سەمای دەوتەوە؛ کراسێکی ئاوریشمی سروشتیی لەبەر دەکرد، لەسەر دڵیشی، پیتی یەکەمی ناوێکیان نەخشاندبوو. دوو ڕۆژ لە هەفتەیەکیشدا، هەموو جلەکانی دەهاویشتە ناو حەوزەکەوە، دەیشۆردن، خۆشی بە کراسێکەوە، چاوەڕێی دەکرد تا

وشـک دەبنـەوە، چونکـە هیچـی دیکـەی نەبـوو بیکاتـە بـەری. نانـی لـە ماڵـەوە نەدەخـوارد. کاتێـک گەرمـای نیـوەڕۆ هێـور دەبـووەوە، ئینجـا دەچـووە دەرەوە، شـەوانیش زۆر درەنـگ دەگەڕایەوە. بە دڵەڕاوکێوە، وەک پشیلە بەنێو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، هەموو هەست و هۆشـی لەلای ئامارانتا بوو. دوو یادەوەریـی لەبیـر مابـوون، یەکێکیـان ئامارانتـا بـوو، ئـەوەی دیکەشـیان چـاوە زەق و ترسـناکەکانی پەیکـەری قەدیسـەکان بـوون، بەتایبەتـی کاتێـک ڕووناکیـی گڵۆپـە دزێوەکەیانـی بـەر دەکـەوت. چەندیـن جـار، لەنێـو قرچـەی گەرمـای شـاری ڕۆمـادا، هەنـدێ جـار لـە نیـوەی خەونێکدا، بـە خەیـاڵ، چـاوی بـە ئامارانتـا دەکـەوت، بـە کراسـێکی سـوورمەدارەوە، لـە حەوزێکـی مەرمەڕینـەوە، بـە دەسـتێکی پێچـراوەوە، دێتـە دەرێ؛ بێئۆقرەیـی و پـەژارەی تەراوگـە، هەنـدەی دیکـە سـۆزی خۆسـێ ئەرکادیـۆی دەبووژانـدەوە. بـە پێچەوانـەی ئاورێلیانـۆ خۆسـێ، ئـەو دەیویسـت وێنـەی ئامارانتـا بخاتـە نـاو قـوڕ و چڵپاوی جەنگ، هەوڵـی دەدا خۆی لەنـاو شـەهوەتدا بگەوزێنـێ، دایکیشـی بە حەکایەتە نەبڕاوەکانی بوون بە پاپا سـەرگەرمی دەکرد. نـە خـۆی، ئـەوە فێرنانـدا هـەر هیـچ، بـۆ یـەک ساتیش بیریـان بـۆ ئـەوە نەچووبـوو، ئـەو هەمـوو نامانـەی بـۆ یەکتریـان نووسـی، نووسینی خـەون و خەیـاڵات بـوون. خۆسـێ ئەرکادیۆ هـەر کـە دەگاتـە ڕۆمـا، پشـت لـە سـێمینێری ئایینـی دەکات، کەچـی درێـژەی بـەو ئەفسـانەیە دا، کـە گوایـە وانـەی تیۆلـۆژی و مافـە بنەڕەتییـەکان دەخوێنـێ، تەنهـا لەپێنـاو ئـەوەی خـۆی لـەو میراتـە بێبـەری نـەکات، کـە دایکـی لـە نامـە گرگرتووەکانیدا بـۆی بـاس دەکرد. چونکـە ئـەو میراتـە دەیتوانـی لـە کولەمەرگـی

و کویلایەتی ڕزگاری بکات؛ چونکە ئەودەم، لە ژوورێکی نهۆمی سەرەوە، لەگەڵ دوو هاوڕێیدا، لە تراستێڤێرێ دەژیا. کاتێک دوانامەی فێرناندای پێ دەگات، بە شعوور و هەستێکەوە نامەکەی داڕشتبوو، دەتگوت مەرگ سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکات. ئەویش دواشکۆی ڕەونەقە درۆزنەکانی کردە جانتایەکەوە و سواری کەشتییەک بوو، خۆی بۆ سەفەری ئۆقیانووس ئامادە کردەوە، لەگەڵ موهاجیران سواری کەشتییەک بوو، وەک چۆن مێگەڵ دەبەن بۆ قەسابخانە، لەو سەفەرەدا، مەعکەرۆنیی ساردەوەبوو و پەنیری پڕکرمی دەخوارد. پێش ئەوەی وەسیتنامەکەی فێرناندا بخوێنێتەوە، تەنها وردەکاریی ژیانێکی پڕ لە بەدبەختیی تیا بوو، کەنتۆر و دۆلابی ماڵ درزیان تێ کەوتبوو، گیای سەگانە لەژێر هەیوانەکەدا شین ببوون، ئەو گیایانە ئاماژەیەک بوون کە کەوتۆتە تەڵەیەکەوە، تەڵەیەک، ڕزگاربیوونی نییە؛ لە ژیانی ڕۆشن و ڕووناکی وەک ئەڵماسئاسا، لە هەوای هەمیشەبەهاری شاری ڕۆما، بەیەکجاری دوور خرایەوە. لەو ساتانەی لەبەر تەنگەنەفەسییەکەی خەوی لێ نەدەکەوت، ناچار بوو بە درێژی و پانیی ماڵە تاریکەکەدا بێت و بچێ، قیژە و هاواری ئورسولای کونەپەپووی پیرەژن ترسی ژیانی لەلا دەبووژاندەوە، بیری لە قووڵیی ئەو بەدبەختییە دەکردەوە، کە تێی کەوتبوو. ئورسولا، لە ترسی ئەوەی لەناو تاریکیدا ونی نەکات، سووچێکی ژوورەکەی بۆ تەرخان کردبوو، ئەو شوێنە، تاقە شوێنێک بوو تا لە دەستی ئەو مردووانە ڕزگاری بکات، کە هەر ئێوارە دادەهات، بەناو ماڵەکەدا هاموشۆیان دەکرد. ئورسولا پێی دەگوت، "هەر شتێکی

قۆڕ بکەی، قەدیسەکان بۆمی دەگێڕنەوە. "ئا لەو سووچەدا، ئێوارە پڕمەترسییەکان بەرجەستە دەبوون، هەر لەو شوێنە تا کاتی خەوتن دەهات، بەبێ جوولە لەسەر تەپڵەکێک، لەژێر چاودێریی نیگای تەزیوی سیخوڕە قەدیسەکان کڕۆشکەی دەدا. ئەمە ئەشکەنجەیەکی بێکەڵک بوو، چونکە لەو سەردەمەدا، زەندەقی لە هەموو شتێک دەچوو، ئەو شتانەی لەدەوری بوون، خۆشی بۆ ئەوە ئامادەی کردبوو، کە هەرچییەک هەیە، دەبێ لێی بترسێ: لە ژنانی کۆڵان، ئەوانەی خوێن پیس دەکەن؛ لە ژنانیماڵەوە، ئەوانەی منداڵیان بە کلکی بەرازەوە دەبێ؛ لە کەڵەشێری شەڕ، کە دەبێتە مایەی مەرگی پیاوان و هەستکردن بە گوناهـ تا لە ژیاندا ماون؛ لە چەک، هەر بە دەستلێدانی، مرۆڤ بە بیست ساڵی جەنگ مەحکوم دەکات؛ لە کارگە نا شەرعییەکان، تەنها ئایندەیەکی ناکام و شێتی لێ دەکەوێتەوە؛ بەکورتی، لە هەموو شتێک، لە هەموو ئەو شتانەی خودای پەروەردەگار، بە بەخشەندەیی خۆی دروستی کردوون و شەیتانیش پیسی کردوون. هەر کە لە خەوهەڵسا، کابووس وڕ و گێژی کردبوو، تەنها بە ڕووناکیی پەنجەرەکە و خەیاڵکردنی ئامارانتا لەناو حەمامەکە و بەو شێوە شەهوانییەی ڕانەکانی بە گوڵینگێکی ئاوریشم پۆدرەڕێژ دەکرد، ڕزگاری دەبوو. خودی ئورسولاش لەنێو ئەو ڕووناکییە کوێرکەرەدا جیاواز دەر دەکەوت، چونکە شتی ترسناکی بۆ نەدەگێڕایەوە، بەڵکوو بۆ ئەوەی وەکوو پاپا زەردەخەنەیەکی بەڕەونەق پەیدا بکات، ددانی بە ڕەژوو سپی دەکردەوە، نینۆکەکانی دەقرتاند و دەیبریقاندەوە، بۆ ئەوەی کاتێک پاپا دەست دەکات بە دووعاکردن بۆ هەموو

ئـەو کەسـانەی بۆ زیـارەت لـە دوورتریـن سـووچی دنیایـەوە دەچـوون بۆ لای، لـە ڕۆمـا، بەرامبـەر بـە جوانـی و بێگەردیـی دەستوپلی پاپا تووشـی حەپەسـان ببن. قژی وەکـوو پاپـا شـانە دەکرد، عەتر و گوڵاوی بەسـەردا دەپرژاند، بۆ ئـەوەی لـەش و جلوبەرگی وەکـوو لـەش و جلوبەرگی پاپا بۆنخۆش بن. لەنـاو باخچەکانـی کاستێلگاندۆلفۆ، لـە بالکۆنێکـەوە چـاوی بـە پاپـا کـەوت، لەپێش زیارەتکـەران، هەمـان گوتـاری بـە حـەوت زمـان پێشـکەش کـرد، لـە ڕاستییشـدا، تاقـە شـت کـە زۆر سـەرنجی ڕاکێشـا، سـپی و ناسـکیی دەسـتی بـوو، دەتگـوت لەنـاو ئـاوی ژاڤێل هەڵیـان کێشـاوە، بریقەیـەک لـە جلوبەرگـە هاوینییەکـەی دەهـات و بۆنـی گوڵاوێکـی کەمیـش لەشـی تەنیبـوو.

سـاڵێک دەبـوو یـا نەدەبوو، گەڕابووەوە ماکۆندۆ، بۆ ئەوەی بژێوی خۆی پەیدا بکـات، چـوو شـەمدانە زیوینـەکان و لەگەنـە زێڕینەکـەی ژوورەکـەی فرۆشـت، لـەو سـاتە حەقیقەتبەخشـەدا بۆی ساغ بووەوە، کە لەگەنەکەش زێڕ نەبوو، بەڵکوو تەنها هێمـای بنەماڵەکـە بـە زێـڕ هەڵکۆڵرابـوو، تاقـە شـت کـە خـۆی پێـوە بخافڵێنـێ، ئـەوە بـوو کـە منداڵەکانـی ئاوایـی لـە مـاڵ کـۆ بکاتـەوە و یارییـان لەگـەڵ بـکات. لـە کاتـی خـەوی پاشـنیوەڕۆان لەگەڵیـان بـوو، لـە حەوشـەکە بەسـەر تەنافـدا بازبازێنـی لەگـەڵ دەکـردن، لـە هەیوانەکـە گۆرانییـان دەگـوت، بەسـەر کەنتۆرکانـدا تەنافبازییـان دەکـرد، دەگـەڕا بەناویانـدا، دەسـتەدەسـتە باسـی ڕێز و ئـاداب و ڕەفتـاری چاکـی بـۆ دەکـردن. لـەو سـەردەمەدا، پانتۆڵـی تەسـک و کراسـی ئاوریشـمی نەدەکـردە بـەر، کراسـێکی ئاسـاییی دەکـردە بـەر، لـە دوکانـی عەرەبـەکان کڕیبـووی، بـەڵام هێشـتا شـکۆمەندیی خومـاراوی و ڕەفتـاری پاپـا ئاسـا

بەری نەدابوو. هەر بە هەمان شێوەی هاوڕێیەکانی مێمێ، ئەو منداڵانەش ماڵەکەیان داگیر کرد. تا درەنگانی شەو، هەراوهوریا و گۆرانی و سەما و هەڵپەڕین نەدەبڕایەوە، ماڵەکە بە بەشی ناوخۆیەکی بێسەروبەری دەکرد. تا ئەو کاتەی هێشتا منداڵەکان نەچووبوونە ژوورەکەی مێلکییادێس و سەرئێشەیان بۆ ئاریلیانۆ دروست نەکردبوو، هیچ باکێکیشی نەبوو، کە ئەو منداڵانە ماڵەکەیان داگیر کرووە. سەرلەبەیانییەکیان، دووان لە منداڵەکان پاڵ بە دەرگای ژوورەکەی مێلکییادێسەوە دەنێن، چاویان بە پیاوێکی تووکن و قێزەوەن دەکەوێت، لەسەر مێزی ئیشکردن دانیشتووە و خەریکی شیتەڵکردنی نووسراوەکانە، بەتەواوی زەندەقیان چوو. نەیانوێرا بچنە ژوورەوە، بەڵام بە دەوروخولی ژوورەکەدا دەخولانەوە. لە درزەکانەوە سەیریان دەکرد، لەنێوان خۆیاندا دەیانکردە چرپەچرپ، گیانەوەری زیندوویان لە کەلێنی دەرگاکەوە بۆ فڕێ دەدا. ڕۆژێکیانیش، دەرگا و پەنجەرەکانیان بزمارڕێژ کرد، ئاوریلیانۆ نیوتاقی هەر بەوەوە کوشت، تا دەرگاکە بکاتەوە. لەبەر بێسزایی، کردبوویانە ڕۆژی خۆیان، بەیانییەکیان، چوار منداڵ خۆیان دەکەن بە ژوورەکەی ئاوریلیانۆدا، ئەودەم ئەو لە مەتبەخەکە بوو، ویستیان لاپەڕەی نووسراوەکانی مێلکییادێس بدڕێنن. بەڵام هەر کە پەنجەیان بەر ئەو پەڕە زەردانە کەوت، هێزێکی غەیبی لە زەوییەکە بەرزی کردنەوە و بەهەڵواسراوی مانەوە، تاکوو ئاوریلیانۆ پێیان دەگات و لاپەڕەکانی لێ وەر گرتنەوە. چیی دی کەسیان بیریان لەوە نەکردووە شەڕ و گێچەڵی پێ بفرۆشن.

چواریان کە لە هەموویان گەورەتر بوون، سەرباری ئەوەی لە تەمەنی باڵغبوون نزیک ببوونەوە، کەچی هێشتا پانتۆڵی کورتیان لەپێ دەکرد، ویستیان خەم و خەفەت لە سیمای خۆسێ ئەرکادیۆ کەم بکەنەوە. ئەو چوار منداڵە، لە منداڵەکانی دیکە زووتر دەچوونە ئەوێ، ئەو سەرلەبەیانییە خۆیان بە ئەوەوە خەریک کرد، کە سەر و ڕیشی بتاشن، بە لیفەی گەرم شێلایان، نینۆکی پەنجەی دەست و پێیان قرتاند، گوڵاویان پرژاند بە دەموچاویا. چەندین جاریش لەناو حەوزەکەدا، لەو دەمەی لەسەر پشت پاڵمندەکەوت و بیری لە ئامارانتا دەکردەوە، سەروگوێلاکیان تاکوو پێی بە لیفکە و سابوون دەشوشت. پاشان وشکیان کردەوە، پۆدرەڕێژیان کرد و جلوبەرگی خاوێنیان کردە بەری. یەکێک لە منداڵەکان، قژی زەرد و لوول بوو، دەتگوت کەروێشکە، دوو چاوی وەک دوو هەڵماتی پەمەییڕەنگ بوون، هەندێ جار شەوانیش لە ماڵەکە دەمایەوە و هەر لەوێ دەخەوت. پەیوەندییەکی زۆر پتەوی لەگەڵ خۆسێ ئەرکادیۆ پەیدا کرد، یاوەریی دەکرد و لە بەر ئازاری تەنگەنەفەسییەکەشی، لەگەڵیدا ئێشکیی دەگرت، بەبێ ئەوەی ورتەیەک لە زاریەوە دەر بچێ، لەگەڵ ئەودا بە درێژی و پانیی ماڵە ئەنگوستەچاوەکەدا هاموشۆی دەکرد. شەوێکیان، لەو هۆڵەی ئورسولا لێی دەخەوت، لە درزی چەمەنتۆ بلوورینەکەوە چاویان بە شەوقێکی زەردباو کەوت، دەتگوت هەتاوێکی ژێرزەوییە، عەردی ژووری خەوتنەکەیان بلوورین کردبوو. پێویستییان بە ئەوە نەبوو گڵۆپەکە دابگیرسێنن. تەنیا ئەوەند بەس بوو، کە لەو شوێنەی تەختی خەوتنی ئورسولای لێ بوو، تەختە شکاوەکان بەرز بکەنەوە،

ئا لە شوێنە شەوقەکە چڕتر دەبوو، بۆ ئەوەی ژێرزەمینە شاراوەکە بدۆزنەوە. ئەو شوێنەی کاتی خۆی ئاورێلیانۆی دووەم وەک شێت و هار بەدوایدا دەگەڕا. سێ گونیەیان دۆزییەوە، دەمی گونیەکان بە تێلی مسین بەسترابووەوە، حەوت هەزار و دوو سەد و چواردە قاڵبی زێڕیان تیا بوو، وەکوو پەنگری نێو تاریکی چرووسکەیان دەهات.

ئەم دۆزینەوەیە تەقینەوەیەک بوو. لەجیاتی ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ ئەم سامانە هەڵبگرێ و بگەڕێتەوە ڕۆما، دەمێک خەونی پێوە دەبینی لەنێو ژیانی کوێرەوەریدا، کەچی دەستی کرد بە دەسکاریکردنی خانووەکە، هەندەی نەبرد، کردی بە بەهەشتێکی بێسەروبەر. پەردەی مەخمەلیی لە ژوورەکان هەڵواسی، کەژاوەی لەدەوری تەختی خەوتن هەڵبەست، زەویی حەمامەکەی کاشی کرد، دیوارەکانی بە کاشیی فەخفووریئاسا ڕازاندەوە. تاقەکانی ژووری نانخواردنی پڕ کرد لە شووشەی مرەبا و ڕانەبەرازی هیشکەوەبوو و ترشیاتی جۆراوجۆر. سەرلەنوێ، عەمباری ئازووخەی پڕ لە شووشەی شەراب و لیکۆر کرد، خۆسێ ئەرکادیۆ بە دەستی خۆی، دەچوو لە وێسگەی شەمەندەفەرەکە بە سنوق دەیهێنان، تەنانەت ناوی خۆشیان لەسەری دەنووسی. شەوێکیان، خۆی و چوار منداڵەکە، تاکوو بەرەبەیان ئاهەنگیان گێڕا. سەعات شەشی بەیانی، هەموویان بە ڕووتوقووتی لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، حەوزەکەیان بەتاڵ کرد و پڕیان لە شامپانیا کرد. پێکەوە چوونە ناو حەوزەکەوە، وەک چۆن ڕەوەچۆلەکە بەناو ئاسمانی زێڕینی بلقی بۆنداردا دەفڕن، ئەوها لەناو شەمپانیاکەدا مەلەیان دەکرد، کەچی خۆسێ ئەرکادیۆ لەسەر

پشت پاڵ کەوتبوو، لە پەراوێزی ئاهەنگەکە، بەچاوکراوەیی، خەون و خەیاڵی لەلای ئامارانتا بوو. بەو جۆرە شۆڕ ببووەوە نێو داڵغەکانی، کاوێژی بە زوخاوەکانی لەززەتە کورتخایانەکانەوە دەکرد، دوای ئەوەی منداڵەکان ماندوو بوون و پێکەوە گەڕانەوە ژوورەکە، پەردە مەخمەڵییەکانیان هەڵدەتەکاند و خۆیان پێ وشک کردەوە، ئاوێنە بلوورینەکانیان شکان، بە هەڵپە و ڕاکردن چوونە سەر تەختی خەوتن بۆ ئەوەی بخەون، کەژاوەی تەختی خەوتنیان تێکوپەکان دا. کاتێک خۆسێ ئەرکادیۆ لە حەمامکردن گەڕایەوە، بینیی یەک کەوتۆتە سەر ئەوی دیکە، لەنێو ساڵۆنە تێکشکاوەکەدا، زۆر سروشتییانە خەوتبوون. قینی لە خۆی بووەوە، نەک لەبەر ئەوەی هەموو ژوورەکەیان دابوو بەسەر یەکا، بەڵکوو دوای ئەو ئاهەنگە هەستی بە بەتاڵی دەکرد؛ چوو لەناو یەکێک لە سنوقەکان، چەند کەرەسەیەکی ئەشکەنجەدانی دۆزییەوە، بۆ تەمبێکردنی مەسیحییان بەکاریان دەهێنا، پژدێنێکی بزمارڕێژ و چەند زنجیرێکی دۆزییەوە، بۆ خۆجەڵدکردن بەکار دەهات، لە سنوقەکە دەری هێنان و منداڵەکانی لە ماڵ دەر کرد، وەکوو شێت هاواری دەکرد، بەبێ بەزەیی کارێکی پێ کردن، بە ڕەوە گورگ و چەقەڵیش نەکرابێ. بە شێوەیەکی کۆمپلێت هەستی بە داڕووخان دەکرد، تەنگەنەفەسییەکەی سەختتر دەبوو، تەنانەت چەند ڕۆژێکیشی خایاند، کۆمت بە یەکێکی دەکرد، لەلێواری گۆڕدا بێ. دوای سێ شەوی ئازار و مەینەت، هەندەی نەمابوو بخنکێ، چووە لای ئاورێلیانۆ و لێی پاڕایەوە، بەڵکوو بچێتە لای ئەو دەرمانفرۆشەی لەتەنیشت ماڵیانەوە بوو، بەڵکوو هەندێ تۆزی بۆ پەیدا بکا تا هەڵی

بمژێ. بەو جۆرە بوو، ئاوریلیانۆ بۆ جاری دووەم پێی نایە دەرەوە. تەنیا دوای دوو ڕیزەخانووە، گەیشتە دەرمانخانە جامخانە تۆزاوییەکە، لەسەر دەفرە فەخفوورییەکانی ئەزەخانەکە بە لاتینی لەسەریان نووسرابوو. کیژۆڵەیەکی لێ بوو، خاوەن جوانییەکی نهێنییئامێز بوو، دەتگوت مارەکانی ڕووباری نیلە، دەرمانەکەی دا بە ئاوریلیانۆ، ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ لەسەر پارچە کاغەزێک بۆی نووسیبوو. دووەمین جار بوو ئاوریلیانۆ ئەو گوندە چۆڵوهۆڵە ببینێ، بەئەستەم چەند گڵۆپێکی مەیلەوزەرد، جادەکانیان ڕووناک دەکردەوە، فزوولییەکەی لە جاری یەکەم زیاتر نەبوو. خۆسێ ئەرکادیۆ ئەو هەستەی لەلا دروست بوو، کە ڕەنگە هەڵهاتبێ و جارێکی دیکە نەگەڕێتەوە ماڵ، کەچی بینیی بەهەناسەسواری گەڕایەوە و بەقورسی پێی لەدوای خۆی دەخشاند، لەبەر بێ مەشق و وەرزشی، تەواێک داهێزرا و بێهێز ببوو. هەندە دەرەوەی لەلا هیچ بوو، دوای چەند ڕۆژێک خۆسێ ئەرکادیۆ بەڵێنەکەی دایکی شکاند و ئیدی ئاوریلیانۆ ئازاد بوو بۆ کوێ بیەوێ، دەیتوانی بڕوا.

ئاوریلیانۆ پێی گوت، "چی بکەم لە دەرەوە."

لەو ژیانە داخراوە بەردەوام بوو. خۆی بە خوێندنەوەی نووسراوەکانەوە خەریک دەکرد، هێدی هێدی ناوڕۆکەکانی لەلا ئاشنا دەبوو، بەڵام هێشتا نەیدەتوانی واتاکانی تەرجەمە بکات. خۆسێ ئەرکادیۆ دەچووە ژوورەکەی، پارچەگۆشتی ڕانی بەرازی هیشککراوەی بۆ دەبرد، مرەبای گوڵی بۆ دەبرد، کە کاتێک بتخواردبا، تامێکی بەهارانەی بە مەلاشووەوە جێ دەهێشت، دوو جاریش شەرابی نایابی بۆ برد. ئەو

نووسراوانە بە هیچ شێوەیەک سەرنجی خۆسێ ئەرکادیۆی ڕانەدەکێشا، لای وا بوو ئەوە جۆرە کاتبەسەربردنێکی باتینییە، بەڵام بەرامبەر بەو زانیارییە سەیرانەی کەسوکارە خەمۆکەکەی سەری سوڕ دەما، کە سەبارەت بە جیهان هەیانبووە. لەوە تێگەیشت کە توانای هەیە لە زمانی ئینگلیزی حاڵی ببێ، بەو زمانەش دەق بخوێنێتەوە، دوو لاپەڕەی لە نووسراوەکانی میلکییادێسیشی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر وەک ڕۆمان خوێندەوە، شەش بەرگی ئینسایکۆلپیدیایەکیشی خوێندەوە. ئا ئەوها، سەرەتا هەستی کرد کە ئاورێلیانۆ دەتوانی باسی ڕۆما بکات وەک ئەوەی چەندین ساڵ لەوێ ژیا بێ، بەڵام خێرا لەوە تێگەیشت، کە سەرچاوەی بەشێک لەو زانیارییانە خودی ئینسایکلۆپیدیاکە نەبوون، بۆ نموونە، ئەو زانیارییانەی پەیوەست بوون بە نرخی شتومەکەوە. سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو زانیارییانە پرسیاری لێ کرد، ئاورێلیانۆش لە وەڵامدا پێی گوتبوو، "هەموو شتێک قابیل بە زانینە." ئاوەێلیانۆش لەلای خۆیەوە، زۆری لەلای سەیر بوو کاتێک لە نزیکەوە سەرنجی خۆسێ ئەرکادیۆی دەدا چۆن بەناو ماڵەکەدا هاتوچۆ دەکات، زۆر جیاواز بوو لەگەڵ ئەو وێنەیەی لە مێشکی خۆیدا کێشابووی. دەیتوانی پێبکەنێ، ناوبەناویش چەند سەرنجێکی سۆزئامێز سەبارەت بە ڕابردووی ئەو ماڵە دەخستە ڕوو، لە کەشوهەوای ژوورە قەلەندەرییەکەی میلکییادێسیش نیگەران بوو. نزیکبوونەوەی ئەم دوو گۆشەگیرە هاوخوێنە، زۆر لە دۆستایەتییەوە دوور بوو، کەچی ئەم نزیکبوونەوەیە بواری بۆ ڕەخساندن، کە چاکتر بەرگەی ئەو تەنیاییە قووڵە بگرن، کە هەردووکیانی

گەمارۆ دابوو، لە هەمان کاتدا لە یەکتر دووری دەخستنەوە و لە هەمان کاتیشدا بەیەکەوە دەیبستنەوە. بۆیە خۆسێ ئەرکادیۆ بانگی ئاورێلیانۆی کرد بۆ ئەوەی چەند گرفتێکی گیربوویَ بۆ شی بکاتەوە، کە پەیوەست بوون بە کێشەی بنەماڵەکەوە. ئاورێلیانۆش لەلای خۆیەوە دەیتوانی بچێتە بەرهەیوانەکە و بخوێنێتەوە، ئەو نامانەی دەخوێندەوە، کە ئامارانتا ئورسولا بەرێکوپێکی دەیناردن، هەروەها کەڵک لە حەمامەکەش وەر بگرێ، کە لەدوای گەڕانەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ لێی قەدەغە کرابوو.

سەرلەبەیانییەکی زوو، دنیا گەرم داهاتبوو، یەکێک گرم گرم لە دەرگای حەوشەی دەدا، هەردوو لە خەو ڕاچڵەکین. پیرەمێردێکی غەمگین بوو، دوو چاوی سەوزی گەورەی هەبوو، دەموچاوێکی نوورانی، هێمای خاچێکی خۆڵەمێشینیش بە ناوچەوانیەوە بوو. جلوبەرگێکی پەڕپووتی لەبەردا بوو، پێڵاوەکانی دڕابوون، کۆنە خورجێکی لەکۆڵ کردبوو، شتومەکەکانی تیا پەستیبوو، هەیبەت و سیمای دەرۆزەکەری هەبوو، بەڵام خاوەن شکۆمەندییەک بوو، کە ناتەبا دەوەستا لەگەڵ ڕواڵەتەکەی. تەنها بە سەیرکردنێک، تەنانەت لەنێو تاریکیی ژووری میوانیشدا بووبێ، یەکسەر ئەوە ڕوون دەبووەوە، کە ئەو هێزە نهێنییەیە یارمەتیی ژیانی داوە، غەریزەی بەرگریکردن لە خۆ نەبوو، بەڵکوو ڕاهاتنێک بوو لەگەڵ ترسدا. ئاورێلیانۆ ئامۆرادا بوو، یەکێک بوو لە حەڤدە کوڕەکانی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ، لەو حەڤدەیە تەنها هەر ئەو مابووەوە، وێڵ و عەوداڵ ببوو، چاوەڕێی شوێنێکی دەکرد تا وچانێکی تیا بدات و کۆتایی بەو هەموو ڕاکەڕاکەی

ژیان بهێنن. خۆی پێ ناساندن، لێیان پاڕایەوە کە پەنایەکی لەو ماڵە بدەنێ، چونکە ئەم شوێنە دواشوێن بوو، کە لە شەوانی دووورودرێژی عەودالبوونیدا، وەکوو دواکونجێک بۆ ئەوەی ژیانی تیا بەسەر بەری، بیری لێ کردبووەوە. بەلام خۆسێ ئەرکادیۆ و ئاورێلیانۆ ئەویان نەدەهاتەوە یاد. وەک بەرەللایەک مامەلەیان لەگەلی کرد، بەبێ سێ و دوو، دەریان کرد. لە دەرگاکەوە، هەردووکیان دوادیمەنی کارەساتێکیان بینی، کە پێش ئەوەی خۆسێ ئەرکادیۆ گەیشتبێتە تەمەنی هۆشمەندی، دەستی پێ کردبوو. دوو پاسەوان کە چەندین ساڵ بوو بەدوای ئاورێلیانۆ ئامادۆرەوە بوون، وەک سەگ لە هەموو سووچێکی دنیاوە بەدوایەوە بوون، لەنێو دارچوالەکانی سەر شۆستەکەی بەرامبەر، دەرپەڕین و دوو گوللەیان پێوە نا و بەر تەختی ناوچەوانی کەوت، لەو شوێنەی هێمای خاچە خۆلەمیشینەکەی لێ نەخشێنرابوو.

لە ڕاستیدا، خۆسێ ئەرکادیۆ دوای ئەوەی منداڵەکانی لە ماڵ دەر کرد، چاوەڕێی کەشتیی ئۆقیانووسبڕی دەکرد، دەبووایە پێش جەژنی لەدایکبوونی مەسیح بگاتە شاری ناپل. ئەمەی بە ئاورێلیانۆ گوت، پلانێکیشی هەبوو، دەیویست دەست بکات بە کاروباری بازرگانی بۆ ئەوەی بژێویی خۆی مسۆگەر بکات، چونکەلە دوای ناشتنی فێرناندەوە، چیی دی سەبەتەی ئازووقە نەدەنێردرا. کەچی، ئەو دواخەونەش سەری نەگرت. بەیانییەکی مانگی سێپتەمبەر، دوای ئەوەی لە مەتبەخەکە قاوەیەک لەگەل ئاورێلیانۆ دەخواتەوە، خۆسێ ئەرکادیۆ، وەک هەموو ڕۆژێکی دیکە، خەریک بوو لە حەمام دەر دەچوو و لەناکاو لە درزی بنمیچی حەمامەکەوە ئەو

چوار کوڕەی پێشتر لە ماڵ دەری کردبوون، خۆیان فڕێ دایە ناو حەمامەکەوە. پێش ئەوەی بواری بدەنێ دەست بکاتەوە، هەر بە جلوبەرگەوە فڕێیان دایە ناو حەوزەکەوە و لە پشتەوە قژیان گرت و سەریان نوقم کردە ژێر ئاوەکە تا هیچ بلقێکی گیانەڵلاکردن سەر ئاو نەکەوت. لەشی سپیکەڵە و بێدەنگییەکی دولفینئاسای ڕۆ چووە قووڵایی ئاوە بۆندارەکە و هەرسێ گونیە زێڕەکەیان لەگەڵ خۆیان برد، تەنیا ئەوان و قوربانییەکە شوێنەکەیان دەزانی. ئەم کارەیان هەند بە خێرایی و ڕێکوپێکی و دڕندانە ئەنجام دا، هەر بە هێرشێکی لەشکری دەکرد. ئاورێلیانۆ لە ژوورەکەی خۆی بوو، ئاگای لە هیچ شتێک نەبوو. چونکە پاشنیوەڕۆ، خۆسێ ئەرکادیۆی لە مەتبەخەکە نەبینی، هەموو ماڵەکەی بەدوودا گەڕا، تا دواجار بینیی لەناو ئاوێنە بۆندارەکانی حەوزەکەدا خنکاوە، زل و پەلماو، تا دواساتەکانیش بیری هەر لەلای ئامارانتا بوو. تەنیا ئەودەم ئاورێلیانۆ هەستی کرد وەخت بوو هۆگری ببێ.

# ١٩

ئامارانتا ئورسـولا لەگـەڵ یەکـەم فریشـتەی مانگـی کانوونـی یەکـەم گەڕایـەوە، بـە کەشـتییەکی چارۆگـەدار، کـە کزەبـا هێنابـووی، مێردەکەشـی لەگـەڵ خـۆی هێنابـووەوە، پەتێکـی ئاوریشـمینی کردبـووە ملـی و ڕای دەکێشـا. بەبـێ ئـەوەی پێشـوەخت ئـاگاداری کەسـی کردبێتـەوە، لەپڕێکدا پەیدا بـوو، کراسێکی ڕەنـگ عاجـی لەبـەر کردبوو، ملوانکەیەکی درێژیش تـا سـەر ئەژنۆکانـی شـۆڕ ببـووە، ئەنگوسـتیلەی زوبـەرد و زەبەرجـەدی لەپەنجـە کردبوو، قژێکـی کـورت و خـاو، وەکوو کلکـەی پەڕەسـێلکە دەکەوتنـە سـەر گوێیەکانـی. ئـەو پیـاوەی پێش شـەش مانگی شـووی پـێ کردبـوو، فلامـان بـوو، پیاوێکـی کامـڵ و بەژنبارێـک، بـە کەشـتیوانی دەکـرد. هـەر کـە پاڵـی بـە دەرگای ژووری میوانانـەوە نـا، یەکسـەر لـەوە تێگەیشـت کـە دەمێکـە لـە مـاڵ دوور کەوتۆتـەوە، ماڵەکـەش لـەوە کاولکتـر دیـار بـوو، کـە بیـری لـێ کردبـووەوە.

هاوارێکـی کـرد، دڵخۆشـیی پێـوە دیـار بـوو وەک نیگەرانـی، "خـوای گـەورە! وا دیـارە ژن لـەم ماڵـە نـاژێ!"

هەمـوو جانتـاکان لـە هەیوانەکـە جێگـەی نەدەبـووەوە. جگـە

لە باوڵە زلەکەی فێرناندا، کە کاتێک چوو بۆ قوتابخانە لەگەڵ خۆی بردبووی، دوو سنوقی بەرزی بۆ هەڵگرتنی جلوبەرگ لەگەڵ خۆشی هێنابوو، چوار جانتای گەورە، کیسەیەکی درێژکۆڵە بۆ سەیوانەکانی، چوار کارتۆن بۆ شەپقەکانی، قەفەسێکی زۆر گەورە بۆ هەر پەنجا کەنارییەکەی، پاسکلیکی مێردەکەی، کە هەڵوەشێنرابوو و کرابووە سنوقێکی تایبەتەوە، وەک سنوقی ڤیۆلێنسێل هەڵدەگیرا. دوای ئەو سەفەرە دووردرێژە، تەنانەت یەک ڕۆژیش پشووی نەدا. بەدلەیەکی کۆنی هەڵکێشایە بەری، کە لەگەڵ جلوبەرگی فیتەری هێنابووی، قۆڵی لێ هەڵکرد بۆ ئەوەی دەستێک بە خانووەکەدا بهێنێ و بیکاتەوە بە ماڵ. مێروولە سوورەکانی هەیوانەکەی بنبڕ کرد، گوڵەباخەکانی بووژاندەوە، گیاسەگانەکانی لە ڕەگەوە هەڵکێشا، ئینجانەکانی سەرلەنوێ بە پونگەی کێوی و بیگۆنیا ڕازاندەوە. ڕابەریی لەشکرێکی لە دارتاش و قفڵساز و بیناساز کرد؛ زەوییە درزبردووەکەیان سەرلەنوێ داڕشتەوە، دەرگا و پەنجەرەی نوێیان لەشوێن دەرگا و پەنجەرە کۆنەکان دامەزراندەوە، دۆلاب و کەنتۆرەکانیان نوێ کردەوە، دەرەوە و ناوەوەی دیوارەکانیان لەبەغ کردەوە؛ دوای تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر گەڕانەوەکەیدا، جارێکی دیکە هەوایەکی پاقژی سەردەمی لاوی و ئاهەنگ، وەک سەردەمی پیانۆ میکانیکەکە، دووبارە بە ماڵەکەدا دەگەڕا. هەرگیز کەسێک پێشتر، لەو ماڵەدا، هەندە بەکەیف نەبووە، لە هەموو ئانوساتێکدا، هەمیشە لەسەرپێ بوو بۆ گۆرانیوتن، سەماکردن، شتفڕێدان و پشتکردن لە ڕێوڕەسمی کۆن. بە سەرەگسکێک، هەموو یادەوەرییە ناخۆشەکان و باڵندە مردارەوەوەبووەکانی

ڕامالی، سەرجەم ئەو کەرەسە و شتومەکە خورافییانەی لە سووچەکان کۆ بووبوونەوە، فڕێی دانە دەرەوە، تەنیا شتێکی گل دابێتەوە، ئەویش وەکوو ستاییشێک بۆ ئورسولا، وێنەکەی ڕێمێدیۆس بوو، کە لە هۆڵەکە دانرابوو. قاقایەکی کرد و هاوارێکی کرد، "سەیر بکەن چ جوانییەکە! داپیرەگەورەیەک لە تەمەنی چواردە ساڵاندا!" کاتێک یەکێک لە بەنناکان پێی گوت ئەم ماڵە پڕی لە تارماییە، تاقە چارەسەریش تا لەو ماڵە بکرێنە دەرەوە، دەبێ بە دوای گەنجینەکەدا بگەڕێین، کە لە شوێنێکدایە، لەناو ئەو ماڵەدا نێژراوە، ئامارانتا ئورسولاش بە پێکەنینەوە وەڵامی دابووەوە و گوتبووی، ئەو بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە خورافات نییە. ئامارانتا ئورسولا هەندە ساکار و عەفەوی و سەربەست بوو، خاوەن هزرێکی هەند ئازاد و هاوچەرخانە بوو، کاتێک ئاورێلیانۆ بینیی بەرەو ڕووی دێ، نەیدەزانی چی لە جەستەی خۆی بکات. باوەشێکی بۆ کردەوە و هاوارێکی کرد و گوتی، "هەی زاڵم! دە سەیر بکەن، پیاوخۆرە خۆشەویستەکەی خۆم چەند گەورە بووە!" پێش ئەوەی ئاورێلیانۆ شتێک بڵێ، ئامارانتا ئورسولا قەوانێکی خستە سەر فۆنۆگرافە دەستییەکە، کە لەگەڵ خۆی هێنابووی و دەستی کرد فێری سەمای هاوچەرخانەی بکات. ناچاری کرد ئەو پانتۆڵانە بگۆڕێ، کە بەمیرات لە سەرهەنگ ئاورێلیانۆ بۆێندیاوە بۆی مابوونەوە، کراسی گەنجانەی پێ بەخشی، پێڵاوی دووڕەنگی پێشکەش کرد، کاتێکیش هەستی دەکرد ماوەیەکی درێژە لە ژوورەکەی میلکیادێس نەهاتۆتە دەرەوە و دەچوو قۆڵی دەگرت و تا پێش دەرگای حەوشە لەگەڵی نەدەوەستا.

ئامارانتا ئورسولا کیژۆڵەیەکی وردیلە و کێوی بوو وەک ئورسولا، هەتا ڕادەیەکیش جوانی و ئیغرابەخشیی ڕێمێدیۆسە جوانکیلەی هەبوو، خاوەن بەهرەیەکی خۆڕسکی دەگمەنیش بوو، دەسپێشخەریی دەکرد لە دنیای مۆدەدا. بۆ ئەوەی بزانێ ئەو مۆدێلانەی ئەو دای هێنابوون و لە مێشکیدا گەڵاڵەی کردبوون و بە مەکینە دەستییەکەی ئامارانتا دووریبوونی، هەڵەن یا نا، دەینارد تازەترین گۆڤاری نماییشی جلوبەرگی لە ڕێگەی پۆستەوە بۆ بنێرن، کەچی زۆر بەکەمییش بەکاری دەهێنان. ئابوونەی لە هەموو گۆڤارەکانی مۆدەدا هەبوو، زانیاریی هونەری و مۆسیقای میللی تیا بوون، لە ئەورووپا چاپ دەبوون، بە پۆست بۆی دەهات، تەنها هەر چاوێکی پێدا دەخشاندن بۆ ئەوەی بزانێ چی لە جیهاندا دەگوزەرێ، ئایا وەک ئەوە وایە کە ئەو پێشتر خەیاڵی کردوون یا نا. نەدەچووە ئەقڵەوە کە ژنێکی وا، بەو هزر و هۆشەوە، بگەڕێتەوە گوندێکی مردوو، نفرۆی تەپوتۆز و گڕە و گەرما بێ، نەخوازەلاش لەگەڵ مێردێکی دەستڕۆیشتوو، دەیانتوانی لە هەرکوێیەک بیانویستایە، ژیانێکی ڕەهایانە بەرنە سەر، بە ئەندازەیەک، مێردەکەشی ئامارانتا ئورسولای خۆش دەویست، تەنانەت هێشتبووی پەتێکی ئاوریشمینیش بکاتە ملی، دەیتوانی بیباتە ئەو شوێنەی دڵی بیویستبایە. کەچی، بە تێپەڕینی کات، زیاتر حەزی دەکرد لەو گوندە بمێنێتەوە، چونکە هەموو ئەو نەخشانەی دای ڕشتبوون، نەخشەی درێژخایەن بوون، هەموو بڕیارێکیشی بە مەبەستی ئەوە بوو، کە ژیانێکی ئاسوودە بەرێتە سەر، بەهێمنی لە گوندی ماکۆندۆ پیر ببێ. قەفەسە کەنارییەکان بەڵگەیەکی ڕوون

بوون کە نەخشەکانی ئەو، بۆ ڕۆژێک و دوو ڕۆژ نەبوون. نامەیەکی دایکی هاتەوە یاد کە باسی مردارەوەبوونی هەموو باڵندەکانی کردبوو، بۆیە ئەویش بۆ چەند مانگێک سەفەرەکی دوا خست، تا سواری کەشتییەک ببێت کە لە فۆرتونێش لا دەدات بۆ ئەوەی بیستوپێنج جووت لە کەنارییە هەرە جوان و نایابەکان لەگەڵ خۆی بەرێ، تا ئاسمانی ماکۆندۆی پێ برازێنێتەوە. ئەمە یەکێک بوو لەپلانە هەرە شکستخواردووەکانی. چونکە باڵندەکان تا زیاتر زاوزێیان بکردبا، ئامارنتا ئورسولا زیاتری لێ بەرەڵلا دەکردن، بەڵام مەلە ئازادکراوەکان خێرا گوندەکەیان جێ دەهێشت. هەموو هەوڵێکی دا تا سەرنجیان بۆ ژیانی ئەو کولانە و قەفەسانە ڕابکێشێ، کە کاتی خۆی، ئورسولا، لەگەڵ دروستکردنەوەی خانووەکە، دروستی کردبوون، کەچی بێسوود بوو. لەنێو دارچوالەکان، هێلانەی دەسکردی بۆ دروست کردن، لەسەر خانووەکان هەرزنی بۆ ڕۆ دەکردن؛ هەوڵی ئەوەی دەدا حەپسبووەکان کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی بە جریوەکانیان، مەلە هەڵهاتووەکان بگەڕێنێتەوە، بێسوود بوو، هەر کە دەرفەتێکیان دەست کەوتایە، بۆ ئاسمان بەرز دەبوونەوە، سەرەتاش لە ئاسمان بازنەیەکیان دروست دەکرد و بەپێی پێویست تاکوو ڕێگەی گەڕانەوەیان دەدۆزییەوە و ئاڕاستەی فۆرتونیان وەر دەگرت و دەگەڕانەوە مەڵبەندی یەکەمیان.

سەرباری ئەوەی ئامارانتا ئورسولا لە دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانە سەرکەوتوو نەبوو، ساڵێکیش دوای گەڕانەوەی، هیچ ئاهەنگێکیشی ساز نەکرد، کەچی پێداگریی دەکرد و بڕوای وا بوو لە توانایدایە خەڵکی ئاواییەکە لەو

بەدبەختییە ڕزگار بکات، ئەو خەڵکەی ئارەزووی دەکرد لەناویاندا بژیێ. گاستۆنی مێردیشی، هەموو هەوڵێکی دەدا تا زیزی نەکات، کەچی ئەو نیوەڕۆ گەرمەی لە شەمەندەفەرەکە دابەزی، زوو لەوە تێگەیشت کە بڕیاری هاوسەرەکەی وەک تراویلکەیەکی نوستالژییە. دڵنیا بوو ئامارانتا ئورسولا دێتەوە سەرخۆی، تەنانەت ئەو زەحمەتەشی بە خۆی نەدا تا پاسکیلەکەی ببەستێتەوە، کەچی بۆ خۆخافڵاندن سەیری تەونی ئەو جاڵجاڵۆکانەی دەکرد، کە کرێکارەکان لە قەد دیوارەکان لێیان دەکردەوە، بە نینۆک هەرە جوانترین هێلکەشی دەکڕاند، سەیری دەکرد چۆن بەچکە جاڵجاڵۆکە لە هێلکەکانەوە دەترووکێن، بە سەعات بەدیاریانەوە دادەنیشت و بە زەرەبین سەیریانی دەکرد. درەنگتریش، کاتێک ئامارانتا ئورسولای بینی بەردەوامە لە چاککردنەوەی خانووەکە، دەیگوت ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە تا بیسەلمێنی کە تەسلیم نەبووە، بڕیاری دا پاسیکیلە هەڵوەشاوەکەی پێکەوە بنێ، ڕینگی پێشەوەی لەوەی دواوەی زۆر گەورەتر بوو، کاتی خۆی بە ڕاوەوە خەریک دەکرد، بابەتی لەبارەی ئەو هەموو مێش و مەگەزە خۆماڵییانەوە دەنووسی، کە بەرچاوی دەکەوتن، دواتر دەیکردنە ناو شووشەی بەتاڵی مرەبا و دەینارددەوە بۆ مامۆستایەکی پێشووی، کە وانەی مێژووی سروشتی لە زانکۆی لیەژ دەوتەوە. سەرباری ئەوەی دواتر پیشەی فڕۆکەوانییشی هەڵبژراد، کەچی لە بواری حەشەراتناسی خوێندنێکی زۆری بەدەست هێنابوو. تا بە پاسکیلەکەی بگەڕێ، دەبوو پانتۆلی تەنافبازان بکاتە بەری، پێڵاوی کەڕەناژەنان و کاسکێتێکی پۆلیسی پشکنینی لەسەر

دەکرد، بەڵام کاتێک پیادەڕەویش بووایە، قاتێک چاکەت و پانتۆڵی زۆر نایابی لەبەر دەکرد، جووتێ پێڵاوی سپی، بۆینباغێکی بچووکی ئاوریشم، کڵاوێکی پووشی لەسەر دەنا، دارحەیزەرانێکیشی بە دەستەوە دەگرت. بیلبیلەکانی کاڵ بوون، سیما دەریاوانییەکەی تۆختر دەکرد، جووتێ سمێڵیشی بەر دابووەوە، هەر بە مووی سیمۆرەیان دەکرد. سەرباری ئەوەی پانزە ساڵێک لە ئامارانتا ئورسولا گەورەتر بوو، کەچی هەوای گەنجانەی هەبوو، زۆریش بەتەنگی ئەوەوە بوو، کە دڵخوازەکەی بەختەوەر بکات، لە ئەویندارییشدا تایبەتیی دەنواند، بۆیە جیاوازیی تەمەنیانی شاردبووەوە. ڕاستییەکەی، هەرکەسێک ئەو پیاوە چل ساڵەیەی ببینییایە چۆن بەو کەشخەییەوە جلوبەرگ لەبەر دەکات، چۆن ملپێچی ئاوریشمی دەئاڵاندە ملی، چۆن سواری پاسکیلی سێرک دەبوو، مەحاڵ بوو خەیاڵی بۆ ئەوە نەچێ، کە لەگەڵ ژنەکەی گرێبەستی ئەوینێکی شێتانەی مۆر کردووە، نەک تەنها ئولفەتیان بەیەکەوە گرتبوو، تەنانەت هەرکاتێک بیانویستبا، لە نالەبارترین شوێنیش بووایە، دەستیان بە ئەوینداری دەکرد. بەم جۆرە، هەر لە ڕۆژی یەکەمی یەکترناسینیانەوە، شەیدای یەکتر بوون، بە تێپەڕینی کات و بارودۆخیش، هەندەی دەیکە ئەم شەیداییە نامۆتر دەبوو، تا دەهاتیش، قووڵ و زەنگینتر دەبوو. نەک تەنها گاستۆن ئەویندارێکی کێوی و خاوەن زانیاری و خاوەن خەیاڵێکی بێسنوور بوو، بەڵکوو بەبێ هیچ گومانێک، یەکەمین پیاوی ڕەگەزی بەشەر بێ، بەناچاری لەناو وەنەوشەجاڕێک فڕۆکەکەی بنیشێنێتەوە، هەندەی نەمابوو خۆی و دەزگیرانەکەشی لەناو بچن، ئەویش تەنیا

لەبەر ئەوەی ویستی ئەوینداری لەگەڵ ئامارانتا ئورسولا بکات.

سێ ساڵ پێش ئەوەی زەماوەند بکەن، یەکترییان ناسیبوو، ڕۆژێکیان بە فڕۆکە وەرزشییەکەیەوە بەسەر قوتابخانەکەی ئامارانتا ئورسولا یاریی دەکرد، مانۆڕێکی بوێرانەی ئەنجام دا بۆ ئەوەی بەر ستوونی ئاڵای قوتابخانەکە نەکەوێ، ئەو هەیکەلە سەرەتاییەی لە خامی قیرڕێژکراو و تەنەکەی ئەلەمنیۆم دروستکرا بوو، کلکی لە تێلی کارەباکە گیر بوو. لەو ڕۆژە بەدواوە، بەبێ ئەوەی بیر لە ڕانە لەگەچگرتووەکەی بکاتەوە، هەموو کۆتاییی هەفتەیەک دەچوو بۆ بەشی ناوخۆی قوتابخانەی ئایینی، بەدوای ئامارانتا ئورسولا، وەک خواستی فێرنانداش، یاسا و دەستوورەکانی بەشی ناوخۆ، زۆر توندوتۆڵ نەبوون، ئەوجا لەگەڵ خۆی دەیبردە یانەی وەرزش. پێکەوە، لە بەرزایی پێنج سەد مەتردا ئەوینداریبیان دەکرد، لەنێو هەوای یەکشەمموانەی سەر دەشتاییەکان، تا لە خوارەوەش خەڵکیان بچووک دەبینی، هەندەی دیکە ئەوان لە یەکتر نزیک دەبوونەوە. ئامارانتا ئورسولا باسی ماکۆندۆی بۆ دەکرد، وەک درەوشاوەترین و ئاسوودەترین گوندی سەر گۆی زەوی، باسی خانوویەکی گەورە و فراوانی بۆ دەکرد، کە بۆنگەی کێوی لە هەموو سووچێکیەوە دێ، ئارەزووی دەکرد لەوێ لەگەڵ مێردێکی وەفادار و بەئەمەک، تا دواساتەکانی ژیانی بەرێتە سەر، لەگەڵ دوو کوڕێژکەی ژیکەڵە، کە یەکێکیان لەجیاتی ئاورێلیانۆ ناوی ڕۆدریگۆ بێ و ئەوەی تریان لەجیاتی خۆسێ ئەرکادیۆ، ناوی گۆنسالۆ بێ، لەگەڵ کچێکیش، لەجیاتی ڕێمێدیۆس، ناوی فێرخینیا

بێ. ئامارانتا ئورسولا لە کاتی باسکرن و ناوهێنانی گوندە نوستالژییەکەی، هەند خۆشەویستی و شەیداییی دەر بڕیبوو، هەند پێداگریی کردبوو، گاستۆن لەوە تێگەیشت، ئەگەر لەگەڵی نەچێتە ئەوێ، ئامادە نییە شووی پێ بکات. گاستۆن ڕازی بوو، وەک چۆن دواتریش بەوە ڕازی بوو کە پەتێکی ئاوریشمیش بخاتە ملی، چونکە لای وا بوو ئەمە جۆرە هەوەسێکی کاتییە و بە تێپەڕینی کات لەناو دەچێ، کاتیش هەموو شتێک چارەسەر دەکات. کەچی دوای دوو ساڵیش، ئامارانتا ئورسولا وای دەزانی ڕۆژی یەکەمە، هیچ بێزارییەکی لە ماکۆندۆ دەر نەدەبڕی، کەچی گاستۆن هەستی بە نیگەرانی دەکرد. ئا لەو کاتەدا بوو، کە هەرچی پێشوولە و مێشوولەی ئەو ناوچەیە هەبوو، هەمووی وشک کردەوە، بەجوانی بە ئیسپانییەکی خۆماڵی قسەی دەکرد، هەرچی خشتەی وشەی یەکتربڕی ئەو گۆڤارانە هەبوو کە لە ڕێگەی پۆستەوە بە دەستی دەگەیشتن، هەمووی پڕ دەکردنەوە. نەیدەتوانی ئاووهەوا بکاتە بیانوو، چونکە سروشت جگەرێکی هەند ساغ و پتەوی پێ بەخشیبوو، زۆر ئاساییانە دەیتوانی بەرگەی گەرما و هالاوی پاشنیوەڕوان و خواردنەوەی ئاوی پرگەرای کرم بگرێ. هەند حەزیشی لە مەتبەغخ کریۆل بوو، جاری وا هەبوو تەنیا لە یەک ڕۆژدا هەشتاودوو هێلکەی بزنمژۆکی دەخوارد. بە پێچەوانەشەوە، ئامارانتا ئورسولا، لە سنوقی ساردی تایبەتدا، ماسی و زیندەوەرانی زەریای بە شەمەندەفەر بۆ دەهات، گۆشت و میوەی هەلگیراو، گۆڤاری مۆدەی لە ڕێگەی پۆستەوە بە دەست دەگەیشت، بەردەوامیش وەکوو ئەورووپییەکان جلوبەرگی لەبەر دەکرد، هەرچەندە هیچ

شوێنێکیش نەبوو بۆی بچێ، نە کەسێکیش هەبوو بچێ سەری لێ بدا. چیی دی مێردەکەشی حەوسەڵەی ئەوەی نەمابوو بەرگەی کراسە کورتەکانی بگرێت، بەرگەی کڵاوە لارەکەی و گەردانە حەوتڕێزەکەی بگرێت. نهێنییەکانی ئامارانتا ئورسولا ئەوە بوو، هەمیشە شتێکی دەدۆزییەوە بۆ ئەوەی خۆی پێوە خەریک بکات، ئەو گرفتانەی چارەسەر دەکرد، کە هەر خۆی دروستی دەکردن، هەندێ جاریش بەهەڵەشەیی چەند کارێکی ئەنجام دەدا و دەبوو جارێکی دیکە چاکی بکاتەوە، هۆگریی تێکدان و سەرلەنوێ چالاککردنەوەی لە فێرناندەوە وەک میراتێکی دزێو بۆ مابووەوە. بلیمەتیی ئاهەنگسازکردنی هەند پتەو بوو، بەردەوام قەوانی نوێی بەدەست دەگەیشت، گاستۆنی دەبردە ساڵۆنەکە بۆ ئەوەی سەیری بکات چۆن هەنگاوی سەما هەڵدەنێ، هاوڕێیەکانی لەسەر کاغەز بۆیان وەسف دەکرد، دەبوو ئەویش مەشقیان لەسەر بکات؛ زۆر جاریش، هەر بەڕووتوقووتی لەسەر زەوییەکە، پێکەوە لەسەر قەنەفە ڤیەننابییەکە ئەویندارییان دەکرد. تەنیا ئەوەی نوقسان بوو، کە چەند منداڵێکی ببێ تاکوو بەتەواوی بەختەوەر ببێ، بەڵام ڕێزی لەو ڕێککەوتنە دەگرت، کە لەگەڵ مێردەکەی بەستبووی، ئەویش ئەوە بوو، دەبوو پێنج ساڵ بەسەر زەماوەندیاندا تێپەڕێ، ئینجا منداڵی ببێ.

گاستۆنیش بیری دەکردەوە چۆن ڕۆح بکاتە بەر کاتە مردووەکانی، هەندێ جار، تاقی بەیانییان لەگەڵ ئاورێلیانۆی کێوی دەچووە ژوورەکەی میلکیادێس. حەزی دەکرد لەگەڵ ئەو باسوخواسی تایبەت سەبارەت بە وڵاتەکەی خۆی بورووژێنێ، ئاورێلیانۆش هەند شارەزا بوو، وەک

ئەوەی چەندین ساڵ لەوێ ژیابێ. کاتێک گاستۆن پرسیاری ئەوەی لێ دەکرد چۆن ئاورێلیانۆ شارەزای ئەو هەموو زانیارییانەیە، کە تەنانەت لەناو ئینسایکلۆپیدییاکەشدا بوونی نەبوو، هەمان ئەو وەڵامەی دایەوە، کە کاتی خۆی وەڵامی خۆسێ ئەرکادیۆی دابووەوە، "هەموو شت قابیل بە زانینە." ئاورێلیانۆ جگە لە زمانی سانسکریتی، ئینگلیزی و فەرەنسی و هەندێک یۆنانی و لاتینیش فێر ببوو. لەبەر ئەوەی ئیدی بۆی هەبوو هەموو پاشنیوەڕوانێک بچێتە دەرەوە، هەفتانەش ئامارانتا ئورسولا بڕەپارەیەکیی بۆ بڕیبووەوە، ژوورەکەی ببووە بەشێک لە کتێبخانەکەی زانا کەتەلانەکە. تا درەنگانی شەو، خەریکی خوێندنەوە بوو، گاستۆن دڵنیا بوو لەوەی ئەو کتێبانە ناخوێنێتەوە بۆ ئەوەی زانیارییان لێوە هەڵهێنجێ، بەڵکوو بۆ ئەوەی لە زانیارییەکانی خۆی دڵنیا بێ، لەنێو ئەو هەموو نووسراوانەدا، تەنها نووسراوەکانی مێلکییادێسی بەلاوە گرینگ بوو، تاقی بەیانییانی بۆ خوێندنەوەی ئەو نووسراوانەوە تەرخان دەکرد. گاستۆن و ئامارانتا ئورسولا ئارەزوویان دەکرد ئاورێلیانۆ تێکەڵی ژیانی خێزان بێ، بەڵام ئاورێلیانۆ کەسێکی داخراو و گۆشەگیر بوو، هەڵم و هالاوێکی نهێنی دەوری دابوو، بە تێپەڕینی کاتیش، چڕتر دەبووەوە. خاوەن تەبع و سروشتێکی هەندە داخراو بوو، کاتێک گاستۆن ویستی هاوڕێیەتیی لەگەڵ بکا، هەموو هەوڵ و تەقەللایەکیشی بەفیڕۆ چوو. بۆیە گاستۆن دەبوو لە شتی دیکە بگەڕێ بۆ ئەوەی کاتە بەتاڵەکانی خۆی پێ پڕ بکاتەوە. ئا لەو دەمەدا بوو بیری لە دامەزراندنی پۆستی ئاسمانی کردەوە. نامەناردن لە ڕێگەی فڕۆکەوە.

ئەمە پڕۆژەیەکی نوێ نەبوو. لە ڕاستیدا، کاتێک ئامارانتا ئورسولای ناسی، تەواوێک ئەو پڕۆژەیە پێشکەوتنی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیبوو، بەڵام بیری لە ماکۆندۆ نەکردبووەوە، بەڵکوو بیری لە کۆنگۆی بەلجیکا کردبووەوە، چونکە لەوێ بنەماڵەکەی سەرمایەگوزارییان لە کەرتی ڕۆنی خورما هەبوو. زەماوەند و بڕیاڕی سەفەری بۆ ماکۆندۆ و مانەوەی بۆ چەند مانگێک تاکوو هاوسەرەکەی دڵخۆش بکات، کەمێک پڕۆژەکەی دوا خست. بەڵام کاتێک هەستی کرد ئامارانتا ئورسولا بەتەمای دامەزراندنی کۆمەڵەیەکە بۆ چاککردنی بارودۆخی گشتی، کاتێکیش گاستۆن ئاماژەیەک بۆ ئەگەری گەڕانەوە کرد، ئامارانتا ئورسولا پێی پێکەنی و گاستۆنیش لەوە تێگەیشت، کە ئەم مانەوەیە زۆر درێژە دەخایەنێ، پەیوەندیی لەگەڵ شەریکەکەی برۆکسێل دروست کرد و بیری لەوە کردەوە، کە لەجیاتی ئەفەریکا، دەکرێ ئەو پڕۆژەیە لە کاراییبیش سەرکەوتن بەدەست بهێنێ. لە کاتێکدا ئەم هەوڵانە ڕێڕەوەی خۆیان وەر دەگرت و پێشکەوتنی بەرچاویان بە خۆیانەوە دەبینی، گاستۆن بۆ نیشتنەوەی فڕۆکە پیستێکی لە ناوچە سیحراوییەکە دروست کرد، تا ئەو دەمە دەتگوت دەشتاییەکی ڕەقوتەقە، بە بەردی چەرخی درزبردووی دەکرد، لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئاڕاستەکانی "با" و جوگرافیای کەنارەوەکان و هێڵ و ڕێگەی هەواییی گونجاو ئەنجام دا؛ بەبێ ئەوەی هەست بەوە بکات ئەم جۆشوخرۆشە زۆر بە جۆشوخرۆشی میستەر ئێربێری دەکرد، بۆیە وردەوردە بەدگومانی لەنێو دانیشتووانی ئاواییەکەدا دروست کرد، وایان لێک دەدایەوە، کە نەخشەی ئەم پیاوە، نەخشەی هێڵی

فڕۆکەوانی نییە، بەڵکوو دامەزراندنەوەی کارگەی مۆزەکەیە. گاستۆن بەو بیرۆکە کتوپڕە دڵخۆش بوو، چونکە دەبوو پاساوێکی هەبێ تا لە ماکۆندۆ بمێنێتەوە، چەند سەفەرێکی ئەنجام دا، تەنانەت چووە پایتەختی هەرێمایەتی، چاوی بە دەسەلاتداران کەوت، مۆڵەتی وەر گرت، گرێبەستێکی ڕەهاشی لەگەڵیاندا واژۆ کرد. کەچی ئەو نامانەی بۆ شەریکەکانی لە برۆکسێل دەنووسین، هەر بە نامەکانی فێرناندایان دەکرد، کە بۆپزیشکانی نادیار دەینووسین، لە کۆتاییشدا، ڕازییانی کرد تا فڕۆکەکان بە کەشتی بار بکەن و میکانیکێکی ئەزموونداریشیان پەیدا کرد بۆ ئەوەی پارچە هەڵوەشاوەکان، لە نزیکترین بەندەر بەیەکەوە ببەستێتەوە و بە ڕێگەی ئاسمانییەوە بیانگەیەنێتە ماکۆندۆ. ساڵێک دوای مەسحکردن و لێکۆڵینەوەی کەشوهەوا و دڵنیابوونی لە پەیمانە دووپاتەکانی شەریکەکانی، بەوە ڕاهاتبوو کاتێک بە جادەوبانەکاندا پیاسەی دەکرد، هەمیشە سەرنجی ئاسمانی دەدا و گوێی لە کزەی شەماڵ دەگرت و چاوەڕوانی هاتن و نیشتنەوەی فڕۆکەی دەکرد.

هەرچەندە خودی ئاورێلیانۆ لەوە تێنەگەیشتبوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئامارنتا ئورسولا ژیانی گۆڕانکاریی بەسەردا هات. دوای مردنی خۆسێ ئەرکادیۆ، بوو بە کڕیارێکی هەمیشەیی زانای کتێبفرۆشی کەتەلانی. سەربەست بوو، کاتێکی زۆریشی بەدەستەوە بوو، جۆرە فزوولییەتێکی سەبارەت بە ناسینی گوندەکە تیا بووژایەوە، ناسینی گوندیش هیچ موفاجەئەیەکی تیا دروست نەکرد. بەنێو جادەوبانە تەپوتۆزاوییە چۆڵوهۆڵەکاندا دەگەڕا، زیاتر

بە چاوی زانایەک لە شتەکان ورد دەبووەوە، وەک کەسێکی ئاسایی سەری دەکردە نێو خانووە خاپوورەکاندا، سەیری شیشی ئاسنی پەنجەرە شکاوەکان و ژەنگلێنیشتووەکان و باڵندە مرداروەبووەکانی دەکرد. سەرنجی خەڵکی ئاواییی دەدا چۆن یادەوەرییەکان شانیانی داچەکاندووە. هەر بە خەیاڵ دەیویست ڕەونەقی شارۆچکەی کارگەی مۆزەکە بهێنێتە پێشچاو، حاڵی حازر لە چنگی ویرانە زیاتر، شتێکی دیکە نەبوو؛ لێوانلێوی مەلەوانگە وشکەکەش پێڵاوی پیاوانە بوو، پێڵاوی ژنانەی ڕزیو، گژوگیای سەگانە خانووە وێرانەکانی لە ژێرەوە هەڵتەکاندبوو، کەلاکی سەگێکی ئەڵمانیی بینی، هێشتا زنجیرەکەی بە ملەوە بوو، تەلەفۆنێک زەنگی لێدەدا، زەنگی لێدەدا و زەنگی لێدەدا تاکوو هەڵی گرت، گوێی لە ژنێک بوو، بەدڵەڕاوکێوە، لە دوورەوە، بەئینگلیزی قسەی دەکرد، بە بەڵێ وەڵامی دایەوە، مانگرتن کۆتایی هات، تەرمی سێ هەزار کەسەکەیان فڕێ دایە دەریاوە، کارگەی مۆزەکەی ئەوییان جێ هێشتووە، ئێستا گوندی ماکۆندۆ، دوای چەندین ساڵ، بە هێمنی و ئاسوودەیی دەژین. ئەم گەڕانانە بردییە گەڕەکی قەحپەخانەکان، تەواو وێران ببوو، جاران بەسەفتە کاغەزی دراویان دەسووتاند بۆ ئەوەی ئاهەنگی گەرموگوڕی پێ ساز بکەن، ئێستاش بووەتە جادە و کۆلانی زیگزاگ، لە هەموو جادە و بانەکانی دیکە هەژارتر و بەدبەختتر دیار بوون، هێشتا چەند گڵۆپێک داگیرسابوون، هۆڵی سەما چۆڵوهۆڵ، بە گوڵی کاغەزین ڕازێندرابووەوە، چەند بێوەژنێکی پەژمووردەی تەنیای لێ بوو، داپیرە فەرەنسییەکان و خانمە بابیلۆنییەکان، هێشتا لەتەنیشت ئامێری قەوانەکان چاوەڕێیان

دەکرد. ئاورێلیانۆ چاوی بە کەسێک نەکەوت، کە بنەماڵەکەی ئەو بناسێ، تەنانەت ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگشیان نەدەهاتەوە یاد، جگە لە پیرەمێردێکی پێستڕەشی خەڵکی دوورگەی ئانتی نەبێ، ئەو پیرەمێردەی سەری دەتگوت پەمووە، تەواوێکیش بە وێنەیەکی نێگەتڤی دەکرد، بەردەوام ئێواران، لەژێر دەروازەکەدا، تەرتیلەی غەمگینی دەوتەوە. ئاورێلیانۆ بە شێوەزاری دوورگەی ئانتی، چەند هەفتەیەک بوو فێری ببوو، قسەی لەگەڵ کرد، دووکەڵی دەکرد، هەندێ جاریش، شۆربای سەرەکەڵەبابیان پێکەوە دەخوارد، یەکێک لە کیژۆڵەی نەوەکانی بۆیانی لێدەنا؛ ژنە پێستڕەشێکی کەتە و زەبەلاح بوو، سمتی وەک سمتی ماین و مەمکی وەکوو شووتی وا بوون، سەرێکی خڕی هەبوو، خڕێکی تەواو، قژیشی بە تۆپەڵێک سیمی قاپشۆردنی دەکرد، زیاتر بە تەپڵەسەری سوارچاکێکی چاخەکانی ناوەندی دەکرد. ناوی نیگرۆمانتا بوو. لەو سەردەمەدا، ئاورێلیانۆ بە فرۆشتنی قاپوقاچاغ و شەمدان و کەرەسەی دیکەی ماڵەوە بژێویی خۆی پەیدا دەکرد. هەرکاتێک بێپارە بووایە، ئەمەش زۆر ڕووی دەدا، لە خانەکانی دەوروبەری بازاڕەکە سەرەکەڵەبابیان پێ دەدا، ئەگینا فڕێیان دەدایە تەنەکەی زبڵەوە، ئەویش لەگەڵ خۆی دەیبردن بۆ ماڵی نیگرۆمانتا و لەگەڵ نەعنا و پەڵپینە دەیکردە شۆربا. دوای مردنی باپیرەی، چیی دی ئاورێلیانۆ هاموشۆیانی نەدەکرد، بەڵام نیگرۆمانتای لەژێر سێبەری دارچوالەکان، لە مەیدانەکە دەبینی، بە فیکە ئاژەڵە کێوییەکەی، شەوگەڕانی دەگمەنی بۆ خۆی ڕادەکێشا. زۆر جار لەگەڵی دەمایەوە، بە شێوەزاری ئانتی باسی شۆربای سەرەکەڵەباب و چەندین

خۆراکی بەلەززەتی هەژارانەی لەگەڵ دەکرد، ئەگەر ئەو نەیکوتبا موشتەری لێ دەرەوێنێتەوە، ئەگینا ئاورێلیانۆ زۆر حەزی دەکرد لەگەڵی بمێنێتەوە. سەرباری ئەوەی هەندێ جار ئاورێلیانۆ وەسوەسەیەک ختووکەی دەدا، نیگرۆمانتاش هەستی دەکرد ئەمە مەیلێکی سروشتیی سۆزێکی دوولایەنە، کەچی ئاورێلیانۆ لەگەڵی نەدەخەوت. کاتێک ئامارنتا ئورسولا گەڕایەوە ماکوندۆ، ئاورێلیانۆ هەستی دەکرد هێشتا کوڕێکی سەرمۆرە، بە شێوەیەکی برایانەی وا گرتیە باوەش، هەر وەخت بوو تەنگەنەفەسی بکات. هەرکاتێکیش ئاورێلیانۆ ئامارانتا ئورسولای ببینییایە، هەرجارێکیش فێرە سەمای هاوچەرخی کردبا، هەستی دەکرد ئێسقانەکانی وەک ئیسفەنج خۆیان ڕادەپسکێنن، وەک چۆن هەمان شت لای باپیرەگەورەشی ڕووی دا، کاتێک لەگەڵ پیلار تێرنێرا، بە بیانووی فاڵگرتنەوە بردبوویە ناو عەمبارەکە. ویستی بە خوێندنەوەی زیاتری نووسراوەکانی میلکییادێس ئەو ئازارە سووکتر بکا، ویستی خۆی لە نەوازشی و دەسبازیی بێگوناهانەی پووری بپارێزێ؛ شەوانی پڕ لە دڵەڕاوکێی ژەهراوی دەکرد، کەچی تا زیاتر لەدەستی هەڵدەهات، زیاتر گوێی لە تریقەی پێکەنینەکانی دەبوو؛ زیاتر گوێی لە هاواری پشیلەئاسای دەبوو، لێوانلێوی بەختەوەری بوو، زیاتر گوێی لە گۆرانییە ستاییشکەرانەی دەبوو، گوێی لە ناڵە و نووزانەوە حەشەرییەکانی دەبوو، نە سەعاتی دیار بوو نە شوێن، لەو سووچانە ئەویندراری دەکرد، کە هیچ خەیاڵێ پەیی پێ نەدەبرد. شەوێکیان، تەنیا دە مەتر لە تەختی خەوتنەکەی ئاورێلیانۆوە دوور بوون، لەسەر مێزی زێڕنگەریی تاقیگەکە، ئەو دوو ژن و مێردە

بە عەجولی و جووڵەکانیان شووشەکانیان شکاند، لەنێو گیراوەی ترشی موریاتیک، ئەوینداریان کرد. ئاورێلیانۆ نەیتوانی تەنانەت یەک چرکەش چاو لەیەک بنێ، بەڵکوو رۆژی دواییش تووشی تایەک بوو، وەک شێت و هار دەگریا و هاواری دەکرد. ئەو شەوەی لەژێر سێبەری دارچواڵەکانی بردە سەر، چاوەڕێی نیگرۆمانتای دەکرد، وای دەزانی چاوەڕوانییەکی ئەبەدییە، دەتگوت نووکەدەرزیلەی تەزیوی نەسرەوتن لەشی کون دەکا، ئەو پەنجا سانتۆڤەیە توند لەناو چنگی گرتبوو، کە لە ئامارانتا ئورسولا وەری گرتبوو، نەک لەبەر ئەوەی پێویستیی پێی بوو، بەڵکوو بۆ ئەوەی بیخاتە دۆخێکی ئاڵۆزەوە، ملکەچی بکات، بەپێی سەرشێتیی خۆی، هەر وەک خۆی بیەوێ، بیگێ. نیگرۆمانتا بردیە ژوورەکەی خۆیەوە، مۆمێکی لێ بوو بۆ چاوەزار بەکاری دەهێنا، دواتر بردیە سەر دۆشەکێک، پەڵەی ئەوینداریی ناشرینی پێوە بوو، پاشان خستیە سەر لەشە سەگانە نەوسنەکەی، شێت و هار، بێبەزەیی، بە شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە کرد، وەک بڵێی مامەڵە لەگەڵ منداڵێکی تۆقیو دەکات، کەچی لەپڕێکدا بەرەوڕووی پیاوێکی پتەوە و خۆڕاگر بووەوە، لە هەناویەوە تەکانێک پەیدا دەبوو، دەتگوت بوومەلەرزەیە.

بوون بە ئاشقەوباشقە. ئاورێلیانۆ بەیانییان خەریکی کردنەوە شفرەی نووسراوەکان بوو، پاشنیوەڕوانیش، کاتی سەرخەوشکاندن، دەچووە ژوورەکەی نیگرۆمانتا، لەوێ چاوەڕێی دەکرد تا فێرە شێوە و شێوازەکانی ئەویندارییی بکات: جارێکیان، وەکوو کرمی ژێرزەوی و جارێکیش وەکوو هێلکەشەیتانۆکە، دواجاریش وەکوو قرژاڵ و ئیدی نیگرۆمانتا

ناچار دەبوو ڕابکشێ و خۆی بداتە دەست ئەوینی بەرەڵلاوە. دوای چەند هەفتەیەک، ئینجا زانیی کەمەری نیگرۆمانتا جۆرە ئەڵقەیەکی پێوەیە، دەتگوت لە ژێی ڤیۆلێنسێل دروست کراوە، کەچی ڕەق بوو، وەک تێلی پۆلاش قاییم، بەبێ ئەوەی جێگەی لەحیمیش دیار بێ، چونکە هەر بەو ئەڵقەیەوە لەدایک ببوو، لەگەڵیشیدا گەورە ببوو. کەم تا زۆر، لەنێوان دوو ئەویندارییدا، هەر لەسەر جێگەکە نانیان دەخوارد، لەنێو ئەو گەرما ورکەرەدا، لەژێر ئەو پەڵە ئەستێرانەی بە ڕۆژی ڕووناکیش دیار بوون، مەبەست لە ژەنگەکانی بنیمچ بوو، کە تووتیاکە دروستی کردبوون. ئەمە یەکەمین جاری بوو نیگرۆمانتا پیاوێکی جێگیری هەبێ، گانکەرێکی ماڵەوە، وەک خۆی دەیگوت، وەختبوو لەبەر پێکەنین گیانی دەر بچێ، هەندەی نەمابوو نیگرۆمانتا بەتەواوی گڕاوی بێ، کاتێک ئاورێلیانۆ ئەوەی لەلا درکاند کە عاشقی ئامارانتا ئورسولایە. تەنانەت ئەم جێگۆڕکێیە زامەکانی ساڕێژ نەکرد، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، تا ئاسۆی عیشقی لەلا بەرینتر دەبوو، هەندەی دیکە زیاتر هەناوی دەسووتاند. لەوە بە دواوە، بەردەوام نیگرۆمانتا دەیهێنایە لای خۆی، بە هەمان گەرموگوڕییەوە پێشوازیی لێ دەکرد، بەلام ناچاری دەکرد هەقدەست بدات، لەبەر ئەوەی ئاورێلیانۆش پارەی نەبوو، بەقەرز لەسەری دەینووسی، دوای هەر خەوتنێک، بە نینۆکی پەنجەی کەلەی، هێڵێکی لەپشت دەگاکەوە دەکرد. کە شەویش دادەهات، نیگرۆمانتا لەبەر سێبەری مەیدانەکەدا دەهات و دەچوو، ئاورێلیانۆش دەگەڕایەوە ماڵ، وەک نەناسێک، بە هەیوانەکەدا تێدەپەڕی، بەپەلە سلاوێکی لە ئامارانتا ئورسولا و گاستۆن

دەکرد، وا ڕاهاتبوون، لەو کاتەدا، نانی ئێوارەیان دەخوارد؛ ئەویش دەچووەوە ژوورەکەی، دەرگای لە خۆی دادەخست، نەیدەتوانی نە بخوێنێتەوە، نە بنووسێ، تەنانەت نەیدەتوانی بیریش بکاتەوە؛ پێکەنین و چرپەچرپ و دەسپێکی هەوەس و خۆشی تووشی دڵەڕاوکێی دەکرد؛ دواتریش دەبوونە تەقینەوەی بەختەوەرییەک، شەوان ماڵەکەی سیخناخ دەکرد. ژیانی ئاوریلیانۆ بەم جۆرە دەگوزەرا، دوو ساڵ پێش ئەوەی گاستۆن چاوەڕێی فڕۆکەکە بکات، ئەو پاشنیوەڕۆیەش هەر وا گوزەرا، تاکوو ئەو پاشنیوەڕۆیەی چووە لای زانا کتێبفرۆشە کەتەلانەکە، لەوێ چاوی بە چوار لاوی فشەکەر کەوت، کە لەبارەی ئەو میتۆدانەی لە چاخەکانی ناوەند لەمەڕ قڕکردنی سیسرکەوە داهێنرابوون، چەقەچەقیان بوو. پیرەمێردە کتێبفرۆشەکە دەیزانی ئاوریلیانۆ حەزی لەو کتێبانەیە، کە تەنیا بێدا لێ ڤێنێرابلێ دەیخوێندنەوە، بە شێوەیەک ئاوریلیانۆی بانگهێشت کرد، کەمێ لاساریی باوکانەشی پێوە دیار بوو بۆ ئەوەی تێکەڵی ئەو دەمەتەقێیەی بکات، ئەویش لە چاوترووکاندنێکدا باسی ئەوەی کرد، کە سیسرکە، یەکێکە لە هەرە کۆنترین زیندەوەرە باڵدارەکانی سەر زەوی، لە زەمەنی پەیمانی کۆنەوە، وەک قوربانییەکی لینگەکەوشان ناسراون، بەڵام لە رووی ڕەگەزەوە، دەتوانن خۆیان لە هەموو میتۆدێک بپارێزن، کە مرۆڤ بۆ قڕکردنی ئەوان دای هێناوە؛ سیسرکە توانای بەرگەگرتنی لە قاشە تەماتەی خوێناویی سۆدیۆم پێوەکراوەوە هەیە، تا دەگاتە ئاردی تێکەڵ بە شەکر، چونکە لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤەوە، ئەو هەزار و شەش سەد و سێ جۆرە سیسرکەیەی تا ئێستا

ماون، خۆیان لە دێرنینترین و بەهێزترین و بێبەزییترین میتۆدی قڕکردن پاراستووە، تەنانەت مرۆڤ بۆ لەناوبردنی خۆشی بیری لێ نەکردبووەوە. ڕاستە مرۆڤ خاوەن غەریزەی مانایە، بەڵام دەبێ غەریزیەکی دیکەشی بۆ زیاد بکرێ، ئەویش غەریزی لەناوبردنی سیسرکەیە، وردترین غەریزە و پێویسترینیشیانە. ئەم سیسرکانەش تەنها لە یەک باردا دەتوانن خۆیان لە دڕندەییی مرۆڤ بپارێزن، ئەویش خۆیان لە شوێنە تاریکوتنووکەکان بشارنەوە، لەو شوێنانە دەتوانن بە ئیسراحەت بژێن، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی خۆڕسک لە تاریکی دەترسێ، کەچی بە پێچەوانەشەوە، سیسرکە لەبەر ڕۆشنایی خۆیان دەدەن بەدەستەوە، بۆیە هەر لە چاخەکانی ناوەندەوە، تەنانەت ئەمڕۆشی لەگەڵ بێ، بگرە بۆ چەندین سەدەی دیکەش، تاقە کەرەسەی کاریگەر بۆ لەناوبردنی سیسرکە، ڕووناکی و ڕۆشنایی هەتاوە.

لە ڕێگەی ئەم ئینسایکلۆپیدیا قەدەرییە بوو، دۆستایەتییەکی پتەو لەنێوانیاندا دروست بوو. هەموو پاشنیوەڕوانێک، ئاورێلیانۆ لەگەڵ ئەم چوار لاوە دەمەتەقێکەرە کۆ دەبووەوە، یەکێکیان ناوی ئەلڤارۆ و دووەمیان ناوی خێرمان و سێیەمیان ناوی ئالفۆنسۆ و چوارەمیشیان ناوی گابریەل بوو؛ ئەم چوار لاوە، هەتا دواساتەکانی ژیانیان، هەوەڵین و دوایین هاوڕێی ئاورێلیانۆ بوون. بۆ یەکێکی وەکوو ئەو، نوقم ببووە نێو واقیعی کتێبەوە، دەورووبەری سەعات شەشی ئێوارە، لەناو کتێبخانەکە، گفتوگۆ و دەمەتەقێیەکی گەرموگوڕ دەستی پێ دەکرد، دەمەوبەیانییش دەچوون بۆ قەحپەخانەکە، بۆ ئەو، ئەمە شتێکی نوێ بوو. هەتا ئەو کاتەی ئەلڤارۆ لە یەکێک لە

شەوە بەرەڵلاکانی بۆی نەسەلماند کە ئەدەب یەکێکە لە فێڵە هەرە چاکەکان بۆ ئەوەی بە خەڵکی ڕابوێری، ئەو بیری لە شتی وا نەکردبووەوە. کاتێکی زۆری ویست تاکوو ئاوریلیانۆ درک بەوە بکات، کە سەرچاوەی هەڵسەنگاندێکی هەند ڕەها دەگەڕێتەوە بۆ زانا کەتەلانەکە، ئەو باوەڕی وا بوو مەعریفە هیچ بایەخێکی نییە، ئەگەر بێت و بەکار نەهێنرێت بۆ داهێنانی شێوەیەکی نوێ بۆ کولاندنی نۆک.

ئەو پاشنیوەڕۆیەی ئاوریلیانۆ وانەکەی لەمەڕ سیسرکەوە پێشکەش کردن، وتووێژەکەیان لە ماڵی چەند کچێک تەواو کرد، کە ئەویندارییان لەگەڵ دەکردن، ئەو کچانە ئەم کارەیان لەپێناو بژێوییدا دەکرد. جۆرە قەحپەخانەیەکی شاراوە بوو، دەکەوتە دەوروبەری ماکۆندۆوە. خاوەنەکەی خانمێکی دەمبەخەندە بوو، خووی بەوەوە گرتبوو، کە بەردەوام دەرگاکان بکاتەوە و دایان بخات. ئەو بزە هەمیشەییەشی، دەتگوت لە خۆشباوەڕیی موشتەرییەکانەوە پەیدا بووە، لایان وا بوو شوێنی وا، تەنیا لە خەیاڵدا بوونی هەیە، چونکە تەنانەت شتگەلە بەرجەستەکانیش ڕاستەقینە نەبوون: هەر بە دانیشتن، کاتێک کورسی و مێزەکان دەجووڵانەوە و شوێنی خۆیان دەگۆڕی، لەناو بلندگۆ دڕاوەکەدا مریشکێک کڕ کەوتبوو، باخچەیەک لە گوڵی کاغەزین هەبوو، ڕۆژژمێر، هی سالانی پێش هاتنی کارگەی مۆزەکە دانرابوو، چوارچێوەی لیتۆگرافی بڕاوی تیا بوو، کە لە گۆڤارگەلێک لێکرابوونەوە، کە هەرگیز چاپ نەکرابوون. تەنانەت سۆزانییە بچووکە شەرمنەکانی ئەو دەوروبەرەش، کاتێک خانمی خاوەن شوێنەکە دەینارده شوێنیان بۆ ئەوەی بچن بە بەرەوپیریی،

موشتەرییەکانەوە، جگە لە بەرهەمی خەیاڵ، شتێکی دیکە نەبوون. بەبێ سڵاوکردن دەهاتنەوە ژوورەوە، کراسی گوڵداریان لەبەردا بوو، هێی ئەو کاتانەی تەمەنیان هێشتا نەبووبووە پێنج ساڵان، وەک چۆن لەبەریان کردبوو، هەر وا بەساویلکەییش دایان دەکاند، لەناو گەرمەی ئەویندارییکردندا، بەترسەوە هاواریان دەکرد: دەبینی چەند مەترسیدارە، ساپیتەکە خەریکە دەکەوێتە خوارەوە، هەر کە پێسۆس و نیوەکانیان وەر دەگرت، یەکسەر دەیاندا بە نان و پەنیر، هەر خانمی خاون شوێن پێی دەفرۆشتن، لە هەموو کاتێک زیاتر دەمبەخەندە بوو، چونکە تەنیا هەر ئەو دەیزانی ئەم خۆراکەش، وەک هەموو شتەکانی دیکە ڕاستەقینە نییە. لەو قۆناغەدا، ژیانی ئاورێلیانۆ بە خوێندنەوەی نووسراوەکانی مێلکیادێس دەستی پێ دەکرد و لە ژوورەکەی نیگرۆمانتا کۆتایی دەهات، ئەو قەحپەخانە وەهمییەش یارمەتیی دەدا خۆی لەدەست شەرمنییەکەی ڕزگار بکا. سەرەتا، نەیدەتوانی کەفوکوڵی لەو ژوورەدا دابمرکێنێتەوە، چونکە خاوەن قەحپەخانەکە لەپڕێکدا، لە ناگونجاوترین کاتدا، خۆی دەکرد بە ژوورەکەدا، دەستی دەکرد بە هەڵڕشتنی سەرنجی خۆی سەبارەت بە ئەفسوونی تایبەتیی ئەوانەی ئەویندارییان دەکرد. بەڵام بە تێپەڕینی کات، خۆی بەو سەغڵەتییە بچووکانەی ژیان ڕاهێنا، تەنانەت شەوێکیان لە شەوانی دیکە نائارامتر دیار بوو، لە ژووری پێشوازیکردن، خۆی ڕووت کردەوە و بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، شووشە بیرەیەکیشی لەسەر ئەندامی نێرینەی دانابوو. هەر خۆشی ئەم مۆدە سەیروسەمەرەیەی بڵاو کردەوە، خاوەن شوێنەکە

بـە زەردەخەنەیەکـی هەمیشـەییەوە وەڵامـی دەدایـەوە، بەبـێ هیچ ناڕەزایییـەک، بەبـێ هیچ قایلبوونیکیـش، هـەر وەک ئـەو ڕۆژەی خێرمـان ویستی ئاگر لـە ماڵەکە بـەر بدا بـەو ئەنجەتەی نییە، یا ئـەو ڕۆژەی ئەلفۆنسۆ ملی تووتییەکەی با دا و فڕێی دایـە نـاو مەنجەڵێکـەوە، کـە مریشـکێکی تیـا دەکـولا.

ئاوریلیانـۆ هەمـان هەسـتی بەرامبـەر ئـەو چـوار بـرادەرە هەبـوو، بـە هەمـان سـۆز و هەسـتی هەرەوەزییـەوە خۆشیانی دەویسـت، تەنانـەت کاتێکیـش بیـری لـێ دەکردنـەوە، وەک ئـەوەی بیـر لـە یـەک کـەس بکاتـەوە، بـەلام لـە گابریەلـەوە زیاتـر نزیـک بـوو. شـەوێکیان ئـەم هاودەمـی و دۆستایەتییە ڕووی دا، ئـەو شـەوە هـەر بـە ڕێکـەوت ئاوریلیانـۆ باسـی ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگی بـۆ دەکـردن، کەچـی گابریـەل تەنیـا کەسـێک بـوو بـڕوای نەدەکـرد، وەک بلێـی گاڵتـە بـە کەسـێک بـکات. تەنانـەت خـودی خاوەنماڵەکـەش، هەرچەنـدە عادەتی نەبوو خـۆی هەڵبقورتێنێتـە نێو وتووێژەکانیـان، بـەلام بـە جۆشوخرۆشـی دایانێکـی تـووڕەوە ناڕەزایـیی خـۆی دەر بـڕی و گوتـی لـە بۆنـەی جیـاوازدا نـاوی ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگی بیستبوو، کەسایەتییەک بوو، کە خـودی حکومـەت وەکـوو پاسـاوێک دروسـتی کردبـوو بـۆ ئـەوەی لیبراڵەکانـی پـێ بنبـڕ بـکات. بـە پێچەوانـەوە، گابریـەل گومانـی لـە بوونـی ڕاسـتەقینەی ئاوریلیانـۆ بوێندیـای سـەرهەنگ نەبـوو، بـۆ ئەمـەش، بەڵگەیەکی پتـەوی بەدەستەوە بوو، چونکە هاوەڵێکی چەکداری گیانییبەگیانـی باپیرەگـەورەی بـووە، مەبەسـت لـە خێرینێلـدۆ مارکێـزی سـەرهەنگ بـوو. ئـەم گومانانـە زیاتـر دەبـوون، کاتێـک بـاس دەهاتـە سـەر کوشـتارەکەی کرێکاران.

هەرکاتێک ئاورێلیانۆ ئەم باسەی بکردبایەوە، نەک تەنها خاوەنماڵەکە، تەنانەت هەندێ پیرەمێریش بەسەرهاتی کرێکارەکانی وێستگەی شەمەندەفەرەکە و بەسەرهاتی دوو سەد فارگۆنی پڕی لە لاشەکەیان زۆر بەتوندیی ڕەت دەکردەوە؛ پشتیان بە مەزبەرەی دادگا و کتێبی پۆلی بنەڕەتی قوتابخانەکان دەبەست: کارگەی مۆز بە هیچ جۆرێک بوونی نەبووە. بۆیە لەو کاتە بەدواوە، گابریەل و ئاورێلیانۆ هاودەمی و هاوسۆزییان لەنێواندا دروست بوو، پشتیان بە ڕووداوگەلێکی ڕاستەقینە دەبەست، کەس بڕوای پێ نەدەکردن و بە تەواوییش کاریگەریی لەسەر ژیانیان دروست کردبوو، هەردووک لە پەراوێزی جیهانێکی پڕ لە هەڵبەزودابەز وەلاوەخراو دەژیان، جگە لە یادەوەریی تاڵ، هیچی دیکەی تیا نەمابوو. گابریەل لە هەرشوێنێک خەوی هاتبا، لەوێ دەخەوت. چەند جارێک ئاورێلیانۆ لە تاقیگەی زێڕنگەرییەکە جێگەی کردەوە، بەڵام لەبەر هاوتوچۆ و دەنگە دەنگی مردووان، نەیدەتوانی شەوان چاو لەیەک بنێ. دواتر، ناردیە لای نیگرۆمانتا؛ ئەویش هەرکاتێک دەستبەتاڵ بووایە، دەیبردە ژوورە قەرەباڵغەکەوە، بە هێڵکێکی شاقووڵی حیسابەکەی لەپشت دەرگاکەوە بە نینۆک هەڵدەکڕاند، لەبەر قەرزەکانی ئاورێلیانۆ، شوێنی زۆر کەم مابوونەوە.

سەرباری بێسەروبەریی ژیانیان، گروپەکە لەسەر داوای زانا کەتەلانەکە تێدەکۆشان بۆ ئەوەی کارێکی درێژخایەن بکەن. هەر ئەویش بوو، وەک مامۆستایەکی پێشووی ئەدەبیاتی کلاسیک، خاوەن ئەزموون و ستۆکێکی دەگمەنی کتێبیش بوو، شەوێکیان ناچاری کردن لە سیوحەوتەمین

هەلومەرجی دراماتیکی بگەڕێن. لە گوندێکدا کەسێک نەبوو، نە بە بایەخەوە، نە ئەو ئیمکانیەتەشی هەبوو، قوتابخانەی سەرەتایی تەواو کات. ئاورێلیانۆ زۆر سەرسام بوو بەو دۆستایەتییە، عەیامێک فێرناندای مسکین، ئەو ژیانەی لێ حەرام کردبوو؛ کاتێک بینیی نووسراوەکان خۆیان ئاشکرا دەکەن، دەستی لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی دەستنووسەکان هەڵگرت: پێشبینیی بوون بە هۆنراوە نووسرابوونەوە. بەڵام دواتر لەوە تێگەیشت، کە هەموو شتێک کاتی خۆی هەیە، بەبێ ئەوەی واز لە قەحپەخانەکەش بهێنێ، جارێکی دیکە گەڕایەوە لای دەستنووسەکان و بە ورەیەکی دیکەوە بڕیاری دا دەستیان لێ هەڵنەگرێ، تا دواکلیلی ئەم شفرەکردنە دەدۆزێتەوە. هەر لەو سەردەمەشدا بوو، گاستۆن گوێی لە فڕەفڕی گەیشتنی فڕۆکەکان بوو، ئامارانتا ئورسولا هەستی هەند بە تەنیایی دەکرد، بەیانییەکیان چوو بۆ ژوورەکەی ئاورێلیانۆ.

ئامارانتا ئورسولا پێی گوت، "سڵاو ئینسانخۆر. گەڕایتەوە کولانەکەت."

کراسێکی لەبەردا بوو، داهێنانی خۆی بوو، گەردانەیەکی شووشەییشی لەملدا بوو، ئەویش هەر دەستکردی خۆی بوو، تا بڵێی ئەفسووناوی و لەڕادەبەدەریش جوان بوو. وازی لە پەتە ئاورێشمینەکە هێنابوو، گەیشتبووە ئەو بڕوایەی مێردەکەی بەوەفایە، دوای گەڕانەوەکەی، ئەمە یەکەمین جار بوو، هەندێ کاتی بەدەستەوە بوو. ئاورێلیانۆ پێویستی بە ئەوە نەبوو سەر بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ کێی لێیە. ئامارانتا ئورسولا ئەنیشکی خستە سەر مێزی کارکردنەکە، هەند تەسلیمبوو

دەهاتە پێشچاو، تەنانەت ئاوریلیانۆ گوێی لە قووڵایی خرمەخرمی ئێسقانەکانیشی دەبوو، نووسراوەکان سەرنجی ڕاکێشان. ئاوریلیانۆ هەوڵی دا بەسەر دڵەڕاوکێیەکەیدا زاڵ بێ، دەنگی دەنووسا و دەیگرتەوە، ژیانێک لە دەستی هەڵدەهات و ڕای دەگرتەوە، زاکیرەیەکیش دەبوو بە ماسییەکی وشکهەڵاتوو؛ ئاوریلیانۆ باسی چارەنووسی ئیلاهیی سانسکریتیی بۆ کرد، باسی ئەو ئەگەرە زانستییانەی بۆ کرد، کە دەشێ ئاییندە بە شکڵێکی شەفاف ببینرێت، وەک چۆن لاپەڕەیەکی نووسراو دەخرێتە بەر گڵۆپێک، باسی پێویستیی شفرەکردنی پێشبینییەکان کرد، تا لەخۆیانەوە هەڵنەبزرکێن، هەروەها باسی سانتووریەکانی نۆسترادامۆسی بۆی کرد، باسی ڕووخانی کانتابریی کرد، کە سان میلان پێشبینیی کردبوو. لەپڕێکدا، بەبێ ئەوەی ئاوریلیانۆ باسکردنەکەی ڕا بگرێ، هەستی بە فشارێک کرد، کە لە سەرەتای ژیانیەوە لە ناخیدا سەرەتاتکێی لەگەڵی دەکرد، دەستی لەسەر دەستی ئامارانتا ئۆرسولا دانا، بیری کردەوە، کە ئەم بڕیارە کۆتایی بە گومانەکانی دەهێنێ. کەچی ئامارانتا ئۆرسولا بە شێوەیەکی زۆر ساویلکانە، وەک سەردەمی منداڵی، پەنجەی دۆشاومژەی گرت و لەناو دەستی خۆی هێشتیەوە، ئاوریلیانۆش لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان بەردەوام بوو. هەردووک بەو جۆرە مانەوە، پەنجەیەکی تەزیو، کۆی کردبوونەوە، کە هەڵگری هیچ مانایەک نەبوو، نە بۆ ئەمیان، نە بۆ ئەویان، تا ئامارانتا ئۆرسولا لەو خەونە کورتخایەنە بەئاگا هات و کێشای بە ناوچەوانیدا و هاوارێکی کرد، "مێروولە!" لەو دەمەدا نووسراوەکانی لەبیر چووەوە، بە جووڵەیەکی سەمائاسا، بەرەو دەرگاکە هەنگاوێ هەڵهێنا،

لە بەردەرگاکەشەوە، هەمان ئەو ماچەی بەنێو قامکەکانیدا بۆ ئاوریلیانۆ هەڵدا، کە کاتی خۆی، لە وێسگەی شەمەندەفەرەکە، لە کاتی چوونی بۆ برۆکسێل، بۆ باوکی هەڵی دابوو. ئامارانتا ئورسولا بە ئاوریلیانۆی گوت، "دوایی بۆم باس بکە. ئەوەم لەبیر چوو، ئەمڕۆ دەبێ قسڵ ڕۆ بکەمە سەر شارەمێرووڵەکان."

ئیدی، ئامارانتا ئورسولا، لەو دەمانەی مێردەکەی بێوچان چاوی دەبڕییە ئاسمان، ناوبەناو، کاتێک ڕێی بکەوتایە ئەو ناوە، دەچووە ژوورەکەی ئاوریلیانۆ و ماوەیەکی کورت لەلای دەمایەوە. ئەم ڕەفتارانە ئاوریلیانۆی تووشی وەهم کرد، یەک-دوو مانگ دوای گەڕانەوەی ئامارانتا، ئورسولا لەگەڵ خێزانەکە نانی نەدەخوارد، جارێکی دیکە دەستی پێ کردەوە و دەچوو لەگەڵ ئەوان نانی دەخوارد. گاستۆن دڵی بەمە خۆش بوو. دوای ئەوەی شیرینەمەنییان دەخوارد، پێکەوە دەستیان بە قسە دەکرد، هەندێ جار چەند سەعاتێکی دەخایاند، گلەیی و گازندەی بوو لەدەست شەریکەکانی، هەستی دەکرد خەریکن فێڵی لێ دەکەن. گاستۆن باسی ئەوەشی لەلا دەکرد، کە بەتەمان فڕۆکەکان لە کەشتییەک بار بکەن، کەچی کەشتییش دیار نییە، لە لایەک کارگێڕانی کەشتیوانی دووبارە و سەد بارەیان دەکردەوە، کە ئەو کەشتییە ناگات، چونکە ناوی لەسەر لیستی ئەو کەشتییە نەنووسراوە، کە دەبوو بهێنێتە ناوچەی کارایب، لە لایەکی تریش، شەریکەکانی پێداگرییان دەکرد و دەیانگوت، هەموو شتێک بەدروستی و بەفەرمی ئەنجام دراوە، تەنانەت ئاماژەیان بۆ ئەوەش دەکرد، کە گوایە گاستۆن لە نامەکانیدا درۆیان لەگەڵدا دەکات.

ئەم نامەگۆڕینەوانە گەیشتنە ئاستێکی گوماناوی، تا گاستۆن بڕیاری دا چیی دی نامەیان بۆ نەنێرێت، بیری کردەوە سەفەرێک ئەنجام بدات، بە پێی خۆی بچێتە برۆکسێل و وەزعەکەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، لەگەڵ خۆشی فڕۆکەکان بهێنێتەوە. کەچی سەفەرەکە سەری نەگرت، چونکە ئامارانتا ئورسولا پێداگریی کرد و گوتبووی، تەنانەت ئەگەر مێردەکەشی لەدەست دابێت، نابێ یەک بست لە ماکۆندۆ دوور بکەوێتەوە. دەسپێک، ئاورێلیانۆ لەگەڵ ئەو ڕایە باوە بوو، کە دەگوترا گاستۆن کەرێکی پاسکیلسوارە، ئەمەش جۆرە هەست بە بەزەییەکی تیا جوولاند. دواتر، کاتێک لە قەحپەخانەکە زانیارییەکی زۆری لەمەڕ پیاوانەوە دەست کەوت، ئیدی بیری دەکردەوە کە بەرگەگرتنی بێسنووری گاستۆن لە بێسنووریی شەیدای بۆ ئامارانتا ئورسولاوە سەرچاوەی گرتووە. بەڵام کاتێک زیاتری ناسی و لە نزیکەوە شارەزای بوو، لەوە تێگەیشت کە کارەکتەرە ڕاستەقینەکەی و ئەو گوێڕایەڵییە یەک ناگرنەوە، ئیدی دەستبەدەستنوێژ بوو لەگەڵی، بگرە هەموو ئەو چاوەڕوانییەی پەیوەست بوو بە فڕۆکەکەوە، بە فێڵ و تەڵەکەی لێک دایەوە. لە دڵی خۆیدا دەیگوت، گاستۆن هەندە بێئەقڵ نەبوو، وەکوو باس دەکرا، بەڵکوو تەواو بە پێچەوانەوە، پیاوێکی خاوەن ئیرادە و لێهاتوویی بوو، خاوەن سەبرێکی بێسنوور بوو، دەیویست بە گفتشیرینی بەسەر هاوسەرەکەیدا زاڵ ببێ، هەرگیز "نا"ی لە زمان دەر نەدەچوو، تا هاودەمییەکی بێوێنەی لەگەڵدا دروست بکات، وای لێ بکات لەنێو تەونەجاڵجاڵۆکەکەی خۆی گیر ببێ، تا ئەو ڕۆژەی لە هیوا پووچەکانی خۆی تێدەگات، دەکاتە دۆخێک، هەر

بە دەستی خۆی جانتاکانیان بپێچێتەوە و پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ ئەورووپا. بەزەییەکەی جارانی ئاوریلیانۆ، بوو بە ڕقێکی ملئەستوور. سیستەمەکەی گاستۆنی هەند بەشەیتانانە لێک دایەوە و هەستیشی دەکرد زۆر کاریگەرە، تەنانەت ئەمەی بە ئامارانتا ئورسولا وت. کەچی ئامارانتا ئورسولا، بەبێ ئەوەی بیر لە هەستی ئەویندارى و دڵنیانەبوون و ئیرەیی بکاتەوە، گاڵتەی بەم بەدگومانییە کرد. هەرگیز ئامارانتا ئورسولا بیری لەوە نەکردبووەوە، کە دەشێ لەناو ناخی ئاوریلیانۆدا شتێک ببزوێ، جیاواز لە سۆزی برایانە، تاکوو ئەو ڕۆژەی ویستی قووتوویەکی هەڵووژە بکاتەوە، پەنجەی خۆی بڕی. خێرا ئاوریلیانۆ پەنجەی گرت و بە شێوەیەک، هەند چڵێس و زۆریش بە کەفوکوڵەوە دەستی بە مژینی پەنجەی کرد، بەڕاستی مووچڕکی دەخستە لەشیەوە.

ئامارانتا ئورسولا بە پێکەنینێکی پڕ لە نیگەرانییەوە پێی گوت، "ئاوریلیانۆ! تۆ گەلێ لەوە زۆرزانتری، تا ببیتە ڤامپیرێکی مەعلان."

ئیدی ئاوریلیانۆ خۆی پێ نەگیرا. ناو لەپە برینداره‌کەی پڕ کرد لە وردەماچی هەتیو و دەرچە هەرە نهێنییەکانی دڵی کردەوە و هەناوێکی هەلاهەلابوو هاتە دەنگ، حەیوانێکی مشەخۆری خەوتووی تیا وەگا هاتەوە. باسی ئەوەی بۆ کرد، کە چۆن نیوەی شەو وەک شێت و هار هەڵساوە و بەسەر فانیلە و دەرپێیەکانیدا گریاوە، کە لە حەمام بۆ وشکبوونەوە هەڵی خستبوون. باسی ئەوەشی بۆ کردبوو، کە بە بێتۆقرەمییەکی کەفوکوڵاوییەوە داوای لە نیگرۆمانتا کردووە، تا وەک پشیلە بۆی بنووزێتەوە، بەهەنسکدانەوە بچرپێنێتە

بناگوێ و بلێ، گاستۆن، گاستۆن، گاستۆن، بە چ فێڵێکەوە شووشەی عەترەکانی ئەوی دزییەوە و تا بیهرژێنێتە لاملی ئەو کیژۆڵانەی لە برسا هانایان بۆ باوەشی دەهێنا. ئامارانتا ئورسولا لە سۆزە کەفوکوڵاییەوە زەندەقی چوو، وەک چۆن سەدەفێک خۆی گرمۆڵە دەدا، ئەوها پەنجەکانی داخستنەوە، تاکوو دەستە بریندارەکەی خۆی لە ئازار و بەزەیی قوتار بکات، بوو بە گرێیەکی زوبەرد و زوبەرجەرد ئێسقانی بەردینی بە هەست و شعوور.

هاوارێکی کرد و وەک ئەوەی تفی ڕۆ کردبێ، پێی گوت، "هەی وەحشی! یەکەم کەشتی وەردەگرم و دەگەڕێمەوە بەلجیکا."

پاشنیوەڕۆیەک، ئەلڤارۆ بەهاوارەوە خۆی گەیاندبووە لای زانا کتێبفرۆشە کەتەلانەکە و باسی دوادۆزینەوەی خۆی بۆ دەکرد، باسی بوونی شوێنێکی بۆ کردبوو، کە بە "قەحپەخانەیەکی ئاژەڵین." و بە "منداڵی زێڕین" نێوزەد دەکرێ، هۆڵێکی گەورەی کراوەیە، لە دەرەوەی گوندەکەیە، بە لایەنی کەمەوە، دوو سەد ماسیگرەی تیایە، بە قیژەی کاسکەر، بە کەیفی خۆیان بەو ناوەدا دەگەڕێن و کات دیاری دەکەن. لە دەرەوەی گوندەکەیە، لە حەیارە تەلبەندکراوەکەی پشت مەیدانی سەماکەیە، گوڵی زلی کامێلیای ناوچەی ئەمازۆنی تیایە، شاهۆی ڕەنگاوڕەنگ دەبینرێ، تیمساحی دابەستیی وەک بەراز، هەروەها ماری دوانزە زەنگوڵەشی تیایە، کیسەڵێکی پشت زێڕینیش، لەنێو ئۆقیانووسە بچکۆلە دەستکردەکە، خۆی نوقمی ژێر ئاوەکە دەکات. سەگێکی سپییشی لێیە، نەشمیل و منداڵباز، تۆماوی خۆی بە خۆراک

دەگۆڕێتەوە. لەو شوێنەدا هەوا بە شێوەیەکی تایبەت چڕە، لەوەوپێش هەست بە هەوای وا نەکراوە، هەوایەکە، دەڵێی تازەبەتازە دایان هێناوە، خانمە جوانەکان لەنێو پەڕەی گوڵە خوێناوەییەکان و قەوانە کۆنەکاندا ئۆقرەیان لەبەر بڕاوە و چاوەڕێ دەکەن، شارەزای هەموو جۆرە ئەوینداریيەکن، کە مرۆڤ لە بەهەشتی سەر زەوی دای هێنابێ. شەوی یەکەم، گرووپەکە چوون سەر لە گوڵخانە داخراوە وەهمییەکە بدەن، پیرەژەنێکی بەڕەونەق و بێدەنگیان بینی، لەسەر قەنەفەیەکی یەکنەفەریی بزێو دانیشتبوو، چاودێریی دەرگای چوونەژوورەوەی دەکرد، کاتێک لەنێو ئەو پێنج کەسەی هەندە نەبوو چووبوونە ژوورەوە، پیاوێکی ئێسکدەرپەڕیوی بینی، هەستی کرد کات گەڕاوەتەوە سەرچاوە هەوەڵینەکانی، ڕەش داگەڕاو، ڕوومەتی تەتاری، دەتگوت هەر لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە تا ئەبەد بە ئاولەی تەنیایی دەور دراوە.

خانمەکە بەهەناسەهەڵکێشانەوە گوتی، "ئای! ئاورێلیانۆ!"

دەتگوت لە ژێر تیشکی گڵۆپێکدا چاوی بە ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ دەکەوێ، پێش سەرهەڵدانی جەنگەکان، زۆر پێش نیگەرانیی شکۆمەندی و تەراوگەی شکستی. مەبەست لەو بەرەبەیانە مێژینە بوو، کە سەرهەنگ چووبووە ژوورەکەی و بۆ یەکەم جار بوو لە هەموو ژیانیدا، فەرمان بدات و بڵێ، "دەبێ ئەویندارییم لەگەڵدا بکەی." ئەو خانمە پیلار تێرنێرا بوو. ساڵانێکی زۆر پێش ئێستا، ئەو دەمەی تەمەنی لە سەد و چلوپێنج ساڵ لای دابوو، وازی لەو لاسارییە هێنابوو، کە خۆی بە ژماردنی تەمەنییەوە خەریک بکات،

ئیدی لە پەراوێزی یادەوەرییەکاندا، لەنێو کاتێکی نەبزێودا، لە دەرەوەی ئاییندەیەکی پڕ لە فێڵ و گریمانی تەڵەکەبازی فاڵی خوێندنەوەی کاغەزی قومار بوو، لەنێو ئاییندەیەکی ورد و ئاشکرادا دەژیا.

لەو شەوە بەدواوە، ئاورێلیانۆ خۆی داڵدە دایە نێو نەرمونیانی و سۆزی داپیرەگەورە نەناسراوەکەی. لەسەر کورسییە بزێوەکەی دادەنیشت، باسی ڕابردووی دەکرد، مەزنیی و بەدبەختیی بنەماڵەکەی بەسەر دەکردەوە، باسی سەردەمی زێڕینی ماکۆندۆی دەکرد، کە حاڵی حازر هیچ نییە، کەچی ئەلفارۆ بە قاقای پێکەنینەکانی زەندەقی تیمساحەکانی دەبرد، ئەلفۆنسۆ حەکایەتی ماسیگرەکەی بە لەززەتێکی زۆرەوە دەگێڕایەوە و دەیگوت، هەفتەی ڕابردوو چوار موشتەری ڕەفتاری ناشرینیان نواندبوو، ماسیگرەکە بە نووکەدەنووک چاویانی دەر هێنابوو، گابریەلیش لە ژووری خانمەکە بوو، ئەقڵ و هۆشی لەلای ڕابردوو بوو، خانمەکەش لەگەڵ گابریەل کاتێک ئەوینداریی دەکرد، بەرامبەر بەوە داوای دەکرد نامە بۆ یەکێک لە دۆستە قاچاخچییەکانی بنووسێ، کە لەکەناری ئۆرێنیۆکدا زیندانی کرابوو، پاسەوانەکانی سنوور حوقنەیەکیان تیا ژەنیبوو و ناچاریان کردبوو لەناو لەگەنێکدا پیسایی بکات، تا ئەڵماسەکانی لە سک دەر دەهێنن. ئەو دەمەی ئاورێلیانۆ لە ژوورەکەی دەستبەسەر بوو، ئەم قەحپەخانە ئەسڵییە و ئەو خانمە دایکانەیە مێشک و خەیاڵیان داگیر کردبوو. هەندەی دڵخۆش بوو، ئەوەندەش هەستی بە هەمەئاهەنگییەکی ڕەها دەکرد، لەو دەمەوەی ئامارانتا ئۆرسولا هەموو خەونەکانی پووچ کردبووەوە، چیی دی پاشنیوەڕوان

خەونی بە شتێکی دیکەوە نەدەبینی. دەیوست بە وشە دڵی خۆی بداتەوە، تاکوو یەکێک پەیدا ببێ و ئەو گرێکوێرانەی دڵی بکاتەوە، کە لە سینگی پەنگیان خواردبووەوە، بەڵام تەنیا لە باوەشی پیلار تێرنێرا، پڕ بە دڵی خۆی فرمێسکی گەرمی هەڵدەڕشت. پیلار تێرنێرا لێی گەڕا تا پڕ بە دڵی خۆی بگرێ، بە نینۆکەکانی سەری دەخوراند، کەچی ئەوەی لەلا نەدرکاندبوو، کە لە داخی عیشق دەگریێ، کەچی پیلار تێرنێرا دەسبەجێ دێرینترین فرمێسکی مێژووی بەشەریەتی ناسییەوە.

بەدڵنەوایی‌وە پێی گوت، "دە باشە دەی، ڕۆڵەکەم. ئێستاش پێم بڵێ ئەو کەسە کێیە."

کاتێک ئاورێلیانۆ ناوەکەی درکاند، پیلار تێرنێرا لە ناخەوە پێکەنی، ئەو پێکەنینە درشتەی بە تێپەڕینی کات تەنیا بە گمەی کۆتر دەچوو. لەناو دڵی بنەماڵەی بوێندیا، هیچ ڕازێک نەبوو پەیی پێ نەبردبێ، بە تێپەڕینی سەدەیەک لە فاڵی کاغەزخوێندنەوە و ئەزموونندا، ئەوە فێر ببوو، کە حەکایەتی ئەو بنەماڵەیە دووپاتبوونەوەیەکی بەردەوامە، ئەگەر کاریگەریی کات نەبووایە و تەوەرەکەی تووشی سووان نەکردبا، ئەوە هەتاهەتایە دەخولایەوە.

پیلار تێرنێرا بەبزەوە پێی گوت، "گوێی مەدەرێ. لە هەرکوێیەک بێ ئێستا، چاوەڕێت دەکا."

کاتێک ئامارانتا ئورسولا لە حەمام چووە دەرەوە، سەعات چوار و نیوی پاشنیوەڕۆ بوو. ئاورێلیانۆی بینی بە پێش ژوورەکەیدا تێپەڕی، حەماپۆشێکی نەرمی لەبەردا بوو، وەک مێزەریش خاولییەکی سەری پێچابوو. ئاورێلیانۆ،

دەتگوت لەسەر نووکی پەنجە ڕێ دەکات، دوای کەوت، لەبەر مەستییەکەی، کەمێک بەلادا دەهات، ئەو کاتەی ئامارانتا ئورسولا خەریک بوو حەماموشەکەی لەبەر دەکردەوە، ئاورێلیانۆ چووە ژووری بووکێنییەوە؛ ئەویش لە ترسا، جارێکی دیکە حەماموشەکەی کردەوە بەری. ئامارانتا ئورسولا بەترسەوە ئاماژەیەکی بۆ دەرگای ژوورەکەی تەنیشت کرد کە گاستۆنی لێ بوو، خەریکی نامەنووسین بوو.

ئامارانتا ئورسولا، تەنیا بە لێوجوولاندنەوە، پێی گوت، "بڕۆ دەرەوە."

ئاورێلیانۆ بزەیەکی کرد، وەک ئینجانەیەکی گوڵی بیگۆنیا هەڵبگرێ، بە دوو دەست کەمەری گرت، لەسەر پشت بەری دایەوە سەر تەختی خەوتنەکە. بە ڕاوەشانێکی وەحشییانەوە حەماموشەکەی لەبەر داکەند، ئامارانتا ئورسولاش دەرفەتی ئەوەی نەبوو ڕێی لێ بگرێ، خۆی نووشتاندەوە سەر ئەو ڕووتییە فێنکەی تازەبەتازە خۆی شوشتبوو، پێستی لەمسەرەوە بۆ ئەوسەر یەک ڕەنگ بوو، گەندەموویەک دیار نەبوو، نە خاڵێکی شاراوە دیار بوو کە لە ژوورە تاریکەکانیدا خەیاڵی نەکردبێ. ئامارانتا ئورسولا بەجەختەوە بەرگریی لە خۆی دەکرد، فێڵی ژنانی خاوەن ئەزموونی بەکار هێنا، لەشە لووسە بۆندارەکەی لەژێر چنگی هەڵدەخلیسکاند و هەوڵی دەدا بە ڕانەکانی پاڵ بە قەبرغەیەوە بنێ، بە نینۆک دەموچاوی هەڵکڕاند، کەچی نە ئەم و نە ئەو ئاهێکیان هەڵنەکێشا، کە لەگەڵ هەناسەدانی کەسێک بەروارد نەکرێ کە لە پەنجەرەیەکی کراوەوە سەرنجی

ئاوابوونی هەتاوی مانگی مایس دەدات. شەڕێکی وەحشییانە بوو، کۆششێک بوو، تاکوو مردن، کەچی بەدەر بوو لە هەموو توندوتیژییەک، چونکە هێرشی چەماندنەوە و هەڵهاتنی تارمایی بوون، لەسەرخۆ، وریا، فەرمی، بە شێوەیەکی وا کە لەنێوان پەلامار و پەلامارێکی دیکەدا گوڵەئەتڵەسەکان فریای ئەوە دەکەوتن شکۆفە بکەن، گاستۆنیش لە ژوورەکەی تەنیشتی، خەونی گەڕان لە ئاسمانەکاندا لەبیر چووبووەوە، بە دوو عاشقی نەیاریان دەکرد، کە هەوڵی ئاشتبوونەوەیان دەدا لەناو قووڵاییی حەوزێکی ماسیی شەفافدا. لەنێو گەرمەی نرکەنرکی فەرمییانەی لەشبەرلەشکەوتندا، ئامارانتا ئورسولا لەوە تێگەیشت، کە پارستنی بێدەنگی زۆر لەو شەڕە گەورەترە، کە خەریکن خۆیانی لەبەر لا دەدەن، چونکە بۆی هەبوو ببێتە مایەی گومانی مێردەکەی، کە لە ژوورەکەی تەنیشتی بوو. بۆیە بەبێ ئەوەی واز لەو شەڕە بێنێ، بەلێوگوشینەوە دەستی بە پێکەنین کرد، بەڵام بە گازگرتنی قەستیلە بەرگریی لە خۆی دەکرد، هێدی هێدی دەیوست خۆی لێ بسرکێنێ، تاکوو ئەو ساتەی هەردووک هەستیان کرد لە هەمان کاتدا شەریک و تاوانبارن و ئەم زۆرانبازییە بوو بە هەڵبەزودابەزی ئاسایی، هێرش و پەلامارەکەش بوو بە دەستبازی. لەپڕێکدا، وەک بڵێی بەگەمەکردنەوە ئامارانتا ئورسولا زۆلانە وازی لە بەرگریکردن هێنا، کاتێکیش ویستی بێتەوە سەرخۆی و دەست بە بەرگری بکاتەوە، زراوی لەو شتە چوو، کە خۆی ڕێگەشی بۆ خۆش کردبوو: کار لە کار ترازا. شۆکێکی زەبەلاح لەناو هەناویەوە یخی پێ کرد، حەزی لە ناسینی فیکە نارنجییەکان و جوغزە نادیارەکان بوو، کە

لەودیوی مەرگ چاوەڕوانیان دەکرد، ئیرادەی بەرگریکردنی هێور کردەوە. بەئەستەم ئەو دەرفەتەی بۆ ڕەخسا دەست درێژ بکات، تا خاولییەکی دەسگیر ببێ و وەک لغاو بیخاتە نێوان ددانەکانییەوە بۆ ئەوەی نەهێڵێ میاوێکی پشیلانەی لە زار هەڵوەرێ، کە وەخت بوو هەناوی هەڵدەدڕی.

# ٢٥

شـەوێک لـە شـەوانی ئاهەنگدا، پیلار تێرنێـرا هـەر لەسـەر کورسییە بزێوەکەی گیانی دەر چوو، لە بەردەرگاکە دانیشتبوو، چاودێریـی ئـەوەی دەکـرد کـێ دەچێتـە بەهەشـتەکەیەوە. هـەر وەک خۆشـی وەسـیەتی کردبـوو، هـەر بەدانیشـتنەوە لەسـەر کورسـییە بزێوەکـەی، بەبـێ تابـووت ناشـتیان. لـە نێوەنـد مەیدانـی سـەماکە، هەشـت پیاو، ئینجا توانییـان بـە گوریسـێک شۆڕی بکەنـەوە نێو چاڵێکی قووڵ. هەمـوو کچـە دووڕەگـەکان ڕەشپۆش بوون، لەبەر گریانی زۆر، ڕەنگیان زەرد هەڵگەڕابوو؛ پێـش ئـەوەی کێلێکـی بەردینـی بێنـاو و بـێ ێـژوو لەپشـت سـەری قیـت بکەنـەوە، بـە تیمسـاحێکی ئەمازۆنـی گۆڕەکەیـان داپۆشـی، کچانیـش گـوارە و ئەنگوسـتیلە و دەرزیلەکانـی بەرسـینگیان لێدەکـردەوە و فڕێیـان دەدایـە نـاو چاڵەکـەوە. هەمـوو ئاژەڵەکانیـان ژەهرخـوارد کـرد، دەرگا و پەنجەرەکانیان بـە خشـت و چەمەنتـۆ گـرت، بـە هەرچـوار قوڕنـەی جیهانـدا بڵاوەیـان لـێ کـرد. نـاوەوەی سنوقە لەتەختەدروستکراوەکانیان بە وێنـەی قەدیس و وێنـەی گۆڤار و وێنـە دۆسـتە کاتییەکانیـان ڕازاندبـووەوە، دۆسـتی دوور و خەیاڵـی، گوویـان ئەڵمـاس و

گۆشتی کانیبالیان دەخوارد و لەنێو دەریاکاندا تاجیان دەخستە سەر پاشاکانی یاریی کاغەز.

گەیشتبووە کۆتایی. لەنێو گۆڕەکەی پیلار تێرنێرا، لەنێو تەرتیلە و خشڵە شووشەییی سۆزانییەکاندا، دواشوێنەوارەکانی ڕابردوو تووشی داڕزان دەهات، دوای ئەوەی زانا کەتەلانەکە کتێبخانەکەی داخست، شتێکی زۆر کەم مابووەوە، گەڕایەوە گوندەکەی، کە لەسەر کەناری دەریای ناوەڕاست بوو، گەڕایەوە چونکە سۆز و نوستالژیا بەرەو بەهارێکی دڵگیر ڕاپێچی کرد. کەس نەبوو مەزەنەی ئەو بڕیارە بکات. لەگەڵ کردنەوەی کارگەی مۆزەکە، ناوباونگی ماکاندۆ گەیشتبووە لووتکە، بۆیە ئەو پیاوەش چووبووە ئەوێ، لەدەست چەندین جەنگ هەڵهاتبوو، لە کردنەوەی ئەو کتێبخانە دانسقەیە شتێکی چاکتری دەست نەکەوت. لە کتێبخانەکە کتێبی دەگمەن و نوسخەی چاپی یەکەم دەست دەکەوتن. بە چەندین زمانیش کتێبی لەلا دەست دەکەوت. موشتەرییەکان بەڕێکەوت ڕێیان دەکەوتە ئەوێ، چونکە چاوەڕێی نۆرەی خۆیانیان دەکرد بۆ ئەوەی بچنە ئەو ماڵەی لەبەرامبەر کتێبخانەکە بوو، خەونیان تیا لێک دەدایەوە، هەر بۆیە دەچوونە کتێبخانەکە و لەوێ چاوەڕوانیان دەکرد، بەئەسپایی دەجووڵانەوە و پەڕەکانیان هەڵدەدایەوە، وەک ئەوەی کتێبی فڕێدراوی سەر زبڵخانەکان بن. کابرای کەتەلانییش، نیوەی ژیانی لەنێو گەرما و هالاوی پشتەوەی دوکانەکە بەسەر دەبرد، بە دەستخەتێکی خواروخێچ، بەبێ ئەوەی کەس بزانێ لەمەڕ چ بابەتگەلێکەوە شت دەنووسێ، بە خەتی وەنەوەشەیی لەسەر ئەو لاپەڕانە دەینووسی، کە لە دەفتەری قوتابخانە لێی دەکردنەوە. کاتێک

ئاوریلیانۆ ئەو کابرایەی ناسی، دوو سنوقی پڕ لە نووسراو هەبوو، هەندێ جار بیری بۆ نووسراوەکانی میلکیادێس دەچوو، لەو ماوەیەدا تا سەفەری کرد، سنوقی سێیەمیشی پڕ کرد. بەکورتی، دەکرا بیر لەوە بکرێتەوە، کە ئەم پیاوە هیچ کارێکی دیکەی نەبوو لە گوندی ماکۆندۆ. تەنها لەگەڵ ئەو چوار هاوڕێیە ئاشنایەتیی پەیدا کرد، بەرامبەر بەوەی کتێبی دەدانێ، ئەوانیش فرفرە و کۆلارەیان دەدایێ، ئەو دەمەی هێشتا لە قوتابخانە بوون، هانی دەدان کتێبەکانی سینێکا و ئۆڤید بخوێننەوە. لەگەڵ کتێبی کلاسیک ئاشنایەتیی زۆری هەبوو، دەتگوت ئەو نووسەرانەی لە ماڵی خۆی ناسیون، چەندین شتی لەبارەی نووسەرەکانەوە دەزانی، کە زانینی ئەو جۆرە شتانە زۆر پێویستیش نەبوون؛ وەکوو ئەوەی کە سان ئاگوستین، لەژێر کراسە خوورییەکەیەوە، کراسێکی ئاورێشمیی لەبەر دەکرد و بۆ ماوەی چواردە ساڵیش دای نەکەندبوو، هەروەها ئارنالدۆ دێ ڤیلنوڤا حەشیشەی دەکێشا و هەر لە منداڵییەوە، دوای ئەوەی دووپشکێک پێوەی دەدا، پیاوەتیی لەدەست داوە. ئەم هۆگرییەی بۆ کتێب تێکەڵەیەک بوو لەنێوان ڕێزێکی فەرمییانە و لەوچەلەوچی بازاڕییانە. تەنانەت نووسراوەکانی خۆشی لەنێوان ئەم دووفاقییەدا ڕزگاریان نەدەبوو. ئەلفۆنسۆ، دوای ئەوەی خۆی فێری زمانی کەتەلان کرد، لوولەیەک لە نووسراوەکانی خستە گیرفانییەوە، هەمیشە پڕی لە پارچەکاغەزی ڕۆژنامە و کتێبگەلێک بو، کە بابەتی دەگمەنی تیا بوو، شەوێکیان چوو بۆ ماڵی ئەو سۆزانییانەی بۆ پارووەنانێک تەوینداری لەگەڵ دەکردن، نووسراوەکانی لەوێ ون کرد. کاتێک پیرەمێردی زانا و کەتەلان بە ئەمەی

زانی، لەجیاتی ئەوەی بیکاتە شەڕ و هەڵلا، بەپێکەنینەوە هەر وەخت بوو بیبوورێتەوە، گوتبووی ئەمە چارەنووسی سروشتیی ئەدەبیاتە. کەچی کەس دەسەڵاتێکی ئینسانیی وای شک نەدەبرد، تا بتوانێ قەناعەتی پێ بکات تا ئەو سێ سنوقە لەگەڵ خۆی نەباتەوە زێد و نیشتمانی؛ کاتێک لێکۆڵەرەوانی وێسگەی شەمەندەفەر ویستیان ئەو سنوقانە وەکوو شتومەک بار بکەن، زانای تایین، جوێنبارانێکی کردن، ئەوسەری دیار نەبێ، تا قابیلی کردن سنوقەکان لەگەڵ خۆی بباتە فارگۆنی موسافیرانەوە و پێی گوتبوون، "ئەمە ئاخری زەمەنە، موسافیران لە فارگۆنی پلەیەک دادەنێن و ئەدەبیاتیش دەخەنە فارگۆنی شتومەکەوە." ئەمە دواقسەی ئەو زانایە بوو، کە بەرگوێ کەوت. تا دواسەروبەندی سەفەرەکەی ڕێک سخت هەفتەیەکی تاڵ و ترشی بەسەر برد، چونکە تا سەفەرەکەی نزیک دەبووەوە، تەبعێکی شەڕانیی وەر دەگرت، شتێکی لە شوێنێک دادەنا و لە شوێنی دیکە دەیدۆزییەوە، ئالوودەی هەمان دەردەسەرییەکەی فێرناندا بوو، کە کاتی خۆی بەدەستیەوە دەینالاند.

جوێنی دەدا و دەیگوت، "هەی قوڕمساغینە! گووم کردە سەر بڕیاری بیستوحەوت ئەنجوومەنی لەندەن."

خێرمان و ئاورێلیانۆ بەدەنگیەوە چوون. وەک چۆن یارمەتیی منداڵێک دەدەن، ئەوها یارمەتییان دەدا، بلیت و بەڵگەنامەی کۆچبەرایەتییەکەیان بە سنجاقێکەوە، بە گیرفانیەوە گیر کرد، لیستێکیان بۆ کرد بۆ ئەوەی بزانێ هەر لە ئێستاوە تا سواری کەشتییەکە دەبێ و ماکۆندۆ جێ دەهێڵێ، دەبێ چی بکات و چی نەکات، گشت ئەم

خۆپاراستنەش ڕێیان لێ نەگرت یەکێک لە پانتۆڵەکانی فڕێ نەداتە تەنەکەی زبڵەوە، کەچی نیوەی سامانەکەی لە یەکێک لە گیرفانەکانیدا هەڵگرتبوو. شەوی پێش سەفەرەکەشی، دوای ئەوەی سنوقەکانی بزمارڕێژ کرد، جلوبەرگەکانی لەناو هەمان جانتادا قەد کرد، کە کاتی خۆی لەگەڵ خۆی هێنابوونی، بە جۆرە ڕێزێکی زۆرەوە، پێڵووەکانی وەکوو سەدەف دادانەوە و ئاماژەیەکی بۆ گشت ئەو کتێبانە کرد، کە ساڵانێکی دوورودرێژ بوو، لە تەراوگە لەگەڵیان ژیابوو، بە برادەرەکانی گوت، "ئەم هەموو پۆخڵەواتانەتان بۆ جێ دەهێڵم."

دوای سێ مانگ، برادەرەکانی زەرفێکی ئەستووریان پێ گەیشت، بیستونۆ نامە و پەنجا وێنەی تیا بوو، کە لەناو دەریادا گرتبوونی. سەرەڕای ئەوەی هیچ مێژووەیەکیشیان بەسەرەوە نەبوو، کەچی بە تەرتیبی نامەکان، مێژووەکانی زۆر ڕوون دیار بوون. لە نامە هەوەڵینەکاندا، هەر بەو تەبعە تایبەتییەی خۆی باسی سەفەرەکەی بۆ کردبوون، باسی گیروگرفتی سەفەری بۆ کردبوون، باسی ئەوەی بۆ کردبوون، کە چۆن هەندەی نەمابوو کارمەندی چاودێریی پیلی بگرێت و فڕێی بداتە دەریاوە، هەر لەبەر ئەوەی ڕێی لێ گرتبوو سنوقەکان لەگەڵ خۆی بەرێتە کابینەکانەوە، یا باسی گەمژەیی خانمێکی بۆ کردبوون، چۆن زەندەقی لە ژمارەی سیانزەی کابینەکەی چووبوو، نەک لەبەر ئەوەی بڕوای بە خەرافات بوو، بەڵکوو لە لای وا بوو ئەو ژمارەیە هەمیشە شتێکی نوقسانە، چونکە لە یەکەم نانخواردنی ئێوارەوە، گرەوێکی بردبووەوە، کاتێک ئاویان بۆ هێنابوو، دەسبەجێ

زانیبووی تامی چەوەندەری شەوانەی کانییەکانی لێریدای هەبووە. بە تێپەڕینی کات، هیچ گرینگییەکی بە واقیعی ژیانی ڕۆژانەی سەر کەشتییەکەی نەدەدا، تەنانەت ڕووداوگەلی هەرە نزیک و هەرە پووچترینیش دەبوونە مایەی نوستالژی بۆی، چونکە تا کەشتییەکە دوور دەکەوتەوە، یادەوەرییەکانی زیاتر خەمۆکییان دەکرد. لەسەر وێنەکان پەرەسەندنی ئەم خەمۆکییە زۆر بەجوانی دەر دەکەوتن. هەست دەکرا لەسەر وێنەکانی یەکەم دڵخۆشە، کراسێکی درێژی لەبەرە، بە هیی ئیفلیجبووانی دەکرد، کاتێک تاڵەقژە بەفرینەکەی بەر تیشکی هەڵبەزودابەزی هەتاوی مانگی ئۆکتۆبەری کارایب دەکەوت، بریقەیان دەدایەوە. لە دواوێنەکانیشدا، خۆی لە بەتانییەکی ڕەنگ تاریک پێچابوو، ملپێچێکی ئاوریشمیشی ئالاندبووە ملی، ڕەنگپەڕیو دیار بوو، بێدەنگ و خەیاڵڕۆیشتوو، لەسەر کەشتییەکی پەشیمانی، لەسەر ئۆقیانووسە خەزانییەکە بەلادا دەهات. خێرمان و ئاورێلیانۆ وەلامی نامەکانیان دایەوە. لە مانگەکانی هەوەڵدا هەند نامە دەهات، هەستیان دەکرد زۆر لێی نزیکن، تەنانەت زۆر لەو سەردەمە زیاتر، کە لە ماکۆندۆ دەژیا، تووڕەییەکان لەمەڕ سەفەرکردنەکەیەوە هێور ببووەوە. سەرەتا پێی گوتبوون، هەموو شتێک وەکوو جاری جاران دەگوزەرێ، لەو ماڵە دەژێ، کە تیای لەدایک ببوو، هێشتا قاقلەجنۆکەی پەمەیی لێیە، نان و ماسی ئارەنگ هەمان تامی جارانیان هەیە، کاتێک ئێوارە دادێ، تاقگەی گوندەکەش بۆنوبەرامەکەی وەکوو جاران وایە. هەمدیسان لەسەر کاغەزی هەڵپچراو، بە خەتی شەرەپشیلە، نامەکانی بە مەرەکەبی وەنەوشەیی دەنووسی، بۆ هەر

بابەتێکیش، پەرەگرافێکی تەرخان دەکرد. کەچی، بەبێ ئەوەی خۆشی هەستی پێ بکات، نامەنووسینی بەردەوام کردی بە گوندییەکی خاکی. شەوانی زستان، کاتێک مەنجەڵە شۆرباکەی لەسەر ئاگردان قوڵتی دەدا، بیری لە پشتەوەی کتێبخانەکەی ماکۆندۆ و بیری لە چرووسکانەوەی هەتاوی نێو دارچوالە تەپوتۆزاوییەکان دەکردەوە، بیری لە شووتەی شەمەندەفەرەکەی کاتی سەرخەوی عەسران دەکردەوە، هەر بە هەمان شێوەش، کاتێک لە ماکۆندۆ بوو، بیری لە مەنجەڵە شۆراباکەی سەر ئاگردان دەکردەوە، بیری لە دەنگەدەنگ و هاواری قاوەفرۆشانی کۆڵان و جورە خێراکانی دەمەوبەهاران دەکردەوە. لەنێوان دوو جۆرە نۆستالژیدا وڕ و گێژ ببوو، بەرامبەر بە یەک، وەک دوو ئاوێنەی هاوتەریب وا بوون، هەستی ناواقیعییانەی لەدەست دەدا، بە ئەندازەیەک، داوای لە هاوڕێکانی کرد ماکاندۆ جێ بهێڵن، با هەموو ئەو شتانە لەبیر خۆیان بەرنەوە، کە لەمەڕ جیهان و دڵی مرۆڤەوە فێری کردوون. لە هەرکوێیەک بن، با گوو بکەنە سەر کتێبەکانی هۆراس، دەبێ هەمیشە ئەوەیان لەیاد بێ، کە ڕابردوو لە درۆیەک زیاتر، هیچی دیکە نییە، یادەوەریی ڕێگەی گەڕانەوە پێنازانێ. هەموو بەهارێک کە گوزەشت، چیی دی ناگەڕێتەوە، ئەوینی هەرە شێتانە و هەرە توندوتۆڵیش، لە ڕاستیدا تەنها لە حەقیقەتێکی گوزەرکردوو زیاتر، هیچی دیکە نییە.

ئەلڤارۆ یەکەم کەس بوو ئامۆژگارییەکانی بەهەند وەر گرت و ماکۆندۆی جێ هێشت. هەموو شتومەکەکانی فرۆشت، تەنانەت پڵینگە دەستبەسەرەکەی ناو حەوشەکەشی،

کە گاڵتەی بە هاتوچۆکەران دەکرد، بلیتێکی ئەبەدیی کڕی بۆ ئەوەی سواری شەمەنەفەرێک ببێ بۆ سەفەرێکی هەمیشەیی. لەسەر ئەو پۆست کارتانەی لەو وێستگانەوە دەینارد‌ەوە، کە شەمەندەفەرەکەی پێیدا تێدەپەڕی، بە سەرسووڕمانێکی زۆرەوە وەسفی ئەو دیمەنە خێرایانەی دەکرد، کە لە پەنجەرەی فارگۆنەکەوە دەیبینیی، دەتگوت شیعرێکی درێژی هەڵاتوون، وردەوردەش فڕێی دەدانە نێو بیرچوونەوەوە: وەهمە ڕەشەکانی کێڵگەی پەموو لە لوزیانا، ئەسپە باڵدارەکان لەسەر گیا شینەکانی کانتوکی، ئەویندارە یۆنانییەکانی کازیوەی دۆزەخینی ئاریزۆنا، کیژۆڵەیەک لەسەر دەریاچەی میشیگان، تابلۆی ئاویی دەکرد بە بلوورێکی سوورەوە، بە فڵچەکەی ئامازەیەکی بۆ کردبوو، ئاماژەی ماڵئاوایی نەبوو، بەڵکوو ئاماژەی هیوابەخشی بوو، چونکە ئەو کیژۆڵەیە نەیدەزانی ئەو شەمەندەفەرە، شەمەنداەفەری گەڕانەوە نییە. دواتر، ئەلفۆنسۆ و خێرمانیش ماکۆندۆیان جێ هێشت، ڕۆژی شەممە بوو، بەهیوای ئەوەی دووشەممە بگەڕێنە‌وە، کەچی لەو ڕۆژەوە، کەس سۆراغییانی نەبیست. ساڵێک بەسەر سەفەری زانا کەتەلانەکەدا تێپەڕیبوو، تەنها گابریەل لە ماکۆندۆ مابووەوە، خۆی دابووە دەستی قەدەرەوە و کەوتبووە ژێر بەزەییی سەدەقە ناوبەناوەکانی نیگرۆمانتاوە، وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە، کە لە گۆڤارێکی فەرەنسیدا بەرچاوی کەوتبوو و خەڵاتی یەکەمیشی بردەوە، خەڵاتەکەش سەفەرێک بوو بۆ پاریس. ئاورێلیانۆ ئابوونەی لەو گۆڤارە هەبوو، فۆمولەکانی بۆ پڕ کردەوە، هەندێ جار لە ماڵی خۆی بوو و زۆر جاریش لەنێو شووشەی

دەرمانەکانی دەرمانخانە تاقانەکەی ماکۆندۆوە، لەنێو فەزا و بۆنی ناردین، ژیانی بەسەر دەبرد. لەو دەرمانخانەیەش، مێرسیدێس ناوێک دەژیا، دەزگیرانە نهێنییەکەی گابریەل بوو. شتگەلێک پەیوەست بێ بە ڕابردووەوە، تەنها ئەمانە بوون و مابوونەوە و تەواویش نەدەبوون، چونکە ئەو شتگەلانە بەردەوام بوون لە ناودانی خۆیان، لە ناوەوە دەپرووکانەوە، لە هەموو خولەکێک دا تەواو دەبوون، کەچی تەواویش نەدەبوون. گوندەکە گەیشتبوو بارێکی چەقبەستووی وا، کە کاتێک گابریەل خەلاتی یەکەمی بردەوە و بۆ پاریس سەفەری کرد، بە دوو دەست چاکەت و پانتۆڵەوە و جووتێ پێلاو و هەموو بەرهەمەکانی ڕابلێشێ لەگەڵ خۆی برد، دەبوو ئاماژەیەکی بۆ میکانیکی شەمەندەفەرەکە بکات، بۆ ئەوەی ڕای بگرێت تا سوار شەمەندەفەرەکە ببێ. شەقامی تورکانی جاران، لە سووچێکی چۆڵوهۆڵ و بەرەڵڵا زیاتر، هیچی دیکە نەبوو؛ وەک دابونەریتی هەزارساڵەیان، عەرەبەکان لەوێ، لە بەردەرگاکانیان دادەنیشتن، کەچی ساڵانێکی زۆریش بوو، دواگەزی قوماشەکانیاشیان فرۆشتبوو، کەچی لەوێ مابوونەوە و نەدەڕۆیشتن؛ لەنێو تاریکی و ڕۆشنایی جامخانەکانیان، تەنها ئەو پەیکەرە بێسەرانە دیار بوون، کە بۆ جللەبەرکردن دایان نابوون. ڕەنگە لە ئێوارانی تەنیاییدا، پاتریسیا بروان، لە پراتڤیل، ئەلباما، بەدیار دروستکردنی ترشیاتەوە زۆر لە خۆی بکات، تا باسی ژیانی ڕابردووی ئەو گوندە بۆ کوڕەزا و کچەزاکانی بکات؛ ئێستاش شارۆچکەی کارگەی مۆزەکە شوێنێکی چۆڵوهۆڵە، گژوگیای کێویی لێ ڕواوە. ئەو کەشیشە پیرەمێردەی، جێگەی گابریەلی کەشیشی

گرتـەوە، کـەس نەبـوو تەنانـەت زەحمەتـی ئـەوەش بـە خـۆی بـدات، تـا بزانـێ نـاوی چییـە، چاوەڕێـی ڕەحمـەت و بەزەییـی خـودای دەکـرد، بـە کەماڵـی ئیسـراحەت لەنـاو جۆلانەیەکـدا پاڵـی دەدایـەوە، جومگەکانـی ئاوسـابوون و تووشـی خەوزڕانـی گومـان ببـوو، لـە کاتێکـدا مارمێلکـە و جـرج لەسـەر میراتیـی کلێسـاکە فرتەفرتیـان بـوو و بەشـەڕ دەهاتـن. تەنانـەت باڵندەکانیش ماکوندۆیان فەرامۆش کردبوو، غوبـار و تەپوتۆز و گەرمـا بـە جۆرێـک شـاڵاویان بـۆ بردبـوو، زۆر بەزەحمـەت هەناسـەی دەدا، ئامارانتـا ئورسـولا و ئاورێلیانـۆش، لەنـاو ماڵەکـە زیندانـی تەنیایـی و ئەویـن ببـوون، لەبـەر خشـوهوڕی مێروولـە سوورەکانیش، زەحمـەت بـوو چـاو لێک بنێـن، ئـەو دووە، خۆشبەختترین و بەختەوەرترین بوونەوەری سـەرزەوی بـوون.

گاسـتۆن گەڕابـووەوە برۆکسـێل. ڕۆژێکیـان وەڕس ببـوو، هەنـدە چاوەڕێـی فڕۆکـەکان بـکات، پێـش ئـەوەی ئیمتیازەکـەی بدەنـە فڕۆکەوانیـی ئەڵمانـی، چونکـە پڕۆژەیەکیـان پێشکەشـی دەسـەڵاتی هەرێمایەتـی کردبـوو، زۆر لـە پڕۆژەکـەی گاسـتۆن گرینگتـر بـوو، بۆیـە کەلوپـەل و ئەرشـیڤی شـەریکەکانی کـردە جانتایەکـەوە و بەنیـازی ئـەوە ڕۆیـی، تـا بـە ڕێگـەی ئاسـمانی بگەڕێتـەوە. هـەر لـەدوای پاشنیوەڕۆی هەوەڵین ئەویندارییەوە، ئاورێلیانـۆ و ئامارنتـا ئورسـولا، کاتـێ گاسـتۆن دیـار نەدەمـا، ئـەو کەمـە هەلەیـان دەقۆزتـەوە و بـە ئارەزووەیەکـی پـڕ لـە مەترسـییەوە ئەوینیان دەکـرد، زۆربـەی جارەکانیش، مێردەکـەی لەپڕێکـدا دەگەڕایـەوە و ئەوینەکەیـان بەنیوەچڵـی دەمایـەوە. بـەڵام کاتێـک هـەردووک بەتەنیـا لـە ماڵەکە دەمانـەوە، دەگەوزانە

نێو ئەوینێکی شێتانەی لەدەستچووەوە. شەیداییەکی شێتانە بوو، دێوانەیی و حەیرانانە، تەنانەت ئێسقانەکانی فێرناندای لەناو گۆڕدا دەهێنایە لەرزەلەرز، ئەو دووانەی ژیانێکی هەوەسبازییان بەسەر دەبرد. میاومیاوە نزمەکانی ئامارنتا ئورسولا، گۆرانییە ئازاراوییەکانی ئامارانتا ئورسولا، جا چ لە هۆڵەکە بووایە، یا لەسەر مێزی نانخواردن، چ نزیک سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بووایە، یا سەعات دووی شەو، لەناو عەمبارەکە دەیکردە حریکەحریکێ، ئەوسەری دیار نەبوو. ئامارنتا ئورسولا بەپێکەنینەوە دەیگوت، "شتێک زۆر ئازارم دەدا: کاتێکی زۆرمان لەدەست خۆمان دا." مێروولەکانی لەنێو ڕێگە پێچیدەکانی ئەم شەیدابوونەدا دەبینی، کە چۆن باخچەکەیان کاول کردووە، برسێتییە پێشمێژووەکەیان بە خواردنی تەختەکانی ناو ماڵ ئارام دەکردەوە، ئەو هەموو کرمە زیندووانەی دەبینی، چۆن سەرلەنوێ هەیوانەکەیان کردۆتەوە بە ماڵی خۆیان، ئینجا هاتەوە ئاگا، کاتێک هێرشیان هێنابووە ژوورەکەی، ئینجا دەستی کرد بە لەناوبردنیان. ئاورێلیانۆ وازی لە نووسراوەکانی میلکیادێس هێنا، جارێکی دیکە پێی نەنایەوە دەرەوە، بەپەلەپەلیش وەڵامی نامەکانی زانا کەتەلانەکەی دەدایەوە. هەردووک، تەواوێک لە واقیع دوور کەوتبوونەوە، چەمکی کات و ڕیتمی ڕۆژانەیان بەتەواویی فەرامۆش کردبوو. دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست بۆ ئەوەی کاتی خۆیان بە جلداکەندن و جللەبەرکردنەوەوە نەکوژن، وەکوو ڕێمیدیۆسە جوانکیلە بەناو ماڵەکەدا دەهات و دەچوو، لەناو لیتەی ناو حەوشەکەدا خۆیان دەگەوزان؛ پاشنیوەڕۆیەکیان، لەناو حەوزاوەکە ئەوینیان کرد، هەر

وەخت بوو هەردووکیان بخنکێن. لە ماوەیەکی کەمدا، هەندەی ماڵەکە بە دەستی ئەوان وێران بوو، نیوئەوەندە بە دەستی مێرووله سوورەکان وێران نەبووبوو: مۆبلی هۆڵەکەیان شکاند، سەرشێتانە جۆلانەکەی ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگیان لەتوپەت کرد، کە بەرامبەر بە ئەوینە غەمگینەکان خۆی ڕاگرتبوو؛ سکی دۆشەکەکانیان هەڵدڕی بۆ ئەوەی خۆیان لەناو زریانی پەموودا بتاسێنن. سەرەڕای ئەوەی ئاورێلیانۆ بە بەرتاقای ئامارانتا ئورسولا یارێکی کێوی بوو، کەچی ئامارنتا ئورسولا لەنێو ئەو بەهەشتە پڕ بەلایە فەرمانی دەدا، بە لێزانییەکی سەریروسەمەرە و بە چلێسییەک کە شاعیریەتی لێ دەتکا، دەتگوت هەموو ئەو وزە کێوەییەی کاتی خۆی داپیرە، لە دروستکردنی ماسییە شەکرۆکە چکۆلەکاندا خەرجی دەکرد، ئامارانتا ئورسولا لە ئەوینداریدا سەرفی دەکا. لە لایەکی دیکەشەوە، گۆرانیی بۆ لەززەت دەوت، بەرامبەر بەو داهێنانانە لەبەر پێکەنین وەخت بوو ڕۆحی دەر بچێ، ئاورێلیانۆی هەندەی دیکە خەیاڵاوی و بێدەنگ کردبوو، چونکە هەوەسەکەی لە ناخیدا پەنگی دەخواردەوە و نەوازشی لەگەڵ دەکرد. کەچی هەردووکیشیان هەندە شارەزایان پەیدا کرد، کاتێک شەیدایی دەگەیشتە دواپلەی هەڵچوون، باشترین کەڵکیان لەو ماندووبوونە و داتەپینە وەر دەگرت. خۆیان بە هۆگربوونی لەشی یەکترییەوە خەریک دەکرد، ئەوەیان کەشف کرد، کە لە کاتی ئەوینکردندا نابێ قێز لە هیچ بکرێتەوە و ئەگەری شاراوە لە خۆ دەگرێ و تەنانەت چێژی لە ئارەزووش زیاترە. لە کاتێکدا ئاورێلیانۆ سپێنەی هێلکەی دەساوییە مەمکە

خڕەکانی ئامارانتا ئورسولا، یا ئەو کاتەی بە ڕۆنی گوێزی هیندی ڕانە نەرمونۆڵەکانیا پێستی سکە هەڵووژەییەکەی چەور دەکرد، ئامارانتا ئورسولاش بە هەرامە گەورەکەی ئاورێلیانۆ یاریی بووکەشووشەی دەکرد، بە قەڵەمی سووری لێو، چاوی موهەڕیجی بۆ دەنەخشاند، بە فڵچەی ئەبرۆش، نیگاری سمێڵی تورکانی بۆ دەکرد، بۆینباغی ئۆرگانسای بە ملیەوە دەبەست، کلاوێکیشی بە جقجقە دروست دەکرد و دەیکردە سەری. شەوێکیان، هەموو لەشی لە مرەبای هەڵوژە هەڵکێشا، لە نووکی پێیەوە تا تەوقی سەری، وەکوو تولەسەگ یەکتریان دەلستەوە، وەکوو شێتیش لەسەر زەویی هەیوانەکە ئەویندارییان لەگەڵ یەکتر دەکرد، هەندەی نەبرد، لەشکرێکی مێروولەی پیاوخۆریان لێ گرد بووەوە و خەریک بوو هەر بەخاوی بیانخۆن.

ئامارانتا ئورسولا ناوبەناو لەنێوان سەرشێتییەک و سەرشێتییەک وچانێکی دەدا و وەڵامی نامەکانی گاستۆنی دەدایەوە. هەستی دەکرد زۆر لێی دوور کەوتۆتەوە، هەند سەرقاڵ بوو، بڕوای وابوو گەڕانەوەی مەحاڵە. لە یەکێک لە نامە هەوەڵینەکانی باسی ئەوەی بۆ کردبوو، کە شەریکەکانی بە کردار فڕۆکەکانیان ناردووە، کەچی شەریکەیەکی دەریاوانیی شاری برۆکسێل، بەهەڵە بۆ تانگانیکا باریان کردووە و فڕۆکەکانیان داوەتە هۆزە پەرتوبلاوەکانی ناوچەی ماکوندۆس. ئەم تێکەڵیوپێکەڵییە هەندە سەرئێشەی بەدوای خۆیدا هێنا، تەنانەت بۆ وەرگرتنەوەی فڕۆکەکان پێویستی بە دوو ساڵ دەبوو. بۆیە ئامارنتا ئورسولا، ئەگەری گەڕانەوە زۆر بە دوور دەزانی. ئاورێلیانۆش، لە نامەکانی

زانا کەتەلانەکە و ئەو هەواڵانەشی لە ڕێگەی مێرسیدیسەوە سەبارەت بە گابریەل دەسگیری دەبوو، مەبەست لە دەرمانفرۆشە بێدەنگەکەیە، هیچ جۆرە پەیوەندییەکی دیکەی بە جیهانی دەرەکییەوە نەمابوو. سەرەتا پەیوەندییەکان، پەیوەندیی ڕاستەقینە بوون. گابریەل بلیتی گەڕانەوەکەی فرۆشتبووەوە و بڕیاری دا لە پاریس بمێنێتەوە، بە فرۆشتنی ڕۆژنامەی کۆن و ئەو شووشە بەتاڵانەی کارەکەرانی ئوتێلێکی پیسوپۆخڵ، کە دەکەوتە شەقامی دۆفینەوە، فرێیان دەدا، بژێویی خۆی پەیدا دەکرد. ئاورێلیانۆ ئەوەی دەیهێنایە بەرچاوی، کە گابریەل بلووزێکی ملداری لەبەرە، تەنها ئەو دەمانە دای دەکەنێ، کە تێراسەکانی مۆنپەرناس پڕ دەبوون لە عاشقانی بەهاران، بە ڕۆژ دەنوێ، بۆ ئەوەی برسێتییەکەی لەبیری خۆی بەرێتەوە، بە شەویش خەریکی نووسینە، لە ژوورێکیش دەژێ، کە بۆنی هەڵمی قەڕنابیتی کوڵاوی لێ دێ، لەو شوێنەی ڕۆکامادوور کۆچی دواییی تیا کرد. کەچی هەواڵەکانی، تا دەهات، لێڵتر دەبوون، نامەکانی زانا کەتەلانەکەش بەپچڕپچڕی دەگەیشتن، بۆنی خەمۆکیی لێ دەهات، هەر باییی ئەوەندە بیریی لێ دەکردنەوە، کە ئامارنتا ئورسولا بیری لە مێردەکەی دەکردەوە، هەردووک لە گەردوونێکی بەتاڵدا باسکەمەلەیان دەکرد و تاقە ڕاستیی ڕۆژانە و هەتاهەتایییان، تەنها ئەویندارى بوو.

لەناکاودا، هەواڵی گەڕانەوەی گاستۆن، وەک تەقینەوەیەکی مەزن جیهانی بەختەوەریی بێئاگایانی شڵەقاند. ئاورێلیانۆ و ئامارنتا ئورسولا چاویان کردەوە، سەرنجی ڕۆحی خۆیانیان دەدا، سەیری یەکتریان دەکرد، ڕۆحیان لەناو چنگیاندا بوو،

هەستیان دەکرد زۆر لە یەکترییەوە نزیکن، مردنیان زۆر پێ چاکتر بوو تا لە یەکتر جودا ببنەوە. بۆیە ئامارنتا ئورسولا نامەیەکی بۆ مێردەکەی نووسی، پڕی لە ڕاستیی دژوار بوو، لە لایەک جەختی دەکرد و دەیگوت خۆشی دەوێ، ئۆقرەی لەبەر هەڵگیراوە و دەیەوێ ببینێ، لە هەمان کاتیشدا دەیگوت ئەمە قەدەری ئەوە و ناتوانن بەبێ ئاورێلیانۆ بژێ. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی هەردووکیان، گاستۆن زۆر هێمانانە وەڵامی نامەکەی دایەوە، نەبرەیەکی باوکانەشی هەبوو، دوو لاپەڕەی بۆ ئەوە تەرخان کردبوو، کە دەبێ خۆیان لە نەوسنیی شەهوەت دوورەپەرێز بگرن، لە دواپەڕەگرافیشدا، لە قووڵاییی دڵەوە هیوای ئەوەی بۆ خواستبوون، وەک ئەو بەختەوەر بین، ئەو بەختەوەرییەی لە قۆناغی ژن و مێردایەتیدا هەستی پێ کردبوو. ئەم ڕەفتارەی گاستۆن هەند چاوەڕواننەکراو بوو، ئامارنتا ئورسولا هەستی بەوە کرد، کە سووکایەتیی پێ دەکات، تەنها لەبەر ئەوەی پاساوی داوە بە مێردەکەی، تا بەجێی بهێڵێ. دوای شەش مانگ، ئامارنتا ئورسولا هەندەی دیکە ڕق و تووڕەبییەکەی زیادی کرد، چونکە گاستۆن لە لیۆپۆلڤیلەوە، لەو شارەی فڕۆکەکانی تیا دۆزیبووەوە، نامەیەکی دیکەی بۆ نووسیبوو و تیایدا باسی ئەوەی کردبوو، کە پاسکیلەکەی بە پۆستدا بۆ ڕەوانە بکات، چونکە تاقە شتێک لە ماکوندۆ بەهایەکی سۆزداریی لا هەبێ، ئەو پاسکیلەیە. ئاورێلیانۆ دانی بە خۆیدا گرت، بەرگەی تووڕەیی و ڕقی ئامارنتا ئورسولای گرت، دەیویست ئەوەی پێ نیشان بدات، کە لە خۆشی و ناخۆشیدا، ئەو مێردێکی چاکە. کاتێکیش ئەو دواقڕوشانەی کە گاستۆن

لەلای ئامارانتا دای نابوو تەواو بوو، پێداویستییەکانی ڕۆژانە تەنگی پێ هەڵچنین، پەیوەندیی هەرەوەزی و هاوکاریی نێوانیان دەگەیشتە ئاستی مەستی و شەیدابوون، کەچی بەردەوام بوون لە یەکترخۆشویستن، وەک سالانی عەشقە سەرشێتییەکەیانیش بەختەوەر دیار بوون. ئەو کاتە پیلار تێرنێراش کۆچی دوایی کرد، ئەوان چاوەڕێی منداڵێکیان دەکرد.

ئامارنتا ئۆرسولا لە کاتی دووگیانیدا، ملوانکەی دروست دەکرد و بازرگانیی پێوە دەکرد؛ ملوانکەکانی لە بڕبڕەی پشتی ماسی دروست دەکردن. بەڵام، جگە لە مێرسیدێش، کە دە-دوانزە دانەی لێ کڕی، کەسی دیکەی نەدۆزییەوە پێی بفرۆشێ. ئاورێلیانۆ، یەکەم جاری بوو لە هەموو ژیانیدا درک بەو ڕاستییە بکات، کە بەهرەی زمانزانین و ئەو هەموو زانیارییە ئینسایکلۆپیدییەی کە هەیبوو، ئەو بلیمەتییە دەگمەنەی لە لەبەرکردنی ڕووداوگەلێکدا پەیدای کردبوو، بەبێ ئەوەی ئاگاشی لێ بێ، شوێنگەلێکی زۆر دووریشی دەناسی، کەچی لەوەوپێش نەیبینیبوو، هەستی دەکرد وەک سنوقە پڕ لە تەتکەوپەتکەی ژنەکەی بێکەڵک بوون؛ کەچی لە سەردەمێکدا، لە کۆی سامانی خەڵکی ماکۆندۆ نرخ و بەهای زیاتر بوو. هەر بە موجیزە مابوونەوە. سەرباری ئەوەی ئامارنتا ئۆرسولا کەیفخۆشی و شەهوتبازییەکەی جارانی لەدەست نەدابوو، وردەوردە خووی بە ئەوەوە گرتبوو، کە دوای نانخواردنی نیوەڕوان، بچێ لە بەرهەیوانەکە دابنیشێت، وەک بڵێی بچێتە وڕووژانێک و خەیالاتێکی تایبەتەوە. ئاورێلیانۆش لەتەنیشتی دادەنیشت. هەندێ جار، بەرامبەر بە

یەک، تا خۆرئاوابوون، بێدەنگ، سەیری ناو چاوی یەکتریان دەکرد، زۆر بەئاسوودەیی ئەویندارییان لەگەڵ یەکتر دەکرد، ئەوینێک بوو، هەمان تین و تەوژمی جارانی هەبوو. دڵنیا نەبوون لە دواڕۆژ، کەچی تامەزرۆییان بۆ ڕابردوو هەبوو. یەکتریان لەنێو بەهەشتی ونبوونی نێو تەوەفاندا دەبینی، خۆیان دەهاتە پێشچاو، چۆن لەناو قوڕولیتەی حەوشەکەدا دەگەوزان، مارمێلکەیان بە قەد دیوارەکانەوە دەکوشت، دەچوون بە لەشی ئورسولایان دەکرد، هەر بۆ ڕابواردن حەزیان دەکرد هەر بەزیندوویی زیندەبەچاڵی بکەن، لە ڕاستیدا ئەم ڕووداوانە، هەتا زاکیرە بڕی دەکرد، شتێکی دەهێنایەوە یادیان، کە ئەم دووانە هەمیشە بەختەوەرن پێکەوە. کاتێک ئامارنتا ئورسولا ڕۆ دەچووەوە ڕابردووەوە، بیری بۆ ئەو پاشنیوەڕۆیە دەچوو، کە لە تاقیگەکەی زێڕنگەرییەکە بوو، دایکی ئەوەی بۆ گێڕابووەوە، کە ئاورێلیانۆی بچکۆلە کوڕی کەس نییە، لە سەبەتەیەکدا دۆزیویانەتەوە، کە ئاو هێنابووی. سەرەڕای ئەوەی باوڕەیان بەم حەکایەتە نەدەکرد، کەچی زانیاریی ئەوتۆشیان نەبوو لەم حەکایەتە ڕاستەقینەتر بێ. دوای ئەوەی هەموو گریمانێکیان تاوتوێ کرد، لە تاقە شتێک دڵنیا بوون و گەیشتنە ئەو بڕوایەی فێرناندا دایکی ئاورێلیانۆ نییە. ئامارانتا ئورسولای مەزەنەی ئەوەی دەکرد، کە کوڕی پێترا کۆتیس بێ، جگە لە بەسەرهاتە ئابڕووبەرەکانٙ، هیچی دیکەی نەدەهاتەوە یاد، ئەم گریمانە موچڕکێکی تەزیوی بە لەشیاندا دەگەڕاند، لە نووکی پێیەوە تاکوو تەوقی سەری.

کاتێک ئاورێلیانۆ لەو دڵنیا بوو کە برای ژنەکەی خۆیەتی، وەخت بوو شێت و هار ببێ، بۆیە تاکوو ماڵی کەشیش

نەوەستا، چوو لەنێو ئەو فایل و ئەرشیڤانەدا بگەڕێ، کە مۆروانە لێی دابوون، تا چەند بەڵگە و نیشانەیەکی لەمەڕ ڕەچەڵەک و سولالەی خۆی دەست بکەوێت. کۆنترین بەڵگەنامەی لەمەڕ ئاوەهەڵکێشان و ناولێنانی چنگ کەوت، ئەویش بەڵگەنامەی ئامارانتا بوێندیا بوو، لە هەڕەتی هەرزەکاریدا، بە دەستی نیکانۆر ڕەینای کەشیش، نووسرابوو، لەو سەردەمەی بە فرۆفیڵی شۆکۆلاتەوە، دەیوست بوونی خودا بسەلمێنێ. تووشی وەهمی ئەوە هات، کە ڕەنگە ئەو یەکێک بێ لەو حەڤدە برایەی ناویان ئاورێلیانۆ بوو، لەنێو چوار بەرگی جیاوازدا بەدوای بەڵگەنامەی لەدایکبوونیاندا گەڕا، بەڵام مێژووی لەئاوەهەڵکێشان و تەمەنی ئەو، زۆر دوور بوون لەیەک. کاتێک هەستی بەوە دەکرد لە ڕێگە پێچیدەکانی خوێندا ون دەبێ، کەشیشێک لەنێو جۆلانەیەکەوە سەرنجی دەدا و بە نەبرەیەکی میهرەبانەوە لێی پرسی ناوی چییە.

ئەویش لە وەڵامد گوتی، "ئاورێلیانۆ بوێندیا."

کەشیشەکەش بەسەرسوڕمانەوە، بەڵام بە دڵنیاییەکی سەرسووڕهێنەرەوە پێی گوت، "کەواتە لەم ڕووەوە هەندە ئەزیەتی خۆت مەدە. چەندساڵێک پێش ئێستا جادەیەک هەبوو و لەو سەردەمەشدا وا باو بوو، هەر منداڵێک لەدایک ببووایە، ناوی ئەو جادەیەیان لێ دەنا."

ئاورێلیانۆ لە تووڕەییدا هەموو لەشی دەلەرزی و هاواری کرد، "ئاخ! کەواتە تۆش باوەڕ ناکەی."

"بە چی؟"

ئاورێلیانۆش وەڵامی دایەوە و گوتی، "کە ئاورێلیانۆ

بوێندیای سەرهەنگ سیودوو شەڕی بەرپا کرد و لە هەموویانیش بەدۆڕاوی دەر چوو. کە سەربازەکان هێرشیان کرد و سێ هەزار کرێکاریان گوللەباران کرد و هەموو لاشەکانیشیان خستە نێو دوو سەد فارگۆنی بارهەڵگرەوە، بۆ ئەوەی فڕێی بدەنە دەریاوە."

کەشیش بە نیگایەکی پڕ لە بەزییەوە سەیرێکی کرد و گوتی، "بەداخەوە ڕۆڵە، بۆ من هەر هەندە بەسە کە من و تۆ، ئێستا، لەم کاتەی پێکەوە قسە دەکەین، هەین."

ج ئاورێلیانۆ، ج ئامارانتا ئورسولا، هەردووک بە حەکایەتی سەبەتەکە قاییل بوون، نەک لەبەر ئەوەی بەتەواوی بڕوایان پێی هەبوو، بەڵکوو لە ترس و دڵەڕاوکێی ڕزگاریانی دەبوو. بە تێپەڕینی کات، دووگیانییەکەی ئامارانتا ئورسولا ئاشکراتر دەبوو، ئەم دوو بوونەوەرەش دەبوونە یەک لەش و یەک گیان، تا دەهاتیش، دەبوونە بەشێک لە تەنیاییی ئەوماڵەی هەندەی نەمابوو بڕمێ بەسەریاندا. تەنیا ئەو فەزایەیان بەکار دەهێنا، کە جەوهەری بوو، لەنێو ژوورەکەی فێرناندا و سەرەتای هەیوانەکەدا. لەنێوان ئەو جێگەیەی ئەفسوونی ئەوینی نیشتەجێی خۆیانیان تیا دەبینی و ئەو شوێنەی ئامارانتا ئورسولا کەوش و کڵاوی بۆ بەبەکەی دەچنی و ئاورێلیانۆش وەڵامی نامەکانی زانا کەتەلانەکەی دەدایەوە. بەشەکەی تری ماڵەکە لەژێر هەڕەشەی داڕووخاندا بوو. تاقیگەی زێڕنگەرییەکە و ژوورەکەی مێلکییادێس و ئەوەی لە بنەڕتدا شانشینە بێدەنگەکەی سانتا سۆفیا دێ لا پیەداد بوو، هەموو کەوتبوونە ژێر شاڵاوی گژوگیایەکی خۆڕسک، کەس نەبوو بوێرێ توخنی بکەوێت. ئاورێلیانۆ و ئامارانتا

ئورسولا بەردەوام بوون لە چاندنی پونگەی کێوی و گوڵی بێگۆنیا و جیهانە بچووکەکەی خۆیان دەپاراست، بە قسڵیش، سنووری خۆیانیان کێشا، لەو سنوورانە دواخەندەقەکانی جەنگی هەمیشەیی نێوان مرۆڤ و مێروولەی سوورەکانیان لێدابوو. ئامارانتا ئورسولا قژێکی پەرشوبڵاوی هەبوو، دەموچاوی سوورکەلانە، ڕانەکانی دەئاوسان، لەشولارە جوانەکەی سەردەمی لاوێتی، ئەو دەمەی لەگەڵ قەفەسە کەنارییە بەدبەختەکان و مێردە دەسبەسەرەکەی گەڕابووەوە گوندەکە، تووشی گۆڕان هاتبوون، بەڵام وەکوو جاران زیتەڵە و چوستوچالاک بوو. هەندێ جار بەپێکەنینەوە بە دەنگی بەرز دەیگوت، "گوو بەم وەزعەدا کرد. وامان دەزانی، هەر بەڕاستی ژیانمان وەک ژیانی مرۆڤە سەرەتاییەکان کۆتایی دێت!" ئەو دواداوە پچڕا، کە بە واقیعەوە دەیبەستنەوە، کاتێک نامەیەکیان پێ گەیشت، ئامارانتا ئورسولا لە شەشەمین مانگی دووگیانییدا بوو، پێدەچوو نامەکە هی زانا کەتەلانەکە نەبێت. نامەکە لە بەرسەلۆناوە پۆست کرابوو، بەڵام ناوونیشانەکەی بە مەرەکەبێکی شینی ئاسایی نووسرابوو، بە دەسخەتێک، تایبەت بوو بە دەسخەتی ئیداری، شێوەیەکی بێگوناهانە و ناشەخسییانەی پێوە دیار بوو، هەر بە پەیامی دوژمنانی دەکرد. ئاورێلیانۆ زەرفەکەی لە دەستی ئامارانتا ئورسولا ڕاپسکاند، کە خەریک بوو دەمی هەڵدەپچڕی و ئاورێلیانۆ پێی گوت، "ئەمە نا. نامەوێ بزانم باسی چی دەکات."

وەک چۆن ئاورێلیانۆ دڵی خەتەرەی کردبوو کە چیی دی زانا کەتەلانەکە نامەی بۆ نانێری، بۆیە نامە نەدەگەیشت. کەسیش ئەو نامە غەریبەی نەخوێندەوە، کە لەسەر ڕەفەکان

کەوتە بەر بەزەییی مۆروانەوە، لەسەر ئەو ڕەفەیە دایان نا، کە کاتی خۆی فێرناندا ئەڵقەکەی لەسەر دانابوو و نەدەچووەوە سەری. ئەو نامەیە بەردەوام بە ئاگری ناوەوەی خۆی دەسووتا، بە ئاگری هەواڵە ناخۆشەکانی خۆی، کەچی ئەو دوو عاشقە تەنیایە بە پیچەوانەی ڕەوتی ئاو، سەوڵی دواساڵەکانیان لێدەدا، ساڵانی گوناهباری و بەدبەختی و داهێزران و بێهوودەیی، دەیوست بیانگەیەنێتە بیابانی ڕەوینەوەی وەهم و فەرامۆشی. لەو دوامانگانەدا ئاورێلیانۆ و ئامارانتا ئورسولا دەستی یەکیان دەگرت و بە عەشقێکی پاکەوە چاوەڕوانی ئەو منداڵەیان دەکرد، کە بەرهەمی ئەوینێکی شێتانە بوو. شەوان، بۆ ئەوەی لە تەقوهۆڕی مێروولە و لە گرمەگرمی مۆروانە خۆیان بەدوور بگرن، یەک لە ئامێزی ئەوەی دیکەدا دەخەوت، نە بە فیکەی بەردەوام و ڕوونی ئەو گیاوگوڵە سەگانانەی لە ژوورەکانی تەنیشتدا شین دەبوون، تۆقیان نەچی. چەندین جار بە دەنگەدەنگی مردووان ڕادەچڵەکین. گوێیان لە گاڵەگاڵەکانی ئورسولا بوو دژ بە یاساکانی خەڵق شەڕی دەکرد، بۆ ئەوەی تۆوی نەوەکانی لەناو نەچێت، خۆسێ ئەرکادیۆ بوێندیا لە حەقیقەتی وەهمیی داهێنانە مەزنەکان دەگەڕا و فێرنانداش دووعای دەکرد و ئاورێلیانۆ بوێندیای سەرهەنگ لە فرتوفێڵی شەڕ و پێکدادانەکان و ماسیی چکۆلە زێڕکەفتەکاندا کاس ببوو؛ ئاورێلیانۆی دووەم لە ئاگری کزی تەنیایی قیژەوهاواری گێژکەری ئاهەنگەکاندا، خەریک بوو دەمرد. لەو دەمەوە، لەوە تێگەیشتن کە وەسوەسەی زاڵ بەسەر مەرگیشدا سەر دەکەوێ، ئیدی بەختەوەر بوون، چونکە لەوە دڵنیا بوون،

کە کاتێک دەشبنەوە بە تارمایی، هەر بەردەوام دەبن لە یەکترخۆشویستن، زۆر دوای ئەو قۆناغانەی ئاژەڵانی دیکە دێن و بەهەشتی کوێرەوەری لە مێشومەگەز دەدزن، کە هەندە نەبوو ئەوانیش لە مرۆڤیان دزیبوو.

ڕۆژی یەکشەممە، سەعات شەشی پاشنیوەڕۆ، ئامارنتا ئورسولا ژان گرتی. مامانە دەمبەخەندەکەی، یەکێک بوو لەو کیژانەی ئەویندارییان دەکرد بۆ ئەوەی پارووەنانێک پەیدا بکەن. ئامارانتا ئورسولای لەسەر مێزەکە، لە هۆڵی نانخواردن، لەسەر پشت ڕاکشاند، لاقێک لەملا و لاقێکیشی لەولا، چووە سەر سکی و بە هێز هێنای و بردی، تاکوو بە گریانی بەبەیەکی نێری جوان کۆتایی هات. ئامارانتا ئورسولا منداڵەکەی بینی، پڕچاوی فرمێسک بوو، یەکێک بوو لە نەوە مەزنەکانی بوێندیا، پتەو و وڕکن، وەکوو خۆسێ ئەرکادیۆ، چاوی کرابووەوە، زۆر وریا دیار بوو، ڕوونبین بوو وەکوو ئاورێلیانۆ، ئامادە بوو سەرلەنوێ ئەو سولالەیە لە هەموو خراپەکارییەک و گۆشەگیرییەک پاک بکاتەوە، چونکە لە ماوەی سەد ساڵدا، یەکەم منداڵ بوو لە ئەوینداریییەوە پەیدا ببوو.

ئامارانتا ئورسولا بەسەرنجدانەوە گوتی، "پیاوخۆرێکی تەواوە. ناوی دەنێین ڕۆدریگۆ."

مێردەکەی ڕەتی کردەوە و گوتی، "نەخێر. ناوی ئارێلیانۆ دەبێت و سیودوو شەڕیش دەباتەوە."

ئاورێلیانۆ چرایەکی بە دەستەوە بوو، دوای ئەوەی مامانەکە ناوکی بڕی، ئەو چەورایییە شینباوەی بەسەر لەشی منداڵەکەوە بوو، بە پەڕۆیەک خاوێنی کردەوە. ئینجا لەسەر

سک دایان نا، هەستیان کرد شتێکی لە مرۆڤی ئاسایی زیاترە، چەمانەوە بۆ ئەوەی بیپشکنن. کلکی بەرازێکی پێوە بوو.

خۆیان تووشی دڵەراوکێ نەکرد. ئاورێلیانۆ و ئامارانتا ئورسولا ئەوەیان نەدەزانی، کە لەنێو بنەماڵەدا شتی وا ڕووی داوە، هەموو ئەو ئاگادارییانەی ئورسولاشیان نەدەهاتەوە یاد، مامانەکەش دڵنیای کردنەوە و پێی گوتن، کاتێک منداڵەکە ددانی نوێی دەر کرد، دەکرێ ئەم کلکە بێکەڵکە لێبکرێتەوە. پاشانیش، چیی دی بیریان لەو کلکە زیادەیە نەکردەوە، چونکە ئامارانتا ئورسولا خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشت و نەیانتوانی ڕای بگرن. زۆر هەوڵیان دا بە تۆپەڵە تەونی جاڵجاڵۆکە و خۆڵەمێش نەزیفەکە ڕابگرن، وەک ئەوە وا بوو بە دەست کونی فوارەیەک بگرن. هەر لە سەعاتەکانی یەکەمیشدا، ئامارانتا ئورسولا هەموو کۆششێکی دەکرد تا کەیفخۆش خۆی نیشان بدا. دەستی ئاورێلیانۆی گرتبوو، لێی دەپاڕایەوە کە نیگەران نەبێ، دەیگوت کەسانی وەک ئەو بۆ ئەوە دروست نەکراون، دژ بە مەیلی خۆیان بمرن، هەرکاتێک مامانەکە عیلاجێکی بۆ دەدۆزییەوە، وەخت بوو لەبەر پێکەنین بتاسێ. کەچی بە تێپەڕینی کات، ئاورێلیانۆ هیچ هیوایەکی نەما، ئامارانتا ئورسولاش، تا دەهات، ڕەنگپەڕیو دەهاتە پێشچاو، دەتگوت لەبەر ڕووناکییەکە دەتوێتەوە، تا بەتەواوی شۆڕ بووەوە نێو خەوێکی قووڵەوە. بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ژنێکیان هێنایە سەری، بۆ ئەوەی دووعای لەسەر بخوێنێ، ئەو دووعایانە هەمان ئەو دووعایانە بوون، کە لەسەر ئاژەڵیش دەخوێنرا، کەچی خوێنی شەیدای ئامارانتا

ئورسولا، جگە لە زمانی ئەوین، گوێی لە هیچ شتێکی دیکە نەبوو. پاشنیوەڕۆ، دوای بیستوچوار سەعاتی بێئومێدی، کاتێک بینییان خوێنەکە بەبێ چارەسەر هەر لەخۆیەوە وەستا، هەموو زانییان ئیتر گیانی بەخشیوە؛ ڕوخساری باریک ببووەوە، ئاڵیی دەموچاوی ڕەنگی سپێدەیەکی سپیی وەر گرت، جارێکی دیکە بزە کەوتەوە سەر لێوەکانی.

ئاورێلیانۆ تا ئەو دەمە نەیزانیبوو تا چ ڕادەیەک هاوڕێیەکانی خۆش دەوێ، تا چ ڕادەیەک لە دوورییان هەست بە دڵتەنگی دەکات و پڕ بە دڵ حەزی دەکرد لەگەڵ ئەوان بووایە. منداڵەکەی خستە ناو ئەو سەبەتەیەی دایکی بۆی ئامادە کردبوو، ڕوخساری مەیتەکەی بە بەتانییەک داپۆشی، لەناو ئاواییە چۆڵوهۆڵەکەدا دەهات و دەچوو، لە کۆلانێکی تەسک دەگەڕا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ڕابردوو. لە دەرگای دەرمانخانەکەی دا، دەمێکیش بوو ڕێی نەکەوتبووە ئەوێ، ببووە دوکانی دارتاشێک. ئەو پیرەژنەی دەرگاکەی لێ کردەوە، چرایەکی بە دەستەوە بوو، هەستی بە پەرێشانی کرد، کەچی دووپاتی دەکردەوە و دەیگوت نەخێر، ئێرە هەرگیز دەرمانخانە نەبووە، هەرگیزیش ژنێکی گەردنباریک و چاوخەواڵووی لێ نەبووە، کەسیش ناناسێ بە ناوی مێرسێدیس. ئاورێلیانۆ ناوچەوانی نایە قەد دەرگای کتێبخانەی زانا کەتەلانەکە و دەستی بە گریان کرد، دەیزانی خەریکە هەموو فرمێسکە دواکەوتووەکانی مەرگێک دەڕێژێ، کە کاتی خۆی نەیویستبوو بیڕێژێ، نەبادا ئەفسوونی ئەوین وردوخاش ببێت. بە مست دەیکێشایە قەد دیوارە چەمەنتۆیەکەی "منداڵانی زێڕین" و بانگی پیلار تێرنێرای

دەکرد، گوێی لەو بازنە نارنجییانە نەبوو، کە بە ئاسماندا دەگەڕان، چەندین جار، شەوانی هاوین، لە حەوشەی ماسیگرەکانەوە، بە دیدێکی منداڵکارانەوە لێی ڕادەما. لە دوا ئاهەنگی گەڕەکە چۆڵەکەی سۆزانییەکان، دەستەیەک ئەکۆردیۆنژەن ئاوازەکانی ڕافائێل ئێسکالۆنایان دەژەنی، برازای ئەسقەف و میراتگری نهێنییەکانی فرانسیسکۆی پیاو بوو. خاوەنی مەیخانە دەست هیشکەکە، دەتگوت سووتاوە، چونکە دەستی لە دایکی بەرز کردبووەوە، بانگی ئاورێلیانۆ کرد بۆ ئەوەی پێکەوە بادەیەک مەی بخۆنەوە، ئاورێلیانۆش بادەی دووەمی پێشکەش کردەوە. خاوەنی مەیخانەکە باسی گرفتی دەستی کرد. ئاورێلیانۆش باسی گرفتەکانی دڵی خۆی کرد، دڵێکی هیشک و سووتاو، چونکە لە خوشکەکەی بەرزی کردبووەوە. دووبەدوو دەستیان بە گریان کرد، ئاورێلیانۆ ناوبەناو هەستی دەکرد سووکناییەک بە لەشیدا دەگەڕێ. بەڵام کاتێک لە سپێدەی ماکۆندۆ خۆی بە تەنیا بینییەوە، هەردوو بازووەکانی لە مەیدانەکە یەکتالا کردەوە و هەوڵی دا هەموو خەڵکی لە خەو هەڵسێنی و پڕبەدڵ هاواری دەکرد و دەیگوت، "هاوڕێیان، کوڕی قەحپەن!"

نیگرۆمانتا ئاورێلیانۆی فریای کەوت، لەنێو ڕشانەوە و فرمێسکدا گەوزابوو. بردیەوە ژوورەکەی خۆی، شوشتی و قاپە شۆربایەکیشی دایێ. ویستی بەو جۆرە زیر و هێوری بکاتەوە، بە نووکە ڕەژوومیەک هەموو ئەو قەرزە بێژمارانەی سڕییەوە، پارەی ئەو خەوتنانە بوو، کە ئاورێلیانۆ لەگەڵی ئەنجامی دابوو، باسی گشت ئەو خەم و خەفەتانەی خۆی بۆ کرد، تا لەنێو گریان و فرمێسکدا بەتەنیا

ئاوریلیانۆ جێی نەهێڵێ. بۆ بەیانییەکەی، دوای خەوێکی کەستەکی، ئاوریلیانۆ هەستی بە ژانەسەرێک کرد. چاوی کردەوە و یەکسەر بیری لە منداڵەکەی کردەوە.

لەناو سەبەتەکەدا نەمابوو. لەپڕێکدا، وەک ئەوەی بڵێی ئامارانتا ئورسولا هەڵسابێتەوە و چووبێ بەتەنگیی منداڵەکەوە، ئەم بیرۆکەیە خۆشییەکی یەکجار زۆری پێ بەخشی. کەچی مەیتەکە، لەژێر بەتانییەکەدا، وەک تەپۆڵکەیەک بەرد دیار بوو. ئەوەی هاتەوە یاد، کاتێک هاتبووە ژوورەوە، دەرگای ژووری خەوتن کرابووەوە؛ ئاوریلیانۆ بەژێر هەیوانەکەدا تێپەڕی، بۆنی پونگەی بەیانییان ئەو ناوەی پاراو کردبوو، چووە هۆڵی نانخواردنەوە و چاوی بە بوزگوڕ و شتومەکی لەدایکبوونەکە کەوت: مەنجەڵە گەورەکە و چەرچەفە خوێناوییەکان و تاسی خۆڵەمێش و ناوکە پێچاوپێچەکەی منداڵەکە لەنێوان مقەسێک و بەنی پێچانەوەدا، لەنێو پارچەپەڕۆیەکی هەڵپێچراودا بوو. بیرۆکەی ئەوەی ڕەنگە دایانەکە شەوێ گەڕابێتەوە و منداڵەکەی لەگەڵ خۆی بردبێتەوە، کەمێ هێوری کردەوە. تەنها بۆ ئەوەی کەمێک بتوانێ بەهێمنی بیر بکاتەوە. چوو لەسەر کورسییە بزێوەکە دانیشت، کە جاران، لە سەردەمی زێڕینی بنەماڵەکەدا، ڕێبێکا لەسەری دادەنیشت و خۆی بە چنینیەوە خەریک دەکرد، لەسەر هەمان ئەو کورسییەی ئامارانتا و خێرینێلدۆ مارکێزی سەرهەنگ یاریی دامەیان دەکرد، لەسەر هەمان ئەو کورسییەی ئامارانتا ئورسولا جلوبەرگی بۆ منداڵەکە دووری، لە چاوترووکانێکی ڕوونبینیدا، هەستی کرد دڵی بەرگەی گشت ئەو هەموو بارستاییانەی ڕابردوو ناگرێ. نووکی گشت ئەو ڕمە کوشندە و نامۆیانەی

لە نوستالژی ژیانی تایبەتییەوە دەهاتن، بریندار ی دەکرد، سەیری ورەبەرزیی ئەو تەونە جاڵجاڵۆکانەی دەکرد، کە لەنێو گوڵەباغەکاندا بەرگری لە خۆیان دەکەن، سەیری ورکنیی ئەو گژوگیایە سەگانەیەی دەکرد و لە بێگەردیی هەوای ئەو سەرلەبەیانییە ڕووناکەی مانگی شوباتە ڕاما. ئەو کاتە چاوی بە منداڵەکە کەوت. لە شتێکی پەلماو و وشکبووەوە زیاتر، هیچی دیکە نەبوو، مێروولەی دنیا دەوریان لێ دابوو، دەیانویست لە ڕچە بەردینەکەی باخچەکەوە بیگوازنەوە بۆ ژێرزەمینی شارەمێروولەکان. ئاورێلیانۆ نەیتوانی حەرەکەتێک بکا. نەک لە ترسی ئەوەی ئەژنۆی شکابێ، بەڵکوو لەو ساتە دانسقەیەدا، دواکلیلەکانی ڕەمزی نووسراوەکانی مێلکییادێسی بۆ ئاشکرا بوو، ناوەڕۆکی تەواوی نووسراوەکان، بەگوێرەی کات و شوێنی مرۆڤ هاتە پێشچاو: ئەوەی یەکەم بە درەختێکەوە بەستراوەتەوە و مێروولەش بەر دەبنە گیانی دوانەوە.

لە هەموو ژیانیدا، ئاورێلیانۆ وەک ئەو ساتە ڕوونبین نەبوو، مەیت و ئازاری مەیتەکانی لەبیر کرد. تەختە خاچئاساکانی فێرناندای هێنا، دەستی کرد بە بزمارڕێژکردنی دەرگا و پەنجەرەکان، تاکوو هیچ شتێکی دەرەوە ختووکەی نەدات و وەسوەسەی لەلا دروست نەکات، چونکە حاڵی حازر دەیزانی چارەنووسی ئەو بەندە بە نووسراوەکانی مێلکییادێسەوە. کاغەزەکانی لەنێو گیاوگوڵی پێش مێژوو و چاڵە ئاوی هالاولەسەر و مێشومەگەزی درەوشاوە، کە هەموو شوێنەوارێکی مرۆڤیان لەو ژوورە لەناودابوو، بەدەستلێنەدراوی دۆزییەوە؛ نەیویست نووسراوەکان بەرێتە

بەر ڕووناکی، تا بیانخوێنێتەوە، بەڵکوو هەر لەوێ، هەر بەپێوە، بەبێ هیچ زەحمەتێک، لەژێر ڕووناکی نیوەڕۆدا، وەک ئەوەی بە زمانی ئیسپانی نووسرابێتن، بە دەنگی بەرز دەستی کرد بە شفرەکردن و ڕاڤەکردنیان. مێژووی بنەماڵەکە بوو، سەد ساڵ پێشتر میلکیادێس نووسیبووی، تەنانەت بچووکترین وردەکاریی ژیانی ڕۆژانەشی تیا تۆمار کردبوو. میلکیادێس بە زمانی زگماکی خۆی نووسیبووی، بە زمانی سانسکریتی، بەیتە جووتەکانی بە کۆدی تایبەتی ئاوگوستی ئیمپراتۆر شفرە کردبوو، بەیتە تاقەکانیشی بە کۆدە سەربازییەکانی لاسیدیمۆنیاس. دوابەش، لەو دەمەی تەواوێک ئەوینی ئامارانتا ئورسولا، ئاورێلیانۆی تێک شکاندبوو، بە جۆرێک میلکیادێسەوە ڕێکخی خستبوو، کە هاوتەریب نەبوو لەگەڵ کاتی ئاساییمرۆڤەکان، بەڵکوو یەک سەدە لە هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی دارشتبوو، بە جۆرێک، تێکچڕژانە ناو یەک، وەک ئەوەی ئاوێتەی یەک ساتی کردبن. ئاورێلیانۆ زۆر بەو کارە سەرسام بوو، بە دەنگی بەرز خوێندیەوە، بەبێ ئەوەی باز بە سەر تاقە هێڵێکیشدا بدات، دەستی بە خوێندنەوەی ئەو سروودانە کرد، کە کاتی خۆی میلکیادێس بۆ ئەرکادیۆی خوێندبووەوە، لە ڕاستیدا پێشبینیکردنی تیربارانەکەی بوو، هەروەها چاوی بەو نووسراوەش کەوت، کە باس لە لەدایکبوونی جوانترین ژنی جیهانی دەکرد، بە لەش و ڕۆحەوە بۆ ئاسمان بەرز دەبێتەوە، ئەوەشی تیا نووسرابوو کە دوو جمکانە لەدوای مەرگی باوکیان لەدایک دەبن، واز لە شفرەکردنی نووسراوەکان دەهێنن، نەک لەبەر ئەوەی لێنەهاتوو و شێلگیر نەبوون، بەڵکوو هەوڵەکانیان لە

ئانوساتی خۆیدا نەبوو. لەو کاتەدا، ئاوریلیانۆ بێئوقرەییی پێوە دیار بوو، ویستی لەبارەی لەدایکبوونی خۆیەوە زانیاری پەیدا بکات، بەشێکی تەواوی فەرامۆش کرد. لەو ئانەدا، با هەڵی کرد، بایەکی مەیلەوگەرمی تازە بوو، لێوانلێوی دەنگی رابردوو بوو، چرپەچرپی گوڵەخێرانیۆمە دێرینەکان بوو، ئاموهەناسەی نائومێدی بوو، دەکەوتنە پێش سەرهەڵدانی سەردەمی نوستالژیاوە. سەرنجی نەداین، چونکە لەو ساتەدا بوو، چاوی بە یەکەمین ئاماژە کەوت، کە باسی ژیانی باوکە گەورە شەهوەتاوییەکەی دەکرد، بەدوای حەز و هەوەسەوە رچەی بیابانی ئەفسووناویی گرت، لە جوانترین ژنی جیهان دەگەڕا، کەچی ژنەکەشی بەختەوەر نەکرد. ئاوریلیانۆ خۆی لەم وەسفەدا دۆزییەوە، بەدوای رچە نادیارییەکانی نەوەکانیدا گەڕا، ئەو ساتەی دۆزییەوە، کە لەنێو دوپشک و پەپولە زەردەکانی ناو حەمامێکدا پەیدا دەبێ، لە دەمەوئێوارانێکدا، کە کرێکارێکی سادە ئارەزووەکانی بە ژنێک هێور دەکاتەوە، تەنها لەبەر یاخیبوون خۆی بەخشیبووە ئەو پیاوە. هەند رۆ چووبووە نێو ئەو خوێندنەوەیەوە، بە هیچ شێوەیەک گوێی لە هەڵکردن و هورووژمی بای دووەم نەبوو، بایەکی هەند بەهێز بوو، دەرگا و پەنجەرەکانی لە بنەوە هەڵتەکاند، ساپیتەکانی راماڵی، بنچ و بناغەی خانووەکەی لە ڕەگەوە هەڵکێشا. ئینجا هەستی کرد ئامارانتا ئورسولا خوشکی ئەو نییە، بەڵکوو پووری بوو، فرانسیس دراک هێرشی کردبووە سەر ریوئاچا تەنیا بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕێگە پێچیدەکانی خوێندا یەکتر ببیننەوە، ئاژەڵی ئەفسانەیی بخوڵقێنن بۆ ئەوەی کۆتایی بە سولالەی ئەو بنەماڵەیە بهێنن. ماکۆندۆ ببووە گەردەلوولێکی

غوباری ترسناک، وێرانە و خاپوور بوو، لەبەر هەڕەشەی تەوەفانێکی تەوراتی؛ ئاوریلیانۆ یانزە لاپەڕەی هەڵدابووەوە، چونکە هەموو باسی بەسەرهاتگەلێکی دەکرد، کە بەتەواوی شارەزای بوو، گەیشتە سەر شفرەکردنی ئەو ساتەی خۆی تیا دەژی، درێژەی بە شفرەکردنەکان دا، تا گەیشتە دوالاپەڕە نووسراوەکە، وەکوو ئەوەی سەیری ئاوێنەی وشە بکات. چەند دێرکی باز دا بۆ ئەوەی زیاتر پێشبینییەکان بخوێنێتەوە و بگاتە باسی مێژووی مردنی خۆی، بزانێ هەلومەرجی ئەو مردنە چۆنە. بەڵام پێش ئەوەی بگاتە دوا دێر، لەوە تێگەیشت هەرگیز ناتوانێ لەو ژوورە بچێتە دەرەوە، چونکە نووسرابوو، شاری ئاوێنە (یا شاری سەرابەکان) با بەتەواوی ڕای دەماڵێ و لە یادەوەرییەکانی مرۆڤ دووری دەخاتەوە، لەو ساتەی ئاوریلیانۆ بابیلۆنیا کۆتاییی بە شفرەکردنی نووسراوەکان دەهێنێ، هەموو ئەو شتانەی نووسرابوون، بۆ هەتاهەتا قابیل بە دووبارەبوونەوە نابن، چونکە نەوە مەحکوومەکانی بە سەد ساڵی تەنیایی، بەختێکی دیکەیان لەسەر زەوی پێ نابەخشرێتەوە.

ئیسپانیا/کاستیا لامانچا

میگێلتوڕا

٢٠١٥/٢/٢٦

٢٠١٥/١٢/٦

## کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لەدیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیرباڵ
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی-ئۆرهان پامۆک- و.بەکر شوانی
٥. نەتەوەی زێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی (چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەری لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی...-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیرییەت و باتینییەت و... (چ٢)-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات -ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسەین حوسەینی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال- ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لەبەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شوناس و ئالۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتی فریشتەکان (کتێبی١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتی فریشتەکان (کتێبی٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداخی

٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو...- گۆران ئیبراهیم صالْح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمە غریب
٢٩. گەشەسەندنی ڕامیاری...-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال رەشید فەوزیە رەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی...-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا رەشید کەریم
٣٦. شاری سلێمانی (١٤ی تەموزی ١٩٥٨-١٧ی تەموزی ١٩٦٨)-هەوراز جەوهەر مەجید
٣٧. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد
٣٨. فیکر و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم تویبێن-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەڕەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕووخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلا (چ٢)-و. ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندالْ-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی موراکامی-و. تارا شێخ عوسمان

٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٧)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ.. تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنوس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٧)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێ نووسەر
٧١. گرەوی بەختی هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-سەمۆئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ ٥)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٦)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٧. نهێنی یاری کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخورەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٣. سیشەممان لەگەڵ مۆریی (چ٢)-میچ ئەلبۆم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژ یەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و...-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئوزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆلتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. مندالی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. وڕێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم ڕایش- و.خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لێتێلییێر-و. عەتا محەمەد

ENDÉSE

٩٥. باوكی ئەو-پەرینوش سەنیعی-و. رووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیا گەر (چ٣)-پاولۆکۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٨. رۆژهەڵاتی عەدەن، رۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. رۆژژمێری کیژۆڵەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی رۆمان-دکتۆر هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق رەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گۆر گیاس (چ٢)-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتۆس-ئەفلاتون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لە خاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سە گومڕ (چ ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١١)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تۆڵە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سڵاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١١٥. هیچ-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتسوکا-و. دلاوەر قەرەداغی
١١٨. بەناوی ژیانەوە-ئەریک فرۆم (چ٥)-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. کوردستان لە رووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢٠. دڵرەقیی و بێ ماڵیی-مەریوان وریا قانیع
١٢١. دزێکی راستگۆ- دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٢. تیمساح-دۆستۆیڤسکی-کاروان مەحمود
١٢٣. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٤. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د.کەساس جەباری
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٢٦. دوایین رۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٧. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٨. ئاگرەکەم مەسڕنەوە- ئازاد سوبحی
١٢٩. تامیتامی- ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی

١٣٠. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەتئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣١. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣.قەمبوورەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٣٤. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٥. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و.حەمەکەریم عارف
١٣٦. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و.حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی بێنەوایان-و.حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و.حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی دۆن کیشۆت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دیکامیرۆن-و.حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی فاوست-و.حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی کاندید-و.حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و.حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی هاملێت-و.حەمەکەریم عارف
١٤٦. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٧. جوانییەکانی تاریکی-بەختیار عەلی
١٤٨. ڕەخنە لە عەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٤٩. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥٠. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥١. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٢. قەلەندەر و قەڵا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٣. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و.ئازاد بەرزنجی
١٥٥. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و.لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٦. شەو گەڕەکان-میران ئەبراهام
١٥٧. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران
١٥٨. نامەکانی فیرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٥٩. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦٠. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم ئەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦١. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٢. مارتن لوتەر-د. هاشم ساڵح-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و.جەوهەر مەحموود داراغا
١٦٤. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یۆسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی

١٦٥. هانیٚ سالْح ئەوە چاوم و پێی بڕوانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٦. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٧. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیریٚ (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکووکی-شێرکۆ بێکەس و هەڵۆ شێرکۆ بێکەس
١٧١. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و.شوان ئەحمەد
١٧٢. پارادۆکسی نووسن (چ٢)-ڕەبیع جابر-و.شوان ئەحمەد
١٧٣. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و.ئازاد بەرزنجی
١٧٤. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و.سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٥. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میڵ-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٦. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو-نیکۆلاس سپارکس-و.بەرزان عوسمان
١٧٧. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د.هاشم سالْح-و.شوان ئەحمەد
١٧٨. لە قوڵایی سیاسەتدا-د.بورهان أ. یاسین
١٧٩. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و.ئالان پەری
١٨٠. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و.ئازاد بەرزنجی
١٨١. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٢. وەهمێک-ڕیچارد داوکینز-نوری کەریم
١٨٣. ڕێگە-نەجیب مەحفووز-و.کارزان غەفور
١٨٤. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٥. کۆشکی بۆق(چ٢)-یۆستاین گاردەر-و.سیروان مەحمود
١٨٦. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-ڤیدا قادری
١٨٧. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٨. گێلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. تیۆریی ئەدەبی-تێری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداخی
١٩٣ ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پاموک-و.سامان کەریم
١٩٤. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ- سیروان مەحمود
١٩٥. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٦. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٧. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و.ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٨. سەد ساڵ تەنیایی- گابرێل گارسیا مارکێز-و.ئەحمەدی مەلا

ENDÉSE



ENDESE